# واتە

15
کۆوارێکی رۆشنبیریی گشتییە
تشرینی یەکەم ٢٠١١

هەواڵنامەی کتێب

کۆواری واتە
بەهاوبەشی لە نێوان
دەزگای شەفەق لە کەرکووک و
دەزگای ئاراس لە هەولێر
دەردەچێ

هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964

# واتە بۆ ئەوانەیە کە
# دەیانەوێ واتەیەک بدەن بەژیان

هەواڵنامەی کتێب

خاوەنی ئیمتیاز: بەدران ئەحمەد حەبیب
راوێژکار: ئەحمەد تاڤانە
سەرنووسیار: یوسف لەتیف
نەخشاندن: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: بۆکان نووری، ئاریان ئەحمەد

# تەنگژەی دیموکراسیی کوردی و سەرهەڵدانی فاشیزم
# سەردەمێک لە نیگەرانی، ڕەوشێک لە ئاشوب

ئەکرەم میهرداد

## پێشەکی

بیرمەند و فەیلەسووفی گەورەی ئەڵمان و دنیا (کارل مارکس)، لە کتێبی (هەژدەی برۆمێرو، لویس پۆناپارت)دا، بەم شێوەیە باس لە دروستکردنی مێژوو دەکات لەلایەن مرۆڤەوە: مرۆڤەکان خۆیان مێژووی خۆیان دروست دەکەن، بەڵام نە بەدڵخوازی خۆیان و نە لەو سەردەم و ڕەوشانەدا کە خۆیان هەڵیان بژاردووە، بگرە لەو ڕەوش و سەردەمانە کە لە ڕابردووەوە بەمیرات بۆیان جێماوە و بەردەوام لەگەڵیان ڕووبەڕوون. دروشم و نەریتەکانی تەواوی نەوە مردووەکان وەکو کێوەکان پاڵەپەستۆ دەخەنە سەر مێشکیان. ئا لێرەدا بەڕاستی کاتێک کە هەندێ کەس گوایە خەریکی نوێسازیی خۆیان و ژینگەی دەوروبەریان دەبن یان دەیانەوێت شتێکی ناوازە دابهێنن و بەتایبەتی لە سەردەمی تەنگژەی شۆڕشگێڕانەدا، داوای یارمەتی لە ڕوحی سەردەمەکانی ڕابردوو دەکەن، ناوەکانیان، دروشمەکانی شەڕ و پۆشاکە کۆنەکان لەوان وەردەگرن، بۆ ئەوەی بەو بەرگ و ئارایشتە پیرۆزانەی دێرینەوە، بێنە ناو مەیدانی ئێستە و لە مێژووی دنیای نوێدا یاری بکەن"[١].

دوای ساڵی١٩٩١ کە بێگومان ساڵی وەرچەرخانە لە مێژووی باشووری کوردستاندا بەرەو هێنانەدی دەسەڵاتی کوردی و سەرەتای ئەزموونی دیموکراسی، بەڵام تەواوی هێزەکان، پارتەکان، تەنانەت خەڵکیش، گیرۆدەی ڕابردوون و مانا و باس و مێژووی ڕابردوو، هەموو کات پاڵەپەستۆی لەسەر دڵ و سەرەکان داناوە و هەمووان بەچەک و بەرگی ڕابردووی مردووەوە، هاتوونەتە ئێستە و دەیانەوێت بەو هۆکارانەوە مێژووی داهاتوو دروست بکەن. ئەگەرچی خودی خەڵکی کوردستان، بەتایبەتی دەسەڵاتدارانی سیاسی و حکوومەتی و خێڵەکی و خوێندەواری، خۆیان مێژووی خۆیان لەم ٢٠ ساڵەدا دروست کردووە، بەڵام بەردەوام ڕابردوویان دووبارە کردووەتەوە، شەڕی ڕابردووی

شەستەکان دواتر کرایە شەڕی نەوەتەکان، داگیرکەرانی ئیسلامی ئەم جارە بەبەرگ و مێزەری کوردییەوە، هاتنە شەرمان، دووبارە و چەندبارە چەپەکان و کۆمۆنیستەکان ڕاو دەنران و بەئاشکرا لەسەر شەقامی بەردەمی ماڵی بەرپرس دەکوژران، ناکۆکی نێوان پارتەکان و باڵەکانی ناو حزبەکان بەرەو جیابوونەوەی زیاتر و بەهێزتر هەنگاویان دەنا و سەرەنجام تەواوی شەڕەکانی دەسەڵات و تیرۆر و نەبوونی ماف و ئازادی، لە نەوە کۆنەکانەوە وەکو دیاری دیموکراسیی کوردی، کرانە نیگەرانی، یان لە ڕاستیدا دێوەزمەی ئەم سەردەمە.

ئەزموونی دیموکراسیی کوردی لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ و هەڵبژاردنی مانگی مایسی ١٩٩٢ دەست پێ دەکات. لەو مێژووەوە هەتا ئێستە، دیموکراسی لە کوردستان لە نیگەرانیدا بەسەر دەبات و هەندێک جار ئاشوب و شەڕ و لادان لە دیموکراسیش، دەبێتە بەشێک لەو سەردەم و مێژووە. مەبەست لە نیگەرانی، نیگەرانی و بێ باوەڕییە بەرامبەر بەدیموکراسی لە کوردستان، یان ئەوی کە چۆن ئەم دیموکراسییە دیفاکتۆیە بکەینە دیموکراسیی ڕاستەقینە و خاوەن ماف و ئازادی و دادپەروەری و سیستەمی یاسایی و دەستوری. یان نیگەرانییە لە جۆری نیشتمانی و نەتەوەیی کە چۆن و کەی ناوچە دابڕاوەکان بەئەزموونی لاوی هەرێم شاد بکەینەوە.

مەبەستم لە ڕەوشەکانی ئاشوبیش، ئەو هەلومەرجانەیە کە ئەم هەرێمە توشبووە بەشەڕی هەندێک لە ئیسلامیی سیاسی و جیهادی و تەکفیری لە ساڵانی ١٩٩٣، ١٩٩٧، ٢٠٠٣، یان شەڕی ناوەخۆ و خۆکوژیی نێوان پارتی و یەکێتی ١٩٩٤ – ١٩٩٨ و پاشان دوایین سەردەمی ئاشوب، ڕووداوەکانی١٧ی شوبات و دوو مانگی دواتر بوو کە تێیدا خۆپێشاندان بەرەو تراجیدیا برا و شێوەیەک لە شێوەکانی گاڵتەجاڕی (مەهزەلە) بۆ شۆڕش و یاخیبوون، کرانە ڕەوشی سیاسیی سەرەکی لە سلێمانی و ناوچەکانی سەر بەو پارێزگایە.[1]

لەم باسانەدا، زیاتر باس و لێکۆڵینەوە دەکەم لە سەردەمی ئاشووبی دوای ١٧ی شوبات. مەبەستم لە وشەی ئاشوبیش لەم مانا و زاراوانەدا پەیدا دەبێت، وشەی ئاشووب لە هەردوو زمانی کوردی و فارسی بەم مانایانە بەکار دێ: (ئاژاوە، پشێوی، شڵۆقی، ئاڵۆزی، کێشە و هەرا، گۆبەند، سەردەمی بێ یاسایی و کەس بەکەس، هەڵشێوان)[2]. منیش ئەم وشەیە بۆ باس و لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکانی١٧ی شوبات و دوو مانگ دواتر بەکار دەهێنم و هەر کاتێک وشەی ئاشوبم بەکار هێنا، بێگومان هەموو ئەو مەبەست و مانایانە لە خۆ دەگرێ و ڕاستی و دڵنیایش لەوەدایە کە ١٧ی شوبات و دواتر هەموو ئەو دیاردە و مانایانەمان لەو ڕووداوانەدا بینی.

یەکەم: نیگەرانی و تەنگژەی دیموکراسیی کوردی

أ- دیموکراسیی دیفاکتۆ:

لە مێژووی کورددا هەموو شۆڕش و ڕاپەڕین و دەسەڵاتەکان دیاردەی دیفاکتۆ بوون. هەندێک لە شۆڕشەکان لە دوای شەڕی دەوڵەتانی داگیرکاریی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی تردا، سەریان

هەڵدا. هەموو ڕابەرە سیاسییەکانی کوردستان ڕابەرانی نەریتی و کاریزمایی بوون یان لەلایەن ئەوانەوە وەکو هاوکار کرانە سەرکردە. تا ئێستە سێ جار کورد دەسەڵاتی سیاسی هەبووە کە دووانیان کورتخایەن بوون و سێیەمیش ئەوەیە کە ئێستە لە هەرێمی کوردستانی باشووردایە. دەسەڵاتی حکوومەتی کوردستانی جنوبی، دەسەڵاتێکی پاشایانە بوو، لەبەرئەوەی مەلیک مەحموودی حەفید وەکو نەریت و دیفاکتۆی سیاسی بووە مەلیکی کوردستان، لە ئەنجامی دوو دیفاکتۆوە، یەکەمیان وەکو جێنیشینی شێخانی تەریقەتی قادری و دووەمیان وەکو چاولێکردن لە دەسەڵاتی پاشایەتی (ئێران، حیجاز، ئوردن، عێراق).

حکوومەتی کوردستان لە مەهابادیش هەر حکوومەتی دیفاکتۆ بوو، لەبەرئەوەی دەسەڵاتەکەی درایە دەست کەسێکی نەریتی و دەسەڵاتداری ڕابردوو (کە قازی محەمەد) بوو. هەروەها بەو جۆرەش دیفاکتۆ بوو کە سیاسەتی پێڕەوی شورەوی هەبوو، لەبەرئەوەی شورەوی بوو کە بەشێکی زۆری باکوری ئێرانی بەدەستەوە بوو. بێگومان دەسەڵاتێک لە سایەی ئەم هێزە جیهانییەدا پێڕەوی لە هەمان سیاسەت دەکات و دەچێتە ئەو فەلەکەوە. ڕووخان و نەمانی ئەو دەسەڵاتەش ڕووخانێکی دیفاکتۆ بوو لە ئەنجامی کشانەوەی هێزەکانی شورەوی و بووە قوربانی ڕێککوتنی نێوان شورەوی و حکوومەتی شاهانەی ئێران.

هێرشی هاوپەیمانان بۆ عێراق لە ساڵی ١٩٩١ و وەدەرنانی هێزەکانی بەعس و سەدام لە کوێت، هەلومەرجی دیفاکتۆی بۆ لاوازبوونی ئەو ڕێژیمە ساز کرد. ئەگەرچی ڕاپەڕینی کوردان لە ئاداری ١٩٩١دا، داستان و سەروەرییەکی شۆڕشگێڕانەی بێ هاوتابوو لە مێژووی کورددا، بەڵام خودی هەلومەرجەکە و شکست و لاوازیی بەعس و سەدام، ڕەوینەی ئەو وەرچەرخانە مەزنەی بۆ کورد دروست کرد. حکوومەتی هەرێم هەر لە سەرەتاوە بەهەڵبژاردنی گشتی هاتە سەر دەسەڵات و پێڕەوی دیموکراتی و پەرلەمانیشی هەڵبژارد. ئەم دەسەڵاتەش بێگومان لە دیموکراسیبوونیدا، دیفاکتۆ بوو، لەبەرئەوەی بەشێک بوو لە هێزی هاوپەیمانان و وڵاتانی دیموکراتیی ڕۆژئاوا بەڕابەرایەتیی ئەمەریکا.

دیفاکتۆبوونی ڕاپەڕینی ١٩٩١ و دروستبوونی حکوومەتی هەرێم لە ١٩٩٢دا، بێگومان جێگەی ڕەخنە نین و دەبێت وەکو هەلێکی مێژوویی و جیهانی بۆ وەرچەرخان چاوی بکرێت لەم ناوچەیەدا. هەروەک چۆن پەنابردن بۆ کەناری هەڵبژاردن لە زەریای نادیموکراتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەلایەن سەرکردایەتیی سیاسیی کوردەوە، کار و هەڵبژاردنێکی مێژوویی شایستە بوو. بەڵام ڕزگارنەکردنی ئەزموونی دیموکراسی لاویی کوردی لە ڕەوشی دیفاکتۆبوون، مایەی نیگەرانی و ڕەخنەیە و شیمانەی بەرپابوونی تەنگژە بەردەوام لە کەمیندایە بۆ ئەم دیموکراسییە لاوە. بەکارهێنانی زاراوەی (دیموکراسیی لاو)، مەبەست لەوەیە کە تەمەنی دیموکراسیی کوردی هەروەک چۆن ٢٠ ساڵە، دروست بەو مانایەش دێت کە عەقڵ و بیرکردنەوەشی وەکو لاوێکی ٢٠ ساڵەیە (بەتایبەتی لە فەرهەنگ و لۆجیکی ڕۆژهەڵاتیدا). هەموو شتێک بەئەزموون فێر دەبێت یان

وەکـو نـەریت و کـاریگەریی ڕابردوو بەمـیـرات بۆی بەجێ دەمـێنـێ. هەر بەو شـێـوەیە تەواوی بیـرکـردنەوەی حـوکـمـڕانـی (نەک سـیـسـتـەمی حـوکـمـڕانی) و ژیانی سـیـاسـی لە کـوردسـتـان بەتاقیکردنەوەی ئەزموونەکان و کاریگەریی بەجێماوی نەریت و ڕابردوو بەڕێوە دەچێت.

دیدگا و مەبەسـتی گرینگ و ڕەخنەگرانە لەم شێوە دەسەڵاتدارییە دیفاکتۆیانە لەوەدایە کە ئەم دەسـەڵاتانە یان بیرکردنەوە سیاسـییـانە (لە دەرەوە و ناوەوەی حکوومـەت)، لەسـەر ئەم پایانە بیر دەکـەنەوە و بڕیار دەدەن، کـاریگەریی بەجـێـمـاوی نەریت و ڕابردوو، هێـزی واقـیـعی و دیفـاکـتـۆ، بەرژەوەندی و هەژمـوونی ئـابووری و سـیـاسی و کـۆمـەڵایەتی و فـەرهـەنگی لە قازانجی هێزەکان و سەرئەنجام فریودان لە بەرانبەر ئەم ڕەوشـانەدا دەبێت چاومان بشـۆین و جۆرێکی تر بیر بکەینەوە و بڕیار بدەین لەسـەر بناغەی دامـەزراندنی سـیسـتـەمی حـوکـمـڕانی (دەسـتـووری و یاسـایی و عـەقـڵانی)، سـیـسـتـەمی مـاف و ئازادی و دادپەروەری و گـرتنـەبەری ڕەوش و ژیانی زانسـتـی و تیۆرێکی پێشوەخت، نەک کەوتنە ناو چاڵەکانی ئەزموونەوە. جیاوازیی سـەرەکی و بنەڕەتیی نێوان دیموکراسیی دیفاکتۆ و دیموکراسیی عەقڵانی و سیستـەماتیک لەمـەودوا یەکێک دەبێت لە پرسە هەرە گرینگەکانی ئەزموونی ژیانی سیاسی و دیموکراسی لە کوردستان، یان هیوادارم وابێت.

ب- کۆماری ڤایمار (۱۹۱۸ - ۱۹۳۳)ی ئاڵمان و بەراوردی لەگەڵ هەرێمی کوردستان:

لە ئەنجامی دارمانی سیاسی و سـەربازیی ئیمپراتۆریای ئەڵمان لە ساڵی ۱۹۱۸دا، دەسەڵاتێکی کۆمـاری و دیموکراتیکی دیفاکتۆ لە ئەڵمان پێک هات و لەسـەر کەلاوەکانی ئیمپراتۆریای ڕووخاو، کۆمـارێکی لاو دروست بوو کە بۆ سـەردەمێک پایتەختـەکەی لە شـاری ڤـایمار بوو، هەر بۆیەش لە مێژوودا بەو ناوە ناسراوە.

"لەبەرئەوەی کـە دیموکـراسی ڤـایمار بەشـێک نەبوو لـە خـەبات و ئەنجـامی خـەڵک و هێزەکـانی دیموکراسی یان لە پێناوی مـاف و ئازادی، بگرە ئەم کۆمارە لە زەوینەی نەبوونی ئەڵتەرناتیڤەکانی تردا هاتە ئەڵمـانیـاوە. هەر بۆیە کۆماری تـازەدامەزراو خـاوەن ڕابەرایەتیی دیموکراتیک نەبوو کە شـایەنی پێشـوازی و ڕێزی گشـتی بێت، ئەم دەسەڵاتە زیاتر تایبەتمەندی ڕوخساری و دیفاکتۆیی هەبوو، نەک کاریگەری و کارایی پێویستی دیموکراتی"[۳].

لە مـانگی شـوباتی ۱۹۱۹ (ئەنجـوومـەنی دامـەزرێنەرانی گـشـتی لە شـاری ڤـایمار لە باشـوری ڕۆژهـەڵاتی ئـەڵمـان پێک هات. لە۳۱ ی تـەمـووزی هـەمـان سـاڵدا یاسـای بنەڕەتی (دەسـتـوور) نوێ ڕاگەیـەنرا کە تێیدا بەرنامـەی سەرۆکایەتیی کۆمـار بۆ حەوت سـاڵ، سیستـەمی پەرلەمانی خاوەن دوو ئەنجوومەن کە یەکێکیان بۆ نوێنەرایەتی ناوچە و هەرێمەکان و دووەمیان ئەنجوومەنی گشتیی فیدراڵ بوو. ئەنجـوومـەنی نیشـتمـانی (پەرلەمـان) تا بەهاری ۱۹۲۰ لە ڤایمار جێگیر بوو پاشـان چووە بەرلین، یەکەمین سەرۆک کۆمار، ( فریدریک ئێبەرت) لە شوباتی ۱۹۱۹ تا مردنی لە شوباتی ۱۹۲۵ لەو پۆستـەدا بوو. ئێبەرت، سۆسیالیستێکی میانڕەو بوو کە لە بیری ڕێکخستنی کۆماریدا

بوو بەپێوەرە دیموکراتییەکانی یاسای بنەڕەتی. سەرۆک کۆماری دوایی ئەو (فیلد مارشال فۆن هیندنبۆرگ) بوو کە ناسیۆنالیستێکی توندڕەو و لە ناخدا لایەنگری دەسەڵاتی شاهانە بوو.

کۆماری ڤایمار هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ تەنگژە و کێشە سەختەکانی ئابووری ڕووبەڕوو بوو. هەروەک هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ هەتا ٢٠٠٣ ئەم تەنگژە و کێشە ئابوورییانەش لە ئەنجامی ئابلۆقەی ئابووریی هاوپەیمانان بوو لە ساڵانی شەڕ و دوای شەڕ، هەروەها بەشێک بوون لە نەبوونی توانای دارایی بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵات لە دوای شەڕ (هەمان ڕەوشی هەرێم) و سەرەنجام تەنگژەی ئابووریی جیهان لە ساڵی ١٩٢٩ گورزی کاریگەری وەشاندە ئابووریی ڤایمار. ئەنجامەکانی ئەم تەنگژە و شکستانە بالاکردنی گرانی و بڵاوبوونەوەی بێکاری (لە ساڵی ١٩٣١ ژمارەی بێکاران گەیشتە ٥ ملیۆن) کە ژێرخانی تەواوی کۆمەڵگەی هەژاند لەم سەردەم و ڕەوشەدا لە هەڵبژاردنی ساڵی١٩٣٠بەشێوەی چاوەڕواننەکراو حزبی نازی (ناسیۆنال سۆسیالیست) بەڕابەریی هیتلەر ١٠٩ کورسی بەدەست هێنا. ئەم ڕەوەندە سیاسییە تا ٢ ساڵی تر بەردەوام بوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٣٢دا، نازییەکان، بوونە گەورەترین حزب و ٢٣٠ کورسییان بەدەست هێنا و دواتر ساڵی ١٩٣٣ هیتلەر و حزبی نازی تەواوی پایەکانی دیموکراتیکی ڤایمار و یاسای بنەڕەتی و ژیانی سیاسی و حزبایەتیی دیموکراتییان هەڵوەشاندەوە و خۆیان کرد بەحزبی تاکانە و سەرکردە و ڕەها. بێگومان خوێنەران، مێژووی هیتلەر و نازیزم و شەڕی جیهانی دووەم و دوژمنایەتیکردن و لەناوبردنی یەهوودەکانیان لە هۆلۆکۆستدا بەدەستی نازییەکانیان بیستووە یان خوێندووەتەوە.

ئەوەی کە ئێستا بۆ ئێمە گرینگە و شایەنی باس و تێڕامانە، ئەزموونی دیموکراسیی دیفاکتۆ و شکستی کۆماری ڤایمارە. ئەگەرچی لەلایەن هێزێکی فاشیستی و دژی دیموکراسی لەناوبرا، بەڵام خودی زەوینەکانی سەرهەڵدانی ئەو ڕەوتە دڕندەیە لەناو کۆمەڵگەی ئەڵمان و حوکمڕانی ڤایماردا بوو کە بێگومان جێگەی سەنج و لێکۆڵینەوە دەبێ!

بەراوردی نێوان کۆماری ڤایمار و هەرێمی کوردستان دەتوانێت دوو پرسی گرینگ بخاتە ڕوو کە کاریگەرییان هەبووە و دەبێ لەسەر داهاتووی ئەزموونی دیموکراسی لە کوردستان: یەکەم، هەلومەرجی دیفاکتۆی دیموکراسی لە هەریەک لە ڤایمار و هەرێم و باڵادەستی هێزە کۆنەریتییەکان لە هەردوو بواری حوکمڕانی و ژیانی سیاسیی گشتیدا. دووەم، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەزموونی"دیموکراسی بەبێ هێزەکانی دیموکرات" بەرەو کام ئاکام و ئاراستە دەچێت و هێزە کۆنەپەرستەکان بەناوی ئۆپۆزسیۆنەوە چۆن زەفەریان بەڤایمار برد و چۆن کەمینیان بۆ دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا داناوە. باشترین کار ئەوەیە کە بەخاڵ تایبەتمەندییەکانی دیموکراسیی دیفاکتۆی ڤایمار باس بکەم و بەراوردیان بکەم لەگەڵ ئەزموونی ٢٠ ساڵەی دیموکراسیی کوردیدا.

١- کۆماری ڤایمار هەر لە سەرەتاوە ڕووبەڕوو بوو لەگەڵ کۆمەڵێک کێشەی سیاسی و ئابووری و

کۆمەڵایەتی کە لە سیستەم و ژیانی ڕابردوو بۆی بەجێ مابوو، ئەو کێشانە، پەیداکردنی سیستەم و جێگیریی سیاسی و گشتیان لە وڵاتدا سەخت یان ئاستەم دەکرد. ئەمەش هەمان سەردەمی یەکەمی حکوومەتی هەرێممان بیر دەخاتەوە لەساڵی (١٩٩٢ _ ٢٠٠٣).

٢- دیموکراسی، بێ هێزی دیموکراتیکی ڤایمار بەو مانایە دێت کە ئەم ڕێژیمە بێبەش بوو لە پشتیوانی و بنەوای کۆمەڵایەتی و هێزەکانی لیبراڵ و ئازادیخواز و تەنانەت نەیدەتوانی پاڵپشتیی توێژ و بەشەکانی نوخبەی وڵاتیش فەراهەم بکات. ئەمەش هەمان ئەو نەخوازراوەیە کە ئەزموونی دیموکراسی لە کوردستاندا تێیدا بەسەر دەبات، لەبەر ئەوەی لە لایەک خودی ئەو هێزە ئازادیخواز و دیموکراتانە هێشتە وەکو هێزی کۆمەڵایەتی پەیدا نەبوون، لەلایەکی تریش، لەبەرئەوەی خودی شاندی دەسەڵاتدار (یەکێتی و پارتی)، تا ئێستەش خەریکی لاواندنەوەی توێژ و چینە داراکانن، هێشتە هێزە نەریتی و کۆنەکان زۆربەی دەسەڵاتەکان بەڕێوە دەبەن.

٣- هێزی نەیاری کۆماری ڤایمار کە هەموو کات لە کەمیندا بوون بۆ لەناوبردن یان کێشەنانەوە تا ڕادەی ئەوەی کە یاسای بنەڕەتی (دەستوور) پەسەند نەکەن، بریتی بوون لە ناسیۆنالیستەکان، نازییەکان و کۆمۆنیستەکان. هێزەکانی نەیاریی هەرێمیش، هەر لە سەرەتاوە ئیسلامی سیاسی جیهادی و تەکفیرییەکان بوون و پاشان لە ساڵی ٢٠٠٩ بە دواوە ئۆپۆزسیۆنی (گۆڕان)یشیان بۆ زیاد بوو کە لە ساڵی ٢٠١٠ بەدواوە، ماهیەتی توندڕەو و هەژموونخوازی خۆی ئاشکرا کرد.

٤- دیموکراسیی دیفاکتۆی ڤایمار لە زەوینەی ئابووریشدا هەروەکو ژیانی سیاسی، لەلایەن هێزە دەوڵەمەند و داراکانەوە بەڕێوە دەچوو یان ئەوان لێی بەهرەمەند بوون، مێژووی ئابووریی ڤایمار لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا ڕوخاندنی، مێژووی بەرژەوەندی و دەسەڵاتی چینە دەوڵەمەند و داراکان بوون کە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە، دەوڵەمەندتر دەکران، یان سەرمایەکانیان دەپارێزرا، یان تەواوی سیستەمی حکومڕانیی سیاسی لە خزمەتی بەرژەوەندیی داراییی ئەواندا بوو. مێژووی ئابووریی هەرێمی کوردستانیش لە ساڵی ١٩٩١ تا ئێستە ئەم سێ ڕەوشە بۆ دەوڵەمەندان و سەرمایەدارانی کوردستان دەسەلمێنێ، ئەمانەش بێگومان لەگەڵ هاوبەرژەوەندیی کاربەدەستان و دەسەڵاتدارانی سیاسی (بەهەموو ڕەنگ و ناوەکانەوە) و دەسەڵاتدارانی ئابووری.

٥- لە کۆماری ڤایماردا، سەرەڕای ئەوەی دەستوور و یاسا هەبوون و خودی ئەم کۆمارەش بەدەستووری ڤایمار دامەزرا، بەڵام هەموو ژیان و مێژووی ئەم کۆمارە لە دەستی سێ هێزدا بوو، هەر ئەوانیش بڕیاری چارەنووسیان دەدا. ئەو هێزانە، بریتی بوون لە (نەریتی میلیتاریستی ئاڵمانی، بەرژەوەندیی هێزە باڵاکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی، سەرئەنجام ئەو هێزە سیاسییانەی هەبوون یان دواتر پەیدا بوون). لە هەرێمیش، هەر لەسەرەتای ڕاپەڕینەوە بەو شێوەیە بوو هەتا ئێستە. تا ئێستە هێزی سەربازی و

پێشمەرگایەتی، هەموو دەسەڵات ئەزموونەکەیان لە دەستدایە. دەسەڵاتی هێزی سیاسی و ئابوورییە باڵادەستەکان و تەنانەت خێڵەکی هێشتە دەسەڵاتدارن.

لە ڤایمار و لە کوردستان دەسەڵات و ژیانی سیاسی لەسەر چوار پایە بەڕێوە دەچن: هێز، بەرژەوەندی، نەریت، بۆیە بۆ هەردووکیان دیموکراسیی بەهێزەکانن نەک دیموکراسیی گشتی و یاسایی و بەهرەمەند بۆ هەمووان. دیموکراسیی بەهێز و دەسەڵاتدارانی ڤایمار، هێزی بەهێزتر و پەلاماردەرتری بەرهەم هێنا کە فاشیزمی نازییەکان بوو. دیموکراسیی کوردی کام نەیاری بەهێزتر و دڕندەتر بەرهەم دێنێ.

پ- زەوینەکانی داڕمانی دیموکراسیی دیفاکتۆ:

بیرمەندانی تیۆریی ڕەخنەیی لە زانستی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی کە لە مێژوودا بە (قوتابخانەی فرانکفۆرت) ناسراون (ماکس هۆرکهایمەر، تیۆدۆرۆ ئادۆرنۆ، هێربرت مارکیوزە، واڵتەر بنیامین و ئەریک فرۆم) و بەشێکی تر لە بیرمەندانی تر، لەو بڕوایەدا بوون "لاوازی، ناسازگاری و داڕمانی کۆتاییی کۆماری ڤایمار لەو واقیع و ڕاستییەوە بوو کە شۆڕشی ١٩١٨ی ئاڵمان کە ئەم کۆمارەی هێنایە دی، بەپێچەوانەی شۆڕشی ئینگلیز (١٦٨٠ _ ١٦٨٩)، شۆڕشی فەرەنسا (١٧٨٩ _ ١٧٩٥) یا شۆڕشی ئەمەریکا (١٧٧٦ _ ١٧٨٣) و شۆڕشی رووسیا (١٩١٧ _ ١٩٢١) بەو ڕادەیەی ئەوان فرەوان نەبوو. بگرە لە ئەنجامی شکستی ئەڵماندا بوو لە شەڕی جیهانی یەکەم و لاوازبوونی خودی دەسەڵاتی ئیمپراتۆری لە وڵات. هەر یەک لەو شۆڕشانەی کە ناویان هات لە جێگەی خۆیاندا حکوومەت و دەوڵەتی بەهێز و ڕێژیمی سیاسی و پایەدارییان بەدی هێنا. شۆڕشی ١٩١٨ی ئەڵمان، ئەگەرچی ڕق و تووڕەیی دوژمنانی کۆنەپارێزی بەهێزتر کرد، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو لە هێنانەدی دۆستانی بەهێز. ئەو ڕێژیمە سیاسییەی لە ئەنجامدا هات، پایەدار و بەهێز نەبوو لە پیادەکردنی دیموکراسیدا"[٤].

ئەزموونی ڤایمار و هەرێمی کوردستان و تەواوی دیموکراسییە دیفاکتۆ و تازەکان لە نموونەی ٢٥ی ینایری میسر و زەوینەکانی لاوازی و شکستی ئەوان، دەتوانێت پرسی گرینگ و تیۆری بەنرخ بێت بۆ داوەریکردن لەسەر هەموو ئەو دیموکراسییە تازە پەیدابووانەی بەدیفاکتۆ دەمێننەوە یان دەیانەوێت وا بمێننەوە، بێگومان ئەمەش دەبێتە زەوینەی لەناوچوونیان، ئەو زەوینانەش ئەمانەن:

(١) لاوازیی بنیاتی و پێکهاتەیی: یەکەمین ئاستەنگی دیموکراسیی دیفاکتۆ (ڤایمار) کە دەستی خستبووە بینەقاقای ئەوە بوو، ئەم ئەزموونە و پارت و لایەنە هاوپەیمانەکانی لە بنیات و پێکهاتەی دیموکراتیکدا، لاوازبوون. بەشی هەرە زۆری دەسەڵات بەدەست دوژمنانی شاراوە و نهێنیی دیموکراسییەوە بوو، یان لە هەندێ جێگەدا دەسەڵاتی چارەنووسازیان بەدەستەوە بوو، ئەمانەش بەجۆرێک کار دەکەن کە پێچەوانەیە لەگەڵ بەها و ئەزموونەکانی دیموکراسی.

بەرژەوەندیی دەوڵەمەندەکان یان خاوەن کارەکان ناهێڵێت یاسای کاری دیموکراتی لە وڵاتدا هەبێ، خاوەنانی کەرتی تایبەت، ناهێڵن بیمەی کارمەندان و کرێکارانی ئەو بەشە بخرێتە یاساوە، هەواڵێک لە یاساکانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە دیموکراسیی دیفاکتۆدا نابینرێ.

سەرئەنجام تەواوی هێزە کۆنەکانی ئاینی، خێڵەکی، سەربازی و ئابووری لەم دەسەڵاتەدا، بەهێز و کاریگەرن، خەڵکانی هەژار و بێبەشیش، سەرەڕای ئومێدیان بەو سیستەمە، بەڵام کەمترین بەهرەمەندییان بەرکەوتووە یان نا!

(٢) لاوازی و ناسازی حکوومەت و دەسەڵات:

لەم دیموکراسییەدا یان یاسا و ڕێسای پێویست بۆ هێنانەدیی سیستەمی دیموکراتیی راستەقینە نییە، یان یاسا و ڕێساکان کاریان پێ ناکرێت. هێز و بەرژەوەندیی بەهێزەکان و دەسەڵاتدارانی رابردوو، دەکرێنە یاسا یان پێوەر. زۆربەی حکوومەتەکان لەم ڕێژیمە دیفاکتۆیانەدا، لاوازن و بەدەستی بەهێزەکانەوەن یان خۆیان خوازیاری ئەوەن کە بەشێک بن لە بەرژەوەندیی هێز و لایەنە بەهێزەکان.

(٣) لاوازیی ڕەوشی سیاسی و پارتە سیاسییەکان:

هەرچەندە زۆربەی پارتە سیاسییەکان، دیموکراسی و ئازادیخوازییان کردووەتە دروشم، بەڵام زۆر بەکەمی بەلای پیادەکردنی ئەم پرسانەدا دەچن. پارتە سیاسییە دیموکراتخواز و پێشکەوتووخوازەکان لەم جۆرە سیستەمانەدا، وەکو لایەنی ناچالاک و ناکارا بەردەوام بەسەر دەبەن، بەڵام هێزە کۆنەپارێز و کۆنەپەرستەکان یان ئیسلامییە توندڕەوەکان، چالاک و کارا و بەهێزن. دەسەڵات لە دەستی دیموکرات و سۆسیالیستەکاندایە، بەڵام ژیانی سیاسی لە دەستی کۆنەپەرست و فاشیستەکاندایە. پرسێکی تری ئەم زەوینەیە ئەوەیە، بەشی هەرە زۆری هێزە سیاسییە دیموکرات و سۆسیالیستەکان لە پەراگەندەیی و بڵاویدان و ناتوانن یان نایانەوێت بەرەی داکۆکی لە دیموکراسی و ئازادیخوازی بۆ باشترکردنی ژیان و سیستەمی دیموکراسی پێک بهێنن.

(٤) بێلایەنی و نەبوونی پشتیوانی بەهێزی خەڵک:

لە دیموکراسیی دیفاکتۆدا، زۆرینەی خەڵک لە دوو ڕەوشدا ژیان بەسەر دەبەن، لەلایەک ئەوان دڵسارد و بێلایەنن بەرامبەر بە دیموکراسیی ڕووکەش و دیفاکتۆ، یان بڕوایان بەدیموکراسییەک نییە ئاوات و هیواکانیان نەهێنێتە دی و لەلایەکی ترەوە هێزی کۆمەڵایەتی بۆ داکۆکی و پاراستن و گەشەپێدانی دیموکراسی هێشتە دروست نەبووە. هەمووان دەیانەوێت دەسەڵات، سیاسەت یان کارێزماکان، ژیانیان بۆ باشتر و بەهرەمەندتر بکەن و خۆیان ئەو کەسانەن کە بێهێزن یان بێلایەنن لە پشتیوانیی دیموکراسیی دیفاکتۆدا. زۆرینەی خەڵکی ئەڵمان نەیاندەویست قایمار بڕوخێ، بەڵام دەیانخواست باشتر بێت، بۆ هەرکام لەم دوو ئامانجەش، هیچ کار و پشتوانییەکیان نەدەکرد. زۆرینەی خەڵکی هەرێمی کوردستانیش لە دژی دروشمی ڕووخانی

حکوومەتی هەرێم بوون لەلایەن ئۆپۆزسیۆن و نەیارانی دیموکراسییەوە، بەڵام هیچ پشتیوانییەکی بەرچاویان پێشان نەدا.

(٥) کێشە و ئاستەنگی ئابووری و نەبوونی دامەزراوەکانی ئابووری:

سەرهەڵدانی کێشە و ئاستەنگەکانی ئابووری و باڵاکردنی گرانی و فراوانبوونی بێکاری یان زیاتربوونی ڕێژەی هەژاری. هۆکاری سەرەکیش بۆ ئەم کێشە و ئاستەنگانە، تەنیا نەبوون یان لاوازیی توانای ئابووریی دەوڵەت نییە، بگرە نەبوونی دامەزراوەکان و یاساکانی ئابووری وا دەکات هەژاران و بێبەشان، بکەونە ژێر دەستی هێز و بەرژەوەندیی دارا و چەوسێنەرەکانەوە. تەواوی ئەزموونی ئابوری کۆماری ڤایمار ١٩١٨ – ١٩٣٣ لە نەبوون و لاوازیی ئابووری و بێدەسەڵاتی دەزگا و یاساکانی ئابووریدا ژیانی بەسەربرد کە بێگومان ئەمانە دەبنە هۆکار و زەوینەی بێ پشتیوانیی خەڵک بەرامبەر بەدەسەڵات، دەسەڵاتیش بەرامبەر بەخەڵک. بەڵام رەوشی ئابووریی دیفاکتۆی هەرێم دوو سەردەمی بەخۆوە بینیوە، یەکەم ساڵانی ١٩٩١–٢٠٠٣ کە هەژاری، بێکاری و کێشە و لاوازیی ئابووری بوو لە هەرێمدا، بێگومان وێڕای نەبوونی یاسا و دەزگا ئابوورییەکان. دووەم لە ساڵی ٢٠٠٣ بەدواوە، پێشکەوتن و توانای ئابووری بەرەو باڵا چووە، بەڵام هێشتە کێشەکانی بێکاری، گرانی و هەژاری بۆ بەشێک لە خەڵکی کوردستان، هەر ماوە و تائێستە دیسان یاسا و ڕێسای ئابووری بۆ ریفۆرم یان چاکسازی لە هەرێمدا نییە.

یەکێکی تر لە کێشە و ئاستەنگەکانی هەرێم وێڕای باشبوونی توانای ئابووری ئەوەیە کە نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دارایی تەواوی ژیانی ئەم وڵاتەی گرتووەتەوە و جیاوازیی نێوان هەژاران و دەوڵەمەندان تا دێت زیاتر دەبێت.

(٦) کاردانەوە یان توندڕەوی بەشێک لە خەڵک:

بێگومان زۆرینەی خەڵک لایەنگیری لە حکوومەت و سیستەمی دیموکراتی دەکەن، بەڵام ئەو زۆرینەیەش چالاک نین لەم لایەنگیرییەدا. هەندێکی تر لە خەڵک دەکەونە کاردانەوە و توندڕەوی، لەبەرئەوەی هاندەرکانیان، بێگومان نەیارانی کۆنەپەرست و توندڕەون. زەوینەی کاردانەوە و توندڕەوی ئەو هەندە لە خەڵک یان لەبەرئەوەیە ئەو خەڵکانە هەر لە بونیادا لە دژی دیموکراسین یان لەبەر خراپی ژیان و گوزەرانیانە. سەرهەڵدانی فاشیزم لە ئەورووپای نێوان دوو شەڕی جیهانی و سەرهەڵدانی ئیسلامیی سیاسی و جیهادی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ساڵانی ٢٠٠٠،١٩٩٠،١٩٨٠ی سەدەی بیستەمدا، هەر لەو زەوینانەوەیە. کاردانەوە و توندڕەوی نەیارانی کۆنەپەرست و فاشیست لە بەرامبەر لایەنگیریی ناچالاکی هێزە دیموکراتییەکان، دەتوانێ ئاشووبی وەکو ١٧ی شوبات لە هەرێمی کوردستان دروست بکات، یان ڤایمار بڕوخێنێ و نازیزم بهێنێتە سەر کار، یان ئیسلامیی سیاسی و جیهادی بەهێز بکات!

دووەم: ڕەوشی ئاشووب لە کوردستان

دیموکراسیی کوردی کە بێگومان دیموکراسیی دیفاکتۆ و هێزە بەهێزەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە، لەلایەک زەوینە و پێشمەرجەکانی لاوازی و ناپایەداریی حکوومەت و دامەزراوە دیموکراتییەکانی بەرهەم هێناوە و بەتایبەتی هەلومەرجی ریفۆرم لە بەرژەوەندیی زۆرینەی خەڵک بەرەو تەنگژە دەبات، لەلایەکی تریش، زەوینەکانی ڕەوەندی ئاشووب و ڕەوتی شۆڕشی چەواشە یان سیاسەتی هەژموونخوازی کۆنەپەرستانە دەسازێنێ. خراپترین رەوش یان زەوینە ئەوەیە، لایەنە دیموکرات و پێشکەوتنخوازەکان بەرەو بێهێزی دەچن و زۆرینەی جەماوەری هەژار و بەشخوراو بەرەو بێلایەنی دەچن یان ڕەوشی پاسیڤبوون بەسەریاندا دەسەپێ. بێلایەنی و بێهێزیی هەژاران و زەحمەتکێشان و لایەنە دیموکرات و پێشکەوتنخوازەکان، بێگومان لە دوو زەوینە و هۆکارەوە سەرچاوە دەگرێت: یەکەم، ئەوەیە کە خودی ئەو لایەنانە نەبوونەتە هێزی کۆمەڵایەتیی داکۆکیکار لە دیموکراسی و ریفۆرم یان هەوڵی پەیگیریان نەداوە بۆ ئەم مەبەستە.

ئەم ڕەوشە هەمان ئەو هەلومەرجەیە کە نوخبەی ڕووناکبیری و سیاسی و مەدەنیی ئێستەی هەرێمی کوردستانی تێدا دەبینرێ. دووەم، لەبەرئەوەی تەواوی ئەو جەماوەرە هەژار و بەشمەینەتە دڵساردن بەرامبەر بەحکومەت و دەسەڵاتی دیموکراتیی دیفاکتۆ. لەبەرئەوەی ئەم حکوومەت و دەسەڵاتە تائێستە پەیگیرانە لە خەم و هەوڵی ژیان و چارەنووسی ئەواندا نەبووە. لەم هەلومەرجەدا، هێزە بۆرجوایی و باڵادەستەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە دەرەوە و ناوەوەی دەسەڵات(حکوومەت و ئۆپۆزسیۆن) وەکو هێزەکانی "دژە شۆڕش و دژی خەڵک کار دەکەن و کرێکاران و تەواوی توێژە زەحمەتکێشەکان  توانای ڕێگرییان نییە لە سەرهەڵدان و پەلاماری ڕەوتی دژە شۆڕش. لەم سەردەم و  ڕەوشەدا حکوومەتی بۆرجوا – دیموکرات ناپایەدار دەبێت و هەلومەرجی گونجاو بۆ کودەتا یان تەواوی پیلانەکانی دژی شۆڕش فەراهەم دەبێت"[5]. لە ئاکامی هەمان ئەو هۆکارانەدا بوو کە ڕووداوەکانی١٧ی شوبات و ئاشووبی دوو مانگ دواتر، دەبێت وەکو ئەنجامی چاوەڕوانکراو و ناچاریی سەیر بکەین.

ماهیەت و کارنامەی ئاشووبی ١٧ی شوبات و ڕووداوەکانی دواتر، سیاسەتی مانۆری نێوان چینەکانە، بەهرەوەرگرتنە لە ڕەوشی فریودانی تەواوی خەڵک و چین و توێژە چەوساوەکان بۆ پەردەپۆشی لە داکۆکی و بەرژەوەندیی هێزە چەوسێنەرەکان یان کۆنەپەرستەکان. بەڵام ئەم جارە بە ناوی ئۆپۆزسیۆن یان (گۆڕان) لە هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان.

سوودوەرگرتن لە دژواری رەوش و ژیانی بەشێک لە خەڵک و دەستکردن بەراگەیاندن و هاندانی فرەوان و بەهێز بۆ جوڵاندنی هێزی خەڵک، توانی رەوشێک دروست بکات بەناوی ١٧ی شوبات.

لایەنگرانی ئەم رەوشە، بەم ڕووداوانە دەڵێن سەردەمی پەیدابوونی هێزی کۆمەڵایەتی بۆ چاکسازی و ریفۆرم، هەندێکی تریشیان خەیاڵی دەکردەوە و دەیانگوت دەبێ هەرسێ

سەرۆکایەتییەکەی کوردستان (هەرێم، حکوومەت، پەرلەمان)، دەبێت دەست لە کار بکشێنەوە.

نەیاران یان ڕەخنەگرانی ئەم هەلومەرجەش، ئەو ڕووداوانە بە شۆڕشی چەواشە یان ئاشووب ناو دەبەن. سیاسەتمەدارانی١٧ی شوبات و بەناو ڕووناکبیرانیان و لە پشتی ئەوانیشەوە ئۆپۆزسیۆنی فاشیست و کۆنەپەرستی (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) لەم کارەدا پشتیوانییان لە خەڵک خواست، لەناو خەڵکیشدا ئەوانە بە پیریانەوە چوون کە بەشی کۆنەپارێز و دواکەوتووی خەڵک بوون، نەک بەشی پێشکەوتنخوازی هۆشیار. تەنانەت لەناو نووسەران و نوخبەی سیاسی و فیکریشدا، ئەوانە بوونە سەردەمدار و نوێنەری ئەم ئاشووبەی شۆڕشی چەواشە کە بەرنامە و پڕۆژەی سیاسیی تایبەتیان هەبوو، نەک بۆ پشتیوانی لە خۆپێشاندان و داواکارییەکانی خەڵک. جەماوەری١٧ی شوبات لەبەر هۆکاری دواکەوتوویی سیاسی و ژیان و گوزەرانی سەختی هەندێکیشیان، بوونە هێزی مەیدانی بۆ ئەم سیاسەت و بەرنامەیەی شۆڕشی چەواشە و سیاسەت و نوێژە سیاسییەکانی بەردەرکی سەرا و بانگەوازەکانی جیهاد و دروشمی (اللەاکبر)، باشترین و دیارترین نموونەن بۆ سیاسەت و جەماوەری شۆڕشی چەواشە. مەبەستم لەوەیە کە نە بانگەوازی جیهاد و نە تەکبیرە، فریان بە دیموکراسییەوە نییە و ئەم سیاسەتە نەک داکۆکی لە ژیان و چارەنووسی خەڵک ناکات، بگرە بەرەو دۆزەخی کۆنەپەرستیی دیکتاتۆری و فاشیزمیان دەبات.

سەرئەنجام، بزووتنەوەکانی گۆڕان و ئیسلامیی سیاسی و خۆپێشاندانی چەواشەی١٧ی شوبات، بەیانگەریی ڕۆشنگەی خەڵکی ستەمدیدەی کورد نەبوون و نین، بگرە بەیانگەری وەهمپەرستیی ئەوانن، بەیانگەری دادوەری خەڵکی کوردستان نین، بگرە بەیانگەری پێشدەواری ئەوانن. بەیانگەری داهاتووی ئەوان نین، بگرە تراجیدیا و وەهمی ڕابردووی ئەوانن بۆ خۆپێشاندان و چاکسازی.

أ- زەوینە و هەلومەرجی گشتی بۆ بەرپابوونی ئاشووب

باسەکان لەبارەی دیموکراسیی دیفاکتۆ و نمایشی کوردستان و هاوشێوەکانی، بەشێک لەو زەوینە و هەلومەرجە گشتییانەی خستووەتە ڕوو خوێنەر و بینەر وا لێ بکات کە سەرهەڵدانی ئاشووب و خۆپێشاندان و شۆڕشی چەواشە، وەکو بەرئەنجامی ئەو زەوینە و هەلومەرجانە سەیر بکات یان وا بڕوانێ کە هێزە کۆنەپەرست و هەلپەرستەکان چۆن دەیانویست بەقازانجی سیاسیی خۆیان ڕەوشەکە دروست بکەن، یان بەناوی دروستکردنەوە تێکی بدەن. بەڵام دەبێت هەلومەرجی گشتیی هەرێم پێش شۆڕش و خۆپێشاندانی چەواشە بە گشتی باس بکەین.

١- دەمێکە دیموکراسیی نمایشی و دەسەڵاتی کوردی باس لە کەموکوڕی و گەندەڵی و نەبوونی دادپەروەری دەکات لە کوردستان. بێگومان هەموو ئەمانەش بەشێک بوون یان بەشێک دەبن لە نەبوونی سیستەمی دەستووری و یاسای کە زەمانەتی دیموکراسیی جێگیر و ڕاستەقینە بکات. کارنەکردن و نەبوونی پەیگیری بۆ چارەسەری ئەو کێشە و ئاستەنگانە، بوونەتە هۆی

کەمبوونەوەی متمانە و باوەڕی خەڵک بەوەی کە دەسەڵاتی کوردی ناتوانێ یان نایەوێت ڕیفۆرم بکاتە بەشێکی جیانەکراوە لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی هەرێم. دووبارەبوونەوەی بەڵێنەکان و گوتارەکانی چاکسازی لە سەردەمی هەڵبژاردنەکان و فەرامۆشی یان لە بیرچوونەوەی ئەو گوتار و بەڵێنانە، هێندەی تر دڵساردی و نەبوونی هیوای چاکسازی لای خەڵک دروست کردووە.

مەبەست لە چاکسازی و ریفۆرم، بێگومان تەنیا لە هەڵبژاردنی دەسەڵات و پەرلەمان و کابینەکانی حکوومەتدا سنووردار نابێت، یان تەنیا لە کاروان و هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوەی وڵاتدا نییە، یان تەنیا باشبوونی ژیان و گوزەرانی بەشێکی خەڵک نییە. بگرە ریفۆرمی دیموکراتی و چاکسازیی یاسایی دەبێت ببێتە بەشێکی جیانەکراوە لە تەواوی سیستەمی دەسەڵات و بەڕێوەبردن. باشترین ریفۆرم و ئەولەویەتی چاکسازی لەوەدایە ئەو بەشەی خەڵک کە تا ئێستە لە هەژاریدا دەژین، لە ڕێگەی یاساکانی کار و بیمەی کۆمەڵایەتی و زەمانەتی کەرتی تایبەتیی ئابوورییەوە، ژیانیان دابین بکرێت. بێگومان ئەم داوایە لەبارەی داراییەوە بۆ حکوومەتی هەرێم کاری ئاسان و شایانی کردنە، بەڵام نەکردنی، تەنیا دەچێتە خانەی سیاسەتی بۆرجوایی و سەرمایەدارانەوە، یان بۆ خاتر و ڕازیکردنی بۆرجوا و سەرمایەدارەکان کە بەشێکیان لەناو خودی شاندی سیاسی و دەسەڵاتداران و بەشێکی تریشیان هاوبەرژەوەندن لەگەڵ دەسەڵاتداران و سیاسەتمەدارانی حکوومەت و ئۆپۆزسیۆن.

٢- ڕەوشی سیاسیی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان و لە دوای ساڵی ١٩٩٢بەدواوە، دەکرێت لە دوو سەردەمدا باس بکرێت. یەکەم ساڵانی١٩٩٢هەتا ساڵی ٢٠٠٩، بەو سەردەمە دادەنرێت کە تەواوی ئۆپۆزسیۆنی کوردی لە دەرەوە و ناوەوەی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار (جگە لە ئیسلامیی سیاسیی جیهادی و تەکفیری)، لە ڕەوشی نیمچە ئۆپۆزسیۆندا بوون، واتە، هاوکات بەشێک بوون لە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن. ڕەوشی (نەوشیروان مستەفا) و ئەو باڵەی بەخۆی دەگوت باڵی ریفۆرمی ناو (ی. ن. ک) تا ساڵی ٢٠٠٩ بەو شێوەیە بوو. حزبەکانی شیوعی، سۆسیالیست و زەحمەتکێشان و بزووتنەوەی ئیسلامی، تا ساڵی ٢٠٠٩، بەشێک بوون لە (نیمچە ئۆپۆزسیۆن).

لە ساڵی ٢٠٠٩ بەدواوە، هەرسێ حزبی (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) لە ڕەوشی نیمچە ئۆپۆزسیۆنەوە بوونەتە ئۆپۆزسیۆنی فیعلی و کارا، بەڵام بەبەرنامە و ئەجێندای (ئۆپۆزسیۆنی هەژموونخواز یان دەسەڵاتخواز)، واتە، هێندەی دەیانەوێت بەزووترین هەل و کات بگەنە دەسەڵات، هێندە لە خەمی ئەوەدا نین، پرۆسەی ریفۆرمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بکرێتە بەشێک لە ژیانی سیاسیی کوردستان[٦].

سەردەمێک لە نیگەرانیی خەڵک (١٩٩٢-٢٠١١) لە بەرامبەر نەبوون یان نەکردنی ریفۆرمی پێویست لە ژیان و کاری حکوومەت و خەڵک و نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، بڵاوبوونەوەی

گەندەڵی و زەبەلاحبوونی بەرژەوەندیی دەوڵەمەندان و سیاسەتمەدارانی دەوڵەمەند و سەرمایەدارانی تازە پەیدا بوو. لەگەڵ بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی هەژموونخواز و دەسەڵاتپەرست کە لە ساڵی ۲۰۰۹ەوە تا ڕادەیەک دەنگی بەرچاویان بەدەست هێنا، نێزیکەی سێیەکی دەنگەکانی کوردستان، ویستی ئەم پۆپۆزسیۆنە بۆ سوودوەرگرتن لە هەموو هەل و کاتێکی ڕەخساو بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات، نەک تەنیا لە ڕێگەی دەنگدان و هەڵبژاردن، بگرە تەنانەت لە ڕێگەی ئاشووب و شۆڕشی چەواشە و پەلاماری جەماوەریشەوە، شێوەیەک لە گاڵتەجاڕیی شۆڕشیان لە دوای ۱۷ی شوبات هێنایە دی. لەم هەلومەرجەدا، بێگومان ئەم هێزانە دەتوانن جۆرێک لە هێزنواندن یان ئاشووب بەرپاکردن، ساز بدەن.

۳- شۆڕشی میسر و تونس و خۆپێشاندانەکانی یەمەن و ڕاپەڕینەکانی لیبیا و پەیدابوونی جوڵانەوەی جەماوەری لەو وڵاتانە و تەواوی ناوچەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست بەئێران، سووریا و ئوردنەوە، هۆکارێک یان زەوینەیەک بوون کە بەشێک لە خەڵک و بەتایبەتی لاوانی ناڕازی و ستەمدیدە و هەندێک لە نووسەران و نوخبەی سیاسیی خاوەن ئەجێندا و بەرژەوەندیی تایبەت لە ۱۷ی شوباتدا لە ناوەندی شاری سلێمانی و لە مەیدانی بەردەرکی سەرا خۆپێشاندان بە ناوی پشتیوانی لە شۆڕشی گەلی میسر بەرپا بکەن. خۆپێشاندانی ناوبراو لەلایەن ئەندامان و هەڵسوڕاوانی ئۆپۆزسیۆنی ناوبراوەوە بەرەو هێرشبردن بۆ سەر لقی چواری (پ. د. ک) لە سلێمانی چوو. پاشان تەواوی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن و هەڵسوڕاو و ئەندام و میدیا و نووسەرانیان ئەنجوومەنێکیان دروست کرد بەناوی (ئەنجوومەنی کاتیی سەرای ئازادی) بۆ ڕابەڕیکردنی خۆپێشاندانەکان و سەرئەنجام هەندێک لە شارۆکەکانی سەر بەپارێزگای سلێمانیشی گرتەوە.

ب- تراجیدیای خۆپێشاندان و گاڵتەجاڕیی شۆڕش

خۆپێشاندانەکانی ئۆپۆزسیۆنی گۆڕان و ئیسلامیی سیاسی و هەندێک لە کۆمۆنیستەکان و نەتەوەپەرستانی بەجێماو لە کاژیک و پاسۆک و سەرئەنجام لایەنگرانی پارتی چارەسەریش، لەلایەن هەڵسوڕاوان و ئەندامانی ئەو حزبانەوە لە۱۷ی شوبات دەستی پێ کرد و تا ۱۹ی نیسان بەشی هەرە زۆری سلێمانی و شارۆکەکانی سەر بەو پارێزگایەی گرتەوە. بەشێک لە نووسەرانی هەلپەرست و بەناو ڕووناکبیرانی ئۆپۆزسیۆن و جاران بەهرەمەند لە خوانەکانی دەسەڵاتی کوردیش، دەیانویست لەو خۆپێشاندانانە ببنە ڕابەر یان کارێزما. هەموو ئەو کەس و لایەنانەی (ئەنجوومەنی کاتیی سەرای ئازادی)یان دروست کرد و لەم کارەدا کاریکاتۆرێکیان لە ئەنجوومەنی گۆڕان و چاکسازی، هێنایە دی. سەرئەنجام، خۆپێشاندانیان بەرەو گاڵتەجاڕی یان مەهزەلەیەک لە شۆڕش برد. مەبەست لە گاڵتەجاڕی و مەهزەلەی شۆڕش، ئەوە نییە خودی دیاردەی شۆڕش بەگشتی و شۆڕشەکانی ئەم سەردەمە بەتایبەتی، بەو شێوەیە باس و وێنا بکرێن، بگرە مەبەست

لەوەیە، کاریکاتۆریستەکانی ئەنجوومەنی کاتیی بەناو (سەرای ئازادی) و سەرکردە و کارێزماکانیان لە دوورەوە ڕەوشێکی گاڵتەجاڕ یان مەهزەلەیان بۆ شۆڕش خوڵقاند.

گاڵتەجارِیی شۆڕشی ئۆپۆزسیۆنی کوردی، مافی خۆپێشاندانیان کردە سیاسەتی خۆپێشاندان و داواکاریی چاکسازییان کردە بەرنامە و پرۆژەی ڕووخانی هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم. واتە ئەوان لە پشت پەردەی چاکسازی و مافی خۆپێشاندانەوە دەیانویست شۆڕش بەرپا بکەن و تەواوی کار و کردەوەکانیان لە ماوەی ١٧ی شوبات بۆ ١٩ی نیسان، هەوڵدان بوو بۆ سازکردنی ڕەوشەکانی شۆڕشی چەواشە یان ئاشووبی سیاسی. بەڵام حکوومەتی هەرێم و هەردوو حزبی دەسەڵاتدار بە بەکارهێنانی پرەنسیپی ؛پاوانکردنی هێز و توندوتیژیی ڕەوا؛[٧]، خۆپیشاندان و ڕەوشەکانی شۆڕشی چەواشە و ئەنجوومەنی کاتیی سەرا و تەواوی بەرنامە و ئەجێندای سیاسیی ئۆپۆزسیۆنیان لەناوبرد، یان پاشەکشەیان پێ کرد.

سیاسەتی خۆپێشاندانی خاوەن بەرنامەی شۆڕشی چەواشە و ئەجێندای سیاسیی ئۆپۆزسیۆن بۆ ڕووخان و وەدەرنانی (ترحیل) دەسەڵاتی ئێستەی هەرێم و ئەنجوومەنی کاتیی سەرا، بەرەو شکست و پەرتەوازەیی و نەمان چوون. بەڵام ئەوەی کە شکستی خوارد، مافی خۆپێشاندان و داواکاریی چاکسازی نەبوو، هەروەکو چۆن شۆڕشیش لەناو نەچووە، لەبەرئەوەی هێشتە لە کوردستان لەدایک نەبووە. شکستەکان کرانەبەری سیاسەتی توندڕەوی خۆپێشاندان و دەزگاکەی کە ئەنجوومەنی کاتیی سەرا بوو، یان شۆڕشی چەواشە بوو کە تەفروتونا بوو. ئەم شکستە، شکستی نەریتە سیاسییە دیفاکتۆکانی کورد بوو کە لە هەموو ناکۆکی و جیاوازییە سیاسی و ئایدیۆلۆجییەکاندا، پەنا دەبرایە بەر توندوتیژی و لەناوبردنی بەرامبەر و دەرکردنی لە مەیدانی مەبەست. هەروەکو چۆن لە ساڵانی شەڕی ناوخۆی ١٩٦٤ هەتا ١٩٩٧ بینیمان. شەڕی ناوخۆی سیاسەت و دەسەڵاتدارانی کوردستان تراجیدیای سیاسی و نیشتمانی و دیموکراسی بۆ کورد کردە مێژوو، بەڵام شکستی ئەم جارەی توندوتیژی و لەناوبردن و تەکفیری سیاسی لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە، بەکۆمیدیا یان مەسخەرە کۆتاییی هات.

ئەم شکستە، شکستی بەجێماوی پێوەندیی کۆمەڵایەتی و سیاسیی هێزە کۆنەکانی ناو سیاسەتی کوردی بوو کە مەخابن هێشتە هێزە سیاسییە دیموکرات و پێشکەوتنخوازەکان، پەیدا نەبوون، یان جێگەی ئەوانیان نەگرتووەتەوە. شکستی وەهم و ئەو بیروباوەڕانە بوو کە دەمێکە خۆیان مەڵاس داوە تا دیموکراسیی نمایشی و دیفاکتۆی کوردستانی لە ناو بەرن و خۆیان بە دەسەڵاتی هەژموونی و عەقیدە و ئایدیۆلۆجی تۆتالیتاری و فاشیستی بچنە جێگە و دەسەڵاتی ئەوان. ئەگەرچی وەهم و بەرنامەی کۆنەپەرستانەی ئۆپۆزسیۆنی لە کەمیندا، ئەم جارە شکستی خواردووە، بەڵام هێشتە هێزی کۆمەڵایەتیی ڕیفۆرم و چاکسازی لە کوردستان لە ناوەوە و دەرەوەی دەسەڵاتی کوردی پەیدا نەبووە. ئەو بنکە حزبی و جەماوەرییەش کە لە دژی بەرنامە و پرۆژەی شۆڕشی چەواشەی ئۆپۆزسیۆن بوون، بەڵام ئەوانیش هێشتە دڕدۆنگن بەرامبەر

بەڵێنەکانی چاکسازیی حکوومەت و دەسەڵاتی حزبی و هێشتە بڕیاریشیان نەداوە ببنە هێزی کۆمەڵایەتی بۆ پاڵەپەستۆخستنە سەر دەسەڵات بۆ ڕیفۆرم یان هێنانەدی ڕەوشی ڕاستەقینەی مافەکانی خۆپێشاندان و چاکسازی و دادپەروەری لە کوردستان، سەرئەنجام خەڵک و جەماوەر لە کوردستان هێشتا بینەرن، نەک بکەر.

تایبەتمەندی و شکستی شۆڕشی ئاشووب و چەواشەی ١٧ی شوبات تا ١٩ی نیسانی ساڵی ٢٠١١، هەمان باس و شیکردنەوەی (کارل مارکس)مان بیر دەهێنێتەوە لە باسی شکستی ڕاپەڕین و بزووتنەوەکانی ساڵانی ١٨٤٨– ١٨٥٢ی فەرەنسا و ئەڵمان کە دەڵێ: ئەوەی شکستی خوارد شۆڕش نەبوو، ئەم شکستانە، شکستی پاشماوە زیادەکانی نەریتی پێش شۆڕش بوون، شکستی ئەنجامەکانی پێوەندییە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکانی ڕابردوو بوون، ئەو پێوەندییانەی کە هێشتە وەکو ناکۆکی چینایەتی بەهێز نین، شکستی کەسایەتی و کاریزماکان بوو، شکستی وەهم و دیدگا و ئەو بەرنامانە بوو کە پارتی شۆڕشگێڕ پێش فۆریەی ١٨٤٨ لە کۆتوبەندییان ئازاد نەبووبوو و بەبێ سەرکەوتنی شۆڕشی ڕاستەقینە لێیان ئازاد نابێت، بگرە دەبنە ئەنجامی زنجیرەیەک لە شکستە یەک لە دوای یەکەکان؛[8].

خۆپێشاندان و داواکاریی چاکسازی، بۆیە بەرەو تراجیدیا برا، لەبەرئەوەی لەلایەن ئۆپۆزسیۆنی سیاسی و ئەنجوومەنی دەستنیشانکراوی ئەوان پاوان کرا. دروشم و داواکارییەکانی چاکسازی بەرەو دروشم و داواکاریی سیاسیی پەتی ئاڵوگۆڕی پێ کرا، لە بەردەرکی سەرا، تەنیا لایەنگران و ئەندامانی سەر بەو بەرنامە و پرۆژە سیاسیيانە ئازاد بوون، هەموو ئەوانەی کە هاوبیر و لایەنگیری ئەوان نەبوون، ڕێگەیان پێ نەدەدرا، تەواوی میدیاکانی جیاواز لە خۆیان لەوێ یان دەردەکران یان بۆیان نەبوو توخنی ئەو ناوە بکەون. لە هەمووشی خراپتر و کارەساتتر، ئەوە بوو کە هەر لە ڕۆژانی یەکەمەوە خۆپێشاندان بارگاوی کرا بەمەرام و پرۆژەی سیاسی بۆ ڕووخانی دەسەڵاتەکانی هەرێم. خۆپێشاندانێک کە هیچ کام لە هێز و ئۆرگان و دامەزراوەکانی شۆڕشی نەبێت، بێگومان لەژێر ئەم بارەدا دەپسێ یان لە دەست خاوەنەکانی دەردەهێنرێ. ناکۆکی و جیاوازی و دابەشبوونەکانی ئەنجوومەنی کاتیی سەرا لە دوو مانگی ناوبراودا، باشترین ئاماژە و گەواهن بۆ ئەوەی کە ئەنجوومەنەکە دەبێتە کاریکاتۆر و خۆپێشاندانەکانیش دەبنە تراجیدیا.

## ڕەوشێک لە شۆڕشی چەواشە یان مەهزەلەی شۆڕش

"شۆڕش ئاڵوگۆڕێکی سیاسیی ئاڵۆزە کە تێیدا حکوومەتی جێگیر لەبەر هەندێک هۆکار توانای دەسەڵات و ناچارکردن و کاری هێزدار لەدەست دەدات و گرووپ و هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیش دەکەونە خەبات بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست. ئەم خەباتە، زۆربەی کات، ماوەیەکی زۆر دەخایەنێ بۆ ئەوەی سەرئەنجام دامەزراو و دەسەڵاتە تازەکان جێگەی کۆن بگرنەوە. لەوانەیە لاوازی و ناتوانایی حکوومەت زەوینەساز بێت بۆ پەیدابوونی ناکۆکی و

ململانێی گرووپە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و خەباتی ئەوان بۆ گەیشتن بەدەسەڵات، یان پەنابردنی دەسەڵاتی کۆن بۆ نواندنی هێز و پیادەکردنی توندوتیژی. یەکێک لە دیاردە گرینگەکانی شۆڕش، خۆئامادەکردن و ڕێکخستن و کۆکردنەوە و تەیارکردنی جەماوەرە. ئەڵبەت ناڕەزاییی خەڵک بەهەر شێوە و بەهانەیەک بێت، زەوینەی پێویست بۆ ئامادەکردن و ڕێکخستنی شۆڕش بە ئەژماردێت. سەر ئەنجام ناڕەزاییی کۆمەڵایەتی، پەیدابوونی گرووپ و هێزە نەیارەکان، لاوازی و بێتواناییی دەسەڵات بۆ سەرکوت، دەبنە سەرچاوە و هۆکارەکانی پەیدابوونی پێکهاتەی نوێی دەسەڵاتی تازە و ئەمانە هەلومەرج و ڕەوشی گشتیی شۆڕش پێک دەهێنن"[٩].

سۆسیالیست و بیرمەندی ناوداری مارکسیستی ئەڵمانی (کارل کاوتسکی)یش دەڵێ: "وەک چۆن شۆڕش لەلایەن دەسەڵاتەکانەوە ڕێگەی لێ ناگیرێت، هەروەها لەلایەن شۆڕشگێڕانیشەوە وادەی سەرهەڵدان و چۆنیەتی سەرهەڵدانی کۆنترۆڵ ناکرێت"[١٠].

تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی شۆڕش، یان سیفەتەکانی دیاردەی شۆڕش کە لەلایەن زۆرێک لە کۆمەڵناسانی سیاسی، تیۆرمەندانی سیاسی و مێژوونووسانی شۆڕشەکانەوە باس کراون، دەتوانرێت لەم لایەنانەدا کورت بکرێنەوە: کۆکردنەوە و تایبەتمەندیی درێژخایەن و خاوەن هێز و توندوتیژی، بەشداری و کۆکردنەوە و سازدانی جەماوەری، تایبەتمەندیی ڕابەرایەتی، تایبەتمەندیی ئایدیۆلۆجیک و سازمان و ڕێکخراوەکانی سازدانی شۆڕش، لە هەمووشیان گرینگتر، پەیدابوونی هەلومەرجی تەنگژەی سیاسی و ڕەوشی شۆڕشگێڕانە. لەم زەوینە و هەلومەرجانەدا، چەند هۆکارێکی گرینگ دێنە پێشەوە کە ئەمانەن: یەکەم، حکوومەت و شاندی دەسەڵاتدار ناتوانێت بەشێوە و سازوکارەکانی جاران، کۆمەڵگە بەڕێوەبەرێ. دووەم، هێزەکانی دەسەڵات یان توانای بەرەنگاری و سەرکوتیان نامێنێ، یان بێزار دەبن لەو ڕەوشە. سێیەم، تەواوی کۆمەڵگە دەکەوێتە تەنگژەوە و زۆرینەی خەڵک لە دژی حکوومەت هەڵدەستن و سەرئەنجام دابەشبوون و جیابوونەوە لەناو خودی حکوومەت و شاندی دەسەڵاتداردا، پەیدا دەبێت و شتێک بەناوی ڕژێم یان حکوومەت نامێنێ. هەموو ئەم هەلومەرج و دیاردانەمان لە شۆڕشی تونس و میسردا بینی، بۆیە دەسەڵاتەکان ڕووخان یان ڕۆیشتن.

بەڵام ئەوەی لە ماوەی ڕابردوودا لە سلێمانی و قەزاکانی بینیمان، نەک لە هەموو هەرێمی کوردستان، تەنیا خۆپیشاندان و داواکاریی سنووردار بوو کە خێرا ئۆپۆزسیۆنی نەزان بەرگی شۆڕشیان کردە بەر و دەیانویست تونس و میسر لە بەردەرکی سەرای سلێمانی دووبارە بکەنەوە. ئۆپۆزسیۆنی ناسیاسی و ناواقیعی، تەنانەت بۆ بەرنامە و مەرامەکانی خۆشی، لە نێوان سێ ڕەوش و هەڵبژاردنی سیاسیدایە، هەرچەند ڕۆژێک تاکتیک و بەرنامەی خۆی دەگۆڕێ. جارێک، وەکو ئۆپۆزسیۆنی (یاسایی!) داوای چاکسازییان دەکرد، جارێکی تر، ناڕاستەوخۆ داوای بەشداریبوونیان لە حکوومەتدا دەکرد بەناوی حکوومەتی ئینتقالی تەکنوکرات و تەوافوقی و جارێکی تر داوای ڕووخان و هەڵوەشاندنەوەی هەرسێ سەرۆکایەتییەکەیان دەکرد و دەیانگوت

ئێمە بەشدار نابین لە حکوومەتدا. بەڕاستی ئەوان خۆیان و خۆپێشاندان و بەناو شۆڕشەکەیان خستە ڕەوشێکی کۆمیدی و گاڵتەجاڕەوە. نە دەیانزانی چۆن ئۆپۆزسیۆنی یاسایی بن، نەدەیاندەتوانی حکوومەت و دامەزراوەکانی بڕوخێنن و ڕووشیان نەدەهات و شەرمیان دەکرد بڵێن ببینە بەشێک لە حکوومەتی بنکە فراوان. ئەوان وەکو کوردەیان لێ هات نەک لە هەردوو جەژنەکە، بگرە لە هەرسێ بەرنامەکەی خۆیان بوون!، لە هەمووی کۆمیدیتر و گاڵتەجاڕتر، خۆیان نەکرد بەخاوەنی (ئەنجوومەنی کاتیی سەرای ئازادی) و ڕۆژانە دەیانگوت ئەم ئەنجوومەنە سەربەخۆیە و دەستی ئۆپۆزسیۆنی تێدا نییە. بەڵام تەواوی خەڵکی کوردستان دەیانزانی کە وانییە و لەمەشدا دەیانویست گاڵتە بە دەسەڵات و خەڵک بکەن، بەڵام خۆیان بوونە گاڵتەجاڕ.

ڕەوشەکانی ئاشووب یان مەهزەلەی شۆڕشی ئۆپۆزسیۆنی هەرێم، سەرەتا، بەخۆپێشاندان بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی میسر و داواکاریی چاکسازی لە کوردستان هاتە مەیدان. دواتر هەوڵیان دا پەلاماری بارەگا حزبی و حکوومییەکان بدەن. چەند ڕۆژێک دواتر، بانگەوازی مانگرتنی گشتییان ڕاگەیاند و کەس نەچوو بە دەنگیانەوە. ویستیان زانکۆکان بکەنە مەیدانی سیاسەتەکانی خۆیان، سەرئەنجام کەوتنە بەرد هاویشتن و دارلاستیک و تەنانەت تەقەکردن لە هەندێک جێگا لە پۆلیس. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نوێنەرانیان لە ئەنجوومەنی کاتیی بەردەم سەرا وتاری حەماسی و توند و دوژمنانەیان بەرامبەر بەدەسەڵات دووبارە و چەندبارە دەکردەوە. یەکێک لە گرەوەکانی ئۆپۆزسیۆنی خاوەن شۆڕشی چەواشە ئەوە بوو کە دەیانگوت بەشێک لە لایەنگرانی دەسەڵات و لایەنێک لە حزبی دەسەڵات و پێشمەرگە و پۆلیس و ئاسایش لەگەڵ ئەوانن و چاوەڕێی فەرمانی ئەوان دەکەن. ئەم گرەوە ئەگەر واشبێت (کە وا نەبوو!)، ئۆپۆزسیۆن و بەتایبەتی بزووتنەوەی گۆڕان لەوە بێ خەبەربوون کە جەماوەری کوردستان، مەبەستم زۆرینەی هەرە زۆرە، بەلایەنگران و دەنگدەرانی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتیشەوە، لەم سەردەمەدا بینەرن نەک بکەر. ئەمەش نەناسین و نەزانینە لە خوێندنەوەی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەرێم و بەتایبەتی لە پێوەندی بەخۆپێشاندان و کاریگەریی خەڵک لەسەر ڕووداوەکان! گرەوێکی تری سەرانی ئۆپۆزسیۆن، گرەوکردن بوو لەسەر پشتیوانی ئەمەریکا و حکوومەتە ئیقلیمییەکان و تەنانەت پەناشیان برد بۆ پەرلەمانی عێراق و هێزە سیاسییەکانی ناو پەرلەمان و حکوومەت لە عێراق. بەڵام زیرەکی و هەوڵی دوو حزبی دەسەڵاتدار و بەتایبەتی هەردوو سەرۆکی عێراق و هەرێم لەوەدا بوو کە هەموو ئەم پێوەندییانەیان لەوان بڕی و لەمەشدا بێکەس و تەنیایان کردن.

هەوڵەکانی شۆڕشی ئۆپۆزسیۆن (لەلای خۆیان بەبێ ناوهێنانی شۆڕش) یان مەهزەلەکانی شۆڕشی چەواشە، سەرئەنجام و لە ئاکامدا، ئەم ڕەوش و چارەنووسەی بە خۆوە بینی: خۆپێشاندان و شۆڕشی چەواشە بەرەو هەولێر و کەرکووک و دهۆک نەچوو، زۆرینەی خەڵکی سلێمانی و قەزاکانی لەگەڵیان نەبوون، هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگە، نەچوونە ناویان، تەنانەت کرێکاران و فەرمانبەرانیش پێوەست نەبوون بەخۆپێشاندانەکانەوە، پشتیوانی

ناودەوڵەتی و هەرێمایەتییان بەدەست نەهێنا و لەلایەن دەسەڵاتداران و کاربەدەستانی حکوومەتی عێراقیشەوە وەڵامیان نەدرایەوە. بۆیە بوونە مەهزەلەیەک لە شۆڕشی یان شۆڕشی چەواشە!

گاڵتەجاڕیی شۆڕشی ئۆپۆزسیۆنی کوردی، یەکێک لە وتە گرینگەکانی هیگڵمان بیر دەهێنێتەوە کە (کارل مارکس) لە کتێبی ١٨ی برۆمێردا باسی دەکات: "هیگڵ لە جێگەیەک نووسیویەتی کە تەواوی ڕووداو و کەسایەتییە گەورەکانی مێژووی جیهان دوو جار دەردەکەون، بەڵام ئەو فەرامۆشی کردووە کە بڵێت جاری یەکەم بەشێوەی تراجیدی و جاری دووەم بەشێوەی کۆمیدی و مەسخەرە"[١١].

پ- ڕووناکبیرانی هەلپەرست و کارێزمایانی ترسنۆک لە ڕووداوەکانی ١٧ی شوبات هەتا ١٩ی نیسان بەشی هەرە زۆری هەواڵ و چالاکییەکان لە دەوروبەری نووسەران و (ڕووناکبیرانی!) ڕابەری خۆپێشاندانەکان و کارێزماکان بوون کە لە دوورەوە بەڕیمۆت کونترۆڵ خۆپێشاندان و ڕووداوەکانیان ئاڕاستە دەکرد. نووسەران و ڕووناکبیرانی ناو ڕووداوەکانی ١٧ی شوبات و دواتر دوو جۆربوون، جۆری یەکەمیان ئەوانە بوون کە وایان دەزانی ئەم خۆپێشاندان و ڕووداوانە بەشێکن لە شۆڕشی تازەی وڵات، یان هەروەکو خۆیان دەیانوت و لە زانکۆی سلێمانی ڕایان گەیاند: کە ئەم بزووتنەوەیە لەهەموو شۆڕشەکانی کورد و جووڵانەوەکانی نوێتر و باشترە (بەختیارعەلی). بەڵام ئەمان پاش ماوەیەک تێگەیشتن کە وا نییە بێدەنگەیان لێ کرد و بەرەو هەندەران چوونەوە. بەشی دووەمیان، ئەوانە بوون کە لە تەواوی وردەکاری و ئاراستەکردنی ڕووداوەکاندا هەبوون و ڕۆژانە دەچوونەوە بۆ لای کارێزماکانیان و لەوان دەستوور و ڕێنوێنییان وەردەگرت و پاشان لە دوای سەعات (٢،٣)ی نیوەڕۆ دەچونەوە بۆ خۆپێشاندان. ئەم بەشە مەبەستیان لەوە بوو کە لەو ڕووداوانەدا وەکو ڕابەر دەربکەون و ڕابردووی پێوەندی و بەهرەی جارانیان لەسەر خوانی دەسەڵاتی کوردی بسڕنەوە و ببنە بەشێک یان سەرکردەکانی (خۆپێشاندان و شۆڕشی خەڵک!)، یان لە کاتی سەرکەوتنی ئەنجوومەنی کاتیی سەرای ئازادیدا پلە و پۆستی سیاسییان بەربکەوێت.

دیدگای مەبەست و ڕەخنەی ڕووناکبیری و تیۆری لەوەدا نییە کە نووسەران و ڕووناکبیران نەچنە خۆپێشاندان و بزوتنەوەکانی خەڵکەوە، یان بەشێک نەبن لە سیاسەت و حزبەکان بەدەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنیشەوە، یان هەڵە نەکەن لە بەهادان و شیکردنەوەی ڕووداوەکان. بگرە دیدکا و مەبەست و ڕوانگەی ڕووناکبیری لەوەدا لە سیاسەت جیا دەکرێتەوە، بەتایبەتی سیاسەتی خاوەن بەرژەوەندی و چەواشەکاری، کە ڕووناکبیران بەردەوام دەبێت لە هەموو ڕەوش ڕووداوەکاندا ڕاستی و حەقیقەت بێژبن لە بەرژەوەندیی خەڵک و بەتایبەتی لە بەرژەوەندیی ئەوانەی کە مینبەریان نییە و پەڕاویزکراو و چەوساوەن، یان لە بەرژەوەندیی ئەوانەدا کار بکەن و ڕاستییەکان بخەنە ڕوو کە لەلایەنە سیاسییەکان چەواشەیان دەکەن. بەڵام ڕووناکبیرانی ناو ١٧ی شوبات کە ناوبانگی زۆر و زەوەندیان پەیدا کرد، بەتەواوی بوونە بەشێک لە سیاسەتی

چەواشەکاریی ئۆپۆزسیۆن تەنانەت ئەوانیش کە هەتا ئێستا بەناوی عەلمانی خۆیان ناساندبوو لەگەڵ مەلا جیهادییەکانی کۆمەڵ و یەکگرتوو (الله اکبر) یان دەوتەوە دروست بوونە بەشێک لە سەنگەری ئەوان. سەرئەنجام تەواوی ئەم نووسەر و بەناو ڕووناکبیرانە کەوتنە ناو شکستی وەهم و خەیاڵەکانی خۆیان و بوونە بەشێک لە کۆمیدیا و مەسخەرەی سیاسی و (ڕوناکبیری!).

هەر لەو سەردەمەدا بەشێکی زۆر لە هەواڵ و ڕووداوەکان لە میدیا و بارەگای هەرسێ حزبی ئۆپۆزسیۆن و بەتایبەتی لە دەوری هەرسێ ڕابەر و کارێزمای (گۆڕان، کۆمەڵ، یەکگرتوو) دروست دەبوون. لە زۆربەی ڕووداوەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی هەر لە بزووتنەوەی سەوزی ئێرانەوە هەتا شۆڕشەکانی تونس و میسر هەتا خۆپێشاندان و ڕاپەڕینەکانی یەمەن و لیبیا ڕابەران و بەرپرسانی ئۆپۆزسیۆن بەردەوام یان ماوەماوە لە مەیدانەکانی خوپێشاندان بوون و لەناو جەماوەری خۆیاندا بوون. بەڵام کارێزما و بەرپرسانی ئۆپۆزسیۆنی گۆڕان و ئیسلامیی سیاسی بۆ تەنیا جارێکیش نەچوونە ناو خۆپێشاندان و ڕووداوەکان ئەم مەسەلەیە یان ترسنۆکی بوو یان بێباوەڕی بوو بەرامبەر بەو ڕووداوانەی کە خۆیان ڕاستەوخۆ دروستیان کردبوو، لەگەڵ ئەمەشدا زۆربەی شەوەکان لە کەناڵەکانیانەوە دروشم و قسە و باسی ئاگرین و حەماسیان بۆ لایەنگران و هەڵسوڕاوانیان دەدا بۆخۆشکردنی تینی خۆپێشاندان و گەرمکردنەوەی ئاگری ئاشوبەکانیان.

لە بەرامبەر و لە دژی ئەمان هەرسێ سەرۆکی عێراق و سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکوومەتی کوردستان دەچوونە ناو ڕێپێوان و بۆنەکانی ڕاپەڕین و نەورۆز و بەسەرکردنەوەی کۆبوونەوە و ئاپۆڕەی خەڵک. ئەو سێ سەرۆکەکە لە بەرپرسانی ئۆپۆزسیۆن و بەناو کارێزماکانیان ئازاتر و بەرپرستر بوون بۆ ئاگەداربوون لە ڕەوشی خەڵک و هەلومەرجی خۆپێشاندانەکان.

سەرانی ئۆپۆزسیۆن و بەتایبەتی سەرۆکەکانیان لە سەردەمی ١٧ی شوبات و دواتردا هەر بەوە نەوەستان کە خۆپێشاندان ساز بکەن، بگرە زۆرجار دەیانوت کە دروشمەکانی خۆپێشاندان داواکاریی چاکسازی تێپەڕاندووە و ئێستا دەبێت حکوومەت و دەسەڵات بڕوات و هەتا ئەم دەسەڵاتە مابێت کوردستان هەر بە(گەندەڵستان) دەمێنێتەوە.

بۆ باشتر شارەزابوون لە کاریگەری و نەخشی کارێزما و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لە شۆڕشەکاندا، چاکتر وایە تیۆرەکانی شۆڕش و ئەو ڕێبازانە بەسەر بکەینەوە کە لە سەردەمەکانی رابردوو یان شێوەکانی شۆڕشیان ساز داوە یان تیۆرەکانی شۆڕشیان فۆرمۆلە کردووە:

١- تیۆری خەباتی چینایەتی بۆ شۆڕش.

٢- تیۆری ڕیالیزمی سیاسی و گۆڕینی دەسەڵات.

٣- تیۆری هاوپشتی کۆمەڵایەتی.

٤- تیۆری تاکگەرایی و دەروونناسی.

٥- تیۆری کارێزما و بزاڤی کۆمەڵایەتی.[١٢]

دیدگا و تیۆری کۆمەڵناسیی ناوداری ئەڵمانی (ماکس وێبەر) لەبارەی سێ سەرچاوەکەی ڕەوایی و هەژموونی سیاسی (نەریت ، یاسا و کارێزما) پێوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە بە باسەکانی ئەو لەبارەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. دەسەڵات و هەژموونی نەریتی و بەجێماو لە ڕابردوو دەبێتە بنەوا بۆ هەلومەرجی هاوتای کۆمەڵایەتی یان دەست نەبردن بۆ گۆڕینی هەلومەرجەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

بەڵام دوو هێز و هەژموونەکەی تر دەیانەوێت کە ئەم هەلومەرجە هاوتا و دەست لێنەدراوە بهەژێنن، یەکیان هێزی عەقڵانیەتە و ئەوی تریان هێزی کارێزما. بە بڕوای وێبەر (عەقڵانیەت دەتوانێ هێزی شۆڕشگێڕانەی پلە یەک بێت لە دژی دەسەڵاتی نەریت و کۆن و هەتا ئێستاش هەروا بووە و هێزی عەقڵانیەت یەکەمجار دەتوانێ ژینگەی کۆمەڵایەتی بگۆڕێ و پاشان ئاڵوگۆڕی جیهانبینیی خەڵکیش). بەڵام کارێزماکان بەپێچەوانەوە سەرەتا ڕێژیم و ڕەوش و دەسەڵاتەکان هەڵدەگێڕنەوە، و لە سەرەتای کاردا ژیانی دەروونی تاکەکان دەگۆڕن و دەیانەوێت لەو ڕێگەیەوە جازبییەت و کۆنترۆڵ و پەیڕەوی خۆیان لەناو خەڵکدا زیاد بکەن. بەم مانایە کارێزما هێزی گەورە و داهێنەری سەرەکی بوون لە ئاڵوگۆڕی مێژووی جیهاندا کە مەرج نییە ئەو ئاڵوگۆڕەکە بەرەو ژیان و هەلومەرجی باشتربێت. زاراوەی (کارێزما) لەلایەن ( ڕۆدۆڵف سۆهم) مێژوونووسی ئاینی ئەڵمان لە باس و وەسفی ڕابەرانی ئیلهام وەرگرتوو لە خواوەند بەکار هاتووە، بەڵام ماکس وێبەر بۆ مانای نائاینیش بەکاری دەهێنێ. بەبڕوای ئەو "زاراوەی کارێزما سەبارەت بە بەشێکی تایبەتی لە کەسایەتی تاک بەکار دێت کە بەو پێیە لە مرۆڤە ئاساییەکان جیا دەبنەوە و خاوەن تایبەتمەندی سەروو سروشتی، سەروو مرۆڤایەتی و یان بەلایەنی کەمەوە نائاسایی و دەگمەن دەناسرێن". وێبەر شێوەی جیاواز لە کەسایەتی کارێزمایی باسدەکات وەکو پەیامبەران، فریادڕەسان، قارەمانان و گیانبازان و لەلای هەموو ئەمانە، پرەنسیپی کارێزما، دەبێتە ئەوەی ئەم کەسایەتییانە نائاساین و پەیڕەوان و سەرسپاردەکانیان بڕوایان بە کەسایەتی لە ڕادەبەری مەزنی ئەم ڕابەرانە هەیە. سەرئەنجام بەبێ پەیڕەوی و سەرسپاردنی دڵخوازانە و ئازادیی لایەنگران کارێزما بوونی نابێت"[١٣].

لەم زەوینەیەدا کارێزما دەبێتە پێوەندییەکی دەروونی لە نێوان پەیڕەوان و ڕابەردا و ڕابەری کارێزماییش تەنیا بەشێوەی بزووتنەوەی کارێزمایی ئاشکرا دەبێت. ڕابەری کارێزمایی تەنیا ڕابەرێک نییە کە بە خاتری تایبەتمەندییە نائاسایی و مەزنەکانی دەبێتە زەوینەی ستایش و پەیڕەوی ئازاد و دڵخوازانەی خەڵک، بگرە کەسێکە کە هەمان ئەو تایبەتمەندییانەش لە ڕەهەندی بانگەوازی خەڵک بۆ پێوەستبوون بە بزووتنەوەی گۆڕان و ڕابەرایەتیی ئەم بزووتنەوەیە ئاشکرا دەکات. مەبەست لە بزووتنەوەی گۆڕان، بێگومان گۆڕانی گردی زەرگەتە نییە لە سلێمانی، بگرە بزووتنەوەکانی گۆڕانە لە جیهان کە گۆڕانی لای خۆمان لەوان نین.

ڕابەرانی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان لە دروستکردنی ڕووداوەکانی١٧ی شوبات و دواتردا

دەیانویست ببنە کارێزماکانی ئەم سەردەمە، یان دەیانویست هەلومەرجی کارێزماییی خۆیان تاقی بکەنەوە. بەڵام لەبەر سێ هۆکاری گرینگ بە تەواوی ئەو شانسەیان لە دەست خۆیان دا، یان وەکو کورد دەڵێت "ئەو باوکەیان مرد". هۆکاری یەکەم، نەزانی و ناشارەزایی لە ناسین و بەهەند وەرنەگرتنی هەلومەرجی گشتیی خەڵک بۆ وەڵامدانەوەی بانگەوازی ئەوان بۆ خۆپیشاندانی فرەوان و سەرتاسەری و سەرئەنجام گۆڕانی حکوومەت و دەسەڵاتەکان لە کوردستان. دووەم، ئەوە بوو کە خۆشیان هێندە ئازا و جەربەزە نەبوون لە ئاراستەکردنی ڕووداوەکان و بەهێزکردنی خۆپێشاندانەکان و تەنانەت درندۆگی و پەشیمانیش لە دیمانە و قسەکانیان لە نێوان ڕۆژانی ڕووداوەکاندا دەبینران. ئەوان نەک ئازا نەبوون، وەکو تایبەتمەندیی نائاساییی کارێزماکان، بگرە زۆریش ترسنۆک بوون. بەشێک لە هەواڵەکان باسی ئەوەیان دەکرد کە تەواوی بەرپرس و کارێزماکانی ئۆپۆزسیۆن خۆیان دەشاردەوە یان جێگەی ژیان و مانەوەیان چەند جار گۆڕی! سێیەم، بڕوانەبوونی ئەو بەناو کارێزمایانە بوو بە بزاقی جەماوەری و هێزی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بۆ گۆڕان و نوێکردنەوەی هەلومەرجەکان. تەواوی بزاقی سیاسی و پارت و لایەنە سیاسییەکان لە کوردستان لەم پرسەدا زۆر لە دواوەن و ئەوان هێندە خەڵکیان دەوێت و باس لە بزووتنەوەی خەڵک دەکەن کە بەشێک یان یەدەکێک بێت لە هێزی پشتیوانی و پاشکۆی ئەوان. ئۆپۆزسیۆنی بەناو گۆڕان و بەڕاستی ئیسلامی سیاسیش لەم زەوینەیەدا نەک نەگۆڕاون، بگرە هەمان دیدگای کۆن و نەریتی سیاسەتی کوردییان هەیە. واتە سەبارەت بە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی خەڵک، نەک عەقڵانی و کارێزمایی نین، بگرە نەریتی و دواکەوتوون.

ت- ئۆپۆزسیۆنی فاشیست و کۆنەپەرست

(لە خەوتنی عەقڵەکاندا، دێوەکان بێدار دەبن) گۆیا لە خەوتنی عەقڵی دەسەڵاتی کوردی و کۆمەڵی مەدەنی و میدیا و ڕووناکبیرانی کورد سەبارەت بە کێشەکانی دیموکراسیی دیفاکتۆ لە هەرێم، چەند جارێک دێوەکان یان دڕندەکان بێدار دەبوونەوە و کۆمەڵگەی کوردییان بەرەو کارەسات و مەرگەسات بردووە. شەڕی ناوەخۆی نێوان پارتی و یەکێتی، شەڕی ئیسلامیی سیاسی و جیهادی و تەکفیری و سەرئەنجامی شۆڕشی چەواشە و ئاشووبی ١٧ی شوبات و دواتر، ئەو دڕندە و دێوانە بوون کە لە سەردەمەکانی خۆیاندا تەواوی هەلومەرجی کۆمەڵیان بەرەو مەرگەسات برد.

ڕووداوەکانی١٧ی شوبات و دواتر وەکو زەوینەیەک بۆ لێکۆڵینەوەی سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتی دەشێت سێ ئەنجام یان سێ دیاردەی شایانی باس و بیرکردنەوەی لێ پەیدا بێت. یەکەم، هەلومەرجی داواکاری و ئامادەییی خەڵک بۆ داکۆکیکردن لە ماف و ئازادی و دادپەروەری لەلایەن هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە کرایە بارمتەی سیاسەتەکانیان یان بە لاڕێدا برا بۆ مەرام و بەرنامەی سیاسییان. دووەم، ئۆپۆزسیۆنی گۆڕان و ئیسلامیی سیاسی کە هەتا ئەو کاتە بەناوی یاسا و دیموکراسی و ماف و ئازادییەوە قسە و کاریان دەکرد، لە یەکەم هەلی گونجاودا بۆ

کۆکردنەوەی هێز و پەیدابوونی هەندێک هێزی جەماوەری سەر بەوان ماهیەتی دژی ئازادی و دیموکراسییان ئاشکرا بوو، لەو ساتانە بەدواوە، کەوتنە دەرخستنی ماهیەتی هەژموونخوازی و دەسەڵاتپەرستی، یان ویستن و بە دەستهێنانی دەسەڵات بوو بە هەر نرخێک. بۆ ئەمەش کار و کردەوەیان لە زەوینەکانی توندوتیژی و نەهێشتنی ئازادی و تەکفیر و سڕینەوەی بەرامبەرەکان و تەنانەت پەلاماردانیشدا بوو. ئەم ڕووداوانە ماهیەتی تۆتالیتاری هەردوو باڵی گۆڕان و ئیسلامی سیاسی دەرخستن لە هەمان کاتیشدا، ناوەڕۆکی فاشیستی سیاسەتی گۆڕان و ناوەڕۆکی توندڕەوی ئیسلامیی سیاسی هەتا ڕادەی جیهاد و تەکفیر دەرخست.

ئەم ڕووداوانە سەلماندییان کە بانگەوازی میانڕەوی ئیسلامی سیاسی و ماف و ئازادیخوازیی گۆڕان، تەنیا فریو و سیاسەتی دیماگۆگی بوو. سێیەم، ڕووداوەکانی١٧ی شوبات و پەلاماردان و هێرشبردنی هەندێک لە ئەندامان و هەڵسوڕاوانی دارلاستیک بەدەست و بەردهاوێژ و چەقۆکێش و چەک بەدەستی دەمامککراو، ئەو ڕاستییەیان سەلماند یان ئەو تایبەتمەندی و دیاردەیان دیسان ئاشکرا کرد کە کەسایەتی و تاکی ناو کۆمەڵگەی نەریتی و هێزخواز و دواکەوتوو یان تاکەکانی کۆمەڵی دیموکراسیی دیفاکتۆ هێشتە تاک و کەسایەتیی کۆن و نەریتی و هەژموونخواز و هێزپەرستن. ئەوانەی تا دوێنێ وەکو قوربانی خۆیان دەنواند، لەو ڕووداوانەدا بوونە جەللاد و کارەکتەری دژی ماف و ئازادیی ئەوانی تر. ئەم هەلومەرجەی قوربانیی دوێنێ و جەللادی ئەمڕۆ لەناو تاکی کوردیدا، هەمان تیۆری قوتابخانەی فرانکفۆرتمان بیر دەهێنێتەوە لەبارەی کەسێتی (هەژموونخواز) لە کۆمەڵگەی ئەڵمانی نازیزمدا کە لەلایەن تیۆدۆرۆ ئادۆرنۆ دانرابوو[١٤].

غافڵگیرکردنی خەڵک و سواربوونی شەپۆلی داواکاری و نارەزاییی خەڵک، بێ ئەوەی لەم زەوینەیەدا خەڵک دیدگا یان نەخشێکیان هەبێت، بوونی ماهیەتی تۆتالیتاری و فاشیستی و توندڕەوی و کۆنەپەرستی داپۆشراو لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە، لەگەڵ کەسێتیی تاکڕەهەند و دیاردەی کۆمەڵایەتیی هەژموونخواز و هێزپەرست ئەو زەوینانە بوون کە ماهیەتی ڕاستەقینەی ئۆپۆزسیۆن و هەڵسوڕاوان و خۆپێشاندانەکەیان بە ئاشکرا دەربکەوێ. من تا ئێستا چەند جارێک وشەکانی فاشیست و تۆتالیتار و توندڕەو و کۆنەپەرستم بۆ وەسفی ئۆپۆزسۆنی کوردی باس کردووە. بۆ سەلماندنی ئەم زاراوانە لە وەسفی ئەواندا چاکتر وایە شیکردنەوەی ئەم پرسانە بکەم لەگەڵ پێوەندی بەو حزب و هێزە سیاسییانەوە.

## زەوینەکانی سەرهەڵدانی فاشیزم و کۆنەپەرستی

کۆمەڵناسانی سیاسی بڕوایان وایە "لەو جێگەیەی کە باس و شیکردنەوەی ڕەفتاری واقیعی و ڕاستەقینەی حزبەکان کە بەدەسەڵات دەگەن، پێویستی بەناسینی گرینگیی کارکردی ئەوان هەیە، بەڵام پایگای کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆجی بزووتنەوەکان لە شێوەی فۆرمی واقیعی ئەواندا دەبێتە شوێنی باس و لێکۆڵینەوە".[١٥] واتە پێش ئەوەی بە دەسەڵات بگەن!

هەروەها زانستی کۆمەڵناسی سیاسی لە باسی سەرهەڵدانی فاشیزم و توندڕەوی سیاسی و بزووتنەوە تۆتالیتارەکاندا بڕوای وایە کە "بەشێوەی گشتی پاش یەک سەردەمی کورتخایەن لە دیموکراسیی لاواز و هەوڵدان بۆ نوێسازی و ئاوەدانکردنەوەی وڵات و پیشەسازیکردنی، بزووتنەوەی ڕاستڕەوی کارا یان جۆرێک لە ڕادیکالیزمی ڕاستگەرا پەیدا دەبێ کە لە مێژوودا بە فاشیزم ناسراون"[١٦].

"لە زەوینە و ڕوانگەی کۆمەڵایەتی، لەسەر بناغەی زۆربەی ئەو تیۆرانەی کە لەبارەی پەیدابوونی فاشیزم خراونەتە ڕوو، ئەم بزاڤانە لەو کۆمەڵگەیانە پەیدا دەبن کە گەواهی ڕەوەندی فرەوانی پاشەکشەی هاوپشتی نەریتی و جەماوەری بوون".

"فاشیزم بە پێی وەسف و زاراوە جیاوازەکان کاردانەوەیە بەرامبەر بەڕەوەندی نوێسازی و پیشەسازیکردنی وڵات و لە نێوان ئەو خەڵک و گرووپانەدا سەرسامی و پێڕەوی پەیدا دەکات کە دووچاری هەلومەرجی پاشەکشە و لێکدابڕانی ئابووری و کۆمەڵایەتین. لەناو ئەم هەلومەرجەدا، تاکەکان لە باری دەروونییەوە هەستی ئارامی و ئاسایشی خۆیان لە دەست دەدەن، بۆ سارێژکردنی ئاسایشی لە دەستچوو، پەنا بۆ داوێنی دەسەڵات دەبەن. لەم ڕوانگەوە، بزووتنەوەکانی کۆکردنەوەی جەماوەر و ڕابەرایەتی و ئایدیۆلۆجی تۆتالیتار، سەرسامی و لایەنگیری پەیدا دەکەن. بزووتنەوەی فاشیستی لە دیدگای دەروونشیکاریدا لەسەر بناغەی کەسێتی هەژموونخواز دادەمەزرێ، کە هەم دەسەڵاتپەرستە و هەم ملکەچ و پێڕەوسازە. لەبەرئەوەی دەسەڵاتداران و دەسەڵاتخوازان لە تاکی هەژموونخوازدا هەستێک لە ڕێز و نەمری بۆ خۆیان بەدی دەهێنن، کەسانی لاواز لای ئەو کەسێتییانە نزم و پەست و حەقیر دەنوێنن"[١٧].

"فاشیزم بەرجەستەبوونی توندڕەوانەی باوەڕە بەچینی ناوەندی (کۆن و نەریتی نەک چینی ناوەڕاستی نوێ) و خەڵکگەرایی (پۆپۆلیزم). ئایدیۆلۆجی ڕەسەنی چینی ناوەندی کۆن پۆپۆلیزمە"[١٨].

بەشێوەی گشتی، فاشیزم بەرهەمی پاڵەپەستۆیە دەروونی و ڕوحییەکانە کە لە سەردەمی مۆدێرنیزمدا بۆ تاک پەیدا دەبن. یان بەرهەمی لێکدابڕانی کۆمەڵایەتی و فراوانبوونی کەلێنەکانی نێوان هەژاران و دەوڵەمەندانە، یان بەرهەمی کۆمەڵگەی جەماوەری و ئاپۆرەدارە کە هەستی ترس و نیگەرانی و ئاسایشی چینایەتی و کۆمەڵایەتی کە لە ڕەهەندی نوێسازی و بازرگانی و بەرژەوەندیخوازیی کۆمەڵگەدا زیانیان بینیووە. لە بەرامبەر ئەم هەلومەرجانەدا، ئایدیۆلۆجی فاشیستی بە دڵنیابوونەوە لەسەر دەسەڵات، ناسنامەی تایبەتی، پێڕەوی، دیسپلین، ڕابەرایەتی و کارێزما، ڕێز و مەزنایەتیی ڕەگەزی یان هەر پێڕەوێکی سیاسی مەبەست (لای خۆمان گۆڕان و ئیسلامی) و هاوپشتی لایەنگران و هەڵسوڕاوان بۆ ڕابەرایەتی و لەناو یەکدا. دەیەوێت سارێژی ئەو برینانە بکات.

بزووتنەوەی فاشیستی و کۆنەپەرستی و توندڕەوی لە هەموو وڵاتان لەو تاک و کەسانە دروست دەبن کە لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتیدا هەست بەترس و نائاسایش دەکەن و لە بەرامبەر هەڕەشەی

سەرمایەداری و مۆدێرنەدا بەرەو وێرانی و نابوودی دەچن. ئەوانە لە بەرامبەر ڕەوەندی گشتیی کۆمەڵگەی مۆدێرن و دەوڵەمەندبوونی بەشێک لە کۆمەڵگە و لە بەرامبەر وێرانیی خۆیاندا، کاردانەوە پێشان دەدەن. ئامانجی فاشیزم، گەڕانەوەیە بۆ ژیان و هەلومەرجی پێش مۆدێرن، پێش پیشەسازی و سەرمایەداری و پێش دیموکراسی. لۆجیکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی فاشیزم ئەوەیە: مادام بۆ خۆمان نییە، ناهێڵین بۆ کەسی تر بێت!

لە زۆربەی لێکۆڵینەوە و باسەکانی مارکسیستی سەبارەت بە فاشیزم و بەتایبەتی لەبارەی زەوینەکانی سەرهەڵدان و گەشەی فاشیزم، باس لەو ژینگە و زەوینانە دەکرێت کە پێوەندداره بەقۆناغەکانی سەرهەڵدان و گەشەی سەرمایەداری. سەردەمێک کە سەرمایەداری بۆ چارەسەری تەنگژەکانی ئابووری و بنیاتی یان بۆ سارێژی تەنگژە کورتخایەنەکانی دەسەڵاتداری دەیەوێت ساز و کاری بەرهەمهێنان و بەڕێوەبردنی کار و چالاکییەکانی ئابووری لە دەست نەدات یان چارەسەرێکی باش و گونجاو نادۆزێتەوە، بەرەو دەورانێک دەڕوات لە لاوازی و لەرزۆکی و هەموو پرسەکان بەرەو ڕووکەش یان ڕەوشی نواندن دەچن. ئەگەرچی سەرمایەداری کلاسیکی ئەورووپایی و ئەمەریکایی لەم زەوینەیەدا، هەوڵی زیاد و کاری گرینگیان لە بەرژەوەندیی خۆیان کردووە. بەڵام گرینگترین هۆکاری چارەسەری سەرمایەداری بۆ سارێژی تەنگژەکان توندکردنەوەی ناکۆکییەکانی چینایەتی و بەهێزترکردنی زنجیرەکانی چەوسانەوەی هەژارانە لە بەرژەوەندیی سەرمایە و لە ئاکامدا بەهێزبوون یان توندبوونەوەی خەباتی چینایەتی، بەرهەم هێنانە، کە هەروەکو ئەرنست ماندڵ دەڵێت "سەرمایەداری تەنیا بەدوو هۆکار دەتوانێ کۆنترۆڵی ئەم سەردەم و ڕەوشە بکات: دەوڵەتی ڕەفا یان فاشیزم"[19].

بەم شێوەیە، فاشیزم، وەکو ڕێگەچارەی دەستی سەرمایەداری بۆ توندکردنەوەی سەرکوتی خەباتی چینایەتی و ڕزگارکردنی ڕێژیمی سەرمایە لە تەنگژە دێتە کاراوە.

لە فەرهەنگ و ڕێبازی مارکسیستیدا چەند تیۆری گرینگی تر لە شیکردنەوەی فاشیزمدا پەیدا بوون لەناویاندا: فاشیزم وەکو ئاکامی پرەنسیپی ڕابەری کارێزمایی کە بەرجەستەبوونی پێڕەوی جەماوەر و خەڵکە بۆ ڕەهبەران یان ڕەوتێکی فریودانی گشتییە لە دەوری کارێزما. فاشیزم، وەکو بزووتنەوەکانی توندڕەوی نەتەوەیی و ڕەگەزی. فاشیزم، وەکو بزووتنەوەی چین و توێژەکانی ناوەڕاست. یان وەکو ڕەوت و بەرهەمی دیکتاتۆری و تۆتالیتاریزم. فاشیزم، وەکو ڕێگەی نوێسازیی سیاسی و گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە سەر بناغەکانی میلیتاریزم و دەسەڵاتپێڕەوی و دیسپلین. فاشیزم، وەکو بەرجەستەبوونی پەیمانی پۆپۆلیستی نێوان چین و توێژە دەسەڵاتدارەکان و جەماوەر. فاشیزم، وەکو دیکتاتۆری سەرمایەداریی مۆنۆپۆڵی دەوڵەتی. فاشیزم، وەکو بزووتنەوەی جەماوەری و پۆپۆلیستی ڕابەریکراو لەلایەن سێکتاریزمەوە. فاشیزم، وەکو ڕێگەی نەجات و ڕزگارکردنی سەرمایەداری لە داڕمان، سەرئەنجام، فاشیزم، وەکو نیشانە و وێناکانی تەنگژەی دەروونی و کەسێتی کۆمەڵگە یان شێوەیەک لە دەروونناسیی جەماوەری[20].

فاشیزم لە سەردەمێکی تەنگژەی ئابووریی وادا، وەکو سیاسەت و دیاردەیەک هاتە مەیدانەوە کە "تەنگژە و کێشەکانی ئابووری، ترسی زۆری خەڵک لە هەژاربوون و وێرانبوون. زیادبوونی ژمارەی بێکاران و زیاتربوونی ژمارەی ئەو لاوانەی خوێندنی ئامادەیی و زانکۆیان تەواو کردبوو، بەڵام تا دەهات بێکار دەبوون. هەژاران و بێکاران باوەڕیان نەمابوو بەو حزب و لایەنە سیاسییانەی لە پەرلەمان و حکوومەتدا کە بەرپرسیاربوون لە نەبوونی و بەدبەختیی ئەوان. زۆرێک لە خەڵک لەو باوەڕەدا بوون حکوومەت و پەرلەمانی کۆن بەرپرسیاری یەکەمن لە هەژاری و نەداری ئەوان یان لەوەی وڵات لە تەنگژە و دواکەوتوویدا ژیان بەسەر ببات. ئەم سەردەمە زەوینەکانی ئامادەبوونی جۆرێکی تری لە سیاسەت و رابەری دەویست کە لە فاشیزمدا بەرجەستە بوو"[٢١].

زەوینەکانی سەرهەڵدانی فاشیزم یان پێشینەی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی سەرهەڵدانی فاشیزم لە وڵاتانی ئیتاڵیا، ئەڵمانیا، ئیسپانیا، ڕۆمانیا و دانیمارک لە نێوان هەردوو شەڕی جیهانیی یەکەم و دووەم بەبەراورد لەگەڵ هەلومەرجەکانی ئێستەی کوردستان یان سەردەمی دوای شەڕەکانی کەنداوی یەکەم و دووەم، شەڕی ناوەخۆی نێوان هەردوو باڵی دەسەڵات و شەڕەکانی ئیسلامیی سیاسی و جیهادی و تەکفیری و سەرئەنجام شەڕی سارد یان ڕانەگەیەندراوی نێوان بزووتنەوەی گۆڕان و دەسەڵاتی کوردی. یان بە بەراورد لەگەڵ هەلومەرجی گشتیی ئێستەی هەرێمدا ئەم ڕاستییانەی خوارەوە دەسەلمێنن:

١- ناوەڕۆک و ماهیەتی سیاسەتی دەسەڵاتدارانی کوردستان لە کارکرد و کاریگەریی ئەواندا بۆ بەڕێوەبردنی حکوومەت و کۆمەڵگە بۆ زۆربەی خەڵکی کوردستان دەرکەوتووە کە لە سەرەتای ئەم باسەدا بەدیموکراسیی دیفاکتۆ و نمایشی یان دیموکراسیی لایەنە بەهێزەکان ناومان بردن. بەڵام ناوەرۆک و ماهیەتی ئۆپۆزسیۆنی کوردی لە فۆرمی ئەو لایەنانە (کە پاشان زیاتر باسیان دەکەم) و لە شێوە و شێوازی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە سنووردارەکەیان لە ١٧ی شوبات و دوو مانگی دواتردا دەرکەوت.

٢- دیموکراسیی لاواز و نمایشی و هەوڵەکانی نوێسازی کە تا ئێستە نە لە زەوینەکانی ئابووری و سیاسیدا نە لە هێنانەدی سیستەمێکی جێگیر و دڵنیا سەرکەتوو نەبووە، کاردانەوە بەرامبەر بەم هەلومەرجە لەلای ئۆپۆزسیۆن بەو جۆرە کەوتەوە کە لە ١٧ی شوباتدا بینیمان کە فاشیزم و کۆنەپەرستیی ئیسلامی بەرهەم هێنا، یان کاریکاتۆرێکیان بۆ فاشیزمی لاواز نمایش کرد.

٣- هەلومەرجی دەروونی جەماوەری تووڕە و تۆتالیتار و هەژموونخواز. دیارە مەبەستم ئەو خەڵکانەیە کە بەشێک بوون لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی ئۆپۆزسیۆن بەهەموو کار و کردەوەکانیانەوە.

٤- کاردانەوە بەرامبەر بە ترسی هەندێک لە خەڵک لە بەرامبەر نەبوونی ئارامی و ئاسایشی ئابووری و ترس و نیگەرانی بەرامبەر هەژاری و بێکاری و وێرانبوون بەرەو نەداری. لەم زەوینەیەدا دەبێت سێ باسی گرینگ لە مەیداندا بێت: یەکەم، لە دوای هەڵبژاردنی

٢٠٠٩/٧/٢٥ و دوای ئەوەی کە گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو ڕەوش و سیاسەتی ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی حکوومەتیان هەڵبژارد، بێگومان لە زۆربەی بەهرە و ئیمتیازەکانی جارانیان بێبەش بوون. هەروەکو چۆن ڕێژەی دەنگەکانیان لە هەڵبژاردنەکانی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانیشدا بەرەو کەمی دەچوو. یان بەشێکی زۆر لە سەرکردە و کادر و هەڵسوڕاوەکانیان لە خوان و ئیمتیازی دەسەڵات بێبەش کران کە ئەم دۆخە هەندێک لە نووسەر و ڕووناکبیرەکانیشیانی گرتەوە. کاردانەوە بەرامبەر بەو هەلومەرجە لەدەست چووە، ئەو فۆرم و شێوەیەی لە توندڕەویی ئۆپۆزسیۆن گرتەوە بەکارێزما و سەرکردە و کادێر و هەڵسوڕاوان و نووسەرانیانەوە. سیاسەتی ئەوان لەم سەردەمەدا کە لەسەر زمانی بە هێزترین سەرۆکیان ئەو بوو: مادام بۆ ئێمە نییە، ناهێڵین بۆ ئێوەش بێت.

دووەم، کاردانەوەی بەشێک لە هەژاران و بێکاران و ناڕەزاییی ئەوان بەرامبەر ترس و نیگەرانییان لە ژیان، کە بێگومان مافی خۆیانە و دەبێت ئازادبن لە ڕەخنە و ناڕەزایی بەرامبەر ژیانی ناخۆش و نائومێدداریان. بەشێک لە کاردانەوەی ئەم خەڵکە، هاوکات و هاوشێوە بوو لەگەڵ کاردانەوەی ئۆپۆزسیۆن و تا ڕادەیەک سەرپۆشێکی بۆ بەهانە و سەلماندنی خۆپیشاندان و ناڕەزاییی ئۆپۆزسۆنیش هێنایەدی. لەلایەکی تریشەوە، ئەو خەڵکە بوونە هێزی کۆمەڵایەتی و جەماوەری بۆ ئۆپۆزسیۆن، بەڵام ئەم هێزە بەبەراورد لەگەڵ هێزی نەیارانی خۆپیشاندان (بەڵام ناکارا و بێدەنگ و تەنیا بینەر)، زۆر لاواز و سنووردار بوو.

سێیەم، بەکارهێنانی خەڵک و جەماوەر بۆ هێنانەدی بەرنامە و مەرامی سیاسی یان بنیاتنانی ئۆپۆزسیۆن بەڕەوش و هەلومەرجی جەماوەری، یان یەکلاکردنەوەی بەرنامە و حساباتی سیاسیی ئۆپۆزسیۆن لە ناوەوەی خۆیدا، لە دژی ئەوانەی بەشێوەی سەرۆکەکان کار ناکەن یان بڕوا ناهێنن و لە دەرەوەی خۆیان لە دژی دەسەڵات و ئەوانەی لە کۆمەڵگەدا لەگەڵ ئەوان نین، یەکێکە لە تایبەتمەندییە مێژوویی و دیارەکانی فاشیزم. هەردەم هێزی فاشیزم، خەڵک و جەماوەر بووە، بەڵام بڕیار و کارەکان لە دەستی نوخبە و سەرۆکەکاندا بووە. "فاشیزم لە بڕوا و گوتاردا خەڵکگەرایە و لە بڕیار و کاردا نوخبەگەرا"[٢٢].

٥- تەنگژەی دیموکراسی و نەبوونی سیستەمی دیموکراتی: دیموکراسیی دیفاکتۆ و لاواز، سەرەڕای ئەوەی کە ناتوانێ یان نایەوێت دەسەڵاتداریتی و بەڕێوەبردنی وڵات بە سیستەمێکی دەستووری و یاسایی بێت و لەو دەستوور و سیستەم و یاسایانەدا بنەواکانی دەسەڵاتی زۆرینە و پەرلەمانی، زەمانەتی ماف و ئازادیی کەمینەکان، سیستەمی ماف و ئازادی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و بەشداری سیاسی بکرێنە کێشە و تەنگژەکانی دەسەڵاتداریتی کە هەرچەند ساڵ جارێک ڕوو دەدەن، چارەسەر بکات. بەرچاوترین تەنگژەی دەسەڵاتداریتی لە ناو دیموکراسیی دیفاکتۆدا، نموونەی بەرچاویش عێراق و کوردستان، ئەوەیە کە دەسەڵاتەکانی وڵات و حکوومەت و پەرلەمان و دادوەری و یاسا وەکو فۆرم یان نمایش هەن و

کار دەکەن. دەسەڵات لە دەستی حزب و سەرمایە و هێزە کۆن و نەریتییەکانی جاراندایە. واتە دەسەڵاتی سەرکردەکان لە سەرکردەبوونی حزبییانەیانەوە سەرچاوە دەگرێ نەک لە حکوومەتیبوونیانەوە. کاردانەوەی ئۆپۆزسیۆن بۆ وەڵامی ئەم تەنگژانە و بەو عەقڵ و فەرهەنگە سیاسییەی کە ئەوان هەیانە، بێگومان بزووتنەوەی توندڕەو و هێرشبەر و هەلپەرست دروست دەکات.

٦- چارەسەرنەکردنی کێشەکانی ئابووری و بەتایبەتی کێشەی هەژاری و بێکاری. ئەگەرچی هەرێم لە باری ئابووری و ژیانی خەڵک لە هەموو وڵاتانی دەوروبەری باشترە، بەڵام هێشتە هەندێک لە کوردستان بێکار یان هەژارن و حکوومەتیش لە ماوەی حوکمڕانیدا، یان کاری نەکردووە بۆ ئەم مەبەستە، یان کاری یاسایی نەکردووە، بگرە زۆربەی جارەکان لە ڕێگەی حزب و بەرپرس و واسیتە و هێزەکانی جارانەوە، ئەم کێشەیە چارەسەر کراوە. واتە ئەم جارەش کێشەکان وەکو دیفاکتۆ یان لە بەرژەوەندیی هێزەکانی جارانەوە چارەسەر کراون. گەورەترین پرس و کێشە لە کوردستاندا، کێشەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتییە، لە کوردستان بەشێکی زۆر و بەرچاو لەلایەنە سیاسییەکان و کەسایەتییە گەورەکان، بەدەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆنەوە، بوونەتە سەرمایەدارگەلی ئەم سەردەمە و تەواوی فەرمانی ئابووریی کوردستان لە دەستی ئەواندایە یان شەریکن لەگەڵ سەرمایەدارانی گەورە. لەلایەکی تریشەوە، خەڵک یان ژیانی ئاسایی و مامناوەندی دەژین یان هەژار و بێکارن. حکوومەت و دەسەڵات نەک لەم زەوینەیەدا کار ناکەن، بگرە دەیپارێزن یان لە ڕاستیدا خۆیان هەلومەرجەکەیان دروست کردووە.

کاردانەوە بەرامبەر بەم هەلومەرجە لەلایەن خەڵکانی دژی هەژاری و بێکاری یان نەیار بەرامبەر نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی بەشێوەی ڕق و ناڕەزایی و توندڕەویی دەردەکەوێ. پێوەندیی نێوان هێزە سیاسییە نەیار و هەلپەرستەکان کە لە ڕاستیدا خۆیان بەشێکن لەم هەلومەرجە و بەتایبەتی سەرکردەکانیان، لەگەڵ هەلومەرجی کاردانەوە و دژایەتیی هەژاری و بێکاری و نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بەشێوەی پەیمانی پۆپۆلیستی نێوان چین و کەسە باڵاکانی سیاسەت و ئابووری لەگەڵ خەڵک و جەماوەردا دەردەکەوێ، ئەمەش، یەکێکە لە زەوینە کاریگەر و تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی سیاسەت و ڕەوتی کۆنەپەرستانەی فاشیزم، پۆناپارتیزم، بنیاتگەرایی ئیسلامی و توندڕەویی نەتەوەیی و ڕەگەزی.

## تایبەتمەندییەکانی فاشیزم و دەرکەوتنی فاشیزمی کوردی

١- فاشیزم و دژایەتیی ئەوانی تر و ناڕۆشنی لە داواکاری:

کارل شمیت بیرمەند و تیۆریسینی سیاسیی ئەڵمان لە لێکۆڵینەوەی "چەمکی پرسی سیاسی"[٢٣]، باسی ئەوە دەکات کە تێگەیشتنی سیاسەت بەگشتی و سیاسەتی مۆدێرن بەتایبەتی، بریتییە لە چەمکی دۆست و دوژمن لە سیاسەتدا یان جیاکردنەوەی دۆست و دوژمنە لە یەکتری و

بەو پێیەش ڕیزبەندی نێوان سیاسەتەکان پەیدا دەبێت. فاشیزم، لە هەموو بیروباوەڕە سیاسییەکانی تر، دەتوانین ئێستە ئیسلامیی سیاسی و سەلەفیەتی جیهادی و تەکفیریشی بۆ زیاد بکەین، بەوە دەناسرێتەوە کە نەیار و دوژمنایەتیی کام لایەن دەکات، نەک بەوەی کە بەرنامە و ڕوانگەی چییە. بۆیە "فاشیزم وەکو ڕێبازێکی گشتی لە سیاسەتدا بەبزووتنەوە توندڕەوەکان دەگوترێت کە ڕاسترەوێکی هەژموونخوازە (دژی سەرمایەداریی گەورەیە، دژی دیموکراسییە، دژی لیبرالیزم، دژی مۆدێرنیزم، دژی سۆسیالیزم، دژی ئانارشیزم، دژی مارکسیزم)ە. ئامانجی فاشیزم، بەسازدان و دروستکردنی ڕێژیمی سیاسی و هەژموونخواز و تۆتالیتاری و میلیتاریزم بەئاکام دەگات. لە ڕاستیدا فاشیزم زیاتر بەوە دەناسرێتەوە کە دژی چییە، نەک چی دەوێت"[٢٤].

دەرکەوتنی ئەم ڕەوتە لە کوردستان لە هەردوو لایەنی ئیسلامی و بەناو عیلمانی دروست بەو شێوەیە بوو کە ئەوان دژی چین و سیاسەتی جیاکردنەوەی دۆست و دوژمن لەلای ئەوان نەک تەنیا بەرامبەر بەلایەنە سیاسییەکان و ڕەخنەگرانیان بەو شێوەیە بوو، بگرە ئەمەشیان پەڕاندەوە بۆ ناو میدیا، جەماوەر، پێشمەرگە، نووسەران و تەنانەت پیشەوەران و کاسبکاران.. هتد. پێوەندیکردن بەسیاسەت و خۆپیشاندانی ئەوان بەو جۆرە وێنا دەکرا کە گەڕانەوە و پێوەندیکردن بوو بەڕیزەکانی گەل و ئەوانەش کە لەگەڵ ئەوان نین یان ڕەخنەگر و نەیاریانن، بەکرێگیراوی دەسەڵات و حکوومەتن.

هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆن و بزووتنەوەی ١٧ی شوبات، دیدگا و ڕووداوێکی بەرچاوی نازییەکانی ئەوروپامان بیر دەخاتەوە "کارل لۆگر، سەرۆکی شارەوانیی ڤیەننا لە ساڵانی ١٨٩٧ تا ١٩١٠، ڕستەیەکی ناوداری گوتووە کە پاشان نازییە ناودارەکان بەنموونە دەیانهێنایەوە: (من دیاری دەکەم و بڕیار دەدەم چ کەسێک یەهوودە). پارتگەلی فاشیستی ئەوروپا لەمەش واوەتر ڕۆیشتن و ئەو مافەیان بەخۆیان دا بڕیار بدەن چ کەسانێک ئەندامی نەتەوەن و کێن ئەوانەی ژیان و وڵات نوێ دەکەنەوە و بەڵێن دەدەن داهاتوو بۆ نەوەکانی دوایی دابین بکەن. ئەندامانی نەتەوە دەبێت هاوڕا بن لەگەڵ فەلسەفە و ئەفسانە و بیروباوەڕەکانیان، هەر کەس بەو شێوەیە نەبێت، دوژمنی ئیرادەی نەتەوەیە، بەخائین دادەنرێت و لە ڕیزەکانی گەل دەکرێتە دەرەوە"[٢٥].

تەواوی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی سیاسی و گۆڕان بەمیدیا و ئەندام و هەڵسوڕاوانیانەوە بەو شێوەیە و بەپشتیوانیی ئەنجوومەنی کاتیی سەرا و خۆپێشاندانەکانیان دیدگا و هەڵوێستیان نواند. تەنانەت لەو دیدگا و ڕاگەیاندنەشدا بێدەنگەیان لێ کرد کە باسی دیموکراسی و ئازادیی بیروڕا و یەکتر خوێندنەوە و پەسەندکردنی بەرامبەریان دەکرد و تەواوی ڕاگەیاندن و نووسین و میدیاکانیان، خەریکی تەکفیرکردنی ئەوانی تر و تەخوینی لایەنە جیاواز و نەیارەکانیان بوون.

٢- پرەنسیپی سەرۆک (ڕابەر) و نوخبەگەرایی و دەستەگەرایی (سێکتاریزم ):

هەلومەرجی (تەکفیر) و (تەخوین) و جیاکردنەوە و دابەشکردنی خەڵک بۆ دوو بەرەی دۆست و

دوژمن، یان بەرەی گەل و دژەگەل، جۆرێک لە لایەنگران و پێڕەوان و شوێنکەوتووان ساز دەکات، ئەو ڕێباز و بیروباوەڕە وەکو ئاین تەماشا بکەن و لە خۆپێشاندان و ئاپۆڕەی جەماوەری و نوێژی سیاسیشدا ئەم باوەڕە تێکەڵاوی ئاینی کۆن و نەریتی دەبێت و تەواوی کار و کردەوەکانیان و هەڵسوکەوتەکان، لە کەش و سرووتی ئاینی و حەماسی و بڕوای توندڕەودا، دەردەکەون.

"زۆرێک لە کارناسان و شارەزایانی ڕێباز و مێژووی فاشیزم وەکو (ئاینی سکۆلاری نوێ) باسی دەکەن. فاشیزم وەکو ئاین پێویست و نیازی بەو پەیامبەرانە هەیە کە هەڵە ناکەن و وتەکانیان لە پایە و حوکمی یاسادان. ئەم (پەیامبەرانە)، هەر ئەو ڕابەرانە بوون کە فاشیزمیان دروست کرد و بەڕێوە برد: بەناوەکانی فۆهرەر (پێشەوا)، دۆچە (زەعیم)، کادیلۆ، ناسرابوون و بەچەندان شێوە و نازناو و ئەفسانەکانیان بۆ ساز کراوە. ئەم پیاوانە، بەرجەستەبوونی زیندووکردنەوەی ئیرادەی نەتەوە و گەل بوون و بەمانای تەواوی وشەکە دەسەڵات و توانای ئەوان بەنایاب و پیرۆز دادەنرا"[٢٦].

ڕابەرانی فاشیزم و پێشەواکانیان (کە بەپەیامبەرانی نوێ ناسێنرابوون)، نیاز و پێویستییان بەپێڕەوانی باوەڕدار هەیە، بۆ ئەوەی دیدگا و وتەکانی بڵاو بکەنەوە و بیکەن بەبەڵگەکانی ڕاستی و دروستی. بەهەمان شێوەی لینین کە پارتی شۆڕشگێڕانی موحتەریفی دروست کرد و ئەندامانی بەتەواوی ئامادە و سەرسپاردەی ئەو بن، ڕابەرانی حزبە فاشیستەکان وایان کرد. ئەوانەی کە بەئەندام و هەڵسوڕاوانی ئەو لایەنە سیاسییانە ناسراون و ئامادەی هەموو کارەکانی سەرۆک و حزبن، وەکو نوخبەکانی ناو سیاسەت و میدیا و ڕووناکبیری و خۆپێشاندان دەناسرێن و بزووتنەوە جەماوەرییەکانیش لەلایەن ئەوانەوە بەڕێوە دەبرێن.

ئۆپۆزسیۆنی فاشیست و ئیسلامیی سیاسی لە کوردستان، لە سەرەتای دەسەڵاتی سنووردارییان بەسەر هەندێک لە ڕەوش و شەقامی کوردیدا، دروست بەشێوەی فاشیستەکانی ئەوروپا و قاعیدە و تاڵیبانەکانی ئەفغان و عەرەب، هەڵوێستیان نواند و سەرکردەکانیان بە ناوەکانی سەرۆک، ئەمیر و ئەمیندار لەلای خەڵک کردە پەیامبەر و ڕابەرانی بەتەواوی ڕاست و دروست و دڵسۆز و ئازا و دەست و داوێنپاک. تەنانەت بەوەشەوە نەوەستان، نووسەران و ڕابەرانی ڕیزی دووەم و سێیەمیشیان وا ناساند گوایە کەسانێکن هیچ هەڵە ناکەن و بەوپەڕی پاکی و بێگەردی و دانایی سەیریان دەکەن. پرەنسیپی کارێزما (پێشەوا) و هەڵسوڕاوانی نوخبە و دەستەگەری یان تەواوی پرەنسیپی سێکتاریزم و باندگەرێتی، لە سیفات و تایبەتمەندییە ناسراوەکانی فاشیزمن.

٣- دروستکردنی ئاشووب و ئانارشی: تەواوی ڕەوتە فاشیست و نازییەکانی ئیتاڵیا، ئەڵمانیا، ئیسپانیا، ڕۆمانیا، دانیمارک و بەریتانیا لە سەردەمێکی دیاریکراوی سیاسەت و بزووتنەوەکانیاندا، پەنایان بردووەتە بەر دروستکردنی ئاشووب و سازدانی ڕەوشی ئانارشی. یان وەکو خۆیان لە کوردستان دەیانگوت، مەبەستیان لە هێنانەدیی ڕەوشی ئاشووبی داهێنەرە. هەوڵدانی ئەوان بۆ هێنانەدیی هەلومەرج و ژینگەی ئانارشی و لاوازی و نەبوونی

دەسەڵات و سیستەم، بۆ مەبەستی دروستکردنی ئاژاوە، نارۆشنی، بێ دەسەڵاتی و نەبوونی کۆنترۆڵە، لە ژیانی گشتیی وڵاتدا، بۆ ئەوەی لەو ژینگەیەدا، فرسەت بێنن و هاوسەنگیی هێز بەلای خۆیاندا ساغ بکەنەوە.

ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان بە داواکردنی هەڵوەشانەوەی هەرسێ سەرۆکایەتی و دەسەڵاتەکان دەیانگوت نامانەوێ خۆمان بچینە سەر دەسەڵات، یان ببینە بەشێک لە دەسەڵات (بەپێچەوانەی فاشیستەکانی ئەوروپا و دنیا)، بەڵام مەبەستی سەرەکییان لەم داوایە، تەنیا دروستکردنی هەلومەرجی بێدەسەڵاتی و بێ نەزمی و ئانارشی بوو.

ڕاستی و حەقیقەتی ئەوان ئەوەیە: لە ڕەوشدا ئانارشیستن، بەڵام لە مەرام و بەرنامەدا فاشیستن، ئەوان تا ڕادەی پیرۆزی، دەسەڵاتپەرست و بەرژەوەندی و هەژموونخواز و تۆتالیتارن.

٤- سازدانی بزووتنەوەی جەماوەری و هەوڵدان بۆ هێنانەدی ئاپۆرە:

پرەنسیپی ڕابەر و پێشەوای پیرۆز و بەدەسەڵات و ڕەها، کارکردن بۆ هێنانەدی و دروستکردنی ڕێزەکانی نوخبەی سیاسی و فیکری و میدیایی و پاشان سازکردنی ڕەوشی ئاشووب و ئانارشی، تەنیا بەحزب و لایەنە سیاسییەکان ناکرێت. بگرە ئەم ئامانجە، پێویستی بەڕەهەندی جەماوەری هەیە، لێرەدا، کارکردن لەسەر خەڵک و هێنانە سەرشەقامی خەڵک، بۆ هەر بیانوویەک بێت، سیاسەت و پێڕەوێک دەسازێنێ، پێی دەوترێ (پۆپۆلیزم). پۆپۆلیستی بزووتنەوە فاشیستەکان، لەوەدا نییە کە دەیانەوێ ئاسۆ و ئامانجەکانی خەڵک بهێننە دی لە ڕێگەی خودی خەڵکەوە، ئەم ڕەهەندە بەتایبەتمەندیی سەرەکیی دیموکراسی و سۆسیالیزم دادەنرێ، بگرە مەبەستی ئەوان، دروستکردنی ئاپۆرەیە، یان بەسیجکردنی خەڵکە، بۆ ئەوەی عەقڵ و زهنیان ببێتە غەریزە و لە دوای پەیامی ڕابەرانەوە بڕژێنە جادەکان.

"دیموکراسی، پێویستی بەزەوینەیەک لە ئازادی و یەکسانی هەیە، ئازادی و یەکسانیش، یان لە شێوەی لیبرالیزمدا دەبن یان لە شێوەی سۆسیالیزمدا. بەڵام مۆسۆلینی و هاوکارانی، بەتەحقیر و تەوهینەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئەم خواستانەدا دەکرد، هیتلەر و نازییەکانیش، وەکو ئەوان بوون. فاشیزم، لە هەوڵی بەدیهێنانی پشتیوانی جەماوەردا بوو، بۆ پیرۆزڕاگرتنی ڕابەران و نەمری و شکۆکانیان، دەیانویست خەڵک بەردەوام لە دەوریان بن. یەکێک لە دروشمەکانی مۆسۆلینی، ئەوە بوو: باوەڕ بکەن، پێڕەوی بکەن، شەڕ بکەن. ئەوان شتێکی تریان لە خەڵک نەدەویست جگە لە مانەوە، بڕوایان وابوو ئەم شتانە، باشترین مەسەلەن بۆ خەڵک. بۆ ئەم مەبەستە، ئەوان جەماوەرییان دەویست. بەڵام دیموکراسییان نەدەویست"[٢٧].

هیتلەر و مۆسۆلینی، بڕوایان وابوو بەڵگە و لۆجیک، شایەنی بڕوا و پشتیوانی نین و هەر کەس دەبێت بۆ بۆن و هەستی خۆی بگەڕێتەوە و بڕوا بێنێ، یان بەزاراوەیەکی تر، فاشیزم، بڕوایان بە غەریزەیە، نەک بەعەقڵ و لۆجیک. هەر بۆیە، مۆسۆلینی، بەیاران و پارێزگارانی خۆی دەڵێت:

بەخوێنی خۆتان بیر بکەنەوە[٢٨].

ڕەهەندی پۆپۆلیستی و جەماوەرسازیی فاشیزم و ڕەوتەکانی ئیسلامیی سیاسی لە دنیای شەڕی جیهانی دووەم و سەردەمی ئێستاشدا، بێگومان بۆ ئەوە نییە کە لە ڕێگەی خەڵکەوە ئازادی و یەکسانی بهێننە دی کە تەنیا پرس و مەبەستێک بۆ خەبات و تێکۆشانی جەماوەری، دەبێت لەم دوو ئامانجەدا بێت کە ئەمڕۆ لە دیموکراسیدا بەرجەستە دەبێت. بگرە مەبەستی ئەوان لەوەیە کە لایەنە غەریزی و هێرشبەر و ناهۆشیارەکانی خەڵک، لە ڕەهەندی جەماوەری و ئاپۆرەییدا گەورەتر و بەهێزتر بکەن بۆ داکۆکی لە داواکاریی ڕابەران و نوخبە سیاسییەکانیان، لە کەش و سرووتێکدا، دەنگە تاکەکان بۆ ئازادی و یەکسانی و مافەکان لە ڕوانگەی تاک و کۆمەڵیشدا ون دەبن یان پێشێل دەکرێن.

خۆپێشاندانی جەماوەری و ڕەهەندەکانی ئاپۆڕەی ڕووداوەکانی١٧ی شوبات و دواتر (هەروەها سەردەمی هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥ و ٣/٧ هەر بەو جۆرە بوو)، لە ڕوانگەی ئەوانەی دەیانویست سیاسەت و مەرامی خۆیان لەو مەیدانانەدا بهێننە دی، بۆ ئەوە بوو، دەنگەکانی ئازادی و یەکسانی نەمێنێ و قەرەباڵغی و ئاپۆرە بۆ دروشمەکانی ئۆپۆزسیۆن هەموو لۆجیک و عەقڵەکان بشارێتەوە یان بێدەنگیان بکات. سەرئەنجام، خۆیان بەنوێژی سیاسی و وتاری حەماسی و تەکفیری و تەنانەت جنێویش، هەلومەرجێک ساز بدەن کە تەنیا وتاری بەهێزەکان و نوێنەرانی کارێزما و ڕابەران لەوێ دەنگیان دلێر بێت. نموونەی بێدەنگکردنی نەک تەنیا نەیارانیان، بگرە ئەوانەی کتومت وەکو خۆیان قسەیان نەدەکرد، یان پەلامار و هێرشی جەماوەری بۆیان ئەو مەبەستە بوو کە سیاسەتی پۆپۆلیستی فاشیزم دەمێکە لە بەرنامەیدا بووە.

سیاسەتی پۆپۆلیستی، بۆ هێنانەدیی ڕەهەندی جەماوەری و بێدارکردنەوەی غەریزەی ڕق و تۆڵەسەندنەوە، دەبێتە هەلومەرجێک بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەو ڕق و بێزارییەی کە دەشێت ساڵانێک بێت پەنگی خواردبێت. لەم کەش و هەلومەرجەدا و بەگوتنی وتاری حەماسی و تەکفیری و هەندێک جاریش سۆزبزوێن و غەریزەساز. بێگومان کاردانەوەی توندوتیژی و هەندێک جار، پەلامار و هێرش و وێرانکردن دەبێتە ئاکام. ئەمە ئەو ڕەهەندەیە کە زۆربەی بیرمەندان و مێژوونووسان دەیخەنە بەر ڕەخنە لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکان، تەنانەت لەو شۆڕش و ڕاپەڕینانەی کە دڵخوازی خۆشیانە. هەلومەرجی بەردهاویشتن، پەلامار بۆ بارەگا و دامەزراوەکان، هێرشبردن بۆ میدیا و نوێنەرانی نەیاران، لە هەلومەرجێکی وەهادا، ئەو ئاکامەیە کە ئۆپۆزسیۆنی کوردی دەیویست، یان ئەو ئەنجامەیە کە خەڵکی بۆ کۆ دەکرێتەوە لەلایەن سیاسەتی فاشیستی و کۆنەپەرستییەوە.

٥- دەروونناسیی جەماوەریی فاشیزم و تیۆری فریو (دەستکاری) عەقڵەکان:

پێڕەوی فرانکفۆرت یان بیرمەندانی مەکتەبی فرانکفۆرت، لەبارەی پرسێک هەڵوێست و لێکۆڵینەوەیان ئەنجام دا، لەبارەی مێژووی کۆمەڵگەی ئەڵمان و لایەنەکانی، ئەو پرسەیان کردە

بابەتی بیرکردنەوەی خۆیان. "ئەو پرسەش برێتی بوو لە بەرنامە و کاری فاشیزم بۆ بەکارهێنانی ئامرازەکانی فریو بەمەبەستی دەستکاری و گۆڕینی عەقڵی خەڵک. ئەو بیرمەندانە بەم لێکۆڵینەوەیەی خۆیان دەگوت: تیۆری فریوی عەقڵەکان"[٢٩]. خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەکانی (زیگفرید کراکر و ویلهلم رایش)، تارادەیەکی باش توانییان ئەم تیۆرییە بۆ دەروونناسی جەماوەریی فاشیزم لە قوتابخانەی فرانکفۆرتدا بەدی بێنن.

یەکێک لە پرسیارە گرینگەکانی ئەم تیۆرییە ئەوە بوو: بۆچی و چۆن نازییەکان، تەنانەت پێش دەسەڵاتی ترس و تۆقاندنیان، توانییان لە پشتیوانی بەهێز و فراوانی جەماوەر بەهرەمەندبن؟

یەکەمین کاری فاشیزم یان هەر سیاسەتێکی تری سەرمایەداری فریوساز یان دیموکراسیی دیفاکتۆ ئەوەیە کە ئەم سیاسەتانە، لە هەوڵی پەیداکردنی ڕەوشێک یان هەلومەرجێکدان کە (ڕازیکردنی غەرایزەکان)ی خەڵک لە خۆیان نیشان بدەن. هاندانی هەستی تۆڵەکردنەوە، بەخائین ناساندن و تەکفیری ئەوانەی کە لایەنگیر نین لە سیاسەتی هێزە فاشیستەکان و خستنە ئۆباڵی هەموو گەندەڵی و کەموکورتی و چەوسانەوە بۆ سەرشان و بەرپرسیاریەتی هێزەکانی تر، یان بۆ سەرشانی هێزە دەسەڵاتدارەکان و لایەنگرانیان. لە هەمان کاتدا، قەبەکردنی کێشەکان و بە زەبەللاح ناساندنی هەلومەرجی چەوسانەوە و لە توانا بەدەر، وا دەکەن کاردانەوەی خەڵک لە ڕەوش و سیاسەتی هاندانی تۆڵەکردنەوەدا، ئەو خەڵک و جەماوەرە لە دەوری لایەنی نەیار یان ئۆپۆزسیۆن دەربکەوێت. ئەم تیۆرییە کە بە فریوی کەسەکان و لایەنگران دەست پێ دەکات، ئامانجەکەی بۆ ئەوەیە، تەواوی عەقڵ و زەینەکان دەستکاری بکات و بیانکاتە پێڕەو و گوێڕایەڵی سیاسەتی مەبەست. هەوڵدان بۆ شوبهاندنی هەلومەرجی هەرێم بەتونس و میسر و یەمەن و لیبیا و واخۆنیشاندان کە تەواوی چارەسەرەکان لەوەدایە خەڵک وەکو ئەو وڵاتانە لە دژی دەسەڵاتدارانی هەرێم هەستن و خۆپێشاندان و ڕاپەڕین بەرپا بکەن. لە بەرامبەریشدا خۆناساندن و نواندن بەوەی کە تەنیا ڕزگارکەر و فریادڕەسی جەماوەر لەوەدایە کە ئۆپۆزسیۆن و نەیارانی حکوومەت دەسەڵات بگرنە دەست، یان هیچ نەبێت، ئەم حکوومەت و دەسەڵاتەی ئێستە نەمێنێ، بەشێکە لە گونجاندنی خەڵک بۆ دێواندنی دەسەڵات و فریودانی خەڵک لە دژی ئەو دەسەڵاتە. باسکردنی ماف و ئازادییەکان و عەدالەت، ڕەخنەگرتن و تەکفیرکردنی تەواوی سیستەمی حزبی و حکوومی و تەنانەت ڕەخنەگرتن و بەخائیندانانی تەواوی ئەوانەی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن نین، هەر لە ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی تا دەگاتە میدیا و نووسەران، دیسان بەشێکە لەم تیۆرەییە.

ڕێبازی فریو یان دەستکاریی عەقڵەکان، لە هەمان کاتدا کە ڕەخنە و تەکفیر و تەخوینی بەرامبەرەکان دەکات، بەڵام خۆشیان بەهەمان پێوەر و سازوکار و سیستەم و بیرکردنەوە، کار دەکەن. واتە، پێکهاتەی ڕابەر و ڕەوشی کارێزما و نوخبەکانیان، نەک باشتر نین لەوانەی نەیارن، بگرە خراپترن. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و میدیا و نووسەرانیشیان، هەروەکو ئەوانەی تر، سەر بەحزب و سەرکردە و بڕیاری سیاسین. پەرلەمانتارانیان، بێگومان لەوانەی دەسەڵات باشتر

نین و حزبی ئۆپۆزسیۆن، هەروەکو حزبەکانی دەسەڵات، لە ژووره تاریکەکان و تەنیا لەلایەن سەرکردە کۆنەکانەوە یان (الحرس القدیم) بڕیارەکان دەدەن: سەرئەنجام، لە گەندەڵی و بەشداری لە کەموکورتی و نەهامەتیی هەلومەرجی وڵاتیشدا، بەهەمان ڕادەی کە ئەوان بە هۆکاری ئەو هەلومەرجەی دادەنێن، ئەو سەرکردە و هەڵسوڕاو و کادیرانەش نەک بەشداربوون، بگرە دەستپێشکەر و کاراش بوون. ئەم هەلومەرجە و ئەم سیاسەت و فریوە لە فەرهەنگی سیاسیدا، پێی دەگوترێ (دیماگۆگی)، واتە، بەرزکردنەوەی دروشمەکان و پیادەکردنی سیاسەت و پێڕەوی ڕێک دژ بەو دروشمانە.

هەر لە هەمان زەوینەدا، فاشیستەکان، لە گوتاردا دژی سەرمایەدارین، بەڵام لە کرداردا داکۆکیکردنە لە سەرمایەدارییەکی دڕندەتر و بەهێزتر، تا دەگاتە ڕادەی سەرمایەداریی دەوڵەتی. لە زەوینەی دیموکراسیشدا کە نەیارەکانیان بەدژی دیموکراسی دەزانن، بەڵام خۆیان هەمان ماهیەتی دژی دیموکراسییان هەیە و تەواوی دنیا و ڕەوشەکان لە سیاسەت و سێکتاریزمی خۆیانەوە دەبینن، سەرئەنجام ماهیەتی تۆتالیتاری و دژی ئازادی و یەکسانییان هەیە.

خوێنەرانی بەڕێز ئاگەدار دەکەم کە بۆچی لەسەر پرسەکانی (سەرمایەداری، دژی دیموکراسی و تۆتالیتاری) لەبارەی فاشیزمی کوردی باس و لێکۆڵینەوەم نەکردووە، لەبەرئەوەی ئەم ماهیەتانە ئەو کاتە لە فاشیزمدا بەئاشکرا دەرکەوتن کە دەسەڵاتیان گرتە دەست. هیوادارم فاشیزمی کوردی دەسەڵات نەگرێتە دەست و ئەو ماهیەتانەیان دەرنەکەوێ.

سەرچاوەکان:

١– کارل مارکس، هجدهم برومر ، لوئی بناپارت ، ترجمەی محمد پور هرمزان، نشر پرسش، چاپ اول، تهران ١٣٨٦، ل ٢٨.

٢– فرهنگ فارسی– کردی، دانشگاه کردستان، بە سەرپرستی ماجد مردوخ روحانی، جلد اول، ل ٦٤.

٣– حسین علی نوزری، نظریة انتقادی مکتب فرانکفورت در علوم اجتماعی و انسانی، نشر اگاه، چاپ دوم ١٣٨٦، ل ٣٤.

٤– هـ . س. پ، ل ٤١.

٥– کارل مارکس، ١٨ی برومێر، ل ١٢.

٦– بۆ زیاتر لە شارەزابوون لە زاراوەکانی "ئۆپۆزسیۆنی هەژموونخواز" و "نیمچە ئۆپۆزسیۆن"، بڕوانە وتاری "ئۆپۆزسیۆن لە سیستەمی دیموکراسی و ڕژێمە هەژموونخوازەکان"، لە نووسینی د. حسین بشیریە و لە کتێبی: عقل درسیاست، نشرنگاه معاصر، چاپ اول ١٣٨٦، ل ٤٩٩– ٥٣١) و وەرگێڕانی ئەکرەمی میهرداد.

٧– ڕستەی "پاوانکردنی هێز و توندوتیژی ڕەوا" شێوەی بەکارهێنانی بیرمەند و کۆمەڵناسی ناوداری ئەڵمان "ماکس وێبەر"ە، وەکو تایبەتمەندی هێزی دەوڵەتی مۆدێرن. بڕوانە: أتیلا اوزر، دولت در اندیشەی غرب، ترجمەی دکتر عباس باقری، نشر فرزان، چاپ اول ١٣٨٦، ل ٨٥.

٨- کارل مارکس، در جامعه شناسی و فلسفەی اجتماعی، گزینش و پیشگفتار، تۆم باتامور و ماکزیمیلین روبل، ترجمەی پروێز بابایی، مؤسسة انتشارات نگاه، تهران ١٣٨٩، ل ٣٢٣.

٩- د. حسین بشیریه، انقلاب وبسیج سیاسی، انتشارات دانشگاه تهران، چاپ دوم ١٣٧٤، ل ٣٢٣.

١٠- لشک کولاکوفسکی، جریانهای اصلی در مارکسیسم، ترجمەی عباس میلانی، نشر أگاه، چاپ دوم ١٣٨٥، جلد دوم، ل ٥٩.

١١- کارل مارکس، هەژدەی برۆمێر، ل ٢٧.

١٢- د. حسین بشیریه، هـ . س. پ. لاپەڕەکانی ٢٣ - ٦٠.

١٣- هـ . س. پ . ل ل٥٨ _ ٥٩.

١٤- حسین علی نوذری، نظرية انتقادی مکتب فرانکفورت، ل ٢٣٣.

١٥- رابرت دوز و سیمور مارتین لیپست، جامعە شناسی سیاسی، ترجمەی دکتر محمد حسین فرجاد، انتشارات توس، چاپ اول ١٣٧١، ل ١٣٧.

١٦- د. حسین بشیریه، اموزش دانش سیاسی (مبانی علم سیاست نزری وتأسیسی)، چاپ ششم، دانشگاه تهران، ١٣٨٥، ل ١٤٩.

١٧- د. حسین بشیریه، جامعە شناسی سیاسی (نقش نیروهای اجتماعی در زندگی سیاسی)، نشرنی، چاپ نهم ١٣٨٢، ل ٣١٥.

١٨- رابرت دوز وسیمۆر مارتین لیپست، هـ. س. پ، ل١٤١.

١٩- ارنست مندل، علم اقتصاد: نظرية اقتصادی مارکسیستی، ترجمەی هوشنگ وزیری، انتشارات خوارزمی، تهران ١٣٥٩، ص ٥٨٨.

٢٠- حسین علی نوذری، مکتب فرانکفورت، ل ل ٩٨ - ٩٩.

٢١- دایره المعارف ناسیونالیزم، زیر نظر الکساندرو ماتیل، جلد دوم، کتابخانەی تخصصی وزارت امور خارجە، تهران ١٣٨٣، ل ٦٧٨.

٢٢- دایره المعارف دموکراسی، زیرنظر سیمور مارتین لیپست، جلد دوم، کتابخانەی تخصصی وزارت امور خارجە، تهران ١٣٨٣، ل ٩٨٢.

٢٣- جورجیو اگامبن، کارل اشمیت، والتر بنیامین...، قانون و خشونت، طزینش و ویرایش، مراد فرهاد پور، امید مهرگان، صالح نجفی، نشر رخداد، چاپ اول ١٣٨٧، ل ٩٧.

٢٤- د. حسین بشیریه، جامعە شناسی سیاسی، ل ٣١٥.

٢٥- دایره المعارف ناسیونالیزم، جلد دوم، ل ٦٧٩.

٢٦- هـ . س. پ، ل ٦٧٩.

٢٧- ترنس بال، ڕیچارد داطر، ایدە ئولوذیهای سیاسی و ایدەالهای دمکراتیک، برطردان، دکتر رؤیا منتظمی، انتشارات ڤیک بهار، چاپ اول ١٣٨٤، ل ٢٦٢.

٢٨- هـ. س. پ. ل, ٢٦٢

٢٩- حسین علی نوذری، مکتب فرانکفورت، ل ١٠٩.

# ماڵی زمانە وێرانەکەمان

بەرەو یەکگرتنەوەی زمانی کوردی

بەدران ئەحمەد حەبیب

لە کوردستان، مرۆڤ لاپەڕگر "منعزل" لە ژیانی گشتی و ماڵداریکەری ماڵی خۆی بێ، تەنیا بۆ بەختی ناپوختی خۆی دەگری، ئەوە ئەگەربێو کەموکاسیی بەڕێوەچوونی هەبێ. لە داوودەزگای میریدا کار بکا، بۆ شەپڕێویی داوودەزگاییل خەمبار دەبێ و دەروونی شێلو دەبێ. لە سیاسەتدا کار بکا، تەمەنیشی دەڕوا بەدەم ئاڵۆزیی کێشەی کوردەوە و ئاوڕووشی ئاوە و ئاو دەچێ بە دەست کورد خۆیەوە. ئەگەربێو لە جێی منیشدا بێ، هەموو رۆژ هەڵسوکەوت لەگەڵ دانیار و بنووسەیل و زمانی کوردیدا بکا، ماڵی بە یەکجاری وێران دەبێ هێندە خەم بخوا لەم وێرانی و بێکەسییەی زمانی کوردی. باش بزانن، ئەو زمانە بە شێوەی ئێستای بڕوا و ناوەندێکی نەبێ بۆ بڕیاری زاراوەسازی و چاکسازی، یانەخۆ گوێڕایەڵییەک نەبێ لە بنووسەیلەوە بۆ بیر و بۆچوونی کەسەیلی لە خۆیان شارەزاتر، ئیتر ئەم زمانە کوێر دەبێتەوە و سەتەی بیست و یەکەم تەواو ناکا.

لەم نووسینەدا هەندێک لەو ماڵوێرانییەی، کە دەستی نەزانان بەسەر زمانی کوردییاندا هێناوە، باس دەکەم. رێیەکی دوور و درێژە رێی ئاشکراکردنی چەوێڵیی زمانی کوردی، زۆر کاتی دەوێ، چەندیش بتوانم هەڵە راست دەکەمەوە. فەرموون لێرە بەدواوە ئێوە و کارەسات، بەڵام تکایە یەک تێبینی بکەن، من بۆ ئەم نووسە، پشتم بە بیرەوەری و تێبینیی سەرپێیی بەستووە. کاتم هەبوایە باشترم دەنووسی.

* پاشگری: گە. ئەم پاشگرە دەچێتە سەر دوو جۆر وشە. یەکەم دەچێتە سەر ناو وەک: روو رووگە، دەر دەرگە، کار کارگە، شەڕ شەڕگە، جێ جێگە، ئاش ئاشگە، کان کانگە. دووەم: دەچێتە سەر ڕەگی چاوگ وەک: کێڵگە کێڵ+گە "کێڵان"، روانگە روان+گە "روانین". روانگە ئەو شوێنەیە راوچی لێیەوە سەیری شوێنی راوەکەی دەکا، لە زمانی ئاخاوتنی تازەدا بۆ "مرصد" بەکار هاتووە

و زۆر شیاوە.

پاشگری گە ناچێتە سەر چاوگ. ئەمە کێشەیەکی گەورەی نووسینی کوردییە کە نەشارەزایان دەیان زاراوەیان داناوە، چاوگە و پاشگری "گە"ی چووەتە سەر وەک: نووسینگە، خواردنگە، خوێندنگە، ژینگە. دەبێ ئەمانە بێنە راستکردنەوە. زمان لەسەر رەگی راستەقینەی خۆیدا گەشە نەکا مردنی بۆ دێتە نووسین لە چارەدا. وەک دەبینین مرۆڤ بە ئاسانی فێری زمانێک یان چەند زمانێک دەبێ، لەبەرئەوەی زمان وەک ماتماتیک بنکە و سیستەمی هەیە. نەمانی سیستەم لە زماندا نەمانی بنەوای زمانەکەیە.

راستکردنەوەی ئەم زاراوە بە هەڵە چێبووانە ئاسانە ئەگەر ویست هەبێ و ناوەندی بڕیار هەبێ. بۆ نموونە نووسینگە، نووسینگە دیارە لە چاوگی "نووسین"ەوە هاتووە. رەگی نووسین "نووس"ە. رەگی چاوگ لە ئێستەی کوردیدا، یان لە دۆخی نەرێ "نفي"دا دێتە بەرچاو وەک: نەمر، نەژی، نەزێ، نەکڕ و نەفرۆش یان بە پێشگری ئەرێ "مثبت"ەوە وەک بدوێ، بکوژ و ببڕ، ببەز، بلێر، هەندێک جاریش رەگەکە وشەیەکی سەربەخۆیە وەک "ژی"، لە کرمانجیی سەروودا دەڵێ "ژییێ تە چەندە"، ژی تەمەنە. رەنگە لە کۆندا ئەو رەگانە وەک وشەی سەربەخۆ بەکار هاتبن، بەو پێیە "نووس" دەشێ وشەیەکی سەربەخۆ بێ بە واتەی "کتابە، مقال essay". نووس پاشگری "گە"ی بچێتە سەر دەبێتە نووسگە، نووسگە بۆ "مكتب: ئۆفیس" تەواوە. نووس پاشگری "ەک"ی بچێتە سەر دەبێتە "نووسەک"، نووسەک بۆ "ئامێری نووسین" تەواوە، "یار"ی بچێتە سەر دەبێتە نووسیار "محرر". ژینگەش دەبێ "ژیگە" بێ لەبەرئەوەی ژینگە هەڵەیە. "ژیوار"یش بە پێوانەی زاراوەسازیی کوردی تەواوە، لە ژی+وار پێک هاتووە. هەروەها ژی پاشگری "ار"ی چووەتە سەر بووەتە ژیار "حضارة". بەڵام "ژینوار" بۆ هەر چییەک بتەوێ بەکاری بهێنی: "بيئة" یان "حضارة" هەڵەیە. ئەم پاشگرانە ناچنە سەر چاوگی وشە. تەنیا پاشگری "ەوە" دەچێتە سەر چاوگ: وەک شاردنەوە، خواردنەوە، ژیاندنەوە. ئەم پاشگری "ەوە"یە لە کرمانجیی سەروودا دێتە پێشەوە و دەبێ بە پێشگر: ڤەشاردن، ڤەخواردن، ڤەژیاندن. لە هەندێک شێوەزاری کرمانجیی خوارووشدا "موکریانی بۆ نموونە"، وەک سەروو دەچێتە پێشەوە: وەشاردن، وەخواردن، وەژیاندن.

* "نووسان" جیایە لە نووسین. هەر لەبەر نێزیکییان باسی ئەویش دەکەم. پاشگرێک هەیە لە کوردیدا: "ەنەک"، دەچێتە سەر رەگی چاوگی "نووسان" کە ئەویش هەر "نووس"ە و دەیکا بە "نووسەنەک". نووسەنەک جۆرە ستری یان درووێکە بە خوریی مەڕ و ماڵاتەوە دەنووسێ. ئەم "نووسەنەک"ە دەقاودەق "لاصق"ی عەرەبییە. پێم سەیرە لە راگەیاندنی کوردستاندا دەڵێن "لەزگە"، عەرەب خۆشیان بە کاری ناهێنن لەبەرئەوەی "لەزگە" بە شێوەی ئاخاوتنی "عامی"یە نەک زمانی پێوانەیی عەرەبی.

* پێشگری: ڕا. کاری پێشگر و پاشگر ئەوەیە واتەیەکی تازە بۆ وشە دروست دەکەن.

زاراوەسازی لە زمانی کوردیدا لە ڕێی بەکارهێنانی پێشگر و پاشگرەوە ڕوو دەدا. "ڕا" پێشگرێکە زاراوەی تازە دروست دەکا، وەک: بوون ڕابوون، کردن ڕاکردن، گوشین ڕاگوشین، ژەنین ڕاژەنین، خستن ڕاخستن، سپاردن ڕاسپاردن، هتد.

بەو پێیە دەبێ "ڕاشکاوی" یەکێک بێ لەوانە و لە "ڕا+ شکان"ەوە هاتبێ بۆ واتای "صراحة"، بەڵام وا نییە و دەستکاریی نەزانانە. "ڕاشکان" لە کوردیدا شتێکی ترە. دەڵێ "شەو ڕاشکا"، عەبدوڵلا پەشێو لە شیعردا بەکاری هێناوە دەڵێ: "شەو ڕاشکا دەرگاکەتم لێ بکەوە"، کەواتە "ڕاشکان" درێژبوونەوەیە و تەنیاش بۆ شەو. بە هیچ جۆریش لەگەڵ "صراحة"تدا نێزیکییان نییە. وشەیەکی لەمە کرێتتر "ڕادەستکردنەوە"یە کە بەم شێوەیە شی دەبێتەوە: "ڕا+دەست+کردن+ەوە". ئەو زاراوەیە هیچ دەمەتەقەی ناوێ، هەڵەیە. لێرەدا پێشگری "ڕا" چووەتە سەر ناو کە "دەست"ە. پێشگر تەنیا دەچێتە سەر چاوگ "مصدر" و ڕەگی چاوگ و کر "فعل". "ڕاشکاوی و ڕادەستکردنەوە"، دەستی نەزان داویان بۆ ڕستووە. خۆبەدەستەوەدان واتە "تەسلیمبوون"، دانەوەدەست واتە "تەسلیمکردن"، هیچ پێویست بەو شێر و ڕێوییەی ڕادەستبوونەوە و ڕادەستکردنەوە ناکا. بۆ "صراحة"ش دەشێ بڵێین "کراوەیی"، "بە کراوەیی گوتم"، "کراوانە گوتی"، "ڕاشکاوی" هیچ شتێک کۆی ناکاتەوە لەگەڵ واتەی پێویستدا. تۆ بڵێی لە "ڕاکشاوی"یەوە نەهاتبێ، لەبەرئەوەی مرۆڤ لە پاڵدانەوە و ڕاکشاویدا باشتر و کراوەتر دەدوێ. وا دەزانم ڕاشکاوی و ڕادەستکردنەوە، بنووسە لاوەکانی کوردستانی ڕۆهەڵات دایان هێناون بە نەزانییەکی زێدەوە.

* هەندێک جار سەیرت دێ لەوانەی زاراوەی کوردییان داناوە، ئەوانە هیچ ژیری و ئاوەزێکیان بەکار نەهێناوە، تەنانەت ژیریی منداڵێکیش. یەکێک لەوانە زاراوەی "نانەواخانە"یە. نانەوا وەک "دەستەوا، ئاشتەوا، پێشەوا" زاراوەیەکە لە ناو+پاشگری "ەوا"وە دروست بووە. نانەوا کەسێکە نان دەکا، بەو پێیە "نانەواخانە" شوێنی نانکردن نییە شوێنی دروستکردنی کابرای نانەوایە. "نانخانە"یان بوتایە باشتر بوو. من بم وشەی "نانپێژی" بەکار دەهێنم کە کرمانجیی سەرووە، "نانپێژ"یش نانەوایە. ئەمە بۆ خاتری زمانی یەکگرتوو ئەگینا جاران "ناندین" هەبوو، ناندین و کادین، یەکەمیان شوێنی نان و شیو لێنان بوو، ئەوی تر کۆگەی کا. با "نانپێژی" بۆ "مخبز" بێ و "ناندین"یش بۆ "مطبخ"ی ماڵان. مەلەوانگە-ش هەروەهایە، بە واتەی شوێنی کەسەکەیە نەک شوێنی مەلەوانی، دەبوایە بڵێین "مەلەوانیگە" کە ئەوەش هەر زاراوەیەکی دزێوە.

* هەندێک زاراوە بوونەتە ناوی داوودەزگای میری، لەوانە: ئاسایش، ئاسایش فارسییە. دەبێ بە کوردی "تەناهی" بێ کە وشەیەکی ڕەسەن و پەتییە. تەناهی واتە "إستقرار" لە ناوچەی بادینان بەکاری دێنن و زۆر شیاوە بۆ مەبەست. لە هەولێریش جاران پیاوان بەکاریان دەهێنا، دەیانگوت "خۆم تەنیا کردووە" پاش ئەوەی لە دەرێ یان لە کار دەهاتنەوە، واتە "جلکی ماڵێم لەبەردایە، جلکی

ڕاكشان و پاڵدانەوە"، كە ئەمەش هەر "إستقرار"ەكەیە. "پارێزگا" و "پارێزگار"یش هەڵەن. وا دیارە لە عەرەبییەوە واتەیان بۆ وەرگرتوون: "محافظة، محافظ". پارێزگا لە "پارێز+گا" پێك هاتووە. "گا" پاشگری شوێنە وەك دەرگا ڕێگا جێگا، ئەو "ا"یەی "گا" زیاتر دەنگی فارسییە، كورد دەیشكێنتەوە و دەیكا بە "دەرگە، ڕێگە، ڕێبازگە، جێگە، دێگە، هتد."، بەڵام كێشە هەر ئەوە نییە. خەم نییە با "گە" نەبێ و "گا" بێ، كێشە لە "پارێز"ەكەدایە. پارێز واتە پەنا یان پەسار، فۆلكلۆر دەڵێ: "مانگەشەو خۆشە مانگ لە پەرێزێ" پەرێز لێرە پارێزە، واتە مانگ لە پەنادا بێ و تۆزێك تاریك بێ تا ئەو لەگەڵ یارەكەیدا بە یەكتر بگەن. یان دەڵێ "دەچمە پارێزی یارێ"، واتە بە دزییەوە بۆی دەچم، یان "خۆی لە پارێز ناوە"، واتە خۆی لە پەنا ناوە. دوورەپەرێز "كەسێكە خۆی لە خەڵك بەدوور بگرێ"، "پارێز" واتەیەكی تریشی هەیە نێزیكە لەوەی پێشەوە، یەكێك نەخۆش بێ لە هەندێك شت "پارێز" دەكا واتە خۆی دەبوێرێ. ئیدیۆمی كوردی، بۆ یەكێك موسڵمانێكی زۆر لە خواترس بێ دەڵێ: "لە ئاوی شەو پارێز دەكا" واتە خۆی دەبوێرێ. مەبەستی ئەوەیە ئاوی شەو تۆزێك فێنك و خۆشە، كابرا ئەوەندە موسڵمانە ئەو خۆشییەشی ناوێ.

بێینەوە سەر مەبەست، بەپێی نموونەگەلی سەرەوە پارێزگا یان پارێزگە واتە "پەسارگە، سپێر: كمین"، یان ئەو شوێنەی مرۆڤ خۆی تێدا مەڵاس دەدا بۆ پەلاماردانی ئامانجێك، ئەمەش لەگەڵ مەبەستی "محافظة"دا ئاسمان و ڕێسمانیان بەینە. پارێزگار لەوەش خراترە، پاشگری "گار" بۆ كۆیە وەك: شەوگار ڕۆژگار یادگار كردگار. هەرچەندە زاراوەكە لە بنەوە چەوتە بەڵام دەبوایە بڵێ پارێزگەر وەك زێڕینگەر. ئێمە بمانەوێ لە "پاراستن یان پارازتن" زاراوە چێ بكەین بۆ ئەو مەبەستەی سەرەوە، هەر دەچینەوە سەر "پارێز"ی گۆڕین كە هیچمان بە هیچ نەكرد. كرمانجیی سەروو بازێروان و بازێروانی بەكار دەهێنن، كە زۆر شیاوتر نین لە پارێزگار و پارێزگا. دانانی زاراوە بۆ: "محافظة، محافظ، قضاء، قائم المقام، ناحیة و مدیر ناحیة" ئەوەندە فشە نییە ملی وشەیەك بگری و پێشگر یان پاشگرێكی بە كۆڵكەوە بكەی. مەرجیش نییە وەرگێڕانی بۆ بكەی لە زمانەیلی ترەوە، دەبێ زاراوەیەكی كوردانە بێ و واتەی مەبەست بدا.

* زاراوەیەكی تر لە هەموویان چەوتترە "پەروەردە"یە. پاشگری "دە" وەك لە "كردە، بردە، پەروەردە"دا هەیە زاراوەكەی كردووە بە ناوی بەركر "اسم مفعول". پەروەردە یەكێكە تەربیەتی وەرگرتبێ "متربی"، ئەمەش بەرواژی مەبەستە پێویستەكەیە. دەزگای "تربیة" بۆ تەربیەتدانە نەك شوێنی تەربیەتدراوان. زاراوەكە بەو شێوەیە پێك هاتووە: پەر+وەر+دە. با بزانین واتەیان چییە؟ "پەر" واتە قەڵەو یان گەشەكردوو، عەلائەدین سەجادی "مەڕە پەرەكە"ی بۆ مەڕە قەڵەوەكە بەكار هێناوە. حوسێن حوزنی "پەرا"ی بە واتەی خزمەت بەكار هێناوە. "پەرە"سەندنیش هەر لەوەوە هاتووە، واتە قەڵەوبوون یان گەشەكردن. واتەكەی سەجادی و حوزنی یەك شتن، "خزمەتیان كردووە یان قەڵەو بووە" هەمان واتەیە. جاران "پەروەر" ناوی ژنانە بووە لە كوردەواریدا، "خاتوون پەروەر" لە ئەدەبیاتی زارگۆتی كوردیدا زۆر ڕادەبووری. ئێستە پەروەر ناوی پیاوانە، لە كوردیی

کۆندا کاک پەروەر نەبووە. "پەروەر" لە رووی واتەدارییەوە بەخێوکراو، تەندروستی خۆش، پێگەیشتوو یان قەڵەو دەگرێتەوە. پەروەر وەک گوتمان لە "پەر+وەر"ەوە هاتووە. "وەر" پاشگرە بۆ خاوەنداریەتی، وەک پێوەر "گیانلەبەرێک پێی هەبێ"، دەسوەر "دەستی هەبێ"، کینەوەر "کینەی هەبێ"، بەختەوەر "بەختی هەبێ"، هەستەوەر "هەستی هەبێ". تێبینی: زاراوەی "پێوەر" لە خوێندنی کوردیدا بۆ "مقیاس" بەکار دێنن کە هەڵەیە. تۆ تەماشای "پێ+وەر" بکە، کاری پێوان لێرەدا نییە، "پێ"یە پاشگرێکی وەرگرتووە کە پاشگریش واتەی نییە. بێینەوە سەر "پەروەردە" کە وتمان هەڵەیە و واتەکەی بەرەواژی مەبەستە. چی بکەین باشە بۆ "تربیە"؟ بە بۆچوونی من "پەروەری" باشە، واتە تەربیەتدان. وەزارەتی پەروەری "وزارة التربیة"، پەریار: مُرَبِّي. بۆ پرسی "پێوەر"یش کە بە هەڵە هاتووە و وەک گوتمان بۆ "مقیاس" نابێ، دەبێ بگەڕێینەوە سەر کێشان و پێوان. لە ئاخاوتنی کوردیدا "کێشانە" بۆ "معیار" و "پێوانە" بۆ "مقیاس" دەڵێن.

* زمانی کوردی لە زمانی فارسیدا دەخنکێنن، کێیە وا دەکا؟ ئەویش هەر نەزانان. لەم سالانەی دواییدا بە سەتان بگرە بە هەزاران وشەی وەک: مێزگرد، ساڵڕۆژ، رۆشنفکر، زیندان، سەد دەر سەد، ئەشکەنجە، بەرباد، یان دارشتن بەپێی پێوانەی زمانی فارسی، وەک: هاوسەرگیری، خودی خۆی، هەتا دوایی. با ئەمانە بکەینەوە کوردی، مێزگرد: مێزگەڕ "گەڕ واتە پێچ، گەڕی دیلان: پێچی شایی، گەڕێک چامان بۆ بێنە". مێزگەڕ "طاولة مستديرة"یە. ساڵڕۆژ: "ساڵوەگەڕ" کوردیی پەتییە لە کرمانجیی سەروو و خوارووادا هەیە، وەرزێرێک بە هاوسێیەکەی دەڵێ: "دوو بار گەنمت دەدەمێ ساڵوەگەڕێکی تر بمدەوە یان دوو ساڵوەگەڕی تر"، من دەڵێم "ساڵڤەگەڕا دەزگەها مەیە". زیندان: گرتیگە. "بەندیخانە"ش لە کۆنەوە هەیە. لە جێی سەد بنووسین سەت باشترە و کوردیترە، "سەتی سەت کوردیترە". ئەشکەنجە فارسییە، کورد دەڵێ "دارکاری"، نازانم دارکاری "چییە عەیبی؟ هەر کەلامێ حەقە نییە عەیبی" حاجی قادر گوتەنی. "بەرباد" بە کوردی بەربایە، هاوسەر لە شیعری کۆنی کوردیدا "هەمسەر" بووە کە فارسییە، هاوسەر خۆش و کوردانەیە، پاشگری "بەند" زیاتر بۆی دەبێ و واتەی بەستنەوە دەدا، بڵێ "هاوسەربەندی". کوردیی کۆن "زاوابەندی"ی گوتووە. فۆلکلۆر: "کەپرێکت بۆ بکەم لە بنەی سەهەندی، بێمە لای دایکت بە زاوابەندی". شوانەوێڵەیەکی جاران لە زاراوەسازیدا شارەزاتر بوو لە پسپۆڕێکی زانستگەی کوردستان و کۆڕی زانیار. هەی بەداخەوە.

تکایە سەیری ئەم خنکاندنەی کوردی لە فارسیدا بکەن کە من بەرامبەرە کوردییەکانم لە نێوانی کەوانەدا نووسیوە:

ئەرزش (سوود، کەڵک)، ئامادەباشی (خۆسازدان)، ئایندە (داهاتوو)، بەخشش (چاکە)، پەخش (بڵاوکردنەوە، وەشاندن)، پەخشنامە (بڵاڤۆک)، پەناهەندە (پەنابەر)، پۆزش (لێبووردن)، دەرئامەد (داهات)، روخسار (روو، ڕوومەت، دێم)، رێنمایی (رێنوێنی)، سازش (کۆڵدان)، سەرزەنشت

(گلەیی، بناشت، گازن، سکالاّ)، سەرمایەگوزاری (دەسمایەگێڕی)، شایستە (شایەن، هێژا)، کۆمەکبەخش (یارمەتیدەر، ئاریکار)، کەنارگیر (لاپەڕگر، دوورەپەرێز)، گوزارشت (دەربڕین)، فریاگوزاری (بەهاناچوون)، لە میانەی (لە کاتی، لە نێوانی)، میانڕۆ (نێوانگر، نێوانڕۆ)، میانگیری (نێوانگری، ناوەندگری)، نمایش (نواندن)، نمایندە (نوێنەر)، ناوزەد (ناوبردن)، هۆشداری (وریاداری، ئاگەداری)، ئیتر رای کێشە تا ماندوو دەبی.

* لە جێی ئەوەی بڵێین "خۆی لە خۆیدا" باشترە بڵێین "خۆی بۆ خۆی"، یان لە جێی "خودی کابرا"، بڵێ کابرا خۆی. کورد جاران وایان دەگوت. "بەش بە حاڵی خۆم" کوردانە نییە، بڵێ "یەک بە باری خۆم"، لادێیی هەولێر وا دەڵێن، رەنگە شوێنانی تریش.

* زاراوەی "سەرمایە" و "دەسمایە" لە سەرەوە تێ پەڕین، با یەکلایان بکەینەوە. سەرمایە فارسییە با لە زمانی ئاخاوتنی رۆژانەی ئێمەشدا هەبێ. کوردی دەڵێ دەسمایە، دەسمایە "رأسمال"ە. دەسمایەگێڕ "مستثمر"ە، دەسمایەگێڕی "إستثمار"ە. مایە مادەیە. دەڵێن: کوردی بووە بە "مایە"ی شانازی بۆمان، "بووە بە مایە"ی واتە بووە بە هۆی. مایەکی و واتایەکی بۆ "مادی و معنوی" باشن و بەکاریش دێن. راگەیاندنی کوردی باکور "ماکی و میناکی" دەڵێن، هەڵەیەکی تێدایە. میناک و میناکی باشن بۆ "مثال و مثالي" بەڵام "ماکی" هەڵەیە. ماک لە کوردیدا واتە دایک یان بنەڕەتی شت، بۆ نموونە "زاک و ماک"، "زاک" کار و بەرخە کە تازە زاون، "ماک" دایکیانە. ماک بۆ ئەو شوێنەش دێ کە رۆژی لێوە هەڵدێ، فۆلکلۆر دەڵێ: "رۆژ هەڵاتییە لە ماکێ، دای لە سینگ و خەناوکێ"، ماک بە عەرەبی "أصیل"ی پێ دەڵێن. دەبوایە بڵێن: مایەکی و میناکی.

* پێشگری: دا. وەک گوتمان پێشگر و پاشگر کەرەستەی گرینگی زمانی کوردین، هەرە گرینگترین کەرەستەشن. دەوڵەمەندیی کوردی بۆ پێشگر و پاشگر دەگەڕێتەوە. زمانی کوردی بەهۆی ئەم پێشگر و پاشگرانەوە زاراوەی نوێ دەزێ. بۆ نموونە: بڕین دابڕین، دڕین دادڕین، کشان داکشان، وەشان داوەشان، خوران داخوران، شکان داشکان، هێنان داهێنان، بەزین دابەزین، شۆرین داشۆرین، شێلان داشێلان و دەیانی تر. زاراوە بە پێشگر یان بە پاشگرەوە، واتەیەکی جیای هەیە لە واتەی وشە ڕەسەنەکە. پاشگر و پێشگر مامەڵەیەکی چەوتیان لەگەڵدا بێتە کردن زمان وێران دەبێ.

ئەرێ "داکۆکی" لە چییەوە هاتووە؟ کۆکین پێشگری "دا"ی بخەیە سەر هیچ واتەیەکت پێ نادا گوێمان لێ بووبێ. واتەش بدا نابێ نێزیک بێ لەو واتەیەی لە "داکۆکی: دیفاع"دا هەیە. هەبێ و نەبێ چەوتە و کاری نەزانانە. لە هەندێک فەرهەنگی کوردیدا "داکۆکی" هاتووە بەڵام بە باوەڕی من چەوتە و ڕەسەن نییە. باشە بۆچی "بەریوانی بەرەڤانی" بەکار ناهێنین کە ناوکۆ و هاوبەشی کرمانجیی سەروو و خوارووە؟

لەو وشانەی لە سەرەوەدا نووسیم "داشێلان" زاراوەیەکی سەرنج راکێشە. شێخ محەمەدی خاڵ

بۆ رووداوی ئۆتۆمۆبێلی بەکار هێناوە لە جێی "دهس"ی عەرەبی. ئێستە زۆر جار لە رۆژنامەی کوردیدا دەخوێنمەوە دەڵێن: "کەسێک ئۆتۆمۆبێل شێلای"، بەواتەی پلیشاندیەوە یان کوشتی، ئەوە هەڵەیە و "داشێلان" راستە. شێلان "تدلیک"ە، خۆشە و مرۆڤیش ناکوژێ.

* دەستی نەزان زمانی کوردیی تەواو شێواندووە، لە ئەدەبی کوردیدا دوو زاراوە بەکار دێن یەکیان: لاواندنەوە بۆ "رثاء"، دوویان: داشۆرین بۆ "هجاء". هەردووکیان چەوتن. دەبێ پەنا بۆ نموونەی فۆلکلۆری ببەین کە کێشەی لەسەر نییە. فۆلکلۆر دەڵێ: "ئێوارە بینیم مانگای ئەلاوان، پێم گوت بۆ ماچی گوتی بە چاوان". یان "بۆچ نامالاوێنی، توخوا بملاوێنەوە"، دایک منداڵ ئەلاوێنێتەوە، بێ شک منداڵەکە نەمردووە، بگرە دایکی پێیدا هەڵدەڵێ و پەسنی دەدا. هەرچی "رثاء"ە بۆ مردووە. لاواندنەوە بە کرمانجیی سەروو "لۆرین"ە. دەبێ بۆ "رثاء" بڵێین "سەردوولکە" کە ژنان لەسەر گۆڕی خوشەویستانیاندا بە ئاوازەوە دەیڵێنەوە. راستت دەوێ، لاواندنەوە "مغازلە"یە. داشۆرینیش کە پێشگری "دا" چووەتە سەر شۆرین، بۆ "بزل" دەست دەدا کە تەکاندنی خوێیە لە زەویی شۆرەکاتدا. بەلای منەوە زاراوەی "فرێاوێتن" بۆ "هیجاء" یەکویەکە. زاراوەکە کرمانجیی سەروو و خوارووە لە یەک کاتدا. ئاوێتن یان ئاڤێتن دیارە کە هاوێشتنە، هەرچی "فرِ"یشە لە "ڤر"ەوە هاتووە. "ڤر" لە کرمانجیی سەروودا واتە: فیشاڵ، فشە. بە گشتی "فرێاوێتن، ڤرئاڤێتن" بۆ "هجاء" لێی باشتر نییە. کوردی زمانێکی هێندە کەچە نییە وا بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بێتە کردن، بگەڕێ بە چاوکانی و بناوانەیلی کوردیدا، وشەی باش دەدۆزییەوە. تەنبەڵی و نەزانی بیانوو نین بۆ دانانی وشەی نارێک.

* نکووڵی چییە؟ تو بڵێی لە "إنکار"ەوە نەهاتبێ؟ بێ شک وایە. باشە ئەگەر لە ئینکارەوە هاتووە خۆ هەر ئینکارەکە باشترە بۆ نووسین. باشە، کورداندووتە بیکوردێنە بەڵام دەبێتە: "نکووری"، نابێتە نکووڵی. جەخت زەختی عەرەبییە، واتەی تەئکیدیش نادا. بۆ "تأکید" لە کوردیدا دووپاتە و فرەپاتە زۆر باشن. "چالاکوان" کوردی باکور بەکاری دەهێنن "چالاکڤان"، ئێمەش لەوانمان وەرگرتووەتەوە وەک داهێنانێکی تازە. چالاک خۆی واتە "ناشط" بەبێ پاشگری "وان"، کە ئەم پاشگرەی چووە سەر دەبێتە وشەیەکی قۆڕ و بێ واتە. "وەرگێڕڤان"یش هەڵەیە، وەرگێڕ "مترجم"ە بەبێ وان و ڤان.

* کێشەیەکی تریش هەیە هەر کوردی باکور خوڵقاندوویانە. کرمانجیی باشوور دەڵێ پاشەڕۆژ واتە "مستقبل–داهاتوو". ئەوان ئەم "پاش"ە بە رابردوو تێ گەیشتوون و لە جێی "ماضي"یان داناوە، پاشان هاتوون "پێشەڕۆژ"یان دروست کردووە لە بریی "مستقبل". تۆ لەگەڵ خوێندەوارێکی کوردی باکوردا دانیشە باسی رابردوو بکە، ئەو وا دەزانێ باسی داهاتوو دەکەی، باسی داهاتوو بکە ئەو بە رابردووی تێ دەگا. ئەمەیە خوێندەواری کورد تا کێشەیەک چارەسەر دەکەی ئەو بیستی بۆت پەیدا کردووە.

ئەم هەڵەیە بەرئەنجامی نەزانییە، دیارە کەسێک "بێ شک یەک کەس" دروستی کردووە ئەگینا دوو کەس بوایەن نەدەکەوتنە هەڵەی وا زلەوە. ئێمە لە خوارووی دەڵێین: "پاشان دێم" واتە لە داهاتوودا دێم، ئەوانیش دەڵێن "ئەز پاشی دێم"، کەواتە پاش هەر پاشە و پێش هەر پێشە، کورد هەڵەی تێدا نەکردووە، ئەوە کاکەی ڕۆشنبیرە ئەم گۆبەندەی ناوەتەوە. دەبێ ڕاگەیاندنی سەروو ئەم هەڵەیە چاک کاتەوە.

* لەگەڵ بنووسان و دانیارەیلی کتێبدا زۆرجار ڕووبەڕوو دەبینەوە، کارمەندانی دەزگای ئاراس وشەی "دابونەریت" دەکەن بە داوونەریت، "دامودەزگا" دەکەن بە داوودەزگا، بابوباپیر بە باووباپیر. بنووسان دێن بۆ لای من دەڵێن ئەوە تۆ پێت گوتوون بۆیە وا دەکەن، تکایە با دەسکاریی کتێبی مە نەیەتە کردن.

بەلای منەوە دەنگی "و" لە زمانی کوردیدا ڕەسەنترە لە دەنگی "ب". کورد دەڵێ: ئاو، تاو. فارس دەڵێ: ئاب، تاب. لە کرمانجیی سەروودا دەبیتە: ئاڤ، تاڤ. دەنگی "و" و "ڤ" لە کوردیدا هەمان شتن. دەنگی "م"یش هەر وەک "ب"ەکە ڕەسەن نییە، وەک نموونە کوردی: ناو، فارسی: نام. بۆیە دەبێ بنووسین داوودەزگا، داوونەریت نەک دامودەزگا نەک دابونەریت. کورد دەڵێن: زمان، هەندێک جاریش زبان یان زوبان. بیکەین بە "زوان" باشترە وەک چۆن شێوەی ئاخاوتنی جافەتی دەیلێن.

* وشەیەکی جوان لە زوانی کوردیدا هەیە بەلامەوە زۆر شیرینە، ئەویش "باڵیۆز"ە هەرچەندە زۆربە بە "باڵوێز"ی دادەنێن. لە دەقێکی فۆلکلۆریدا خوێندمەوە کە د. قادر فەتاحی قازی کۆی کردووەتەوە و دەزگای ئاراس چاپی کردووە، باڵوێز وەک باڵگوێز هاتووە، پاشان دەنگی "گ" لە نێواندا سواوە. لە زۆر وشەی تریشدا دەنگی "گ" دەڕوا وەک: گوتم وتم، گوشین وشین، گوشار وشار. باڵوێز "باڵگوێز" ئەو کۆترەیە جاران نامەیان لە ژێر باڵیدا دەبەست و دەیانناردە بۆ شوێنانی دوور لە جیاتیی پۆستەی ئێستە. باڵوێز بە عەرەبی واتە "سفیر". ڕۆژنامەی "سفیر"ی لبنانی وێنەی کۆترێک لە تەنیشت ناوەکەیدایە.

* چەند زاراوەیەکی تریش دڵخۆشم دەکەن هەرچەندە بنەڕەتیشیان بە چەوتی هاتووە بەڵام لەبەرئەوەی دەستی بزان و شارەزا دروستی کردوون، بوونەتە زاراوەی ڕاست و شایەنی ڕێز. یەک: "کۆوار"، ئەم وشەیە لە زمانی نووسینی کوردیدا بە هەڵە بووە بە گۆڤار. حوسێن حوزنی لە بیستەکانی سەتەی پێشوودا دروستی کردووە. بەڵام بۆچی بووە بە گۆڤار؟ جارێک ئەمەم لە د. کوردستان پرسی، گوتی "لەوانەیە" کوردی باکور بۆ کۆواری "هاوار و دەما نوو" وەریان گرتبێ و "و"ەکەیان کردبێ بە "ڤ"و بووبێ بە کۆڤار، ڕەنگە کۆواریشیان بە هەڵە خوێندبێتەوە و وایان زانیبێ ئەم "ک"ە "گ"ە، یان هەڵەی چاپ لەسەر کۆوارەکەی حوزنیدا هەبووبێ "کۆواری زاری کرمانجی" و "ک"ی سەر کۆوار بە "گ" چاپ بووبێ. بە کورتی وشەکە بووەتە گۆڤار. دوای ئەوە، کوردی باشوور جارێکی تر "ئەم داهێنانەیان" وەرگرتووەتەوە لە باکور.

کۆوار، جارێکی تریش باسم کردووە، لە "کۆ+وار" دروست بووە. حوسێن حوزنی چۆن ئەمەی کردووە؟ پێش چەند ساڵێک کەوتمە گەڕان و پشکنین بە دوای بنەڕەتی ئەم کارەی حوزنیدا، بۆم دەرکەوت کابرا سەیری فەرهەنگی کردووە بۆ زانینی بنەڕەتی وشەی "مەگەزین magazine" لە ئینگلیزیدا تا بۆ "مجلة"ی زاری کرمانجی بەکاری بێنێ. مەگەزین لە فەرهەنگی ئینگلیزیدا واتە شوێنێک کەلوپەلی تێدا هاتبێتە هەڵگرتن، "مجلە"ش بابەتی هەمەجۆر دەگرێتە خۆ. من وا دەزانم دوور نییە مەگەزین لە "مخازن"ی عەرەبییەوە هاتبێ، تورک دەڵێن "مغازە". لەم ساڵانەی دواییدا "مغازە"ی جلفرۆشی لە کوردستاندا بووبووە "کۆگە"، راستیان کردبوو. حوسێن حوزنی هاتووە مەگازین یان مەخازینی کردووە بە "کۆوار". دەستی خۆش بێ هەرچەندە زاراوەسازی بەم شێوەیە نابێ. ئێستە دەبێ "گۆڤار"ی هەڵە جارێکی تر ببێتەوە بە "کۆوار" تکایە. دوو: وشەی "رامیاری"، نازانم هەر حوزنی دایهێناوە یان تۆفیق وەهبی، لەوانەشە هەردووکیان بەیەکەوە، لەبەرئەوەی پێکەوە کۆواری "دەنگی گێتیی تازە"یان دەردەکرد لە چلەیلی سەتەی پێشوودا. چیرۆکەکە ئەمەیە: "سیاسە"ی عەرەبی، دەڵێن لە بەخێوکردنی ئەسپەوە هاتووە، ئەسپ تووڕە و چەمووشە و یەکێکی دەوێ رامی بکا، کێیە ئەو کەسە؟ کاک رامیار "سائس". کاک رامیار چ ئیش دەکا؟ کاری ئەو رامیاری، واتە سیاسەتە. زاراوەسازی وا نییە، بەڵام شتێکی خۆشیان کردووە.

* لە زنجیرەی ناوی داوودەزگەدا، دایەنگە بۆ "حضانة" هاتووە. دایەنگە وەک مەلەوانگە و نانەواخانە، شوێنی خاتوونێیە نەک شوێنی کارەکە. دەبێ بڵێین "دایەنی" بەبێ پاشگری "گە". کاری خاتوون چییە؟ دایەنی. لە کوێ؟ لە دایەنیی با بڵێین "بەهار". دایەنیی بەهار "حضانە بەهار". بۆ "باخچەی ساوایان: روضە الأطفال"یش پێم وایە پاشگری "چە" کوردی نییە، تورکییە. ئێمە دەشێ وشە لە زمانەیلەوە وەربگرین بەڵام ناشێ رێزمان یان داڕشتن وەرگرین. کورد دەڵێ رەز و باخ. هەردووکیان یەک شتن، باشە بۆچی رەزەکەیان بەکار نەهێناوە بۆچی باخەکەیان بەکار هێناوە بە پاشگری "چە"ی تورکیشەوە؟ "رەزگەی ساوایان" زۆر جوانترە.

* پێش ماوەیەک لە رۆژنامەیەکی کوردیدا زاراوەی "بانەوا" کەوتە بەرچاوم کە لە جیاتیی "مساطحە" بەکار هاتبوو. بانەوا زاراوەیەکە لە دیمەندا جوانە بەڵام با بزانین ئاخۆ بەپێی پێوانەی زمانی کوردییە؟ لە پێشەوە چەند زاراوەیەکمان هێنایەوە: نانەوا، دەستەوا، پێشەوا، ئاشتەوا. هەموویان لە ناوێک +پاشگری "ەوا" دروست بوونە. ئەم پاشگرە و هەموو پاشگر و پێشگرێک هیچ واتەیەکیان نییە، تەنیا کەرستەیەکی زوانەوانین، واتەیان هەبوایە دەبوون بە وشە. "بانەوا" دیارە مەبەست لێی، "بان ئاواکردن" یان بان ئاوەدانکردنەوەیە واتە: "إنشاءات"، کەوابێ دەبێ بڵێی "بانئاوایی"، ئەو کاتە گلەیی نامێنێ. نابێ بڵێی "بانەوا". بانەوا بۆ وەستای بیناکار یان کۆمپانیای "انشاءات" باشە. بۆ نموونە لە ڕستەدا "کۆمپانیای بانەوایی لادێ: شرکة إنشاءات الريف". بەڵام لە بەرامبەر "مساطحة"دا من زاراوەیەکی ترم پێ پەسندە، وا دەینووسم:

رۆژێک تەلەفۆنم بۆ دکتۆر نووری تاڵەبانی کرد بۆ زاراوەی "مساطحة"، گوتی ئەو زاراوەیە بە کوردی نییە. دکتۆر نووریم پێ باش بوو بۆ پرسیار لێکردن لەبەرئەوەی فەرهەنگی یاسایی داناوە. پرسیارم لە یاساییەکی تریش کرد لەبارەی "مساطحة"وە گوتی: ئەوەیە میری زەوییەکت پێ دەدا بۆ ماوەی ساڵان، بۆ نموونە ٢٥ ساڵ، بە مەرجێ ئەوەی بان "سطح"ی لەسەر بنیات بنێی. پاشان کە گرێبەندەکە "کۆنتراکتەکە" تەواو بوو، واتە پاش ٢٥ ساڵەکە، دێت بەو بانانەوە لێت وەردەگرێتەوە. گوتم باشە، کەواتە "بەبانانەوە". جێی پێکەنینە بۆ ساتێک لەبەرئەوەی گۆرانییەکە دەڵێ: "ئەرێ بە بانانەوە، یار بەبانانەوە، بەرتیلیان دەدا و دەشپارانەوە." دەقودەق وایە، دەبێ بەرتیلیش بدا و بشپارێتەوە تا زەویی "بەبانانەوە"ی بۆ دەردەچێ. تێبینی: لە گۆرانییەکەدا "بە بانانەوە" واتە لەسەر باناندا، ئەمە شێوەی ئاخاوتنی گەرمیانییە، "بە بانانەوە" بە شێوەی سلێمانی کە ئێمە پێی دەنووسین، واتە شتێک بە شتێکی ترەوە، "دەبێ زەوییەکە بە بانانەوە بدەیەوە بە میری پاش تەواوبوونی وادە". ئەوەش دەقی مەبەست.

* لەم ماوەیەدا زاراوەیەک زۆر منی راچڵەکاند ئەویش "تێگە" بوو لە جێی "مفهوم"دا. داوێک نەزان بیرێسی وا دەبێ. وا بزانم راگەیاندنی ناوچەی بادینان ئەوەی داهێناوە. وەک گوتمان پێشگر و پاشگر ئامێرن، لەلاوە بە وشەوە دەلکێن و دەیکەن بە زاراوە. پێشگر و پاشگر واتەیان نییە بە هیچ شێوەیەک. لە "تێگە"دا دیارە "گە" پاشگرە، "تێ"ش لە "تێگەیشتن"دا پێشگرە، پێشگرێک و پاشگرێک بلکێنی بەیەکەوە زاراوە چێ ناکەن. ناشبێ بڵێی "تێ" پێشگرە و "گە"ش لە "گەیشتن یان گەهیشتن" براوە، ئەمەیان وێرانتر لەبەرئەوەی لەتە وشەی "گە" لە "گەیشتن"دا هیچ پێناسەیەکی نییە، تەنیا دوو پیتن. دەشترسم مامۆستای زانستگە ئەم داهێنانەی کردبێ.

* ئەوانەی رێزمانی کوردییان داناوە تەنانەت لەسەر ناوی بابەتە رێزمانییەکانیش رێک نەکەوتوون، بەراستی مایەی شەرمە. کۆبوونەوەیەک دەیتوانی ئەوە چارەسەر بکا، بەڵام وا پێ دەچێ رێککەوتن لەناو کورددا زۆر لە کۆنەوە مایەی شەرم و شوورەیی بووبێ. بۆ "فعل، فاعل، مفعول بە" چەندان زاراوەیان داناوە: کردار و فەرمان و کار بۆ "فعل"، بکەر و بەرکار بۆ "فاعل و مفعول بە". تۆ سەیر کە چەند هەڵەی زمانی لەو زاراوانەدا هەیە: بکەر هەڵەیە، "کەر" کە لە "کردن"ەوە هاتووە، دەچێتە سەر ناو وەک: نانکەر، راوکەر، ئیشکەر. "کەر" پێشگر وەرناگرێ لەبەرئەوەی خۆی رۆڵی پاشگر دەبینێ. "ب" لێرەدا پێشگرە وەک بکوژ و ببڕ و بلێر کە لە سەرەوە بە نموونە هێنامانەوە. بەرکار بۆ "مفعول بە" نابێ، لەبەرئەوەی "بەر" لێرەدا بە واتەی "پێش" دێ وەک: بەرچاو، بەربووک، بەردەم، بەربانگ، بەرشێو "بەرشێو: عشاء"ە. ئەمە جگە لەوەی زۆربەی ئەو زاراوە رێزمانییانە لە رووی واتەشەوە نەشیاون، کار واتە "عمل" بە عەرەبی، کرداریش هەر وایە، فەرمان "امر"ە، زیاتریش ئەمری شەڕ بووە لە کوردیی جاراندا. فیعل شتێکی ترە، دەبوایە زاراوەیەکی سەربەخۆی هەبێ جیا بێ لە "عمل". پێشنیازی من ئەوەی خوارێیە:

کردن لە سەرووودا دەبێتە کرن، لەویشەوە "کر" پەیدا دەبێ. وەک گوتم هەندێک رەگی چاوگ زاراوەیەکی واتەدارە وەک: نووس "ئەم نووسەت کەی نووسیوە؟"، ژی "ژیی تە چەندە؟". ئەگەر لە دۆخی نەرێدا وەری بگری هەر یەکجار زۆرن: نەمر "نەمر و نەژی"، نەخۆر "ماڵی نەخۆری"، نەناس، نەکرِ "نەکرِ و نەفرۆش". لەبەرئەوە "کر" فیعلە بەتەواوی. زاراوەی وەک: کر، کریار، بەرکر، یەک لە دوای یەک بۆ "فعل، فاعل، مفعول بە"، زۆر گونجاون. جاران گوێمان لێ دەبوو، دەیانگوت شاڵوشەپکی بادینانی لە "کر" چاک دەکەن. جاران رانک و چۆغەی "کر" لە ناوچەی سۆراندا زۆر باوی بوو. "کر" فیعلە، "کریار" کەسێکە بە کرێک هەستابێ "فاعل"، "بەرکر"یش بۆ "مفعول بە"، بەرکر واتە بەری کر "فعل"ەکە. زمان پەرە دەستێنێ، با "کر" لەمەودوا بۆ "فعل" و "کار" بۆ "عمل" بێ.

کارا بۆ "فعال، عامل" زۆر تەواوە، کارا لەسەر کێشی "زانا" ئەو کەسەی دەزانێ. بێ شک "توانا"ش ئەو کەسەیە توانای هەیە، بەردەوام بە هەڵە لە جیاتیی "قابیلە"دا دێتە بەکارهێنان لە ئاخاوتنی کوردیدا. دەبێ بڵێی "توان"م نییە برِۆم بە رێدا نەک توانام نییە. "وێرا"ش ئەو کەسەیە دەوێرێ واتە ئازا. بوێریش وەک ئازایە، کرمانجیی سەروو "وێرەک"یش دەڵێن.

با پیچەک لەبارەی پاشگری "یار"ەوە بدوێین. لە ئاخاوتنی کرمانجیی سەروودا "کریار" بە هەردوو واتەی کەسێک کارێکی کردبێ یان بە واتەی ئەنجامی کارەکەی دێ. "کی کریارێ ڤی کارییە؟ "ئەڤ کار کریارا کییە؟". پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ "فاعیلە یان مەفعوول؟". با باسی بکەین: لە کوردیدا پاشگری "یار" دوو جۆر بەکارهێنانی هەیە، یەک: رەگی چاوگ دەکا بە ناوی کریار "اسم فاعل" وەک جوتیار، فرۆشیار، کرِیار. ئەوی تریان رەگی چاوگ دەکا بە ناوی بەرکر "اسم مفعول"، وەک: پرسیار، برِیار، ناسیار. "کریار"ی لەمەرِ خۆمان "لێرەدا" لەوەی یەکەم دەبێ. ئەگەر زمان بە پێویست ببینێ لە شوێنێکی تردا کریار بۆ واتەی "اسم مفعول" بە کار بهێنین، هیچ لارییەک نابێ. ئەوە ئاڵۆزی نییە هێندەی ئەوە دەوڵەمەندییە. کاتی خۆی زاراوەی "زانیار" لە کۆرِی "زانیار"ی کورد لە بەغدا لە جۆری دووەم بوو، واتە وەک پرسیار و برِیار. مەسعوود محەمەد وتارێکی درێژی بۆ روونکردنەوەی ئەمە نووسی، بەڵام تا ئێستەش هەموو کەس "زانیار" بە زانیاری تێ دەگەن، وەک ئەوەی چۆن زانیار "علم"ە پرسیار "سؤال"ە، برِیار "قرار"ە.

هەر لە بواری زاراوەیلی رێزماندا، با لە بیرم نەچێ ئاماژە بە زاراوەی "راناو" بکەم کە زاراوەیەکی زۆر کرێت و نابەجێیە، هیچ واتە و رەگیشی نییە لە زماندا، رەنگە ئەویش دەستەبرای "راشکاوی و رادەستکردنەوە" بێ.

* ئاژانسی کوردستان بۆ دەنگوباس "ئاکانیوز" بۆ من هەلێک بوو بۆ لابردنی هەندێک زاراوەی چەوت و چەوێڵ لە راگەیاندنی کوردیدا و سەپاندنی زاراوەی لەبارتر. نووسیارێکی ئاکانیوز هاتە لام: "انسان آلی: رۆبۆت" چۆن بکەین بە کوردی؟. گوتم: زاراوەی "ئامێرۆک" پرِ بە پێستە. ئامێرۆک

له ئامێر+ پاشگری "ۆک" دروست بووه، دەشتوانی بڵێی له "ئا" و مێرۆک دروست بووه. "مێرۆک" وەک ناوی بچووک کراوه به پێوانەی کرمانجیی سەروو، ئەو "ئا"یەش زۆرجار دەچێته سەر وشه له کوردیدا، وەک ژەنین ئاژنین، ستوور ئەستوور، ستێر ئەستێر، ستوون ئەستوون، سپاردن ئەسپاردن. "ئا، ئە" هەر بۆ خۆشیی ئاخاوتن دەچێته سەر وشه و واته ناگۆڕێ. کەواته ئامێرۆک و مێرۆک هەردووکیان دەشێن.

زاراوەیەکی تر: باوەشێنکه، باڵەفڕەی باوەشێنکه "طائرة مروحية". من له جیاتیی فڕۆکه باڵەفڕەم پێ باشه، له جیاتیی فڕۆکەخانەش باڵەفڕگه. فڕۆکه بۆ "طائرة ورقية"ی منداڵان باشه که له سلێمانی "کۆلاره"ی پێ دەڵێن، کۆلاره خۆی باڵندەیه بەهاران باڵ فش دەکاتەوه له تاقی ئاسماندا و هێور هێور دەجووڵێ، پێت وایه وەستاوه. هەمان شێوەی "طائرة ورقية"ی هەیه.

زاراوەیەکی تر: "هەگبەی ئەلیکترۆنی" و "وارگەی ئەلیکترۆنی" له جێی "بريد الكتروني وموقع الكتروني"، بەمەی دوایی دەڵێن ماڵپەڕ که زۆر کرێته، هەر له دەسپەڕ دەچێ. یەکێکی تر: چەکی ناوکەیی "سلاح نووي". ناوکه "نواه"ە، ناوکه لەسەر کێشی "ئاوکه" که چێشتی شلەیه لەناو خۆشناواندا.

* رۆهەڵات و رۆئاوا، له جێی رۆژهەڵات و رۆژئاوا. ئەوەی کرمانجیی سەروو خۆشتره، دەڵێ: "رۆ چوو ئاڤا". "رۆهلاتا ناڤین، واته رۆهەڵاتی ناوین". دەبینی چەند لەیەکەوه نێزیکن بۆ زوانی یەکگرتوو. لاچوونی ئەم "ژ"ەی رۆژ بۆ "رۆژمێر: رۆ+ژمێر"یش باشه، دەیکا به یەک "ژ". مەرج نییه له ئاخاوتن یان له نووسیندا هەموو جار ئەم "ژ"ەیەی رۆژ بڕوا، له کرمانجیی سەرووشدا "رۆژ" دەڵێن. وەک: "چەند رۆژ دمینی؟". بێ شک بەکارهێنانی "خۆر" له زمانی نووسیندا باش نییه لەبەرئەوەی تەنیا له کەرکووک و سلێمانی دێته بەکارهێنان و گشتیی کورد "رۆژ" دەڵێن. کەرکووک و سلێمانیش رۆژ بەکار دەهێنن بۆ "یوم"ی عەرەبی، بەڵام بۆ هەتاو "خۆر" دەڵێن. تەواوی کورد بۆ "شمس و یوم" هەر رۆژ دەڵێن.

وەک پێشتر گوتمان "ژی" بۆ "ژیگه" باشه، بۆ "ژینامه"ش هەر "ژی" باشه که نوونێک کەم بووه. "ژیننامه" خۆش نییه. له کاتی گۆکردندا وشەکه دەچێته کەپووەوه و ئاسێ دەبێ.

* بنووس بۆ "کاتب" له نووسەر باشتره. پاشگری "ەر" له زمانی کوردیدا نییه له چەند وشەیەک بەولاوه وەک کۆچەر ئەویش له کۆچکەرەوه هاتووه. راگەیاندنی کوردی باکور دەڵێن کۆچبەر له جێی کۆچەر، ئەوه هەڵەیه. کۆچبەر کۆچبارە واته "باری له کۆچدایه" یاخۆ "کۆچوبار" وەک که کرمانجیی باشوور دەیڵێن. بۆ "اسم فاعل" کۆچەر تەواوه، کۆچ واته "رحلة، هجرة"، "کۆچەر"یش "مهاجر". نموونەیەکی تر بۆ پاشگری "ەر" وشەی "راخەر"ە. حەسەن زیرەک دەڵێ: "سەر و ژێر راخەری من هەر قوڕ و بەرد و دار بێ"، راخەر لێرەدا شتێکه هاتبێته راخستن نەک ئەو کەسەی رادەخا، واته ناوی کریار نییه. وەک پێشتر گوتمان نووسیار "محرر"ە. نووسیار بنووس نییه وتار

یان کتێب بنووسی، لەوانەیە هیچ نووسیشی نەبێ و تەنیا بە نووسی کەسانی تردا بچێتەوە. بخوێن "قاریء"ە. ئەمەش لە خوێنەر باشترە. لە دەقێکی فۆلکلۆریی ناوچەی پشدەردا بینیم دەڵێ "ئەز عالمەکی بخوێنم". جوان بدوێ "بدوێ: قسەکەر" لە خەج و سیامەندا هاتووە، ئەو دەقەی عوبێدوڵڵا ئەیبویان چاپی کردووە. بلێر "قائل"ە، لە زمانی هەندێک ناوچەی کۆیەدا هەیە. بکوژ و ببڕ ئیدیۆمە بە واتەی زۆردار. "ببەز" کەسێک یان گیاندارێک باش ڕێ ببڕی، لە لاوکی دەروێشی عەبدیدا هاتووە دەڵێ "من دقێ ماینەکا ببەز، جۆتە تاجییەکا بکوژ". بزان "عارف"ە، "زانک" بۆ "معرفە" باشە، لە کوردیدا زانا بۆ عالم ڕۆیشتووە. پێزانین "تقدیر"ە، پێ نەزان"سافل"ە. فۆلکلۆر دەڵێ: "سپڵەی پێ نەزان". "بوێر" وشەیەکە هەموو ڕۆژ بەسەر زمانانەوەیە، بوێر نەبوایە، نەزانان ڕەنگە "وێرەر"یان دابهێنایە."بوێر"یش لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا لە فۆلکلۆردا هاتە دۆزینەوە.

پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١ وتارێکم لەبارەی "بنووس و بخوێن"ەوە نووسی بۆ کۆواری "کاروان" کە حوسێن عارف سەرنووسیاری بوو، وتارەکە چاپ بوو، بەڵام ژمارەکە بڵاو نەبووەوە و لە بەغدا فەوتاندیان. پێش من محەمەدی مەلا کەریم چەند وتارێکی لەوبارەیەوە نووسیبوو و شەڕەنووسی بۆ کردبوو. بەڵام کەس ددانی بە "بنووس و بخوێن"دا نەهێنا و هەتا ئەمڕۆش. ئەم "بابەتی بنووس و بخوێن"ە بابەتێکی کۆنە، لەبەرئەوەی ڕاستە، جێ ناگرێ، چەوت بووایە لەمێژ بوو چەسپیبوو.

هەر بەو بۆنەیەوە "دانەر"یش هەڵەیە، دەبێ "دانیار" بێ بۆ "مؤلف"، بۆ "مؤلفات"یش "دانار" لەسەر کێشی "وتار".

ڕاستە، وەک گوتم زاراوەی "نووسەر و خوێنەر" ڕەگیان داکوتیوە و لە هەڵەکەندن نایەن بەڵام دەبێ چیی تر بەو پاشگری "ەر"ە کار نەیەتە کردن. زۆر وشەی قۆڕی وەک: کوژەر، شۆرەر، بێژەر، بڕەر، تۆژەر، مژەر، چێژی خوێندنەوە یان گوێگرتن لە میدیای دەنگی و ڕەنگیی کوردیدا دەمرێنن. کوردی ڕۆهەڵات "ئاخێوەر"یان داهێنابوو کە زۆر کرێتە. لە زەینمدا نییە میدیای باکور چێ دەڵێن بەڵام دڵنیام شتێکی چەوت بەکار دەهێنن. مرۆڤ تێ ناگا بۆچی هێندە ئاشقی دروستکردنی زاراوەن بەبێ هەبوونی هیچ بنەوایەکی زانستی لە کارەکەدا. کوژەک لە جێی "کوژەر"ی هەڵەدا زۆر باشە ئەگەر کوژەک، گازی "تارومار"ی مێروو، مەبەست بێ لێی. ئەگەریش بۆ مرۆڤ یان گیانلەبەرانی دڕندەت بێ، "بکوژ" تەواوە وەک نموونەکەی لاوکی دەروێشی عەبدی، یان "بکوژ و ببڕ"ی ئیدیۆم. شۆرە لە جێی "شۆرەر"ی هەڵە، بڕە لە جێی "بڕەر"ی دزێو. کورد دەڵێ "هەڕە لە بڕە ناکەیەوە" ئیدیۆمە، واتە تۆ نەزانی. هەڕە و بڕە دوو ئامێری دارتاشین، دیارە یەکیان لە هاڕین و ئەوی تر لە بڕینەوە هاتووە. دەبێ لە جێی "بێژەر" بێژیار بێتە گوتن وەک: کڕیار و فرۆشیار و جوتیار. لە هەمووی سەیرتر، ڕاگەیاندنی کوردی باکور "بوویەر" بەکار دەهێنن لە جێی ڕووداودا، دیارە لە "بوو+ەر"ەوە چایان کردووە، دەنگێکی "ی" خستووە نێوان لەبەرئەوەی "بووەر" خۆش نییە بۆ گوتن.

* زاراوەسازی دوو قۆناغی هەیە، یەکەم قۆناغ ئەوەیە، ئێمە زاراوەی کۆن و لە کاردا نەماو، بهێنین واتەی تازەیان بکەین بە بەردا. وەک چۆن عەرەب وشەی سیاسەتیان لە مەیتەری ئەسپانەوە وەرگرت و گەلانی تریش هەر وا دەکەن. بێ شک وشەش مێژووی هەیە لە زماناندا، نموونەی "مەگەزین" لە پێشەوە گوتمان. بۆ مێژووی وشە، چەند نموونەیەک لە زمانی کوردیدا:

جاران لە لادێدا "زیندەماڵ"یان بۆ ماڵ و سامانی گەڕۆک بەکار دەهێنا، وەک مەڕ و مالات و گوێدرێژ و ئەسپ و ماین و گا و گۆتاڵ، بێ شک ژن و منداڵیش لەگەڵدا. "مردەماڵ" زەوی و خانووبەرە و رەز و باخ و رەنگە ئامێری جووت و دروێنە و ئەمانەش بووبن. ئەو ژیانە نەما، دەشێ ئەمانە ببنەوە بە زاراوە بۆ چمکی سەردەمییانەی نێزیک لە خۆیان، وەک "أموال منقولة و أموال غير منقولة". یاخۆ "دەرماڵە: مخصصات اضافية"، دەرماڵە ئەو برە پووش و کایەن لەو وەرزانەی پەز و ئاژەڵ بە لەوەڕی خۆیان لە دەرەوە تێر ناخۆن و ئێوارە کە رایان دەدەنەوە بۆ ماڵ، لەوێ پێیان دەدەن. وشەیەکی زۆر بەجێیە و کتومت مەبەست دەپێکێ. تووتنەوانیش پاش کار تەواوبوون و وەرگرتنی مزی کار، خاوەن تووتن کەمێک تووتنی پێ دەدا بۆ کێشانی خۆی، ئەوە پێی دەڵێن "دەرماڵە".

زاراوەیەک پێش چەند ساڵە فەرهەنگی "زاراوەکانی کۆڕ"دا بەکارم هێنا، زاراوەی "خاوکەر" بوو، خاوکەر جۆرێکە لە سترانی کۆنی کوردی بەتایبەتی لە ناوچەی گەرمیاندا. دیارە ئەو گۆرانییە دەروون و دەماری کرژ خاو دەکاتەوە. من بۆ "حبوب مسكنة: دەنکەی خاوکەر"م بەکار هێنا. یان زاراوەی "پشتیر"م بۆ "ملحق ثقافي"ی باڵوێزگەکان بەکار هێنا. نووسیم "پشتیری رۆشنبیری". پشتیر ژووری ئاژەڵانە لە خانووی کۆنی لادێدا، "نیشتمان" ژووری مرۆڤ بووە و "پشتیر" بۆ ئاژەڵان. ئێستە "نیشتمان" بووە بە وڵات. نابێ بیر لەوە بکەیەوە کە "پێشتر" شوێنی مەڕ و مالات بووە و چۆن بۆ پیاوی دیپلۆمات ببێ، زاراوەی "پشتیر" دیارە لە پشت+ پاشگری "یير"ەوە هاتووە کە ئەمەش بۆ ئەو شوێنەی مەبەستە تەواوە، ژوورێکە لە پشتەوەی ژووری سەرەکیدا جا چ ئاژەڵی بچێتە ناو یان رۆشنبیری دیپلۆمات. لە ئینگلیزیشدا وشەیەکی کۆنە، لە فەرەنسییەوە هاتووە.

* زاراوەیەکی تر دڵخۆشی کردم کە بۆم دەرکەوت کوردیی کۆنە، کێ زیندووی کردووەتەوە؟ دیار نییە. ئەویش زاراوەی "پەڕتوێک"ە کە ئێستە بە هەڵە دەنووسن پەڕتووک. هێشتا رواڵ بووم و بە هەموو شت باوەڕم دەکرد نووسێکم خوێندەوە دەیگوت: زاراوەی پەڕتووک لە پەڕ و تووکی مریشک و باڵندەی ترەوە هاتووە و زۆر ناشیرینە بۆ کتێب. راستی بڵێم، لەو دەمەوە بێزم لە وشەی "پەڕتووک" بووەوە، وازم لێی هێنا. وا بزانم هەموو کەسیش لەمێژە وازیان لێ هێناوە جا یان بە کاری ئەو نووسە یان بە کاری نووسی تر. کێشەی پەڕتووک ئەوە بوو لەگەڵ"پەڕاو-دەفتەر"ی کرێتدا بەیەکەوە داهاتبوون، بەیەکەوەش مردن. پەڕتووک بە دەردی پەڕاو مرد ئەگەرنا زاراوەیەکی زۆر بەجێیە، چ پێوەندیشی بە مریشکەوە نییە. وا بزانم ئەو وتارە محەمەدی مەلا کەریم

نووسیبووی. باش باوەڕم پێی هات، ئەو، ڕۆژنامەنووسانە دەینووسی و نووسی ئەو، ئەو دەمە زۆر کاری لە بخوێنەوان دەکرد. ڕەنگە هزری ڕامیاریی ناوکۆش ڕۆڵی خۆی بینیبێ. پاشانیش زۆرجار لە نووسی کوردیدا دەمخوێندەوە کە باسی زاراوەی داتاشیویان دەکرد چۆن نەزانانە داهاتوون و چۆنیش زوو مردوون، دەیانگوت بە وێنەی "پەڕتووک". ئەمە قسەی حەفتایەکان بوو. وەک دیارە لە سەرەتای حەفتایەکانی سەتەی پێشووەوە خوێندەواریی کوردی پەرەی سەند وەک بەشێک لە هەلومەرجی ئاشتیی دوای ڕێککەوتنی ئادار.

بێمەوە سەر پەڕتوێکی خۆمان، ڕاستیتان بوێ "پەڕتوێک"، کە ڕاستەکەیە و "پەڕتووک" شێواوەکەیە، زاراوەیەکی کۆن و ڕەسەنە. لە "پەڕ- صفحات" و "توێ- کە ئەویش هەر پەڕە بەڵام توێ توێ لە بان یەکدا" دەگرێتەوە. توێک، توێ و توێژیشی پێ دەڵێن وەک "شرائح یان صفحات". کەواتە پەڕتوێک "مصحف"ە. دەبێ کورد لە زووەوە پێویستی بە زاراوەیەک هەبووبی بۆ "المصحف الشریف".

* زمان بەلای منەوە تەبارەی گەنمە، تەبارەیەک بەری تەمەنی گەلێکە لە هەموو مێژوودا، هەر ئەوەشی بۆ ماوەتەوە. کە دەبینم نەزانانە بەناو ئەو تەبارەیە دەکەون و پێشێلی دەکەن، ڕەشەوڵاخی لادێم بەبیر دێتەوە. نموونەیەک: لە زمانی ڕۆژنامەوانیی کوردیدا، لە جێی "هەروەها گوتی"، دەنووسن "گوتیشی"، دەڵێن "یەکێک سەرەتا وای گوت، دواتر گوتیشی"، گوتیشی لێرەدا واتەیەکی تر دەدا نەک هەروەها. وەک کە دەڵێی "تکامان لە کابرا کرد ئەو کارە نەکا بەڵام هەر کردیشی، ئەوەی وتی کردیشی". یاخۆ "قسەی خۆی هێنایە جێ، هات و بردیشی یان هاتیش و بردی"، ئەو "ش"ی نێوان توێی وشەیەک، فرەپاتە و تەئکیدە بۆ سووربوون لەسەر کردنی کارێک نەک گەیاندنی واتەی "هەروەها". دەشخۆم و دەشبەم، واتە هەر و هەر، نەک هەروەها.

نموونەیەکی تر: دەنووسن "بزر بوو"، "بەشدار بوو"، "خافڵ بوو"، ئەم "بوو"انە زۆر نابەجێن کە لکاون بە وشەوە، دەبێ بڵێی "بزران هاتنەوە، بەشداران ڕۆیشتنەوە، خافڵان لە ژیان تێ ناگەن، تۆی بزر کەی دیار دەبی، من بەشدارم لەو کارەدا"، "بزر: مفقود، بەشدار: مشارک"ە بەبێ بوو. ئەوەی دای هێناوە گەردەنی ئازا نەبێ.

نموونەیەکی تریش بۆ شێواندن بە نەزانی: وەک چەند ساڵە بووەتە باو "واردە: هاوردە"یە، "صادرە: هەناردە"یە، کە کوردانە بڵێی "استیراد" دەبێ بڵێی هاوردن نەک هاوردەکردن، کە بڵێی "تصدیر" دەبێ بڵێی هەناردن نەک هەناردەکردن. کوردی سەرووش هەناردن "هنارتن" دەڵێن، دەبێ "هاوردن"یش وەربگرن، یەکیان بە تەنیا نابێ. ئەم دوو وشەیە دەڵێی برا جمرانەن. بۆ "دخل"یش "داهات" ڕۆیشتووە. کەواتە: داهاتەیل "مدخولات"، هاوردەیل "ایرادات"، هەناردەیل "صادرات"، زۆر بەجێن. هەر بە بۆنەی ئابوورییەوە کە لە داهاتەیل و هاوردەیل و هەناردەیل دواین، پێم باشە بە "رکود اقتصادي" بڵێین "مەندانەی ئابووری". مەند: ڕاکد، مەندی: ڕکود، بەڵام وەک زاراوە بۆ

"ركودي اقتصادي" "مەندان" و "مەندانە" باشن. مەندان ناوی ژن و پیاویش بووە لە کوردیی کۆندا، ئێستەش لە گۆرانیدا ماوە "مەندانێ و مەندانێ، لێلێ مەندێ". مەندان کەسێک بووە گران و سەنگین.

* بخوێنەوەی بەرێز: وەک دەبینی لە کەرەستەی "بەکۆکردن: جمع"ی وشەدا، من زیاتر "ەیل" و "گەل" بەکار دەهێنم: "ژنەیل، کوڕەیل و باوکەیل، پێشمەرگەیلی کوردستان". ئەوە کەرەستەی "بەکۆکردن: جمع"ە لە دیالەکتی کەڵهوڕدا، شێوازێکی زۆر شیرن و خۆشە ئەم شێوازە. ئەم "بەکۆکردنەی ئەوان" لەوانەی هەردوو کرمانجی باشترە کە رێککەوتنیان لەبارەوە نایەتە کردن. وێڕای ئەوە: با ئاوڕێکیش لە کەڵهوڕ بدەینەوە هەر نەبێ بە "ەیل، یێل"ێک، ئەوانیش بەشێکن لە زوانی کوردی. ئەم بەکۆکردنە بەباشی دەتوانێ لە کرمانجیی خواروودا جێی خۆی بکاتەوە. من دوو ساڵە بە کاری دەهێنم لە نووسیندا و کێشەم نییە. بنووسەیلی دیالەکتی باکوریش دەتوانن بەکاری بێنن: "پێشمەرگەیلێ کوردستان، ژنەیلا رێیا ئازادی". تۆ سەیرکە کە هەنگاو بنێین بەرەو زمانی یەکگرتوو بە دڵی پاک و خاوێنەوە، زوانەکەمان چەند پێشکەوتووتر خۆی دەنوێنێ، ئەم زوانە وێران و ماڵوێرانەی ئێمە بەدەست خۆمانەوە.

* بگەڕێی لە کۆنە کتێب و فۆلکلۆردا، دەیان و سەتان زاراوەت دەست دەکەوێ، یان بۆت دەردەکەون. بۆم دەرکەوت "شناشیل"ی بەغدایی "شانشین"ی کوردییە کە جاران کورد بە بالکۆنی ئێستەیان دەگوت "شانشین"، "دەردەشە" دەردەژە یان دەردەدڵی خۆمانە. لە شیعرێکی "المعلقات السبعة"دا وا دەست پێ دەکا: "ألا هبي بصحنك فأصبحينا – ولا تبقي خمور الأندرينا"و وا بزانم شیعری "كعب بن زهير"ە کە یەکێکە لە گەورە شاعیرانی سەردەمی جاهیلیی عەرەب. زوو، پێش بیست ساڵ، لە کتێبێکدا لە ژێرەنووسی ئەو شیعرەدا خوێندمەوە کابرای شرۆڤەکار گوتبووی: "شاعیر ئەم شیعرەی لە حەلەب گوتووە". قسەکە رێی تێ دەچێ لەبەرئەوەی عەرەب ئەو کاتە زۆر هاتوچۆی شامیان دەکرد بۆ کاڵاگۆڕی. هەروەها گوتبووی: "ئەندەرین، واتە دیوی ماڵەوە، دیوی ژن و منداڵەیل لە خانوودا". هەروەها گوتبووی "ئەندەرین وشەیەکی فارسییە". بنووس و لێتۆژەوانی عەرەب لە دۆخی وادا بەس گوتوویانە فارسییە، نەیانگوتووە کوردییە بۆ نموونە، لەبەرئەوەی کوردی زمانێکی نووسەنی نەبووە. کابرا کینەوەریش نەبووبێ چۆن بڵێ کوردییە؟ کوا کتێب کوا سەرچاوە کوا دەسەڵات و دەوڵەت؟ بە کورتی، کوردی زمان نەبووە.

شام لەسەر رۆخی کوردستانە، دەبێ "ئەندەرین" کوردی بێ، کورد ئەو کاتە موسڵمان نەبوون، زۆر خەریکی بادەکاری و بادەخۆری بوون، زەینەفونیش "پێش زاین" دەڵێ شەراوی خۆشمان لە ماڵە کاردۆخییەکاندا خواردەوە. راستە "ئەندەروون" وا رۆیشتووە کە فارسییە و فارس بەکاری دەهێنن، بەڵام ئێستەش کوردی باکور "هوندر: ژوورەوە و هوندرین: ژوورەوەیی" دەڵێن. هەرچۆن بێ، "ئەندەرین" یانەخۆ "هوندرین" بۆ "حریم" زاراوەیەکی یەک بە بالایە. کوردیی خۆمانیشە و باکورییە.

زوانی خوێندەواریی کوردی، ڕۆژانە زاراوەی نوێی لێ پەیدا دەبێ بێ ئەوەی ناوەندێکی بڕیاردەر ئاگای لێ بێ. زۆربەی ئەو زاراوانە لەسەر بنەوای هەڵە پەیدا دەبن. ناوەندی بڕیاردەر نییە وەک گوتم، هەر کەس لە ماڵی خۆیەوە زاراوە دادەنێ و شاروەشێنیان دەکا، "شاروەشێنی: تسویق"ە. بۆ بەختی ناپوختیش، کامیان لە هەمووی هەڵەترە، ئەو خۆی دەسەپێنێ و دەبێ بە ماڵ. یەکێک لەو زاراوانەی بە هەڵە سەریان هەڵداوە و چەسپیوە "زانکۆ"یە. با لە زانکۆوە دەست پێ بکەین کە دەبوایە پڕۆفیسۆرانی زوانی کوردی ناوی ئەو دەزگایەی خۆیان چاک بکەنەوە.

* زانکۆ لە زان+کۆ هاتووەتە دروستکردن. "کۆ" دیارە چییە وەک: گڵکۆ، پاشکۆ "پاشکۆی ئەسپ"، ناوکۆ. ناوکۆ شتێکە زۆر کەس تێیدا هاوبەش بن. دەبێ "کۆ"ی زانکۆ مەبەست لێی کۆکردنەوە یان کۆبوونەوە بێ. گڵکۆش هەر وایە. پاشکۆ ڕەنگە لە "پاش+ک+ۆ"وە هاتبێ. "پاشک" دیارە کە پشتەوەیە، "ۆ" لێرەدا بۆ بچووکردنەوە. با دوور نەکەوینەوە لە مەبەست. پرسیار لە "کۆ"دا نییە، پرسیار لە "زان"دایە، زان وەک دیارە ڕەگی چاوگە، چاوگی زانین "ین"ەکەی پێوە نەماوە. ئەوەی ئەم زاراوەیەی داناوە بچووکترین شارەزاییی نەبووە لە زوانی کوردیدا، ڕەگی چاوگ تەنیا پاشگر وەردەگرێ، "کۆ" پاشگر نییە، یان وشەیە یان لەتە وشەیە.

بۆ "جامعة" زاراوەی زۆر لەبارتر هەیە، ئێستەش نەچووە بچێ، زانستگە هیچ کەمایەتیی نییە لە جێی زانکۆی هەڵەدا. بنووسین زانستگە بێ "ت"یەکە باشتریشە. ڕەگی چاوگی زانستن "زانستن واتە زانین لە کەڵهوڕیدا" دەبێ بە زانس، زانس پاشگری "گە"ی پێوە بلکێنە دەبێ بە زانسگە. کەڵهوڕ و هەروەها گەرمیانیش دەڵێن زانستم لە جێی زانیم. هەروەها دەشێ بڵێین "زانیار" لە بەرامبەر "طالب"دا. قوتابیی زانکۆ "طالب العلم"ە. وەک پێشتر گوتم لە پرسی "کریار"دا، هەندێک جار ئەم زاراوانە "اسم فاعل و اسم مفعول"ن لە یەک کاتدا. زانیار زانینە وەک لە ناوی "کۆڕی زانیاری کورد: المجمع العلمي الكوردي"دا و "اسم مفعول"ە، لە "زانیار" بە واتەی قوتابی "طالب"یشدا ناوی کریارە "اسم فاعل". با کەمێک ڕوونتری بکەمەوە: پرسیار، بڕیار، ناسیار، ئەمانە ناوی بەرکرن. جوتیار، دانیار، کڕیار، ئەمانە ناوی کریارن. هەشە هەردووکیان وەردەگرێ وەک: کریار، زانیار. ئەمانەی دوایی "اسم فاعل و اسم مفعول"ن لە یەک کاتدا. (تێبینی: کریار هەیە و کڕیاریش هەیە، یەکیان "ر"ی سووکە ئەو تر گران، لێت تێکەڵ نەبێ).

* خوێندکار، هەڵەیەکی ئاشکرایە. کرێکار و دەسکار و پێشکار لە "کرێ، دەس، پێش" لەگەڵ پاشگری "کار"دا پێک هاتوون. گوتم پاشگر واتەی نییە، بەڵام پاشگری "کەر و کار" پاشگری تەواو نین، ڕۆڵی پاشگر دەبینن. لە "کردن"ەوە هاتوون کە وشەیە. "کەر"یش ڕۆڵی پاشگر دەبینێ وەک لە "نانکەر"دا.

"خوێند" هیچ نییە، تا کار وەربگرێ. "خوێندنکار" بوایە هەرچەندە هەڵەش بوو بەڵام واتەیەکی هەر دەدا. کورد گوتوویەتی خوێندەوار بۆ "متعلم"، ئەوانە بیانگوتایە خوێندەکار هێشتا دروستتر

بوو. باشتر وایە بنووسین زانیار بۆ "طالب" وەک پشتر نووسیم. "فێرکار" بۆ مامۆستای سەرەتایی دەنووسن، ئەویش هەڵەیە. "فێر" هیچ نییە، فێرەکار تەواوە واتە فێرەئیش بەڵام "بۆ مامۆستا" نابێ. فێرخوازیش هەڵەیە و هیچ واتەی نییە. خوازی چی؟ فێر. بەڵام فێر چییە؟ هیچ. بۆ "معلم"ی سەرەتایی یان هەر "معلم"ێکی تر "مامۆستا" باشە، کێشەکە بۆ ژنانە کە پێیان بڵێی مام، ناشبێ بڵێین "پوور وەستا". بەڵێ با مامۆستا بێ وەک هاتووە. بۆ "مدرس" دەرسوێژ، دەرسبێژ باشە.

* بۆ "الجامعة العربية" جاران لە کتێبی خوێندندا دەیاننووسی زانکۆی عەرەبی کە بەڕاستی مایەی پێکەنین بوو. ئێستە کوردی باکور "کۆمکار"یان داهێناوە کە هەڵەیە. لە "کۆم+کار"دا کۆم واتە "کۆ"، کاریش وەک باسمان کرد نیوە پاشگرە. زاراوەی کۆمکار واتەی کاری پێکەوەیی دەدا، کە مەبەست ئەوە نییە لەو دەزگا عەرەبییەدا. "جامعة" کۆکەرەوەیە، کۆکەرەوەی عەرەبە. ئەگەر مەبەست کاری پێکەوەیی بوایە، خۆماندووکردنی نەدەویست، "زبارەی عەرەبی"، "هەروەزیی عەرەبی" باشتر بوون. جگە لەوەی "کۆم" واتەیەکی تریشی هەیە کە تەواو ناخۆشی دەکا. من "کۆوەند، کۆبەند" پێشنیاز دەکەم، دەقودەق واتەی مەبەست دەدا.

* بۆ "القمة العربية" تۆقەڵانی عەرەبی زۆر باشە. بۆ "الجمعية" کۆمەڵە زۆر باشە و لەمێژیشە هەیە. بۆ "مجتمع" کرمانجیی سەروو دەڵێن جڤاک، خواروو دەڵێن کۆمەڵگە، هەردووکیان باشن، بەڵام با ئەوەی سەروو بۆ "مجتمع" بمێنێ، کۆمەڵگە بۆ "مجمع" گونجاوترە. جڤات: مجلس، یەکویەکە. جاران لەو گوندانەدا "جمات"یان دەگوت، جمات هەر جڤاتە، باوکم دەیگوت "بە جمات نوێژمان کرد".

* پیتاندن بۆ "تخصیب" بەکار دەهێنن، پیتیش بۆ "خصوبە". پیت لە "زەویی بە پیت"ەوە هاتووە. بۆ زەویی باش پیت و پێز و بڕشتیش دەڵێن. بۆ گەنمێک بیکەن بە ئارد و نانی باشی لێ چاک ببێ دەڵێن ئەم گەنمە نانی بە پێزە. پیتاندنی یۆرانیۆم: "تخصیب الیورانیوم" تەواوە. لە جێی بەپیتکردن گوتوویەتی "پیتاندن"، باشی کردووە. عەرەباندن "تعریب"، کورداندن "تکرید" زۆر باشن، لە بەیتی کوردیدا هاتووە دەڵێ: "خوا دەکا و دەکرێنێ"، کراندن "خلق"ە. "مراندن"یش هەیە. تا ئێرە تەواوە بەڵام پیتاندن بۆ "تلقیح" نابێ وەک بەکاری دەهێنن. بۆ "تلقیح اصطناعی" دەڵێن پیتاندنی دەسکرد، دوو جار هەڵەیە. "تلقیح" لە کوردیدا پشکووتنە. کەمەک باسی دەوێ: پشکوتن بوونەوەی گوڵە، گوڵ دەپشکوێ. بۆ چاویش دەڵێن، چاوی پشکوت، واتە چاوی بووەوە. کرمانجیی سەروو پشکفتن دەڵێن. باشە و دەبێ بەدوای زاراوەی هاوبەشدا بگەڕێین. حەوتوویێک هەیە لە بەهاردا پێی دەڵێن باپشکێو، لەو حەتووەدا با دەپشکوێ، سەرەتای بەهارە، با ساردی بەری دەدا. "تلقیع" کردەوەیەکە لەخۆوە روو دەدا لە خۆزادا "لە تەبیعەتەدا" و مرۆڤ دەستی تێدا نییە. مێشەهەنگوین و پەپوولە "تلقیح"ی گوڵان دەکەن، بۆیەشە دەڵێن گوڵ پشکوت واتە "تلقیح" بوو. بۆ "تلقیح اصطناعي" "دەسپشکێو" باشە. ئیشەکە بە دەستە نەک دەسکرد، دەسکرد بۆ کاڵا و مایەیە. بە

دەستیش نەبێ ئامێرێک شوێنی دەستی گرتووەتەوە.

* دەڵێن زمانی زگماک، ئەوە هەڵەیە. ماک دایکە وەک گوتمان. زگیش سکە. دەشێ نەخۆشیی زگماک بێ و پێش زاینی مرۆڤ، لە لەشی دایکیدا نەخۆشییەکەی وەرگرتبێ. بەڵام کەس لە زگی دایکیدا فێری زمان نابێ. دوور نییە کەسێک لە دایەن یان زڕدایکەوە زمان فێر ببێ، کەواتە "زمانی دایک" بەسە بەبێ زگەکە.

* جارێک ویستم "جگەرەکێشان قەدەغەیە" بگۆڕم بە شتێکی گونجاوتر. پێش هەموو شت مەرج نییە تەنیا جگەرە بێتە کێشان، پایپیش هەیە، نێرگەلەش هەیە، هەردووکیشیان دووکەڵ دەکەن. لە سلێمانی دەڵێن "مژێکی لە جگەرەکەی دا"، لە هەولێر کەسێک جگەرە لە کەسەیلی تر وەربگرێ دەڵێن "لامژ". کارەکە مژینە بەڵام رەنگە بە شتی تری تێ بگەن بۆیە نووسیم "کێشان نییە"، خۆم لە قەدەغەش دزییەوە. ئەرێ "قەدەغە" چییە؟ کەس نازانێ. "کاتژمێر" ئامێری کات ژماردنە، تۆ کە بڵێی "سەعات سێ دێم، یان بڵێ دوو سەعاتمان پێ دەچێ"، کاتژمێر لێرەدا جێی نابێتەوە. عەرەب بۆ watch و بۆ hour هەر "ساعة" دەڵێن، کوردیش یەک زاراوەی داناوە با هەڵەش بێ گرینگ نییە بەلایەوە. کرمانجیی کاتژمێریان کردووە بە دەمژمێر، ئەویش هەڵەیە. بە بۆچوونی من سەعات هیچ خراپییەکی نییە، کورد "سات"یش دەڵێن، کە هەر سەعاتەکەیە بەڵام "سات" خۆشترە بۆ ئاخاوتنی کوردی.

× ئارایشت فارسییە، کوردی "خەمڵ، خەمڵاندن، خەمڵین، خەمڵا خۆ چێ کە" دەڵێن، وا بزانم پیرەمێردە دەڵێ: "خەمڵیوە خاکی وەتەنم". خەمڵگە باشترە لە ئارایشگە. پاداشت فارسییە. ئەگەر مەبەست لێی "پواب" بێ، ئەوە کورد دەڵێ خوا "چاکەت"بداتەوە، ئەگەریش مەبەست لێی دەسهەقی کارێکی نووسین یان هونەری بێ ئەوە "سەرقەڵەمانە"ی مەلایان زۆر باشە بۆ ئەو جێیە. سەرقەڵەمانە جیایە لە سەرەقەڵەم، سەرقەڵەمانە ئەوەیە هەقی خاوەن هۆشێک دەدەی کە کارێکی کردووە بە نووسین یان بە هونەر. سەرەقەڵەم "رؤوس أقلام"ە، سەرنج و تێبینیی بچووک دەگرێتەوە بۆ بەبیرهاتنەوە.

* وەک پێشتر نووسیمان: بۆ "سلبي و ايجابي"، ئەرێنی و نەرێنی زۆر باشن. بۆ "مثبت و نفي" ئەرێ و نەرێنمان بەکار هێنا. من بۆ جەوسەری "سالب و موجب" لە کارەبادا، "گەرمک و ساردک" پێشنیاز دەکەم.

* ژمێریار هەڵەیە دەبوایە ژماریار بێ. رەگی چاوگی ژماردن "ژمار"ە نەک "ژمێر". "ژمێرە" هەیە، شوانەوێڵەیەک دەڵێ: "بەرۆژ دەسکەنەی درک و داڵ دەکەم، بەشەو ژمێرەی خەت و خاڵ دەکەم". ژمێرە بۆ حساب یان بۆ "تعداد" باشە، هەرچەندە "سەرژمێری" زۆر باوە. ژمێرەی دانیشتوان زۆر خۆشە. ئەگەر بتەوێ لە "ژمێرە" ناوی کریار "اسم فاعل" دروست بکەی، ژمێریار نابێ، دەبێ "بژمێر" بڵێی. بۆ "بحر" زەریا باشترە لە دەریا. زەریا کوردیی پەتییە. لە نووسینی کوردیدا

دەریاچە بۆ "بحيرة" دەڵێن. مەلا جەمیل رۆژبیانی وشەی "زریە"ی بۆ "بحيرة" بەکار هێناوە. لە شارۆکەی مەریواندا "زرێبار زرێوار" هەیە، زرێبار ناوی دەریاچەکە نییە، هەر خۆی واتە دەریاچە. زرێبار یان زرێوار باشترە لە دەریاچە، زرێوار هەموو دەریاچەیەک دەگرێتەوە و زۆر خۆش و راستە.

* بۆ ئەوەی لە زمانی کوردیدا زاراوەی کۆن بژیەنینەوە، یەکێک لە رێگەیەل ئەوەیە ناوی گوند و شوێنان، هەندێکیان زۆر گونجاو و پڕبەپێستن بۆ زاراوەی تازەبابەت، وەربگرینەوە. یەکێک لەو زاراوانە "دووین"ە کە بە نموونە دەیهێنمەوە. کورد ئەوپەڕی ژیریی زمانەوانیی لە ناولێنانی شوێناندا بە خەرج داوە. "دووین" دێیەکە لە بناری چیای سەفین، شوێنی باووباپیرانی سەلاحەدینی ئەیووبی بووە. با سەرەتا کەمەک لە مێژوو بدوێین، بە کەڵکمان دێ:

"سەرسام" کاتی خۆی قسەیەکی گوتەنی "منطقي"ی دەکرد کە دەیگوت "دەبێ بنەماڵەی ئەیووبی لە دووینی نێزیک هەولێرەوە چووبن بۆ تکریت نەک لە دووینێکی زۆر دوورەوە". دەیگوت "لەو کۆچەدا ئەگەر بە دەو زێیی گەورەدا شۆڕ ببیەوە تا دەگەی بە هەواری نوێ، کۆچێکی ئاسان دەکەی، هەولێر و تکریت لەیەکەوە نێزیکن". ئاخاوتنی سەرسام تەواو. ناوبانگی ئەو بنەماڵەیە "بنەماڵەی ئەیووبی" بە کاربەدەستانی ئەوکاتە لە بەغدا گەیشتووە و بە دوایاندا ناردوون و ئەرکیان پێ سپاردوون لە تکریت. بەڵام مێژوونووسان ئاماژە بە "دووین"ێکی تر دەکەن لەوپەڕی سنووری ئازەربایجانی ئەودەمە، گوایە زێدی باووباپیرانی ماڵە ئەیووبییان بووە. دەشنووسن "دوڤین" نەک "دووین".

ئەم گرێکوێرە چۆن دێتە کردنەوە؟ بۆ دەمانێک، باووباپیرانی سەلاحەدین لە "دوڤین"دا فەرمانڕەوا بوون، مێژوو وا دەڵێ. پاش لە دەسچوونی فەرمانڕەوایی، کۆچیان کردووە بۆ نێزیکی هەولێر. گوندێکیان ئاوا کردووە و بەناوی گوندە خۆشەکەی خۆیانەوە ناویان ناوە "دوڤین". دوڤین لە ئاخاوتنی کرمانجیی خوارووا دەبێتە دووین. کارێکی ئاساییە بچی بۆ شوێنێک و ئاواییەک بە ناوی ئاواییەکەی جارانی خۆتەوە ناو بنێی. کوردستان پڕیەتی لەم دۆخە ناو لێنانە. لە هەر چوار پاری کوردستاندا ناو دووبارە دەبنەوە، ئەوە یان لە ئەنجامی کۆچکردنی خەڵکەوەیە کە ئەم ناوانە ناوکۆن، یانیش هەر بۆ خۆشیی شوێنێک، شوێنێکی تریان بەناو کردووەتەوە. دووین یەکێکە لەمانە. من بچم بۆ ئەوپەڕی دنیا و هەلم هەبێ شوێنێک ئاوا بکەمەوە یان ناوی شوێنەکە بگۆڕم، ناوی گوندەکەی خۆمانی لێ دەنێم "دووشیوان".

سەرسام و "کابرا" هەردووکیان لەسەر راست بوون، بەڵام کورد بڕیاری داوە هەر خۆی راست بێ و گوێ لە کەس نەگرێ. باووباپیرانی سەلاحەدین خەڵکی هەردوو دووینن، هەردوو دووینیش کوردستانن. دوڤین لەمێژەیە کوێر بووەتەوە، رەنگە ئەو شوێنە ئێستە کوردستانیش نەمابێ، بەڵام دووین ئاوەدانە و کوردستانە. وشەی دووین وەک "دواین"ی شێوە ئاخاوتنی سلێمانیەییە. بە

بادینانی دەڵێن: "ل دووڤ من وەرە"، واتە لە دووی من وەرە. "دووڤک" لە کرمانجیی سەروودا کلکە، واتە کۆتایی بە زمانی باوی نووسینی کوردی. کەواتە دوڤین و دووین واتەی "دووایین" دەدەن. "دووین" زاراوەیەکی لەبارە بۆ "نهایة". دەشێ بڵێی: "دووینی دیرۆک یان دوڤینا دیرۆکێ: نهایە التاریخ". لە کرمانجیی سەروودا، ناڤین هەیە، ئەوەش کەرەم کە دوڤین یان دووین. دوو زاراوەی زۆر لەبارن و دەبێ لە نووسینی کوردیدا بە بەرەڵڵایی بێنە بەکارهێنان.

* بەو بۆنەیەوە، "کۆتایی"یش هەر بۆ نیهایەت دەڵێن، بەڵام شێواوە. راستەکە "کۆتا"یە. کوردیی راست دەڵێ: "کۆتا بەو کارە بێنە، دەستم لێتان کۆتا نابێ، بە کۆتا هاتم، بە کۆتا بوو". نەک کۆتاییی پێ هات. بە کۆتاییهاتن نابێ، بە کۆتا هاتن راستە. ئەگەر شێوە راستەکەی بەکار بێنین، بۆ کرمانجیی سەرووش خۆشە. بە ئاخاوتنی سەروو بڵێ "بکۆتاهاتنا کارێ مە" زۆر ئاسانە بەڵام "کۆتاییی پێ هاتنا..." ئەستەمە. زمانی کوردی سەبارەت بەو زاراوەسازییەی لە هەردوو کرمانجیی سەروو و خواروودا بە شێواوی دێتە کردن، ئەوەندەی نەماوە ببێ بە دوو زمان. حاجی قادری کۆیی دەڵێ: "زمانی کوردی بڵاو نەبوو، گرد بوو، وا لە بەینی ئێمەدا تێ چوو". لە دەمی کۆتای ژیانی حاجی قادردا "دووینی سەتەی نۆزدە"، خوێندەواریی سەردەمی نوێ پەیدا بوو، دەبێ حاجی مەبەستی لەو سەردەمە بێ کە شێوان لە زمانی کوردیدا دەستی پێ کرد. پێشی سەتان ساڵ ئاوارەی دەڤەرێک لە دەڤەرێکی تری ئاخاوتن جیادا، کێشەی حاڵیبوونی کەمتر بووە لە خوێندەوارێکی سەتەی بیستەم.

نموونەیەکی تر: مەلایەکی هەولێری "مەلا جەرجیسی ناو بووە" پێشی دوو سەت و پەنجا ساڵە لای میرانی ئامێدی ژیاوە، کتێبێکی داناوە لەبارەی قەسیدەیەکی مەلای جزیرییەوە. بێ شک دەبێ شارەزاییی مەلا جەرجیس لە کرمانجیی سەروودا بەشی ئەوەی کردبێ کتێبی لەبارەوە دابنێ.

* وشەی وڵات دیارە وڵ+پاشگری "ات"ە. وڵ شوێنە یان کونە، هەرچییەکە واری ژیان و نیشتەجێبوونە. وڵبە پاشگری "ات"ەوە بووە بە وڵات، وڵات ئێستە نیشتمانە. بێ شک دەبێ پێشتر بۆ وار و دەڤەرێک بەکارهاتبێ بچووکتر. وڵ پاشگری "ەکە"ی بچێتە سەر دەبێتە "وڵکە". تورک "ئولکە" دەڵێن بۆ وڵات، هیچ شک نییە ئەم وشەیە کوردییە. نەک هەر پاشگری "ەکە" بگرە "وڵ"ەکە خۆشی کوردییەکی پەتییە. "دەستەک"یش کە لە تورکیدا بۆ "یارمەتی" دەڵێن هەر کوردییە، دەست لەگەڵ پاشگری "ەک"دا. کەشکۆڵ کە فارس و تورک و عەرەبیش بەکاری دەهێنن و ئێستە ناوی کۆوارێکە بە عەرەبی، کەژ+کۆڵ هەردوو وشە لە کوردیی ئێستەدا هەن. جاران "کەژکۆڵ" هەمان کۆڵەپشتی ئێستە بووە. هەگبەیەک لە کەژ و کێواندا لە پشتی بکەن "کەژکۆڵی دەروێشی". هیچ گەلێک ئەوەندەی کورد دەروێشی نەبووە، دەبێ زاراوەکەش داهێنانی خۆی بێ. هەر بەبۆنەی "کۆڵ"ەوە، "کۆڵدانەوە" لە کوردیدا ماندووبوون دەگەینێ، "کۆڵی دا" واتە ماندوو بوو. ئەمە پڕ بەپێستی "مساوەمە"یە کە لە نووسینی کوردیدا "سازش"ی فارسیی بۆ بەکار دەبەن.

* له زمانی نووسینی کوردیدا "ئاست" بەکار دێ بۆ "مستوی"ی عەرەبی، ئەمە هەڵەیە. دەڵێن "ئەو شتە لە چ ئاستێکدایە؟". لە بنەڕەتدا ئاست واتە "اتجاه"ە وەک: لە "ئاست مندا کاری وا مەکە. بەو ئاستەدا مەڕۆ". بۆ "مستوی" "ڕێکار" باشە، ڕێکار "ڕێک+ار" وەک بنار. بنار لە "بن+ار" دروست بووە، "بن" بنی هەموو شتێکە بە شێوەی گشتی، بەڵام بنار واتە بنی بان و بەرزایی. ڕێکار مستەوایە و رووکاریش بۆ "اتجاه" دەبێ، وەک ئاستەکەیە.

* لە عەرەبیدا "سابق" دەڵێن بۆ پێشوو، بۆ پێش پێشووش "اسبق" دەڵێن. پێش چەند ساڵێک من "پێشووتر"م بۆ "اسبق" بەکار هێنا، زۆر لەبارە بۆ ئەو مەبەستە. بەڵام ڕاگەیاندنی کوردستان وای شێواند نەیناسییەوە. بۆ هەموو پێشوویێک دەڵێن پێشووتر، پێشووتر جێی پێشووی گرتەوە. زاراوەیەکی تر "ئاشتەوایی" بۆ "مصالحة" یەکەمین جار من هێنامە ناو ڕۆژنامەوانییەوە، ئەویش شێوا و بوو بەجێگرەوەی ئاشتی. ئاشتی واتە "سلام"، ئاشتەوایی واتە "مصالحة". کوردی باکور وشەی ئاشتییان وەرگرتووە و کردوویانە بە "ئاشیتی"، ئەوە هەڵەیە. دەزانی ئەو بۆ کردوویانەتە "ئاشیتی؟". کە بە پیتی لاتینی دەنووسن "ئاشتی"، پیتی "i" دەخەنە نێوان دوو پیتی "ش" "ت"ەوە، ئاوها: a-iti. دەبێ ئەو بزۆکەیە لاچێ تا ببێتەوە بە ئاشتی. هەڵەی نەزانێک بە سەت زانا نایەتە ڕاستکردنەوە.

* ئەحمەدی مرازێ کوردێکی سۆڤیەتییە. لەمێژە مردووە، ژینامەی خۆی نووسیوەتەوە بە ناونیشانی "بیرئانینێد من"، مەلا شوکور هێنابوویە سەر ڕێنووسی کوردی و لە ئاراس وەک کتێب دەرچوو. ئەحمەد لە سەردەمی شەڕی یەکەمدا لاو بووە. بە زمانی کۆتای سەتەی نۆزدە و سەرەتای بیست، لە ناوچەی سنووری نێوان تورکیا و رووسیا، نووسیویەتی. کاک ئەحمەد زۆر وشەی پەتیی بەکار هێناوە، یەکێکیان "بێوان"ە. دەڵێ "عەشیرەتی ئەو ناوە، بەردەوام پەلاماری گوندی ئێمەیان دەدا، تاڵان و کوشتاریان دەرکرد". دەڵێ "خەڵکی گوندی ئێمەش بێوان بوون، واتە بێ چەک و بێ دەسەڵات بوون". لە عەرەبیدا بۆ ئەو مەبەستە "أعزل" دەڵێن. لە کوردیی ئەمڕۆدا دەنووسن "بێ دیفاع"، کە هیچ خۆش نییە. "بێوان" بەڕاستی زاراوەیەکی نازدارە. لە ئاخاوتنی سلێمانیەییدا "بێوەی" هەیە. بێوەی واتەی "بریء"ی عەرەبی دەدا. زۆرجار لە خۆمم پرسیوە "گەلۆ: بێ وەی چییە؟ دەبێ "وەی" چی بووبێ لە کوردیی کۆندا؟". توومەز "بێوەی" و "بێوان" هەمان ڕەگیان هەیە. هەردووکیان بە واتەی خەڵکی "مسالم" دێن. جاران زمانی کوردی یەک بووە.

ئەنگاوتە: "مصاب". نموونە: "چۆن نەناڵێ ئەم دڵە ئەنگاوتەیە؟" شیعری هێمنە. "ژمارەی ئەنگاوتان لەو تێکسرەواندنەدا چەند بوو؟ چەند کەس هاتنە ئەنگاوتن؟". ئەنگاوتن "إصابة"یە. دەبێ بڵێین ئەنگاوتی لە بریتی "أصابَهُ"، ئەنگوانی کەسێک "إصابَتِهِ". ئەنگوانی بە گوللەی وێڵ، یان ئەنگوانی بە دەردێکی کوژەک. ناشێ بڵێین "ئەنگاوتەبوونی". کورد هەروەها جاران گوتوویەتی بە تیری دوژمن ئەنگواوە. دەڵێ: ئەنگاوتم واتە پێکام "أصَبْتَهُ"، مەمئەنگێوە "لاتُصیبِنَي". مەمئەنگێوە

وەک مەمئاخێوەیە. "بەسم چاوان لێ ببزێوە، من بریندارم مەمئاخێوە – فۆلکلۆر". لە کرمانجیی سەروودا "هنگاڤتن" دەڵێن. بە چاوان هنگاڤتی. نیشانئەنگێو "هدّاف"ە.

لە نووسینی کوردیدا دەڵێن "فلانە کەس یان شت، زەدەی دەستی ئەوە و ئەوەیە". دیارە کە "زەدە" فارسییە، دەبێ لە جێی زەدە بڵێی ئەنگواو. "ئەنگوتن"یش هەیە لە کوردیدا بە واتەی دەرکەوتن، دەرکەوتنی رۆژ، مانگ، ئەستێرە. "طلوع الفجر". "نەسیم ئەنگوت و شەو رابورد، نەرگس هەر لە خەودایە" نالی. "مانگ ئەنگووت، رۆژ ئەنگووت، ئەستێر ئەنگووتن، چاوی یارم ئەنگووتن".

ئاوەزکە: "عقلية" لە ئاوەز و پاشگری "کە" پێک هاتووە. ئاوەز لە کوردیدا ماوەی سی ساڵێکە بۆ "عقل" دێتە بەکارهێنان. بەڵام گەلۆ دەبێ ئاوەز خۆی چۆن پێک هاتبێ؟ لەوە پێوە کە "ئاو"ە و پاشگرێکی چووەتە سەر، شتێک نییە. هەروەک "ئاوس"، کە گیاندارە و ئاوپەڕ بووە، یان "ئاوەزێ" کانییەکە بەهاران ئاوی تێ بزێتەوە. "ئاویژە" ئاو+پاشگرێکە، "ئاوەنیا" ئاو+پاشگرێکە، کە هەردووکیان "واتە ئاویژە و ئاوەنیا" زەوی و شینایی بەراون. "ئاوی" ئاو پاشگری "ی"ی چووەتە سەر. بەو پێیە "ئاوەز"یش هەر لە ئاو و پاشگرێک پێک هاتووە. ئەم وشەیە شوکور مستەفا یەکەمین کەسە هێنابێتیە ناو نووسینەوە. دەشێ بڵێین بەرئاوەز "معقول" وەک بەرهەست "محسوس"، "بەردەنگ" بۆ کەسێک بانگی بکەی و بە دەنگەوە بێ. "بەردەست" شتێکە لە بەردەستدا بێ، وەک بڵێی مامەڵەی بەردەست، یان چیت لە بەردەستدایە بۆ نووسین؟ بەردەست بۆ "فراش" بەکار دەهێنن لە دەزگایەلی میریدا، هەڵەیە. بە بۆچوونی من "بەردەنگ" باشترە کە بە دەنگی داواوە دێ، کابرا گیانلەبەرە، بەردەستی چی؟ لە کوردیی باکوردا "بەردەڤک" بۆ "ناطق رسمي" دەڵێن، هەڵەیەکی دیارە، بەردەڤک و بەردەنگ لە یەکتر دەچن و بەدەم داواوە دێن، خۆیان داوا و دەنگیان نییە. بەر+دەڤ+ پاشگری "ک"، دەڤیش دیارە کە دەمە. بێ شک کە بەردەڤک بۆ "فراش" باشترە نەک بۆ وتەبێژ.

ئاوەژی: گیانلەبەر یان رووەکێک لە ئاودا بژی "حيوان مائي". ئاوەژی بۆ پێچەوانە یان عەکسیش دێتە گوتن. لە ئاخاوتنی سلێمانییەیدا دەبێتە ئاوەژوو. شوێنانی تر زاراوەی تریش دەڵێن: واژی "بادینان"، بەرەواژ "هەولێر"، "ئاوەژوو"ەکە لە هەموویان باشترە بۆ نووسینی کوردی و وا باشە کوردی باکوریش بەکاری بێنن، ئاوەژووش هەر لە ئاوەوە هاتووە. وێنە کە لە ئاودا پێچەوانە دەبێتەوە.

ئاوەلەمە: "جنين". منداڵ لە پزدانی دایکیدا کە تازە پێک هاتووە و هێشتە ئاوە. پز "جنين"، پزدان "رحم"، ئاوەلەمە قۆناغی هەندێک دواترە لە پز. کۆرپە منداڵی ساوایە. ئەم زاراوانە بە شێوەی گوتەن "منطق"ی بێنە ریزکردن دیمەنێکی سەردەمییانە دەدەن بە زمانی کوردی. ئەوەی ئێستە هەیە ئاژاوەیە. پسمام "پزمام"، کوڕی مامە، هەر لە "پز"ەوە هاتووە.

ئاوگەلە: "مغترب". "ئاوگەلەبوونی مرۆڤ لە جڤاکی خۆی". "ئاوەکی"ش بە هەمان واتە دێ. "هاڤیبوون" لە کرمانجیی سەروودا هەیە، دەبێ "ئاڤیبوون" بێ لە بنەڕەت. لە کوردیدا دوو دەنگی "ه" "و" سەرئێشەی گەورەیان ناوەتەوە، هاسان ئاسان، هەوراز ئەڤراز، ئەرێ هەرێ، ئێسک هێسک و هتد. هاڤیبوون لە خوارووودا "ئاویبوون"ە. بنەڕەتی ئەم وشەیە ئەوەیە: هەندێک جار پەز لە گەلە دادەبڕێ و بەبێ چاو لێبوونی شوان دەچێتە سەر کانی و چەم. دادەبڕێ و بەجێ دەمێنێ و گۆنگەرێکی بەسەر دێ. پێشینان گوتوویانە "بزنی ئاوەکی یان گورگ دەیخوا یان دز دەیبا". هەروەها دەشڵێن بزنی ئاوگەلە یان گورگ....

ئاوڕەگ: عرق. "بە ئاوڕەگی ناوچەوان بژی، ئاوڕەگ بە لەشیدا هاتە خوارەوە". ئاوڕەگی ناوچەوان: "عرق الجبین". رەگ دەمارە.

ئاوەدانکاری: "إعمار". ئەمە باشترە لە چاوگی "ئاوەدانکردنەوە" بۆ ناو. "وەزارەتی ئاوەدانکاری" تەواوترە. من بوایەم ناوم لێی دەنا وەزارەتی ئاوەدانی تەنانەت بەبێ "کردنەوە"ش.

ئاوازە: نغمة، انغام. دەڵێ: "بە ئاوازەی کۆن دەژەنێ". ئاوازیش هەر پێوەندیی بە ئاو و دەنگی ئاوەوە هەیە.

ئاگروەکوژێنی: "إطفاء الحرائق"، "دەزگای ئاگروەکوژێنی" ناوێکی پوختەیە. ئاگرکوژاندنەوە دەڵێن، کە ئەوە کردەوەکەیە و بۆ ناوی داودەزگا ناگونجێ وەک پێشتر لە ئاوەدانکردنەوەدا گوتمان. پاشگری "ەوە" بێتە پێشەوە باشترە لەبەرئەوەی کلکی وشەکە چۆڵ ببێ، جێی پاشگرێکی تر دەبێتەوە.

ئاڵۆزی: تعقید. "ئاڵۆزییەلی ژیان، ئاڵۆزییەلی کێشەی سیاسیی کورد لە رۆهەڵاتی ناویندا". ئاڵۆز: معقد. وەک کاری ئاڵۆز، دەروونی ئاڵۆز. ئاڵۆسکان: ئاڵۆزبوون. بۆ نموونە "ئاڵۆسکانی کێشەیەلی ناوەخۆ لە عێراق بە رۆیشتنی ئەمەریکا زیاتر دەبێ". ئاڵۆسکان راستترە لە ئاڵۆزبوون.

ئاوارتە: "طارىء، إستثنائي". لە کرمانجیی خوارووودا "هەڵاواردە" هەیە بەڵام ئاوارتە کورتترە و کوردی سەروو بەکاری دەهێنن. هەڵەم نەکردبێ وشەیەکی زازاییە. سەیری کە چەند رێک دێ "هەلومەرجی ئاوارتە، هەلومەرجێن ئاوارتە". دەبێ ئاوارتە هەر "هاوێردە" بێ کە برێتییە لە شتێک لە گەلەی خۆی هاتبێتە جیاکردنەوە. بۆ نموونە هاوێرکردنی بەرخ و مەڕ لە یەکتر. دەشێ هاوێردە بۆ "شاژ" بێتە بەکارهێنان.

ئاردوو: سووتەمەنی. لە کوردیدا "ئاگردوو"ش دەڵێن، هەردووکیان باشترن لە سووتەمەنی کە دەستکردە و دەستکردێکە بە وەرگێڕان لە عەرەبییەوە. ئاردوو کوردیی پەتییە. من لێرە بە نموونە هێنامەوە بۆ نیازێکی تر، ئاردوو یان ئاگردوو لە "ئاگر و دوو"ەوە هاتووە. دووش دووکەڵە. وەک دەبینی "و"ی پێوەندی لە نێوان ئار لەگەڵ دوودا نەماوە. ئەمە شێوازێکی زاراوەسازیی رەسەنە لە

کوردیدا، وەک باربوو، کاربار "لە سەروودا لە جێی کاروبار دەڵێن کاربار"، دایباب "لە دای و باب"ەوە بە واتەی "الأبوين parents"، خوڕەوشت "لە نێوان خو و ڕەوشتدا واو نەماوە"، داودەزگا، داونەریت. بەو پێیە دەبێ بنووسین: بیربۆچوون، توندتیژی، خانوبەرە، ئەگەر "و" بچێتە نێوانەوە دەبێ بە دوو وشە. دەتوانین لەسەر ئەو بنەوایە بڵێین هێڵی تانپۆ "خط بياني". کە بڵێی تان و پۆ واتە هێڵی ئاسۆیی و ئەستوونی، بەڵام "تانپۆ" زاراوەیەکی تازە دەبێ.

ئۆباڵ: ژمە. "ئۆباڵ بە ئەستۆم جوانی – فۆلکلۆر". على ذمة التحقيق: لە ئۆباڵی تۆژینەوەدا. براءة الذمة: ئۆباڵپاکی. شراء الذمم: ئۆباڵکڕین. ئۆباڵ لە "وبال"ی عەرەبی نەهاتووە هەڵە تێ مەگە. ڕەنگە ئەوەی ئەوان لەوەی ئێمەوە چووبێ. ئۆباڵ واتە باڵ، وەک باڵی باڵندە و باڵی مرۆڤ "باڵی مرۆڤ قۆڵیەتی". کە دەڵێ کابرا تەنیا باڵە، باڵم شکاوە. ئۆباڵم بە ئەستۆت واتە باڵم کەوتبێتە گەردەنت. یەکێک کە دەست یان باڵی دەخاتە سەر گەردەنی یەکێکی تر، بۆ دەخالەتبوون و بەڵێن وەرگرتنە لێی. ئۆباڵم بە ئەستۆت، واتە لە زیمەتتدا بم. ئۆباڵت بەم ملە ڕۆژی بازاڕی قیامەت، بەڵێنە.

بەئەنجامدان، بەئەنجامگەیاندن: "انجاز، اداء". نابێ بنووسی ئەنجامدان، ئەنجامدان ئەوەیە ئەنجامێک بدەی بە کەسێک، نەک بەئەنجامی بدەی، کە دەکاتە جێبەجێی بکەی. ئەم "بە"یە بۆ زۆر شوێن پێویستە. دەنووسن "یادکردنەوە" ئەمە هەڵەیە، "بەیادکردنەوە" ڕاستەکەیە. عەلی مەردان دەڵێ: "بەیادم کە، بەیادم کە"، فۆلکلۆر دەڵێ "بەختی خۆم و یارەکەم بەتاقی دەکەمەوە". بەتاقیکردنەوە، بە تاق کردنەوەیە، واتە تاک تاک کردنەوە و جیاکردنەوەی شت لە یەکتر. تاقیکردنەوە لە عەرەبییەوە نەهاتووە. کورد جاران دەیانگوت جەژنت بەپیرۆز بێ. کوردانەترە لەوەی ئێستە دەیلێین.

بزاو: "حركة". جاران دەیاننووسی بزووتنەوە. بزووتنەوە "حركة" نییە، بزووتنەوە "تحرک"ە و بۆ ناو نابێ. بزووتنەوەی ئیسلامی ناوێکی هەڵەیە. هەروەها نابێ بڵێین بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، دەبێ بڵێی بزاوی.. هتد. پێش چەند ساڵ بۆ یەکەمین جار ئەم زاراوەیەم بەکار هێنا. "بانێ بزاوان"م لە دەقێکی فۆلکلۆریدا کەوتە بەرچاو، وا بزانم "خانزاد و لەشکری" بوو، کە محەمەد تۆفیق وردی کۆی کردووەتەوە. من بزاڤم نەکردبوو بە بزاو، هەرچەندە ئەمەش ئاساییە لەبەرئەوەی هەموو دەنگێکی "ڤ" لە چاڤ ئاڤ ناڤ هەناڤ دەبنەوە بە "و" لە کرمانجیی خوارووا.

بێزاندن: نبذ. بێزاندنی توندتیژی: نبذ العنف. لە گۆرانیی کوردیدا هاتووە "دنیام لەبەر دەبێزێ"، واتە ڕکم لێی دەبێتەوە، دەیبێزێنم. کابرا توندتیژی دەبێزێ: "ينبذ العنف" یان "يَنْفُرُ منه". بێزاندن لە واتەی شاراوەی خۆیدا نێزیکییەکی هەیە لەگەڵ "نَبْذ"ی عەرەبیدا لەبەرئەوە بۆ ئەو واتەیە یەکەویەکە. بێزراو لە ئاخاوتنی کوردیدا "منبوذ"ە، پیاوێکە کەس حەز لە دیتنی نەکا.

باری داسەپاو: امر واقع. سەپاندنی مەرجەیل: "فرض شروط". سەپان پێشگری "دا"ی

وەرگرتووە و واتەی گۆڕاوە. ئەم جۆرە زاراوانە دەبێ لە کوردیدا دەق بگرن و هەموو کەس بەکاریان بهێنێ.

بەپاشدانەوە: "رد". رد التهم: بەپاشدانەوەی تۆمەتەیل. بەپاشدانەوە باشترە لە ڕەتکردنەوە و ڕەتدانەوە. کوردییەکی پەتیی سەرزاری کورد بووە و دەستکرد نییە.

بناوانڕۆ: أصولي. بزاوێکی بناوانڕۆی لاڕێگر: حركة أصولية متطرفة. بناوانڕۆ وەک ئاوەڕۆ، تانجەڕۆ، لەگەڵ چێژکەی کوردیدا زۆر تەواوە. لەسەر هەمان کێش: نەتەوەڕۆ "التيار القومي". دەشێ بنووسین نەتەوەڕۆیی لە بزاوی سیاسیی عەرەبیدا. بناوانگر: "سلفي". بناوانگر وەک لاپەڕگرە کە من لاپەڕگرم بۆ "منعزل" بەکار هێناوە لە نووسینی خۆمدا و کوردیی ڕەسەنە.

بەرهەڵست: معارض. ئەمە باشترە لە ئۆپۆزسیۆن کە زۆر بەکار دێ. بێ شک زاراوەی خۆیی بۆ تێگەیشتن ئاسانترە لە زاراوەی بیانی. هیچ بیانگەیەک نییە بۆ بەکارهێنانی زاراوەی بیانی ئەگەر لە زمانی خۆتدا هەتبێ. گەلانی وەک تورک و فارس کە زمانەیلیان پڕ بووە لە زاراوەی یەکتر و لە زاراوەی عەرەبی، سەبارەت بەوەیە ئەوان لە زووەوە دەوڵەتیان هەبووە و زمانیان لە دەوڵەتداریدا بەکار هاتووە. ئەو دەمانە پارێزیان نەکردووە لە بەکارهێنانی وشەی بیانی، بگرە شانازیشیان کردووە بە تێکەڵەیی زمان. دواتر داودەزگەیان دانا و بە لێشاو پارە و ئەرک و کاتیان بەخت کرد بۆ خاوێنکردنەوەی زمانیان، ئێستەش بەردەوامن. کورد پێچەوانەی دنیا دەکا. بەرهەڵست و بەرهەڵستی واتە ئۆپۆزیت و ئۆپۆزیشن "معارض و معارضة"، بەرهەڵستکار و بەرهەڵستکاری هەڵەن. زاراوەکە لە ناخی خۆیدا کارەکەی تێدایە و "کار"ێکی زیادەی لە دواوە ناوێ.

بەرشەو: "عشية". لە نێوانی بەرشەو و پارشەوێکدا: بين عشية و ضحاها. لە توحفەی مزەفەرییەدا هاتووە دەڵێ: "بەرشەوێ بۆت دەکوژمەوە کەڵێ پارشەوێ بۆت دەکوژمەوە بەرانی".

بارەبەر: حمل. قانع دەڵێ "دائیم بارەبەر ئاغا و مام کوێخام". لە نووسینی کوردیدا دەڵێن "بارهەڵگر" کە هەندێک گرانە، دەستکردیشە. بارهەڵگر دەبێ، بەڵام زیاتر بۆ "شحن" دەگونجێ نەک حمل. کورد لە زووەوە گوتوویەتی "باری و سواری". چارەوێی بارەبەر: مركبة يان عجلة للحمل. چارەوێی سواری: عجلة نقل الركاب. لە نووسینی کوردیدا دەڵێن "سەرنشین لە برێتی راکب". سەرنشین لە کوردیدا نییە، بۆ گوێی من واتەی تەواویش بەدەستەوە نادا. کورد هەر گوتوویەتی سوار. سوار "راکب"ە جا چ سواری ئەسپ یان باڵەفڕ. پێش چەند ساڵێک نووسێکی پۆلیسی هاتوچۆم بینی نووسیبوویان: "واژۆی خاوەنی سوارۆ". دەڵێی لە لاوکی کۆنیان وەرگرتووە. سوارۆ بۆ "مركبة، عجلة، سيارة" نابێ. ئەو "ۆ"یە "سوارۆ" ئامێری بانگکردنە، وەک لە لاوکدا دەڵێ: "لێلێ سوارۆ تو وەرە مالا مە جارەکی...". "سوارە"ش نابێ لەبەرئەوەی سوارە واتە "راکب". دەڵێن "سوارە و پیادە". دەبێ لەمەبەدوا بنووسن "خاوەنی چارەوێ" بۆ "واژۆ"ش، بەڕاستی من نازانم لە چییەوە هاتووە، بێ شک شتێکی قۆڕە و بووە بە ملەوە. "واژ" وەک لە پێشەوە گوتم "واژی، بەرەواژ،

ڤاژی، بەرئاوەژوو، ئاوەژوو"ە بە واتەی پێچەوانەیە، "و"ێکی بۆ فشەی چووەتە سەر. "واژۆ" هیچ واتە نادا نێزیک بێ لە مۆرکردنی پەنجەوە، ئیمزاش نییە، تێکدانی زمانە و هیچی تر.

بێینەوە سەر "چارەوێ"، لە هەندێک ناوچە، ڕەنگە لای جافەتی و گەرمیان بێ زیاتر، دەڵێن "چارەوێ"، دەق لە جێی "مرکب"ی عەرەبی. جاران عەرەب بە گوێدرێژیان گوتووە "مرکب الصالحین". جارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە: چارەوێی بارەبەر و چارەوێی سواری. "سوار"یش لە جێی سەرنشینی بەدفەساڵ. بارهەڵگر: شاحنة نقل.

بیاوان: لە جێی بیابان خۆشترە بۆ "صحراء". بیابان وەک لە شێوەیدا دیارە لە "بێ ئاب"ەوە هاتووە. لە ناوچەی بادینان "بیاڤ" دەڵێن بۆ دەشتایی و چۆڵایی. بیاڤ دەبێ لە "بێ ئاڤ"ەوە هاتبێ. "دۆڵی بیاو"یش هەیە لە شوێنێک لەم کوردستانە. واتە: بیاو، بیاڤ هەردووکیان لە کوردیدا هەن. تکایە نەبێ بە چیرۆکەکەی بزاو.

باو: تقلید. ئێمە لە زوانی کوردیدا دەبێ بۆ "عادة، عرف، تقلید" سێ زاراوەی جیاوازمان هەبێ نەک وەک ئێستە بە هەڕەمەیی. ئەو سێ زاراوەیە زۆر جیاوازن لە یەکتر. باو بۆ "تقلید" باشە لەبەرئەوەی باو زوو زوو دەگۆڕێ. دەڵێن "وا باوە، باویەتی، باوی نەماوە". بۆ "عادەت"یش خوو باشە لەبەرئەوەی خوو بە شتێکەوە گرتن "تعود"ە. خوو وەک "ادمان"ە. دەڵێن "معتاد" واتە خووی پێوە گرتووە. دەمێنێتەوە "عرف" کە دەقودەق نەریتە. ئێمە گشتمان زۆر دەڵێین خووڕەوشت، داوونەریت، ئەمانە دیار نییە، کە دەق و دروست چ واتەیەکی دیار دەگەیەن. زاراوەی زانستی دەبێ یەک واتەی دیار و دەستنیشان "محدد" بدا و هیچ لێڵییەکی تێدا نەبێ.

بڕکە: بلۆک. بۆ نموونە بلۆکی سۆسیالیزم. بە عەرەبی دەیانگوت "معسکر" کە واتەی تەواو ناداتە دەست بۆ ئەو مەبەستە. بلۆک بۆ کۆمەڵە باڵەخانەیەک یان کۆمەڵە ماڵێکیش دێتە گوتن، یان کۆمەڵە وڵاتێکی شێوەی دەسەڵاتداریەتی لەیەکترچوو. بڕکە زاراوەیەکی کوردیی گونجاوە بۆ واتەی بلۆک، لە "بڕ+کە"، وەک دەڵێی بڕکە ماڵێک یان بڕکە وڵاتێک یان بڕکە مەڕێک. لە فۆلکلۆری کوردیدا هاتووە دەڵێ: "تەشی باریکان خوری مێ تاڵە، خاتوون بیرێسێ لەو بڕکە ماڵە". بڕکەی وڵاتەیلی سۆسیالیست. ماڵتان لە کیهە بڕکەیە؟ بڵێ بڕکەی ژمارە پێنج بۆ نموونە.

بنەبڕکردن، بەکۆتاهێنان: "إنهاء". چارەسەری بنەبڕ بۆ کێشەیەکە کە کێشەکە بە کۆتا بهێنی. بەڵام بۆ "حسم" دەبێ بڵێین یەکلاکردنەوە. حسم الصراعات: یەکلاوەکردنی ململانێ. ئەو "ەوە"یە هەر بێنە پێشەوە. گۆرانیی کوردی دەڵێ "دەرگام لێ وەکە کوشتمی سۆزەی بەیانی". وەکە "ڤەکە"یە.

بنەوا: مبدأ. بنەوا کوردانەترە لە بنەما. لە کوردیدا "بنەوێ"ش دەڵێن بۆ "اسس" و بناخە. دیارە کە هەردووکیان یەکن، دەڵێ ژنێکی بە بنەوێیە. المبادیء الأساسیة: بنەوایەلی سەرەکی. لە

نووسینی کوردیدا زۆرتر "پرەنسیپ" دەڵێن کە زاراوەیەکی بیانییە و لە رێی فارسییەوە بە کوردی گەیشتووە.

لە بن هەڵکەندن: اجتثاث. "یاسای لە بن هەڵکەندنی بەعس". ئەمە باشترە لە ریشەکێشکردن، لەبەرئەوەی ریشە و رەگ، گیاش هەیانە بەڵام رەگی دار زیاتر بە ئاخدا رۆچووەتە خوارەوە. "لە بن هەڵکەندن" بۆ شتێکە رەگی گەورە و ئەستووری هەبێ وەک حزبی بەعس. یاساش بۆ کاری گەورە دەردەچێ. فۆلکلۆر دەڵێ: "خوایە هەڵکەنی ئەو کێوە لە بن". دەشگونجێ بڵێین "لە بنەوە هەڵکەندن" بەڵام ئەوەی یەکەم باشتر و سادەترە.

بانگەشە: "إشاعة". لەمێژە بەکار دێ و زاراوەیەکی بەجێیە. لە کرمانجیی سەروودا "گەنگەشە" هەیە کە هەر خۆیەتی بەڵام ئەوان بە هەڵە بۆ وتووێژ بەکاری دەهێنن. وەک دەبینی بانگەشە لە "بانگ+پاشگری ەشە" پێک هاتووە و دەنگ بەسەر دۆخەکەدا زاڵە. لە گەنگەشەدا، دەبێ "گ"ی یەکەم لە بنەڕەتدا دەنگێکی تر بووبێ، وشەکە یان "بانگ" یان "دەنگ" بووە. لەبەرئەوە گەنگەشە وتووێژ نییە، لەوێشدا لایەنی دەنگ و بانگ و گازی زیاتر مەبەستن، واتە هەر بانگەشەکەیە و دەبێ چیی تر بۆ گفتوگۆ بەکاری نەهێنن. بانگهێشتن بۆ "دعوة" دێتە بەکارهێنان، هەندێک جار کورتی دەکەنەوە و دەڵێن "ئێوە بانگێشت کراون یان بانگێشتتان دەکەین بۆ..."، ئەوە هەڵەیە. بانگهێشتن لێی کورت بکەیەوە دەبێ بە بانگەشە "اشاعة" و تۆش "دعوة یان نداء"ت مەبەستە. لە بانگهێشتندا، هێشتن کاربەدەستە لە بوارەکەدا نەک بانگ.

بلەرزەی زەوی: "هزة ارضية". رەگی چاوگی لەرزین کە دەکاتە "لەرز" پێشگرێک و پاشگرێکی چووەتە سەر.

بەندەن: قمة. بەندەنی دەسەڵات. هێمن دەڵێ "عاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن". بەندەن بەرزاییە، لای سەرەوەی هەموو بەرزاییەکە دەگرێتەوە نەک تەنیا لووتکەکەی. بەندەنی دەسەڵات کۆمەڵێک کەسن. دەشێ "کۆنگرەی بەندەن"یش بڵێین بۆ کۆبوونەوەی گەورە پیاوێل، وشەیەکی تریشمان هەیە بۆ "قمة"ی کۆنگرە و کۆبوونەوە، ئەویش تۆقەڵانە، تۆقەڵانی عەرەبی کۆنگرەی سەرۆکەیلە. دوندی دەسەڵات "رأس السلطة"یە، واتە پیاوە هەرە گەورەکە.

بژاردە: نخبة. بژاردەی رۆشنبیریی کوردی، توێکێکی جڤاکییە لە رۆشنبیر و بنووس و مامۆستایەلی زانسگە و دادوەرەیل. هەڵبژاردە بۆ "منتخب" رۆییوە و باشە. هەڵبژاردە پێشگرێک و پاشگرێکی وەرگرتووە و کۆمەڵێکە ژمارەیەکی کەمتری تێدایە لە بژاردە، واتە هەڵبژاردە گرینگترە لە بژاردە. دەڵێین "هەڵبژاردەی هەولێر و هەڵبژاردەی زەورا لە تۆپی پێ، لە ململانەیەکی هەڤاڵینیدا". هەرچی بژارەیە، بژارە "خیار"ە. "هیچ بژارەیەکم لە پێشدا نییە لە خۆماندووکردن پێوە". بژارە وەک دووڕیان وایە دەبی ملی یەکێکیان بگریتە بەر.

بژاردن: "تعـویض". ئەم زاراوەیە لە کـوردیدا هـەیە بەڵام نـازانم بۆچی "قـەرەبوو" بـووە بە چەل بە ملەوە. "باخی گوڵانت پێ دەسپێرم، یەکی کەم بێ پێت دەبژێرم". پێبژاردنەوە "دفع التعویضات"ە و زیاتر لە سلێمانییەوە بەرەو رۆهەڵات باوە. "قەرەبوو" زۆر درێوە.

باوەگۆدانەوە: مجاملة. ئەم دەربڕینە لە هەولێر زۆر باوە، دەڵێ کەریم گوتی و سەلیمیش باوەگۆی دایەوە، واتە پشتیوانیی لە بیر و هزری کەریم کرد. باوەگۆدانەوە بیژووەتییەکی تێدایە و مەرج نییە کەریم لەسـەر راستـی بووبێ. باوەگۆ کتومت دەکاتە "مجاملة"ی عـەرەبی، مجامـەلە زیاتری درۆیە خۆت دەزانی. بەڵام ئاخۆ باوەگۆ وەک وشە چییە و لە چییەوە هاتووە؟ "با" بەڵێیە، "وەگۆ" گۆتیەوە، دەبێ "ڤەگۆ" بووبێ، "با وەگۆ"، "وە"ی پاشگر هاتووەتە پێشەوە. واتە یەکەمیان هەر شتێکی گوتووە و ئەوی تر گـوتوویەتی راسـتـە، وایە، راست دەڵێی، ئەشـهەدوو وایە. من بـاوەگۆم لە کـتێـبی "بەر لەوەی کار لە کار بترازێ"دا لە جێی مجامەلەدا بەکار هێناوە و باوەڕم وایە کە پڕ بەپێستـە و زمانی کوردی زاراوەیەکی وای تێدا دەست ناکەوێ لە پوختەییدا بۆ گەیاندنی مەبەست. هەندێک جار دەڵێن "باگۆ"، با گۆی دا، هەمان شتە.

بەردیل: "فدیة". مایەیەک لە جێی دیلدا بێتە دان بۆ وەرگرتنەوەی ئەو دیلە. جاران لە زارگۆتی کوردیدا "بەڵاوەگێڕ"یان دەگوت، یان بەڵاگێڕ، "بەڵاگێڕی تۆ بێ، بەڵاوەگێڕی باڵات بم، بەڵاوەگێڕی کوردستان بوو". بەڵاوەگێڕ واتە بەڵاگێڕەوە کە ئەمە زیاتر بۆ "فداء" و قوربانی دێ، بەڵام بەردیل بژاردنێکە لە ناچارییەوەیە. بنەچەکەی وشەکە چییە و چۆن بەکار دێ با بزانین؟ لە کوردیی باکوردا دەڵێ "ئەز ژ دێلا تەبم واتە لە جێی تۆدا بم"، هەروەها بەردێل ئەو دوو ژنەن کە بە یەکتریان دەگۆڕنەوە، "ژن بەژن"ی لەمەڕ خۆمان. مەڕدار بە مەڕی قەڵەوی ئەستەویر "نەزاو" دەڵێن بەردیل. "بەرتیل"یش واتە "رشوة"ی عەرەبی. ئەمانە هەموویان یەکن لە بنەڕەتدا. بۆ بنەچەکەی وشەکە، ئاخۆ دیل و تیل و دێل یەک شتن یان نا؟ بەڕاستی بۆمان ناچێتەوە سەر یەک. زمانی کوردی دەقی کۆنی نییە لە بەردەستدا تا بە فریامان بێ، بەڵام شێوەیان لە یەکتر دەکا.

ئێمە ناچارین لە مێژوویێکی درەنگی وشەوە دەست بکەین بە کۆڵینەوە. لە خوارەوە نموونەیەک لەبارەی "شو" بە واتەی دار دەهێنمەوە وەک نموونە بۆ کۆڵینەوە لە مێژووی وشە:

پێش چەند ساڵێک گوتارێکم لە کۆوارێکی کەم تیرێژدا لەبارەی "شو"وە نووسی. شو دارە بێ شک. لە کرمانجیی سەروودا شڤ دەڵێن. پاشگری "وان ڤان"ی دەچێتە سەر و دەبێتە شوان شڤان. دوو دەنگی "و ڤ" دەگەنە یەکتر و دەبێ بە یەک پیت بێنە نووسین. پێویست بە دوو پیت ناکا وەک "شووان شڤڤان"، هەر ئەوەندەیە کەمێک گران دەبێ لە گۆکردندا. شوان شڤان دارێکی بەدەستەوەیە، ئەوە بنەچەی وشەکەیە. لە شێوەی سلێمانیدا، بە مێرد دەڵێن شو، شو پیاوەکەیە، ژنەکە نییە. شو دارەکەیە کە جاران باو بوو زاوا لە پێشوازیدا بەسەری بووکیدا دەکێشا بە ئاماژەی ئەوەی تۆ هاتییە بن سێی ئەم دارە. شو دارێکی تەڕی کورتیلەیە شلکە دەکا، "شوڵک و

شورک"یشی پێ دەڵێن.

من لێرەوە لە وشەکە دەدوێم کە "شو" بە واتەی دار لە هزری ئێمەدا خۆی گرتووە، پێش ئەوە وشەکە چی بووە ئەوە بابەتێکە لە پسپۆڕیی مێژووی کۆنی وشەدا. کەسی خۆی دەوێ و سەرچاوەی کۆنی دەوێ، بەلای منەوە بابەتێکی فرە ئەکادیمیشە و بەکەڵکی ئەم زاراوەسازییەی ئێرە نایێ.

پایدۆز: "بایکۆت". پایدۆز بڕیاری بەجێهێشتنی کۆبوونەوە و کاربارێکە لەبەرئەوەی پایدۆزکەر رازی نەبووە لە شێوەی بەڕێوەچوونی ئەو کاربارەدا. "بەیانی ئەوان هاتن، هێندەی نەبر تووڕە بوون و پایدۆزیان کرد". "پەیدۆز"یش دەڵێن، بە واتەیەکی کەمێک جیاوازەوە، پەیدۆز کەوتنە گەڕانە بە دوای شتێکیدا "پەی دۆزینەوە، بە شوێن سۆراغ کەوتن". کەوتینە پەیدۆزی ئەوەی بزانین کابرا چووەتە کوێ؟

پەتی: مجرد. دەشێ بڵێین چاوی پەتی "عیون مجردة"، پێی پەتی "پێخواسی"، نانی پەتی "بێ پێخۆر"، دەستی پەتی "دەستی بەتاڵ"، دەستم پەتییە واتە چەکم نییە یاخۆ بێ دەسمایەم. کوردیی پەتی "کوردیی خاوێن لە وشەی بیانی". پەتی زاراوەیەکە زۆر بەکارهێنانی هەیە، لە نووسینی کوردیدا هەمووی لەبیر چووەتەوە.

پێشبڕکێ، یان پێشبڕکە: "منافسة". زاراوەیەکی تر هەیە نێزیکە لێی، کێبەرکێ "مسابقة"یە. لەوەی یەکەمدا واتە ئەوەیە کە کێ پێش لە کێ دەبڕێتەوە، لەوەی دووەمدا واتە ئەوەیە کێ بەر لە کێ دەگا بە ئامانج و نیشانە. نەزانان هەردووکیان لێک داوە و کردوویانە بە "کێبڕکێ"، واتە کێ کێ دەبڕێتەوە. دووریش نییە بۆ ئەمڕۆی کوردستان مەبەست بێکێ لەبەرئەوەی هەموو پێشبڕکێ و کێبەرکێیەک بۆ بڕینەوەی ئەوی ترە. هەموو زاراوەیەک تووشی شێوان بووە، بۆ نموونە هەر لە بواری پێشبڕکەی مرۆڤیدا، زۆرانێ یان زۆرانە واتە "مصارعة"، هاتوون کردوویانە بە زۆرانبازی. زۆرانە خۆی بازی یان وازییەکەیە، پێویست بە وشەی تر ناکا. دەشیا بڵێین "زۆرانەی سیاسی، یان زۆرانەی کۆمەڵایەتی، زۆرانەی مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا". ئەوانە واتەی زۆر گونجاو و زۆریش نێزیکن لە چێژکەی زمانەوانیی کوردییەوە. راستت دەوێ زۆرانە بۆ "صراع" زۆر باشە و ململانەش بۆ "مباراة" تەواوە. کێشە ئەوەیە ئەم زمانەی ئێمە هێندە بە هەڕەمەیی و بەرەڵڵایی و بێ کەسی هاتووە، ئێستە چارەسەری زۆر دژوار بووە مەگەر بڕیار لە دوندی دەسەڵاتەوە هەبێ.

ناوی گوندێکی کوردیم بیست لە ناوچەی بارزان "زۆرەکڤان"، پرسیم واتەی چییە کەس نەیزانی. بە بۆچوونی من زۆرەکڤان "مصارع، ملاکم"ە. دەبێ شوێنی پیاوێکی لێهاتوو بووبێ لە رووی زۆرانێوە. دەشێ ئەم وشەیە بۆ بواری "وەرزین" بێتە بەکارهێنان.

"وەرزین" واتە مەشق و راهێنان. وەرزاندنی ئەسپ و ماین باو بووە جاران. "وەرزش" وەک

"نمایش" فارسییە. دەبێ ئێمە دەربڕینە کوردییەکەیان بڵێین بۆ ئەوەی یادمانی کۆمەڵایەتیمان کە زمان پارە سەرەکییەکەیەتی ئەوەندە بۆش و بەتاڵ نەبێتەوە لە رەسەنایەتی. وەرزین "ریاضة"یە بە هەموو جۆریەوە. وەرزاندن مەشق و راهێنانە "تدریب". بۆ "ریاضي" دەشێ بڵێین وەرزیوان وەرزیڤان. ئەم زمانە ئەوەندە وێران بووە.

پشتینە: "خلفیة". پشتینە باشترە لە باکگراوند. پشت+ ینە، وەک گڵێنە، دەفر و کاسەی گڵێنە، گڵێنە شتێکە لە گڵ هاتبێتە چاکردن. پشتێنە: "حزام" وەک زاراوەیەکی سیاسی، پشتێنە وەک گلێنە، گلێنەی چاو. دەشێ بڵێین پشتێنەی تەناهی "الحزام الامني" ئەو پشتێنە "حزام"ەیە کە هێزەیلی تەناهی بۆ پاراستنی ناوچەیەک دەیگرنە بەر.

پڕایی: غالبیة. لە کوردیدا زۆرینە و کەمینە بۆ "أکثریة و أقلیة" دێنە گوتن، بەڵام بۆ "أغلبیة" هیچمان نییە. "پڕایی" زۆر لە کرمانجیی سەرووشەوە نێزیکە. پڕ واتە "زۆر" لە کرمانجیی سەروودا. "پڕانی و پڕاتی"ش هەن بەڵام "پڕایی" وەک زاراوە گونجاوترە.

تێرایی: "کفایة". تێرایی لە سەروو و خواروودا هەیە. دەشێ بڵێین "کورد تێرای زەویی هەیە". یان "ئەم نانە تێرای مە ناکا". تێرایی زاراوەیە، جیایە لەوەی بڵێی بەشمان ناکا یان پێی تێر نابین. "حد الکفایة" دەبێتە "رادەی تێرایی".

پێچکە: بۆ "عجلة" باشترە لە رەوڕەوە. پێچک بۆ کرمانجیی سەرووش خۆشترە. ئێستە بە بیرم نایەتەوە، بەڵام رەنگە لە سەرووشدا هەمان زاراوە هەبێ. دوران عجلة التاریخ: سووڕدانی پێچکەی مێژوو. سووڕدان جیایە لە سووڕانەوە. زەوی بەدەوری مانگدا سوور دەدا. من بەدەوری تۆدا سووڕامەوە. سووڕانەوە کاتییە، سووڕدان بەردەوامە.

پێچە بەدەورە: حلقة مفرغة. الدوران في حلقة مفرغة: سووڕدان لە پێچە بە دەورەدا. پێچ لە کوردیدا بۆ "منعطف"یش دێتە گوتن، دەڵێن "پێچی مێژوویی".

پاکوەری: نزاهة. زاراوەیەکی تازەیە، لە پاک+پاشگری "وەری". پاکوەکەری: "تصفیة". پاکوەکەریی یارییەل. پاکوەریی حسێبەیل، پاکوەکەری هەر پاککردنەوەیە، "وە یان ەوە"ی پاشگر لە کرمانجیی خواروو، لە سەروودا دەبێتەوە پێشگر. ئەوە لە زۆر ناوچەی خوارووشدا هەیە، بۆ نموونە دەسوەکەری کە دەسکردنەوەیە. دوێنێ گوێم لە گەرمیانییەک بوو گوتی "جیاوەبووین" واتە جیابووینەوە. ئەم شێوازە بۆ زاراوەسازی سوودی زۆر لێ دێتە وەرگرتن. من داوا دەکەم وەک هەنگاوێکی تر لەپێناو نێزیکبوونەوە لە سەروودا، هەردەم بنووسین: وەنووسین، وەکردن، وەشوشتن، وەگێڕان، وەدۆزین.

پێکوتە: اصرار. پێکوتە لە "پێکوتین"ەوە دێت. دەشێ بنووسین پێکوتەی لایەنی کوردی لە عێراق لەپێناو پاشەڕۆژی دیموکراسییە. "پێداگری و پێ داگرتن" دەڵێن، بەڵام ئەمانە بە راستی رستەن

نەک زاراوە. زاراوە چەندی کورت و پوخت بێ باشترە هەر گاو بگونجێ بۆمان.

پڕکێشی: "مبادرة". پڕکێشی باشترە لە دەست پێشخەری. دەست پێشخەری سێ وشەیە. پڕکێشی زاراوەیەکی کورت و کۆنە و کورد بەردەوام بەکاری هێناوە. من زیاتر دەست پێشکەریم بیستووە لە کوردەواریدا، هەرچەندە کارەکە خۆی دەست بەپێشخستنە.

پێوە: بەولاوە. لە تۆ پێوە "لە تۆ بەولاوە"، لەمڕۆ پێوە "لەمڕۆ بەولاوە". "پێوە" بۆ زمانی نووسینی ئێستە باشترە لە: بەولاوە، بترازێ، لەبەرئەوەی پێوە لە کرمانجیی سەرووشدا هەیە "ژئیرۆ پێڤە، ژنها پێڤە" واتە لەمڕۆ پێوە، لە ئێستە پێوە. پێوە بە واتەی "پێوە مانەوە"ش دێ وەک بڵێی دەستێکی پێوە نەماوە. ئەوەی یەکەم جودایە و تێکەڵیش نابن. "پێڤە نەمایە".

تۆقەڵان: "قمة". کۆنگرەی تۆقەڵانی عەرەبی، تۆقەڵانی ئابووری. ئەمە باشترە لە لووتکە. لووتکە لە لووتەوە هاتووە، وێڕای ئەوەی زیاتر بۆ چیا و بەرزایی باشە. تۆقەڵانی چیا لووتکە هەرە بەرزەکەیەتی، بەندەن هەموویەتی. بەندەن بەشی سەرەوەیە نەک تەنیا لووتکەکەی. بەندەن لە بەند+پاشگری ەن دروست بووە. گۆرانی دەڵێ "دڵم بە تۆوە بەندە". بەندەن وەک گوتمان لای سەرەوەی چیایە، دەوراندەوری لووتکەیە، دارودەوەن زیاتر بەو شوێنەوە دەمێنن، بەفری پێوە دەمێنێ. بەندەن بەند+پاشگری "ەن"ە.

تۆوبڕینەوە: جینۆساید. تۆو لە کرمانجیی سەروودا تۆڤە. "تۆوەبڕین" تۆوبڕینەوە لە جینۆساید باشترە لەبەرئەوەی کوردییە. شەڕی تۆوبڕینەوەی کۆمەڵایەتی: حرب الابادة الجماعية. جاران دەیانگوت فلان بنەماڵە تۆویان بڕایەوە. واتە کوێرەوەبوون و کەسیان لە وەجاغدا نەما. تۆوبڕانەوە بۆ "انقراض" زۆر باشە چونکە لە خۆوە بووە و کەسی تێدا تاوانبار نییە، تۆوبڕانەوەی مامۆت، تۆوبڕانەوەی دیناسۆر، بەڵام تۆوبڕینەوە وەک "تۆوبڕینەوەی ئەرمەن" لەلایەن عوسمانی لە پێش و لە دەمی شەڕی دووەمدا بە بڕیاری پێشوەیی بووە. بڕیاری پێشوەیی "سبق الاصرار"ە. بنوەیی یان ژێرەوەیی "مخفي"ە. بزاوی کوردی جاران لە شاران بنەوەیی بوو، واتە سەرووەیی یان ئاشکرا نەبوو.

توێک: "شريحة". لە نووسینی کوردیدا توێژ دەنووسن. دەڵێن چین و توێژی کۆمەڵایەتی. توێژ "شريحة" نییە، توێژ "قشرة"یە، تفریشی پێ دەڵێن. توێک یان توێ دەق واتەی "شريحة" دەدا. لە کوردی دەڵێن پیاز توێ توێیە، بێ شک جڤاکیش توێ توێیە. تۆشکەسەر "تۆژک"ە.

تەبایی: "توافق، ائتلاف". دیموکراسی بەتەبایی، حکوومەتی تەبایی. لە خوارووودا، تەبایی واتە کۆکی و ڕێکی لەنێوان خۆدا. لە هەندێک ناوچە بۆ پێکەوەیی و "لەگەڵی" دێ، وەک دەڵێ ئەو تەبای من هات، لە باکور بۆ "هەموویی" بەکار دێ. تەڤ هەمووە، کاری تەڤایی، کاری هەموانی یان پێکەوەیی. وەک دەبینی تەبایی تەڤایی زاراوەیەکی سەرتاسەرییە. ڕەنگە کەڵهوڕ بڵێن "تەوایی".

زاراوەیەکی تر کە زۆر دێتە بەکارهێنان، بەتایبەتی کوردی سەروو زیاتر بەکاری دەهێنن "تەڤگەر"ە بە واتەی "بزاو بزاڤ". جارێ لە پێشەوە، تەڤگەر نییە و "تەڤگر"ە بەواتەی "جبهة" یان کۆنگرە، دەڵێ "تەڤ یەکیان گرتووە". سەرەتای هەشتایەلی سەتەی بیست ئەو وشەیەم وەک ئەم واتەیەی ئێرە "جەبهە یان کۆنگرە" بیست، پاشان لە راگەیاندنی باکوردا شێوا و بۆ ئێمەش شۆڕ بووەوە بەشێواوی.

تەرخان: تخصیص. لە کوردیی ئێستە تەرخان هەیە بۆ "تفرغ"، دەڵێ خۆم بۆ ئەم کارە تەرخان کردووە، یان چەندت بۆ ئەم پڕۆژەیە تەرخان کردووە؟ واتە "تخصیص". "تەرخانە" بۆ "تخصیصات" زۆر تەواوە، بڵێ تەرخانەی دارایی لەپێناو گەشەپێدانی باری تەندروستیی دانیشتواندا. تەرخان دیار نییە ئاخۆ لە ڕەگدا کوردییە یان نا بەڵام جاران بۆ ژیانی بێ کێشەیی و بەکەیفی خۆبوون هاتووەتە گوتن، وەک: "دەڵێی گای تەرخانە بەملا و بەولادا دەسووڕێتەوە". حاجی قادر دەڵێ "بە تەرخانی بەسەر ناچێ لەمەوپاش، لە هەر لاوە دەتانهاڕن وەکو ئاش". وەک دەبینی ئاماژ "دەلالەت"ی زاراوە، لە چاخێکەوە بۆ چاخێکی تر دەگۆڕێ، هەر ئەمەشە زیندوویی زمان، زمان مێژووە.

دەبێ زاراوەسازیی ئێمە، بە پلەی هەرە بەرەژوور پشت بە زاراوەی کۆن ببەستێ. زاراوەی کۆن، مێژوو و یادمانی نەتەوەییە. دابڕان لەو مێژوو و یادمانە تووشی ئاویبوونمان دەکات "ئاویبوون: إغتراب". مرۆڤ لە هەرچی بیانی بێ نابێ لە زمانی خۆی بیانی ببێ. زمان نیشتمانی دووەمە.

جووتەوەری: "إزدواجیة". "وەری" وەک لە کوێرەوەری و دەستەوەریدا. دەستەوەری و پێوەری هەبوونی دەست و پێن، کوێرەوەری ڕەنجدانە وەک کوێر، کوێر لەپ دەکوتێ بۆ دۆزینەوەی شت. جووتەوەری ئەوەیە کە جووتە شتێکی هەیە. جووتەوەریی کەسایەتی: "الإزدواجیة الشخصیة".

چەندانە: "أضعاف". دووچەندانە: "مضاعف". چەندان دووچەندانە: أضعاف مضاعفة. چەندان پاشگری "ە"ی چووەتە سەر و بووە بە زاراوەی زانستی. دووچەندانە واتە دوو هێندە. چەندانە زۆرترە لە دوو.

خۆ: لە کوردیدا بەبڵاوی دێتە بەکارهێنان، لە زوانی نووسیندا "خۆ" زۆری پاشەکشە کردووە. هەندێک بەکارهێنانی دەنووسمەوە بۆ نیشانەی دەوڵەمەندیی کوردی: خۆنواندن "إستعراض". فۆلکلۆر دەڵێ: کەم بێ کەم بچوو کەم خۆت بنوێنە. نواندن "تمثیل"ە، ڕانواندن "تظاهر"ە کە خۆپێشاندانێکە بە فشەکەری. با بێینەوە سەر "خۆ"، وەک خۆبزێو "ئۆتۆماتیک: آلیة الحرکة"، متمانە بەخۆیی "الثقة بالنفس"، لە خۆدەرچوون "غرور" بۆ نموونە بڵێ "ڕێژیم نییە لە ڕێژیمی سووریا لەخودەرچووتر". خۆبژێوی "التمویل الذاتي". بەکارهاتنی خۆ لە زمانی کوردیدا بێ ژمارە و بێ سنوورە.

دەستەوارە: "صفقة". دەستەوارەی بازرگانی، دەستەوارەی سیاسی. دەستەوارە دەستەبەرەیە، شتێک بە دەست بێتە هەڵگرتن و بردن، یان دەستەبارەیە کە دەکاتە باری دەستێک. دەستەوارەیەک نان ئەو هێندە نانەیە کە بە دەست دێتە هەڵگرتن. زاراوەیەکی زۆر بەجێیە بۆ "صفقة".

ددان پێدا نان: "الاعتراف". نابێ بنووسی "دان" لەبەرئەوەی وشەکە "ددان"ە. چیرۆکەکەی ئەمەیە: مرۆڤ کە ناچار ببێ راستییەکی وەشارتی بڵێ، دانە دانە و لەسەرەخۆ وشەیل ریز دەکا، هەر دەڵێی بە ددان قسە دەکا. ددان بەیەکدا دەنێ تا وشەیلەکە هەمووی دەردەبڕێ. ددان پێدا نان "ئیدیۆم" نییە نابێ بە هەڵەدا بچی، گەمەی زمانی تێدا نییە، وێنەگرتنی دۆخی گوتنەکەیە.

دانوستاندن: "مفاوضات". زاراوەیەکی لەبارە بەلام دەبێ وەک خۆی بێتە نووسین نەک بڵێی دانوستان. دانوستان واتەی نییە و وشەیەکی کلک بڕاوە. دان و ستاندن دیارە کە دان و وەرگرتنە "اخذ وعطاء".

دڵەڕاوکە: "قلق". "نیگەرانی" دەنووسن لە کوردیدا کە "قلق" ناگرێتەوە، نیگەرانی نارەحەتییە، باوەڕیش ناکەم بنەچەکەی نیگەرانی کوردی بێ. "دڵەڕاوکە" سەتی سەت "قلق" دەگرێتەوە، جاران لە ئاخاوتنی خەڵکدا زۆر بەکار دەهات، دەیانگوت پێویست بەم دڵەڕاوکێیە ناکا.

داگرتن: "تعبئة". لە پێشگری دا+گرتن، "پیاڵەکەم بۆ داگرەوە چایەکی تریش دەخۆمەوە"، سەتان جار ئەم دەربڕینەم بیستووە لە لادێیی کورد. کوردی باکوریش بە هەمان واتە بەکاری دەهێنن "چایا من داگرە". وێستگەی داگرتنی ئاردوو: "محطة تعبئة الوقود". داگرتن لە رواڵەتدا واتەی هێنانە خوارەوەش دەدا: بارەکەیان داگرت، چاوی لێم داگرت، لە بنەڕەتدا هەمان واتەیە بەلام بە ئاماژەی جیاوازەوە. جاران کە گوللەیان دەتەقاند دایان دەگرتەوە واتە "حشوة"یان تێ دەکردەوە.

سەرگە: منطلق. سەرگە لە "مبدأ" جیایە کە گوتمان بە کوردی دەبێتە "بنەوا، بنەوێ". سەرگە سەرەتاگە و دەسپێکی کارێکە، یان هۆی بەپێویستبوونی ئەو کارەیە، وەک بە عەرەبی دەڵێی "منطلقات مبدئية"، ئەوە دەبێتە سەرگەی بنەوایی.

سەرشار: منطلق. ئەمەیان بۆ "منطلق"ێک کە زیاتر بەلای بنەکەی مایەکیدا بشکێتەوە. باڵەفڕەی شەڕکەر دوای راهێنان یان چەپاویان بۆ سەر ئامانجێک دەگەڕێنەوە بۆ سەرشاری خۆیان. سەرشار لە بنەڕەتدا ئەوەیە لە هەندێک یاریی منداڵاندا، بنکەیەک هەیە یاریکەران لێوەی دەردەچن، پاشان بۆی دەگەڕێنەوە. بەلای منەوە، سەرشار زاراوەیەکی لەبارە بە پرسی سەربازی بە تایبەتیش بۆ هێزی ئاسمانی. پشتەوشارکردنەوە "ردع"ە، ئەوەیە هێزێکی چەپاوکەر چ ئاسمانی چ بەژەکی چ ئاوی، بێتە شکاندن و ناچار ببێ بەرەو سەرشاری خۆی بگەڕێتەوە دواوە. شار لە پشتەوشاردا برێتییە لە بنکە، مەبەست لێی "مدينة" نییە. شوێنی کۆبوونەوەیە کە شاریش لە

بنەڕەتدا هەر ئەوە بووە."برمائي" بە کوردی دەبێتە "بەژئاوەکی". "جبلي" کەژەکی.

بخوێنی بەڕێز وەک دەبینی لێرەدا، یاریکەر و چەپاوکەرم بەکار هێنا. لەتە وشەی "کەر" کە لە چاوکی "کردن"ەوە هاتووە، رۆڵی پاشگر دەلەیزێ لە زاراوەدا. کورد هەر دەڵێ نانکەر، هێرشکەر، ئیشکەر، جێی داخە ئەم "کەر"ە لە نووسینی کوردیدا دراوەتە پاش سەبارەت بەوەی دەڵێن لەگەڵ کەری گوێدرێژدا تێکەڵ دەبێ. بەڕاستی ئەمە گوتەن و هۆشێکە لە ئاستێکی زۆر نزمدا. یاریکەری فوتبۆل و تێنس و کەڵەمباز بە جەستە یاری دەکەن. کارەکە زیاتر "کردنە" نەک زانین. مەشقدەری یاری، رەنگە یاریزان بێ بەڵام یاریکەر نەبێ. یاریکەر ئەو کەسەیە بە راستی یارییەکە دەکا و دەلەیزێ.

وشەی "تر"یش کە زۆر جوانە، وەک کە دەڵێی یەکێکی تر، جارێکی تر، کردوویانە بە یەکێکی کە، جارێکی کە. ئەمە راست لابردن و هەڵە دانانە لە شوێنیدا. بێ شک "کە، دیکە" هەڵە نین بەڵام زمانی نووسین نین. دەڵێن تر لە ترِ دەچێ. ئەمەش "هەر گوتەن و هۆشی کەرەکەیە". زۆر شت هەن زمانی ئاخاوتنی گەلین و نابێ بێنە ناو نووسینەوە، وەک کە دەڵێی "گەیشتۆتە، چۆتە، بۆتە" دەبێ بنووسین گەیشتووەتە، چووەتە، بووەتە. یان دەنووسن ببوو لە جێی بووبوو. ببوو هەڵەیە، دوو بووە و بەدوای یەکتردا هاتوون.

لەبارەی، لەمەڕ، سەبارەت: ئەم سێ زاراوەیە لە زمانی نووسیندا بە چەوتی دێنە بەکارهێنان. یەک: لە جیاتیی لەبارەی، دەنووسن "دەربارەی" کە فارسییە. "ئاخر کوردی چییە عەیبی؟ حاجی گوتەنی". دوو: کە دەنووسی لەبارەی دەبێ "ەوە" بچێتە سەر یەکێک لە وشەیلی دوای خۆی، وەک: لەبارەی منەوە بدوێ، با لەبارەی پێوەندیی من و تۆوە قسە بکەین. "لەمەڕ" بەکار دەهێنن بە هەڵەیی، وا دەزانن واتەیەکی تری "لەبارە"یە. وا نییە. لەمەڕ بۆ شتێک دێتە گوتن بیدەیە پاڵ خاوەنی پێشوویەوە. بۆ نموونە کتێبەکەی لەمەڕ من، دیارە جاران ئەو کتێبە هی من بووە. دەڵێ "ئەوە کتێبەکەی لەمەڕ منە داویانە بە تۆ". هەرچی "سەبارەت"یشە جێی "بەهۆی" دەگرێتەوە. سەبارەت بە تۆوە هاتم. سەبارەت بەچی وا دەکەی؟ لە راگەیاندنی کوردیدا دەڵێ: "لەمەڕ مادەی ١٤٠ەوە گوتی، یان سەبارەت بەم پرسە بۆچوونتان چییە؟". هەردووکیان هەڵەن وەک لە پێشەوە روونم کردەوە. گۆرانی دەڵێ "سەبارەت بە یاری خۆم ئاوەدان بێ ئەو دێیە".

سەرگەلە: "قائد". کوردی باکور "سەرەکڤان"یش دەڵێن. سەرگەلە و سەرەکڤان هەردووکیان لە بنەڕەتدا بۆ ئەو نێرییە قۆچ درێژە دێتە گوتن کە بە پێش گەلەی مەڕ و بزن دەکەوێ و ئەوانیش دەکەونە شوێنی. لە کوردەواریی لادێدا، بۆ گیانلەبەران و بۆ مرۆڤیش هەر دەیانگوت سەرگەلە. "قەومی بێ سەر نییە ئەمڕۆ لە هەموو عالەمدا" شوکری. قەومێک سەری هەبێ، دیارە سەرگەلەی هەیە.

بۆ زعیم "مەزن" باشە، بەڵام مەزن دەبێ بکەوێتە پێش ناوەوە، لە داستانی "لاس و خەزاڵ"دا

دەڵێ: "مەزن باوۆمەر". بە کوردیی ڕەسەن بدوێی دەبێ بڵێی "مەزن مستەفا بارزانی. مەزن جەمال عەبدولناسر".

"قائد" سەرکردەیە. "القیادات الکردیة" دەبێتە سەرکردەیلی کورد، نابێتە "سەرانی کوردی". سەرانی کوردی بە هیچ شێوەیەک زمانی کوردی نییە و دەربڕینێکی ماڵوێرانکەرە.

"کۆمار" لە کوردیدا بە واتەی خەڵک دێ و کوردیی پەتییە. سەرکۆمار کە ئێستە بە واتەی "رئیس الجمهوریة" دێ، زۆر تەواوە و لە کۆنەوە هەبووە لە جێی سەرخێڵ، بەڵام "سەرۆک کۆمار" دەستکردە.

سەرانسۆ: "استطلاع". "سەراسۆ"ش دەڵێن، سەراسۆی کەسێک مەکە واتە سەری لێ مەدە. "سەرانسۆ" سەر لە ئاسۆ دەرهێنانە. گۆرانیی کوردی دەڵێ: "بەسمان لێ بگرە سەرانسۆی بانی". الاستطلاع الجوي: سەرانسۆی ئاسمانی. الطائرات الحربیة قامت بإستطلاعات في المناطق الحدودیة: باڵەفڕەی شەڕکەر سەرانسۆی ناوچەیلی سنوورییان کرد. ئاسۆ لە بەرامبەری "آفاق"ە بەڵام "ئاسۆگە" دەبێتە "أُفُق". بۆ نموونە: ئاسۆی چارەنووسی کوردستان روونە. زۆر شت لەبارەی چارەنووسی ئێمەوە، لە ئاسۆگەدا دەرکەوتوون.

سەرلەهەورگر: "ناطحات السحاب". لە کتێبی خوێندندا نووسیبوویان "باڵەخانەی قوچ لە هەور دەر"، ئەمە وەرگێڕانی وشە بە وشەیە، بۆ زاراوەسازی ناشێ وا بکەی. زمان یادمانی نەتەوەیە، بە شێوەی راست مامەڵەی لەگەڵدا نەیەتە کردن، مرۆڤ لە زمانی خۆی بیانی دەبێ و لێی دەبێتە ماڵی غەیرە. کژ و هەوای زمانی خۆت و بیانی وەک ئەوە وایە شەو لە نوێنی خۆتدا نەخەوی و بە دەردی جێگۆڕانەوە گینگڵ بدەی تا بەیانی. جارێکیان گوێم لە پیاوێکی لادێیی بوو باسی باڵەخانەیلی بەرزی ئەمەریکای دەکرد، بە "سەرلەهەورگر" ناوی دەهێنان. ئەمە زۆر تەواوە، لە کوردیدا سەرلەقوڕگرتن، دەس لە خەنەگرتن، هەیە. "سەرلەهەورگر" زاراوەیەکی پێوانەییە. "هەوری" هەبوو جاران ژنان لەسەریان دەنا، "دەنێرم بۆت بێن شەدە و گوارە و هەوری". هەوری ڕەنگەکەی لە ڕەنگی هەور دەچوو.

سێرەگرتن: "استهداف". جاران دەیانگوت سێرەم لە نیشانە گرت. دەشێ بۆ زمانی نوێی کوردی بنووسین: "سەبارەت بە سێرەگرتنی سیاسییەوە، ڕێژیمی سیاسی لە سووریا کوشتاری پیاوەیلی بەرهەڵست بەئەنجام دەدا". عەرەب دەڵێن ئێمە گەلێکی بەرسێرە "مُسْتَهْدَف"ین لەلایەن ڕۆئاواوە. سێرەلێگیراویش دەبێ، دەشێ بنووسی من سێرەلێگیراوم لەلایەنی ناحەزانمەوە.

سەیرەک و پرسەک "علامة تعجب و علامة استفهام". ئەو دوو زاراوەیە کاتی خۆی کۆڕی زانیار لە بەغدا پێشنیازی کردن، وێڕای جوانییان، کەم هاتنە بەکارهێنان. من لێرەدا مەبەستم ئەوەیە، "سەیرە یان سێرە" لە سێرەگرتنەوە وەربگرم و بەکاری بهێنم بۆ "نظرة". "نظرة" چاوپێداگێڕانێکی

کورت و خێرایە بە پرسێکدا. دەتوانی بڵێی "سەیرە" یان "سێرە"ی تۆ بۆ پرسی راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان چییە؟ ئەمە جیایە لەوەی بڵێی سەیری ئەو دیمەنە بکە. سەیران لە هەردوو کرمانجیدا هەیە بۆ "گەشت"، سەیرکردن "مشاهدة"یە، سەیرەک گوتمان چییە، سەیرەش بۆ "وجهة نظر" تەواوە. "گۆشەنیگا" فارسییە و "باری سەرنج"یش لە عەرەبییەوە هاتووە.

شاروەشێنی: "تسویق". زاراوەیەکی گونجاوە و دەشێ وا بەکار بێ: "شارەوشێنکردنی کەلپەل و کاڵای بازرگانی". شاروەشێنی وەک دەسوەشێنی وایە. وەشاندن بڵاوکردنەوەیە. تۆو وەشاندن هەبوو جاران کە تۆودەر تۆوی بە کێڵگەدا بڵاو دەکردەوە. وەشاندن هەردوو کرمانجییە و زۆر بەجێیە.

کۆوەند، کۆبەند: جامعة. ئەمە بۆ "الجامعة العربية" باشە کە کۆکەرەوەی عەرەبە. لە کوردیدا گۆوەند گۆڤەند هەیە بۆ شایی، کۆوەند لەسەر کێشی ئەوە. گۆبەند وەک "کینایە" بۆ کەتن و گۆنگەر بەکار دێ. "سەیری کەن چ گۆبەندێکی گێڕا ئەم کەرە" شێخ رەزا. کۆڕوەند کۆڕبەند: منتدی. کۆڕوەندی ئابووری، کۆڕوەندی رۆشنبیری.

کەڕەواڵە: جاهل. کەڕەواڵەیی: جهالة. من پێم باشە بۆ چاخی پێش ئیسلام لەناو عەرەبدا بڵێین چاخی کەڕەواڵەیی. واتەی "کەڕەواڵە" زیاتر مەبەستەکە دەگەیەنێ، نەک نەزانین.

لێکدانەوە: تفسیر. لێکدانەوە لە کوردیدا بۆ روونکردنەوەی واتەی خەون دەڵێن. خەونێکم دیوە بۆمی لێک دەوە. یان دەڵێ بەرژەوەندیی خۆمم لێک دایەوە، واتە بەرژەوەندیی خۆمم تاوتوێ کرد. تاوتوێ بۆ "شرح" بێتە بەکارهێنان زۆر پوختە. تاوتوێ واتە کۆمەڵە شتێک تایان بکەیەوە لە یەکتر و توێ توێیان بکەیەوە "تا تاکە و توێ: شریحة"یە. توێ لە کرمانجیی سەروودا دەبێتە "تڤ". هەر لەم دەستە وشەیەدا "شرۆڤە"ش هەیە بەڵام شرۆڤە کە لە بەرامبەر "تحلیل"دا بەکار دێ هەڵەیەکی زۆر گەورەیە. با بزانین چۆن؟

شرۆڤە لە شلۆڤەی بەفرەوە هاتووە. واش پێ دەچێ سەرهەڵدانی ئەم زاراوەیە لەلای بنووسانی بادینان بووبێ. وایان زانیوە شلۆڤە یان شرۆڤە توانەوە و "تەحلیل بوون"ی بەفرە و گوتوویانە دەق بۆ تەحلیلی سیاسی باشە. راستیت دەوێ شلۆڤە کردەوەی توانەوەی بەفر نییە، هیچ کردەوەیەکیش نییە، بگرە رەنگەکەیە. بەفر یان سەهۆڵ کە دەتوێتەوە رەنگیشیان پێدا پێدا دەگۆڕێ، جاری یەکەم سپییە "بەفر"، پاشان ئاوە " بێ رەنگ". لە نێوانی دوو دۆخی بەفر و ئاودا رەنگێکی تر هەیە کە لێڵە، وەک رەنگی مشکی یان باڵی مێش. بەو دۆخی نە بەفر نە ئاوە دەڵێن "لێلاو"، بە رەنگەکەش دەڵێن شلۆڤە. لە کرمانجیی خواروودا "هەولێر" دەڵێن شلێوەی بەیانی یان شلێوەی ئێوارە، واتە ئەو دەمەی نە تاریک و نە روونە، دنیا کەمێک لێڵە. رەنگی "شێلو یان شلوێ"ش کە بۆ ئاوی ناڕوون دێتە گوتن هەر شلێوە و شلۆڤە و شرۆڤەکەیە. حاجی گوتەنی "زمانی کوردی بڵاو نەبوو گردبوو، لە بەینی ئێمەدا تێ چوو".

شیکردنەوە زۆر بەجێیە بۆ "تحلیل". خوری شی دەکەنەوە، واتە لەبەریەکی هەڵدەوەشێننەوە. باشیان کردووە بۆ ئەو مەبەستەیان گۆڕیوە. "شیکار"یش دەڵێن، زۆرباشە. "توێکاری" دەڵێن بۆ "تشریح" زۆر بەجێیە. خۆی دەبوایە توێتوێکاری بێ، بەڵام زۆر کێشە نییە. نەشتەرکاری بۆ "عملیة جراحیة" باشترە لە نەشتەرگەری. ئەمەی دووەم بەلای فارسیدایە.

نۆین: قناة. ئەمە زاراوەیەکی کوردیی رەسەنە. نۆین ئەو کەناڵەیە لە نێوان کارێزەیلدا ئاوی پێ دێتە گواستنەوە، هەروەها بە لوولە یان جۆگەلەی گەیاندنی ئاوی بەکارهاتوو لەناو ماڵەوە تا ئاوەڕۆی دەرەوەش دەڵێن نۆین. "نۆینە"ش دەڵێن. ئەم زاراوەیە بۆ کەناڵی راگەیاندن لە جێی خۆیدایە. نۆین لە نۆ+پاشگری ین، وەک رۆین، رۆینە. فۆلکلۆر دەڵێ "ئەمان ئامین رۆینەی هەڵگرت بەبای شەماڵ مەمکی خڕ کرد". رۆینە "مسیرة"یە. نۆکەندیش هەیە، جاران لە کتێبی قوتابخانە دەیاننووسی نۆکەندی سوێس "قناة السویس". لە نۆین و نۆکەنددا ئەو "نۆ"یە چییە؟ خۆزگە دەمانزانی، لەبەرئەوەی کاری ئاسان دەکرد.

پێداپێدا "تدریجي". پەیتا پەیتا دەڵێن، کە شێواوەکەیە. پێدا لە "پێدا هاتن"ەوە. لە دەشتی هەولێردا ئەم زاراوەیە زۆر باوە "پێداپێدا هەموو باسەکەی بۆم گێڕایەوە". کرمانجیی سەرووش بەکاری دەهێنن "هەی پێ دا پێ دا تەمۆ لاوۆ پێ دا". پێ دا لێرەدا واتە "وەرە"، پێداپێدا وەک "پێداهاتن"ە، بەڵام رەگەکە هەر ئەو شتەیە کە باسم کرد "بەرە بەرەیی لە کارەکەدا". کە دەڵێی "پەیتا پەیتا" خەیاڵت بۆ هیچ ناڕوا، زۆر خۆشە مرۆڤ لە دنیا سیحراویی زماندا بژی و لە بنج و بناوانی وشە تێ بگا.

نەبەدی: غیر مرئي. لە کوردیدا "شاراوە، وەشارتی" هەن بەڵام زیاتر بۆ "مخفي" باشن. کورد "نەدیو"یش دەڵێ، نەدیو بۆ شتێکە لەمپەرێک هەبێ لە ڕێی دیتنیدا، وەک بڵێی پێشمەرگە لە گردەکە نەدیو بوون، گوندەکەمان نەدیوە، واتە کەوتوونەتە پشتی لەمپەرێکەوە، جا چیایە، گردە، لێڕەوارە، هەر چییەکە. نەبەدی بۆ شتی نامایەکی وەک "خوا" دەبێ، هێزەیلی نەبەدی: "قوی غیبیة". کوردی باکور "نەپەنی" دەڵێن، پەنی وەک پەنهانی فارسییە. هیچ خۆش نایەتە بەرهەست. پەنامەکیش هەر فارسییەکەیە.

نیشانئەنگێو: "قناص". لەم رۆژانەدا ئەو زاراوەیە زۆر لە راگەیاندنی عەرەبیدا دێتە بەکارهێنان بەتایبەتی بۆ رووداوەیلی سووریا. "نیشانئەنگێو خۆپێشاندەرەیل دەپێکن". نیشانئەنگێو وەک نیشانەشکێنە بەڵام ئەوەی دووەم زیاتر مەبەستی راهێنان و یاری دەدا، هەرچی ئەنگاوتنە، لێدانە بە راستی. لە کوردیدا جاران دۆڵئەنگێویان دەگوت ئێستە دەهۆڵکوت پەیدا بووە کە کۆنەکە خۆشتر و لەبارترە. یادمانی نەتەوەیەک لەبەر مەترسیدایە چی دەکەی؟ وەچەیەک کەوتووەتەوە ئاگای لە زمانی رەسەن نییە. کتێبی خوێندن لەلایەن کەسەیلێکەوە دێنە نووسین فریان بەسەر زمانەوە نییە.

نەبووکاری: بوختان. نەبووکاری وشـەیەکی رەسـەنی کوردییە، کارێک نەبووبێ و یەکێک بیـەوێ پێوەتی بلکێنێ. لە گوندەیلی هـەولێردا بیستوومە، پاشان لە کوردی باکوریش بیستم.

ناودەوڵەتی، ناونەتەوەیی، ناوکۆیی، ئـەمانە بـاشـتـرن لە نێودەوڵەتی و نێونەتەوەیی و نێوکۆیی و نێوچەوان لەبەرئەوەی لەگەڵ سەروودا هـاوبەشن: ناڤدەولەتی، ناڤنەتەوەیی، ناڤکۆیی. راستت دەوێ من "نێـو"ی مـوکـریانم زۆر پێ خـۆشـە بەڵام هاوبەشی لە نێـوان هـەردوو کـرمـانـجـیـدا پێـشـوەتری "اسبقیة"ی هـەیە لەپێناو یەککرتنەوەی زمانی کوردیدا.

وەک دەبینی "پێشـوەتر"م بەکار هێنا، لەو شـێوەیە زۆر زاراوە هـەن لە نـاوچـەیلی جیـادا کە دەبێ بێنە ناو نووسینەوە و پەرەیان پێ بێتە دان، وەک: رادەی هـەرە ژێر "الحد الادنی"، رادەی هـەرە ژۆر "الحد الاقصی"، هێـوەتر "الابعد"، هێـروەتر "الاقرب"، هـەروەتر "الاسـواء". ئێـسـتـە دەنووسن "لانی کەم" لە جێی "علی الاقل"، دەربڕینێکی شـێـواوی "بـەلایەنی کـەمـەوە"یە بەڵام لەبەرئـەوەی هـەڵەیەکی تەواوە، وا جێگر بووە بـە ئامان و زەمان هـەڵناکـەنێ. "لانی کەم" هیچ واتەی نییە، برایەلی رۆهـەڵات دایان هێناوە دەستیان خۆش نەبێ.

هاوبەندی: "تحالف". ئێستە لە کوردیدا هـاوپەیمانییان داهێناوە کە لەگەڵ یادمـانی کوردیدا زۆر ناکۆکە. لە کوردیدا دووبەندی هـەیە بۆ گرێدانی دوو کەس یان دوو لایەن بە یەکترەوە. سێبەندی بۆ سێ لایەنە، هـەرچەند وەک "کینایة" زۆلایەتیی تێدا مەبەستە. سێبەندی خـۆی ژێرایەتییەکی تێدایە کە مرۆڤ زۆر "بەند"ی هـەبێ بۆیە کە بووە بە سێ کردوویانە بە نیشانەی بیژووەتی. هـاوبەندی دەق "تحـالف"ە. گـۆرانیی کـوردی دەڵێ "بەبۆنـەی تۆوە لەم شـارە بەنـدم". بەندی بـۆ "سـجـین"یش دێ، بەندیخانە لەمێژە هـەیە. گرتی و گرتیگە بۆ "معتقل و معتقلات" باشن.

نەتەوەڕۆ: تیـار قـومي. دەشێ بڵـێـی نەتەوەڕۆیانی عـەرەب یان تورک، نەتەوەڕۆ تونـدرۆییـیـەکی تێدایە و جـیـایە لە نیشـتـمـانپـەروەر و نەتەوەپـەروەر، ئـەمـانەی دوایی "وگنی و قـومی"ن. نەرمڕۆ و گەرمڕۆ بۆ بزاوی ئیسلامیی "معتدل و متشدد" باشن. لە رۆژنامەوانیی کوردیدا دەنووسن "میانڕۆ" لە جێی "معتدل" کە فارسییە. نەرمڕۆ باشترە، نەرمەڕۆ لـە کوردیدا زۆر بەکار هاتووە، بۆ ئەسپ و ماین "خۆشڕۆ" دەڵێن.

یادمـان، یادمـانی: ذاکرة. "یادک"یش دەبێ بەڵام یادک زیاتر بۆ "خـاطرة" دەڕوا کە یادمـانێکی بچـووک دەگـرێتـەوە. لە کـوردیدا بیـرەوەریمان هـەیە، بیـر+وەری، وەری پاشگرە وەک کـوێرەوەری. بیرەوەری بۆ "مـذکرات" بەکار دێ و زۆریش گونجاوە. بیرئانین کوردی باکور بەکاری دەهێنن کە ئەویش بۆ "ذکـری" دەچێـتـەوە. بیـرئانین بـە کوردیی خـوارووی "بیـرهێنانەوە"یە کـە "تذکـیر"ە. بەڵام هـەرچی یادمان و یادمانییە، "ذاکرە"ن کە مێژووێکی دوور و درێژ و کەڵەکەبوونی ئەزمـوون دەگرێتە خۆی. "یادمـانی نەتەوەیی، یادمانی مێژوویی" زۆر پوختە و رەسـەنن. لە کوردیی باکوردا "دێمانی" هەیە بە واتەی "نیشـتەجێ لە دێدا"، دەڵێن "کۆچەر و دێمـانی". زاراوەی "دلـانی"یش هـەیە بۆ یەکێک

زویر بووبێ، شتێک لە دڵیدا مابێتەوە. دلمانیش هەر بە کرمانجیی سەرووە. "شادمانی" لەسەر هەمان ڕێباز دروست بووە. ئەم زاراوانە گشتیان لە وشەیەکی بنەڕەتی و وشەی دووەم "مان" بە واتەی "مانەوە و بەردەوامەتی"، دروست بوونە. "مان" پاشگر نییە بۆ ئەو دەمەی کە دەڵێی: یادمانی، دلمانی، شادمانی، دیمانی، جێمانی، هتد. جێمانی واتە بەجێماو.

زاراوەیەک هەیە بۆ گاڵتە، لە خوارووەدا دەڵێن "گێلمان: غافل" لە سەرووشدا دەڵێن "گێژمان"، گێلمانی و گێژمانی واتەی بە گێلی و بە گێژی مانەوە دەدەن. گێلمانی گێلایەتییە "غفلة"، هەروەهاش گێژمانی. دەشێ بڵێی بە هۆی گێلمانییەوە تووش بووین بەم کێشەیەوە. خۆلەگێلیدان "تغافل"ە.

لە کوردیدا زاراوەی ترمان هەیە وەک: نیشتمان، زایمان "زایمان بێچووی تازە زاوە: مولود"، "گریمان" هەر لەسەر ئەو کێشەیە بەڵام جاران دەیانگوت "گرتمان واتە إفترضنا"، گریمان و گریمانە پێوەندییان بە گریانەوە هەیە نەک "إفتراض"، زاراوە نابێ بە هەڵە دروست ببێ، وا بێ یادمانی نەتەوە وێران و کاول دەبێ، ئەوە هەر تەنیا تێکدانی زمان نییە، تێکدانی بنەوای بوونیشە. گرتمان بۆچی بوو بە گریمان؟ تەنیا چێژی نارەسەنی زرەکوردینووس. ئەم زاراوانەی بەشی دوایی، واتە: نیشتمان و زایمان و گرتمان، بە قرتاندنی "ن"ی چاوک و پێوەلکاندنی پاشگری "مان" دروست بوونە. بۆ زیاتر زانین: "نیشتمان" لە کۆندا ژووری مرۆڤەیل بووە لە ماڵدا. پرایی ماڵی لادێ دوو ژووری بەیەکەوە نووساو بوونە و بەسەر یەکتردا کراونەتەوە. ژووری پێشەوە "نیشتمان" و ژووری پشتەوە "پشتیر" بۆ مێ و ماڵات. نیشتمان دواتر بووە بە وڵات، پشتیریش من پێشنیازم کرد بۆ "ملحق"، وەک پشتیری ڕۆشنبیری لە باڵوێزگە و کۆنسڵگەیلدا. دیمانە "مقابلة"یە، کورد دەڵێ "دیمانەت بە خێر"، بە یەکێک ماوەیەکی زۆر نەیبینیبێ. دیمانە لە رەگی چاوگی دیتن لەگەڵ پاشگری "مانە"دا. "پێومانە"ش بۆ "قیاس" و وەک دیمانە دروست بووە.

بەشی یەکەم "یادمان و ئەوانی تر"، بەشی دووەم "نیشتمان و ئەوانی تر". لە بەشی دووەمدا "مان" مانەوە نییە، پاشگرە بەبێ واتە. پاشگر تەنیا واتە بۆ وشەی نوێ پەیدا دەکا، خۆی واتەدار نییە.

هەموویەکبوون: اتحاد. ئەم زاراوەیە بۆ یەکەمین جار شوکری فەزڵی بەکاری هێناوە لە بیستەیلی سەتەی پێشوودا. دەڵێ: "سەرەتای ئێش، هەموویەکبوونە". زاراوەی هەموویەکبوون وەک یەک وشە دێتە خوێندنەوە بۆ ئەوەی واتەی "یەکگرتن" بەدەستەوە بدا. ژیرایەتییەک لە دروستکردنی ئەو زاراوەیەدا هەیە و دەبێ بێتە بەکارهێنان بەزۆری.

جاران زاراوەیەک هەبوو دەیانگوت "هەموو لە هەموو" واتە "كل في الكل". تۆ هەموو لە هەموویت. زاراوەیەکی پوختەیە.

هێورین: "استقرار". هێورینی سیاسی، هێورینی دۆخەیلی تەناهی لە عێراق. دەشێ بڵێین هێورینەوە، واتە خاوبوونەوەی گرژیی نێوان دوو لا. یان خاوبوونەوەی دۆخێکی گشتی. "اعادة الامن والاستقرار" دەکاتە گێڕانەوەی تەناهی و هێورین. هێورین زاراوەیەکی لەبارە لەبەرئەوەی مامەڵەی تێدا ئاسانە: هێور، هێورین، هێورینەوە، هێوراندنەوە "تهدئة"، هێوری "اعتدال و مرونة"، هێورهێور، بهێورێ، بهێورە، دەتوانی وەک نەرمۆکەیەک گەمەی لەگەڵدا بکەی. "سەقامگیری" دەڵێن کە وەڵڵا وەبیللا نە من و نە کەسی تر نازانێ سەقام چییە؟ دوور نییە سەهۆڵ و شەختەبەند بێ.

هونەری بۆلواوی: "فن الممكنات". دەڵێن سیاسەت یان رامیاری، هونەری بۆلواوییە. لوان واتە گونجان. "شێت بۆ شێتە؟ بۆی لواوە". لە کرمانجیی سەروودا وشەی "لڤین" هەمان واتەیە و کەمێک ئاماژەیەکی لاری وەرگرتووە لە نووسینی نوێی کوردیدا. لڤین هەر لوانەکەیە کە بە واتەی گونجان دێ. "دلڤە" واتە دەچەمێتەوە، دەنووشتێتەوە. لوا خوریی بەرخە، لە سەروودا دەڵێن لڤا، خوریی بەرخ نەرمۆکەیە، بۆیە رەنگە لوا و لوان هەر یەک رەگ بن. نەرمی و گونجاوی مەبەستە لە هەردووکیاندا.

"را" هەیە لە کوردیدا پێشگریشە و پاشگریشە. بوون، کردن، بردن دەکا بە رابوون، راکردن، رابردن "رابردن بەسەرچوونە" بۆیە دەبێ بڵێی رابردوو نەک رابوردوو. "را" پاشگریشە وەک: لە پەنجەرەڕا دیتم، لە دەستیڕا ناسیمەوە. پاشگری "را" لە ئاخاوتنی سلێمانیدا دەبێتە "ەوە". دەڵێ لە بەغداوە هاتم، هەولێری دەڵێ لە بەغداڕا هاتم. واش نەبێ کە پاشگری "را" لە شێوەی سلێمانی و گشتیی کوردیدا بوونی نەبێ، هەیە. بڕوانە: کوێڕا زانیت؟ لە خۆڕایی وا دەکا. هەندێک نووسینم بینیوە لەلایەن بنووسەیلی هەولێرەوە، نووسیویانە: لە پشتەوەڕا ناسیمەوە، لێرەدا پاشگری "ەوە" و "را"یان داناوە کە هەردووک یەک شتن. دەبێ ئەم هەڵەیە نەکەن، زۆر ناشیرینە. یان لەپشتەوە یان لەپشتڕا.

شەوارەکێشان: "السهر". لە زۆر نووسین و شیعردا بینیومە دەڵێن "شەوارە" مانەوەیە بە شەو بە دیار منداڵی تازە زاوەوە نەکا شەوە لێی بدا. وا نییە. شەوارە کێشان یان شەوارە گرتن نەنووستنە بە شەو بە گشتی و بۆ هەر مەبەستێک بێ. دەڵێن: "زریان" رەشەبایە بە بەفرەوە، نەخێر بە تۆزیشەوە هەر زریانە.

***

لە رۆژەیل نێوان ١٩ تا ٢٢ی مانگی رابردوو "ئەیلوول" وەزارەتی رۆشنبیری لە هەرێمی کوردستان کۆنفرانسی زوانی کوردیی گرێ دا. دوو رۆژ پێش گرێدانی کۆنفرانس، وەزیر د. کاوە تەلەفۆنی بۆم کرد تا لەو کۆنفرانسەدا بەشدار بم، سەردانێکم هەبوو بۆ دەرەوە ویستم هەڵی وەشێنمەوە بۆ بەدەنگەوەچوونی ئەو بانگهێشتنە و ئەو بابەتە گرینگە، پاشان وتم بۆچی وەک مێوان بەشداری بکەم لە کارێکدا کە خۆم یەکێکم لەو ژمارە کەمەی ئەو کەسەیلەی چ بە پراکتیک و

چ بە تیۆری ساڵانی ساڵە پێوەی ماندوون. نەچووم، باشیشم کرد نەچووم و بەشداریم نەکرد لە کۆنفرانسێکی بە پەلە و سەرپێییدا کە بۆ بابەتێکی فرە گرینگ و هەستەوەر و ستراتیجی هاتبووە گرێدان.

هەرچەندە ئەوان گوتوویانە نۆ مانگە مژوولی ئەم کارەین بەڵام پەلەپەلی بە سەرتاپێی کۆنفرانسەکەوە نایەتە وەشاردن، هیچ ئەنجامێکیشی نەئەنگاوت و تەنیا کۆمەڵێک خەم و پەژارەی بەدواوە بەجێ هێشت، ئەگەر نەڵێم کۆمەڵێک کێشەشی نایەوە ئەگەر راسپاردەیلی ئەو کۆنفرانسە بێنە جێبەجێکردن.

بەرینان گوتوویانە "بازی بازی بەڕیشی باوەش بازی"، واتە گەمە دەکەی بکە بەڵام بە ردێنی باوکتی مەکە. نەدەبوو وەزارەتی رۆشنبیری دەستی بۆ ئەم بابەتە پیرۆزە ببردایە، لەبەرئەوەی کاری ئەو نەبوو. کۆڕی زانیار لە رووی یاساوە بەرپرسە لەم ئەرکەدا هەرچەندە ئەویش دەزگایەکی نەکارایە و خۆی لە پرسی زمان دەدزێتەوە کە تەنیاش لەم پرسەدا بەرپرسە.

من زیاتر لە بیست ساڵە بۆ پرۆژەیەک کە بریتییە لە دانانی رێگەیەک بۆ یەکگرتنەوەی زمانی کوردی کار دەکەم. زمان بووە خەم و خولیام، لە پێشی دوو مانگەوە دەستم دایە بڵاوکردنەوەی ئەو بیربۆچوونانەی لەلامدا کۆبووبوونەوە، دەمویست پێدا پێدا ئەو بیربۆچوونانەی خۆم بخەمە بەرچاوی خەڵک و لە رۆژنامەدا هەر حەوتووی جارێک هەندێکی لێ بڵاو بکەمەوە. ئەمەم پێ باشتر بوو لە کتێب. جگە لەوەی کە ئاژانسی هەواڵیی "ئاکانیوز"یشم لەبەر دەستدایە و رۆژانە لەگەڵ نووسیارانی ئاکانیوزدا بیربۆچوون دەگۆڕمەوە و ئەو پێشنیازەیلەی خۆم بەوان دەخەمە واری پراکتیکەوە، تا دەربکەوێ چی کردەنییە و چی ناکردەنییە.

هەولێرنامەی کتێب

بەداخەوە، ئەو گەمەکردنەی وەزارەتی رۆشنبیری بە ردێنی باوە، منی تەواو سارد کردەوە. دەمویست پەنجا ئەڵقە و گەو لەو بابەتەی خۆم بنووسم، وەزارەت بەو کارەی، هەست و ورەی لە مندا مراند. راسپاردەیلی کۆنفراسم خوێندەوە، تاسێک منی بردەوە و داچڵەکیم لە ئاست ئەو نەزانییەدا، تەنانەت لە ئاست ئەو نابەرپرسایەتییەدا. ئەو راسپاردەیلە لە کۆمەڵێک داوای نەزانانە بەولاوە هیچ نین. ئەو لێژنەیەی ئەو راسپاردەیلەی نووسیوە هیچ شارەزاییەکی نییە لە زواندا. فەرموون ئەوە هەندێک تێبینیی من لەبارەی ئەو راسپاردەیلەوە:

دەڵێ: "**کۆنفرانس داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات پرۆژەی (یاسای زمان) ئامادە بکات و پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان بکات بۆ پەسندکردن و پیادەکردنی**".

بەڵام لایەنەیل پێوەندیدار کێن؟ دیار نییە. ئاخۆ مەبەستی لە حکوومەت و پەرلەمانە؟ ئەگەر مەبەستی لەوان بێ، ئەوە دەچینەوە بۆ خاڵی سەرەتا لەبەرئەوەی هەموو یاسا و بڕیارێکی حکوومەت و پەرلەمان، پسپۆڕەیل بواری جیاجیا گەڵاڵەی دەکەن، کەس لە حکوومەت و پەرلەماندا

نییە یاسا بۆ زوانی کوردی دابنێ، دای بنێن لەو راسپاردەیلەی باشتر دانانێن کە کۆنفراسی زوانی کوردی دای ناوە. ئەگەر مەبەستیش لە لایەنەیل پێوەندیدار، کۆڕی زانیار بێ ئەوا کۆنفرانس خۆی ئەو دەزگایەی بەلاوە ناوە کە لە رووی یاساوە ئەو دەزگایە "واتە کۆڕ" سەرپشکە بۆ بڕیاردان لە زوانی کوردی. "خاڵی سەرەتا" کە گوتم، پسۆڕەیل و شارەزایەل زوانی کوردین و دەبێ ئەوان ئەو یاسای زوانە گەڵاڵە بکەن کە کۆنفرانس داوای دەکا. بەڵام ئاخۆ "یاسای زوان" چییە؟ کۆنفرانس روونی نەکردووەتەوە ئەو یاسایە بۆ چییە.

ئەو خاڵی یەکەمە لە راسپاردەیل کۆنفرانسی زوانی کوردی و هیچ واتەیەکی نییە و بیرێکی پەشێوی تێدایە. بۆ نموونە دەڵێ "لایەنە پەیوەندارەکان" واتە کۆمەڵێک لایەن، پاشان دەڵێ پڕۆژەی یاسای زمان ئامادە بکات و پێشکەشی پەرلەمانی بکات، لێرەدا ئاماژەی گوتنەکە بۆ تاکە نەک بۆ کۆ "ئامادە بکات و پێشکەش بکات".

ئەوە خاڵی یەکەم بوو کە وەک گوتم هیچ نەبوو. خاڵی دووەم دەڵێ:

**"دانانی ( جڤاتی باڵای زمانی کوردی ) لەهەرێمی کوردستاندا لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی پارچەکانی کوردستان و کوردانی دیاسپۆرا، کە لە ( ٢٠ ) بیست ئەندام پێکهاتبێ و هەر چوار سالوەزارەتی کاروبارەکانی وسەربەخۆیی خۆی هەبێت.ئەمە بەهاوکاری راستەوخۆی زانکۆکانی کوردستان و ئەکادیمیای کوردی و ئەنستیۆتەکانی زمانی کوردی پێک بێت."**

ئەوە تێ گەیشتم کە دەبێ جڤاتی باڵای زمانی کوردی بێتە دانان، بەڵام تێ نەگەیشتم ئەو دەزگایە بۆچی وەزارەتی هەبێ، یانەخۆ "**هەر چوار سالوەزارەتی کاروبارەکانی وسەربەخۆیی خۆی هەبێت**" واتەی چییە؟ وەک دیتمان خاڵی یەکەم واتەی نەبوو، خاڵی دووەم ئاژاوەیەکە لە هزر، رێنووسێکی شەت و پەتیش لەولاوە بووەستێ.

ئەوەش تێ ناگەم ئەکادیمیای کوردی بۆچی بەشداری بکا لە دانانی ئەو جڤاتە و ئەو وەزارەتەی کە جڤاتەکە "گوایە" دەیبێ. ئەدی ئەکادیمیا خۆی چ کارە دەبێ لە دوای ئەوەی کە "جڤاتی زوان" دێتە دانان؟

سەمەرە و سەیرێکی تر، دەڵێ " **دانانی ( جڤاتی باڵای زمانی کوردی ) لەهەرێمی کوردستاندا لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی پارچەکانی کوردستان و کوردانی دیاسپۆرا**".

هەی بێ ئاگا، دیالەکتەیل زوانی کوردی بەگوێرەی بەشەیل کوردستان نییە. بەشە کوردستانی عێراق هەر چوار دیالەکتەکەی هەیە "کرمانجیی سەروو و خواروو، گۆرانی و کەڵهوڕی". کوردستانی ئێرانیش هەر چواری هەیە. باکور کرمانجیی سەروو و زازای هەیە کە زازاش بە گۆرانی حسێبە. کوردەیل سووریا گشتیان بە کرمانجیی سەروو دەدوێن. واتە یەک دیالەکت لەوێ هەیە. جگە لەوە کوردەیل هەندەران "دیاسپۆرا بەگوتەی کۆنفرانسەکە" کێن؟ تۆ باسی دیالەکت

دەکەی یان شارەزایی؟

ئەمەیە "گا بە گون ناسینەوە" و ئەرک سپاردن بە کەسەیلێک کە فریان بەسەر بابەتی زوانی کوردییەوە نییە، تەنیا ئەوەندەیە هەڵگری بڕوانامەی بەرزن. مامۆستایەل زوانی کوردی لە زانسگەیل کوردستان زۆربەیان ئەگەر نەڵێم هەموویان، ناتوانن لاپەڕەیەک بە کوردییەکی رەوان و بێ هەڵە بنووسن، جگە لەوەی تەنیا یەک دیالەکت دەزانن لە چوارە سەرەکییەکە، لەو دیالەکتەشدا تەنیا بنەشێوەی ناوچەی خۆیان دەزانن. لە خەمخۆرەیل زوانی کوردی لەناو مامۆستایەلدا دووانم ناسیوە، ئاوەڕحمانی حاجی مارف کە کۆچی کرد، ئەوی تر وریا عومەر ئەمینە کە تاکە پسپۆڕی زوانی کوردییە لەناو مامۆستایەلدا . وەزارەت نۆ مانگ پڕۆژەی زوانی کوردیی بە دەستەوە بێ و دکتۆر وریای لەبیر نەبووبێ، جگە لە وازی بە ردێنی باوە هیچی نەکردووە. راستی بڵێم ئەو کۆنفرانسە بە کرچ و کاڵییەکەیەوە دیارە کاری نۆ رۆژ بووە نەک نۆ مانگ. کاک فەرهاد شاکەلی کە یەکێکە لە شارەزا و پسپۆڕەیل زوانی کوردی، لە دوای کۆنفرانسەکە نامەیەکی بۆم نووسیبوو تەنیا سێ نیشانی پرسیاری دانابوو. کاک فەرهاد ببوورێ لێم، بێ ئیزن ناوەڕۆکی ئەو نامەیەم وەشاند، مەبەستم پێشاندانی خەمخۆریی کاک فەرهاد و کەسەیل ترە کە دەمیان بوو بە تەڵەی تەقیو لە سۆنگەی ئەو کارەوە. ئەدی دکتۆر جەمال نەبەز؟ کوا قسەی ئەو لە کۆنفرانسی زوانی کوردیدا تەنانەت ئەگەر بەنامەیەکیش بێ.

زوانی کوردی لە سەتەی بیستەمدا کێ لە فەوتان رزگاری کرد و پەرەی پێ دا؟ رەنگە تۆ بڵێی سەتان و هەزاران. منیش دەڵێم وایە و گەلێک لە پشتی پاراستنی ئەم زوانەوە بووە، بەڵام ئەوانەی سەرگەلە بوون چەندێکی کەم بوون: عەلائەدین سەجادی، هەژار، هێمن، مەلا شوکور، مەسعوود محەمەد، شێخ محەمەدی خاڵ، حاجی جندی، ئەمینێ عەبدال، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، حەسەنی قزڵجی، مەلا جەمیل رۆژبیانی، حوسێن حوزنی و قادر فەتاحی قازی. کیهەیان بەڵگەنامەی هەبوو لە زواندا . من دژی بەڵگەنامە نیم و لەوەپێش بە شانازییەوە ناوی دکتۆر وریا و دکتۆر ئاوەڕحمانم هێنا ، بەڵام بەڵگەنامەدار مەم و زینی خانیی نەخوێندووەتەوە، شیرین و خوسرەوی خانای قوبادیی نەخوێندووەتەوە. باوەڕ ناکەم یەکێکیان رستەیەک لە زاراوەی کەڵهوڕی بزانێ مەگەر خۆی سەر بەو دیالەکتە بێ. نابێ گا بە گون بێتە ناسینەوە. یەکێک نەزانێ کوردییەکی پاراو بنووسێ نابێ چارەنووسی ئەو زوانەی بدرێتە دەست.

با بێینە سەر خاڵی سێیەم. خاڵی سێیەم دەڵێ: "**پێشنیازی ئەوە دەکەین، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاسان کاری و پشتگیریی بکات بۆ دانانی فەرهەنگێکی کوردی ــ کوردی بەهەردوو ئەلفوبێ عەرەبی ولاتینی وشە و زاراوەی هەموو دیالێکتەکان لەخۆبگرێت** ".

لە سەرەتاوە دەڵێم، من ئەو شەپڕێوییەی رێنووس دەسکاری ناکەم لە دەقی راسپاردەیلەکەدا، تەنیا لە ناوەڕۆکی دەدوێم. باسی رێنووس بکەم کتێبەکی تەواوی دەوێ. پرسیارێک لەبارەی ئەم

خاڵەوە بکەین: بۆچی حکوومەتی هەرێم پشتگیری لە دانانی فەرهەنگێک بۆ زوانی کوردی بکا؟ حکوومەت کێیە؟ ئاخۆ ئەکادیمیا و زانسگەیل کوردستان حکوومەت نین؟ بۆچی ئەوان سەربەخۆ خۆیان بەو کارە رانابن؟ ئەگەر مەبەستیش تەرخانەی دراو بێ بۆ بەئەنجام گەیاندنی کارەکە، ئەوا لە هیچ دەزگایەکی حکوومەتی هەرێمدا قاتوقڕی نییە، پارە لە هەموو شوێنێکدا مشەیە.

فەرهەنگی زوان حکوومەتی ناوێ، بە خەمخۆری و دڵسۆزیی تاکە کەسی یان دەستەیەک دێتە دانان. پێش ساڵێک یان دوو ساڵ، زانسگەی کوردستان لە سنە فەرهەنگێکی بۆ زوانی کوردی بە ئەنجام گەیاند کە شایەنی سەر بۆ دانەواندنە. ماجد رۆحانی سەرۆکایەتیی دەستەیەکی کرد و بە پشتیوانیی زانسگەی سنە ئەو کارەی راپەڕاند. ئاخۆ جێی سەیر پێهاتن نییە لە کۆماری ئیسلامیدا کار بۆ زوانی کوردی باشتر هاتبێتە کردن.

خاڵی چوارەم لە هەموویان زیاتر جێی پرسیارە. دەڵێ: "**هەردوو ئەلفوبێی کوردی لە بوارەکانی زانست و پەروەردە و رۆشنبیری و ڕاگەیاندندا بەکار بهێنرێت تا رێنووسێکی کوردی یەکگرتوو پیادە دەکرێت.**" ئەوە دەقی خاڵی چوارەمە کە داوای بەکارهێنانی دوو ئەلفبێ دەکا بۆ زوانی کوردی لە هەرێمی کوردستان. لە خاڵەیلی شەشەم و دەیەمیشدا دووپاتەی داوای بەکارهێنانی دوو ئەلفبێ دەکاتەوە، جارێک دەڵێ "ئەلفابێ" و جارێکیش دەڵێ "ئەلفوبێ"، ئیتر ئاژاوەیە، داوی نەزان رێسە.

دوو ئەلفبێ بۆ چییە؟ ئاخۆ مەبەست لێی ئەوەیە وردە وردە بۆ ئەلفبێی لاتینی برۆین؟ ئەگەر مەبەست ئەوەیە، بۆچی وا بە خشکەیی؟ من وا دەزانم خاڵی بنەڕەتی لە ئامانجەیلی ئەو کۆنفرانسەدا تەنیا ئەوە بووە. بەڵام ئاخۆ ئێمە بۆچی ئەلفبێ بگۆڕین بۆ لاتینی، یان لاتینی بەکاری بهێنین لە پاڵ ئەلفبێی عەرەبیدا؟ ئەلفبێ نیشانە نییە بۆ پێشکەوتنی جڤاتێک و رێخۆشکەریش نییە بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی. یابان و چین و کۆریا هیچ کێشەیان لەگەڵ ئەلفبێی خۆیاندا نییە. یۆنان بە ئەلفبێی جیاوازەوە چووەتەوە ناو یەکەتیی ئەورووپا کە زۆربەی وڵاتەیل ئەو یەکەتییە ئەلفبێی لاتینی بەکار دەهێنن. کەچی لەولاوە، تورکیا بەخۆی و بە ئەلفبێی لاتینییەوە نەهاتە وەرگرتن لەو یەکەتییەدا. عوسمانی گەورەترین کەلەپووریان هەیە لە مێژووی گەلەیل ئیسلامدا کە بۆ ماوەی ٦٠٠ ساڵ زیاتر کەڵەکە بووە، ئێستە لە سەرینیی گۆڕینی ئەلفبێوە لێی دابڕاون. من بڕوام وایە ئەو حزبە ئیسلامییەی تورکیا کە ئێستە فەرمانڕەوایە، پاشی چەند ساڵێک، بە جۆرێک لە جۆرەیل، ئەلفبێی عەرەبی دەگێڕێتەوە پاڵ ئەلفبێی لاتینی. پێشکەوتنی گەلان بە ئەلفبێ نییە، بە فێربوونی زانست و پیشەوەری و ماندووەتی نەناسییە. ئەلفبێی عەرەبی "چییە عەیبی؟". شیعری نالی و حاجی و مەلای جزیری چ چێژیان دەمێنێ بە لاتینی بێنە نووسینەوە، یان قورئان چۆن دێتە خوێندنەوە؟ من ئەو پێشنیازەم بکردایە بۆ بەکارهێنانی ئەلفبێی لاتینی، یەکەتیی مەلایەل و لێژنەی ئەوقاف ئاگریان هەڵدەستاند، بەڵام ئێستە ماستی مەیین.

راسپاردەکە دەڵێ با هەردوو ئەلفبێ بێنە بەکارهێنان تا پاشان بڕیار لە یەکێکیان دێتە دان. باشە بۆچی ئێستە بڕیار نەیەتە دان، زوان چۆن بە دوو ئەلفبێ دێتە نووسین؟ مامۆستا مامۆستا بێ چۆن ئەم قسەیە دەکا ئەگەر مەسەلەکە بازی نەبێ بە ڕیشی باوە. جڤاکی کوردستان و حکوومەتی هەرێم هەزار و یەک کێشەیان هەیە کە چاوەڕوانی بڕیار و دەستی بزان و شارەزان بۆ چارەسەرکردن، کێشەی زۆر بە پەلەتر هەیە لەم جڤاکەدا، لە جیاتیی بە دەنگەوەچوون و چارەسەردۆزییان، دێن هەندێکی تری دەخەنە پاڵ.

لە هەمووی مایەی کەنینتر ئەوەیە دەڵێ دوو ئەلفبێ بێتە بەکارهێنان تا پاشان "**ڕێنووسێکی یەکگرتوو پیادە دەکرێت**". ڕێنووس لە کوێ و ئەلفبێ لە کوێ؟ کاکۆ ڕێنووس شێوازی نووسینی وشەیە و کەمێکیش پێوەندیی بە داڕشتنەوە هەیە، ئەلفبێ شتێکی ترە. ئەی خوا لەم نەزانییە. شاعیر گوتەنی مەرحەبا ئەی جەهل و وەحشەت.

خاڵەیل تری راسپاردەیلەکە هێندە قۆڕن، لە هەموویان بکۆڵمەوە، دەبنە مایەی قوڕپێوان لە داخانا. ساڵێک قسەیان لەبارەوە بکەین لێ نابینەوە بۆیە وازیان لێ دەهێنم و هەواڵەی مێژوویان دەکەم بەڵکو مێژوو ئەو کۆنفرانس و ئەو کەسەیلەی ئەم کوردستانە بە نەزانیی خۆیان وێران دەکەن، بخاتە شوێنی شیاوی خۆیانەوە.

خاڵی یازدە دەڵێ ئەو کۆنفرانسە "زانستییە" ماشەڵڵا ماشەڵڵا، ببێت بە نەریتی ساڵانە لە کوردستان. کاکۆ تۆ داوای دانانی جڤاتی باڵای زوانی کوردیت کرد کە سەربەخۆ بێت، ئیتر کۆنفرانسی "زانستیت" بۆ چییە؟ خۆ زوانی کوردی پکنیک و بندارۆک نییە هەموو ڕۆژ بە گەڕەلاوژەی دەم خواردن و خواردنەوەوە کاتی پێ بکوژی. زوانی کوردی پیرۆزترین شتێکە کورد بۆی مابێتەوە لە مێژووی پڕ لە ماندووەتی و لێوان لە چەرمەسەریدا.

یان لە خاڵی سێزدەدا دەڵێ: "**کۆنفرانسی زانستی زمانی کوردی خوازیارە کە کۆنفرانسی یەکەتی نەتەوەیی کوردستان پێک بێت.**". کۆنفرانسی یەکەتیی نەتەوەیی چییە گەلۆ؟ ئاخۆ چ پێوەندیی ئەو یەکەتییە دەبێ بە زوانی کوردییەوە؟ تۆ لە خاڵی دووەمدا داوات کردبوو لە کوردی هەر چوار بەش "جڤاتی زوانی کوردی" پێک بێت، دەستت خۆش بێ بۆ ئەو داوایە، دەبوو کۆڕی زانیار "ئەکادیمیای ئێستە" بەم کارە هەڵستێ و خۆی لێ بە پاش دا.

بەلای منەوە گەندەڵی تەنیا لێدان و بەتاڵان بردنی سەروەت و سامانی گشتی نییە. گەندەڵیی گەورە ئەو بە پێخواسی بەناو کەوتنەیە کە لە هەموو بوارێکی ژیان لە کوردستاندا ڕۆژانە دێتە کردن. زوانی کوردی لە مادەی ١٤٠ و لە هەموو شتێکی تری کورد پیرۆزترە و نابێ ڕێگە بە کەسەیلێک بێتە دان گەمەی پێ بکەن. من لە ڕێی ئەم نووسینەوە داوا لە سەرۆکی بەڕێزی هەرێمی کوردستان دەکەم ڕێگە لەو جۆرە کارانە بگرێ کە پیرۆزترین پرسی ئێمە دەخەنە ژێر پێوە. پێیان بڵێ "ئەگەر ناتوانن باشی بکەن، خراتری مەکەن تکایە".

پسپۆڕی له زواندا پێوەندیی بە خوێندنی باڵا و بەڵگەنامەوە نییە و تەنیا بەوانیشەوە بەند نییە. ئەگەر وا نییە ئەدی ئەمە کێشەیلی زوانی کوردی و ئەوەش ئەو هەموو خاوەن بەڵگەنامە بەرزە؟ کوا بچووکترین هەنگاویان بەو ڕێگەیەدا؟ بیانووی جاران دوژمن بوو کە ڕێی نەدەدا، ئێستە دوژمن لە کوردستان نییە. ڕاستیش بڵێین باشترین کارەیل زانستی بۆ زوانی کوردی ئەوانەن لە سەردەمی بەعسدا هاتوونەتە ئەنجامدان یان ئەو فەرهەنگە بێ وێنەیەی ماجد ڕۆحانی و هاوەڵەیلی ئەو لە زانسگەی سنەدا.

کورد دەڵێ "بیانووی تر نانی جۆیە"، بیانووی ئەمانەش بۆ بەفریاوە نەچوونی زوانی کوردی، نەبوونی دەزگا و کەمیی پارەیە. لەو ڕاسپاردەیلەی ئەو کۆنفرانسە هیچ و پووچەدا، سەرتاپێ داوایە لە حکوومەت بۆ "دانانی وەزارەت و جڤاتی باڵا و کۆڕ و کۆنفراسی ساڵانە و چوار ساڵانە و پڕۆژەی لابەلا" کە هەر هەموویان داوای تەرخانکردنی زیاتر لەوەی هاتووەتە کردن و پەشێوی نانەوەی زیاتر لەوەی هەیە، دەکەن. گوایە بۆیە هیچ نەهاتووەتە کردن، تەرخانەی دارایی و ئاوڕلێدانەوەی حکوومەتی هەرێم کەم بووە. ئەمە بیانووێکی زۆر بێ جێیە. زوانی کوردی پێویستی بە کاری زانستانە و شێنەیی و بێ بەپێ هەیە نەک گەڕەلاوژە و کۆنفرانس و پارە خەرجکردن. کارەکە کارێکی عاشقانەیە و هیچ پارەی تێ ناچێ.

من چەند خاڵێکم لەم زنجیرە نووسینەی خۆمدا "ماڵی زمانە وێرانەکەمان" خستووەتە ڕوو وا لێرە بە کورتی بەسەریاندا دەچمەوە:

یەکەم: ئەلفبێ لەناو کوردەیل تورکیا و سووریادا لاتینییە و ئەوان بۆ خۆیان لەسەری ڕاهاتوون. کوردی سووریا ئەلفبێی عەرەبیش دەزانن و کێشەیان نییە. کوردی عێراق و ئێران ئەلفبێی عەرەبی بەکار دەهێنن، با جارێ ئەم بارە وابێ لەبەرئەوەی کێشەی گەورەترمان لە پێشدایە. نانەوەی کێشەی ئەلفبێ ڕێگە لە چارەسەری کێشەیل پێشوەتر دەگرێ.

دووەم: چوار دیالەکتی سەرەکیمان هەیە، کرمانجیی سەروو و خواروو، گۆرانی و کەڵهوڕی. ئەو دووەی یەکەم سەرەکین، دووەکەی دوایی "گۆرانی و کەڵهوڕی" چ لە ڕووی هۆشیاریی نەتەوەیی بێ و چ لە ڕووی کولتوورییەوە خۆیان بە دەست کرمانجیی خوارووەوە داوە سەرەڕای ئەوەی کە دیالەکتی گۆرانی دەوڵەمەندترین دیالەکتی کوردییە لە ڕووی زۆریی زاراوەوە. دەستیان خۆش بێ بۆ ئەم خۆ بەدەستەوەدانە و مێژوو ئەمە بەرز هەڵدەسەنگێنێ. دەمێنێتەوە دوو کرمانجییەکە کە ئەوان دەبێ کاریان بۆ بێتە کردن بۆ نێزیکبوونەوە لە یەکتر.

سێیەم: لە کاری لێک نێزیکبوونەوەدا پێویستیمان بە نەخشە ڕێگە هەیە. من لەم زنجیرە وتارەدا پێشتر داوام کردووە شێوازی کەسنەناس "مبنی للمجهول"ی کرمانجیی خواروو بێتە پشتگوێ خستن. بۆ نموونە دەڵێین: پشتگوێ خرا، هەڵوەشێنرایەوە، بردرا، کردرا. کرمانجیی سەرووەکە زۆر سووک و ئاسانە، ڕەسەنتریشە. ئەو دەڵێ: هاتە پشگوێخستن، هاتە هەڵوەشاندنەوە. هاتە

بردن، هاتە کردن.

چوارەم: شاردنەوە و کردنەوە و خواردنەوە و دۆزینەوە و جیابوونەوە و هتد. پاشگری "ەوە"ی خواروو لە سەروودا دێتە پێشەوە "ڤە"، هەمان ئەو زاراوەیلەی سەرەوە دەبن بە: وەشاردن و وەکردن و وەخواردن و وەدۆزین و جیاوەبوون. لە هەندێک ناوچەی کرمانجیی خوارووشدا ئەم "ەوە" دێتە پێشەوە. هەڵبژاردنی ئەم شێوازە باشترە بۆ نێزیکبوونەوە. بەلای منەوە، لەبەرئەوەی کرمانجیی خواروو زیاتر بە پێش کەوتووە و کوردی باشوور کێشەی زمان زانینیان کەمە، دەبێ ئەم دیالەکتە زۆر هەوڵ بدا لە کرمانجیی سەروو نێزیک بێتەوە و زۆریش "تەنازولات"ی بۆ بکا.

پێنجەم: لە جێی ئەوەی بنووسین: گەیشتۆتە، چۆتە، بۆتە، دەبێ بنووسین گەیشتووەتە، چووەتە، بووەتە. نابێ بنووسین ببوو، دەبێ بنوسین بووبوو. لە جێی ئەوەی بڵێین "گەیشتووە بە چی"، "بردووە بە ئاسماندا"، "چووە بە ناخدا"، دەبێ بنووسین "گەیشتووەتە چی"، "بردووەتە ئاسمان"، "چووەتە ناخ". سەتان هەنگاوەیلی وامان دەوێ تا هەردوو کرمانجی لە یەکتر نێزیک دەکەینەوە.

شەشەم: زاراوەی هاوبەش و وەلانانی فرە زاراوەیی لە زمانی راگەیاندن و خوێندن و کارگێڕیدا. کوردی، زاراوەی هاوشێوەی زۆرە بەڵام بە کارهێنانیان بە فرەیی لەو بوارەیلەی باسم کرد سەر لە مرۆڤی کورد دەشێوێنێ. ملیۆنەیل کورد هەن تۆزێک لە زوانەکە دەزانن، بۆیە بەکارهێنانی زوانێکی ئاسان و تێگەیشتنی "مفهوم"، روویان وەردەگێڕێتەوە بۆ کوردی. بێگومان با ئەو وشە زۆر و زەوەندانە لە ئەدەب و شیعر و لێکۆڵینەوەدا بەکار بێن، ئەم بوارەیلە بواری کورتەبڕن و گرینگ نییە سەریش لە مرۆڤ بشێوێنن، بەڵام بوارەیلی راگەیاندن و کارباری رەسمی و خوێندنی قوتابخانە دەبێ زۆر ئاسان و بێ گرێ بن.

حەوتەم: بەکارهێنانی شێوەی کۆی کەڵهوڕی "ەیل، یەل، یێل" لە نووسیندا لەبەرئەوەی لە شێوەیلی کۆی هەردوو کرمانجییەکە ئاسانترە. وەک دەبینن من بە فرەوانی و بێ کێشە بوارەیەل و راسپاردەیل و وەزیرەیل و کوڕەیل و منداڵەیل بە کار دەهێنم و هیچ کۆسپم لە رێدا نییە. کار بۆ زوانی یەکگرتووی کوردی، ماندووبوون و فێربوونی شتی تازەی زۆر دەوێ، سازبوونی مرۆڤی دەوێ بۆ وەرگرتنی شتی تازە. ئەمە گەڕەلاوژەی پکنیک و سەیرانی وەهاران نییە.

من زیاتر لە سی هەنگاوم دەسنیشان کردووە بە رێگەی زمانی ناوکۆی کوردیدا، لەمەوپێش تەنیا سێ چوارێکی سادەم راگەیاندبوو و لە ئاکانیوزدا خستبوومە پراکتیکەوە. ئەو کۆنفرانسەی بەسەردا هات کە زۆر خەمباری کردم. ماوەیەکی درێژم دەوێ تا ماندووم دەسێتەوە و دێمەوە سەرەخۆ لەو مێردەزمەیەی تاساندمی. ئێوەش ئۆباڵتان بە ئەستۆی وەزارەتی رۆشنبیری کە لەم گەشتە خۆشەی من و ئێوە، بۆ ناو زوانی رەسەنی کوردی بێبەشی کردین. من ببوورن کە دەست لەم نووسینە هەڵدەگرم. نازانم تاکەی.

**بناوانی لێبووردەیی لە هزری عەرەبی ـ ئیسلامیدا**

# کولتوور و دەوڵەت

د. عەبدولحوسێن شەعبان

بەشی پێنجەم

پاژی چوارەم

**لێبووردەیی و سیرەی محەمەد**

**کەلەپوور و هاوسەردەم**

ڕای من ڕاستە و لەوەیە هەڵە بێ...

ڕای خەڵکی تر هەڵەیە و لەوەیە ڕاست بێ..

ئیمامی شافیعی

١– محەمەد و بناخەی لێبووردەیی

بانگەوازی گۆڕانکاریی پێغەمبەرانەی محەمەد، خەسڵەتێکی لێبووردەییانەی هەبوو. نموونەگەلێکی زۆرمان باس کرد، چ لە دەقەکانی قورئانی پیرۆز یان لە سوونەتی پێغەمبەر، ئاماژەمان بەلێکەوتەوەکانیان کرد لە سەروبەندی ڕۆنانی دەوڵەتی ئیسلامی و کاریگەرییان لەسەر هزر و کولتوور. دیسان ئاماژەمان بەبرێک ڕەفتار و هەڵسوکەوتی خەلیفەکانی ڕاشیدین دا. بانگی محەمەد بۆ قەناعەتپێکردن و ئاشتەوایی، سەرەڕای چەندان ساڵ چەوساندنەوە، هەروەسا

.............................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەبدولڕەزاق عەلی

ڕازینەبوونی ئیسلام بەکوشتنی منداڵان و پیر و ئافرەت و نەخۆش و دیل و پیاوانی ئاینی لە شەڕدا، هەڵسوکەوتگەلێکی مرۆڤانی گەلێ بەرزن، ئاخر دەزانی چ بەها و نموونەگەلێکی باڵای لێبووردەییان تێدایە.

محەمەد پێغەمبەر پاش تێکشکانی شەڕی ئوحد، زۆر بەخۆشەویستی و بەزەییەوە، بەگوێرەی بنەواکانی لێبووردەیی، مامەڵەی لە تەک موسڵمانانندا کرد. دیسان مامەڵەی لەگەڵ موشریکەکانی مەکەدا هەر نەرم و لێبووردانە بوو. موهاجیرانی دەڵێ: "وەک چۆن پێغەمبەر ڕاسپێردرابوو فەرزەکان جێبەجێ بکات، ئاوهاش دەبوو لێبووردە و نەرم بێ لەگەڵ خەڵکدا"... خوا لە کتێبە پیرۆزەکەیدا ڕوو لە پێغەمبەر دەکات و دەڵێ: "خۆ ئەگەر توند و دڵڕەق بوویتایە کەست لە دەور نەدەما، لێیان خۆشبە، داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکە، ڕاوێژ و مەشوورەتیان پێ بکە، ئەگەر بەتەمای کارێک بووی ناوی خوای لێ بێنە و پشت بەخوا ببەستە، خوا ئەوانەی خۆش دەوێ کە پشتی پێ دەبەستن"(ئال عمران: ١٥٩)[١].

پێغەمبەر دەڵێ: (هیچ نەرمونیانییەک بەلای خواوە هێندەی نەرمونیانی ئیمامێک خۆشەویست نییە، هیچ نەزانییەک بەلای خواوە بێزەوەرتر نییە لە نەزانی و ملهوڕیی ئیمامێک).

سوورەتی ئالی عمران پاش شەڕی ئوحد دابەزی، ئەڵبەت سوورەتێکی مەدینەییە و تێیدا هاتووە کە پێغەمبەر بڕیاری دا لە شار بچێتە دەرەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی موشریکان، دوای ڕاوێژکردن بەموسڵمانان، سەرەڕای ئەوەی خۆی پێی باش بوو لە شاردا بمێننەوە، بەڵام بەقسەی زۆرینەی کرد. کاتێک دەرچوون، شکستیان هێنا، لەبەرئەوەی هێندێک لە چەکداران ئەو سەنگەرانەیان چۆڵ کرد کە پێغەمبەر بۆی دەستنیشان کردبوون و کەوتنە دووی تاڵانی، ئەوەش بووە هۆی شەهیدبوونی حەمزەی مامی پێغەمبەر و بریندار بوونی پێغەمبەر و شکانی ددانی و پەمینی دەموچاوی. لەگەڵ ئەوەشدا خوای گەورە دیسان جەختی لەسەر بنەواکانی لێبووردەیی و لێخۆشبوون و ڕاوێژ کردەوە، بەو پێیەی ئەوانە بنەماگەلێکی چەسپیوو و جێگیرن، نەک لاوەکی و ناکاو.

پێغەمبەر لە کاتی فەتحی مەکەدا ئەوپەڕی نەرمی نواند، ئەوە بوو لە دەروازەی کەعبەدا وەستا و سروودی سەرکەوتنی دەخوێند (لا الله الا الله وحده لا شريك له، صدق وعده، ونصر عبده، وأعز جنده، وهزم الأحزاب وحده). دواتر ڕووی لە قورەیش کرد و گوتی: (خوا لووتبەرزی جاهیلییەتی لە کۆڵ کردنەوە هەروەها خۆبادانتان بەباپیرانتان و گەورەکردنیان، هەموو خەڵک لە ئادەمن و ئادەمیش لە خۆڵ. دواتر گوتی: "وا دەزانن چیتان لێ دەکەم؟ گوتیان: برایەکی چاک و برازایەکی چاک. گوتی: "بڕۆن ئێوە ئازادن. لە ئەبوسوفیان و هندی خوێنەخۆری حەمزە خۆش بوو، هەروەها لە (وەحشی) بکوژی حەمزە.

ئەو لێبووردەییەی پێغەمبەر پێڕەوی دەکرد، یەکێک بوو لە هۆکارەکانی گەشەسەندنی

شارستانیەتی عەرەبی ئیسلامی. خۆی خەڵکی بەعەقڵ و ئیرادەی جیاواز خەڵق کردووە، ڕەفتاری پێغەمبەر لەگەڵ قورەیش و دانیشتووانی مەکەدا دوای ڕزگارکردنی، دووپاتی دەکەنەوە کە بناخەی یەکەم لە ئیسلامدا، لێبووردەییە، هەرچی سزایە کە پێویستە لە پێناو پەروەردە و چاکسازیدا بێ، ئەوە دوایی دێ. خۆ ئەگەر بناخەکە پێچەوانە بووایە، دەبووا ئەبوسوفیان و ئەوانی تر داوەری بکرانایە.

ئیبن عەرەبی وای دەبینێ کە ئاسانترین ڕێگە بۆ لای خوا، شەریعەتێکی ئاسان و لێبووردەیە[٢]، ئەویش بەگەڕانەوە بۆ ئەو بنەوایەی دەڵێ "چاکترین ئاین ئاسانترینیانە"، کاتێک پێغەمبەر لە نێوان دوو پرسدا سەرپشک دەکرا، ئاسانەکەیانی هەڵدەبژارد[٣].

سۆفییەکان بەمحەمەد دەڵێن خۆشەویستی خوا و لەو باوەڕەدان کە خوا ئەو خێروبێرە دەداتە ئەو کەسانەی خۆشیان دەوێ لە ڕێگەی پێوەندییەکی ڕوحییانەوە. خۆشەویستی بەلای ئیبن عەرەبییەوە بریتییە لە "شێوەیەک لە شێوەکانی باوەڕبوون بەوەی خوا خۆی ئاشکرا دەکات" و دەڵێ: سۆفی ڕاستەقینە خوا لە هەموو ئاینەکاندا دەبینێ، واتە ئەوەی ئیبن عەرەبی پێی دەڵێ "یەکێتی بوون _ وحده الوجود"[٤].

دڵم وای لێ هاتووە هەموو وێنەیەک وەردەگرێ
چ لەوەڕگەی ئاسکان بێ یان دێری ڕاهیبان
بووەتە ماڵی نیشتمانان و کەعبەکەی تائیف
لەوحگەلی تەورات و قورئانی پیرۆز
لەسەر دینی ئەویندارانم ڕوو لە هەر کوێ بکەن
چوون خۆشەویستی، ئاین و بیروباوەڕمە

هەولێرنامەی کتێب

مرۆڤ هەر بەفیترەت ئیماندارە، ئەوەی پێی دەگوترێ فیترەتی ئیمان. بەپێی قورئانی پیرۆز، خوا ڕێزی لە مرۆڤ گرتووە کاتێ بەخەلیفەی خۆی داناوە لەسەر زەوی، ڕێزلێنانیش واتە ئیماندارکردنی هەروەها لە ڕێی کارکردن و بەرزڕاگرتنی کاری چاک و بەبەر (وەرن بەرەو چاکترین کار)، ئەم ڕستە بەرانبەرانە بەگوێرەی سالم بەهنەساوی کە لە کتێبی "ئیسلام و مافەیلی مرۆڤ"[٥]دا دەڵێ ڕستەگەلێکن بۆ ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری و مەشوورەت".

لە قورئانی پیرۆزدا، وشەی "حەق" دووسەت و پەنجا جاران هاتووە و وشەی "ئینسان"یش ٧٠ جار.

ماوەی پێغەمبەرایەتی نێزیکەی بیست و سێ ساڵی خایاند (٦١٠ – ٦٣٢)، بۆ توێژینەوە، دەشێ شەریعەت، ئەڵبەت لێرەدا مەبەست قورئان و سیرەی پێغەمبەرە، دابەش بکرێ بۆ دوو بەش یان قۆناخ:

یەکەم: قۆناخی مەکە، دوو لەسەر سێی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز لەم قۆناخەدا دابەزیون، برێتین لە خستنەڕوو و ڕوونکردنەوەی بنەوا سیاسییەکانی ئیسلام، ئسووڵگەلی عەقیدە، هەروەها باس لە بەها روحییە باڵاکان و پێوەرە مرۆڤانییەکان و تاقیکردنەوە مێژووییەکان دەکات، نەخاسمە کاتێ ڕێبازی پێغەمبەران و هەوڵەکانیان بۆ چاککردنی دنیا و ڕێنوێنی مرۆڤەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە.

بەگوێرەی دەستەواژە هاوسەردەمەکان، خەسڵەتەکانی قۆناخی مەکە، یەکەم: بڵاوکردنەوەی بانگەشەی ئیسلام، دواتر، بڵاوکردنەوەی پڕوپاگندەی سیاسی و خستنەڕووی عەقیدەکان.

قۆناخی یەکەم، بەلێبووردەییەکی زۆر دەناسرێتەوە، ئەویش لە کاتی بانگەواز و ئاگەدارکردنەوەدا، قۆناخەکە گەیشتە بڕێک ئسووڵی عەقیدە و میتۆدیش. دەکرێ لێبووردەیی بەیەکێک لە سیماکانی قۆناخەکە بژمێرین، ئەو قۆناخە بەڕەتکردنەوەی بەکارهێنانی توندوتیژی دەناسرێ.

قۆناخی دووەم، قۆناخی مەدینەیە، لەم قۆناخەدا، پێغەمبەر بەناچاری مەکەی جێ هێشت و کۆچی کرد بۆ مەدینە، لەم قۆناخەدا، وەڵامی پرسیارگەلێکی زۆری ژیان و گوزەران و کردەنی درایەوە کە ڕووبەڕووی موسڵمانان و پەیوەندییە جیاوازەکانیان بووەوە. ئەم قۆناخە، پاش قۆناخی مەکە بوو کە بووە ژێرخانی عەقیدەیی و هزری و کولتووریی ڕۆنانی دەوڵەتی ئیسلامی و بڵاوکردنەوەی بنەواکانی ئیسلام. دەکرێ بگوترێ کە قورئانی پیرۆز دان بەمەسیحییەت و جوولەکەدا دەنێ و ناویان دێنێ و داوا لە موسڵمانان دەکات ڕێز لەو دوو ئاینە بنێن و مامەڵەیان لەتەکدا بکەن و لێبووردە بن بەرانبەریان.

ڕاستە ئاینگەل هەموویان بایەخ بەمرۆڤ دەدەن، چونکە نامەیەکی خوایانەی پیرۆزن ئاراستەی مرۆڤ و ژیانی دنیا دەکرێن، وەلێ ئیسلام، دانی بەو ئاینانەدا نا کە پێش ئەو هاتبوون.

ئاینەکان ئەو کاتە ڕێزی مرۆڤیان گرت کە مافەکانی دابین کرد. ئیسلام هات، کە دوا ئاینە، تا دان بەهەموو ئاینەکانی پێشتردا بنێ و ڕێز لە باوەڕدارانیان بگرێ و مافەیلە مرۆڤانییەکانیان پێ ڕەوا ببینێ، تاکە یەک مەرجیشی داناوە کە مەرجێکی بنەواییانەیە: ڕێز لە ئیسلام بگرێ و دوژمنایەتی نەکات و یارمەتی دوژمنانی نەدات[٦]. ڕێزگرتنی ئەوی تر، بنچینە ئەرێنی و ئەخلاقییەکەی خۆی لە ڕێزگرتنی خوا لە مرۆڤەوە وەردەگرێ، ڕێزگرتنی ئەوی تر، ڕێزگرتنی ویستی خوایە: "انک لاتهدي من أحببت ولكن الله يهدي من يشاء وهو أعلم بالمهتدين"(القصص:٥٦).

ئەوە نموونەی لێبووردەیی و باڵاترین ڕێزلێنانە کاتێ خوا، مرۆڤ ئازاد دەکات بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات. خوا نەیویستووە ئیمان بەزۆر بەسەر مرۆڤدا بسەپێنێ، ئەگەر بیویستایە دەیکرد. پێغەمبەری، ئیمانی بەزۆر یان ناچاری پێ باش نەبوو، نموونە و پەندی بەرزی لەبارەی ڕێزگرتنی ئادەمیزاد و شکۆی مرۆڤانییەوە خستووەتە ڕوو، پێغەمبەر وەک ڕێنوێن نێردراوە،

بەردەوام لە گفتوگۆیەکی بەردەوامدا بوو لەگەڵ مرۆڤەل، گفتوگۆیەکە کۆتاییی نایەت. خوا تێیدا یارمەتیدەر دەبێ و کێی گەرەک بێ، دەیخاتە سەر ڕێی ڕاست، بێ سەپاندن و ناچارکردن.

ئەو ڕێزگرتنە ئەرێنییەی ئیسلام و موسڵمانان (بەتیۆری) لەوی تری جیاوازی دەنێن، بەگوێرەی ویستی خوایە و خواش هەر وای بۆ مرۆڤەکان پێ خۆشە.

لێرەدا ئاماژە بەوە دەدەین، ئازادی، مافێکی مرۆڤە کە لە دەقە خواییە پیرۆزەکانەوە وەرگیراوە و ئەسڵەن قورئان و سوونەتی پێغەمبەر، ئەو چەمکەیان لێ دەرژێ. ئازادی، بەم مانایە، کردەوەیەکی خۆڕسکانەی ئادەمیزادە، بۆیە هزری هاوسەردەم، نەخاسمە فەلسەفەی ڕۆشنگەریی، بەمافەیلێکی سروشتی دادەنێ. بەگوێرەی ناجی بەکووش: "ئازادیی ئاینی وەک مافێکی بنەڕەتی لە مافەکانی مرۆڤ، چەمکێکی عیلمانییە، بێ ئەوەی لەگەڵ تێڕوانینی ئاینییانەدا دژبەر بێ، بگرە پێک دەگەن، وەلێ نابێتە سەرچاوەکەی، چونکە لە ئیماندا بەشوێن شەرعییەتی خۆیدا ناگەڕێ و لەویشی وەرناگرێ..."[٧]. ئەم مافە لەو هەستەوە سەرچاوە دەگرێ کە مافێکی پێوەلکاوە بەمرۆڤەوە لەبەر کەسێنییەکەی، بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی ئاخۆ خاوەن مافەکە چ کەسێکە. پێغەمبەر، شمشێری لە پێناو سەپاندنی ئایندا بەکار نەهێناوە، ئاخر کارێکی وا، پێچەوانەی عەقڵ و ئایەتەکانی قورئانە "لا اكراه في الدين". دەچێتە عەقڵەوە ئیمان بەزۆرەملی یان بەسەپاندن بئاخنرێتە دڵی خەڵکەوە، ئەدی ئەگەر گەیشتە بەکارهێنانی هێز و چەک و توندوتیژی؟

ئاینی ئیسلام هانی خەڵک دەدا بۆ ڕێگەی ڕاست و قەناعەتهێنان و عەقڵ. خوا لە کتێبەکەیدا دەفەرمووێ "انا هديناه السبيل اما شاكراً واما كفوراً"(الانسان:٣). هەروەها: "ما على الرسول الا البلاغ..."(المائده: ٩٩).

ئایەتەکانی قۆناخی یەکەم، پێیان دەگوترێ ئایەتەکانی لێبووردن، بریتین لە ئازادی و دیموکراسی و یەکسانی سەرلەبەری نێوان موسڵمان و ناموسڵمان، وەک ئەلباقر ئەلعەفیف دەڵێ و وەک لە قورئانی پیرۆزیشدا هاتووە "ان الذين آمنوا والذين هادوا والصابئون والنصارى من آمن بالله واليوم الآخر وعمل صالحا فلا خوف عليهم ولاهم يحزنون"(المائدة: ٦٩).

خوا بەو هەموو گەورەیی و باڵادەستییەوە، باڵادەستیی پێغەمبەری ڕەت کردەوە و یەکسانیی لایەنگرانی ئاینە جیاوازەکانی ڕاگەیاند، بەزمانێکی نەرمونیانیش عەقڵەکانی دواند تا بیانهێنێتە سەر ڕێ. ئیمامی عەلی دەڵێ ئەرکی پێغەمبەران "وروژاندنی ناخە شاراوەکانی عەقڵەکانە"، ئەم زمانەش هەر بۆ خۆی دەبێ جیاواز بێ لەو زمانە وشک و زبرەی هەستەکانی پێ دەدوێنرێ. ئەمانە قسەی هزرڤانێکی گەورەن کە وتەکانی بەدرێژاییی مێژوو بانگێشتی ئازادی و مەیلی مرۆڤانیان لێ دەتکێ.

بانگی محەمەد بۆ ئازادی و چەسپینی هەق، دادپەروەری و یەکسانی نێوان مرۆڤەکان، ڕزگارکردنی مرۆڤ لە نەزانی و کۆیلایەتی و جەور، ئاسمانی جاهیلییەتی شەق کرد.

پێغەمبەر، ساڵی ٦٣٠ ز مەکەی ئازاد کرد، ئەو سەرکەوتنە بووە تخوبی نێوان مێژوویەکی کۆن و مێژوویەکی نوێی دوای باوەڕهێنان و کۆتایهاتنی بتپەرستی.

سەرکەوتنەکە ماناگەلێکی تریشی هەیە، سەرکەوتنی بیروباوەڕ و بنەواکان بوو بەسەر بەرژەوەندی و بتپەرستیدا، ئەو پیاوەی بەو شێوەیە ناچار کرا مەکە جێ بێڵێ، گەڕایەوە و "کتێبی خوا"ی بەدەستەوە بوو، وەک "بەندە و پێغەمبەر"ی خوا گەڕایەوە و سەران و ڕیشسپیانی قورەیش ناچار بوون لە بەردەمیدا دابێن، ئەوانەیان کە ڕازی بوون و باوەڕیان هێنا یان ئەوانەیان کە ناچار بوون ملکەچ بکەن.

سەرەڕای ئەو ژان و دەردەسەرییەی پێغەمبەر لە مەکە دووچاری بوو، ئەوپەڕی لێبووردەیی نواند، بەخۆشەویستی ڕووبەڕووی کینە بووەوە. بەردەوام لە خەمی ڕاستی و لێخۆشبووندا بوو، هەر ئەو خۆشەویستییە بوو درەختی لێبووردەیی محەمەدی ئاو دەدا.

پێغەمبەر(د.خ)، تەنیا ١٥ ڕۆژان لە مەکە مایەوە، گەڕایەوە یەسرب (مەدینە) ئەو شارەی پاراستی و خۆی پێشکێش کرد، دواتر بۆیە وەک وەفایەک و ڕاستگۆییی پێغەمبەر بەرانبەر ئەو شارە، کردیە پایەتەختی دەوڵەتی ئیسلامی، ئاخر هاوەڵانی، لایەنگران یان پشتەوانانی، نیگەران بوون لە گەڕانەوەکەی بۆ مەکە، بۆیە پێغەمبەر بەڵێنی پێدان و گوتی: "خوێنتان خوێنمە، شەرەفتان شەرەفمە، من لە ئێوەم و ئێوەش لە منن، شەڕی هەر کەسێک دەکەم ئێوە شەڕی بکەن، لەگەڵ ئەو کەسەش ڕێک دەبم ئێوە لەگەڵی ڕێک بن"[٨].

بەم شێوەیە، مەدینە بووە پێتەخت و مەکە بووە قیبلە، پاش ئەوەی قودس قیبلە بوو بەر لەوەی کۆچ بکات بۆ مەدینە. وەک چۆن مەدینە پێشوازی لە پێغەمبەر کرد، پێغەمبەریش کردیە پێتەخت و سەنتەری دەوڵەتی ئیسلامی. وەک چۆن مەکەشی کردە قیبلەی خۆی لە سۆنگەی بەرزکردنەوەی ئاڵای خۆشەویستی بەرانبەر تۆڵەسەندنەوە، ئاخر پێغەمبەر بەدەستگرتن بەو ئایەتە پیرۆزەی "وجعلنا من بين أيديهم سداً ومن خلفهم سداً فأغشيناهم فهم لايبصرون"(يس:٩)، بەنهێنی مەکەی جێ هێشت بەو هیوایەی ڕۆژێک بگەڕێتەوە.

بانگی برایەتی نێوان کۆچبەران و پشتیوانان، نیشانە و بەڵگەیەکی درەوشاوەی بلیمەتی محەمەد بوو، بەو بانگە، هەموو مەکەییەک بووە برای مەدینەییەک، هەوڵەکانی پێغەمبەریش بۆ ڕێککەوتنی ئەوس و خەزرەج، نێوان جوو و موسڵمانان بەدەستەبەرکردنی ئازادیی بیروباوەڕ و پێکەوەژیان و مافی یەکسانیی ئاینەکان، لە ژینگەیەکدا کە لێبووردەیی باڵی بەسەردا کێشابێ، لە ڕێگەی دانانی ڕێگەچارەی بنەڕەتی بۆ یەکەمین دەوڵەتی ئیسلامی و دواتر پێتەختی ئیسلامی. لە جیاتی مەدینە ببێتە شاری دژبەری و لێکترازان، بووە سەنتەری کار و داهێنان و پێکەوەژیان، ئەویش لە ڕێی ڕێگەدان بەڕاو ڕای بەرانبەری لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی یەکگرتوودا.

پرۆسەی برایەتی نێوان ئەوس و خەزرەج، نیشانەی باڵادەستی سیاسی و هزرییانە و

ڕێکخستنەوەی سەرنجڕاکێشی محەمەدە لە شارگەلێکی خێڵەکی کە سەریان لەو جۆرە بیرکردنەوەیە دەرنەدەکرد. دوا جار ڕۆڵی نوێژ و ڕۆژ و دێ لە پرۆسەی یەکککخستن و یەکسانی ئیسلامیدا. ئەمەش پرسێکی پڕ گرینگە، دەمێک موسڵمانان، گەورە و بچووک، هەژار و دەوڵەمەند، پیاو و ژن، عەرەب و عەجەم، پێڕەوی ڕێنوێنییە یەکخەرەکانی ئاین دەکەن، ئەو ئاینەی بەیەکسانی تەماشای مرۆڤەکان دەکات لە ڕووی شکۆی مرۆییانە، لە سرووتە ئاینییەکاندا، لە نوێژی مزگەوتدا، لە حەج و ڕۆژوو و ئەوانی تردا. ڕەنگە هەر ئەو تۆوی یەکسانییە بووبێتە کاکڵەی بنەڕەتی بیرۆکەی شکۆی مرۆڤانی و یەکسانیی فرەوان و هاوبەشی نێوان مرۆڤگەل، ئاخر بنەوای بنچینەیی لە ئیسلامدا، یەکسانی مرۆڤەکان و نەبوونی جیاوازییە لە نێوانیاندا مەگەر بەڕادەی ترسانیان لە خوا و چاکەکاریی نەبێ.

ئیسلام لە سۆنگەی هەڵسوکەوتییەوە لە تەک ئەوانی تردا، لێبووردەیی خۆی سەلماند، لە ڕێی ئەو ڕێگەچارانەوە کە پێشکێشی کۆمەڵگە و پێکەوەژیانی کردووە. سەرباری ئەوەش، تێگەیشتنەکانی ئیسلام دەرهەق بەڕاستی و دادپەروەری و یەکسانی و بەگژاچوونەوەی زوڵم، بانگی ئیسلام بۆ هاریکاری و مەشوورەتی یەکتری، تا ئەو ئاستەی، تاک، هەست بەبەهای مرۆڤانەی خۆی بکات، هەست بکات، توخمێکی کارایە نەک هەر تەنیا جێبەجێکارێک. هەر لەبەرئەوە بوو، بڕێک لە جووان لایەنگری ئیسلام بوون، ئەوەبوو عەبدوڵای کوڕی سەلام، بووە موسڵمان و پاڵی بەهێندێکەوە نا هەوڵی تۆڵەسەندنەوە و ئاژاوەگێڕی و دروستکردنی دوژمنایەتی بدەن.

هەر لەو بارەیەوە، پێغەمبەر بەشداری کرد لە بەستنی کۆنگرەی هەرسێ ئاینەکە لە مەدینە لە پێناو یەکتر قبووڵکردن و شەڕنەکردن، هەر ئەوەش وای لە ئەسارا کرد بیکەنە ناوبژیوان لە نێوان خۆیاندا، دوای ئەوەی بینییان چەند دادپەروەرە، ئەوە بوو ئەبوعوبەیدەی جەڕاحی نارده لایان تا ڕێکیان بخاتەوە، ئەم ڕووداوە، محەمەد حەسەنێن هەیکەل لە کتێبەکەیدا "ژیانی محەمەد" باسی دەکات[9].

وەلێ هەڵوێستی بەرانبەر جوو کاتێک گۆڕا کە بەڵێنەکانیان شکاند و بوونە دەستەچیلەی قوڕەیش لە مەدینە، دەمێک هەولێیان دا ئەو و خەزرەج تێکچن، سەرباری تەنگەتاوکردنی موسڵمانان.

ڕووداوی دەستدرێژی شاگردە جووەکە بۆ سەر ژنە موسڵمانەکە، بووە هۆکاری ئەو هەڵوێستەی موسڵمانان و پێغەمبەر وەریان گرت دەرهەق بەجووان، نەخاسمە بەنی قەینوقاع. سەرەڕای ئەوەش، پێغەمبەر هەر بانگی پێکەوەژیان و لێکنەترازانی دەدا، ئەگەرنا، چارەنووسی جووان، لە قوڕەیش چاکتر نابێ. کاتێک جووگەل هەر سوور بوون لەسەر هەڵوێستی خۆیان و گوێیان بەبانگەکەی پێغەمبەر نەدا، واش فەرمانی کوشتنی نەدان، فەرمانی دا شاربەدەریان بکەن، ئەوە بوو کۆچیان کرد بۆ شام.

شایەنی باسە، ئەم ڕووداوە، سەرلەبەری وڵاتی نەگرتەوە، خۆ ئەگەر بەڵێنشکێنی نەبووایە، دەکرا هەمووان پێکەوە بژین. لەگەڵ ئەوەشدا، بنچینەی یەکەم، واتە بنچینەی ڕێکخستنی پێوەندییەکان، لێبووردەیی و خوێندنەوەی ئەوی تر بوو، بەڵێنشکێنی و کاردانەوەکان، لە ناکاو چاوەڕواننەکراو بوون. ئەگەر بەڵێنەکان بهاتنایە پاراستن، ئێستێ وەک سیمبولێکی مێژوویی درەوشاوە ئاماژە بەو مێژووە دەکرا.

سەرباری هەموو ئەمانە، بنەواکانی ئیسلام کە بریتی بوون لە خوێندنەوەی ئەوی تر و پێکەوەژیان و لێبووردەیی، وەک خۆیان مانەوە، ئەو بنەواگەلەی هێندێک لە ئیسلامەوییەکان یان ئیسلامییە هاوسەردەمەکان لە تێڕوانینیاندا بۆ جوو، پشتیان تێ کردن. لێرەدا، هەر دەبێ ئاماژە بدەین بەجیاکردنەوەی جوولەکە وەک ئاینێکی پیرۆز و زایۆنیزم وەک هزرێکی هاوسەردەم کە پێوەندی بەئاینە ئاسمانییەکەوە نییە. وەک بەشێک لە دەلالەتی مێژوویی ڕووداو و هەڵکەوتەکان، ئاماژە دەدەین بەوەی دەمێک جووگەلی بەنی قەینوقاع بۆ ماوەی پازدە ڕۆژان لە ماڵەکانی خۆیاندا، گەمارۆ دران، لە جیاتی ئەوەی بکوژرێن، لە شار دەرکران، ئەویش وەک زەوینەسازییەک بۆ ئازادکردنی مەکە کە ئامانجی سەرەکی بوو، ئازادکردنیشی، یەکڕیزییەکی نێوخۆیی گەرەک بوو، وەک ئێستێ دەڵێن.

دواتر، دوا قۆناخی ڕاگواستنی جووگەل پاش گەمارۆیەکی بیست و پێنج شەوە، تەواو بوو، نەخاسمە دوای قۆناخی غەزوەی خەیبەر (گەورەترین و دوا بنکەی جوو لە نیوچە دوورگەی عەرەبی) کە مانگێک پاش ڕێککەوتنی حودەیبییە ئەنجام درا، لە پێناو دڵنیابوون لە بەرەی ناوەخۆ و یەکەتیی نیشتمانیی ئیسلامدا.

پێغەمبەر، هەرگیز وەک دەسەڵاتدارێکی بکوژ و ببڕ و تاکڕەو، مامەڵەی هاوەڵانی نەدەکرد، وەک هێندێک پیاوانی ئاینی دەسەڵاتخوازی ئەم ڕۆژگارە دەیکەن.

بەڵگە زۆرە کە پێغەمبەر ڕاوێژی زۆری بەهاوەڵانی دەکرد، گوێی بۆ هەموو ڕا و لایەنە جیاوازەکانی ڕاستینە دەگرت. تا ئەو ڕادەیەی هێندێک جاران چاوی لە بەرزبوونەوەی زمانی دواندن کە دەگەیشتە ئاستی "سووکایەتی و برینداربکردن"ی پەیامەکەش دەپۆشی. پێغەمبەر زۆر نەرم و سنگفرەوان و نیازپاک بوو دەرهەقیان.

کە دمرداش زەکی ئەلعوقالی، پارێزەر و نوسەری ئیسلامی، بەراوردی ڕەفتاری "پیاوانی ئاینی دەسەڵاتخوازی ئەم سەردەمە" لەگەڵ سەردەمی پێغەمبەردا دەکات، دەڵێ، توندیی گوتاری ئەم ڕۆژگارە، ئەگەر لە سەردەمی پێغەمبەردا بگەیشتایە ئەو ئاستە "خەڵکەکە لێک دەترازان و یەکتریان کافر دەکرد، کەسیان لە دەستی کافرکردنی ئەوی تر نەجاتی نەدەبوو، جا ئەو کافرکردنە دەگاتە خوێن و نامووس و ماڵحەڵاڵکردن"[١٠].

دوای پێکهاتنی حودەیبییە، عومەر، پێی لە جەرگی خۆی نا و بە پێغەمبەری گوت "بۆچی

سەرشۆڕی دووچاری ئاینەکەمان دەکەی"، هەموو جارێک ئەم قسەی پات دەکردەوە، پێغەمبەر، جار لەگەڵ جار خۆی لێ نەبان دەکرد وەک ئەوەی گوێی لێ نەبووبێ، تا جارێکیان وەڵامی دایەوە "من عەبدی خوام و خوا دەستم لێ بەرنادات".

دەمێک ئەو ئایەتە هاتە خوارەوە کە دەڵێ "لئن رجعنا الى المدينة ليخرجن الأعز منها الأذل..."(المنافقون:٨)، ئەمەش لە وەڵامی یەکێک لە "دووڕووان – منافقین"دا بوو کە هەڕەشەی دەرکردنی پێغەمبەر و کۆچبەرانی دەکرد لە مەدینە (یەسرب). کاتێک عومەر لەو دووڕووە (هاوەڵ عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی ساحیب) ڕاپەڕی و ویستی لە ملی بدات، پێغەمبەر ڕێی لێ گرت و پێی گوت "من حەز ناکەم بڵێن محەمەد هاوەڵێکی خۆی دەکوژێ".

٢– دوو هەڵوێستی هاوسەردەم لەبارەی لێبووردەیییەوە

ئەگەر بێینەوە سەر ڕۆژگاری ئەمڕۆ، لەناو تەوژمی ئیسلامیدا، دوو هەڵوێست لەبارەی پرسی لێبووردەیییەوە لە ئارادان، هەن هەموو لێبووردەیییەکی ئاینی، هزری، کولتووری یان کۆمەڵایەتیی ناوخۆ یان دەرەکی ڕەت دەکەنەوە، بەبیانووی خاوەندارێتی ڕاستینە (حەقیقەت) و خۆ بەچاکزانین، هەرچی ئەوی تر و جیاوازە، بەلای ئەمانەوە، هیچ نییە، دژبەرێک نەبێ، لە ئاستی دنیاییشدا، کافر و خۆبەزلزانن، وەلێ تەوژمێکی تر هەیە کە تەوژمێکی ڕیفۆرمخوازە و بڕێک لە بیرۆکەکانی لێبووردەیی پێ قبووڵە بەو هیوایەی بەرەوتی پێشکەوتنی دنیا ڕابگەن. لێرەدا، گەرەکمە پەنجە بۆ تەجرەبەی ڕۆشنبیریی ئێرانی درێژ بکەم. باڵی ڕیفۆرمخواز کە سەید محەمەدی خاتەمی نوێنەرایەتی دەکرد و بردنەوەکەی ٢٣ی ئایار/مایۆ١٩٩٦ "نەبەردییەکەی دووی خورداد"یان بەسەرکەوتنێکی ڕاستەقینە و کرانەوە بەڕووی ئەوی تردا دادەنرێ، موهاجیرانی، وەزیری ڕۆشنبیری و ڕێنوێنی ئیسلامی حکوومەتەکەی خاتەمی ڕای گەیاند "بڕوای بەلێبووردەیی و کرانەوەی ڕۆشنبیری هەیە لە سۆنگەی شەریعەتێکی لێبووردە و کراوەوە"[١١].

موهاجیرانی، سیاسەتی لێبووردەیی ڕۆشنبیری، گەر بەکەموکورتیش بێ، جێبەجێ کرد، سەرەڕای ئاستەنگەکانی ڕووبەڕووی بوونەوە. وەلێ ڕۆژنامەوانی و ئازادیی ڕادەربڕین و بۆچوونی بەرانبەر، پانتاییەکی گرینگی بۆ خۆی دۆزییەوە، پاش ئەویش بەردەوام بوو[١٢].

خوێندنەوەی مێژوویییانەی دەقەگەلە ئیسلامییەکان و ڕێنوێنی و چەمکەکان، بێ گوێدانە گرێوگۆڵەکانی ئەم ڕۆژگارە، دووپاتی دەکەنەوە کە ئیسلام وەک خۆی و لە ڕێگەی زانایانییەوە، ڕێگەیەکی زۆر واڵا و کراوەی ژیانە بۆ مرۆڤگەل، بۆیە لە پاڵ ئیسلام و باوەڕدا، هەموو کات دژبەرییان هەبووە، وەلێ متمانە بەخۆبوونی ئیسلام، پێکەوەژیانی ئاسان کردووە، لێرەدا ئاماژە بەو بەڵگانەی ناو کتێبی "یەکتاپەرستی سەرومڕ – التوحيد الكافي" دەکەم کە نەیارانی یەکتاپەرستی پەنایان بۆ بردووە، بێ ئەوەی کار بکاتە سەر بوونی ڕای جیاواز و دژبەر و نەیاری بەرانبەر، بەو ڕایانەشەوە کە لەگەڵ کرۆکی باوەڕدا نایەنەوە. بۆیە، ئیسلام هەرگیز لاری نەبووە لە

هەواڵنامەی کتێب

گفتوگۆ و مشتومڕ و ڕاگۆڕینەوە و گواستنەوەی ڕای جیاواز، ئەوەش بەپشتبەستن بەدوو بنەوا:

یەکەم: بنەوای لێبووردەیی بەرانبەر گوێگرتنی ڕای بەرانبەر.

دووەم: باوەڕبوون بەعەقڵ و پەنا بۆ بردنی لە کاتی گفتوگۆکردندا نەک بەتێڕوانینی پێشوەختەوە.

بەگوێرەی موهاجیرانی، لێبووردەیی دەشێ لە دوو بواردا بێ:

یەکەم: زانستە ئاینییەکان.

دووەم: زانستە فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەکان.

ئەڵبەت پێویستیگەلێکی ئەخلاقی و یاسایی و سیاسی و ماناکیی جیاواز، لێبووردەیی دەسەپێنن[١٣].

ئیمام فەخری ڕازی لە "تەفسیری گەورە"دا وای بۆ دەچێ کە "یوسرا" بریتییە لە چاکەکاری بەگوێرەی شەریعەتە لێبووردەکە، "شێخ تووسی"یش لە "تبیان"دا هەر وای بۆ دەچێ و دەڵێ "یوسرا"، بەهەشتە[١٤].

دوکتۆر عەبدولوەهاب مسیری لە توێژینەوەی برێک گریمانەگەلدا، لە سۆنگەی شەرعیەتی یاسایی، عەقڵانی و کاریزماییەوە، شوێنپێی ماکس ڤیبەری هەڵگرتووە، زانایانی ئیسلامیش، لە ڕێگەی خوێندنەوەی واقیعەوە، هەر وایان کردووە.

هەرچی گریمانەکانە، لە سەردەمی ڕاشیدیندا، پشتی بەدوو پێوەر بەستبوو: نموونەیەکی پێوەرییانە و نموونەیەکی واقیعییانە. بەگوێرەی واقیعییەت، دەسەڵات هی بەهێزانە، بەپێی ئیبن خەلدونیش، هێز پشت بەدەمارگیریی دەبەستێ. لێرەدا دەشێ میکیافیلی و کتێبەکەی "میر" بێنینەوە یادی خۆمان کە پشتی بە "دەبێ بگەینە ئامانجمان بەچاوپۆشین لەو ڕێگەیەی دەیگرینە بەر" دەبەست، دیسان هۆبز و تیۆرییەکەی کە دەڵێ، ئاین زیان بەدەسەڵاتی فەرمانڕەوا دەگەیەنێ، لەبەرئەوەی بوونی دەزگایەکی ئاینی کە شەرعییەت بەخۆی ڕەوا ببینێ، زیانێکی گەورە لە فەرمانڕەوا دەدات، بۆیە بەگوێرەی هۆبز، پێویستە فەرمانڕەوا، هەرچی زووترە، خۆی لە کەسێتییە بەرچاوەکانی دەزگای ئاینی قوتار بکات یان بیانخاتە بن دەستییەوە[١٥].

ئەم ماناگەلە، پێویستیان بەلێوردبوونەوە و خوێندنەوەی سەروتازە هەیە، نەخاسمە لە سایەی ئەو هەڵسوکەوتانەی، ئێستێ و لە ڕابردوودا، ئیسلامیان کردووەتە بیانوو تا تاکە بۆچوونێک بسەپێنن و جیاوازی حەرام بکەن، ئاخر ئەگەر شتەکان وەک خۆیان بمێننەوە و نەگۆڕێن، ئیتر نە پێشکەوتن دەبێ نە تازەبوونەوە.

هەرچی زانا و فەیلەسووف ئەبوبەکری ڕازییە، ئەوا باسی جووڵەی خۆرسکی جەستە دەکات، وەک ئیبن ئەبی ئوسەیبیعە لە کتێبەکەیدا "چینەکانی پزیشکگەل" دەڵێ. لە کتێبی کاروانی

فەلسەفییانەی ڕازیدا هاتووە کە جەستە جووڵەیەکی خۆبەخۆی ئاشکرای هەیە، هەر بۆیە دی بۆری فەیلەسووف لەو باوەڕەدایە، لەم بارەیەوە ڕازی، لەگەڵ ئەرستۆدا هاوڕا نییە. حوسێن مرووە پێی وایە ئەم هەوڵەی ڕازی، یەکەمین هەوڵی فەلسەفییانەی عەرەبە کە لە دەرەوەی بنەوای باوی ئەوێ ڕۆژێ (یەکتایی) واتە، بنەوای دابڕانی ڕەهای نێوان خوا و دنیا، لەوێدا، ڕووناکی دەخاتە سەر پێوەندیی ئەزەلییانەی خوا بەم دنیایەوە لە دوو ڕێگەوە: ڕێگەی نەفس و ڕێگەی عەقڵ.

نەفس، ژیانی بەسەردا دەڕژێ و دەڕژێتە سەر جەستەکانی ئەم دنیایە، وەک ڕژانی ڕووناکی لە ڕۆژەوە. (ئەمەش بنەوایەکی ئەفلاتوونیانەیە) بەبەشداری خوا. هەرچی عەقڵە، خوا دەیرژێنێتە سەر نەفس تا دنیای خۆی بیر بێتەوە[١٦].

لە کەلەپووری ئیسلامیدا، بەچاوپۆشین لە نموونەگەلی لێبووردەیی کە وای لە حەللاج[١٧] کرد، خۆی بدات بەزەویدا و هاوار بکات "بمکوژن... خوا پاداشتتان دەداتەوە و من دەحەسێمەوە"، هەن کە جیاوازی لە پرسە لاوەکییەکاندا دەسەلمێنن، هەن واوەتر دەچن و جیاوازی لە پرسە ئسووڵییە عەقیدەیەکانیشدا دەسەلمێنن، هەموو موجتەهیدێک لە ئیجتیهادەکەیدا ڕاستە، با لە حوکمەکەشیدا هەڵە بێ. ئیمامی شافیعی دەڵێ: "ڕای من ڕاستە و لەوەیە هەڵە بێ، ڕای خەڵکی تر هەڵەیە و لەوەیە ڕاست بێ". حەللاجیش، لەو بارەیەوە شیعری نوسیووە.

ڕازی[١٨]، لەو باوەڕەدابوو، شوێن بێ کۆتایە، هەرچی کۆتایی نەبێ کۆنیشە. هەرچی کاتە، بەلای ڕازییەوە، کاکڵەیەک یان گەوهەرێکی جووڵۆکە، واتە دەجووڵێ و درێژ دەبێتەوە. لای ڕازی، شوێن و کات، ئەزەلین[١٩].

کۆن دەگوترا: بۆ هەر جێیەک بڕوانی لایەکی ڕاستینەت هەر لێ ونە، ئیبن ڕوشد وای بۆ دەچوو کە دەیگوت: مەزهەبەکان هێندە لێک دوور نین یەکتر کافرکەن، بۆیە وێکنەچوونی ئیجتیهادەکان و جیاوازیی تەفسیرەکان، بەڵگەی بەرزونزمی ڕێگەکانی ڕاستینەن (حەقیقەت)، ئاخر ڕێگەی بەرەو ڕاستینە، تاکە ڕێیەک نییە، بگرە زۆر و وێکنەچوون، هەر ئەم پرسەیە ئەم واقیعە ئاڵۆسکاو و نالێبووردەیەی هێناوەتە گۆڕێ. ئاخر ئەمە تێڕوانینی باوی ئیسلام و هزری عەرەبی ئیسلامییە بۆ لێبووردەیی[٢٠]، کەچی ئیسلامەوییەکان و بڕێک ئیسلامی لەم ڕۆژگارەدا پەیدا بوون، دەڵێن بانگی لێبووردەیی دەمانگەیەنێتە نەرمی نواندن سەبارەت بەبیروباوەڕ و بەرەڵایی، بەواتەیەکی تر، دەمانبات بەرەو بڵاوبوونەوەی لیبرالیزم بەهەموو ڕەهەندەکانییەوە لەسەر حسێبی ئاین[٢١].

لێبووردەیی، بەگوێرەی میسباح یەزدی، یەکێک لە دیارترین تیۆرییستانی باڵی ڕاستڕەوی موحافەزەکاری ئێران، واتە؛ بەرەڵایی و نەمانی غیرەت، ئەمانەش شێوازگەلێکی تێکدەرن (دژەئیسلامن)، کاتێک تێکەڵەیەکی لێبووردەیی و نەرمی نواندن، بەنێوی ئیسلامەوە دەرخواردی خەڵک دەدرێ. بەگوێرەی ئەم بۆچوونە، پرسەکە بەرەو شلوشێواوی دەڕوا و ئەوەش ئیسلام لاواز دەکات و دەیشێوێنێ، لە کاتێکدا، داکۆکی لە "بێگەرد"ی ئیسلام و دەستگرتن بەبەها و

ڕێنوێنییەکانییەوە، ئیسلام، لەو شێوازگەلە تێکدەرانانە دەپارێزن کە "دوژمن" ی "جیاواز" دەیەوێ لە ڕێیانەوە "خۆ بخزێنێتە" ناو ئیسلامەوە[٢٢].

هزرڤانی ئیسلامی تونسی شێخ ڕاشید غەننووشی، دەگەڵ ئەم ئاراستەیەدا نەیارە و پێی وایە مەترسییەکەی، لە مەترسیی زایۆنیزم و ڕۆئاوا و فەرمانڕەوا خۆسەپێنەکان بۆ سەر ئیسلام زۆرترە، لەم بارەوە دەڵێ: "پێم وایە ئەوەی ئەمڕۆ لە زایۆنیزم و ڕۆئاوا و دەسەڵاتدارە ملهووڕەکان ترسناکترە، هزری توندڕەوییە، هزری کافرکردنە، هزری قۆرخکردنی ئیسلام و خۆ بەکوێخازانینە.."[٢٣] . غەننووشی، لەو باوەڕەدایە، بەمردنی پێغەمبەر وەحی بڕایەوە، بۆیە دەبێ جیاوازیمان بەلاوە ئاسایی بێ و تێیان بگەین و بزانین چۆن لەگەڵیاندا هەڵسوکەوت دەکەین.

ڕەنگە بەشێک لە کێشەکانی ئەمڕۆ، دەستگرتن یان گەڕانەوە بێ بۆ ئەو نموونەگەلەی بۆماوەی نالێبووردەیی کە هێندێک هەوڵ دەدەن بەسەر ئەم ڕۆژگارەشیدا بشکێننەوە، تا کۆمەڵگە لە جێی خۆی نەجووڵێ و بەرەنگاری هەر نوێگەرییەک دەبنەوە بەناوی بەگژاچوونەوەی دوژمن، بەمەش، هانی دەمارگیریی و زێدەڕۆیی و داخران و توندڕەویی دەدەن.

هزرگەلی، غەنووشی، تاریق بشری، فەتحی عوسمان، فەهمی هوێدی، محەمەد حوسێن فەزڵوڵا و ڕەزوان ئەلسەید و ئەوانی تر، بەلای باڵی باڵادەستی ئەمڕۆی ئیسلامییەکانەوە، هزرگەلێکی نامۆنتا ئێستێ، کەلێنی نێوان جەماوەر و دەستەبژێری هزری و پێشڕەو، فرەوانە، تا ئەمڕۆش، باڵی نوێگەری و چاکسازیی ئیسلامی لەناو کۆمەڵگە موسڵمانەکاندا لاوازە، کاتێک دەست بەبۆماوە کۆنەکەوە دەگرن، بەقسەی غەنووشی "تا ئێستە توێشووی ناوەندە ئیسلامییەکە وا لە تاریک و نووتەکدا". وەک لەو توێژینەوەیەیدا هاتووە کە پێشکێشی سیمیناری لەندەنی کرد و لە کتێبی "شەرعییەتی سیاسی لە ئیسلامدا" کە دوکتۆر عەزام تمیمی ئامادەی کردووە، ئاماژەی پێ داوە.

توندڕەویی و زێدەڕۆیی، دژبەری میانڕۆیی و لێبووردەیین، ئەمەش لە هەڵوێستدا بەرانبەر ئاینی ئەوانی تر دەردەکەوێ، وەک ئاینی مەسیحی بۆ نموونە، هەروەها لە هەڵوێست بەرانبەر ئافرەت، بەرانبەر کەمینە نەتەوەییەکان، بەرانبەر پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، بەرامبەر فرەیی لە هزر و ئیجتیهاددا، دیسان لە هەڵوێست بەرانبەر ڕۆڵی ئاین لە ژیانی سیاسی و دەوڵەتدا دەردەکەوێ[٢٤].

پەڕاوێز و سەرچاوە و ژێدەرەکان:

١- حسب أبو الفخر الرازي: الفظ، هو الانسان السيء الخلق. أما غليظ القلب، فهو الذي لايتأثر قلبه بشيء (المصدر السابق).

٢- ابن عربي، محي الدين، تفسير القرآن الكريم، دار الأندلس، ج٢، ص ٧٩٦، نقلاً عن مهاجراني، ص ٤٢. وابن عربي (٥٦٠ - ٦٤٣ هيجري = ١١٥٦ - ١٢٤٠ ميلادي) هو أبوبكر محمد بن علي، محي الدين الحاتمي الطائي الأندلسي، امام متصوفة الأندلس. ولد بمرسية في الأندلس، وتوفى في دمشق ١٢٤٠، وله

عشرات المؤلفات أهمها قصوص الحكم والفتوحات المكية وترجمان الأشواق.

٣- صحيح البخاري، كتاب المناقب، الحديث رقم ٢٧, انظر: المعجم المفهرس لألفاظ الحديث النبوي، ج٧، ص٣٦٤ _ ٣٧٠ وكذلك المهاجراني، المصدر السابق، ص٤٤ و ٥٦.

٤- أنظر: آرنولد، سير توماس (وجمهرة من المستشرقين)، تراث الاسلام، جزءان، ج١، تعريب وتعليق: جرجيس فتح الله، أربيل، ٢٠٠٠، ص٣٢٦ _ ٢٣٠. وتعليقا على ذلك يذهب الشاعر والفيلسوف المعري في نظرته لعلاقة الانسان بالدين فيقول:

اثنان أهل الأرض، ذو عقل بلا دين وآخر دين بلا عقل له!

٥- البهنساوي، سالم، الاسلام وحقوق الانسان، قارن: النعيم، عبدالله "تحرير" وآخرون، الأبعاد الثقافية لحقوق الانسان في الوطن العربي، مركز ابن خلدون للدراسات الانمائية، دار سعاد الصباح، القاهرة، ١٩٩٣.

وكذلك قارن: حسن، عصام محمد "تحرير" ومحمد، د. سيد سعيد "تقديم"، تجديد الفكر السياسي في اطار الديمقراطية وحقوق الانسان (التيار الاسلامي والماركسي والقومي) كراسات ابن رشد٢، مركز القاهرة لدراسات حقوق الانسان، القاهرة ١٩٩٧.

٦- نصر حامد، أبوزيد، "الفكر الاسلامي وحقوق الانسان بين الواقع والمثال"، المجلة العربية لحقوق الانسان، العدد٢، اصدار المعهد العربي لحقوق الانسان، ١٩٥٥.

٧- السيد جاسم، عزيز، محمد: الحقيقة العظمى، مصدر سابق، ص ١٢٧.

٨- أنظر: السيد جاسم، عزيز، محمد الحقيقة العظمى، مصدر سابق، ص ١٤٢.

٩- أنظر: العقالي، الدمرداش زكي، السلطة الدينية وحرية الفكر، القاهرة، يوليو، ١٩٩٢.

١٠- أنظر: المقدمة الرائعة التي كتبها الأستاذ محمد صادق الحسيني، في التعريف بموضوع التسامح والعنف والصراع الفكري والثقافي في ايران، كتاب التسامح والعنف في الاسلام، لمؤلفه السيد عطاءالله مهاجراني، مصدر سابق.

١١- اضطر عطاءالله مهاجراني الى الاستقالة من الوزارة في حكومة خاتمي عام ٢٠٠٠, وكان خاتمي الذي قبل استقالة مهاجراني، قد تذوق معاناة الاستقالة عام ١٩٩٢، ليعود ويحتل مستقبلا زاهرا وهو موقع الصدارة، فالسياسة هي السياسة والمصالح والمعادلات والمساومات والتسويات تظل هي هي!! أنظر: المصدر السابق.

١٢- مهاجراني، الاسلام والعنف والتسامح، مصدر سابق، ص٣٩ ومابعدها.

١٣- الرازي هو فخرالدين محمد بن عمر الرازي مؤلف كتاب محصل أفكار المتقدمين والمتأخرين من العلماء والحكماء والمتعلمين، ٦٠٦ هيجري، وقد نسبت افكار الرازي الى الحرانيين (الصابئة).

١٤- أنظر: المسيري، د. عبدالوهاب، مداخلته في كتاب الشرعية السياسية في الاسلام، مصدر سابق.

١٥- أنظر: ابن أبي أصيبعة كتاب طبقات الأطباء، ج١، ص ٣٢٢. وكذلك: دي بور، تأريخ الفلسفة في الاسلام، ص٦١١٧، نقلا عن حسين مروة، المجلد الرابع، النزعات المادية في الفلسفة العربية _ الاسلامية، مصدر سابق، ص١٨٧ - ١٩١.

١٦- الحلاج، أحد أبرز رواد الحركة الصوفية، التي أخذت بنظرية المعرفة، أي بمعرفة الله مباشرة دون وساطة، وضرورة ازاحة الجدار بين الله والانسان، وفي ذلك تحقيق لهدف أوسع هو هدم الجدار الفاصل بين الانسان والانسان، اي ارادة الحاكم وارادة المحكومين، أما الجدار فهو النظام الاجتماعي المتمثل بالشريعة، والغاء الوساطة تعني اتحاد الانسان بالله أو حلول الله في الانسان ووحدة الوجود بين الله والعالم عند البعض الآخر.

أنظر: ماسينيون، ديوان الحلاج، باريس، ١٩٥٥، ص٣٧ (نقلا عن حسين مروة) _ النزعات المادية في الفلسفة العربية _ الاسلامية، مصدر سابق، ص ١٢٩.

كذلك: قارن: عامل، مهدي، مجلة الطريق (اللبنانية)، بيروت، تشرين الثاني/نوفمبر، ١٩٦٨، ويقول مهدي عامل ان الحلاج جمع تأنيس الله بتأليه الانسان والعكس بالعكس.

١٧- الرازي هو أبوبكر محمد بن زكريا وهو واحد من الشخصيات العظيمة في التأريخ التي لحقها ظلم تأريخي. وقد ترجم الرازي الذي عاش نحو ٩٠ عاماً (٨٥٤ _ ٩٣٢) الى اللاتينية بأسم Rhazes وهو يمثل نموذج العالم الذي وضع فلسفته على أساس تجربته العلمية في الطب والكيمياء. ولعل مؤلفه الكلاسيكي عن "الحصبة والجدري" بقي يطبع في الغرب حتى أواسط القرن الثامن عشر.

١٨- أنظر: فلسفة الشرق والغرب وثقافتهما، جامعة هاواي، هونولولو، ١٩٦٢، ص١٧٢ _ ١٨٧.

أنظر كذلك: بدوي، عبدالرحمن، روح الحضارة العربية، بيروت، ١٩٤٩، ص ١١٥.

كذلك قارن: مروة، حسين، النزعات المادية في الفلسفة العربية – الاسلامية، المجلد الرابع، مصدر سابق، ص ١٨١.

٢٠- ثقافة حقوق الانسان، اصدار المنظمة العربية لحقوق الانسان، لندن، ٢٠٠٠، الملتقى الفكري الخاص بالتسامح، لندن، ١٩٩٦.

٢١- أنظر: حوار مهاجراني مع مصباح يزدي، التسامح والعنف في الاسلام، مصدر سابق.

قارن كذلك: اليزدي، محمد تقي مصباح، الأسئلة والأجوبة، الجزء الثالث، مؤسسة الامام الخميني للأبحاث والتعليم، قم، ١٩٩٩، ص ٣١.

٢٢- أنظر: كريم، سالم، مقدمة لكتاب التسامح والعنف في الاسلام، (المترجم)، مصدر سابق، ص ٢٤.

أنظر: كذلك الأستاذ مصباح، المجتمع والتأريخ، منظمة الاعلام الاسلامي، ١٩٩٩، ص ٣٧٩.

٢٣- الغنوشي، الشيخ راشد، نحو مزيد من الحوار، كتاب الشرعية السياسية في الاسلام، مصادرها وضوابطها، اعداد وتحرير عزام التميمي، منظمة ليبرتي، ١٩٩٧ _ ١٩٩٨

٢٤- برزت مجاميع متنورة تبحث في الاسلام وأطلقت موجة من التفكير التجديدي والاصلاحي في العالمين العربي والاسلامي، ونشطت في عقد ملتقيات فكرية وندوات أكاديمية ضم بعضها التيارات السياسية والفكرية المختلفة. لعلي هنا أشير الى ندوة مهمة عقدت في لندن بعنوان "الشرعية السياسية في الاسلام: مصادرها وضوابطها" وقد صدرت في كتاب خاص من اعداد وتحرير الدكتور عزام التميمي، منظمة ليبرتي، لندن، ١٩٩٧. وانعقدت ندوة أخرى مهمة في باريس عن اصلاح الخطاب الديني، نظمها مركز القاهرة لدراسات حقوق الانسان بالتعاون مع الفيدرالية الدولية لحقوق الانسان، شارك فيها اسلاميون وعلمانيون حداثويون، وليبراليون ويساريون، تموز/يوليو ٢٠٠٣.

# عێراق و کورد
# ڕووبەڕووبوونەوەی ترسی پاشەکشە

ڕاپۆرتی ڕۆهەلاتی ناوەڕاست ژمارە ١٠٣، ٢٨ی ئاداری ٢٠١١

گرووپی تەنگژەی نێودەوڵەتی
بۆ ڕێگرتن لە ململانێ لە سەرتاسەری دنیا



هەواڵنامەی کتێب

## سێیەم: مەتەڵی ئاسایش لە کەرکووک

گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتی پێشتر جەختی لەسەر گەرمیی بارودۆخی هێڵی تەماس کردبووەوە کە ئەو ناوچانە لە تەواوی عێراق جیا دەکاتەوە کورد دەڵێن لە ڕووی مێژووییەوە سەر بە کوردستانە و دەسەڵاتدارانی کوردیش دەیانەوێ بیخەنەوە سەر کوردستان و هێزە تەناهییەکانی کوردستانیان ڕاسپاردووە کە لە هەر تەجاوزێکی هێزەکانی عێراقی فیدراڵ[٩٤]. ئەم هێڵە تەقریبەن بەناوەندی ناوچە کێشەدارەکاندا دەڕوات بۆی هەیە پێشبینیی سنوورێکی داهاتوو بکات بەنێوان کوردستانی فرەوانبوو و باقیی عێراق ئەگەر مادەی ١٤٠ ڕێگەی پێ بدرێت بەر بگرێت.

لە کاتێکدا تیشکی زۆر خراوەتە سەر پارێزگەی نەینەوا لە ماوەی ساڵ و نیوی ڕابردوودا دوابەدوای زنجیرەیەک لە ڕووداو لەسەر هێڵی تەماس[٩٥]، پارێزگەی کەرکووک مەترسیدارترین ئاستەنگی مەودادووری لەخۆ گرتووە بەهۆی داواکارییە بەردەوامەکانی کورد بۆ وەرگرتنەوەی ئەو ناوچانە و هەبوونی عەمباری گەورەی نەوت. نیگەرانییەکی سەرەکی لە هەردوو پارێزگەی نەینەوا و کەرکووک (و، تا ڕادەیەکی کەمتر پارێزگەی دیالە) برێتییە لە هەبوونی هێزی تەناهیی کوردی کە فەرمان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە وەردەگرن یان لە دوو پارتە سەرەکییەکان لە جیاتی

............................................................

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: رابەر یونس

حکوومەتی فیدراڵ یان حکوومەتە ناوەخۆییەکان. ئەو هێزانە پێشمەرگەن، شەڕکەر گەریلای پێشووی کە ئێستە هێزی پاسەوانیی هەرێمیان پێک هێناوە، لە هێزێکی پارامیلیتەری (زێرەڤانی) و هێزی پۆلیسی تەناهیی سەر بە حزب (ئاسایش)، وێڕای دەزگاگەلی هەواڵگری کە لەلایەن پارتییەوە پێیان دەگوترێ "پاراستن" لە لەلایەن یەکەتیشەوە (زانیاری)[٩٦]. چارەنووسی هێزە کوردییەکان لە هەرێم، لەوانەش کێ مووچەکانیان بدات (لەبەرئەوەی ئەو هێزانە پاسەوانیی سنووریش دەکەن لەسەر سنووری سووریا و ئێران و تورکیا) سەرچاوەی مشتومڕ بووە لە نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی فیدراڵ بۆ چەندان ساڵ. کێشەکە بەشێکە لە پرسی فرەوانتری دەسەڵات و بەشکردنی سەرچاوە ئابوورییەکان لە نێوان بەغدا و هەولێر کە ئێستە پرۆسەی پێکهێنانی حکوومەت هیوای تازەی وەبەر ناوە. پرسێکی جیا، و تەنانەت ئەستوورتر، بریتییە لە چی لە هێزە تەناهییە کوردییەکان بکرێ کە لەو ناوچانەی دەرەوەی هەرێم کە دەستوور بە جێناکۆکیان وەسف دەکات بڵاو کراونەتەوە. بۆ حکوومەتی هەرێم، ئەو هێزانە دەبێ بمێننەوە بۆ پاراستنی کوردەکان، بە لەبەرچاوگرتنی بیرەوەریی ستەم و بەعەرەبکردنی بەرفرەوانیی ڕابردوو، هەروەها بۆ پتەوکردنی هەلی دوا جار خستنەوە سەری ئەو ناوچانە بۆ سەر هەرێم. لە بەرامبەردا، حکوومەتی فیدراڵ و دەسەڵاتە مەحەلییەکان دەیانەوێ باڵادەستیی خۆیان بۆ سەر ئەو ناوچانە کە دوای داگیرکاریی ٢٠٠٣ لە دەستیان داوە، درێژ بکەنەوە. بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکان، ئەمەریکا میکانیزمی هێزی هاوبەشی لە شوێنە سەرەکییەکان دانا بەدرێژاییی هێلی تەماس لە کۆتاییی ٢٠٠٩دا[٩٧]. ئەم میکانیزمانە پێک هاتبوون لە خاڵی پشکنینی هاوبەش، دەورییەی هاوبەش کە لە ڕەگەزی هەموو لایەنە سەرەکییەکان پێک هاتبوون: هێزی پاسەوانیی کوردی و سوپای عێراقی و پۆلیس، لەگەڵ ئەفسەرە ئەمەریکاییەکان کە لەگەڵ ئەو هێزانەدا هاوپێچ کراون بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هاریکاری و پێوەندییان. ئەو میکانیزمانە هەروەها بەشێکی ئەرکانیان بریتی بوو لە هاوئاهەنگی لە سەنتەری تایبەتیدا لەگەڵ کۆبوونەوەی زووزوو کە تێیاندا فەرماندەی باڵای هەموو لایەنە ڕکابەرەکان هەلی ئەوەیان دەبێ کێشەکان تاوتوێ بکەن. ئەم هەوڵە کە لە سەرەتادا مشتومڕی لەسەر بوو لەلایەن سیاسەتوانانی تورکمان و عەرەبی کەرکووک کە لە بەرژەوەندیی کورددا بێت، بەڵام سەلماندی کە سوودی هەیە بەشێوەیەیک بەرفرەوان بووەتە مایەی قبووڵکردن، بەلایەنی کەمەوە لە کەرکووک، بەڵام بەشێویەکی کەمتر لە نەینەوا. خەڵکانی جیاوازی سیاسی لە ناوچە کێشەدارەکان بەتایبەتی کەرکوک بەشێوەیەکی کراوە ترسی خۆیان لە داهاتووی دوای کشانەوی هێزە ئەمەریکاییەکان کە ئەو ترسە وەکو کەتیرەیەک ئەو میکانیزمانە بەیەکەوە ڕادەگرێت - دەرنابڕن، لە کاتێکدا بەپێی خشتەی دیاریکراو ئەو هێزانە پێش کۆتاییی ٢٠١١ دەبێ بڕۆن. ئێستە پرسیارەکە بووە: دواتر چی؟ ئاخۆ شتێکی هەیە کە دەتوانێ شوێنی خاڵی پشکنین و دەورییە هاوبەشەکان بگرێتەوە و ڕێگە لەوە بگرێت ڕووداوێکی بچووک ئاگرێکی فرەوانتری لێ بکەوێتەوە و پێشوەچوون لە بەرەی سیاسەت بوەستێنێت؟ بۆچوونەکان بەشێوەیەکی زۆر گەورە

جیاوازن، مەسەلەکەش زیاتر تێک ئاڵاوە بەهۆی ئەو هەڵوێستە نەگۆڕانەی زۆرێک لە ناوچە جێناکۆکانەی کە هێزە ئەمەریکاییەکان ئەمساڵ جێیان ناهێڵن. ئەوان دەڵێن کە ئیدارەی ئۆباما ئەوەی بە نرخێکی زۆرەوە بەدەستی هێناوە ناکاتە قوربانی و ئەو هەڵە ستراتیجییە بۆ ئیهمالکردنی هەڕەشەی ناوچەیی ناکات - ئاماژەیەکی ژێر پەردە بۆ دەستتێوەردانی ئێران[98]. هەروەها هۆشیاریی ئەوە دەدەن کە جێهێشتنی هێزەکانی ئەمەریکا بۆی هەیە ببێتە هۆی تەقینەوەیەک لە کەرکوک شوێنەکانی تر لە ناوچە جێناکۆکەکان[99].

١- میکانیزمی تەناهیی هاوبەش

ڕەنگە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک لە هەمووان زەحمەتتر بێت لەبەرئەوەی بە پێشەوانەی نەینەوا[100]، سەرانی کوردی دەڵێن ئەو پارێزگەیە بە تەواوی هی کوردستانە و پێداگری دەکەن کە بەهێنانەوەی ناو کێشەدارەکانی تر ئەوان ناتوانن لە کەرکوک تەنازول بکەن. تەنانەت ئەگەر لەسەر چارەسەرێکی مامناوەندیش لەسەر زەوی ڕێک بکەون ڕەنگە پێداگری بکەن کە تەواوی شاری کەرکوک بخەنەوە سەر کوردستان لەگەڵ ناوچەکانی تری باکور و ڕۆژهەڵاتی شار کە بەشێوەیەکی سەرەکی کوردین. گرژییەکان لە چەندان فاکتەرەوە سەرچاوە دەگرن: جموجۆڵێکی ئاست نزم، بەڵام بەردەوامی چەکداری (بڕوانە خوارەوە)، هەبوون و چالاکییەکانی هێزەکانی ئاسایشی کوردی (بڕوانە خوارەوە) هەروەها لالموزییەکی بەردەوام لە نێوان هێزی پاسەوانی هەرێم و سوپای عێراقی.

هێزە تەناهییەکانی دەوری شار کە سەر بە سوپای عێراق و پۆلیسن لەگەڵ هێزی پاسەوانی هەرێم بەسەر سێ بازنە یان چیندا بڵاو کراونەتەوە. دوو بازنەکانی ناوەوە بە پۆلیس کۆنترۆڵ کراون (لە خوارەوە زیاتر تاووتوێی دەکەین)، بەڵام بازنەی دەرەوە کە باڵادەستە بەسەر ڕێگەکانی نێزیکبوونەوە لە کەرکوک لەلایەن لیوای ١٠ی هێزی پاسەوانی هەرێم سەر بە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و فیرقەی ١٢ی سوپای عێراق. لیوای ١٠ کۆنترۆڵی ئەو ناوچەیەی دەکات کە دەکاتە باکور و ڕۆژهەڵاتی شار - هاوسێی هەرێم کوردستان کە بارەگاکەی لە قەرەهەنجیرە (گوندێکە لە سەری ڕێگەی کەرکوک – هەولێر)، لە کاتێکدا فیرقەی ١٢ کۆنترۆڵی ڕێگەکانی باشوور و ڕۆئاوا دەکات کە بارەگاکەی پێ دەگوترێ ناوچەی سەرکردایەتیکەی-١[101].

لەوەتەی فیرقەی ١٢ لە ساڵی ٢٠٠٩دا گەیشتووەتە ئەو ناوچەیە، چەندان ڕووداو تا ڕادەی ململانێی کراوە هاتوون[102]. لە بیری زۆر لە کورد، ئەو فیرقەیەی، کە نێزیکەی لە سەدا ٧٥یان عەرەبن، لەلایەن حکوومەتی مالیکییەوە بڵاو کراونەتەوە بۆ ئەوەی شوێنی فیرقەی لیوای ١٥ی فیرقەی ٤ کە لەلایەن کوردەوە سەرکردایەتی دەکرا، بگرێتەوە بۆ ئەوەی بەر بەکاریگەریی کورد بگرێت و دووبارە باڵادەستیی عەرەب بەسەر کەرکووکەوە بسەپێنێتەوە. ئەوان دەڵێن مالیکی سەرکردەی ئەو فیرقەیەی - رائید عەبدالئەمیر رەزا ئەلزیادی – بەشێوەیەکی تایبەت هەڵبژاردووە

لەبەرئەوەی ئەو ئەزموونی پێشووی سەردەمی ١٩٩٠ەکانی هەیە لەو ناوچەیەدا، کاتێک سوپای عێراقی و هێزی پێشمەرگە بەدرێژاییی هێڵی سەوز - هێڵی باڵادەستی کە هەرێم ئۆتۆنۆمیی کوردستانی لە ساڵی ١٩٩١ەوە تا ٢٠٠٣ دیاری دەکرد – جێگیر کرابوون، و کەرکووک ڕووبەڕووی تەعریب بووبووەوە. ئەوان هەروەها باوەڕیان وایە کە ئەو فیرقەیەی بەدوای بیانوودا دەگەڕا بۆ ئەوەی بچێتە ناو کەرکووک(١٠٣). ئەفسەرانی سەربازیی ئەمەریکایی لە کەرکوک لە ساڵی ٢٠٠٩دا نیگەرانییان دەربڕی کە هەردوو لا ڕەنگە تموحی سەربازییان لە هەگبەدا بێت: هێزە کوردییەکان کە هەر لەودیوی هێڵی سەوزیش بڵاو کرابوونەوە ڕەنگە بەدوای ئەوە بن لە هێڵی تەماس تێپەڕن و کۆنترۆڵی شار و ناوچەکانی تریش لەو پارێزگەیە بکەن(١٠٤)، بە هەمان شێوەش، سوپا ڕەنگە هەوڵ بدات بچێتە ناو کەرکووک و ئەو ڕێگانە کۆنترۆڵ بکات کە بەرەو سلێمانی و هەولێر دەچن(١٠٥).

ڕووبەڕووبوونەوەیەک ڕەنگ بەخێرایی تەشەنە بکات(١٠٦). لە شوبتی ٢٠١١دا، نێزیکەی ١٠,٠٠٠ سەربازێکی کوردی ڕەوانەی ناوچەکانی باشوور و ڕۆهەڵاتی کەرکووک کران و تەنگژەیەکیان نایەوە. (بڕوانە خوارەوە) لە ئابی ٢٠٠٩دا، دوای ٢ مانگ لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە شارەکان و لە وەڵامی گرییەکان لە نەینەوادا دوای سەرکەوتنی حەدبا لە هەڵبژاردنەکانی شوباتدا لە ئەنجوومەنی پارێزگە، جەنەراڵ ئۆدێرنۆ، سەرکردەی هێزە ئەمەریکاییەکان لە عێراق، پێشنیازی کرد هێزەکانی ئەو شانبەشانی سوپای عێراق و پێشمەرگەی کورد لە ناوچە جێناکۆکەکان بڵاو بکرێنەوە بۆ ئەوەی کردەی هاوبەش ئەنجام بدەن. ئامانج ئەوە بوو پێوەندی و هاریکاری و هاوئاهەنگی لەنێوان ڕکابەرەکان دروست ببێت و دەرفەتی توندوتیژی کەم بکرێتەوە(١٠٧). بەپێی ئۆدێرنۆ، ئەو پێشنیازە داوای یارمەتیی تەناهیی ئەمەریکا بە درێژاییی هێڵی تەماس هات لەلایەن هەر یەک لە سەرەک وەزیران و سەرۆک بارزانی(١٠٨). ئۆدێرنۆ کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ وەزریرانی بەرگری و ناوەخۆی عێراق و وەزیرانی ناوەخۆ و پێشمەرگەی کوردستان ئەنجام دا لە بەغدا لە ١٦ی ئاب(١٠٩). دوابەدوای ئەم کۆبوونەوەیە، دوو کۆبوونەوەی تری هاوشێوە هات یەک لە ئەیلوول ئەوی تر لە تشرینی یەکەم کە لەمیانەیاندا هەموو لایەک بەلاغێکی مەبدەئەکەانیان بە فەرمی ئیمزا کرد بۆ ئەوەی ببێتە ڕێنوێنیکەر بۆ میکانزمە تەناهییە نوێیەکان.

کۆبوونەوەکانی نێوان سەرانی عەسکەری لە بەغدا بە کۆبوونەوەی لیژنە تەناهییە ناوەخۆییەکانی کەرکووک کە لە فەرماندەی لیوای ١٠ی هێزەکانی پاسەوانی کوردستان و فیرقەی ١٢ی سوپای عێراقی و پۆلیس و فەرماندەکانی هێزە ئەمەریکاییەکان پێک هاتبوو، تەواو کرا.

لە ئەیلوولی ٢٠٠٩دا، کۆبوونەوەکە گەیشتە ڕێککەوتن لەسەر شەش خاڵ کە: کەرکووک ناوچەیەکی جێناکۆکە، بەرپرسیاریەتیی تەناهییەکەی لە ئەستۆی پارێزگار و پۆلیسە، ناوچەکانی باشوور و ڕۆئاوای لەژێر کۆنترۆڵی سوپای عێراقی دەبێت، ناوەکانی باکور و ڕۆهەڵاتی لەژێر

کۆنترۆڵی هێزی پاسەوانیی هەرێمی کوردی دەبێت، خاڵەکانی پشکنین لەلایەن پۆلیسەوە بەڕێوە دەبرێت و لەژێر سەرپەرشتیاریی عەسکەریی ئەمەریکایی، لەگەڵ دروستکردنی هێزێکی هاوبەشی ٥٠٠ سەربازی لە بنکەی هێزەکانی ئەمەریکا لە کەرکووک بۆ شەڕکردن لە دژی چەکداران لە سەرتاسەری پارێزگەکەدا (لەوانە ناوچە شارییەکانیش)[١١٠].

لەگەڵ مانگی شوباتی٢٠١٠دا، میکانیزمە تەناهییە هاوبەشەکان بەتەواوی کەوتنە کار. شەش خاڵی پشکنینی هاوبەش لە دەوروبەری کەرکووک دانران، ١٥ش لە نەینەوا و پێنجیش لە دیالە. ئەو خاڵانە زۆر تۆکمەن بەڵام لە ناوچەی دیاریکراوی خۆیاندا جێگیرن، بەتایبەتی ئەو ڕێگەیانەی دەروەی کەرکووک، مووسڵ و خانەقین. لە نەینەوا و دیالە، ئەو خاڵانە سەربازین لە دەرەوەی ناوچە شارییەکان، لە کەرکووک، بەپێچەوانەوە، ئەو خاڵانە تەنیا لەلایەن پۆلیسەوە کۆنترۆڵ کراون لەبەرئەوەی هەر ڕێک لە دەوروبەری کەرکووکن. هەر لایەک دەسەڵاتی ڤیتۆی بەسەر ئۆپەراسۆنەکاندا هەیە، تا ئێستەش بەسەرکەوتووی بەڕیوە چوون[١١١]. لە کەرکووک، هەوڵەکان لەلایەن سەنتەری هاوئاهەنگیی کەرکووکەوە، کە هەموو فەرماندە تەناهییەکان لەخۆ دەگرێت، سەرپەرشتی دەکرێن. ئەرکی دابینکردنی کارمەند بۆ ئەو خاڵە پشکنینە هاوبەشانە دراوە بە یەکەی پاڵپشتیی فریاکەوتنی پۆلیس کە لیوایەکی نیوچە عەسکەرییە (لە سێ بەتالیۆن پێک دێت) و نێزیکەی ٢.٥٠٠ پیاوی هەیە بە فەرماندەیی لیوا خەتاب عومەر عارف، کورد، لەژێر سەرکردایەتیی گشتیی جەمال تاهیر بەکری فەرماندەی پۆلیسی کەرکووکە، کە ئەویش هەر کوردە. ئەرکی بەڕێوەبردنی ئەو خاڵی پشکنینانە نێزیکەی نیوەی لیواکەی سەرقاڵ کردووە. بێجگە لەوەش، ئەمەریکا هێزێکی تەناهیی هاوبەشیان پێک هێنا کە نێزیکەی ٢٠٠ پیاوی لەخۆ گرتبووە، بە سەرکردایەتیی کاپتنێکی ئەمەریکایی و سیمبۆلی پێناسەکەی سەری شێرێک بوو. ئەو هێزە لەناو شاری کەرکووک کە لای ئەوان بە زەردێنەی هێلکە ناودەبرێ، هەروەها لە دەوروبەریشی کە لای ئەوان بە سپێنەی هێلکە ناودەبرێ، ئەرکیان بەجێ دەهێنا، تەنیا ئەو ناوچانە نەبێت کە کە دەکەوێتە باشوور و باشووری ڕۆئاوای ئەو پارێزگەیە کە بەشێوەیەکی سەرەکی عەرەب و تورکمانن و لیوای ١٠ی هێزە کوردییەکان ناتوانێ بچێتە ئەو ناوچانەوە و لە بەرامبەریشدا فیرقەی ١٢ی سوپای عێراقی ڕێگەی پێ نادرێ بپەڕێتەوە بۆ ناوچەکانی باکور و ڕۆهەڵاتی ئەو پارێزگەیە، هیچ یەکیش لەم دوو هێزانە ڕێگەیان پێ نەدراوە بچنە ناو سەنتەری شاری کەرکووک. (لە پارێزگەی کەرکووک، هێڵی تەماس لە باکوری ڕۆئاوا بۆ باشووری ڕۆهەڵات بەناو شاری کەرکووکدا دەڕوات) ئەمە ڕێکخستنێکی ئاڵۆزە، بەڵام لەوەتەی ساڵێک و نیوی دەستبەکاربوونی پێ دەچێ لەلایەن هەموو دانیشتووانی ناوچەکەوە جێی قبووڵکردن بێت.

سەرەتا عەرەب و تورکمانی کەرکووک ئەو ڕێکخستنە نوێیەیان ڕەت کردەوە، بەشێوەیەک سەرەکی لەبەرئەوەی وایان دەبینی کە ئەمە ڕێگەیەکە بۆ کورد، بە پاڵپشتیی ئەمەریکا، بۆ ئەوەی شەرعییەت بە بوونی تەناهیی خۆیان لە ناوچە جێناکۆکەکان بدەن - و بەم شێوەیەش هەنگاوێکی

تر هەڵبێنن بەرەو واقیعێک کە بەشێکی پارێزگەکە دەخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان[١١٢].
سیاسەتوانێکی تورکمان گوتی:

من هاوڕام کە ئێمە پێویستیمان بە هێزە بۆ پاراستنی خەڵک و شارەکە، بەڵام لەم حاڵەتەدا ئەو شێوازەی کاری پێ دەکرێ لەسەر هەڵە دانراوە: کە بەشداریی هێزی پێشمەرگەی کوردییە کە لە کوردستانەوە هاتوون. ئەوان تەنیا لە ناوەوەی کوردستان یاسایین نەک دەرەوەی. کورد ڕێگرن لە بەردەم هێزەکانی سوپای عێراق لە چوونە ناو کوردستان بێ مۆڵەتی ئەوان، لە کاتێکدا هێزە کردییەکان دەتوانن ئەو بڕیارەی خۆیان پشتگوێ بخەن و بێنە کەرکووک. ئەمە بۆ ڕازیکردنی سیاسەتی کوردە نەک خەڵکی کەرکووک. ئێمە دژی کورد نین بەڵام دەمانەوێ هەموو خەڵکی کەرکووک (بە هەموو پێکهاتەکانییەوە) لە هێزێکی لەو جۆرەدا بەشدار بێت. ئێمە دەترسین کە ئەم هێزە کوردییە بچووکە قەبارەی گەورە بێت و کۆنترۆڵی تەواوی داوودەزگا تەناهییەکانی ئەو شارە بکات وەکو بەشێک لە پلانی گێڕانەوی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان جا بەشێوەیەکی شەرعی بێت یان بە هێز بێت. ئێمە لە سیاسەتی ئەمەریکا نیگەرانین، کە هەموو کات پشتی کورد دەگرێت. ئێمە هەموومان لەو هاوپەیمانێتییە کوردی – ئەمەریکاییە ئاگەدارین[١١٣].

سیاسەتوانانی عەرەب و تورکمان هەروەها نیگەرانییەکی قووڵیان لە بەرامبەر هەبوونی هێزی پۆلیسی تەناهیی کوردی لە شار و شارۆکەکان و گەڕەکەکانیان پێشان دا. تەنانەت سەرکردەیەکی پۆلیسی کوردی شارەکەش ڕەوایەتیی بەو نیگەرانییەوە بینی:

کاتێک ئەم بیرۆکەیە هاتە ئاراوە، بەرهەڵستییەکی زۆر لەلایەن عەرەب و تورکمانەوە هەبوو، و هەموو کۆک بوون لەسەر ڕەتکردنەوەی. هۆکاری زۆر لەو بەرهەڵستییانە برێتی بوو لەوەی کە ئاسایش لە ساڵانی ڕابردوو خەڵکێکی زۆری گرتووە، ڕفاندووە و هەڕەشەی لێ کردوون و توندوتیژیی بەکار هێناوە لە کاتی گرتنی خەڵک. زۆر لە گیراوەکان براون بۆ شوێنی نادیار لە سلێمانی و هەولێر، کەسوکاریشیان چارەنووسیان نازانن. ئەوان تەنیا ئەوە دەزانن کە ڕۆڵەکانیان لەلایەن ئاسایشی کوردییەوە گیراون[١١٤]. لەوەش گرینگتر، سیاسەتوانانی عەرەب و تورکمان ئامادەباشییان ئەنجام نەدابوو کاتێک بەرپرسانی ئەمەریکا بیرۆکەی دروستکردنی میکانیزمی تەناهیی هاوبەشیان پێشنیاز کرد. کاتێک بەرپرسە سەربازییە ئەمەریکاییەکان و دیبلۆماتکارەکان بیرۆکەکەیان ڕوون کردەوە و فەرماندە و سیاسەتوانە دیارەکانی ناوچەکەیان کۆ کردەوە، بەرهەڵستییەکە پووچەڵ بووەوە[١١٥]. لەو کاتەوە، ئەفسەرانی سەربازیی ئەمەرکایی لە کەرکووک کۆبوونەوەی دوو هەفتە جارێکیان ئەنجام داوە لەگەڵ هەموو سەرکردە سەربازییەکان و فەرماندەکانی پۆلیس لەو ناوچەیە، بۆ ئەوەی سەرەتا بنبەستەکە بشکێنن و دواتر متمانەی نێوان چین و پێکهاتەکان دروست بکەن لە کاتێکدا چارەسەرێکی سیاسی لەبارەی چارەنووسی کەرکوک لە ئارادا نییە[١١٦]. ئەمەریکا هەروەها مەشقیشی پێشکێش بە هێزە هاوبەشەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراقی کردووە بۆ ئەوەی ڕێزی هاوبەش لە نێوانیاندا پەرە پێ بدات، ئەمە وێڕای

پەرەپێدانی بە لێهاتووییان و زیادکردنی هاوکاری لە نێوانیان.

هەموو لایەک کۆکن لەسەر ئەوەی پێوەندییەکان گەرموگوڕ بوونەتەوە و گرژییەکان سارد بوونەتەوە، تەنانەت ئەگەر بەردەوامیش بن لە تەماشاکردنی یەکتر بە چاوی شەڕ(١١٧). ئەفسەرێکی پۆلیسی ناوخۆ وەسپی دەورییە هاوبەشەکانی کرد کە تەناهییان بۆ ناوچەکە هێناوە و متمانەیان دروست کردووە: "ئێمە پێویستە سوپاسی هێزە هاوپەیمانەکان بکەین بۆ پاڵپشتیکردن لە بیرۆکەیەکی ئاوا و هێنانە دیی. پێش دروستکردنی ئەم هێزە، پێوەندی لە نێوان پۆلیس و فیرقەی ١٢ی سوپای عێراقی باش نەبوو، هیچ هاوکارییەک لە نێوانیاندا نەبوو. ئەمەریکاییەکان توانیویانە کۆیان بکەنەوە، کێشەکانیان چارەسەر بکەن و وایان لێ بکەن بەیەکەوە کار بکەن" هەروەها ئەوەشی خستە سەر کە: "کورد حەز ناکەن سوپای عێراقی پاسەوانیی ناوچەکانیان بکەن. ئەوان پێیان وایە ئەم سوپایە و سیاسەتی حکوومەت هەروەکو پێشانە. ئەوان لە سوپا دەترسن، بەڵام کاتێ: بینییان سوپا شانبەشانی ئەمەریکاییەکان و پێشمەرگە پاسەوانییان دەکرد، ئەوانیش بیریان گۆڕا. هەمان شتیش لەگەڵ عەرەبەکان رووی دا: ئەوان حەز ناکەن پێشمەرگە لە ناوچەکانیان بن، بەڵام ئەوانیش لەگەڵی ڕاهاتن(١١٨).

متمانە لە پێکهاتە نوێیەکەدا بەشێوەیەک بوو کە سوپا توانی بچێتە ناو شاری کەرکووک لە کاتی هەڵبژاردنەکانی ٧ی ئاداری ٢٠١٠ بێ ئەوە ڕووبەڕووی ڕەخنەی توند ببێتەوە - کەرکووک لەو ڕۆژەدا تاکە شاری عێراقی بوو سوپای عێراقی بچێتە ناوی. سوپا لە وەڵامی داوایەکی ئەمەریکاییەکاندا ئەو کارەی کرد کە ئامانج لێ برێتی بوو لە پاراستنی تەناهیی بنکەکەکانی دەنگدان و پاسکردنیان لە هێرش و توندوتیژیی تر. لە کاتێکیشدا کە بڵاوکردنەوەیەی ئەو هێزانە کارێکی سەرکەوتوو بوو، کە سوپای عێراقی لە دووریی بنکەکانی دەنگدانەوە وەستابوون، هەندێ سیاسەتوانی (ناکورد) گلەییی ئەوەیان هەبوو کە ئەو هێزانە تەنیا لە گەڕەکە عەرەبی و تورکمانییەکاندا هەبوون و لە گەڕەکە کوردییەکاندا نەبوون، وەک ئەوەی ئەو هێزانە قەدەغە بێت بچنە ناو ئەو گەڕەکانە لەبەر بەرهەڵستیی کورد(١١٩).

ئەگەرچی ناوەناوە گلەیی هەبوو لەبارەی لایەنگیری و تەحەیوزەوە، تەوفوقی کەرکووک پێ دەچێ کە بەهۆی ئاسانکاریی خاڵە پشکنینە هاوبەشەکەن و دەورییە هاوبەشەکانەوە بە هەبوونی سەربازی ئەمەریکایی لەناو ڕیزی یەکە کوردی و عەرەبییەکاندا، کە پێوەندیکردن لە نێوان پێکهاتەکاندا ئاسان دەکەن و زەوینە خۆش دەکەن، بووەتە بەشێکی بنچینەیی بۆ تەناهی و جێگیریی ناوچەکە.

بە هێزێکی گەورەی زرێپۆشەوە، یەکە سەربازییە ئەمەریکاییەکان کە تا هەڵمەتی ئابی ٢٠١٠ لە کەرکووک جێگیر کرابوون - لیوای یەکی فیرقەی دووی زرێپۆش و لیوای یەکی فیرقەی گەڕۆکی سوارچاکی لەناو قورسترین هێزی ئەمەریکایی بوون لە ڕیزەکانی تەواوی سوپای ئەمەریکا (نەک تەنیا لە عێراق)، کە بەرزبوونەوەیەکی گەورە بوو لە هێزی شەڕوانی لە بەرامبەر ئەو تاکە

بەتاڵیۆنەی ئەمەریکا لە کۆتاییی ٢٠٠٨دا لە کەرکووک هەبوو. کاتێک ئەرکی سەروانیی ئەمەریکا بەشێوەیەکی فەرمی لە ئابی ٢٠٠١ کۆتایی هات، لیوای یەک دووبارە وەکو "هێزێکی ئامۆژگاری و هاریکاری" لە کەرکووک ڕاسپێردرایەوە. لە کاتێکدا چەندان لە یەکە زرێپۆشە قورسەکانی ئەو لیوایە عێراقیان جێ هێشت، بەڵام هێشتا هێزێکی شەڕوانیی بەرچاوی مابوو لە شانە یاریدەدەرەکانی(١٢٠).

پشتبەستن بە هێزەکانی ئەمەریکا بۆ پاراستنی ئاشتی ڕەنگە لە حاڵی حازردا سەر بگرێت، بەڵام دۆخەکە زیاتر کێشەی تێ دەکەوێ کە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دێتە پێشەوە. لە کاتێکدا پەیماننامەیەک دوابەدوای ڕێککەوتننامە تەناهییەکەی نێوان حکوومەتی مالیکی و حکوومەتی برش کە لە ساڵی ٢٠٠٨دا ئیمزا کراوە، لە ئارادا نەبێت، خاڵی پشکنینە هاوبەشەکان و دەورییەکان بەدرێژاییی هێڵی تەماس لە دوای کانوونی یەکەمی ٢٠١١ چیی تر هێزە ئەمەریکاییەکانیان لەگەڵدا نابێت. زۆر کەس نیگەرانییان پێشان داوە کە شتەکان ڕەنگە لێک بترازێن. سیاسەتوانێکی تورکمان پرسیاری کرد: "ئێستە ئەو یەکانە لەژێر کۆنترۆڵی ئەمەریکاییەکاندا کار دەکەن. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: کاتێک ئەمەریکاییەکان دەڕۆن، کێ بەرپرسیارێتییان دەگرێتە ئەستۆ؟"(١٢١) جێگری فەرماندەی پۆلیسش، تۆرهان یوسف بەشێوەیەکی زۆر ڕاستەوخۆتر ئەمەی دەربڕی:

واز لە دروشمە نیشتمانپەروەرییەکانیان بێنە: هەموو کەس لێرە کۆکە - بە عەرب و کورد و تورکمان – لەسەر ئەوەی کە ئێمە پێویستیمان بە هێزە ئەمەریکاییەکان هەیە لە کەرکووک. ئەوان ئێمە بە هاوسەنگی دێڵنەوە. واقیعی کەرکووک ئەوەیە کە ئاسایش باشە، بەڵام سیاسەت جێگیر نییە. ئێمە پێویستیمان بە کاتە بۆ ئەوەی دۆخی سیاسیی کەرکووک جێگیر بێت. کشانەوەی ئەمەریکا هەڵەیەکی کوشندەیە(١٢٢).

دوای چەند مانگێک بە هێزێکی زیاترەوە دووپاتی کردەوە کە: "پێویستە سەربازە ئەمەریکاییەکان بمێننەوە، ئەگەر نا شەڕی ناوخۆ دەقەومێ"(١٢٣). فەرماندەیەکی پۆلیسی کورد لەوە کەمتر ڕەشبین نەبوو کاتێک گوتی: "من بە تەواوی دڵنیام کە شاری کەرکووک لە ماوەی ٢٤ سەعات دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دەکەوێتە شەڕی ناوخۆوە، دڵنیاتان دەکەمەوە هۆکارەکەشی ئەوەیە هیچ متمانەیەک لە نێوان لایەنەکاندا نییە. کارەساتێک دەقەومێ و کاتێکیش کە ئەوە لێرە ڕوو بدات تەنانەت کاریگەریی بۆ سەر بەسرەش دەبێت."

ئەو ڕوونی کردەوە کە: نەتەوایەتیی جیاواز لە دائیرەکانی حکوومەتی ناوخۆییدا و دەزگاکانی تردا هەن و ئەوانە بە ڕاستی دڵسۆزی دەوڵەت نین. ئەگەر ئەمکەریکاییەکان بکشێنەوە، ئەوانە دەگەڕێنەوە سەر کارکردن بۆ بەرژەوەندیی حزبەکانیان کە کاتی خۆی لە بەدەست هێنانی کارەکانیان یارمەتیدەریان بوونە. من تەنیا باسی لەباریەکچوونی هێزە تەناهییەکان ناکەم کە لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا ڕوو دەدات، بگرە ئەوەی لێی دەترسین شەڕی

ناوەخۆییە[١٢٤].

جەنەڕاڵ ئۆدێرنۆش لە دیمانەیەکی تەمووزی ٢٠١٠دا (دوو مانگ پێش ئەوەی عێراق جێ بێڵێت) ئەو دوو ترس و نیگەرانییانەی خەڵکی کەرکووکی دووپات کردەوە کە ڕەنگە میکانیزمی تەناهیی هاوبەش، کە ئەو دای مەزراند، دوای کشانەوەی ئەمەریکاییەکان بەردەوام نەبێت، ئەو گوتی ڕەنگە پێویست بکات هێزێکی ئاشتیپارێزی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان دوای ٢٠١١ ڕێ لە لێکخشانی لایەنەکان بگرێت لە کەرکووک[١٢٥]. هیچ گفتوگۆیەکی فەرمی تا ئێستە لەبارەی بڵاوکردنەوەی هێزێکی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کەرکووک ئەنجام نەدراوە بەشێکی لەبەرئەوەی حکوومەتی عێراقی داوای لە نەتەوە یەکگرتووەکان نەکردووە و ئەنجوومەنی ئاسایشی ناودەوڵەتیش پێشنیازی هێزێکی وای نەکردووە، تەنانەت هیچ جۆرە گفتوگۆیەکی جیدیش لەبارەی بڵاوکردنەوەی هێزێکی وا لە عێراق ئەنجام نەدراوە[١٢٦].

٢- چنگەچڕی لەسەر ئاسایش

ئەگەر سوپا چینی دەرەوەی تەناهیی کەرکووک بگرێتەوە، هێزەکانی پۆلیس زۆر گرینگن لە ناوچەکانی دانشتووان لە چینەکانی ناوەند و ناوەوەی کەرکووک. چینی ناوەند کە قەزا و ناحیەکانی کەرکووک دەگرێتەوە پێک هاتووە لە هێزەکانی پۆلیس لەژێر فەرماندەیی سەرحەد قادر کە کوردە. چینی ناوەوە، شاری کەرکووک، لەلایەن پۆلیسەوە کۆنترۆڵ کراوە لەژێر فەرماندەیی بورهان تەیب تەها کە تورکمانە. ئەوانە هەردوو ڕاستەوخۆ فەرمان لە فەرماندەی پۆلیسی پارێزگەوە وەردەگرن، جەمال تاهیر بەکر، کە ئەویش کورد، لەگەڵ جێگرەکەی تۆرهان یوسف عەبدولڕەحمان کە تورکمانە[١٢٧]. وێڕای ئەمانە، چینی ناوەند هێزەکانی ئاسایش و زێرەڤانیش لە خۆ دەگرێت[١٢٨]. لەوەتەی دروستبوونی میکانیزمی تەناهیی هاوبەش، هاوکاری لە نێوان پۆلیس و سوپا باشتر بووە. نوێنەرانی لقەکانی هێزەکانی ئاسایش لە نووسینەگەیەکی هاوبەشدا، سەنتەری هاوکاریی کەرکووک، لە ئاستێکی باڵادا بە بەردەوامی کۆ دەبنەوە کە دەکەوێتە بنکەیەکی سەربازیی عێراقی لە دەرەوەی کەرکووک.

فەرماندەی (کوردی) قەزا و ناحیەکانی کەرکووک باسی لە جۆرێک لە بەرەوپێشچوونێکی بەردەوامی نێوان پۆلیس و سوپا کرد کە لەلایەن عەرەب کۆنترۆڵ کراوە و ڕێگەی پێ نادرێ بچێتە ناو گوندەکانەوە تەنیا بە یاوەریی پۆلیس نەبێت: "ئێمە ئێستە هاوئاهەنگییەکی زۆر باشمان لەگەڵ سوپادا هەیە، لە کاتێکدا پێشتر ئەمە مەسەلەیەکی هەستیار بوو. ئەرکی سوپا ئەوەیە دەوری ناوچەیەکی دیاریکراو بگرێت و کاری ئێمەش ئەوەیە خەڵک بگرین بەپێی مۆڵەتی دەستگیرکردن، لەبەرئەوەی سوپا لە کەرکووک ڕێگەی پێ نەدراوە کەس بگرێت"[١٢٩]. هاوئاهەنگییەکی لەو جۆرە زۆر گرینگە لەبەرئەوەی لە کاتێکدا هەڕەشەی چەکداری هەر وەک لە هەموو ناوچەکانی تری عێراقیش کەم بووەتەوە بەڵام هێشتا هێرشی توندوتیژی ماوە. چەندان گرووپ لە کەرکووک هێشتا

کاران و کێشە سیاسییەکانی ئەو پارێزگەیە دەقۆزنەوە[١٣٠]. وێڕای هەموو ئەو پێشوەچوونە، هێشتا پۆلیس کێشەی پرسی هاوسەنگیی نەتەوەییی هەیە کە سیاسەتوانە تورکمان و عەرەبەکان کوردەکان بەوە تاوانبار دەکەن کە کۆنترۆڵی پۆلیسیان کردووە و ئامانجی دواییشیان ئەوەیە کەرکووک بخەنەوە سەر کوردستان. هێزی پۆلیس (چینی ناوەند و ناوەوە) کە لە ٦٣٠٠ کەس پێک هاتووە بەشێوەیەکی سەرپێیی لە سەتا ٤٠ی پێک هاتووە لە کورد، لە سەتا ٣٠ی عەرەب و لە سەتا ٣٠ی تورکمان[١٣١]. جێگری فەرماندەی پۆلیس کە تورکمانە ئەو ژمارانەی پشتڕاست کردەوە بەڵام ئەوەشی خستە سەر کە ئەو ژمارانە بۆ تەواوی هێزی پۆلیس وایە نەک لە ڕیزی ئەفسەرانی پۆلیس. ئەو گوتی لە ڕیزی ئەفسەرانی پۆلیسدا، لە سەتا ٥٢ کوردن (٤٠٠ ئەفسەرن)، لە سەتا ٣٩ عەرەبن (٣٠٠ ئەفسەر) لە سەتا ٨ تورکمانن (٦٢ ئەفسەر) هەروەها لە نێوان یەک بۆ دوو لە سەتیش کلدۆئاشوورین کە ١٢ ئەفسەرن[١٣٢].

بەڵام فەرماندە کوردەکەی پۆلیس ئەو ژمارانەی هاوکارەکەی ڕەت کردەوە. ئەو گوتی لەو ٤٠٠ پۆلیسەی لەژێر فەرماندەی ئەون لە سەتا ٤٧یان عەرەبن و لە سەتا ٢٧یان کوردن و لە سەتا ٢٤یان تورکمانن و لە سەتا ٢ش کلدۆئاشورین. ئەو تێکنەکردنەوەیە لە ژمارەکان کە ئەویش نموونەیەکی تر سروشتی مشتومڕهەڵگری کێشەی دیموگرافی لە کەرکووک بۆی هەیە لە بڕیارێکی وەزارەتی ناوەخۆ کە هێشتا جێبەجێ نەکراوە، بۆ تێکەڵکردنەوەی ٤٠٠ چەکداری پێشوو (کە دواتر بوونە ئەندامی سەحوە) لەگەڵ پۆلیس لەسەر ئەو بەرهەڵستییەی ئەو فەرماندەیە. لە ئەنجامی ئەوەشدا، ئەو گوتی "ئەندامی عەرب و تورکمان ژمارەیان بەرز دەبێتەوە و کورد کەم دەبێتەوە. ئەمە کێشەیەکی سیاسییە"[١٣٣].

کێشەکە تەنیا کێشەی ژمارە نییە، بگرە کێشەی پاڵپەستۆی سیاسییە لەسەر فەرماندەکانی پۆلیس لەبارەی لایەنە جیاوازەکانی کردەکانیان، بەتایبەتی وەرگرتنی ئەندامی نوێ، و دامەزراندن و گواستنەوە. رائید تۆرهان گلەییی ئەوەی کرد کە: کێشەکە برێتییە لە بەسیاسیکردنی پۆلیس لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە. کاتێک وەزارەتی ناوەخۆ لە بەغدا فەرمانێک دەردەکات، ئێمە یەک ملیۆن تەلەفۆنمان بۆ دێت لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە کە پێمان دەڵێن کە وا و وا بکەین. ئێمە هەوڵ دەدەین هێزێکی پڕۆفێشناڵ دروست بکەین نەک مەزهەبی. دڵسۆزیی ئێمە دەبێ بۆ ئاڵای عێراق بێت تەنانەت ئەگەر نەتەوایەتیشمان زۆر بەلاوە بە نرخ بێت. ئێمە دەبێ سیاسەت لە کاری پیشەییانەی خۆمان جیا بکەینەوە. ترهان ئاماژەی بە پارتە کوردییەکان کرد بۆ ڕەخنەیەک تایبەت[١٣٤]. ئەندامێک ئەنجوومەنی پارێزگەی کەرکووک پۆلیسی بە "بێسوود" ناو برد لەبەرئەوەی "پۆلیس کار لەسەر داواکان ناکات، بۆ نموونە هەڕەشەی چاوترساندن. تاوانکاران وا هەست دەکەن ئەوان پارێزبەندییان هەیە". ئەویش ئاماژەی بەوە دا کە ئەوە خەتای کۆنترۆڵکردنی پۆلیسە لەلایەن کوردەوە[١٣٥].

کێشەیەکی تر کە بووەتە هۆی گەورترین بارگرژی هەبوونی هێزی تەناهیی کوردییە کە سەر بە

حزبەکانن و بە ئاسایش دەناسرێن، لەگەڵ هەڵسووڕاوی هەواڵگریی نهێنی کە کار بۆ پاراستنی (پارتی) و زانیاریی (یەکێتی) دەکەن. ئەو هێزانە کە ناوچەیەکی زۆری جێناکۆکەکان لەژێر کۆنترۆڵیان دایە، لە نێزیکەوە لەگەڵ ئەمەریکاییەکان هاوکارییان هەبووە. ئەمەش ڕەنگە توانای ئەوەی پێ دابن توانای پیشەگەرییان بەرز بکەنەوە و ئامرازەکانیشیان باشتر بکەن، بەڵام ئەمە هەروەها ئەوە هەروەها یارمەتییەکی بێ بەرامبەریشی پێ داون لەوەی کورد و ئەمەریکاییەکان بە کردەی دژەتیرۆری دەدەنە قەڵەم و عەرەب (تا ڕادەیەکیش تورکمان) بە هێرشی ڕەشبگیریی دەدەنە قەڵەم لە دژی ئەو ناوچانەی کوردی نین.

ئاسایش لە کەرکووک و ناوچەکانی تر جۆرە ڕۆڵێکی تەناهیی سەربەخۆیان بۆ خۆیان داتاشیوە کە تەنیا فەرمان لە سەرکردە سیاسییەکانی خۆیان وەر دەگرن و تەنیا ئەوان دەتوانن لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکەن. لە کاتێکدا ئەمەریکاییەکان وەسپی ئاسایش دەکەن لە پاراستنی جێگیریی کەرکووک و ئاسایش خۆیشیان جەخت لەوە دەکەنەوە کە پرۆفێشناڵن[١٣٦]، هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە زۆر لەو بارگرژییەی کەرکووک لەبارەی ئەوە بە کرداری ڕەشبگیری و ڕەگەزپەرستیی دەزانرێ کە لەلایەن ئەو هێزە نانیزامییە ئەنجامی دەدات.

لەگەڵ ئەمەشدا خەمڵاندنەکان جیاوازن. لە چاو جێگری فەرماندەی (تورکمانی) پۆلیسی کەرکووک، نێزیکەی ٨,٠٠٠ ئاسایش لە ناوەوەی کەرکووک کار دەکەن و ٦٠٠٠ی تریش لە ناوچەکانی تری ئەو پارێزگەیە[١٣٧]. لە بەرامبەردا، بەرپرسی ئاسایشی یەکێتی گوتی کە پارتی و یەکێتی بەیەکەوە ٤,٠٠٠ ئاسایشیان هەیە لە تەواوی پارێزگەکەدا[١٣٨]. ژمارە ڕاستەقینەکە هەر چەند بێت، کە ڕەنگە پشتڕاستکردنەوەی زەحمەت بێت، کاریگەریی زۆر گەورەیان هەبووە هەر لەو ساتەوە کە گەیشتووەتە ناو شار لە ساڵی ٢٠٠٣ بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لەلایەن ڕێژیمی لادراوی پێشوو بەجێی هێشت و پۆلیس و ئەمنی عام لە شار دیار نەمان.

بەرپرسی ئاسایشی یەکێتی لە کەرکووک گوتی:

لە ساڵی ٢٠٠٣دا هیچ هێزێکی تەناهی لە ناوچە جێناکۆکەکاندا نەبوو، بۆیە ئەمەریکاییەکان داوایان لە ئێمە کرد لەوێ کار بکەین. پۆلیس لە کەرکووک هەبوو، بەڵام کەم بوو، بۆیە ئێمە ژمارەیمان زیاد کرد (بە دامەزراندنی ئەندامانی کورد). کاتێک ئەمەریکاییەکان یەکێکیان بگرتایە متمانەیان بە پۆلیس نەبوو بۆیە ئەوانەیان دەدایە دەست ئێمە بۆ ئەوەی لە گرتیگەکانی هەرێمی کوردستان بیانخەینە ژوورەوە. هەر کاتێک گرتیگەکانیان تەواو بوون ئەوا ئێمە ئەو خەڵکە لە گرتیگەکانی خۆمان دەگوازینەوە ئەوێ. کاری سەرەکیی ئێمە لە کەرکووک بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر تیرۆریستەکان و یارمەتیدانی هێزە تەناهییەکانە لە شوێنکەوتنیان. ئێمە مامەڵە لەگەڵ تاوان و کێشە عەشایەرییەکاندا ناکەین[١٣٩]. ئەو جەختی لەوە کردەوە کە کاری پۆلیس باشتر بووە و ئەوەش کە لە ئەنجامدا ئاسایش خەریکە متمانەیان پێ دەکاتەوە و کردەیان لەگەڵدا

ڕێک دەخات کە تێیدا ئاسایش تیشک دەخاتە سەر کۆکردنەوەی زانیاری.

کردارەکانی دەستگیرکردن لەلایەن پۆلیسەوە ئەنجام دەدرێت بەپێی مۆڵەتی گرتن کە لەلایەن دادوەرەوە دەکرێ، ئەو وای گوت، گیراوەکان دەدرێنە دەست یەکەی تاوانی گەورەی پۆلیس کە لەلایەن دادوەرێکی لێکۆڵەرەوە بەڕێوە دەبرێت، و دواتر دەبرێن دادگە.

ئەو هەروەها ئەوەشی خستە سەر کە ئەندامانی پاراستن و زانیاریی پارتە کوردییەکان لە کەرکوک کە بەشێوەی نهێنی کار دەکەن، ئەوانیش زانیاریی هەواڵگری کۆ دەکەنەوە، بەڵام چەک هەڵناگرن و لە هەڵمەتەکان پۆلیس بەشدار نابن وەکو ئاسایش[١٤٠].

کەرکووکییە ناکوردەکان هێزە تەناهییە کوردییەکان بە ڕەشبگیری و گواستنەوەی نایاسایی گیراوەکان بۆ گرتیگەکانی هەرێمی کوردستان و گرتنی بێ دادگەییکردن تۆمەتبار دەکەن. کارمەندێکی ڕێکخراوی ناحکوومی گوتی لە سەرەتادا (ساڵی ٢٠٠٣) ئاسایش کاریان پاراستنی بارەگا و باڵەخانەکان بوو بەڵام "ئەمەریکاییەکان دەستیان کرد بە بەکارهێنانیان بۆ کاری تر لەوانەش هەواڵگری و گرتنی خەڵک بێ مۆڵەت"[١٤١]. ئەفسەرێکی پۆلس گوتی، "ئاسایش دۆخێکی خراپ دروست دەکەن. ئەوان خۆیان لە هەندێ شت هەڵدەقورتێنن کە کاری ئەوان نییە."[١٤٢].

بەرپرسانی ئاسایش لە کەرکوک ئەو جۆرە ڕەخنانە ڕەت دەکەنەوە و گلەیی لەوە دەکەن کە ئەوان لە بەرامبەر ئەو سەقامگیرییەی لە کەرکووک بەهۆی ئاسایشەوە لە ئارادایە نرخی بۆ دانەنراوە هەروەها ئەوان گلەیی لەوە دەکەن کە ئەوان بەشێوەیەکی ناماقووڵانە تۆمەتبار دەکرێن لەبەرئەوەی زۆربەی هێرشە چەکدارییەکان لە کەرکووک بە زۆری لەناوچە عەرەبنشینەکانی ئەو پارێزگەیەیە.

بەرپرسی ئاسایشی یەکێتی لە کەرکووک گوتی "عەرەب و تورکمان کێشمان بۆ دروست دەکەن، بەڵام ئەوان ئەوەیان لە بری کردووە کە بەهۆی ئێمەوەوە باری تەناهیی کەرکووک زۆر باشتر بووە. بەڵێ ئێمە بەشێوەیەکی تایبەتی لە ناوچە عەرەبنشینەکان کەیفیان پێمان نایە، بەڵام تیرۆریستەکان لەو ناوچانەدا چالاکن."[١٤٣]. هاوکارە پارتییەکەی گوتی:

لە سەتا نەوەدی تیرۆرستەکان عەرەبن، لە کاتێکدا زۆربەی تاوانە باوەکان لەلایەن کوردەکانەوە ئەنجام دەدرێن. خۆ ئەوە بە دەستی ئێمە نییە کە زۆربەی تیرۆریستەکان عەرەبن! لە ١٦ی تەمووزی ٢٠٠٧ تەقینەوەیەکی گەورە بە ئۆتۆمۆبێلی بۆمبڕێژکراو لە شارەکەدا ڕووی دا، ئێمە لە حەویجە (عەرەبنشین) کرداری هەڵکوتانمان ئەنجام دا. ئەو کاتە ئێمە بۆ هەڵکوتانە سەر ناوچە عەرەبنشینەکە ڕەخنەمان لێ گیرا! خەڵک ڕقیان لە ئاسایشە لەبەرئەوەی ئێمە سەر بە کوردستانین. ئەوان ئێمە بەوە تۆمەتبار دەکەین کە دەمانەوێ مادەی ١٤٠ جێبەجێ بکەین[١٤٤].

هەردوو بەرپرس گوتیان کە هێزە ئەمەریکاییەکان نەک ئاسایش بەرپرسیارە لە گواستنەوەی گیراوەکان بۆ هەرێمی کوردستان. لە گەرمەی شەڕی مەزهەبی لە ساڵانی ٢٠٠٥ – ٢٠٠٧،

داوودەزگا عێراقییەکان توانای ئەوەیان نەبوو ڕووبەڕووی ئەو ئاستەنگانە ببنەوە، ئەوان وایان گوت. پۆلیس و دەسەڵاتی دادوەری، بەتایبەتی، بووبوونە ئامانجی توندوتیژی و لەبەرئەوە زۆر جار سەرکەوتوو نەدەبوون لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی خۆیان. دادوەرەکان لەژێر هەڕەشەدا بوون، پۆلیس چاویان لێ سوور دەکرایەوە و گرتیگەکان زۆر بەلاوازی پاسەوانییان دەکرا. لەبەرئەوەی گرتیگە ئەمەریکاییەکان پڕ بووبوون، ئیدارەی جۆرج بۆش داوای لە هاوپەیمانە کوردەکانی کرد کە هەندێ لەو گیراوانەی ئەوان گرتبوونیان و لە بنکەکانی گرتن کۆی کردبوونەوە لە گرتیگەکانی هەرێمی کوردستان جێیان بکەنەوە، سەرکردەکانی کوردیش ئەوەیان کرد. بەرپرسی ئاسایشی پارتی گوتی، "ئەمە هاوکاریکردنە لە نێوان هێزە ئەمەریکاییەکان و پۆلیسی عێراقی و ئاسایش کەچی هەموو گلەییەکە لە ئێمە دەکرێ لەبەرئەوەی گرتیگەکان لەلایەن ئێمەوە بەڕێوە دەبرێن. بەڵام ئێمە تەنیا ئەوانەمان لە گرتیگەکان ڕاگرتبوو و لێپێچینەوەمان لەگەڵدا نەکردوون. ئەمەریکاییەکان لێپێچینەوەیان لەگەڵیان دەکرد."(١٤٥).

کاتێک توندوتیژی لە ساڵی ٢٠٠٨ هێور بووەوە و داوودەزگاکان خۆیان گرتەوە، بەهۆی ئەو زیانەی بەر ناووبانگی ئەوان کەوتبوو، کورد بەپەرۆش بوون بۆ ئەوەی گیراوەکان بگەڕێننەوە بۆ پاریزگەکانی خۆیان. زۆر لەو گیراوانە بەردران، بەڵام چەکدارەکان گوێزرانەوە بۆ گرتیگەکانی کەرکووک و بەغدا. دەسەڵاتی دادوەری ڕەتی کردەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات لەبەرئەوەی لە بنەڕەتدا دادوەرەکان مۆڵەتی گرتنیان بۆ ئەوان دەرنەکردبوو، ئەویش ئەگەر مۆڵەتی گرتنیان هەر هەبووبێ. لەبەرئەوە ئازاد کران(١٤٦). ئەمە توڕەیی عەرەبی لەسەر گواستنەوەی ئەو گیراوانە بۆ کوردستان ڕەواندەوە، بەڵام گلەییەکان هەر ماون لەبارەی ڕەشبگیریەکە لەلایەن پۆلیسەوە ئەنجام دەدرێن بە هاوکاریی ئاسایشی کوردی و کردارەکانی تر کە تووڕەیی ناکوردەکانی هەڵایساندووە(١٤٧).

یەکێک لەو ڕووداوە ورووژێنرانە لە کاتی جەژنی قوربان‌دا ڕووی دا، کە ئەو کاتە لە ٢٠١٠ ئەو جەژنە کەوتە ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەم. بە لە بەرچاوگرتنی چەند هێرشێکی تازە و بەرزبوونەوەی نیگەرانییەکان لەبارەی هەڕەشەی تەناهی لە کاتی ئەو جەژنەدا، ئاسایش گوتی ئەوان بۆ وان پارێزگاریی زیاتر بۆ ماوەی دوو هەفتە پێشکێش دەکەن بۆ ئەو شارە. ئەندامێکی کوردی ئەنجوومەنی پارێزگەی کەرکووک ئەوەشی گوت کە بڵاوکردنەوەی ئاسایش لە شاردا بۆ ئەوەشە کە بە کوردەکانی ئەوێی "پێشان بدەن کە ئاسایش بۆ پاراستنی ئەوان لەوێیە"(١٤٨). ئاسایش بەسەر هەموو شاردا بڵاو بوونەوە و خاڵی پشکنینیان دانا و هەر کەسێک ڕەت بووبوایە دەیانپشکنی و چەندان عەرەبیان دەستگیر کرد بە گشتی عەرەب و تورکمانیان، کە وایان هەست دەکرد گوومان ئاراستەی ئەوان دەکرێ، تووڕە، کرد.

ئەندامێکی تورکمانی ئەنجوومەنی ئاسایش کەرکووک گوتی بڵاوکردنەوەی ئاسایش پێشێلکاریی ڕێککەوتننامەی میکانیزمە تەناهییە هاوبەشەکان دەکات و گوتی کە دیبلۆماتکار

سەرکردە سەربازییە ئەمەریکاییەکان باوەڕیان بە ئاسایش هێناوە دوای ١٠ ڕۆژ لەناو شار بکشێنەوە[١٤٩]. ئەندام پەرلەمانێکی عەرەب ئەوەی ڕەت کردەوە کە ئەو توندوتیژییەی پێش جەژنی قوربان ڕوویان دا پێویستی بەوە بێت ڕێوشوێنی تەناهی زیاد بکرێت ئەو سێ تەینەوەی بە ئۆتۆمۆبێلی بۆمبڕێژکراو لە ناوچە کوردنشینەکان ڕوویان دا لە ٦ی تشرینی دووەم بە تەنیا بیانویەک وەسف کرد بۆ کورد بۆ ئەوەی ماسوولکەیان نمایش بکەن[١٥٠].

حەسەن تۆران، ئەندامێکی تورکمانی ئەنجوومەنی پارێزگەی کەرکووک، گوتی ئەمە و ڕووداوەکانی پێشتر ئەوەیان پێشان دا کە: ئاسایش سیمبوڵی دەسەڵاتی پارتە کوردییەکانن بۆ کۆنترۆڵکردنی کەرکووک. ئەوان لێرەن بۆ ئەوەی هەر دەنگێ کپ بکەنەوە کە لە دژی ئەو دووپارتە قسە بکات، ئەوەش بێ هیچ بنەوایەکی یاسایی دەکەن، بێ هیچ مۆڵەتێکی گرتن. ئەوان پۆلیس بە کار دێنن بۆ ئەوەی مۆڵەتی گرتن لە دادوەرێکەوە وەربگرن و ئەمەش هەمان ئەو شێوەیە کە لە سەردەمی سەدام دەکرا: ئەو کاتیش پۆلیس بێهێزبوو و لەژێر کۆنترۆڵی پۆلیس ئاسایش بووە، بە ئەمن دەناسرا. ئەمن و ئاسایش هەردوو ترساندن وەکو بیانوویەک بۆ کۆنترۆڵی سیاسی بەکار دێنن[١٥١].

لە ڕوانگەی عەرەب و تورکمان، ئاسایش، میلیشیایەکی نایاسابیە و ئەجێندایەکی سیاسیی ئاراوەی هەیە بۆ گێڕانەوەی ناوچە جێناکۆکەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەلای کوردیشەوە، ئاسایش هێزی پاراستنە لە بەرامبەر چەکدارە عەرەبەکان و گرەنتیی دووبارەنەبوونەوەی سیاسەتی بەعەرەبکردن لەلایەن حکوومەتی ناوەندی و هاوپەیمانەکانی لە ناوچە جێناکۆکەکاندا کە دانیشتوانێکی چڕی کوردییان هەیە[١٥٢]. مەبەستی ڕاستەقینەی ئاسایش لە کەرکووک هەر چییەک بێت، کە ڕەنگە تێکەڵییەک بێت لەوانەی لە سەرەوە باسیان لێوە کرا، بوونی ئەوان ڕێک بەپێچەوانەی ئەوەی کوردستان و پارتە کوردییەکان دەڵێن ئاسایش بۆ ئەوە لەوێیە، کاریگەریی هەیە، واتە لە جیاتیی ئەوەی متمانەی تورکمان و عەرەب بە ئیدارەی هەرێمی کوردستان زیاد ببێت وەکو ئامادەکارییەک بۆ ئەنجامدانی ریراندۆم کە کورد هیوا دەخوازن بەهۆیەوە کەرکووک بچێتەوە بەشێک لە کوردستان، کەم بووەتەوە. متمانەی ناکوردەکان بە بەڕێوەبردنی کەرکووک و لەلاین پارتە کوردییەکانەوە پێ دەچێ بەشێوەیەکی بەردەوام لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٣ەوە خراپ بووبێت، بەشێوەیەکی زۆریش بەهۆی بوون و هەڵسوکەوتی هێزە تەناهییە کورییەکان – ئاسایش و پێشمەرگە (لە خوارەوە تاوتوێ دەکرێ).

لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٧دا، ئەمەریکا ناوبژیوانیی لە نێوان عەرەبی کەرکووک و سەرانی کورد بۆ ڕێککەوتنێکی هاوبەشیی دەسەڵات کە تەنیا بەشێکی جێبەجێ کرا بەتایبەتی ئەو بەشەی کە "دەزگا تەناهییە نافەرمییەکان کە ئێستە لە کەرکووک کار دەکەن دەبێ بگەڕێنەوە ئەو ناوچانەی کە لێیەوە هێنراون" پشتگوێ خرا[١٥٣]. لە کاتێکدا ئاسایش هەر لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە لەژێر پارێزگاریی ئەمەریکاییەکان کاریان دەکرد، ئاسایش لە ناوچە جێناکۆکان ڕووبەڕووی داهاتوویەکی نادیار

دەبنەوە کە هێزە ئەمەریکاییەکان خۆیان بۆ کشانەوە ئامادە دەکەن. لە کاتێکدا کە کۆنترۆڵی تەناهیی کورد لە کەرکووک توندوتۆڵ دیارە، دەکرێ تەنیا مەسەلەی کات بێت و حکوومەتی مالیکی دەست بکات بە تاقیکردنەوەی هێزی کورد لە کەرکووک ئەگەر هیچ پێشوەچوونێک لە دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسی بۆ کێشەی کەرکووک نەیەتە دی.

## چوارەم: چاککردنی هەیکەلی تەناهی لە ناوچەی تەماس

کاتێک هێزە ئەمەریکاییەکان لە عێراق دەکشێنەوە، پرسیارەکە ئەوە دەبێت کە چی لە ناوچەکانی هێڵی تەماسدا ڕوو دەدات. ئالەی میکانزمی تەناهیی هاوبەش بێ ئەفسەرە ئەمەریکاییەکان بەردەوام دەبێت، یان پێشبڕکێیەکی پەتکێشی دێتە ئاراوە لەسەر ئەوە کێ کۆنترۆڵی تەناهیی لە ناوچەیەکی دیارکراودا دەکات لە ناوچە جێناکۆکەکان؟ سەرەک وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەرهەم ئەحمەد ساڵح لە جیدییەتی مەترسییەکانی کەم کردەوە و جەختی لەسەر گرینگیی گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی سیاسی کردەوە:

میکانیزمی تەناهیی هاوبەش بەباشی ئیشی خۆی دەکات. بۆ ئەوەی بەردەوامی بەو میکانیزمە بدەین لە دوای ساڵی ٢٠١١، پێویستە بەرەوەندیی هاوبەش لەگەڵ عەرەب لە بواری تەناهی و ئابووری بدۆزینەوە. تائەو کاتەی چارەنووسی ناوچە جێناکۆکەکان بە چارەسەر نەکراوی بمێنێتەوە، هەر یەک لە هێزەکانی حکوومەتی فیدراڵی و هەرێم لەوێ دەمێننەوە. بەڵام ئەگەر کێشەکە چارەسە بوو، ئەو کات دەتوانین ڕێککەوتنێکی بێوێنە. ئەنجام بدەین. ئێستە هەڕەشەی هاوبەش لە تیرۆریستەکانەوەیە. با تواناکانمان کۆ بکەینەوە و دوایان بکەوین. ئێمە پێویستە بابەتەکە لە پێشبڕکێی پەتکێشیەوە بگۆڕین. من دانبەوە دەنێم کە کێشە لەگەڵ ئاسایشدا هەیە، ئێمە ئێستە چارەی هەندێ لە زێدەڕۆییەکانمان کردووە. بەڵام پرسی تەناهی هێشتا دڵی ناکۆکییەکەیە. ئێمە سەرەتا پێویستیمان بە چارەسەرێکی سیاسییە دواتر چارەسەرکردنی ڕێکخستنی ئاسایش(١٥٤).

ئێستە کە پرۆسەی سیاسی خەریکە بەشێوەیەکی هێواش بەرەوپێش دەروات، پێشوەچوونی تریش هەن لەلایەنی تەناهییەوە کە کاریگەرییان بۆ سەر بەرەنجامی ململانێی بەغدا – هەولێر و سنووره ناوەخۆییە جێناکۆکەکان دەبێت. گتوگۆ بۆ ئەوەی هێزی پاسەوانی کوردستان، پێشمەرگە، بخرێتەوە سەر سوپای عێراق دەستی لێ کردووە، هیچ نەبێ بەشێوەیەکی ڕەمزی، بەڵام لەولاوە باسی ئەوەش کراوە کە هێزی ئاسایش کە لە ناوچ جێناکۆکەکاندا بڵاو کراونەتەوە بخرێنە ژێر کۆنترۆڵی پۆلیسی عێراقی، بەمەش بخرێنەوە سەر وەزارەتی ناوەخۆ. بەڵام ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە لە کاتێکدا دۆخی تەناهی لە ناوچە جێناکۆکەکاندا هەستیارە، بارودۆخی کەرکووک لە هی دیالە، نەینەوا، سەلاحەدین جیاوازە(١٥٥).

لە کەرکوک، کورد هەست بە دڵنیایی دەکەن کە کۆنترۆڵی شارەکە هەر لەژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا

دەمێنێتەوە ئەویش بە هۆی ئاسایش و پۆلیسەوە تا ئەو کاتە سوپا لە دوورەپەرێز بهێڵرێتەوە - ئەمەش بەهۆش میکانیزمی تەناهیی هاوبەش لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا گرەنتی کراوە، بەڵام بۆی هەیە بگۆڕێ کاتێک هێزەکانی ئەمەریکا دەکشێتەوە. عەرەب و تورکمانی کەرکووک بوونی ئاسایشیان پێ ناخۆشە و ئەوان پشت بە سوپا دەبەستن بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا هێزە تەناهییەکانی کورد پاشەکشە پێ بکات بۆ دەرەوەی پارێزگەکە و بۆ ناوچەی هێڵی سەوز. بۆیە پرسیارەکان لە کەرکوک برێتین لەوەی چۆن پێوەندییەکان لە نێوان سوپا و هێزە کوردییەکان هێلرێنەوە و ئاخۆ بۆ کەمکردنەوەی بارگرژیی ئەتنی لە کەرکوک دەکرێ ئاسایش - کە کورد بە گرەنتیی نوێنەبوونەوەی سیاسەتی بەعەربکردنی دەزانن - بخرێتە ژێر کۆنترۆڵێکی جیاوازەوە کە تێیدا کورد لە کەرکووک ڕۆڵێکی سەرەکی، بەڵام نەک پاوانخواز، دەگێڕن، بۆ نموونە بخرێنە ژێر کۆنترۆڵی پۆلیس (کە لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتی ناوەخۆی حکوومەتی بەغدایە).

لە نەینەوا، بەپێچەوانەوە، هێڵی گرژی دەکەوێتە دەرەوەی شاری مووسڵ کە کورد بەبەشێک لە کوردستانی دانانێن. وێڕای ئەمە، کورد سوپای عێراقی، کە بەشێکە لە هێزی فیدراڵی لەژێر کۆنترۆڵی بەغدا و لە نەینەوا بڵاو کراونەتەوە، بە هاوپەیمان دەزانن لە بەرامبەر هێزی پۆلیسی پارێزگەکە، کە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی پارێزگار ئەسیل نوجێفی کە لەگەڵ یەکەم حکوومەتی مالیکی لە ململانێدا بووە و کوردیش پێوەندییەکانی ڕکابەرانەیان لەگەڵیدالا هەبووە تا ئەو هێوبوونەوەیەی کۆتاییی ٢٠١٠ کە لە سەرەوەدا ئاماژەمان پێ کرد.

پرسیارەکان لە نەینەوا برێتین لە چۆنیەتیی یەکخستنەوەی هێزە تەناهییەکانی کورد لە ناوچە جێناکۆکەکان لەو پارێزگەیە لەگەڵ پۆلیس و سوپای عێراقی کە لە نەینەوا بڵاو کراوەتەوە (کە پێشتر هەردووکیان لەژێر کۆنترۆڵی بەغدا بوون) و پاریزگاری لە کەمینەکان دەکەن و بەهۆیانەوە پارێزگار دەتوانێ دەسەڵاتی خۆی بگەیەنێتە تەواوی پارێزگەکە.

١- پێشمەرگەی کوردی و سوپای عێراقی

ئێستە گفتوگۆ لە ئارادان بۆ ئەوەی هێزی پاسەوانیی هەرێم بخرینەوە سەر هەیکەلی هێزە تەناهییەکانی عێراق. بەغدا هەنگاوێکی لەو جۆرە بە گرینگ دەبینێ لەبەرئەوەی ئەمە یارمەتیدەر دەبێت لە بەستنەوەی هەرێمی کوردستان بە ڕەگ و ڕیشاڵی دەوڵەتی عێراقییەوە و بەم شێوەیەش هەلی جودابوونەوەیان کەم دەکاتەوە، وێڕای ئەمەش، ئەو هێزە پاسەوانەی هەرێم پاسەوانیی سنووری عێراق لەگەڵ تورکای دەکات لەگەڵ بەشێک لە سنوورەکەی عێراق لەگەڵ ئێران. ئەم هەنگاوە بۆ کوردیش سوودبەخش دەبێت: بەم هۆیەوە مووچەی ئەو هێزانە کە هەرێمی کوردستان و خەڵکی خۆیان دەپارێزن لە بودجەی گشتی دەدرێت و پێدانی ئامێر و مەشقیش بۆ ئەو هێزانە مسۆگەر دەبێت لەوانەش مەشق لەلایەن ئەمەریکاییەکانەوە(١٥٦). هەروەها بەم هۆیەوە سوپای عێراقی لە دەرەوەی کوردستان دیلێتەوە .

لە ڕوانگەی بەرپرسە ئەمەریکاییەکانەوە، هەنگاوە گرینگە یەکەمەکە پێش یەکخستنەوەیەکی لەو جۆرە پێویستە بریتی بێت لە یەکخستنەوەی سەرکردایەتیی پێشمەرگەی هەردوو پارتە کوردییەکە یەک بخرێنەوە لەژێر وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەی هەرێم - دوور لە کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی پارتی و یەکێتی(١٥٨). هەروەکو هاوشانە عێراقییەکانیان، هێزە کوردییەکانیش هێشتا بەشێوەیەکی زۆر بەسیاسیکراو و یەکنەگرتوو ماونەتەوە لە دڵسۆوییان(١٥٩). لە نێوان دوو پارتدا کە پێشتر شەڕێکی خوێناوییان کردووە لە ساڵی ١٩٩٤– ١٩٩٨ بۆیە هێشتا ماویانە بەتەواوی بەسەر پاشماوەکانیدا زاڵ بن.

بەسیاسیکردنی ئەو هێزانە لە نەبوونی سەرکردایەتییەکی یەکگتوویاندا دەردەکەوێ. لقەکانی پێشمەرگەی یەکێتی و پارتی لە نیسانی ٢٠٠٩دا لە بەرزترین ئاستدا یەک خرانەوە بە دروستکردنی یەک وەزرات(١٦٠). بەڵام لە خوار  ئەم ئاستەوە بەدڵنیاییشەوە لە ڕووی کارکردنەوە، هەر بە جودایی مانەوە. سیاسەتوانێکی بزووتنەوەی گۆڕان گوتی: "پێشمەرگە زۆر لە یەکگرتنەوە دوورە. هیچ پێشمەرگەیەکی یەکێتی گوێڕایەڵی فەرمانێک نابێت کە لە هەولێرەوە بێت، هەروەها هیچ پێشمەرگەیەکی پارتیش گوێ بە سلێمانی نادا. ئەوان هەر میلیشیای حزبەکانن. هەروەها ئەوان هیچ کەسێک وەرناگرن ئەگەر ئەندامێکی یەکێتی یان پارتی نەبن"(١٦١).

هەوڵگەلێک هەبوونە بۆ ئەوەی زیاتر ئەو دوو هێزە لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمدا یەک بخرێن، بەڵام بەرەوپێشچوون هێواش بووە. بۆ یەکخستنەوەیەکی تەواوی ئەو هێزانە، زۆر زەحمەتە چۆنیەتیی یەکخستنەوەی ئەو دوو میلیشیا حزبییانە لەگەڵ سوپای فیدراڵیدا ببێنێتە بەرچاو، کەچی ئەو دوو بەرەوپێشچوونانە - یەکخستنەوە میلیشیاکان لە ناوخۆی کوردستان و یەکخستنەوەی هێڤی پاسەوانی هەرێم لەگەڵ سوپای عێراق - لە یەک کاتدا ڕوو دەدەن کە تێیدا بەرەوپێشچوونی دووەم هانی تەواوکردنی بەرەوپێشوونی یەکەم دەدات.

بەپێی ئەو پلانانەی لەلایەن سەرەک وەزیران مالیکییەوە لە نیسانی ٢٠١٠دا پەسند کراون و ئێستە لەلایەن بەغدا و هەولێرەوە جێبەجێ دەکرێن، هێزی پاسەوانیی یەکگرتووی هەرێم لە ١٩٠،٠٠٠ سەربازەوە کەم دەکرێتەوە بۆ ،١٠٠،٠٠٠ لە بودجەی فیدراڵییەوە مووچەیان بۆ دابین دەکرێت و لەلایەن سوپای عێراقییەوە مەشق و پێداویستییان بۆ دابین دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەکەوێتە ژێر هەیکەلێکی فەرماندەیی جودا لە هەرێمی کوردستان. لە کۆی ئەو ١٠٠،٠٠٠ پێشمەرگەیە، ٧٠،٠٠٠یان لەژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی حکوومەتی هەرێمدا دەمێننەوە وەکو هێزی پاسەوانی هەرێم، لە کاتێکدا ٣٠،٠٠٠ەکەی تر بەسەر چوار لیوادا دابەش دەکرێن کە ئێستە خەریکە دروست دەکرێن، کە دەبنە بەشێ: لە سوپای عێراق، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا بڵاو دەکرێنەوە(١٦٢). ٣٠،٠٠٠ەکەی تر هەر پێشمەرگە دەبن تەنیا لە بەرگی سوپای عێراقی دەبن. هەروەها لەژێر فەرمانی کێ دەبن و لەژێر ڕۆشناییی چ جۆرە مەرجێک بەغدا دەتوانێ داوای بڵاوکردنەوەیان بکات لە دەسوەری هەرێمی کوردستان، پرسیاری بی وەڵامن، بەڵام دەکرێ بڵێین

پرۆسـەکـە کـاتی دەوێ و مـتـمـانـەش وردە وردە لە ڕێی ئەو هـەنگاوە سـەرەتاییـیـانـەوە دروست دەبێت(١٦٣).

کەریم سنجـاری، وەزیری ناوخـۆی هەرێمی کوردسـتـان، ڕای گەیاند کە "چوار لیـوایەکە دەبنە بەشـێـک لە سـوپای عـێـراقی، بەڵام تەنیـا لە کـوردسـتـان بڵاو دەکـرێنەوە و لە هـێـڵی سـەوز ناپەڕنەوە"(١٦٤). کێشـەکە لێرەدایە هێزەکانی پێشـمـەرگە لەودیوی هێڵی سـەوزن، واتە لە ناوچە جێناکۆکەکان کە لەژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی هـەرێمن و بەپێچەوانەی ویستی بـەغدا، بە تایبەتی لە کـەرکووک. ئەم دۆخـە واقیـعـەی دوای ٢٠٠٣ ڕووبەڕووی ئـاسـتـەنگ دەبێتـەوە کـاتێک هێزەکـانی ئەمـەریکا دەکـشـێنەوە. بۆ کورد، هەبوونی هـێـزی کوردی لە شـوێنە زۆرینە کوردییـەکـان لە ناوچە جێناکۆکەکاندا پێویستییەکە بۆ بەردەوامبوونیان لەوێ. خـالید شوانی، ئەندام پەرلەمـانێکی کورد لە کەرکووک، گوتی:

پێشـمـەرگە دەبێ دانیشـتـووانە کوردەکە بپارێزن. سـەیری دۆخی سـەعدییـە و جـەلەولا بکە (دوو شـارۆکـەی تێکەڵاو لە ڕووی ئـەتنیـیـەوە کـە سـەر بە خـانـەقـین، لە پارێزگـەی دیالە)، لـەوێ هیچ پێـشـمـەرگـەی لێ نـیـیـە، کـورد بەردەوام لەژێر پاڵەپەسـتـۆدان و هـەڕەشـەدان. ئەوان لـەلایەن ئەو تیرۆریستانـەوە دەردەکرێن کە لـەلایەن سوپا و پۆلیسی عێراقییەوە پاڵپشتییان لێ دەکرێ. لەبەر ئەمـەیە کە ئێمـە لەو ناوچە کوردییانـەی کە بوونمان لێی هەیە نارۆین، بۆ نموونە کـەرکووک: لەوێ هیچ تاوانێک نییـە، تیرۆر نییە، ئەو ناوچانە جێگیرن. ئێمە ناتوانین چارەنووسی خۆمـان بخـەینە دەستی سوپایەک کە متمانەمان پێ نییە

سـەرانی عـەرەب و تورکمان بوونی هێزە تەناهییە کوردییەکانیـان لەو ناوچانە بە داگیرکردنێکی نایاسایی زەوی وەسـف کردووە ئەو واقیـعەی ئەمڕۆ بەهـۆی کۆنترۆڵی تەناهییەوە هاتووەتە ئاراوە بۆ کورد بۆی هەیە ببێتە واقیعێکی یاسـایی کاتێک ریفراندۆم ئەنجام دەدرێت بەپێی لێکدانەوەی کورد بۆ مادەی ١٤٠ی دەسـتووری عێراقی. عومـەر جبوری، ئەندام پەرلەمانێکی عـەرەبی کەرکووک گوتی: پێویسـتـە پێشـمـەرگە ناچار بکرێن بڕۆن و سـوپای عێـراقی جێیـان بگرنەوە کە نوێنەرانی هـەمـوو نـەتەوایەتـیـیـەکـان لە ریزەکـانـیـدا هـەن. سـەرۆکی هێـزە هاوبەشـەکـان کـوردە، هەروەها فـەرمانـدەی هێزی ئاسـمـانیش هـەر کوردە. لەو سێ لیـوایەی فیرقـەی ١٢ی سوپای عێراقی کە لە کـەرکـووک بڵاو کـراونەتەوە، فـەرمـانـدەی لیـوای ٤٩ کـوردە، فـەرمـانـدەی لیـوای ١٥ تورکـمـانە و فـەرمـانـدەی لیوای ٤٦ عەرەبە. جێگری فـەرمـانـدەی فیـرقەکەش هـەر کوردە، هـەروەها زۆر کورد لە ریزەکانیدا هەن، ئەوان نوێنەرایەتییەکی زۆر باشیان هەیە(١٦٦).

ئەرشـەد سـاڵحی، ئەندام پەرلەمانێکی تورکمانی کەرکووک گوتی ئەو لە دژی تێکەڵکردنی هێزی پاسـەوانیی کوردسـتـانە لەگەڵ سـوپای عـێـراقی لەبەرئـەوەی ئەوە فـێڵێکی کوردە بۆ پتـەوکردنی کۆنترۆڵی ناوچە جێناکۆکەکان. ئەو گوتی بە ڕەزامەندیی مـالیکی و هاوپەیمانە شیعەکانیـان ئەمە دەکەن، کە بەقسـەی ئەو، گرینگیپێدانێکی کەمیان هـەیە بۆ ئەوەی چی لەو ناوچانەدا ڕوو دەدات،

بەپێچەوانەی کوتلەی ساڵحی، لیستی ئەلعێراقییە، کە زۆر لە ئەندامەکانی لە ناوچە جێناکۆکەکاندا دەژین. ئەو هەروەها ئەوەشی خستە سەر کە:

کورد هەوڵ دەدەن باوەڕ بە ئەمەریکاییەکان بێنن کە پێشمەرگە بەشێکی تەواوکەری هێزەکانی بەرگریی عێراقی پێک دێنن. بەڵام ئێمە هەموومان دەزانین کە کورد لە بەغدا وەردەگرن و نادەنەوە. پێشمەرگە لە کەرکووک بڵاو کراونەتەوە، بەڵام سوپای عێراقی ناتوانێت بچێتە هەرێمی کوردستان. هەر کە ئەمەریکا لە خاڵی پشکنینە هاوبەشەکان دەکشێتەوە، پێشمەرگە ئەو ناوچانە دەخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان بەبیانووی ئەوەی ئەوان بەشێکن لە بەرگریی نیشتمانیی ئەو وڵاتە[١٦٧].

لە پێشهاتێکی نیگەرانکەر لە ٢٥ی شوباتی ٢٠١١دا، سەرکردایەتیی کورد نێزیکەی ١٠,٠٠٠ پێشمەرگە و زێرەڤانیی (پاسەوانی تایبەتی نیوچە سەربازی) زیاتری ناردە کەرکووک. ئەو هەنگاوە لە کاتێکدا هات کە شەپۆلێک ناڕەزایی کە لە ڕووداوەکانیی باکوری ئەفەریقا و کەنداو گەرم بووبوون، شار و شارۆکەکانی عێراقی ڕاماڵی لە نێویشیاندا کەرکووک و سلێمانی، شارێکی سەرەکی لە هەرێمی کوردستان. ئەوەی زۆرێکی شۆک کرد تەنیا ژمارە زۆرەکەی ئەو سەربازانە نەبوو کە نێردرانە کەرکووک، بگرە بڵاوکردنەوەیان بوو لە باشوور و ڕۆهەڵاتی ئەو شارە کە تا ئەو کاتە ناوچەی ڕێگەپێنەدراو بوون هێزە کوردییەکان[١٦٨]، کە لەوێ دەماری سەرەکییەکانیان، کە لە ناوچە عەرەبنشینەکانەوە بەرەو ناو شار دەڕۆن، بڕی. لە نێویاندا شارۆکەی حەویجە، کە ڕۆژێک پێشتر ناڕەزاییەکان سێ کوژراوی لێ کەوتبووەوە[١٦٩].

ئامانج لەمە، هەر وەک بەرپرسانی حکومەتی هەرێم ڕایان گەیاندن بریتی بوو لە ڕێگرتن لە چەکداران لە سووچ وەرگرتن لە ناڕەزایەتییەکان بۆ دزەکردنە ناو شار و توندوتیژی بنێنەوە لە کاتی خۆپیشاندانێکی گەورە کە لەلایەن سەرکردە عەرەبەکانەوە پلانی بۆ دانرابوو کە لە ١ی ئادار ئەنجام بدرێت[١٧٠].

لەو ڕووداوەدا، بەهۆی قەدەغەکردنی جموجۆڵ و بڵاوکردنەوەی هێز، خۆپیشاندانەکە ڕووی نەدا[١٧١]. وا پێ دەچوو کە بڵاوکردنەوەی هێزەکە بۆ سەرانی سیاسیی کەرکووک لەناکاو بوو و گوایە لەلایەن بەرپرسانی سیاسیی کوردیشەوە بۆ نموونە پارێزگار داوا نەکرابوون[١٧٢]. ئەمە گومانی ئەوەی دروست کرد کە حکومەتی هەرێمی کوردستان کەمتر خەمی کەرکووکی بوو لە بارودۆخی سلێمانی کە لەوێ خۆپێشاندانەکان لە چەند ڕۆژی پێشووتر، کە ژیانی حەوت کەسی تیا چوو[١٧٣]، ناڕەزاییان لە دژی گەندەڵیی حکومەتی هەرێم و خراپیی بەڕێوەبردن و باڵادەستیی پارتی لە سیاسەتی کوردیدا دەردەبڕی.

هەروەکو سیاسەتوانێکی کەرکووک گوتی: "ئەوان هاتنەکەرکووک بۆ ئەوەی کێشەی سلێمانییان چارەسەر بکەن."[١٧٤]. واتە ئەوان سەرنجی خەڵکیان لە کێشە ناوخۆییەکانەوە دەگواستەوە بۆ

زەقکردنەوەی کێشەی کەرکوک، کە لە شەقامی کوردیدا هاوسۆز هەیە[١٧٥]. مەحموود عوسمان پرسیاری لەبارەی شیمانەی هەبوونی پێوەندیی لە نێوان ڕووداوەکان و سلێمانیدا لێ کرا کە وا وەڵامی دایەوە "من ناڵێم هیچ پێوەندییان پێوە نییە. ناتوانم بڵێم هیچ پێوەندییەک نییە"[١٧٦]. وەک ئەوەی جەخت لەسەر ئەو خاڵە بکاتەوە، لە ڕێکەوتی ٧ی ئاداردا جەلال تاڵەبانی سەرۆکی عێراق و سەرکردەی یەکێتی، لێدوانێکی وورووژێنەری دووبارە کردەوە کە لە ڕابردوودا دەیگوتەوە بۆ جۆشدانی جەماوەری کورد، ئاماژەی بە کەرکوک کرد وەکو "قودسی کوردستان"[١٧٧].

فیرقەی ١٢ی سوپای عێراقی جوولەی نەکرد، ئەویش یان ئەوەتا ئەو فیرقەیە هەبوونی پێشمەرگەی قبووڵ کرد (واتە لە بارەگای k-1یش کە لە قەراغی شاری کەرکوک بوو) یان ئەوەتا فەرمانی پێ کرابوو کە لەگەڵ پێشمەرگەدا بە گژ یەکدا نەچن[١٧٨]. بەرپرسێکی کورد وای دانا کە مالیکی ئەو فەرمانەی دەرکردبێ دوای ئەوەی ئەو ڕێککەوتنێکی لەگەڵ حکوومەتی هەرێم و هێزەکانی ئەمەریکادا ئەنجام دا[١٧٩]. هێزەانی ئەمەریکا ڕەتیان کردەوە بەشدار بووبن لە ڕێککەوتنێکی لەو شێوەیە[١٨٠]، لە کاتێکدا نووسینگەی مالیکی دوای چەند ڕۆژێک ڕای گەیاند کە "ئەو سەربازانە بێ مۆڵەتی حکوومەتی ناوەندی نێردراون بۆ ئەوێ بۆیە سەرەک وەزیران داوای لێ کردوون دەستبەجێ بکشێنەوە"[١٨١].

ئەگەر بهاتایە و فیرقەی ١٢ بجووڵایە، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پێشمەرگە شیمانەیەکی زۆر بەهێز بوو. ئەمە بەلایەنی کەمەوە ئەوە دەگەیەنی کە مالیکی ئەوە لە هێزە کوردییەکان قبووڵ دەکات کە ڕێگە لە خۆپێشادان بگرن کە ڕەنگە ئەو خۆپیشاندانانە شەرمەزارکەر بن، تەنیا بۆ سەرکرایەتیی کوردی کەرکووک بگرە بۆ خودی مالیکیش. مالیکی پێشتر هێزی تەناهیی زۆری ناردبوو بۆ ڕێگرتن لە نارەزایەتییەکان و ڕەنگە داخیلبوونی کوردی بە قازانجی خۆی بینیبێ[١٨٢] کە بەهۆیەوە ئەو هەلی ئەوەی دەبێت لە کاتێکی گونجاوتر ڕووبەڕووی هەڵوێستی دری ئەوان ببێتەوە. هێزەکانیی پێشمەرگە و زێرەڤانی دوای ڕێکەوتی دیاریکراوی خۆپێشاندانەکانیش هەر مانەوە و حکوومەتی هەرێمیش ڕای گەیاند کە ناکشێنەوە تا هەڕەشە لەسەر جێگیریی کەرکوک بوونی هەبێ[١٨٣]. ئەم سووربوونە بێکۆتایە بۆ کۆنترۆڵکردنی کەرکوک ترسی عەرەب و تورکمانی زیاد کرد کە ئامانجی ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ کەرکوک بۆ ئەوە ناوچە زۆرینە کوردییەکان بخاتەوە سەر هەرێمی کوردستان و ئەو پێشهاتەش کە هۆکارەکەی هەر چییەک بێت ئەو ناردنەی هێزی کوردی وای پێشان دا کە هێزی کوردی لە دەوروبەری کەرکوک بڵاو دەکرێنەوە لە کاتێکدا هێزەکانی ئەمەریکا لە کۆتاییی ساڵ دەکشێنەوە. هەروەها نیگەرانیی ئەوەش هەبوو کە حکوومەتی زۆرینە شیعەی مالیکی لەگەڵ ئەو سوپایەی عێراق کە لەژێر کۆنترۆڵیەتی، شیاوی متمانەپێکردن نییە بۆ پاراستنی غەیرە کوردەکان لە پلانی پارتە کوردییەکان لە پارێزگەکەدا[١٨٤].

ڕووداوەکان، کە هێشتا بەردەوام بوون، وەکو وەبیرهێنەرەوەیەک بوون کە پارتە کوردییەکان دەتوانن پێشهاتە ناوەخۆییەکانی کوردستان بەکار بێنن بۆ جۆشدانی هەستی نەتەوایەتی لەبارەی

ناوچە جێناکۆکەکان و ئەنجامدانی مانۆری سەربازیی تاکلایەنانە کە بەرەنجامی ترسناکیان دەبێت. لەم حاڵەتەدا، میکانیزمی تەناهیی هاوبەش شکستی هێنا لە ڕێگرتن لە ناردنی هێزی پێشمەرگە، وێڕای ئەمەش، بەرپرسێکی حکوومەتی هەرێم گوتی کە ڕێککەوتنی حکوومەتی هەرێم لەگەڵ سوپای عێراقی و هێزەکانی ئەمەرکیا لە کەرکووک ڕێگەی بە ناردنی پێشمەرگە داوە بۆ باشوور و ڕۆئاوای شاری کەرکووک(١٨٥).

بێگومان، بوونی ڕێککەوتننامەی سێلایەنەی تەناهی لە ناوچە جێناکۆکەکان ڕەنگە هانی حکوومەتی هەرێمی دابێت بۆ ئەوەی سنوورەکانی خۆی تاقی بکاتەوە بەو بڕوایەی کردارەکەی تەنگژەی عەسکەری دروست ناکات لەبەرئەوەی حکوومەتی هەرێم دەتوانێ دەستبەجێ لە ڕێگەی کەناڵەکانیەوە ئەوە ڕوون بکاتەوە کە ئەو هەنگاوە ئامانجی سوپای عێراقی نەبووە بگرە مەبەست لێ پاراستنی شاری کەرکووک بووە لە دزەکردنی چەکداران کە ئەمەش ئامانجی هاوبەشی سوپای پێشمەرگەشە. ئەگەر حکوومەتی هەرێم بەڕاستی باوەڕی وا بووبێ، کەواتە ئەمە بەشێکی ڕاست دەرچوو. ناردنی هێز ململانێی چەکداری دروست نەکرد، بەڵام ڕەنگە هیچ نیازێکی باشی حکوومەتی هەرێمیشی پێشان نەدابێ. بەڵام بەرپرسانی ئەمەریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەیان ڕوون کردەوە کە هەنگاوەکەی کورد پێشێلکاریی ڕێککەوتنی تەناهیی سێقۆڵییەکەی کرد.

وێڕای ئەمە، کرداری یەکلایەنەی حکوومەتی هەرێم بۆی هەیە کە بەشێوەیەکی زۆر بە چاو هەوڵەکانی داهاتوو بۆ گەشتن بە چارەسەرێک لە ڕێگەی دانوستانەوە لەبارەی چارەنووسی کەرکووک ئاڵۆز بکات، بەتایبەتی ئەگەر حکوومەتی هەرێم ڕەتی بکاتەوە واز لە هەڵوێستە نوێیەکانی بێنێت لە غیابی میکانیزمی تەناهیی هاوبەشدا لە دوای ساڵیی ٢٠١١.

پاڵنەری مالیکی بۆ قبووڵکردنی هێزەکانی پێشمەرگە هەر چییەک بووبێت، ئەو بۆی هەیە دووبارە پشتیان تێ بکاتەوە لە کەرکووک کاتێک ئەو شوێنپێی خۆی لە بەغدا بەهێز دەکات و سوپای عێراقیش هێز و تینی خۆی بەدەست دێنێتەوە. لە کۆتاییدا، هەنگاوی سەربازیی کورد ڕەنگدانەوە گەمەیەکی بێ ئەنجامی ئەقڵییەتی ڕەگەزییە کە زەرەر بە هەردوو لا دەگەیەنێ لەم ململانێیە.

بارودۆخ لە نەینەوا جیاوازە لەوەی کەرکووک. بەپێچەوانەی هاوکارە عەرەبەکانی کەرکووک، پارێزگاری نەینەوا ئەسیل نوجێفی و هاوپەیمانیی پارتە سیاسییە عەرەبەکانی ئەوێ داکۆکی لە بوونی سوپای عێراقی ناکەن لە نەینەوا. ئەوان هێزە زۆرینە شیعەکان کە لە بەغداوە دەنێردرێن، و کە پارێزگاریش هیچ دەسەڵاتی بەسەریانەوە نییە بەپێی یاسای دەسەڵاتەکانی پارێزگاکان کە لە ساڵی ٢٠٠٨دا ئیمزا کرا، بە سوپایەکی دوژمنکارانە بۆ بەرژەوەندییەکانی سوننە لە مووسڵ و نەینەوا دادەنێن، ئەو پارێزگەیەی هەر لە ڕێکەوتی سەربەخۆیی عێراق لە ١٩٣٢ تا ڕووخانی سەدام لە ٢٠٠٣ بەرهەمهێنەری گەورەترین پاڵپشتی بووە بۆ هێزە چەکدارەکانی عێراق(١٨٦). لە ئەنجامدا، لە کاتی دانوستانەکانی نەینەوا لە ساڵی ٢٠١٠ (بڕوانە سەرەوە) نوجەیفی لەگەڵ

سەرانی کورد ڕێک کەوت کە هێزی تەناهی لە هەموو نەتەوایەتییەکان پێک بێن بۆ ئەوەی ڕۆڵی پارێزگار بەسەر ڕۆڵی بەغدا زیاد بکات لە پرسگەلی پێوەند بە تەناهییەوە لە هەمان کاتیشدا سوپاش هەر بمێنێت فەرماندەییتیشی هەر لەژێر دەسەڵاتی بەغدا بێت.

بۆ کورد، بوونی سوپا لە نەینەوا کەمتر هەڕەشەیە، تا بەغدا و مووسڵ لە ململانەدا بن و بەلایانەوە لە پۆلیس باشترە کە پارێزگار دەسەڵاتی تەواوی بەسەریانەوە هەیە[١٨٧]. ئەنجوومەنی وەزیران هەر زوو دواتر ڕەزامەندیی دا و فەرمانی بە وەزارەتی بەرگری کرد ٦٫٠٠٠ سەرباز بۆ یەکەکانی سوپا بۆ نەینەوا لە خەڵکی ئەو پارێزگەیە دامەزرێنن[١٨٨]. وەکو هەنگاوی یەکەم، دانوستانکاری کورد و عەرەب بەشێوەیەکی نافەرمی ڕازی بوون کە هێزەکانی پاسەوانی هەرێم لە ناوچە جێناکۆکەکان بگۆڕن بە سوپای عێراقی کە لە سەرەتادا تەنیا لە کورد پێک هاتبێت و دواتر وردە وردە دامەزراوی تر لە نەتەوایەتییەکانی تریش بچنە ڕیزی ئەو هێزانەی سوپاوە. بەڵام لێرەوە شتەکان وەستان لە کاتێکدا هەموو لایەنەکان چاوەڕوانی بەرەنجامی پێکهاتنی حکوومەتیان دەکرد.

ئەگەر ئەم پرسە بڕیار بێت کە بەرەو پێش بڕوا لە حاڵەتی دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان، ئەوا بۆ کورد ڕادەیەک دەسەڵات و کۆنترۆڵ زۆر گرینگە بۆ ئەوەی دڵنیابنەوە لەوەی ئەو هێزە زۆرینەی کوردە - کە دوا جار دەبێتە هێزێکی تێکەڵی سوپای عێراقی لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی بەغدا لە ناوچە جێناکۆکەکان وەدەر نانرێن، ئەویش بۆ ئەوەی خەڵکەکە دڵنیا بکەنەوە لەوەی کە چاوترسێن ناکرێن و هێرشیان ناکرێتە سەر و دەرناکرێن لەلایەن هێزێکی دوژمنکارانە.

هەندێ بەرپرس پێشنیازی ئەوەیان کردووە کە بۆ یەکخستنەوەی پێشمەرگە لەگەڵ سوپای عێراقی لە ناوچە جێناکۆکەکان پێویستە سیستەمێکی فرەپێوەندی دروست بکرێت: ئەفسەرانی حکوومەتی هەرێم لە سەنتەری عەمەلیاتی نیشتمانی بن لە بەغدا لە بەرامبەریشدا ئەفسەرانی سوپای عێراقی (غەیرە کورد) لە هەولێر جێگیر بکرێن[١٨٩]. هەندێ تر پێشنیاری ئەوەیان کردووە کە سەرباری ئەوە لە هەر لایەک بەرپرسێکی باڵا لەلاکەی تر لە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم و حکوومەتی عێراق دامەزرێنرێت بۆ ئەوەی پێشوەختە لە هەر جۆرە ناکۆکییەک کە شیمانەی سەرهەڵدانی هەیە ئاگەداری بدەن[١٩٠]. ئەمە درێژە بە پێکهێنەرێکی سەرەکیی میکانیزمی تەناهیی هاوبەش دەدات کە بریتییە لە پێوەندیی دەستبەجێ و ئاستبەرز لە نێوان هەردوو لا کە ئامانج لێی ڕێگرتنە لە تەشەنەکردنی ڕووداو لە ناوچە جێناکۆکەکاندا بەهۆشی بەهەڵە لێکدانەوە و بەهەڵە تێگەیشتن. ئەمەریکاش بەردەوام دەبێ لە مەشق پێکردنی هێزی هاوبەشی سوپا – پێشمەرگە لە ناوچە جێناکۆکەکان بۆ ئەوەی متمانەی زیاتر لە نێوانیان دروست ببێت.

٢– ئاسایشی کوردی و پۆلیسی عێراقی

ڕەهەندەکەی تری هاوکێشەی تەناهی بریتییە لە پۆلیس. لێرەدا کێشە سەر هەڵدەدەن

لەبەرئەوەی هاوشانەکەی پۆلیسی عێراقی لە کەرکووک پۆلیسی کوردستان نییە، بگرە ئاسایشە. عێراق لەوەتەی ٢٠٠٣ەوە هیچ هاوشانێکی بۆ ئاسایش لە کەرکووک – هەروەها زێرەڤانی کە هێزێکی شێوە جەندرمەیە لە خاڵە پشکنینەکانی مووسڵ نەبووە.

لە کەرکووک پرسیارەکە ئەوەی کە چی لە ئاسایش بکرێ. زۆر کەس لەوێ، لەناویشیاندا هەندێ غەیرە کورد، دەستخۆشی لە ئاسایش دەکەن بۆ هێنانی تەناهی و سەقامگیری بۆ شەقامەکانی ئەو شارە، بەڵام غەیرە کوردەکان بە تایبەتی دەڵێن کە ئاسایش ڕۆڵی خۆی بە خراپی گێڕاوە بەوەی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی سەرکردایەتیی کوردی لە کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکانی تر زیاتر کردووە (بڕوانە سرەوە).

سەرکردە کوردەکان گوایە پێشنیازی ئەوەیان کردووە کە هێزەکانی ئاسایش بخرێنەوە سەر پۆلیسی عێراقی لەو شارە، بە یەکەی پاڵپشتیی فریاکەوتنیشەوە، بەڵام ڕەنگە ئەوان ئەو پێشنیازەیان لەوە سەرچاوەی گرتبێت کە هێزەکانی سەحوە خرانەوە سەر هێزە تەناهییەکانی ئەو ناوچانە یان ڕەنگە هەر بۆ ڕێگرتن لە یەکخستنەوەی هێزەکانی سەحوە بێت لەگەڵ هێزە تەناهییەکان(١٩١). بەلای کوردەوە، ئەم پێشهاتە کە وەزارەتی ناوخۆی عێراق فەرمانی بۆ دەرکردووە بەڵام هێشتا ماوە جێبەجێ بکرێ، دەبێتە هۆی دزەکردنێکی نەویستراو و بێ زەمانەتی عەرەب بۆ ناو هێزێک کە بۆ یەکەم جار لە ماوەی دەیان ساڵدا بە تەنیا کورد سەرکردایەتیی کردووە و وردە وردەش ئەفسەری کوردی زیاتریان خستووەتە سەر. هەروەها ئەمە، لە دیدی کوردەوە، ئەندامانی عەرەب دێنێتە ناو ئەو هێزانەوە کە ڕابردووی گوماناوییان هەیە و پێوەندییان لەگەڵ گرووپە چەکدارەکانە هەیە(١٩٢). بە هێنانە پێشەوەی شیمانەی ئەوەی ئاسایش بخرێتە سەر پۆلیس، ئەوان ڕەنگە هیوای ئەوە بخوازن کە وەزارەتی ناوخۆ قایل بکەن بۆ گۆڕینی پلانەکانی: ئەگەر فەرمانەکە جێبەجێ بکرێ، هاتنە ناوەوەی ئاسایش بۆ ناو پۆلیس هاوسەنگیی نەتەوەییی هێزی پۆلیس لە بەرژەوەندی کورد دەگێڕێتەوە(١٩٣).

کورد هەروەها ئەوەشیان لێوە زانراوە کە بەلایەنی کەمەوە پێشنیازی ئەوەیان کردبێت کە ئاسایش بخەنەوە سەر هێزێکی تەواو نوێ و پێ بگوترێ "ئەمن" کە شانبەشانی پۆلیس کار بکات هەروەکو چۆن ئاسایش ئێستە شانبەشانی پۆلیس کار دەکات لە کەرکووک. بەڕێوەبەری کەرکووکی ئاسایشی یەکێتی ڕای گەیاند کە یەکەمین حکوومەتی مالیکی "تاوتوێی دروستکردنی هێزێکی پۆلیسی تەناهیی نوێی کرد لێرە، بەڵام هێزێکی زیاتر تێکەڵاو بێت. ئێمە هاوسەنگییەکی نەتەوەییمان دەوێت، لەبەرئەوەی ئێستە ئێمە ژمارەیەکی زۆر کەم عەرب و تورکمانمان هەیە. ئەمە دەستپێشخەریی ئێمەیە، هەروەها ئێمە لاریمان لەوە نییە کە بخرێینە ژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی فیدراڵی. لەبەرئەوەی کەرکووک ئێستە لەژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی فیدراڵییە"(١٩٤).

لە کاتێکدا ئەم لێدوانە دڵخۆشکەرە، ڕەنگە کێشەیەک سەر هەڵبدات لەسەر ئەوەی کە کام عەرب و تورکمان لەلایەن کوردەکانەوە قبووڵ دەکرێن بۆ ئەوەی بچنە ڕیزی هێزێکی تێکەڵاو، جا ئەمن

بێت یان پۆلیس. پارتە کوردییەکان بەوە ناسراون کە بڕە پارەی زۆریان سەرف کردووە لە هێنانی سیاسەتوانی عەرەب و تورکمان بۆ ڕیزی خۆیان، یان بۆ ئەوەی هانیان بدەن کە دەنگیان پێ بدەن لە کاتی هەڵبژاردنەکان، هەروەها بەوە ناسراون کە ئەوان دڵخوازی و هێڵی سووری دیار و ڕوونی خۆیان هەیە، بەتایبەتی لە بواری تەناهی[١٩٥]. بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووکی پارتی گوتی کە ئەو دەرک بەوە دەکات کە ڕەنگە کێشەیەک بچێتە پێشەوە: لە کەرکووک، هێزێکی پۆلیسی یەکگرتوو زۆر گرینگە، ئێمە لە ئێستە هەندێ عەرەب و توکمان و مەسیحیمان هەیە کە کار بۆ ئێمە دەکەن. بەڵام عەرەبی کەرکووک عەرەبەکان ئێمە بە عەرەب دانانێن. لە کەرکووک دوو جۆر عەرەب هەیە: ئەوانەی ناوەوەی شار، کەمینەیەک کە ئێمە پێوەندیی باشمان لەگەڵیان هەبووە بە درێژاییی مێژوو، لەگەڵ ئەوانەی دەرەوەی شار کە زۆرینەی عەرەبەکانی کەرکووکن لەگەڵ تازە هاتووەکان کە دەستیان بەسەر موڵکی کورد و تورکماندا گرتووە کە هەزاران هێکتار زەوییە[١٩٦].

لەوەتەی ٢٠٠٣ەوە، پارتە کوردییەکان لە کەرکووک لەگەڵ ئەو عەرەب و تورکمانانەدا کاریان کردووە کە خۆیان متمانەیان پێیان هەبووە بەهۆی پێوەندییەکی قووڵی لەمێژینەیان، یان بە پارە ڕایان کێشاونەتە ڕیزی خۆیان. ئەگەر ئەمە بەردەوام بێت، ڕەنگە ئەوان هێزێکی تەناهیی یەکگرتوو (ئەمن یان پۆلیس) قبووڵ بکەن لە کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکانی تر مادام بەرپرسی ئەو هێزە بن و بتوانن کۆنترۆڵی پێکهاتەکەی بکەن.

بەگوێرەی سیاسەتوانی کورد، بەغدا ئەو بیرۆکەیەی ڕەت کردووەتەوە کە هێزێکی نوێ دروست بکات لە کەرکووک[١٩٧]. ئەگەر ئەم بژارەیە لەسەر مێزی دانوستان نەمێنێ، بەدیلەکەی ئەوەیە کە ئاسایش بخرێتەوە سەر پۆلیس. بەڵام لەبەرئەوەی سەرکردەکانی عەرەب و تورکمان گلەییی ئەوە دەکەن کە پۆلیس هەر خۆی لە ئێستەدا بەتەواوی لەژێر کۆنترۆڵی کورددایە[١٩٨]، مشتومکڕی ئەوە دەکەن کە پۆلیس پێویستە زیاتر تێکەڵاویی نەتەوایەتیی پێوە دیار بێت و بخرێتە ژێر کۆنترۆڵی وەزارەتی ناوەخۆی عێراقی و هاوسەنگیی نەتەوایەتییەکەی بە سوپای عێراقی یەکسان بکرێتەوە کە ئەوان متمانەی زیاتریان پێ هەیە.

عەبدوڵڵا سامی، ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگەی کەرکووک گوتی:

من هیچ کێشەم لەگەڵ ئەوەدا نییە کە ئاسایش بخرێتە ژێر کۆنترۆڵی پۆلیس و وەزارەتی ناوەخۆ، ئێمە هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ تاکەکانی هێزی ئاسایش نییە کە دانیشتوانی کەرکووک نین. کێشەکە ئەوەیە کە ئاسایش لەسەر فەرمانی پارتە کوردییەکان کار دەکەن نەک یاساکانی ئەم وڵاتە یان پارێزگەیە. ئاسایش هەردەم بەدوای عەرب و تورکمانەکانەوەن نەک کورد. ئەگەر تەناهی لە کەرکووک باشتر بووە لەبەرئەوەیە کە هێزەکانی سەحوە دەستیان بە کارکردن کردووە لە ناوچە ناجێگیرەکان (ناوچە عەرەبییەکان). پۆلیس کەموکوڕییان نییە، بەڵام ئێمە هاوسەنگیی زیاترمان لە ڕیزی ئەفسەرانی ئەو هێزەدا دەوێ، ئێمە پێویستیمان بە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیسی هەیە

کە بە یەک چاو سەیری هەمووان بکات[١٩٩]. ئەگەر هەر شێوە یەکخستنەوەیەکی ئاسایش لەگەڵ هێزە تەناهییەکانی کەرکووک لە ئارادا بێت ئەوا دەبێت ڕێککەوتنێک هەبێت لە نێوان نیگەرانییەکانی کورد لەبارەی سەلامەتیی دانیشتووانە کوردەکانی پارێزگەی کەرکووک و بۆچوونی عەرب و تورکمان کە ئاسایش میلیشیای حزبە سیاسییەکانن و ئامانجیان پێشخستنی ئەجێندای سیاسیی کوردە. هەروەکو مەسەلەی پێشمەرگە، پێویستە یەکەم جار ئاسایش بخرێتە ژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی حکوومەتی هەرێم نەک فەرمانی پارتی و یەکێتی.

یەکخستنەوەی ئاسایش پێ دەچێ تەنانەت سەختتریش بێت. لە کاتێکدا حکوومەتی هەرێم لە نیسانی ٢٠٠٩دا وەزارەتەکانی ناوەخۆی پارتی و یەکێتیی یەکخستەوە، کە بووە هۆی یەکگرتنەوەی پۆلیس لە هەرێمی کوردستان، ئاسایش هێشتا هەر فەرمان لە پارتەکانیان وەردەگرن. ئێستە گفتوگۆ لە ئارادان بۆ یەکخستنەوەی ئاسایش بە پاڵپشتیی ئەمەریکا - ئەگەر بە پاڵپەستۆی ڕاستەوخۆ نەبێت[٢٠٠]. هەروەها لەساڵی ٢٠١٠، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەستی کرد بە تاووتوێکردنی یاسایەک بۆ ئەوەی ئاسایش بخرێتە ژێر دەسەڵاتی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێم[٢٠١]. هەروەکو هەوڵەکانی ڕابردوو بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی پارتی و یەکێتی لە یەک تاکە حکوومەتی هەرێمدا، هەولێر و دهۆک وا دیارە کە بەرپرسی ئاسایشیان پارتی بن و جێگرەکەیان یەکێتی، بە هەمان شێوەش لە کەرکووک و سلێمانی بەرپرسی ئاسایش یەکێتی و جێگرەکەی پارتی، ئەمە لە ئاستی پارێزگەوە جێبەجێ دەکرێ تا دەگاتە قەزا و ناحیەکانیش. بەڵام ڕەنگە ئاسایشی کەرکووک لە هەمووان پەرۆشتر بێت بۆ پێشوەچوون: "ئەمە پرۆسەیەکی زۆر هێواشە، لەبەرئەوەی ئێمە ئایدیۆلۆجیا و شێواز و هەموو شتێکمان جیاوازە. ئەمە زۆر سەخت دەبێت، بەڵام ئێمە پێویستیمان بەمەیە، بەتایبەتی لە کەرکووک، بۆ؟ لەبەرئەوەی عەرب و توکمانەکان ناکۆکییەکانمان دەقۆزنەوە"[٢٠٢].

لە نەینەوا، لیژن تەناهییەکە کە سەرپەرشتیی میکانیزمی تەناهییە هاوبەشەکانی دەکرد دەستپێشخەریی بۆ گفتوگۆکردن کرد لەبارەی یەکخستنەوەی هێزە تەناهییەکان هەر لە چوارچێوەی دانوستانەکان لەبارەی ڕێککەوتننامەیەک بۆ بەشکردنی دەسەڵات (بڕوانە سەرەوە). لە ساڵی ٢٠١٠، لیژنەیەکی تەناهیی هاوبەش دیراسەی شیمانەی ڕێکخستنی بڵاوکردنەوەی هێزی پۆلیسی دەکرد لەو ناوچە جێناکۆکەکان لە کاتێکدا لیژنەیەکی کەمینەکان دیراسەی پێداویستییەکانی گرووپە ئەتنی و مەزهەبییەکانی دەکرد لەو ناوچانەی ئەو پاریزگەیە کە نە زۆرینە عەرەب و نە زۆرینە کوردن . سەرانی کەمینەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە پێویستە یەکەی تەناهیی تێکەڵ لە ڕووی نەتەوەیی و مەزهەبییەوە هەبێت لەو ناوچانەی لە ڕووی ئەتنی و مەزهەبییەوە تێکەڵن[٢٠٤]، لە کاتێکدا پۆلیسی عەرەب لە ناوچە زۆرینە عەرەبییەکاندا خزمەت بکەن و پۆلیسی کوردی لە ناوچە زۆرینە کوردییەکاندا[٢٠٥]. لە مانگی ئایاری ٢٠١٠، دانوستانەکان گەیشتنە ڕێککەوتنی بەرایی لەبارەی پلانێکی لەو جۆرە. بەڵام هەر زوو، ئەنجوومەنی وەزیران ڕەزامەندیی

دایە وەزراەتی ناوەخۆ بۆ ئەوەی ٨٠٠٠ ئەندامی نوێ لە نەینەوا دامەزرێنێت بۆ بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیس (لەوانەش ١٠٠٠ ئەفسەر بوون)، بەڵام ڕەخنگرانی مالیکی دەڵێن کە جێگری وەزیری ناوەخۆ، کە هاوپەیمانی مالیکییە، جێبەجێکردنکەی وەستاند[٢٠٦]. بەڵام دواتر مالیکی فەرمانی دەرکرد بۆ ئەوەی دامەزراندنەکە بەردەوام بێت وەکو بەشێک لە ڕێککەوتنی حکوومەتە هاوپەیمانییەکەی ٢٠١٠ی مانگی تشرینی دووەم و بەم شێوەیە دامەزراندان دەستی پێ کرد.

لەو کاتەدا، حکوومەتی هەرێم ناڕەزاییی دەربڕی و وتی کە هەردوو ڕێک نەکەوتوون لەسەر میکانیزمی چۆنیەتی دیاریکردنی ژمارەی هەر نەتەوایەتییەک لە هێزە پۆلیسە نوێیەکەدا دادەمەزرێن بەهۆی نەبوونی سەرژمێرییەک کە هەموو لا لەسەری کۆک بن و زانیاریی لەبارەی نەتەوایەتی و ئاینی هەر کۆمەڵێکەوە بە تەواوی تێدا بێت. وێڕای ئەمە، حکوومەتی هەرێم گازاندەی ئەوەشی دەکرد کە بۆ دامەزرانەکە دەبووایە ئەندامە نوێیەکان سەردانی مووسڵ بکەن ئەمە کە بە گوتەی حکوومەتی هەرێم شوێنێکی سەلامەت نییە بۆ نموونە بۆ یەزیدییەکان کە سەردانی بکەن لەبەرئەوەی لە ڕابردوودا هێرش کراوەتە سەر گرووپە کەمینە ناموسڵمانەکانەوە[٢٠٧]. "پۆلیسی نەینەوا ئێستە ٨٠٠٠ ناوی لایە" وەزیری ناوەخۆی حکوومەتی هەرێم وای گوت "کەچی پارێزگاری نەینەوا بێ ئێمە ئەو کارەی کرد، بۆیە ئێمەش قبووڵی ناکەین."[٢٠٨]. سەرکردە کوردەکان هەروەها هێشتا ئەوە قبووڵ ناکەن کە ئاسایش بخرێتەوە سەر پۆلیسی نیشتمانی هەرچەندە ئەگەر ئەمە لەلایەن بەرپرسەکانیشیانەوە لە ناوچە جێناکۆکەکاندا گفتوگۆی لەسەر بکرێ. بەبڕوای ئەو سەرکردانە، چارەسەری کێشەی تەناهیی ناوچە جێناکۆکەکان تەنیا دوای ڕێککەوتنێکی سیاسی دەبێت لە نێوان هەولێر و بەغدا. هێشتا ماوە مالیکی ئەوە پێشان بدات کە چۆن دەیەوێ لەو پرسەدا پێشەوە بچێت. ڕەنگە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا هەموو لایەک ناچار بکات کە بگەنە بڕیارێک.

٣- درێژکردنەوەی ڕۆڵی ئەمەریکا؟

ئەگەر هیچ ڕێککەوتنێک نەیەتە ئاراوە بۆ درێژکردنەوەی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، یان ئەگەر حکوومەتەکەی مالیکی داواکارییەک بۆ ئەو پرسە درێژ نەکاتەوە، ڕەنگە هێزەکانی ئەمەریکا لە ئایاری ٢٠١١ەوە دەست بە کشانەوە بکەن لە ناوچە جێناکۆکەکان و لەگەڵ هاتنی مانگی تشرینی یەکەم تەواو بن کە لەو ساتەشدا بنکە سەربازییەکانیان دەدەنە دەست سوپای عێراقی. ئەوەی لە کەرکوک و مووسڵ دەمێنێتەوە ئەوانەن کە پێیان دەگوترێ لقە کونوسوڵگە کە نووسنگەی دیبلۆماتیی کاتین لەو ناوچانەی کە شیمانەی درێژەکێشانی ناجێگیرییان هەیە بۆ ئەوەی خەلکی ئەو ناوچانە دڵنیا بکەنەوە کە ئەمەریکا هەر پابەندە بە پاڵپشتیکردن لە هەوڵەکانی دروستکردنی ئاشتی و سەقامگیری[٢٠٩]. دەشێ لادانی پێکهاتەی ئەمەریکایی لە خاڵە پشکنینە هاوبەشەکان لە ناوچەی هێڵی بەریەک کەوتندا ببێتە شۆکێک ئەگەر هیچ میکانیزمێکی درێژەپێدان لە شوێنی ئەودا دانەنرێت. سیاسەتوانانی کەرکووک لە هەموو چین و توێژە سیاسی و

نەتەوایەتییەکان پێ دەچێ لەوە بترسن کە جێهێشتنی هێزەکانی ئەمەریکا پێش ئەوەی گفتوگۆکان ڕێکەوتنێکی درێژخایەن و خۆڕاگر بەرهەم بێنن(٢١٠)، هەروەها ترسیش خۆی دەکرێ بەدحاڵیبوون و وەڵامی خراپی لێ بکەوێتەوە بۆ ڕووداوگەلێکی تەناهی کە ڕەنگە ڕوودانیان حەتمی بووبێت.

ئەمەریکا لە بارودۆخێکی دژواردایە: یان ئەوەتا دەبێت هێزێکی ئەوەندە زۆری هەبێت لە شێوەی یەکەی شەڕوانی و بە زرێپۆشەوە بۆ ئەوەی ئەوپەڕی پاراستنی خۆی دابین بکات، لەبەرئەوەی دەبێ چاوەڕوانی هێرشی چەکداری بکات هەروەکو بەرپرسێکی ئەمەریکایی گوتی "ئەوان بە هەموو شتێک کە دەستیان بکەوێت لە ئێمە دەدەن"(٢١١)، یان ئەوەتا دەبێت ئەوەندە کەم بمێننەوە کە هەر دیار نەبن بۆ ئەوەی نەبنە ئامانج. لەم بژارانەدا، بژارەی دووەم لە ڕاستیدا دەبێتە هۆی نەمانی ڕەهەندە سایکۆلۆجییە گرینگەکەی میکانیزمی تەناهیی هاوبەش. ئەگەر ئەمەریکا نەتوانی هێزێکی زۆر لە ناوچە جێناکۆکەکاندا بهێڵێتەوە ئەوا تەنیا دەتوانی لە لیوارەکاندا ڕۆڵ ببینێت.

هەندێ کەس پێشنیازی بژارەی پاشەکشەیان کردووە کە بەهۆیەوە دەستەیەکی مەشق پێکردنی ئەمەریکایی لەژێر چاودێریی نووسینگەی هاوکاریی تەناهیی باڵوێزخانەی ئەمەریکا، کە ئەندامەکانی ئەو دەستەیەکی پارێزبەندی دیبلۆماسییان دەبێت بەپێی ڕێککەوتننامەی ڤیەنا. ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان عێراق ئەو دەستەیدا وەکو هێز پێویست نییە. ئەو دەستەیە کاریان بریتی دەبێت لە مەشق پێکردنی هێزە تەناهییە عێراقی و کوردییەکان هەروەکو چۆن ئەو مەشقە پێشکێشی هێزە سەبازییەکان دەکات لە وڵاتانی تردا. ئەمە گەرەنتیی ئەوە بوونێکی بەرجەستەی هێزە ئەمەریکاییەکان بە درێژاییی هێڵی بەریەککەوتن دەکات، بەڵام پێشوەختە ئەو جۆرە ڕۆڵە شەڕوانییەش دیاری دەکات کە لەژێر ڕێکەوتننامەکەی ئێستەدا ڕێگەی پێ دراوە تەنانەت ئەگەر دەسەڵاتیشی پێ نەدات(٢١٢).

لە چەن گفتوگۆیەکدا لەگەڵ بەرپرسانی ئەمەریکایی لە عێراق و واشنتۆن، وا پێ دەچێت کە ئیدارەی ئەمەریکا هیوای ئەوە دەخوازێ کە حکوومەتەکەی مالیکی داوای درێژکردنەوەی مانەوەی سەربازانی ئەمەریکا بکات کە بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە دانوستانی لەبارەوە بکرێ یان، ئەگەر سەرکەوتوو نەبوو، کشانەوەکە هزرە عێراقییەکان چڕ بکاتەوە بۆ ئەوەی ڕێککەوتننامەیەکی ئینتیقالی بەرهەم بێنن لەبارەی چارەنووسی ناوچە جێناکۆکەکان پێش کۆتاییی ساڵی ٢٠١١ پێ ناچێت پلانێکی یەدەگ لە ئارادا بێت ئەگەر هیچ لەو دووانە ڕوویان نەدا.

## بەرەنجام

بە ڕەچاوکردنی ئەو هەموو نیگەرانییە لەبارەی چۆنیەتیی پەرەسەندنی دۆخی تەناهیی لە ناوچە جێناکۆکەکاندا لە چەند ساڵی داهاتوودا، ئێستە بەرەوپێشچوون لە دانوستانەکان لەبارەی چارەنووسی ناوچە جێناکۆکەکانەوە لە هەر کاتێکی تر زیاتر بووەتە شتێکی ئیلزامی. لە کاتێکدا هیچ کام لە بەغدا و هەولێر پێ ناچێت ئارەزووی ئەوەیان هەبێت بچنە ناو ململانێی

چەکدارییەوە[٢١٣] - هەروەها هەردوو لا پێ دەچێ نیازی ئەوەیان هەبێت کە لە حاڵی حازر گرینگیی بەو نیازپاکییە هاوبەشە بدەن کە لە کاتی پێکهێنانی حکوومەتی هاوپەیمانیدا هاتە ئاراوە - بەڵام ململانێی ناوچە جێناکۆکەکان ئەوەندە بنچینەییە لە پێوەندییەکان نێوان بەغدا و هەولێردا کە هەر تاکە ڕووداوێک بۆی هەیە بارگرژییەکی ترسناکی لێ بکەوێتەوە. ناردنی ئاسایشی کوردی لە تشرینی دووەمی ٢٠١٠دا بۆ کەرکووک و ناردنی پێشمەرگە، زێرەڤانی بۆ کەرکووک لە شوباتی ٢٠١١دا دوو ڕووداوی لەو شێوەیەن. تا ئێستە توندوتیژی دوور خراوەتەوە، بەشێوەیەکی گشتی بەهۆی ڕێککەوتننامەی تەناهیی بەغدا – هەولێر – ئەمەریکا، بەڵام ئەو هەنگاوانە تووڕەیی ناوەخۆییی کەرکووکی ورووژاند و بارگرژیی نایەوە لەسەر پیلانە درێژخایەنەکانی کورد کە دەشێ هێشتا ببنە هۆی وەڵامدانەوەی توندوتیژ و دانوستانەکان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک ئاڵۆز بکەن، بەتایبەتی ئەگەر هێزە سەربازییە کوردییەکان نەکشێنەوە هەرێمی کوردستان.

لەگەڵ ئەوەشدا وێڕای ئاگەداربوون لە مەترسییەکان، هیچ کام لای پێ ناچێت پەرۆش بێت بۆ چوونە ناو دانوستانی جیدییەوە لەبارەی چارەنووسی ئەو ناوچانەوە، لە جیاتی ئەوە هەردوو لا پێ دەچێ بەوە ئاسوودە بن کە کێشەکان بەو جۆرە لێ تێگەیشتنەی ئێستە لە ئارادا هەیە ئاسوودە بن، یان بەوەندە ئیکتیفا بکەن کە کێشەکان بەڕێوە ببەن لە جیاتی ئەوەی ڕێیان لێ بگرن.

لە ڕوانگەی بەغداوە، کات لە بەرژەوەندیی ئەوە. بە کشانەوەی هێزە ئەمەریکاییەکان لە عێراق دوا جار پارێزەری کورد لە وڵات نامێنێت، یان بە لایەنی کەمەوە، بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەرییەکەی کەم دەکاتەوە. بە تێپەڕبوونی کات، هێزە تەناهییە عێراقییەکان چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کە توانای کارکردنیان بە مەشق و چەک و ئامێری ئەمەریکایی زیاتر بکەن (وەکو هەلیکۆپتەر و ڕەنگە باڵفڕی ئێف ١٦ش). لە کاتی گفتوگۆکردن لەگەڵ چەندان سیاسەتوان و بەرپرساندا ئەوە دەردەخەن کە ڕقێک بەرامبەر کورد تەشەنەی کردووە کە دەڵێن کورد پێی لە بەڕەی خۆی زیاتر درێژ کردووە و لەوەتەی "زیاتریان وەرگرتووە لەوەی کە شایانین" لەوانەش پۆستی باڵا لە حکوومەتی فیدراڵ، دەسەڵاتێکی بێسنوور لە کەرکووک و کۆنترۆڵێکی سەپاو لە بەشێکی زۆری ناوچە جێناکۆکەکاندا. تەنانەت ئەوانەش کە هاوسۆزی لەگەڵ چەوسانەوەی مێژوویی کورد دەردەبڕن و دەڵێن پاڵپشتی لە بەدەوڵەتبوونی کورد دەکەن - هەروەکو زۆربەی سیاسەتوانەکانی وا دەڵێن - بەڵام لە مەسەلەکەی کەرکووکدا دادەبڕین و بە هێڵی سووری دادەنێ[٢١٤]. لەبارەی ئەو کێشەوە، بەغدا باش دەزانێ کە لەلایەن تورکیا و سووریا و ئێرانی دراوسێوە پاڵپشتی لێ دەکرێت کە دەستخستنە سەر کەرکووک لەلایەن کوردی عێراقەوە، بەو سامانە نەوت و گازییە زۆرەیەوە، بە بەردەبازی کورد دادەنێن بەرەو سەربەخۆیی، ئەو سیناریۆیەش هیچ کەسێک ئامادە نییە بەرەو ڕووی بێتەوە لەبەر ئەوەی هەر یەک لەو وڵاتانە کوردیان هەیە کە لەمێژە داواکاریی جێبەجێنەکراوی خۆیان هەیە.

لە ڕوانگەی کوردەوە، ڕەنگە کات لە قازانجی ئەوان نەبێ، بەڵام هەر ڕێککەوتنێکی تڕش کە ئەوان بەشێوەیەکی واقیعییانە چاوەڕێ بن بەدەستی بێنن پێش ئەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بکشێنەوە کێماسیی لەو ڕووەوە تێدەکەوێت کە کەرکووک و ناوچە زۆرینە کوردییەکان بخاتەوە سەر هەرێمی کوردستان. ئیدارەی ئۆباما زۆر بە ڕوونی پێشانی داوە کە پاڵپشتی لە پلانەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات بۆ ئەوەی لە ڕێگەی دانوستانەوە ڕێککەوتنێک بێتە ئاراوە کە ئەمەش تەنیا چارەسەرێکی مامناوەندیی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام هەڵوێستی کورد لەبارەی شوێنی سنووری هەرێمەکەیان هیچ مرۆونەتێکی پێوە دیار نییە[٢١٥]. بۆیە ڕەنگە کورد ئەوەیان پێ باشتر بێت کە دانوستان نەکەن، بەڵکو لێ بگەڕێن کێشەکە هەروەها بە هەڵپەسارداوی بمێنێتەوە، یان ئەوەتا ڕێککەوتنێکی کاتی قبووڵ بکەن کە دەرگە بە کراوەیی دەهێڵێتەوە بۆ ئەوەی کێشەکە لە بەرژەوەندیی خۆیان بە کۆتا بێنن، هەروەکو چۆن ئێستە بەردەوامن لە درێژکردنەوەی کۆنترۆڵی سیاسی و ئیداری و تەناهیی خۆیان بۆ ناوچە زۆرینە کوردییەکانی ناوچە جێناکۆکەکان و شاری کەرکووک، لە کاتێکدا بەغدا خەریکی هەوڵی سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیەتی بەسەر تەواوی وڵاتدا.

بەپاڵپشتیی ئەمەریکا، یونامی دەستی کردووە بە دیراسەکردنی وەڵامدانەوەی هەردوو لا بۆ ئەو هێزە ئاست بەرزەی ساڵی ٢٠٠٩ کە چالاکییەکانی لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی ئاداری ٢٠١٠دا وەستا[٢١٦]. ئەو هێزە پێویستە هانی دروستکردن و پتەوکردنی متمانە بدات لە نێوان لایەنەکان لە ناوچە جێناکۆکەکاندا و کار بکات بۆ چارەسەرکردنی چارەنووسیان لەناوخۆی عێراقدا. ئەم هەوڵە پێویست دەکات سنوودار نەکرێت بۆ تەنیا سەرکردەکان لە بەغدا و هەولێر، بەڵکو، پێویستە سەرکردە ناوەخۆییەکانیش لە ناوچە جێناکۆکەکانیش لە خۆ بگرێت لەبەر ٥٤٤ئەوەی جێبەجێکردنێکی سەرکەوتووانەی هەر ڕێککەوتنێک تا ڕادەیەکی زۆر بەندە بەوانەوە. بەلەبەرچاوگرتنی توانا و چاوەڕوانییەکانی هەردوو لا، ئەم هەوڵە ڕەنگە ئەنجامی خێرای لێ نەکەوێتەوە. هەروەکو چۆن گرووپی تەنگژە پێشتریش جەختی لەوە کردووەتەوە، کێشەی ناوچەیی بەشێکە لە ململانێیەکی گەورەتر لەسەر دەسەڵات (کە ئەو دەسەڵاتە چۆن بەش بکرێت لە نێوان بەغدا و هەولێر) و سەرچاوەی سامان، بەتایبەتی نەوت و گاز. لە کۆتاییدا، تەنیا چارەسەری گونجاو ڕەنگە چارەسەرێکی مامناوەندی بێت کە تێیدا کورد بەشێوەیەکی بەرچاو دەستیان بەسەر بەڕێوەبردنی سەرچاوە نەوتییەکانی خۆیاندا بڕوات لە بەرامبەر پێشاندانی مرۆونە لە مەسەلەی کەرکووک.

لە کاتێکدا بەجێگەیاندنی ڕێککەوتنی گەورە و سەرکەوتوو زۆر سەختە، تاوتێکردنی ئەم تەونە ئاڵۆزەی کێشە بەیەکتر بەستراوانە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی شیمانەی سەرکەوتنی نێزیکەی سفرە. ئەوەی هەر وەکو ستراتیجییەک پێویستە بۆ ئەوەی بەشە زەرورییەکانی ڕێککەوتنێک ڕیز دەکات و هەنگاوەکانی دروستکردنی متمانە لە نێوان لایەنەکان دیاری دەکات بەشێوەیەکی وا کە متمانە دێنێتە کایەوە بە خستنە ڕووی سوود و قازانی بەرجەستە بۆ هەموو لایەک لە چوارچێوەی

پلانێکی گشتگیری دیاریکراو و قبووڵکراو. گرووپی تەنگژە مشتومڕی ئەوەی کردووە(٢١٧) کە بۆ ڕێککەوتنەکە پێویستە:

* کەرکووک بارێکی تایبەتی هەبێت وەکو پارێزگەیەکی سەربەخۆ، نە لەژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی بەغدا نە هەولێر بێت. ئەمەش بۆ ماوەیەکی کاتی دەبێت و میکانیزمی یەکلاییکردنەوەی چارنووسی کەرکوک لەخۆ دەگرێت.

* لە پارێزگەکانی تر بێجگە لە کەرکوک، ئەو ناوچانەی زۆرینەیەکی بەرچاویان کوردە بخرێنەوە سەر کوردستان. بەشەکانی تر هەر لەژێر کۆنترۆڵی بەغدا بمێننەوە وەکو خۆیان، هەروەها ڕێوشوێنی تەناهی و هاوبەشیی دەسەڵات دیاری بکرێت بۆ ئەوەی هەموو کەمینەکان پارێزراو بن.

* ڕێککەوتنێکی لەو جۆرە لەسەر ناوچەکان بخرێتە بەردەم ریفراندۆمی خەڵک لە ناوچە جێناکۆکەکان هەر وەکو لە مادەی ١٤٠ی دەستووردا ئاماژەی پێ کراوە.

* هەرێمی کوردستان سنووری بۆ دیاری بکرێت و گرەنتیی تەناهیی پێ بدرێت بۆ پاراستنی ئەو سنوورە ناوەخۆییانەی کە لە تەواوی عێراقی جیا دەکاتەوە.

* داهاتی نەوت و گاز لە نێوان هەولێر و بەغدا بەش دەکرێت بە پشتبەستن بە ڕێژەیەکی سەتی بۆ هەرێمی کوردستان کە لەسەری ڕێک کەوتوون دوای ئەوە سەرژمێریی سەرتاسەری ئەنجام دەدرێ.

* دیاریکردنی ستاندارده نیشتمانییەکان بۆ گرێبەستە نەوتی و گازییەکان بەوانەی هەرێمی کوردستانیشەوە هەر لەلایەن بەغداوە دابنرێت، بەڵام مافی تایبەتی بە کوردستان بدرێت بۆ بەڕێوەبردنی نەوت و گازی خۆی و گرێبەست پێدان. هەرێمی کوردستان مافی ئەوەی هەبێت کە نەوت و گازی خۆی بەناو بۆرییە نیشتمانییەکاندا هەناردە بکاتە دەرەوە. مادەی ١١٥ی دەستووری عێراق و مادە هاوشێوەکان کە دەسەڵاتەکانی هەرێمە فیدراڵییەکان دیاری دەکات هەموار بکرێن بۆ ئەوەی تەنیا ئاماژە بە هەرێمی کوردستان بکەن. هێزە ئاستەبەرزەکە لە کاتێکدا کە ئەم پێکهێنەرانەی ڕێککەوتنێک تاوتوێ دەکات، پێویستە لە هەمان کاتدا ڕێوشوێنی پتەوکردنی متمانە لە ناوچە جێناکۆکەکاندا دابنێت وێڕای هەنگاوگەلێک بۆ ڕێگرتن لە تەشەنەکردنی گرژییەکان کە دەبنە هۆی بنکۆڵکردنی دانوستانەکان. ئەم هەنگاوانەش ئەمانە دەگرێتەوە:

– پابەندبوونێکی روون لەلاین هەر یەک لە بەغدا و هەولێرەوە کە هێزە تەناهییەکانیان لە ناوچە دیاریکراوەکانی خۆیاندا دەمێننەوە لەژێر چاودێریی تیمێکی چاودێریکردنی هاوبەشەوە دەبێت.

– دانای بەرپرسێکی باڵا لە هەر لایەک لە ئەنجوومەنی وەزیرانی لاکەی تر لە کابینەی عێراق و ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی پێشوەختە یەکتر لە کێشە

نوێیەکان ئاگەدار بکەنەوە بە مەبەستی زوو چارەسەرکردنیان.

– دانانی بەرپرسێکی باڵای سەربازی لە هەر لایەک لە ناوەندی عەمەلیاتی ئەوی تر، بۆ نموونە لە سەنتەری عەمەلیاتی نیشتمانیی بەغدا و هاوشانەکەی لە هەولێر بۆ هەمان مەبەست.

– تەواوکردنی یەکخستنەوەی دەزگا تەناهی و هەواڵگرییەکانی پارتە کوردییەکان و بخرێنە ژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

– هەوڵدان بۆ خستنە سەری هێزی پێشمەرگە و پۆلیس (لەناویشیاندا هێزی زێرەڤانی) بۆ سەر وەزارەتی بەرگری و ناوەخۆی عێراق بۆ ئەوەی بخرێنەوە سەر هەیکەلی نیشتمانیی هێزە تەناهییەکان.

– پابەندبوونێکی ڕوون لەلایەن هەر یەک لە بەغدا و هەولێر بۆ ئەوەی بەرەو سەروەریی پۆلیس لە پاراستنی تەناهی لە ناوچە جێناکۆکەکاندا بڕۆن، هەروەها کێشانەوەی هەموو هێزە سەربازی و ناوچە سەربازییەکان بۆ گۆڕینی ئەو ناوچانە بۆ ناوەندێکی داماڵراو لە سەربازی.

– دروستکردنی هێزی پۆلیس بەشێوەیەکی هەنگاو بە هەنگاو بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دادوەرانە نوێنەرایەتیی هەموو گرووپە ئیتنی و ئاینییەکان بکەن.

– ڕێکخستنی هاوبەشیی دەسەڵات لە ناوچە جێناکۆکەکان بەشێوەیەکی کە نوێنەرانی سیاسیی گرووپە ئەتنییە گەورەکان بەشێوەیەکی دادوەرانە نوێنرایەتیان هەبێت.

– هاندانی گەشەی ئابووری و تەرخانکردنی بڕێکی بەرچاو لە سەرچاوە ئابوورییەکان بۆ ئەو ناوچانە لەوانەش ئەوەی کە پێی دەگوترێ پترۆدۆلار (پارەی زیادە کە بۆ هەر پارێزگەیەک تەرخان دەکرێت کە نەوت و گاز بەرهەم دێنن یان دەپاڵێون).

– یونامی هاریکار بێت لە دروستکردن و چاودێریکردنی ئەو میکانیزمانە.

– ئەمەریکا پاڵپشت بێت بۆ هەوڵە تەناهییە هاوبەشەکانی بەغدا و هەولێر، هەروەها مەرجدارکردنی کۆمەکیکردنیان.

ئەگەرچی ئەو ڕێگەیەی لە پێشە سەختە، بەڵام بەدیلەکەی ئەگەری زۆری هەیە کە لێکترازانێکی توندوتیژ بێت لە ناوچە جێناکۆکەکان دوای ئەوە هێزەکانی ئەمەریکا دەکشێنەوە. سەرقاڵییەکان هەرچییەک بن کە بۆ بەغدا و هەولێر، داخوازیی بەردەوامی خەڵک بۆ خزمەتگوزاری و هەلی کار و کۆتاییهاتنی گەندەڵییە، بۆ واشنتۆنیش پشێوی لە جیهانی عەرەبی و مژۆڵیی هێزە سەربازییەکانی لە ئەفغانستان و شوێنەکانی تر هەردوو لا و ناوبژیوانە دەرەکییەکان پێویستە هەموو هەوڵێکیان بخەنە گەڕ بۆ ڕێگرتن لە سیناریۆیەکی لەو شێوەیە و لە بری ئەودا بناغەی ئاشتییەکی درێژخایەن دابنێن.

هەولێر/بەغدا/برۆکسل، ٢٨ ئاداری ٢٠١١

پەراوێزەکان:

٩٣- نیشانەی دڵخۆشکەری تر هەبوون. وەکو بەشێک لە گفتوگۆکانی نەینەوا، دانوستانکارە کوردەکان گوایە ئەوەیان پێشان دابوو ئەوان هێڵی سەوز وەکو سنووری فەرمیی نێوان هەرێمی کوردستان و تەواوی ناوچەکانی تری عێراق قبووڵ دەکەن، کە چارەسەرێکی چاوەڕوانکراوە بۆناوچە جێناکۆکەکان. ئەمە هەڵوێستی ساڵی ٢٠٠٩ی کوردی پێچەوانە کردەوە، کاتێک ئەوان نکووڵییان لە شەرعییەتی هێڵی سەوز دەکرد (کە لە دەستوور وەکو نوێنەری سنووری هەرێمی کوردستان ئاماژەی پێ کراوە) بەهۆی نائومێدییان لە نائامادەییی حکوومەتی عێراقی بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ بڕوانە ڕاپۆرتی گرووپی تەنگژە، کێشە بەدرێژایی هێڵی تەماس، لاپەڕە ١٠-١٢. سەرانی کورد هەروەها ڕازی بوون هێزەکانی ئاسایشیش لە ساڵی ٢٠١٠دا خاڵێکی پشکنینی هاوبەش لە نەینەوا بکێشنەوە. دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتی، مەسروور بارزانی، سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی و ئاسایشی حکوومەتی هەرێم، سەلاحەدین، ٢١ سێپتێمبەر٢٠١٠.

٩٤- بڕوانە ڕاپۆرتی گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتی، کیشە بەدرێژایی هێڵی تەماس، بەتایبەتی لاپەڕە ١٣-١٤.

٩٥- ئەو ڕووداوانە لە دوو ڕاپۆرتی تەنگژەی ناودەوڵەتیدا ئاماژەیان پێ کراوە، لە هەمان ڕاپۆرت و ڕاپۆرتێکی تر بەناونیشانی، بەرەی شەڕی نوێی عێراق، ویڕای ئەمەش، لە ڕووداوێکی نێزیک لە کوشندە لە شوباتی ٢٠١٠دا، پارێزگاری نەینەوا ئەسیل نوجێفی پێشنیازی ئەوەی کرد بچێتە شارۆکەی تەلکێف لە ناوچە جێناکۆکان بەڵام دەسەڵاتدارەکان گوتیان کە ڕێی پێ نادەن. لەم کاتەدا هێزەکانی ئەمەریکا هاتنە ناوەوە بۆ مسۆگەرکردنی ئازادیی جموجۆڵ و پاراستنیان پێشکێش کرد. کە نوجێفی هەوڵی دەدا بچێتە ناو تەلکێف، کێشەیەک ڕووی دا کە تێیداخەریک بوو نوجێفی بکوژرێ، ئەمەریکا باڵەفڕێکی شەڕوانیی ئێف ١٦ی نارد بۆ ئەوەی بەسەر سەریانەوە بسووڕێتەوە وەکو ئاگەدارکردنەوەیەک بۆ هەردوو لا بۆ ئەوەی لێک بکشێنەوە. هێزەکانی ئەمەریکا ٨ کوردیان گرت، لە تۆڵەشدا هێزە تەناهییە کوردییەکان چەند عەرەبێکیان گرت. بەرپرسە ئەمەریکاییەکان ناچار بوون دەسەڵاتدارانی کوردی لە هەولێر یایل بکەن کە بۆ ەوەی بارمتە عەرەبەکان بە گیراوە کوردەکان ئاڵوگۆڕ بکەن کە لەلایەن ئەمەریاکاییەکانەوە گیرابوون. دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتی، بەرپرسێکی ئەمەریکایی، واشنتۆن، تشرینی یەکەمی ٢٠١٠.

٩٦- زێرەڤانی هێزێکی ناوچە سەربازیی جەندرمەئاسایە کە لەلایەن پارتییەوە دروست کراوە بەڵام لەژێر دەسەڵاتی حکوومەت کار دەکەن. ئاسایشیش بە ئینتیمای حیزبییەوە بانگ دەکرێن لە کوردستان: هێزەکانی ئاسایشی یەکێتی برێتین لە هێزە تەناهییەکانی یەکێتی، هەروەها هێزەکانی ئاسایشی پارتی برێتین لە هێزە تەناهییەکانی پارتی. ناوی تەواوی پاراستن برێتییە لە ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و سەر بە پارتییە. ناوی دەزگاکەی یەکێتیش برێتییە لە دەزگای زانیاری (ئاژانسی هەواڵگری) و هی یەکێتییە.

٩٧- نیویۆرک تاییمز، ٢٧ کانوونی دووەم ٢٠١٠

٩٨- زۆر لە عێراقییەکان هەروا نیگەرانی دەردەبڕن کە هەر بۆشاییەک بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا

دروست ببێت ئەوا لەلایەن وڵاتانی هاوسێوە دەقۆزریچتەوە بەتایبەتی ئێران. لەوەتەی ۲۰۰۳ەوە، هەموووڵاتە هاوسێکانی عێراق دەستیان وەرداوەتە ناو کاروباری ناوخۆیی عێراق، بەڵام وا دیارە دەست تێوەردانەکەشیان بە هاوسەنگی لەگەڵ یەکتر بووەو و هیچ دەوڵەتێک ناتوانێ ویستی خۆی بسەپێنێ. ڕەنگە مەسەلەی هەڕەشەیەکی ئێرانی بەشێک بێت لە ستراتیجیەتێک کە بە چەندا رەچاوکردنی ناپێوەند بە ئێرانەوە ڕادەگەیەنرێن، بۆ ئەوەی ئەمەریکا قایل بێت هەموو هێزەکانی نەکێشێتەوە لە ساڵی ,۲۰۱۱

۹۹– دیمانەی گرووپی تەنگژە نێودەوڵەتی، بەغدا، کەرکووک، هەولێر، کانوونی دووەم ۲۰۱۱.

۱۰۰– هەمان شت بۆ دیالەش تەواوە، کە لەم ڕاپۆرتە باسی لێوە نەکراوە.

۱۰۱– لە شوێنەکانی تری پارێزگەی کەرکووک کە زۆرینەی ناکوردین، لە باکوری ڕۆئاواوە تا باشووری شارەکە، سوپا پاسەوانیی ناوچە ناشارییەکان و کێڵگە نەوتییەکان دەکات.

۱۰۲– ڕاپۆرتی گرووپی تەنگژەی نێودەوڵەتی، کێشە بەدرێژایی هێڵی تەماس، لاپەڕە ۱۳–۱٤.

۱۰۳– دیمانەی گرووپی تەنگژە، شەفسەری سەربازیی ئەمەریکایی، کەرکووک، ۱۹ کانوونی یەکەمی ۲۰۰۹.

۱۰٤– فەرماندەی لیوای ۱۰ی هێزی پاسەوانیی کوردستان گوتی ئەرکی ئەو ئەرکێکی سەربازییە و تاکە ئامانجی هێزەکەی ئەو برێتی بوو لە "ڕاونانی تیرۆریستەکان". دیمانەی تەنگژەی نێودەوڵەتی، عەمید شێرکۆ فەتاح نامیق، قەرەهەنجیر، ۲ تشرینی یەکەم ۲۰۰۹.

۱۰٥– ئەفسەرێکی سەربازیی ئەمەریکا نیگەرانیی پیشان دا کە "فیرقەی ۱۲ی سوپای عێراقی دەیەوێ بێتە ناو شار و ئاسایش بپارێزێت. ئەگەر وا بکەن، پێشمەرگەش بەهەمان شێوە ئەوە دەکەن، ئەمەش شیمانەی هەیە تەشەنە بکات" دیمانە ی رووپی تەنگژەی نێودەوڵەتی، کەرکووک، ۱۹ کانوونی یەکەم ۲۰۰۹.

۱۰٦– هەریەک لە فەرماندەی پۆلیسی کەرکووک، عەمید جەمال تاهیر و جێگرەکەی عەمید تۆرهان یوسف عبدولرەحمان کە تورکمانە، گوایە ئامادەباشییان پێشان دا تەقە لە سەربازانی فیرقەی ۱۲ بکەن ئەگەر هەوڵ بدەن بێن نا شاری کەرکووک. دیمانەی گرووپی تەنگژەی نیودەوڵەتی، ئەفسەری سەربازیی ئەمەریکایی، کەرکووک، ۱۹ کانوونی یەکەم ۲۰۰۹ جەبار یاوەر، جێگری وەزیر بۆ کاروباری پێشمەرگە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هۆشداریی دا کە: "تەنیا لە یەک ناوچەدا، ئەگەر تەنیا یەک تاکە فیشەک بتەقێنرێت بۆی هەیە شەڕێکی لێ بکەوێتەوە" ئەمە لە ڕۆژنامەی لۆس ئەنجلۆسدا هاتووە، ۲٦ نیسان ۲۰۰۹.

۱۰۷– دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە شارەکانی عێراق لە حوزەیرانی ۲۰۰۹دا، جەنەراڵ ئۆدێرنۆ پێشنیازی کرد سەربازی ئەمەریکایی بخاتە ناو پێکهاتەی دەورییە هاوبەشەکانەوە کە لە سوپای عێراقی و پێشمەرگە پێک هاتنبوون لە ناوچە جێناکۆکەکان. ئەوگوتی "ئەوان (عەرەب و کورد) هەموو هەست بە ئارامییەکی زیاتر دەکەن کە ئێمە لێرە (باکور) بین... هەبوونمان لێرە بەژمارەیەکی زۆر نابێت ئەگەر بمێنینەوە. تەنیا ئەوەندە دەبێت متمانە دروست بکەین ئەو کاتە بە هێواسشی بکشێینەوە..." بڕوانە ڕۆژنامەی لۆس ئەنجیلۆس تایمز، ۱۸ ئاب ۲۰۰۹. لەلایەکی ترەوە ئۆدێرنۆ ڕای

گەیاند کە "قاعیدە ئەو ناکۆکییانەی کە لە نێوان عەرەب و کوردەکان دەیانبینی لەنەینەوا و هەرێم، دەقۆزێتەوە. ئەوەی ئێمە هەوڵ دەدەن بیکەین نەهێشتنی ئەو ناکۆکییانەیە... ئەوان هەر کە ڕاهاتنە لەسەر ئەوەی لەگەڵ یەکتر کار بکەن، ئەمە زۆر ئاسان دەبێت" ئەمە لە نیویۆرک تایمز وەرگیراوە، ١٨ ئاب ٢٠٠٩.

١٠٨– لە ٢ی ئابی ٢٠٩، مالیکی لە دۆکان لەگەڵ بارزانی کۆ بووەوە، لە نێزیک سلێمانی، ئەمەش دوای ماوەیەکی زۆر لە چەقبەستوویی، ئەمە لە راپۆرتی گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتی بە ناونیشانی کێشە بەدرێژایی هێڵی تەماسدا باسی لێوە کراوە، لاپەڕە ١–٣ مالیکی دواتر داوای یارمەتیی لە ئۆدێرنۆ کرد بۆ چارەکردنی پرسی تەناهی لە نەینەوا کە لەوێ ئەلقیاعیدە ئەوەی ئەمەریکاییەکان بە "بۆشایی تەناهییان وەسف دەکرد دەقۆستەوە بۆ ئەنجامدانی تەقینەوە. دیمانەی گرووپی تەنگە، بەرپرسانی ئەمەریکایی، کەرکووک، ٢ تشرینی یەکەم ٢٠١٠ نێزیکەی مانگیک پیش ئەمە، ڕووداوەکان لە ناوچەی حەویجەی زۆرینە عەرەب لە کەرکووک باردۆخە تەناهییە جێگیرەکەیان هەژاند. فەرماندەی فیرقەی ١٢ی سوپای عێراقی رائید عەبدولئەمیر رەزا ئەلزەیدی گوایە داوای لە بەرپرسەکانی کردووە لە بەغدا کە بالادەستیی تەناهیی بۆ سەر پۆلیسی کەرکووکەوە بدەن بە سوپا بێ ڕاوێژکردنیش لەگەڵ هەر یەک لە هێزە تەناهییە کوردییەکان کە هەڵمەتی هەڵکوتانی هاوبەشیان لەگەڵ هێزە ئەمەریکاییەکان ئەنجام دەدا لە دژی چەکداران ئەگەرچی دانیشتوانی ناوچەکان پێیان ناخۆش بوو، یان ڕاوێژکارە ئەمەریکاییەکان. کورد ئەمەیان بە بەشێک لە "تاکتیکێکی سەلامی" (واتە خستنەوەی دووبەرەکی بۆ دەستبەسەرداگرتن) لە قەڵەم دا بۆ ڕەخساندنی پێشینەیەک بۆ دەستوەردانە ناو کەرکووک. بەڵام لە ڕوانگەی زۆر لە عەرەبەکانەوە، ئەمە کردارێکی شەرعی بوو لەلایەن سوپاوە بۆ ئەوەی تەناهی دابین بکات بۆ ناوچەیەکی نائارام کە بە هۆی چەکداران و پەرچەکردارەکانی هێزە کوردی و ئەمەریکاییەکانەوە تووشی ناخۆشی بووبوون. ئەمە بووە هۆی لێدانی زەنگ لە بارەگەکانی هێزە ئەمەریکاییەکان لە کەرکووک. بە یارمەتیدانی هەموو لایەک، ئەمەریکاییەکان هەوڵیان دەدا ڕێ لە هەنگاوە ورووژێنەرەکان بگرن، لەوانەش ناردنی تاکی T-72 لەلایەن بەغداوە. دوابەدوای گفتوگۆی هەموو لایەنەکان لەبارەگەی ئەمەریکاییەکان، ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی "ناوچەی تەناهیی هاوبەش" و ئەنجامدانی پاسەوانیی سێلایەنە لە حەویجە بەبەشداریی فیرقەی یەکەمی زرێپۆشی ئەمەریکاییەکان و فیرقەی ١٢ی سوپای عێراقی و پۆلیس. بەغدا بەمە ڕازی بوو لەبەرئەوەی بەمە رۆڵی فیرقەی ١٢ فرەوان بوو، کورد قبولییان کرد لەبەرئەوەی ئەمەریکاییەکان دڵنیایان کردنەوە کە ئەوان ڕێگە لە فیرقەی ١٢ دەگرن لەوەی کۆنترۆڵی تەواوی ناوچەکە بگرێتە دەست. دیمانەی گرووپی تەنگژە، ئەفسەری سەبازیی کەرکووک، ١٩ کانوونی یەکەم ٢٠٠٩.

١٠٩– دیمانەی گرووپ تەنگژە، جەنەرال رای ئۆدێرنۆ، فەرماندەی ئەمەریکایی، بەغدا، ٢٥ ئەیلوول ٢٠١٠.

١١٠– دیمانەی گرووپی تەنگژە، جەنەرال رای ئۆدێرنۆ، فەرماندەی ئەمەریکایی، بەغدا، ٢٥ ئەیلول ٢٠١٠.

١١١– دیمانەی گرووپ تەنگژە، پسپۆڕکی سەربازیی ڕۆئاوایی، ئەیلۆل ٢٠١٠.

١١٢– سیاسەتوانە تورکمانەکان مشتومڕی ئەوەیان دەکرد کە بڵاوکردنەوەی هێزی پاسەوانی هەرێم لە ناوچە جێناکۆکەکان پێشێلی دەستوور دەکات کە مادەی ١٢١ (٥) دەسەڵاتی ئەو هێزانە لە ناوەوەی

هەرێمی کوردستان دادەنێت، لە کاتێکدا مادەی ١١٠ (٢) دەسەڵاتی حەسری دەداتە حکوومەتی بەغدا لە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی هێزی چەکدار. لەبەر ڕۆشنایی ئەمە، ئەوان ئەوەیان قبووڵ بوو کە هێزەکانی پاسەوانی هەرێم لەناوچە جێناکۆکەکان بخرێنە سەر سوپای عێراقی و بکەونە ژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی حکوومەتی فیدراڵ. دیمانەی گرووپی تەنگژە تەحسین کایە، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگەی کەرکووک (یەکێتیی ئیسلامیی تورکمانی)، لەگەڵ حەسەن تۆران، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگەی کەرکووک (پارتی دادی تورکمانی)، کەرکووک، ١ تشرینی یەکەم ٢٠٠٩.

١١٣- دیمانەی گرووپ تەنگژە، جەمال شان، سەرۆکی پارتی نیشتمانیی تورکمانی عیراقی، کەرکووک، ١١ ئایار ٢٠١١ بڕوانە ڕاپۆرتی نەوتی عێراق، ٢ شوبات ٢٠١٠ لە مانگی ئەیلولی ٢٠٠٩، سەرکردەیەکی سیاسیی شەبەک بە گرووپی تەنگژەی گوت کە "پێشنیازی ئەمەریکاییەکان بۆ مانەویان لەو ناوچانە یارمەتیمان دەدات، بەڵام لە هەمان کاتدا، ئەمە جۆرە شەرعیەتێکیش بە کورد دەدات بۆ ئەوەی لەو ناوچانەدا بونیان هەبێت. ئەمە بەڕاستی کێشەیەکی دووسەرەیە" دیمانەی گرووپ تەنگژە، حونەین قادو، سکرتێری گشتی، گردبوونەوەی دیموکراتیی شەبەک، بەغدا، ١٣ ئەیلول ٢٠٠٩.

١١٤- دیمانەی گرووپی تەنگژە، ئەفسەری پۆلیس، کەرکووک، ١٢ ئایار ٢٠١٠.

١١٥- جێگری پۆلیسی کەرکووک کە تورکمانە گوتی "سەرەتا، جۆرە بەدحاڵیبوونێ: هەبوو لە نێوان هەندێ لە سیاسەتوانەکان، بەتایبەتی عەرەب و تورکمانەکان، لەبارەی سرووشتی خاڵی پشکنین و دەورییە هاوبەشەکان واتە لەبارەی چەندێتیی دەسەڵاتی کورد. بەڵام دوای گفتوگۆکان شتەکان ڕوون بوونەوە و ئێستەش هەوڵە هاوبەشەکان بوونەتە مەسەلەیەکی ئاسایی کە هیچ کێشەیەک نانێتەوە" دیمانەی گرووپی تەنگژە، عەمید تۆرهان یوسف عەبدولرەحمان، ١١ ئایار ٢٠١٠.

١١٦- ئەم کۆبوونەوانە لە بنکەی ئەمەریکاییەکان لە کەرکووک ئەنجام دەدرێن. بە مانایەکی تر، ئاسانکاریی ئەمەرکاییەکان هەر گرینگە. دیمانەی گرووپی تەنگژە، کەرکووک، ١٨ ئەیلول ٢٠١٠.

١١٧- دیمانەی گرووپی تەنگژە، عەمید سەرحەد قادر کەرکووک، ١٩ کانوونی یەکەم ٢٠٠٩، لەگەڵ عەمید شێرکۆ فەتاح نامق، قەرەهەنجیر، ١٩ کانوونی یەکەم٢٠٠٩، لەگەڵ عەمید عەبدولئەمیر ڕەزا ئەلزەیدی، کەرکووک، ٢٠ کانوونی یەکەم ٢٠٠٩، لەگەڵ کەریم سنجاری، وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان، هەولێر، ٩ نیسان ٢٠١٠ هەروەها بڕوانە ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست، ٨ شوباتی ٢٠١١.

١١٨- دیمانەی گرووپی تەنگژە، ئەفسەری پۆلیس، کەرکووک، ١٢ی ئایار ٢٠١٠.

١١٩- دیمانەی گرووپی تەنگژە، ئەفسەری پۆلیس، کەرکووک، ٧ نیسان ٢٠١٠، دیمانەی گرووپی تەنگژە، ئەرشەد سالحی، کە لەسەر لیستی عێراقییە بۆ پەرلەمانی عێراقی هەڵبژێردراوە، کەرکووک، ٢٣ ئایار ٢٠١٠ لە کەرکووک، هاوسەنگیی ئەتنی زۆر گرینگە، بۆیە گریمانەیەک باو ئەوەیە کە ئەگەری سوپا بێتە ناو شار دەبێت ئەو هاتنە ناوە تەواوی شار بگرێتەوە تەنانەت ئەگەر هەڕەشەی تەناهی تەنیا لە یەک ناوچەدا هەبێت.

١٢٠- دوابەدوای کشانەوەی ئابی ٢٠١٠، هێزەکانی ئەمەریکا چیی تر هێزی شەڕوانییان لە عێراق نییە. لە کەرکووک، ئەمەریکا بارەگای لیوایەکی شەڕوانییان هێشتەوە: واتە ئەفسەرە فەرماندەکان لەوێن بەڵام

لیواکە نا. نیویۆرک تایمز، ٧ ئاب ٢٠١٠، بەڵام بارەگاکە هێشتا فەرماندەیی ئەو یەکانە دەکات، کە بەهێزی "ئامۆژگاری و هاریکاریی" ناو نراون، کەچی هێزی شەڕوانیی ڕاستەقینەیان هەیە. بۆ نموونە، لەوەتەی شوباتی ٢٠١١ەوە، یەکەم هێزی ئامۆژگاری و هاریکاریی سەر بە فیرقەی یەکەمی پیادە کە لە بەشێکی تیمی شەڕوانیی لیوای قورسی یەکەم دانراون، بەتاڵیۆنێکی پیادە و زرێپۆشیشی هەیە. بڕوانە "ئەفسەرانی هێزی پاسەوانیی هەرێم هەوڵ دەدەن سەرکردەی لێهاتوو بن" بەیاننامەی هێزی یەکەمی ئەمەریکا، ٤ شوبات ٢٠١١، لەگەڵ "یەکەیەکی بژاردەی پۆلیسی کەرکووک شارەزاییەکانی کاردانەوە تاقی دەکاتەوە" بەیاننامەی هێزی یەکەمی ئەمەریکا، ٢٧ شوبات ٢٠١١.

١٢١– دیمانەی گرووپی تەنگژە، جەمال شان، سەرۆکی پارتی نیشتمانیی تورکمانی عێراقی، کەرکووک ١١ ئایار ٢٠١٠.

١٢٢– دیمانەی گرووپی تەنگژە، تۆرهان یوسف عەبدولرەحمان، جێگری بەرپرسی پۆلسی کەرکووک، ١١ ئایار ٢٠١٠

١٢٣– دیمانەی گرووپی تەنگژە، کەرکووک، ٢٠ ئەیلول ٢٠١٠.

١٢٤– دیمانەی گرووپی تەنگژە، ئەفسەری پۆلیس، کەرکووک، ١٢ ئایار ٢٠١٠ دیمانەکانی شوباتی ٢٠١١ ئەوە دەردەخەن کە کەرکووکییەکان رای خۆیان نەگۆڕی بوو لەبارەی بەرئەجامەکانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا. بۆ نموونە، ئەندامێکی عەرەبی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک گوتی "ئەمەریکاییەکان داوای مۆڵەتییان لە ئێمە نەکرد کە هاتنە ناو عێراق، هەروەها داواشی ناکەن بۆ ئەوەی لێی دەرچن". ئەو گوتی کە ئەمەریکا پێویستە نەڕوات لەبەرئەوەی "زۆر کێشەی چارەسەرنەکراو هەن. لەوەتەی ٢٠٠٣ەوە، لە کەرکووک هەر دواخستن و دواخستن و دواخستن بووە. پێویستە یەکەمجار هاوسەنگییەک بۆ هێز لە نێوان پێکهاتەکاندا لێرە دروست بکەین (پێش ئەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دەربچن). هەموو دەترسن." دیمانەی گرووپی تەنگژە، عەبدوڵا سامی ئەلعاسی ئەلعوبێیدی، کەرکووک، ١٩ شوبات ٢٠١١. ئەندام پەرلەمانێکی کورد گوتی "بوونی هێزەکانی ئەمەریکا گرینگە و کێشەیەکی گەورە دەنێتەوە کە دەڕۆن. ئێمە پێویستمان بە ناوبژیوانێک هەیە لەبەر ترسەکانمان." دیمانەی گرووپی تەنگژە، نەجمەدین کەریم، بەغدا، ١٧ شوبات ٢٠١١ نەجمەدین کەریم دواتر بوو بە پارێزگاری کەرکووک لە نیسانی ٢٠١١.

١٢٥– لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ئەسۆشیەیتیدپرێس، ئۆدێرنۆ ئاماژەی بە پلانی یەکخستنەوەی هێزە کوردییەکان بۆ سەر هێزە تەناهییەکانی حکوومەتی فیدراڵ و گوتی "ئەگەر ئێمە (تا کۆتایی ٢٠١١) یەکیان نەخەینەوە، ڕەنگە پێویست بکات بیر لە میکانیزمی تر بکەینەوە. من ئێستە نازانم ئەو میکانیزمە چی دەبێت. ئاخۆ ئەمە میکانیزمە هێزێکی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت"من نازانم. بەڵام ئەوە شتێکە کە دەبێ چارە بکرێ، ئەوەش پشت بەوە دەبەستێ کە ئێمە دەتوانین تا چەند ئەو پرۆسەیە بەڕێوە بەرین." ئەسۆشیەیتید پرێس، ٦ تەموز ٢٠١٠.

١٢٦– بەرپرسێکی نەتەوەیەکگرتووەکان ئاماژەی بەوە دا کە ناردنی هێزی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕەنگە نەبێت. دیمانەی گرووپی تەنگژە، شوبات ٢٠١١.

١٢٧– دیمانەی گرووپی تەنگژە، بەرپرسی ئەمەریکایی، واشنتۆن، ٣ تشرینی دووەم، عەمید سەرحەد قادر، کەرکووک، ١٩ کانوونی یەکەم ٢٠٠٩، لەگەڵ ئەفسەرێکی سەربازیی ئەمەریکا، کەرکووک، ١٩ کانوونی یەکەم ٢٠٠٩.

١٢٨– ئینتیمای حزبیی هێزە تەناهییە کوردییەکان دیارە، بۆ نموونە هەر کە دەچێتە ناو نووسینگەیەکیان لە کەرکووک یەکسەر وێنەیەکی لە چوارچێوەگیراوی سەرکردەی یەکێتی جەلال تاڵەبانی یان سەرکردەی پارتی مەسعود بارزانی دەبینی.

١٢٩– دیمانەی گرووپی تەنگژە، سەرحەد قادر محەمەد، کەرکووک، ٢٠ ئەیلول ٢٠١٠.

١٣٠– جێگری فەرماندەی پۆلیسی کەرکووک گوتی "دۆخی تەناهیی کەرکووک زۆر باشە، بەڵام هێشتا بۆشایی هەن و گرووپ هەن دەیانەوێ ئەو بۆشاییانە بقۆزنەوە. ئەنسارولئیسلام، گرووپی نەقشبەندی (سوپای پیاوانی تەریقەتی نەقشبەندی) و قاعیدە لە عێراق کە بە دید و ئەجێندای جیاوازەوە کار دەکەن، خەریکن خۆیان ڕێک دەخەنەوە بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی دارایی نوێ و دانانی پلانی نوێ. ئەوان سەرکردەکانیان خەڵکی دەروەی کەرکووکن (سەرکردەی ئەلقاعیدە، ئەنسار و نەقشبەندی خەڵکی نەینەوان) بەڵام ئەوان دەتوانن خەڵک لێرە بدۆزنەوە بۆ چوونە ریز ڕێکخراوەکانیان لەبەر ناکۆکییەکانمان، بۆ نموونە لەبارەی سەرژمێریی گشتی" دیمانەی گرووپی تەنگژە، تۆرهان یوسف عەبدولڕەحمان، کەرکووک، ٢٠ ئەیلول ٢٠١٠ بۆ شرۆڤەیەک لەبارەی گرووپە چەکدارەکان لە عێراق بڕوانە ڕاپۆرتی گرووپی تەنگژە ژمارە ٧٤، عێراق دوای هەڵکشان ١: ڕوانگەی نوێی سوننییەکان، ٣٠ نیسان ٢٠٠٨، لەگەڵ ڕاپۆرتی ژمارە ٥٠، لە زمانی خۆیانەوە: خوێندنەوەی بزووتنەوەی چەکداریی عێراق، ١٥ شوبات ٢٠٠٦.

١٣١– "پوختەی شرۆڤەی ناوچە: ناوچەی کەرکووک"، یونامی (بڵاو نەکراوەتەوە، نیسان ٢٠٠٩) لاپەڕە ٥٢.

١٣٢– دیمانەی گرووپی تەنگژە، کەرکووک، تۆرهان یوسف عەبدولقادر، ٢٠ ئەیلول ٢٠١٠ ئەندامێکی عەرەبی ئەنجوومەنی پارێزگەی کەرکووک گلەیی ئەوەی کرد کە عەرەب نوێنەرایەتییان لە ڕێزی ئەفسەرانی پۆلیس کەمە. لە شاری کەرکووک "ئێمە تەنیا یەک فەرماندەی پۆلیسمان هەیە _ لە بنکەی پۆلیسی عەدالە. بەشێوەیەکی گشتی، تەنیا یەک یان دوو لە سەت عەرەبمان هەیە لە هەیکەلی فەرماندەیی پۆلیسدا" دیمانەی گرووپی تەنگژە، عەبدوڵا سامی ئەلعاسی/ کەرکووک، ١٠ شوبات ٢٠١١.

١٣٣– دیمانەی گرووپی تەنگژە، سەرحەد قادر محەمەد، کەرکووک ٢٠ ئەیلول ٢٠١٠.

١٣٤– دیمانەی گرووپی تەنگژە، تۆرهان یوسف عەبدولرەحمان، کەرکووک، ٢٠ ئەیلول , ٢٠١٠ لە کاتێکدا سەرکردەیەکی تورکمانی پۆلیس لە کەرکووک چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێ کە ڕەخنە لە پارتە کوردییەکان و پاڵنەرەکانیان بگرێ، باگراوندی تۆرهان ئەوە دەردەخات کە ڕەنگە ئەو ئۆتۆماتیکی دژایەتیی کورد نەکات. ئەو دایکی کوردی خەڵکی کۆیەیە لە هەرێمی کوردستان و چووەتە قوتابخانەی کوردی لە سلێمانی. ئەو بەشێکی بەرچاوی چیانی پیشەیی خۆی لە هەرێمی کوردستاندا بەسەر بردووە.

١٣٥- دیمانەی گرووپی تەنگژە، کەرکووک ٢٠ شوبات ٢٠١١.

١٣٦- لە ڕوانگەی پارتە کوردییەکانەوە، هێزە تەناهییەکانیان نانیزامی نین بگرە هێزی پاسەوانیی هەرێمن لەژێر کۆنترۆڵی مەدەنی بەهەرەمێکی سەرکردایەتیی و دیسپلین و سەربازگەی مەشقیی سەربازییەوە. ئەفسەرێکی ئاسایشی یەکێتی گوتی ئەو دەزگایە ئەفسەری وای تێدایە کە پسپۆڕی لە بواری ڕێگرتن لە پێشێلکاری دژە بەمافەکانی مرۆڤ دەگرن، هەروەها شەفسەرانی ئەو هێزانە لە هەلی مەشقپێکردنی ناتۆ و سەرکردایەتیی کاتیی هێزی تەناهیی فرەڕەگەزەکان - عێراق، بەشدار بوونە. دیمانەی گرووپی تەنگژە، کەرکووک، ٢٠ کانوونەی یەکەم ٢٠٠٩.

١٣٧- دیمانەی گرووپی تەنگژە، کەرکووک، تۆرهان یوسف عەبدولرەحمان، ٢٠ ئەیلول ٢٠١٠.

١٣٨- دیمانەی گرووپی تەنگژە، هەڵکەوت عەبدوڵا عەزیز، بەڕێوەبەر لە کەرکووک، پۆلیس تەناهیی یەکێتی (ئاسایش). کەرکووک، ٢٠ ئەیلول ٢٠١٠.

١٣٩- هەمان سەرچاوە.

١٤٠- هەمان سەرچاوە. لە ڕووی تەکنیکییەوە، ئاسایش سیاسەتی تەناهی جێبەجێ دەکات، لە کاتێکدا، پاراستن/زێرەڤانی تەنیا زانیاریی هەواڵگری خڕ دەکەنەوە. لەبەر ئەم هۆیە، دانیشتوانی کەرکووک، ئاگایان لە چالاکییەکانی ئەوەی دواتر نەبووە، کە بەشێوەیەکی نهێنی ئەنجام دەدرێن و هیچ بنکەیەکی دیاریکراویان نییە. دیمانەی گرووپی تەنگژە، ئەندامێکی تورکمانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، کەرکووک، ٢٠ شوبات ٢٠١١.

١٤١- دیمانەی گرووپی تەنگژە، کەرکووک، ١٨ ئەیلول ٢- ٢٠١٠.

١٤٢- دیمانەی گرووپی تەنگژە، کەرکووک. ٢١ ئەیلول ٢٠١٠.

١٤٣- دیمانەی گرووپی تەنگژە، هەڵکەوت عەبدوڵا عەزیز، بەڕێوەبەر لە کەرکووک، پۆلیسی تەناهی یەکێتی (ئاسایش). کەرکووک، ٢٠ ئەیلول ٢٠١٠.

١٤٤- دیمانەی گرووپی تەنگژە، هەڵۆ نەجات هەمزە، بەڕێوەبەر لە کەرکووک، پۆلیسی تەناهیی پارتی (ئاسایش). کەرکووک، ٢٠ ئەیلول ٢٠١٠.

١٤٥- هەمان سەرچاوە.

١٤٦- "کورد نێزیکەی ساڵێک لەمەوبەر دەستیان کرد بە ناردنەوەی ئەو گیراوانە. دادوەرەکان لێرە لە کەرکووک ڕەتیان کردەوە وەریان بگرن، لەبەرئەوەی ئەوان مۆڵەتی گرتنیان دەر نەکردبوو بۆیان، زۆریان بەردران، بەڵام خراپەکان نێردرانە بەغدا. دوای سێ مانگ، ئەوانیش ئازاد کران. دادوەرەکەی بەغدا گوتی کە ئەو مۆڵەتی گرتنی بۆیان دەرنەکردووە _ بێگومان هیچ حاڵەتێکی لەو جۆرە بوونی نەبوو _ هەروەها ئەو موعامەلاتە ئۆرجیناڵەکەی نەبینیبوو، بۆیە هیچ بنەمایەکی یاسایی نەبوو بۆ گرتنیان. بەڵام ئەوانە کەسانی زۆر خراپ بوون. ئەمە خەتای ئاسایشە، ئەوان ئەو هەڵەیان کرد (کە گیراوەکانیان لە ئەمەریکاییەکان وەرگرت)" دیمانەی گرووپی تەنگژە، تۆرهان یوسف عەبدولرەحمان، کەرکووک، ٢٠ ئەیلول ٢٠١٠.

١٤٧- نموونەی کرداری لەم شێوەیە: نیشتەجێیەکی تورکمانی کەرکووک گوایە لەلایەن ئاسایشی پارتییەوە گیرا و لێی درا دوای ئەوەی نارەزایی دەربڕیبوو لە دژی بنیاتنانی باڵەخانە لەسەر ئەو زەوییەی هی ئەو بووە، لەو کاتەوە کێشەی زەوییەکە چووەتە دادگە. دیمانەی گرووپی تەنگژە، ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگا، کەرکووک، ٢٠ شوبات ٢٠١٠ لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٠، گوایە ئاسایشی یەکێتی ئافرەتێکی تورکمانی ڕفاند دوای ئەوەی گرووپێکی چەکدار ئافرەتێکی خزمی سەرکردەیەکی کوردی پۆلیسی هەواڵگریی ڕفاند. دوای چەند سەعاتێک ژنەکە بەر درا، بەڵام ئەو کردارە تووڕەیی لەنێو کۆمەڵگەی موحافیزکاری کەرکووک دروست کرد. دیمانەی گرووپی تەنگژە، ئەندام پەرلەمانێکی عێراق لە کەرکووک، بەغدا، ١٣ شوبات ٢٠١١.

١٤٨- دیمانەی گرووپی تەنگژە، کەرکووک، ٢٠ شوبات ٢٠١١.

١٤٩- دیمانەی گرووپی تەنگژە، کەرکووک، ٢٠ شوبات ٢٠١١.

١٥٠- ئەو گوتی کە ئۆتۆمۆبێلە بۆمبڕێژکراوەکانماڵی سێ سیاسەتوانی کوردیان کردبووە ئامانج، بەڵام هێرشەکان لە یەک سەعاتدا ڕوویان دابوو _ شەشی بەیانی _ کاتێک خەڵکێکی کەم لەو نزیکانە بوون، هەروەها خانووەکان بەتاڵ بوون، وەکو ئاماژەیەک کە ئاسایش ئەو کارەی ئەنجام دابێت بۆ ئەوەی زەوینەیەک دروست بکات بۆ بڵاوکردنەوەی هێز لە کاتی جەژنی قوربان، دیمانەی گرووپی تەنگژە، کەرکووک، عومەر ئەلجبوری، بەغدا، ١٢ شوبات ٢٠١١. بەڵام بە لایەنی کەم ١٨ کەس لەو هێرشانە بریندار بوون. ئەسوات ئەلعێراق، ٦ تشرینی دووەم ٢٠١٠.

١٥١- دیمانەی گرووپی تەنگژە، کەرکووک، ١٠ شوباتی ٢٠١٠. لە سەردەمی ڕژێمی سەدام حوسێن، چەکدارە کوردەکان لە کەرکووک و ناوچەکانی تر هێرشیان دەکردە سەر داوودەزگاکان دەوڵەت.

١٥٢- تەنانەت گۆڕانیش پارتی ئۆپۆزسیۆنی کوردی، پاڵپشتی لە هەبوونی ئاسایش دەکات وەکو پارێزگارییەک بۆ کوردەکانی ناوچە جێناکۆکەکان، بەڵام دەیەوێ لەژێر کۆنترۆڵی پارتی و یەکێتی دەربێن و لەژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی حکوومەتی هەرێم بێت. دیمانەی گرووپی تەنگژە، کەرکووک، بەرپرسێکی گۆڕان، شوباتی ٢٠١١.

١٥٣- "دەقی دوا ڕێککەوتن لە نێوان لیستی برایەتیی کەرکووک و لیستی گرووپی کۆماریی عێراقی" کەرکووک، ٢ کانوونی یەکەم ٢٠٠٧ (بە عەرەبی).

١٥٤- دیمانەی گرووپی تەنگژە، هەولێر، ١٩ شوبات ٢٠١١.

١٥٥- دۆخەکان بەدرێژایی هێڵی بەریەککەوتن لە دیالە و سەلاحەدین لەو ڕاپۆرتەدا باسیان لێوە نەکراوە.

١٥٦- گوایە ئەمەریکا کەلوپەلی سەربازی بۆ هەرێمی کوردستان دوا دەخات تا ڕێککەوتنێک لە نێوان هەولێر و بەغدا لەبارەی یەکخستنەوەی هێزەکانی پاسەوانی هەرێم لەگەڵ سوپای عێراقی دێتە ئاراوە. دیمانەی گرووپی تەنگژە، بەرپرسێکی باڵای سوپا، بەغدا، ١٦ شوبات ٢٠١١.

١٥٧- دیمانەی گرووپی تەنگژە، وەزارەتی بەرگری و بەرپرسانی سوپا، بەغدا، ١٤ و ١٦ شوبات ٢٠١١.

١٥٨- دیمانەی گرووپی تەنگژە، بەرپرسی ئەمەریکایی، واشنتۆن، ١٣ ئاب ٢٠١٠.

١٥٩- بڕوانە ڕاپۆرتی گرووپی تەنگژە، کارە تەواو نەکراوەکان، هەمان سەرچاوە.

١٦٠- "جێگری سەرەک وەزیرانی نوێ سوێندی یاسایی دەخوات لە کاتێکدا حکوومەتی هەرێم هەنگاوێکی تر بەرەو یەکگرتنەوە دەهاوێت" بەیاننامەی حکوومەتی هەرێی کوردستان، ٧ نیسان ٢٠٠٩.

١٦١- دیمانەی گرووپی تەنگژە، شۆڕش حاجی، ئەندام پەرلەمانی گۆڕان، بەغدا، ١٢ شوبات ٢٠١١. حاجی گوتی کە لە دیدی گۆڕانەوە پێشمەرگەی هەردوو پارتەکە نابێ یەک بخرێنەوە بگرە حکوومەتی هەرێم دەبێت هێزێکی تەواو و نوێ دروست بکات کە بێلایەن بێت لە یەکێتی و پارتیبەڕووی هەمووو کورددا کراوە بێت بێ گوێدان بە بیروباوەڕی سیاسییان و ئینتیمایان.

١٦٢- دیمانەی گرووپی تەنگژە، دیپلۆماتکاری ئەمەریکایی، بەغدا، ٢٢ شوبات ٢٠١١: هەروەها بەرپرسێکی حکوومەتی هەرێم، هەولێر ١٨ شوباتی ٢٠١١. مووچەی خانەنشینیی ئەو ٩٠,٠٠٠ پاسەوانەی هەرێم کە بڕیارە خانەنشین بکرێن ئەویش بڕیارە لە بودجەی گشتیی عێراق بدرێت کە لە سالانی ڕابردوو بەندێکی هەبوو وای دەگەیاند کە پارەدان لە بودجەی فیدراڵی بە هێزی پاسەوانی هەرێم بەندە بە ڕێککەوتنی بەغدا/هەولێر. لە غیابی ڕێکەوتنێکی لەو جۆرە، حکوومەتی فیدراڵ هیچ پارەیەکی نەداوە بە حکوومەتی هەرێم بۆ پاسەوانی هەرێم.

١٦٣- دیمانەی گرووپی تەنگژە، وەزارەتی بەرگری و بەرپرسانی سوپا، بەغدا ١٤ و ١٦ شوباتی ٢٠١١. ئەو بەرپرسانە نیگەرانییان دەربڕی لە باڵەپەستۆی کورد بۆ ئەوەی پێشمەرگە بخرێتەوە سەر سوپای عێراق و گوتیان کە کورد نوێنەرایەتییان لە بەرزترین ئاستی سوپای عێراقیدا هەیە (ئێستە ئەو پۆستە بالایانە لە دەست کوردە، سەرۆک ئەرکانی سوپای عێراق، فەرماندەی هێزی ئاسمانی، بەڕێوەبەری هواڵگریی عەسکەر، پشکنەری گشتی و بەڕێوەبەری گشتیی ئەندامانی سەربازی لە وەزارەتی بەرگری). ئەوان دەڵێن کە نیگەرانن لەوەی کورد هەردوو دەسەلاتیان هەیە لە بەغدا و لە هەرێمیش و هێزێکی تەواوی سەربازیشیان هەیە لەژێر کۆنترۆڵی خۆیان لە هەرێمی کوردستان، لە کاتێکدا بەغدا هیچ رۆلێکیان لە هەولێر نییە و هێزەکانیان ناتوانرێ لە هەرێمدا بلاو بکرێنەوە. بەرپرسێکی وەزارەتی بەرگری گوتی" کورد بە ڕێککەوتنێکی لەو جۆرە ڕازین تەنیا لەبەرئەوەی ئەوان دەیانەوێ بەغدا مووچەکانیان بدات و کەلوپەلی سەربازییان بۆ دابین بکات کە پێویستیان پێیە و هێزەکانی پێشمەرگەش بە جودا لە چوارچێوەی سوپای عێراقی بهێڵنەوە. سوپای عێراقی ناتوانێت بچێتە ناو کوردستان و وەزارەتی بەرگریش ناتوانێت هێزەکانی پێشمەگە بگوازێتەوە بۆ شوێنێکی تری عێراق. لەم ناوەدا کورد براوەیە." دیمانەی گرووپی تەنگژە، بەغدا، ١٤ شوبات ٢٠١١. ئەو بەرپرسە هەروەها ئەوەشی گوت کە "وا باشە سەربەخۆیی خۆیان ڕابگەیەنن، با تورک و فارس بیانخۆن". بوونی کورد لە پۆستی بالای تەناهی ڕـنگە گەرەنتییەکی تەواو نەبێ بۆ سەرکردەکانی کورد. کاتێک مالیکی سوپای ناردە ناو خانەقین لە پارێزگای دیالە لە ئابی ٢٠٠٨، ئەو پرسی بە سەرۆک ئەرکانی سوپا، لیوا بابەکر زێباری، نەکرد کە کوردە، ئەمەش بێ دەسلاتیی ئەو بەرپرسەی لە زنیجیرەی فەرماندەیی زەق کردەوە. لە وەلامی ئەمەدا، کەسێکی نێزیک لە مالیکی ئەوەی گوت کە زێباری بەشدار بووە لە ستراتیجییەتێکی کوردی بۆ ئەوەی سوپا بە لاوازی بمێنێتەوە: "پێشمەرگە هەروا بەهێزتر دەبن، ئەوانیش سوپای عێراقی بێ هێز دەکەن. سەرۆکی ئەرکانی سوپا لەو پۆستە دانراوە بۆ ئەوەی دڵنیا بنەوە لەوەی سوپا

هەرگیز جاریکی تر گەشە ناکات. کورد هەردەم بەربەست دروست دەکەن کاتێک چەکی نوێ پێویستە بکڕدرێ، بۆ نموونە لە کاتی کڕینی هەلیکۆپتەر"هەروەها گوتی کە "هەتا کورد تێکەڵ بە سوپا ببێت بەهێزی دەکەن، بەڵام ئەگەر لە یەکەی جودا بمێننەوە ئەوا بێ هێزی دەکەن" دیمانەی گرووپی تەنگژە، عەلی ئەدیب، ئەندام پەرلەمانی هاوپەیمانیی عێراقی یەکگرتوو (پارتی دەعوە) بەغدا، ٢٧ ئایاری ٢٠١٠.

١٦٤– پلانی ئەوە لە ئارادایە کە هەشت لیوای تریش دروست بکرێن بۆ پێکهێنانی دوو فیرقەی سەربازیی سوپای عێراق لە کوردستان. دیمانەی گرووپی تەنگژە، هەولێر، ١٨ کانوونی دووەم ٢٠١١.

١٦٥– دیمانەی گرووپی تەنگژە، بەغدا، ١٣ کانوونی دووەم ٢٠١١. بوونی پێشمەرگە لەو ناوچانە پاراستن بۆ هەریمی کوردستان دابین دەکات لە ڕۆژئاوای هێڵی سەوز کە دەکاتە سنووری دەستووریی ئەو هەرێمە.

١٦٦– دیمانەی گرووپی تەنگژە، بەغدا، ١٢ کانوونی دووەم ٢٠١١. خالید شوانی گوتی کە ئەو شتەکان بە جیاوازی دەبینێت: "فیرقەی ١٢ لە سەتا نەوەد و پێنجی لە عەرەب پێک هاتووە. ئەو فیرقەیە تەنیا دوو فەرماندەی کوردی هەیە و لە ٣٠٠٠٠ سەربازەکەی تەنیا ٢٠٠٠یان کوردن" دیمانەی گرووپی تەنگژە، بەغدا، ١٣ کانوونی دووەم ٢٠١١.

١٦٧– دیمانەی گرووپی تەنگژە، بەغدا١٣ کانوونی دووەم ٢٠١١.

١٦٨– ئەندام پەرلەمانێکی عەرەب گوتی پێشمەرگە بە بیانوویەکی چەوت نێردراون بۆ ناوچەکە گوایە توندوتیژی ڕەنگە ڕوو بدات ئەگەر سەرانی عەرەب خۆپێشاندان ئەنجام بدەن لە کەرکووک لە ١ی ئادار. ئەو گوتی ئامانج لەوە برێتی بوو لە کەمکردنەوەی پاڵەپەستۆی سەر حکومەتی هەرێم کە بووبووە ئامانجی خۆپێشاندەران لە سلێمانی لە چەند هەفتەی پێشتر کە تێیدا چەند خۆپێشاندەرێک کوژران. ئەو هەروەها ئەوەشی گوت کە شەش عەرەب تیرۆر کران لەوەتەی پێشمەرگە نێردرایە کەرکووک (ئەو ڕاستییەش لەلایەن سەرکردەیەکی پۆلیسی کورد دوپاتی کردەوە)، ئەو سەرکردەی عەرەبە خەتای ئەمەی خستە ئەستۆی پێشمەرگەوە. دیمانەی گرووپی تەنگژە، عومەر جبوری، ئەندام پەرلەمان لەسەر لیستی ئەلعێراقییە (کەرکووک)، ٢ ئادار ٢٠١١.

١٦٩– خۆپێشاندەران هێرشیان کردە سەر ئەنجوومەنی شارەوانیی ناوچەکە و بنکەی پۆلیس، بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ پۆلیس هاتنە کوشتن. ئاکانیوز، ٢٥ کانوونی دووەم، ٢٠١١.

١٧٠– جەعفەر شێخ موستەفا، وەزیری پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێم گوتی: "مەترسییەکی جدی لەسەر کورد هەبوو لە کەرکووک بەهۆی ئەو ڕووداوانەوە (خۆپێشاندان). بۆیە پێشمەرگە نێردراون بۆ دەوروبەری کەرکووک بۆ پاراستنیان لەو هەڕەشانە" ئەمە لە ڕۆیتەرز وەرگیراوە، ٣ ئادار ٢٠١١. بەرپرسی پۆلیسی کەرکووک کە کوردە گوتی: "هێزەکانمان لە ئامادەباشیدان لەبەرئەوەی تێکدەران دەیانەوێ بارودۆخی تەناهی شاری کەرکووک تێک بدەن لەژێر ناوی خۆپێشاندانەوە" ئەمە لە ئاکانیوز وەرگیراوە، ٣ ئاداری ٢٠١١.

١٧١– فەرماندەیەکی (کوردی) پۆلیسی کەرکووک گوتی: "قەدەخەکردنی هاتوچۆکە شتێکی باش بوو

لەبەرئەوەی ئەگەر وانەبوایە هەر خوا بزانێ ئەمڕۆ چی ڕووی دەدا. ئەوە وای کرد ژیان بپارێزرێ. خەڵک بەتەما بوون خۆپێشادان بکەن و زیانێکی گەورە و توندوتیژی دروست بکەن" دیمانەی گرووپی تەنگژە بە تەلەفۆن، کەرکووک، ١ ئادار ٢٠١١. هەروەها خۆپێشاندانێکی تر کە بڕیار بوو لە ٤ی ئادر بکرێت ئەویش ڕێگەی لێ گیرا.

١٧٢- جێگری پارێزگاری کەرکووک گوتی: "ئێمە لەگەڵ پارێزگار و نوێنەرانی کەرکووک (لە پەرلەمانی عێراق) باسی ئەوەمان کردووە و ئەویش زۆر بە ڕوونی ئەوەی گوت کە ئەو بە هیچ شێوەیەکی هیچ داواکارییەکی لەو جۆرەی نەناردووە. ئەوەندەی من بزانم، هیچ داواکارییەکی فەرمی لە کەرکووک (بۆ هێزی پێشمەرگە) نەبووە" دیمانەی گرووپی تەنگژە، ڕاکان سەعید، کەرکووک، ٣ ئادار ٢٠١١. بەڵام بەرپرسانی حکوومەتی هەرێم بەردەوام بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئەو هێزانە نێردراون بۆ کەرکووک لەسەر داواکاریی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک. ئاکانیوز، ٣ ئادار ٢٠١١.

١٧٣- لە ٨ی ئاداری ٢٠١١ەوە، سێ لە خۆپێشاندەران گیانیان لەدەست دابوو بەهۆی برینەکانیان کاتێک هێزە تەناهییەکان دەستڕێژییان لێ کردن لە سلێمانی، هەروەها دووش لە کەلار کوژران و یەکێ لە چەمچەماڵ، لە کاتێکدا پۆلیسێک لە هەڵەبجە کوژرا.

١٧٤- دیمانەی گرووپی تەنگژە، پێوەندیی ئیمەیل، ٤ ئادار ٢٠١١.

١٧٥- دیمانەی گرووپی تەنگژە، دیمانەی تەلەفۆن، چاودێرێکی ناوخۆیی، کەرکووک، ٥ ئادار ٢٠١١.

١٧٦- دیمانەی گرووپی تەنگژە، بەغدا، ١٤ ئادار ٢٠١١.

١٧٧- ئاکانیوز، ٩ ئاداری ٢٠١١.

١٧٨- بێگومان ئەمە کارتێکانی چەند چاودێرێکی ناوخۆیی بوو. دیمانەی گرووپی تەنگژە، دیمانەی تەلەفۆنی، کەرکووک، ٥ ئاداری ٢٠١١ مەحموود عوسمان، ئەندام پەرلەمانێکی کوردی سەربەخۆ، گوتی ڕێککەوتنێک بۆ هێنانی پێشمەرگە بۆ ناو کەرکووک لەلایەن پارتە کوردییەکان و مالیکییەوە قسەی لەسەر کرابوو و ئەوەش کە ئەگەر "مالیکی لاریی نەبێت ئەوا سوپاس خۆی لی گێل دەکات" دیمانەی گرووپی تەنگژە، بەغدا، ١٤ ئادار ٢٠١١.

١٧٩- "حکوومەتی فیدراڵی و ئەمەریکاییەکانیش کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە زۆر پێویست بوو بەهۆی ئەوەی لە خۆپێشاندانەکانی پێشوودا ڕووی دابوو (لە شوێنەکانی تر). ئەو خەڵکانە هەڕەشەی ڕاستەقینەیان دروست دەکرد و داواکاریی ناماقوڵیان هەبوو. ئەوان هەڕەشەیان دەکرد باڵەخانەی ئەنجوومەنی پارێزگا و ژووری تۆمارەکان، کە ناسنامەی لێ دروست دەکرێت و دەپارێزرێت، بسووتێنن – هەموو شتێک بسووتێنن." دیمانەی گرووپی تەنگژە، ٢ ئاداری ٢٠١١.

١٨٠- دیمانەی گرووپی تەنگژە، واشنتۆن، ٣ ئاداری ٢٠١١.

١٨١- ئەمە لە ڕۆیتەرز وەرگیراوە، ٣ ئاداری ٢٠١١ ئەندام پەرلەمانێکی نێزیک لە نووری مالیکی گوتی "نووسینگەی سەرەک وەزیران ئاگەداری" بڕیارەکە بوو بۆ هێنانی پێشمەرگە بۆ ناو کەرکووک و بە هەمان شێوەش بەشدار بوو لە ڕێککەوتن لەگەڵ سەرکردە کوردەکان بۆ کێشانەوەیان. ر، بەغدا، ١٦ ئادار ٢٠١١.

١٨٢- لە کاتێکدا کە نووسینگەی مالیکی هەر جۆرە هاوئاهەنگییەکی فەرمیی ڕەت دەکردەوە، ئەندام پەرلەمانێکی دەوڵەتی یاسا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گوتی "هاوئاهەنگی لە نێوان هێزە فیدراڵییەکان و هێزەکانی حکومەتی هەرێم هەردەم پێویستە و ئیلزامییە، لەبەر هەستیاریی هەرێم" دیمانەی گرووپی تەنگژە، عەلی شەلاع، بەغدا، ٦ ئاداری ٢٠١١.

١٨٣- وەزیری پێشمەرگەی هەرێم جەعفەر شێخ مستەفا گوتی: "هەر کەسێ: داوامان لێ بکات هێزەکانمان لە پاریزگەی بکێشینەوە پێش ئەوەی دۆخەکە ئارام بێتەوە ئەوا داواکەی ڕەت دەکرێتەوە" ئەمە لە ئاکانیوز وەرگیراوە، ٤ ئادار ٢٠١١

١٨٤- دیمانەی گرووپی تەنگژە، پێوەندیی ئیمەیل، سەرکردەیەکی عەرەبی کەرکووک، کەرکووک، ٢٨ شوبات ٢٠١١.

١٨٥- ڕووداو نێت، ٩ ئاداری ٢٠١١.

١٨٦- لە ڕووداوێکدا پاسەوانانی ئەسیل نوجێفی لەگەڵ سەربازانی سوپای عێراقی لە مزگەوتی نەبی یونس تووشی کێشمە هاتن لە موسڵ کاتێک نوجێفی لە کاتی جەژنی قورباندا سەردانی ئەو مزگەوتیە کرد لە مانگی تشرینی دووەم ٢٠١٠ ئەو کێشمەیە پێویستیی بە دەستتێوەردانێکی ئاست بەرز بوو لە سەرکردایەتیی سوپاوە لە بەغدا بۆ ئەوەی بارگرییەکان کە لەئەنجامی ناکۆکییەک لەسەر باڵادەستی تەناهییەوە رووی دا. دیمانەی گرووپی تەنگژە، کەسێکی ئاگەدار لە ڕووداوەکە، کەرکووک، ٢٠ کانوونی دووەم، ٢٠١١.

١٨٧- دیمانەی گرووپی تەنگژە، کەریم سنجاری، وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەولێر ١٨ کانوونی دووەم ٢٠١١.

١٨٨- دیمانەی گرووپی تەنگژە، بەغدا، ٢٧ ئاداری ٢٠١٠.

١٨٩- دیمانەی گرووپی تەنگژە، بەرپرسێکی تەناهیی باڵا، بەغدا، ١٧ کانوونی دووەم ٢٠١١.

١٩٠- دیمانەی گرووپی تەنگژە، مەحموود عوسمان، ئەندام پەرلەمانی کوردی سەربەخۆ، بەغدا، ٢٧ کانوونی دووەم ٢٠١١.

١٩١- دیمانەی گرووپی تەنگژە، ئەندامێکی تورکمانی ئەنجوومەنی پارێزگەی کەرکووک، کەرکووک، ٢٠ کانوونی دووەمی ٢٠١١.

١٩٢- فەرماندەیەک (کوردی) پارێزگەی کەرکووک گوتی کە ئەو پێ گوتراوە کە دەبێت ٤٠٠ ئەندامی سەحوە ڕاستەوخۆ لە وەزارەتی ناوخۆ لە بەغدا وەربگرێت: "بەشێوەیەکی ئاسایی، کاتێک ئێمە فەرمانێکمان لە وەزارەتی ناوخۆوە بۆ دێت، بۆ نموونە بۆ دامەزراندنی ١٠٠٠ پیاو، ئێمە لە هەموو نەتەوایەتییەکان بەشێوەیەکی ڕێژەیی دایاندەمەزرێنین لە تەمەنی نێوان ١٨ ساڵی بۆ ٣٠ ساڵی کە بڕوانامەی ناوەندییان هەبێت و ڕابردوویان پاک بێت. ئەمە مانای وایە ئێمە تووشی کێشە دەبین کاتێک پێمان دەگوترێ مە دەبێ ٤٠٠ ئەندامی سەحوە دامەزرێنین کە هەر هەموویان عەرەبن. ئێمە لەسەرتادا ئەوەمان قبووڵ نەکرد بەڵام وەزارەت وەکو حاڵەتێکی تایبەت ئەو فەرمانەی کردەوە و ئێمەش ناچار بووین وا بکەین." دیمانەی گرووپی تەنگژە، جەنەراڵ سەرحەد قادر محەمەد، کەرکووک، ٢٠ ئەیلول

٢٠١٠ ئەو هەروەها گوتی کە وێڕای ئەو ٤٠٠ ئەندامەی سەحوە کە خرانە سەر پۆلیسی کەرکووک، پۆلیسی حەویجەش فەرمانی پێ کرا کە ١٢٠ ئەندام دامەزرێنێت لە ئەندامانی سەحوە. لە ژمارەی ئەندامانی سەحوە کە لەلایەن وەزارەتەوە بە ٩٠٠٠ دەخەملێنرا، هەندێکیان دەخرێنەوە سەر سوپا و هەندێکیان بۆ سەر پۆلیس بەڵام زۆربەیان لە یەکە میلیشیاکانی خۆیاندا دەمێننەوە و شانبەشانی سوپا کار دەکەن.

١٩٣- بیرۆکەی یەکخستنەوەی ئاسایش لەگەڵ پۆلیس تەنانەت لە ناو سیاسەتوانە کوردەکانیش لە کەرکووک جێگای مشتومڕە. لە کاتێکدا ئەوان دەڵێن کە متمانەیان بە ئاسایش هەیە بۆ پاراستنی دانیشتوانە کوردەکە، متمانەی کەمتریان بە پۆلیس هەیە لەبەر ئەوەی وەک خۆیان دەڵێن بەسەر گرووپە ئەتنییەکاندا دابەش بووە و دووچاری گەندەڵی بووەتەوە. کورد لەوە دەترسن کە کەمبوونەوەی کۆنترۆڵی کورد دەرگا بۆ دزەکردنی چەکدارە عەرەبەکان بکاتەوە کە نیازیان وایە زیان بە کورد بگەیەنن، دیمانەی گرووپی تەنگژە، ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگەی کەرکووک، کەرکووک، ١٩ و ٢٠ی کانوونی دووەم ٢٠١١.

١٩٤- دیمانەی گرووپی تەنگژە، هەڵکەوت عەبدولعەزیز، بەڕێوەبەر لە کەرکووک، ئاسایشی یەکێتی، کەرکووک، ٢٠ ئەیلول ,٢٠١٠دواتر لە دیمانەکەدا بە پێچەوانەوی ئەوە گوتی کە "بە پێچەوانەی موسڵ، ئێمە کەرکووک بە پارچەیەک لە کوردستان دادەنێین"

١٩٥- بۆ نموونە یەکێتی پارەی بە سیاسەتوانێکی عەرەب داوە بۆ ئەوەی پارتێک دروست بکات بۆ ئەوەی پشتگیری لە ئامانجەکانی یەکێتی بکات لە کەرکووک. دیمانەی گرووپی تەنگژە لەگەڵ ئەو سیاسەتوانە عەرەبە و بەرپرسێکی باڵای یەکێتی، ٣ شوبات ٢٠٠٩ بەگوێرەی سیاسەتوانانەی تر کە ڕەخنەیان لەو ڕێککەوتنە دەگرت، زۆر سیاسەتوانی عەرەب چوونە ڕیزی ئەو پارتەوە و سوودی خۆیان لێ وەرگرت بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی ئاداری ٢٠١٠ دا دەنگیان بۆ یەکێتی نەدا، دیمانەی گرووپی تەنگژە، بەیروت، ئۆکتۆبەر ٢٠١٠.

١٩٦- دیمانەی گرووپی تەنگژە، هەڵۆ نەجات هەمزە، بەڕێوەبەر لە کەرکووک، ئاسایشی پارتی، کەرکووک، ٢٠ ئەیلول ٢٠١٠.

١٩٧- دیمانەی گرووپی تەنگژە، خالید شوانی، ئەندام پەرلەمانی هاوپەیمانی کوردستان (لەسەر بارستەی یەکێتی)، بەغدا، ١٣ کانوونی دووەم ٢٠١١.

١٩٨- لە ڕاستیدا، ئەندام پەرلەمانێکی تورکمان گوتی: "پۆلیسی کەرکووک لە ئاسایش خراپترن لەبەر ئەوەی بە تەواو لە ژێر کۆنترۆڵی ئاسایشدان، بەڵام ئەوان بە پێچەوانەی ئاسایش دەستگیرکردن بەپێی یاسا ئەنجام دەدەن (لەڕێی مۆڵەتی گرتن لەلایەن دادوەرەوە). هەموو فەرمانەدەکانی پۆلیس لەلایەن پارتە کوردیەکانەوە دامەزرێنراون. دیمانەی گرووپی تەنگژە،ئەرشەد ساڵحی، ئەندام پەرلەمان لەسەر لیستی ئەلعێراقییە (کەرکووک)، بەغدا، ١٣ کانوونی دووەمی ٢٠١١. دیلۆماتکارێیکی ڕۆئاوایی گوتی کە زۆر لە ئەفسەرانی پۆلیسی کەرکووک ئەفسەری پێشووی ئاسایشن، لەنێویشیاندا فەرماندەی پۆلیسی کەرکووک، هەروەها کە پێوەندیی نافەرمی هاوئاهەنگیی لە نێوان ئاسایش و پۆلیس دروست

کردووە "لەسەر حسێبی هەوڵەکان بۆ ئاشتەواییی نەتەوایەتییەکان" دیمانەی گرووپی تەنگژە، بەغدا، ١١ کانوونی دووەم ٢٠١١.

١٩٩- دیمانەی گرووپی تەنگژە، کەرکووک، ١٩ کانوونی دووەم ٢٠١١.

٢٠٠- دیمانەی گرووپی تەنگژە، بەرپرسی ئەمەریکایی، کەرکووک، ٢٣ ئاداری ، ٢٠١٠ هەروەها بڕوانەڕاپۆرتی ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ "گیرخواردن لە باهۆزدا: ئەشکەنجە و نکۆڵیکردن لەلایەن هێزە تەناهییەکانی کوردستان" نیویۆرک ٢٠٠٧ بەشی پێنجەمی ڕوونکردنەوەیەکی بەسوودی بۆ هەیکەلی ئاسایش تێدایە.

٢٠١- حکوومەتی هەرێمی بڕیارە سەرەتا لیژنەیەکی هاوئاهەنگی پێک بێنێ بە نووسینگەی سەرۆک بۆ هەموو دەزگەکانی ئاسایش و هەواڵگرییەکان. دواتر یەککگرتنەوەی ئاسایشی بەدوا دا دێت، دواتر تێکەڵکردنەوەی هەردوو دەزگەکانی هەواڵگری، پاراستنی پارتی و دەزگای زانیاریی یەکێتی. دەڤگەکانی هەواڵگریی سەربازیی هەردوو پارت یەکیان گرتووەتەوە. ر، کەریم سنجاری، وەزیری ناوەخۆی هەرێمی کوردستان، هەولێر، ١٨ کانوونی دووەمی ٢٠١١ لە دیمانەیەکدا نزیکەی ساڵێ پێشتر، سنجاری گوتی کە یەککگرتنەوەی ئاسایش تەنیا مەسەلەی کاتە لەبەر ئەوەی "بەلگەنامەیەکی ئیمزاکراو هەیە. مەسعود بارزانی سوورە لەسەر ئەوە، جەلال تاڵەبانی کۆکە لەسەری و (سەرەک وەزیران) بەرهەم ساڵح ئامادەیە جێبەجێی بکات." دیمانەی گرووپی تەنگژە، هەولێر، ٩ ئادار ٢٠١٠ لە ڕوانگەی پارتییەوە، هەر یەک لە ئاسایشی پارتی و یەکێتی، لەوەتەی ٢٠٠٧وە لە ژێر سەرپەرشتیی بەرپرسی هەواڵگری و ئاسایشی حکوومەتی هەرێم، مەسروور بارزانی، بوونە. بەڵام بارزانی ئەوەی گوت کە لە کاتێکدا چوارچێوە یاساییەکە ئەو دەبخاتە شوێنی بەرپرسی هەردوو دەزگە، بەڵام تێکەڵکردنەوەکە هێشتا نەکراوە و دوا خراوە. ئەو خەتاکانی خستە ئەستۆی یەکێتییەوە کە ئامادە نییە گفتوگۆ لەسەر یەکخستنەوەی پاراستن و زانیاری بکات وەکو بەشێک لە پرۆسەی یەکخستنەوەی ئاسایش. ر، سەلاحەددین، ٢١ ئەیلول ٢٠١٠.

٢٠٢- دیمانەی گرووپی تەنگژە، هەڵۆ نەجات حەمە، بەڕێوەبەر لە کەرکووک، ئاسایشی پارتی، کەرکووک، ٢٠ ئەیلول ٢٠١٠.

٢٠٣- بۆ گفتوگۆ لەبارەی کەمینەکان لە نەینەوا، بڕوانە ڕاپۆرتی گرووپی تەنگژە، بەرەی شەڕی نوێی عێراق، لاپەڕە ٢٢- ٣٦.

٢٠٤- دیمانەی گرووپی تەنگژە، حونەین قادو، سکرتێری گشتیی گردبوونەوەی دیموکراتیی شەبەک، بەغدا، ٢٨ ئایار ٢٠١٠ هەندێک چالاکوانی کەمینەکان دەڵێن کەوا نوێنەرایەتییی تەواویان نییە لەو گفتوگۆیانەدا و ئەوانەی لە سەر مێزی دانیشتواندا بوون پاڵپشتی لە کورد دەکەن و لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە قبوڵ کراون. دیمانەی گرووپی تەنگژە، محەمەد ئەلشەبەکی، بەغدا، ٢٨ ئایار ، ٢٠١٠ ئەندام پەرلەمانێکی پەزیدی گوتی: "نەتەوە یەککگرتووەکان وا دەزانێ ڕۆڵێکی باش دەگێڕێ بە قسەکردن لەگەڵ کەمینەکان و وەرگرتنی بۆچوونمان بەڵام بێ بەشداری پێ کردنمان لە پرۆسەکەدا. ئێمە تێدا بەشدار نین. کێشەیەکی تر ئەوەیە کە نەتەوە یەککگرتووەکان هەندێ لە زانیارییەکان لەبارەی ئەو ناوچەیە لە

کوردەوە وەردەگـرێت، بۆیە کاتێک ئەوان بەدوای یەزیدییەکدا دەگەڕێن بۆ نوێنەرایەتیی ئێـمـە، ئەوان قسە لەگەڵ یەزیدییەک دەکەن کە کورد دەیناسن و کە لایەنگری ئەوانە. ئێمە هەموومان وەکو یەک نین، بەڵام ئەوان وا دەزانن کـە قـسـەیان لەگـەڵ یەزیدییـەک کردووە کـە نوێنەری هـەمـوو یەزیدییەکـانە. بەم شێوەیە زۆر شت هەیە کە نایزانن، ئەوان پێویستە لەمە تێبگەن" دیمانەی گرووپی تەنگژە، ئەمین فەرەح جیجۆ، بزووتنەوەی یەزیدی بۆ چاکسازی و پێکەوتن، بەغدا، ٢٩ حوزەیران ٢٠١٠.

٢٠٥- لە گفتوگۆکانی نێوان پارێزگاری نەینەوا ئەسیل نوجێفی و سەرانی کورد لە هەولێر لە ١٥ی ئایاری ٢٠١١، هەردوو لا ڕێک کـەوتن لەسـەر ئەوەی ٨٠٠٠ پۆلیس و ٦٠٠٠ سـەربازی سـوپا لە مـوسڵ دامـەزرێنن. یەکێک لە بەشدارانی گفتوگۆکان گوتی، کاتێک ئەو پیاوانە مەشقیان پێ کرا، ئەو کاتە پۆلیسە عەرەبەکان لە ناوچە عەرەبنشینەکان دادەنێین و پۆلیسە کوردەکان لە ناوچە کوردنشینەکاندا دادەنێین و بە هەمان شێوەش بۆ کەمینەکان. ئێمە دیراسەی دانویشتووانمان بەپێی ناوچە کردووە و بۆ هەر ناوچەیەک ئەو ژمارەیە لە پیاوانی تەناهیی بۆ دادەنێین کە پێویستی پێیەتی بەپێی قەبارەی ئەو کۆمەڵە نەتەوەیی یان ئاینییەی لەوێ هەن" دیمانەی گرووپی تەنگژە، بەغدا، ٢٧ ئایار ٢٠١٠.

٢٠٦- دیمانەی گرووپی تـەنگژە، ئوسامە نوجێفی، ئەندام پەرلەمانی عێراقییە، بەغدا، ٧ ئاب ٢٠١٠ ئەندام پەرلەمانێکی تری عێراقییە گوتی "مالیکی لەبەر چاوی هەمووان (لە ئەنجوومەنی وەزیران) ڕەزامەندی دەردەبڕێت. دواتر بەهۆکاری ترەوە پێشوەچوون پەک دەخات." دیمانەی گرووپی تەنگژە، واشنتۆن، ٢ تشرینی دووەم ٢٠١٠.

٢٠٧- وەکو لە سـەرەوە ئاماژەی پێ کـرا، زۆر لە کورد یەزیدییەکان بە گـرووپێکی نامـوسڵـمـانی کوردی دادەنێن، بەڵام زۆر یەزیدیش لەگەڵ ئەم ڕایە نین. یەزیدییەکان گرووپێکی ئاینیی جیان کە دیالێکتێکی کوردی قسە دەکەن کە زۆر وشەی لە عەرەبییەوە وەرگرتووە. لەبەر هۆکاری فرە کولتووریی باکوری عێراق و مانەوە لە جیهانێکی پڕ لە گرووپ ئالۆز و کێبڕکێکار، یەزیدییەکان ناسنامەی خودی خۆیان گۆڕیوە و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە کورد، تورکمان، عەرەب یان ئاشوری. بن. سەرکردایەتیی کوردی بەزۆری ئەو چمکەی پەخش کـردووە کـە یەزیدییـەکـان کـوردن. بڕوانە ڕاپۆرتی گـرووپی تەنگژەی نیودەوڵەتی، بەرەی شەڕی نوێی عێراق، پێشتریش هەمان سەرچاوە ئاماژەی پێ کراوە، لاپەڕە ٣٠- ٣٣,

٢٠٨- دیمانەی گرووپی تەنگژە، هەولێر، ژ٨ کانوونی دووەمی ٢٠١١.

٢٠٩- ئەم دوو لقە نووسینگەیەی باڵوێزخانە سەرباری کونسوڵخانەکانی ئەمەریکان لە هەولێر و بەسرا. بەپێچەوانەی کونسوڵخانەکان، بوونی ئەو نووسینگانە وا بڕیارە بۆ ماوەی چەند ساڵێکی دیاریکراو بێن. ستافی ئەو نووسینگانە لە ئەرکی تیکی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی بەردەوام دەبن لە کەرکووک و نەینەوا بەڵام بە پشتبەستن بە ستافێکی زۆر بچووکتری تەکنیکی و کە زیاتر خەمی ئاسایشی خۆیان دەبێ لە کاتی ڕۆیشتنی سەربازانی ئەمەریکا (کە کۆمپانیای تەناهی جێیان دەگرێتەوە). لقە نووسینگەکان، وێڕای هاندانی گەشەی ئابووری و بازرگانی، هەروەها بەشدار دەبن لە ناوبژیوانیی و چاودێریکیردنی ململاینێ و مەشقپێدانی پۆلیس و چالاکییەکانی تری سەروەریی یاسا. دیمانەی گرووپی تەنگژە، بەرپرسی ئەمەریکایی، کەرکووک، ٢١ کانوونی دووەم ٢٠١١.

٢١٠- دیمانەی گرووپی تەنگژە، کەرکووک، ١٩ و ٢٠ی کانوونی دووەم ٢٠١١: لەگەڵ ئەندام پەرلەمانانی شاری کەرکووک، بەغدا ١٢-١٧ کانوونی دووەم ٢٠١١.

٢١١- دیمانەی گرووپی تەنگژە، بەغدا، ١٥ کانوونی دووەمی ٢٠١١.

٢١٢- هەرچەندە ئەرکی شەڕوانیی ئەمەریکا لە عێراقی بەشێوەیەکی رەسمی لە ٣١ی ئابی ٢٠١٠ کۆتایی پێ هات، هێشتا نزیکەی ٥٠,٠٠٠٠ سەربازی پڕ چەک لە عێراق ماون کە تەنیا لە حاڵەتی هێرش بەرگری لە خۆیان دەکەن.

٢١٣- هێزە لە شوێنە زۆرینە کوردەکانی ناوچە جێناکۆکەکان کۆنترۆڵی تەناهی لە دەست هێزە تەناهییە کوردییەکاندایە (لە پارێزگەکانی دیالە و سەلاحەددین و کەرکووک و نەینەوا)هەروەها لە شاری کەرکووکیش. ئەوان ئارەزووی ئەوە ناکەن لە ڕووی سەربازییەوە لەو ناوچانە تێپەڕن. هێزەکانی حکوومەتی بەغدا، بە پێچەاونەوە، ئارەزووی ئەوە دەکەن کە پاڵ بە هێزە کوردییەکانەوە بنێنەوە بۆ ئەوەی لە هێڵی تەماس دوور کەونەوە و بگەڕێنەوە بۆ ئەودیوی هێڵی سەوز، یان بە لایەنی کەم لە ناوچە تێکەڵاوەکانیان وەدەر بنێن بۆ نموونە شاری کەرکووک. ئێستە هێزەکانی حکوومەت ئەو توانایەیان نییە کە بەشێوەیەکی سەرکەوتوو بەربەرەکانێی هێزە کوردییەکان بکەن، هەروەها بوونی سیاسیی کورد لە بەغدا پشکنینێکی تر دەخاتە سەر تمووحەکانی هێزە سەربازییەکانی عێراق لە ناوچە جێناکۆکەکان. بە تێپەڕبوونی کات ڕەنگە ئەم هاوکێشەیە بگۆڕێ، ڕەنگە لە بەرژەوەندیی حکوومەتی عێراقی بێ ئەویش دوای ئەوەی توانا سەربازییەکانی بنیات دەنێتەوە بە یارمەتیی ئەمەریکا.

٢١٤- قسەی ستاندەری ئەوانەی کە دەڵێن پاڵپشتی لە بەدەوڵەتبوونی کورد دەکەن ئەمەی: "ئێمە لەگەڵ کورد هاوسۆزین، ئەوان شایانی سەربەخۆیین. بێگومان ئێمە پاڵپشتییان لێ دەکەین _ بەڵام بێ کەرکووک" دیمانەی گرووپی تەنگژەی نێودەوڵەتی، عێراق، ٢٠٠٥ - ٢٠١١.

٢١٥- کورد پێداگری دەکا لەسەر ئەوەی ناوچە زۆرینە کوردییەکانی شوێنە جێناکۆکەکان لەگەڵ شاری کەرکووکیش بخرێنەوە سەر کوردستان. ئەوان دەستهەڵگرتن لە ناوچەی جێناکۆکیی تری زۆرینە عەرەب یان بەتەواوی تێکەڵ لە ڕووی نەژادییەوە لە بەرامبەر ناوچە جێ ناکۆکە زۆرینە کوردەکان دادەنێن.

٢١٦- یۆنامی دەڵێت کە دوو بواری سەرەکیی هەیە کە تیشکیان دەخاتە سەر لە ساڵی ٢٠١١: ناکۆکیی نێوان عێراق و کوێت لەبارەی قەرەبووی کوێت لەلایەن عێراق بەهۆی داگیرکارییەکەی ساڵی ١٩٩١ و دیاریکردنی سنووری نێودەوڵەتیی نێوان ئەو دوو وڵاتە، هەروەها پرسی سنوورە ناوخۆییە جێناکۆکەکانی عێراق. دیمانەی گرووپی تەنگژە، بەرپرسانی یونامی، بەغدا٥٤٤ ١٥ کانوونی دووەم ٢٠١١.

٢١٧- بڕوانە ڕاپۆرتی گرووپی تەنگژە، نەوت بەرامبەر خاک، پێشتریش هەمان سەرچاوە ئاماژەی پێ کراوە.

# شاخەوانەکانی فورات

ئێلسوێرت هەنتگتن

ئەمە قەفی یەکەمی زنجیرەیەک وتاری هەنگتنە لەبارەی ئەو هەرێمە بچووکانەی ئاسیانووسیانی کە زۆر کەسی لەبارەیەوە زاندراوە لە۱۹۰۹ لە کۆواری ناشناڵ جیۆگرافیک بڵاو بووەتەوە.

ناشناڵ جیۆگرافیک ۱۹۰۹ National Geographic

سێ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا پاشایە مەغرورەکانی ئاشوور سوپا مەشقدراوەکانی خۆیانیان بەرەو هەرێمی باکوری ڕووباری فورات و دیجلە برد. شاخەوانە بێ ئەزموونەکان پێشیان لێ نەگرتن، بگرە ڕایان کرد و خۆیان لەو بەرزاییانەدا وەشارد کە سەربازە شارستانەکانی دەشتەکانی میسۆپۆتامیا پێیان نەدەگەیشتن و گوندە لە قوڕ و بەرد دروستکراوەکانی خۆیانیان بۆ بەجێ هێشتن و ئاشوورییەکانیش هەموویان لێ خاپوور کردن سووتاندنیان.

بەپێی ئەو نووسراوانەی کە تا ئێستاش لەسەر بەردە تاشراوانەکاندا پارێزراون، پاشایەکان باسی بەزاندنی ئەو نەتەوەیەیان کردووە، بەڵام بەزینەکە هەرگیز یەکجارەکی و بەردەوام نەبووە، لەبەرئەوەی هەر بەئاستەم سەربازەکان پاشەکشەیان کرد و بەرەو نزماییەکان هاتنەوە و دەستیان بە دزی و تاڵانێکی بێ ئەندازە کرد، کە شاخەوانەکان هاتنەوە و زێدەکانی خۆیانیان ئازاد و ئاوەدان کردەوە.

سەتان ساڵ لە پاشی ئەوان، زێنۆفۆن بە خۆی و بە دە هەزار سوارە یۆنانییەکەیەوە (سەیری کتێبی – دە هەزارەکەی مارتن کێرتس فۆرد: وەرگێڕانی – مامکاک: چاپی دەزگای ئاراس: بکە)

---

وەرگێڕانی لە ئینگلزییەوە: مامکاک (تاهیر تەیب ئەحمەد)



هەواڵنامەی کتێب

لە دامێنی فوراتەوە بەرەو هەورازی هەڵکشا و بە دەشتە کاکیبەکاکییەکانی ترێبزۆندا ڕەت بوو: ئەو شاخەوانانە هێشتا هەر مابوون و سەریشیان بۆ کەس دانەنواندبوو. بە درێژاییی شەوێ بەردیان لە شاخەکانەوەڕا بەسەر لەشکری زێنۆفۆندا بەردەدایە خوارەوە و ئەو لەشکرە دە هەزار کەسییە دەرەقەتیان نەهاتن و تەنیا پێیان کرا بە فێڵ پاشەکشە بکەن و خۆیان لە دەستیان دەرباز بکەن.

ئەمڕۆش گەورە ئیمپایەری میسۆپۆتامیا داتەپی، هێزی یۆنانستان دامرکاوە، لێ تا ئێستاش ئەو شاخەوانانە هەر بەبێ یاسایی دەجووڵێنەوە و نەهامەتی بۆ ئەو گەلە دێنن کە لەو دەشتاییەدا دەژین.

ئەمانە نەوەکانی ئەو کاردۆخییانەن کە ڕێیان لە پێشەوەچوونی لەشکرەکەی زینەفۆن گرت، ئەمانە کوردن – ڕەگەزێکی توند و بەهێزی ئارییاین و پێڕەوی ئاینی محەمەدی دەکەن. گاوێک هاوپەیمانییەتی پارسەکانن و بێنێکی تریش هاوپەیمانی ئەرمەنییەکانن. وڵاتەکەیان کەوتووەتە بەشی خوارووی دەشتی ئەرمێنیا و لەگەڵ سەرچاوەکانی هەردوو ڕووباری فورات و دیجلە دەڕوات و بەناو زنجیرە کێوەکانی زاگرۆسدا تێ دەپەڕێ، زاگرۆس ئەو زنجیرە شاخەیە کە لە باشووری دەریاچەی وانەوە بەرەو باشووری ڕۆهەڵات دادەکشێ و تا کەنداوی پارسی دەڕوات و سنوورەکانی نێوان تورکیا و وڵاتی پاریس پێک دێنێ. لەوێ ئەو کوردانە مەڕداری دەکەن، لەبەرئەوەی زۆربەیان شوانن. ئەوەندەش بۆیان بلوێ کشتووکاڵیش دەکەن و زەوییەکانیان دەکێڵن.

هەرچەندە کورد لەو گوندانەدا دەژین کە لە کۆمەڵێک خانووی قوڕ یان بەرد پێک هاتووە، لێ هەموو هۆزەکان کەم و زۆرێک هەر ڕەوەندی دەکەن. زۆربەیان هاوینان یان لە چادردا دەژین کە ڕەنگەکانیان قاوەیییەکی تاریکە یان ئەوەتا لە ڕەشماڵی مووی بزندا دەژین کە لەسەر چەند ئەستوونێک هەڵدراوە. زۆر لە ماڵەکانیان دوور ناکەونەوە. بەڵام جاری ئاواش دەبێ کە بەشاخەکان هەڵدەگەڕێن و ئەمەش کارێکە بە دەگمەن دەیکەن، لەبەرئەوەی چیایەکان فرە ساردن و زستانان بەفریان لێ دەکەوێ. ژمارەیەکی زۆریان هەموو ژیانیان بەڕەوەندی دەگوزەرێنن و زستانان سەتان مایڵ دەبڕن و دێن لە دەشتەکانی گەرمیانی میسۆپۆتامیادا هەڵدەدەن و هاوینانیش بەرەو ناوچە فێنکە پڕ لەوەڕەکان هەڵدەکشێن، ئەو کۆمەڵە ڕەوەندە بە پێی سیستەمێکی نیوە خێڵەکی و نیوە ئاینی دامەزراوە، کەچی کوردە مەیلەو خێلەکییەکان یان سیستەمی خێڵەکایەتی یان بنەماڵەگەری پێڕەو دەکەن. ئەم سیستەمەیان وەک ئەو سیستەمەیە کە لە چەرخەکانی ناویندا لە ئایرلاندا پێڕەو کراوە و یان ئەوەتا ئاغاکان حوکم دەکەن و ئەمانەش بە زۆری دەسەڵاتێکی موتڵەقیان هەیە و کەس نییە قسە لە قسەیان. بکا و پێیان بڵێ لەل.

کوردەکان نەدارن، ڕێی هاتوچۆیان بەناو شاخەکاندا سەختە و ئەوانیش خۆیان توندوتۆڵن و سەختیی ژیانیان فێری کۆڵنەدانی کردینە. کەچی ئەوانەی لە ناوچە دەشتاییە مەیلەو نەرمانەکاندا دەژین، ژیانیان لە شاخاوییەکان ئاسوودەترە، بەڵام ئەمانە کەمتر خۆیان پێ

دەپارێزرێ و فرە کەڕەت ناچار دەکرێن دەستووەکەری بکەن و تووشی شەڕ دەبن. هەموو ئەو فاکتەرانە وێکڕا خڕبوونەتەوە و کوردیان وەک ڕەگەزێکی دز و ڕێگر دروست کردووە. جیۆگرافناسی ناودار ڕێکلەس دەڵێ: "هیچ ڕەگەزێک، نە بلوچ و نە بەدەوی و نە ئاپاچی نەیانتوانییوە وەک ئەو هۆزە کوردە شەڕنگێزانە غەریزەی تێکدانیان پەرە پێ بدەن".

لە دەرسیم لە هەموو شوێنەکانی تر پتر بەبێ قانوونی دەژین. دەرسیم ناوچەیەکی شاخاویی سەختە کەوتووەتە ناوەندی دوو جۆباری فورات. سالانێکی بێ ژمارە دەسەلاتدارانی تورک وەک ئاشوورییە دیرۆکییەکانی پێش خۆیان، بێهوودە هەوڵ دەدەن سەر بەو کوردە قزڵباشانە نەوی بکەن. هاوینی پارەکە بوو هەلێکی لەم جۆرە ڕەخسا. زستانی ١٩٠٧ – ١٩٠٨ باش نەباری بۆیە بەرهەمی کوردانیش پڕ خراپ بوو و نەیانتوانی نەبەرووبوومی بناری شاخەکان و نەهی ناو دۆڵە تەنگەبەرەکان بدروونەوە. پێویست بوو لەو شوێنانەی کە هاتبوو خۆراکیان بۆ بچێ. کەم کەسانێکیان دەستیان بە ڕاوڕووتی دراوسێیەکانیان کرد. بەڵام زۆرینەی خەڵکەکەیان ویستی بەڕێگەی حەڵاڵ خۆراکی خۆیان و ماڵ و خێزانیان وەدەست بێنن.

حکوومەت بیستی کە کورد بڕێکی زۆر گەنمیان کڕیوە و خەریکە بە کاروان بۆ دەرسیمی دەبەن. بەرپرسەکان گوتیان: "ئێستاکە ڕۆژمانە و دەبێ، بێ ئەوەی هیچ زیانێک لە خۆمان بدەین، گورزێکی کوشندە لە کوردان بوەشێنین" فەرمان بە لەشکر درا بچێ و کاروانەکە بگرێ. کە کورد بیستیان خۆراکی ماڵ و منداڵیان بە تالان دەچێ، لە هەموو لایەک ڕاپەڕینێکی توندوتیژ دەستی پێ کرد. حکوومەت فەرمانی بە لەشکرەکانی دا بچنە ناو شاخ و کێوەکان. بەڵام لە سەرەتادا سەربازەکان نەچوون. لەبەرئەوەی نیوەی مووچەیان پێ نەدرا و نیوەی پۆشاکیشیان هەبوو. بۆ دەبێ ژیانی خۆیان بە نەشارەزایی لەو ناوچانەدا بدۆڕێنن کە دوژمنەکەیان خۆی لە پەنای بەردی ئەو شاخە سەرکەشانەدا دەشارێتەوە و هەرگیز بواری ئەو داگیرکەرانە دەستپێشخەر بن و بەئاسانی ڕاویان بکەن. بەڵام قسە هەیە کە لە کۆتاییدا ٣٠,٠٠٠ سەرباز ڕەوانی مەرزەکانی دەرسم کران. لێرە و لەوێ شەڕ و کوشتار قەوما و چەند کەسێک لە هەردوو لادا کوژران و هەندێ سەرکردەی کوردیش زیندانی کران.

کورد سزا دران، وەلێ داگیر نەکران، ڕەنگە تا ئەو جارەش برسی دەبنەوە بە ئارامی دابنیشن. وەک هەموو نەهامەتییەکانی تورکیا و ئەلبانیا لە بەلقان و وەک نەهامەتییەکانی عارەبان لە بیابانی سووریا، ناکرێ وایان لێ بکرێ کە ئاشتییەکی هەمیشێنە بپارێزن تا ئەو کاتی کە گۆڕانکاریی ئابوورییان بۆ دەکرێ. بۆ ئەمەش دەبێ نەهێلن چیی تر سەختی بچێژن و لە داهاتووش بەم شێوەیە تووشی گرانی نەبنەوە.

بەشی باشووری دەشتی ئەرمێنیا کە زۆرینەی کوردە شەڕەنگێزەکان لەوێ نیشتەجێن، شاخی زۆری لێ هەیە و زۆر جارانیش زەوییەکانی ناو ئەو دۆڵانە تووشی نەهاتی دێ. دەشتاییەکە بواری هەمەجۆری لێ ڕەخساوە. ئەوەی لە دەرەوەڕا دیارە، شاخەکانی گەلەک بەردی بەکەڵکیان

تێدا هەیە و فرە گرکانیان لێیە، لەوانەیە نەمرود و سیپان لە نێزیک دەریاچەی وان و لەم دواییانەشدا ڕوون بووتەوە کە کونی گڕکانەکان و شوێنەکانی تریش فرە کانی گەرماویان لێیە. لە نزماییەکانیشدا فورات و دیجلە ژمارەیەکی زۆری شیو و دۆڵی تەنگەبەریان لەو شاخانەدا تاشیوە و ئەو گۆل و گۆماوە پان و بەرینانەی لەوێدا هەنە دەورەیان پڕی پێدەشتی بە پیت و بێرن.



خێزانێکی ئەرمەنی لە خاوەن ماڵ و کوڕەکەی و ژنەکەی و بەردەستەکەیان پێکهاتووە

دەشێ هەموو ئەو ناوچانە لە بنەڕەتدا لە بەردەستی کاردۆخییەکاندا بوو بێ، ئەو کاردۆخییانە باوە گەورەی کوردانن. دوو هەزار ساڵ بەر لە ئەمڕۆ ئەرمەنییەکان خاکەکایان لەو کوردانە داگیر کرد و پاشان ئەوانیش بەم نێزیکانە بوو کە تەسلیمی دەستی تورکانیان کرد. لە ئەنجامی ئەم هەموو کێشمەکێش و بێنەوبەردەیە و بەهۆی تۆپۆگرافیای فرە جۆری ئەم هەرێمە، ئەمڕۆ دەبینین کە ئەم وڵاتە دابەش بووە و سێ ڕەگەزی تێدا دەژین – کورد و ئەرمەنی و تورک – تورکەکان ئێستاکە ناوچەی هەورازی فوراتیان داگیر کردووە. کوردەکانیش لەبەرئەوەی ڕەگەزێکی داگیرکراون، شاخەکان و هەندێ لەو دۆڵ شیوانەیان گرتووە کە کەمتر دەستی دوژمنیانی دەگاتێ. کوردیش هەموو ئەو نەتەوانەی کە خاکیان داگیرکراوە و داگیرکەران بەرەو ناو کێو و کەژەکان ڕاویان ناون، ئێستاکە وایان لێ هاتووە داگیرکەرانی خاکەکەیان دەتۆقێنن.

ئەرمەنییەکان شوێنێکی نێوان کورد و تورکەکانیان گرتووە. هەندێ جاران لەناو شاخەکاندا دەژین و هەڵوێستی شەڕەنگێزی دەگرن. گەلێ جارانیش هەندێک لە گۆڵ و گوندە لاچەپەکان دەگرن کە شاخ چەپارەی داون و زۆربەی خاکە بە خێروبێر و بەپیتەکان بەدەستی ئەوانەوەیە. تورکەکانیش قازانجیان ئەوەیە کە لەمێژ نییە ئەو خاکەیان داگیر کردووە، ئیتر هەرچی زەویی بەپیت و شاری بەبێر هەیە هەموویان بۆ خۆیان پاوان داوە. ئەو خاکانەی ئەو سێ نەتەوەیە بە دەستیانەوەیە، بەچاکی سنوور بەند نەکراوە و مەرزەکانی نێوانیان دیار نییە. لە هەندێ شوێندا کورد و تورک و ئەرمەنەکان لە نێزیکی یەکتریدا دەژین و زۆر جاران پەلاماری یەکتری دەدەن و بەشێکی لێی داگیر دەکەن. لەگەڵ هەموو ئەو مشتومڕەش هەرسێ ڕەگەزەکە لە یەکتری دوور دەژین و هەر یەکێکیشیان نەریت و دابی تایبەت بەخۆی هەیە.

کورد و ئەرمەنی و تورک کەیفیان بەیەکتری نایەت. کورد ڕقی لە تورکە لەبەرئەوەی تورکەکان

کوشتاریان لێیان کردووە و زۆریان لێیان سەندووە و ڕێیان گرتووە ناهێڵن وەک پێشان شەڕ و ڕاووڕووتی بکەن. ڕقیشیان لە ئەرمەنییانە، لەبەرئەوەی ئەرمەنی دیانن و هەر کاتێکیش تورک ڕێگەیان بدا، بە ئاسانی ڕێ لە ئەرمەنییان دەگرن و بەخراپی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکەن. لەگەڵ ئەمەشدا هاوسۆزییەکیان لەگەڵ ئەرمەنییاندا هەیە، لەبەرئەوەی ئەوانیش وەک خۆیان ئاسا تورک دەیانچەوسێننەوە.

ئەرمەنییەکانیش ڕقیان لە کوردیشە و لە تورکیشە و لێشیان دەترسێن، لەبەرئەوەی هەرچی کوردەکەیە تاڵانیان دەکات و هەرچی تورکەکانیشن سەرکوتیان دەکەن و سزایان دەدەن. جگە لەمە، ئەرمەنییەکان گاڵتەیان بە هەردوو نەتەوەی کورد و تورک دێ، لەبەرئەوەی لەلای ئەرمەنییەکان هەردوو لایان هەندەی ئەو بە مێشک و بلیمەت نینە. جا تەنیا بەکاری چاکتر و پوختەیی بەڕێوەبردنی کار و کاسبی و بەخۆ لە حاکم نێزیککردنەوە، دەتوانن شوێنی خۆیان لەو ناوەدا بەچاکی بکەنەوە. جێی سەیر نییە کە کەسایەتییەکەی ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخە بێت کە تێیدا دەژی.


کۆمەڵە ئەرمەنییەک خۆیان بۆ شیف خارن سازداوە

تورکەکانیش لەلای خۆیانەوەڕا، ڕقیان لە کوردەکان دەبێتەوە لەبەرئەوەی زۆربەیان تەمبەڵن و بایەخ بە ئەنجامی کارەکانیان نادەن و بەچاکی ڕایان ناپەڕێنن، یانیش لەبەرئەوەی لەو محەمەدییانەن کە ڕێبازی ئاینییان لەگەڵیان جیاوازە و هەروەها، چونکە گەلێکی سادە و ساکار و بێ پێچوپەنانە. تورکەکان لە کوردان دەترسن، لەبەرئەوەی کورد دڕندەنە و ئومەتێکی بێ قانوون و بایەخ بەو کەسانە نادەن کە باج کۆ دەکەنەوە و هەر کە هەلێکیشیان بۆ بڕەخسێ زۆر بەپەڕۆشییەوە دزی لە فەرمانبەرانی تورک دەکەن. تورکەکان ئەرمەنییەکانیشیان خۆش نەگەرەکە، لەبەرئەوەی وەک ئەوەی بۆ خۆیان بۆیان ڕێک خستوونە، بە ناڕەزایی پێیان دەڵێن: "ئەمانە سەگە دیانی ترسنۆکن" تورک ڕقیان لە ئەرمەنییانە، لەبەرئەوەی دەزانن ئەرمەنی زۆر لە خۆیان گورجتر و زیرەکتر و بلیمەتترن و خوێندەوارییان پترە و لەوانیش باشتر پەروەردە بووینە.

تورکەکان دەزانن کە نە لەلایەنی مێشک و زیرەکی و نە لەلایەنی پیشەسازییەوە بەو ڕەگەزە ناگەن. ئاگەداری ئەوەشن کە ئەرمەنییەکان لەو پێشڤەچوونەی لە بواری پەروەردە و پیشەسازیدا وەدەستیان هێناوە، فرە قەرداری ئەمەریکاییە مزگێنیگەیەنەکانن. لە پێش ئەو شۆڕشانەی ئێستا وا دەکرێ و دوو – سێ ساڵ پاش ئەو کۆمەڵکوژییەی لە ١٨٩٤ – ١٨٩٦ کوردەکان و بەهاندان و قایلمەندی تورکەکان لەناو ئەرمەنییەکانیان کرد، تورکەکان بەگشتی، هەستیان پێ کردووە کە



گەڕەکێکی شاری خەرپووت

ئەرمەنییەکان لەوان باشترن ئەمەش لە قسەیەکیان وەدەر دەکەوێ کە دەیانگوت: " ئەم گاورانە چەند ساڵێک بەر لە ئێستا هیچیان نەبوو، کەچی ئێستاکە وا لە ئێمە باشتر دەخۆن، چ بکەین باشە؟".

ئەگەر لایەنی ڕەگەز وەربگرین، دیارە کە ئەو تورکانەی لە ناوچەکانی هەورازی فوراتدا دەژین، هیچ هۆیەکیان نییە بۆ ئەوەی ڕقیان نە لە کورد و نە لە ئەرمەنییانیش ببێتەوە. دوو لە سێی ئەوەی بۆیان ماوەتەوە، یان هی ئەم ڕەگەزەیە یان هی ئەوەکەی تریانە. خۆ هەر ئەوەش نییە کە ئافرەتی کورد و ئەرمەنی بەتۆبزی بۆ ناو حەریمی تورکان بردراون، بگرە ئێستاکە پرۆسەیەکی تواندنەوەشیان بەڕێوەیە و پێڕەو دەکرێ. هەر کە کوردێک لە شاخەکان دادەبەزێ و دێ لە شارێک یان لە گوندێکی گەورەدا ئیش دەکات، ناچار دەکرێ بەتورکی قسە بکات و ناهێڵن ئەو زمانەی خۆی بەکار بێنێ کە لە زمانی پارسی نێزکترە. هێدی هێدی نەرێت و زمان و شێوەی بیرکردنەوەی کوردی لە بیر دەکات و خۆی تەسلیمی تورکەکان دەکات، بەتایبەتیش ئەگەر ئەمە پشتیوانی ناو کۆمەڵی هەبێ. هەموو گوندەکانی سەرتاسەری وڵات کوردن، بەڵام لە گوندی تورکاندا کەوتوونە و ئەمەش وا دەکات بەشێنەیی لەگەڵیان تێکەڵاو بن و لەناویاندا بتاوێنەوە. هەندێ گوندی تریان هەیە کەوتوونەتە ئەو شوێنانەی کە ئێستا شوێنی تورکییان پێ یێژن، لێ هەموو نەریت و ڕەوشتییان هی ئەو دانیشتوانەیە کە زەمانێک کریستیانی ئەرمەنی بووینە. ئەمانە بە ناچاری لەو سەردەمانەی سزا دەدران بە تۆبزی ئایینگۆڕکێیان پێ کرا و ئێستاش بە ژن لەگەڵ تورکان تێکەڵی یەکتری بووینە و محەمەدی ئازا و نەبەردیان لەناوێدا لێ پەیدا بووینە.

نموونەیەکی ئاشکرای گۆڕانی ئەرمەنییەکان و بوونیان بە "تورک" لەو پێدەشتەی گۆلی بیرمەزی باشووری هەرپوت دیارە. گوندنشینەکان لە ماڵەکانی خۆیان پێیان دەڵێن کورد، بەڵام کە بە سەفەر لە دێیەکانیان دەرچوون، ئیتر پێیان یێژن تورک. بە قسەی هەندێ لەو چەرچییە ئەرمەنییە باوڕپێکراوانەی کە بەردەوام مەڕوماڵاتیان لێ دەکڕن، دەڵێن تا ئێستاش ئەو لادێییانە پێش خواردنیان خاچەکە لەسەر سینگیان نیشان دەکەن و هەموو نەریتەکانی باپیرە ئەرمەنییەکانیان، ئەوانەی چەند سەت ساڵ پێشی ئێستا لێرە ژیاون، پێڕەو دەکەن.

هەرچەندە بەپێی بنەواکانی ئاینیی محەمەدی بانگ دەدرێ، لێ هیچ تەلارێکی ئاینیی لەو گوندانەدا نییە. پێ دەچێ پرۆسەی بوونە "تورک" نیوەی قۆناخەکەی بڕیبێ. ڕەنگە چەند سەت

ساڵێکی تر دانیشتووانی ئەو گوندانە بڵێن ئێمە تورکی ڕەگەز پاکین. تێکەڵاوی هزرە ئاینییەکان لەناو دانیشتووانی ناوچەی هەورازی فورات یەکە. دەرسیم ئەو ناوچەیەی پێشتر باسی کرا کە کەوتووەتە نێوان دوو لقی فورات، دانیشتووانەکەی بە زۆری کوردە قزڵباشەکانن. ئەو کوردانە نە محەمەدی باشن و نە دیانی باشن و نە کافری باشیشن. زۆربەیان پێڕەوی مەزەبی شیعە محەمەدییەکان دەکەن و سوننە محەمەدییە تونڕۆیەکانیش هەندەی تورکەکان ڕقیان لێیان دەبێتەوە. ئەو کوردە قزڵباشانە زۆر بەکراوەیی خواپەرستیی خۆیان دەکەن، لەبەرئەوەی کە لە ماڵەکانیان دوور کەوتوونەتەوە ئیتر لەگەڵ سوننەکان وەک ئەوان نوێژ دەکەن و لەگەڵ شیعەکانیش بەپیکی ئەوان دەژەنن. زۆر جارانیش ئەگەر لە گوندێکی ئەرمەنییان بن و چاوی تورکانیان لێ دیار نەبێ، یەکسەر لەگەڵ ئەوان ڕێنوێنییەکانی دیانەکان پێڕەو دەکەن و لەگەڵ ئاپۆڕە ئەوان سەجدە و ڕکووعی خۆیان دەبەن. لە ماڵەوەش ئەگەر سەیدێکی لە نەوەی محەمەدییان میوان نەبێ یان پیاوێکی دینداریان لە ناودا نەبێ، هەرگیز ڕوو لە قیبلە ناکەن. لە ڕاستیدا ئەمانەش وەکو هەموو قزڵباشەکانی تر ڕەنگە بەشێکیان لە بنجوبنەوانیاندا ئەرمەنی بن و پێڕەوکردنی محەمەدایەتییان زۆر لەلا گرینگ نەبێ.

یەک لە نەریتە سەیرەکانی ئەو قزڵباشانە بۆنەیەکی دیرۆکییە کە پێ دەچێ لە بنچینەییدا هی فەڵەکان بێت. هیچ ئەوروپاییەک ئەمەی نەبینییوە، بەڵام بە قسەی هەندێک لەو ئەرمەنییانەی کە متمانەیان پێ دەکرێ و گێڕایانەوە ئەوەیە کە پیاوە قزڵباشەکان لە ڕۆژانی جەژنەکانیاندا لە مزگەوتان کۆ دەبنەوە و یەک لە دوای یەک لەسەر ئەژنۆکانیان دەڕۆن و لە مزگەوتێ نێزیک دەبنەوە، هەر کە نێزیک دەکەونەوە سەیدێک زوێرە گۆشتێک لە ناو بادە هەلدێنجێ و لە دەمی دادەنێ. ئەم جۆرە ئاهەنگگێڕانە لە دەستوورێکی ئاینیی فەڵایەتی بترازێ هیچی تر نییە.


قەڵاتی سەر دڕگەیەکی ناو ڕووباری فورات نزیک دەربەندێکە

لە زۆر شوێناندا تورک و کورد و ئەرمەنییەکان هەمان گڵکۆ و مەزار بەپیرۆز دەزانن، ڕەنگە هەندێکیان هەر هی سەردەمانێکی دیرۆکی بن و هی ئەو کافرانە نەبن کە سەردەمی خۆی بەرەنگاریی ئاشوورییەکان بووینەوە یان هی ئەوانە بن کە کاتی خۆی ڕێیان لە لەشکرەکەی زینۆفۆنی گرتووە. پیرۆزترینی ئەو شوێنانە لە کێوی مشارە (مشار داغ)، کەوتووەتە ناو کەنداڵێکی هەڵدێر کە ڕووباری فورات ئەو دڕگەیەی لە شاخی لە دەورەی هەرپووتی تاشیوە و

ڕووی لە ڕۆئاوایە و لە نێزیکی مەڵاتییەیە.

لە نێزیکی ڕووبارەکە تاتە بەردێکی زەبەلاح هەیە و ڕەگەزگەلێک ئەو بەردەیان تاشیوە کە بەناوی خواوەندەکەیان هەڵدی Haldi[1] ناسراون و ئەو شوێنەشیان وەک قەڵاتێک لێ کردووە کە ژمارەیەکی زۆر سەکۆ و پەیژە و ساردراوی تێدا لە بەردی هەڵکەندراون. چوار سەت پێ لە هەورازی لایە ڕووتەکەی شاخەکەوەرا، گڵکۆیەکی لێیە بە بەرد و قوڕ هەڵێندراوە و لە قسان ئەوە گۆڕی کچێکی



خواوەندی هاڵدی

موبارەکی ئەرمەنییە، ئەو کچە ئاگەداری لە پاشماوەی ئەو کەنیسە ڕووخاوە کردووە کە دوو هەزار پێ لە هەورازی گۆڕەکەی ئەوەوە لەسەر لووتکە هەرە بەرزەکەی شاخەکەیەوە. لە تەنیشتی گڵکۆکەی بنچکە دڕکێک هەیە کە پارچە پەڕۆی کۆنە لە هەموو لە هەمووی پێچراوە.

کە نووسەری ئەم بابەتە لە تەک قەبرەکەی هەڵوەستەیەکی کرد، ڕێ نیشاندەرە ئەرمەنییەکەی کە ساقۆیەکی هەتا سەر ئەژنۆ دەبەردا بوو، هەستا تیلمەیەکی لە لچکی پاڵتۆیەکەی دڕاند و بردی بە بنچکەکەیەوەی بەستا.

پرسیارم لێ کرد و گوتم: "ئەرێ ئەوە چییە؟ نەخۆشی؟" کابرا لە وەڵامیدا گوتی: "نا، نەساغ نیمە، بەڵام ڕەنگە ڕۆژێک جێیەکم بێشێ، جا ئەمە ئەو ژانە ناهێڵێ" ئینجا شرۆڤەی ئەوەی کرد کە گۆڕەکە ئێجگار پیرۆزە و کیژەکەی ناوی توانایەکی لە ڕادە بەدەری چاککردنەوەی هەیە. کوردەکانی دەڤەری هەمان باوریان بەو گڵکۆیە هەیە، چونکە ئەوانیش ئەو پارچانە لە بنچکەکەی دەئاڵێنن و براگەورەکانیان دێن لێرە دەیاننێژن، کەچی خەڵکە ڕەمەکییەکانی ها لە دامێنی شاخەکە و لە لێواری ڕووبارەکەدا دەشاردرێنەوە.

پێنجسەت تا شەشسەت پێ لە هەوراز ئەو قەبرستانەدا ئەشکەوتێکی شاخەنەرمەی لێیە. گڵکۆی شێخێکی بە ناو و دەنگی مەحمەدی لەناو ئەو ئەشکەوتەدا هەیە ناوی حەسەنە. ئەو گۆڕە فرە گەورەیە و قەبارەکەی ئاسایی نییە و بەخشتێکی زۆر و بێ ژمار دەورە دراوە خشتەکە بەو قەدیفە و قوماشە زرکەشانەوە ڕازاوەتەوە کە ئیماندارانی بۆ ئەوێی دێنن. نیوەی ئەو بەشەی دواوەی ئەشکەوتەکە کە گڵکۆیەکەی لێیە داپۆشراوە، لە پەنایەکی ئەوێ هەرچی پیسایەتی هەیە لێی شاردراوەتەوە لەوانە هێسک و جگ و دەماری ئەو کوشتییانەی کاتێک کە خەڵک بۆ زیارەتی

گـۆڕەکـە دێن، لەگـەڵ خـوێیاندا دەیانـهـێـنن و لە تەک گـۆڕەکـە دەیانبـەخـشـنەوە. لە دەرەوەی ئەشکەوتەکەش شـوێنی کـوشـتنەوەی ئاژەڵەکان دیارە – تاتە بەردێکی ڕەشـهـەڵگەڕاوی گـەورەی چوارگۆشـەیە و تەبەقەیەکی ڕەشی قەتماغەی ئەو کوشتییانە داپۆشراوە کە چەندان نەوەیە تورک و کـورد و ئەرمـەنی دەیانـهـێنن و لێـرە قـوربانیـیـان پێ دەکـەن و هـەر نەتەوەیەکیان گۆشـەکی تایبـەتی خۆی هـەیە بۆ قوربانیکردن. لە تەنیشت ئەو تاتە گـەورەیەدا تاتێکی بچـووک هـەیە هـەنـدەی شـاخ و قـۆچی ئەو کـوشـتـیـیـانەی لێ فـڕێ دراوە وەک گردۆڵکەیەک قیت بووەتەوە. لە نێوان ئەو شـوێنەی کوشـتنەوە و بەردەکـەی تەنیـشـتی سـێکوچکەیەکی زەبەلاح داندراوە و لەسـەری مـەنجـەڵێکی مـزی بـەزنجـیـری گـەورەی لە دارە، ئەو مـەنجـەڵە مسـەش خـواناسـەکان هێناویانە بۆ ئەوێ بۆ ئەوەی گۆشـتی تێـدا بکوڵێنن. لە کـاتێکدا هـەمـوو شـتێک لەو دەڤـەرە ترسـی دزینی لێ دەکرێ، لە هـەمـان کـاتدا پیـاو نییـە زاتی ئەوە بکا و بوێرێ دەست لە یەکێک لەو کەلوپەلانە بدات، تەنیا پەڕۆیەکان لێ دەکەنەوە بۆ ئەوەی بەمتفەڕکی لە قامکی خۆیانی بئاڵێنن.



چەند ئەرمەنییەک خەریکی چێکردنی کەڵەکێکن
لە قەراغی ڕووباری فورات

ئەو تاجـە پیـرۆزەی لە سـەری ئەم شـوێنـە جـینگڵ خـواردووەی ناو ڕووباری فـورات کـراوە، پاشـماوەی کەنیسـەی مشارە یانیش بـە قسـەی ئەرمـەنییەکان، سـەرپی هاروونە. لە تۆقەڵانی ئەو شـاخـەیە و ٢٣٠٠ پێ لە ئاوی ڕووبارەکە بڵندترە. ئەو پیـاوانەی ئەوەیان دروست کـردووە، یان فرە حـەزیان لە دیمـەنی ئەو بەرزاییـیە هـەبووە، یانیش هـەر بۆ خـۆپاراسـتن کـردوویانە. لەبـەرئەوەی بەڕاسـتی کـەنیسـەکە لە هەورازێکدا قیت کراوەتەوە کە بـە ئەسـتەم مرۆڤ دیگاتێ. یان دەشبێ ڕۆژپەرسـتـانی سـەردەمی پێشـووتر ئەو شـوێنەیان بە پیـرۆز زانیبێ. ئەوەی لە هـەمـوان پـتر لەو هـەورازەی فورات سـەرنجی مرۆڤ بۆ خـۆی ڕادەکێشێ ئەوەیە کە ئەم هـەموو قـەومە جـودایانەی وا لەم دەڤـەردا دەژین، چەندە لە یەکتری نێزیکن و لە چەند لاوە یەکتری دەگرنەوە. هـەرچەندە ئەوانە دووچاری داگـیـرکـردن هاتووینە و ڕەگـەزیشـیـان لە یەکـتـری جـودایە بەپێی پیت و بێـری ئەو دەشـتاییـیە بە فـەڕ و ئەو شـاخـە ڕێگرانەوە شـێوەی ژیـان و نەرێتیشـیان لێک بووەتەوە، لێ هێشـتا گلکۆی باپیرە مێژووییەکانیان وەک یەک بەپڕ بەهـا و پیرۆز دەزانن.

نەریت و شێوەی ژیان و بژێوی جۆری بیرکردنەوەی تورکان و ئەرمـەنییان تا ڕادەیەک بە چاکی

زاندراون، لێ جا ئەگەر هی کوردان لەگەڵ ئەواندا بەراورد بکەین تێ دەگەین کە شتێکی زۆر کەم لەم بارەیەوە کراوە. چەند نموونەیەکی کەم هزری ئەوەمان ڕەوشەن دەکاتەوە کە بزانین شێوەی هەرە دیاری کەسایەتیی کوردی چۆنە. لە بەهاری ١٩٠١دا، نووسەری ئەم بابەتە لەگەڵ پرۆفیسۆر تۆمەس هـ. نۆرتن بۆ دووسەت مایل بەیەکەوە بە ڕووباری فوراتدا شۆڕبوونەوە و بە زنجیرەیەکی زۆری ئەو دەربەندانەدا ڕەت بووین کە ڕووبارەکە بەناو کێوەکانی تۆرۆس پێیاندا ڕەت دەبێ. پێش ئەوە تەنیا یەک سەفەری لەم جۆرە کراوە ئەویش ڤۆن مۆلتکە کە کابرایەکی ناوداری جەرمانی بوو ١٨٣٨دا کردی.



چەند کەسێک لە ڕووبار دەپەڕنەوە

کەلەکەکە لە گوندی پێستی مەڕ دروست کرابوو. پڕ با بوو. سی پێستە دەبوون بەیەکەوە بەسترابوونەوە و وەک شیشلّدانی گەورە وابوون و لە بنکەی چوارچێوەی کۆڵەگەیەکەوە بەسترابوونەوە و کەلەکێکی سەرنجڕاکێشیان لێی ساز درابوو. لەلایەکەوە ناوە ناوە ڕووبارە تیژەکە لێژ دەبووەوە و بەرەو خوارەوە دەچوو لەلایەکی ترەوە کەلەکەوانە ئەرمەنییەکان ترسی ئەوەیان هەبوو تەقەیان لێ بکرێ. لەبەر ئەمە لە سەرەتادا ناچار بووین ناوە ناوە ئەو کەلەکە گرانە لە ڕووبار دەربێنین و بیگوازینەوەی و بەو هەورازانەدا بە سەری بخەین و بۆ شێوەکان شۆڕی بکەینەوە و بەسەر ئەو هەموو بەرد و دارەدا بیبەین تا لە شوێنێکی تر دووبارە بیخەینە ناو زێیەکە.

دەربەندەکە بەدرێژاییی دۆڵەکە دەڕۆیی و هەر تەسک دەبووە تا وای لێ هات نەدەکرا لایەنەکانی بپێودرێن. ئێمەش ناچار بووین بە دوای هەندێک دەرەبەندا بگەڕێین کە لەو دەرەبەندە نێزیکانە بەرینتر بن کە پێیاندا هەڵگەڕابووین. تا دەهات شەپۆلی بە خوڕتر لێی دەداین و پرووشکیان پێمان دەکەوت و ئاوەکەش لێژتر دەبووەوە و کەڵەکەکەش وەک تەختەخلیسکەی سەر بەفری لێ هاتبوو. جارێکیان شەپۆلێک لە یەک لە پیاوەکانی سەر کەلەکەکەی دا و بردی. برادەرێکی تەنیا کورتەکەکەی گرتبوو، جا ئەو خۆی بزر بوو و کراسەکەی ماوە. جارێکی تریان کەلەکەکە لە تاشە بەردێکی دەربەندە سەختەکەی دا، بەڵام خۆشبەختانە بەیەک پارچەیی ماوە و ئێمەیش بە سەلامەتی گەیشتینە جێ. لە کاتی ئەو سەفەرەی بە کەلەکی کردمان بۆ یەکەم جار لەسەر دەوبەیێک پێوەندیمان لەگەڵ کورداندا کرد. هەر کە بۆ لای بەلەمەکەیان لار بووینەوە، کەلەکەوانە



دەربەندی مەرمەڕی فورات لە نزیک کابان مەعدەنی

ئەرمەنییەکە گوتی: "ئەو دوبەیە دەبینن؟ ئەمە هی گوندێکی هەورازی گوندەکەی ئێمەیە. پار زستانێ، لافاو بردی. بەڵام هەر کە ئاوەکە نیشتەوە، هاتن و دوبەکەی خۆیانیان بردەوە. جا ئەرمەنی هەژار دەتوانێ چ بکات؟ خۆ تفەنگیان نییە. تورکەکان هەموو تفەنگەکانیان بردین."

کە بۆلای کوردەکان چووین، لە قەراخی ڕووبار نێزیک بووینەوە و پاشتر لە نێزیکیانەوە وەستاین. لەبری ماندوونەبوون کردنیان، گوتیان: "بەخشیش! بەخشیش! ئەمە دوبەی و ئێمەیە ئێوەش دەبێ کرێمان پێ بدەن." وەک ئەوەی کە پێشانیش باسمان کرد، لەلای ئەوان گرینگ نەبوو کە ئێمە بەلەمی خۆمان بەکار دێنین و بەڕووبارێشدا شۆڕ دەبینەوە و لێی ناپەڕینەوە. هەستان تفەنگ لوولە درێژەکانیان لێ دەرهێنایین و خۆیان ساز دا تا لێمانی ئاگردەن. پێمان گوتن قونسڵمان لەگەڵدایە ئینجا لێگەڕاین بڕۆین و پارەیان لێ وەرنەگرتین و تەقەیان لێ نەکردین.

پاشتر گەیشتینە قانە بەردێکی ڕووت کە لە قەراخی ڕووبارەکەیدا بوو و لەسەر ئەو بەردە ڕەقەدا قەڵاتێکی کۆنی لێ بوو ئەو قەڵاتە لە سەرەتادا هی ماڵدییەکان بووە و پاشان ڕۆمییەکان گرتوویانە و پاشان موسڵمانەکان دەستیان بە سەردا گرتبوو. لە دامێنی ئەو شاخەدا پاشماوەی مزگەوتەکانی پەرتاغێی لێ بوو. پەرتاغ شارێک بوو سەت ساڵێک بەر لە ئێستا لەشکر کردییە موڵگەی خۆی و ئیتر ناچار دانیشتووانەکەی باری شوێنێکی تریان کرد.

چەند مانگێک پاشتر سەردانی شارێکی نوێم کرد. شوێنێک قەشەنگ بوو لە بناری شاخێک ئەو شارە دروست کرابوو تژیی کانی بوو کە لەو شاخەوە ئاوێکی سازگاری ڕوونی خاوێن و سارد لە بن شاخی دەر هات و ئەو درەختانەی میوەی ئەو ناوەی ڕەباس دەکرد کە سێبەریان لە خانووە بان ڕاستەکان کردبوو. من و هاوڕێیەکانم لە بن سێبەری دارتووێک دانیشتبووین، و شووتیمان دەخوارد، ڕەنگی ناوکی شووتییەکە قاوەیی بوو. لەو کاتیدا کابرایەکی کەڵەگەت، بە هەڵەدان و هێنکەبڕکێوە هات و خۆی بەناو ئەو خانووەدا کوتا کە هەندێ سەرباز لەوێ بووبوون. یەکسەر لەوێ قیژەقیژ پەیدا بوو. ئەسپەکان زین کران. سەربازان چەک و تەقەمەنییەکانیا هەڵگرت. لادێییەکانیان لە ماڵەوە دەرکەوتن یان لەسەر زەوییەکانیان لە حەپەساوی گوێی خۆیانیان مووشت کردەوە و هاتن تفەنگەکانیان هەڵگرت و هاتوو چوون پەیدا بوو. هەندێک لە سەرباز و هەندێک



گوندییەکیی سواری کوندەیەکی فولێکراو بووە خەریکی پەڕینەوەیە ئاوی فوراتە

گوندییەکان بۆ یەک لا ڕۆیشتن و هیتریش بەلایەکەی تردا چوون. پێ دەچوو کە ڕانەمەڕێکی چوارسەت سەری لە دوورایی سەعاتە ڕێیەک لە گوندی دەلەوەڕان کە کۆمەڵە چەتەیەکی قزڵباشە کوردەکان بە تاڵانیات بردن. شوانێک زامدار بووبوو و ئەوانی تر تێیان تەقاند بوو. بویە خەریک بوو هەموو گوندەکە گەلەکۆی لێ دەکرد تا بەپەلە بچن و بگەنێ و پەزەکە بگێڕنەوە و دزەکانیش بگرن و سزایان بدەن. لەبەرئەوەی ئەرکمان بوو سەفەرەکەمان تەواو بکەین نەمانزانی ئەمە چۆن قەوما . حکوومەت هێندە زراوی چووبوو نەکا ئازار بە بیانییان بگات، هەستا پاسەوانەکانی ئێمەی زۆرتر کرد و کردیانییە چوار پاشان حەوت ئینجا بوونە شازدە سەرباز.

لە دوای سەفەری حەوت ڕۆژەی ناو ڕووباری فورات، لە قەڵای گەرگەر لەنگەرمان گرت. ئەو قەڵاتە لەسەر لووتکەی گردێکە و بەسەر دەشتەیان و بەرینەکەی میسۆپۆتامیادا دەڕوانێ. چەند ڕۆژێک لەوێ لە گوندێک ماینەوە کە بەشێکی بە دەستی کوردانەوە بوو بەشەکەی تریش هی ئەرمەنییان بوو.

ڕۆژێکیان چوومە دەرەوە بۆ ئەوەی نووسینێکی درێژی یۆنانی ڕوونووس بکەم کە هی سەردەمانێکی عیسایە نێزیکەی بیست کوردی ڕەشتاڵە، بە دەرێی پەمۆی سپی و کراسی سپی و پشتێنەوە بە دوامدا هاتن. کە من وشە کۆنە یۆنانییەکانم کۆپی دەکرد، ئەوان سەنگی خۆیانیان بەسەر تفەنگەکانیاندا دابوو و بەدەنگێکی نزم قسەیان لە بەینی خۆیاندا دەکرد و تا لە کۆتاییدا وا دیار بوو هاتنە سەر بڕیارێک و هەموویان بەشێنەیی و بێ ئەوەی هیچ بڵێن ئۆغر بوون. پاشان گوێم لێ بوو تەقە لە دوای تەقە دەکرا، پێ دەچوو لە دەروازەی قەڵاتەکەوەڕا هاتبێت.

کە چوومە دەرەوە، پێ دەچوو تازە نووسینێکی بەعارەبی لە سەردەرەی نووسرابێ و پاشان شێواندرابێ. دیار بوو کوردەکان تەقەیان لەوە دەکرد. کە هاتمەوە، بەردەستەکانمان بابەتەکەیان بۆ بەو شێوەیەی کە لە کوردانیان بیستبوو، بۆیان ڕاڤە کردم. وا پێ دەچوو کوردەکان وا تێ بگەن کە ئەو نووسینانە هەموویان شوێنی گەنجینە زێڕێکی شاردراوە نیشان بدەن. لەو کاتەی چاودێری ئەو بیانییەیان دەکرد لەسەر ئەو نووسینانەی هەڵدەگرتەوە، ئیتر لە نێوان خۆیاندا بۆ یەکترییان باس کردبێ: "پێمان ناکرێ نەهێڵین، لەبەرئەوەی لەسەر نووسینەکانی گرتەوە و ئیتر زێڕەکان دەدۆزێتەوە با بچینە دەرەوە و نووسینەکە بشێوێنین بۆ ئەوەی نەکا زێڕەکە ببینێتەوە."

ئەو شەوە بە دواداچوونێکی وردم لەبارەی ئەو ئەشکەوتە چوارگۆشەیە کرد کە هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا لەسەر لا دیوارێکی قەڵاتەکە و لەسەر ئەو شاخە هەڵدێرەدا تاشراوە. ئاخۆ هیچ هۆیەکی هەبووە یان هەر شاخ تاشین بووە؟ دانیشتوانەکەی ئەوێ بۆ خۆیان نەیانزانی. ڕۆژی پاشتر چەند مایلێک بە ڕووبارێکدا شۆڕ بوومەوە و چووم سەیرێکی ئەو دێرە سووریانییەم کرد کەوا بە دیوارەکەوە نووساوە وەک ئەوەی دەڵێی دیوارەکە هاوساوە، تەنیا چوار سەت پێ لە خوارەوە بوو، بەڵام فرە تەسک بوو. لەناو دیواری دێرەکەدا و لەسەر بەردێکی گەورەی ناو دیوارەکە و نێزیکەی شەش پێ لە خوارەوەی بانکەدا، بە سوریانی نووسرابوو. تاکە ڕێگە بۆ ئەوەی بتوانم لەسەر ئەم نووسینە بگرمەوە ئەوە بوو کە دەبوو یەکێک لەلایەکی بانی دێرەکەوەڕا، بە گوریس شۆڕی خوارەم بکاتەوە. لەو دەمەی پەتەم لە خۆم ئاڵاند و خۆم بە پەت شۆڕی خوارەوە کردەوە، ڕێنیشاندەرەکان لە سەرەوەڕا هاواریان کرد و گوتیان: "سەیر، سەیر! لە خوارەوە لەناو ڕوبارێ." منیش تەماشام کرد: زۆر لە خوارەوەی ئێمەوە و لەناو ئاوێکی قوڕاوی شێلوێدا تەرمی کابرایەک بەسەر ئاو کەوتبوو و خێرا بە ڕووبارێکدا دەچوو. چاوساغەکانمان تەنیا شانیان هەڵتەکاند و گوتیان: "وا بزانم ئەو کوردانەی سەرەوە کوشتوویانە و فڕێی ناو ئاوییان داوە. ڕەنگە تاڵانیشیان کردبێ. زۆر ئاوا دەکەن."

بیانییە ناتوانێ ئێمە فریو بدات. ئەو بۆ ئەوە پرسیاری لەبارەی ئەو ئەشکەوتە کرد چونکە لەناو دەقەکاندا خوێندبییەوە کە پیساتییەکانی ئەوێ کرد و پاشان هەڵیان کێشاوە و بۆ سەرەوەیان هێناوە و گوتی هیچی لێ نەبوو. ئەوانی تر پێیان گوت: تۆ درۆزنی یەکێکی تر پێی گوت: چۆن چوو ئاوها هاتەوە. ناچار سێیەمیان شۆڕی خوارەوە کرد بۆ ئەوەی کوردەکان قەناعەتیان بێ کە زێڕ لەورە نییە."

کورد هزری سەیریان لە بەرانبەری ئەو پاشماوانەدا هەیە. ڕۆژێکیان باسی ئەوە کرا کە ئەو تێکەڵە قسڵ و گەچەی هەندێ لە دیوارە کۆنەکانیان پێ کراوە زۆر سەختە. کوردێکیان پرسی: "ئایا دەزانی بۆ ئەوەندە ڕەقە؟ با پێت بڵێم. پاشایەکی گەورە ئەو قەڵاتەی دروست کردووە. ئەو





قەڵاتی کارگەر حیتییەکان گرتیان و پاش ئەوان ڕۆمانەکان تێیکەوتن و ئینجا موسڵمانەکان داگیریان کرد

پاشایە ڕەوەیەکی بێ ژماری مامری هەبووە. لەو کاتەی قەڵاکەی دروست دەکرد کۆڵێکی گەورەشی دروست کرد. هەموو شەوێک ئاغە هێلکەی بیست مریشکی کۆ دەکردەوە و لەناو ئەو کۆڵەی دادەنان. ڕۆژی پاشتر پیاوەکانی ئاغەی دەهاتن و هێلکەکانیان دەشکاند و ئەو قسڵ و گێچەیان پێ دەگرتەوە و دیواریان پێی دروست دەکرد بۆیە ئەو دیوارانە هێندە قەیمن".

ئەو کوردانە نەترس و توند و تۆڵ و بە ڕاستی سادە و ساکار و خۆشباوەڕن و هەرچییان پێ بڵێی باوڕی پێ دێنن و هەر بۆیەش بە ئاسانی فریو دەردێن و ڕێککەوتنیش لەگەڵیاندا فرە ئەستەمە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، هیچ گومان لەوەدا نییە کە کوردگەلێکن کەسایەتییەکی تایبەتی بەهێزی خۆیانیان هەیە. ئەمڕۆ لە پەرەپێدانی حکوومەتێکی دەستووری تورکی ترسییان لێ نیشتووە. بۆ خۆیان بەپێی ستەمێکی باوک سالاری Patriarchal حوکم دەکرێن و ستەمێکی مەیلەو دەرەبەگایەتیشیان تێدا باڵا دەستە و هەموو دەستووریدا ژین. بەڵام ئەوان کەم بایەخ بەم بابەتانە دەدەن: لێ ئەگەر ڕۆژێک لەمە تێبگەن ڕەنگە لە هەمووان پتر پشتیوانی لەم ستەمە بکەن. سێ هەزار ساڵە هەر هەمان ژیانی کێوییاتی و سادەی جارانییان هەیە و لە هەموو مرۆڤایەتی دوور کەوتوونەتەوە و لەگەڵ هەموو مرۆڤێکیشدا ناکۆکن. ئێستا بۆ ئەوەی بە خۆیان هیچیان کردبێ، هزری هاوچەرخیان بۆ دێ. ئەستەمە پێشبینی ئەوە بکەی و بزانی ئەو گۆڕانکارییانەی ها لە حکوومەتی تورکیا خەریکە دەکرێ، هیچ کاریگەرییەکی بۆ ئەوان دەبێ، یان پێشبینی ئەوە بکەی و بزانی کە ئەوان بە تەنیا هەر شاخ و ژینگەی سەختی خۆیان کاریان لێ دەکات.

..........................................

(١)هالدی (یان دەگوترێ خاڵدی) یەک لە سێ خواوەندەکانی ئەرارات بووە و گڵکۆیەکەی لە ئاردین بووە. ئاردین شارێک بووە لە سەدەی نۆیەم و هەشتەمیی پ. ز. لە نووسینی ئاشوورییەکاندا ناوی هاتووە. شوێنی ئەو شارە بە مسۆگەری نەزاندراوە لە کوێیە، بەڵام چەند بۆچوونێکی جیا لەبارەیەوە هەیە و گومانی ئەوە دەکەن کە لە شوێنێکی سەر هێڵی ٣٦ پلەی باکور و ٤٦ پلەی ڕۆهەڵات بێ کە ئەوێش ناو قەفەکێوی زاگرۆزە و دەکەوێتە باشووری دەریاچەی ورمێ. کەچی فرانسۆ ترو – دانگن بە دوودڵییەوە پیژێ کەوتووەتە مژەسیر و ١٠ کیلۆمیتر لە ڕۆئاوای تۆپزاوەیە. ڕەزا حەیدەریی پسپۆڕی ڕێکخراوی میراتی نەریتی و گوزەرانی لە ئازەربایجانی ڕۆئاوای ئێرانی پێی وایە کە ڕەبات تەپەی نێزیک سەردەشتی ئەو شارە بووە. بەڵام بەبۆچوونی لینخ ئاردین لە نێزیکی شاری ڕەواندزە و لە هەرێمی کوردستانێیە. دوو خواوەندەکانی تر تیسپاسی کۆمەنی و شڤانی توشپەیی بووینە. هاڵدی لە هەموو خواوەندەکانی تری ئارارات زۆرتر قوربانیی بۆ کراوە. هاوسەرەکەیشی ناوی خوافرەتی ئاروبانی بووە. هاڵدی لە شێوەی مرۆڤێک وێنەی تاشراوە کە لە سەرپەرشتی شێرێک ڕاوەستاوە. هاڵدی شەڕوان بووە و پاشایەکی ئورارتەی پاراستووە ئەوانیش لێی پاڕاونەتەوە بۆ ئەوەی لە شەڕەکانیان سەریان بخات. ئەو پەرستگەیانەی بۆ هاڵدی دروست کرابوون تژییان چەک بووە، شمشێر و ڕم و تیروکەوان و قەلغان بە دیوارەکانییەوە هەڵواسرابوون و ئەو پەرستگەیانە هەندێ جاران بەعەنباری چەک ناویان هاتووە. (مامکاک)

# مەترسییەکانی گەڕانەوەی ڕێژیمی ستەمکار

دکتۆر مونزیر فەزڵ

تاقیکردنەوەکانی مێژوو ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ڕێژیمەکانی حوکمڕانی لە ڕۆهەڵات حوکمڕانی ستەمکاریی زۆریان بەخۆوە دیوە و، سەرباری هەموو ئەو کارەساتانەی بەسەر ئەم گەلانەدا هاتوون بەهۆی حوکمی ستەمکار و چارەنووسی سەرشۆڕکەری زۆر لە ستەمکاران هێشتا ستەمکاری جاروبار سەرەتاکە دەکا، هەرچەند بۆی بلوێ ـ زۆر جاریش بۆی دەلوێ- بەتایبەت لە وڵاتانی ڕۆهەڵات کە عێراق یەکێکیانە و بەهۆی سیاسەتی تاکڕەوی لە دەسەڵاتەوە زیانی زۆری پێ گەیشتووە. ئەگەر حوکمی ستەمکارانە لە عێراقدا خۆی لەژێر چادری نەتەوەخوازیی عەرەب و یەکەتیی نەتەوە شاردبێتەوە بە بەرزکردنەوەی دروشمی پووکی بێنرخ کە بێئاکامیی خۆیان سەلماندووە، ئاخۆ دەکرێ ئەم حوکمە لەژێر چادری ئاین یان مەزهەب بگەڕێتەوە؟ و چۆن دەکرێ تاکڕەوی لە دەسەڵاتدا بکرێ و بەهاکانی دیموکراسی بچەسپێنرێن و ڕێز لە مەرجەعە شارستانییەکان بگیرێ کە برێتین لە دەستوور و دامەزراوە شەرعییەکان؟ ئاخۆ عێراق بەرگەی بەرهەمهێنانەوەی ڕابردوو دەگرێ؟

١

ستەمکار... وەک ئەو کەسەیە کە دارێک لە بنەوە دەبڕێتەوە بۆ ئەوەی بەرەکەی بچنێ!...

لەوەتەی مالیکی بۆ ماوەی دووەم بووەتەوە سەرۆک وەزیران، دوای ململانەیەکی سیاسی و بگرە و بەردەیەکی دەستووری و یاسایی، کە زۆر لەوانەی گرینگی بە دۆخی عێراق دەدەن ئەوەیان بەدی کردووە کە قیبلەنمای جەنابی سەرۆک وەزیران ڕووی لە کۆکردنەوەی دەسەڵاتەکانە لە دەستی

..........................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل

خۆیدا بە تەنیا و بە بیانووی جۆراوجۆر پاساوی بۆ دێنێتەوە. ئەوەتا ئێستا پێنج پۆستی سەروەریی هەستیاری گرتووەتە دەست کە ئاماژەیە بۆ دۆخێک لە دۆخەکانی گەندەڵیی سیاسی، ئەم پۆستانەش بریتین لە (سەرۆک وەزیران، فەرماندەری گشتیی هێزگەلی چەکدار، وەزیری بەرگری، وەزیری ناوەخۆ، بەڕێوەبەری هەواڵگری و ڕەنگە بەرپرسیاریی تری حکوومی و حزبیشی هەبن!). ئەم کۆکردنەوەی دەسەڵاتە لە دەستی یەک کەسدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی پرسیارگەلێکی گەورە و مەترسیدار لەبارەی ڕاستیی هەبوونی دیموکراسی و بەشداری لە دابەشکردنی بەرپرسیاری لە عێراقدا، بگرە ئەو وەزیرانەشی بەڕێز مالیکی بەگوێرەی سیستەمی بەشبەشانێی شکستخواردوو لە بارستە سیاسییەکان هەڵی بژاردوون زۆربەیان کەسانی شارەزا نین و خاوەن پسپۆڕی نین و لە بواری کاری خۆیاندا بەتوانا نین و بۆ ئەمەش نموونەمان زۆرنە.

ڕەنگە مەترسیدارترین ڕووەکانی تاکڕەوی لە دەسەڵاتدا، پاراستنی تۆمەتبارانی گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی و سیاسی بێ، جا ئەو تێوەگلاوانەی گەندەڵیی ئەندامی حزبی دەعوە بن یان سەر بە لایەنە سیاسییەکانی تر بن و بەپێی دەستەوارەگەل سیاسییەوە بپارێزرێن، ئەمەش پێشێلکارییە بۆ دەستوور و ژێرپێنانێکی ئابڕووبەرانەی یاساگەلی کارایە بۆ پاراستنی ئەو دەستکارچی و گەندەڵ و تاوانکارانەی کە هەندێکیان گەیشتووەتە ئاستی بڕیاردەری، ئەمەش هەمان ئەو هەڵەیەیە کە بەڕێزان عەلاوی و جەعفەری تێی کەوتن و، گەواهیدەر بۆ ئەوە زۆرن.

هەر کەسێ کە بەدوای ڕاگەیاندنەکانی بەڕێز مالکیدا بچێ، دژبەری و شڵەژانی ڕوونی لە وتارەکانی ئەو بۆ ڕای گشتی بۆ ئاشکرا دەبن، ئەمەش بەڵگەیەکی تری بوونی تاکڕەوی لە بۆچوون و هەڵوێست و ڕۆیشتنە بەرەو چڕکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەندا و پشتنەبەستن بە شارەزا و ڕاوێژکارانی شارەزا و لێهاتوو و بەجەرگ لە گوتنی ڕاستی. ئەوەندەش بەسە وەک بەڵگەیەک لەسەر ئەوەی گوتمان، کە بەڕێز لە بارەی ئەو دەستوورەوە کە خۆی ئەندامێکی لیژنەی داڕشتنی بوو لە ساڵی ٢٠٠٥دا گوتوویەتی، ئەو ساڵی ٢٠٠٦ لە ساڵوەگەڕی یەکەمی دەنگدان بۆ ئەو دەستوورە گوتی "پێشکەوتووترین دەستووری دنیایە، لەبەرئەوەی ئازادی و دیموکراسی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و بنیاتنانی دامەزراوەکانی دەوڵەت و سەروەریی یاسا دەچەسپێنێ"، بەڵام لە وتارەکەی ڕۆژی ٨ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٨ دێ لەم قسانەی پەشیمان دەبێتەوە و لە بەردەم بەشدارانی کۆنگرەی بژاردە و توانا عێراقییەکاندا دەڵێ "دەستوور لە سایەی دۆخی پەلەکردن و ترس لە ڕابردوودا نووسراوە و، کۆت و بەندی خستووەتە سەر دەسەڵاتەکانی ناوەندی و مەترسیی ئەوە هەیە کە فیدرالیزم دەوڵەت زەوت بکا ... هتد، بۆیە پێویستە هەموار بکرێ و دەسەڵاتی ناوەند بۆ حوکمڕانی بێتە گێڕانەوە و دەسەڵاتەکانی هەرێم و پارێزگەکانی دەرەوەی هەرێمەکان سنووردار بکرێن لە پێناو بەهێزکردنی حوکمی ناوەند، لەبەرئەوەی ئەوانە ڕۆڵێکی دیکتاتۆرانە دەگێڕن و دەستدرێژیگەلێک دەکەن کە پێویستیان بەڕاگرتنە".

یەکێک لە پاڵپشتەکانی تری ئەمە، ئەو گوتانەیەتی کە لە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ خێڵەکانی عێراق

پێش مـاوەیەک و بە شـێـوەزاری (عـامی) گـوتی "بۆ کـەس دەتوانێ وەریان بگرێ تا ئێـمـە بیاندەین...!"، مەبەستی ئەوە بوو کە "کەس نییە بتوانێ دەسەلات لە من بسەنێتەوە" ئەمەش زۆر ڕوونە و دژی بنەوای دەستاودەسکردنی ئاشتییانەی دەسەڵاتە.

ئێـمـە نە دژ بە بەڕێز مـالیکی و نە دژ بە حـزبی دەعـوەین کـە ڕێز لە ڕابردووی تێکۆشـەرانەی دەگرین، بەڵام ئێمە دژ بەو ڕێچکە سیاسییە هەڵەیەین و دژی گەڕانەوەی ستەمکارین بۆ عێراق و دژی بڵاوکردنەوەی (خورافات) و پشتبەستن بە سوپایەکی ڕاوێژکارانی بێ ڕاوێژین، لەبەرئەمەش ئێمە پشتگیری لە ڕێزگرتن لە دەستوور دەکەین دژی هەر پێشێلکارییەکی دەقەکانی دەستوورین، کە بەداخەوە ئەو پێشێلکردنە بووەتە نەریتێک، بەتایبەت کە گشت ستەمکارانی دنیا نایانەوێ گوێ لە بۆچوونەکەی تر بگرن و تەنیا گوێ لەوە دەگرن کە لەگەڵ ڕای ئەواندا سازە، ئەمەش نەنگییەکی مەزنە.

٢

دەستپێشخەرییە نیشتمانییەکەی سەرۆک بارزانی

لەبەر ڕۆشنایی ئەم ململانە سیاسییەی نێوان لایەنە جیاکان، بەتایبەت لە نێوان بەڕێز مالیکی و دوکتۆر ئەیاد عەلاویدا، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستی پێش خست بۆ کۆکردنەوەی جیاکان و سیاسەتوانە عێراقییەکان لە هەولێر، ئەویش بە دەستپێشخەرییەکی جەنابیان بۆ چارەکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی کە زیان بە عێراق و پرۆسەی سیاسی و کاروانی دیموکراسی دەگەیەنن و بۆ ڕێگری لە پێشێلکردنی دەستوور لەلایەن ئەم یان ئەوەوە، بەڵام بەڕێز سەرۆک وەزیران پابەند نەبوو بە هەندێ لە بڕگەکانی ئەم دەستپێشخەرییە، ئەمەش دۆخی گشتیی دووبارە بەرەو ئاڵۆزی بردەوە و ئەگەری شکستی پرۆسە سیاسییەکە دووبارە هاتە ئاراوە کە شتێکی گەلەک ترسناکە.

ئاشکرایە کە بەڕێز سەرۆکی هەرێم، بە پێی ئەو شارەزاییە سیاسییەی هەیەتی و ئاگەداریی لە دۆخی سیاسیی عێراق، بەردەوام ڕووی لە چارەسەرە بۆ کێشەکانی نێوان لایەنە سیاسییە جیاکان و جەختکردن لەسەر ڕێزگرتنی دەستوور و بڵاوکردنەوەی گیانی لێبووردەیی و گفتوگۆ و لەناوبردنی گەندەڵی و، چەسپاندنی بنەواکانی دیموکراسی دەسەڵاتداریی زۆرینە نییە بگرە بەشداریی گشت نەتەوە و ئاین و مەزهەبەکانە لە بڕیاردان و بە پێی دەستوور.

بۆیە بەلامانەوە گرینگە سەرۆک مەسعوود بارزانی بەشدار بێ لە چارەسەری ئەو ئاستەنگانەی ماون لە ڕێی دەستپێشخەرییەکەی بەشێوەیەک کە خۆی سەرپەرشتیی چارەسەری کێشە دووبارەکانی حکومەتی فیدراڵ بکا بۆ ڕێگری لە گەڕانەوەی حوکمی تاکەکەس، ئەویش بەهۆی شارەوایی و بێلایەنیی ئەو و ڕێز و پێزانینەی هەموو لایەنە سیاسییەکان بۆ ئەویان هەیە.

## ٣

## دیتنی دەستووری و یاساییمان بۆ بنیاتی دەوڵەتی یاسا

ناکرێ دەوڵەتی یاسا بنیات بنرێ بەبێ ڕژدی لەسەر ڕێزگرتنی خۆویستانە بۆ بەندەکانی دەستوور و یاساکان، لەوانەی بنەوای جیاکاری لە نێوان دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەر و، پێویستیی گەڕانەوە بۆ مەرجەعەکانی دەوڵەتی شارستانی بۆ چارەسەری کێشەکان، نەک گەڕانەوە بۆ مەرجەعی تر و، لەناوبردنی گەندەڵی بەگشت شێوەکانی و سزادانی گەندەڵ و دەسکارچی و دوورکەوتنەوە لە بنەوای بەشبەشانەی تایەفەگەرانە و حزبیانە، لەبەرئەوەی ناکرێ دەوڵەتی شارستانی دامەزرێ بەبێ ڕێزگرتن لە بنەواکانی دیموکراسی لەلایەن بژاردەی سیاسییەوە کە دەبێ پێشڕەوی خەڵکی تر بن، هەروەها گرینگە کەسانی تێکنۆکرات و خاوەن شارەزاییی بێلایەن، ئەوانەی ئەجێندای سیاسیی حزبی و ناوچەیی پێڕەو ناکەن، لە پۆستەکانی دەوڵەت. کەچی ئەوەی ئێستە دەبینرێ بوونی سەتان کەسی نەشیاوە بۆ ئەو پۆستانەی داگیریان کردووە، لە وەزیر گەورە بەرپرس، کە هەندێکیشیان تۆمەتی گەندەڵییان ئاراستە کراوە و نەدراونەتە دادگە.

هیوامان ئەوەیە ڕێز لە بێلایەنیی دادوەری بێتە گرتن و دەست لە کارەکانی وەرنەدرێ، پێویستە حوکمەکانی دادوەری بێنە جێبەجێکردن و پەکیان نەخرێ و، ڕۆڵی دەستپاکی کارا بکرێ و گەندەڵەکان بکەونە بەر لێپێچانەوە و دامەزراوەکان لە دزەکارانی پاشماوەی ڕێژیمی پێشوو، بەتایبەت ئەوانەی لە دەزگا ئەمنییەکان بوونە، پاک بکرێنەوە و ئاین بەسیاسی نەکرێ و بۆنەکانی ئاینی و مەزهەبی بۆ بەدیهێنانی مەرامی سیاسی بەکار بەیەن.

بەبێ چەسپاندنی بنەوای دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات و مسۆگەرکردنی مافەکانی هاووڵاتییان لە دابینکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان و مافی خانەنشینی و بڵاوکردنەوەی کولتووری گفتوگۆ و لێبووردەیی و بنیاتنانی بەهاکانی هاووڵاتییەتی، لەوانەش گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندن بەشێوەیەک کە ئاشتی و تەناهی و جێگیری پتەو بکەن، عێراقی فیدراڵ ناتوانێ لەم دۆخە ئازاردەرەی هەڵسێتەوە.

وتەیەکی پڕواتای فەیلەسووفی ئینگلیز، جۆن لوک، هەیە کە بەردەوام دەیڵێمەوە و، لە وتارەکەی ڕۆژی ١٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٢مدا لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراق لە لەندەن ئاماژەم بۆی کرد کە دەڵێ "لەگەڵ بەکۆتاهاتنی دەسەڵاتی یاسا کەڵەگایی دەست پێ دەکا، واتە لەگەڵ پێشێلکردنی یاسا و زیان گەیاندن بەوانی تر". ئەوەتا ئەمەش لەسەر زەویی واقیعدا دەبینین، بۆیە ترسی ئەوەمان لێ نیشتووە دیکتاتۆری لەناو بەرگێکی نوێدا بگەڕێتەوە و ئەمەش دەبێتە کارەساتێک کە وڵات بەرەو داهاتوویەکی نادیار دەبا.

ستۆکهۆلم – یەکشەم ١١ی ئەیلوول ٢٠١١

# دادپەروەریی دۆزی کورد و ستەمی ئەقڵییەتی شۆڤێنی
# دیدێکی دادپەروەرانەی عەرەبییە لە پڕۆژەی ستراتیجیی کورد
# لە کوردستانی عێراقدا

د. مونزیر ئەلفەزڵ

دادپەروەریی دۆزی کورد، یەکسانی لە نێوان مافەکانی کورد لەگەڵ مافی گەلانی تردا دەگەیەنێت، سەرجەم مرۆڤەکان بێ جیاوازی مافی یەکسانییان هەیە، لەسۆنگەی نەتەوە، یا ئاین، یا مەزهەب، یا ڕەنگ، یان شوێنی جوگرافی، یاخۆ سامان، یا ژمارە، یا شتی ترەوە. لە قورئاندا هاتووە:

(واذا حكمتم بين الناس ان تحكموا بالعدل).

واتا لەنێوان خەڵکیدا بێ جیاوازی یەکسانی بنوێنن، ئیتر بەهەر هۆیەک بێت، لەبەرئەوەی دادپەروەری یەکسانییە لە نێوان دوو تای تەرازوودا، بۆیە وتراوە هاوکێشیی شتەکان بکەن، واتا کێشانی بەڕاستکردنەوەی چەوتییەکەی ئەگەر لە نێوان دوو شتدا ناهاوسەنگی هەبوو.

ئالێرەدا ناهاوسەنگی لە مافەکاندا لە نێوان میللەتەکاندا بەهەر هۆیەکەوە بێت لەلایەنەکانی شەرع و یاسا و ڕەوشت و مرۆڤایەتییەوە شیاو نییە.

دادپەروەری واتا ڕاست و ڕاست، بەمانای مامناوەندی لە نێوان دوو دۆخدا، داد دژی جەور و ستەمە، لەبەرئەوەی دادپەروەری ڕاسترەوییە و ڕەوشەکە لە ستەم دوور دەکەوێتەوە، چونکە ئەگەر ستەم لە نێوان خەڵکیدا بلاو بووەوە، ئەوا وڵات و خەڵکەکەی تێک دەدات، کاتێک دەڵێین دادپەروەریی دۆزی کورد، مەبەستمان لەوەیە کوردیش مافی خۆی هەیە دەبێت پێیان بدرێتەوە، وەکو ئەوانی تر بێ جیاوازی بەهۆی کوردبوونیانەوە و نابێت لە سۆنگەی ئاین، یا جلوبەرگ، یا ڕەنگ، یا ڕۆشنبیری، یا بیروباوەڕیانەوە بەکەم بزانرێن، ئەوان تووشی ستەم و دوژمنکاری و جیاکاری هاتوونە و لە ناوچەکانیاندا بەدرێژاییی قۆناغەکانی مێژوو جەوری زۆریان کێشاوە و

.............................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل

یەکسانی لە نێوان ئەوان و میللەتانی تردا لە مافە ڕەواکانیاندا بەدی نەهاتووە، بۆیە پێویست بەبەدیهێنانی دادپەروەری دەکات.

ئەم جیاکارییە دژ بەکورد دەگەڕێتەوە بۆ ستەمی ئاوەزی شۆڤێنی، واتا ئەوی شتەکە لە شوێنی خۆی دانانێت و بەبێ پاساو مافی ئەوانی تر بەکەم دەزانێت، بۆیە نابێت بەهێز مافێک لە سۆنگەی بەهێزییەکەیەوە ببات، ئەمەش زوڵمکردن لە نێوان میللەتاندا دەگەیەنێت، واتا لەناو خۆیاندا ململانێیانە و ستەم لە یەکتری دەکەن و شتەکان لە جێی خۆیاندا نابن و مافەکان بەهۆی ستەمی نەتەوەیەک لەسەر ئەوی تر کەم دەکەنەوە، کورد تووشی ئەم ستەمە مێژووییە هاتووە لەلایەن نەتەوە جۆراوجۆرەکانەوە، بەهۆی بڵاوبوونەوەی هزری ڕەگەزپەرستی، کە میللەتان لەسەر بنەوای بنەچە لێک جیا دەکاتەوە، ئەمەش وای لە هەندێک بیروباوەڕ و هزرە سیاسییەکان کردووە، بنەچە بەگەورە وەربگرن، هەروەها هەندێک نەتەوە بیکەنە بناغە لە مامەڵەکردنی نابەرابەر لەگەڵ نەتەوەکانی تردا، زۆرێک لە عەرەب و تورک و فارس پیادەیان کردووە و تا ئێستاش بەردەوامن، هەروەها ژمارەیەک لە بیریار و سیاسی و سەرکردەکانی وەکو میشێل عەفلەق و شبلی شمێل ئەلعەیسەمی و سەلاحەدین بەیتار و ئەلیاس فەرەح و ڕەشید عالی گەیلانی و فەرمانڕەواکانی ڕێژیمی حزبی بەعس لە عێراقدا پیادەیان دەکرد، بەتایبەت سەدام و کۆڵەکەکانی ڕێژیمەکەی و حزبی بەعس لە سووریا و کەمال ئەتاتورک لە تورکیا و زۆری تریش.

میللەتان خێڵ، یا نەوەیەکن لە خەڵک خوڵقاون، کە بەیەکسانی لە ماف و ئەرکدا بێ جیاکاری لە نێوان ئەم و ئەودا، ئیدی بەهەر هۆیەکەوە بێت، ئەم میللەتانەش ئەگەر لە زمان و ڕۆشنبیری و بنەچەی هاوبەش و بنەوای تردا یەک بگرن نەتەوە پێک دەهێنن، ئا لێرەدا بەنەتەوەی عەرەب، کە لە میللەتانی عەرەب پێک هاتووە و لێرە و لەوێ دابەش بووە دەڵێن نەتەوەی عەرەب، بەنەتەوەی کوردیش، کە لە میللەتێلێک پەرش و بڵاو بوونەتەوە لەنێوان کوردستانی عێراق و کوردستانی تورکیا و کوردستانی سووریا و کوردستانی ئێراندا، هۆکاری هاوبەش لە نێوان گەلانی کوردستاندا زمان و ڕۆشنبیریی هاوبەش و یەکەتیی داوونەریت و بنەچە و مێژووی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، وێڕای جیاوازیی بیروباوەڕ، یا ئاین، لەبەرئەوەی کورد دێرینترین نەتەوەی ناوچەکەن و بنەچەی ئاینەکەیان زەردەشتییە، کە لە ئاینە کۆنەکانە، هەروەها لە کورددا هەن سەر بەئاینی جوولەکەیە و لە کوردستانی عێراقدا ژیاون، ئەوانی تریش کەوتنە دووی ئاینی کرستیان و هەندێکیشیان پێڕەوی ئاینی یەزیدییان کرد و زۆربەیان کەوتنە دوای ئاینی ئیسلام هاوشان لەگەڵ گرووپە ئاینییەکانی تردا.

یەکەم: بنەچەی کورد و بوونیان لە کوردستانی عێراقدا:

پشکنینە دێرینە دۆزراوەکانی سەر خاکی کورد ئاماژە بەوە دەدەن، کورد هۆزێلێک بوون لە بناغەدا لە شاخەکانی زاگرۆسەوە هاتوون، وێڕای هەمەجۆری لە دیالێکتە کوردییەکاندا و

جیاوازیی ئەو ناوچانەی بەر لە ٥ هەزار ساڵ تێیدا نیشتەجێ بوون، تێیاندا هەبوو لە چیاکاندا نیشتەجێ بوو، هەشیان بوو لە دەشتەکاندا بۆ کشتوکاڵ و ئەوانی تر لە لێواری دەریاکاندا سەقامگیر بوون، وەکو دۆخی کوردە فەیلییەکان، ئەوانەی لە ناوچەکانی عیلامدا نیشتەجێ بوون، کە لە خانەقین لە ڕۆهەڵاتی عێراقەوە درێژ دەبێتەوە بۆ نێزیکەی خوارووی عێراق، لەوێ ناوچەکان دەشتی کشتوکاڵین و ئاو زۆرە و گواستنەوەش ئاسانترە.

کورد تەنیا یەک هۆز نین، بگرە کۆمەڵێک هۆزی ناسراون، وەکو زۆرێک لە نەتەوەکانی تر، لە جۆری عەرەب و فارس، ئەم هۆزانە هەندێکیان شوانکارەییان دەکرد و هەندێکیشیان بەهۆی بەپیتیی خاکەکەیانەوە تا ئێستا خەریکی کاری کشتوکاڵین، جگە لە کاری بازرگانی و پیشە و کاری دەستی، لێ ئەم هۆزانە سەرجەمیان بەگەلی کورد ناوبران، چونکە بەر لە زاین لە شوێنێلێکدا ژیاون بەخاکی کورد، یا کوردستان ناونراون.

کەواتە گەلی کورد بەشێکە لە نەتەوەی دێرینی کورد، کە پارچە پارچە بووە لە نێوان وڵاتە جیاجیاکاندا دوای دامەزراندنیان لە چاخی نوێدا، ئەوە بوو لەسەر زەوییەکەیان، کە بە (خاکی کورد، یا کوردستان) ناو دەبرێت، کە نیشتمانی کوردە.

ناوی کۆنی کورد (میدییەکان) لە کتێبە کۆنەکاندا هاتووە، وەکو تەورات، یا پەیمانی کۆن old testament، لەبەر ئەمە بوونی کورد لەسەر خاکەکەیان لە ڕۆژئاوای ئێران و خوارووی تورکیا، تاکو سنجار و شاخەکانی حەمرین و هەندێک لە دەڤەرەکانی خوارووی عێراق لەلایەنی مێژووییەوە جێگیر بووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بوونی کورد لە خاکی چیاکاندا، یا لە هەرێمی چیاکاندا (میدیا) لە میللەتانی تر لە پێشترە.

ئەم ناوچەیە پاشان و نەخوازە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی دابەش بوو و نەتەوەی کوردیش لەت لەت بوو بۆ میللەتانێک لە کوردستانی عێراقدا (کوردستانی باشوور) نیشتەجێ بوون، لە ڕۆژئاوای ئێران و لە کوردستانی باکور لە تورکیا و هەروەها لە سووریا، ئەمە و جگە لە بوونی ژمارەیەکی زۆر بەدوای ئەمن و ئاسایش بۆ ئەردەن و لبنان و شوێنانی تر کۆچیان کرد.

لێرەدا ئاماژە بەکوردانی فەیلی دەدەین، کە بەشێکن لە نەتەوەی کورد، زۆرێک لە مێژوونووسان باسی ئەوە دەکەن، کە پاشماوەی عیلامی، یاخۆ گۆتییەکانن لە ناوەند و خوارووی عێراقدا (مەندەلی، بەدرە، جەسان، خانەقین، زرباتیە، کەرکووک، باقووبە، بەغدا و هەندێکی تر لە شارەکانی عێراقدا، لەگەڵ شارە ئێرانییەکانی تر).

کوردی فەیلی لە هۆزە کوردە ناسراوەکانن، لە ناوچەی خوزستان و ڕۆهەڵاتی عێراقدا ژیاون، بەتایبەت لە ڕۆهەڵاتی دیجلە، کە کۆنترین دەڤەری مێژوویییە لە عێراقدا و دێرینترین یاسا لەوێ سەری هەڵدا.

ڕاستییەکەی بنەچەی ناونانی (کوردە فەیلییەکان) لە ناونانی مێژوونووسە عەرەبەکانەوە هاتووە

بەسەر کورددا، ئەوانەی لە کوردستانی ئێرانەوە هاتن و ئەوانەی بەدرێژاییی سەتان ساڵ سەرکەوتنیان بەدەست هێنا لە تێکەڵبوون لەگەڵ کۆمەڵگەی عێراق و سەرکەوتوو بوون لە فێربوونی کاری بازرگانی و کشتوکاڵی و پیشەسازی و پتر لە مەیدانی بزووتنەوەی نیشتمانیی عێراقیدا بەگشتی بەرجەستە بوون و بەتایبەتیش لە چالاکییە نیشتمانییە عێراقییەکانیاندا، لە میانەی ریزەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و لە میانەی ریزەکانی حزبی شیوعیی عێراقی و بزووتنەوە سیاسییەکانی تری وەک حزبی ئەلدەعوە، نەک هەر ئەمەندە بگرە ناوێلێکی پرشنگدار لەناو کوردە فەیلییەکاندا لە بزووتنەوەی نیشتمانیی عێراقی و مێژووی عێراقی سیاسی بەدەرکەوتن.

لەبەر ئەمە کوردە فەیلییەکان تووشی دزێوترین جۆری چەوسانەوە و ستەم هاتن لە سایەی رێژیمە یەک بەدوای یەکەکانی عێراق و بەتایبەت لە سەردەمی حوکمی رەشی بەعسدا ساڵی ١٩٦٨ و لە دوای رێککەوتننامەی ئاداری ساڵی١٩٧٠ گەیشتە ئەوپەری، هەروەها لە کاتی شەڕدا لە دژی ئێران، کە رێژیمی سەدام ساڵی ١٩٨٠ بەرپای کرد.

کوردی فەیلی هاووڵاتیی عێراقین، زۆربەیان سەر بەئاینزای شیعەن (اهل البیت)، ژمارەیەکی کەمیان نەبێت شیعە نین، میللەتێکی بێ وەین و بەوە دەناسرێنەوە بەوەفان بۆ پەیمان و رێز لە رێککەوتننەکان دەگرن و راستگۆن و بەگشتی لە چالاکییە بازرگانی و ئابوورییەکانیاندا دەستپاکن و تا ئێستا ناویان لە هیچ کارێکی تیرۆریستی، یاخۆ کاری توندوتیژیی سیاسی نەهاتووە و نەزراوە.

پرۆفیسۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد لە (کولان العربی ١٠/ ٢٠٠٣)دا دەڵێت:

کوردی فەیلی بنەچەی راستەقینەی میللەتی لورن، کە لوڕ بەشێکن لە نەتەوەی کورد، بەپێی ئینسکلۆپیدیای شەمسەدین سامی و هەندێک لەو فەرهەنگ و دانراوانەی تر. هەروەها مینۆرسکی ئاماژە بەوە دەدات، لوڕ هۆزی گەڕیدەن و بنەچەی دەگەڕێتەوە سەر گەلانی هندۆ - ئەورووپی.

ئەگەر کورد لە میللەتە دێرینە ئاشتیخوازەکان بێت، ئەوا وەکو گەلانی تر دەکۆشن بۆ ژیان بەئازادی و پیادەکردنی مافە مرۆییەکانیان، کە ئاین و داوونەریت و یاسا نیشتمانییەکان و یاسا ناودەوڵەتییەکان و جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و رێککەوتننامەکانی پاشکۆی بڕیاری لەسەر دەدەن، کە مافی جێگیری خۆیانە و بەبێ پاساو لێیان سەندراوەتەوە و بەبێ هۆ لێی بێبەری کراون، بۆیە ئەوانیش ناچار بوون بەهێز بەرگری لە بوونی خۆیان و مافەکانیان بکەن، کە رێگەیەکی رەوایە بۆ ئازادیخوازان، لەبەرئەوەی میللەتان نامرن.

دووەم: واقیعی نەتەوەیی و ئاینی لە کوردستانی عێراقدا:

بەر لە چوونە ناو بابەتەکەوە، ئاماژە بەمافەکانی کەمینە و نەتەوە ناعەرەبەکان لە وڵاتانی

عـەرەبـیـدا دەدەین، کـە بەدەست گـەلێک دژوارییـەوە دەناڵێـنن، ئەمـەش لـە چەندان شـوێنـدا ڕوون بووەتەوە، لە خوارووی سوودان و لە سووریا و میسر و جەزائیر و عێراق و مۆریتانیا و هی تریش، دەبێت ئەم دژوارییـە لە ڕێزگرتنی مـافەکـانی مرۆڤ و پێوەرە ناودەوڵەتییـەکان چارەسـەر بکرێن، هەروەها ڕێکخراوە ناودەوڵەتییەکان بەشێوەیەکی گەورە ئاماژە بەپێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتە عـەرەبـیـیـەکـاندا دەدەن، بەهۆی تەنگژەی دیموکـراسی و نەبوون، یا لاوازیی ڕۆشنبـیـریی مافەکانی مرۆڤ.

هەرچی لە کوردستانە لەبەر ڕەوشی هەمەجۆر نەتەوە جیاجیاکان وێڕای جیاوازی و هەمەڕەنگی لە ئاین و مەزهەبەکانیاندا پێکەوە ژیان، ئەمەش بەهۆی ئەو سیاسـەتی لێبووردەیییەی لەمێژە لە کوردستاندا هەیە.

لە کوردسـتـاندا جگە لە کورد و تورکمـان ئاشـووری و کلدان و سـریان دەژین، وەک چۆن ئاین و مـەزهـەبە جـیـاجـیـاکان پێکەوە ژیـاون، بۆ نموونە کورد هـەندێکیـان لە پێڕەوانی ئاینـی جـوولەکـەن، ئەوانەی لـە زاخـۆ و ئاکـرێ و هەولێـر و نـاوچەکـانی تـر ژیاون و نیـشـتـەجێ بـوون، دوای شـەڕی دووەمی جیهانی لەبەر هۆی جیاجیا لە کوردستاندا کۆچیان کرد، زۆربەی کوردەکان سەر بەئاینی ئیسلامن و کەمیان سەر بەئاینی یەزیدین، کە ئاینێکی کۆنە و دێرینترە لە ئاینی کرستیان، لەناو کورددا هەن سەر بەئاینی کرستیانن، هاوشان لەگەڵ مەزهەبە جیاجیاکاندا (کاکەیی، شەبەک، عەلەوی) سـەرەڕای ئەمـانەش ئازادیی خواپەرستی و پراکتیزەکردنی سرووتەکان و ڕێوڕەسمە ئاینییەکان بۆ هەمووانە و کوردستان دیمەنی توندوتیژی لە نێوان نەتەوە و پێڕەوانی ئاینەکان، یا ئاینزاکانی بەخۆوە نەبینیوە.

سێیەم: بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بەسەرۆکایەتیی سەرۆک مستەفا بارزانی:

ناوی کورد لکاوە بەمانگی نەورۆزەوە، یا ئاداری گشت ساڵێکەوە، لەبەرئەوەی ئەم مانگە چەندان بۆنەی خۆشی و پڕ ئازار بۆ گەلی کورد دەگرێتە خۆ، لەو مانگەدا کورد تووشی قێزەونترین جۆری تاوان و قەڵاچۆکردن بووەوە و مـانگێکیشـە بۆنەی دڵخۆشکەر و جەژنێلێک هێشتا کوردان یادی دەکەنەوە و دەیژێننەوە، زامـەکانیـان لە بیر دەکەن و بانگی ئاشتی دەکەن و لەوپەڕی بەهێزییەوە داوای لێبووردەیی دەکەن.

لە نەورۆزدا (ئادار) تاوانی هەڵەبجە ڕووی دا، کە پتر لە ٥٠٠٠ کەسی سڤیل بوونە قوربانی و بەچەکی کـیـمـیـاوی و گـازی ژاراوی لە ١٦ی ئاداری سـاڵی ١٩٨٦دا کـوژران، هەروەها لە ١٤ی نەورۆزی ١٩٠٣دا سەرکردەی مەزن بارزانی لە گوندی بارزان لەدایک بوو، هەروەها لە ١ی ئاداری ١٩٧٩دا دڵی بارزانی لە تـاراوگە لە لێدان کەوت، لە ١١ی ئاداری سـاڵی ١٩٧٠دا ڕێککەوتننامـەی ئازار لەدایک بوو، پاشان ڕێژیمی بەعس و سەدام ژیوان بوونەوە و پشتیان لە بەندەکانی کرد و لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥دا سەدام و شـای ئێران ڕێککەوتنـنامـەی جەزائیـریان مۆر کرد، کە بەپێی ئەو

پەیماننامەیە سەدام دەستی لە دەریای عەرەب هەڵگرت لە بەرابەر وازهێنانی شای ئێران لە پشتگیریی شۆڕشی کورد، هەروەها لە ١ی ئاداری ١٩٩١دا پریشکی ڕاپەڕینی جوامێرانە لە کوردستاندا دژ بەفەرمانڕەواییی دیکتاتۆر هەڵگیرسا و کوردستان لە حوکمی ڕەگەزپەرستانەی سەدام ڕزگاری بوو.

مستەفا بارزانی دیارترین سەرکردەی نەتەوەی کوردە لە مێژووی ڕزگاریخوازیی کورد و سەرۆکی حزبی دیموکراتی کوردستانە KDP ئەو کاتی لە ١ی مارسی ١٩٧٩دا لە نەخۆشخانەی جۆرج تاون لە واشنتۆندا مرد ملیۆنان لە کورد و ئەوانی تر لە دۆستانی کورد و خۆشەویستانی گەلی کورد شیوەنیان بۆ گێڕا. لەبەر ئەمە یادی بەزیندوویەتی لە دڵی گشت کوردێکدا دەمێنێتەوە، ئەوانەی پشتگیریی لەو ئامانجانە دەکەن ئەو لە پێناویدا خەباتی کرد و بۆ گەیشتن پێی گەلێک قوربانیی دا و هەموو ژیانی لە پێناویدا خەباتی کرد.

بۆیە مستەفا بارزانی وەک کەسایەتییەکی کوردی - عێراقی لە مێژووی گەلی کورددا و وەکو سەرچاوەی ئیلهام و نموونە بۆ لاوی کورد دەمێنێتەوە، هەر ئەویشە بەئەفسانەی شاخ ناو دەبرێت، کە ڕۆژێک دوودڵ نەبوو لە پابەندبوونی بەململانێی کوردی لە پێناو گەیشتن بەئاشتی و ئازادی و دیموکراسی.

پێویستە لێرەدا کورتەیەک لە ژیاننامەی بارزانیی نەمر بخەینە ڕوو، بۆ وەستان لەسەر کەسێتی و ڕۆڵی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا، وەکو ڕابەرێکی کورد و عێراقییەک شایانی ڕێزە لە خەباتی درێژخایەنی لە پێناو ئازادی و دیموکراسی و گەلی کوردستان و لە بەرهەڵستیکردنی دیکتاتۆرییەت و ستەمی ئاوەزی شۆڤێنی:

- ساڵی ١٩٠٦ لەگەڵ دایکی لە بەندیخانەی مووسڵدا زیندانی کراوە، لە سۆنگەی بەرهەڵستیی هۆزەکەیەوە، کە لە بارزان لە کوردستانی حوکمی عوسمانیدا دادەنیشتن، ئەو کات تەمەنی ٣ ساڵان بوو.
- لە ساڵی ١٩١٩دا ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە بەشداریکردنی لە شۆڕشی شێخ مەحموودی حەفیددا، ئەو کات ڕابەریی ٣٠٠ چەکداری دەکرد.
- ساڵی ١٩٣٢ هێزەکانی بارزانی بەرهەڵستیی هەڵمەتی حکوومەتی عێراق دژ بەکوردستانیان کرد، پاشان ناچار بوو لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگەدا بۆ تورکیا بڕوات، هەر لەو کاتەدا شێخ ئەحمەد بارزانی گیرا و ڕادەستی حکوومەتی عێراق کرا، کاتێک بارزانییش گەڕایەوە مووسڵ ئەویش گیرا.
- ١٩٣٢- ١٩٤٣ بۆ چەندان وڵاتی جیاجیا دوور خرایەوە.
- ساڵی ١٩٤٥ وەکو سەرۆکی لەشکر لە کۆماری مهاباددا دامەزرا، کە قازی محەمەد پێکی هێنا، پاشان لەدار درا.

- ١٩٤٦ حزبی دیموکراتی کوردستانی دامەزراند و وەکو سەرۆکی حزبەکە مایەوە، تاکو مردنی لە ١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٩دا.
- لە ئەیلوولی ١٩٦١ەوە تاکو ساڵی ١٩٧٥ ڕابەری شۆڕشی کورد بوو، ئەوە بوو چوو بۆ ئێران، پاشان بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ چارەسەری شێرپەنجەی سی، تا لە ساڵی ١٩٧٩دا دڵی لە لێدان کەوت و لە بارزان لەو گوندەی تێیدا لەدایک بوو نێژرا، پاشان کوڕەکانی ئاڵاکەیان گرتە دەست، ئیدریس (باوکی نێچیرڤان بارزانییە)، لە ساڵی ١٩٨٧دا دڵی لە لێدان کەوت، پاشان سەرۆک مەسعوود (بابی مەسروور) لەگەڵ دەستەیەک لە باشترین ئازادیخوازانی کورددا.

بارزانی و خانەوادەکەی و هۆزەکەی و کادیرەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان تووشی چەندان هەوڵی غەدر لێکردن و تیرۆر و پاکتاوکردن هاتنەوە، بەرجەستەترینیان هەوڵی تەقاندنەوەی بارەگای بارزانی، ئەوکاتی وەفدێکی ئاینی لە ٢٩ی ئەیلوولی ١٩٧١دا سەردانیان کرد، دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی کەم لە مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی ئازار بۆ ئاشتی، هەوڵێکی نامەردانە بوو بەپلانی سەدام حوسێن ئەو کات جێگری سەرۆک کۆمار بوو، هەروەها هەندێک لە کوڕەکانی لە بەغدا کوژران و ساڵی ١٩٧٩ لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا هەوڵی تیرۆرکردنی مەسعوود بارزانیی کوڕی درا، لە نێوان ئەوانەی لەم تاوانەدا بەشدار بوون (سامی حەننا عەتەڵا) بوو، هەروەها چەندان سەرکردەی بزووتنەوەی کورد لە هێڵی یەکەم تیرۆر کران، هەروەها ژمارەیەکیان بەمادەی تالیۆم دەرمانخوارد کران، بۆ نموونە لەوانە دوکتۆر مەحموود عوسمان و عەدنان موفتی، هەروەها دارا تۆفیق سەرنگوم کرا و ساڵح یوسفییش لە بەغدا تیرۆر کرا.

ئەمانە و جگە لەو کردەوە ناشرین و ستەمەی بەدڕندەیی دژ بەکەسایەتییە کوردە سەربەخۆکان ئەنجام دەدران، ئەوانەی لایەنگیری مافەکانی کورد و هەڵوێستی بارزانی بوون، لەوانە ئەندازیار نووری محەمەد ئەمین (یەکێک لە دامەزرێنەرانی حزبی شۆڕشە لە ساڵی ١٩٤٥دا و ئەندامی لیژنەی ناوەندیی پارتی بوو لە یەکەمین کۆنگرەی دامەزراندن، کە لە ساڵی ١٩٤٦دا بەسترا)، هەروەها نووسەر محەڕەم محەمەد ئەمین، کە لە ساڵی ١٩٨١دا لە شاری سلێمانی تیرۆر کرا و بەدەیانی تریش.

گەلێک لەو کەسایەتییانەی بینییانم، یاخۆ لێیانەوە بیستوومە، وەسفی بارزانی وەکو کەسایەتییە مەزنەکان دەکەن، عزەتی نەفسی هەبوو، زۆر لەخۆبوردوو بوو، لێبووردە بوو، هێمن، کەسایەتییەکی سەرنجڕاکێشی هەبوو هەمووان ڕێزیان لێ دەگرت، حەزی لە میوان بوو و بەخشندە بوو، بەپێی داوونەریتی خێڵەکیی کورد، هەموو کات بیری لە دۆزی کورد، لە گەلەکەی دەکردەوە لەسەر بنەوای دانایی و سەبر و بڕوا بەخۆبوون، نازناوی ڕەت دەکردەوە، وەکو تەنیا سەرۆک، یا مامۆستا، یا سەرۆکی پێویستیی و هی تریش لەو وەسفانە، ڕەنگدانەوەی ئەم کەسایەتییە و سیفەتەکانی لەسەر منداڵەکانی و وەچەکانیان هەبوو، بیرمە کاتێک بۆ یەکەمین جار

سەرۆک مەسعوود بارزانیم بینی بۆ سڵاوکردن لێی لە لەندەن، ڕۆژی ١٥ی دیسەمبەری ٢٠٠٢ لە پەراوێزی کۆنفرانسی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و دواتر لە چەندان بۆنەی جیاجیادا دوای ڕزگارکردنی عێراق، لەوپەڕی بەڕەوشتی و دانایی و بێ فیزی و ئاکاری باڵادا بوو، هۆیەکانی ڕاگەیاندن لە ساڵی ٢٠٠٢وەوە باسی ئەوەیان کردووە دەبێت کەسێتییەک وەکو ئازایەتی و خاکەڕایی و ڕەوشتبەرزی و دانایی و توانای سیاسیی مەسعوود بارزانیی هەبێت، تا عێراق بەڕێوە ببات.

مستەفا بارزانی (خوا لێی خۆشبێت) سیاسەتی توندوتیژی و توندڕەوی و هەر کارێکی تیرۆریستیی ڕەت دەکردەوە و هیچ هەڵسوکەوتێکی قبووڵ نەدەکرد نیشانەی غەدرلێکردنی تێدا ببینرێت، وەکو تیرۆری سیاسی، کە بەدرێژایی ماوەی خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بەخۆوەی نەبینیوە، بۆیە سەرۆکی کۆچکردوو جەمال عەبدولناسر ئەو کاتی لە قاهیرە پێشوازی لێ کرد، هەندێک پەیڤی جوانی لەبارەوە گوتووە، کە شایان بەون، هەروەها عەبدولکەریم قاسمیش ڕێزی لێ دەگرت، سەرۆک حوسنی موبارەکیش هەمبەر ئەو گوتوویەتی، پیاوێکی مەزنە و شایانی ئەوەیە لەبارەیەوە بخوێنرێتەوە.

چوارەم: شۆڕشی کورد و پێوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل و ڕێژیمە عەرەبییەکاندا:

١- برایەتیی عەرەبی - کوردی و چارەنووسی هاوبەش

تەنیا کورد قوربانیی ڕێژیمی دیکتاتۆری و حوکمی سەدام نەبوون، بگرە عەرەبی شیعە و تورکمان و ئاشوورییەکانیش تووشی تاوانی دڕندانە هاتن، وەکو وێرانکردن و ژاراویکردنی زۆنگاوەکان لە خوارووی عێراقدا، هەروەها کۆتکردنی ئازادییە گشتییەکان و ڕووخاندنی ماڵەکان و دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و حاڵ و ڕێگرتن لە سەفەرکردن و پاکتاوی جەستەیی، کە بەهەزارانیان دووچاری بوون، هەروەها پاکتاوکردنی گەلێک تورکمان و ئاشووری.

لەگەڵ ئەوەشدا پێوەندیی عەرەبی ـ کوردی تایبەتمەندییەکی گەورەی هەیە، بنیات نراوە لەسەر دەست لەناو دەستی برایانە و هاوبەشی لە نیشتماندا لەگەڵ پێوەندیی ژن و ژنخوازیی بەتین لە نێوان هۆزە عەرەب و کوردەکاندا.

جیاوازی لە نەتەوە، یا ئاین، یا هزری سیاسی، یان مەزهەبی ڕێیان لە بوونی هاوبەندیی توندوتۆڵ لە نێوان عەرەب و کورددا نەگرت. هەروەها ڕۆژێک لە ڕۆژان هەستی بەوە نەکردووە عەرەب نامۆن بەکورد، یا کورد بەعەرەب نامۆن.

ڕەنگە هۆکاری یەکەم لە توندوتۆڵکردنی ئەم پێوەندییانەدا یەکەتیی نیشتمان و چارەنووسی هاوبەش و حەزی ڕاستەقینە لە نەفرەتکردنی چەوسانەوە بێت، هەروەها بەرهەڵستیکردنی زۆردار و چاوبڕینە ئازادی لە کاتی داگیرکاریی عوسمانییەوە، تاکو سەردەمی دیکتاتۆریی دوایی لە تاوانەکانی ڕێژیم، لەبەرئەوەی کورد زیانێکی گەورەی پێ گەیی لە ڕوح و سامان و منداڵەکانیان و

بوون و هەستە مرۆییەکانیان، کە لە سیاسەتی بەعەرەبکردن و پاکتاوی ڕەگەزی و بەبەعسکردندا ڕەنگی دایەوە، ئەمانەش بەسەپاندنی باوەڕی سیاسی و گەلێکی تر لە تاوانە ناودەوڵەتییەکان، کە زەفەریان بەبرایەتیی عەرەبی ـ کوردی نەبرد، چونکە تاوانێلێکن لەلایەن کۆمەڵێک تاوانکاری ناودەوڵەتییەوە ئەنجام دراون، کە ئەمڕۆ لە بەرابەر دادگەدا لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت.

ڕەنگە بەسوود بێت باسی ئەو فەتوایانە بکەین، کە حکومەتی عارف و دواتر حکومەتی بەکر لە سەماحەتی ئایەتوڵڵا سەید موحسین ئەلحەکیمیان خواست پێی لە کورد بدەن و ساڵی ١٩٦٣ شۆڕشەکەی لەناو بدەن، کەچی سەماحەتی سەید ئەلحەکیم بەیەکجاری ئەوەی ڕەت کردەوە و پشتگیریی لە شۆڕشی کورد کرد و وتە بەناوبانگەکەی بەنێرراوی (ئەوسای) ڕێژیم گوت:

(چۆن فەتوای شەڕکردن دژ بەکورد بدەین، لە کاتێکدا ئەوان لە نیشتمان و ئایندا برامانن؟).

سەرکردەی خوالێخۆشبوو مستەفا بارزانی پێوەندیی توندوتۆڵ لەگەڵ هۆزە عەرەبەکان و پیاوانی ئاینی لە نەجەف و کەربەلا و فوراتی نێوەند کۆی دەکردەوە، هەروەها بیری لە سیاسییە عەرەبە خەباتگێڕەکان دەکردەوە ئەوانەی لە زیندانەکانی ڕێژیمدا کەوتبوون، بەر لەوەی وەفدی تایبەت بەدانووستان دژی گەلی کورد بخاتە ڕوو و وەفدی دانوستکار یەکەم جار تکا لە وەفدە حکومییەکە بکات زیندانییە عەرەبەکان ئازاد بکات، وەک چۆن بارزانیی نەمر بەسەتان کەسێتی و خێزانی عەرەبی لە ستەمی ڕێژیمی بەعس پاراست و هەر بەخۆیشی شەهید مەهدی ئەلحەکیمی لە وەختێکی سەختدا دالْدە دا، کە بزووتنەوە سیاسییەکەی پێیدا تێپەڕ دەبوو، بەر لەوەی لە سوودان تیرۆر بکرێت.

بارزانی لە کاتی بەتواناییدا بڕوای بەلێبووردەیی و لێخۆشبوون هەبوو، لە سەرەتای حەفتاکاندا و لە کاتی دانووستان لەگەڵ حکوومەتی ناوەنددا لە بەغدا باوکی عەبدولعەزیز ئەلعەقیلی (وەزیری بەرگریی پێشوو، بەلێدانی کورد و گوند و دێهاتەکانیان ناسرابوو) چوو بۆ لای و داوای لێ کرد لای حکوومەتی ئەلبەکر سزای لەداردانیان بۆ کوڕەکەی هەڵوەشێنێتەوە، کەچی ئینجاش بارزانی پێوەندیی بەئەلبەکرەوە کرد، وێڕای خراپیی ئەلعەقیلی و هەڵوێستی لە بەرابەر کورد و دۆزە ڕەواکەیان، سزاکەی کرا بەزیندانیی هەتاهەتایی، کەچی ڕێژیمی ئەلبەکر – سەدام دوای هەرەسی ڕێککەوتننامەی ئازار و دەست پێکردنەوەی شەڕ لە ساڵی ١٩٧٥دا عەقیلیيان لەدار دا. لە ڕۆژگاری دیکتاتۆری و چەوسانەوەی سیاسی، کە عێراق پێیدا تێپەڕ بوو چیاکانی کوردستان شوێنێکی ئەمین بوون بۆ عەرەب و ڕۆڵەی هۆزەکانی باشوور و ناوەڕاست و گشت چەوساوەکان، هەروەها زۆرێک لە عەرەبەکان پشتگیریی شۆڕشی کوردیان کرد، کە بەرابەرایەتیی کورد بوو بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیان، ئەو کاتی عەرەبەکان هاوشان لەگەڵ برا کوردەکانیاندا شەڕیان دەکرد، گەلێک لە عەرەبەکان لە ناوەڕاست و باشوورەوە چەکیان بەقاچاغ بۆ کوردستان دەبرد، بەتایبەت دوای شکستی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧ بۆ پشتگیری لە کورد و خۆشەویستیی گەلی

کورد لە بەدیهێنانی مافە نەتەوەییە ڕەواکانیان و چارەی خۆنووسین.

پرۆسەی بەقاچاغ بردنی چەک بۆ پێشمەرگە لە شاری نەجەفەوە لە میانەی خوالێخۆشبوو (قادر مەنتکەوە لە شاری هەولێر) و هەروەها (سەرهەنگ فەزڵی کوڕی خولێخۆشبوو کامل شەبیبی کەسایەتیی سەربازیی ناسراو)، باوکم بەحوکمی پێوەندیی خۆشەویستی و دۆستایەتی، کە لەگەڵ کەسایەتییە خێڵەکییەکانی کورددا لە کوردستان داینابوو، ڕۆڵی هەبوو لە دانی چەک بەپێشمەرگە لەساڵی ١٩٦٧دا.

بۆیە بەڕێککەوت نەبوو ڕاپەڕینی کورد لە کوردستاندا لە ناوەڕاست و خوارووداا لە یەک کاتدا دژ بەستەم و زۆرداریی سەدام لە ساڵی ١٩٩١دا بێدار بێتەوە.

کاتێکیش میللەتی کورد فیدراڵیی وەکو سیستەمێک بۆ فەرمانڕەوایی و شێوەیەک لە پێوەندیی لەگەڵ سیستەمی ناوەند لە بەغدا لە هەڵبژاردنی ئازاد و دیموکراسیدا ساڵی ١٩٩٢ هەڵبژارد، لەسەر عەرەب و سەرجەم کەمینەکان بوو ڕێز لەم هەڵبژاردنە بگرن و پاڵپشتی بکەن، لەبەرئەوەی لەلایەن گەلی کوردستانەوە هەڵبژێرراوە، ئەمەش شتێکی ڕەوایە و کورد لە پێناویدا خەباتی کرد و بەسەتان هەزار شەهید و قوربانیی دا لە کاتی تێکۆشانی درێژی دژ بەڕێژیمە شۆڤێنییەکان، کە دەیان ساڵ بەردەوام بوو و هەڵبژاردنێکە بۆ بنیاتنانی دیموکراسی بۆ داهاتووی عێراق.

لێرەدا نکووڵی لە ڕۆڵی حەکیمانە و بەتەنگەوەهاتنی سەرکردایەتیی کورد ناکەین لە توندوتۆڵکردنی برایەتیی عەرەبی _ کوردی و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی لێبووردەیی لە عێراقدا، سروشتیشە لێبووردەیی لەگەڵ تاوانکاراندا نەبێت، ئەوانەی تاوانی ناودەوڵەتییان ئەنجام داوە، حزبی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبە کوردستانییەکانی تریش، ڕۆڵی گرینگ و کاریگەریان لە تۆکمەکردنی ڕایەڵەی نێوان ڕۆڵەکانی عێراقدا گێڕاوە لە چاندنی بەها باشەکاندا، بەتایبەت ئەوی هەر یەک لە کاک مەسعوود بارزانی و مامۆستا جەلال تاڵەبانی و کادرانی حزبەکەیان پێی هەڵدەستن لەو ڕۆڵە زیندووەدا بۆ پاڵپشتی برایەتیی لە نێوان عەرەب و کورد و بنیاتنانی دەوڵەتی یاسا لە عێراقی فیدراڵی فرە نەتەوەییی دیموکراسیی ڕاوەستاو لەسەر ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و سەرجەم نەتەوە و لایەنگرانی ئاینەکان بەپێی دەستووری هەمیشەیی و پرەنسیپی سەروەریی یاسا مافی یەکسانیان هەبێت.

ئەمەش لە چەندان بۆنەدا ڕوون بووەتەوە، بەتایبەت لە کۆنگرەی لەندەن بۆ ئۆپۆزسیۆنی عێراق، کە لە دیسەمبەری ٢٠٠٢دا بەسترا، هەروەها کۆنفرانسی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، کە لە کوردستاندا لە دوادواییی شوباتی ٢٠٠٣دا بەسترا، ئەوە بوو ئەرکی باش لەلایەن هەردوو برای بەخشندە و لایەنەکانی ترەوە خرانە گەڕ بۆ یەکخستنی ڕیزەکان و ڕزگارکردنی عێراق لە نقومبوون لە دەریای دیکتاتۆریدا.

٢- پێوەندیی لەگەڵ ئیسرائیل و وڵاتە عەرەبییەکان:

ژمارەیەک لە وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان پێوەندیی دیبلۆماسیی بەئاشکرایان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا هەیە و هەندێک وڵاتیش پێوەندیی نائاشکرا و بەرژەوەندی و پێوەندیی بازرگانیی ئاساییان لەگەڵیدا هەیە.

وێڕای بوونی ژمارەیەکی زۆر لە کوردی عێراق لە پێڕەوانی ئاینی جوولەکە، بەزۆر یا بەئارەزووی خۆیان کۆچیان بۆ ئیسرائیل کرد و بەرژەوەندی و موڵک و ماڵ و مەزرایان لە کوردستانی عێراقدا مایەوە، کە بەسەتان ساڵ تێیدا گوزەرانیان کردووە، کەچی ئینجاش کورد هیچ پێوەندییەکی بازرگانی، یا بەرژەوەندیی دوو لایەنەیان لەگەڵ وڵاتی ئیسرائیلدا نەبووە، چونکە سەرکردایەتیی کورد وایدەبینێت ئەم پێوەندییانە ئەو کات بنیات دەنرێن، کە ڕەوشەکە پێگەیی بێت و ڕێگە بەوە بدات و کوردستان ئەم پێوەندییانە بەتاکڕەوی و دوور لە بڕیاری دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقی نوێ بنیات نانێت، جگە لەوەی سەرکردایەتیی کورد بڕوای بەڕەواییی ناودەوڵەتی هەیە، لەوانە مافی گەلی فەڵەستین لە پێکهێنانی دەوڵەتەکەیدا بەپێی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی ناودەوڵەتی و بڕوای بەئاشتیی نێوان میللەتان هەیە.

لەسەر ئەم بنەوایە چی بوترێت سەبارەت بەبوونی وەکو ئەم پێوەندییانە، یاخۆ پڕۆژەی ئابووریی ئیسرائیل لە کوردستاندا درۆن و ڕاستییەکان بەدرۆیان دەخەنەوە و مەبەستیش لەمە تێکدانی پێوەندییەکانی عەرەبی - کوردییە و پاشان بەدکاریی بۆ دۆزی گەلی کورد.

پێنجەم: ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا:

لە ١٧ی تەمووزی ساڵی ١٩٦٨دا حزبی بەعس لە عێراقدا بەکوودەتایەکی سەربازی بەسەرۆکایەتیی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر و کۆمەڵێک ئەفسەر هاتە سەر دەسەڵات، بانگەشەی ئەوەیان کرد ئەمە شۆڕشێکی سپییە، دواتر هێندەی نەبرد بووە سوور لە خوێن، کە لە شەڕە ناوخۆ و دەرەکییەکاندا ڕژان، لە عێراق و لە ناوچەکە و لەسەر ئاستی ناودەوڵەتییشدا، تاکو ڕووخانی ڕێژیم لە ڕۆژی ٩ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٣دا.

لە ئەنجامە بەراییە ڕاگەیاندراوەکانی فەرمانڕەوا تازەکان سەبارەت بەچارەسەری دۆزی کورد چارەسەرێکی ئاشتییانە لەسەر بنەوای دانووستان لە نێوان حکوومەتی نوێی ئەوسا و سەرکردایەتیی کورد، هەر بەکردەنییش دانووستان و زنجیرەیەک کۆبوونەوە لە نێوان هەردوو لایەن لە کوردستان و لە بەغداشدا ئەنجام دران، سەدام ئەو کاتی پۆستی جێگری سەرۆک ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی بەدەستەوە بوو بەخۆی سەردانی سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی لە کوردستاندا کرد.

سەرکردایەتیی کورد شاندێکیان بۆ دانووستان پێک هێنا، لەناویاندا کەسایەتیی ناسراوی

هەواڵنامەی کتێب

کوردی تێدابوون، وەکو سەرۆک مەسعوود بارزانی و سەرۆکی خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی و خوالێخۆشبوو سامی عەبدولڕەحمان و دوکتۆر مەحموود عوسمان و ئەوانی تریش، لەلایەن حکوومەتیشەوە سەدام حوسێن و عەبدولستار ئەلجەواری و ئەوانی تر.

بەیاننامەی ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ دەرچوو و سەرۆک کۆمار ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر ڕێککەوتننامەکەی لە گۆڕەپانی تەحریر لە بەغدا خوێندەوە و مـوژدەی باشیی ئەم ڕێککەوتننامەیەی بەعێراقییەکان دا، کە بەردی بناغەیەکی خراپ نەبوو بۆ چارەسەری دۆزی کورد، کەچی ڕژێمی بەعس ڕێزی لە ڕێککەوتننامەکە نەگرت و پاشگەز بووەوە، کە بەڵێنی بەکوردان دابوو، بەم ئاوایە دڕندانەترین هەڵمەتی پاکتاوکردنی جەستەیی دژ بەکەسایەتییە کوردەکان بەگشتی ئەنجام دا و سەدام هەوڵی دا بەڕێز ئیدریس بارزانی لە بەغدادا تیرۆر بکات، هەروەها هەوڵی کوشتنی سەرۆکی مەزن مستەفا بارزانی لە کوردستاندا درا، لە میانەی کۆمەڵێک لە پیاوانی ئاینییەوە، ئەوانەی بۆمب و پشتێنی بۆمبڕێژکراویان لە خۆ بەستبوو، ئەوە بوو بارزانی تووشی هیچ زیانێک نەهات، ئەم کارە نامەردانەیە لە ٢٩ی ئەیلوولی ١٩٧١دا ڕووی دا.

ماوەی ڕێککەوتننامەکە بەسەرچوو، کە ٤ ساڵ بوو و ئەو بەڵێنانەی حکوومەتی بەعس بەکوردی دابوو، نەهاتنە دی، ئەوە بوو لە یەک لایەنەوە یاسای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان ڕاگەیەنرا و داوودەزگای کارتۆنیی سەر بەحکوومەت لە کوردستاندا ڕاگەیەنرا و هێزەکانی پێشمەرگە چوونە شاخ و ژمارەیەکی زۆر لە کورد بۆ ئێران و وڵاتانی جیهان ڕۆیشتن، پاشان لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥دا لە جەزائیر سەدام لەگەڵ شای ئێراندا بەئامادەبوونی سەرۆک هەواری بومدیەن ڕێکەوت شا پشتگیریی لۆجستی بۆ کورد بوەستێنێت لە بەرابەر دەستهەڵگرتن لە نیوەی دەریای عەرەب بۆ ئێران، ئەم بیرۆکەیە دەگەڕێتەوە بۆ هێنری کیسنجەری گەورە سیاسەتوانی ئەوسای ئەمەریکا.

ئیتر لە ماوەی ١٩٧٠ و کاتی شەڕ بەسەر ئێراندا لە ساڵەکانی ١٩٨٠ – ١٩٨٨ زنجیرەیەک هەڵمەتی دڕندانە دژ بەکورد ئەنجام دران، ماوەی شەڕی عێراق – ئێران خراپترین قۆناغ بوو بەسەر میللەتی کورددا تێپەڕی، ئەوە بوو هەڵەبجە بەچەکی کیمیاوی لێ درا و پتر لە ١٨٨ هەزار کورد بێ سەروشوێن کران لەناویاندا ٨ هەزار بارزانی، ئیدی تاوانی شەڕ و تاوانی ناودەوڵەتی بەهەموو شێوەکانییەوە دژ بەگەلی کورد لەلایەن ڕژێمی بەعس و بەڕێنوێنی سەدام خۆی ئەنجام دران، کەچی ئینجاش ئەم هەموو شاڵاوانە نەیانتوانی میللەتی کورد لەناو بدەن، چونکە گەلان نامرن.

شەشەم: تاوانە ناودەوڵەتییەکانی دژ بەگەلی کورد:

– تاوانی قڕکردنی ڕەگەزی مرۆیی دژ بەکوردی فەیلی:

کوردی فەیلی بەدەست ململانێی گەورەی نێوان وڵاتی عوسمانی و فارسەوە زۆری چەشت، لەبەرئەوەی لەو ناوچانەدا دەژین کە ئاماژەمان پێ کرد و بەهۆی سروشتی بێوەییی گەلی کورد و ڕەتکردنەوەی شەڕ، کوردی فەیلی و گەلێک عەرەبیش ڕەگەزنامەی ئێرانییان هەڵبژارد بۆ ڕزگاربوون لە خزمەتی سەربازی لەناو لەشکری تورکدا، کە لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا خزمەتی سەربازیی بەزۆر بوو، ئەوە بوو پاشان لەلایەن ڕێژیمە عەرەبییە لێوانلێو لە بیری تەسکی ڕەگەزپەرستیی شۆڤێنییەوە بووە بەڵایەک بۆیان، بەڵام بەشێکی تر لە کوردە فەیلییەکان و لە عەرەب و ئەوانی تر لە تەبەعییەی عوسمانی لە ماوەی یەکەمین شەڕی جیهانیدا خزمەتی سەربازییان هەڵبژارد و بووە تایبەتمەندییەک بۆیان لە دەرخستنی ناسنامەی عێراقی و ئینتیما بۆ نیشتمان.

ئەوسا سەربەدەوڵەتی عوسمانی بوون شەرەف و تایبەتمەندییەکی گەورە بوو هیچ شتێک لە سەرووی ئەوەوە نەبوو و تاقە پێوەر بوو بۆ دەرخستنی ناسنامەی هاووڵاتی بوون بۆ عێراق.

یەکێک لە باپیرەکانم ساڵی ١٩٦٦ گەلێک چیرۆکی سەبارەت بە شێوازەکانی قوتاربوون لە خزمەتی سەربازی لەناو سوپای تورکدا لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا بۆ گێڕامەوە، وەکو شاردنەوەی نێرینەکانیان، تاکو نەچنە شەڕ بۆ سیبیریا و ئەستەنبووڵ، کاتێک لە هۆیەکانی بڕینی یەکێک لە لاقەکانیم پرسی، وڵامی دامەوە، بەهۆی شەڕەوە بوو لە سوپای تورکیدا لە زستانی ڕووسیا و ئەورووپا و لەسۆنگەی بەستنی پۆستاڵەکانمانەوە، کە نەیتوانیوە بۆ ماوەیەکی زۆر دایکەنێت، ئەمەش بووە هۆی ژاراویبوونی لاقی و پاشان بڕینەوەی، هەروەها ناوی گەلێک لە هاوەڵەکانی بۆ ژماردم، لەوانەی لاشەکانیان لە مەیدانی شەڕدا مانەوە.

هەرچی ڕۆڵی کوردە فەیلییەکانە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا، وەکو هێڵی یەکەمی بەرگری وابوون لە خەباتیاندا لە پێناو سەربەخۆییی گەلی کورددا و بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی لەناویاندا مافی چارەی خۆنووسین، هێژا مەسعوود بارزانی لە کتێبەکەیدا (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد – بەشی ٣) نووسیویەتی:

> هاتنی کوردە فەیلییەکان بۆ ئەندامبوون لە پارتیدا بەگەرمییەوە بوو و بەمەبەستی تەواو نیشتمانییەوە بوو، لەنێویاندا هەبوو بۆ پۆستی سەرکردایەتیی لە حزبدا بەرز بووەوە.

کوردی فەیلی تووشی تاوانی قەڵاچۆکردن هاتن بەتایبەت تاوانی پاکتاوی ڕەگەزی، کە بەیەکێک لە شێوەکانی تاوانی ناودەوڵەتی دەژمێررێت، مەبەستیش لە تاوانی ناودەوڵەتی کاری نایاساییە لە یاسای سزاکاندا، یا ڕێککەوتننامە ناودەوڵەتییەکاندا، یا بنەواکانی یاسای ناودەوڵەتی، کە

شوێنەوارە ترسناکەکانی بۆ هەموو کۆمەڵگەی ناودەوڵەتی درێژ دەبێتەوە، ئەم تاوانەش بەتاوانی دەستئەنقەست دەژمێررێت، کە بەمەبەستەوە دەکرێت و توخنی ئاسایش و سەلامەتیی کۆمەڵگەی ناودەوڵەتی دەبێتەوە و بکەرەکەی لە بەرپرسیاریەتی بەدەر نییە و مافی پەناهەندەیی نادرێتێ و متمانەی دەستووری، یاخۆ یاسایی نابێت، هەروەها تاوانەکەش بەتێپەڕبوونی کات ناکەوێت و هەر دەمێنێت. هەروەها ئەگەر لە کاتی شەڕدا ئەنجام بدرێت بەتاوانی شەڕ دادەنرێت، ئەگەریش لە کاتی ئاشتیدا ئەنجام بدرێت بەتاوانی دژ بەمرۆڤایەتی دەژمێررێت.

ئەم تاوانە لە جۆری تاوانی قڕکردنی ڕەگەزی مرۆڤە و مانای وێرانکردنی بەئەنقەستی کۆمەڵەی نەتەوەکان، یا ڕەگەز، یان ئاین، یاخۆ ئیتنی دەگەیەنێت، لەبەرئەوەی لە تاوانە کۆنەکانی مێژووە و پێوەستە بەحوکمی نازی و ڕێژیمی سەدام حوسێن و شەڕەکانی یوگسلافیای پێشوو و هەندێک ناوچەی ئەفریقاوە (ڕاوەندا).

ئەم تاوانانەش لە جۆری تاوانی سیاسی نین، بگرە لە تاوانە دەستئەنقەستە ئاساییە ترسناکەکانن، هەر دەبێت واش بێت تەنانەت ئەگەر یاسای ناوەخۆییش ڕێگەی پێ دا، لە کاتی گەڕانەوەدا بۆ مادەی دووەمی ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی قەلاچۆکردنی ڕەگەزی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٤٨دا دەرکەوت وێرانکردنی گشتی، یا بەشێکی گرووپە نەتەوەیی، یاخۆ ئیتنی، یا ئاینییەکان لە کوشتن یا کەمئەندامکردنی جەستەیی، یاخۆ ڕوحی، یا بەئەنقەست مل پێ شۆڕکردنی دەستەکان بۆ ڕەوشی نالەبار، یان ڕێگرتنیان لە منداڵ هێنانەوەیان، یان بەزۆر گواستنەوەی منداڵەکان لەو دەستەیە و لە کەسوکار دابڕانیان، بەتاوانی قەلاچۆکردنی ڕەگەزی مرۆڤ دادەنرێت، ئەوەی گەلی کورد بەدەست ڕێژیمی سەدامەوە بەسەریدا هات، بەتایبەت کوردانی فەیلی.

هەڵمەتی کۆچ پێکردنی یەکەم دژ بەکوردی فەیلی لە پێشەنگەکانی نازیزمی عەرەبییەوە بەسەرکردایەتیی ڕەشید عالی گەیلانی دەستی پێ کرد، ئەوە بوو بەدەیان هەزاری لێیان کۆچ پێ کرد بەبەهانەی ئەوەی پاشکۆی ئێرانن، وێڕای ئەوەی وەک وتمان لە سەتان ساڵەوە عێراقین و دانیشتووی عێراقن، هەروەها شەپۆلی کۆچ پێکردن و ڕەوانەکردن دوای شۆڕشی تەمووزی ١٩٥٨ هەڵکشا، لە سۆنگەی ئاڵۆزیی نێوان ڕێژیمی حوکم لە بەغدا و تاراندا، قوربانییەکەشی خەڵکە سڤیلەکە بوون.

ساڵی ١٩٦٣ نازییە عەرەبەکان دەسەلاتیان لە بەغدا گرتە دەست و حەرەس قەومی تاوانی قێزەونیان دژ بەکوردانی فەیلی ئەنجام دا، بەتایبەت ئەوی بە تاوانەکانی گەڕەکی کوردان (جرائم حي الاكراد) لە بەغدا ناسراوە، هۆیەکەشی ئەوە بوو (حي الاكراد) بنکەی بزووتنەوەی نیشتمانیی حزبی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعیی عێراقی بوو، ئەو شوێنەی ژمارەیەک لە بازرگانە کوردەکان و کوردی تێدا نیشتەجێ بوون، ئەمەش بووە مایەی ترس بۆ سەر حوکمی حەرەس قەومی - نازی لە بەغدا.

ماوەی ڕەش لە مێژووی کوردی فەیلی لە کاتی مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی ئازاری ساڵی ۱۹۷۰وەوەیە، تاکو ساڵی ۱۹۸۸، ئەوە بوو ڕژێمی بەعسی نازیی عەرەبی بەسەرکردایەتیی سەدام و سەرۆکی هەواڵگرییەکەی "بەرزان" بەپێڕەوکردنی ناشرینترین جۆری چەوسانەوە و تاوانی ناودەوڵەتی دژ بەمیللەتێکی بێوەی، کە حەز بەژیان و ئازادی دەکات، ئەوە بوو دەسەڵاتداران هەستان بەکۆچ پێکردن و بزرکردنی سەتان هەزار مرۆڤ، کە ژمارەیان گەیشتە نێزیکەی یەک ملیۆن کەس، بێ ئەوەی گوناهێکیان هەبێت، جگە لەوەی لە چاکترین ڕۆڵەکانی عێراقن و سەر دانانەوێنن بۆ بتێک و لەبەرئەوەی کوردن و زۆربەیان لە پێڕەوانی مەزهەبی شیعەن و شادەماری ژیانی بازرگانییان لە عێراقدا بەدەستەوەیە و ڕۆڵی گەورەیان لە بزووتنەوەی نیشتمانیی عێراقدا هەیە.

تاکو ئێستاش پتر لە ۱۰ هەزاریان شوێنبزرن و چارەنووسیان نازانرێت، بەپێی ئەو بەڵگەنامانانەی دۆزراونەتەوە، ژمارەیەکی زۆریان بوونە کێڵگەی تاقیکردنەوەی چەکی بایۆلۆجی و کیمیاوی، وەکو ئەو یەکە سەربازییەی ژمارە ۵۰۱۳ لە جۆری کیمیاوی لە پاسەوانی کۆماری ئەنجامیان دا.

دوکتۆر کەمال قەیتوولی لە نامەکەیدا سەبارەت بەدەرد و بەڵای کوردانی فەیلی دەبێژێت: پرۆسەکانی کۆچ پێکردنی ئەم هاووڵاتییانە لە مێژووی ۱۹۸۰/٤/٤دا دەستیان پێ کرد، ئەوە بوو دوای دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵ و بەڵگەنامە کەسێتییەکانیان (ڕەگەزنامەی عێراقی، ناسنامەی باری کەسێتی، دەفتەری خزمەتی سەربازی، مۆڵەتی شۆفێری، ناسنامەی ژووری بازرگانی بەنیسبەت بازرگانەکانەوە، ناسنامەی یەکێتی پیشەسازییانی عێراقی بەنیسبەت خاوەن پرۆژە پیشەسازییەکانەوە، بەڵگەنامەی مۆڵەکانیان، بڕوانامەی قوتابخانە و زانکۆ... هتد).

پاشان دەڵێت: سەرکردایەتیی باڵای عێراق و بەفەرمانی سەدام حوسێن ئەم بڕیارە نهێنییەیان وەرگرت و وایان دانا توێژێلێکی دیارکراو لە کۆمەڵگەی عێراق (کوردانی فەیلی و فارس و هەندێک عەرەب) پاشکۆیەتیی ئێرانن، یاخۆ بنەچەیان ئێرانییە، سەرەڕای ئەوەی ئەمانە خۆیان و باو و باپیریان لەسەر خاکی عێراق لەدایک بوونە و هەندێکیان بنەچەیان بۆ قۆناغی بەر لە دەرکەوتنی ئیسلام دەگەڕێتەوە.

مەبەست لەم سیاسەتەش ئامادەکاری بوو بۆ شەڕی عێراق ـ ئێران، کە لە ئەیلوولی ساڵی ۱۹۸۰دا دەستی پێ کرد. بەپێی ئامارەکانی خاچی سووری ناودەوڵەتی و مانگی سوور دوای تۆمەتبارکردنیان بەپاشکۆیەتیی ئێران ژمارەی عێراقییە دەرکراوەکان بۆ ئێران لە ماوەی ۱۹۸۰/٤/٤دا تا ۱۹۹۰/٥/۱۹ گەیشتە نێزیکەی یەک ملیۆن کەس.

شایانی باسە هێژا مەسعوود بارزانی لە تاوانی ڕژێم دژ بەکوردانی فەیلیی باس کردووە، دەڵێت:

(هەر کە لە ساڵی ١٩٧١دا خۆر ئاوابوو دەسەڵاتداران دەستیان کرد بەدوورخستنەوەی کۆمەڵێکیان بۆ دەرەوەی سنوور، بەڕووکەش یاسایی بوو و لە ناواخندا خەنجەرێک بوو لە شۆڕشی کورد درا).

پاشان بارزانی ئاماژە بەوە دەکات، کە:

(نیەتی ڕەشیان دوولایەن بوو هەوڵی دەدا بۆ: لاوازکردنی شۆڕش و دەستگرتن بەسەر پارە و سامانی ئەم توێژە و دروستکردنی گرفت بۆ حکوومەتی ئێران).

لەبەر ئەمە پرۆژەی سەرکردایەتیی کورد بۆ دەستووری دەوڵەتی فیدراڵی عێراق پێک هاتبوو لە چوونە ناو ئەو دەڤەرانەی کوردە فەیلییەکانیان تێدا دەژین، وەکو بەدرە و جەسان و مەندەلی و خانەقین و ئەوانی تر، تاکو ببنە بەشێک لە هەرێمی کوردستان و ئێمەش لە پشتگیریکەرانی ئەم هەڵوێستەی سەرکردایەتیی کوردین و لە هۆیەکانی دەگەین.

– تاوانەکانی ئەنفال (کوشتنی ١٨٨ هەزار کورد و زیندەبەچاڵکردنیان لە ڕۆئاوا و خوارووی عێراقدا):

ئامانجی تاوانی قڕکردنی ڕەگەزی مرۆڤ Genocide کوشتنی کۆمەڵەکان، یا کۆمەڵێ مرۆڤە بەشێوازی جیاجیا و بەکارە ترسناکەکان دادەنرێت، کە هەڕەشە لە ئاسایش و سەقامگیریی کۆمەڵگە دەکات، چونکە دەبێتە شیمانەی قەڵاچۆکردن، یا چەوسانەوەی مرۆڤەکان بەگشتی، یا پاژێکیان بەهۆی سروشتی نیشتمانی، یا ئیتنی یا پشتاوپشت، یا ئاینی، کە بەشێوەیەکی دەستئەنقەستە و شوێنەوارەکانی لەسەر دۆخی ناوخۆیی وڵات قەتیس ناخوات، کە لە ئاستی سنووری ناوچەیی ڕوو دەدات، بگرە بەهۆی شوێنەوارە گشتگیرەکەیەوە تەنانەت دەگاتە ئاستی ناودەوڵەتییش.

ئەمە تاوانی سیاسی نییە، بگرە بەتاوانی دەستئەنقەستی ئاسایی دادەنرێت، تەنانەت ئەگەر بەمەبەستی سیاسیشەوە ئەنجام بدرێت.

ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٤٦ی ڕێگرتن لە قڕکردنی ڕەگەزی مرۆیی و سزادان لەسەری، بڕیاری تاوانی ناوبراوی لە خۆ گرتووە، مەبەستیشی لە قڕکردن وێرانکردنی بەئەنقەستی کۆمەڵە نەتەوەیی، یا ئیتنی، یا ئاینییەکانە و مەبەستیش لە وشە یا زاراوەی Genocide لە زمانی لاتینیدا (کوشتنی کۆمەڵە)، ناو و بڵاوبوونەوەی زاراوەی تاوانی قەڵاچۆکردن یەکەمین جار لکاون بەنازیزمەوە، ئەوە بوو بەملیۆنان مرۆڤ بەهۆی ئاینییانەوە، یا بنەچەیانەوە کوژران، تاوانەکەش بەجۆری دژی مرۆیی دانرا، تەنانەت ئەگەر تاوانەکە زیانیش بەیاسای ناوخۆیی نەگەیەنێت.

مایەی گومان نییە ئەنجامدانی ئەو کارانە بەمەبەستی وێرانکردنی گشتی، یا بەکەمیی گرووپە نەتەوەیی، یا ئیتنی، یا ڕەگەزی، یا ئاینی لە میانەی وێنەی هەمەجۆرەوە ڕوو دەدات، جا ئەگەر

تاوانەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت، یا بەدنەدان، یاخۆ بەپیلانگێڕی ئیتر لە کاتی ئاشتیدا بێت یا شەڕ، لە مادەی دووەمی ڕێککەوتننامەکەدا هاتووە:

"لەم ڕێککەوتننامەیەدا مەبەست قەلاچۆکردنی بەکۆمەڵە ئیتر هەر یەکێک لەم کارانە بێت:

ئەوی بەمەبەستی وێرانکردنی گشتی ئەنجام درابێت، یا بەکەمی بۆ گرووپە نەتەوەیی، یا ئیتنی، یاخۆ ڕەگەزی، یاخۆ ئاینی، بەم سیفەتانە:

١- کوشتنی ئەندامانی گرووپەکە.

٢- ئازار گەیاندنی جەستەیی، یا ڕوحیی مەترسیدار بەئەندامانی گرووپەکە.

٣- بەمەبەستەوە ملکەچکردنی گرووپەکە بۆ ڕەوشی ژیانی بەمەبەستی وێرانکردنی مادیی بەگشتی، یا بەکەمی.

٤- سەپاندنی ڕێوشوێنێلێک بەمەبەستی ڕێگرتن لە منداڵبوون لەناو گرووپەکەدا.

٥- بەزۆر گواستنەوەی منداڵان بۆ گرووپێکی تر.

لەمانەوە ڕوون دەبێتەوە کوشتنی گرووپەکان بەچەندان ڕێگە، یا شێوازی جیاجیا ڕوو دەدات، لەوانە:

جۆری یەکەم: قەلاچۆکردنی جەستەیی

لە کوشتنی گرووپەکان بەگازی ژاراوی، یا هەڵواسین، یا زیندەبەچاڵکردن، یاخۆ بۆردومانکردن بەفڕۆکە، یا ڕۆکێت، یاخۆ بەهەر شێوازێکی تر ڕوح دەرکات، خۆ دەنوێنێت، ئەوەی کە لە خوارووی عێراقدا بەسەر سەدان هەزار شیعەدا هات لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا لە ئازار و نیسان و دوای ئەوەش لە ساڵی ١٩٩١دا، بەپێی دانپێدانانەکانی زۆرێک لە ئەفسەرانی دەزگاکانی ئاسایش، ئەوانەی لە بەغدا هەڵاتن، ئەوەبوو بەرپرسی دەزگا تایبەتەکان (قوسەی سەدام حوسێن) لە ڕۆژێکدا تاوانی کوشتنی نێزیکەی ٢٠٠٠ هاووڵاتیی عێراقی لە باشووری عێراق ئەنجام دا، لەوانەی تۆمەتبارکران بەبەشداربوون لە ڕاپەڕینەکەدا و بێ ئەوەی لە گرتیگەی ئەبوغرێب دادگایی بکرێن، ئەمەش وەسفی تاوانی ناودەوڵەتی لە قەلاچۆکۆدنی ڕەگەزی مرۆڤی بەسەردا دەسەپێت. ئەم تاوانەش لە میانەی شالاوێکەوە هات ناوی "پاککردنەوەی بەندیخانەکان" بوو.

جۆری دووەم: قەلاچۆکردنی بایۆلۆجی

مەبەست لێی ڕێگەکانی خاوێنکردنەوەی پیاوانە، یا لەباربردنی ئافرەتانە بەشێوازی جیاجیا و بەئامانجی لەناودانی ڕەگەزی مرۆیی (بڕگەی "د" لە مادەی دووەم) لە ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی قڕکردنی ڕەگەزەکان و سزادان لەسەری.

جۆری سێیەم: قەڵاچۆکردنی ڕۆشنبیری

لە قەدەغەکردنی زمانی نیشتمانیدا خۆی دەنوێنێت، لەگەڵ دەستدرێژیکردنە سەر ڕۆشنبیریی نەتەوەیی، ئەوەی کە لە کوردستانی عێراقدا ڕووی دا و لە سووریا و تورکیادا دژ بەگەلی کورد ڕوو دەدات و ئەوی لە شارە کوردییەکاندا ڕووی دەدا، کە لەژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی سەدامدا بوون، وەکو کەرکووک و خانەقین و ئەوانی تر. (بڕگەی "ج" لە مادەی دووەمی ڕێککەوتننامەکە).

کەچی خێزانی ناودەوڵەتی هێشتا ڕووی لەوە نەکردووە، کە ئەم جۆرە قڕکردنە بەجیدی و ترسناک وەربگرێت، کە دەبێتە هۆی لەناودان، وێڕای ئەوەی ئەم جۆرە قەڵاچۆکردنە قڕکردنێکی مانەوییە (معنوی) و مرۆڤ تێکوپێک دەدات و دەبێتە ئەگەری تواندنەوە و وێرانکردن، کە کارێکی ناڕەوایە.

هەرچی هۆیەکانی ئەم تاوانەن، دەکرێت لەم شێوەیەی خوارەوەدا کورت بکرێنەوە:

١- هۆیە ئاینییەکان: ڕەنگە ڕوونترین وێنە لە چاخی نوێدا تاوانەکانی ڕێژیمی سەدامن دژ بەشیعە لە ناوەڕاست و خواروی عێراق، ئەوە بوو لە ڕاپەڕینەکە و دوای ئەوەش لە ساڵی ١٩٩١دا بەڕۆکێت و چەکی قورس لە شارەکانی خواروی دا، بەمەبەستی تۆڵەسەندنەوە، جگە لە ژاراویکردنی ئاوی هۆرەکان و وشککردنیان بەمەبەستی وەستاندنی ژیان لەو دەڤەرەدا.

کار بەوە گەیشت بەڕۆکێت و تانک و تۆپی قورس لە شوێنە پیرۆزەکانی دا و بەسەتان زانای ئاینیی بەشێوەیەکی ترسناک پاکتاو کرد، ئیتر بزر کراین، یا بەئاشکرا کوژراین، لە سۆنگەی هەڵوێستیانەوە دژ بەڕێژیمی سەدام.

٢- هۆیە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان:

ئەوەی کە مادەی دوو لە خۆی گرتووە، بەگشتی سەبارەت بەکوردە و کوردی فەیلییش بەتایبەتی، بەمەبەستی لەناودانی زمانەکەیان و تواندنەوە و بەعەرەبکردنیان لە میانەی زنجیرەیەک لە بڕیارێلی نامرۆییەوە.

هەمووان دەزانین ناوچەکانی باشوور لە عێراقدا دەرگیری سیاسەتی بەئەنقەستی پشتگوێ خستن و وێرانکردنی ژیانی مرۆیی و ڕووەکی و ئاژەڵی بەبڕینی ئاو لە ئەهوارەکان و گۆڕینی بۆ سەرچاوەیەکی تر لە میانەی پرۆسەی بنیاتنانی بەنداوی دەستکردی بەئەنقەست بۆ وشککردنەوە و کوشتنی بوونەوەرە زیندووەکان و وێرانکردنی ژینگە، ئەمەش وای لە خەڵکەکە کرد لەناو عێراقدا کۆچ بکەن، یا بۆ ناوچەکانی دەوروبەر مل بنێن.

ئەم تاوانەش جەختی لەسەر کرایەوە لە ڕێی مانگە دەستکردەکانەوە، کە ئەم تاوانەیان دژ بەژینگە ئاشکرا کرد، کە ڕێکخراوی ناودەوڵەتی بۆ ژینگە ساڵی ٢٠٠١ تۆماریان کرد لەگەڵ

نارەزایی پەرلەمانی ئەوروپایی لە ساڵی ٢٠٠٢دا و لیژنەی مافی مرۆڤ لە جنێڤ، جگە لە ڕاگەیاندنەکانی دەیڤد شیڤەری باڵیۆز، کە ئەم تاوانە تاوانێکی ناودەوڵەتیی دژ بەمرۆڤایەتییە (تاوانی پاکتاوی ڕەگەزی).

پێویستە بەشەکانی تاوانە ناودەوڵەتییەکان ڕوون بکەینەوە، کە دەکرێن بەسێ بەشەوە:

١- ئەو تاوانانەی پێوەندن بەشەڕەوە War Crimes

٢- تاوانەکانی دژ بەئاشتی War against peace

٣- تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی Crimes against Humanity

تاوانی ناودەوڵەتی بەشێوەیەکی دەستەنقەست ئەنجام دەدرێت، ئەویش تاوانێکی گەورەیە high crime، واتا بەبوونی مەبەستی تاوانکاریی بکەرەکەوە ئەنجام دەدرێت criminal intent، لەبەر ئەمە تاوانی ناودەوڵەتی بەشێوەی کەتن، یا سەرپێچی، یاخۆ بەڕێگەی نائەنقەست ئەنجام نادرێت، واتا خاڵییە لە مەبەستی تاوانکاری.

بۆیە تاوانی ناودەوڵەتی بەتاوانێکی ترسناک دادەنرێت Infamous Crime ئەمن و ئاشتیی ناودەوڵەتی دەهەژێنێت و شوێنەوارەکانی تەنیا بەهەرێمی دەوڵەتەوە دیار نادەن، بگرە درێژ دەبێتەوە بۆ کۆمەڵگەی ناودەوڵەتی و سزاکانی پێرەو دەکرێت بەناوی کۆمەڵەی ناودەوڵەتی و دەکرێت وا پێناسەی بکەین، کە "ڕووداوێکی تاوانکارانەیە دژ بەبنەواکانی یاسای ناودەوڵەتییە، جا ئەگەر ئەو کردارەی لە شێوەی کار تاوان پێک دەهێنێت، تاوانێک بەکردارێکی ئەرێنی، یاخۆ ڕێگرتن لەو کردارە، ئەویش تاوانێکی نەرێنییە".

سەبارەت بەتاوانی ئەنفالیش، کە دژ بەگەلێکی بێوەی لە کوردستاندا ئەنجام درا، ئەوا دەتوانین بڵێین ڕێژیمی بەعسی - سەدامیی فاشی ڕێگەی بۆ ئەمە خۆش کرد و شانۆی تاوانەکەی ئامادە کرد بۆ ئەنجامدانی ئەم کوشت و کوشتارەی لە دادگەدا دادگایی سەدام و داروودەستەکەی بۆ ئەم مەبەستە ڕێک خرا.

ڕێژیمی گۆڕبەگۆڕی فاشی کاری کرد بۆ تەیارکردنی سوپایەک لە گرووپێلێکی بێویژدان و بێ هەستی مرۆیی، کە مەشقێکی تایبەت کرابوون بۆ ترس خستنە دڵ و توندکردنی دەسەڵاتی ڕێژیم بەسەر عێراقییەکاندا، ئەوانەی هەواداری حوکمی بەعس - سەدام نین.

ڕێژیمی گۆڕبەگۆڕ دوای سەرنەکەوتنی ڕێککەوتننامە لەگەڵ سەرکردایەتیی کورددا، هەستا بەچۆڵکردن و پاکتاوکردنی ناوچە کوردییەکان لە دانیشتووانەکەی و ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی ئەلجەزائیر لە ساڵی ١٩٧٥دا و کوردەکانی لە ئۆردووگای زۆرەملێ نیشتەجێ کرد و لە کاتی شەڕی عێراق - ئێرانەوە و بەپاساوی پاراستنی سنووری ڕۆهەڵات لە هاتنە ناوەوە، گەورەترین و درندانەترین شاڵاوی ڕەگەزی دژ بەگەلی کورد بەفەرمانی سەرۆکی ڕێژیم بەڕێوە چوو و جێبەجێکردنی لەلایەن دەزگا حزبی و تەناهی و سەربازییەکانەوە بەسەرپەرشتیی سەرۆکی

هەواڵگریی ئەوسا بەرزان تکریتیی زڕبرای سەدام و عەلی حەسەن مەجیدی ناسراو بەعەلی کیمیاویی ئامۆزاری سەدام ئەنجام درا، لە ماوەی نێوان ١٩٨٧ و ساڵی ١٩٨٨دا ڕێژیمی گۆڕبەگۆڕ دەستی بەجێبەجێکردنی کردەنیی تاوانەکە کرد لە قڕکردنی بەکۆمەڵ و وێرانکردنی ژێرخانی گوندەکانی کوردستان و بەسەتان هەزار کوردی بەمەبەستی لەناودانیان گواستەوە، لەناویاندا ٨ هەزار بارزانی بۆ خواروو و ڕۆئاوای عێراق و زیندەبەچاڵکردنیان دوای ئەوەی قەفەسەکانی دیلێتی نەیانی دەگرتە خۆ، کە ڕێژیمی سەدام بەخۆی بنیاتی نابوون، لە ڕێگەی گەلێک گۆڕی بەکۆمەڵی دۆزراوەوە هەندێکیان ناسرانەوە، لەناویاندا گۆڕی بارزانییەکان، ئەوانەی پاشماوەی لاشەکانیان لە ناوچەکانی نزیک بەسەماوە لە تەنیشت سنووری سعوودیە دۆزرانەوە و لە دوادوایی ساڵی ٢٠٠٥دا نێزیکەی ٥٠٠ ڕوفات بۆ کوردستان گواسترانەوە بەمەبەستی ناشتنەوەیان، کەچی تا ئێستا بەدەیان هەزار تەرم نەدۆزراونەتەوە و هێشتانەکینێ چارەنووسی ئەم خێزانانە نادیارە، ژمارەی ئەو گوندانەی ڕێژیم وێرانیکردن، نێزیکەی ٤٥٠٠ گوندن و ئەمەش تاوانی (ئەنفالی دووەم) بوو. بەڵام تاوانەکانی دژ بەکوردی فەیلی (ئەنفالی یەکەم)ین پێک هێنا.

– تاوانی هەڵەبجە (لێدانی کورد لە شاری هەڵەبجە بەچەکی کیمیاوی ڕۆژی ١٦ی ئاداری ١٩٨٨):

لە ماوەی شەڕی عێراق – ئێراندا، کە ٨ ساڵی خایاند و ڕێژیمی سەدام لە ٤ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٠دا دەستی پێ کرد، هەواڵ بۆ سەدام حوسێن هات بەو پێیەی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق و سەرۆکی دەوڵەتە، کە هێزەکانی ئێران لە شاری هەڵەبجەوە، کە کەوتووەتە نێزیک سنووری ئێرانەوە لە شاری سلێمانی، دێنە ژوورەوە، ئەو کات شەڕەکە تا بڵێی گەرم بوو، سەدام بەخۆی فەرمانی لێدانی هەڵەبجەی دا بەچەکی کیمیاوی و نێزیکەی ٥ هەزار لە خەڵکی سڤیلی کوردی کوشت و نێزیکەی ١٠٠ هەزار مرۆڤی بریندار کرد، من خۆم دوای ڕزگارکردنی عێراق سەردانی شارەکم کرد و شانۆی ڕووداوەکەم بینی لەگەڵ ناوی کوژراوەکان و وێنەی زامدارەکان، ئەوانەی دوایی لە ئێران چارەسەر کرابوون.

ئەم تاوانە بەیەکێک لە قێزەونترین تاوانی ناودەوڵەتی دادەنرێت، کە لە دوای کۆتاییهاتنی دووەمین شەڕی جیهانییەوە لە ساڵی ١٩٤٥دا لەلایەن ڕێژیمی گۆڕبەگۆڕەوە ئەنجام دراوە.

هاوکات لەگەڵ بەرپرسیاریەتیی سەدام لەو تاوانە، ئەوا ژمارەیەکی تر لە کۆڵەکەکانی ڕێژیم هەن بەشدار بوون لە پلاندانان و جێبەجێکردنی ئەم تاوانە و ئەوانیش لێی بەرپرسن.

سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی بەڕێز عەبدولعەزیز ئەلحەکیم ڕای گەیاند، شایەتحاڵی کوشتارەکەی هەڵەبجە بووە.

لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ مۆنۆمێنتی شاری هەڵەبجە و گۆڕە بەکۆمەڵەکەی، لە سلێمانی لە مانگی دیسەمبەری ٢٠٠٥دا گوتی: "ئێمە شایەتحاڵی ئەوەین، کە لە شارەکەدا ڕووی دا و هێزەکانی بەدری سەر بەئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە شوێنەکەوە نێزیک بوون و وەکو

تیمی فریاکەوتن بۆ یارمەتیی بەرکەوتووان کاری دەکرد".

هەروەها گوتی: من یەکەمین کەس بووم لەگەڵ ڕێزدار عەلی عەبدولعەزیزی بەرپرسی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستاندا سکاڵامان بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان دژ بەسەدام حوسێن بەرز کردەوە.

هەروەها ئەلحەکیم ڕوونی کردەوە: شاری هەڵەبجە شاری زانست و زانایانە و شایەدێکی گەورەیە لەسەر تاوانەکانی ڕێژیمی پێشوو، کە چەکی کیمیاوی دژ بەرۆڵەکانی بەکار هێناوە.

دادگەیەکی هۆڵەندیی پسپۆڕ ڕۆژی ٢٣ی دیسەمبەری ٢٠٠٥ بڕیاری ١٥ ساڵ بەندکردنی بەسەر بازرگانێکی هۆڵەندی (فرانس ڤان ئەنرات)دا دا، کە بازرگانێکی چەکی کیمیاوی بوو، کە چەکی کیمیاوی بە ڕێژیمی سەدام دابوو. هەروەها دادگاییی بەرپرسە عێراقییەکان لەسەر تاوانی هەڵەبجە لە ساڵی ٢٠٠٦دا دەکرێت.

حەوتەم: پێکهێنانی داوودەزگاکانی کوردستان دوای ڕزگارکردنی کوێت لە ساڵی ١٩٩١دا:

دوای تێکشکانی هێزەکانی ڕێژیمی سەدام لە شەڕی کوێتدا، کە سەدام لە ڕۆژی ٢ی ئابی ساڵی ١٩٩٠دا هێرشی کردە سەر، پاش گەفی وڵاتانی دنیا بەکشانەوەی هێزە داگیرکەرەکانی، وڵاتانی هاوپەیمان لەژێر ناوی "گەردەلوولی بیابان" ڕۆژی ١٧ی کانوونی دووەمی ١٩٩١ شەڕیان بەسەردا سەپاند، توانییان ڕۆژی ٢٨ی شوباتی ١٩٩١هێزە داگیرکەرەکان لە کوێتدا وەدەرنێن، دواتر ڕاپەڕینی جەماوەری لە ١٤ پارێزگەی عێراقی لە کوردستان و ناوەڕاست و خوارووی عێراق دژ بەڕێژیمی دیکتاتۆری بەرپا بوو، کە عێراقی خستە شەڕێکەوە بەهیچ شێوەیەک پاساوی نەبوو.

لە کوردستانیشدا هێزەکانی پێشمەرگە توانییان بەهێزی چەک کوردستان لە حوکمی بەعس ڕزگار بکەن، ئەوەبوو هێزەکانی سەدام خۆیان دایە دەستیانەوە، ئینجا ڕادەستی حکوومەتی ناوەند لە بەغدا کران، ئەمەش دەستپێشکەرییەک بوو لە سەرکردایەتیی کوردەوە و بەدیارکراوی لە سەرۆک بارزانییەوە بوو بۆ چارەسەری کێشەی کورد چارەسەرێکی عادیلانە و ئاشتییانە.

دوای ئەمە دانووستان لە نێوان سەرکردایەتیی کورد و حکوومەتی سەدام هاتە کایەوە، ئەوە بوو نەگەیشتنە هیچ ڕێککەوتنێک لە نێوانیاندا، ئەمەش وای لە حکوومەتی سەدام کرد سەرجەم فەرمانگە حکوومی و بودجەی بانکەکان لە بانکەکانی کوردستان بکێشێتەوە، بەو مەبەستەی کورد سەخڵەت بکات و سەرکەوتن بەدەست نەهێنن لە بنیاتنانی ناوچەکەیاندا، کە لە دەستی هێزەکانی سەدام ڕزگاریان بوو.

کەچی سەرکردایەتیی کورد توانی سەرلەنوێ داوودەزگاکانی بنیات بنێتەوە و پەرلەمان لە هەولێر پێک بهێنێت و حکوومەتی کوردستانی لە حزبە کوردستانییەکان پێک هێنا و پرۆسەی بنیاتنانی دەزگاکانی کوردستان دەستی پێ کرد لە هەنگاوێکدا بەرەو بەڕێوەبردنی کوردستان لە

کورد و دوور لە چەوسانەوە و ستەم، کە هێزەکانی سەدام بەسەر کورددا لە کوردستان پێڕەویان کرد. هەر بەڕاستییش کورد سەرکەوتوو بوون لە پێشخستنی ئەم داوودەزگایانە و دوای ١٥ ساڵ لە خۆ بەڕێوەبردن بووە نموونە بۆ دەڤەرەکانی عێراق، کە دەیانەوێت بەپێی دەستووری عێراقی لە ٢٠٠٥ دەرچوو، کە کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراق ئامادەی کرد، هەرێمەکان دابنێن.

هەشتەم: ڕۆڵی کورد لە ڕزگارکردنی عێراقدا (ساڵی ٢٠٠٣) و بنیاتنانی دەوڵەتی یاسا:

لەوەتەی کورد داوودەزگا دەستوورییەکانیان لە کوردستانی عێراقدا لە پەرلەمان و حکوومەتدا دوای ساڵی ١٩٩١ دامەزراندووە، کورد ڕۆڵێکی ئەرێنیی لە سەرجەم کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا بووە، بۆ گۆڕینی ڕژێمی سەدام لەگەڵ حزب و کەسایەتییە سەربەخۆ عێراقییەکانی تردا و ڕۆڵێکی نیشتمانییان گێڕاوە بۆ بنیاتنانی دیموکراسی لە عێراقدا و دامەزراندنی دەوڵەتی دەزگا دەستوورییەکان، ئیتر لە کاتی پێشکێشکردنی پاڵپشتیی لۆجستییەوە بێت بۆ سەرجەم ئەو کەسایەتییە عێراقییانەی لەژێر ستەمی ڕژێمی پێشوودا بوون، هەروەها بۆ ئەو حزب و بزووتنەوە سیاسییە عێراقییانە، یاخۆ لە کاتی چاوپێکەوتنە هەرێمی و ناودەوڵەتییەکانەوە، کاتێکیش پرۆسەی ڕزگارکردنی عێراق دەستی پێ کرد، هێزەکانی پێشمەرگە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە پرۆسەی ڕزگاریدا هەبوو، هەروەها سەرکردایەتیی کوردیش ڕۆڵی چالاک و کاریگەری هەبوو لە سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسی و هەڵبژاردنەکان و لە پێکهێنانی حکوومەتی کاتی و گواستنەوە و هەمیشەیی، کە کارەکانی خۆی لە بەهاری ٢٠٠٦دا دەست پێ کرد.

نۆیەم: کورد و ڕۆڵیان لە دانانی دەستووری هەمیشەیی و نەخشەی داهاتووی عێراقدا

ڕۆڵی کورد لەوەدا کورت نەبووەتەوە ببنە هۆیەک بۆ ڕێگرتن لە ململانێ لەناو عێراقدا لە نێوان حزب و جووڵانەوەکان و گشت لایەنە عێراقییەکان بەحوکمی پێوەندیی تۆکمەیانەوە لەگەڵ سەرجەم لایەنەکان و ئەو بڕوا بەتینەی لەلایەن گشت عێراقییەکانەوە پێیان دراوە، بگرە دەتوانم بڵێم ڕۆڵیان تا ئێستاش گرینگە وەکو دوو گەمەکەری بنەڕەتی لە نەهێشتنی ئاشووب و ڕوونەدانی شەڕی ناوخۆیی لە سەرتاپای عێراقدا، ئەگەر ئەوان نەبوونایا ئەوا پرۆسەی سیاسی سەرکەوتنی بەدەست نەدەهێنا و هەڵبژاردنەکانی یەکەم سەرکەوتنیان بەدەست نەدەهێنا و دەستوور و ڕاپرسییش لەسەریان نەکرا و هەڵبژاردنی دووەمیش سەرنەدەکەوت، کە لە ١٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥دا ئەنجام درا.

هاوینەهەواری سەڵاحەدین لە کوردستاندا (بارەگای سەرۆک مەسعوود بارزانی) و هاوینەهەواری دوکان (بارەگای سەرۆک تاڵەبانی) بوونە زیارەتگەی زۆربەی زۆری حزب و بزووتنەوە سیاسییە عێراقییەکان بەر لە ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و پێش پێکهێنانی حکوومەت.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت سەرکردایەتیی کورد دانایی و کارامەیییەکی سیاسی هەیە و ڕۆڵی بینیوە لە دروستکردنی داهاتووی سیاسیی نوێی عێراقدا.

لە نیوەی یەکەمی مانگی ئایاری ٢٠٠٥دا، لیژنەی دەستووری لە ئەنجوومەنی نیشتمانی پێک هات بەمەبەستی دەستکردن بەنووسینەوەی دەستووری هەمیشەییی عێراقی فیدراڵی دیموکراسی، کە ئەم ئەرکە دەکەوێتە سەر شانی ئەنجوومەنی نیشتمانی بەپێی دەقی مادەی ٦٠ لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناخی گواستنەوە، کە تێیدا هاتووە:

"لەسەر ئەنجوومەنی نیشتمانییە ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی عێراق بنووسێتەوە....."، هەروەها پێویستی دەکرد برگەی یەکەم لە مادەی ٦١ تێیدا بێت:

"١- لەسەر ئەنجوومەنی نیشتمانییە ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی ئەوپەڕەکەی تا ١٥ی ئابی ٢٠٠٥ بنووسێتەوە".

ئەنجوومەنی نیشتمانی لیژنەی دەستووری بەلیژنەیەکی تایبەت دانا، بۆیە لە کاتی پیرەوی ناوەخۆیی ئەنجوومەنەکەوە ناوی نەهێنا، کە باسی پێکهێنانی ٢٧ لیژنەی هەمەڕەنگی کردووە، ئەو کات سێ ڕەوت لەناو ئەنجوومەنەکەدا سەبارەت بەنووسینەوەی دەستوور هەبوون، ڕەوتی یەکەم لیستی ئیئتیلافی یەکگرتوو بۆی چوو، کە دەیەویست ژمارەی ئەندامانی لیژنەکە ٢٠٪ ی لە ئەندامانی ئەنجوومەن بن، دەکۆشان تا سەرۆکایەتیی لیژنە دەستوورییەکە وەرگرن و ڕەوتی دووەمیش لیستی هاوپەیمانیی کوردستان بۆی چوون، کە بە باشی زانی ژمارەکە لە ١٠٪ تێپەڕ نەکات لە کۆی گشتیی ئەندامەکانی ئەنجوومەن، واتا نزیکەی ٢٧ کەس، کەچی ئێمە پێشنیازی ئەوەمان کرد ژمارەکە لە ٧ یا ٩ شارەزای تایبەتمەندی عێراقی تێپەڕ نەکات بۆ نووسینەوەی دەستوور، ئەمەش لە ئەزموونی گەلانی ترەوە لەم مەیدانەدا وەرمان گرت، هەروەها کۆمەڵێک لە ڕاوێژکاری ناودەوڵەتی لە سەندیکای پارێزەرانی ئەمەریکی و نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکەتیی ئەورووپا هاوکارییان بکەن، دوای دەنگدانیش لەناو ئەنجوومەنی نیشتمانیدا لەسەر پێشنیازەکان، ئەوا پێشنیازی یەکەم سەرکەوت و لیژنەی دەستووری لە ٥٥ کەس پێکهات، لەوانەی بەسەر کۆمەڵی جیا جیادا دابەش کرابوون، واتا لیژنەی ناسەرەکیی هەمەجۆر بەپێی دەرگەکانی دەستوور، کە مەبەست نووسینەوەی بوو، هەروەها ژمارەکانیش فراوان کرانەوە دوای خستنە سەری کۆمەڵی تر لە عەرەبی سوننە نزیکەی ٢٥ کەس، کاتی خۆی ناڕازی بووین لەسەر ناوی هەندێکیان، لەبەرئەوەی تێیان هەبوو لەو بەعسییە تاوانبارانە بوون بەتاوانی ناودەوڵەتی و هەندێکیشیان لە تەکفیری و توندڕەوەکان بوون، هەندێکیشیان هەر لە بناغەوە ئامادەییان تێدا نەبوو بۆ ئەم جۆرە کارە.

جیاوازی لە ڕا و بۆچوون دەرکەوت وایان کرد پەلە نەکرێت لە هەڵبژاردنی سەرۆکی لیژنەی دەستووری، کاتێک لیستی هاوپەیمانیی کوردستان دوکتۆر فوئاد مەعسوومی پێشنیاز کرد،

لیستی ئیئتیلافی یەکگرتوو مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی شێخ هومام حەموودی سەرۆکایەتیی لیژنەکە بەدەستەوە بگرێت، بەپاساوی ئەوەی لیستەکە نوێنەری زۆربەیە دەبێت لەسەر بناغەی ڕێککەوتن بێت نەک زۆرینە.

لیستی ئیئتیلافی یەکگرتوو بینینی پرۆژەی دەستووری بەپێویست دەزانی تاکو مەرجەعییەتی ئاینی و بەتایبەت سیستانی بیبینێت... لە کاتێکدا لیستی هاوپەیمانیی کوردستان و لایەنگرانی پێیان وابوو تاقە مەرجەعییەت دەبێت ئەنجوومەنی نیشتمانی بێت نەک هی تر و پیاوانی ئاین پێوەندییان بەپرۆسەی بنیاتنانی دامەزراوە دەستوورییەکانەوە نییە. هەروەها لیستی هاوپەیمانیی کوردستانیش وا بەباش دەزانێت بنیاتنانی عێراقی فیدراڵیی دیموکراسی پێویستە لەسەر بنەمای سکۆلاریزم بێت نەک ئاینی یاخۆ مەزهەبی. پاشان بابەتەکە بەهەڵبژاردنی دوکتۆر هومام حەمودی (لیستی ئیئتلافی یەکگرتوو) یەکلا کرایەوە وەکو سەرۆکی لێژنەی دەستووری و دوکتۆر فوئاد مەعسووم (لە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان) جێگری سەرۆک و عەدنان ئەلجەنابییش جێگری دووەم، لە عەرەبی سوننەیە.

کاتێک دەستمان بەنووسینەوەی دەستوور کرد، زەحمەتیی زۆرمان هاتنە ڕێ و گەلێک لە ئاریشەکان هەڵگیران بۆ سەرکردایەتیی سیاسی و سەرکردایەتیی کورد (سەرۆک بارزانی و کۆمەڵێک شارەزا لەگەڵیدا) و (سەرۆک تاڵەبانی ئەو پسپۆڕانەی لەگەڵیدا بوون) توانییان سەرکەوتن بەدەست بهێنن لە نێزیککردنەوەی مەودای نێوان حزبەکان و بارستە سیاسی و سەرجەم لایەنەکان لە بڕیاردانی دەستووردا بەشێوەی کۆتایی و بەسەرکەوتوویی ڕاپرسیی لەسەر کرا و ڕێژەی ڕاپرسییەکە پتر لە ٧٠٪ بوو، بەهۆی ئاگاداربوونمانەوە لەسەر زۆرێک لە گفتوگۆ و قسەکردنەکان لە ئامادەکردنی دەستوور و سەرکەوتنی، دەتوانین بڵێین ئەگەر ڕۆڵی سەرکردایەتیی کورد نەبووایا، ئەوا ئەم دەسکەوتە بەنرخە بەدی نەدەهات، کە بێ ئەوە پرۆسەی سیاسی بەدی نایەت، لەبەرئەوەی دەستووری نوێ داهاتووی بنیاتنانی دەوڵەتی یاسای لە عێراقی فیدراڵی نوێدا نەخشە کێشا.

دەیەم: ڕاگەیاندنی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە لە کوردستاندا

ڕۆژی ٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٦ سەرۆک مەسعوود بارزانی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی لە یەک ئیدارەدا ڕاگەیاند، کە بارەگاکەی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانە، ئەمەش دوای چەندان دانووستانی درێژماوە لە نێوان هەردوو سەرکردایەتیی حزبی دیموکراتی کوردستان و حزبی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەرک و وەزارەتەکانیش لە نێوان حزبە کوردستانییەکاندا دابەش کران. ڕێزدار نێچیرڤان بارزانییش ئەرکی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی پێ سپێررا.

پەرلەمانی کوردستانیش ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢١ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٦ دانیشت بۆ

ڕەزامەندی لەسەر ڕێکەوتن لەسەر یەکێتیی دوو ئیدارەکە، بەئامادەبوونی ئەندامانی پەرلەمان و بەڕێز سەرۆک بارزانی و بەڕێز سەرۆک تاڵەبانی و بەڕێز خەلیل زادی باڵیۆزی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و باڵیۆزی بەریتانیا و باڵیۆزی فەڕەنسا و ئەندامانی تر لە بواری دیپلۆماسی و ژمارەیەک لە کەسایەتیی سیاسیی عێراقی.

یانزەیەم: کورد لەم قۆناغەدا چی لە عەرەب دەوێت و پرۆژەی ستراتیجییان لە کوردستانی عێراقدا چییە؟

– ڕەنگە یەکەمین شت کورد لە عەرەبی بوێت دانپێدانانە بەبوونی نەتەوەی کورد لەگەڵ نەتەوەی عەرەبدا و گەلی کورد هەیە و زمان و مێژووی درێژ و خەبات و ئاواتی ڕەوای خۆی هەن، هەروەها مافی یەکسانی هەیە لەگەڵ نەتەوەکانی تردا و ناکرێت لەسەر بنەمای برا گەورە و برا بچووک، یا لەسەر ئەو بنەمایەی نەتەوەی عەرەب بەهێزترە، یاخۆ باشترە لە نەتەوەکانی تر مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، لەبەرئەوەی گشت نەتەوەکان لە ماف و ئەرکدا یەکسانن، نەخوازە پێوەندییە مێژووییەکانی نێوان کورد و عەرەب پێوەندیی درێژ و چارەنووسسازن و خەباتیان هاوبەشە بەتایبەت لە عێراقدا، لێرەوە دەبێت ڕێز لە ئاواتەکانی کورد بگیرێت، وەکو مافی چارەی خۆنووسین، ئیتر بەهەڵبژاردنی فیدرالیزم بێت، یا کۆنفدراڵی، یاخۆ لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لەسەر خاکی خۆیاندا (کوردستان).

نەتەوەی کورد، کە ژمارەی نێزیکەی ٤٠ ملیۆن کەس دەبێت، تاقە میللەتی بێ دەوڵەتە و پێک دێت لە چەندان گەلی بەش بەش و دابەشکراو لە نێوان چەندان وڵاتدا و بەپێی مافی چارەی خۆنووسین کورد مافی خۆیانە ئەوی بەشیاوی دەزانن هەڵی ببژێرن، نەخاسمە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە عێراقدا هەیە و یەکێکی تر لە ئێراندا و لە تورکیا و لە سووریا هەموویان خەبات بۆ مافەکانیان دەکەن.

– دەوڵەتی کوردی لە کوردستانی عێراقدا مافێکی ڕەوای گەلی کوردە، لەبەرئەوەی بەشێکە لە مافیان لە چارەی خۆنووسیندا و شایان بەقوربانییەکانی گەلی کوردستان و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکەیەتی و بەشێکە لە پرۆژەی ستراتیژیی کورد لە عێراقدا، پشتگیرییە یاساییەکەی لە یاسای نێودەوڵەتی و بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا دەبینێتەوە لە مافی گەلان لە بڕیاری چارەنووسدا.

– ئەوی کورد دەیانەوێت بوونی نوێنەرێکیانە لە کۆمکاری عەرەبی و ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی و مەحفەلە نێودەوڵەتییەکاندا بەشێوەی چاودێر بۆ جەختکردنەوە لە مافەکانیان و ڕۆڵیان، نەخوازە زۆربەی زۆریان لە پێڕەوانی ئاینی ئیسلامن و گەمەکەری بناغەیین لە ڕەوشی هەرێمی و داهاتووی عێراقدا.

- تاکو ئێستا بەسەدان هەزار لە گەلی کورد لە سووریا بێ ناسنامەن، بەپاساوی ئەوەی ئاوارەی بێگانەن، لێرەدا دانان بەمافەکانی گەلی کورد لە سووریا و بەخشینی ناسنامەی سووری و مافی کار و مافی سەفەرکردن و هەموو مافە مرۆییەکانی تر پێیان، ئەرکێکی یاسایی و ڕەوشتی و مرۆییە، لەبەرئەوەی بەپێی یاسا نابێت مافە مرۆییەکان لە هیچ مرۆڤێک بشاردرێتەوە، لە سۆنگەی نەتەوەکە، یا باوەڕی، یاخۆ هزری، یا ئاینەکەی، یان ڕەنگی، ئەگەر تاوانبار نەبێت بەتاوانێک بەپێی پێودانگە ناودەوڵەتییەکانەوە لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت.

- ڕەوشی کورد لە تورکیادا (کوردستانی باکور) چاکتر نییە لە ڕەوشی گەلی کورد لە سووریا، کورد لە تورکیا بە(تورکە شاخاوییەکان)یان ناودەبەن، ئەوان لە گەلێک مافی مرۆیی بێبەرین، ڕەنگە یەکێک لە مەرجەکانی قبووڵکردنی تورکیا لە یەکەتیی ئەورووپادا باشترکردنی دۆسیەی تورکیایە لە ڕێزگرتنی لە مافی مرۆڤ لەمیانەیدا ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤی گەلی کورد لە تورکیادا، ژمارەی کورد لە تورکیا بە ٢٠ - ٢٥ ملیۆن کەس دادەنرێت.

- ڕەوشی کورد لە شانشینی ئەردەنی هاشمی لە باشیدایە، دەستووری ئەردەنی لە نێوان دەستوور و یاسا ئەردەنییەکاندا مافی یەکسانی بۆ کورد و چەرکەس و ئەوانی تری بەشێوەیەکی یەکسان لەگەڵ عەرەبدا لەخۆ گرتووە، کورد لە ئەردەن لە فەرمانگەکانی دەوڵەتدا شوێنی گرینگی گرتووە، ژمارەشیان لە چەند هەزارێک تێپەڕ ناکات.

- ڕەوشی کورد لە ئێراندا باشتر نییە لە ڕەوشی کوردان لە سووریا و تورکیا، پتر لە ٦ ملیۆن کورد لە ٤ پارێزگە لە باکوری ڕۆئاوادا دەژین، ئەمان لەچاو پارێزگەکانی ترەوە کەمتر پێشکەوتوون، بەهۆی نەتەوە و مەزهەبیانەوە فەرامۆشکراون، لەبەر ئەمە بەرەیەک بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤی کورد لە ئێراندا لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٦دا بەسەرۆکایەتیی بەهادین ئاداب پێکهات، برێتییە لە بەرەیەکی یەکگرتووی کورد بۆ مافی ئەم کەمینە ئیتنییە گەورەیە پشتگوێ خراوە لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، ئەمەش دوای ئەو پشێوییانەی ساڵی ٢٠٠٥ دروست بوو لە نێوان دەسەڵاتداران و دانیشتووانی دوو پارێزگە، کە زۆربەی زۆریان کوردن، لە کوردستان و ئازربایجانی ڕۆئاوادا.

شایانی باسە ژمارەیەک حزبی سەرەکیی کورد لە ئێراندا هەن، وەکو (حزبی کۆمەڵە بەسەرۆکایەتیی عەبدوڵای موهتەدی)، کە پێگەی لەسەر ئەنتەرنێتدا هەیە www.komalah.org و حزبی دیموکراتی کوردستان، پێگەی لەسەر ئەنتەرنێت www.pdk-mustafaHijri هەروەها حزبی تریش.

تێبینی: ئەم توێژینەوەیە لە کۆواری (حوار العرب)ی مؤسسة الفكر العربي، بيروت - لبنان ٢٠٠٦)دا بڵاوبووەتەوە. Hewar.info\images\stories\PDFS\N18.pdf

# شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران
# ١٩٢٥

## لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و فرانسادا

### ئاڵقەی یەکەم

---

شۆڕشی ساڵی ١٩٢٥ی شێخ سەعیدی پیران لە هەموو ڕوویەکەوە شایانی خوێندنەوە و دووبارە پێداچوونەوەی تازە هەیە. یەکێک لەو خەوشانەی کە تا ئێستە لە مێژوونووسیی کوردیدا لەناو ئەو لێکۆڵینەوانەدا بەدی دەکرێ کە لەو بارەیە نووسراون ئەوەیە کە لێکۆڵینەوەکان پشت ئەستوور نین بە بەڵگەنامە و دەستاوێژی مێژوویی. ئەم بەڵگەنامانەی ئێرە کە هەموویان لە ئەرشیڤخانەکانی پاریس و لەندەن وەرگیراون بۆ یەکەم جار ڕووناکییەکی تازە دەخەنە سەر حەشارگە زۆر و زەوەندەکانی ئەم شۆڕشە و ڕوانینێکی تازەمان لەم بارەیەوە پێشکێش دەکات.

**بەڵگەنامەی ژمارە ١** :[1]

کۆنستانتینۆپل، ٢٥ ی شوباتی ١٩٢٥

کۆماری فرانسا
باڵوێزخانەی فرانسا
لە کۆنستانتینۆپل
ئاسیا

ژمارە: ٩٣
بۆ جەنابی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن،
وەزیری کاروباری هەندەران – پاریس

.................................................................

وەرگێڕانی لە فرانسییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا

تێبینی دەزگای زانیاری

لەبارەی بزووتنەوەی چەکداریی کورد

٢٤ی شوباتی ١٩٢٥

تێبینییەکی کورت لەبارەی بزووتنەوەی چەکداریی کورد

سەرچاوە: ڕۆژنامەوانیی و ئاژانسە هەمەجۆرەکان

١٩٢٥,٢,٢٥

ئەوە دووپات دەکرێتەوە کەوا گەڕانەوەی کتوپڕی عیسمەت پاشا بۆ ئەنگۆرە لە سۆنگەی پرسی بزووتنەوەی چەکداریی کورد بووە کە حکوومەت هەوڵ دەدات گرینگییەکەی بشارێتەوە.

دوایین هەواڵەکانی ڕۆژنامەوانیی زۆر ئاڵۆز و ناڕۆشنن، چونکە وەزیری ناوەخۆ هیچ زانیارییەک بەدەستەوە نادات کەوا ڕێگە بەوە بدات بیرۆکەیەک لەبارەی ڕەوشەکە دروست ببێ.

ڕاپەڕینە چەکدارییەکە کە لەوەتای ناوەڕاستی ئەیلوولی ١٩٢٤ەوە[٢] لە ناوچەی مووش خۆ ئامادەکردنی بۆ دەکرێ، واپێ دەچێ لە ١٣ی شوباتی ١٩٢٥ لە گەنجە (ڕۆهەڵاتی مووش) تەقیبێتەوە. سەرۆکی ڕاپەڕینەکە شێخ سەعید ناوێکە، پیاوێکی ئاینیی دەمارگیرە، نفووزێکی گەورەی لەناو وڵاتدا هەیە و خەڵکی خارپووتە. لەناو ئالیکارەکانی، ئاماژە بە پرۆفیسۆر فەخری و کۆلۆنێلی بەناوبانگ[٣] نەورەس و دوا جار یەکێک لە نێزیکەکانی شێخ سەعید، خالید بەگ، قوماندانی سوارەی غەیرە نیزامی حەمیدییە. دەکرێ بەگوێرەی ئەو ڕاگەیاندنانەی کە لەلایەن شێخ سەعیدەوە ڕاگەیەندراوە و ناوەڕۆکی تەواوی هێشتا نەزانراوە، بزووتنەکە ئامانجی سەربەخۆیی خێڵە کوردییەکان و هێنانەوەی خەلافەت و یاسای ئیسلامییە.

ڕاپەڕینە چەکدارییەکە هەر زوو گەشەی سەند و بڕێک لە توخمگەلی ژاندرمەری کە لە ناوچەکە وەرگیرابوون داویانەتە پاڵ یاخیبووەکانەوە، بەجۆرێک کەوا هێزەکان بەگوێرەی زانیاریدەرەکان بە ٧٠٠٠ تا ٢٠٠٠٠ پیاوی چەکدار بە تفەنگ و مەتریۆلۆز دەخەمڵێندرێ.

چەند هێزێکی نیزامی دەمووده‌ست ڕەوانەی شوێنەکە کراون لەگەڵ پۆلێک فرۆکە کە هیچ شتێکی ورد لەبارەی کارەکانیان نازانین. ڕۆژی ٢٤ی مانگ ئێوارەکەی قاو وا بڵاو بووەوە کەوا هێزەکە شکستی هێناوە و هەواڵە ڕۆژنامەوانییەکانی ڕۆژی ٢٥ی مانگ ڕای دەگەیەنێ کەوا خارپووت کەوتووەتە دەست ڕاپەڕیوەکان کە هەر تەنیا ٢٥ کیلۆمەتر لە دیاربەکرەوە دوورە.

حوکمی عورفی لە ١٢ ویلایەتی ڕۆهەڵات ڕاگەیەندرا. هەنگاوهەڵگرتنی سەربازی گیراونەتە بەر بۆ ئەوەی دڵڕەقانە ڕاپەڕینە چەکدارییەکە دابپڵۆسێننەوە. وا بیر دەکرێتەوە کەوا هێزی نیزامی تا چەند ڕۆژی تر نەتوانن بێنە ناوەوە و لە چاوەڕوانییدا بزووتنەوەکە دەتوانێ بەردەوام بەرفراوان ببێ.

لە ترسی ئەوەی نەوەکا کاراکتەری ڕاپەڕینەکە ناوچەی تریش بگرێتەوە کە لە سۆنگەی هەستی کۆنەپەرستییان پێوەندی بە بزووتنەوەکە بکەن، یاسایەک لەبارەی چاپەمەنی و چەند هەنگاوهەڵگرتنی تر پێشنیاز کراون. ژمارەی یاخیبووەکان، ئاستەنگی ناوچە پێوەندیدارەکان پێشبینی کراوە کەوا دامرکاندنەوەکە سەخت بێت.

شایانی تێبینیکردنە کەوا کوڕی خوالێخۆشبوو سوڵتان عەبدولحەمید، سەلیم پەنجەی تاوانباریکردنی بۆ درێژ دەکرێ وەکو بانگاشەبۆکراوی ئاسایی خەلافەت، خانەوادەی سوڵتان عەبدولحەمید تا ئێستەش لەناو خێڵە کوردەکاندا شەعبیەتێکی زۆری هەیە.

بەشێوەیەکی سروشتی بیروڕای گشتی وای دەبینێ دەستی ئینگلیز لەناو ئەم بزووتنەوەدایە.

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢**

وەزارەتی کاروباری هەندەران

شیفرە خوێندنەوە

ژمارە ١١٩

بەڕێوەبەرایەتی کاروباری

سیاسی و بازرگانی

ئەنگۆرە، ٢٧ی شوباتی ١٩٢٥

لە ڕێگەی کۆنستانتینۆپلەوە ڕۆژی یەکی ئاداری ١٩٢٥ کاتژمێر ٤٠ و ١٨ خولەک ڕەوانە کراوە ٢ی ئاداری ١٩٢٥ کاتژمێر ٥ گەیشتووە.

دەگەڕێمەوە سەر تێلێگرامی ژمارە (١١٤)ەم.

بزووتنەوە (چەکدارییەکە) لاواز بووە. خارپووت لە ڕاپەڕیووە چەکدارەکان وەرگیراوەتەوە. وێڕای ئەمە کەچی حکوومەتی تورک بڕیاری داوە زۆر بە توندی هەڵسوکەوت بکات. سەرۆکی ئەنجوومەن کە من بینیم پێی گوتم: "ئێمە ئەم دەرفەتە دەقۆزینەوە بۆ هەنگاوهەڵگرتن گەلێک بەشێوەیەک کە ڕاپەڕینێکی لەو شێوەیە دووبارە نەبێتەوە".

وانەکە زۆر سەخت دەبێ دژ بە کۆنەپەرستی ئاینی کە ئێمە بڕیارمان داوە بیپلێشینەوە. پێشتر لە دانیشتنی پێرێی ئەنجوومەن دەنگ بۆ یاسایەک دراوە کە بە خۆفرۆشیی نەتەوە دەناسرێ ئەو کەسەی کە ئاین یان دروشمی ئاینی بە قازانجی کەسیی خۆی یان لە پێناو ئامانجێکی سیاسی بەکار بهێنێ.

من پێم وایە، لەوانەشە بە ئەنقەست ویستڕابێ ئەم ڕاپەڕینە (گەورە) بکرێ بۆ ئەوەی دواتر ئەو داپلۆسینەوەی دەیانەوێ زەبرزەنگاوی بێت، جارێکی تر نەگەڕێنەوە سەری و هێندەش بیروڕای گشتیی تورکی سەراسیمە نەکات. ئەوەش ئیزافە دەکەم کەوا تەواوی پەرلەمان لە پشتی حکوومەتەوەیە.

موژین

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٣**

کۆماری فرانسا

وەزارەتی جەنگ

پاریس، ٢٨ی شوباتی ١٩٢٥

لە کابینەی سەربازیی وەزارەتی جەنگەوە بۆ

وەزارەتی کاروباری هەندەران، (کابینە)،

کۆپیی وەرگێڕاوی تێلێگرامێکی شیفرەکراو کە لە ٢٧ی شوبات کاتژمێر ١٣ لە کۆنستانتینۆپلەوە هاتووە.

(نهێنی)

کۆنستانتینۆپل:٢٢٨٣

11.S.R

وەرگێڕاوی تێلێگرامێکی شیفرەکراو کە لە ٢٧ی شوبات لە کاتژمێر ١٣ لە کۆنستانتینۆپلەوە هاتووە.

لە ئەتاشەی سەربازییەوە بۆ وەزارەتی جەنگ

کۆنستانتینۆپل، ٢٦ ی شوباتی ١٩٢٥ لە کاتژمێر ١٧

کۆپی

ژمارە: ١٩١٠

تێلێگرامی گەیشتوو لە کۆنستانتینۆپلەوە بۆ 22 /11/S /R

لە سۆنگەی بەرفراونبوونی بزووتنەوە چەکدارییە کوردییەکە و بەشوێن ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجوومەن لە دانیشتنی ئەنجوومەنی گەورەی نیشتمانی تورک لە لە ٢٥ی شوبات، حکوومەتی تورک حوکمی عورفی لە ١٢ ویلایەت ڕاگەیاندووە و پێنج دەستەشی (لە ٣١١ تاوەکوو ٣١٥) لە

هەوڵنامەی کتێب

ویلایەتەکانی هاوسنووری ناوچەی ڕاپەڕینە چەکدارییەکە بۆ خزمەتی سەربازی داوا کردووە.

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٤**

وەزارەتی کاروباری هەندەران

شیفرە خوێندنەوە

ژمارە ١٢٠

ئەنگۆرە، ٢٧ی شوباتی ١٩٢٥.

لە ڕێگەی کۆنستانتینۆپلەوە لە ١ی ئادار کاتژمێر ٤٠ و ١٨ دەقیقە ڕەوانە کراوە

ڕۆژی ٢ی ئادار کاتژمێر ١ گەیشتووە.

دەگەڕێمەوە سەر تێلێگرامی ژمارە ٢١٥-مم.

بۆ هەنگاوهەڵگرتنی داپلۆسینەوە، دوو فیرقەی تەواو ساز و تەدارەک کراون. (وەزیری جەنگ) پێی وایە کەوا هێڵی ئاسنینە ڕێی بەغدا (دەتوانێ) لە ٢٠٠٠٠ بۆ ٢٥٠٠٠ سەرباز لەگەڵ کەلوپەلی پێوەست بگوازێتەوە.

لە بەیرووتەوە هاتووە.

مۆژان

هەواڵنامەی کتێب

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٥**

وەزارەتی کاروباری هەندەران

شیفرە خوێندنەوە

ژمارە ١٢٤

ئەنگۆرە، ٢٨ ی شوباتی ١٩٢٥.

لە ڕێگەی کۆنستانتینۆپلەوە لە ٣ی ئادار کاتژمێر ٤٠ و ١٩ دەقیقە ڕەوانە کراوە

ڕۆژی ٤ ی ئادار کاتژمێر ٣و٣٠ گەیشتووە.

دەگەڕێمەوە سەر تێلێگرامی ژمارە ١٢٠-مم.

ئەو هێزانەی کە بۆ ناوچەی ڕاپەڕینە چەکدارییەکە دەنێردرێن لە تاقە ناوچەکانی ئەدەنە و قۆنیە

سەربازگیر دەکرێن. هیچ کام لە بەشەکانی یەکەمین نمایشی سەربازیی لە شوێنی خۆیانەوە هەڵنەقەنراون بەدەر لە فەوجی سوارەی تراس نەبێت کە فەرمانی بۆ هاتووە بچێت بۆ ئەنگۆرە.

ڕەوشەکە وەکو خۆیەتی. دیاربەکر هەردەم لە بندەست دایە. چەندان تێلێگرامی ناڕەزایی دەربڕین دژی بزووتنەوەکە لە هەموو لایەکی تورکیاوە دەگەنە حکوومەت.

موژان

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٦**

وەزارەتی کاروباری هەندەران

شیفرە خوێندنەوە

ژمارە ٥٥

کۆنستانتینۆپل، ٢٨ی شوباتی ١٩٢٥ کاتژمێر ٤٠ و ١٨ دەقیقە

ڕۆژی ٢٨ی مانگ کاتژمێر ١٥ و ٢٣ خولەک گەیشتووە

هەواڵەکانی ڕاپەڕینی چەکداریی کورد تێکەڵ و پێکەڵن. حکوومەت داگیرکردنی دیاربەکر، خارپووت و ئەرغەنە لەلایەن ڕاپەڕیوەکانەوە بە درۆ دەخاتەوە. هەواڵی بەدرۆخستنەوەکە وا پێ دەچێ بۆ دیاربەکر کە شوورەی هەیە و ئۆردووی خۆی هەیە بیپارێزێ.، ڕاست بێت. من پێم وایە هەواڵی بەدرۆخستنەوەکە ئەوەی پێوەستە بە خارپووت-یش کە تەنیا یەک گەڕەکی دەوروبەری شار گیرابوو و پاشان لە ڕاپەڕیوەکان سەنرایەوە، ڕاست بێت. ئۆپیراسیۆنی سەربازی وا پێ ناچێ بەر لە ١٠ی ئادار دەست پێ بکات. حوکمی عورفی لە مەلاتیە، بازنەی هەڵبژاردنی عیسمەت پاشا ڕاگەیەندراوە. حکوومەت پێنج گوردانی سەربازیی لە ویلاتە هاوسێیەکانی ناوچەی شۆڕش ساز و تەدارەک داوە.

عیسمەت پاشا بەشداری کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیران دەکات و وا دیارە ڕووداوەکان دەرفەتێکە بۆ موستەفا کەمال پاشا بۆ ئەوەی بیهێنێتەوە ناو دەسەڵات بە بێ ئەوەی تەنگژەی وەزارەتیی بورژێنێ.

بەگوێرەی ڕۆژنامەکان باڵوێزی تورکیا لە بەرلین بانگ کراوەتەوە بۆ سەرکردایەتیکردنی ئۆپیراسیۆنەکان. لەلایەکی ترەوە ئاماژە بە هەڵچوونێکی توندی میلیی دەکرێ لە ناوچەی تەرابزۆندە. شۆڕشی کورد پێویستی بە خەرجی گەلێک هەیە کە ڕەوشی دارایی تورکیا هێندەی تر خراپتر دەکات، بودجەیەکی زۆر نا ئاسایی کە هێشتا ژمارەکەی نازانرێ لەلایەن پەرلەمانەوە دەنگی بۆ دراوە.

جۆزێ – کورێ

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٧**

بالوێزخانەی فرانسا
لە بەلجیکا

بەڕێوەبەرایەتی کاروباری
سیاسی و بازرگانی
ئەوروپا

ژمارە: ٣٨٨

بروکسێل، ٢٨ی شوباتی ١٩٢٥

لە مۆریس هێربێت، باڵوێزی کۆماری فرانسا، لەلای خاوەنشکۆ پاشای بەلجیک، بۆ جەنابی ئێدوارد هێربۆت، سەرۆکی ئەنجوومەن، وەزیری کاروباری هەندەران.

شۆڕشی کوردستان

لویی دوو بوسکەر لە ڕۆژنامەی سۆسیالیستیی (گەل)[٤] وتارێکی سەرنجڕاکێشی لەبارەی شۆڕشی کورد نووسیووە کە کراوەتە هاوپێچ.

دوای ئەوەی لە هۆیەکانی ئەم بزووتنەوەیە دەکۆڵێتەوە کە بەتایبەت هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناسیۆنالیزمی زێدەی حکومەتی ئەنقەرە، دوو برووسکەر خەملێنی ئەوە دەکات کەوا دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی تامپۆن (لەمپەر) لەو کاتەی کەوا کۆمسیۆنی کۆمەڵەی گەلان S.D.N بەدواداچوون دەکات، تەنیا دەبێتە بەهێزبوونی تایبەتیی شوێنپێی بەریتانییەکان کە لەو ساتەوە نفووزی بۆ باکور و تاوەکو سنوورەکانی یەکەتیی کۆمارەکانی سۆڤیەتی و لەوانەشە تاوەکو زەریای "سوور" درێژ ببێتەوە.

"با وادبنێین، ئەو دەنووسێ کەوا ڕۆژنامە تورکەکان درۆ و بوختان بە ئەنگلستان دەکەن بەوەی ڕای دەگەیەنن کەوا ئینگلستان یارمەتیی بزووتنەوەکەی داوە، بەڵام سەرسام دەبین بەو دەرفەتە سیاسییەی کەوا، بەبێ ئەوەی هیچ دەستێکی تێدا بێت و زۆربەی جار شوێنی دۆستانی ئەودیوو مانش[٥] مان بەهێز دەکات".

دوو بوسکەر ئەوە بەرئەنجام دەکات و دەنووسێ " شۆڕشی کورد "بێگومان نفووزێکی بێشومار بەسەر گفتوگۆیەکانی ئێستەی نێوان تورکیا و یۆنان بەجێ دەهێڵێ.

مۆریس هێربێت

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٨**

کۆماری فرانسا

وەزارەتی کاروباری هەندەران

بەڕێوەبەرایەتی کاروباری

سیاسی و بازرگانی

کۆپی

ئەنگۆرە، ٢ی ئاداری ١٩٢٥

ڕەوشەکە باشتر بووە. بزووتنەوەکە بچووک دەبێتەوە و ڕوون دەبێتەوە. دانیشتوان باوەڕیان بۆ هاتووەتەوە و شەڕی ڕاپەڕیوە چەکدارەکان دەکەن و ناچاریان کردوون پاولۆ چۆڵ بکەن و بۆ ٤٠ کیلۆمەتری باکوری دیاربەکر ڕاونراون.

موژان

***

هەواڵنامەی کتێب

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٩**

وەزارەتی کاروباری هەندەران

شیفرە خوێندنەوە

ژمارە ٨٥

کۆنستانتینۆپل، ١٤ی ئاداری ١٩٢٥ کاتژمێر ٢٢

ڕۆژی ١٥ی مانگ کاتژمێر ٣ و ٥٠ خولەک گەیشتووە

ڕاپەڕینی چەکداریی کورد، ئەو کاریگەرییەی کە ڕاپەڕینەکە بەسەر ڕەوشی دارایی تورکیاوە بەجێ دەهێڵێ، ئەوپەڕی پێویستی زانینی ئەوەی ڕاپەڕینە چەکدارییەکە لە کوێوەوە پارە بندەست دەخات، ترسی ئەوەی پشێوی بەشەکانی تری وڵات بگرێتەوە، نیگەرانییەکی لای دەسەڵاتدارانی تورک دروست کردووە کە لە وتاری ڕۆژنامەکان دەخوێندرێتەوە و ئەم ڕەوشە دنەی ئەنگۆرە دەدات بە قازانجی نێزیکبوونەوە لەگەڵ ئەوروپا و بە تایبەتیش لەگەڵ فرانسا. پێم وایە دەبێ ئاماژە بۆ وەزارەتی دەرەوە بکەم کەوا ئەم عەقڵیەتە لایەنگیری چارەسەرکردنی ئەو پرسانەیە کە تا ئێستە بە هەڵواسراوەیی لەگەڵ حکوومەتی تورکیا ماونەتەوە.

جۆزێ - کورێ

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ١٠**

کۆنستانتینۆپل، ١٧ی ئاداری ١٩٢٥

ژمارە A.M/٨٩

لیوتینان کۆلۆنێل کاترۆ[٦]، ئەتاشەی سەربازی لە تورکیا

بۆ بەڕێز وەزیری جەنگ - سەرکردایەتی ئەرکانی

سوپا - بیرۆی دووەم - پاریس

ڕاپەڕینی چەکداری کورد

ڕەوشەکە لە ناوچە ڕاپەڕیوەکانی کوردەوە لەوەتای ناردنی ڕاپۆرتی ژمارە ٨٠ لە ١٠ی ئەم مانگە چەند گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە.

ئەو ڕەوشی ترس و تۆقینەی کە لە ئەنجامی هاتنەناوەوەی ڕاپەڕیوەکان لە دیاربەکر یەکجار ڕەتبوو، زیندووە و بە دانپیانانی حکومەت خۆی زیانی بووە کەوا لە ناوەندە سەربازییەکانی کۆنستانتینۆپل ژمارەی ٣ ئەفسەری کوژراو و بریندار ڕادەگەیەنن. هێرشەکە ڕەتبوو و هێزی نیزامی یاخیبووەکانی وەدەرنا و دوای ئەوەی سزای ئەو شوێنانە دران کە داڵدەیان دابوون و تێک و پێک دران. دیار بەکربەم شێوەیە ڕووەو باکور لە دووری ٨ تاوەکو ١٠ کیلۆمەتر ئازاد کرا. لەوساوە ڕاپەڕیوەکان بە هیچ شێوەیەک بە ئاراستەی شار نەهاتوونەتە پێش. لە بەرامبەردا ڕاپەڕیوەکان دەستیان بەسەر شەرنیخ (لە ٥٠ کیلۆمەتری باکوری سیوەرەک)دا گرتووە، بەڵام هێندەی نەبرد وەدەرنراون. بەڵام ڕاپەڕیوەکان بەردەوام لەو ناوچە جیاجیانەی کە کەوتوونەتە ئەملاو و ئەولای مورادچای و سنووردراوە بە خارپووت (وشەیەک دەرهێنراوە) و مووش (وشەیەک دەرهێنراوە) یان بەدەستەوەیە. هیچ ڕاپەڕینێکی دیکە لە بەشە کوردەوارییەکانی تر تۆمار نەکراوە. و بەپێچەوانەوە حکومەت ژمارەگەلێک ڕاگەیاندنی دڵسۆزی لەلایەن هۆزەکان و بە هەمان شێوە هاریکاریشی پێ دەگات.

وێڕای ئەمە مۆڵدانی لەشکر بە نیازی ئابلۆقەدانی چرپری ڕاپەڕیوەکان بەردەوام دەبێ بە شێوازێکی تا ڕادەیەک لەسەرخۆ. گواستنەوەی (٣٠٠٠٠ پیاو) کە لە ٤ی مانگەوە دەست پێ کردووە بە هیچ شێوەیەک تا بەر لە ٢٥ی مانگ تەواو نابێت. کردنەوەی ئۆپیراسیۆنەکان کە پلانەکەی هەردەم هێرشبردێکی چڕ و پڕ بووە لە پەڕاوێزەوە بۆ ناو چەقی ڕاپەڕیوەکان، بە هیچ شێوەیەک تا بەر لە پازدە ڕۆژێک لە بەرچاو نەگیراوە. پێم وا نییە پێویست بێت بگەڕێمەوە سەر ئەو ئاستەنگانەی کە جگە لە ڕەوشێکی تۆپۆگرافی و ئابووریی وڵات و ساوزتەدارەکیی نابوودی سوپای تورک لە هۆگەلی گواستنەوەدا کە من پێشتر ئاماژەم پێ داون، بدوێم. بەتەک ئەم ئاستەنگە ڕێکخستنە مادییانەدا، لە بواری مەعنەویشدا ئەو پاشاگەردانییەی کە بەو جۆشدانییە بەشییەوە دیارە، بێمەیلی بەشێکی گەورەی ئیحتیاتەکان کە بۆ خزمەتی سەربازی بانگ کراون و

حاڵەتی زۆری سەرپێچیکردنی دروست کردووە. کە هەموو ئەم ڕیزبەندیی بابەتانە بوون بە تێلێگرامێک کە لەلایەن بەڕێز جۆزی - کیوریێ ڕەوانە کراوە و دراوە بە وەزارەتی جەنگ و بەڕاستی باس کراون.

من بۆ ئەم زانیارییانە ئەوە ئیزافە دەکەم کەوا ئەوە دووپات دەکەنەوە کەوا باڵوێزی تورک لە بەرلین، ژێنێرال کەمالەدین سامی پاشا، سەرکردایەتی ئۆپیراسیۆنەکان لەناو وڵاتی کوردەواری بە ئەستۆ گرتووە. وزە و توانای بەناوبانگ و شارەزاییی چاکی لە ناوچەکە وایان کردووە بۆ ئەم ئەرکە دەستنیشان بکرێ، لە کاتێکدا بە شێوەیەکی دەستووریی دەبووایە قوماندانی سوپا، کازم پاشا دیاربەکری، بۆ ئەم مەبەستە دەستنیشان بکرێ.

بەو پێیەی ئەم ئۆپیراسیۆنانە پێوندی بە ژیانی وڵاتەوە هەیە، بۆیە جۆشدانیی سەربازگیری بابەتێکی نوێی گرینگ دەهێنێتە ئاراوە. سەربازگیری لە کاتی بەهاراندا گەلێک کاردەست دەبات کە دەزانین هەرگیز زیادە نین ئەوە لە کاتێکدا کەوا ئاسۆبینینەکانی کشتوکاڵی تا ڕادەیەک بەهۆی وشکەساڵییەوە تاریک دیارە. لە بواری داراییەوە من پیشتر دەرفەتی ئەوەم بوو تێبینی ئەوە بکەم کە سەربلزگیری لە بودجەی نابوودی مەشق و ڕاهێنان بووە هۆی پشتێنەیەکی زێدەی ١٠٠ ملیۆن فرەنک. برە پارەیەکی تری نوێی ٦٠٠٠٠٠ فرەنک بەناوی سندووقی نهێنی خراوەتە بەردەستی سوپا. وێرای ئەو گەشبینییە ڕەسمییەی کە لەناو بازنەی دەسەڵاتکارانی ئەنگۆرەدا باوە کەوا ئەم برە پارەیە زیادە دابین دەکرێ، تەنیا بە گومانەوە دەرکرێ تەسەوری بەجێهێنانی بودجە بکەین. لە دوا جاردا تەنگژەی دارایی و ئابووری زۆر ترسناکتر دیار دەدا وەک لە ڕاپەڕینی کورد و ئەوەش بۆیە، چونکە ڕاپەڕینەکە وا دەکات باری داراییەکە ئاڵۆزتر بێت کە ئەمە ڕووداوێکی گرینگە. عیسمەت پاشا هۆشیارە دەزانێ کە لەم ڕەوشەدا بەقەد کۆمەگی سیاسیی پێویستی بە کۆمەگی داراییی بێگانەیە هەیە ئەوەیان ئەوە یەکلا دەکاتەوە کە ڕووی بەلای ئێمەدا وەربگیرێ. بەڵام ئەم خاڵە لە ڕاپۆرتێکی تردا باس کراوە.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ١١**

کۆماری فرانسا

وەزارەتی کاروباری هەندەران
بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری
سیاسی و بازرگانی

کۆپی

ئەنگۆرە، ١٩ی نیسانی ١٩٢٥
دەگەڕێمەوە سەر تێلێگرامی ژمارە ٢١٥-مم، دواین پەرەگراف

ئەندامێکی حکوومەت بۆی دووپات کردمەوە کەوا لەناو ئەو کاغەزانەی کە لەلایەن سەرۆک گەلی

ڕاپەرینی چەکداری کـورد دەسـتـی بەسـەردا گـیـراوە، بەڵگەی تەواو ڕوون بەدەسـتـەوەیە کـەوا بزووتنەوەکە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە هەڵگیرسێنراوە. حکوومەتی تورکیا بڕیاری داوە، ئەو پێی وتم کەوا بەڵگەنامـەکان بڵاو نەکاتەوە بۆ ئەوەی خۆی لە هـەمـوو پێکداهەڵپرژانێک وەدووربگرێ، بەڵام بەڵگەنامەکان دەپارێزێ بۆ کاتێکی گونجاو هـەڵیان دەگرێ و ئەگەر پێویستیشی کرد ئەوا بڵاویان دەکاتەوە.

مۆژین

پەراوێزەکان:

(١) هەموو ئەم ژمارانەی ئێرە کە دەکەونە سەرووی بەڵگەنامەکان لە دانانی ئێمەن و هیچ پێوەندییەکیان بە بەڵگەنامە ئۆریژیناڵەکانەوە نییە، وەرگێڕ.

(٢) دەستگیرکردنی ئەندام پەرلەمان یوسف زیا بەگ.

Cf, C.R.144 p 41 bis et C.R.145, p.9.10.11. Révolte du 18ème R.T.

(3) Nevress

(4) Le Peuple

(٥) مانش: مەبەست لەوە ئەو ڕووبارەیە کە بەشێکە لە زەریای ئەتڵەسی و بەریتانیا و فرانسا لە یەک جیا دەکاتەوە و زەریای باکور بە زەریای ئەتڵەسی دەبەستێتەوە، وەرگێڕ.

(6) Catroux

(ماویەتی)

هەولێنامەی کتێب

J

N° 52

E. 311-3-

CONSTANTINOPLE, le 24 Février 1925 à 1 h

Reçu le 25 à 7 h 30

Il résulte des informations parvenues aujourd'hui d'Angora que les événements de Ghendj ont pris un caractère sérieux, il y a 15 jours environ, date à laquelle les premières troupes envoyées dans la région auraient fait cause commune avec les insurgés. A l'heure actuelle, l'insurrection s'étend jusqu'aux frontières de Mossoul et de Perse.

Fethi Bey ayant consenti à la proclamation de l'état de siège dans 12 départements et à l'octroi à tous les autres Gouverneurs Généraux des pouvoirs nécessaires pour décréter la loi martiale dans les circonscriptions administratives, s'ils le jugeaient nécessaire, il semble qu'il n'y ait pas lieu, pour le moment, de s'attendre à une crise ministérielle.

On craint que le Gouvernement ne profite des circonstances pour proclamer l'état de siège à Constantinople./.

JESSE CURELY

121

AMBASSADE DE FRANCE
EN BELGIQUE

2. 311. 3-

DIRECTION DES AFFAIRES POLITIQUES ET COMMERCIALES

SOUS-DIRECTION D'EUROPE

N° 188

Bruxelles, le 28 février 1925.

M. MAURICE HERBETTE, AMBASSADEUR DE LA REPUBLIQUE FRANCAISE, PRES S.M. LE ROI DES BELGES A SON EXCELLENCE M. EDOUARD HERRIOT, PRESIDENT DU CONSEIL, MINISTRE DES AFFAIRES ETRANGERES.

هەوڵنامەی کیان

Révolte du Kurdistan.

M. Louis de Brouckère a consacré, dans le journal socialiste le Peuple le curieux article ci-joint à la révolte Kurde.

Après avoir examiné les causes de ce mouvement, dû surtout au nationalisme excessif du Gouvernement d'Angora, M. de Brouckère estime que la constitution d'un Etat tampon Kurde, au moment où la Commission de la S.D.N. enquête à Mossoul, ne pourra que consolider singulièrement la position des Britanniques "dont l'influence s'étendrait dès lors bien au nord jusqu'aux frontières de "la Confédération Soviétique et peut-être jusqu'à la mer "Noire".

"Mettons écrit-il, que les journaux "turcs calomnient l'Angleterre en déclarant qu'elle a aidé

AFFAIRES ÉTRANGÈRES — DÉCHIFFREMENT — H

TÉLÉGRAMME A L'ARRIVÉE

DUPLICATA

118

OH

N° 55

CONSTANTINOPLE, le 28 Février 1925 - 18 h.40

reçu le 28 à 23 h.15

Les nouvelles de l'insurrection kurde sont confuses. Le Gouvernement dément l'occupation par les rebelles de Diarbékir Kharpout et Arghana. L'information est vraisemblable pour Diarbékir, qui possède une enceinte et qui a dû conserver sa garnison. Je la crois également exacte en ce qui concerne Kharpout dont seul un faubourg aurait été pris puis perdu par les insurgés. Les opérations régulières ne paraissent pas devoir commencer avant le 10 Mars. L'état de siège a été proclamé à Malatia, circonscription électorale d'Ismet Pacha. Le Gouvernement a mobilisé cinq (classes) dans les vilayets avoisinant la région révoltée.

Ismet Pacha assiste aux Conseils des Ministres. Il semble que l'événement ait été l'occasion pour Mustapha Kemal Pacha de le ramener au pouvoir sans provoquer de crise ministérielle.

D'après les journaux, l'Ambassadeur de Turquie à Berlin aurait été appelé pour diriger les opérations. On signale, d'autre part, une vive effervescence dans la région de Trébizonde.

La rébellion kurde va nécessiter des dépenses qui aggraveront la situation financière de la Turquie, Des crédits extraordinaires, dont on ne connaît pas encore le chiffre, ont été votés par l'Assemblée./.

JESSE CURELY

AFFAIRES ÉTRANGÈRES — DÉCHIFFREMENT

TÉLÉGRAMME A L'ARRIVÉE

DUPLICATA

113

JD

R

N° 119

ANGORA, le 27 Février 1925.

Transmis par CONSTANTINOPLE, le premier Mars 1925 à 18 h.40

Reçu le 2 Mars 1925 à 5 h.

DIRECTION POLITIQUE ET COMMERCIALE

E. 311.3.

Je me réfère à mon télégramme n° 114.

Mouvement (insurrectionnel) a faibli. Kharpout repris aux insurgés. Malgré cela, Gouvernement turc est décidé à réagir très vigoureusement.

Le Président du Conseil que j'ai vu m'a dit :

"Nous profitons de cette occasion pour prendre des mesures telles que de pareils soulèvements ne se reproduiront pas."

La leçon va être sévère contre la réaction religieuse qu'on est décidé à écraser. Déjà, dans sa séance d'avant hier, l'Assemblée a voté une loi qui déclare traître à la nation celui qui se servira de religion ou d'emblèmes religieux dans son intérêt personnel ou dans un but politique.

J'ai l'impression qu'on (gros)sit, peut-être volontairement, ce soulèvement pour que plus tard la répression qu'on veut violente, pour ne plus avoir à y revenir, ne frappe pas trop l'opinion turque. J'ajoute que le Parlement est tout entier derrière le Gouvernement./.

MOUGIN

# کورد و کوردستان
## لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا

### پێشبار

ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا یەکێکە لە دەوڵەمەندترین و گرینگترین ئەرشیڤخانەکانی ئەوروپا لەڕووی بەڵگەنامە و دەستاوێژی مێژوویی لەسەر کورد و کوردستان کە زۆر بەداخەوە تاوەکو دوادواییەکەی سەدەی ڕابووردوو کورد بۆ خۆی هیچ کارێکی ئەوتۆی لەم ئەرشیڤخانەیە دەوڵەمەندە نەکردبوو و سوودیشی لێوە نەبینیبوو. زۆر بە درەنگەوە ساڵی ١٩٧٨ پۆلێک ڕووناکبیری هەڵوەدای کورد کە لەدەست ستەم و دۆزەخی بەعس پەڕیوەی بریتانیا بووبوون لە مەڵبەندی ڕۆشنبیری کوردی لە لەندەن بۆ ماوەی نزیکەی ساڵ و نیوێک بەدوای هەموو ئەو بەڵگەنامە و دەستاوێژانە گەران کە لەبارەی کورد و کوردستانەوە بوون. بەرهەمی ماندووبوونی ئەم پۆلە ڕووناکبیرە ئەوەبوو کە ژمارەیەکی یەکجار زۆری بەڵگەنامەیان کۆپی کرد کە ئێستە لە ئەرشیڤی مەڵبەند لە لەندەن پارێزراون. ڕەوانشاد دوکتۆر شێرکۆ فەتحوڵڵا (خودا بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات) یەکێک بوو لەو پۆلە ڕووناکبیرەی ئەو لیژنەیەی کە مەڵبەند پێکیهێنابوو بۆ ناو ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا. دوکتۆر شێرکۆ فەتحوڵڵا خوا کاری ڕاست بکات پەیتا پەیتا هەرجارەی چەند بەڵگەنامەیەکی لەو بەڵگەنامانە دەکردە کوردی و لە بڵاوکراوەی مەڵبەند لە ژمارەی (٥١)یەکەوە کەوتە بە کوردیکردنی بەڵگەنامەکان و بەسەر یەکەوە بیست و پێنج بەڵگەنامەی کردە کوردی و بەنیاز بوو هەموو بەڵگەنامەکانی تریش بکاتە کوردی بەڵام داخەکەم مەرگ زوو بینی لەم مامۆستا ڕووناکبیرە گرت و هەر زوو تۆماری ژیانی پێچایەوە. دوکتۆر شێرکۆ

................................................................

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: د. شێرکۆ فەتحوڵڵا

فەتحوڵڵا یەکەمینی ئەو کەسانە بوو کە بەڵگەنامە بریتانییەکانی کردبێتە کوردی و سەردەستەی ئەو ڕووناکبیرانە بوو کە زوو لە گرینگی ئەمکارە تێگەیشتبوو. من کە لە دەستپێکی ساڵی ٢٠٠٠-ەوە ڕەزامەندی ئەوەم لە مەڵبەندی ڕۆشنبیری کوردی لە لەندەن وەرگرتبوو کەوا ئەگەر ڕۆژێک دەرفەت بوو تەواوی بە کوردیکراوی ئەم بەڵگەنامانە بەسەر یەکەوە کە بەو کوردییە پاراو و جوانە کراوە بە کوردی بڵاو بکەمەوە و وەک چەپکێک گوڵ بیکەمە دیاری بۆ سەر گلکۆی جوانەمەرگ دوکتۆر شێرکۆ فەتحوڵڵا.

د. نەجاتی عەبدوڵڵا

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ١**

مەندوبی سامی بەریتانی

ئەستەمبوڵ

١٩٢٠/٣/٢

گەورەم......

١- نیشانە بە تەلەگرامی ژمارە ١٦٩ مێژووی ١٩٢٠/٢/٢٧، بەشانازییەوە موزەکەرەی مستەر (ڕاین) لەبارەی هەڵوێستی سەیید عەبدولقادر و شەریف پاشا و کەسانی تری پێوەندداری بەجوڵانەوەی نەتەوایەتیی کوردەوە دەنێرمە خزمەتی بەڕێزتان.

٢- موزەکەرەی پێشوو کە لە دوا پەرەگرافی نامەی بەردەستتاندا نیشانەی بۆ کراوە، ئەوەیە کە بە ژمارە ٢٧١٣ 211/M لە مێژووی ١٩٢٠/١/٢٨ بۆتانم ڕەوانە کردووە. بەتکاوە پێشنیاز دەکەم کە هەردوو وەسیقەکان بەیەکەوە بخوێندرێتەوە.

ئیمزا

مەندوبی سامی

* ئەم نامەیە ناردراوە بۆ

The Earl Curzon of Kedleston

موزەکەرە:

سەرکردەی کورد - سەیید عەبدولقادر - کە لە ڕۆژی سەردانی Mr Hohler ەوە لە ١٩١٩/١٢/٨ نەهاتووەتەوە بۆ مەندوبیەتی سامی، لە ڕۆژی ١٩٢٠/٢/٢١ هات بۆ دیدەنیم. بۆ پێڕەوکردنی سیاسەتێک لەبارەی کوردستان کە لەگەڵ داخوازییەکانی کورد یەک بگرێتەوە، داواکارییەکی یەکجار بەهێزی پێشکێش بە حکومەتی جەلالەتی مەلەکی کرد.

عەبدولقادر ئەفەندی گوتی وا دیارە ئێمە (واتا بەریتانیا - وەرگێڕ) مەسەلەکانی کوردستان بۆ

فەرەنساییەکان بەجێ دەهێڵین. کاتێ پێم ڕاگەیاند کە گۆڕانکارییە تازەکە تەنیا کاری لە (کەیلیکیا) کردووە وەکو من زانیبێتم تا ئێستا هیچ قەرارێک لەبارەی ناوچە فراوانەکانی نێوان کەیلیکیا و سنووری ئێران نییە. سەیید عەبدولقادر گوتی کە هەواڵە تایبەتییەکانی سەر بە خۆی لە پاریسەوە وای لێ کردووە، وا تێ بگا کە فەرەنساییەکان خەریکن دەسەڵاتی خۆیان تا سیواس و خەرپۆت و گەلێکیش لەوە زیاتر فراوان بکەنەوە.

هەروەها گوتی: فەرەنساییەکان بەڵێنی باشیان بە کورد داوە، کوردەکان بیریان لێ نەکردووەتەوە، چونکە ئەوان دەیانەوێت بەشێوەیەک لە شێوەکان لەژێر چاودێریی بەریتانیای مەزن بن. ئەوەی دووبارە کردەوە کە گەلێ جار گوتوویەتی خۆی دەتوانێ سەرکردایەتیی یەکگرتنەوەی هەموو کوردستان بکات. ئەوەشی ڕاگەیاند کە موشکیلەی خراپ ئەوە کە گیروگرفتی مەسەلەی کورد لە فراوانبوون و تەقینەوە دایە.

سەیید عەبدولقادر لە حکوومەتی جەلالەتی مەلەکی داوای یارمەتیدانی خۆی و میللەتەکەی دەکات، کە بۆ بەرگری و پوچکردنەوەی جموجۆڵی تورکە نەتەوەپەرستەکان و بەرهەڵستکردنی بڵاوبوونەوەی بۆڵشەفی. تەوەری گفتوگۆی سەیید عەبدولقادر لە دوا ڕۆژی کوردستان ئەمانەن:

– کورد تەنیا پاراستنی بەریتانی دەخوازێت.

– ئەگەر لەلایەن حکوومەتی پاشایەتی بەریتانیا ئۆتۆنۆمی تەواوەتییان بۆ مسۆگەر بکرێت، ئەوا قایل دەبن بە مانەوەیان لەژێر ئاڵای تورکیا.

– کورد نایانەوێ کوردستان لەژێر چاودێری و پاراستنی جۆرەوجۆر، دابەش بکرێت بەسەر چەند دەوڵەتی بچووک. وەک ئەو دەنگەی ئێستا بڵاوە لە پاریس بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد، کە فەرەنساییەکان بەلایانەوە باشە.

– ئەو ناوچانەی زۆربەی دانیشتوانی کوردن، نابێ بخرێنە ژێر دەستی ئەرمەنەکان. ئەگەر ئەو کارە ڕوو بدات، هیچ هێزێک لە دنیادا، تەنانەت بەهێزترین سوپای داگیرکەریش ناتوانێت ئاسایشی ناوچەکە بپارێزێت. بۆیە کوردەکان ئامادەن مەسەلەی دەستنیشانکردنی سنووری ئەرمەنی – کوردی لە کۆنفرانسدا قبووڵ بکەن.

بە سەیید عەبدولقادرم گوت: لەبارەی مەترسیی بۆڵشەفی، وەزیری ئەعزەم (مەبەستی هی تورکیایە – وەرگێڕ) بە هەمان واتا لەگەڵمدا دواوە. باسی ئیحیمالی سوودوەرگرتن لەو هێزە ڕاستەقینەی پشتی کۆمارە بێ هێزەکانی قەفقاسی کرد بۆ دروستکردنی دیوارێک لە بەردەم بۆڵشەفیزم.

لە قسەکانیدا هیچ جیاوازییەکی لە نێوان تورک و کورد نەدەکرد و پێشنیازی هاوکاریی تورکیاشی دەکرد. بەڵام سەیید عەبدولقادر ئەفەندی پێشنیازی هاوکاریکردنی کوردی دەکرد و دەڵێ: کورد زۆر لە تورک جیاوازن.

لەسەر فەرەزییەی پێشوو تورکەکان لە پشتەوە بۆ ئەوان هێزی دوژمن و سەرچاوەی بێ هێزین. هەروەها پێی لەسەر ئەوە داگرت کە موسڵمانەکانی ئەمبەری سنوور، کوردن و ئەگەر هاتوو هەر کاتێ بۆ بەرهەڵستیی بۆڵشەفیزم بەکار هێندران، ئەوا پێویستە وەکو کورد حیسێبیان بۆ بکرێت.

سەیید عەبدولقادر لە وەڵامی تێبینییەکانم لەبارەی یەک نەبوونی کوردەکان لە نێوان خۆیاندا و ئەو ڕاستییەی کە کوڕانی ئیبراهیم پاشا – بۆ نموونە وا دیارە بە تاکیدی دژی ئێمە کار دەکەن. سەیید عەبدولقادر جارێکی تر شکایەتی کرد و گوتی: ئەگەر بێتو بەریتانیا یارمەتی کورد بدات، کورد خۆبەخۆ یەک دەگرن و هەرچی لێیان داوا بکەین، جێبەجێی دەکەن. ئەمە کورتەی گفتوگۆیەکی زۆر درێژە، هیچ کاتێ سەیید عەبدولقادرم بێ دەربڕینی هەستی دڵسۆزیی خۆی نەدیوە. بێ شک، زیاد لە پێویست دەوری خۆی پێشان دەدات. من وا تێ دەگەم کە ئەو بەڕاستی ڕۆڵی گەورەی هەیە، بە تەئکید دژی تورکە و بەتایبەتی دژ بەکۆمیتەکەیە، بەلای ئەمەوە هەستی ئاینی نرخێکی زۆری هەیە. وا پێ دەچێ لەبەر ئەم هۆیە ئێستا لایەنگری ئۆتۆنۆمییە لەژێر ئاڵای تورکی، هەرچەندە لایەنگری سوڵتان نییە، بەڵام لەوانەیە لە دڵەوە دڵسۆزی (خیلافەت) بێت. بە باشی هەست دەکەم کە بەغدا هەدەفی ئەوەیە کە گومان بخەنە سەر سەیید عەبدولقادر و لە نرخی کەم بکەنەوە.

هەرچەندە مەعلوماتی ڕاستەوخۆم لەسەر شێخ تەها نییە، بەڵام تاوەکو ئێستا، پێ ناچێ هەر داوایەکی کردبێت، بە کردەوە سەلماندبێتی. ئێمە ئەگەر پشتگیری سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان دەکەین، وا تێ دەگەم سەیید عەبدولقادر ئەسپێکی باشترە لە شێخ تەها بۆ پشتگیریکردن.

لە سەرچاوەی ترەوە بەر گوێم کەوتووە کە مەترسیی سەیید عەبدولقادر لە دابەشکردنی کوردستان بۆ چەند دەوڵەتێکی بچووک، سەرچاوەکەی ئیشارەتێکی ئاشکرایە لە نامەی شەریف پاشادا هاتووە. لەم نامەیەدا شەریف پاشا دەڵێ: وا تێ دەگەم ئەوەی ئێستا لە بەرچاودایە، ئەوەیە کە کوردستانی باکور لەژێر چاودێریی فرەنسا و کوردستانی باشووریش لەژێر چاودێریی بەریتانیادا بێت.

لە نامەیەکدا شەریف پاشا باسی جزیرە (ناوچەی دەسەڵاتی بەدرخانییەکان) وا دەکات کە لە لەناو (زۆن)ی خوارووداد بێت. هەروەها باسی ئیدیعای کەمبوونەوەی دەسەڵات و کاریگەریی عەبدولقادر دەکات لە ناوچەکانی شەمدینان، بەرامبەر بە دەسەڵات و کاریگەری شێخ تەها.

لێرە کوردەکان، نامەکە وا لێک دەدەنەوە کە نیاز وایە زۆنی فرەنسایی و ئینگلیزی بەشێوەی کۆمەڵە دەوڵەتێکی بچووک بچووکەوە، لەژێر دەسەڵاتی سەرکردە ناوچەییەکانەوە ئیدارە بکرێن.

شەریف پاشا، دژایەتیی خۆی بەرامبەر بە دابەشکردنی کوردستان بە توندی دەردەبڕێ و دەڵێ گەلێ باشترە کوردستان وەکو پارچەیەکی یەکگرتووی خاوەن ئۆتۆنۆمی لەژێر ئاڵای تورک بمێنێتەوە.

لەوە دەچێت بۆچوونی کوردەکان لەم مەسەلەیەدا یەک نەبن. چاوەڕێی ئەوەن چی ڕوو دەدات



هەواڵنامەی کێشە

پێش ئەوەی عەبدولقادر فکرەی سیادەی تورکی و ئۆتۆنۆمی مسۆگەرکراو لەژێر ئیدارەی خۆی، ڕەت بکاتەوە. بەدرخانییەکانیش بە ئاشکرا بڕوایان بە تورک نییە. پێ ناچێ زۆر دژی بیری دابەشکردن بن. من وای بۆ دەچم کە لەوانەیە تورکەکان هەڕەشەیان لە شەریف پاشا کردبێت. لەم دواییەدا چەند بەڵگەیەکی جیاواز وا دەدەخەن نێزیکبوونەوە و دانیشتن لە نێوان شەریف پاشا و کەسانی دەسەڵاتداری تورکی لێرە ڕووی دابێ.

لە موزەکەرەی پێشوودا، پێشنیازی پێویستی دیراسەکردنی سیاسەتێکی تازەی باشترم لەلایەن حکومەتی جەلالەتی مەلەکیدا کرد. بۆ ئەوەی لەم وڵاتە پێڕەو بکرێت لەسەر بناخەی دژایەتیی ئاشکرای جوڵانەوە نەتەوایەتییە تونڕۆکان و هاریکاریکردن لەگەڵ بەرەی نوێخوازەکان و پاراستنی تورکیا تا ڕادەیەک بەگەورەیی لەژێر کۆنترۆڵی کاریگەر، بەڵام شاردراوەی بێگانە - بەتایبەتی ئینگلیزی و فرەنسایی لەسەر هەموو تورکیا.

ئەگەر بێتو ئەم سیاسەتە پێڕەو بکرێت دەتوانرێت پیاوی وەکو سەیید عەبدولقادر و بەدرخانەکان لەم پلانە جێگەیان بکرێتەوە و لە ئیدارەکردنی ئەو ناوچانەی دەسەڵاتی ویراسی و ئاینییان حسێببیان بۆ بکرێت، ڕۆڵی گرینگیان پێ بدرێ، بەڵام لەژێر کۆنترۆڵی تەواودا. دڵنیام لەوەی ئەنجامی ئەم سیاسەتە باشترە لە جیاکردنەوەی ڕەسمی کوردستان لە تورکیا و دواتریش دابەشکردنی بۆ ناوچەی ئینگلیزی و فرەنسایی. ڕووداوەکانی ئێستا ئەم بۆچوونە دەسەلمێنن. کە لە هەر شوێنی فرەنساییەکان دەسەڵاتی تەنیایان هەبوو بێت. ئاژاوە پەیدا بووە، وەکو ئاژاوەی ئەمڕۆی ناو کەیلیکیا، کە بێ شک کار دەکاتە سەر هەردوو لای ئەم جۆرە ناوچانە.

مەندوبی سامی بەریتانی

ئەستەمبوڵ

١٩٢٠/٢/٢٤

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢**

تەلەگرامی مەندوبی سامی عێراق

بۆ وەزیری مستەعمەرات

٢٦ی ئابی ١٩٢١

ڕۆژی ١٩٢١/٨/٢٨ لە کاتژمێری ١٢:٤٠ بەدەست دایرەی موستەعمەرات گەیشتووە ژمارە ٤٣١

ڕۆژنامەی Daliy Telegraphی ڕۆژی 13- July 1921 وتارێکی لەژێر ناوی - کۆماری کوردی - تێدایە. ئەم وتارە تەفسیرێکی نا واقیعیی تەواو دەداتە باسی ئیعلانکردنی کۆماری کوردی لە

دیاربەکر لەلایەن مستەفا پاشاوە و بە سەرۆکایەتیی خۆی.

مستەفا پاشا لەو کاتەی گەیشتووەتە ئێرە، واتە چەند هەفتەیەک لەمەو بەر، بەغدای بەجێ هێشتووە ئاخۆ دەتوانرێ شتێ بکرێ بۆ هاندانی سەر نووسەری ئەم ڕۆژنامە لێپرسراوە، بۆ خۆ دوورکردنەوە لە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی تاکیدنەکراو و نابەجێی وەها.

کۆکس

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٣**

ناوەڕۆکی تەلەگرامی سامی عێراق

بۆ وەزیری موستەعمەرات

٢٦ی ئابی ١٩٢١

ڕۆژی ١٩٢١/٨/٢٧ کاتژمێری ٦:٣٥ دوای نیوەڕۆ بەدەست دائیرەی موستەعمەرات گەیشتووە.

ژمارە ٤٣٣ بەروار ١٩٢١/٨/٢٦ - کوردستان

- ئیشاراتی گۆڕانکاریی سیاسی لە کوردستان لە دەرەوەی عێراق لە زیادبوون دایە.

١- سەیری نێردراوی ڕۆژی 13. Nov.1920 کە بە ژمارە ٣٦-٨٠/٣١٦٠٢ کۆتاییی دێت. ئێمە لە نۆڤەمبەری ١٩٢٠دا بەتاکیدی بۆ یارمەتیدانی عەبدولڕەحمان لە (شەرناخ) لە جوڵانەوەی دژ بە تورک، هاندراین.

یاریدەدەرێکی فەرعی پێش کەمێک ئاگەداری کردم کە عەبدولڕەحمان ئێستا هەوڵ دەدات بۆ چاوپێکەوتنی فەیسەڵ و ئارەزوویەتی بیهێنێتە زاخۆ بۆ ڕاوێژکردن لەگەڵی.

هەروەها داوای کردووە کە ئەفسەری سیاسی لە زاخۆ و چەند کەسانێکی لێپرسراو، ڕێگەیان پێ بدرێت لەگەڵی کۆ ببنەوە. وا پێ دەچێ، ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتێکی بچووک بێت، یەکسەر لە سەرووی عێراقەوە و لە تەک دەوڵەتێکی تر کە لەوانەیە لەلایەن سمکۆوە دابمەزرێت. هەردووکیان سوود لە لاوازیی ئێستای ئێران و تورکیا وەردەگرن.

٢- سەیری ئەو نێردراوە بکە کە تەلەگرامی ژمارە ٣٣٧ لە مێژووی ١٩٢١/٧/٢٦ کۆتاییی دێت. هەرچەندە وەزعەکە ڕوون نییە، وا پێ دەچێ کوردەکان لە ناوچەی دەرسیم و خەرپوت، تا ڕادەیەک بەردەوام لە شۆڕش دا بوو بن.

٣- لەو نامەیەم کە بەتەلەگرامی ژمارە ٥٢ و بەرواری ١٩٢١/٤/٢٢ کۆتاییی هاتووە باسی شۆڕش سمکۆ دژی حکوومەتی فارس کراوە. هەرچەندە وەدەستهێنانی مەعلوماتی ڕاستەوخۆ زەحمەتە، وا پێ دەچێ سمکۆ لە دامەزراندنی جۆرێک لە نیمچە سەربەخۆیی لە ناوچەی ورمێ، سەرکەوتوو بێت.



هەوڵێنەی کتێب

٤- دوای سەرنەکەوتنی زیائولدین بە ماوەیەکی کورت، چەند دیعایەیەکی تاکیدنەکراو هەبوو لەبارەی هەوڵدان بۆ دروستکردنی فیدراڵیی کوردی بە مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی سەربەخۆ لە حاڵەتی پارچەپارچەبوونی ئێران بۆ چەند دەوڵەتێکی بچووک لە ئەنجامی پیلانی ڕووسەکان.

٥- ئێران نەک تەنیا دان بەبێهێزیی خۆیدا دەنێ لە پاراستنی هاووڵاتییەکانی لە ناوچەی ورمێ، بگرە بە ڕێگەنەدان بە ئاسورییەکان بە هیچ شێوەیەک بۆ دووبارە گەڕانەوەیان بۆ ئێران، لەوانەیە وا پیشان بدات کە وازی لە هەموو داوایەک سەبارەت بە پاراستنی دەسەڵات بەسەر کۆمەڵی ئاسورییەکان، هێنابێ.

٦- هاوکات لەگەڵ نامەی ناوبراو لە پەرەگرافی یەکەمدا، ئەفسەری سیاسی لە سلێمانی بەناوی خۆیەوە، داوەتنامەیەکی بۆ ناردووم کە بەناوی ئەوەوە هاتووە لەلایەن سمکۆوە بەرێگەی بابەکر ئاغا بۆ چاوپێکەوتنی لە ورمێ. ئاگەدارم کردووە کە دەتوانێ (مەبەستی ئەفسەری سیاسیی سلێمانییە - وەرگێڕ) لە جێگەیەکی نێزیک بە سنووری خۆمان چاوی بەسمکۆ بکەوێت. بە مەرجێ دڵنیا بێ لە سەلامەتیی شەخسیی خۆی و باسی هۆی ئەوەی لەگەڵدا بکات کە بۆچی سمکۆ ڕێگەی بە تورکە ناحەزەکان داوە تا ڕادەیەک بەسەربەستی بەو ناوچانەدا تێپەڕن کە تا ڕادەیەک لەژێر دەسەڵاتی ئەودان. هەروەها باسی مەرجەکانی بۆ گەڕانەوەی مەسیحییەکان (مەبەستی ئاسورییەکانە) لەگەڵدا بکات.

Goldsmith (ئەفسەری سیاسیی بەریتانی لە سلێمانی و ڕانیە - وەرگێڕ) لە سنووری هاوینەهەوارەکانی بابەکر ئاغا تێ ناپەڕێ.

٧- لەو کاتە ڕا، ڕاپۆرتێکم بەدەست گەیشتووە وا دەگەیەنێ سمکۆ بەناو سەرکردە کوردەکان گەڕاوە و پێشنیازی کردووە کوردستان پێویستە لە زۆرداریی حکوومەتی ئێران ڕزگاری بێت و وەعدی یارمەتیی زۆر بە هێزی لە هێزێکی بێگانەوە داوە.

٨- وەزعی ئێستای ڕەواندز پێ دەچێ وا پیشان بدات کە ڕای زۆربەی خەڵکی ئەم ناوچانە لایەنگیری بەریتانیایی مەزن بن ئەگەر ئێمە چارەیەکی سیاسی وا بدۆزینەوە کە دڵنیایان بکات.

٩- وەزعەکە لەمەی خوارەوەدا کۆ دەبێتەوە:

لەبەر ڕۆشناییی ئەو کۆمەڵە بەڵگانە بەگشتی جوڵانەوە لە پێناوی سەربەخۆییی کوردستان لە پەرەسەندن دایە. ئەم جوڵانەوەیە لایەنگری بەریتانیای مەزنە. ئەگەر ئەم مەسەلەیە بەگوێرەی ئەم بۆچوونە پەرەبسێنێ، درەنگ یا زوو ناوچە کوردییە جیابووەکان لە ئێران و تورکیا یەک لە دوای یەک جیا دەکرێتەوە.

هەڵوێستی گۆڕاوی حکوومەتی ئێران بەرامبەر بەریتانیای مەزن و ژێرکەوتنە تازەکانی تورکیا

لە ئەنادۆڵ، ئەوە دەردەخـــەن کـــە ئەو بۆچوونانەی لە ڕابردوودا وای لـێ دەکـــردین ڕێگە لە جوڵانەوەی وا بگرین، لەم کاتانەدا بەشێکی زۆر لە گرینگییان لە دەست داوە.

١٠- بۆیە هەتا تەعلیمی پێچەوانەم بە دەست دەگات، پێشنیاز دەکەم لە کاتێکدا پێوەندیی ڕەسمی لەگـەڵ سـەرۆکـە کوردەکـان لەودیو سنوورمـان بۆ بەکارهێنانی فرسـەتەکان بـۆ تێگەیشـتنی نیازەکانیـان، قەدەغەیە. لە حـاڵەتی پێویستدا بۆ مسۆگەرکردنی سـەلامـەتیی سنووری عێراق دەتوانرێ یەکسەر کاری وا بکرێت.

ناکرێ دان بەوەدا نەنرێ کـە ناکۆکی کوردەکـان لەگەڵ داگـیرکـەرەکـانی ئێسـتایان لەوانەیە بتـەقـێـتـەوە. بەڵام من دەبێ بـە وریایی خـۆم لەلایەنگری دوور بگرم. هـەرچەندە لە کـارەکـانماندا وریاش بین، ئێمە بەبەشداریکردن تاوانبار دەکرێین.

کۆکس

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٤**

سکرتاریەتی مەندوبی سامی - عێراق بەغدا ١٨/١٠/١٩٢١

بۆ ئەفسەری سیاسی لە سلێمانی

موزەکەرە:

سـەبارەت بـە مـوزەکـەرەتان ژمـارە P.2134/1/19 بە بەرواری ٢٥/٩/١٩٢١ سـیـاسـەتی ئێـمـە لەبارەی سـمکۆ و کوردسـتـانی ئێران، وەکـو بەرچاوتان کەوتووە، لەو تـەلەگرامـەدا هاتووە کە بە ژمـارە SD/2172 و بە بەرواری ٣٠/٨/١٩٢١ و ژمـارە SD/2395 و بە تاریخی ١٤- ١٥/٩/ ١٩٢١ بۆم ناردوون.

بەگشتی سیاسـەتی دەست تێ وەرنەدانە. تەنیا کـارێ دەتوانرێ بکرێ کە پێویسـتە بۆ پاراستنی سـەلامـەتیی سنوور. بەتایبەتی بەهۆی تاوانبارکردنی ئێمە لەلایەن حکوومـەتی ئێرانەوە بە هاندانی ئاژاوە دروسـتکردن لە کـوردسـتـانی ئێـران، پێـویسـتـە هیچ شـتـێ نەکـرێ کە لەگـەڵ سـیـاسـەتی دیاریکراوی ئێـمــەدا بەتەواوەتی نەگـونجێ. بۆیە مــەندوبی سـامی بەڕێز لەگـەڵ بۆچوونی تۆیە سەبارەت بە چاک نەزانینی ناردنی ئەفسـەرێکی سیاسی لە کاتی ئێستادا بۆ کوردستانی ئێران بۆ چاوپێکەوتنی سمکۆ.

بەڵام لە هەمان کاتدا، بە هەر شێوەیەک بێت، دەبێ هـەموو دەرفەتێک بقۆزرێتەوە بۆ کۆکردنەوەی مـەعلومـات کە یارمـەتی ئێمە بدات بۆ تێگەیشتنی قەوارەی هـێزی سـمکۆ و شـانسی خۆڕاگرتنی بەرامبـەر بە هێرشی ئێسـتـای حکوومـەتی فارس، کە وا گـەیاندراوە خـۆی بۆ ئامـادە دەکات، تا ئەنجامی ئەم هێرشە بەدیار نەکـەوێت، مـەسـەلەی چاوپێکەوتنتان بە سـمکۆ لە شـوێنێک لەمدیو

سنوور، دەبێ دوا بخرێت لە هەموو حاڵەتێکدا، بەڕێز مەندوبی سامی (خاوەن شکۆ) حەز دەکات، بەبێ ئاگەداری پێشەکیی ئەو، چاوپێکەوتنی وا ڕوو نەدات.

لەگەڵ ئەم نێردراوەدا، مسوەدەی نامەیەکتان بۆ دەنێرین بۆ ئەوەی بەناوی خۆتانەوە بینێرن بۆ بابەکر ئاغا و ئەویش دەتوانێت بۆ سمکۆی بنێرێ. مسوەدەکە لەبەر ڕۆشناییی سیاسەتی دیاریکراوی سەرەوەدا و بەهیوای ئیحتمالی کەوتنە دەستی فارسەکان، نووسراوە.

ئیمزا C C Garbett

سکرتێری فەخامەتی مەندوبی سامی لە عێراق.

مسوەدەی نامەکە

بۆ ڕەئیسی پشدەر – بابەکر ئاغا

چاوم کەوت بەو نامانەی ناردبووتان بۆ Caption Cook، تەقدیری هەستی دۆستانەتان دەکەم بۆ ناردنیان. زۆرم مەبەست بوو لە بۆچوون و کردەوەکانی سمکۆ کە لە نامەکەدا هاتووە، تێ بگەم. بە خۆشاڵییەوە سەرنج دەدەم، سمکۆ نیازی خۆی دەربڕیوە بۆ تەمبێکردنی هەر یەکێ لە عەشیرەتە کوردییەکان هەوڵ بدات دوژمنایەتی بەریتانییەکان بکات. هەروەها پەشیمانە لە ئاژاوە جیاکانی لەم دواییە ڕوویان دا بەهۆی تەڵەکانی خەڵکی نا تێگەیشتوو. هیچ شکم نییە لەوەی سمکۆ نیازە باشەکانی، بە کردەوە دەسەپێنێ بەوەی ڕێگەی هاتوچۆ لەو ناوچانەی ژێردەستی، لە دوژمنانی بەریتانیا دەگرێ، کە دەیانەوێ لە ناوچە کوردییەکانی عێراق بەتایبەتی لە ڕەواندز ئاژاوە دروست بکەن. بۆ ڕەفزکردنی سمکۆ لەوەی بیر لە گەڕانەوەی ئەرمەنی و ئاسوورییەکان بۆ شوێنی خۆیان بکاتەوە، بە داخەوەم لەو هەڵوێستەی وەری گرتووە کە تەنیا دەتوانم وای تێ بگەم لە لێکدانەوەی هەڵەی وەزعەکەوەیە. ئەمە مەوزوعێکە بۆ موناقەشە لە داهاتوو لە نێوان ئێمەدا و ئەگەر خوا یار بێت دەگەینە چارەیەک کە یارمەتی گەڕانەوەی ئەو ئاشتییەی مەبەستی هەموومانە بۆ دنیا بدات.

بە گەرمییەوە تەقدیر لە ئارەزووی سمکۆ بۆ مەسەلەی ئاڵوگۆڕکردنی دۆستانەی بیروڕا لەگەڵ ئەفسەرێکی سیاسیی بەریتانی، دەکەم. بەڵام بەداخەوە لە کاتی ئێستادا ناتوانم وەکو ئەو پێشنیاز دەکات، ئەفسەرێکی بەریتانی بنێرم بۆ سنوور بۆ چاوپێکەوتنی هەرچەندە هیوام وایە لە داهاتوودا بۆم بلوێت خۆم بە شەخسی چاوم پێی بکەوێت بۆ موناقەشەکردنی ئەو مەوزوعانەی سوودی هاوبەشیان هەیە بۆ دابینکردنی سەلامەتیی سنوورمان.

لە هەمان کاتدا هەردەم خۆشحاڵ دەبم بە بیستنی دەنگوباسی لای ئەو (سمکۆ – وەرگێڕ). هەروەها ئەگەر لە جموجۆڵی تورکەکان لەسەر سنووری خۆی دا، ئاگەدارم بکات، ئەوە بەڵگەیەکی تر بۆ ڕاستیی نیازە باشەکانی بەرامبەر حکوومەتی بەریتانیایی دادەنێم. لە هەمان کاتدا تکایە سوپاسی من بۆ خۆتان قبووڵ بکەن و بۆ ئەویشی بنێرن لە بۆ ناردنی ئەو مەعلوماتانەی پێشتر بەدەستم گەیشتن.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٥**

نامەی بابەکر ئاغای گەورە

(بابەکر سەلیم ئاغا) قایمقامی قەڵادزە

بۆ یاریدەدەری ئەفسەری سیاسی لە ڕانیە

– دوێنێ سەیید حوسێن لە سەردانی سمایل ئاغا گەڕایەوە.

– چەند نامەی وەڵامی لە سمایل ئاغا – سمکۆ – و هەندە ئاغای مامەش هێناوە.

– هەروەها نامەیەکی تری لە سەیید تەهاوە بۆ جەلالەتان و یەکی تر هەر لەوەوە بۆ من (واتا بابەکر ئاغا – وەرگێڕ) هێناوە کە هەستی خۆی بەرامبەر من دەردەبڕێ. هەموو نامەکان دەنێرمە خزمەتتان.

– لەبارەی مەسەلەی یەکەم – پێش ئەوەی سەیید حوسێن بگاتە ئەوێ، سمکۆ هێزێکی هەزار کەسی لە ئاغا و سەرکردەکان کۆ کردبووەوە و خۆی ئامادە دەکرد بەرەو سابڵاغ هێرش بەرێت. بەڵام کاتێ سەیید حوسێن گەیشتە ئەوێ و ڕاسپاردەکەی گەیاند، حەملەکەیان بۆ ماوەی دە ڕۆژ لە گەیشتنی سەیید حوسێنەوە، دواخست بۆ ئەوەی یەکێ لە ئێوە – جەنابتان – دەتوانێ بێتە جێگەی دیاریکراو لەلایەن سمکۆ لە ماڵی هەمزە ئاغا.

کاتێ ئێوە نەتانتوانی لە ماوەی ئەم دە ڕۆژەدا بێن، سمکۆ گوتی: (من دەچم بۆ سابڵاغ، ئەگەر حاکم دێت یا لە سەردەشت یا لە مەنگور چاوم پێی دەکەوێ). هەروەها ئەوان (مەبەست سەیید حوسێن و سمکۆیە) زۆر لەوە دوان کە لە قەندیل سمکۆ چاوی بە حاکمی سیاسی بکەوێت. بەڵام لە دواییدا گوتی: (ئەگەر من بێمە قەندیل، پێویستە بەلایەنی کەمەوە هەزار سوارەم لەگەڵدا بێت، دەترسم ئەوە ببێتە هۆی نارەحەتییەکی زۆر بۆ هەردوو لا. ئەگەر نا، لە هەر شوێنێک دوور یا نێزیک من مەمنوونم بە چاوپێکەوتن). لەگەڵ ڕێزدا.

ئیمزا

حاکمی قەڵادزە

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٦**

نامەی هەمزە ئاغای سەرۆکی مامەش

بۆ بابەکر ئاغا.

نامەی بەسۆزتان گەیشت. زۆر خۆشحاڵم بەباشیی تەندروستیتان. ئەگەر ئێوەش لە تەندروستیی من دەپرسن، سوپاس بۆ یەزدان زۆر باشم و هیچ ناخۆشیم نییە بێجگە لە دووریتان.

کاتێ سەیید حوسێن گەیشت و نامەی تۆی بۆ هێنام، من لە (Chamdiq?)بووم. گفتوگۆیەکی زۆر لەگەڵ سمایل ئاغا دەستی پێ کرد. دوای لێکۆڵینەوەی تەواو ئەوەی مەبەست بوو بە نووسین پێشکێش کرا و درا بە سەیید حوسێن تا بۆتانی بێنێ. هیوام زۆرە کە هەموو توانایەکت دەخەیتە گەڕ بۆ ئەوەی ئەنجامی ئەم مەسەلەیە سەرکەوتوو بێت.

لەگەڵ ڕێزدا

ئیمزا

هەمزە ئاغا

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٧**

نامەی سمایل ئاغا بۆ بابەکری سەلیم ئاغا - بابەکری گەورە. قایمقامی قەڵادزە

بۆ بابەکر ئاغا - ڕەئیسی یەکەمی پشدەر

برادەری خۆشەویست

نامەکەت گەیشت. خۆشحاڵ بووم و سوپاست دەکەم. ڕەئیەکانت یەکجار ڕاست و دروستن. پشتگیریت لەلایەن حکومەتی ئینگلیزی و دڵسۆزی تۆ بۆ ئەوان لای من زۆر ئاشکرایە و لەگەڵ پێشنیازەکانت موافیقم.

خۆت دەزانی، هیچ ڕێگەیەکی تر نییە بێجگە لە خزمەتکردنی ئەم حکوومەتە. بەداخەوە هەندێ خەڵکی جاهیل بە حوکمی جەهالەتییانەوە بەزەحمەت دەرکی تەواو بەو حەقیقەتە و یارمەتیدان و خزمەتکردنی حکوومەت، دەکەن. میللەتی ئێمەش وەکو هی تر ڕێی لێ گوم بووە و سەری لێ شێواوە و دوودڵە. ئەگەر نەتەوەیەک ئێستا نیشتمانی نەپارێزێت، دینیش بەرەو نەمان دەچێ.

نەتەوە پێویستە خەبات بکات بۆ بەرگری لە هێرشی بێگانە، کوردیش تەنیا بە مسۆگەرکردنی یارمەتی و پشتگیریی حکوومەتی ئینگلیزی دەتوانێت ئەو کارە مسۆگەر بکات. ئەوەی دەرەکی ئەوە نەکات، گێژە، گرینگی پێ مەدە و ئەوەندەی لە توانات دایە لە بۆچوونە سەربەخۆکانت، ڕاستگۆ بە لەگەڵیاندا.

حەز دەکەم چاوم بە یەکێ لە ئەفسەرە بەریتانیاییەکان بکەوێت بۆ ئەوەی ڕاوبۆچوونەکانمی بۆ روون بکەمەوە. هەر یەکێ کە تۆ بە لێ پرسیاری دەزانی بۆ ئەم کارە، قسەی لەم بارەوە لەگەڵ بکە. پێویستە ئەو کەسە بە جلی کوردی بێت بۆ ماڵی هەمزە ئاغای ڕەئیسی مامەش. کاتێ لە گەیشتنی ئاگەدار بم، یەکسەر خۆم دەچمە لای و ئەوەی لە خەیاڵمە پێی دەڵێم. فەرمانەکانی بەگشتی جێبەجێ دەکەم و قوڕ بەسەر ئەو کەسەی دژی فەرمانەکانی ئەو کار دەکات.

خۆم زۆر بە قەرزاری ئێوە دەزانم بەرامبەر بەیارمەتیدانت. نەک هەر کوردەکانی سابلاغ بگرە

هەر کوردێ دژایەتیی ئینگلیز بکات، خۆم چارەی هەموویان دەکەم. ئەو ئەفسەرە ئەگەر بیر لە ئەرمەنییەکان دەکاتەوە، ئەوە ئێوەش دەزانن کە ئەو خوێنەی لە نێوان ئێمەدا (مەبەستی کورد و ئەرمەنە – وەرگێڕ) ڕژاوە هێشتا وشک نەبووەتەوە. بۆیە لەم دنیایەدا تا ئاشتی جیهانی بەرقەرار نەبێت و سنوورە نەتەوەییەکان لەلایەن زلهێزەکانەوە دەستنیشان نەکرێت، کورد ناتوانێت لەگەڵ ئەرمەن یا ئاسوورییەکان لە یەک دەوڵەتدا بژێت. کاتێ ئەمانە جێبەجێ بوون، تەنیا ئەو کاتە ئێمە دەتوانین چارەی ئەم مەسەلەیە بکەین (مەبەستی دوژمنایەتی نێوان کورد و ئەرمەنە) ئەگەر ئەو دەیەوێت باسی ڕەواندز بکات، با لاتان ئاشکرا بێت کە ئەو کەسەی هات بۆ ڕەواندز، مەحموود فازیل پاشا نەبوو، بگرە ئەفسەرێکی لاوە بەناوی مەحموود ئەفەندی لەگەڵ بیست ئەفسەر.

تکایە گرینگی تەواو بەم کارە بدە و بەتەواوی وەڵامی نامەکەم بدەوە.

ئیمزا

سمکۆ

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٨**

هەواڵنامەی کتێب

وێنەی موزەکەرەی نهێنی

ئەفسەری سیاسیی سلێمانی

ژمارە: P-1954/1/19

١٩٢١/٨/٣٠

بۆ مەندوبی سامی بەریتانیایی لە بەغدا**

– نیشانە بە نامەتان ژمارە 950/S و نامەی خۆم ژمارە G/122 مەوزوعەکەم هەمووی لەگەڵ بابەکر ئاغا باس کرد و ئەویش لەگەڵ مندایە سەبارەت بەوەی لە کاتی ئێستادا ناردنی ئەفەسەرێکی بەریتانی تا ورمێ بۆ چاوپێکەوتنی سمکۆ، سەلامەت و ڕاست نییە.

لەبەر ئەو هەواڵانەی لە نامەی ژمارە 964/S تاندا هاتووە، بە باشترم زانی کە ڕێگە بە بابەکر ئاغا نەدەم هیچ شتێک بە نووسین بکات. بەڵام وای لەگەڵ ڕێک کەوتووم کە پیاوێکی بڕواپێکراوی خۆی بنێرێ بۆ ئەوەی ڕاسپاردەکان بە دەم سمکۆ بگەیەنێ و تەنیا نامەیەکی پێناسینی پێ بێت و وەڵامەکەش لە ماوەی مانگێکدا بەدەستمان بگات.

** مەندوبی سامی لە بەغدا P.Z. COX ئەم نامەیە و وێنەی چەند نامەیەکی تر کە لەگەڵ زابتی سیاسیی بەریتانیایی لە سلێمانیدا ئاڵوگۆڕ کردووە، بەنامەی ژمارە S.D/2569 و مێژووی ١٩٢١/٩/٣٠ بۆ وەزیری موستەعمەراتی بەریتانیایی لە لەندەن ناردووە.

بە وردی سیاسەتی حکوومەتی بەریتانیم لەبارەی کوردستانی خواروو بۆ بابەکر ئاغا ڕوون کردەوە. بەتایبەتی سەبارەت بە هەوڵدانی بۆ وردە وردە پێ گەیاندنی کوردەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان لەم بەشەدا کە ئێستا ڕاستەوخۆ لەلایەن بەریتانییەکانەوە بەڕێوە دەچێت. لە هەر جێگەیەک بەباشی زانرابێت، فەرمانبەرایەتی وا دروست کراوە کە لەلایەن کوردی ناوچەکەوە بەڕێوە دەچێت... هتد. فەرمانبەری کورد لە زۆر شوێنی گرینگ لە حکوومەتدا دامەزراوە.

ئەوەشم بۆ بابەکر ئاغا ڕوون کردەوە کە حکوومەتی بەریتانیا نیازی نییە لە سەرفکردنی پەنجا ملیۆن پاوەندی ساڵانە لە عێراق و کوردستان، بەردەوام بێت. بۆیە تا لە تواناداا هەیە هێزەکان لە سەنتەرەکان کۆ دەکاتەوە بەو هیوایەی ئەو هێزانە لە خەڵکی ناوچەکە دروست کراون، بتوانن ئەمن و ئاسایش بپارێزن و سوپاش تەنیا لە کاتی پێویستدا بەکار بێت.

ڕێگەم بە بابەکر ئاغا دا بۆ ئەوەی هەموو مەعلوماتەکان بەقسە بە سمکۆ بگەیەنێ و پێم گوتووە پێویستە پیاوەکەی ئەگەر مومکین بێت شتێکمان لە سمکۆوە بە نووسراو بۆ بێنێتەوە.

یەکەم پرسیاری سمکۆ ئەوە دەبێت ئاخۆ ئێمە تا چ ڕادەیەک ئامادەین سەبارەت بەمانەی خوارەوە یارمەتیی بدەین:

١- چەک و تفاق

٢- پارەوپول

٣- پشتگیریی مەعنەوی.

بە بابەکر ئاغام گوت لە وەڵامدا بە سمکۆ بڵێت سەبارەت بە خاڵی یەکەم مەوزوعی باس نییە و ئامادە نین، هی دووەم ئیحتمالێکی یەکجار دوورە و هی سێیەم دەوەستێتە سەر ئەنجامی چاوپێکەوتنی لەگەڵ نوێنەری حکوومەتی بەریتانی.

هەروەها پێشنیازم کرد کە سمکۆ جیدیەتی خۆی پێشان بدات سەبارەت بە ئامادەبوون بۆ هاتنی تا سنووری ئێمە، یاخۆ شوێنێکی زۆر نێزیک لە سنوور بۆ ئەوەی من یاخۆ ئەفسەرێکی بەریتانیی تر بتوانین بیگەینێ بۆ چاوپێکەوتنی. بابەکر ئاغا وا تێ دەگا سمکۆ ئەم کارە دەکات. لەبارەی بەشی سێیەمی نامەی ژمارە 950/Sتان، بابەکر ئاغا دڵنیایە وەڵامەکەی بەم شێوەی خوارەوە دەبێت. لە سەرەتادا سمکۆ پێ لەوە نانێ کە مەحموود فازڵ و گرووپەکەی بە ناوچەی ئەودا تێپەڕ بوون و ئەگەر زۆری لێ بکرێت سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشێ کە تا ئەمڕۆ هیچ ئیتفاقێکی لەگەڵ بەریتانیا نییە و بەبێ ئەقلیشی زانیوە هیچ جۆرە دژایەتییەکی ئاشکرای تورکە نەتەوەپەرستەکان بکات تا دەگاتە جۆرە ڕێککەوتنێکی دیاریکراو لەگەڵ ئێمەدا.

ئاشتیی نێوان عەشیرەتە کوردەکانی سەر سنوور بەقەد ئێمە بۆ سمکۆش سوودگەیێنە و لەوانەیە سمکۆ زۆر حەز بکات ئەمە جێبەجێ بکات کە بێ شک لە توانایەتی.

سمکۆ پێ ناچێ بەهیچ شەرتێک بۆ گەڕانەوەی مەسیحییەکان بۆ وڵاتی خۆیان، ڕازی بێت.

باسی ئەوە دەکات کە ئەمە دژایەتییەکی کۆنە و لە هەردوو لا کوژراو زۆرە و مومکین نییە کورد و مەسیحییەکان جارێکی تر بەیەکەوە بژین. هەتا ئەگەر خۆشی حەز بەمە بکات، پیاوی عەشیرەتەکان ڕازی نابن و بۆ سمکۆ مومکین نابێ بێدەنگیان بکات.

بابەکر ئاغا زۆر لایەنگری یەککگرتنە لەگەڵ سمکۆ و وا تێ دەکات کە لەگەڵ ئەوەی سمکۆ هەوڵ دەدات بۆ مسۆگەرکردنی چەک و پارە، بەڵام بەپشتگیریکردنی مەعنەوی ئێمە ڕازی دەبێت کە ئەمە دەسەڵاتی زۆر زیاد دەکات.

هەروەها وای بۆ دەچێت ئەگەر بێتو پێ لەسەر مەسەلەی ڕێگەدان بە گەڕانەوەی مەسیحییەکان بۆ جێگەی خۆیان دابگیرێ، گفتوگۆ لەگەڵیدا بە هیچ ناگات. بەبۆچوونی بابەکر ئاغا. سمکۆ هیچ گوێ نادات بە جۆری موعامەلەمان لەگەڵ شێخ مەحموود و لەوانەیە بچوکترین حیسێب بۆ ئەم مەسەلەیە نەکات.

***

**بەڵگەنامەی ژمارە ٩**

تەلەگرامی مەندوبی سامی عێراق

بۆ وەزیری موستعمەراتی بەریتانی

ژمارە: ٨٧٨

١٥ی دیسامبەری ١٩٢٢

هەواڵنامەی کتێب

سەیید تەها

مانگێک لەمەوبەر، کاتێ سەیید تەها لە بەغدا بوو مەشروعی عەمەلیات داندرا، ئەساسی ئەم مەشروعە ئەوە بوو لەگەڵ ئەوەی لە گەرمەی خۆشی گەیشتنی خۆی و جەماعەتەکەی دابوو، سەیید تەها یەکسەر دەست بەکار دەکات و عەشیرەتەکان بەخێرایی لە دەوری کۆ دەبنەوە و لە ماوەی سێ هەفتە بەمەبەستەکانمان دەگەین.

بەداخەوە بارانێکی نائاسایی یەکجار زۆر و قورس بەدرێژایی ١٣ هەفتە، ئەم حساباتەی هەموو تێک دا و هەموو حەرەکەیەکی ڕاگرت و هەروەها تا ڕادەیەک حەماسەتی پشتگیریکەرانی داهاتووی سەیید تەهایان هێنایە خوارێ. بۆیە پێویستە دووبارە چاو بە وەزعەکەدا بخشێندرێتەوە و سێ ئەلتەرنەتیڤ لە بەردەست دایە:

١- بەتەواوی واز لێ هێنانی مەشروعەکە.

٢- بەردەوام بوون لەسەر مەشروعەکە بەشێوەیەکی هێواشتر و لە ئەنجامدا خەرجی زیاتر.

٣- یا هەوڵ بدرێت بۆ پشتگیریکردنی سەیید تەها بەیارمەتی مەحدود. کە بەشی ئەوە نەکات

لەشکر دروست بکات دژی ڕەواندز، بەڵام ئەوەندە هەبێ کە سەیید تەها بتوانێ عەشیرەتەکان لە دەوری خۆی ڕابگرێ، تاوەکو یەکێ لە وەزعەکان بەهۆی تەتەوراتی لۆزان بەلایەکدا دەکەوێت. یاخۆ توانەوەی بەفر و وشکبوونەوەی ولات (دەوروبەری مانگی نیسان) ڕێگە دەکاتەوە بۆ ئەنجامدانی هێرشێکی مونەزەم دژی ڕەواندز لەلایەن عەسکەری لیڤیەوە. لە حاڵەتی پیادەکردنی ئەلتەرنەتیڤی دووەم پێویستم بە تەخویلکردن هەیە بۆ سەرفکردنی تا پەنجا هەزار ڕوپیەی مانگانە بۆ ماوەی دوو مانگی داهاتوو. ئەمە بێجگە لەو شەست هەزارەی پێشوتر کە موافەقەی لەسەر کراوە.

ئەم حەرەکەتە تا ئێستا ئەم تەئسیرە باشانەی خوارەوەی بووە. لەگەڵ دواکەوتن و ئەو ڕاستییەی کە سەیید تەنیا تا ئێستا دەستی نەکردووە بە لەشکر کۆکردنەوە، یەکێ لە ئەنجامەکانی تەواوکردنی کاری هێزی ئاسمانی بوو بۆ دوورخستنەوەی تورکەکان لە ڕانیە و وای لێ کردوون بە تەواوی بترسێن.

هەروەها بەتەواوی وەزعی سلێمانی گۆڕیوە. ئێستا لایەنگرەکانی تورک لەوێ داوای ئەوامیری من دەکەن. لە کاتێکدا داواکارییە ناجێبەجێیەکانی شێخ مەحموود سەنەدیان زیاتر بوو، بووە هۆی نێزیکبوونەوەی تورکەکان، شێخ کەڵێک لە پشتگیریکەرانی لە دەست داوە و لەوانەیە بەم زووانە لایبەرن.

یەکەم ئەنجامی ئەلتەرنەتیڤی یەکەم ڕەد دانەوەیەکی ترسناکی دەبێت و بە قازانجی تورکەکان تەواو دەبێت. تورکەکان تا ڕادەیەک بەتاکیدی دەگەڕێتەوە ڕانیە و دووبارە هەڕەشە لە کۆیسنجق دەکەنەوە. هەروەها وەزع لە سلێمانیش بە خێرایی بەرەو خراپی دەڕوات. ئەلتەرنەتیڤی سێیەم لە یەکەم سەرنجەوە بە هەرە باشترینیان دێتە بەرچاوان. هەرچەندە ئاسان و هەرزان نییە و سەیید تەها خۆشی زۆر شکی لەوە هەیە کە بتوانێت عەشیرەتەکان لە دەوری خۆی ڕابگرێ بێ ئەوەی بەردەوام بێت لە هێرشبردن. خەڵکی هەولێر لایەنگری ئەم بۆچوونەن. ئەنجامی سەرنەکەوتنی سەیید تەها لەم کارەدا وەکو پیادەکردنی ئەلتەرنەتیڤی یەکەم دەبێت. دوای چاو پێداخشاندنێکی وردی وەزعەکە و لە بەرچاوگرتنی گیروگرفتەکانی ئیحتمالی تەتەوراتی لۆزان، من وا تێ دەگەم کە ئێمە لەم کاتەدا پێویستە لەسەر خەتی ئەلتەرنەتیڤی دووەم بڕۆین. بۆیە داوای ڕێگەدانتان لێ دەکەم بۆ بڵاوکردنەوەی پەنجا هەزار ڕوپیە مانگانە بۆ ماوەی دوو مانکی داهاتوو بێجگە لەو شەست هەزارەی پێشتر بڕیاری لەسەر دراوە.

مەندوبی سامی

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ١٠**

تەلەگرامی مەندوبی سامی عێراق

بۆ وەزیری موستەعمەرات

ژمارە: ٨٠٦

بەروار: 17.Nov.1922

تەلەگرامی شەخسیی بەڕێزتان ژمارە ٦٤٦ مێژووی 16. Nov. 1922 بۆ من جێی سەرسوڕمانە و هیوادارم هۆیەکەی ئەوە بێت کە بە هەڵە ئامانجی مەشروعەکە تێک درابێتەوە. ئەگەر ئەمە وا نییە، بەڕێزەوە موجازەفە دەکەم بەوەی کە نارەزاییی هەرە بەهێزم دژی سەپاندنی مەرجێک بنووسم کە لەوانەیە جێبەجێکردنی هەنگاوی پێشنیازکراو، بکاتە شتێکی موستەحیل و نەشیاو.

لە کاتێکدا ئێمە خۆمان بە توندی بەستووەتەوە بە بەمبدەئی خۆ تێکەڵاو نەکردنی هیچ وەعدێکی عەسکەریی تازەوە، من و ئەفسەری سەرکردەی هێزی ئاسمانی سەبارەت بە تەلەگرامی ژمارە ٦٣٩تان، ئیتفاقی تەواومان هەبوو و هەموو تەرتیباتێکمان بۆ هاوکاریی ئاسمانی لەگەڵ سەیید تەها جێبەجێ کردبوو، پێرێ تاقیکردنەوەی سەرەتایی ڕەواندز بۆمباران کرا. هەروەها پێشنیازم کرد کە Edmonds و Noel لەگەڵ سەیید تەهادا بنێرین. تا ئێستا ئیعتباراتی دبلۆماسی کۆسپ بووە لە بەردەمم، بەوەی قەدەغەی کردووم لە داواکردنی پشکنینی ئاسمانیی سەر سنوور یاخۆ هەڵهێنانی ئەو هەنگاوانەی کە بەئاسانی دەمتوانی هەڵیان بنێم، بۆ یاریکردنی هەمان گەمەی تورکەکان. بە هاندان و پروپاگەندەی دژ بە تورک لە نێوان عەشیرەتەکانی ئەودیوی سنوور.

ناتوانم تێ بگەم بۆچی ئەمانە دەبێ ڕێگەی کارێکی وام لێ بگرن کە بە تەواوی لە چوارچێوەی سنووری عێراقدا بێت و لەو ئەرکە پێویستانە بێت بۆ دەرکردنی تورکەکان. ڕەواندز لە چەند حاڵەتێکی پێشووتر بۆمباباران کراوە و قەت بۆ من پێشنیاز نەکراوە کە لەبەر هۆیە دیبلۆماسییەکان، ئەمە کارێکی باش نییە. تەنیا ئەگەر فەرمانی دیار و ئاشکرای پێچەوانەم بەدەست بگات، دەنا پێشنیاز دەکەم ئەفسەرە ناوبراوەکانی سەرەوە لەگەڵ سەیید تەهادا بنێرین و هاوکاریی هێزی ئاسمانی لەگەڵ عەشیرەتەکان ڕێک بخرێت. ئەم جۆرە هاوکارییە بەتەواوی تەنیا لە دیوی ناوەوەی سنووری عێراقدا دەبێت. ئەگەر ئێوە بەپێویستتان زانی ئەم کارە قەدەغە بکەن، تکاتان لێ دەکەم کە هیچ بەرپرسیارێتییەکی سەرنەکەوتن، لە هەڵهێنانی هەنگاوی دروست بۆ بەرپەچدانەوەی هەڕەشەی تورکی، نەخرێتە ئەستۆی من.

ئیمزا کۆکس

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ١١**

تەلەگرامی مەندوبی سامی عێراق
بۆ وەزیری موستەعمەرات
ژمارە: ٨٨٣
بەروار 16 Dec 1922

نیشانە بە تەلەگرامی ژمارە ٨٧٨م لە 15. Dec. 1922 پڕوپاگەندەی دواخستنی حەرەکەی سەیید تەها، ئێستا لە سلێمانی ڕەدفعلی پەیدا کردووە و لە ئەنجامدا لە دووریی نوێنەرمان لە کەرکووک بۆ ماوەی دوو ڕۆژ، شێخ مەحموود سوودی وەرگرت لە وەرچەرخاندنی مەسەلەکان بە قازانجی خۆی. ئەنقەرە ئاگەداری عیسمەتی کردووە کە یەکێ لە ئەفسەرەکانی ئۆزدەمیر لە گفتوگۆدایە لەگەڵ شێخ مەحموود و ئەویش حەز دەکات هەرچی تورکەکان بیانەوێت جێبەجێی بکات. لە هەمان کاتدا ڕاوێژکاری کەرکووک نامەیەکی لە یەکێ لە لایەنگرە بە هێزەکانی پێشووی شێخ مەحموودەوە بەدەست گەیشتووە و دەڵێت لەگەڵ خەڵکی تر کۆمەڵەیەکی پێک هێناوە بۆ پاراستنی دۆستایەتی لەگەڵ بەریتانیا. ئەم ڕووداوانە وا دەکەن کە زیاتر پشتگیریکردنی سەیید تەها پێویست بێت.

ئیمزا کۆکس

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ١٢**

تەلەگرامی مەندوبی سامی عێراق
بۆ وەزیری موستەعمەرات
ژمارە:٨٨٧
بەراوار: ١٩ی دیسامبەری ١٩٢٢

درێژەی تەلەگرامی ژمارە ٨٨٣م لە مێژووی 16. Dec. 1922. هێشتا بارودۆخ لە سلێمانی زۆر ڕوون نییە. بەڵام بێ شک لەم چەند ڕۆژەی دواییدا هەیبەتی تورکەکان بە خێزانی بەرز بووەتەوە. سمکۆ نامە لەگەڵ شێخ مەحموود ئاڵوگۆڕ دەکات. خەبەر وایە کە حکوومەتی ئێرانی پێشنیازی لێخۆشبوونی بۆ دەرکرد بێ، بە مەرجێ هاوکاری لەگەڵ تورکەکان بکات. هەواڵ وا دەگەیەنێت کە ژمارەی هێزی تورکان لە بالیسان و بێتواتە ٢٥٠ کەسە.

بێ شک هۆی بەخێرایی خراپبوونی وەزع لە سلێمانی دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی قەناعەت بە سەرنەکەوتنی مەشروعی سەیید تەها. بۆ بەپەلە وەڵامدانەوەی تەلەگرامی ٨٧٨ی مێژووی

هەواڵنامەی کتێب

١٥/١٢/١٩٢٢ زۆر مەمنونتانم.

مەندوبی سامی لە عێراق

***

بەڵگەنامەی ژمارە: ١٣

تەلەگرامی مەندوبی سامی عێراق
بۆ وەزیری موستەعمەرات
بەروار: ٢٤ی دیسامبەری ١٩٢٢
نیشانە بەتەلەگرامی ژمارە ٧٢٥تان.

هەتا لە حاڵەتی گەیشتن بەپەیمانێکی بە پەلە و دیاریکراو و بەقازانجی ئێمە لەگەڵ تورکان، بە زۆریی وا پێ دەچێت کە پروپاگەندە و هێرشی دوژمنایەتی تورکان لە سەرووی عێراقدا هەر بەردەوام ببێت. پێویستە بە هەموو شێوەیەک ئیدعا و داواکارییەکانی شێخ مەحموود ڕەت بکرێتەوە و ڕەنگە پشتگیریکردنی سەید تەها ڕێگەیەکی باش بێ بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە.

هیوادارم بەڕێزتان ئەوەتان بەلاوە ڕوون بێت کە سیاسەتی دەنگ نەکردن (بێدەنگی) کە بۆ ماوەی چوار مانگی ڕابردوو هیچ بەدیلێکی نەبوو، ئەگەر لەمە زیاتر بەردەوام بێت، دەبێتە هۆی ئاکامی ناخۆش. هەڵبەتە لەگەڵ ئەمەشدا، بۆ پاراستنی وەزعی ناوچەکە ئەوەی لە توانام دا هەیە دەیکەم.

ئیمزا کۆکس

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ١٤**

مەقەری مەری مەندوبی سامی بەغدا
نامەی مەندوبی سامی بەریتانی P.Z. COX
بۆ وەزیری موستەعمەراتی بەریتانی W.S.CHURCHILL
ژمارە نهێنی ب/ ٢٧/٣٤
بەروار: 20. Jan. 1922
Page 50- 69

سێر (گەورەم)

بەڕێزەوە تەرجومەی نامەی مستەفا پاشا سەبارەت بە سەفەری ئەم دواییەی بۆ ناوچەی «ورمێ»تان بۆ دەنێرم بۆ ئاگاداری.



هەولێر کتێب

مستەفا پاشا ئەفسەرێکی تورکییە و خەڵکی سلێمانییە. لە نیسانی ساڵی پار داوای ئیجازەی لە مەندوبی سامی مەلەکی لە ئەستەمبوڵ کرد بۆ گەڕانەوە بۆ ئەم وڵاتە (مەبەستی عێراقە – وەرگێڕ) لەسەر تەزکیەی پێشەکیی مەندوبی سامی ئەستەمبوڵ، موافەقەم لەسەر گەڕانەوەی کرد و لە مانگی حوزەیران گەیشتە بەغدا. سەبارەت بەم مەوزوعە، سەرنجتان بۆ نامەی مەندوبی سامی مەلەکی لە ئەستەمبوڵ ڕادەکێشم کە بۆ وەزیری دەرەوەی بەریتانی ناردووە بە ژمارە (٣٨٠٩/٣٦٧/٢١) ٤٧٦ و مێژووی ١١ی ئایاری ١٩٢١

لەسەر داوای من، مستەفا پاشا بەشێوەیەکی کاتی لە بەغدا مایەوە، هەرچەندە لێرە بێ تاقەت و بێ کار بوو و حەزی دەکرد بەرەو سلێمانی بچێت بۆ ڕێکخستنی کاروباری تایبەتی خۆی. لەسەر ئەساسی ئەوەی هیچ هۆیەک بەدەستەوە نەبوو بۆ هێشتنەوەی بۆ ماوەیەکی نادیار و ڕازیبوونی ئەفسەری سیاسیی سلێمانی لەسەر گەڕانەوەی، ئیجازەم پێ دا بەغدا بەجێ بهێڵێت و لە ئۆکتۆبەر بۆ سلێمانی لەسەر ئەساسی ئاشکرای ئەوەی کە لە کردەوە و مەواقیفەکانی لەلایەن ئەفسەری سیاسیی سلێمانییەوە تەوجیە دەکرێت.

ئەگەر ئەو دیعایە نەبووایە کە تەعین دەکرێت بە موتەسەریفی سلێمانی کە بۆ ماوەیەکی کورت دەوامی کرد، گەیشتنی مستەفا پاشا، سەرنجێکی کەمی ڕاکێشا، لەبەرئەوەی لە خێزانێکی مەحەلی ناودار نییە و هیچ لە ناوچەکە ناسراو نییە. پەیمانی داوە کە ئەفسەری سیاسیی سلێمانی بەتەواوی لە جوڵانەوەی خۆی ئاگەدار بکات و بەبێ ئیجازەی ئەو لە سنووری ئێران نەپەڕێتەوە.

ڕاپۆرتی مەقەری گشتی ئەستەمبوڵ بە تاریخی ٤/١٠/١٩٢١ نێردراوە لەگەڵ نامەی نهێنیتان بە تاریخی ١٩٢١/١٠/٢٧، باسی مێژووی ڕابردووی پاشای تێدایە. ئەم ڕاپۆرتە وا پێ دەچێت وێنەیەکی زۆر گەورەکراوی گرینگی ناوچەی مستەفا پاشا و نفوزی لە کوردستانی خواروو پێشان بدات و منیش بە باشم زانی بە تەلەگرام لێپرسراوانی بەریتانی لە ئەستەمبوڵ لە حەقیقەتی مەوزوع، ئاگەدار بکەم.

(تەماشای نێردراوی ژمارە ٨٩/ C.o بە مێژووی 26. Nov. 1921 م بکە). سەفەری مستەفا پاشا بۆ ناوچەی ورمێ بەبێ ئیجازە کرا و بێ ئەوەی ئەفسەری سیاسیی سلێمانی یاخۆ من ئاگەدار بین و بەبیستنی پەڕینەوەی لە حدود فەرمانی گرتنیم دەرکرد کاتێ دەگەڕێتەوە.

بەڵام لێکۆڵینەوەی زیاتری دوای گەڕانەوەی، قەناعەتی پێ کردم کە پەڕینەوەی لە حدود بەهۆی بە هەڵە تێگەیشتنەوە بووە و هیچ مەبەستی ئەنقەستی نەبووە بۆ فەرمان شکاندن. لەم حاڵەدا ڕێگەم پێ دا لە سلێمانی بمێنێتەوە بە مەرجێ بەنووسین پەیمانی ئەوە بدات کە بەبێ ئیجازە وەرگرتن سلێمانی بەجێ نەهێڵێت و لە داهاتوودا پلانەکانی بخاتە بەردەم ئەفسەری سیاسی بۆ موافقە لەسەرکردن پێش ئەوەی دەست بە هیچ پڕۆژەیەک یا سەفەرێک بکات.

ئەو نامەیەی کە باسی سەفەرەکەی دەکات – وێنەی تەرجومەکراوی لەگەڵ ئەم نامەیەدا دایە –

لەلایەن چاودێریی عەسکەرییەوە گیرا بوو. بەڵام ڕێگەی ئەوەیان دابوو بگاتە شوێنی خۆی. بە لای منەوە دۆکۆمێنتێکی مێژوویی و سیاسی زۆر گرینگە و ڕووناکی بەکەڵک دەخاتە سەر کەسایەتی و داواکارییە سیاسییەکانی سمکۆ، هەرچەندە تەقدیری مستەفا پاشا سەبارەت نرخی جوڵانەوەی سمکۆ بۆ بزوتنەوەی نەتەوایەتیی کورد، تەقدیرێکی ڕۆشنبیرانەیە.

هەروەها سەرنجتان بۆ ئەو فاکتە ڕادەکێشم کە مستەفا پاشا لە ماوەی سەفەرەکەی وا پێ ناچێت کە خۆی وەکو نوێنەری بەریتانیا نیشان دابێت یاخۆ پێشنیازی ئەوەی کردبێ کە بەریتانیا بەهیچ شێوەیەک یارمەتی یا هانی کوردان دەدات دژی تورک.

هەروەها ئەوەش دەڵێم کە لەوانەیە ئیدعای مستەفا پاشا کە لە پەرەگرافی کۆتاییی نامەکەیدا هاتووە بناخەیەکی ڕاستی هەبێت. سەبارەت بەوەی تا ڕادەیەک یارمەتی داوە بۆ دژایەتیکردنی پروپاگەندەی تورکان لەناو عەشیرەتەکانی سەر سنوور و هەوڵی داوە بۆ دوور خستنەوەیان لە یارمەتیدانی تورکەکان دژی عێراق.

P.Z. Cox مەندوبی سامی

وێنەی نامەکانی مستەفا پاشا

سلێمانی

بۆ کوڕی خۆشەویستم عەبدولعەزیز بەگ

کاتێ لە سەفەرەکەم بۆ سنووری ناوچەی سمکۆ (سمایل ئاغا) گەڕامەوە، نامەکەتان کە بە بەرواری ٢٠/١٠/١٩٢١ لە وەڵامی ئەو نامەیەی بە تاریخی ١٣/٩/١٩٢١ بۆم ناردبوون، لەگەڵ دوو نامەی تر کە بە تاریخی ٦/١٠/١٩٢١ و 15.Sep کە بەهۆی کوڕانی نەقیبەوە ناردبوتان، بەدەستم گەیشتن.

هەواڵنامەی ئیبۆ

بەدرێژی ئەو شتانەتان بۆ دەنووسم کە بەچاوی خۆم بینیوومە سەبارەت بە وەزعی ئێستا. ڕۆژی دووشەمە ڕێککەوتی 31. Nov. 1921 کاتژمێری یازدەی بەیانی سلێمانیم بەجێ هێشت و بۆ ناوچەی مەنگور بەڕێگەی «وێزنە» کەوتمە ڕێ. بابەکر ئاغا و عەباس سەلیم ئاغای برای خەڵکی وریا و بەخشندەن.

حوکمدارانی بەریتانی باش ڕێزی بابەکر ئاغا دەگرن و مەعاشێکی چاک وەردەگرێت. ناوچەکەیان زۆر سەلامەتە و بێجێییەکانی حزبی ئیتحاد و تەرەقی ئەنادۆڵ کاری تێ نەکردووە. عەشیرەتەکەی بەهێزە و سەرکردە جیاکانی خزمی یەکترن. عەشیرەتەکانی دەوروبەریی – مەنگور، مامەش، گەورک، دیبوکری و بەگزادە بێ گیروگرفتن. دوا عەشیرەت (بەگزادە) لە ناوچەی سەقز و دەوروبەری دەژین و عەشیرەتێکی بەهێزن.

عەشیرەتەکانی بابەکر ئاغا هەڵوێستێکی باشیان هەیە بەرامبەر بە زازای بانەی ناوچەی شنۆ و هەروەها بەرامبەر بەشکاکی ژێر دەسەڵاتی سمکۆ کە تا ڕۆئاوا سەرووی ڕۆئاوا ورمێ درێژ

دەبێتەوە. عەشیرەتی نوورەدین لەلایەن سەرکردەکانی ڕێک خراوە و لە وەزعی ئێستای پێوەندییەکان ئاگەدارن و هێزی شەڕکەریان ئامادەیە و لە نێوان ٢٥٠٠ بۆ ٣٠٠٠ سوارە و نێزیکەی ٤٠٠٠ پیادەیان هەیە.

ئەمانە پیاوی نیشتمانپەروەر و دڵسۆزن و بەتەواوی لەوە دەگەن کە سەربەستی و بەرژەوەندیی کوردستانی خواروو و خۆشگوزەرانیی نەتەوەی کورد ئیعتماد دەکاتە سەر پێڕەوکردنی سیاسەتی ئینگلیزی تێکدەری حزبی ئیتحاد و تەرەقی ئەنادۆڵی لە هەموو ئەنادۆڵ و کوردستانی باکور. گشت دانیشتوانی ناوچەی پشدەر و سەردەشت و گوندەکانی تری سەر سنووری ئێران، لەژێر سەرۆکایەتیی میر عەبدوڵڵا و میر ئاوا، ژیانێکی ئارام و پڕ لە ئاسایش دەبەنە سەر.

بەهۆی ئەوەی عەشیرەتێکی بچووکی ڕەواندز دوای سیاسەتی حزبی ئیتحاد و تەرەقی کەوتووە و بەهۆی جوڵانەوە هەڵەکانی چەند کۆنە ئەفسەرێک کە ناتوانن بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان، دانیشتوانی ڕەواندز و ناوچەکە تا ڕادەیەکی زۆر لە ناخۆشی دان و لە هەموو شوێنێک بە دوای چارەیەکدا دەگەڕێن بۆ ڕزگاربوون.

هەرچەندە پیاوی تێگەیشتوو و لێهاتووی تەواو هەیە بۆ دامرکاندنەوەی ئەم جوڵانەوەیە و بەرقەرارکردنەوەی ئاشتی، دەسەڵاتداریی بەریتانی تا ڕادەیەک ئامادە نین هیچ هەنگاوێکی کاریگەر بنێن یاخۆ لە ڕاستیدا گرینگی بەم کارە نادەن. چاوم بە ئاغای بایز سەرۆک عەشیرەتی ئۆجاک کاخدر کەوت کە لە ناوچەی ئەلوەتان دەژیت و لەلایەن عەشیرەتەکانی مەنگور و مامەش و پیلان باش ناسراوە.

هۆیەکانی شەڕی ئەنادۆڵ و هێرشی یۆنانییەکان کارە دڕندەکانی حزبی ئیتحاد و تەرەقییە لە کاتی شەڕی جیهانی یەکەمدا و هەروەها هێرشە نا قانونییەکانی بۆ سەر دانیشتوانی «بورسە» و «سمیرنا» لە دوای پەیمانی شەڕ ڕاگرتن و هەروەها ڕاپەڕینیان دژی سوڵتان و گوێ نەدانیان بە داخوازییەکانی خەڵک.

سەرم لە خدر خان عەزیز دا لە نێزیک ناوچەی میرگیان و خۆشحاڵیی خۆم بۆ دەربڕی سەبارەت لە ئاشتی دان لەگەڵ عەشیرەتەکانی هاوسێیان و جوڵانەوەی ئەنادۆڵی کاری تێیان نەکردووە کە لەژێر پەردەی ئیسلامیدا هەموو جۆرە کارێکی دڕندانە ئەنجام دەدەن.

دوای جێهێشتنی مەنگور لە ڕۆژی 21.Oct. 1921 گەیشتە سابڵاخ. لەوێدا بینیم دانیشتوانی بەرەو عەشیرەتەکانی دراوسێ (دیبوکری و موکری) بە وەزعێکی پەشۆکاو و ناخۆشەوە ڕادەکەن.

گوتیان هۆی ئەمە هاتنی فارسەکان لە میاندوا و بەرەو عەشیرەتەکانی شکاک لە ورمێوە بۆ شەڕکردن لەناو شار. لەگەڵ ئەوەی بۆ ڕوونکردنەوە کە بەهەڵەدا چوون، لە ڕاکردن بەردەوام بوون، چونکە تاقیکردنەوەی تاڵی ڕابردوویان ئازاری دەدان.

لە کاتێکدا بیرم لە ڕایەکانی «Dil KHorason» دەکردەوە، سەیرم کرد نێزیکەی ٣٠٠ سوارە

بەرەو لای من دێن. دوایی تێگەیشتم ئەمانە پیاوی هەمزە ئاغای مامەش و شێخ عەبدوڵڵا ناسر بوون (نوێنەری سمایل ئاغای شکاک و سەیید تەها) بۆ ڕایکردنی عەشیرەتی دیبوکری و مەنگور نێردرا بوون.

شەو لە دیوەخانی شێخ عەبدوڵڵا مامەوە. موقابەلەیەکی درێژم لەگەڵدا کردن. شەو تەلەفۆن بۆ سەیید تەها بیراندز و سمکۆ لە چاریق - مەقەری شکاک - کرابوو و هەواڵی گەیشتنی منیان پێ دابوون. خەڵکەکە زۆر خۆشحاڵبوون بە مانەوەم، لەوێ ماوەی دوو ڕۆژ مامەوە و پەناهەندەکان بۆ لادێیەکانی خۆیان گەڕانەوە و دووکانەکان یەک لە دوای یەک کرانەوە.

دوای جێهێشتنی سابڵاغ، بەرەو سەیید تەها لە بیرندزە بەڕێ کەوتم، ڕۆژێک لەوێ مامەوە. بەهۆی ناساغییەوە برازاکەم[1] لەوێ جێ هێشت و لەگەڵ سەیید تەها بە «ورمێ»دا بۆ لای سمکۆ بەڕێ کەوتین. لە ڕێگ بە تەلەفۆن ئاگەداریان کردین کە هێزی شکاک دەچن بۆ سەر ئەو سوپایەی کە لە نێوان «خوی» و «تەورێز» دامەزراوە. (ئەم تەلەفۆنانە ساڵی پار دوای گرتنی ورمێ لەلایەن شکاکەوە، لە سەنتەرە گرینگەکان داندراون). کاتێ گەیشتنە چاریق بیستم بەشێک لەشکری پیادە و سوارە و بەشێک لە تۆپخانەی سمکۆ ڕەوە و سەڵماس بەرەو پێشەوە چوون. بۆ بەیانی چاومان بە سمکۆ کەوت. لە گفتوگۆیەکی درێژدا ئەم پرسیارانەی خوارەوەم لێ کرد:

پرسیاری یەکەم: ئاخۆ ئامانجی ڕاستەقینەت چییە لەو عەمەلیاتانەی کە لە دوو ساڵی ڕابردوودا دژی حکوومەتی ئێران کردووتە؟

وەڵامی سمکۆ: ئێران دوژمنێکی دڕندەی کوردە. ئێستا ئەوەی لە توانام دابێت دەیکەم بۆ ڕێکخستنی کوردەکان و ڕزگاریکردنیان لە زوڵم و زۆریی ئێران. بۆیە ساڵی پار شاری ورمێ و ناوچەی دەوروبەریم گرت - کە لە ڕابردوودا کوردستان بوو - و هەروەها شاری «سەلماس». ئەم ساڵیش سابڵاخم لە فارسەکان پاک کردەوە.

پرسیاری دووەم: کەواتە ئامانجتان ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستانە. بەڵام بۆ پێش هەموو شتێک ناوچەی وان و ئەرزەرۆم و بتلیس و هەکاری و خەرپوت ڕزگار ناکەیت و خەڵکەکە ڕێک ناخەیت. ئەو خەڵکەی کە لە دروستبوونی کۆمیتەی ئیتحاد و تەرەقییەوە لە چەوسانەوە دایە و ئێستاش لەژێر حوکمی مستەفا کەمال تەحەممولی کارە وەحشییەکان دەکات. مستەفا کەمال ئەو پیاوەیە دان بە خەلیفە وەحیدەدین نانێ و دژی کار دەکات. بۆچی بەیداخی نەتەوایەتی دروست نەکراوە بۆ ئەوەی بۆ حکوومەتە بێگانەکان ڕوون بێتەوە کە مەبەست خوێنڕشتن نییە بگرە مسۆگەرکردنی سەربەخۆییە بە ڕێگەیەکی دروست و پاک. باشتر نییە دوای کۆتاییهاتنی مەسەلەی مستەفا کەمال، بەبێ خوێنڕشتن داوا لە حکوومەتی ئێرانی بکرێت و چاوەڕێی وەڵام بکەیت؟

---

١ لەوانەیە خوشکەزا بێت، چونکە لە زمانی ئینگلیزی Nephew بە واتەی خشکەزا و برازاش دێت.

وەڵامی سمکۆ: پێم باشتر بوو لە ئێرانەوە دەست پێ بکەم. بە کارێکی ڕاستم نەزانی پێوەندییەکان لەگەڵ تورکدا بپچڕێنم، چونکە بەچەک و تفاق یارمەتیم دەدەن. وا تێ ناگەم ناردنی نامە بۆ حکوومەتە بێگانەکان پێویست بێت، چونکە ئەوان دەزانن ئێمە عەشایری نەخوێندەوارین و ڕێکخراو نین. جگە لەوەش، دەبیستم ئەورووپا لەم کاتانەدا ئارام و هێمن نییە و هەر یەکە و لەگەڵ ئەوی تر خەریکە. ئێمە تا لە توانامان دا هەیە خەبات دەکەین بۆ ئەوەی ماوەی فارسەکان نەدەین دووبارە ورمێ و ساباڵاخ بگرنەوە. ئێمە هەتا پیاوێکی شکاک مابێت لە بەرهەڵستکردنی فارسەکان کۆڵ نادەین.

پرسیاری سێیەم: چی وای لێکردن ئەو ٨٠٠ ژاندرمەی ئێران کە لە ئەیلوولی ساڵی پاردا گیرابوون، بیانکوژن؟

وەڵامی سمکۆ: لە کاتێکدا فارسەکان هەموو هەلێک بەکار دێنن بۆ دژایەتیکردنی کوردەکان و پیلانی جۆراوجۆر دەگێڕن دژ بە من و بەهۆی ئەوەی دانیشتوانی ساباڵاخ و ناوچەکە کوردن، لە پێویستم زانی بەرەو ئەم شێوە کارە بچم. فارسەکان شەڕیان لەناو شاری ساباڵاخ قبووڵ بوو. دوای چەند سەعاتێک شەڕە تۆپ و تفەنگ فارسەکان شکان. بەشێکیان وازیان هێناوە بەشەکەی تریش لەگەڵ «مەلەک زادە» تەسلیم بوون. ئەمن زۆربەی ژاندرمە گیراوەکانم ناسییەوە و ئەوانە بوون کە لە شەڕی گەورەی دەریاچەی ورمێدا بەشدارییان کردبوو. دوای داگیرکردنیی ڕووسی، ورمێ بووە سەنتەرێکی گرینگی سوپایی و ئاسن و دارێکی یەکجار زۆر لە شوێنێک بەناوی «حەیدەر ئاباد»دا کۆکرایەوە. لەم شوێنە، دوای شەڕێک لەگەڵ فارسەکان کە بەسەرکەوتنی ئێمە تەواو بوو، ئەمانە گیران. دوای ئەوەی پەیمانی ئەوەیان دا کە جارێکی تر دژی کورد شەڕ نەکەن، جلوبەرگ و پارەیان پێ درا و بەڕەڵڵا کران. ئەمانە دووبارە بەمەبەستی تاڵانکردن و کوشتنی کورد لەگەڵ فارسەکان کەوتنەوە. بۆیە کوشتمن و نێزیکەی چوار سەت پیاو بوون.

پرسیاری چوارەم: هۆی شەڕتان لەگەڵ ئاسوورییەکان چی بوو؟ تکایە دەتوانی پێم بڵێیت بۆچی مار شەمعون – کە سەرۆکی دینییانە – بەکەسێکی ئاشتیخواز و هەواداری کوردەکان ناسرا بوو، کوژرا؟

وەڵامی سمکۆ: وەسفکردنی هەڵسوکەوتی دڕندانەی دژ بە کورد کە تورک و دواتریش ڕووسەکان لە شەڕی یەکەمی جیهانی دا پێی هەڵسان، کاتێکی زۆری دەوێت و لەوانەیە ئێستا ئێوەش بیستبێتتان. بۆیە تەنیا باسی قەزیەی مار شەمعون دەکەم.

لە کاتی گیروگرفتەکانی نێوان تورک و ئەرمەنییەکان لە کوردستانی باکوردا، ئاسوورییەکانیش هاوکاریی ئەرمەنەکانیان کرد، بەو هۆیەوە تورکەکان ئاسوورییەکانیشیان چەوساندووەتەوە. دوای شۆڕشی ڕووسی، سوپای ڕووس لە ساباڵاخ و ورمێ کشایەوە و تفاقێکی یەکجار زۆری شەڕیان بەجێ هێشت و ژمارەیەکی زۆر تۆپ و ڕەشاش و تفەنگ و گوللەیان بە ئاسووریان دا.

هەندێ ئەفسەری ڕووسیایی لێپرسراوی ئەورووپایی لەگەڵ ئاسوورییەکان لەوە بە ئاگا بوون کە

ئێران تفاقی کەمە و ناتوانێ بەرگری لە خۆی بکات، لەبەر هۆی سیاسی و عەسکەری و ئابووری لەگەڵ ئاسورییە چەکدارەکان یەکیان گرت و هەوڵی داگیرکردنی ئازەربایجانیان دا کە سەنتەرێکی گەورە بوو لە نێوان ئەرمەینیا و کوردستان و ئێران. بەهۆی ئەوەی کورد هاوسێ و دۆستی کۆن بوون، خەتی بەرەوپێشەوەچوونی سوپا شەڕکەرەکان بەناو ئازەربایجاندا و لەوێوە بۆ تەهران بۆ ئاسورییەکان مسۆگەر کرا بوو.

بێجگە لەمە، لە حاڵەتی سەرکەوتنی ئاسورییەکان بەسەر ئێرانییەکاندا، یەکەمیان وەهمی ئیعلانکردنی سەربەخۆیی هەکاری و بتلیس کە لە سەریاندایە، ڕادەگەیەنن بۆیە ئەوان ئەمەیان بە پێویست دەزانی بۆ پاراستنی پێوەندیی باش لەگەڵ کوردەکان بەتایبەتی شکاکەکانی هاوسێیان و هێزە کوردییەکان بۆ بەرەوپێشەوەچوون بەرەو ئێران. بەم شێوەیە دەستیان کرد بە چاوبەستنەوە و هەڵخەڵەتاندنی کوردەکان.

ڕۆژێک «مار شەمعون» لەگەڵ کۆمەڵێک سوارەی بەهێزی ئاسوری و ئەرمەنی هات بۆ چاوپێکەوتنم بەو مەبەستەی بەیارمەتیی کوردەکان بەسەر ئێراندا بدەن. لە وەڵامدا پێم گوت کە بۆچوونەکە زۆر بەجێیە و ئەوەشم پێ گوت کە پێویستە من قسە لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکان بکەم و قەناعەتیان پێ بکەم، لە ماوەی چەند ڕۆژێک لە شوێنی دیاریکراودا لە ئەنجامەکەی ئاگەداری دەکەمەوە. «مار شەمعون» بە ڕەزامەندی گەڕایەوە.

دەسەڵاتدارانی ئێرانی کە لەپلانی مار شەمعون ئاگەداری کرا بوون، پیاوێکی تایبەتی خۆیان نارده لام و داوایان لێ کردم کە هاوکاری ئاسورییەکان نەکەم و لە هەمان کاتدا وەعدی خەڵاتیان پێ دام ئەگەر بتوانم مار شەمعون بکوژم. لەبەر چەند هۆیەک فکرەی کوشتنی مار شەمعونم قبووڵ کرد کە مەبەستی داگیرکردنی کوردستانی باکوری لەسەردا بوو. لە ڕۆژی دیاری کراودا مار شەمعونم کوشت و کۆتاییم بە نیازەکانی هێنا. لە سەرەتادا فارسەکان زۆر خۆشحاڵ بوون و حاکمی خۆیان نارد بۆ ورمێ و دەستیان کرد بە حوکمڕانی وڵات، بەڵام لە دواترا دژی مەقامی من جوڵانەوە و لەو ناوچەیەدا کاری دڕندانەیان ئەنجام دا. پێوەندی دۆستانەمان وردە وردە کەم بووەوە و لە دوای چەند شەڕێک ساڵی پار لە داگیرکردنی ورمێدا سەرکەوتم و دەسەڵاتی خۆم لە ناوچەکەدا دامەزراند.

پرسیاری پێنجەم: هیچ ئاسوری لە جولەمێرگ بەجێ ماون؟ چەند هەزار ئاسوریم لە ناوچەی بەغدا دیتووە و خەریکی پەیداکردنی وڵاغ و شتی تربوون بۆ سەفەرکردن و چەند کاروانێک بەغدایان بەجێ هێشت.

وەڵامی سمکۆ: تەلەگرامێکم لەسەر لەشکری هێزی «ڤان» پێ گەیشت کە لەلایەن مستەفا پاشاوە لە ئەنقەرە دامەزراوە. با میرزا (مەبەستی کاتبە) بۆتان بخوێنێتەوە: دەقی تەلەگرامەکە: «حکوومەتی یۆنانی بەسەرۆکایەتیی مەلیک بەپشتگیریکردنی بەریتانیا بە پارە و یارمەتیی زۆر، لەگەڵ ئێمەدا لە حاڵەتی شەڕ دایە، ئێستا داوای یارمەتی لە حکوومەتەکانی ئەورووپا دەکات بۆ

ناوبژیکردن و شەڕ ڕاگرتن.

ئاگەدارین ئاسورییەکانی ناوچەی هەکاریی کوردستانی سەروو بەهاندان و یارمەتی حکوومەتی بەریتانیایی خەریکی گەڕانەوەن لە ڕێگەی جەزیرە و زاخۆوە. ئێمە کاری پێویست دژیان دەکەین. تکایە تۆش کاری عەشیرەتی پێویست بکە بۆ ڕێگەگرتن لە گەڕانەوەی ئاسورییەکان لە ڕووسیا و ئێرانەوە». ئەمە ئەو هەواڵانەیە کە پێم گەیشتوون. هەوڵ دەدەم ڕێگە لە کۆکردنەوەی ئاسورییەکان لە ناوچەی هەکاری بگرم، چونکە دوژمنی گەورەی منن و تورکەکانیش تاکیدی بڕیاری من دەکەن.

پرسیاری شەشەم: لەناو کوردەکان هیچ ڕێکخراوی نەتەوایەتی هەیە؟ بۆ نموونە بەیداخی تایبەتی؟ چۆن ناوچە داگیرکراوەکان بەڕێوە دەبەن؟

وەڵامی سمکۆ: لەم ساتەدا ڕێکخراوێکی هەمیشەیی نییە، من تەنیا هاووڵاتییەکی کوردم. با وڵات ڕزگار بێت و گرینگ نییە کێ دەبێتە حاکم. لەم بارەوە من هیچ مەبەستی تایبەتیم نییە. سەبارەت بە بەیداخ، بەڕای من پێویست نییە. بەڵام شکاکان بۆ هەر سوپایەک هەر وەکو دەبینن، بەیداخێکی جیاوازی دروست کردووە.

پرسیاری حەوتەم: کەواتە ئامانجتان نەتەوایەتیی تەواوە، واتە کورد، وا نییە؟ ئەگەر وایە بۆ دوای داگیرکردنی سابلاخ دووکانەکان تاڵان کران و چەند کەسێک کوژران، لەمانە قازی لەتیف کە پیاوێکی خاوەن جێگە و بەڕێز بوو؟ سابلاخ دەکەوێتە ڕۆهەڵات و خوارووی ڕۆهەڵات و سەرووی ڕۆهەڵاتی ناوچەی «مەرگەوەر» کە عەشیرەتی دیبوکری و بلّباس و مەنگور و مامەشی و پیران دەگرێتەوە و سەنتەرێکی گشتییە بۆ گەورک و عەشیرەتەکانی تر. وەکو ئاگەدارن پێوەندی دانیشتوان لەگەڵ ئەم عەشیرەتانە دۆستانەیە، ئاخۆ گیروگرفت لە نێوان ئەم عەشیرەتانە و شکاک پەیدا نابێت؟ ئاخۆ ئاڵۆزی نێوان عەشیرەتەکان لەلایەن ئێرانەوە تەشجیع ناکرێت؟ بەگوێرەی ئەوەی بەرگوێم کەوتووە ماڵ و موڵکی حاجی ئیلخانی – سەرۆکی بەڕێزی دیبوکری – تاڵان کراوە. لەوانەیە بەشێک لە مەنگور و گەورک و ناوچەی سەقز لە دژی تۆ یەک بگرن.

وەڵامی سمکۆ: کاتێ هێرشمان بردە سەر سابلاخ، خەبەرمان بۆ هەموو سەرۆک عەشیرەتەکان نارد، بەڵام نەهاتن و هیچ نوێنەری خەڵکی سابلاخ بەدیار نەکەوت. ئێرانییەکان شەڕیان لەناو شاردا قبووڵ کرد و شەڕ بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام بوو. لە هێرشێکدا شار گیرا و لە شکاکیش کوژراو و بریندار هەبوو. دانیشتوان و عەشیرەتەکان تێکەڵاو بوون و تۆپ و ڕەشاش لە جادەکان دەتەقێندران. لە توانادا نەبوو ڕێگەی تاڵانکردن بگرین هەرچەندە من دژی وەستام. هەوڵ دەدەم دڵنەوایی دانیشتوان بکەم. ئێمە شک لە مەنگور و دیبوکری دەکەین وەکو باستان کرد، بەڵام ئەوە ناهێنێ بەهێندەی هەڵگرین. حاجی ئیلخانی لە باتی ئەوەی لەگەڵ حاکمی ئێرانیدا بمێنێتەوە، بەناوی کوردایەتییەوە هاواری کرد «لەگەڵ من وەرە بۆ شەڕ» عەشیرەتی مامەش زۆر دڵسۆزن لەگەڵ ئێمە. هەمزە ئاغای کوڕی خوالێخۆشبوو «محەمەد ئاغا» بە حاکمی سابلاخ دامەزراوە و کەریم ئاغای برای بە حاکمی ناوچەی هەمەدان دەپشکنێ. خەڵکی بانە و گەورکی هاوسێیان

مانگێک لەمەوبەر (ئەمە دوای گرتنی سابڵاخ) فارسەکانیان لە سەقز دەرکرد و شارەکەیان گرت. سەبارەت بەتاڵانکردن. حکوومەت لە سنەوە ٣٠٠ - ٤٠٠ ژاندرمەی لەسەر داوای دانیشتوانی سەقز نارد و بانەییەکانیان لە سەقز دەرپەڕاند و چوار پێنج لە حەرەسە شەخسییەکانی من (واتا سمکۆ) ڕزگاریان بوو.

پرسیاری هەشتەم: وا بڵاوە کە ئامانجتان لە بەرەو پێشەوەچوونتان بۆ ناو ئێران، تۆڵەسەندنەوەی شەخسییە. ئێرانییەکان هەموو هەلێکیان بۆ سوودی خۆیان بەکار هێناوە، برای خۆشەویست و باپیرت و چەند خزمێکی تریان کوشتوویت و نێزیکەی دوو ساڵ لەمەوبەر بە بۆمبێک کە بۆ تۆیان ناردبوو، براکەتیان کوشت. ئەوان دەڵێن ئەم جوڵانەوەتان دوای ڕووداوی ئەم بۆمبە دەستی پێ کردووە؟

وەڵامی سمکۆ: دەزانم تۆ باش ئاگەداری هەموو مەسەلەکانی. تۆ دەزانی ئەمە هەمووی لە نێوان کوردان ڕووی داوە و چۆن باپیرانم سمایل خان عەلی خان و خەڵکی تر بەدەستی ئێرانییەکان بە ئیدعای زاڵمانەی جیاواز کوژران. من ئێستا بۆ نەتەوەی کورد خەبات دەکەم. بەڵام تۆڵەی خۆشم لە فارسەکان دەکەمەوە.

ئەمەی سەرەوە ئەو گفتوگۆ و پرسیار و وەڵامە بوو کە لە نێوان من و سمایل خاندا لە شەوی ١٩٢١/١٠/١٩ کرا.

بەیانی دووبارە لە ژوورێکی تایبەتدا لەگەڵ سمکۆ و سەیید تەها یەکترمان گرتەوە و ئەم گفتوگۆ گرینگ و نهێنییەی خوارەوەمان کرد:

جەنابی ئاغا - ڕۆژگاری ئەمڕۆ وەکو سەردەمی شێخ عوبەیدوڵا نییە. حکوومەتە ئەورووپاییەکان و ئەمەریکا بە وردی سەیری ڕووداوەکانی کوردستان دەکەن. حکوومەتێکی مەزنی وەکو بەریتانیا. سلێمانی و ناوچەی دەوروبەری بەڕێوە دەبات، چاودێریی هەموو لایەنێکی حەرەکەی کوردی دەکات و ئەگەر هەر ڕێگەیەک یا سیاسەتێکی نەگونجاو بگرێتە بەر، بەریتانیا لە وەرگرتنی هەڵوێستی سیاسی یاخۆ عەسکەری نا سڵەمێتەوە.

ئەگەر ڕاست بێت کەوا ڕێککەوتنت لەگەڵ نەتەوەپەرستەکانی ئەنادۆڵ هەیە، ئەوا بە حوکمی ئەوەی ئەوان ڕێز و ئیعتباری عالەمی پێشکەوتوویان لە دەست داوە، ئامانجە نەتەوەییەکانی تۆش وەدەست نایەن و هیچ یارمەتییەک لە هیچ شوێنێ وەرناگرێت. ئێوە دەزانن جوڵانەوەی وا بەبێ یارمەتی و هاوکاریی حکوومەتە ئەورپاییەکان و بەتایبەتی حکوومەتی بەریتانیایی، سەرناگرێت. زلهێزەکان وەکو موتەمەرید تەماشای کەمالییەکان دەکەن. هەروەها «خەلیفە»ش وەکو توندڕەو حسێبیان بۆ دەکات. ئەمە هۆی ئەوەیە یۆنانییەکان بەرەو ئەنقەرە هێرشیان برد و ئێستا خۆیان بۆ هێرشی تر ئامادە دەکەن. هەتا زۆربەی دانیشتوانی ئەنادۆڵ پێشوازی لە داگیرکردنی یۆنانییەکان دەکەن و ڕقیان لە کەمالییەکانە. کەمالییەکان دوژمنی هەرە گەورەی کوردن. لەوانەیە بەڕێزتان بزانن کورد تا چ ڕادەیەک لە ساڵی ١٩٠٨ەوە زوڵمی لێ کراوە. یۆنانییەکان لە

کەمالییەکان باشترن، لەبەرئەوەی ئەوان پێشکەوتوون و کەمالییەکان جاهیلن.

ئەگەر دەکرێ پێوەندی لەگەڵ یۆنانییەکان بکە و کوردەکانی ئەنادۆڵ لە دڕندایەتیی کەمالییەکان ڕزگار کە و حکوومەتی بەریتانیایی لەم کارەتان ئاگەدار بکە و بەیانێک بۆ ڕۆژنامە ئەوروپاییەکان بنێرە. بۆ چارەکردنی گیروگرفتەکانت لەگەڵ ئێراندا، سوود لە وەزعەکە وەربگرە و بکەوە قسەکردن لەگەڵ حکوومەتی ئێرانی بۆ حەلکردنیان. ئەو ناوچانەی نوێنەری حکوومەتی بەریتانیایی یا ئەوروپایی یاخۆ سوپای لێ نییە، بەئاشتی ڕازییان بکە و بەلای خۆتدا ڕایان بکێشە. ئەگەر بەم شێوە کار بکەیت، وا تێ دەگەم حکوومەتە ئەوروپاییەکان گوێ لە داواکارییەکانت ڕادەگرن. ئەم خاڵانەی سەرەوەم بەم شێوەی خوارەوە وەڵام درانەوە: «ئەمن ڕقم لە کەمالییەکانە و بۆ کورد بە دوژمنێکی خراپتریان دەزانم لە ئێرانییەکانیان. بەڵام جارێک خەبەرم بۆ حکوومەتی بەریتانیایی ناردووە و پێم ڕاگەیاندون کە حەز ناکەم دژی سیاسەتیان. ئێمە بەردەوام پێویستمان بە یارمەتیی بەریتانیا هەیە. یا تاکیدی ئامادەییی خۆیان بکەن بۆ یارمەتی و پشتگیرییان ئەو کاتە بە تەواوی بەگوێرەی ئارەزووی ئەوان دەجولێمەوە. ئێمەی کورد پێویستیی سەرەکیمان چەکە، ئەگەر ئەوە مسۆگەر نەکرێت تووشی گیروگرفت دەبین. بۆ دڵنیاکردنی حکوومەتی بەریتانیایی لە ئارەزووی لایەنگیریکردنیان، سەیید تەهام نارد بۆ بەغدا MAY1919 بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبوو. ئێستا من و سەیید تەها وەعدی شەرەف دەدەین ئەگەر حکوومەتی بەریتانیا چەکمان بۆ تەدبیر بکات ڕاستەوخۆ یاخۆ لە ڕێی دۆستە کۆنە وەفادارەکانی سەرکردەکانی عەشیرەتی پشدەر و ئەگەر جێمان نەهێڵێ بۆ ڕوحم و زەوقی ئەفسەرە سیاسییەکانیان و ڕاستەوخۆ بەرگریمان لێ بکەن و ئەگەر حکوومەتی بەریتانیایی لە ڕێی ئێوەوە یاخۆ لێپرسراوەکانیان خاڵەکانی ئێمە قبووڵ بکات، ئەوا ئێمە ناوچەی وان و ئەرزەروم و سیواس و هەکاری و بتلیس لە کەمالییە نەتەوەپەرستەکان پاک دەکەینەوە و دەرسێکی باشی ئەوانەی ڕەواندز و شوێنەکانی تر دەدەین ئەمە قسەی کۆتاییمانە و بۆ دڵنیاکردنتان سوێند بە شەرەف دەخۆین. هەروەها ئێمە دەتوانین ئەنقەرە بگرین و ئەگەر بەریتانیا بێدەنگ بێت ئێمە لە ماوەیەکی کورتدا دەتوانین ئێرانییەکان لە سنە دەرپەڕێنین.

بەم شێوەیە کۆتایییان بە گفتوگۆکە هێنا و لەگەڵ سەیید تەها بەڕێ کەوتن بۆ ئەوەی لەگەڵ هێزی سوارە و پیادە و تۆپخانە یەک بگرنەوە کە ئەو شەوە بەرەو سەڵماس دەچوون. منیش گەڕامەوە بۆ ورمێ و لە دوایشدا بۆ سابڵاخ.

«ئەمیر ئەرشەد» سەرۆکی عەشیرەتی قەرەداخ لە ئازەربایجانی ئێراندایە. دەنگ هەیە کە لە نێوان شەش تا حەوت هەزار سوارەی ئازا و چل تا پەنجا تۆپ و ژمارەیەکی باش ڕەشاشی هەیە. بەگوێرەی جموجۆڵی ئێستای سمکۆ، حکوومەتی ئێرانی ئەمیر ئەرشەدی هەڵبژاردووە بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی و پارەیەکی زۆری پێ داوە. ئەویش هێزی لە شوێنێک بەناوی «شەرەف خانە» کۆ کردووەتەوە کە کۆنترۆڵی دەوروبەری باکوری دەریاچەی ورمێ و «تەبریز گوزار خەیات»

دەکات. پێشەنگی لەشکرەکەی تا تەورێز و خۆی چووە و پاسدارەکانی تا سنووری سەڵماس چوون. بۆ سەغڵەتکردنی سمایل ئاغا «سمکۆ» بەشێک لە سوارەی قشڵەی خۆی نارد بۆ «شاکر یاکی» کە دەکرێتە نێوان سەڵماس و خوی. کاتێ لەیەک جیا بووینەوە، سمایل ئاغا هێرشی بردە سەر ئەو هێزانە.

بەگوێرەی خەبەرێکی تەلەفۆنی کە کاتێ گەڕامەوە پێم گەیشت، سمکۆ بەشێک لە هێزی پیادەی لەسەر گردۆلکەکانی بەرامبەر خۆی دامەزراند و لەگەڵ باقی هێزی پیادە و تۆپخانە بەرەو پێشەوە چوو. لەگەڵ سوارەکانی ئەرشەد کە لە شەرەفخانە و ناوچەی «تاسوج» هاتبوونە پێشەوە. بەڵام شەڕێکی حاسم نەبووە و ئەرشەد سوارەکانی کێشا بووە و – بێ شک خەسارەت لە هەردوو لا کەوتووە. سمکۆ دوایان نەکەوت و کاتێ گەڕایەوە لە ڕێگە گوندی سەیس و تاجەدین و دوو گوندی تری سووتاندووە و تاڵانی کردن و خەڵکەکەی بە حەپسی لەگەڵ چەند دیلێکی ئەرشەد هێنا بۆ سەڵماس. ڕۆژی 26 November ورمێم بەجێ هێشت و بەرەو سابڵاخ ڕۆیشتم. بەهۆی ئەوەی خەتی تەلەفۆن لە نێوان ئەم شوێنانە پچڕابوو، نەمتوانی هیچ مەعلوماتێک لەبارەی شەڕی نێوان سمکۆ و سوارەکانی ئەرشەد لە ڕۆژی ٢٦ و ٢٧وە دەست بهێنم.

لەسەر داوای چەند سەرۆک عەشیرەتێک بەرەو گوندی دیاربەکر (یەکێ لە گوندەکانی عەبدوڵڵا ئاغا) چووین. چاوپێکەوتنم کرد لەگەڵ عەلی ئاغای ئیلخانی و کەریم ئاغا و چەند سەرۆک عەشیرەتێکی تردا.

کەریم ئاغا – سەرکردەی مامەش و برای هەمزە ئاغا – و مارف ئاغای برای بەیەکەوە گەیشتن و باسی وەزعی ئێستایان کرد. بەهۆی ئەوەی پەژارە و ناڕەزایی خۆیان دەربڕی و ڕەخنەیان لە جوڵانەوەی سمکۆ گرت. بەهۆی ئەوەی باسەکە گرینگ بوو موناقەشە تا نیوەشەو بەردەوام بوو و بەیانیش درێژەی کێشا. لەسەر مەوزوعی سابڵاخ بەشێکی باش لە عەشیرەتەکان دژی کردەوەی سمکۆن. ئێرانیش سوود لەم وەزعە وەردەگرێت و بەردەوامە لە پڕوپاگەندەی خۆی. ئەوان بێزارن لە کەمالییەکان. لە کاتێکدا سەرۆک عەشیرەتەکان خەریکی موناقەشەکردن بوون لە دیاربەکر، خەبەرێک گەیشت سەبارەت بەوەی شەڕێکی قوورس لە ناوچەی نێوان سەڵماس و تەورێز ڕووی داوە لە نێوان سێ هەزار سوارەی سمکۆ و چوار تا پێنج هەزاری ئەرشەد. شەڕەکە گیشتە شەڕی دەست و نێزیکەی ٣٠٠ پیاو لە هێزی سمکۆ و ژمارەیەکی زۆر لە پیاوەکانی ئەرشەد کوژران. لە ئەنجامدا ئەرشەد شکا و بەرەو تەورێز کشایەوە و شکاک تۆپێک و ژمارەیەکی زۆر دیلیان گرت. دەڵێن ئەم هەواڵانەی دوای ئەوەی من سابڵاخم جێ هێشت، شەو بە شێخ عەبدوڵڵا گەیشتووە. هەروەها ئەو پیاوەی خەبەرەکانی بیست بوو بۆ کەریم ئاغای گێڕاوەتەوە. بەگوێرەی ئەو هەواڵانەی لە ڕێگەی گەڕانەوەم بۆ سلێمانی، پێم گەیشتوون، بانەییەکان دووبارە خۆیان ساز داوە و بەنیازی گرتنی سەقزن و لەم بارەوە چاوەڕێی یارمەتیی شکاک دەکەن.

کوڕەکەم – هەوڵ دەدەم یەکسەر یاخۆ لە ڕێگەی دەسەڵاتدارانی بەغداوە، وەعدەکانی سمکۆ و

سەیید تەها، بگەیەنم و بەڵام سەلماوە کە ئەوان خۆپەرستن. سڵاو و ڕێزم بگەینە بەفەهمی ئەفەندی. بەداخەوە کە ناکرێ هەموو شتێ بنووسرێت. سەبارەت بەگیروگرفتی ئەرمەنییەکان قسەم لەگەڵ سەیید تەها کرد و وا پێ دەچێت ڕای وەکو ئێمە بێت.

بەهۆی کردەوە خراپەکانی حکوومەتی ئەنقەرە، ئێستا سمکۆ متمانە بە ئەرمەنی و ئاسورییەکان ناکات و تا ڕادەیەک ترسی لێیان هەیە، چونکە لە مایسی ١٩١٩ بۆمبێک لەلایەن ئەرمەنییەکانی «یەریڤان»ەوە ئامادە کرابوو. «محەمەد عەلی شازادە» بەناوی وەلی عەهدەوە بۆمباکەی بە «محەمەد حوسێن میرزا» دا نارد بۆ «مەکرەم ئەلمولک» و ئەویش ناردی بۆ حاکمی خۆی «شەوکەت ئەلسوڵتان» بۆ ئەوەی بینێرێ بۆ سمکۆ. ئەم بۆمبە بە جوانی لەناو قوتوویەکی بچووکی شیرینایەتی داندرا بوو و «شەوکەت ئەلسوڵتان» بەپیاوێکی باوەڕ پێکراوی خۆی بەدیاری بۆ سمکۆ دەنێرێت. کابرا کە دەگاتە سەلماس، هەست بەخەتەریی مەسەلەکە دەکات و قووتووەکە دەدات بە پیاوێکی هەژار و داوای لێ دەکات بیبات بۆ سمکۆ و پێشی دەڵێیت کە ئەمە دیارییە و بەهۆی نەخۆشی خۆی ناتوانێت بیبات. پیاوە هەژارەکە یەکسەرە قووتووەکە دەبات بۆ سمکۆ و ئەویش شک دەکات و دەڵێت ترسم هەیە ئەوە بۆمب بێت. کوردەکان هەوڵ دەدەن بیکەنەوە، بەڵام سمکۆ لەبەرئەوەی گوێی لە چرکەی ناو قووتووەکە دەبێت خۆی بە ئەرزادا دەدات و کاتێ بۆمبەکە دەتەقێ براکەی سمکۆ دەکوژێ و چەند کەسێکیش قورس بریندار دەکات. ئەم ڕووداوە هەموو شکاکی هەژاندووە. تەحقیق لە مەسەلەکە دەکرێت و حکوومەتی ئێرانی مەعلووماتی وا دەدات کە بۆمبەکە لەلایەن ئەرمەنییەکانی «یەریڤان»ەوە دروست کراوە. لەبەر ئەم هۆیە سمکۆ لە ڕێککەوتن لەگەڵ ئەرمەنییەکان خۆی دوور دەخاتەوە.

لە کاتی ڕووداوەکانی سابڵاخدا کەسێک بەناوی «باشیمۆن» Bashimon بە هەڵە کوژرا بوو کە ئەمەریکایی یاخۆ فرەنسایی بوو و چوار ژنی ئەمەریکاییش ڕووت کرابوونەوە. بەڵام هەمزە ئاغای مامەش کە گەیشتە ئەوێ ئەمانەی پاراست بوو. ئەم ڕووداوە لە ڕۆژی ٥ی Saghir ی ١٣٤٠ هیجری قەمەری ڕووی دا لە ڕۆژی ١٧ی هەمان مانگ، ژنەکان بەچاودێری پیاوەکانی هەمزە ئاغا ناردران بۆ Bughian، و لەوێشەوە بۆ تەورێز. چاوم بەکارتێکی ئەوان کەوت کە ئیمزای خۆیان بۆ هەمزە ئاغا ناردبوو لەبەر بەسەلامەتی گەیشتنیان بۆ Bughian ئاگەداریان کرد بوو. ئەوە ناوەکانت بۆ دەنووسم بەداخەوە یەکێکیان Miss Augustaیە کە کاتێ لە ئەستەمبوڵ گیرا بووم لەگەڵ نەجمەدین ئەفەندی کەرکووکی هاتە لام. سێیەکەی تریشن Miss Bachimont, Miss Wama, Schonhood, Miss Elma Sahunn. ئەم ئافرەتانە ئێستا لە تەورێزن و سەلامەتن.

بە هەموو ئەوانەی ئاگەدارن ڕابگەیەنە کە لەم سەفەرەم بۆ کوردستانی سەروو، دووسەت لیرەی زێڕم سەرف کردووە و هەروەها ئاگەداریان بکە کە قەرزارم. ئەو خەڵکەی هاتن بۆ بەغدا بەبێ من ناتوانن هیچ بکەن. دوای بیستنی ئەوەی کەمالییەکان داوای یارمەتییان لە کوردستانی سەروو کردووە و کوردەکانیش خەریکن بەدەنگیانەوە بچن، بۆ چەند سەرۆک عەشیرەتێکم ڕوون کردەوە کە

کەمالییەکان دژی سوڵتانن و دوای ئەوەی بەیانی سوڵتانم لەم بارەوە بە چاپکراوی بۆیان نارد، لە جیاتی ئەوەی بەلای کەمالییەکاندا بشکێن ئێستا ڕقیان لێیان دەبێتەوە. کەمالییەکان بەم سەفەرەم زۆر نارەحەت بوون و خەڵاتی هەزار لیرەی زێڕیان داناوە بۆ هەر کەسێ بمگرێ یاخۆ بمکوژێ. هەندێ لە فەرمانبەران بەهۆی ئەوەی لە ناوچەی وان و دیاربەکر باسی منیان کردووە، سزا دراون. بەڵام هیچ کامێک لەمانە ناتوانن یەکێ لە پیاوە ڕاستەقینەکانی ئێمە بگرن، هەروەها بەبیستنی ئەوەی کە هەندێ لە کەمالییەکان لە ڕەواندزن، بە دزییەوە چووم بۆ ئەوێ و لەگەڵ فەرمانبەر و کەسانی هاوولاتیی خۆمان، تەرتیباتی باشمان کرد. شکانی ڕاپەڕینی ئەنقەرە ئاشکرایە و کاتی ڕاکردنیان بۆ ئەوروپا نێزیک بووەتەوە. لەم سەفەرە ناخۆشی زۆرم دیوە، چونکە خەڵکەکە ناتێگەیشتوون و لە هیچ قسەیەک ناگەن تا چەند کەرەتێ دووبارەی نەکەیتەوە و گوێ لە هیچ ڕایەک ڕاناگرن بێجگە لە هیی خۆیان. هەتا ئەگەر حاکمی کوردستانیش بێت ناتوانێ چارەی بکەیت.

تێبینی:

کورە خۆشەویستەکەم، ئەم کوردە نامونەزەمانە پیش ناکەون. مەبەستم ئەوەیە بڵێم سمکۆ ناتێگەیشتووە و چونکە کەمالییەکان بە چەک یارمەتی دەدەن، نێوانی لەگەڵیاندا باشە. دوا قسە و بەکورتی بێ کەڵک و بێ بەرە.

ئیمزا مستەفا

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ١٥**

نامەی مەندوبی سامی

SIR HORACE RUMBOLD

بۆ/ MARQUESS CURZON OF KEDLESTON

٢٩ی ئاداری ١٩٢٢

ڕۆهەڵاتی تورکیا – نهێنی (E 3553/96/65)

ژمارە ٣٠٨

١– گەورەم: نیشانە بە نامەی ژمارە (٥٣)م بەتاریخی ١٦ کانوونی دووەمی ڕابردوو و نامەی پێشووترم سەبارەت بە مەسەلەی کورد، بەڕێزەوە ئاگەدارتان دەکەم کە لە سەرچاوەیەکی باوەڕ پێ کراوەوە خەبەرمان وەرگرتووە کە لیژنەی سەر بەمەجلیسی نیشتمانیی گەورە کە مسوەدەی قانوونی پێشنیازکراو بۆ ئیدارەی کوردستان خرابووە بەردەست لەلایەن لیژنەیەکی

هەواڵنامەی کتێب

تایبەتییەوە، لەم ڕۆژانەدا مسوەدەی قانوونەکەی لەگەڵ ڕاپۆرتێکی تایبەتی لیژنەکە بۆ مەجلیسی نیشتمانی گەڕاندووەتەوە. کە لە مەجلیسی نیشتمانیی کاتی موناقەشەکردنی هات، یەکسەر لەلایەن ساڵح ئەفەندی «ئەرزەرۆم» و یوسف عیزەت پاشا «بۆلو» و ڕەقیب بەگ «ئەماسیە» و حەقی حەمید بەگ «سیتۆپ» و سەلاحەدین بەگ «مارسین»ەوە پێشنیازێکی دژ بە مسوەدەکە کرا.

٢- یوسف عیزەت پاشا و ڕەقیب بەگ و حەقی بەگ ئەندامی ئەو لیژنەیە بوون کە نێردرا بوو بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆیەکانی ڕاپەینی کوردە کۆچەرەکان.

٣- پێشنیازەکە بە زۆربەی دەنگ قبووڵ کرا و بڕیار درا موناقەشەیەکی نهێنی بکرێت لە ١٠ FEB 1922 لە کۆبوونەوە نهێنییەکە کە لە ڕۆژی دیاریکراودا کرا، ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەران ئامادە بوون و لەمانە زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی پارتی «بەرگریی نەتەوایەتی». ژمارەی ئەو پەرلەمانتارانەی کە دژی مسوەدەی قانوونەکە بوون شەست و چوار کەس بوون. هەروەها بەهۆی ئەوەی ژمارەیەک لە پەرلەمانتارەکان بڕیاریان نەدا بوو دەنگ بەکام لا بدەن، سەرۆکی پارتی «بەرگری لە ماف» داوایەکی توند و بەپەلەی بۆ هەموو ئەندامانی ئەو حزبە نارد بۆ ئەوەی ئامادە بن.

٤- ساڵحە فەندی موناقەشەکەی بە وتارێک کردەوە، لە وتارەکەدا گوتبووی کە مەسەلەی کورد بەم ئیجرائاتە سەرپێیانەی لەناو قانوونە پێشنیازکراوەکەدا هاتوون، چارەسەر بکرێت. هەروەها گوتی هەرچەندە ئیدارەکانی گرینگی بەم مەسەلەیە دەدەن بەهیوای ئەوە بوون کە فاکتەکان بشارنەوە، بەڵام بۆ زۆربەی خەڵکەکە نهێنی نەبوون. ئەگەر بمانەوێت ئەو حەرەکەیەی مستەفا پاشای کورد سەرکردایەتی دەکات لەناو دەچێت، دەبێ ئەو کەسانەی بەهۆی گیروگرفتی کۆچکەرەکان گیراون بەر بدرێن و بۆ بەرژەوەندیی وڵات ئەو پێشنیازانەی لیژنەی لێکۆڵینەوە دەبێ بەشێوەیەکی عەمەلی لە قانووندا جێبەجێ بکرێن. گوایە «جەواد پاشا» هەموو ئیجرائاتی پێویستی وەرگرتبوو، بەڵام کاتێ وڵات لەگەڵ یۆنانییەکان لە شەڕدا بێ، چارەسەرکردنی وەزعی لەم بابەتە کارێکی ئاسان نییە. هۆی ڕاپەرینەکە زوڵم و زۆری ئیدارە و هەڵوێستی حکوومەتی ئەنقەرە بەرامبەر بەخەلیفە بووە. بەکارهێنانی هێز وەزعەکە زیاتر ئاڵۆز دەکات.

هەڵەیە بڵێین شۆڕش لە کوردستان نەبوو. کاتێ لادێ بە ڕوونی بدیترێ، کەی پێویستی بە چاو ساغ نییە. جوڵانەوەکە لەلایەن مەلیک فەیسەڵ و بەریتانیاوە پشتگیریی لێ دەکرێت و لە پێناوی بەرژەوەندیی وڵات نابێ هێز بەکار بێت بۆ چارەسەرکردنی.

٥- لە کاتی خوێندنەوەی وتارەکەی ساڵحە فەندی چەند کەرەتێ پەرلەمانتارەکانی حزبی «بەرگریی نیشتمانی» قسەیان پێ بڕی، بەڵام وتارەکە لەلایەن نایبەکانی ترەوە پەسند کرا. لە مانە «لوتفی بەگ»ی «مەلاتیە» و «حەیدەر بەگ»ی وان و «عەبدولغەفور بەگ»ی «قارس» و «ئەمین

پاشا»ی «سیواس» و «ڕاسم بەگ». وتارەکانیان تەنیا گێرەشێوێنی زیاد کرد کە بووە هۆی نا ڕەزایی دەربڕین لەلایەن نائیبی ئەرزەڕۆمەوە «دورەک بەگ» و هاواری کرد و گوتی مەجلیسی نیشتمانی کراوەتە قوتابخانەی منداڵان.

٦- بۆ کۆتاییهێنان بەم ئاڵۆزییە، ژمارەیەک لە پەرلەمانتارەکان پێشنیازیان کرد، بۆ ئەوەی پێشنیازی ساڵحە فەندی لە وەختێکی تر موناقەشە بکرێت و کاتێ مەعلوماتی زیاتریان لەلایەن «جەواد پاشا»وە پێ دەگات.

٧- پێشنیازەکە قبووڵ کرا و کۆتایی بە کۆبوونەوەکە هات.

٨- ئەمەی خوارەوە کورتەی مسوەدەی قانوونەکەیە کە لە سەرەوە باس کراوە:

١- مەجلیسی نیشتمانیی گەورەی تورکی بە هەدەفی مسۆگەرکردنی پێشکەوتنی نەتەوەی تورک و بەگوێرەی پێداویستییەکانی شارستانییەت، پەیمانی دروستکردنی ئیدارەیەکی ئۆتۆنۆمی بۆ نەتەوەی کورد دەدات کە بگونجێ لەگەڵ تەقالیدی نەتەوایەتییان.

٢- لەو ناوچانەی کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن، پیاوماقووڵانی نەتەوەی کورد، حاکمی گشتی و یاریدەدەری و موفەتیش هەڵدەبژێرن و دەکرێ کورد یا تورک بن مەجلیسی نیشتمانیی گەورە بڕیاری لەسەر دەدات.

٣- مەجلیسی نیشتمانیی گەورەش ئیختیاری مودیری گشتیی دەکات، کە دەبێ ئیدارەیەکی شارەزا و ناودار و خاوەن جێگە بێت و هەموو کورد ڕێزی لێ بنێت.

٤- حاکمی گشتی بۆ ماوەی ٣ ساڵ تەعین دەکرێت. لە کۆتایی ئەم ماوەیە حاکمێکی نوێ لەلایەن مەجلیسی نیشتمانیی کوردەوە تەرشیح دەکرێت، تەنیا لەو حاڵەتە نەبێ کە زۆربەی نەتەوەی کورد بیانەوێ حاکمی گشتی پێشوو بهێڵنەوە.

٥- هەرچەندە مەجلیسی نیشتمانیی گەورە دەتوانێ بڕیار بدات کە یاریدەدەری حاکمی گشتیی کورد یا تورک بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕاستەوخۆ دەبێ لەلایەن مەجلیسی نیشتمانیی کوردەوە هەڵبژێردرێت. تەشریحکردنی حاکمی گشتی و یاریدەدەر و موفەتیش دەبێ بخرێتە بەردەم حکوومەتی ئەنقەرە بۆ تەسدیقکردن.

٦- مەجلیسی نیشتمانیی کورد لە ناوچەکانی ڕۆهەڵات لە ڕێی دەنگدانی گشتییەوە هەڵدەبژێردرێت. ماوەی ماندانی هەر مەجلیسێک سێ ساڵە. مەجلیس هەموو ساڵێ لە یەکی ئادار کۆ دەبێتەوە و بۆ ماوەی چوار مانگ بەردەوام دەبێت. ئەگەر مەجلیس لەم ماوەیەدا نەیتوانی کارەکانی تەواو بکات. لەسەر داوای زۆربەی ئەندامان و موافەقەی حاکمی گشتی، ماوەکە دەکرێ درێژ بکرێتەوە.

٧- مەجلیسی نیشتمانی هەقی هەیە تەماشای مالییە و واریدات و مەسروفاتی ئیدارەی ناوچەکانی ڕۆهەڵات بکات و تەحقیق لە کارە نا قانوونییەکانی بکات کە بەغەدر لە فەرمانبەرە

ئیداری و مەدەنییە بچووکەکان دەکرێت. مەجلیسی نیشتمانی کورد دەتوانێ بڕیاری دیار و ڕوون سەبارەت بە بەرەو پێشەوە چوون و گەشەکردنی وڵات وەربگرێت. حکوومەتی ئەنقەرە دەبێ لەم قەرارانە ئاگەدار بێت بۆ مەعلوماتی مەجلیسی نیشتمانیی گەورە.

٨- مەجلیسی نیشتمانیی گەورە بڕیار لەسەر هەموو ناکۆکی و ناڕێکییەکی نێوان حاکمی گشتی و مەجلیسی نیشتمانیی کورد دەدات و هەردوو لا دەبێ ملکەچی قەرارەکە بن.

٩- هەتا دیاریکردنی سنوور لەلایەن لیژنەی تێکەڵ، هەرێمی ئیدارەی کوردستان پێک دێت لە ناوچەی «ڤان، بتلیس، دیاربەکر، سنجاقی، دەرسیم و هەندێ قەزا و ناحیە».

١٠- دایرەیەکی قەزایی بۆ ئیدارەی کوردستان دروست دەکرێت کە بگونجێ لەگەڵ عورفی ناوچەکە و لە مەجالێکی تایبەتیدا. تا ماوەیەک ئەم دایرەیە لە لێپرسراوە لێهاتووەکان پێک دێت و نیوەیان تورک و نیوەکەی تر کورد بن. لە حاڵەتی خانەنشینبوونی تورکەکان دەکرێ کورد جێگەیان بگرنەوە.

١١- لە ڕۆژی جێبەجێکردنی ئەم قانوونەوە هیچ زەریبەیەک نە بەناوی بەشداریی شەڕ و نەبەهیچ شێوەیەکی تر فەرز ناکرێت. واز دەهێنرێت لە هەموو زەریبەیەکی مالی کە تا ئێستا لە کار دایە. زەریبە ساڵی جارێک دەدرێت. ئەو بەشەی لە سافی داهاتی ناوچەکە کە دەبێ بدرێت بە حکوومەتی ئەنقەرە، لەلایەن لیژنەیەکی هاوبەش لە مەجلیسی نیشتمانیی کورد و مەجلیسی گەورەی دەستنیشان دەکرێت.

١٢- بۆ پاراستنی ئەمن و ئاسایش لە ناوچەکانی ڕۆهەڵات، فیرقەیەکی ژاندرمە دروست دەکرێت. پێویستە مەجلیسی نیشتمانیی کوردی قانوونێک بۆ بەڕێوەبردنی ئەم هێزە دەربکات. بەڵام سەرۆکایەتی ئیدارەی ژاندمە دەبێ تا ئەو کاتەی پێویست دەکات، لە دەست لێپرسراوانی بەرزی تورکدا بێت.

١٣- ئەفسەر و عەسکەرە کوردەکان لە سوپای تورکی لە شوێنی خۆیان دەمێننەوە تا ئاشتی بەرقەرار دەبێ، ئەوسا هەر کەسێ ئارەزوو بکات دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی.

١٤- دوای مۆرکردنی ئاشتی نرخی هەموو ئەو ئاژەڵ و شتومەکانەی کە لە کاتی شەڕ و دوای شەڕ دەستیان بەسەردا گیرا بوو، لە ماوەی ١٢ مانگدا بەخاوەنەکانیان دەدرێتەوە.

١٥- لە مەجلیسی نیشتمانی کورد و ئیدارەی حاکمی گشتی و حکوومەت تەنیا زمانی تورکی بەکار دێت. دەکرێ زمانی کوردی لە قوتابخانەکان بخوێندرێ و حاکمی گشتی دەتوانێ برەو بە بەکارهێنانی بدات، بە مەرجێ لە داهاتوودا ئەوە نەبێتە بناخەیەک بۆ داواکردنی ناساندنی زمانی کوردی وەکو زمانێکی فەرمی.

١٦- یەکەم کاری مەجلیسی نیشتمانیی کورد دەبێ ئەوە بێ کە دانیشگایەک دابمەزرێنێ، کە بەشی قانوون و پزیشکی تێیدا بێت.

١٧- مەجلیسی نیشتمانی کورد بەبێ ئاگەداری و موافەقەتی مەجلیسی نیشتمانیی گەورەی تورکیا، ناتوانێ هیچ جۆرە باج و زەریبە «مالیات»ێک فەرز بکات.

١٨- بەبێ مشاوەرەکردن و مسۆگەرکردنی موافەقەتی مەجلیسی گەورەی تورکیا لە ئەنقەرە، هیچ جۆرە ئیمتیازێک بە کەس نادرێت.

لەم کورتەیەدا تێ دەگەیت کە بۆچی پەرلەمانتارە کوردەکان بەتووڕەییەوە دژی مسوەدەی قانوونەکە وەستان، وەکو لە سەرەوە شەرح کرا.

مەندوبی سامی

HORACE RUMBOLD

قونسولیەتی بەریتانیایی

حەلەب

١٧ی ئایاری ١٩٢٢

فایلی ژمارە: ١٤

ژمارە: ٦١

بۆ وەزیری دەرەوەی حکوومەتی مەلەکیی بەریتانیا

گەورەم: بەشانازییەوە ئاگەدارتان دەکەم کە «بوسراوی بەگ» سەرکردەیەکی ناسراوی کورد و سەرۆکی عەشیرەتی «کوتکان» و نیشتەجێی دەوروبەری «عەرەب پونار»ی نێوان «طرابلس و تل عبد» ڕۆژی ١٣ی مایسی ١٩٢٢ گەیشتە حەلەب و ئەمڕۆکە ١٧ی مایس هەتە لام. بوسراوی بەگ پێش شەڕ لایەنگریی خۆی بۆ بەریتانیا سەلماندووە و چەند کەڕەتێ قونسولیەتی بەریتانیایی لە حەلەب حیمایە و پشتگیری کردووە. کاتی داگیرکردنی ئەم ناوچانە لەلایەن بەریتانیاوە، بوسراوی بەگ یارمەتی بە نرخی پێشکێش بە سوڵتانی بەریتانیایی کردووە، لە کشانەوەی هێزی بەریتانیایی سەرهەنگ Woley - لە دایرەی ئیستخبارات و پشکێنەرە ناودارەکانی تەرابلوس - بە ئامادەبوونی ئەفسەری ئیستیخباراتی فرەنسایی و ئەفسەرەکانی ئیستخباراتی بەریتانیایی، بوسراوی بەگی دەعوەت کرد و داوایان لێ کرد بەردەوام بێت لەوەی هەمان مەعلومات دەیدات بەبریتانیاییەکان، بیدات بە فرەنساییەکان. «بوسراوی بەگ» بەم شێوەیە جوڵایەوە: «کاتی شکانی فرەنساییەکان لە ئورفە، تورکەکان بوسراوی بەگیان لە دیاربەکر حەپس کرد. دوای ئیمزاکردنی موعاهەدەی فرەنسی - تورکی، فرەنساییەکان چەند جارێ داوایان لە تورکەکان کرد کە بەرەڵلای بکەن. لە وەڵامدا تورکەکان پێیان ڕاگەیاند بوون کە ئەگەر بێتو «ئیبراهیم هەنانۆ» بەر بدرێت، ئەمانیش «بوسراوی بەگ» بەردەدەن. بوسراوی ئاگەداری کردم کە چاوی کەوتووە بە

سوڵتانی عەسکەریی فرەنسی لە حەلەب. یەکێ لەم شتانەی پێی ڕاگەیاندوون ئەوەیە کە نامەیەکی لە «هاشم بەگ»ەوە پێ گەیشتووە و داوای هاوکاری و یارمەتی لێ دەکات بۆ دەرپەڕاندنی بەریتانیاییەکان لە ناوچەی موسڵ. ئەم نامەیە ناردراوە بۆ جەنەڕاڵ Gourand بەڵام تا ئێستا هیچ وەڵام نەدراوەتەوە.

لە هەمان کاتدا لێپرسراوانی عەسکەری فرەنسایی لە ناوچەکەدا دوو هەزار لیرەی زێڕیان داوە بە «بوسراوی بەگ» بۆ «هاشم بەگ» بۆ مسۆگەرکردنی نیازی باشی هاشم بەرامبەر بە فرەنسایییەکان. بەسراوی لە ماوەی ٢-٣ ڕۆژ حەلەب بەجێ دەهێڵێ و دەچێت بۆ دیتنی هاشم. هیچ هۆیەک نابینم بۆ شککردن لەو ڕاپۆرتەی بوسراوی بەگ پێی دام سەبارەت بەوەی دەوروبەری ٧/ مایس/ ١٩٢٢ هێزێکی پێنج هەزار کەسی غەیرە نیزامی کە لە ناوچەی ئورفە و سیڤرەک و سیرۆچ دروست کرابوو، دیاربەکری بەجێ هێشت و بەرەو جەبەل سینجار و مووسڵ کەوتە ڕێ. هەر غەیرە نیزامییەک دەبوو تفەنگی خۆی بهێنێ و سوڵتانی تورکیش تفاقی دەدایە. هەدەفیان ئەوە بوو لە هەر شوێنێ عەسکەری بەریتانیایی ببینن هێرشیان بەرنە سەر و لە ناوچەی مووسڵ دەریان پەڕێنن.

گوایە سەربازگەی بەریتانی لە موسڵ (نێزیکەی ٤٠٠ سەرباز) بێ هێزە و تۆپێک یا دووانی هەیە. دانیشتوانی ئەسڵی ئەم ناوچەیە وایان به دیاربەکر ڕاگەیاندووە کە دژایەتی هێزە غەیرە نیزامییەکە ناکەن و پێشوازییان لێ دەکەن. هەشتا ئەفسەری خەڵکی میسۆپۆتامیا لەگەڵ ئەم هێزە غەیرە نیزامییەن. ئەم ئەفسەرانە لەژێر کۆماندەی ئۆزدەمیر ناسراو بە «عەلی شەفیق» دان کە پێشووتر سەرکردەی دژی فرەنسایییەکان لە ناوچەی مەرعەش و عینتابدا بوو.

عەلی سایب بەگ (پێشووتر لە کاتی سەرۆکی کۆمپانیا بوو لە ناوچەی حەلەب) و مونیر بەگ (موتەسەریفی عەینتاب و پێشووتر قایمەقامی بیرەجیک) یاریدەدەری ئۆزەمیرن. قسەکانی بوسراوی بەگ ئەو هەواڵانە تەکید دەکەن کە لە نامەی ژمارە ٤٩م بە مێژووی ١٥ئەپریل ١٩٢٢ و ژمارە ٥٣م بە مێژووی ٢٢ ئەپریل ١٩٢٢دا هاتوون. قسەکانی یەکجار بەنرخن، چونکە ئەو بەهیچ شێوەیەک پێوەندی نەبوو بە موخبیرەکەی پێشووترم کە ئەرمەنییەکی خەڵکی حەلەب بوو. یەکێ لەو هەواڵانەی بوسراوی بەگ باسی لێ کردن سەبارەت بەوە بوو کە کوڕەکانی ئیبراهیم پاشا لە «پیران شەهر»ن و لە وەزعێکی ئاشتی دان لەگەڵ سوڵتانی تورکی.

ئیمزا قونسوڵ

کۆپییەکی بۆ:

- ئەستەمبوڵ - قاهیرە - بەغدا

بەیروت - دیمەشق - قودس.

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ١٦**

دایرەی مەندوبی سامی بەریتانیایی

ئەستەمبوڵ

٢٠ی حوزەیرانی ١٩٢٢

ژمارە: ٥٥٩

گەورەم،

١– بەشانازییەوە لەگەڵ ئەم نامەیەدا موزەکەرەی Mr Ryanتان بۆ دەنێرم سەبارەت بەگفتوگۆی ئەو دواییەی لەگەڵ سەیید عەبدولقادر کە سەرکردەیەکی ناوداری کوردە لە ئەستەمبوڵ.

٢– بەڕێزتان ئەوەتان لە بیرە کە سەیید عەبدولقادر چەندە کەرەتێ لە ڕێی ئەم دایرەیەوە داوای لە حکوومەتی مەلەکیی بەریتانیایی کردووە کە نفوزی خۆی لە کوردستان بەگشتی و لە ناوچەکانی سەرسنووری ئێران، بەکار بهێنێت.

٣– مەمنوون دەبم بەوەی بەڕێزتان ئاگەدارم بکەن چ هەڵوێستێک وەربگرم لەبارەی داوای سەیید عەبدولقادر بۆ ئاسانکردنی سەفەری کوڕەکەی بۆ مووسڵ یاخۆ پێوەندیکردن بەسمکۆ لەژێر چاودێری حکوومەتی مەلەکی بەریتانیایی.

مەندوبی سامی

Horace Rumbold

هەواڵنامەی کتێب

ئەم نامەیە بۆ The Earl of Balfour

جێگری یەکەمی وەزیری دەرەوەی

بەریتانیایی ناردراوە

دەقی موزەکەرەی Mr Ryan

پیاوماقووڵی بەناوبانگی کورد «سەیید عەبدولقادر» ڕۆژی ١٧ی حوزەیرانی ١٩٢٢

هاتە لام و داوایەکی تازەی پێشکێش کرد بۆ ئەوەی حکوومەتی مەلەکی بەریتانیایی کارێک بکات بۆ ڕێگە گرتن لە بۆڵشەڤییەکان کە ئیتفاقی تەواویان هەیە لەگەڵ کەمالییەکان، لەوەی دەست بەسەر سەرووی ڕۆهەڵاتی کوردستاندا بگرن.

بەپرسیاریی ئەوەی کە ئێمە چ مەعلوماتی تازەمان هەیە لەبارەی سمایل ئاغا – ناسراو بە سمکۆ – دەستی پێ کرد. گوتم لەو ڕاپۆرتانەی پێمان گەیشتووە دوو ڕاستیمان بۆ بەدیار دەکەوێ.

یەکەمیان: ئاشکرایە سمکۆ شەڕ دژی حکوومەتی ئێرانی دەکات.

دووەمـیــان: سـمکۆ لەژێر چاودێریی ئەنقـەرە کـار دەکـات و لە گـشت دەلیلـەکـان بە عـەمــەلی دەرکەوتووە و جێی شک نییە.

سـەیید عـەبدولقـادر پرسی کە هەڵوێستی حکوومـەتی بەریتانیا چییە؟ منیش گوتم جـموجـۆڵی سـمکۆ لە دەرەوەی مەجالی ئیدارەی مـەندوبی سـامییە و ئێمە لە دوورەوە ڕووداوەکان دەبینین. تا ئێستـا ئەوەی من بزانم فـاکتەکـان ئـەمـانەن کە باسم کـردن و حکوومـەتی مـەلەکیی بەریتـانیـایی گرینگی بەبۆچوونی دوو لایەنەی ئێـران و مێسـۆپۆتامـیـا دەدات. لە شـەڕکردن لەگـەڵ حکوومـەتی ئێراندا، سـمکۆ شـەڕی حکوومـەتێک دەکـات کـە بەریتـانیـا حـەزی دەکـرد لە وەزعـێک دابا کـە بیتوانیبووایە حوکمی وڵاتەکەی خۆی بکات. حکوومەتی بەریتانیا حەز ناکات ئێران لەژێر تاسیری یاخۆ چەپۆکی هێرشی بۆڵشـەڤییەکاندا بێت، یاخۆ لەلای تورکیاوە هێرشی بکرێتە سەر و داگیر بکرێت.

سـەبارەت بە عـێـراق، حکوومـەتی بەریتـانیـا گـرینگی دەدات بەدامـەزراندنی ئیـسـتـقـرار لە چوارچێـوەی سنووری عـێـراقـدا و خـۆیان دەپارێزن لە تێکەڵاوبوونی دەرەوەی ئەم سنوورانە. بەم هۆیەوە بوو کە لێپرسراوان لە عێراق هەندێ لە پیاوماقووڵانی کوردی سارد کردەوە لەوەی عێراق بکەنە بنکەیەک بۆ جموجۆڵیان لە کوردستاندا.

یەکـسـەر ئەو دیعـایەم بە درۆ خـسـتـەوە کـە ئێـمـە دەزانین لە ئێـران باوە و زانیم بەسـەیید عەبدولقادریش گەیشتووە کە گوایە سوڵتەی بەریتانیایی لە بەغدا پشتگیری لە جـموجۆڵی ئێستای سمکۆ دەکات. ئیشارەتم بۆ ئەو دیعایە تازەیە کرد گوایە سمکۆ چووەتە ناو تەورێز یا مـەراغە کە لە نێوان ڕێگەیە، سـەیید عـەبدولقـادر گوتی ئەگـەر هیچ ڕاسـتییەک لەم ڕاپۆرتانـەدا هـەبێت، ئەوا سمکۆ دەبێت پشتگیریی ئەو عـەشیرەتانەی کە ڕاسـتـەوخۆ لەژێر دەسەڵاتی ئەودا نین، مسـۆگـەر کـردبێت. چونکە بەبێ ئەم پشـتـگـیـریـیـە سـمکۆ ناتوانێ هیچ تەقـەدومـێکی باش بکات. ئەم عەشیرەتانە لەبارەی عەسکەرییەوە زۆر گرینگن، چونکە عـەشیرەتەکانی سمکۆ بە تەنیا قـوەتی پێویستیان بۆ شەڕ لەسەر مەساحەیەکی گەورەدا نییە.

سـەیید عـەبدولقـادر شکاتی لەوە کرد کە هـەمـوو داواکارییـەکانی لە حکوومەتی بەریتانیـایی بەر گـوێی کـەڕ کـەوتووە و لە وەدەسـتـهێنانی باوەڕی ئەوان سـەرنەکـەوتووە. ئەوەی هـەردەم دەیڵـێی و دووبارەی دەکاتەوە، ئەوەیە کە ئەو لە وەزعێکی وادا بوو کە دەیتوانی هـەمـوو کورد لە ناوچـەکانی سـەرووی ڕۆهـەڵاتدا کـۆنـتـرۆڵ کـات، ئەگـەر تەنیـا ڕێگـەی کـارکـردنی پێ درابا. لەوەش زیـاتر لەم فرسـەتەدا دڵنیا بوو لە توانای خۆی بۆ قـەناعـەت پێکردنی سمکۆ بۆ یارمـەتی و هـاوکاری. گـوتی ئیـعتیـمادکردن لەسـەر خـەڵکی وەکو مستـەفا پاشا و کەسـانی تر کە لەم ناوەدا دەسوڕێنەوە، بێ ئەنجامە و ئەمانە کاریگەریی ڕاستەقینەیان لەسەر کورددا نییە.

منیش گوتم مـەسـەلە بڕوا پێکردن یا نەکـردن بەشـەخـسـیی ئەو نییـە، مـەسـەلە سـیـاسـەتی حکوومـەتی مەلەکیی بەریتـانیـاییـیە کە ئامادە نین خۆیان لە مـەسـەلەی کوردستـان بدەن. بەتەواوی

لەگەڵیدا موافیق بووم سەبارەت بەوەی مستەفا پاشا و کەسانی تر کە ئەو باسی کردن، تا ڕادەیەک گرینگیان کەمە و حکوومەتی مەلەکی بەکاری نەهێناون و خەتی ئەوان ئەوەیە کە بەهیچ شێوەیەک کە هیچ کەسێ بەمەبەستی جولاندنی کورد – کە لەناو خۆیاندا هیچ یەککگرتوو نین – بەکار بهێنن.

لەم بارەوە گەڕامەوە بۆ باسی هاوکاریی سمکۆ لەگەڵ کەمالییەکان و هەڵوێستی هەندێ سەرۆک عەشیرەتی تر وەکو کوڕانی «ئیبراهیم پاشا» و «عەبدولڕەحمانی شەرناخ».

سەیید عەبدولقادر لە هەموو کاتێ زیاتر پێی لەسەر ئەوە داگرت کە دەتوانێ کوردی ڕۆهەڵاتی سەروو لە دەرەوەی خۆی کۆ بکاتەوە و دەتوانێ وا لە سمکۆ بکات هەرچی حکوومەتی بەریتانیا بیەوێت بیکات. داوای ئاشکرای ئەوە بوو کە ڕێگەی پێ بدرێت کوڕەکەی بنێرێ بۆ مووسڵ یاخۆ ڕێگەی ناردنی نامەی بۆ سمکۆ و کەسانی تر بۆ ئاسان بکرێت، بۆ ئەوەی پێشنیازی ئەو هەڵوێستەتان بۆ بکات کە حکوومەتی بەریتانیا پێی باشە وەری بگرن. هەروەها گوتی مەترسیی بۆلشەڤیی ئێستا لە هەموو کاتێ زیاترە. دەکرێ کوردەکان بکرێن بە حاجیزێکی بەهێز دژی بلاوبوونەوەی دەسەلاتی بۆلشەڤی، بەلام ئەگەر لەم بارەوە هیچ کارێ نەکرێت، لەوانەیە بۆلشەڤییەکان داوای پارچەپارچەکردنمان بە ئاسانی سەربکەون.

ئێستاش ئەم کارە لەوانەیە هەر مەسەلەی دوو سێ مانگی بێت.

سەیید عەبدولقادر ناتوانێ گەرەنتی کاریگەریی دەسەلاتی خۆشی بکات، ئەگەر هێزی دوژمن ڕێگەی بدرێتێ بەسەربەستی حەرەکە بکات لەم ماوەیەدا. بە سەیید عەبدولقادرم گوت، هەرچی گوتووە، وەکو جارەکانی پێشوو دەیگەیەنم. هەرچەندە دەمزانی کە بەڕێزتان بەبێ ئەوەی تەعلیمات لە حکوومەتی مەلەکی وەربگرن ناتوانن هیچ وەلامێکی داوا ئاشکراکانی بدەنەوە. هەموو کاتێ هەستم وا بووە کە سەیید عەبدولقادر، بەهۆی مەرکەزی ئاینیی خۆی لەناو کورددا، لەوانەیە تا ڕادەیەک فاکتەرێکی سوودگەیەن بێت لە وڵاتی نێزیک بەسنووری ئێران. دوودڵم لەوەی تا ئەو ڕادەیەی ئیدعای دەکات بتوانێ کار لە شەخسی سمکۆ بکات، بەلام لەوانەیە ڕاستییەک لەمەدا هەبێت، ئەویش ئەوەیە کە سمکۆ ئیعتیمادی لەسەر پشتگیریی ئەو عەشیرەتانەیە کە ڕاستەوخۆ لەژێر دەسەلاتی خۆیدا نین ٢٠/٦/١٩٢٢

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ١٧**

تەلەگرامی مەندوبی سامی عێراق

بۆ وەزیری موستەعمەرات

٢١ی حوزەیرانی ١٩٢١

ژمارە: ٢٠١

نیشانە بەتەلەگرافی ژمارە ١٤٨ لە بەرواری ١٩٢١/٦/٩ سەبارەت بە کوردستان.

١- لە کۆنفرانسی قاهیرەدا دوو بۆچوون «سیاسەت» موناقەشە کران:

أ- ناوچە کوردییەکان وەکو پارچەیەک لە عێراقدا بمێننەوە.

ب- ناوچە کوردییەکان هان بدرێن بۆ جیابوونەوە.

بەگشتی تەرازووی ڕایەکان بەلای یەکەمدا بوون. کە گەڕامەوە کۆبوونەوەیەکم لەگەڵ پسپۆڕ و شارەزاکانی ناوچەکەدا کرد. لێرەش دووبارە زۆربەی ڕایەکان لەگەڵ گرووپی یەکەمدان، لەژێر ئیدارەیەکی کوردی - ئینگلیزیی تایبەتدا، لەناو عێراقدا بێت. ڕیفرەندۆمی دواتریش لەناو خەڵکی پێوەندیدار بەم مەسەلەیەوە، تاکیدی قبووڵکردنی مەعلوماتە تازەکانی کرد، سەبارەت بەجەماعەتە بەرتیلخۆرەکان.

تەلەگرامی ژمارە ١٥٣م لەبەر ڕۆشنایی ئەم وەزعەی سەرەوە نووسراوە. تەقدیری تەواوی بۆچوونەکانت دەکەم کە لەم کاتانەدا وات لێ دەکات زیاتر لایەنگیری ئەڵتەرنەتیڤی دووەم بیت.

٢- بەڵام لەو ماوەیەی کە لەسەر خەتی ئەڵتەرنەتیڤی یەکەمدا دەڕۆین، هەست دەکەم کە پێویستە پرۆگرامەکان زیاتر سەرنجڕاکێشەر بێت لە هەر بەدیلێک کە تورکەکان پێشنیازی بکەن و ئەوەندە فراوان بێت کە زۆربەی کورد و قەومییەکان ڕازی بکات. بۆیە گۆڕانکاریی زۆر گەورە پێویست نییە بۆ ئەوەی زیاتر. ئیتجاهی خاوەن بیری سەربەخۆی بهێنێتە سەر خەت.

لەلایەکی ترەوە لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە ناتوانین مامەلەی هەموو ناوچە کوردییەکان بە یەک شێوە بکەین. بەپێی مەبەستی ئێستامان عێراقی کوردی (واتا کوردستانی عێراق - شێرکۆ) دەکرێت بە چوار بەشەوە:

یەکەم: سەرووی هەردوو زاب

دووەم: ناوچە نیمچە شاخاوییەکانی سەر بە هەولێر لە نێوان هەردوو زابدا.

سێیەم: ناوچە چیاییەکانی نێوان هەردوو زاب بەگشتی لە ڕۆژهەڵاتی هەولێردا.

چوارەم: ناوچەی سلێمانی.

سەبارەت بە گرووپی یەکەم، مەترسیی ئەوەم هەیە کە لەم کاتانەدا بەهیچ شێوەیەک نەتوانین لە عێراقی داببڕین. دهۆک و عەقرە دژایەتیی خۆیان دەربڕیوە بەرامبەر هەر گۆڕانێک لە ڕژێمی ئێستادا. هەروەها ئەگەر قایمقام بەریتانیایی بێت و ڕاستەوخۆ لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا کار بکات و مەندوبی سامی دەسەڵاتی تەواوی هەبێت بۆ دامەزراندنی فەرمانبەرانی ناوچەکە، ئەوا ئەوان هەتا داوای ئەو نیمچە سەربەخۆییەش ناکەن کە بۆیان پێشنیاز کراوە و حەز دەکەن وەکو بەشێک لە عێراقدا بمێننەوە.

زاخۆ وەکو مەرکەزی موتەسەریفیەتی کوردی نوێی پێشنیازکراو، لە هەموو ئەوانی تر لە بارتر

بوو. بەڵام هەتا لەم حاڵەتەشدا ئەوە ئاشکرایە کە بەتەواوی دابەشکردنی مووسڵ بەدیلی بیرلێکردنەوە نییە. بەپێچەوانەی ئەوەی چاوەڕێمان دەکرد، «عەمادییە» گەیشتە هەمان بڕیار. حەقیقەت ئەوەیە کە هەموو ڕێگە سەرەکییەکانی هاتوچۆیان بەرەو سەروو یاخۆ بەرەو مووسڵ دەچێت. ڕێگەی هاتوچۆ لە مابەینی ئەم ناوچەیە و سلێمانیدا نییە. لەم کاتانەدا، ئەنجامی هەر هەوڵێک بۆ ئیجبارکردنی ئەم ناوچانە و بەتایبەتی ناوچەی عەمادییە بۆ خۆبەستنەوە بە مەرکەزی دەسەڵات لە ڕەواندز یا سلێمانی، ئەوە دەبێت کە بەرەو ئەوە بچن کە خۆیان بەسەروو (مەبەست تورکیایە) ببەستنەوە.

مووسڵ باژێڕی سروشتیی ئەم ناوچانەیە. شاری وان لەوانەیە لە پلەی دووەمدا بێت. دوای لێکۆڵینەوەی وەڵامەکان، گەیشتینە ئەو بڕیارە کە لەم کاتانەدا بەپێی سیاسەتمان لەبارەی کوردەوە، ئەوەی هەر زۆر بۆمان بکرێت سەبارەت بەم بەشە ئەوەیە کە وەکو کەمایەتییەک لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا موعامەلە بکرێت بەمەرجێ پاش ماوەیەک - بۆ نموونە پاش ٣ ساڵ لەوانەیە لەم ماوەیەدا گرووپی یەکەم، سلێمانی تا ڕادەیەکی باش بەرەو پێشەوە چوو بێت - بواری ئەوەیان پێ بدرێت دووبارە چاو بە بڕیارەکەیاندا بخشێننەوە.

لەبارەی ناوچەی گرووپی سێیەم، لەم کاتانەدا لەژێر کۆنترۆڵی ئیدارییدا نییە و جموجۆڵی تورکی تێدا زۆرە. هێرشی ئاسمانییان لە دژدا کراوە و هیوادارم بەم زووانە بتوانم هەواڵی سەرکەوتنت بۆ بنێرم.

موستەحیلە بتواندرێ بەتەواوەتی بڕیار لەسەر دوا ڕۆژی ئەم ناوچەیە بدرێت، تا وەکو بەتەواوی ملکەچ نەکەن. بەڵام پێشنیاز دەکەم کە وەختێ هەوڵ بدەین هانیان بدەین لەگەڵ ناوچەی کوردی سلێمانی یەک بگرنەوە. نەک لەگەڵ ناوچە عەرەبییەکانی هەولێر.

سەبارەت بە گرووپی چوارەم، ئارەزووەکانت بەتەواوەتی دەتواندرێت جێبەجێ بکرێن. لە تەلەگرامی ژمارە ١٥٣مدا بە ڕاستی چاوەڕێی جیاکردنەوەی تەواوی مالیم، مەبەستم لە تەلەگرامی ژمارە ١٥٣ و جیاکردنەوەی تەواوی مالیاتی ناوچەی سلێمانی، تەنیا پێڕەوکردنی یەک سیاسەت و تەرتیباتی وەکو یەک نەبووە، تا دەکرێ بێ جیاوازی بێت لەوەی کە زرووف ناچارمان دەکات، سەبارەت بە گرووپی یەکەم و چوارەم پێڕەوی بکەین.

هەرچەندە داخوازییەکی بەهێز هەیە بۆ جیابوونەوە لەسەر ئەو بناخەیەی ئێوە پێشنیازی دەکەن، ئێستا من پێشنیاز دەکەم کە بەم شێوەیە دەست بەکار بکەم:

ئەگەر گرووپی سێیەم ببێتە بەشێک لەم ناوچەیە، ئەو کاتە ناوچەیەکی کوردی تا ڕادەیەک گەورە و بەهێزتان دەبێت کە پێک هاتووە لە هەموو ناوچەی سلێمانی و ناوچە چیاییەکانی ناوچەی هەولێر. تەرتیباتی ئەوە دەکرێت کە ئیدارەی ناوچەکە ڕاستەوخۆ لەژێر سەرپەرشتیی خۆمەوە بکرێت نەک لە ڕێی وەزیرێکی عەرەبەوە. هەروەها ڕێککەوتنێک لە شێوەی موعاهەدە لە مابەینی عێراق و سلێمانی ئیمزا دەکەین بۆ خۆ ڕزگارکردن لەو نوقتە گومرگەی لە نێوانیاندایە.

تەفاسیلی ئەم کارە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە، بەڵام ئومێد دەکەم ئەم پرۆژەیە عەمەلی بێت و بێجگە لە دابینکردنی ئەمن و ئاسایش کە عەسکەری لیڤی لە هەموو ناوچە کوردییەکاندا پێی هەڵدەستێ، ئەم ناوچە تازەیە لە سەرەتادا دەتوانێ خۆی بەڕێوە ببات بۆ ئەوەی هیچ هەڵەیەک ڕوو نەدات، چاوەڕێی وەڵامتان دەکەم و هیچ هەنگاوێک نانێم. بەڵام حەز دەکەم بەتەواوەتی ئەوەم بۆ تاکید بکەیت کە سیاسەتی دووەم لە پەرەگرافی یەکەمدا، ئەو سیاسەتەیە کە ئێوە لەم کاتانەدا دەتانەوێت لەسەری بڕۆم، هەروەها بەپێی شەرحی ئەو فاکتانەی بۆم نووسیویت، ڕێگەم بدەیت کە موعامەلەی گرووپی یەکەم و دووەم و سێیەم بەو شێوەیە بکەم کە لە دێرەکانی سەرەوەدا ڕوونم کردووەتەوە.

ئەگەر هەر داخوازییەک لەم ناوچانەدا لە ناکاودا و پێش تەواوبوونی ماوەی سێ ساڵەکە بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ دەوڵەتی کوردی، ڕوو بدات، جێبەجێکردنی ئاسانە. بەڵام بەڕای من پێشنیازکردنی ماوەیەکی کورتتر لە سەرەتادا کارێکی هەڵەیە و لە هەمان کاتدا زۆربەی داواکارییەکانی نەتەوەپەرستە پێشکەوتووەکانی ئێرە مسۆگەر دەکات.

پ. کۆکس

***

هەواڵنامەی کتێب

**بەڵگەنامەی ژمارە: ١٨**

تەلەگرامی مەندوبی سامی عێراق

بۆ وەزیری موستەعمەراتی بەریتانیایی Winston S Churchill

١٩٢٢/٩/١

ژمارە: Co 567

گەورەم...

بەڕێزەوە دەگەڕێمەوە بۆ نامەی ژمارە ٥٦٠تان بە مێژووی ١٩٢٢/٧/٢٧ و دەڵێم، پێ ناچێت سەیید عەبدولقادر لە مەسەلەی کوردستانی خواروو، هیچ سوودێکی هەبێت. هیچ پێوەندییەکی بە کوردستانی ناو عێراقەوە نییە و لەوەش ناچێت ئەویش هیچ ڕەغبەتێکی پیشان دابێت. داوام لێ نەکراوە ڕا لەبارەی سوودی سەیید عەبدولقادر لە کوردستانی سەروودا دەرببڕم و منیش لە وەزعێکی وادا نیم کە ئەمە بکەم، لەبەرئەوەی لەم وەزعەدا لە مەبەستەکانی حکوومەتی مەلەکیی بەریتانیایی ئاگەدار نیم.

ئیمزا

مەندوبی سامی عێراق

پ. کۆکس

***

### بەڵگەنامەی ژمارە: ١٩

تەلەگرامی وەزیری موستەعمەرات
بۆ مەندوبی سامی مسیۆپۆتامیا
ژمارە: ١٩٦
بەروار: ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٢١

بەشی یەکەم:

تکایە بگەڕێوە بۆ تەلەگرامی ژمارە ٢٠١تان بە تاریخی ٢١ی حوزەیرانی ١٩٢١ سەبارەت بە کوردستان. لە ناوەڕۆکی گشتیی تەلەگرامەکانم سەبارەت بەم مەوزوعە، دەبێ ئەوەتان بەرچاو کەوتبێ کە من بەبۆچوونێکی جیاواز سەبارەت بە بەلانسی ڕایەکان لەبارەی سیاسەتی کوردیمان، قاهیرەم بەجێ هێشت. ئەمن وا تێ گەیشتم کە تۆ موافەقەتت لەسەر ئەوە کرد کە ڕێگەیەکی وەسەت هەڵبژێریت لە نێوان ئەو دوو ئەلتەرنەتیڤەی کە لە پەرەگرافی یەکەمی تەلەگرامی ناوبراوی سەرەوەتاندا هاتوون. هەروەها ئەوەشتان قبووڵ کرد کە پێویستە لە سەرەتاوە خەتێکی ئاشکرا بکێشرێت لە نێوان ئەو بەشەی میسۆپۆتامیا کە ئێستا دەبێ لەلایەن ئێوەوە کۆنترۆڵ بکرێت و دوا ڕۆژی هەر چۆنێ بێت، لەگەڵ ئەو بەشەی لە کۆتاییدا و لە هەموو حاڵەتێکدا دەکەوێتە ژێر دەستی حکوومەتی مسیۆپۆتامیا. وەکو لە بیرتان بێ لە تەلەگرامی ژمارە ١٥٩مدا کە بەتاریخی ١٩٢١/٥/٢٥ە، پرسیاری ئەوەم لێ کردیت، لەبارەی عەسکەری لێڤی، ئاخۆ بیرت لەوە کردووەتەوە کەرکووک وەکو پارچەیەک لە کوردستان یاخۆ پارچەیەک لە عێراق موعامەلەی لەگەڵدا بکرێت؟ قازانجە موحتەمەلەکانی جوداکردنەوەی کەرکووک لە عێراقم بۆ ڕوون کردیتەوە. وێنەی دەوڵەتێکی حاجیزم لە خەیاڵدا بوو لە مابەینی عێراق و تورکیادا لەبارەی ڕەگەزەوە لە ڕەچەڵەکە ناعەرەبەکان پێک هاتبێت.

بەتەواوی لەو کۆسپ و گیروگرفتە ناوچەییانە دەگەم کە دێنە ڕێگەت و گرینگی تەواوم بەو موناقەشانە داوە کە پێشکێشتان کردووە. بەڵام بەبێ لێکۆڵینەوەی زیاتر هیچ ڕێگەیەک نابینم بۆ قبووڵکردنی ئەو ئەنجامانەی کە بەبیری خۆت هەڵت هێنجاون؛ دوای دابەشکردنی عێراقی کوردی (مەبەستی کوردستانی عێراقە – شێرکۆ) بۆ چوار گرووپ، بە دوور و درێژی پێشنیاز بۆ گرووپی یەک و سێ و چوار دەکەیت، بەڵام زۆر ڕوون نییە چ پێشنیاز دەکەیت بۆ گرووپی دووەم.

بەشی دووەم:

گرینگیی بێ پایانی وەرگرتنی بڕیاری دروست لەم ساتانەدا، بەزۆریی پاڵی پێوە نام بۆ بڕیاری سوودوەرگرتن لە ڕاوێژ و نەسیحەتی Soane and Longrigg. کە سوودیان لە وجودیان لەم وڵاتەدا وەرگرتووە و بوونەتە شارەزا و خەبیری ئەم بوارە. هەموو مەوزوعەکەم بەتەواوی لەگەڵیاندا باس

کرد و بۆچوونی ئەوانیش پاڵپشتیی رایەکەی پێشووم دەکەن. خۆشحاڵ دەبم بە زانینی رای بەڕێزتان پێش ئەوەی بڕیاری کۆتایی لەسەر ئەو سیاسەتە بدەم، کە بەلای منەوە باشە و بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

ئەساسی بڕیاردان لەسەر خەتی سنوور لە مابەین ئەو ناوچانەی لەلایەن خۆت و ئەو ناوچانەی لەلایەن حکوومەتی مسیۆپۆتامیاوە کۆنترۆڵ دەکرێن، باشتر وایە لەسەر بناخەی سنووری ڕەگەزی ئەو ناوچانەی کە بەتەواوی عەرەبین نەک ئەو ناوچانەی کە بەتەواوی کوردیین. شاری هەولێر و کفری و کەرکووک هەرچەندە سەتی سەت کوردی نین، بەڵام بەهیچ شێوەیەک عەرەبی نین. هەروەها ئاگەدار کراوم کە وەزعی سیاسی باشتر دەبێت ئەگەر بێتو داوای کێشانەوەی حامیەی عەسکەری بەریتانیایی بکەین و جێگەیان بە وەحدەی عەسکەری لەژێر سەرپەرشتیکردنی ئەفسەری بەریتانیایی نەک بە سوپای عەرەبی، پڕ بکرێتەوە. ئەمە بەپێی بۆچوونی ئێمە، سیاسەتێکی ڕاستە. ئێمە پێشنیازی دەورێکی زۆر ئازاد دەکەین بۆ حکوومەتی مسیۆپۆتامیا، بەڵام بەڕای من باش نییە سنووری دەسەڵاتیان درێژ بکرێتەوە بۆ ناوچە غەیرە عەرەبییەکان. لە وەزعی ئێمەدا وەکو هێزی خاوەن «مەندات»، پەیمانی ئەوەمان داوە بەرگرییان لێ بکەین بەرامبەر هێرشی دوژمن و زەحمەتیش نییە قەناعەتیان پێ بکەین بەوەی کە بۆ بەفیعلی جێبەجێکردنی ئەم کارە، نیازمان وایە هێزی سنوور لەم ناوچانەدا پێک بهێنین لەژێر سەرپەرشتیکردنی ئەفسەرە بەریتانیاییەکان، کە تەنیا لەوێوە چاوەڕێی هێرشی دوژمن دەکرێت. لە کۆتاییدا بڕیارمان داوە کە هیچ فەوجێکی عەرەبی لەژێر سەرپەرشتیکردنی ئەفسەری بەریتانیدا نەبێت، بۆیە هێزی سنوورە پێویستە لە تورکمان و کورد و ئاسوری پێک بێت و بەڕای من شتێکی باش نابێت ئەم فەوجانە بەشێوەیەکی دایمی لە مەوقیعی وا دابنرێن، کە لەلایەن حکوومەتی عەرەبی میسۆپۆتامیاوە بەڕێوە دەچن. دەست بەسەرداگرتنی حوکم لەلایەن فەیسەڵەوە، فرسەتێکی زۆر باش دێنێتە کایەوە بۆ پیادەکردنی سیاسەتمان، بۆچوونی مەجلیسی دەوڵەتی ئێستا بەهەر جۆرێک بێ با ببێت. حەز ناکەم لەم ماوە ئینتقالییە کورتەدا سیاسەتێک پیادە بکەین کە لە دواتردا پێویست بکات بە پێداچوونەوە.

بەشی سێیەم:

پێشنیاز دەکەم سنووری ناوچە غەیرە عەرەبییەکە بەم شێوەیە بێت، بە خەتێک لە مەشورە داغ «Mushora Dagh»ەوە دەست پێ بکات و بەناو Tegana و بەڕۆخی موسڵدا تێپەڕ بکات و لەسەر ئەساسی ڕەگەزایەتی و بەو شوێنانەدا تێ پەڕێت کە سنووری عەرەبایەتی ناوچەکە کۆتایی دێت و خوار دەبێتەوە تا دەگاتە سنووری ئێران لە ناوچەی Kala Nuft. ئەم ناوچەیە دەکرێت بەسێ بەشی سەربەخۆ.

١- بەشی سەرووی ڕۆژئاوای زابی گەورە.

٢- بەشی کەرکووک

٣- بەشی سلێمانی. لەوانەیە پێویست بکات ئەو بەشەی سلێمانی ئێستا تۆزێک فراوان بکرێتەوە بۆ ئەوەی عونسورە کورییەکانی ناو دیالەی ناوەڕاستی سەرووی قزڵ ڕەبات بگرێتەوە. هەروەها عونسورە عەرەبییەکانی ناو بەشی کەرکووک لە کاتی ئێستادا دەبێت لە مابەین سامەرا و مووسڵدا دابەش بکرێن.

پێویستە ناوچەی سلێمانی و کەرکووک موتەسەریفیان هەبێ و هەر یەک ڕاوێژکارێکی بەریتانیایی دەبێ و ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە تۆوە دەبێ «مەبەستی P COX - شێرکۆ». بەشی سەروو «مەبەستی یەکەمە» دەکرێت لە مووسڵەوە کۆنترۆڵ بکرێت و ئەگەر پێویست بکات لەلایەن ئەفسەرێکی ترەوە یاخۆ لە ڕێگەی یاریدەدەرێکی بەریتانیایی بۆ موتەسەریف کە ئەویش کارەکەی وەکو هی تۆ دوو لایەنە دەبێت.

بەشی چوارەم:

بەپێی ئەو مەعلوماتانەی لە بەردەمم دایە، من زۆر لایەنگری ئەوەم کە ئەم بۆچوونە، چارەیەکی دروستە. هەر ٣ بەشەکە هەموو کاتێ سەربەستن لەوەی سەربەخۆ و جیاواز لە یەکتری بمێننەوە یا لە کوردستانی خوارووداا لە ویلایەتێکدا یەک بگرنەوە.

تۆ دەتوانی کاری پێوەندیکردن بە ناوچە غەیرە عەرەبییەکان بە یەکێ لە ئەفسەرەکانی ئیدارەکەت بسپێری، یاخۆ لە دوا ڕۆژدا ئەگەر هاتوچۆ باشتر بوو، دەکرێت ئەفسەرێکی بەریتانیایی لە کەرکووک یا شوێنێکی تری ناوچە غەیرە عەرەبییەکە، دابندرێت و لێپرسراوی گشتی هەر ٣ یاریدەدەرەکان بێت.

ئەو موعاهەدەی باستان کردووە لە بەشێک لە تەلەگرامەکەتاندا سەبارەت بە سلێمانی، دەکرێت بە ئاسانی فراوانتر بکرێت بۆ ئەوەی دوو بەشەکەی تریش بگرێتەوە. سەبارەت بە لەدەستدانی واریدات بۆ عێراق، وا تێ دەگەم پێشنیازەکانم، کۆسپەکان زیاتر ناکات کە خۆت لە حاڵەتی قبووڵکردنی جیاوازکردنەوەی سلێمانی ئامادەیت چارەیان بکەیت. پێویستە ئێمە خاڵێکی تریش بە بەرچاوەوە بگرین، ئەویش ئەوەیە کە ناکرێت بەردەوام پەنا بەرینە بەر وارداتی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیایی بۆ مەسروفاتی عەسکەری لیڤی کە لەژێر سەرپەرشتیی ئەفسەرە بەریتانییەکاندایە. تا مومکینە هەوڵ بدەین لەو وارداتە لەژێر دەستی خۆماندا بهێڵینەوە، بە مەبەستی بەشداریکردن لە مەسروفاتیاندا، ئەمە ئەوەمان بۆ ئاسانتر دەکات کە تەبریری پێدانی مانەوەیان بکەین تکایە بە وردی سەرنجی ئەم پێشنیازانە بدە و ئەگەر بەباشی دەزانیت بە نا ڕەسمی لەگەڵ «فەیسەڵ»دا موناقەشەیان بکە.

چەرچل

***

**بەڵگەنامەی ژمار: ٢٠**

تەلەگرامی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیایی
بۆ Sir H Rumbold
مەندوبی سامی لە ئەستەمبۆڵ
١٩٢٢/٩/٢٠

سێر:

لە وەڵامی نامەی ژمارە ٥٥٩تان لە بەرواری ١٩٢٢/٦/٢٠ سەبارەت بە سەیید عەبدولقادر، دەبێ ئاگەدارتان بکەم لەوەی دوای مشاوەرەکردن لە مابەینی وەزارەتی موستەعمەرات و Sir P Coxدا، ئەوە بە بەرچاوەوە گیراوە، کە بەهۆی ئەوەی سەیید عەبدولقادر هیچ پێوەندییەکی بە کوردستانی ناو عێراقەوە نییە، سوودی کەمە لەبارە مەسەلەی کوردستانی خواروودا. هەروەها لەم حاڵەتەی گۆڕانی تەواوی وەزعی کورد بەهۆی شکانی سمکۆ و کشانەوەی ئێمە لە سلێمانیدا، نابەجێیە وەعدەی یارمەتی بەسەیید عەبدولقادر بدرێت.

ئیمزا LANCELOT

هەوڵنامەی کتێب

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢١**

تەلەگرامی مەندوبی سامی عێراق
بۆ وەزیری موستەعمەراتی بەریتانیایی
ژمارە: ٧٩٥
بەروار: ١٩٢٢/١١/١٠

سەیید تەهای شەمدینان هاتووە بۆ ئێرە بۆ چاوپێکەوتنم، بە چەند پێشنیازێکەوە بۆ کۆکردنەوەی هێزی عەشایر بەمەبەستی دەرپەڕاندنی تورکەکان لە ڕەواندز. دڵنیا بە لەوەی کە دەتوانێت هێزی پێویست ئامادە بکات، لەبەرئەوەی لە ڕێگەی هاتنیدا بۆ ئێرە ڕای هەندێ عەشیرەتی وەرگرتووە. دوای لێکۆڵینەوەی وردی پێشنیازەکانی، من و کۆماندەی هێزی ئاسمانی بە باش و عەمەلیمان زانین. لێپرسراوی ناوچەی هەولێر و کەرکووک و مووسڵ وا تێ دەگەن کە سەیید تەها کارەکەی زۆر زەحمەت نابێت و هەموویان پشتگیریی پێشنیازەکەی دەکەن.

حامیەی عەسکەری ڕەواندز هۆی هەموو موشکیلە تازەکانمانە لە کوردستان. چەند مانگێک لەمەوبەر پێوەندیم بە سەیید تەهاوە کردووە، بەڵام ئەو کاتە لەگەڵ سمکۆ دژی ئێرانییەکان سەرقاڵ بوو، نەیدەتوانی بێتە ئێرە. دەرکردنی ئەم حامیە عەسکەرییە زەربەیەکی گەورەیە بۆ ناوبانگی

تورکەکان، کە ئێستا لە کزی دایە لە ناوچەکانی سلێمانی و ڕانیە لەناو عەشایرەکانی سەر سنووری باکور و ئەنجامی گشتیی ئەم کارە لە نرخاندن نایەت. بازووی حکوومەتی پاشایی بەریتانیایی لە کۆنفرانسی داهاتوودا سەبارەت بە مەوزوعی سنووری عێراق بەهێز دەکات. بۆ منیش یارمەتییەکی گەورە دەبێت لە هەڵسوکەوتکردنم لەگەڵ شێخ مەحموددا، کە داواکارییەکانی لە زیادبوون دایە و خەریکە دەبێتە مایەی گیروگرفت. مەبلەغێک کە لە شەست هەزار ڕوبیە تێنەپەڕێت پێویستە، بۆ ئەوەی سەیید تەها بتوانێ پشتگیریی لەشکرەکەی لەم ناوچەیە بۆ ماوەی پێویست بکات و منیش زۆر بەگەرمییەوە داواتان لێ دەکەم بۆ ئەوەی یەکسەر موافەقە لەسەر ئەم مەبلەغە بکەن. هیچ وەعدێکی عەسکەری تازە لە ئەنجامی ئەم پرۆژەیە نەدراوە. بەڵام لە هەمان کاتدا بۆ من و ئەفسەری فەرماندەی هەوایش ئاشکرایە کە وەزعی عەسکەریی گشتی لەسەر سنووری عێراقدا، بەتەواوی بە دەرکردنی یەکجاری تورکەکان لە ڕەواندز و دووبارە کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە لەلایەن یەکێکی خۆمان، دەگۆڕێت. بۆیە داوا دەکەم مەبلەغی داواکراو کە تا ڕادەیەکی زۆر وەکو حساباتی جەنگیی لە قەڵەم دەدرێت. لەو مەسروفاتانەی کە ئێستا لە ئەستەمبوڵ و شوێنی تردا دەکرێن، بە کەمتر سەیر نەکرێت. ئەم تەلەگرافەم پێشانی ئەفسەری فەرماندەی هێزی هەوایی داوە کە بەتەواوی لەگەڵی موافیقە.

کۆکس

***

هەواڵنامەی کتێب

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢٢**

تەلەگرافی مەندوبی سامی میسۆپۆتامیا
بۆ وەزیری موستەعمەراتی بەریتانیایی
ژمارە: ٢٥٣ ١٩٢١/٧/٥

لەبارەی تەلەگرامی ژمارە ١٩٦تان لە بەرواری ١٩٢١/٦/٢٤ سەبارەت بە کارەکانی کۆنفرانس «مەبەست کۆنفرانسی قاهیرەیە»، لە بیرمە Noel لەسەر ئەو خەریتەی لە بەردەممماندا بوو پێشنیازی کرد کە خەتێک لە کۆتاییی دەشتاییەکان دەبێتە سنوورێکی سروشتیی ڕوون لە نێون کورد و عەرەبدا، بەپێچەوانەی ئەوەی لە پەرەگرافی سێیەمی تەلەگرامەکەتاندا باس کراوە. بەڵام قەت من ئەمەم لە بۆچوونێکی نادروست وەرنەگرتووە و هەروەها لە تەلەگرامی ژمارە T 57 کە لە ١٩٢١/٣/٩دا لە قاهیرە و بە موافەقەتی ئێوە ناردم بۆ Bonham Carter لە هەموو حاڵەتێکدا پێویستە ڕای خەڵکی ناوچەکە وەربگرێت. لە تەلەگرامەکەدا گوتوومە: «نیازی حکوومەتی مەلەکیی بەریتانیایی ئەوەیە کە مەندوبی سامی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی حاکمی کورد و دانانی ڕاوێژکاری بەریتانیایی بۆیان ئەو ناوچانە ئیدارە بکات کە نایانەوێ بخرێتە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی عێراقەوە». کە گەڕامەوە لەسەر ئەم ئەساسە کارم کرد بۆ گەشەپێدانی ئەم بیرە و کەوتمە

لێکۆڵینەوە لە هەستی خەڵک و شارەزایان لەسەر ئەم مەوزوعە و لە ئەنجامەکەشی ئێوەم ئاگەدار کردووە.

لە ڕاستیدا موناقەشەی ئیحتیمالی قبووڵکردنی پڕۆژەیەکمان کرد کە تا ڕادەیەکی زۆر وەکو ئەوەی تۆ وایە کە بۆ کوردستانێکی جیاواز داتان ناوە و ناوچەکە لەلایەن جێگری مەندوبی سامییەوە کۆنترۆڵ بکرێت. هەرچەندە لایەنە باشەکانی پێشنیازەکە ئیعتیرافی پێ کرا، بەڵام زۆربەی ڕایەکان لەگەڵ ئەوەدا بوون کە ئەم پڕۆژەیە شەعبیەتی نابێت و ئەنجامی ڕیفراندۆمی ناو خەڵکی ناوچەکە ئەمەی سەلماند. لەبارەی بۆچوونی بەریتانیاییەوە ئەم پڕۆژەیە شتێکی باشە و بگرە لەمەش زیاتر، چونکە ئێستا ئێمە موعامەلەی عێراق بەشێوەیەکی خەیری و فراوان دەکەین. ئەمن ئامادە نیم بڵێم ئەگەر ئەم پڕۆژەیە لەسەر کوردەکان فەرز بکرێت موعارەزەیەکی بەهێزی دەکەن، بەڵام هەست دەکەم کاری منە کە بەڕوونی ئەو گیروگرفتانەی بەهۆی پیادەکردنی ئەم سیاسەتەوە وەکو من دەیانبینم، بخەمە بەردەستتان. بۆ ئەوەی ئەگەر حکوومەتی مەلیکی بەریتانیایی پاش لێکۆڵینەوەی وردی مەسەلەکە، لە ئەنجامدا گەیشتە بڕیاری پیادەکردنی سیاسەتی جیاکردنەوەی کوردستان، ئەوا دەتوانن ئەم بڕیارە بدەن مەعلوماتان لەسەر ئەو مەترسییانەی بەم هۆیەوە دێنە پێشەوە هەبێت.

یەکەم: ئێمە دەبێ سیستەمی حکوومەت لەسەر هەندێ لە جەماعەتە کوردەکانی مەوزوعی باس فەرز بکەین. کە خۆیان نایانەوێ و ئەمەش دوای جێبەجێکردنی ڕەسمیاتیی وەرگرتنی ڕای خەڵکەکە. بەتایبەتی ناوچەی کفری یەکێکە لە هەرە خۆشحاڵەکان لەژێر کۆنترۆڵی ڕێژیمی ئێستادا و پێشوازی لە هیچ گۆڕانێک ناکات.

دووەم: عەناسیرە توندڕەوەکانی قەومیی عەرەبی بە ترسەوە سەیری ئەم کارەمان دەکەن، موعارەزەی دەکەن و لەلایەن مەجلیسی دەولەوە تەنیا بە موعارەزەکردنی رەسمییە قبووڵ دەکرێت. بێ شک پێویست بەوە ناکات بڵێین کە ئەوان موعارەزەی ئەوە دەکەن کە سەتان هەزار لە مالییەی ئەوانەوە بۆ مەندوبی سامی تەرخان بکرێت بۆ ئیدارەکردنی کوردستان و هەوڵ دەدەن بۆ دامەزراندنی نوقاتی گومرگیی.

ئیعلامی بەغدا وەکو Clapham Junctionی بەریتانیایی فەرز کرا و لەسەر میسۆپۆتامیا، باس دەکات و ئێمە دەبێ بەرهەڵستیی ئەو ئیدیعایانە بکەین کە گوایە ئێمە لەسەر حیسێبی عێراق هەدەفی تایبەتی خۆمان لە کوردستاندا تەحقیق دەکەین.

سێیەم: مەملکەتی عەرەبی کە ڕۆژێک دێت بە تەنیا بمێنێتەوە، لە ڕووی ستراتیجییەوە سنوورێکی بۆ داندراوە کە ناتوانێ هەڵی وەشێنێتەوە. قەومەکانی عەرەب باش دەرکی ئەم نوقتەیە دەکەن و باشیش دەزانن ئەم سنوورەی کە ئێستا بۆ ماوەیەک دەپارێزرێت، لە دوا ڕۆژدا بەلای ئەوانەی بەهیوای مەملەکەتێکی عەرەبیی سەربەخۆ و بەهێزن، هیچ گرینگییەکی نابێت.

چوارەم: لە ڕاستیدا بە عەمەلی جیاکردنەوەی کورد و عەرەب و تورکمان لە یەکتری، کارێکی

زۆر ئاڵۆزە. کوردەکانی ناو ناوچە عەرەبییەکان خۆیان وەکو عەرەب پێشان دەدەن و هەروەها بەعەکسەوە. ڕەسمکردنی خەتێکی ڕوون لە نێواندا ئیمکانی نییە. پیاوی وەکو «جەعفەر پاشا» ئەگەر مەشروعەکانی تۆ وەکو خۆی بەتەواوی جێبەجێ بکرێن، هەویەی قەومیەتی عەرەبی لە دەست دەدات. هەرچەندە لەبارەی نەزەرییەوە میسالییە، بەڵام لە باری عەمەلییەوە زۆر زەحمەتە ڕەگەز بکەیتە تاکە پێوانە بۆ سنووردانان.

پێنجەم: لە هەموو ئیحتمالێکدا، مەترسی یەکەم بۆ دەوڵەتی عەرەبی حزبێکی سەر بە تورک دەبێت. دەبێ چاوەڕێی ئەوە بکەین کە کاتێ حەماسەت بۆ مەملەکەتی ساوا کەم ببێتەوە و گیروگرفتی کەمی زەویوزار ئاشکرا بێت، جموجۆڵی ئەم جۆرە حزبە لە زیادبووندا دەبێت مەرکەزی لایەنگرانی تورک ناوچە تورکمانییەکان لە کەرکووک و دەوروبەری. بۆیە بۆ چارەسەرکردنی پیلانێکی لەم بابەتە، دەوڵەتی مەحەلی مەوقیعی گەلێ بەهێزترە لە بێگانەیەکی وەکو ئێمە. کردەوەیەکی وا لەلایەن حکوومەتی مەحەلییەوە، وەک شێوە حوکمدارییەکی ڕۆهەڵات دێتە بەرچاوی خەڵکان، بەڵام لەلای ئێمەدا وەکو ئیستبداد لە قەڵەم دەدرێت.

باوەڕ ناکەم کەرکووک ئامادە بێت لە گرینگی کەم بکرێتەوە بەوەی ببێتە مادەیەک لەناو وەحدەیەکی کوردیدا. بەلای منەوە، ئەو ئیعترازەی سەرەوە، زیاتر ئەو قازانجە دەسەلمێنێت کە ئێوە باستان لێ کردووە. بێگومان ئەگەر ئێوە ئارەزوو بکەن، من ئامادەم ئەم مەوزوعە لەگەڵ فەیسەڵدا باس بکەم. بەڵام بەڕای من باش نییە لەم ساتانەدا، داوای ئەوەی لێ بکەم کە بڕیارێک لەسەر ئەم قەزیە ئەساسییە وەربگرێت ڕق و کینە بەر یەکێ لەم دووانە دەکەوێت، بەریتانیا بە جارێ هێرش دەکەنە سەر ئیدیعای گوێنەدانی بەریتانیا، یا بەر فەیسەڵ دەکەوێت، ئەویش ئەگەر قبووڵی بکات، وەکو پیاوی بەریتانیا پەنجەی بۆ ڕادەکێشێن کە وڵاتی خۆی فرۆشتووە. قەناعەتم وایە کە پشتگیریکردنی فەیسەڵ لە سیاسەتێکی وەهادا، لە قۆناخی ئێستادا شانس بۆ سەرکەوتن لەبار دەبات. ئەگەر حکوومەتی مەلەکیی بەریتانیا سوور بێ لەسەر بڕیاری پیادەکردنی سیاسەتی باس لێکرا. ئەوا بەڕای من دەبێ مەجلیس دەوڵەتی ئێستای لێ ئاگەدار بکرێت پێش ئەوەی فەیسەڵ هیچ مەوقیعێکی فەرمی هەبێت بۆ ئەوەی لە هەموو حاڵەتێکدا مەوقیعی ڕوون بێت.

مەندووبی سامی

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢٣**

تەلەگرامی مەندووبی سامی عێراق

بۆ وەزیری موستەعمەراتی بەریتانیایی

١٩٢١/٥/١١

ژمارە: ٤٧٦ نهێنی

گەورەم

١- سەبارەت بە نێردراوی نهێنیتان ژمارە ٣٥٨ لە بەرواری ١٩٢١/٤/٢١دا (ژمارە ٤٦٧٦/٤٤)، بەڕێزەوە دەتوانم بڵێم کە وا پێ دەچێت یۆنانییەکان هەوڵی دیراسەکردنی ئیحتمالاتی هاندانی کوردەکان بدەن لە ئاژاوە دروستکردن بۆ کەمالییەکان لە ناوچەکانی سەر سنووری ڕۆهەڵاتیان. وەکو بەڕێزتان ئاگەدارن هەموو پلانێک بۆ لاوازکردنی کەمالیستەکان بەڕێی هێزی چەکەوە، کەم تا زۆر بەشێکی نادیاری تێیدا بووە بۆ ڕاستکردنەوەی کوردەکان لە دژیان و هەروەها هەردەم ژمارەیەک لەو کوردانەی خاوەن بیری نەتەوایەتی هەبوون، کە ئارەزووی خستنەگەری پلانی وایان کردووە، لەبەرئەوەی کەمالیستەکان بەبەردەوامی دژی دانی هەر ئۆتۆنۆمییەکی ڕاستەقینەی کوردەکان بوون؛ کە زۆر کەمترە لە مافی سەربەخۆیی.

٢- لەگەڵ ئەوەشدا، هەتا ئەگەر ڕاپەڕینی یەکگرتووی کوردەکان مومکین بێت، من دڵنیا نیم لەوەی ئاخۆ سەرکردە لێپرسراوەکانی کورد زۆر ئامادە بن بۆ هاوکاریی سەرزارەکی لەگەڵ یۆنانییەکان، چونکە بەهۆی هەستی ئاینی و ڕەگەزی زەحمەتە کوردەکان لەسەر پلانفۆرمێکی وەها یەک بگرن.

ناوی ئەو دوو کەسەی لە نێردراوی بەڕێزتاندا هاتووە هەندێ گرینگن، بەڵام بە زەحمەت دەتواندرێ وەکو سەرکردە، بەواتا ڕاستەقینەکەی حیسێبیان بۆ بکرێت.

٣- مستەفا پاشا ئەفسەرێکی تورکی زۆر ناسراوە و بە ئەسڵ خەڵکی سلێمانییە. هەندێ دوای کۆتاییی شەڕی جیهانی یەکەم وەکو پشتگیریی کەرێکی بەهێزی سیاسەتی فەرید پاشای دژ بە کەمالیستەکان، ناوبانگی دەرکرد. دوا کاری سەرۆکی مەحکەمەی عەسکەری تایبەتی بوو کە بۆ سزادانی تاوانبارانی بە کۆمەڵ کوشتنی دڕندانەی خەڵک و تاوانبارەکانی تری شەڕ دامەزرا بوو. لەم بوارەدا حەماسەتێکی وا بەهێزی نواندن کە جێی تەقدیر بوو و ئەمەیش بووە هۆیەک کە تورکە نەتەوەپەرستەکان ڕقێکی زۆریان لێی هەڵستێ. بەماوەیەکی کورت دوای کەوتنی حکوومەتی فەرید پاشا لە ئۆکتۆبەری ڕابردوودا، مستەفا پاشا بە تۆمەتێکی دروست کراو لە ئەنجامی جموجۆڵی لە کاتی مەحکەمەی عەسکەریدا گیرا. تەنیا بەهۆی تێهەڵچوونی مەندوبیەتی سامی بەریتانیاییەوە بوو کە بە حەوت مانگ حوکمی بەندکردن ڕزگاری بوو، پێش تەواوکردنی ئەم ماوەیە عەفو کرا و بەربوو. پێش ماوەیەکی کورت لە میسۆپۆتامیاوە موافەقەتم بۆ وەرگرتووە بۆ گەڕانەوەی بۆ ئەوێ. هیوادارم بەم زووانە لەبەر سوودی تایبەتی خۆی و بەهۆی ئەوەی کە مانەوەی لێرەدا جێی ڕەزامەندی نییە، بگەڕێتەوە.

٤- مستەفا پاشا، ڕاستگۆ و نیازپاک و بەتوانایە، بەڵام زۆر ورد بینی و دووربینی نییە و تەنیا وەکو ئامرازێک لەبەر دەستێکی وریادا بێت و ئەگینا سوودی هەندە زۆر نییە. لەوانەیە ئەگەر بەشێوەیەکی ڕوست ڕێگەی بۆ دابنرێت و موعامەلەی لەگەڵدا بکرێت، بۆ نموونە بۆ ئیدارەی

بەریتانیاییی لە میسۆپۆتامیا سوودگەیێن بێت. بەڵام بەتاکید ئەو کەسە نییە بەگشتی بتوانێت قەناعەت بە کوردەکان بکات بۆ بڕیاردان لەسەر هاوکاری ئاشکرا و ڕوون لەگەڵ یۆنانییەکاندا.

ئەو ڕاپۆرتەی سەبارەت بەوەی مستەفا پاشا و ئەوانی تر هەندێ پلانی وایان لە خەیاڵدا بووە، پشت ئەستووره بەو ڕاستیە. کاتێ ئاگەدار کرا کە دەتوانێ بچێت بۆ میسۆپۆتامیا، مستەفا پاشا پرسیاری ئەوەی لێ کرد کە ئاخۆ دەتوانێت هەندێ لەو ئەفسەرە کوردانەی کە بە ئەسڵ خەڵکی سلێمانین لەگەڵ خۆیدا بباتەوە. بۆ ئەم مەوزوعە هانم نەداوە، لەبەرئەوەی زەوینەی ئارەزووم بۆ ئاسانکردنی تەنیا دەرچوونی خۆیەتی بەشەخسی.

٥- مەعلوماتم کەمترە لەبارەی «حەقی بەگی کورد»، بەڵام ئەوەی شایەنی باسە ئەوەی لەم چەندانەدا داوای یارمەتیدانی لێ کردم، بۆ ئەوەی ڕێگەی بەغدا لەگەڵ کۆمەڵێ لە پیاو ماوقوڵانی کورد بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی لە ناوچەی دیاربەکر. وا حیساب بۆ دەکات. گوایە کاتێ شەڕی یەکەمی جیهانیی دەستی پێ کرد، ئەم لە دەست تورکەکان هەڵات بۆ پاریس و لەوێ پەناهەندەیە. لە دوایشدا چووە بۆ ئەسینا و کاتێ تورکیا داخلی شەڕ بوو، ئەو لە میسردا بوو. لە میسر وەکو دوژمن گیرا و ناردرا بۆ «ماڵتە» و تا دوای تەواوبونی شەڕیش بە چەند مانگێک هەر لەوێدا مایەوە. پاشان وەکو یەخسیری شەڕ نێردرایەوە بۆ ئەستەبۆڵ و لەو کاتەوە هەر لێرەدایە. وا پێ دەچێت کاتێ لە ماڵتە بووە، لە هەندێ شەڕ و هەوادا بەشداری کردووە، کە ژمارەیەک لە تورکی تێیدا کوژراوە. بەڵام دەڵێت دادگای عەسکەری بەریتانیایی کە لەم مەوزوعەی کۆڵیوەتەوە عەفووی کردووە. ئیدعای ئەوە دەکات کە سەرۆکی عەشیرەتی مەلیکانە. پیاوێکی بەقەلافەت و دەست ڕۆیشتووە و بەلام وا پێ دەچێت موغامیر و لە شێوەی «کۆمیتەچی» بێت.

٦- عەریزەی حەقی بەگم لە بەردەستا بوو کاتێ نێردراوی ناوبراوی بەڕێزتانم بە دەست گەیشت. بەهۆی ئەو مەعلووماتانەی بەدەست ئێوە گەیشتووە وا پێ دەچێت باشتر بێت بڕیار لەسەر شێوەی هەر کارێک ئەگەر پێویست بکات بۆ بەڕێزتان بەجێ بهێڵم، بە ئاگەداریکردنم لە بڕیاری بەڕێزتان لەم بارەوە خۆشحاڵ دەبم.

٧- لە کۆتاییدا سەرنجی بەڕێزتان ڕادەکێشم بۆ ئەو تەلەگرامەی لە ١٩٢١/٥/٣ بە ژمارە. ٣٢٠ بۆ ئێوەم ناردووە، لە هەمان مێژوودا بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاییم ناردووە. من هەتا ئێستاش هیچ زانیارییەکی تەواوم نییە سەبارەت بە جوڵانەوەی کوردەکان دژی کەمالیستەکان، کە ماوەیەک لەمەوبەر لە ڕۆهەڵاتی سیواس دەستی پێ کردووە. دیارە گرینگیەکی تەواوی هەبووە و بووەتە هۆی مەترسی لە ئەنقەرە و پێویستی بە هێرشی عەسکەری بە هێز بووە. من هیچ سەرچاوەیەکی وام لە بەردەستدا نییە، کە واتێ بگەم ئەم جوڵانەوەیە تەشەنەی کردووە بۆ دەرەوەی ناوچەی قزڵباش یاخۆ کوردە عەلەوییەکان، کە ژمارەیان لە ناوچەی دەرسم و

دەوروبەریدا زۆرە

لە جولانەوەیەکی ناوچەیی زیاتر حیسابی بۆ ناکرێت و کەمالیستەکان بەهۆی ئەوەی لەبارەی چەک و تەنزیمی عەسکەرییەوە بەهێزتزن، دەتوانن ئەم جولانەوەی دابمرکێننەوە.

مەندوبی سامی

Horace Rumbold

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢٤**

تەلەگرامی مەندوبی سامی لە ئەستەمبوڵ

بۆ Sir H. Rumbold

Earl curzon

نهێنی ژمارە ٥٢١

ئەستەمبوڵ ٢٥/٥/١٩٢١

گەورەم

١- نیشانە بە نێردراوی ٤٧٦ی نهێنیم بە مێژووی ١١/٥/١٩٢١، بە ڕێزەوە ئاگەدارتان دەکەم کە لە ڕۆژی ٢٥ی ئەم مانگەدا، ئەمین عالی بەگ- سەرۆکی خێزانی بەدرخانییەکان- لەگەڵ کوڕەکەیدا «جەلادەت بەگ» سەردانی Mr Ryan یان کردووە. جەلادەت بەگ یەکێکە لە هەرە چالاکەکانی بەرەو پێشەوە بردنی جولانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوایەتیی کورد. ئەمین عالی بەگ گوتی، بە هۆی باری ئێستای ولات لەگەڵ برادەرەکانی پێوەندی کردووە بە نوێنەری یۆنانییەکان لە ئەستەمبوڵ دا. دۆستانە گوێیان گرتووە لە پێشنیازی ڕاپەرینی کوردان.

بەرپاکردنی ڕاپەرینێکی وا هەتا ئەگەر هیچ هاوکارییەکیش لە نێوانیان دا نەبێ، هەردوو لا- کورد و یۆنانییەکان- بەهێز دەکات. بەڵام ئەوەشی گوتووە کە ناتوانێ ئەم مەوزوعە بە ئەنجام بگەیەنێت تا حکوومەتی مەلەکیی بەریتانیایی موافقەتی لەسەر نەکات.

ئەمین عالی بەگ پرسیاری ئەوەی کردووە ئەگەر خۆی یا یەکێک لە هاوڕێکانی داوای ماوە پێدانیان کرد بۆ چوون بۆ مووسڵ - بۆ نموونە - ڕێگەیان بدرێتێ یا نەء. هەروەها ئەگەر ڕێخراوێکیان دروست کرد لەو شوێنانەی لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیادان، ئاخۆ دۆستانە تەماشای ڕێخراوەکە دەکەین یان نەء.

٢- MR RYAN لەسەر ئەساسی پیادەکردنی ئەو سیاسەتەی کە بەردەوام لە پاش ڕاگرتنی شەڕی جیهانییەوە لە تەعلیماتەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا هاتووە، یەکسەر وەڵامی داوەتەوە کە لەم کاتانەدا ناکرێت پشتگیری بکەین لە بەرپاکردنی ڕاپەڕین لە کوردستاندا. ئەوەشی

ڕوون کردووەتەوە کە یۆنانییەکان، ئەم دوژمنایەتییەی ئێستایان بەبێ گوێدان بە ئارەزووەکانی حکوومەت مەلەکیی بەریتانیا دەست پێ کردووە، کە بێلایەنیی خۆی ڕاگەیاندووە و ئیستنکاری پلانی وەهای کردووە وەکو ئەمەی لەلایەن ئەمین عالیی بەگەوە کراوە. سەبارەت بە سەفەر بۆ مووسڵ مستەر ڕەیان گوتوویەتی ئەگەر ئەندامانی خێزانی بەدرخانییەکان وەکو موسافیر داوای مۆڵەت بکەن، ئەوا مەندوبییەتی سامی دژایەتی چوونیان ناکات، بەڵام داواکارییەکە دەبێ لە ڕێی کەناڵە ئاساییەکانەوە بێت.

٣- بەڕێزتان بێ شک لەسەر ئەوە موافیقن کە لە کاتی ئێستادا ناکرێت مەوقیفێکی تر وەربگرێت سەبارەت بەو شێوە پلانە، لەلایەن پیاوماقوولانی کورد لە ئەستەمبۆڵدا. هەرچەندە ئەم جۆرە پلانانە چەندەها جار لەلایەن چەند کەسانێکی جیاواز و لە کاتی جیاوازدا پێشنیاز کراون، بەڵام ئەوە دەهێنێت کە لە بیردا بێت.

حەرەکەی کوردی مەسەلەیەکی زۆر گرانە بۆ موعامەلە کردن لەگەڵیا، بەڵام ئەگەر تەیاری توندڕەوەکانی ئەنقەرە بەوە کۆتایی هات کە بەیتانیای مەزن و فەرەنسا ڕابگێشنە ناو دژایەتیکردنی کەمالیستەکان، ئەوا لەوانەیە بکرێت بە شەڕ دژ بە کەمالیستەکانی ناو میللەتی کورد سوودیان لێ وەربگیرێت.

٤- ئەمین عالی بەگ پرسیاری ئەوەی کرد، ئاخۆ حکوومەتی مەلەکیی بەرینانیا هیچ مەعلوماتێکی هەیە لەبارەی کامیل بەگی برای، کە پێشتر لە تفلیس دەژیا و هەروەها بە گوێرەی ڕاپۆرتی "Humanite" فەرنسایی، لەم دواییانەدا لە شوێنێکی کوردستان بینراوە. من هیچ مەعلوماتێکم سەبارەت بە جووڵانەوەی ئەم شەخسە نییە، لەم تاریخەوە کە موزەکەرەیەکی تەفسیلی ماوەیەکی درێژی لەمەوبەر، پێشکێشی حکوومەتی بەریتانیا کرد، بۆ دیراسەکردن. بۆم نەکراوە ئەم دۆکومێنتەم وەگیر بخەم، بەڵام لە تفلیس نووسراوە داوای ئەوە دەکات کە ئەمیر کامیل. وەکو ناوی لە خۆی ناوە - بکرێت بە حاکمی کوردستان.

مەندوبی سامی

Horace Rumbold

***

### بەڵگەنامەی ژمارە: ٢٥

وێنەی تەلەگرافی نهێنی
وەزیری موستەعمەراتی بەریتانیایی
بۆ مەندوبی سامی لە میسۆپۆتامیا
١٣ی حوزەیرانی ١٩٢١

مەندوبی سامی ئەستەمبوڵ لە نێردراوی ژمارە ٤٧٦یدا لە بەرواری ١١ی مەی ١٩٢١ بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا کە لەوانەیە وێنەیەکی یەکسەرە بۆ ئێوە نێردرابێت، زانیاریی تەواوی تێدایە سەبارەت بە ڕووخسەتی «مستەفا پاشا» بۆ گەڕانەوەی بۆ میسۆپۆتامیا، کە دەڵێت بەو زووانە بەدەستی هێناوە. مەندوبی سامی داوایەکی تریشی لەلایەن «حەقی بەگ»ی کورد پێ گەیشتووە، کە داوای ڕووخسەتی گەڕانەوەی دەکات بۆ «دیاربەکر» بە ڕێگەی «بەغدا»وە. مەندوبی سامی بەوە نێردراوە کە کۆتایی پێ دەهێنێت کە هیچ زانیارییەکی تەواوی نییە سەبارەت بە جوڵاندنەوەی کوردەکانی دەوروبەری ڕۆهەڵاتی «سیواس» دژ بە کەمالییەکان.

تکایە لە ڕێگەی پێوەندی یەکسەرەوە بە مەندوبی سامی لە ئەستەمبوڵ، بڕیاری ئەوە بدەن کە ئاخۆ «حەقی بەگی» کورد ڕێگەی پێ بدرێت بەرەو بەغدا بچێت یا نا؟ هەروەها لە بۆچوونی خۆت سەبارەت بە ئیحتمالی زیاتر بەکارهێنانی ناسیۆنالیستی کوردی و توانای دژایەتیکردنی کەمالییەکان.

من ئێستاش ئەو سیاسەتەم بەلاوە باشترە، کە لە قاهیرە پێی گەیشتین بۆ دامەزراندنی «حاجز»ێک لە نێوان عەرەب و تورکدا. وا تێ دەگەم پێویست ناکات نە لەژێر تەوژمی عەرەبی و یا هەر مەسەلەیەکی تر لەم سیاسەتەمان دوور بکەوینەوە.

داوا لە وەزارەتی دەرەوە دەکەم کە وێنەیەکی ئەم تەلەگرافە بۆ مەندووبی سامی لە ئەستەمبوڵ بنێرێت

وەزیری موستەعمەرات

# کورد و وڵاتەکەی

## مێژووی گەلی کورد

## لە سەردەمە هەرە کۆنەکانەوە تا سەردەمی نوێ

موقەدەم شێخ عەبدولواحید

بەشی پێنجەم

### فارس و تورک

#### تەیمووری لەنگ "تەتەر"

هەواڵنامەی کێڵبر

ئەو ئاگرەی هۆلاکۆخان بە شەڕەکانییەوە ورووژاندبووی، هەر دامرکایەوە و دانەمرکایەوە، مەگۆلی سێیەم لەسەر سنوورەکانی وڵاتی کورداندا پەیدا بوون و دوای ئەوەی تەیمووری لەنگ (شەل) میرەکانی خوراسان و وڵاتانی پشت ڕووباری لەناوبرد و وردە وردە ئیمپراتۆرییەتەکەی لە ناوەڕاستی ئاسیادا پێک هێنا و سەمەرقەندی کردە پێتەختی خۆی.

کوردەکان لەو کاتانەدا سەر بە هیچ دەسەڵاتێکی ناوەندی نەبوون، نێزیکترین و بەهێزترین دراوسێشیان سوڵتان بایەزیدی تورک بوو کە عەشیرەتە کوردەکانی ئازەربایجان بە ناوە نەبێ گوێڕایەڵی نەبوون، عەشیرەتەکانی باشووری ڕۆهەڵات بە تەواوی سەربەخۆ بوون و بە دەسەڵاتی ئاغا و بەگەکانیان نەبێ دانیان بە دەسەڵاتی کەس نەدەنا.

دوای ئەوەی تەیمووری لەنگ تەختی سوڵتان بایەزیدی لەناوبرد، زستانی ١٤٠١ - ١٤٠٢ی لە دەشتەکانی کواباغی چیاکانی قەفقاسی نێوانی دوو ڕووباری کورا و ئاراسدا بەسەر برد. لەوێشەوە تەیموورلەنگ تیپەیلی نیگاداریی بۆ ناو خاکە کوردییەکاندا نارد بە مەبەستی بەدەست

..............................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

هێنانی پشتگیریی گەلی کورد، تەیموور لەنگ ئەو داوای پشتگیرییەی لە کوردان بەرامبەر بەوە بوو کە، بە تەواوی لەناویان نەبا.

ئیبن عەرەب شای مێژوونووس لە کتێبی: سەیروسەمەرەی لە چارە نووسراو، لە هەواڵەکانی تەیمووری لەنگدا " عجائب المقدور في أخبار تيمور " یدا بە دوور و درێژی باسی هەڵسوکەوتی کوردان دەکا بەرامبەر ئەو باڵوێزە ئاشتەواییانەی تەیموور دەیناردن. کوردە دەروون میهرەبانەکان بە بێز لێ هاتنەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵیاندا دەکرد و کەسێکیان لێیان نەکوشت کە کوشتنی باڵوێزان لە قانوونی ڕەوشتبەرزیی کورداندا نییە، بەڵام هەڵسوکەوتی ناخۆشیان لەگەڵدا نواند، کە بە دەست بەستراوی ڕوو بەرەو پشتەوە لەسەر گوێدرێژاندا دایان نان و ڕوویان ڕەش کردن و لە وڵاتی کوردانیان دەرکردن.

کوردەکان بەهای ئەمەیان بە گران دایەوە، هەر کە بەفر توایەوە لەشکری مەگۆل بە سەرکردایەتیی تەیمووری لەنگ بە دۆڵ و چیاکانی کوردستاندا هاتن. گوندی کوردانیان سووتاند و ڕوویان لە هەر کوێیەک دەکرد کۆمەڵە گردێکیان لە کەللەسەر لە پاش خۆیان بەجێ دەهێشت.

لە کاتێکدا جەنگیزخان و هۆلاکۆخان لە پاش خۆیانەوە چیرۆککەلی خوێناوییان بەسەربڕینی دوژمنان و سینگ هەڵدڕینیان بەجێ دەهێشت، تەیموورلەنگ کە هەر لەو ڕەگەزە بووە کۆمەڵە کەلووی لە کەللەسەری مرۆ دروستکراوی لە پاش خۆیەوە جێ دەهێشت پێیان دەگوت (کەللە منارە).

بەڵام ئەم دڕندایەتی و تۆقاندنانە گیانی گوزارەیی کوردەکانی لەناو نەبردووە. کشاونەتەوە شێوە ناوەخۆییەکان و بەسەر چیا بەرزەکاندا هەڵگەڕاونەتەوە کە لەوێوە بەرگریی توندیان لە خۆ کردووە بەرامبەر ئەو مەگۆلانەی وەدوویان کەوتبوون. تەیموور لەنگ کە زانی لەوە بەولاوە ڕاوەدوونانی کوردان ترسناکە ڕووی بەرەو بەغدا وەرگێڕا و لەوێ لە بەغدا سەد و بیست گردی لە کەللەسەری مرۆیان دروست کرد. لە بەغداشەوە تەیموور پێشڕەویی بەرەو سووریا کرد و ئینجا گەڕایەوە بۆ نیشتمانەکەی و تەیمووری تەتەر لە ١٤٠٥ دا مرد و ئێستاش گۆڕەکەی لە بوخارایە.

## دەرکەوتنی تورکەکان لەسەر شانۆدا

بەر لە هەموو شتێک دەمەوێ ئەوە ڕوون بکەمەوە کە تورک و مەنگۆل و مەغۆل سێ ڕەگەزی جیاوازن و نابێ تێکەڵ بکرێن. لە بەشەکانی پێشەوەدا لەبارەی مەنگۆلەکان و مەگۆلەکانەوە دوام، لەم بەشەشدا لەبارەی مەگۆل و تورکەکانەوە دەدوێم، کە لەلایەنی ڕەگەز و زمان و ڕۆشنبیرییەوە سنوورێکی جوداکەرەوە هەیە (ئەگەرچی لاوازیش بێ) لە نێوانی مەنگۆلییەکان و مەگۆلەکان و تورکەکان.

## ڕەسەنی تورک

لە چوار هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە عەشیرەتێکی بە هێز پەیدا بوو کە هەر لەو بنچینەیە بووە کە مەگۆلەکان و جونکۆ لە دێرزەمانەوە لەو بوونەتەوە. ئەو عەشیرەتەش لەو ناوچەیەدا دەژی کە سیبیریا لە باکوریەتی و تیبت و چین لە ڕۆهەڵاتەوەیەتی و وڵاتی ئۆغوریش لە ڕۆئاوایەتی و ئەم عەشیرەتە ئێستا بە تورک ناو دەبرێ. ئەم عەشیرەتە تورکە میرگەلێکی مەزن سەرکردایەتیی دەکردن. ئەم تورکانە کە دەرکەوتن لە نشێوەکانی چیای قبیان شانەوە بۆ دەشتاییەکانی ئاسیای ناوەڕاست هەندێک تایبەتمەندیی لەشیان هەبوو زانایانی ڕەگەزناسی بە تایبەتمەندیی ڕەگەزی تۆرانییان جودا دەکەنەوە، لە کاتێکدا ئەو کۆمەڵانەی لە ناوچە باکوورییەکاندا دادەنیشتن تایبەتمەندیی شێوەی مەنگۆلیان هەبوو، لقە باکورییەکان تایبەتمەندیی چاوی چون باوی و دەموچاوی درێژکۆڵەی مامناوەندی و لووتی تیژی ڕاست و قژی ڕەش و چڕ لەگەڵ ناوچەوانی بەرزی لێژیان پاراستووە.

لە دەوروبەری سەدەی شەشدا تورک دوو دەوڵەتی بەهێزیان هەبوو هەر لە مەنگۆلیا و دەوروبەری باکووری چینەوە تا دەریای ڕەش. کاتێک کە یوومینی دامەزرێنەری دەوڵەتە ڕۆهەڵاتییەکە لە ٥٥٢ دا مرد ئیستیمیی برای ٢٥ ساڵ لە فەرمانڕەواییدا مایەوە دوای ئەوەی دەوڵەتە ڕۆئاواییەکانی خستە ژێر ڕکێفی خۆی. ئیمپراتۆرییەتی چین لە بەردەمی بنەماڵەی نانج (نانگ) لە دەوروبەری ٦٣٠ ی زایندا دەوڵەتی ڕۆهەڵاتیی لەناو برد و دواتریش لە دەوروبەری ساڵی ٦٥٩ ی زاین دەوڵەتە ڕۆئاواییەکەشی لەناو برد، بەڵام لە باکوردا تورک ساڵی ٦٨٢ لە حوکمی بیانی ڕزگاریان بوو و تا ساڵی ٧٤٥ ی زاین سەربەخۆیی خۆیان پاراست.

لە دوو گۆڕستانی بیلگەکاغان و گویلتەکینی برایدا کە لە ئۆرخوونی مەنگۆلیای ناوەوەدا دۆزراونەتەوە، کۆنترین شوێنەواری زمانیان دۆزراوەتەوە. ئەم نووسینە لە نێوانی ٧٣١ و ٧٣٤ ی زایندا نەخشێنراوە و تا ڕادەیەکی زۆر لە نووسینی ئێرانی و ئارامی دەچێ.

ئەم دوو دەوڵەتە لە یەکەگەلێکی عەشایەریی کۆنفیدراڵیی نارێکوپێک پێک هاتوون کە هەر یەکەیان خانێک سەرکردایەتیی کردوون. ئەم خانانە لەژێر سەرکردایەتیی سەرۆکێکی شەڕدا کە نازناوی (بەکاغان خان)ی بووە، پێوەستی یەک بوون، لەبەرئەوەی ئەم لەناو هاوڕەگەزەکانیدا دەسەڵاتێکی بەهێزی بووە.

ئاینی تورکە کۆنەکانی بتپەرستی و شامانییەکی تێکەڵ بووە کە زۆر لە بیروباوەڕی جەنگیزخان دەچێ. بەر لە دەرکەوتنی ئیسلام باوەڕی بەهێزیی چارەنووسی جیهان و کاتیان لە ناودا بڵاو بووەتەوە، ئەو چارەنووسەی لە ئیرەیی و ئارەزووی تۆڵەکردنەوە و مەزنیی مرۆدا کۆ بووەتەوە، بەڵام دەوڵەتێک کە لەم بنەوایانە پێک دێ ناتوانێ بژی، مەگەر بە یەکگرتوویی لەژێر فەرمانڕەواییی سەرکردەیەکی بەهێزدا، کە بتوانێ دراوسێکانی بە هێرشبردنە سەریان و پەلاماردان بترسێنێ.

لە دەوروبەری سالّی ٧٠٠ ی زایندا لای ڕۆژئاوای دووری ئەم دەوڵەتە کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی عەرەبی سەردەمی ئومەوییان. لە دەوروبەری ساڵی ٧٤٥ یشدا شانشینیی باکوریش کەوتە دەست عەشیرەتێکی تورکی تر کە ئۆغور بوون، کە لەسەر ڕۆخی ڕووباری سلینجا لە باکور نیشتەجێ بوون. لەم سەردەمەشدا دیانەکانی سووریا لە نەستووری و شاندەکانی مانشیا چوونە ناو وڵاتی تورکان و کارێکی زۆریان لە ئاین و ڕۆشنبیری و زمانی تورکی کرد.

دوای ئەوە عەشیرەتەکانی قرغیز دەستیان بەسەر بەشگەلێکی زۆری باکوری ئیمپراتۆرییەتی ئۆغوردا گرت و دانیشتوانی ئەو ناوچانە ناچار بوون بەرەو باشوور بۆ ئەو ناوچەیەی ئێستا تورکستانی چینیی پێ دەگوترێ کۆچ بکەن. لەو سەردەمەشەوە گەلی تورکستان دەستی بە پەرەسەندن کردووە و ئەم شێوەیەی ئێستای وەرگرتووە و بووەتە ڕەگەزێکی سەربەخۆ.

ئەم تێکەڵییەی نێوان ئۆغور و تورکەکان و هەروەها کاریگەریی شاندە جارڕدەرە ئاینییەکانی بودایی و دیان و هی وەک ئەمانە یارمەتیی بە پەلە پەرەسەندن و نەرمونیانیی پتر پێ بەخشینەوەی زمانی تورکییان دا، ئەدەبی تورکی کۆن لە وەرگێڕان و کتێبە ئاینییەکان بەولاوە چیی تر نەبوو.

دوای بەسەرچوونی سەدەیەک شاڵاوێکی تری هێرشبەران هاتن کە عەشیرەتی نانجووت هێرشی دەبردە سەر میرنشینییەکانی ونجوور لە کانشوو، بەڵام عەشیرەتەکانی قرغیزیش کە عەشیرەتگەلی ئۆغوریان لە نیشتمانی باو و باپیرانیان دەرکردبوو، ئەمیش کەوتە ژێر دەسەڵاتی عەشیرەتی کیتای مەغۆلییەوە.

دەوروبەری دەوڵەتی تورکیی ڕۆژئاوایی هاوسنووری ئێران بووە و کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی ئومەوییان. ئەم ناوچەیەش سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند و کانێکی دوانەهاتووی بازاڕی دیل بووە لە دەوڵەتی عەربدا، دیلەکان و کۆیلەمەندان کە ئەو بازاڕانە هێنابوونی دواتر بوونە حاکم و فەرمانڕەوای دەوڵەتە مەزنەکان کە لە بەغدا و دەلهی دامەزرابوون و نێزیکەی سەدەگەلێکی درێژ بوونە کاریگەرترینی ئەو هۆیانەی کاریان لە مێژووی جیهانی ئیسلام و سییاسەتەکەی کرد. تورکەکان لە سەردەمی ڕووناکیی سامانیانی سەدەی نۆیەمدا لە نیشتمانە ڕەسەنەکەی ناوەڕاستی ئاسیایاندا بە تایبەتی لە وڵاتی پشت ڕووبار و بوخارا و سەمەرقەنددا ئارامی و ئاشتییان هەبووە. سامان خودات (خواوەندی گوندی سامان لە بەلخ) زەردەشتییەکی ئێرانی بووە و ساڵی ٧٣٢ ی زاین بووەتە موسڵمان و لەلایەن هیشامی کوڕی عەبدولەلیک (٧٢٤ _ ٧٤٣)ی جێنشینەوە بە والی دامەزراوە. لە دەوروبەری ٨١٩ شدا مەئموونی جێنشین چوار لە نەوەکانی سامان خوداتی بە حاکمانی سەمەرقەند و فەرغانە و شاش و هیرات دامەزراندووە. ئەو شارانە ئەوسا سەر بە (تابرید) بوون. دواتر ئەحمەدی حاکمی فەرغانە توانیویەتی دەست بەسەر سەمەرقەندیشدا بگرێ. لە ساڵی ٨٧٥ یشدا جێنشین (نەسسار)ی کوڕی لەسەر " وڵاتی پشت ڕووبار " یدا داناوە.

## پەرەسەندنی عەشیرەتە کوردییەکان

ساڵی ١٤٠٥ دوای مردنی تەیمووری لەنگ تورکستانی ڕۆئاوا بەناوە لەژێر حوکمی میرە تورکمانەکاندا بووە، لە کاتێکدا دەوڵەتی بەغدا نەیتوانیوە دەسەڵات بەسەر ئەولای دوو شاری کەرکووک و مووسڵەوە بگرێ. عەشیرەتە کوردەکانیش لە ناوچە چیاییە ناوەخۆییەکاندا سەربەخۆیی تەواوی خۆیان پاراستووە، کە ئاغاکانی سلێمانی و چەمچەماڵ و پێنجوین حوکمیان کردووە. دەسەڵاتی ئاغاکانیش سەرەڕای خودی عەشیرەتەکانی خۆیان بەسەر ئەو تیرە و بنەماڵانەشدا ڕادەگەیی کە لە ناوچەکانیاندا بوون، کە بە پێی پیشە دابەش بوون، حەزیش دەکەم لێرەدا ئەوە لێک بدەمەوە چۆن عەشیرەتە پیشەییەکان پێک هاتوون.

هەر لەو سەردەمەوە هۆی سەرەکیی پێکهاتنی عەشیرەتەکان لەسەر بنەوا ئابووری و پیشەییەکان دامەزراون، کە پێشتر لەسەر بنەوای بنەماڵە بووە. سەرۆکی ئاسایی خێزان پێشتر پارچە زەوییەکی بووە، بە خۆی ئەوەندە دانەوێڵەی بەشی خواردنی خۆی و سەوزە و میوەی چاندووە کە بەشیان بکا. سەرباری ئەوەش (ماڵ) واتە مەڕوماڵات و حوشتری ئەوەندەی پێویستی خۆی لە گۆشت و ماست و کەرە هەبووە. جگە لە هەندێک شمەکی سادە کە بە ئاڵوگۆڕی بە سووی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی بە دەستی دەخستن. بەڵام عەشیرەتەکان لەژێر پاڵەپەستۆی بارودۆخ و بە هۆی زیادبوونی سەرخێزان دەستی بەوە کرد کە پسپۆڕی لە جۆرە بەرهەمێکی تایبەتی پێویستی ژیان پەیدا بکا.

کوردە جووتکارەکان لە سەرەتادا لە کوردە شوانکارەکان جیابوون. کوردە کۆچەرەکانیش بوونە تیرەیەک لە تیرەکان و لە سەرەتادا هەروەک کوردی تر لە دوو چینی جووتیار و شوانکارەکان تێکەڵ بوون. دواتر زەوییە بچووکە کشتوکاڵییەکانیان جێ هێشت و دەستیان بە شوانکارەیی (لەوەڕاندنی مەڕوماڵات) کرد. لەژێر باری بارودۆخدا ناچاری پێڕەوکردنی داوونەریتی عەشیرەتە کۆچەرییەکان بوون.

تەنانەت لەناو عەشیرەتە گەورەکانیشدا ئەو کەسانەی خەریکی پیشەیەکی تایبەتی بوون و خانووبەرەیان لە قوڕ بنیات دەنا و نۆژەنیان دەکردنەوە و ئەو دارتاشانەی گاسنی کشتوکاڵی و شتی تریان دروست دەکرد و چاکیان دەکردنەوە... هتد، بوونە چینگەلێکی جیا و بە خۆیان تیرە و بنەماڵگەلیان پێک هێنا. لەگەڵ ئەوەشدا کە بوونە چەندان لق، لێ هەر پێوەستی عەشیرەتە دایکەکە بوون.

مێژووی کورد لەو ماوەیەدا لە ڕووداوی سیاسی و شەڕ بەبایەخ بێ بەش ماوەتەوە. لەلایەکی ترەوە هەروەک پێشتر باسمان لێوە کرد، گۆڕانی بەبایەختر لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا هاتە گۆڕێ.

## فارسە سەفەوییەکان ١٥٠٨

کە لەشکرگەلی فارسە سەفەوییەکان بە وڵاتی کورداندا ڕەت بوو و گەیشتە بەغدای پێتەختی جێنشینێتی "خەلیفایەتی"ی ئیسلام، ئەو ئارامییەی هەشتا ساڵی خایاند تێک چوو. ساڵی ١٤٩٩ شا ئیسماعیلی سەفەوی بە لەشکرەکەیەوە بەرەو ناوچەی شێروان چوو و خستییە سەر شانشینییەکەی خۆی و لە ماوەی یەک ساڵدا دەستی بەسەر هەموو لایەکی ڕۆئاوای ئێراندا گرت، هەر لە دەریای قەزوێنەوە لە باکور، تا کەنداوی عەرەب لە باشوور و ئەوساکە سوڵتان بریق! حاکمی بەغدا بووە.

بەم جۆرە شا سەرکەوتنی بە دوای سەرکەوتندا بە دەست دەهێنا، ئینجا لالاحوسێنی دەستەڕاستی نارد بۆ گرتنی بەغدا، کە لە ئەنجامی ناپاکیی هەندێک بنەماڵەی کاربەدەستی ئەوسا گرتی و بەمەش ساڵی ١٥٠٨ هێزەکانی سەفەوی چوونە ناو بەغدا و عیراق ماوەیەک لەژێر فەرمانڕەواییی فارسدا مایەوە.

سەرچاوەی هێزی شا ئەو سوپایە بوو کە لە ڕۆڵەکانی باکوری ڕۆئاوای ئێرانەوە کردبوونییە سەرباز، لە جیاتیی ئەوەی عەشیرەتە کوردەکان دژایەتیی بکەن (بەتایبەتی ئەوانەی لە دەشتەکانی تۆروس و باشووری ڕۆئاوای دەریاچەی ورمێ نیشتەجێ بوون) ئەم کوردانەی بەشداری کارگێڕی کرد و پێخۆشحاڵیی دەربڕی کە بچنە پاڵ لەشکرەکەی.

لەگەڵ ئەوەشدا کە پاشا سەفەوییەکان شیعە بوون و کوردەکان دەستیان بە ڕێبازی سوننییانەوە گرتبوون، کەچی (سەفەوییەکان) سیاسەتێکی نەرمونیان بە تایبەتی بەرامبەر کوردەکان دەنواند، دەمەوێ بە ڕوونی بڵێم ئەو پاشا سەفەوییانەی شیعە بوون و بەرپرسن لەوەی ڕێبازی شیعەگەرییان کردووەتە ڕێبازی فەرمیی ئێران و ئەو تورکانەش کە سوننی بوون هەر هەموویان هۆکاری ئاینییان (یان شیعە یان سونی) بە داردەستی مەبەستە سباسییەکانیان کردبوو. بەڵام ناکۆکیی ناو دوو ڕێبازیش لەمە پتر نەبوو. سەرەڕای بەکارهێنانی ئاین بۆ مەبەستی سیاسی، بەڵام هیچ چەوساندنەوە یان جیاکردنەوە، نە دژی سوننییەکانی دانیشتووانی ناو ئیمپراتۆرییەتی سەفەوی و نە دژی شیعەکانی دانیشتووی ناو شانشینییە سوننییەکانی عەرەب و تورکدا هەبووە.

گەلی کورد یەکێک بوو لەو گەلانەی لەناو شانشینییە سەفەوییەکەی ئێراندا دەژیان و هاوبەشییەکی کاریگەرییان لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا دەکرد و تەنیا کوردیش نەبوون کە لەلایەن پاشا سەفەوییەکانەوە هەڵسوکەوتی باشیان بەرامبەر دەکرا، بگرە لەگەڵ کەمینە ئاینییەکانی تریش، بە تایبەتی دیان و ئەرمەنەکانیش دەکرا. هەندێک لە سەرکردە گەورەکانی سوپای ئێران کورد بوون، بگرە تیپی سوارچاکانی ئێران هەموو لە کورد پێک هاتبوو. ئەرمەنیش ژمارەیەک پۆستیان لە بەڕێوەبەرێتیدا هەبوو و پیشەکانی پزیشکی و هونەرییەکان و بازرگانییان دەکرد، بەڵکو هەندێ

سەرکردەشیان لە لەشکری ئیمپراتۆرییەتی سەفەویدا هەبووە.

لە باکوریشدا سوڵتان سەلیم لە زیادبوونی هێزی سەفەوییەکان نیگەران بوو و دەستی بە توندکردنی هێڵە بەرگرییەکانی سەر سنوورەکانی تورک و ئێران کرد و دانیشتوانی ئەم ناوچە سنوورییانە لە کورد و شیعە و ئەرمەن پێک هاتبوون. تورکەکان ئەرمەنە دیانەکان و شیعەکانیان بە تابووری پێنجەم دادەنا و لە ناوچە سنوورییەکانی دیوی خۆیانەوە بوون دەستیان بە گوازتنەوەیان کرد و لە جێیاندا ئەو تورک و کوردانەیان نیشتەجێ کرد کە لەناو وڵاتەوە هێنرابوون. ئەم ڕاگواستنەوەی دانیشتووانە لە هەردوو دیوی سنووری تورک _ ئێراندا جێبەجێ کراوە.

## مەلا ئیدریسی بەدلیسی

لەم سەروبەندانەدا لە دەرباری تورکدا سیاسەتوانێکی کوردی مەزن پەیدا بوو شوێنێکی پایەداری لە ئەنجوومەنی ڕاوێژکارانی سوڵتان سەلیمدا گرت. ژیننامەی مەلا ئیدریسی بەدلیسی وەک فەیلەسووف و سیاسییەکی پایەدار پریەتی لە کاری بەرز. هەر بە منداڵی باوکی مردووە، پێشنوێژی مزگەوتێک لە شاری بەدلیسدا گرتوویەتییە خۆی و بە خاوەنی کردووە و فێری کردووە.

بتلیسیش شارێکی بەناوبانگە، لە باشووری دەریاچەی وان – دایە و پایتەختی میرنشینییەکی ئەرمەنی بووە و زۆربەی دانیشتووانی ئەرمەنن، کە ئەرمەنە کرستیانەکان و کوردە موسڵمانەکان بە ئاشتی و تەبایی وەک برا پێکەوە دەژیان و ئەرمەنەکانیش بە درێژاییی مێژوویان دەمارگیرییەکی ئاینییان نەنواندووە و نە کوردەکان و نە هیچ موسڵمانێکی تورکیان نەچەوساندووەتەوە، مەگەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشێک کە بەرامبەریان ئەنجام درابێ. ئیدریس لە بنەماڵەیەکی دێرینی کورد بووە، کاتێک پێشەوایەکی ئەرمەن بە ڕازگری خۆی داناوە، جێی مردنی باوکی بۆ پڕ کردووەتەوە. حەزی لە کیژی کاربەدەستەکەی بووە، بەڵام ئەرمەنەکان ڕێیان بەم هاوسەرگیرییە نەدەدا، لاوەکە چارەسەری گونجاو و باشەکەی پەسند کرد و خۆشەویستەکەی هەڵگرت و چووە لای یەعقووب خان کە یەکێک بووە لە داواکارانی شاهێتیی فارس. لە دەرباری یەعقووب خاندا مەلا ئیدریس ڕۆژ بە ڕۆژ سەردەکەوت تا گەیشتە پلەی نووسەری دەوڵەت.

کوردەکان لەو ماوەیەدا کە تورک و فارس کێشەیان بووە دەورێکی زۆر بایەخداریان بینیوە، کە لە مێژوودا وێنەی نەبووە. لەبەرئەوەی توانای تایبەتی پەسندیان تێدا بووە، هەر یەکە لە تورک و فارس هەوڵیان داوە کوردەکان بخەنە پاڵ خۆیانەوە.. لە جیاتی ئەوەی کار و کردەوەی شەڕی لە دژی یەکتری ئەنجام بدەن پێشبڕکێیان لەسەر دۆستایەتیی کورد دەکرد.

ئەو کەسەی کاری لە بیر و بۆچوونی تورک و فارس کرد بۆ ئەوەی دۆستایەتیی کورد بکەن مەلا ئیدریسی بەدلیسیی سیاسەتوانی مەزنی کورد نەبێ کەسی تر نەبووە. لەو ماوەیەدا کە مەلا

ئیدریس کاری لەگەڵ یەعقووب خان دەکرد پێوەندیی لەگەڵ ئەو عەشیرەتانەدا دەکرد کە لە چیاکانی زاگرۆس و تۆرۆسدا دەژیان و مەلاش گەلخوازییەکی گەورەی لەناو ئاغا کوردەکاندا هەبووە، ئەمەش بە هۆی ئەو کەسایەتییە بە هێزەی هەیبووە، لە پاڵ زانیارییە ئەدەبی و فەلسەفییە فراوانەکانیدا. ئەم ئەو کەسە بووە کوردەکانی قایل کردووە کە خۆ بەستنەوە بە پێوەندە عەشیرەتگەرییەکانیان ترسناکە و هانیانی دا چیاکان جێ بهێڵن و سوود لە شارستانیی دەوڵەت و خۆشییەکانی ژیان ببینن. ئەو تاکە شتەی کوردەکانی پێ تایبەتمەندن داوونەریتە عەشایەرییەکانیان بووە. هەروەها زمانیشیان ڕێژەیەکی زۆری لە وشەی فارسی و هەندێک وشەی تورکیی تێدایە. ئەگەر داوونەریتەکانیان وەک خۆی مابێتەوە بێ دەستکاریکردن و ئەگەر بەگزادە و سەرەک عەشیرەتەکانیان دەسەڵاتیان بەسەر عەشیرەتەکانیانەوە پاراستبێ ئەو هاوسەنگییە کۆمەڵایەتییەی بە درێژاییی سەدەگەلێک وەک خۆی ماوەتەوە و کاری تێ نەکراوە. بۆیە ئەو هەنگاوانەی مەلا ئیدریس دەینان پێشوازیی لەلایەن کوردانەوە لێ دەکرا و بوارێکی تری کاری بۆ دانیشتووانە کوردە زۆر بووەکان کردەوە بێ ئەوەی زیان لە قەوارەی کۆمەڵایەتییان بدا. هەرکووەک بێ کوردەکان پێویست بوو ئاوێتەی ڕێژیمە گۆڕاوەکە بن بۆ کۆمەڵگەی سەدەکانی ناوەڕاست.

لێکچوونێکی زۆر لە نێوان مەلا ئیدریسی بدلیسی و عەبدولقەییووم ساحیب زادەی خودا لێخۆشبووی ناوچەی سنووری باکوری ڕۆژئاوایی پاکستاندا هەیە. هەردووکیان لە گەورەترینی سیاسییەکانی سەردەمی خۆیان بوون، کە هەردووکیان ڕێیان نەداوە چوونە پاڵ سوڵتان زیان بە پشتگیرییە بنەڕەتییەکەی بەرامبەر گەلەکانیان بدا، هەروەها ئەو ڕێیانەش لەیەک دەچن کە بۆ چاکترکردنی ئاستی گەلەکەیان بە کاریان هێناون.

مەلا ئیدریس بەو کۆششانەی بە ناوبانگە لە پێناوی بڵاوکردنەوەی فێرکاری لەناو رۆڵەکانی گەلی کورددا ئەنجامی داون. دوای مردنی یەعقووب خان مەلا ئیدریس چووە پاڵ خزمەتکردنی تورک و بە ڕاوێژکاری سوڵتان سەلیم بۆ کاروباری کوردستان و ئەرمینیا دامەزرا.

## حکوومەتە کوردییەکان

لە ١٥١٥ دا سوڵتانی تورک، مەلا ئیدریسی بدلیسیی لە ئەماسیاوە نارد بۆ کوردستان لەگەڵ بارگەلێکی دیاری بۆ سەرکردە کوردەکان و دەسەڵاتی ئەوەی دایێ هەر جۆرە پەیماننامەیەک لە نێوانی خۆی و ئاغا کوردەکاندا ببەستێ بەلایەوە باش بێ. ئەم ئەرکەی سەرکەوتنێکی بێ وێنەی بە دەست هێنا، کە توانی پەیمان لەگەڵ هەر یەک لە شەرەف بەگی بتلیسی و مالک خەلیلی جێنشینی (شجرەت!!) و حەسەن کەیف و محەمەد بەگی سوسانی و بنەماڵەی بەدرخانیی پایەبەرز لە جزیرەی " ئیبن عومەر " و میرەکانی هەولێر و کەرکووک و سلێمانی و جێنشینانی بنەماڵەی بابانی مەزن و جەمشید بەگی مەقدیمیی بەگزادەی کوردی دیاربەکردا ببەستێ.

ئەم شاندەش هەنگاوی یەکەم بوو بۆ پەرەسەندنی دەسەڵاتی تورک لەناو چیا و دۆڵەکانی

کوردانـدا. ئەم هـاوپـەیمانییـە بووە هۆی تونـدکـردنی پێوەندییـە دۆسـتـانەکـانی هـەردوو لا، هـەروەهـا پاراستنی بەگزادە کوردەکان لەلایەن لەشکری بەهێزی تورکەوە. بەرامـبەر بەمەش سـوڵتانی تورک داوای هیچ جۆرە باج و سـەرانەیەکی نەدەکرد و ئاغاکانیشی ناچار نەکرد سـەرباز و چەک بدەنە لەشکری تورک.

ئەم هـاوپـەیمـانییـە جـۆرێک لە جـۆرەکـانی دەست بەسـەرداگرتن نەبوو، بگرە لە ڕاسـتیدا تۆوێک بوو بۆ ئەو پەیمانە بێ مەرجە کە لەناو دوو دەوڵەتی سەربەخۆی خـاوەن سـەروەریدا دەبەسـترا کە کاری سـەرەکی لێکچوونی بیری هـەردوو لایە. لەم بارودۆخـەدا دەوڵەتە گچکە لاوازترەکە سوودمەند دەبێ، چونکە هێـز و دڵنیایی لە چوونە پاڵ هـاوپـەیمانێکی لە خـۆی بەهێـزترەوە وەردەگرێ. کـەچی دەوڵەتە گـەورە بەهێزترەکـە دیسانەوە سـوودمەند دەبێ بـە فراوانتـرکردنی سنووری دەسـەڵاتەکـەی و هـێز و ڕێزی لە بواری ناودەوڵەتیدا پتر دەبێ.

ئامـانجی سـوڵتـانی تورک لە پشت ئەم پەیمـان بەسـتنە، دابینکردنی ئارامیی سنوورەکەی بووە لە دوژمنە سـەرسـەختەکـانی کە شـای فارس بووە. بە درێژاییی کات مەلا ئیـدریس توانیویەتی لە وڵاتی کـوردانـدا نۆ ویـلایەت دروست بکـا کـە بە حکوومـەت دەناسـران و هـەر حکوومـەتە و تەواوێک لە حکوومەتەکـانی تر و لە سوڵتـانی تورک سەربەخـۆ بوون و ئاغا (سەرکردە) یەک لە بەهێزترینی ئەو عـەشـیـرەتانەی لـە ناوچەکـەدا نیـشـتـەجێ بوون و بە دەسـەڵاتتـرینیـان بـوو حـوکمی دەکـردن. هـەر ئاغایەکیش لە هەر حکوومەتێکدا سوپای تایبـەتی و دادگەی خۆیان هەبووە، هەندێکیشـیان بەناوی خـۆیەوە سکەی لێ دەدا، بـەڵام گرفـتی دراو لە کـوردسـتـاندا گـرفـتـێکی ئـاڵۆز نەبوو، کـە زۆربەی بازرگـانی لەسـەر بنەوای کـاڵا گـۆڕینـەوە بووە. بەهای پارچەی دراو لە شـێـوەی دراو بەپێی ئەو کانزایە دەبوو کە تێیدایە (زێڕ یان زیو ... هتد) و بە پێی بەکارهێنانی وەک خشڵ و ئارایشت. کە زۆربەی دراوە زێڕین و زیوینەکان بە بەشێک لە خشڵی ئافرەتی کورد دادەنرا.

لەناو ئەم حکوومـەتـانەدا کە بـەم شـێـوەیە دروست کـرا، هـەولێـر و کـەرکـووک و حـەسـەنکێف و جزیرە و هەکاری و ساسـۆن و ئامێدی و بتلیس (بەدلیس) هـەبوو، ئەم میـرنشینە سـەربـەخـۆیانەش بەپێی فـەرمـانی سـوڵتـانی پێک دەهێنران و نازناوی " بەیـلەر بەیی = بـەگلەر بـەگی " بە ئاغـای عەشیرەت دەدرا و نەوە بە نەوەش حوکمی ناوچەکەیان هەر بەو ماف و تایبەتمەندییانەوە دەکرد.

مـەلا ئیـدریس لە بواری فـەرمـیی دامـەزراندنەوەی ئـاغـا وەک میـر سـوڵتـانی دەنواند و بەرگی خەڵاتی سوڵتانیی دەکردە بەر میری نوێ.

بە ڕەتبوونی مـاوە، عـەشـیـرەتە کوردەکـانی تریش چـاویان بڕییـە سـوڵتـان بۆ ئـەوەی بە حـاکـمی فەرمییان دابمەزرێنێ. ئەو پێنج عەشـیرەتەی مـابوونەوە، کە عـەشیرەتەکـانی یەزیدییانی سـنجار و عەشـیرەتی میـهران (کوردە میللییەکان) و عەشیرەتی نوسێبین و عەشیـرەتی ئەرغای ــ مەیدان و عـەشـیـرەتی زازا لە دەرسیم (دێرسم) و هـەر یەکـەیان ناونران (سـەنجـەق بەگی) و هـەمـووشـیـان لە

ژێر فـەرمـاندەی سـەربازیی باڵای بەگلەربەگـیی ئەنادۆڵی سـەرکردەی گـشـتـیی لەشکرەکـانی عوسمانی لە ئاسیا و بە دروستکردنی ئەم میرنشینییە سەربەخۆیانەش لەسەر سنووری تورکیا ــ ئێـراندا بازنەیەکی وڵایەتگەلی سـەربەخـۆ پێک هات کـە دۆسـتی تورک بوون، بەڵام ڕێی لە هەردوو دەوڵەت دەگرت کـە هێرشـیان ببردایە سـەر یەکدی. سێـسـەت ساڵی داهاتوو ئەم دووربینییـەی سـوڵتـانە تورکـەکـان وەبەر هات و سـەرکـەوتنی سیـاسـەتی بەرامـبـەر کـوردییـانی سـەلماند، کـە کوردەکان هیچ ئاژاوە و پشێوییەکیان دژی بابی عالی نەوروژاند.

ئەوەی شـایەنی باسـە، لە مـاوەی سـەدەکـانی شـازدەهەم و حـەڤدەم و هەژدەمـدا کە تورکـیا بە سـەرکـەوتنەکـانی، تەنگی بە ئەوروپا هـەڵچنیبوو، بەکردەوە مـەترسـییـەکی گەورە بوو لـە سـەری، ئیمپراتۆرەکانی ئەوروپا ویسـتیان ڕێگەیەکی تر بۆ لابردنی ئەم مەترسییە بگرنە بەر، دوای ئەوەی لەشکرەکـانیـان و چەکـەکـانیـان لە توانایاندا نەبوو لەشکرکێـشـیی عـوسـمـانی ڕابگرێ و دەوڵەتە ئەوروپاییـیـەکـان بە درێژاییی ئەو سێ سـەدەیە هەوڵ و کـۆششی ئەوەیان دەدا شـایەکانی ئێـران بهێـننە ڕێزی خـۆیـان و دژی تورکـیـا هـانیـان بدەن، تا بەرەیەکی دووەمی لە دژدا بکەنەوە و وەک نەریتـیش دوژمنانـی ئیسـلام گـەمـە بە ژێیـە هەسـتـەوەرەکـە دەکـەن، کە لاوازیی مـوسـڵـمـانانە و شایەکانی ئەوروپا بە ڕاستیش لە دروستکردنی بارودۆخێکدا سەرکەوتن، کە بووە هۆی پێکدادانی چەکدار لە نێوانی تورکیا و ئێراندا و شەڕێکی بێ ئامان لەناو سوڵتانی عوسمانی و شای ئێراندا بەرپا بـوو، ئەو ویلایەتە کـوردییـە سـەربـەخـۆیـانەی مـەلا ئیـدریس پێکیـانی هێنا، وەک ناوچـەیەکی بێـلایەن دەورێکی کـاریگەریان لە نـاوچەکەدا بیـنی. بەڵکو وەک ناوچەیەکی لە چەک دامـاڵراو بووە هیچ سـوپـایەکی هێرشـبـەر پێی نەدەکرا بەرەو لایەکەی کە پێیدا تێ پەڕێ، لەو سـەردەمـانەشدا گۆڕانکارییـەکی گەورە لە قەوارە و ڕۆشنبیریی عەشیرەتە کوردەکاندا هاتە کایەوە. ئەو پێوەندییە بەردەوامانەی لە نێوانی کورد و تورکدا لە پاڵ ژن و ژنخوازیی زۆر لە نێوانیاندا بووە هۆی گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵایەتیی نێو کوردان. وشەگەلێکی تورکی کەوتە ناو زمانیانەوە و پتر لە ٢٠٪ ی لە وشەکانی زمـانی کرمانجیی پێک هـێنا و توندترین پێوەندی لەناو گەلی کورد و تورکدا هاتە کایەوە بەهۆی ئەم تێکەڵبوونەی نێوانیـان و ئەو سیـاسـەتە حـەکیمـانەیەی سـوڵتـانەکان گرتیانە بەر بە بەخـشـینی ئۆتۆنـۆمـیی تەواو بە ویلایەتە کوردییـەکـان، یەک لە بـەبایەخـتـرینی ئەو ئەنجـامـانەی سەربەخۆیی تەواو بەخشینی بەکوردەکان لە چوارچێوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا ئەوە بوو کە بەشدارییەکی کاریگەریان لەگەڵ حکوومـەتی تورکدا کرد و هاوکـارییەکی قووڵ و پتەویان لەگەڵدا کردن.

هەروەها دەسـتـدرێژییـان بۆ سـەر هیچ کاروانێک نەکردووە کە بە مـیرنشـینییەکانیـاندا ڕەت بووبن، خـۆ ئەگـەر تـاوانبـارێک دەسـتـدرێژیی بۆ سـەر ئەو ڕێگوزارانە کـردبێ کـە بە خـاکـە کوردییـەکاندا ڕەت بووبێ، ئاغا تا توندترین سزای دەستدرێژکەرە تاوانبارەکەی نەدابێ و بیانییە ڕێبوارەکەی قەرەبووی چاک نەکردبێ دانەسەکنیوە.

تورکەکانیش لە ماوەی چوارسەت ساڵی داهاتوودا هیچ کارێکی شەڕیان دژی کورد ئەنجام نەداوە و لەلایەکی ترەوە کوردەکان چوونەتە ڕیزەکانی جەندرمە و هەندێکیشیان تا پلەی سەرکردە بەرز بوونەتەوە.

لەو ماوەی لێکۆڵینەوە زۆرەماندا هەواڵی بەرپابوونی هیچ شەڕێکی نێوانی گەلی کورد و لەشکری عوسمانیم لەو ماوە مێژووییەدا نەدۆزیوەتەوە، بۆیە بڕیارم دا ئەم بۆشاییە بەوە پڕ بکەمەوە، بیرۆکەیەک لەبارەی ئەو ڕووداوانەوە بە خوێنەرانم بگەیەنم کە لەو ماوەیەدا لە دەرەوەی وڵاتە کوردییەکاندا ڕوویان دەدا، مەبەستیش لەوە، یارمەتیدانی خوێنەرە بۆ بەستنەوەی مێژووی تایبەت بە کوردان و مێژووی گشتیی هاوچەرخی موسڵمانانە لەو بەشەی جیهانەدا.

## سوڵتان سولەیمانی قانوونی

سوڵتان سولەیمان ساڵی ١٥٢٠ دوای مردنی سوڵتان سەلیمی باوکی چووە سەر تەخت، جیهان بە هۆی ئەو کارە گەورانەیەوە لە دانانی قانوونان بۆ گەلانی ژێر دەستەی ناو ئیمپراتۆرییەتی تورکدا ئەنجامی داوە بە سولەیمانی قانوونیی دەناسنەوە. هەروەها خاکی ئیمپراتۆرییەکەشی فراوان کردووە، ساڵی (١٥٢١) بەلگراد و (١٥٢٢) ڕۆدوسی خستەسەر و پایەی لە باکوری ڕۆئاوادا بەهێز کرد و کە شەڕ بەرپا بوو لە پێناوی تەختی مەجەر لە نێوان فردیناندی ئیمپراتۆری نەمسا و فوافود جۆن زابولیای شای ترانسلڤانیا، سولەیمان لە تەک ئەمەی دواییان وەستا. لە ئەیلوولی ١٥٢٩ دا (بودا) ی گرت کە شا زابولیای لەسەر تەخت دانا. ئینجا بەرەو ڤیيەننا (پایتەختی ئیمپراتۆرییەتی نەمسا) پێشڕەویی کرد و گەمارووی دا، ئەوەندەی نەمابوو ڤیيەننای بکەوێتە بەردەست بەڵام لە ١٥ی تشرینی یەکەمدا ، بەهۆی کەمیی ئازووقەوە، گەمارووەکەی پاشەکشە پێ کرد.

ئەوانەی مێژووی ئەوروپا دەخوێننەوە دان بەوەدا دەنێن، ئەگەر ڤیيەننا بکەوتایەتە دەستی سولەیمانی قانوونی ڕەوتی مێژووی هەر هەموو ئەوروپا، کە بگرە تەنانەت هەموو جیهانیش دەگۆڕا، لە ڕاستیشدا پەرەسەندنی ڕووداوان لە ڕۆهەڵاتدا سەرنجی سوڵتانی لە ئەوروپا وەرگێڕا، ساڵی ١٥٢٤ بە زیادبوونەوەی چالاکیی ئێران لەسەر سنووری ڕۆهەڵاتی تورکیا زانیوە.

لە سەردەمی شا ئیسماعیلی سەفەوییەوە والییەکی ئێرانی حوکمی بەغدای دەکرد و دانی بە جێنشینیەتیی سوڵتانی تورکدا نەدەنا. ساڵی ١٥٢٤ شا تەهماسپی کوڕی شا ئیسماعیل لەسەر تەختی فارس دانیشت و لە سەردەمیدا پێوەندییەکانی تورک و ئێران تا دواڕادە تێک چوو و بەغداش لەژێر حوکمی والیی ئێراندا مایەوە، بەڵام ئەم جارەیان بە هۆی سەرکەوتنی چالاکیی دیپلۆماسیی تورکەکانەوە نێوانی والیی ئێرانی لەگەڵ شایەکەیدا تێک چوو و سوڵتانی تورکی بانگهێشتی بەغدا کرد. شا تەهماسپ لەشکرێکی بەهێزی نارده بەغدا بۆ سزادانی والیی ناپاک، بەوەش کوردەکان جارێکی کە هاتنەوە سەر شانۆ، لەشکری ئێرانی دەبوو بە خاکی کوردان‌دا

تێپەڕێ. بەڵام ئەو لەشکرە سەنگینەی بە چەکی قورسەوە ئامادە کرابوو چەندان تەگەرەی هاتە پێش و کاری لە پێشڕەوییەکەی کرد، بە هۆی هێرش و پەلاماردانی بەردەوامی کوردانەوە، هێزەکانی سوپای ئێرانی ماندوو بوو و کە ئەمەش لە کۆتاییدا لەو کاریگەرییە سەرەکییانە بوو کە بوونە هۆی بەزینەوەی کۆتایی.

هەر لەو کاتەشدا سوڵتان سولەیمان و ئیبراهیم پاشای وەزیری (ساڵی ١٥٣٤) بە دوو لەشکرەوە ئاراستەی بەغدا بوون. لە نیسانی ١٥٣٤ دا شا لەلای بیرەجکەوە لە فورات پەڕییەوە و لە (مانگی مایۆ) گەیشتە دیاربەکر، لەم کاتانەدا ئیبراهیم پاشا پێشڕەویی کردبوو و گەیشتبووە تەورێزی پایتەختی ئیمپراتۆرییەتی سەفەوی کە شا ئەو کاتە چۆڵی کردبوو و بەم جۆرە ئامانجی دوو لەشکرە بە شەڕ هاتووەکە ئەوە بوو بگەنە بەغدا. پێویست بوو بە خاکی کورداندا تێپەڕن کە ئەمەش لە ڕاستیدا یەکەم تاقیکرنەوەی دڵسۆزیی ئاغا کوردەکان بوو لەلایەن هاوپەیمانە تورکەکانیانەوە، کە لەوەتی پەیمانیان لەگەڵ سوڵتان بەستبوو دڵسۆزییان نەخرابووە تاقیکردنەوە.

لە بەغدا والیی ئێرانی بێ ئەوەی بەرگری بکا خۆی بە دەست سوڵتانەوە دا و حوکم بەبێ خوێنڕشتن و بە ڕەزامەندیی دانیشتووانی عەرەب کەوتە دەست تورکەکان. مێژوونووسە هاوچەرخەکان کۆڕەوی چوونە ناو بەغدای سوڵتانیان (لە نۆڤەمبەری ١٥٣٤ دا) بە درێژی و زۆر بە جوانی باس کردووە. سوڵتان سولەیمانی قانوونی دوو ساڵ لە بەغدا مایەوە، لەم ماوەیەدا چەندان بینای گەورەی بنیات نا و جۆگە و جۆگەلەی هەڵکەند و دامەزراوەی گشتیی دامەزراندن سەرباری دابین ردنی ئاشتی و ڕێکخستنی کارگێڕی، دوای ئەوەی والییەکی تورک و دوو جێگری والی و سەرکردەیەکی سەربازیی لە پاش خۆی دانا، گەڕایەوە ئەستەمبوڵ. لە ماوەی دووسەت ساڵی دواتردا دەبینین مێژوو کوردی وەک گەلێکی سەربەخۆ لە بیر کردووەتەوە، هیچ ناکۆکییەکیش بەهیچ جۆرێک لە نێوانی کورد و (تورک و ئێرانی و عەرەب)دا ڕووی نەداوە. بێگومان کورد، ئەو جیاوازییەی ژینگەی سروشتی دەیسەپێنێ لەوانی تر جوایەز نین، ئەوەی دەیبینین جیاوازیی ناو گەلێکدا کە لە دەشتەکاندا دەژی و یەکێکی تر، کە لە چیاکاندا دەژین. جگە لەوە کوردەکان شانبەشان لەگەڵ عەرەب و فارس و تورکدا بە تەبایی و دۆستانە ژیاون.

## شا عەباسی دووەم (١٥٨٥ – ١٦٢٨)

کێشە لە نێوانی تورک و فارسەکاندا بۆ ماوەی سەت ساڵی تریش درێژەی هەبوو. ساڵی ١٥٨٥ شا عەباسی دووەم چووە سەر تەختی فارس.

شای لاو پڕ بوو لە چالاکی و گەرمی بۆ ئەوەی کەوشەنی شانشینییەکەی فراوانتر بکا و دەست بەسەر دراوسێکانیدا بگرێ. تورکیاش لەوە بەهێزتر بوو مەیدانخوازیی لێ بکا. بۆیە شا بڕیاری هێرشبردنە سەر ڕۆهەڵاتی دا. ئۆێزبەگەکان بەردەوام هێرشیان دەبردە سەر شارە ئێرانییەکانی سەرسنوورەکان، بۆیە شا لەشکرکێشییەکی تەمێکاریی سەرکەوتووی کردە سەر ئۆێزبەگەکانی

ناوەڕاستی ئاسیا. نەک تەنیا لە سەرسنوورەکانی دەرکردن، بگرە بەشێکی زۆری لە وڵاتەکەشیانی دابڕی و ئینجا شا عەباس لە باکوری ڕۆهەڵاتی ئێراندا دەستی بە دابەشکردنی زەوی کرد بەسەر ئەو سەرکردە کوردانەی بەشدارییان لە شەڕی ئوێزبەگییاندا کردبوو. بەم جۆرە هەزاران خێزانی کورد لە کوردستانەوە کۆچیان کرد و لە سنووری باکوری ڕۆهەڵاتی ئێراندا نیشتەجێ بوون، کە ئەمە لای کوردان خۆشەویستی کرد.

دووەم هەنگاوی ژیرانە قایلکردنی میر شەرەفەدینی نووسەر و مێژوونووسی کوردی ناودار بووە، مێژوویەک لەبارەی کوردانەوە بنووسێ و ڕاستییە مێژووییەکان لە بەرژەوەندیی ئێران تۆمار بکا دژبە سوڵتانی تورک. ئامانجیش لەوە ڕاگرتنی ئەو بەیەکداچوونە وردە وردە بوو کە لەناو کورد و تورکاندا بەڕێوە دەچوو، هەروەها وروژاندنی هەستی شانازیی ئاسایی کوردەکان بووە و بەبیرخستنەوەی پێوەندییە کۆنەکەیان بووە بە وڵاتی فارس و ڕۆهەڵاتەوە، بەوەش هەستیان لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی وەردەگێڕێ. بەڵام کتێبی عەشیرەتە کوردەکان کە میر شەرەفەدین بە ناوی (شەرەفنامە)وە نووسیویەتی کتێبێکی بەهادارە و ئەنسیکلۆپیدیایەکی فراوانە، سەرەڕای ئەو کەموکوڕییانەی باسمان لێوە کردن، مێژووی هەموو عەشیرەتە کوردەکان و بنچینە و وردەکاریی هێرش و شەڕەکان و ناوی ئەو ئاغا کوردانەی بەشداریی ئەو شەڕانەیان کردووە بە خۆوە دەگرێ. ئەم کتێبەش بە فارسی نووسراوە و وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کرمانجی.

## نادر قولی خان

لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەمدا ئەفغانەکان بە ئازایی عەشیرەتەکانیان تەختی فارسیان داگیر کرد، ئەمەش بە هۆی ئەو گەندەڵییەی لەناو سەفەوییان بە خۆیاندا بڵاو بووبووەوە و نادر قولی خان کە لە بنەماڵەیەکی مامناوەندیدا هاتووەتە دنیاوە، – سەرکردەی عەشیرەتی ئەفشار بووە ـــ کە بەو هێرش و داگیرکارییانەی ئەنجامی دەدان بووبووە گەورەترین سەرچاوەی ترس و تۆقاندن لە سەردەمی خۆیدا.

لە ١٩ی ئاداری ١٧٣٣ دا نادر قولی خان بە هێزەکانییەوە بە خاکی کورداندا ڕەت بوو بۆ گرتنی بەغدا، کوردەکان بەرگرییەکی توندی سوپای ئەفغانیان کرد، بەوەی کە بەوە ناسراون ڕقیان لە هەموو دەستدرێژیکارێک دەبێتەوە، بەڵام بەرگەی سوپای نادر قولییان نەگرت کە هێزی لەوان پتر بوو، هێزە ئەفغانییەکان ترس و بیمیان لە دڵی کورداندا وروژاند، ئەوەش بە سەربڕینی ژن و منداڵیان و بە بەر خۆیانەوە دانی وەک ئاژەڵی پیاوانیان دوای سووتاندنی خانوو و گوندەکانیان.

لە ١٧ی تەمووزی ١٧٣٣دا نادر قولی خان لەبەر دەروازەکانی بەغدادا بە دەستی تۆپاڵ عوسمان پاشا (عوسمان پاشای شەل)ی سەرکردەی مەزنی تورک بەزی. تیپی سوارە لە سوپای تورکدا هەرهەموو لە کورد پێک هاتبوون. تەنانەت لەناو پیاوان و هێزەکانی تۆپخانەشدا ڕێژەی کوردەکان گەورە بووە. نادر قولی گەلێک سەرسامی پەسنی شەڕی کوردان بووە، بگرە لێشیان

تۆقیوە. تەنانەت فەرمانی بە پاشەکشەی بەرەو ئێران دەرکردووە و دەبوو جارێکی تریش بە وڵاتی کەردانندا ڕەت بێ و بە هەر لایەکدا چووە تۆڵەی لە کوردان کردووەتەوە، سەریانی بڕیوە و لە گوندەکانی کوردانندا لە شێوەی کەلوودا کەڵەکەی کردوون. ئەو دەیگوت کورد لە گورگ دڕندەترن و دەبێ لە ڕووی زەوییەوە بسڕێنەوە.

تۆپاڵ عوسمان پاشای سەرکردەی تورک کەوتووەتە دوای هێزە ئەفغانییە پاشەکشێ کەرەوەکان و لەپڕ نادر قولی لە گوندێکی بچووکدا وەستا کە ناوی لەیلانە و لە دووریی ١٢ میل لە کەرکووکەوە، لە دەشتاییەکی ڕاکشاودایە و وردە وردە بەرەو باکور بەرز دەبێتەوە.

لەو شوێنە زۆر چاکەدا سەرکردەی ئەفغانیی زیرەک لەشکری تورکی هێنایە ئەو زەویی شەڕەی خۆی هەڵی بژارد، لە ٢٦ی تشرینی یەکەم ١٨٣٣ دا شەڕی یەکلاکەرەوە بەرپا بوو بە بەزینی تورکەکان ئەنجام هات و تۆپاڵ عوسمان پاشای سەرکردەی ئازا کوژرا، بەڵام لەبەرئەوەی نادر قولی تەواوێک لە ناوەڕاستی وڵاتی کوردانندا بوو، ئەم سەرکەوتنەی بەکار نەهێنا، بۆیە بڕیاری دا لە پاشەکشێ بەردەوام بێ کەچی دوای دە ساڵ جارێکی تر لە مووسڵ پەیدا بووەوە.

نادر قولی خان سوێندی خواردبوو کورد لەسەر ڕووی ئەم زەوییەدا نەهێڵێ، لەم جارەدا شەڕ بە گەمارۆدانی مووسڵی گرینگترینی شارەکانی کوردستان دەستی پێ کرد (ئەیلوولی ١٧٤٣). دوای توندکردنی گەمارۆ بۆ چەند ڕۆژێک بەپێی پیلانێکی دانراو هێرشی دەست پێ کرد، چەند (لەغم)ێکی تەقاندەوە، دەرووییەک لە شوورەی شاردا کرایەوە، کوردە ئازاکان بە لاشەی کوژراوانی دوژمن

دەستیان بە گرتنەوەی کونەکە کرد و توانییان هێرشبەران پاشەوپاش بگەڕێننەوە دواوە، ئەفغانەکان دەستیان بە ئاگربارانکردنی دەرگەی شار کرد، بەڵام ڕەشەبا دەیگەڕاندنەوە بۆ خۆیان و ئەفغانەکان هەوڵیان دا بەسەر شوورەکاندا سەرکەون، بەڵام کوردەکان بۆیان لە بۆسەدا بوون و هەر سەربازێکی ئەفغانییان دەقۆزتەوە کە بەسەر شوورەدا سەردەکەوت و سەریان دەبڕین، بەم جۆرە سەری سەربازە ئەفغانییەکان بەسەر هاوڕێیانی ژێر شوورەیاندا بەر دەبووەوە.

ئەم شەڕە سەختە بەردەوام بوو، هەر لایە و هەوڵی لەناوبردنی ئەوی تری دەکرد، لە کۆتاییدا کوردەکان لە گرتنەوەی کەلەبەرەکاندا سەرکەوتن و چاکیان کردنەوە. بەمەش نادر قولی خان، دوای ئەوەی بەرگرییەکی پاڵەوانانەی لەلایەن کوردەکانەوە ڕووبەڕوو بووەوە، ناچاربوو بکشێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی.

## کەریم خانی زەند (١٧٥١ – ١٧٧٩)

دوای بەسەرچوونی هێرشی ئەفغانی بۆ فارس کێشەیەکی نوێ لەناو دوو عەشیرەتی قاجار و بەختیاریدا بەرپا بوو. ساڵی ١٧٥٠ مەردان خانی سەرکردەی عەشیرەتی بەختیاری خۆی بە

جێگری تەختی ئیمپراتۆرییەت دانا و کەریم خانی زەندیش چووە پاڵییەوە کە لەو سەردەمەدا بووە سەرکردەیەکی بێ ڕەقیبی عەشیرەتە کوردەکان و لوڕستانییەکانی باشووری ڕۆئاوای ئێران.

مەردان خان و کەریم خانی زەند لە ماوەی سالآنی ڕابردوودا پەیمانیان بەست و هێرشبەرە ئەفغانییەکانیان دایە دواوە. بەڵام ئەوەندەی نەبرد لەسەر دەسەڵات ناکۆکی کەوتە ناویانەوە. سوپای بەهێزی کوردەکان لە پشت کەریم خانی زەندەوە بوو، بەوەش تا کۆتاییی تەمەنی بووە تاکە جێگرەوەی تەختی پاشایی.

کەریم خان شیرازی باشووری فارسی کردە بنکەی فەرمانڕەواییی خۆی. ئەوەی شایەنی باس بێ ئەوەیە کە ناوچەکە لانکەی هەردوو بنەماڵەی هەخامەنشی و ساسانییانیش بووە.

کەریم خان شەڕی دوو دوژمنی کرد و بە هونەری ئەو سوارچاکانەیەوە کە لە سوارچاکە لوڕەکان و کوردەکان و بەختیارییەکان و عەرەبەکان پێک هاتبوو و بەزاندنی. بەوەش بۆ ماوەی نێزیکەی بیست ساڵ ئاشتی لە فارسدا بەرقەرار بوو.

دوای مردنی، لوتف عەلی خانی یەک لە سەرکردەکانی عەشیرەتە لوڕستانییەکان چووە سەر تەختی فەرمانڕەوایی، بەڵام بەیتوانی لە بەردەمی عەشیرەتی قاجاردا خۆی ڕابگرێ، کە لە عەشیرەتە تورکمانەکان بوو و تارانی کردبووە بنکە و دەسەڵاتی بەسەر باکوری فارسدا بڵاو کردبووەوە. کەوتە ناو بۆسەیەکی تورکمانان و ڕادەستی ئاغا محەمەد خانی دامەزرێنەری بنەماڵەی قاجار کرا، کە دوای دەرهێنانی چاوەکانی لە کانوونی یەکەمی ١٧٩٤دا کوشتی.

بەڵام هەندێک لە مێژوونووسان بایەخ بەم ماوە کورتەی فەرمانڕەواییی کوردان لە باشووری ئێران نەداوە. بە بۆچوونی ئەوان ئەو سەردەمە تەنیا زیادەڕۆییەکی سەرکەوتوو بووە، کە یەک لە سەرەک عەشیرەتەکان ئەنجامی داوە، بە تایبەتی لە سەردەمی لاواز بوونی حکوومەتی ناوەندیی ئێراندا، بەڵام ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە سەردەمی کەریم خانی زەند و لوتف عەلی خان قومێکی پێویستیان لە ئاشتی بە باشوور و باشووری ڕۆئاوای ئێران داوە، سی ساڵی ڕێک بەردەوام بووە و بووەتە هۆی پێشکەوتنی هەموو وڵات و گەڕاندنەوەی پێوەندییە بازرگانییەکان لەگەڵ عێراق و جیهانە عەرەبییەکەی تردا.

لە بەشی داهاتوودا بایەخی گەورەی باشوور و باشووری ڕۆئاوای ئێران لە سەدەی نۆزدەدا، لە ئەنجامی دۆزینەوەی نەوت لەو ناوچەیەدا دەبینین.

***

# مێژووی
# ساڵانی پاتشایان و پێغەمبەرانی سەر زەوی

حەمزەی کوڕی حەسەنی ئەسفەهانی

بەشی چوارەم

بەشی حەوتەم

## لە باسی مێژووەکانی غەسسانی شایەکانی عەرەبی شامەوەیە

جەفنەییەکان" ئال جەفنە "سەرکارانی قەیسەرەکان بوون بەسەر عەرەبەکانی شامەوە. هەروەک نەسرییەکان " ئال نەسر " سەرکاری کیسراکان بوون بوسور عەرەبی عیراقەوە، بنەچەشیان لە یەمەنەوە لە ئەزدەکان بوون، لەبەرئەوەی ئەزد کە هەستیان بە هەڵچوونەوەی لافاوی " عەریم "[١] کرد و لە لافاو ترسان بڵاوەیان لێ کرد. بەشێکیان بەرەو شام چوون و لە تەک ئاوێک دابەزین پێیان دەگوت " غەسسان " کریانە ئاوی خواردنەوەی خۆیان و ناویان نرا " غەسسان ". ئینجا سەعلەبەی کوڕی عەمری غەسسانی بردیانییە دەشتی شام کە شایەکانی لەلایەن قەیسەرەکانەوەی لێ بوون.

سولەیحی کوڕی حولوان:

کاتێ غەسسان لە تەک سولەیحی کوڕی حولوانەوە دابەزین باجیان بەسەردا سەپاندن، ئەوەی کە وەرگرتنی باجی درابووە دەست سەبیتی کوڕی سەعلەبەی کوڕی عەمری کوڕی عەوفی کوڕی زەجعەمی کوڕی خەماتە بوو. سەبیت چووە سەر سەعلەبەی کوڕی عەمر بۆ لێ وەرگرتنی باج، بەڵام ئەو داوای دواخستنی لێ کرد، گوتی: باجەکەم زوو بدەرێ دەنا کەسوکارەکانت دەبەم،

..........................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

سەعلەبە کابرایەکی سەلار بوو گوتی تۆ کەست هەن بە باجەکە دەردت لاببا؟ گوتی: بەڵێ، گوتی: برۆ جزعی کوڕی عەمر ببە کە برامە. جزع کابرایەکی دڕ بوو، سەبیت هات و ئەمیشی بەو شێوەیە دواند کە سەعلەبەی دەدواند، دەست بە شمشێرێکی زێڕین بۆی دەرکەوت و گوتی: گوتی ئەمەت لە بری مافەکەت بدەمێ تا باجت بۆ خڕ دەکەمەوە؟ گوتی: بەڵێ. گوتی بگرە! سەبیتیش جەفن (کێلان)ی شمشێرەکەی گرت و جزع تیغەکەی لێ دەرهانی و لێی دا تا ساردی کردەوە. ئیدی گوترا: ئەوە لە جزع وەربگرە کە دەتداتێ لێی. ئەمەش بووە پەند. شەڕ کەوتە ناو سولەیح و غەسسان، غەسسان سولەیحی لە شامەوە دەرپەڕاند و خۆیان بوون بە شا، خوا هەر خۆی ڕاستییەکان باشتر دەزانێ.

جوفنەی کوڕی عەمر:

ئەوەی یەکەم کەسی غەسسانییان بووە شا جەفنەی کوڕی عەمری مزیقیای کوڕی عامری مائوسسەمای کوڕی حاریسەی غتریفی کوڕی ئومروئولقەیس ئەلبیتریقی کوڕی سەعلەبەی کوڕی ماونی کوڕی ئەلئەزدی کوڕی غەوس. وەک ئەزد دەڵێن عەمر بۆیە بە مزیقیا ناو براوە، لەبەرئەوەی هەر ڕۆژێکی لە سالانی شاهێتیی دوو بەرگی دەدڕاندن بۆ ئەوەی کەسی جگە لە خۆی لەبەریان نەکا، بۆیە مزیقیای پێ گوترا، منداڵەکانیشیان بە " مەزاقییە " ناو نران، ئەمە قسەیەکە، هەروەها دەڵێن: بۆیە ناونرا مزیقیا، چونکە لە سەردەمیدا ئەزد پارچە پارچە بووە کە لە دەس سێلاوی " عەریم " هەڵاتن، عەرەبیش پەرت بوونی ئەزدیان لە خاکی سەبەئەوە کردە پەندی پێشینان و دەڵێن، فڵانەگەل وەک سەبەئییان پەرتبوونەوە. (ذهبت بنو فلان أيادي سبأ). هەروەها دەڵێن سێلاوی عەریم چوارسەت ساڵ بەر لە دەوڵەتی ئیسلامەوە بووە. عامیریش بۆیە بە مائوسسەما (ئاوی ئاسمان) ناو برا، چونکە ئەزدییەکان تووشی نەهاتی و برسێتی بوون، ئەم تا باران بارین تێری نەخوارد، بۆیە گوتیان: عامر بۆ ئێمە لە جیاتی ئاوی ئاسمانە " واتە: باران ". ئەوەی کە کردیشی بە شا بەسەر عەرەبی شامەوە، شایەک بوو لە شایەکانی ڕۆم کە ناوی (نەستۆروس) بووە. کاتێک جەفنە بووە شا، شایەکانی قوزاعەی سولەیحییانی کوشت کە ناویان زەجاعیمە بوو. قوزاعە و ئەو ڕۆمانەی لە شام بوون چوونە ژێر فەرمانی و جوللەق و قەریە و چەند شوێنێکی تری بنیات نا و مرد. چل و پێنج ساڵ و سێ مانگ فەرمانڕەوایی کردووە.

عەمری کوڕی جەفنە:

دوای ئەو عەمری کوڕی جەفنە پێنج ساڵ فەرمانڕەوایی کرد و دێرەکانی: حالی و ئەییووب و هەنادی بنیات نا.

سەعلەبەی کوڕی عەمر:

دوای ئەو کوڕەکەی، سەعلەبەی کوڕی عەمری کوڕی جەفنە فەرمانڕەوایی کرد و " عەققە " و

کۆشکی غەدیری لە دەوروبەری حۆرانی ئەولای بەلقا، سالانی فەرمانڕەواییی حەڤدە سالّ بووە.

حارسی کوڕی سەعلەبە:

دوای ئەو کوڕەکەی، حارسی کوڕی سەعلەبە بیست سالّی فەرمانڕەوایی کرد و هیچی بنیات نەنا.

جیبیلەی کوڕی حارس:

دوای ئەو کوڕەکەی، جیبیلەی کوڕی حارس دە سالّ فەرمانڕەوایی کرد و لەو ماوەیەدا، قەناتر (واتە: کۆمەڵە پرد) و ئەدرەج و قەستەڵی بنیات نا.

حارسی کوڕی جیبیلە:

دوای ئەو کوڕەکەی، حارسی کوڕی جیبیلە فەرمانڕەوایی کرد کە مارییەی زاتولقیرتەین (واتە: مارییەی خاوەنی جووتە گوارە)ی کچی عەمری کوڕی جەفنە دایکی بووە، لە بەلقا دانیشتووە و حەفیر و مەسنەعەی نێوانی دەعجان و کۆشکی ئوبەیر و مەعانی بنیات ناوە و فەرمانڕەواییی دە سالّ بووە.

مونزیری کوڕی حاریس:

دوای ئەو کوڕەکەی: مونزیری گەورەی کوڕی حاریسی کوڕی مارییە بووە شا و حەرب و ڕزقی نێزیک غەدیری بنیات نا و سێ سالّ فەرمانڕەوایی کردووە.

نوعمانی کوڕی حاریس:

دوای ئەو براکەی، نوعمانی کوڕی حاریسی کوڕی مارییە بووە شا و مرد، فەرمانڕەواییەکەشی پازدە سالّ و شەس هەیڤان بووە.

مونزیری کوڕی حاریس:

دوای ئەو براکەی، مونزیری گچکە، ئەبوشیمری کوڕی حاریسی کوڕی مارییە بووە شا، ئینجا مرد، فەرمانڕەواییەکەی سێزدە سالّ بوو، خوا هەر خۆی باشتر دەزانێ.

جیبیلەی کوڕی حاریس:

دوای ئەو براکەی، جیبیلەی کوڕی حاریسی کوڕی مارییە بووە شا، ماڵەکەشی لە حارب بوو، کۆشکی حارب و موحارب و مەنیعەی بنیات نا و ئینجا مرد، فەرمانڕەواییەکەی سی و چوار سالّ بووە.

هەوالنامەی کتێب

ئەلئەیهەمی کوڕی حاریس:

ئینجا ئەلئەیهەمی کوڕی حاریسی کوڕی مارییە بۆ ماوەی سێ ساڵ بووە شا، دێرەکانی: زەخم و نوبووە و سەعفی بنیات نا، ئینجا مرد.

عەمری کوڕی حاریس:

ئینجا لە دوای ئەو براکەی، عەمری کوڕی حاریسی کوڕی مارییە بووە شا، لە سەدیر نیشتەجێ بوو و کۆشکی فەزای بنیات نا، هەروەها سەفاتولعەجەلات و کۆشکی مەناری بنیات نا و ئینجا مرد، فەرمانڕەواییەکەشی بیست و شەش ساڵ و دوو مانگ بووە.

جەفنەی گچکە:

دوای ئەو جەفنەی گچکە " موحەڕەق " ی کوڕی مونزیری کوڕی حاریسی کوڕی مارییەی بووە شا، ئەمەش ئەوەیە کە حیرەی سووتاندووە و ئال موحەڕەق " موحەڕەقییەکان " بەمەوە ناونراون، لەم بارەیەشەوە عەدیی کوڕی زەید ڕووی دەمی لە نوعمانی کوڕی مونزیر کردووە و دەڵێ:

سما صقر فأشعل جانبيها وألهاك المـــروح والغـــريب

فبتن لـدي الثـوية ملـجمات فصـيحن العباد و هـن سيب

واتە:

هەڵۆیەک بەرز بووەوە و هەردوو لای شڵەژاند، ئەوانەی چوون و دوور کەوتنەوەش خەریکیان کردی

ئەمەش گەڕیدە و گەڕۆک بووە، ئینجا مردووە، فەرمانڕەواییەکەشی سی ساڵ بووە. خوا خۆی باشتری دەزانێ.

نوعمانی کوڕی مونزیر:

دوای ئەویش نوعمانی گچکەی کوڕی مونزیری گەورەی کوڕی حاریسی کوڕی مارییە ساڵێک فەرمانڕەوایی کرد، هیچی بنیات نەناوە.

نوعمانی کوڕی عەمر:

دوای ئەو نوعمانی کوڕی عەمری کوڕی مونزیر بوو بە شا، کۆشکی سوەیدا و کۆشکی حاربی بنیات نا، عەمری باوکی فەرمانڕەوایی نەکرد، بەڵام هێرشی لەشکرکێشییانەی دەکرد، ئەمەش ئەوەیە کە (نابیغە) بە شیعر پێیدا هەڵداوە و دەڵێ:

علي لعمرو نعمة بعد نعمة لوالده ليست بذات عقارب

له نیو دێره شیعریشدا باسی مونزیری باوکی کردووه و دەڵێ:

وقصر لصيداء التى عند حارب

شاهێتییەکەشی بیست و حەوت ساڵ بووه.

جیبیلەی کوڕی نوعمان:

ئینجا کوڕی ئەو، جیبیلەی کوڕی نوعمان بوو بە شا، ماڵی لە سەفین بووه، ئەمەش خاوەنی (عەین ئەباغ) بووه و بکوژی مونزیری کوڕی مائوسسەما. فەرمانڕەواییەکەشی شازدە ساڵ بووه.

نوعمانی کوڕی ئەیهەم:

دوای ئەو نوعمانی کوڕی ئەیهەمی کوڕی حاریسی کوڕی مارییە بووه شا، هیچ ڕووی نەدا ئینجا مرد، فەرمانڕەوایی بیست و یەک ساڵ بووه.

حاریسی کوڕی ئەیهەم:

دوای ئەو براکەی، حاریسی کوڕی ئەیهەم بووه شا، هیچ ڕووی نەدا و ئینجا مرد. فەرمانڕەواییەکەی بیست و دوو ساڵ و پێنج مانگ بووه.

نوعمانی کوڕی حاریس:

ئینجا دوای ئەو نوعمانی کوڕی حاریس بووه شا، کۆگە ئاوەکانی ڕەسافەی چاک کردەوە کە هەندێک لە شاهەکانی لەخم تێکیانیان دابوو، فەرمانڕەوایی هەژدە ساڵ بووه.

مونزیری کوڕی نوعمان:

دوای ئەو کوڕەکەی، مونزیری کوڕی نوعمان بووه شا، هیچ شتێک ڕووی نەدا ئینجا مرد، بەرمانڕەواییەکەی نۆزدە ساڵ بووه.

عەمری کوڕی نوعمان:

دوای ئەو براکەی، عەمری کوڕی نوعمان و هیچ ڕووی نەدا ئینجا مرد، شاهێتییەکەشی سی و سێ ساڵ و چوار مانگ بووه.

حەجەری کوڕی نوعمان:

ئینجا دوای ئەو براکەی، حەجەری کوڕی نوعمان بوو بە شا، فەرمانڕەواییەکەی دوازدە ساڵ بووه.



هەولێرنامەی کتێب

حاریسی کوڕی حەجەر:

ئینجا دوای ئەو کوڕەکەی، حتریسی کوڕی حەجەر بووە شا، فەرمانڕەواییەکەی بیست و شەش ساڵ بووە.

جیبیلەی کوڕی حاریس:

ئینجا جیبیلەی کوڕی حاریس حەڤدە ساڵ و یەک مانگ فەرمانڕەوایەتیی کرد.

حاریسی کوڕی جیبیلە:

ئینجا کوڕەکەی ئەو، حاریسی کوڕی جیبیلە بووە شا، کە حاریسی کوڕی ئەبی شیمریشی پێ دەڵێن، ئەمەش ئەوەیە کە " کۆستی کینانییان " ی خست، لە جانبییە دادەنیشت، فەرمانڕەوایی بیست و یەک ساڵ و پێنج هەیڤان بووە. خوا هەر خۆی ڕاستتر دەزانێ.

نوعمانی کوڕی حاریس:

ئینجا کوڕی ئەو، نوعمانی کوڕی حاریس بووە شا، ناوبانگی ئەبوو کەریبە و نازناوی قوتامە. ئەو شوێنەی بنیات نا کە بەسەر کەندەڵانی لاپەڕدا دەیڕوانی و نابیغە لە لاواندنەوەیەکیدا دەڵێ:

بکی حارث الجولان من فقد ربه     و جوران منه خاشع متضائل

واتە:

فەرمانڕەواییەکەشی سی و حەوت ساڵ و سێ مانگ بووە. هەر خۆی چاکتری دەزانێ.

ئەیهەمی کوڕی جیبیلە:

دوای ئەو ئەیهەمی کوڕی جیبیلەی کوڕی حاریسی کوڕی ئەبی شیمر، بیست و حەفت ساڵ و دوو مانگ بووە شا، ئەمەش خاوەنی تەدمور و کۆشکی بەرەکە و زات ئەنمار و ئەو شوێنەی ناو دوو گۆڕان: جیسر و عامیلە، نابیغە لە بارەیەوە دەڵێ:

ضلت حلومهم عنهم و عزهم     سن المعيدي في رعي و تغريب

مونزیری کوڕی جیبیلە:

ئینجا دوای ئەو برای ئەو، مونزیری کوڕی جیبیلە سیازدە ساڵ شا بوو. هەر خۆی دەزانێ.

شەڕاحیلی کوڕی جیبیلە:

ئینجا برای ئەو، شەڕاحیلی کوڕی جیبیلە بیست و پێنج ساڵ و سێ مانگ بووە بە شا.

عەمری کوڕی جیبیلە:

ئینجا دوای ئەو براکەی، عەمری کوڕی جیبیلە دە ساڵ و دوو مانگ شاهێتیی کردووە.

جیبیلەی کوڕی حاریس:

ئینجا دوای ئەو برازاکەی، جیبیلەی کوڕی حاریسی کوڕی ئەبی شیمر چوار ساڵ بووە شا، ئەمەندەمان زانی زانیاریش لە کن خوایە.

جیبیلەی کوڕی ئەیهەم:

ئینجا دوای ئەو جیبیلەی کوڕی ئەیهەمی کوڕی جیبیلەی کوڕی حاریسی کوڕی مارییە و ئەمیش دوا شایەکانی غەسسانە سێ ساڵ بووەتە شا. ئەمەش ئەوەیە کە بووەتە موسڵمان و ئینجا بووە خرستیان و پەنای بردە بەر ڕۆم.

هەموو شایەکانی (بەنی جەفنە) کە لە (غەسسانیان)ن، سی و دوو شان، ماوەی شەشسەت و شازدە ساڵ لە فەرمانڕەوایەتییاندا ماونەتەوە.

***

## بەشی هەشتەم

## لە باسی مێژووەکانی (حیمیەر)ی شایەکانی عەرەبی یەمەن

یەعروبی کوڕی قەحتان لەگەڵ منداڵەکانی چوونەتە یەمەن و لێی نیشتەجێ بوون، ئەمەش یەکەم کەسە بە زمانی عەرەبی گۆی کردووە. هەروەها یەکەم کەسیشە کوڕەکانی بە سڵاوی شاهانە سڵاویان لێ کردووە، کە پێی گوتراوە: ئەبەیتەللەعن" أبیت اللعن " واتە: تۆ کارێکی وەهات نەکردووە نەفرەتت لێ بکرێ – و بەیانیت شاد، یەمەنییەکان گشتیان لە نەوەی ئەون، یەعروبی کوڕی قەحتان یەشجیبی بوو، یەشجیب سەبەئی کوڕی یەشجیبی بوو و شایەکان لە نەوەی ئەون، بۆیە سەبەئیشی ناو نرا، لەبەرئەوەی یەکەم کەس بووە لە نەوەکانی قەحتان (سەبی)ی کردووە (واتە: یەکەم کەس بووە، خەڵکی بە دیل گرتووە)، ئەمەش گێرانەوەیەکە یەمەنییەکان لە سەرەتای مێژووویانەوە گێڕاویانەتەوە.

لە هەواڵەیلێکم خوێندووەتەوە کە هەیتەمی کوڕی عەدیی داویەتە پاڵ عەباس، کە عەرەبی عارییە لە شیرەمەوە نووسراوەتەوە، عەرەبی عارییەش دە کەس بوون: عاد و تەموود و تەسم و جەدیس و عەمالیق و عەبیل و ئومەیم و وەباری ڕەهت و جاسم و قەحتان. ئەم تیپانە مێژوو بە ساڵانی ئێرەم دەنووسنەوە تاکو یەک بە دوای یەکدا هەموو لەناو چوون. پاشماوەیەکی کەمیان لێ جێ ما، دەمێک لە ڕۆژگاران لەسەر ئەم مێژووە ڕۆیشتن کە پێیان دەگوترا " ئەرمان " تا ئەردەوانی شای نەبەتییان لەگەڵیاندا جەنگی، کە لە کۆتاییەکانی ڕۆژگاری ئەشکانییاندا بووە، ئەوساکە ئەردەشیری کوڕی بابەکی شای فارس دوایان کەوت و هەردوو لای لی ناو بردن.

لە هەواڵەیلێکیشم خوێندووەتەوە عیسای کوڕی داب گێڕاویەتەوە کە لە سەردەمی " جەم " ی

شای فارسدا هوود بۆ عاد و سالّح بۆ تەموود نێرراوە، لە سەردەمی فەرەیدوونیشدا ئیبراهیم (دروودی لێ بێ) نێرراوە، لە سەردەمی مەنووچیهریشدا مووسا (دروودی لێ بێ) نێرراوە. کە شای یەمەن لە سەردەمی ئەودا شیمری کوڕی ئەملووک بووە، کە گوێڕایەڵی مەنووچیهر بوو، ئینجا کوڕەکەی لە گوێڕایەڵیی شای فارسدا پێڕەویی ڕێچکەی ئەوی کرد، شاری زەفاری یەمەنی بنیات نا و هەرچی عەمالیق ــ هەبوو لە یەمەن دەری کردن.

لە سەردەمی کەیقوباددا، نەوەی قەحتان شانشینییان لە خاکی یەمەندا دامەزراند، عەبدشەمیی کوڕی یەشجیبی کوڕی یەعروبی کوڕی قەحتانان بە سەریانەوە کردە شا، بەسەر شارەکانی یەمەن و دەوروبەرییاندا ڕاگەیی و بە دوای پاشماوەکانی عاددا چوو، کەسێکی لێیان لەسەر خاکی یەمەندا نەهێشتەوە بە دیلی نەگرێ و نەیکاتە بەندە، بۆیە ناو نرا سەبەء (سبأ). ناشزانم " ئیبن داب "چۆن لەگەڵ زمانی عەرەبیدا هەڵسوکەوتی کردووە، لەبەرئەوەی (سەبی) هەمزەی لەسەر نییە و " سەبەء " هەمزەی لە سەرە. بەڵام ئیبن داب نموونەی لای ڕەچەڵەکناسان کەس بوونی هەیە، کە دەڵێن " عەیرەتی " تەی " بۆیە ناو نران تەی چونکە یەکەم کەس بوون چوونە سەر، سەرچاوە ئاوییەکان. منیش خۆم لەم دوو وشەیە بە دوور دادەنێم. هەر خۆی چاکتر و باشتری دەزانێ.

حیمیەری کوڕی سەبا:

یەکەم کەس لە کوڕانی قەحتان بوو بە شا حیمیەری کوڕی سەبا بووە، بە شاهێتی ماوەتەوە تا بە پیری مرد و دوای خۆی شاهێتی بۆ کوڕەکانی ماوەتەوە، شای یەمەن تا بەسەرچوونی چەند سەدەیەک دەنگی لەگەڵدا نەکردن و فەرمانڕەوایی کەوتە دەست حاریسی کوڕی ڕایش کە یەکەم " توببەع " بووە. ئەوەی پێش ڕایش فەرمانڕەوایی کردووە دووانن: شایەک لە سەبا و شایەک لە حەزرەمۆت، هەموو یەمەنییەکان دوایان نەدەکەوتن تا ڕایش بوو بە شا، لێی گرد بوونەوە و دوای کەوتن و ناوی " توببەع = واتا شوێ کەوتوو " و فەرمانڕەواییەکەی سەت و پەنجا ساڵ بووە.

حاریسی کوڕی ڕایش:

ئەمەش حاریسی کوڕی قەیسی کوڕی سەیفیی کوڕی سەبەئی گچکەی حیمیەرییە. ڕایش یەکەم کەس بووە هێرشی بردووەتە سەریان و تالانییەکی زۆری بردووە و چووەتەوە خاکی یەمەن و لە سەردەمی ئەودا حیمیەر پۆشتە بوون و هەر بەخۆشی پۆشتەی کردن، بۆیە پێی گوترا " ڕایش = واتە ئەوەی پۆشتە دەکا " . لە نێوانی ڕایش و حیمیەردا پازدە باب " باوک و باپیر " هەن. لە سەردەمیشیدا لوقمانی کوڕی عادی خاوەنی کورکە باز " نسر "، دوورترین شوێنەوارێکی ڕایش لە هێرشەکانیدا لە هیندستاندا بووە، دواتر هێرشی بردووەتە سەر تورکی ئازەربایجان و شەڕوانانی کوشت و نەوەکانی بە دیل گرتن، فەرمانڕەواییەکەی سەت و بیست و پێنج ساڵ بووە.

ئەبرەهەی زولەنار:

ئینجا ئەبرەهەی زولەناری کوڕی حاریسی ڕایش فەرمانڕەوایی کردووە، بۆیەش پێیان گوتووە " زولەنار " چونکە یەکەم کەس بووە لە ڕێگە و هێرشەکانیدا منارەی داناوە بۆ ئەوەی لە گەڕانەوەدا ڕێنوێنییان پێوە بکا،(٢) ماوەی شاهێتییەکەشی سەت و هەشتا و سێ ساڵ بووە.

ئیفریقیسی کوڕی ئەبرەهە:

ئینجا ئیفریقیسی کوڕی ئەبرەهەی کوڕی ڕایش بووەتە شا و هێرشی بردووەتە سەر خاکی ڕۆئاوا بە نـــــیازی بەربەر،(٣) لەوێ شارێکی ئیفریقیی بە ناوی خۆیەوە بنیات نا و لەو وڵاتەدا " مەغارِ "ی بۆ ئەودیوی ئاوەدانی دوور خستەوە. فەرمانڕەواییشی سەت و شەست و چوار ساڵ بووە.

ئەلعەبد زولئەزعار:

ئینجا براکەی، ئەلعەبد زولەغاری کوڕی ئەبرەهە بووە شا، کە هەر لە ژیانی باوکیدا پەلاماری وڵاتی (نەسناس)ی داوە و فەرمانڕەواییشی بیست و پێنج ساڵ بووە.

هەدای کوڕی شەڕاحیل:

ئینجا هەدادی کوڕی شەڕاحیلی بابی بەلقیس بوو بە شا، کە فەرمانڕەوایی حەفتا و پێنج ساڵ بووە. هیچی بنیات نەناوە.

بەلقیسی کچی هەداد:

ئینجا بەلقیسی کچی هەداد بوو بە شا، بیست ساڵ لە یەمەندا بە شاهێتی مایەوە، ئینجا شووی بە سولەیمانی کوڕی داود کرد (درووودیان لێ بێ)، کە بردییە فەڵەستین. حیمیەرییان دەڵێن کە بەلقیس بوو بە شا لە خاکی سەبەئدا ئەو بەنداوەی بنیات ناوە کە عەریمی پێ دەڵێن. ئەوەش پێش شایەکانی (تەبابیعە = توببەعییان)ەوە بووە و لەمەشدا گشت یەمەنییەکان بۆچوونیان جودایە، ئەمان گوتوویانە عەریم " لەقمانەکەی تری کوڕی عاد " بنیاتی ناوە و ڕۆژگار تێکی داوە، کە بەلقیس بووەتە شا، ئەوەی نۆژەن دەکرایەوە نۆژەنی کردەوە. دەڵێن: عەریم دوای بەلقیس ماوەتەوە تا سێلاوی عەریم تێکی داوە، ئەمەش بەر لە هاتنی دەوڵەتی ئیسلامەوە بە چوارسەت ساڵ بووە، هەر بە خۆیشی ڕاستیی کارەکان دەزانێ.

ناشر یەنعوم:

ئینجا دوای بەلقیس ناشری کوڕی شەڕاحیلی مامی بووەتە شای یەمەن و بۆیەش بە (یەنعوم) ناونراوە، چونکە بە فەرمانی شا بەخشیشی بە خەڵکی داوە بە مەرجێک دوای خۆی بیاندەنەوە و فەرمانڕەواییەکەشی هەشتا و پێنج ساڵ بووە و هەر خۆی چاکتری دەزانێ.

شیمر یەرعیش:

ئینجا یەرعیش ئەبو کەریبی کوڕی ئیفریقیسی کوڕی ئەبرەهەی کوڕی ڕایش بووەتە شا، بۆیەش " یەرعیش = واتە دەلەرزێ " یان پێ گوتووە، چونکە لەرزەیەکی هەبووە، هەواڵگێڕەوانی یەمەن زیادەڕەوی لە کار و پاشماوەکانیدا دەکەن، دەڵێن: " زالقەرنەین " یان پێ گوتووە، ئەمەش نازناوی ئەمە نەک ئەسکەندەری ڕۆمی " ئەسکەندەری گەورەی مەکدۆنی "،[٤] کە دوور ڕۆیشتنی لەشکرکێشی و هێرشەکانی ئەسکەندەر بە دووررۆیشتنی هێرشەکانی شیمر دەچوو، هەواڵگێڕەوانی سەرەتای ئیسلام بەم نازناوە بە هەڵەدا چوون و نازناوەکەیان لە ئەسکەندەر نا. گوتیان: بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە کە زوو " ذو " وشەیەکی پەیڤینی عەرەبە نەک لە قسەی ڕۆم، کە بەراییی نازناوەکانی شایەلی یەمەنە کە ئەمانەن: زوو نوئاس و زوو کەلاع و زوو جەدن و زوو یەزین و هی تر کە ئێرە شوێنی ئەوە نییە. بەڵکە بۆیە بە " زالقەرنەین " ناوبراوە، چونکە دوو کەزییەی لەسەر شانیدا دەهاتنە خوارێ. دووررەویی هێرشەکان گەیشتووەتە ئەوەی پەلاماری ڕۆهەڵاتی داوە، کە ولاتەیلی خوراسانی هەراسان کردووە و شوورەی شاری (سوغد)ی ڕووخاندووە، دواتر بە شاریان گوتووە: (شیمر کەند)، واتە شیمر ڕووخاندی، ئینجا وشەکە بە عەرەب کرا و پێی گوترا "سەمەرقەند".[٥] لە نووسراوی کتێبێکی بە حیمیەریدا بینراوە لە سەرەتاکەیدا دەڵێ: " بە ناوی خودا: شیمر یەرعیش ئەمەی بۆ خانمی خۆر بنیات ناوە ". هەندێک گێڕەوەش گوتوویانە: شیمر لە سەردەمی گوشتاسبدا بووە، هەندێکی تریش گوتوویانە بەر لەو بووە و ڕۆستەمی کوڕی دەستان کوشتوویەتی و فەرمانڕەواییەکەی سی و حەوت ساڵ بووە.

ئەبومالیک:

ئینجا دوای ئەو کوڕەکەی، ئەبومالیک بوو بە شا، ئەمەش ئەوەیە کە (ئەعشا)ی شاعیر لەبارەیەوە گوتوویەتی:

وخان النعیم ابا مالک　　وای امرئ لم یخنه الزمن

خۆشی ناپاکیی لەگەڵ ئەبا مالیک کرد، بەڵام کام مرۆ ڕۆژگار ناپاکیی لەگەڵدا نەکردووە؟

ئەلئەقرەنی کوڕی ئەبی مالیک:

ئینجا ئەلئەقرەن[٦]ی کوڕی ئەبی مالیک، کە توببەعی دووەمە، لە سەردەمی بێهمەنی کوڕی ئەسفەندیاری کوڕی گوشتاسبدا بۆ ماوەی پەنجا و سێ ساڵ بوو بە شا و خوا هەر خۆی باشتر دەزانێ.

زووجەیشانی کوڕی ئەلئەقرەن:

ئینجا زووجەیشانی کوڕی ئەلئەقرەنی کوڕی ئەبی مالیک لە سەردەمی دارای کوڕی دارای

کوڕی بێهمەن و دوای ئەویش حەفتا ساڵ فەرمانڕەوانیی کردووە. ئەمەش ئەوەیە کە کۆستی تەسم و جەدیسی لە یەمامەدا خستووە، ئەمەش بەر لە شاهێتیی ئەسکەندەر بووە. لە عومان و بەحرەین و یەمامەدا خەڵکێکی زۆر تەسم و جەدیس و هی تر هەبوون، تەن و خەونیان هەبوو و حەوت عەشیرەت بوون هەر عەشیرەتە و وەک ڕەبیعە و موزەڕ بوون ئەمانەش: عاد و تەموود و سەحار و جاسم و وەبار و تەسم و جەدیس بوون. هەموو لەناوچوون تەنیا پاشماوەی تەسم و جەدیس تا سەردەمی زی جەیشان مابوون، زووجەیشان ئەمانەشی لە ناو برد، ئەعشای شاعیر لەم بارەیەوە گوتوویەتی:

ألم تروا إرما وعادا     أفناهم الليل والنهار
وانقرضت بعدهم ثمود     بما جنى فيهم قدار
وجاسم بعدها وطسم     قد اوحشت منهم الديار
وحل بالحي من جديس     يوم من الشر مستطار
ومر دهر على صحار     فهلكت جهره صحار
ومتعت بعدهم وبار     ولا صحار ولا وبار
بادوا وخلوا رسوم دار     فاستوطنت بعدهم نزار
كان لهم سؤدد وحلم     وتجده شانها وقار
اخنت عليهم صروف     دهر له على اهله عثار

ئەوانەی دوای زی جەیشانیشن لە ڕۆژگاری ئەسکەندەردا بوونەتە شا کە ئەمەش سەردەمی نەزری کوڕی کینانەیە.

توببەعی کوڕی ئەلئەقرەنی کوڕی شیمر:

ئینجا توببەعی کوڕی ئەلئەقرەنی کوڕی شیمر یەرعیش بوو بە شا، کە توببەعی یەکەمە، سەت و شەست و سێ ساڵ فەرمانڕەوایی کرد.

کەلی کەریبی کوڕی توببەع:

ئینجا کوڕەکەی، کەلیکەریبی کوڕی توببەع سی و پێنج ساڵان فەرمانڕەواییی کردووە و هەر خۆی چاکتر دەزانێ.

ئەسعەد ئەبوکەریب:

دوای ئەو کوڕەکەی، ئەسعەد ئەبو کەریبوو بە شا، ئەمەش توببەعی مامناوەندییە، پاڵەپەستۆ قورس و زۆر هێرش بوو، حیمیەرییەکان کوشتوویانە، پێیان گران بوو کە لە هێرشەکانیدا لێی وەردەگرتن، بۆیە داوایان لە حەسسانی کوڕی توببەع کرد هاوکارییان لەگەڵ بکا و بیکوژن و ئەم

بکەنە شا، ڕەتی کردنەوە و کوشتیان ئینجا پەشیمان بوونەوە و لە ناوەخۆیاندا تووشی ناکۆکی بوون دوای ئەم کێ بکەنە شا، پێویستی ناچاری کردن حەسسانی کوڕی بکەنە شا، هەندێک لە یەمەنییان دەڵێن: ئەم توببەعییەیە کە لە قورئاندا باس کراوە و باسی بە بەدکاری نەکراوە، بگرە قەومەکەی بە خراپە باس کراوە. گوتوویانە: هەروەک لە فارسەکاندا شا هەبووە پێیان گوتراوە شایەکانی تایەفەکان کە ئەسکەندەر دای مەزراندبوونی، هەروەها لە یەمەنیشدا تایەفەگەل هەبوون ئەسکەندەر دایانب نابوو، پێیان دەگوترا ئەقیالەکان " الاقیال " و " زەوون "، هەر وەک ئەردەشیر بە سەر تایەفەکانی فورسدا سەرکەوت ئەسعەدی کوڕی عەمریش بەسەر ئەو تایەفانەی یەمەندا سەرکەوت کە ئەقیال و زەوونیان پێ دەگوترا و فەرمانڕەواییەکەی سەت و بیست ساڵ بووە، هەر خۆی باشتری دەزانێ.

حەسسانی کوڕی توببەع:

ئینجا حەسسانی کوڕی توببەعی کوڕی ئەو بوو بە شل، ئەمەش ئەوەیە کە چووە سەر جەدیس لە یەمامەدا و لە ناوی بردن، کە حەسسانی کوڕی توببەع دوای یەک بە یەکی بکوژانی باوکیدا کەوتبوو دەیکوشتن تا ڕقیان لێی بووەوە و چوونە لای عەمری کوڕی توببەعی برای و بەڵێنی کردنە شای دوای کوشتنی براکەیان دایێ، تەنیا پیاوێک لە خانەدانانیان نەبێ پێیان دەگوت " زوو ڕەعین"، کە هۆشداریی دا پێیان براکە نەکوژن و لە ئەنجامەکەی ئاگاداریانی کردەوە، بەڵام کەس گوێی نەدایێ و براکە کوژرا، فەرمانڕەواییەکەشی حەفتا ساڵ بووە و هەر خۆی دەزانێ.

عەمری کوڕی توببەع:

ئینجا عەمری کوڕی توببەع بووە شا، تەنی لێ تێک چوو و دەرد و نەخۆشیی بە دوای یەکدا بۆ هاتن، لە ماڵەکەیدا بەردەوام لەناو نوێنیدا بوو، ئەگەر ویستبای دەرکەوێ بەسەر شانی زەلامانەوە سواری دارەمەیت دەبوو بۆیە وتراوە ناوی مەوسیبان " موبان = بە زمانی حیمیەر واتە نشێنراو، دانیشتوو " و زالئەعواد " ذا الاعواد = واتە: خاوەنی داران، دارەمەیت " ی لێ نراوە، بۆیەش " موثبان " مووسەبانیان پێ گوتووە، چونکە هەر لەبان وثاب " ویساب " دا بووە کە ئەمەیان بە زمانی حیمیەری واتە: نوێن، پێخەف. زالئەعوادیش لەبەر سواربوونی دارەمەیتەوە بووە. " ئەسوەدی کوڕی یەعفور " لە شیعریدا ناوی بردووە:

ولقد علمت سوي الذي نبأتني      أن السبيل سبيل زي الاعوادي

لە کتێبێکی کتێبەکانی هەواڵەکانی یەمەندا خوێندوومەتەوە شا زیلئەعواد لە سەردەمی شاپووری کوڕی ئەردەشیردا بووە و دوای زیلئەعواد لە سەردەمی هورموزی کوڕی شاپووردا چوار شاهەکە و " ئەبزەعە "ی خوشکیان شاهێتییان کردووە، فەرمانڕەواییەکەشی شەست و سێ ساڵ بووە و هەر خۆی باشتری دەزانێ.

عەبید کەلال:

ئینجا عەبید کەلالی کوڕی مەسووب " مثوب " بووەتە شا، کە لەسەر ئاینی مەسیحدا بووە (دروودی لێ بێ) و ئاینەکەی دەشاردەوە و ئاشکرای نەدەکرد، فەرمانڕەواییەکەی حەفتا و چوار ساڵ بووە.

توببەعی کوڕی حەسسانی کوڕی توببەع:

ئینجا توببەعی کوڕی حەسسانی کوڕی توببەعی کوڕی کەلی کەریبی کوڕی توببەعی کوڕی ئەلئەقرەن بووە شا، کە توببەعی گچکەی دوا کەسی تەبابیعە " توببەعییان " بووە، ئینجا حەرسی کوڕی عەمری کوڕی حەجەری کیندیی خوارزای (خوشکەزای) بووە شا بەسەر مەعدەوە و بۆیانی نارد و ئەمەش دۆستی دوو " حەبر"(٧) و مەکە و مەدینەیە کە کابەی پۆشتە کرد، ئینجا لەگەڵ دوو " حەبرەکان " دا چووە یەمەن و بووە جوولەکە و خەڵکی بۆ بانگهێشت کرد و بەمەش جوولەکە چووە ناو یەمەن و هەروەها پەیمانی لە نێوان شەمەن و ڕەبیعەدا بەست و فەرمانڕەواییەکەی حەفتا و هەشت ساڵ بووە و هەر خۆی بە ڕاستییەکان دەزانێ.

مەرسید "مرثد" ی کوڕی عەبید کەلال:

ئینجا مەرسیدی کوڕی عەبید کەلال کە برای توببەع بووە بووەتە شا، دوای ئەمیش شانشینیی حیمیەر پەرت و بڵاو بووەتەوە و ماوەی فەرمانڕەواییەکەشی دوای ئەوە چل و یەک ساڵ بووە.

وەلیعەی کوڕی مەرسید "مرثد ":

ئینجا وەلیعەی کوڕی مەرسید بووە شا و ماوەی فەرمانڕەوایی سی و حەوت ساڵ بووە.

ئەبرەهەی کوڕی سەباح:

ئینجا ئیبرەهەی کوڕی سەباح بووە شا، زانا و خوارده بووە و زانیویەتی شاهێتی دەکەوێتە دەست بەنی مەعەد "مەعەدییان" و هەندێکیان لەناو قورەیشدا بوون و ڕێزی لە مەعەدییان دەگرت. لە کتێبێکی هەواڵەکانی یەمەندا خوێندوومەتەوە کە ئەبرەهە لە سەردەمی شاپووری کوڕی هورمزی زولئەکتافدا بووە و دوای ئەبرەهە بووەتە شا.

سەهبانی کوڕی مەحریس "محرث":

لە سەردەمی یەزدگوردی باوکی گووردا و ئەویش لە سەردەمی مونزیری کوڕی عەمری لەخمیدا، مەرگی مونزیریش چەند ڕۆژێک دوای مردنی بەهرام بووە و سەهبانی کوڕی موحریس بە درێژاییی ڕۆژگاری یەزدگورد و بەهرام گووری کوڕیدا شاهێتیی بەسەر یەمەنەوە کردووە. دوای ئەم لە سەردەمی یەزدگوردی کوڕی بەهرام گووردا شاهێتی کەوتە دەست سەباحی کوڕی ئەبرەهەی

کوڕی سەباح و هەردووکیان بۆ ماوەی پازدە ساڵ پێکەوە فەرمانڕەوایەتییان کردووە.

حەسسانی کوڕی عەمری کوڕی توببەع:

ئینجا حەسسانی کوڕی عەمری کوڕی توببەع بووە شا، ئەمیش ئەوەیە کە خالیدی کوڕی جەعفەری کوڕی کیلاب هاتووەتە لای و کەسانێک لە قەومەکەی لەلای دیل بوونە بۆی ئازاد کردووەتەوە، خالیدی کوڕی جەعفەریش لەبەرئەوە پێیدا هەڵداوە و فەرمانڕەواییی پەنجا و حەوت ساڵ بووە.

زوو شەناتر:

دوای ئەویش زووشەناتر بووەتە شا، کە شازادە نەبووە " لە بنەماڵەی شا نەبووە " و توند و دڵڕەق و بکوژ بووە و بە مێردمنداڵێکی تازە پێگەییوی دەبیست و نەدەبیست دەینارد بە شوێنیدا و دەیهێنا و " دەیخواست!! "

لەناویشیاندا وا باو بووە ئەوەی منداڵی نێرینەی بهێنایە نەدەکرا بە شا، ئینجا بە دوای مێردمنداڵێکیاندا دەنێرێ کە ناوی زوونوئاس بووە و دوو کەزیەی هەبووە، بە سەر شانییەوە بەر بوونەتەوە و جووڵاونەتەوە "تنوسان"، بەوەش ناوی نرابوو زوو نوئاس. کە بۆی هێنراوەتە ژووری چەقۆیەکی جوانی پێ بووە، کە داوای کاری خراپی لەگەڵدا کردووە زگی هەڵدڕیوە و سەری بڕیوە. فەرمانڕەوایيشی بیست و حەوت ساڵ بووە.

زوونوئاس:

دوای ئەویش لە سەردەمی فەیرووزی کوڕی یەزدگورد و سەردەمی قوسەی ئیبن کیلابدا زوونوئاس بووەتە شا، زوو نوئاسیش خاوەنی ئوخدوودە.(٨) کە لە یەمەندا بانگهێشتی بۆ ئاینی جوو کردووە. جارێکیان لە یەسریبدا دادەبەزێ و پێیدا ڕەت دەبێ و جوویەتیی بە دڵ دەبێ و دەبێتە جوو. جووی یەسریب هانی دەدەن هێرش بباتە سەر نەجران و بۆ تاقیکردنەوەی ئەو دیانانەی لەوێ بوون، ئاینی خرستیانییشیان لە پیاوێکەوە وەرگرتبوو کە لەلای " جەفنەییان "ی شایەکانی شامەوە هاتبوو، ئەمیش چووە سەریان و کەندەڵانی چون شەقاری چوارگۆشەی پیشان دان کە لە زەویدا هەڵیکەندبوون و ئاگری تێیان بەردابوو و ئەوانەی لەسەر ئاینی دیانانددا دەمانەوە دەیانیخستنە ناو ئەو کەندانە و بەم جۆرە خەڵکێکی زۆری لێیان لە ناو برد، لەوێشەوە بایدایەوە بۆ ناوەندی شانشینی لە یەمەن. دوای ئەوە پیاوێک لە یەمەنەوە کە پێیان دەگوت "زوو سوعبان " لە دەریا پەڕییەوە بۆ لای شای حەبەشە، کە لەسەر ئاینی دیانان بووە و هەواڵەکەی پێ ڕاگەیاند کە زوونوئاس چیی بە کرستیانان کردووە، شای حەبەشەش نووسراوی بۆ قەیسەری ڕۆم نووسی و ڕێی لێ وەرگرت سوارە بنێرێتە سەر یەمەن، فەرمانی دایێ زاسوعبان لە جێی خۆی دانێ و لەگەڵ هەموو ئەوانەی لەگەڵیدان بچێت و لە یەمەن دانیشێ. شای حەبەشەش بە حەفتا هەزار

سـوارچاکـەوە چووە سـەر یـەمـەن و زوونوئاس لە دەسـتی هـەلات، خـەڵکی بە دوور خـست و لەسـەرکـەوتندا بـەردەوام بوو تا گـەیشـتـە دەریا خـۆی لێ دا، ئەمـەش کـۆتایی بووە. فەرمانڕەواییەکەی بیست ساڵ بووە و هەر خۆی بە ڕاستیی کاران دەزانێ.

زوو جەدن "ذوو جەدن":

زوو جەدن جێی گرتەوە و دیسانەوە بەزاندیان و بەدووی کەوتن، پەنای بردە دەریا و خۆی لێ دا، بەم جۆرە فەرمانڕەوایی زوو جەدن و زوو نوئاس بیست و هەشت ساڵ بووە. هەموو شایەکانی حیمیەر بیست و شەش شابوون لە ماوەی دوو هەزار و بیست ساڵدا. ئینجا دوای ئەمان سێ کەس لە حەبەشییەکان شاهێتییان کردووە، ئینجا لە فارسەکان هەشت کەس، ئینجا شایەتی چووە دەستی قوڕەیش، لە گشت مێژووەکانیشدا مێژووی لە مێژووی ئەقیالی شایەکانی حیمیەر نەخۆشتر و شڵەژاوتریان تێدا نییە، بەوەی کە لەگەڵ کەمیی ژمارەی شایەکانیان، ساڵانێکی زۆر بۆ شایەک لە شایەکان دانراوە.

ئەبرەهەی کوڕی ئەشرەم:

ئینجا ئەبرەهەی حەبەشیی خاوەنی فیلەکان[٩] کە پیلانی بە با چوو، بووەتە شای یەمەن، لە سەردەمی شاهێتییدا پێغەمبەر دروودی لێ بێ لەدایک بووە.

یەکسوومی کوڕی ئەبرەهە:

دوای ئەو کوڕی ئەو، یەکسوومی کوڕی ئەبرەهە بووە شا. حەبەشییانە لە یەمەندا هەڵسوکەوتی کرد و بارودۆخ تێک چوو، هەر خۆی باشتر دەزانێ.

مەسرووق:

ئینجا دوای ئەو مەسرووق بووە شا، سەیفی کوڕی زی یەزین دەرکەوتووە و پەنای بردووەتە بەر شای فارس تا گەیشتووەتە عێراق. گێڕەوەکانی هەواڵ لەوەدا زۆر ناکۆکن کە حەبەشە چەند لە یەمەندا ماونەتەوە. ئەوەی من دەمەوێ بیگێڕمەوە لە کتێبێکدا لە کتێبەکانی شارگیریدا دیتوومە: دەڵێن بەسەر یەمەندا زاڵ بوونی حەبەشە لە سەردەمی قوبادی کوڕی فەیرووزدا بووە، دوای ئەوە سەیفی کوڕی زی یەزین بەرەو عێراق چووە بۆ داوای داد لە شا کیسرای کوڕی قوباد لە دەست حەبەشە. حەبەشە حەفتا و دوو ساڵ شاهێتییان کردووە، لە مانە ئەریات بیست ساڵ و ئەبرەهەی بکوژی ئەریات بیست و سێ ساڵ و شا یەکسوومی کوڕی ئەبرەهەش حەڤدە ساڵ شاهێتیی کردووە. مەسرووق – یش دوازدە ساڵ بووەتە شا، هاتنی وەهرزیش بۆ یەمەن دە ساڵ دوای شەڕی " فوججار " بووە و بەر لە بنیاتنانی کابە بە پێنج ساڵ، تەمەنی پێغەمبەر دروودی لێ بێ ئەوساکە سی ساڵ بووە، چونکە لەدایکبوونی پەنجا و پێنج ساڵ دوای " فیل " بووە، لە ساڵی چل و یەکەمی شاهێتیی کیسرای کوڕی قوباد نەوشیروان بووە. کە نۆزدە ساڵ بەسەر شاهێتیی کیسرا پەرویزدا

ڕەت بووە، باذان " باذان " ی نێرراوی لە یەمەندا بۆی نووسیوە، کە لە چیاکانی تیهامەدا بانگهێشتکارێک پەیدا بووە، کاری نهێنییە و لایەنگیری کەمن، عەرەب دوورپەرێزیان کردووە و شەڕیان لە دژی بەرپا کردووە، تەنیا کەمینەیەک نەبن بە دەنگییەوە چوون و دوای کەوتوون. ئینجا دوای ئەوەی سی و دوو ساڵ بەسەر شاهێتیی پەرویزدا ڕەت بووە پێغەمبەر و هاوەڵانی کۆچیان کردووە. ئینجا پێغەمبەر درووودی لێ بێ نووسراوی بۆ پەرویز نووسیوە و عەبدوڵلای کوڕی حوزەیفەی سەهمیی بۆ ناردووەکە سی و هەشت ساڵ بەسەر شاهێتییدا ڕەت بووە. لەم ساڵەشدا کیسرا پەرویز مردووە و پێغەمبەر درووودی لێ بێ دوای ئەوە چوار ساڵ ژیاوە. ئینجا پێغەمبەر لەو مانگەدا "وەفاتی کرد" کە یەزدگوردی کوڕی شەهریاری کوڕی کیسرا پەرویز تێیدا بووەتە شا. سەیفی کوڕی زی یەزن لەلایەن کیسرا نەوشیروانەوە بوو بە شای یەمەن و وەهرزیشی لەگەڵدا، منداڵە بەجێ ماوەکانی حەبەشییانی کردە خزمەتکار، لە ڕۆژێکی ڕاووشکاردا بە تەنیا گرتیان و نێزەکانیان تێوە ئاژنی و کوشتیان و هەڵاتن و چوونە سەر چیاکان. بەم جۆرە فەرمانڕەواییی حیمیەر بەسەرچوو و یەمەن کەوتە دەست کارمەندانی شاگەلێک کە کارمەندانی شاهەکانی فارس بوون و دەمی کۆچ هات و بازان کارمەندی پەرویز بوو بەسەریەوە و دوو سەرکردەی پەرویزیشی لەگەڵدا بوون پێیان دەگوتن فەیرووز و دادوەی و بوونە موسڵمان. لە کۆندا شازدە مەرزوبان لە فارسان بەسەر شوێنگەلێکی جوداجودای خاکی عەرەبدا بوونەتە شا کە درێژە بە ناوەکانیان دەدەین:

سەخت "سوخت!؟ ":

ماوەیەک بەسەر خاکی کیندە و حەزرەمۆت و دەوروبەریدا بووەتە شا، ناشزانم لە سەردەمی چ شایەکدا بووە، هەر خۆی باشتر دەزانێ.

سنداد:

سنداد بەسەر کاری سەختەوە بووەتە شا و دەمێکی زۆر لە دەشتدا ماوەتەوە و تەنانەت بنیاتیشی لێ بنیات ناوە، خاوەنی ئەو کۆشکەیە کە بانیژەگەلی بووە، شاعیرێک لە بارەیەوە دەڵێ:

أهل الخورنق والسدير وبارق          والقصر ذی الشرفات من سنداذ

واتە: خەڵکانی ناو کۆشکەکانی "خوەرنەق و سەدیر باریق"، کە سێ کۆشکی بەناوبانگی ئەو سەردەمانە بوون و هەروەها کۆشکی بە بانیژەگەلی سنداد.

لە سەروای شیعرەکەیدا لەبەر پێویستیی شیعر دالی کردووەتە "ذال" و خۆی چاکتر دەزانێ.

هامورزی کوڕی ئازەرکر:

ڕۆژی شەڕی "زی قار"، هامورز سەرکردەی لەشکری فورس بووە، پەرویزی فەنابەرزین و هەونکەهانیش لە سەرکردەکانی کیسرا بوون، فەنابەرزین بیابانی ئەولای دەشتی لەژێر فەرماندا

بووە، هەر لە سنووری حیرەوە تا سنووری بەحرێن، عەرەبیش خەنابەرزین ساسانی کوڕی ڕۆزبێیان پێ دەگوت. ساسانیش لە ڕۆژگاری کۆندا لەلایەن هەندێک لە شاهەکانی فارسەوە دەسەڵاتی بەسەر تەغلوبییان و میسر و عومان و یەسریب و تیهامەی درابوویێ و شای ئیفریقیا و شای نووبە باج و خەراجیان دەدایە. ئینجا دواتر ڕووزبێی کوڕی ساسان ئەو کارەی گرتە دەست و ماوەیەکی زۆر لەناو عەرەبدا مایەوە، هەر خۆی چاکتری دەزانێ.

ئانووش نادی کوڕی حوشنوشبەندە:

لەسەردەمی کیسرا نەوشیروان و هەندێک ڕۆژگاری هورموزی کوڕی کیسردا لایەکی لە خاکی عەرەبی لەژێر دەسەڵاتدا بووە و هەر خۆی چاکتری دەزانێ.

ئەلموکەعبیر:

ناوی داد فرووزی کوڕی حوشنشفانە خاوەنی موشەققەر" واتە: ڕاوگە" یە و دۆڵی بەحرێن و عومانی بەدەستەوە بووە تا یەمامە و یەمەن و دەوروبەری تا دوو ڕۆئاوا و ئەولاتری، بۆیە موکەعبیریان پێ گوتووە، چونکە باژنەی ئەو عەرەبانەی لەجێ دەبرد کە لە ڕانینی وشترەیل و گۆرانیی وشترەوانییەوە لایان داوە، کە باجیان بۆ هێناوە لێیانی وەرگرتووە و ڕێی لە ئاوی فورات خواردنەوەیانی لێیان گرتووە و تەمەنیشی درێژ بووە، تەنانەت تا لەگەڵ عەبدوڵڵای کوڕی عامری کوڕی کەزیزیشدا لە ژیاندا بووە. ئەبوعوبەیدە گوتوویەتی بەر لە دەوڵەتی ئیسلام پێیان گوتووە " موکەعبیر، "، دواتر کردیانە: موکەعبەر "،(١٠) وهرز ناوی خورزادی کوڕی نەرسییە، وهرز پلەیەک بووە لە پلە بەرزەکانی خەڵکی. لەسەر دەستی ئەم شارەیلی یەمەن گیران و لە دەس حەبەشییان سەنرانەوە و بە شەش سەت پیاو سی هەزاری لێ کوشتن و دوای مردنی سەیفی کوڕی زی یەزین شایەتی بۆ وهرز ماوەتەوە، ئینجا بۆ ولیسجان و دواتر بۆ حەرزادان شەهر، ئینجا بۆ نووشجان، ئینجا بۆ مرووزان، ئینجا بۆ خەرخەسرەو – ی کوڕی، ئینجا بۆ بادانی کوڕی ساسانی ئەلگروون " الجرون !!". ئینجا بادان بووە شای یەمەن و لەلایەن کیسرا پەرویزەوە دانراوە و لە سەردەمی ئەودا هێرشەکانی پێغەمبەر (دروودی لێ بێ) بۆ سەر عەشیرەتە عەرەبەکان ئەنجام دراوە.

دادوێی کوڕی هورمزی کوڕی فەیرووز:

ئینجا دوای بادان دادوێ بووە شای یەمەن، دایکی خوشکی بادان بووە و دادوێ بکوژی عەبسیی درۆزن و فەیرووزی دەیلەمییە لە سەردەمی ئەبوبەکردا. ئەمانە هەشت کەسن لە فورس دوای بەسەرچوونی فەرمانڕەوایی حیمیەر، فەرمانڕەواییان بەسەر یەمەندا کردووە، یەکەمیان وهرز و دواییان داوێ بووە، لە دادوێشەوە قورەیش فەرمانڕەوایی یەمەنیان وەرگرت و لە پاش ئەم هەشت کەسەش تا ئێستا پاشماوەیان لە شار و ئاوەدانییەکانی یەمەندا ماونەتەوە و هەر خۆشی ڕاستییەکە دەزانێ.

بەشی نۆیەم

## لە باسی مێژووەکانی شاهەکانی کیندە

حەجەری زراوخۆر:

حەجەری زراوخۆر " آكل المرار " ی کوڕی عەمر موعاوییەی کوڕی سەوری کوڕی مەرتیع، بووە شای مەعەدی سەر بە کیندە، کە توببەع بەرە و عێراق هات، لە خاکی مەعەد دابەزی و حەجەری زراوخۆری لێ دامەزراند و ئینجا بەرەو ئەوێ ڕۆیشت و لەوێ مرد، حەجەر لەبەر ڕەوشت چاکی تا بە خەڵەفاوی مردنی لە شانشینییەکەیدا گوێی لێ دەگیرا. ئەوساکە زیادی کوڕی هیوولەی سولەیحی شای شام بوو، شای مەزنیش لە جەفنەییەکان و زیادیش وەک دەستی بەسەر هەندێک لادا گرتبوو، حەجەر کوشتی. باسی هەواڵەکانی ئەم بەشەش لە کتێبی هەواڵەکانی کیندەوە گوازراوەتەوە.

حاریسی مەقسووری کوڕی عەمر:

دوای ئەو کە قوبادی کوڕی فەیرووز لێی کەوت حاریسی مەقسوور بووە شا لەبەرئەوەی پشتی (زەندەقە)[١١]ی گرت، بەوەش دەسەڵاتی گەورە و کاری کۆک و کوڕانیشی بڵاو بوونەوە، کردنی بە فەرمانڕەوا بەسەر بەکر و تەمیم و تەغلیب و ئەسەد. هەروەها ئەو نەزارییانەی لە ژیاندا بوون و لە نەجد نیشتەجێ بوو لەژێر دەسەڵاتی حاریسدا بوو جگە لەوانەی لە نەجد دوور کەوتبوونەوە، حاریس تا نەوشیروان بووەتە شا بە فەرمانڕەوایی بەسەر عەشیرەتەکانی مەعەدەوە ماوەتەوە و مەنزیری کوڕی مائوسسەمائیشی بەسەر یەمەنەوە دانا. کاتێک مونزیر لە حیرە نێزیک بووەوە حاریسی کیندی هەڵات و سوارەکانی مونزیر دوای کەوتن و لە پڕ کوڕێکیان گرت و کوشتیان و حاریس هەڵات و ڕزگاری بوو لە هیچ کوێیەک لای نەدا، تا " بنو کەلب " لە مەسحەلان ـ دا گرتیان و کوشتیان. کە حاریس ڕۆی کوڕەکانی ناکۆکییان تێ کەوت و یەکترییان کوشت تا کاریان لەتوپەت بوو و مونزیری کوڕی مائوسسەماشوە دوویان کەوت تا هەموو پاشماوەکانی کوشت. بە لەناوچوونی سەرۆکایەتییان فەرمانڕەوایەتیی کیندە کەوتە دەست بەنی جیبیلە " جیبیلییەکان " ی کوڕی عەدییی کوڕی ڕەبیعەی کوڕی موعاوییەی ڕێزلێنراوان، ئینجا کەوتە دەست مەعدی کەریبی کوڕی جیبیلە و ئینجا دەست قەیس، ئەمەش ئەوەیە بە حەفتا کەس لە خانەدانەکانی کیندەوە چوونەتە لای پێغەمبەر دروود و سڵاوی لێ بێ و بوونە موسڵمان.

***

بەشی دەیەم

## لە باسی مێژووی قورەیشی فەرمانڕەوایانی عەرەبی ئیسلام
## ئەمەش دە بەندە

بەندی یەکەم

لە بەشی دەیەم

### لە باسی برێک لە مێژووەکانی مەعەدییەکان خستمنە پێش مێژووی کۆچ

هەروەک باس کراون مێژووەکانی مەعەدییەکانی عەرەبی پێش ئیسلام و ئیسلام، دەکرێتە دە پلە کە ئەمانەن: ئەوساڵەی ئیسماعیل چووەتە مەکە و ئەو ساڵەی نەوەکانی مەعد پەرت و بڵاو بوونەوە و ساڵی سەرۆکایەتیی عەمری کوڕی لەحی و ساڵی مردنی کەعبی کوڕی لووەی و ساڵی غەدر و ساڵی فیل و ساڵی فوججار و ساڵی مردنی هیشام و ساڵی بنیاتنانی کابە و ساڵی کۆچ.

ساڵی بڵاوبوونەوەی نەوەی مەعد، لەم ساڵەدا سەرەتای بڵاوبوونەوەیان بووە و ئەمەیان کردووەتە سەرەتای مێژوو و ئینجا هەر کەسێک کە قەومی تیهامەی جێ هێشتووە گەڕاندوویانەتەوە ئەم مێژووە.

ساڵی سەرۆکایەتیی عەمری کوڕی لەحییش ئەو ساڵەیە کە ئاینی ئیبراهیمی تێدا گۆڕاوە.

ساڵی مردنی کەعبی کوڕی لووەییش، ساڵانێکی زۆریان بەمەوە کردە مێژوو. زوبێری کوڕی بەکار گێڕاویەتییەوە کە لە نێوانی مردنی کەعبی کوڕی لووەی و ساڵی فیلدا پێنجسەت و بیست ساڵە.

ساڵی غەدریش کە " حیججەتولغەدیر " یشی پێ دەڵێن، شایەک لە شایەکانی حیمیەر ڕایسپارد کابە پۆشتە بکرێ، قووزی کوڕی یەربووعیش ناردی و نێرراوەکانیان بەر لە گەیشتنە " حەرەم " یان، هەموویان کوشت و ئەو کەلوپەلانەیان هەموو فڕاند، کە هەواڵ گەیشتە ئەو عەشیرەتانەی لە وەرزی تایبەتدا کۆبووبوونەوە، پەلاماری یەکتریان دا و بەوەش ناوی " حەجی غەدر "، هەروەها زوبێری کوڕی بەکاری گێڕاویەتییەوە ساڵی غەدر پێش نێررانی پێغەمبەر بە دوو سەد ساڵ بووە.

ساڵی فیلیش کە ساڵی لەدایکبوونی پێغەمبەر بووە (درووود و سڵاوی خوای لێ بێ)، کە لە سی و چوارەمین ساڵی فەرمانڕەوایەتیی نەوشیروان بووە و لە هەشتەمین ساڵی فەرمانڕەواییی عەمری کوڕی هیند و شای ڕۆم کە قەسدرۆندوسە. ئەمەش چل ساڵ پێش ناردنی پێغەمبەر بووە. ساڵی ناردنیش لەگەڵ بیستەمین ساڵی شا پەرویزدا ڕێکە، وەکو دەشڵێن لەگەڵ ساڵی شازدەمینی فەرمانڕەوایەتییدا ڕێکە و ئەو کاتە ئەیاسی کوڕی قوبەیسەی تائی و بەحرجانی فارسیدا فەرمانڕەوای حیرە بووە، کە دوو ساڵ و چوار مانگ بە سەر فەرمانڕەواییاندا ڕەت بووە، ئەوساکە بادانیش بەسەر یەمەنەوە بووە و تێیدا بادان "لوتەیمە: کاروانە حوشتری بە بۆن و کاڵا بار کراو"ی

له یەمەنەوە بۆ پەرویز ناردووە، کۆمەڵێک لە " تەمیمییەکان " هێرشیان بردە سەر و تاڵانیان کرد، نێرراو چووە و بە سزای شا ترساندوونی، پێیان گوتووە: خواردنێکە و مردنێکە، ئەم وتەیەش بووە پەند. ئەمانەش یەکەم کەس بوون ئەمەیان گوتووە، پەرویزیش دادفرووزی کوڕی حوشنشفانی بۆ ناردوون و ئەمەش ئەوەیە کە عەرەب ناوی موکەعبیریان لێ ناوە، لەبەرئەوەی دەستی ئەوانەی تەمیمییەکانی هێرشیان بردبووە سەر کاروانەکەی دەبڕییەوە، ئەو ڕۆژەش کە " سەفقە " یان ناو ناوە بەدکارییەکی زۆری کردووە، تەنانەت دیلەکانی ڕۆژی " سەفقە " لە بەندیخانەکانی موکەغبیری بەحرەیندا ماونەتەوە تا عەللابی حەزرەمی بەرەڵلای کردوون کە پێغەمبەر درووود و سڵاوی خوای لێ بێ بەحرەینی خستە ژێر دەسەڵاتییەوە.

ساڵی فوججاریش فوججاری دووەمە، کە بیست ساڵ دوای ساڵی فیلەوە بووە و هەردوو فەججار " ڕۆژی جیبیلە " یان لە نێواندایە.

ساڵی مردنی هیشامیش، کە هیشامی کوڕی موغیرەی مەخزوومییە، کەلە بەر ڕێزلێنانی، قورەیش ڕۆژی مردنیان کردووەتە مێژوو، هەروەک دوای ئەوە بنیاتنانی کابەیان کردووەتە مێژوو بۆ گەورەکردنی پایە و پلەی، بە مێژووی کابەوە مانەوە تا خەلیفایەتیی عومەر کە مێژووی کۆچیی دامەزراند.

وەکیعی قازی لە ئیبن ئەبیسسورا و ئەویش لە حیشامی کوڕی کەلبیی گێڕاوەتەوە، کە بنیاتنانی کابە لە هەژدە ساڵ و هەشت مانگی فەرمانڕەواییی نوعمانی کوڕی مونزیردا بووە، هەروەها لە یازدە ساڵەی فەرمانڕەواییی پەرویزدا بووە، هەروەها دەڵێن لە شەش ساڵەی فەرمانڕەواییدا بووە، ئەمەش ڕاستەکەیە. ئەمەش لە بیست و پێنج ساڵەی ساڵی فیلەوە بووە.

جاحیز دەڵێ: سێ شت لە بە ناوبانگترینی مێژووەکانی عەرەبی پێش ئیسلامەوە یە: هاتنی فیل و مردنی هیشام و بنیاتنانی کابە.

قورەیش گوتوویانە: ئەوە لە ساڵی مردنی هیشامدا بوو و کاتی هاتنی فیل و ڕۆژانی بنیاتنانی کابە، هەروەها هەموو عەرەب گوتوویانە: ئەوە لە سەردەمی فەتحەلدا بوو، ئەوەش لە ساڵی " خینان: بەدڕەوشتی " دا بوو و ساڵی " جیحاف: بە ناهەق بردن "و سەردەمی سێلاوی عەریمدا، ئەگەر پێش ئەوەشیان مەبەست بووایە دەیانگوت: (کان ذلك اذ السلام رطاب)(١٢)، کاتێک بەرد لە نەرمی وەک قوڕ بووە، ئەوە کاتێک بووە کە بەرد وەک قوڕی چڵپاو تەڕ بووە.

هەروەها وەکیعولقازی لە عەلیی کوڕی محەممەدی کوڕی حەمزەی عەلەویی گێڕایەوە کە ئەویش لە داماد و ئەویش لە ئەبی عوبەیدەی گێڕاوەتەوە دەڵێ: ساڵی فیل دوای ڕۆژی جیبیلە بوو بە شەش ساڵ، کە ڕۆژی جیبیلە دوای ڕۆژی " ڕحرەحان " بە ساڵێک بووە و ڕۆژی " زی نەجیب " دوای ڕۆژی جیبیلە بە ساڵێک بووە و ساڵی فیل دوای ڕۆژی " زی نەجیب " بە چوار ساڵان بوو.

هەروەها وەکیع، دیسان لە حاریس و ئەویش لە ئیبن محەمەد و ئەویش لە ئیبن سەعد و ئەویش

لە هیشامی ئەلکەلبیی گێڕاوەتەوە گوتوویەتی: گوێم لەوە بوو کە دەیگوت مەعدی کوڕی عەدنان لە سەردەمی مەسیح " درووودی لێ بێ " – دا بووە، قوسەیی کوڕی کیلابیش لە سەردەمی فەیرووزی کوڕی یەزدگورددا بووە، عەبد مەنافیش لە سەردەمی قوبادی کوڕی فەیرووزدا بووە، لەدایکبوونی پێغەنبەریش (درووود و سلاوی خوا لە خۆی بنەماڵەی بێ) دوای دەرکەوتنی سەیفی کوڕی زی یەزن بووە بۆ داوای یارمەتی دژی حەبەشە بە دوو ساڵ. لە فەرمانڕەوایی نەوشیرواندا بووە، چونکە دەست بەسەر یەمەندا گرتنی حەبەشە لە کۆتاییی فەرمانڕەوایی قوبادی کوڕی فەیرووزدا بووە. سەیفی کوڕی زی یەزین چەند ساڵێکی بەسەرچوو بۆ گەیشتنە لای قەیسەر، ئینجا لەبەر دەرگەی نەوشیرواندا مایەوە تا گەیشتە لای و ئینجا تا گەڕایەوە بۆ یەمەن و ئینجا ساڵانێک ڕەت بووە تا لەدایک بوون.

***

بەندی دووەم

لە بەشی دەیەم

لە باسی ئەوانەی لە گێڕانەوەکاندا نووسراون لە سەرەتای ڕۆژ و مانگی کۆچەوە و ئەو بەراییيانەی پێش ئەوانە کە لەدایک بوون و ژیانەوەن

محەمەدی کوڕی جەریری تەبەری لەو کتێبەیدا کە ناوی " الكتاب المذيل _ ئەلکیتابولموزەییەل – واتە: کتێبی پاشکۆ بۆ کراو " ە و کەسانی تری لە ماندوێتیی کۆکردنەوەی ڕزگار کردووە. ئەوەی لەم بارەیەوەی گێڕاوەتەوەم لەم کتێبەیەوە گێڕایەوە، دانە پاڵ کەسەکانم جێ هێشت، چونکە پیاوەکە بە باوەڕپێکراوی ناسراوە. کتێبەکەشی بەناوبانگ بوو و لە وڵاتاندا ناسرا بوو، دەڵێ: گێڕانەوەکان لە کاتی لەدایکبوونی پێغەمبەردا (درووود و سلاوی خوا لە خۆی و بنەماڵەکەی بێ) ناکۆکن و لە نێوانی کەمترین و زیاترینیاندا هەشت ڕۆژ هەیە. گێڕانەوەیەک دەڵێ: (درووودی خوا لە خۆی و بنەماڵەی بێ) کە لەدایک بووە دوو ڕۆژی مانگی ڕەبیعی یەکەم ڕەت بووە، دووەمیان دەڵێ: کە لەدایک بووە، هەشت ڕۆژی لێ ڕەت بووە. سێیەم گێڕانەوە دەڵێ: سێزدە ڕۆژی لێ ڕەت بووە. ئەگەرچی لە ڕۆژانی مانگی ڕەبیعی یەکەمدا ناکۆکن کەچی لە دوو شتی تردا ناکۆکییان نییە: یەکەمیان: لەدایکبوون لە نیوەی یەکەمی مانگی ڕەبیعی یەکەمدا بووە نەک لە نیوەی دووەمدا. دووەمیش ئەوەیە کە لە دایک بوون ڕۆژی دووشەمە بووە نەک ڕۆژێکی تر. گێڕانەوەکان لەگەڵ جیاوازییەکانیشیاندا هیچ یەکێکیان ڕۆژی دووشەمە نەبێ باسی ڕۆژی تریان نەکردووە.

لە مێژووی ساڵانی ئەو شایانەشدا جیاوازییان هەیە کە لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایییاندا لەدایک بووە، دەڵێن: لە ساڵی چلەمی فەرمانڕەوایی کیسرا نەوشیرواندا لەدایک بووە. هەروەها دەڵێن: لە ساڵی چل و یەکەمیدا و دەشێن: لە سێیەمدا و دەشڵێن: لە هەژدە ساڵی فەرمانڕەوایی عەمری کوڕی هیند و دەشڵێن: لەوە کەمتر و زیاتریش گوتراوە. هەروەها لە مردنی باوکیدا سی ساڵیان

جوداوازییان هەیە. کۆمەڵێک گێڕاویانەتەوە کە پێغەمبەر دروود و سڵاوی خوا لە خۆی و بنەماڵەی بێ لە زگی دایکیدا بووە باوکی مردووە، کەسانی تریش دەگێڕنەوە کە باوکی بیست و هەشت مانگ دوای لەدایکبوونی ماوەتەوە.

هەروەها لە کاتی مردنی دایکیشیدا ناکۆکن. کۆمەڵێک گێڕاویانەتەوە کە دوای شەش ساڵ لەدایکبوونییەوە مردووە، هی دیکەش گێڕاویانەتەوە کە دوای هەشت ساڵ لە دایک بوونییەوە مردووە. لەکاتی لەگەڵ ئەبوتاڵیبی مامیدا دەرچوونی بۆ شامیشدا چوار ساڵیان ناکۆکی لەناودایە. کۆمەڵێک دەگێڕنەوە تەمەنی نۆ ساڵان بووە کە چووەتە شام و کەسانی تر دەڵێن دوازدە ساڵان بووە. هەروەها لەوەشدا بە ساڵێ ناکۆکن لەگەڵ مام و ئامۆزاکانیدا کەی بەشداریی لە شەڕی فوججاردا کردووە. کۆمەڵێک گێڕاویانەتەوە بە بیست و یەک ساڵی بەشداریی کردووە و لە کاتی دەرچوونی دووەم جارییشی بۆ شامدا بۆ خەدیجە بە چەند مانگێک ناکۆکن، کۆمەڵێک گێڕاویانەتەوە کە بۆ خەدیجە لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا بەرەو شام چووە و کەسانی تر گێڕاویانەتەوە دوای بیست و پێنج ساڵ و چەند مانگێک بووە، کە دوای ئەوە بە مانگێک خواستبووی و منداڵە نێرینەکانیشی بەر لەوەی بە پێغەمبەری بنێررێ مردوون.

دە ساڵ جیاوازییان لەناودایە لەوەی کە بە چەند ساڵی لە بنیاتنانی کابەدا ئامادە بووە. کۆمەڵێک گێڕاویانەتەوە کە لە بنیاتنانی کابەدا ئامادە بووە بیست و پێنج ساڵی بووە و کەسانی تر گێڕاویانەتەوە کە بە سی و پێنج ساڵی ئامادەی بووە. لە سەرەتای دەستپێکی پێغەمبەرایەتیشیدا بە چەند ڕۆژێک کە ناگاتە مانگ ناکۆکن. ژیننامە گێڕەوەکان گوتوویانە سەرتای پێغەمبەرێتی لە بیست ساڵەی فەرمانڕەوایی کیسرا پەرویز و نۆسەت و بیست و یەک ساڵی ساڵانی ئەسکەندەردا بووە و لە چوار ساڵی فەرمانڕەوایی ئییاسی کوڕی قوبێسەی شای حیرە و بەحرجانی فارسیی هاوبەشیدا و لە فەرمانڕەوایی بادانی کوڕی میهران بەسەر یەمەنەوە بووە.

کۆمەڵێک دەگێڕنەوە کە چل ساڵان بووە پێغەمبەرێتیی بۆ هاتووە و دوای بۆ هاتنی پێغەمبەرێتیش بە شەش ساڵ کەسی بانگهێشتی ئاینەکەی نەکردووە. ئینجا لە سەرەتای ساڵی حەوتەمی پێغەمبەرێتییدا بۆ یەکەم جار دەستی بە بانگهێشت کرد، لەبەرئەوەی کارەکەی لە نهێنیدا بووە، ئینجا سێ ساڵ لە گەمارووی گەلدا بووە. ئینجا دوای ئەوە کۆچی بەرەو مەدینە ئەنجام درا. ساڵێک و سی ڕۆژیش ناکۆکییان لە سەرەتای کۆچەکەدا هەیە. کۆمەڵێک گێڕاویانەتەوە کە دوو ڕۆژی مانگی ڕەبیعولئەوەل ڕەت بووە کە چووەتە مەدینە و کەسانی تریش وای بۆ دەچن هەشت ڕۆژ لە مانگی ڕەبیعولئەووەلەوە ڕەت بووە و لە نێوانی ئەم دوو کاتەشدا چەند گێڕانەوەیەکی جیاوازیش هە.

ئینجا بەسەرهات گێڕەوەکان دەڵێن کۆچ لە سی و دووەمین ساڵەی شا پەرویزی، شای فارسدا بووە، کە ماوەی پێنج ساڵ و شەش مانگ و پازدە ڕۆژی لە فەرمانڕەواییەکیی ماوە و نۆسەت و سی و سێ ساڵ بەسەر فەرمانڕەواییەکەی ئەسکەندەردا تێ پەڕی بوو و هەروەها نۆ ساڵ بەسەر

فەرمانڕەواییی هەرقل (هیراکلس)ی شای ڕۆمدا چووبوو و پێنج ساڵ و هەشت مانگیش بەسەر فەرمانڕەوایی داوێی فارسدا لەسەر حیرەدا چووبوو، سەت و شەست ساڵیش بەسەر " حەجی غەدر " دا ڕەت بووبوو، چواردەش بەسەر ناردنی پێغەمبەردا چوو بوو و پەنجا و سێ ساڵیش لە ژیانی پێغەمبەر (درووود و سلاوی خوا لە خۆی و بنەماڵەکەی بێ) و ساڵی فیل و دە ساڵ و دوو مانگ لە ژیانی پێغەمبەرەوە ماوە. گوتوویانە: هەموو ئەمانەی باس کران لە مێژووی کاتی کۆچدان.

بەڵام مێژووی سەرەتای ساڵانی ئیسلامیان لەسەر دوو مانگی بەر لە کۆچ بنیات ناوە، ئەوەش بەوەیە کە سەرەتای مێژوویان لە موحەڕەمی ئەو ساڵەوە دانا کە پێغەمبەر درووودی لێ بێ هێشتا لە مەکە بووە، ئینجا دوای ئەوە لە مانگی ڕەبیعی یەکەم یان دووەمدا کۆچ کراوە، کە پێغەمبەر دەستی بە کۆچ کردووە. ئینجا کارەکانی بە غەزای بەدر و دوای ئەو کرد بە دوو، بە ناردنی نووسین  بۆ وڵاتانی کیسرا و قەیسەر و حاریسی کوڕی ئەبی شیمر و هۆدەی کوڕی عەلی و مەقەوقیس و نەجاشی کردییە سێ. هەروەها لە کۆتایی و سەرەتاکانی کارەکانیدا جودا بوونەتەوە.

لە دەستنیشانکردنی کاتی مردنیشیدا، دە ڕۆژ جیاوازییان لەناودایە، کە کۆمەڵێک گێڕاویانەتەوە، ڕۆژی دووشەمە مردووە، کە دوو ڕۆژ لە مانگی ڕەبیعی یەکەم ڕەت بووە و هەندێکی تر دەڵێن ڕۆژی دووشەمە مردووە کە دوازدە ڕۆژی مانگی ڕەبیعی یەکەم بەسەرچووە. هەروەها لە ساڵانی تەمەنیشیدا شەش مانگیان لەناودا جوداوازی هەیە، کەسانێک دەڵێن: لە تەمەنی شەست و پێنج ساڵیدا مردووە و هی تر دەڵێن لە شەست ساڵیدا مردووە. لە نێوانی ئەم دوو کاتەشدا گێڕانەوە هەیە دەڵێ شەست و دوو و شەست و سێ. لە ڕەشی و سپێتیی پرچیشیدا ناکۆکییان لە نێودا هەیە. خەڵکێک گوتوویانە لە ڕیش و سمێڵیشیدا چەند تەڵە موویەکی سپی دەرکەوتووە و کەسانێکی تریش دەڵێن ڕۆن و زەعفەران[۱۳]ی بەکار هێناوە و هی تریش دەڵێن خەنە و " کەتەم"[١٤]ی لە مووی دەدا، هەر خۆی باشتر دەزانێ.

***

پەڕاوێزەکانی وەرگێڕ:

(١) السیل العرم: لافاوی عەریم، ئەو لافاوەیە گوایە بەنداوی مەئریبی یەمەنی ڕامالّی و یەمەنییانی پەرت و بڵاو و دەربەدەر کرد.

(٢) ناوی منارە، لە نوور یان نارەوە هاتووە، واتە تیشک، یان ئاگر، شوێنێکی بەرز کە بۆ ڕێنوێنی ئاگری لەسەردا کراوە بۆ ئەوەی لە دوورەوە ببینرێ.

(٣) بەربەر: یەک لە نەتەوە ڕەسەنە دێرینەکانی باکوری ئەفریقیایە، خۆیان بە " ئەمازیغی " ناودەبەن.

(٤) خاوەنی دوو شاخ (قۆچ)، واباوە کە نازناوی ئەسکەندەری _ گەورە _ ی مەکدۆنییە. تەنانەت چیرۆکێکی ئەفسانەییشی لەبارەوە دەگێڕڕێتەوە کە دەڵێ: گوایە ئەسکەندەری گەورە دوو قۆچی بووە و سەرتاشێکی تایبەتی بۆ خۆی ڕاگرتووە و هەڕەشەی کوشتن و لەناوبردنی لە سەرتاشەکە کردووە، ئەو نهێنییە نەدرکێنێ، بۆ ئەوەی ئەو نهێنییەی ئاشکرا نەبێ. پاش چەند ساڵێک سەرتاشەکە خۆی

ڕاناگرێ و دەچێتە دەرەوەی شار و ئاوەدانی و نهێنییەکە بۆ دارێک باس دەکا. کەچی بایەک هەڵدەکا و نهێنییەکە بە دەنگی سەرتاشەکە بڵاو دەکاتەوە. ئیدی کە ئەسکەندەر بەوە دەزانێ سەرتاشەکە لەناو دەبا و نازناوی دووقۆچاوی بەسەر ئەسکەندەردا دەسەپێ.

لەگەڵ ئەوەشدا لە زمانی عەرەبیی کۆندا زولقەرنەین بە کەسانێک گوتراوە دوو کەزییان هەبووە.

(٥) سەمەرقەند: بەلای تورکیشدا لە دوو بەش پێک هاتووە، (سەمەر): کە بە قسەی خۆش و گفتوگۆ شەو بەسەر بردن. (قەند): یان کەنت: واتە: شار.. کەواتە سەمەرقەند واتە شاری شەو بە شادی ڕابواردن.واتە

(٦) ئەلئەقرەن " الاقرن : واتە چەیکە قژێکی هەیە، زوولقەرنەینیش واتە: خاوەنی دوو کەزی.

(٧) حەبر، کە حیبریشی پێ دەگوترێ ناوە بۆ چینە زانایەکی جوولەکان لە پلەیەکی تایبەتدا.

(٨) ئوخدوود بە زمانی عەرەبی شەقارە کەندێکە لە زەوی کراوە و پڕ لە ئاگر کراوە و ئەو بڕوادارە دیانانەی بە هەڕەشە وازیان لە ئاینی خۆیان نەهێناوە، لەناو ئەو ئاگرەدا سووتێنراون. قورئانی پیرۆز لە " ئایەتەکان ٤ _ ٩ ی سوورەتی بروج " دا، ئاماژە بۆ چیرۆکەکە کردووە و دەفەرمێ:

" قُتِلَ أَصْحَابُ الاخْدُودِ (٤) النَّارِ ذَاتِ الْوَقُودِ (٥) إِذْ هُمْ عَلَيْهَا قُعُودٌ (٦) وَهُمْ عَلَى مَا يَفْعَلُونَ بِالْمُؤْمِنِينَ شُهُودٌ (٧) وَمَا نَقَمُوا مِنْهُمْ إِلا أَنْ يُؤْمِنُوا بِاللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَمِيدِ (٨) الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالارْضِ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ (٩) "

(٩) ئەمە ئەوەیە کە قورئانی پیرۆز لە سوورەتی " أصحاب الفيل " دا باسی کردووە و باسەکەش زانراو و باوە.

(١٠) نووسەری کتێب " ئەسفەهانی " بەخۆی دواتر واتای وشەکەی بە " دەستبڕ " لێک داوەتەوە. بڕوانە: بەندی یەکەمی بەشی دەیەم.

لە فەرهەنگە عەرەبییەکاندا وا دەردەکەوێ وشەکە پێوەندیی بە " کەعب " واتە: پاژنەی پێ یان ئەژنۆوە هەیە، واتە پاژنەی خەڵکی یان ئەژنۆیانی وەک سزادان سەقەت کردووە.

(١١) زەندەقە: زاراوەیەکە لە لێکدانەوەی دوو بەش پێک هێنراوە، " زەند "، " زەند و پازەند " ، لێکدانەوەی ئاوێستای کتێبی پیرۆزی زەردەشتییانە، لەگەڵ پاشگری " یک " کە ناوی کەسێک یان تاقمێک یا شتێک دەگەیەنێ کە سەر بە بەشی پێشەوەی وشەکە بێ و بووەتە زەندیک. بۆ نموونە: زەندیک: سەر بە زەند و پازەندی ئاوێستا – مادیک: سەر بە نەتەوە، یان دەوڵەتی ماد " میدیا " – دێریک: مێژوو، سەر بە سەردەمی دێرین. عەرەبە موسڵمانەکان لە گەڵ زمانیاندا گونجاندوویانە و " زەندیکیان کردووەتە: زەندیق " بەڵام بە مەبەست و لە جێی وشەی کافر و ئاگرپەرستیان بەکار هێناوە و واتاکەیان بۆ شکاندنەوەی زەردەشتییان گۆڕیوە و بڵاو کردووەتەوە.

(١٢) واتەی ئەو دەستەواژەیەم بۆ ساغ نەبووەوە.

(١٣) زەعفەران: ڕووەکێکی گوڵدارە، بەشی پیتاندنەکەی سوورە و بۆ ڕەنگ کردن و وەک بۆن و بەرامەش بەکار دەهێنرێ.

(١٤) کەتەم: مادەیەکە لەگەڵ وەسمە تێکەڵ دەکرێ و دوای خەنە تێگرتن بۆ ڕەشکردنی موو بە کار دەهێنرێ..

# تێگەیشتن لە ڕۆژنامەوانی

لینت شێریدان بێرنس

٢ لە ٣

بەشی شەشەم

## کۆکردنەوەی هەواڵ

کوڕی ئەکتەرێکی ژنی بەناوبانگ بەمردوویی دۆزراوەتەوە. بەدارێکەوە لە گەڕەکێکی لۆکال و لە شوێنێکی گشتی هەڵواسراوە. یەکێک لە هاوکارانت لە ژووری هەواڵ بیرت دەخاتەوە کە مردووەکە یەک تاکە برای هەبوو و ئەویش دوو ساڵ لەمەوبەر بەڕووداوی ئۆتۆمۆبێل مرد. پۆلیس لە شوێنی ڕووداوەکەیە، دیمانە لەگەڵ ئەو کەسە دەکرێ کە لاشەکەی دۆزیوەتەوە. ئەو کەسە هاوڕێی مردووەکە و دایکە جەرگسووتاوەکەیە. سنوورەکانی نووسینی راپۆرت لەبارەی مردن و خەم چییە؟ کەی لە بەرژەوەندیی گشتیدایە راپۆرت لەسەر خەم بنووسێ؟ سنوور هەیە بۆ ڕۆڵی گشتیی کەسایەتییەکی گشتی؟

کاتێ ڕۆژنامەوانێک ئامادە دەبێ بۆ داپۆشینی هەواڵێک، ئامانج کۆکردنەوەی زانیاریی پێویستە بۆ نووسینی چیرۆکێکی ورد، ڕاست و مانادار. یەکەم خەزێنە ڕۆژنامەوان زانیاری لێ کۆدەکاتەوە سەرچاوەکانە، دووەم خەزێنە ئەرشیفە. ئەرشیف واتە کتێبخانە، لێکۆڵینەوەکانی سەر ئینتەرنێت،

............................................................

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: گۆران سەباح

ئەرشیفی میدیا و بەکارهێنانی زانیاری لە تۆماری گشتی. سەرچاوەیلی لاوەکی بەوردی باسیان لێوە کراوە لە بەشی حەوتەمدا.

ئەم بەشە جەخت دەکاتە سەر دیمانە، هەرچەندە هەندێ جار رۆژنامەوان لێکۆڵینەوە دەکا بەهۆی تۆمارکردنی سەرنجەکانی خۆی. لەسەر ئەو سیناریۆیەی سەرەوە، میتۆدێک دێتە ئاشکراکردن بۆ هەڵسەنگاندنی لێکۆڵینەوەی سەرەکی و رەنگدانەوەی رەخنەیی لەسەر بڵاوکردنەوە و نەکردنەوەی زانیاری.

## دیمانە وەک سەرچاوەی سەرەکی

وەک رۆژنامەوان، دیمانە یارمەتیت دەدا خێرا وەڵام بەدەست بێنی بۆ پرسیارگەلی تایبەت لەسەر بابەتێک پێشتر شت لەبارەیەوە نازانی. بۆ نموونە، ئەگەر حکوومەت راپۆرتێکی ٤٠٠ لاپەڕەیی لەسەر پرسێک بڵاو بکاتەوە، رۆژنامەوان ناتوانێ و کاتی ئەوەشی نییە لە ماوەی دوو سەعاتدا هەمووی بخوێنێتەوە و هەرسی بکا و شتێکی لەسەر بنووسێ. مەگەر رۆژنامەوانەکە شارازەیی لەو بوارە هەبێ. رۆژنامەوان باشترین کەس نین باسی مانای راپۆرتەکە بکەن، لەبەرئەوەی ئەو کاتە دەبێتە لێکدانەوەیەکی کەسانی و رەفەرمیش نییە. بۆیە رۆژنامەوان تەلەفۆنێک بۆ یەکێک دەکا کە پێگەیەکی فەرمیی هەیە و قسەی بۆ بکا لەبارەی راپۆرتەکەوە. پرسیاری ئاراستە دەکا بۆ ئەوەی وەڵامێک بەدەست بێنێ کە خوێنەر چاوەڕێی دەکا. دیمانە رێگەت پێ دەدا خێرا و راستەوخۆ لە سەرچاوەیلی سەرەکی زانیاری کۆ بکەیتەوە.

ئەو پرسیارەی لە دیمانەیەک دەکەی ناتوانی ئاراستەی دۆکیومێنتێک بکەی. تەنانەت لەسەر تەلەفۆنیش، ناکاتە ئەوەی راستەوخۆ قسەی لەگەڵ بکەی، لەبەرئەوەی لەسەر تەلەفۆن تۆ نازانی چۆن هەڵسوکەوت دەکا. دیمانەی رووبەڕوو یارمەتیت دەدا لە زمانی جەستەی دیمانی بگەی و سەتاسەت دەزانی مەبەستی چییە لە قسەکانی. لە دیمانەدا، دەتوانی داوای زانیاریی زیاتر بکەی بۆ بابەتەکەت، دەتوانی پرسیار لەسەر ورد و درشتی بابەتەکە بکەی و گفتوگۆی وەڵامەکانی بکەی.

رێکخراوەیلی هەواڵ دیمانەیان زیاتر پەسەندە وەک سەرچاوەی سەرەکیی هەواڵی زانیاری، لەبەرئەوەی دیمانە بەنوێترین سەرچاوە دەزانن. دیمانە بەسەرچاوەیەکی زیندووتر دادەنرێ تا دۆکیومێنتێک. لە رۆژنامەوانیی وەشاندا دەنگی جۆراوجۆر بەکۆڵەگەی بەلاڤۆکی هەواڵ دادەنرێ، هەروەها بەکارهێنانی دیمانە بیرۆکەیل لای بەکاربەرانی هەواڵ بەهێز دەکا، لەبەرئەوەی ئەوساکە زانیارییەکان دەبن بەفاکت. خەڵک زیاتر باوەڕ بەدیمانەکە دەکا تا رۆژنامەوانەکە. بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەر، کاتێ تێگەیشتنی بەکاربەرانی میدیا سادە بوو بۆ هەواڵ و کۆکردنەوەی زانیاری، چیرۆکەکان کەمتر زانیاریی زیندوویان تێدا بوو و زانیارییەکان ئەوەندە جەختیان نەدەکرایە سەر لای رۆژنامەوانان. لەو رۆژانەدا، وا دەزانرا فاکت پێویستی بەچێککردن نەبوو. ئێستا باوی ئەو رستەیە نەماوە (هەرچی لە رۆژنامەدا هەبێ راستە)، ئەمە ئێستە گاڵتەی پێ دەکرێ لە کاتی

باسکردنی راست و دروستی راپۆرتەکان.

ئەو پرسیارانەی رۆژنامەوان لەکاتی دیمانە دەیکا رەنگدانەوەی ئامانجی دیمانەکەیەتی. بۆ نموونە، ئەو پرسیارانەی رۆژنامەوانێک دەیکا بۆ وەرگرتنی زانیاری ئەمانەن: چی رووی دا، چۆن رووی دا، کێ تێوەی گلاوە، لە کوێ رووی دا و کەی رووی دا؟ دیمانەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە شتێک لەوە قووڵتر دەبێتەوە. نموونەی پرسیارگەلی دیمانەی لێکۆڵینەوە ئەمانەن: بۆ رێگە بەمە درا؟ کێ بەرپرسیارە؟ ئێستە چی دەکرێ؟ ئەمە مانای چییە بۆ داهاتوو؟ کەی زانرا ئەمە رووی داوە؟ نموونەی پرسیارگەل بۆ وەرگرتنی زانیاری باگراوندی ئەمانەن: عادەتەن چی روو دەدا؟ بۆچی؟ کاریگەرییەکە چییە؟ بەهەمان شێوە، ئەگەر رۆژنامەوان بیەوێ زانیارییەکان لێک بداتەوە، ئەوا ئەم پرسیارانە دەکا: ئەمە مانای چی دەگەیەنێت؟ کار لە کێ دەکا؟ چۆن شتەکان دەگۆڕێ؟ دوا جار دیمانەی کەسانی (شەخسی) هەیە تێیدا رۆژنامەوان دەیەوێ شت لەبارەی بەسەرهاتێکی دیمانییەکە یان سیفەتی بزانێ.

برادی دەڵێ رۆژنامەوان لە دیمانەیلدا بەدوای دوو شتدا دەگەرێ: متمانە و زانیاری. دەستکەوتنی یەکەم تەنێ لە پێناوی دەسکەوتنی دووەمە. رۆژنامەوان دەبێ مایەی متمانە بێ لەلایەن ئەو کەسانەی دیمانەیان دەکا بۆ ئەوەی ئەوانیش مورتاح و راستگۆیانە وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە. ئەوجا رۆژنامەوان خۆی بڕیار دەدا بەو شتانە باوەڕ بکە کە پێی گوتراوە یان نا. هەرچەندە رۆژنامەوان دیمانە بەکاردێنێ بۆ وەرگرتنی زانیاری دەستی یەکەم، سنوورگەلێک هەیە لەسەر دیمانە وەک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی فاکتەکان. مێنچەر بیری رۆژنامەوان دەخاتەوە کە قەت ناتوانن دڵنیا بن لەوەی ئەو زانیارییەی وەری دەگرن لە دیمانەدا دەقیقە.

> دەبێ پەیامنێر ئەوەی بیر نەچێ کە پشت بەیەکێکی تر دەبەستێ، تەنێ ئەو راستییە چیرۆکەکە لاواز دەکا. هیچ پەیامنێرێک قەت هەست بەدڵنیایی ئەوە ناکا کە سەرنجەیلی یەکێک بەقەت هی خۆی راست و دروست نین یان ئەوەی ئەو کەسە بەدەر نییە لە لایەنگیری یان بەرژەوەدیی خۆی.

بەواتایەکی تر، رۆژنامەوان قەت نازانێ دیمانی چۆن بیر دەکاتەوە، بەس ئەوە دەزانێ چی دەڵێ. بۆیە رێی تێ دەچێ دیمانە سەرچاوەی گومراییی فاکتەکان بن ئەگەر بێو دیمانی راستی نەڵێ.

دیمانی کارنامەی خۆی هەیە. رەنگە بیەوێ باشترین یان خراپترین رووی فاکتەکان پێشان بدا، رەنگە بخوازێ تەواوی رێرەوی باسەکە بەلایەکی تر ببا. لەبەر هەندێ، ئەو رۆژنامەوانەی زانیاری لە رێی دیمانەوە کۆ دەکاتەوە دەبێ هەردەم گومانێکی لە قسەکان هەبێ. ئەمەش واتە تۆ دەبێ باش گوێ بۆ ئەو شتانە بگری کە لەگەڵ تێگەیشتنی تۆ بۆیان یەک ناگرنەوە، ئەوجار پرسیار لەو شتانە بکە. دیمانە ئاڵوگۆڕێکە لە نێوان دوو کەس یان زیاتر، هەریەکە قسەی خۆی دەپاڵێوێت بەپێی تێگەیشتن و بۆچوون و ئەزموونی. هەر کەس راستیی خۆی هەیە، کاتێکیش ئالوگۆڕی ئەو

زانیارییانە دەکەین لەگەڵ یەکتر لێکدانەوە دەکەین لەبارەی ئەو شتانەی پێشتر زانراون. لەوانەیە دیمانە لەسەر بابەتێک بەبێ ناوەڕۆکی ورد زانیاری نادروستی لێبکەوێتەوە. هەمان شت راستە بۆ بۆچوونەکانی رۆژنامەوان پێش دیمانە، کە کار دەکاتە سەر ئەوەی بیری لێ دەکەنەوە، دەیبینن، گوێیان لێ دەبێ و تێی دەگەن. مێنچەر باسی تاقیکردنەوەیەکی بەناوبانگ دەکا تێیدا قوتابیانی رۆژنامەوانی هەڵەیان زیاتر کرد کاتێ چیرۆکیان نووسی لەبارەی شتێک کە پێچەوانەی لایەنگیری و پێگەیان بوو، بەڵام هەڵەیان کەم بوو لە نووسینی ئەو چیرۆکانەی پێشتر هەستیان پێیان کردووە و پشتگیرییان کردوون.

زۆرجار بەخراپ باسی دیمانە دەکرێ و رۆژنامەوان تۆمەتبار دەکرێ بەوەی کۆتێکی خراپی نووسیوە یان ئەو زانیارییەی وەری گرتووە چەواشەی کردووە و بەهەڵە تێی گەیشتووە. دەکرێ ئەمە روو بدا بێ ئەوەی رۆژنامەوان مەرامێکی خراپی لە پشتەوە هەبێ، بەلایەنی کەمەوە لەبەرئەوەی کاتێ داوا لە یەکێک دەکەی فاکتەیلت پێ بڵێ لەبارەی شتێک، بەڕاستی داوایان لێ دەکەی هەڵسەنگاندێکی خودیانەی راستییەکە بکەن لەژێر رۆشناییی هەڵسەنگاندنی خۆت. پاشان تۆ قسەی ئەو و بیرکردنەوە و تێگەیشتنی خۆت هەڵدەسنگێنی. ئاسانە و رێی تێ دەچێ پەیامنێر و سەرچاوە چەواشەی راستی بکەن بێ ئەوەی پێی بزانن. هەردەم کات کێشەیە، لەبەرئەوەی رۆژنامەوان هەردەم دێدلاینێکی سنووردار و دژواری هەیە. دەتوانی بچیە لای نووسیار و بڵێی (ناتوانم یەکسەر هەموو شتەکان وەرگرم، بۆیە پێویستم بەکاتی زیاترە بۆ نووسینی چیرۆکێکی باش)، بەڵام زۆربەی کات گوێت لەم وەڵامە دەبێ (باشە مادام چیت هەیە ئێستە بمدێ.) هەواڵی دوێنێ بۆ دوێنێ بوو، ئەگەر هەواڵەکە گەرمە ئێستە، پاڵەپەستۆ ئەوەیە هەر ئێستە بڵاوی بکەیەوە، جا هەر چۆن و چەند ئاڵۆزکاویش بێ. بۆیە رۆژنامەوانان رێک دەکەون و دوو کەس دیمانە دەکەن و هەندێ باکگراوندی بۆ دادەنێن و هەواڵەکە ئامادە دەکەن. ئەم رێگە گشتییەی ئامادەکردنی هەواڵ کەموکووڕی هەیە، لەبەرئەوەی ئێمە هەموومان زانیاری هەڵدەبژێرین و گوێی لێ دەگرین: یەک کۆ یەک لەوانەیە بکاتە سێ. بۆ رۆژنامەوانێکی پرۆفێشناڵ ئاسانە هەواڵەکەی باسی چی دەکا پێش ئەوەی دیمانەکە بکات. دیمانە بۆ ئەوە نییە بەیەکێک بڵێی "هەموو شتەکانم پێ بڵێ، منیش گوێ لە هەموویان دەگرم و چیرۆکێکی لەسەر دەنووسم." بگرە دیمانە ئەوەیە تۆ هەواڵەکەت هەیە و دەتەوێ هەندێ کۆت وەرگری. چەند خەڵکی زیاتر بدوێنی ئەوەندە تێڕوانینی زیاترت دەبێ، کەمتر تووشی هەڵە و گومڕابوون دەبی.

بەکارهێنانی سەرچاوەی زۆریش لە دیمانە وەک سەرچاوەی هەواڵ ناڕەزایی لێ کەوتووەتەوە. لەوانەیە پرسێک تەواو ئاڵۆز بێ، وێڕای ئەمەش، هاودژ بێ. بەکارهێنانی کۆت روونکردنەوەی هەردوو لا دژەکەیە. هەندێ جار هەواڵەکە پرسێک زەق دەکاتەوە و تەنێ یەک تێڕوانینی هەیە، هەر ئەمەش دەربڕینی رۆژنامەوان دەردەخا لە رستەی یەکەمی لید. هەندێ رێکخراوەیلی هەواڵ ئەو رێچکەیە بەکار دێنن لەسەر بچینەی ئەم باوەڕە "ئێمە ئەمڕۆ ئەم بۆچوونە باس دەکەین و کاتێکیش

هەرایەکی گەورە لەلاکەی تر دروست بوو، هەینێ هەواڵێکی تر لەسەر هەمان پرس بۆ بەیانی ئامادە دەکەین."

شێوازی تری چەواشەکردنی زانیاری هەن. گەورەترینیان بێدەنگییە، واتە، ئەو شتانەی دیمانی نەیگوتن، ئەو پرسیارانەی پەیامنێر نەیکردن. دانەپۆشینی بەشێکی هەواڵ رۆژنامەوان دەخاتە کێشە، بەتایبەتی کاتێ پەیامنێر پشت بەلێکدانەوە دەبەستێ. رێیەکی تریشی چەواشەکردن ئەوەیە پاڵپەستۆ خستنە سەر کەسێک بۆ زانیاریەک کە نییانە، یان ناتوانێ تەواو پشتڕاستی کاتەوە، یان ناتوانێ تەواو بیری بێتەوە.

دەتوانی زانیاریی دەسهاتوو لە دیمانە چەواشە بکەیت بەهۆی رێڕەوی پرسیارەکانەوە. ئەو رێیەی پرسیارەکانی پێ دەکەی و دادەڕێژی کار دەکاتە سەر وەڵام. لە یەکێ لە ئەلقەکانی زنجیرەی کۆمیدی (بەڵێ سەرۆک وەزیران) لەسەر تیڤی لە ١٩٨٥، جۆن مۆرتایمەری نووسەر جوان وەسفی کێشەیەک دەکا بەهۆی رێڕەوی پرسیارەکانەوە. لە چیرۆکەکەدا، حکوومەت بڕیار دەدا رووپێوێک بکا تا بزانێ خەڵک تا چەند پشتگیری دووبارە بەکارخستنی یاسای ئیجباری خزمەتی سەربازی دەکەن. بیرۆکراتێک رێڕەوی پرسیارەکان بۆ سیاسەتوانێک شی دەکاتەوە بۆ وەرگرتنی ئەنجام. گرووپی یەکەمی پرسیارەکان ئەمانەن:

١- نیگەرانی بەژمارەی گەنجی بێکار؟

٢- نیگەرانی بەزیادبوونی تاوان لە ناو رووالان؟

٣- پێت وایە گەنج پێشوازی لە هەندێ بنەوا و ئاراستە دەکا لە ژیانیدا؟

٤- پێت وایە گەنج وەڵامی ئاستەنگ دەداتەوە؟

٥- پێت باشە یاسای خزمەتی سەربازی دووبارە بخرێتەوە کار؟

گرووپی دووەمی پرسیارەکان رێڕەوێکی جیاوازی هەیە:

١- نیگەرانی بەمەترسیی شەڕ؟

٢- نیگەرانی بەزیادبوونی چەک؟

٣- بەڕای تۆ، هەڵەیە خەڵک ناچار بکرێن پێچەوانەی ویستیان چەک هەڵگرن؟

٤- پێت وایە مەترسی دەبێ لەوەی چەک بدرێ بەگەنجانی بێکار و فێر بکرێن چۆن بکوژن؟

٥- دژی دووبارە خستنەکاری یاسای خزمەتی سەربازیت؟

مێنچەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە زۆرجار خەڵک کەمتر مایەی باوەڕت لەچاو سەرچاوەی جەستەیی. بێ سێ و دوو سەلمێنراوە زۆرجار خەڵک بەدوای بەڵگەدا دەگەڕێ تا وەڵامی راست بدەنەوە. ئەوەش سەلمێنراوە کە هەندێ خەڵک وا دەردەخەن وەڵام دەزانن، بۆیە دان بەبێگوێیەکەی دانانێت. بەم دواییانە، وەڵامەیلی هەندێ کەس بەهۆی بەرژەوەندیی دەسەڵاتەوە هاتوونەتە

چەواشەکردن.

دەتوانی کۆنترۆڵی پرسیارەکانت بکەی، بەڵام چۆن دەتوانی ئەگەر بێیتە دەسخەرۆکردن؟ لێرەدا گرینگی گومانی تەندروست بەدیار دەکەوێ. لە خۆت بپرسە: پاڵنەری شاراوەی ئەو کەسە چییە؟ ئاخۆ ئەو کەسە دەزانێ من چیم دەوێ بۆیە وا دەڵێ؟ هیچ هۆیە هەیە وا لەو کەسە بکا زانیارییەکە چەواشە بکا؟ ئەو کەسە دەزانێ باسی چی دەکا؟ مەرج نییە رووبەڕووی هەموو قسەکانی بوەستییەوە، بەڵام وەک رۆژنامەوانێک تۆ قانوونیەن بەرپرسی لە هەر شتێ دەینووسی. گوتنی "پۆلیسێک پێمی گوت ئەوە راستە" بەبەرگری حسێب نییە لە بەردەم یاسا بۆ بڵاوکردنەوەی شتێک کە راست نییە. وەک رۆژنامەوانێک، خەڵکی جیاواز شتی جیاوازت پێ دەڵێن، بەڵام دوا جار تۆ بڕیار دەدەی کام زانیاری بڵاو دەکەیەوە.

دوایەمین شت رەچاوی بکەی ئەو هەلومەرجەیە دیمانەکەی لێ دەکرێ. پرۆتۆکۆل بۆ گەڕان بەدوای زانیاری بەپێی کولتوور دەگۆڕێ و جیاوازە. رۆژنامەوانی مافی ئەوەی نییە خۆی بەسەر دیمانییەکان بسەپێنێ و بگرە دەبێ بەڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات. لە سەرووی ئەمانەش، دیمانی یارمەتی رۆژنامەوان دەدا بەزانیاری کە دەتوانێ بەئاسانی ئەو زانیارییە بشارێتەوە. رەچاوی بیرکردنەوەی ئەو کەسە بکە، بەتایبەتی ئەگەر کەسەکە پەست یان خەمناک بێ. ئەوەی دێتە گۆتن لە کاتی پەستیدا رەنگە زۆر دوور بێ لەوەی لە کاتی خۆشیدا دێتە گۆتن، بەتایبەتی ئەوانەی مادەی هۆشبەر و کحوول بەکار دێنن.

هەرکە زانیاریت کۆ کردەوە، دەبێ راستییەکەی تاقی بکەیتەوە. لەوانەیە سەرچاوەیەک بڵێ شتێک لە ١٩٩٩ رووی داوە، بەڵام راستەکە ١٩٩٨ە. ئەو کەسە درۆت لەگەڵ ناکا، بەهەڵەدا چووە، بەڵام ئەوە یارمەتیت نادا لەوەی چۆن تۆ شتێکت بڵاو دەکەیەوە کە راست نییە. دەبێ هەوڵ بدەی ئەو زانیارییەی لە سەرچاوەی سەرەکی وەردەگری پشتڕاست بکەیەوە.

## کۆکردنەوەی هەواڵ لە کاردا

حەز و بایەخی مرۆیی بەهای گرینگی هەواڵن. بۆیە جێی خۆیەتی جەماوەرت بیانەوێ بزانن چی رووی دا لە سیناریۆی سەرەتای ئەم بەشە. هێشتا دەبێ گفتوگۆ لەگەڵ ناخی خۆتدا بکەی تا چ رادەیەک خەڵک مافی زانینی هەیە. دەبێ زانیارییەکانت هەڵسەنگێنی، بەتایبەتی ئەوانەی لە دیمانییەکانت وەرگرتوون. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێ کاریگەریی حاڵەتەکە، توندوتیژی یان هەستیاریی گۆتنی مردن یان پەژارە رەچاو بکەی، بەتایبەتی دوای حاڵەتی خۆکوشتن. پێش نووسینی چیرۆکەکە، پێویستە بڕیار بدەی کام فاکت بڵاو دەکەیەوە، لەبەرئەوەی لەوانەیە هەندێ فاکت هی ئەوە نەبن بێنە وەشان.

ئەو پرسیارگەلەی یەکەم جار لە خۆتیان دەکەی ئەمانەن: ئاخۆ خەڵک حەز دەکەن ئەمە بزانن؟ کام بەهای هەواڵ پێوەندی بەم بەرەنجامە هەیە؟ بۆ گەیشتن بەبڕیار، دەبێ رەچاوی ئەوە بکەی کە

ڕووداوەکە لە گەڕەکێکی لۆکاڵ ڕووی داوە و لەوانەیە خەڵک دێبابی خۆکوژەکە بناسن، بۆیە خەڵک بەم خەمەی ئەوان دەزانن. لەوانەیە لەسەر زانیاریی باکگراوندی بوەستێ کە ئەوەیە تاکە برای خۆکوژەکە دوو ساڵ لەمەوبەر مردووە، ئەمەش تراجیدیایەکی تر بۆ ئەم خەمە نوێیەی ماڵباتەکە زیاد دەکا. دوا جار، لەوانەیە ڕەچاوی ئەو بۆچوونەش بکەی کە بڵاوکردنەوەی چیرۆکی خۆکوشتنی گەنجێک خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی بکات بەوەی کە خەڵک بەئاگا دێنێت لەبارەی پرسی خۆکوشتن لەناو گەنجان.

دیمانە چالاکترین لێکۆڵینەوەیە ڕۆژنامەوان دەتوانێ بیکا، جا دیمانەکە لەسەر تەلەفۆن یان ڕووبەڕوو بێ. لەبەرئەوەی ئاڵوگۆڕێکە لە نێوان دوو یان زیاتر، وەڵامی کەسانیی پەیامنێر بۆ دیمانی کاریگەری دەبێ لەسەر ئەو زانیارییەی لە دیمانییەوە وەردەگرێ. یەکەم پرسیار کە پێوەندیی بەسیناریۆکە هەیە و دەبێ لە خۆتی بکەی ئەوەیە: چۆن دیمانییەکان هەڵبژێرم؟ بۆ ئەمەیان، بزانە کام دیمانی ئەزموونی دەستی یەکەمی هەیە. ئاخۆ دیمانییەکە دەتوانێ کۆتێکت بداتێ کە یارمەتی تێگەیشتنی خوێنەر بدا؟ دەبێ ڕەچاوی ئەوەش بکەی کە دیمانی دەتوانێ زانیاری لە سۆنگەیەکی فەرمیی دەسەڵاتەوە بدا، چونکە بڵاوکردنەوەی لێدوانەکانی یارمەتی بەهێزبوونی متمانەی دەدا. پاشان ڕەچاوی ئەم پرسیارە بکە: چی لە دیمانییەکان چاوەڕێ دەکەم وەرگرم؟ لەم کەیسەدا، لەوانەیە پەیامنێر تەوەقوعی پۆلیس بکا لە شوێنی ڕووداوەکە و چەند فاکتێکی پشتڕاستکراو لەبارەی دیتنەوەی تەرمەکە وەرگرێ.

ئەوانەی تەرمەکەیان دۆزیوەتەوە لەوانەیە بتوانن زانیاریی دەستی یەکەم لەبارەی بارودۆخی دیتنەوەکە بدەن، هەروەها پەیامنێر دەتوانێ دیمانەی دێباب یان هاوڕێیانی خۆکوژەکە بکات تا بتوانێ بیری خۆکوژەکە بخوێنێتەوە. پێش ئەنجامدانی دیمانەکە، دەبێ ئەم بڕیارەش بدەی: پێویستم بەکام فاکتە بۆ نووسینی چیرۆکەکە؟ ئەمانە بۆ نووسینی چیرۆک ڕەچاو بکە: کێ، چی، کەی، لە کوێ، بۆچی و چۆن. ئاخۆ وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەت دەوێ بۆ نووسینی چیرۆکێکی تەواو و مانادار؟ پێویستە بزانی بۆچی ڕووی دا؟ ڕێی تێ دەچێ بەمتمانەوە وا بکەیت؟

لەم کەیسەدا، پەیامنێر یەکەم جار قسە لەگەڵ پۆلیس دەکا لەو شوێنەی تەرمەکەی لێدۆزراوەتەوە. پۆلیس ڕووخۆش و هاوکارە. ئەو دووپاتی ناسنامەی خۆکوژەکە و کاتی دیتنەوەی تەرمەکەی دەکاتەوە. ئەوەش دەڵێ کە بۆنی کحوول لە تەرمەکە دەهات. ئەوەشت پێ دەڵێ کە مردنی براکەشی لە بیرە دوو ساڵ لەمەوبەر بوو، هەرچەندە ئەوەش دەڵێ کە ئەو لە ڕووداوی مانتۆڕەکە نەبووە کە براکەی تیاچوو. دەڵێ، بۆ بڵاوکردنەوە نا، ڕووداوی براکەشی هەر خۆکوژی بوو، بەڵام ئەوە قەت نەهاتە سەلماندن.

لە شوێنی ڕووداوەکەدا، قسە لەگەڵ ئەو دوو کوڕەش دەکەی کە تەرمەکەیان دیۆزیوەتەوە، کە چاوەڕێن ئەفسەری لێکۆڵەر دیمانەیان لەگەڵ بکا. کوڕەکان ورووژاون بەڵام چ پێ ناچێ نیگەران بن. دڵخۆشن بەوەڵامدانەوەی پرسیارگەل و دەپرسن ئەگەر ناویان لە ڕۆژنامەکە بڵاو بکرێتەوە.

پێوەیان دیارە تام لەو بایەخە وەردەگرن پێیان دەدرێ و دەڵێن یەکەم جار نەیانزانیوە تەرمەکە کێیە، دوایی برادەریان دەرچوو.

دەچییە ماڵی خۆکوژەکە و قسە لەگەڵ دێبابی دەکەی. لە پێش دەرگە چاوەڕێی، پیاوێک لێت نێزیک دەبێتەوە پێت دەڵێ ئەو دراوسێ و باشترین هاوڕێی خۆکوژەکە بووە. تۆش رێک دەکەوی لەگەڵی دیمانەی بکەی دوای دیمانەکردنی دێباب. پاشان دەرگەت لێ دەکەنەوە و دەتبات ژوورێ و دەبینی دایکەکە پەرێشانە و چاوەکانی سوور هەڵگەڕاون. رازی دەبێ بەدیمانەکردنی و بەڵام زۆرجار لەپڕ دەدا لەزرمەی گریان. باشترین هاوڕێکەش پەرێشانە. چەند جارێک دووبارەی دەکاتەوە بۆچی هاوڕێکەی خۆی کوشتووە. بەڵام بەتۆ دەڵێ کە ژیانی ماڵباتی خۆکوژ تەواو نەبوو و زۆرجار دەمەتەقێی لەگەڵ دێبابی بووە. دواتر پێنگاو بەپێنگاو باسی تێبینییەکانی دیمانەکە دەکەم.

پێش ئەوەی تاکە وشەیەک بنووسی، دەبێ یەکەم جار زانیاری کۆکراوە هەڵسەنگێنی بەهۆی ئەم پرسیارە: تا چەند سەرچاوەکانم راست دەکەن؟ زانیاریی دیمانەکان فاکتیان تێدایە وەک کات و شوێنی رووداوەکە، هەروەها رای کەسانی تێدایە لەبارەی پاڵنەری خۆکوشتنەکە. پرۆسەی هەڵسەنگاندنی باوەڕی سەرچاوەکان چەندان پرسیاری تری دەوێ، کە بەمە دەست پێ دەکا: ئاخۆ هەموو دیمانییەکان توانای تەواوی وەڵامدانەوەیان هەبوو؟ وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر گرینگە بۆ نووسین لەبارەی پەژارە. ئاخۆ زیان بەکەس ناگەیەنی بەهۆی بڵاوکردنەوەی شتێک کە لەژێر پاڵەپەستۆدا گوتراوە؟ زۆرجار خەڵکی خاوەن پەژارە دەرمانی بۆ دەنووسرێ تا تۆزێک هێور بێتەوە. کەسێک لەوانەیە بیرکردنەوەی شێوا بێ، بەڵام هێشتا دەتوانێ وەڵامی پرسیاران بداتەوە. لەوانەیە خەڵک حەز بکا بزانێ هەستی دایکی خۆکوژ چییە، بەڵام ئاخۆ پێویستیان بەوەیە بزانن، هەروەها ئاخۆ پاساو هەیە بۆ ئەو زیانەی تۆ دەیگەیەنی لە رێگەی بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکە؟

## سەرنجەیلی دیمانەکان

* ناسنامەی تەرمەکە لە رێگەی مۆڵەتی شۆفێری زانرا کە لە گیرفانی خۆکوژەکە بوو. ناوی جەیسن توگودە و تەمەنی ١٨ ساڵە.
* سمیس تەرمەکەی ناسییەوە. گوتی ئەوە کوڕی ژنە ئەکتەری تیڤییە بەناوی سالی توگود کە لەم گەڕەکە دەژی.
* سمیس بۆنی کحولی کرد لە شوێنی رووداوەکە، لەوانەیە خۆکوژ سەرخۆش بووبێ.
* تەرمەکە ماوەی چەند سەعاتێک لەمەوبەر مردبوو، گوریسەکە پەتێکی جیرِی پەردە بوو.
* سەتاسەت خۆکوژییە.
* دێبابی هیچ زانیارییان لەبارەی پلانەکانی نەبوو، بەڵام ئەوان و ئێمەش پێمان وایە بەئەنقەست

خۆی کوشتووە.

* دایکەکە شێواوێکی راستەقینەیە.
* کوڕەکەی تر ناوی فرانکە. پۆلیس دەڵێ ئەویش خۆی کوشتووە، بەڵام هیچ نەسەلمێنراوە.

دیمانەی دووەم: ئاندرو ساکسن (١٣) و سام ئالۆکس (١٢):

* ئەم دوو کوڕە لە قوتابخانە دێنەوە و عادەتەن قەتبرێک لێ دەدەن بەناو پارکی سمیس.
* تەرمەکە بەدارێکی گەورەی هەنجیرەوە هەڵواسراوە.
* زۆرجار منداڵ لەسەر لکەیلی دارەکە یاری دەکەن.
* جەیسنی راستەوخۆ ناناسن، بەڵام زانییان کێیە و کوڕی کێیە.
* سام غاری دایە ماڵێکی نێزیک بۆ ئاگەدارکردنەوەی پۆلیس و دواتر گەڕایەوە شوێنەکە لەگەڵ ئاندرو چاوەڕێی پۆلیسیان کرد.
* ئاندرو دەڵێ: "قێزەوەن بوو. یەکسەر زانیمان مردووە، لەبەرئەوەی رەنگی سەیر بوو."
* هەڵواسرا بوو، خۆی بەدارەکە شۆر کردبووەوە. پەتێکی پەمەیی بەملییەوە بوو: سام گوتی
* ئاندرۆ: تەرمەکەمان ناسی، هەموو کەس لەم ناوە دەزانێ توگود کێیە. دەبێ هەستی زۆر خراپ بووبێ بۆیە خۆی کوشتووە.

دیمانەی سێیەم: سالی توگود

* لەو رۆژەی کوڕەکە خۆی کوشتووە بینیویەتی، بەڵام نازانێ کەی بووە.
* کوڕەکەی هاوڕێی زۆر بوون و گرفتێکی وای نەبوو شایەنی گوتن بێ. کەم کحولی دەخواردەوە و قەتیش مادەی هۆشبەری بەکار نەهێناوە.
* غەریبی براکەی دەکرد.
* ئێستە ئەو و فرانک دیسان پێکەوەن.
* نێزیک بوو لە کوڕەکەی. لەبەر کار نەیاندەتوانی زۆر کات پێکەوە بەسەر ببەن.
* نە هاوڕێکانی و نە ئێمەش چاوەڕێی ئەو شتەمان لێ نەدەکرد. باوەڕ ناکەم ئەو شتەی کردبێ.
* لە ژیان هەموو شتێکی هەبوو، وەڵامەکان لەگەڵ خۆی چوونە گۆڕ. نازانم چی بەدیبابی تر بڵێم و ئاگەداریان بکەمەوە.
* وا بزانم دەمتوانی دایکێکی باشتر بووام. بەس نەمزانی.

هەڵسەنگاندنی سەرچاوە

پرسیارکردن تەنێ کەرتێکە لە مەهارەکانی دیمانە. کەرتەکەی تر ئەمانە دەگرێتەوە: مێنچەر

سێ پرسیار پێشکێش دەکا بۆ ڕێنوێنیکردنی هەڵسەنگانی زانیارییەکانی دیمانە:

١- ئاخۆ کەسەکە ئاگای لە ڕووداوەکە بووە، یان لە یەکێکی ترەوە بیستوویەتی؟

٢- ئاخۆ کەسەکە تەواوە و تەواو سەرنجی داوەتە ڕووداوەکە؟

٣- ئاخۆ سەرچاوەکە دەتوانێ وردەکاریی دروست بدا کە تەواو ڕاست بن و لەگەڵ فاکتەکان بێنەوە؟

ڕەچاوی کۆت و زانیارییەکانی تری دیمانییەکە بکە. گەلێ تێڕامان هەیە لەبارەی هۆیەلی خۆکوشتنەکە. لەوانەیە بپرسی بۆچی میدیا، کە ئەرکی سەرەکی خزمەتکردنی گشتییە، دەیەوێ باسی کاردانەوەی سروشتیی تراجیدیایەکی کتوپڕ بکا؟ لەلایەکی تر، ئاخۆ دەتوانی بە ٣٠٠ وشەی هەواڵ بەتەواوی باسی مردن بکەی؟ قایلی بەوەی دیمانییەکان تەواون و دەتوانن وردەکاری ڕاست و چۆنیەتیی بیرکردنەوەی خۆکوژەکەت پێ بڵێن؟

پرسیاری دواتر ئەوەیە ئاخۆ هیچ زانیارییەکی کۆکراوە دێتە پشتگوێخستن لەبەرئەوەی جێی متمانە نییە یان نەشیاوە بۆ وەشان؟ ڕێبەری بێژمار هەن لەبارەی ئەخلاقی بڵاوکردنەوەی خۆکوشتن. بەبەکارهێنانی ئەو ڕێبەرانە، لەوانەیە بڕیار بدەی هەندێ زانیاری بڵاو نەکەیەوە ئەگەرچی بەوردیش تۆمار کراون بۆ وەشان. بۆ نموونە، بڵاوکردنەوەی وردەکاریی گرافیکی لەبارەی تەرمەکە یان شوێنەکە چ خزمەتێک پێشکێشی بەرژەوەندیی گشتی دەکا؟ ئەگەر باسی وردەکاریی شوێنەکە بکەی، لەوانەیە دەیان کەسی تر سەردانی ئەوێ بکەن. دەبێ بڕیار بدەی ئاخۆ خەڵک سوود وەردەگرێ لە زانینی ئەوەی تەرمەکە بەکام دار هەڵواسرا بوو، یان چۆن بوو؟ بەهەمان شێوە، دەبێ بڕیار بدەی ئاخۆ باسکردنی ڕێگەی خۆکوشتنەکە خزمەتی کەس دەکا.

لەوانەیە حەز بکەی بەخەڵکی بڵێی بۆچی مردنێکی ناپێویست ڕووی دا، بەڵام دەبێ بڕیار بدەی تێڕامانی جۆراوجۆر لەبارەی پاڵنەری خۆکوشتنەکە بڵاو دەکەیەوە یان نا. بۆ نموونە، ئەگەر ئەم کۆتەی هاوڕێیەکەی بەکار بێنی (نەمزانییە هیچ گرفتێکی هەبێ، بەڵام دەزانم دایکی گرفتی هەبوو و نەیدەتوانی مردنی فرانک لە بیر بکا.) بەبڵاوکردنەوەی ئەم ڕستەیە تۆ بەخەڵک دەڵێی دایکی کاریگەریەکی نەرێنی هەبووە لەسەر بیری خۆکوژەکە. بۆچوونی تر، وەک زەقکردنەوەی مردنی براکەی دوو ساڵ لەمەوبەر، ئەویش گرفتارە. لە ڕێی ڕاپۆرتەیلی میدیاوە دەزانی کە ئەوسا کوڕەکەی تر بەتەنێ بووە لەناو ئۆتۆمۆبێل کاتێ خۆی بەدارێکەوە کێشاوە. ئاخۆ دەتەوێ بڵێی ئەویش خۆکوشتن بووە؟ دەتوانی ئەمە بسەلمێنی؟

دەبێ بەڕێزەوە ڕەچاوی ئەوە بکەی کە نابێ (بەخراپ باسی مردوو بکەی)، بەڵام ئەگەر بێو تەنێ باسی سیفەتە باشەکان مردووەکە بکەی و بڵێی هیچ کێشەیەکی نەبووە و مرۆیەکی باش بووە، ئەو کاتە خوێنەر دەپرسێ بۆچی کەسێکی ئاوا باش لەپڕ خۆی دەکوژێ. بۆیە بەخەڵکی دەڵێی کە ئەوانەی خۆیان دەکوژن نابێ یارمەتی بدرێن یان بێنە ناساندن. خەڵکی وا لە هەواڵەکە دەگەن کە بێ هیچ هۆیەک کوڕەکە خۆی کوشتووە. ئەگەر بڵێی هیچ کێشەی لەگەڵ دایکی نەبووە و کارەکەش

بەئەنقەست بووە، ئەوا بەخەڵکی دەڵێی کە کوڕەکە خۆی کوشتووە بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکت لا بێ لەسەر خۆکوشتنەکە.

هەندێ جار نێزیکترین کەس لە چیرۆکەکە مەرج نییە باشترین سەرچاوەی زانیاریی راست بن. لەم کەیسەدا، لەوانەیە خەڵک حەز بکەن بزانن هەستی ئەکتەرە بەناوبانگەکە چییە دوای لەدەستدانی کوڕی دووەمی. بەڵام دەبێ بڕیار بدەی ئاخۆ ئەوەی دەیڵێ راستە و تۆش کۆتی دەکەی. لەوانەیە بڵێی بەهای هەواڵ هەیە، لەبەرئەوەی دایکەکە بەناوبانگە و قسەی ئەو لەسەر مردنی کوڕەکەی گرینگە، بەڵام دەبێ رەچاوی ئەوە بکەی ئەوەی دەیڵێ لە کات و هەلومەرجێکی گونجاودا یان لەژێر خەم و پەژارەدا گوتراوە. لەبەر خەمە گەورەکەی لەوانەیە بەرپرسیارەتیی لەدەستچوونی کوڕەکەی بخاتە ئەستۆی خۆی، یان لەوانەیە نکوڵی لە کوڕەکەی بکا کە خۆی کوشتووە و بەجێی هێشتووە. ئەم دوو کاردانەوەیە باون لە کەسێکدا لە کاتی خەم و پەژارە. ئاخۆ ئەو قسانەی دایکەکە کە تۆ بەتەواوی تۆمارت کردووە مانای ئەوەیە بەکاریان بێنی و بڵاویان بکەیەوە؟

لە هەڵسەنگاندنی وردەکاری و باوەڕی زانیارییەکان، دەبێ ئاگەداری دەنگۆ و پاگەندە بی. بۆ نموونە، پۆلیس لە شوێنی رووداوەکە پێت دەڵێ ئەو گومانی هەیە مردنەکە بەهۆی کحوولەوە بووە. ئەمە هێشتا فاکت نییە، لەبەرئەوەی تەنێ پشکنینی پزیشکی دەتوانێ ئەوە بسەلمێنێ. نابێ پاگەندە و دەنگۆ و را بڵاو بکەیەوە هەرچەندە ئەگەر پۆلیسیش وا بڵێ.

دراوسێکە لەوانەیە پێی وابێ زانیویەتی چ باس بووە لە ماڵی برادەرەکەی، بەڵام لە راستیدا ئەو تەنێ ئەوە دەزانێ کە پێی گوتراوە. لەوانەیە ئەویش خەمی بێ و بەدوای یەکێک شتێکدا بگەڕێ لۆمەی بکا. ئەمەش کاردانەوەیەکی باوە لە کاتی پەژارەدا.

ئەو کوڕانەی تەرمەکەیان دیتەوە زۆر نیگەران نەبوون بەمردنی کوڕەکە، بەڵام زیاتر گرینگی بەدەرکەوتنی خۆیان دەدەن و حەزیان دەکرد زیاتر بزانن تا قسە بکەن و خۆیان هەڵکێشن. لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە، تۆ بۆ رۆژنامەیەک کار دەکەی، بەهای هەواڵی تایبەت بەرۆژنامەکە سەر دەکەوێ.

## رەنگدانەوەی رەخنەیی

دوای رەچاوکردنی هەموو زانیارییەکان، پێویستە بڕیار بدەی کام فاکتە مانای چیرۆکەکەت روونتر دەکاتەوە. وەک رۆژنامەنووسێک تۆ بڕیار دەدەی خەڵک چەند زانیاری پێ بگوترێ. ئەوەی تۆ هەڵی دەبژێری و لای دەدەی راستەوخۆ کار دەکاتە سەر تێگەیشتنی خەڵک بۆ چیرۆکەکە. ئەمە راستەوخۆ کار دەکاتە سەر تێگەیشتنی خەڵک لەبارەی پرسی گشتیی خۆکوشتنی گەنجان و کاریگەریی راستەوخۆ لەسەریان. لەوانەیە لە زووری هەواڵ پاڵەپەستۆ بخەیتە سەر لایەنە هەستیارەکانی چیرۆکەکە، بەڵام دەتوانی تەنێ بەشێک بیت لە چارەسەر یان لە کێشە. لەوەش گرینگتر، دەتوانی هەواڵێکی باش بنووسی بێ ئەوەی زیان بەکەس بگەیەنی.

دوای ئەوە بڕیار دەدەی کام فاکت لە هەواڵەکە دادەنێی. بۆ ئەمەش، دەبێ وەڵامی چەندان پرسیاری تر بدەیەوە. ئاخۆ پرسیارگەلی کێ، چی، لە کوێ، کەی، بۆچی و چۆن هەردەم شیاون و دەبێ لە هەواڵ وەڵام بدرێنەوە؟ لەم کەیسەدا، ناسنامەی کوڕەکە گرینگە، چونکە ئەگەر هەواڵەکە بێ ناوی ئەو بنووسی ئەوا ناتوانی ناوی دێبابیشی بنووسی. ئەمە گرینگە، چونکە پرۆفایل و پێگەی دایکی سەرنجی خەڵک زیاتر رادەکێشێت. ئەگەر ناوەکان بەکار بێنی، ئاخۆ ئەمە مانای ئەوەیە بەهای حەزی خەڵک گرینگترە لە مافی پرایڤەسی ماڵباتەکە؟

کە دێیتە سەر وەسفکردنی "چۆنیەتی"ی ڕوودانی مردنەکە، چەندان زانیاریت لەبەر دەمدایە. بۆ هەڵسەنگاندن، پێویستە رەچاوی هەموو وردەکارییەکانی خۆکوشتنەکە بکەی. لێکۆڵینەوەگەل دەریان خستووە باسکردنی وردەکاریی خۆکوشتن وای کردووە ئەوانەی خۆیان دەکوژن هەمان ڕێگە بەکار بێنن. لەوانەیە بگەیتە ئەو قەناعەتەی کە خەڵک زۆر حەز دەکەن چۆن خۆکوشتنەکە رووی داوە، بەڵام ئاخۆ بەوە رازی دەبی کە تۆ باست کرد و دواتر خەڵک بێن هەمان ڕێگە بەکار بێنن بۆ خۆکوشتن؟

پێویستە بیر بکەیەوە تۆ تەوەقوعی چی دەکەی لەم هەواڵە بەدەست بێنی. لەلایەک، سروشتی مرۆ وایە کە حەز دەکا هۆیەلی هەردوو مردنەکە بزانێ. لەلایەکی ترەوە، ئاخۆ ئەمە کاری تۆیە باسی ئەو پرسانە بکەی؟ بەرچاوکردنی هەموو ئەو شتانەی تا ئێرە بیرت لێ کردوونەتەوە، لەوانەیە دیسان رەچاوی بەرژەوەندیی گشتی بکەی و بپرسی ئەم هەواڵە چ سوودێک بەبەرژەوەندیی گشتی دەگەیەنی؟

ئاخۆ چیرۆکەکەم ئامانجی ئەخلاقیی زیادبوونی تێگەیشتن لەبارەی خۆکوشتنەوە دەپێکێ؟ ئەو چیرۆکەی لەم سیناریۆیە دەکەوێتەوە دەکرێ بەشێوەیەکی تراجیدی و گێڕانەوە بینووسی، جەخت بکرێتە سەر پەژارەی دێباب و لەدەستچوونی کوڕەکەیان وێڕای ئەوەی ماڵباتێکی سەرکەوتووش بوونە. بەهای هەواڵ لێرە وات لێ دەکا هەواڵێکی باش لەسەر ئەم کەیسە بنووسی، هەواڵێک کە خەڵک ببزوێنێ. لەوانەشە بڵێی هەواڵێک دەنووسم لەبارەی ئەوەی خەڵکی سەرکەوتوو هەندێ جار وەک دێباب کەمتر کاریگەرن لەچاو دێبابی ماڵباتێکی ئاسایی. دەبێ ئاگەداری ئەوە بی کە ئەم جۆرە رووداوانە دێنە پێشیان ئەوەتا بەهۆی چارنووسەوە یانیش بەهۆی فەشەلی دێبابەوەیە.

لە کۆتاییدا، لەبەرئەوەی لە نووسینی ئەم جۆرە هەواڵە تۆ یان بەشێکی لە چارەسەر یان لە کێشەکە، دەبێ لە خۆت بپرسی: ئاخۆ راپۆرتەکەی من یەک دەگرێتەوە لەگەڵ رێنوێنییە ئەخلاقییەکان بۆ نووسینی لەبارەی خۆکوشتن؟ هەندێ جار داواگەلی ژووری هەواڵ لەگەڵ ئەولەویاتی رۆژنامەوان نایەنەوە لە ئاڵوگۆڕی تایبەتیی نێوان پەیامنێر و دیمانی. ئەگەر ویستت دانوستاندن لەگەڵ نووسیارێک بکەی کە حەزی لە هەواڵی هەستیارە، دڵنیابە لەوەی بایی ئەوەندە فاکتت لایە بیسەلمێنی هەواڵەکە چەند زیان دەگەیەنی. تەنانەت ئەگەر نووسیارەکەت پێی داگرت، تۆ هێشتا دەتوانی زاڵ بیت و جەخت لەسەر لایەنە هەستیارییەکانی چیرۆکەکە بکەیەوە.

## ئەنجام

ڕۆژنامەوانی گەلێ جیاواز دەردەکەوت ئەگەر پەیامنێران دیمانەیان وەک لێکۆڵینەوە بەکار نەهێنابا. بۆ دەسپێک، زۆر زیاتر دەخایەنێ زانیاری کۆکەیەوە و سەریان لێ دەربکەی. ڕۆژنامەوانی ئەوەندە ڕاستەوخۆ و خۆش نەدەبوو ئەگەر بێو ڕۆژنامەنووسان تەنێ پشتیان بەوشکە فاکت ببەستابا و دەنگی ئەو کەسانەیان لە بیرکردبا کە لایەنی سەرەکیی ڕووداون و تەنێ جەختیان لەسەر شارەزایان کردبایەوە.

بۆ نموونە، ئەگەر خەڵک ویستی شتێک بزانێ لەبارەی ئەوەی لە پەرلەمان ڕووی دا لە ڕۆژێکی تایبەتدا، دەیانتوانی چاوەڕێی نووسراوی پەرلەمان بکەن کە لە کۆتاییی ڕۆژەکەدا دەردەچێ. بەڵام، زانیارییەکە بەزمانی پەرلەمانی دێتە گوتن و خوێنەر دەبێ ئەمسەر و ئەوسەری بەرگە ئەستوورەکانی پەرلەمان بکەن تا ئەو زانیارییە دەدۆزنەوە کە بایەخی پێ دەدەن. یان لەوانەشە خوێنەر هەر نەتوانێ بەسەر ئەو هەموو نووسراوەی پەرلەماندا بچێتەوە. ڕۆژنامەوان کۆنترۆڵیان هەیە لەسەر ئەوەی چییان پێ دەگوترێ، عادەتەن ڕاهاتوون بەو پرسیارانەی هەڵی دەبژێرن بۆ کردن. بەڵام، ڕۆژنامەوان هەردەم کۆنترۆڵی بڕیاردانی بەدەستە لەبارەی ئەوەی کام زانیاری بەسوودە بێتە گوتن و کامەش دەبێ بێتە لابردن و باس نەکرێ.

ئەم کۆنترۆڵە لە بەشی دابێ قووڵتر باسی لێوە کراوە. بەشی دابێ جەخت دەکاتە سەر پرۆسەگەل لە هەڵسەنگاندنی ئەو زانیارییەی کۆت کۆیان دەکەیەوە. ئەو سەرچاوانە برێتین لە پایلی کتێبخانە، گشتی و تایبەتی، ئینتەرنێت و ئەرشیفەیلی میدیا.

### خشتەی کۆکردنەوەی هەواڵ لە کاردا- هەڵسەنگاندنی سەرچاوەیلی سەرەکی

کوڕی ئەکتەرێکی ژنی بەناوبانگ بەمردوویی دۆزراوەتەوە. بەدارێکەوە لە گەڕەکێکی لۆکال و لە شوێنێکی گشتی هەڵواسراوە. یەکێک لە هاوکارانت لە ژووری هەواڵ بیرت دەخاتەوە کە مردووەکە یەک تاکە برای هەبوو و ئەویش دوو ساڵ لەمەوبەر بەڕووداوی ئۆتۆمۆبێل مرد. پۆلیس لە شوێنی ڕووداوەکەیە، دیمانە لەگەڵ ئەو کەسە دەکرێ کە لاشەکەی دۆزیوەتەوە. ئەو کەسە هاوڕێی مردووەکە و دایکە جەرگسووتاوەکەیە. سنوورەکانی نووسینی ڕاپۆرت لەبارەی مردن و خەم چییە؟ کەی لە بەرژەوەندیی گشتیدایە ڕاپۆرت لەسەر خەم بنووسی؟ سنوور هەیە بۆ ڕۆڵی گشتیی کەسایەتییەکی گشتی؟.

↓

ئاخۆ خەڵک حەز دەکا ئەمە بزانێ؟ بۆچی؟

ئاخۆ هەواڵەکە زیان بەکەس دەگەیەنی؟
پاساو هەیە بۆ زیانەکە؟
لایەنەکانی هەواڵەکە کێن؟
چیرۆکەکە بەدواداچوون دەهێنێ؟ بۆچی؟

کام بەهای هەواڵ پێوەندی بەو ئاکامانەوە هەیە؟

پێشتر چی لەبارەی ئەمەوە دەزانی؟
چۆن دەیزانی؟
هیچت لە مێشکت داناوە؟
دەتوانی ئەوەی دەزانی پشتڕاست بکەیەوە؟ چۆن؟

پێویستت بەکامە فاکت هەیە بۆ نووسینی چیرۆکەکە؟
کێ مردووە و چی بەسەرهاتووە؟ چۆن؟
ڕووداوەکە لە کوێ بوو؟ کەی؟
ئاخۆ پێویستە بزانی بۆچی ڕووی دا؟
ئاخۆ دەکرێ ئەم کارە بکەی؟

چۆن دیمانی هەڵدەبژێری؟
ئاخۆ ئەزموونی دەستی یەکەمن لە حاڵەتەکە؟
ئاخۆ دەتوانن کۆت دابین بکەن بۆ پتر تێگەیشتنی خوێنەر؟
فاکتی پشتڕاستکراو دابین دەکەن؟
لە سۆنگەیەکی فەرمیی دەسەڵاتەوە قسە دەکەن؟

هەواڵنامەی کتێب

تەوەقوعی چ زانیارییەک دەکەی بەدەستی بێنی؟
دیمانییەکان دەتوانن زانیاری دەستی یەکەم دابین بکەن؟ زانیارییان گشتییە یان تایبەتی؟
زانیارییەکان پشتڕاست دەکرێنەوە، چۆن؟
دیمانییەکان جێی باوەڕن؟ بۆچی؟
دڵنیای زانیاریی دیمانییەکان ڕاستن و پشتیان پێ دەبەسترێ؟

↓

سەرچاوەکانت تا چ ڕادەیەک باوەڕپێکراون؟
هیچ یەکێ لە دیمانییەکان بۆچوونی وەک فاکت باس کرد؟
هیچ لە دیمانییەکان زانیاری دا کە پاگەندە یان دەنگۆ بێ؟
دیمانییەکان پێ دەچوون بتوانن وەڵام بەڕاست و دروستی بدەنەوە؟
دیمانییەکان زانیارییان هەبوو تا بتوانن بەتەواوی قسە لەسەر ڕووداوەکە بکەن؟
هیچ زانیارییەک هەیە نەتوانی پشتڕاستی بکەیەوە؟ ئاخۆ دەکرێ ئەو زانیارییە پشتڕاستنەکراوە بەجێ بێڵی؟ بۆچی بەجێی دێڵی؟
قەناعەتت بەوە هەیە کە سەرچاوەکانت جێی باوەڕن؟

هەواڵنامەی کتێب

↓

کام بەهای هەواڵ پێش ئەوانی تر دەکەوێ؟
بیرۆکەی شۆرت و ناوبانگی کار لە بڕیارەکەت دەکەن؟

↓

چۆن فاکتەکانت هەڵدەبژێری؟
دەبێ چی لە چیرۆکەکەدا هەبێ؟
هیچ کۆتێک هەیە لایبەری؟ بۆچی؟
کامە شت گرینگترینە لای خوێنەر؟
دوای ئەوەی خوێنەر هەواڵەکە دەخوێنێتەوە هەست بەچی دەکا؟
ئاخۆ هەواڵەکە ڕێکە لەگەڵ ڕێنوێنیی ئەخلاقی بۆ نووسین لەبارەی خۆکوشتن؟

هیچ یەکێ لە فاکتەکان زیان بەکەس دەگەیەنی؟ پاساو هەیە بۆ زیانەکان؟ بۆچی پاڵەوان یان پیاوخراپت دەستنیشان کردووە؟

↓

چۆن چیرۆکەکە دەنووسی؟
گۆشەکەت چییە؟
تا چەند ڕەچاوکردنی خوێنەر کار لە نووسینەکەت دەکا؟
ئاخۆ پێویستت بەزانیاری زیاتر نییە؟

بەشی حەفتەم

## هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکانی هەواڵ

ئاژانسێکی هەواڵ هەواڵێک بڵاو دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە: ژن و مێردێکی پیر بەمردوویی لە ماڵەکەیاندا دەدۆزرێنەوە. بەهۆی سیستەمی غازەوە ژەهراوی بوونە و مردوون. کچکەیان پاگەندەی ئەوە دەکا کە خەتای سیستەمی غازەکە بووە. کۆمپانیای غاز ڕای دەگەیەنێت کە هیتەرە غازییەکە هاتووەتە پشکنین و هیچ کەموکووڕی نەبووە و دەبێ خەتای ژن و مێردەکە خۆیان بێ. تۆ پەیامنێری و داوات لێ دەکرێ لەمە بکۆڵییەوە، بزانی ئەگەر چیرۆکێکی گەورەتری لێ بکەوێتەوە و بینووسی.

ڕۆژنامەوان سەرچاوەیلی لاوەکی وەک ئەمانە بەکار دێنێت: کلیپینگی ڕۆژنامە (دێرێک یان دووان)، ئەرشیف، کتێب، تۆمار و دۆکیومێنتی فەرمی لەگەڵ سەرنج و لێکدانەوەیلی خۆی.

هەرچەندە ڕۆژنامەوان زۆر پشت دەبەستێ بە سەرچاوەیلی مرۆیی بۆ زانیاری و کۆت، بەڵگە بۆ ڕاگەیاندنی شتێک عادەتەن لە سەرچاوەیلی جەستەییدایە. زنجیرەی سەرچاوەیلی جەستەیی بەپێی خەیاڵی ڕۆژنامەوانەکە خۆی سنووری هەیە. بۆ نموونە، چەندان کتێبخانەی جۆراوجۆر هەن جیا لە کتێبخانەیلی گشتی. کتێبخانەی یاسا هەیە، کتێبخانەیلی زانکۆ، ئەرشیفی حکوومەتی لۆکال و بەلاڤۆکەیلی حکوومی، ئەمانە بەشێکی کەمن لە سەرچاوەیلی زەوەند. لەناو کتێبخانەی گشتیش سەرچاوەیلی تر هەیە وەک ئینسایکلۆپیدیا، پەرتووکەیلی ساڵ و تۆماری کەشوهەوای ساڵ کە ڕۆژنامەوان بەکاریان دێنێ بۆ چێککردنی فاکتەیل. سەرچاوەی تریش هەن وەک سەرچاوەی بایۆگرافی، سەرچاوەیلی لیستی کۆمپانیاکان و تاد. سەرچاوەکانی کاروبای گشتی هەیە وەک فایلی فاکتەکانی ئەمەریکا، ئیندێکسی تایمز، لەندەن. بۆ نموونە، ئەتڵەسگەلی بڵاوکراوەی شەستەکان پێشانی دەدا شتەکان چەندە گۆڕاون. وڵاتەیلی وەک سیام، پێرشیا،

ڕۆدیسا و یەکەتیی سۆڤیەت نەماون، سنوورگەلی نیشتمانی ئەوەندە خێرا دێنە گۆڕین ئەتڵەسگەلیش خێرا خێرا دەگۆڕێن. زۆربەی ڕۆژنامەوانان لەسەر مێزیان سەرچاوەیلی هەرە تازەیان لەبەردەستە وەک فەرهەنگی نوێ، کتێبەیلی شەقام و تەلەفۆنە و ناونیشان. تەنانەت دەفتەری پێوەندییەکانی ڕۆژنامەوان خۆی، کە وردەکاریی سەرچاوەیلی تێدایە، ئەویش خێرا دێتە نوێکردنەوە.

ڕێکخراوەیلی گەورەی هەواڵ ئەرشیفی میدیایان هەیە، وەک کتێبخانەیەکە هەموو هەواڵ و ڕاپۆرتی بڵاوکراوەی پێشووی بەپێی بابەت تێدایە. ئەمڕۆ، ڕۆژنامەوانان بەناو ئەو داتابەیسە جەستەییانەدا دەگەڕێن بەهەمان شێوەی گەڕان لە ئینتەرنێت. ئەو فایلانە شتگەلی زۆر باشن بۆ ڕۆژنامەوان، لەبەرئەوەی ئەنجامی خێرایان پێ دەدا لەچاو دانیشتن و خوێندنەوەی ڕۆژنامە دێر بەدێر.

ئێستە ڕۆژنامەوان زیاتر و زیاتر ئینتەرنێت بەکار دێنێت بۆ گەڕان بەدوای زانیاری باکگراوندی و دۆزینەوەی سەرچاوەکانی هەواڵ. ئینتەرنێت زۆر خێرا سەرچاوەکانی هەواڵ دەدا بەدەست، وەک بەشەکانی حکوومەت کە لێدوان و پرێس رلیسەکانیان تێدایە. ڕاستییەکەی، بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی ئۆنلاین لەلایەن ڕۆژنامەوان بووەتە شتێک مایەی حەسانەوە، چونکە زۆرترین فایل و سەرچاوە و زانیاریی ڕۆژانە دەخرێنە سەر تۆڕی ئینتەرنێت. ئینتەرنێت هەردوو سەرچاوەیلی دۆکیومێنتی و مرۆییی دەدا بە ڕۆژنامەوان، سەرچاوەگەلێک قەت پێشتر نەیانبینیوە و نەیانزانیوە. تاپسۆل وەسفی ئەوە دەکا چۆن ڕۆژنامەوان داتا کۆ دەکاتەوە و بەکاری دێنێ بۆ قورسکردنی چیرۆکەکە یان دیتنەوەی بیرۆکەی هەواڵ. ئەو پێی وایە وێڕای زانیاری باش، ئینتەرنێت زانیاری "پیس"یشی تێدایە و ناڕاستن، ئەمەش پێویستی بەکارێکی زۆرە بۆ پشتڕاستکردنەوە. ئەم بەشە باسی پرۆسەگەل دەکا ڕۆژنامەوان بەکاری دێنن بۆ نووسین: گەڕان بەناو ئەرشیف و کتێبخانە، ئامار، میدیا رلیس و پشتڕارستکردنەوەی سەرچاوەیل.

## هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکانی هەواڵ

مێنچەر دەڵێ ڕۆژنامەوان (ترس و ڕێزی هەیە بۆ وشە)، جا گرینگ نییە سەرچاوەکە چی بێ، لەبەرئەوەی ڕۆژنامەوان هەموو تەمەنی بەسەر دەبا لەگەڵ وشە لەسەر ڕۆژنامە. ڕۆژنامەوان کەمتر کات بەسەر دەبەن لە پشتڕاستکردنەوەی زانیاریی دۆکیومێنتکراو لەچاو پشتڕاستکردنەوەی قسەی سەرچاوەیلی مرۆیی. بۆ نموونە، ڕۆژنامەوان ئەرشیفی میدیا یان کلیپینگی ڕۆژنامە بەکار دێنن. ڕۆژنامەوان دەزانێ دوای دیمانەکەی ئەو، میدیای تر زانیاریی ئەو سەرچاوەیە وەردەگرن. بەڵام، ڕۆژنامەوانی خەمی نییە کاتێ بۆ زانیارییەک پشت دەبەستێ بەڕاپۆرتێکی بڵاوکراوە، چونکە دەزانێ ڕۆژنامەوانەکەی پێش ئەو ڕاستی گوتووە. عادەتەن ڕۆژنامەوان نازانێ چۆن بەلاڤۆکی پێشوو دێتە ئەرشیفکردن.

ئەو رۆژنامەوانەی کاری یەکێکی تر وەک فاکت بەکار دێنێ، نازانێ چۆن رۆژنامەوانیی یەکەم زانیاری هەڵبژاردووە. ئەو رۆژنامەوانەی کاری رۆژنامەوانی تر وەک سەرچاوە بەکار دێنێ هێندەی رۆژنامەوانەکە جێی باوەڕە. پرۆسەگەلی بیرکردنەوە پێویستی بەهەڵسەنگاندنی سەرچاوەیلی جەستەییە، ئەمە کارێکی ئاڵۆزە و دەبێ بەئاگاییەوە بێتە وەرگرتن لە پێناو دروستکردنی متمانە و بەردەوامبوون.

نموونەی ئەو بابەتە وەرگرە کە بەشێکە لە لێکۆڵینەوەی ئەم بەشە. بابەتەکە لە تەمووزی ۱۹۹۸ لە کۆواری وۆکلی بڵاو کراوەتەوە، کە بەلاڤۆکێکی نیشتمانیی دەستەی رۆژنامەنوانانی ئوسترالییە. رۆژنامەوانێک، کە هەڵگری خەڵاتی باشترین رۆژنامەوانە، بابەتەکەی نووسیوە و وەک پەیامنێر لە واشنتن دیسی ئەو کاتە کاری دەکرد. ئێلین فانینگ بەوەی زانی کە راستی زۆرجار دەکرێتە قوربانی ڕاکەڕاکەی بڵاوکردنەوەی هەواڵ لەسەر ئینتەرنێت.

بۆ هەڵسەنگاندنی سەرچاوەیەکی جەستەیی، یەکەم جار دەبێ قەناعەتت بەوە هەبێ کە قسەی سەرچاوەکە دەقیقە. مەرج نییە هەر زانیارییەک لە کتێب بڵاو بکرێتەوە دەقیق بێ. رۆژنامەوان هەردەم دەبێ رەچاوی مێژووی بڵاوکردنەوەکە بکەن لە هەڵسەنگاندنی تازەیی زانیارییەکە. بۆ نموونە، ئەو کتێبانەی لە شەستەکانەوە نووسراون زۆرجار جیاواز باسی مێژووی کۆمەڵایەتی دەکەن لەچاو ئەوانەی بەم دواییانە نووسراون. لە کەیسی بابەتەکەی کۆواری وۆکلی، بەلاڤۆکەکە و نووسەریش بەناوبانگن، بەڵام لەوانەیە بۆچوونی نووسەر لە ماوەی چوار ساڵدا گۆڕانی بەسەردا هاتبێ. لە هەڵسەنگاندنی زانیاری لەو بابەتەدا، تەواوی وتارەکە رای نووسەر خۆیەتی. بۆیە هەر شتێک لەو وتارە بەکار بێنی، دەبێ یەکەم جار پشتڕاستی بکەیەوە ئەو جار بینووسی. ئەمەش دەکرێ بەهۆی قسەکردن لەگەڵ سەرچاوەی سێیەم، بۆ نموونە، ئەرشیفی رۆژنامەکە.

هەر کاریگەرییەکی تر لەسەر سەرچاوە دەبێ بێنە ناساندن و رەچاوکردن. پالیتز و ئینتمان دەڵێن لە هەر شوێنێک رێکخراوی میدیا مەبەستی کۆکردنەوە و نووسین و وەشانی هەواڵ بێ، ئاکامەکەی پشتبەستنە بە سەرچاوەی فەرمی و یەکەتیی نووسین. ماکمانوس دەڵێ ئاسانە پشت ببەستی بە ئاژانسەکانی هەواڵ و پرێس رلیس بۆ فێربوون لەبارەی رووداوەکانی کۆمەڵگە. ئەو دەڵێ ئەمە باشترە لەوەی رۆژنامەوان بگری و هەواڵت بۆ بدۆزنەوە. دەڵێ ئەمە رۆژنامەوانیی بێ هەستە و کارنامەیەکی گشتی دروست دەکا لەلایەن ئەوانەی بەهێزن لە کۆمەڵگە و پیاوی چاپەمەنییان هەیە و رووداو دادەپۆشن.

> پشتبەستن بە سەرچاوەکانی هەواڵ دەتوانرێ بێتە قۆرخکردن بۆ کارکردنە سەر کارنامەی هەواڵ بەڕێگەیەک رۆژنامەوانت دێنێتە بەرچاو وەک ئەوەی نەتوانێ یان نەیەوێ بەرگە بگرێ. ئەم جێبەجێ دەبێ لە میدیای نووسرا و بینراو و بیسراو.

رۆژنامەوان زۆر حەزی لە سەرچاوەیلی ئەلیکترۆنیی هەواڵە، وەک ئینتەرنێت، داتابەیس و گرووپی هەواڵ، چونکە خێران و بەئاسانی دەست دەکەون. داتابەیسی ئۆنلاین زانیاریی تایبەتی

بێژمار دەخەنە بەردەست لەسەر داوای ڕۆژنامەوان. ئەگەر بێو بەدەست لەو زانیارییانە بگەڕێی، لەوانەیە چەندان مانگی بوێ، بەڵام بەهۆی ئامێری گەڕان لە کۆمپیوتەر زۆر بەئاسانی و دەتوانی لە چەندان بوار لە ماوەی چەند چرکەیەکدا بەدەستیان بێنی.

کۆچ بۆچوونێکی ئەرێنی هەیە لەسەر ڕۆڵی تەکنەلۆجیای ئۆنلاین بۆ داهاتووی ڕۆژنامەوانی. ئەو دەڵێ ئینتەرنێت و تەکنەلۆجیای تر بۆ هەڵگرتنی زانیاری، بەری ژووری هەواڵ زۆر فراوانتر دەکا. پێی وایە داهاتووی ڕۆژنامەوانی تازەپێگەیشتوو گەشە، لەبەرئەوەی دەتوانێ ئازادانە دەستی بەو سەرچاوانە بگا خۆی هەڵیاندەبژێرێ. ئەو هیوای ئەوەیە ئەو ڕۆژنامەوانانە پرسیاری باشتر بکەن چونکە زانیاری باکگراونی باشتریان لە خزمەت و بەردەستە. کۆچ پێی وایە ئەمە کوالیتی ڕۆژنامەوانی و شکۆمەندیی ڕۆژنامەوانان باشتر و بەهێزتر دەکا. دانیش بەوەدا دەنێ کە بەرگەگرتنێک لەناو ڕۆژنامەوان و نووسیاران هەیە کە پێیان وایە زانیاریگەلی ئەرشیف کات زۆر دەبەن.

سەرچاوەیلی ئۆنلاین وەک ئنیتەرنێت زۆرجار مەترسیشیان هەیە. ئازاد گەیشتن پێی واتە هەر کەس دەتوانێ زانیاری بڵاو دەکاتەوە بێگوێدانە دەقیقی ئەو شتەی دەینووسێ. لە کەیسێکی بەم دواییانەدا، دەستەی رایفلی نیشتمانی ئەمەریکا لەسەر وارگەی ئەلیکترۆنی بڵاوی دەکاتەوە و دەڵێ: تاوانی چەک سەتا سی زیادی کردووە لە ئوسترالیا لەوەتەی سەپاندنی یاسای چەک. ئەم ئامارە کە وەک فاکت نووسراوە پشتڕاست نەکراوەتەوە بەو ئامارەی کە لەلای نووسینگەی ئاماری تاوانی ئوسترالیا هەیە. ڕۆژنامەوانێک کە پەسەندی ژمارەکانی دەزگا ئەمەریکاییەکە دەکا زۆر زەحمەتە بتوانێ پشتڕاستی بکاتەوە، چونکە پێی وایە هەر ئەو ڕاستە. وایت دەڵێ زەحمەتیی پشتڕاستکردنەوەی زانیاری مەترسییەکی ڕاستەقینەیە. نووشداری دەدا "دەبێ هێشتا لە خۆت بپرسی دەسەڵاتی ئەم زانیارییە چییە، چەند تازەیە، تا چەند دەتوانم وەک بەهایەکی ڕاست وەری گرم؟"

## بەکارهێنانی سەرچاوەیکانی هەواڵ لە کاردا

لەو سیناریۆیەی لە سەرەتای ئەم بەشەدا باس کراوە، دەبێ یەکەم جار بڕیار بدەی ئاخۆ فاکتەکان ئەوەندە زۆرن چیرۆکێکی گەورەتر دورست بکەن. وەک لە بەشی چوارەمدا باس کرا، تۆ بڕیاری بەهای بیرۆکەی چیرۆک دەدەی. ئاخۆ بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکە لە بەرژەوەندیی گشتیدایە؟ لەوانەیە لێرە ڕەچاوی مافی گشتی بۆ زانین بکەی، چونکە لەوانەیە ئاگەداری مەترسییەک نەبن بۆ سەر ژیانیان. ئاخۆ زیان بەکەس دەگات ئەگەر بێو چیرۆکەکە ڕاست بێ و تۆش بڵاوی نەکەیەوە؟ کۆمپانیاکەی غاز تووشاری زیانێکی دارایی دەبێ ئەگەر بێو خەڵک متمانەی سەلامەتیی غاز لە دەست بدەن. ئاخۆ پاساو هەیە بۆ ئەو زیانە بەو کارەی تۆ دەیکەی؟

ئەگەر بڕیار بدەی بەردەوام بی، پێویستە فاکتەکان کۆ بکەیتەوە و بڕیار بدەی چۆن دەیانزانی.

بۆ ئەمەیان پێویستت بە بەڵگەیە وەک حاڵەتگەلی پێشووی مردن بەهۆی غازەوە. هەروەها پێویستە هەندێ باکگراوند پەیدا بکەی لەسەر ئەوەی چی گوتراوە لەبارەی ئەم پرسە و ئەو زانیارییانەی وەرت گرتوون پشتڕاست بکەیەوە.

کاتێ دەست دەبەی بۆ سەرچاوەیلی بەردەست، دەبینی پێشتر قسە لەسەر ئەو پرسە کراوە لە ئاژانسەکانی هەواڵ، وەک ئەسۆشیەتد پرێس. کۆمپانیاکەی غاز قایل نابێ دیمانە بکا، بەڵام دوو میدیا رلیس و ناونیشانی وارگەی ئەلیکترۆنی خیت دەداتێ. نووسیارەکەش میدیا رلیسی ترت دەداتێ کە دوای رووداوەکە وەری گرتوون. بەگشتی تۆ چوار چیرۆکەیلی هەواڵت هەیە، دوو راپۆرتی بنەڕەتی و چوار میدیا رلیس. دوویان هیی کۆمپانیاکەی غازە کە لە ئاکامی پرسیارەکانی تۆ بەدەست هاتوون و دووانیش بەپێی خۆیان و بێ پرسیارکردن هاتوون.

## دوو راپۆرتە بنەڕەتییەکە

یەکەم:

٢١ی حوزەیران، مردن بەهۆی غازەوە

شاری کاپیتال، پێنجشەمە: ژن و مێردێکی پیر بەمردوویی لە ئاپارتمانەکەیاندا هاتوونەتە دۆزینەوە، پێ دەچێ قوربانی لیکی غازی هیتەر بن.

پۆلیس گوتی تەرمی جۆزیف سۆڵت، ٨٢، و ژنەکەی ماری، ٧٨، لەلایەن کچکەیان خاتوو ماری گراند،٤٢، هاتوونەتە دۆزینەوە. گراند نیگەران دەبێ دوای ئەوەی دێبابی وەڵامی چەندان تەلەفۆنی ئەو نادەنەوە. دەچێ و بەمردوویی دەیاندۆزێتەوە.

خاتوو گراند، کە تەلەفۆنی بۆ پۆلیس کرد، گوتی تەنانەت دوای کردنەوەی پەنجەرەکانیش بۆنێکی تیژی غاز لە ئاپارتمانەکەوە دەهات.

گوتیاری پۆلیس جۆن سمیس گوتی تاقیگەی پزیشکی دووپاتی کردەوە کە کەپڵەکە بەغاز ژەهراوی بووبوون.

دووەم:

٢٢ی حوزەیران، مردن بەهۆی غاز، گلەیی، سمیس

شاری کاپیتال: کۆمپانیای غازی نیشتمانی رەتی کردەوە خزمەتگوزاریی غازی لۆکال ترسناک بێ دوای مردنی کەپڵێکی پیر لە ئاپارتمانەکەیان.

گۆتیارێکی کۆمپانیاکە دەڵێ غاز بەتەواوی سەلامەتە ئەگەر خەڵک کەمێک خەمی چاککردنەوەی وردە کەموکووڕیی سیستەمەکە بخۆن.

"کۆمپانیاکە ناتوانێ بەرپرسیارەتیی بێگوێیی موشتەرییەکانی بگرێتە ئەستۆ،"

گوتیارەکە گوتی.

دوێنێ کچی کەپڵەکە گوتی هیتەری ئاپارتمانەکە سەلامەت نەبووە و حاڵەتەکەی وەها وەسف کرد "تراجیدیایەک چاوەڕێ بوو ڕوو بدات"

خاتوو ماری گراندی چاو بەگریان باسی ئەوەی کرد چۆن تکای لە دێبابی، کە دوێنێ بەمردوویی بەهۆی ژەهراوی غازەوە دۆزراونەتەوە، کردووە هیتەری ئاپارتمانەکەیان بگۆڕن.

"بەردەوام پێم دەگوتن هیتەرەکە بەم شێوەیە چەند ترسناکە. دەمویست ئەوان هیتەرەکەیان لە غازەوە بگۆڕن بۆ کارەبایی، بەڵام گوتیان کۆمپانیاکەی غاز لەبەر دڵنیانەبوونی سەلامەتی نەیانتوانیوە ئەو هیتەرانە بفرۆشن."

دێبابی خاتوو گراند، جۆزیف و ماری سۆڵت، دوێنێ بەمردوویی لە ئاپارتمانەکەی هاتوونەتە دۆزینەوە.

"کۆمپانیاکەی غاز گوتی پرسەکە چاککردنەوە بوو و ئەوان بەرپرسیار نین."

"دایک و باوکم بەداهاتێکی کەم خانەنشین بوون و ئێستەش لۆمەی مردنیان دەکەوێتە سەر خۆیان،" کچەکە گوتی.

لە ماوەی ١٢ مانگی ڕابردوودا، پێنج کەس بەهۆی هەڵمژینی غازەوە مردوون، زۆربەیان پیر بوون.

## چوار هەواڵەکە

یەکەم

کۆمپانیای غاز لۆمەی مردووان دەکا لەبەر لیکی غاز

کۆمپانیای نیشتمانیی غاز گلەیی مردنی کەپڵێکی پیر بەهۆی ژەهراویبوونی غاز لە هەفتەی ڕابردوو دەخاتە ئەستۆی کەپڵەکە خۆیان.

"کۆمپانیاکە ناتوانێ بێگوێیی موشتەرییەکانی بخاتە ئەستۆ،" گۆتیاری کۆمپانیاکە گوتی.

گوتیارەکە گوتی سیستەمی غازەکە "بەتەواوی سەلامەتن ئەگەر خەڵک کەمێکی خەمی چاککردنەوەی بخۆن."

هاوکات، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیاکە، بەڕێز جۆن سیلڤەری تووڕە، گوتی پیشەسازیی نیشتمانیی غاز پێوەری زۆر باشی هەیە بۆ کاری تەکنیکی، سەلامەتی و کوالیتی.

ئەم بەرتەکە دوای ئەوە دێ کە کچی کەپڵەکە، خاتوو ماری گراند، کۆمپانیاکەی

تاوانبار کرد بەدانانی ئامێری خراپ لە ماڵی دێبابی.

لە ماوەی ١٢ مانگی رابردوودا، پێنج کەسی پیر بەهۆی هەڵمژینی غازەوە مردوون.

دووەم

پیاوێکی غازلێدراو دەدۆزرێتەوە

پیاوێکی شاری کاپیتال بەهۆی ژەهراوییبوونی بەغاز بەمردوویی لە ئاپارتمانەکەی دەدۆزرێتەوە.

جۆن براون، ٤٩ ساڵ، پێدەچێ مردبێ دوای هەڵمژینی دووکەڵاوی غازی هیتەری ئاپارتمانەکەی.

دراوسێکان پۆلیسیان ئاگەدار کردەوە دوای ئەوەی بۆنی غازیان کرد لە ئاپارتمانەکە.

پۆلیس دەڵێ پیاوەکە ماوەی چەندان رۆژ لە ژووریٚ مردبوو.

٣ی حوزەیرانی ١٩٩٩

سێیەم:

سێیەم مردن بەغاز

ئافرەتێک بەمردوویی لە ماڵەکەی دۆزرایەوە، ئەمە سێیەم کەسی پیرە بمرێ بەهۆی هەڵمژینی غاز لەم زستانەدا.

پۆلیس گوتی هیتەرێکی تێکچوو رەنگە هۆکاری رووداوەکە بووبێ.

خاتوو رۆز تیسکا،٨٢ ساڵ، لەلایەن دراوسێیەکی دوێنێ دۆزرایەوە.

تۆم رۆس، ٧٥ ساڵ، جۆن براون، ٤٩ ساڵ، بەهەمان شێوە لە ماوەی ١٢ هەفتەی رابردوودا مردن.

٢٩ی ئابی ١٩٩٩.

چوارەم

گلەیی لە هیتەری غاز کرا بۆ چوار مردن

گلەوگاز لە سیستەمێکی تێکچوو کرا بۆ مردنی تراجیدیایی چوار کەس لە ماڵێکی ئاگرتێبەربوو لە شاری کاپیتال.

پۆلیس گوتی قوربانیان، کە ناویان نەهێنرا، بەکرێ لە خانووەکە بوون کە رۆژی هەینی ئاگری لێ هەڵسا.



هەواڵنامەی کتێب

ئەفسەرانی ئاگرکوژێنەوە گوتیان پێ دەچێ ئاگرەکە بەهۆی سووکەئاگرێکی جگەرەوە بێ کە بەر لیکی غاز کەوتووە و خانووەکەی سووتاند.

پۆلیس لە رووداوەکە دەکۆڵنەوە.

١٠ی ئابی ١٩٩٧.

بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو کەرستانە زنجیرەیەک پرسیار لە خۆت دەکەی لەبارەی هەر پارچە زانیارییەک. تاپسۆل بەمە دەڵێ دیمانەکردنی زانیاری. یەکەم پرسیار ئەوەیە: گۆشەی چیرۆکەکە چییە؟ چیرۆکەکە چەندان گۆشەی جیاوازی هەیە. بۆ نموونە، ئەو هەواڵانەی کۆتی خاتوو گراندیان تێدایە جەختە دەکەنە سەر پاگەندەیلی ئەو و حاڵەتی سۆزیاری. ئەمە تەواو پێچەوانەی میدیا رلیسی کۆمپانیاکەی غازە کە کۆمەڵێک فاکتی تێدایە. ئاخۆ زانیاریی لە کاتی سۆز کەمتر جێی باوەڕە؟ بۆچی؟ پاشان بزانە چۆن گۆشەکە بنیات نراوە. بەهۆی فاکتەکان یان رێگەی رۆژنامەوانەکە بۆ رێکخستنی فاکتەیل بنیات نراوە؟ ئاخۆ هێزی سۆزیاریی هەواڵەکە لەو کۆتانەدایە کە هاتوونەتە هەڵبژاردن یان لەو وشانەدایە لەلایەن رۆژنامەوان بەکار هێنراون؟ هەواڵەکە لە دید و تێڕوانینی کێ نووسراوە؟ کامە بەهای هەواڵ پشتی هەواڵەکەی گرتووە؟ بەهاکانی هەواڵ لە بەشی چوار و پێنجدا باسیان لێوە کراوە.

پاشان، زانیارییەکان هەڵسەنگێنە وەک بلێی لە دیمانە هاتبنە وەرگرتن. سەرنجی هیچ فاکتێکی هەڵەت کرد لە راپۆرتە بڵاوکراوەکان؟ لە راپۆرتی یەکەم و دووەمدا، ناوی مردووەکان لەوانەیە جیاواز بن. چۆن دەزانی کامەیان راستە؟ دەبێ تەماشای ناو، سەرچاوە باکگراوند هەموو شتێک بکەی.

چەند کەس مردوون؟ چۆن دەزانی ئەوەندەیە؟ یەک لە هەواڵەکان باسی وارگەیەکی ئەلیکترۆنی دەکا. دەتوانی میدیا رلیسە وەرگیراوەکانی ئەوانەی سەر وارگەکە چێک بکەی. بزانە کامەیان دەقیقترە؟ چۆن باوەڕی وارگەکە هەڵدەسەنگێنی؟

بزانە هیچ زانیارییەک نەقووسانە. پاگەندەکانی خاتوو گراند پشتڕاست دەکرێنەوە؟ ئاخۆ سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی رووداوەکەیە؟ بزانە کامەیان زۆرترین بۆچوون و کامەشیان زۆرترین فاکتی تێدایە. ئەگەر لە خوارەوە تەماشای میدیا رلیسەکان بکەی دەبینی وەک هەواڵێک نووسراوە و جەختی لەسەر گۆشەیەک کردووە. لەبەرئەوەی رۆژنامەوان پێویستی بەگۆشەیەکە زەقی بکاتەوە لە هەواڵ، بۆیە لەوانەیە یەکسەر هەمان گۆشەی رلیسەکە بەشێوازێکی تر دووبارە بکاتەوە. عادەتەن میدیا رلیس بەشێوەیەک دەنووسرێن تا رۆژنامەوان هەمان زانیاریی رلیسەکە بنووسنەوە. رۆژنامەوان دەبێ خۆڕاگر بێ و بەو میدیا رلیسانە نەخلیسکێ، چونکە رلیس هەیە دەڵێ دوو کۆ دوو دەکاتە پێنج. لەلایەکی ترەوە، دەکرێ متمانە بەرلیسی کۆمپانیاکە نەکەین بەس لەبەرئەوەی لایەنی خەتابارە؟ ئاخۆ زەقکردنەوەی قسەی کۆمپانیایەکی گەورە و پشتگوێخستنی گەلەگازی

هاووڵاتییان وەک بەهایەکی هەواڵ سەردەکەوێ؟

میدیا رلیسی یەکەم

غازی سروشتی کوالیتی هەوال ژوورەوە دەپارێزێت

غازی سروشتی جێگرەوەیەکی سەلامەت و هەواپاکە بۆ هیتەری ناو ماڵان، کۆمپانیای نیشتمانیی غاز ئەمڕۆ گوتی.

بەڕێوەبەری گشتی جۆن سیلڤەر گوتی خراپ بەکارهێنانی یان پشتگوێخستنی سیستەمی غازەکە مەترسیی گەورەی هەیە.

"بەپێچەوانەوە، پیشەسازیی غاز دەمێکە پابەندە بە کوالیتی هەوا و گرفتەکانی هەوا لە سیستەمەکە،" ئەو وای گوت.

"لە ماوەی ١٠ ساڵی بوریدا، پیشەسازیی غاز ستانداردی پیشەسازییەکەی داتا بۆ سیستەمی غاز بۆ دڵنیابوون لە دەرنەچوونی غاز."

"هەروەها کارگەیلی دروستکردنی ئامێری غاز بەرنامەیلی لێکۆڵینەوە و گەشەپێدانیان هەیە بۆ باشترکردنی تەکنەلۆجیای سووتاندنی غاز. هەندێکیان سەرنجی هەناردەکارانیان راکێشاوە."

دەسپێشخەری تر هەن وەک دانانی تافیگە بۆ تاقیکردنەوە و رەزامەندی بۆ فرۆشتنی هیتەری غاز.

بەهۆی هیتەری کارەبایی هەر ماڵێک غازی دوانۆکسیدی کاربۆن بەرهەم دێنێت پێنج ئەوەندەی بەکارهێنانی غازی سروشتی بۆ گەرمکردنی ئاو، چێشتلێنان و گەرمکردنەوە.

"غازی سروشتی دێتە بەرهەم، بەبۆری دێتە پێشکێشکردن بە بەکارهێنانی ستانداردی سەلامەتی و ژینگە لە تەواوی پیشەسازییەکە،" ئەو گوتی.

میدیا رلیسی دووەم

گومان لە سەلامەتیی ئامێری غازی نییە

کۆمپانیای نیشتمانیی غاز نیگەرانە بەدوایەمین راپۆرتی میدیا گوایە خزمەتگوزاریی غازی ناو ماڵان سەلامەت نییە.

بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیاکە، بەڕێز جۆن سیلڤەر، گوتی پیشەسازیی غازی سروشتی ستانداردی باشی کارکردنی هەیە وەک سەلامەتی و کوالیتی خزمەت و لەگەڵ ئەم ستراتیجانەی خوارەوە:

١- بروانامەی ئامێری نیشتمانی هەیە کە ئامێر و کەلوپەلی غازەکە بەپێی ستانداردەکان تاقی دەکاتەوە، ئەمە لە رێگەی پیشەسازیی دەستەی نیشتمانیی غازی ئوسترالی لە مالبۆرن کار دەکا.

٢- بەرنامەیلی ئیجباری وزە هەیە بۆ ئامێری غازی پیشەسازییەکە کۆدی کاری ژینگەی نیشتمانی پێڕۆ دەکا.

٣- دڵنیایی کوالیتی ژمارە یەکی جیهانە و خزمەتگوزاریی ژمارە یەک بۆ موشتەری دابین دەکا.

٤- کۆمپانیاکە یەکەم دەستەی پیشەسازییە مۆڵەتی پێ درا بەپێی ستانداردەکان کار بکا.

لەم کەیسەدا دوو میدیا رلیسی تر بەبێ داواکردن دەگەنە دەست. دەبێ چی پاڵ بە سیناتۆر بلۆ بنێ پێوەندی بەمیدیا بکات؟ سیاسەتوانێکی ئۆپۆزیسیۆن بەرامبەر حکوومەت، ئەولەویاتی سیاسەتی گشتی بریتییە لە رەخنەگرتن لە حکوومەت. هەروەها پاڵنەرێکی پرۆفیشناڵی کەسانیشی هەیە. لەلایەکی ترەوە، ئەو بەرپرسێکی هەڵبژێردراوە، پابەندە بەپرسەیلی کاریگەر بۆ سەر بەرژەوەندیی گشتی. بەپێی کام بەهای هەواڵ بۆچوونی سیناتۆر بلۆ دێتە بلاوکردنەوە؟ ئەی میدیا رلیسی RRG ناودەوڵەتی چی؟ ئاخۆ ئەمە سەرچاوەیەکی سەربەخۆیە بۆ زانیاری، لەبەرئەوەی نەک خاوەن گلەوگازە نە کۆمپانیاکەی غاز؟ ئاخۆ فاکتی سەرچاوەیەکی دوور لە چیرۆکی لۆکال کارنامەیەکی تر زیاد دەکا؟ پێش بەکارهێنانی زانیاری ئار ئار جی، دەبێ بزانی ئەگەر سەرچاوەیەکی باوەرپێکراوە. لەوانەیە تەماشای وارگەی ئەلیکترۆنیان بکەی. بزانە ئار ئار جی مانای چییە، لەوانەیە کورتکراوەی گرووپی سەرچاوەیلی نوێ بێ. ئاخۆ ئەمە کار دەکاتە سەر باوەڕی ئار ئار جی ئەگەر جێگرەوەیەکی گرووپی لۆبی وزە بێ؟

ميديا رليسی سێیەم

بانگەشە بۆ پێداچوونەوە بەستانداردی سەلامەتی

گۆتیاری ئۆپۆزیسیۆن بۆ کاروباری بەکاربەر، سیناتۆر بلۆ، داوای پێداچوونەوە دەکا بە ستانداردی سەلامەتیی بەرهەمی غاز دوای مردنی کەپڵە پیرەکەی شاری کاپیتال.

"من هیچ چارەیەکی مامناوەند لەسەر پرسی سەلامەتی قبووڵ ناکەن، بەڵام ستانداردی سەلامەتی پێویستی بەپێداچوونەوە هەیە،" سیناتۆر بلۆ گوتی.

"دەبێ ستانداردەکانی ناو کتێب نوێ بکەینەوە تا بتوانین چارەی گرفتەیلی نوێی سەلامەتی بکەین،" ئەو گوتی.

"بەکاربەران دەبێ بێنە پاراستن لە کاڵای ناسەلامەت. دەبێ ستانداردی سەلامەتی لە ئاست داواکاریی سەلامەتی بن و کاری کاربەدەستانی سەلامەتی ئاسانتر بکا باشتر بەر بدەنە کارەکەیان،" بەڕێز بلۆ گوتی.

داوای لە حکوومەت کرد لەسەر دابینکەرانی وزە بکا بە ستانداردی سەلامەتیی بەرهەمی غازدا بچنەوە.

"دیارە حکوومەت سەلامەتی خەڵکی لە بیر کردووە،" ئەو گوتی.

کتێبخانەی هەولێر

میدیا رلیسی چوارەم

کورتەی مردنەکان بەهۆی غاز لە دنیا

لێکۆڵەرانی ناودەوڵەتی دەریان خستووە ساڵانە هەزاران کەس دەمرن بەهۆی ئامێری غازی ناو ماڵان.

ئارِ ئارِ جیی ناودەوڵەتی ئەنجامەیلی لێکۆڵینەوە پێنج ساڵییەکەی لەسەر وارگەی ئەلیکترۆنی بڵاو کردەوە دوێنێ.

لێکۆڵینەوە باسە لە ژمارەی مردووان دەکا لە دنیا کە بەهۆی غازەوە دەمرن.

بەڕێوەبەری ئارِ ئارِ جی ترێڤەر وایت ئەمڕۆ گوتی ئەو کۆمپانیایانەی غاز قازانجیان پێ لە خەڵک گرینگترە.

"تاکە خەمی ئەوان ئەوەیە وزە بەخەڵکی بفرۆشنەوە،" ئەو گوتی.

"لێکۆڵینەوەکەمان دەری خستووە سەتا هەشتای مردنەکانی غاز بەهۆی ئامێری خراپ یان خزمەتگوزاریی خراپەوە بووە، بەڵام تەنێ ٠,٥ یان لێپرسینەوەیان لەگەڵ کراوە،" ئەو گوتی.

بەڕێز وایت گوتی وزەی جێگرەوە، وەک هێزی خۆر، خراپەی کەمترە.

وردەکاریی زیاتر هەیە لە وارگەی ئەلیکترۆنیی ئارِ ئارِ جی: http://rrg.com

## ڕەنگدانەوەی ڕەخنەیی

پێش ئەوەی چارەی ئەو دوودڵییانە بکەی کە لە سەرەتای ئەم بەشە تووشارت بوون، دەبێ هەڵیسەنگێنی چی دەکەی و چی دەزانی و نازانی. ئاخۆ زانیاری بەدەستهاتوو هاوسەنگی پرسەکە دەپارێزێت؟ بۆچی؟

چیرۆکێک لەبارەی تەندروستییەوە بەکاربەردان دەخاتە مەترسییەوە؟ ئەسڵی زانیارییەکان کوێیە؟ دەکرێ سەرچاوەی ئەو چیرۆکانە دیاری بکرێ؟ لە کەیسی میدیا رلیسەکان سەرچاوە دیارە، بەڵام کام زانیاری لە هەواڵدا بڵاو دەکەیەوە؟ ڕەچاوی ئەو زانیارییانە بکە هەتە. هیچ زانیارییەک هەیە پێویست بکە لای بدەی؟ بۆچی؟ هیچ زانیارییەکی پێویست هەیە و تۆ نەتبێ؟ کەوابێ، دەکرێ زانیارییەکە بەدەست بێنی پێش ئەوەی بڕیار بدەی چیرۆکەکە بنووسی؟ چۆن ئەمە دەکەی؟ ڕەچاوی ئەوە بکە ئەگەر هەموو زانیارییەکان پێوەندییان بە چیرۆکەکەوە هەبوو. ڕەنگە بۆچوونی سیاسەتوانەکە گرینگ بێ، بەڵام ئاخۆ تێگەیشتن لە پرسەکە باشتر دەکا؟ ئاخۆ هەستت بەوە کردووە کە شتێک هەیە لەناو ئەو هەموو زانیارییانە هاتووەتە حەشاردان؟ ئەو باوەڕانە لەسەر چی بنیاتنراون؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، ڕەچاوی تەواوی لێکۆڵینەوەکەت بکە. پرسی سەرەکیی چییە؟ دەتوانی دیاری بکەیت؟ لە فاکتەکان دڵنیایت؟ پێش ئەوەی هەنگاوێکی تر باوێی بزانە پاڵەوان و پیاوخراپت دیاری کردووە؟ ئاخۆ چیرۆکەکە زیان بەکەس دەگەیەنێ؟ ئاخۆ پاساو

هەیە بۆ زیانەکە؟ لێرەدا دەبێ هاوسەنگییەک ڕاگری لە نێوان ئەو زیانانەی بەکۆمپانیاکەی غاز و ئەوانەشی بە تەندروستیی خەڵک دەگا.

### خشتەی کۆکردنەوەی هەواڵ لە کاردا: هەڵسەنگاندنی سەرچاوەی لاوەکی

ئاژانسێکی هەواڵ هەواڵێک بڵاو دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە: ژن و مێردێکی پیر بەمردوویی لەماڵەکەیاندا دەدۆزرێنەوە. بەهۆی سیستەمی غازەوە ژەهراوی بوونە و مردوون. کچەکەیان پاگەندەی ئەوە دەکا کە خەتای سیستەمی غازەکە بووە. کۆمپانیای غاز ڕای دەگەیەنێت کە هیتەرە غازییەکە هاتووەتە پشکنین و هیچ کەموکووڕی نەبووە و دەبێ خەتای ژن و مێردەکە خۆیان بێ. تۆ پەیامنێری و داوات لێ دەکرێ لەمە بکۆڵییەوە، بزانی ئەگەر چیرۆکێکی گەورەتری لێ بکەوێتەوە و بینووسی.

↓

پرسەکانی ئەم کەیسە چین؟

لایەنەکانی کێن؟

لێکۆڵینەوەکەت زیان بەکەس دەگەیەنێ؟ ئاخۆ زیانەکە پاساوی هەیە؟

↓

پشت بەکام بەهای هەواڵ دەبەستی بۆ نووسینی چیرۆکەکە؟

↓

چیرۆکەکە ئەوە دەهێنێ بەدوایدا بچی؟ بۆچی؟

↓

پێویستت بەکام فاکتە پێش ئەوەی چیرۆکەکە بنووسی؟

بەڵگە لەسەر ئەوەی چەند کەس مردوون؟

بەلاڤۆکی پێشتر لەبارەی مەترسییەکان؟

بۆچوونی لایەنەکان؟

↓

هەواڵنامەی کتێب

کام زانیاری لە ئەرشیف هەیە؟
چۆن سەرچاوەکانت هەڵدەبژێری؟
ئەوەی بەدەستی دێنی پشتڕاست دەکرێتەوە؟ چۆن؟
سنوورەیلی سەرچاوەکانی ئەرشیف چین؟

↓

چۆن هەر زانیارییەک هەڵدەسەنگێنی؟
گۆشەی چیرۆکەکەت چییە؟
بەچی گەشەی پێ دەدەی؟
پیاوی خراپ و باش لە هەر چیرۆکێکدا هەیە؟
لە دید و تێڕوانینی کێ چیرۆکەکە دەنووسی؟
کام بەهای هەواڵ پشتی ئەم چیرۆکە دەگری؟
چی لەم چیرۆکە فێر بووی؟
چیرۆکەکە هیچ زانیارییەکی نەقووسانە؟
ئاخۆ ئەم نووسینە وێنەیەکی تەواوی ڕووداوەکە پێشکێش دەکا؟ بۆچی؟
سەرچاوەی ئەم نووسینە چییە؟

↓

سەرچاوەکانت تا چەند باوەڕپێکراون؟
چیرۆکەکانی ناو کتێبخانە لە کوێوە هاتوون؟
ئاخۆ دەگەیت بەسەرچاوەیلی چیرۆکەکە؟
تێبینیت چییە لەبارەی ناوەڕۆکی میدیا رلیسەکان؟
بۆچی ڕۆژنامەوان زانیاریی ناو میدیل رلیس دووبارە دەکاتەوە؟
بەپێی کام بەهای هەواڵ زانیاریی سەرچاوەیل بڵاو دەکەیەوە؟
چی پاڵی بە سیناتۆر بلۆ ناوە قسە لەبارەی ڕاپۆرتەیلی هەواڵ بکا؟
چی پاڵی بە ئاڕ ئاڕ جی ناوە پێوەندی بەمیدیاوە بکا؟
ئاخۆ ئاڕ ئاڕ جی سەرچاوەیەکە جێی باوەڕ بۆ ئەم پرسە؟

ئاخۆ کۆمپانیاکەی غاز سەرچاوەیەکە جێی متمانە بۆ ئەم پرسە؟ بۆچی؟
سەرنجی هیچ هەڵەیەکت داوە لە راپۆرتە بڵاوکراوەکان؟
کارنامەیلی تر کاریگەرییەکان هەبووە لەسەر نووسینی راپۆرتە بڵاوکراوەکان؟

چۆن دەرکەوتەکانت هەڵدەسەنگێنی؟
ئاخۆ کلیپینگەکانی هەواڵ و کەرەستەی تر ناوەڕۆکی پرسەکە هاوسەنگ دەکەن؟
دەبێ چی بخرێتە ناو چیرۆکەکە؟
هیچ زانیارییەک هەیە لابدرێ؟ بۆچی؟
بەپێی کام بەهای هەواڵ تۆ لێدوانەکان هەڵدەبژێری؟
ئاخۆ بۆچوونەکانی ئاڕ ئاڕ جی پێوەندییان بەچیرۆکەکەوە هەیە؟ بۆچی؟

هەواڵنامەی کتێب

چیرۆکەکە دەنووسی؟
پرسی سەرەکیی لێکۆڵینەوەکت چییە؟ هاوسەنگیی چیرۆکەکەت لە بەرچاو گرتووە بۆ سەلامەتیی هەموو لایەک؟
چەند بۆچوونت لەسەر بابەتەکە وەرگرتووە؟
دڵنیای لە فاکتەکان؟
پێویستت بەزانیاری زیاتر هەیە؟
پاڵەوان یان پیاوخراپی چیرۆکەکەت دیار کردووە؟
هیچ یەکێ لە فاکتەکان ئازار بەکەس دەگەیەنێ.
پاساو هەیە بۆ زیانەکە؟ بۆچی؟
ئاخۆ نووسینی چیرۆکەکە خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی دەکا؟

## ئەنجام

دەبێ لە سەرچاوەیلی جەستەییی هەواڵ بکۆڵرێتەوە بەهەمان ئەو رێگەیەی رۆژنامەوان چێکی ئەو زانیارییەکە دەکا لە خەڵکی وەردەگرێ. پەسەندکردنی کەرەستەی بڵاوکراو وەک فاکت ئاسانترە، هەرچەندە رۆژنامەوان دەزانێ کاری رۆژنامەوانی بۆ نووسین پرۆسەیەکی خودییە. گۆڕانی تەکنەلۆجیا واتە رۆژنامەوان سەرچاوەی زیاتری هەیە لەچاو پێشتر، ئەمەش شتێک زیاتر دەخاتە

سەر ئازادیی زانیاری، بەڵام ئازادی بەهۆی سەرچاوەیلی ترەوە تەلبەند دەکرێ. لەگەڵ گۆڕان بەسەر تەکنەلۆجیای زانیاری، بەڕێوەبەرانی زانیاری پەیدا بوونە کە کاریان قۆرخکردنی ئەو ڕێگەیە ڕۆژنامەوان دەستی دەگا بەسەرچاوەیلی و هەڵسەنگاندنی زانیاری. پرۆسەی هەڵبژاردنی زانیاری بۆ نووسینی هەواڵ زیاتر لە بەشی هەشتەمدا باسی لێوە کراوە.

## بەشی هەشتەم

## داڕشتنی هەواڵ

شەمەندەفەرێک لە هیندستان لە هێڵ لای داوە و لە ئاکامدا سەتان خەڵکی کوشتووە، هەندێ گەشتەوەری بیانیش بەرکەوتوون. هەر کە هەواڵەکە بڵاو دەکرێتەوە، ئاژانسەیلی هەواڵ و پەیامنێرانی ئۆنلاین لە هەموو کونجێکی دنیا ڕاپۆرت لەسەر ڕووداوەکە بڵاو دەکەنەوە. لە هەموو ئەو زانیارییانە، تۆ دەبێ هەواڵێکی ٣٠٠ وشەیی بۆ بەلاڤۆکی دابێ ئامادە بکەی. دەبێ لیدەکەت چی بێ؟

ڕۆژنامەوانیی هەواڵ ژانرێکی نووسینی فرەیە، بەڵام زۆریش سنووردارە. تەلبەندکراوە بەهۆیەل و پەیمانی بێژمار، لە سەرووی هەموو ئەمانە، ناسینی خوێنەر و چوارچێوەی کاتن. لە خراپترین باریدا، نووسینی ڕۆژنامەوانی دەکرێ کەم بکرێتەوە بۆ هاوکێشەیەک، لە باشتریی باریشیدا، بزوێنەرە. ئەم بەشە ورد دەبێتەوە لە پرۆسەگەلی بەکارهێنراو لە بواری گواستنەوەی لێکۆڵینەوە بۆ ناو ڕۆژنامەوانی و ئەئامانجگرتنی خوێنەری دیاریکراو. ئەمانە پرۆسەگەلی ڕەخنەیی بڕیاردان و جێگرەوە و جێبەجێبوونیان بەدوادا دێ. داڕشتنی هەواڵ مانای ئەوەی نییە هەر شت بەپێکوەنان دروست بکەی. وشەی "داڕشتن" لێرە واتە ئەو پرۆسانەی ڕۆژنامەوان بەکاریان دێنێ بۆ بڕیاردان چی لابدا و چی بنووسێ لەو زانیارییانەی بەدەستی هێناون. لەم سۆنگەوە، داڕشتن زیاتر بەپرۆسەیەکی بنیاتنەر دەچێ وەک ئەوە وایەماڵێک لە کەرەستەی خاو لە نووکەوە دروست بکەی. چەندان ڕێگە هەیە وەستای خانوو دەتوانێ خانووەکەی پێ دروست بکا، چۆنیەتیی دروستکردنی دەوەستێتە سەر بودجە و سەرچاوەی بەردەست، هەروەها ئەو شێوازەی کە خاوەن خانووەکەی دەیەوێ.

## بەها ڕێژەییەکانی هەواڵ

هەموو میدیا، بازرگانی و نابازرگانی، ئاراستەی گرووپێکی دیموگرافیی تایبەت دەکرێن لە کۆمەڵگەدا. لەوانەیە نووسیارگەل لەسەر بنچینەی ئەنجامەیلی بازاڕ بزانن خوێنەریان حەزیان لە چییە و چییان دەوێ، بۆ ئەوەی ڕۆژنامەکەیان تێڕوانینی ڕاستی دنیای تێدا بێ. زۆرجار ئەمە

ڕۆدەچێ تا دەگاتە حوکمی پرۆفێشناڵ و ئەم گۆتنە "خوێنەرانم وەک منن، بۆیە ئەوەی من حەزم لێیە، ئەوانیش حەزیان لێیە." کێشەی ئەم گۆتنە ئەوەیە ئەگەر بێو لەسەر ئەم هێڵە کار بکەی ئەوا تەنێ جەخت دەکەیە سەر یەک بۆچوون، یەک ئایدیۆلۆجیای زاڵ، و بۆچوونەیلی جێگرەوە پشتگوێ دەخەی. ئەمە لەوانەیە وێنەیەکی چەواشەکراوی کۆمەڵگە بکێشێت: وێنەیەک شونێکی نییە بۆ تێڕوانینی گوزەرانی کۆمەڵگە یان کولتووری کە بەهۆیەکی ئەمە ئەوەیە ئەو گرووپانە بەهەژار تێ دەگەیشترێن یان بەبچووک لەلایەن ڕێکلامچییەکان، بۆیە نابن بەتارگێتی ڕێکلامەکان.

تێگەیشتن لە جەماوەر کار لەو گۆشەیە یان سۆنگەیە دەکا تۆ وەری دەگری، زمانیش گۆشەکە پتەوتر دەکا. ئەگەر بێو کۆمپانیای فۆرد یەکێک لە لکەکانی دابخات، ئەوەی گرینگ بێ لەبارەی ئەم هەواڵە بۆ خوێنەرانی چاپەمەنیی دارایی ڕەنگە جیاواز بێ بۆ ئەوانەی داخستنەکە ڕاستەوخۆ کاریان لێ دەکا. ناسینی جەماوەر وات لێ دەکا بەوەدا بچیتەوە کە زانراوە. وەک ڕۆژنامەوان، گرینگە تۆ ئاگەداری ئەو لێکدانەوانە بیت. ئەگەر بتەوێ بەشدارییەکی بەسوودت هەبێ، پێویستە بەرگەی کولتووری ئەو لۆجیکە بگری کە دەڵێ "خوێنەرانمان هەمووی لە یەک گرووپی کۆمەڵایەتین، بۆیە هەموو ئەوانی تر پشتگوێ دەخەین." ماکمانۆس و ئەوانی تر دەڵێن کاریگەریی جەماوەر لەسەر میدیای مۆدێرن تەنێ شتێکە تا بەهۆیەوە ئەوە بەخوێنەران بڵێی کە پێشتر دەیزانن یان شکیان بۆی چووە. تا ڕێکلامچی هەبێ دڵی خۆش بکەی، کەس پاڵەپەستۆت ناخاتە سەر بەدوای بۆچوونێکی جێگرەوەدا بگەڕێیت. هاوکارێکم گوتی پرسیاری لێ کرا لیستێک ئامادە بکا ناوی بیرمەندە گەورەکانی وڵات و ئەو قوتابخانانەی تێدا بێ کە تێیاندا خوێندوویانە. هاوکارەکەم ناوی ئافرەتان، خەڵکی ناسوودمەند، هونەرمەند و هەموو ئەوانەی لەو لیستە کرد کە پەروەردەیەکی نانەریتییان وەرگرتبوو. بەڵام کاتێ کە وتارەکەی بینی بڵاوکراوەتەوە تاسا، لەبەرئەوەی نووسیارەکە لیستێکی دابەزاند بوو تەنێ پیاو و قوتابخانەی نەریتی گەورەی تێدا بوو. ئەو نووسیارە وای دانابوو کە خوێنەران هەمووی لە یەک گرووپن بۆیە پێویست ناکا هیچ لەبارەی مێژوو و باکگراوندی گرووپی ترەوە بزانن.

هەموو ئەو ڕاپۆرتانەی لە بارەی ڕووداوێکەوە دێنە وەشان، چاوەڕێی کاردانەوەیان لێ دەکرێ، یان پێشبینی دەکرێ چییان لێ دەکەوێتەوە.

زۆربە نەک هەموو جەماوەری ڕۆژنامەوانی داوای هەواڵێک دەکەن خێرا هەر بکرێ. ڕیپۆرتاجی ڕۆژنامەوانی هێواشە و پڕە لە بیرۆکە، بەڵام هەواڵێکی سەر ڕادیۆ لە ٥٠ تا ١٠٠ وشە پێک هاتووە و یەک یان دوو پرسیار و وەڵامیش. هەواڵێکی سێ خولەکی تەلەفزیۆنی ڕیپۆرتاجە. ئەمە کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر ئەو شتەی دەیڵێی، چونکە هەر پەیامێک تۆ دەینێری دەبێ مانادار بێ. نووسین دەبێ ڕوون و خۆشرۆڤە بێ، نوێترین هەواڵ بێ، بۆیە ڕاپۆرت و هەواڵ هەردەم بەنوێترین و تازەترین زانیاری دەست پێ دەکەن.

پێکهاتەی بنەڕەتیی نووسینی هەواڵ ئەوەیە زانیاری بێتە ڕێکخستن بەشێوەیەک کە شایەنی

هەواڵ بێ. شایەنبوونی هەواڵ، لە بەشی چوارەمدا باس کراوە، دەوەستێتە سەر هەڵسەنگاندنی خودی و ئەم پرسیارە "خەڵک چی دەوێ؟" هەندێ جار فاکتێک شایەنی هەواڵە، چونکە گرینگە، بایەخدارە یان سەیرە.

## نووسینی هەواڵ

نووسینی هەواڵ هەردەم بەگرینگترین فاکت دەست پێ دەکا. کاتێ راپۆرت لەسەر یاریی تۆپێپێ دەنووسی، بەشوێتی دەسپێکی یارییەکە دەس پێ ناکەی، بگرە بەدوایەمین ئەنجامەیلی گۆڵ. بۆیە فاکتەکە لەگەڵ هەواڵە. ئەگەر یەکێک لەوبەر ئەو شوێنەی لێی کار دەکەی باڵەخانەیەک بتەقێنێتەوە، کە دەچیتەوە ماڵ بەم شێوەیە دەس پێ ناکەی، "ئەمرۆ بەرۆژێکی ئاسایی دەچوو، بەڵام نەمزانی دواتر چەند نائاسایی دەبێ." دەڵێی، "یەکێک لەوبەر شەقام باڵەخانەیەکی تەقاندەوە!" لە فۆرمەکانی تری رۆژنامەوانی ئاساییە چیرۆکەکەت پێشەکییەک، ناوەڕاست و کۆتاییی هەبێ. بەپێچەوانەوە چیرۆکە هەواڵ شتێک بڵاو دەکاتەوە و دواتر خۆی خۆی راڤە دەکا لە رێگەی بەڵگەی سەرچاوەیەکی فەرمی. بۆ نموونە، چیرۆکێک لەوانەیە بەم شێوە دەس پێ بکا:

> باج سەتا پەنجا بەرز دەبێتەوە (دڵنیاکردنەوە). قایمقام (خستەپاڵ) ئەمرۆ هەڵکشانی نرخی دووپاتکردنەوە و گوتی پێویستی کرد بەتێچوو بگات (پشتڕاستکردنەوە).

دەبێ ناوەرۆکەکەشی بنیات بنێی.

> ئەو لە کۆبوونەوەیەکی نانی بەیانی بازرگانان گوتی بەرزبوونەوەکە یەکسەر دەچێتە واری جێبەجێکردنەوە.

هەر کە لە دوو رستەی یەکەمدا ئاشکرات کرد هەواڵەکەت لەسەر چییە، ئیتر دەبێ زانیاری زیاتری بخەیە سەر و پشتگیری بکەی لە رستەی لۆجیکیدا. بەڵام هەواڵ فراوان دەبێ نەک لە یەک رستەدا درێژە بەهەمووی بدەی. تۆ بنیاتی شتێکی بایەخدار نانێی، یان لە سەرەتا دەس پێ بکەی. ئەگەر سێ خاڵی سەرەکی هەبێ، نووسینی هەواڵ بەدوای یەک ریزیان ناکا و وردەکارییان بداتێ. یەکێک دەچێتە پێشەکی، دووەکەی تر دەچنە رستەی دووەم. پێشەکییەکە بەهۆی راستەی دووەم و سێیەم پشتڕاست دەکرێتەوە، هەندێ رەنگی دەچێتە سەر و پاشان دوو خاڵە لاوەکییەکە پشتڕاست دەکرێنەوە.

لە داڕشتنی هەواڵێکدا، مەرج نییە رۆژنامەوان باسی هەموو شتێک بکا. وتارێک لەوانەیە ٨٠٠ وشە بێ، بەڵام پەیامنێر دەبێ هەواڵەکەی ٣٠٠ وشە بێ. ئەو دەبێ بڕیار بدا چی لابدات و لە پرۆسەکەدا دیاری دەکا هەواڵەکە چی بڵێ. کەواتە پێش ئەوەی دەس پێ بکەی بنووسی دەبێ بزانی بابەتەکەت چییە. ئەمە کرۆکی هەواڵەکەیە، یەک رستەی وەسفی.

> ئەمرۆ باڵەخانەیەک بەهۆی ئاگر هاتە رووخان.
>
> باجی نوێ ژیان بۆ ماڵبات زەحمەتتر دەکا.

دەكرێ ئەو رستەیە ببێتە پێشەكییەكە، یان لەوانەیە بەزۆر وشە لە هەر شوێنێكی چیرۆكەكە بەدیار نەكەوێ. نووسینی هەواڵ واتە نووسینی فاكتی دیاریكراو، بەڵام بابەتەكە زیاتری لەسەر دەگوترێ. پەیامەكە دێتە وەشان بەهۆی هەڵبژاردن و رێكخستنی ئەو وردەكارییانە. چۆن زانیاریی دێتە رێكسختن، دارشتن تا دەبێتە هەواڵ، ئەمە دەوەستێتە سەر بڕیاری پرۆفێشناڵیی ژووری هەواڵ، كە لە بەشی دووەمدا باس كراوە.

> بێگومان چاپەمەنی لایەنگیرە. چۆن ناكرێ وابێ؟ كۆكردنەوە، نووسیاركردن و بڵاوكردنەوەی هەواڵ بڕیاری ئەو كەسانەی دەوێ باكگراوند و بەها و بنەوایان بەكار دێنن بۆ بڕیاردانی هەڵبژاردن و دووپاتكردنەوە و رەنگكردنی هەواڵەكە. پرسەكە لایەنگیریی چاپەمەنی نییە، بگرە سروشت و ناوەڕۆكی لایەنگیرییەكەیە (بار، ١٩٧٧).

بار بەبیر رۆژنامەوانان دێنێتەوە كە كورتبینییە ئەگەر لایەنگیری رەت بكەنەوە یان وابزانن تەنێ ناوبژیوانی بابەتیانەی گۆتنی راستین. دەڵێ ناوەڕۆك نابێ بێتە پشتگوێخستن، بەڕای ئەو، دەبێ بەشێك بێ لە پەیامەكە. راستت دەوێ، كە ناتوانی لە بیرۆكەكانت رابكەی نە مانای ئەوەیە بێئاگایانە دەنووسی نە مانای نەبوونی بابەتیانە دەگەیەنێ. بێلایەنی گەوجییەكە رۆژنامەوانی پێ حوكم دەدرێ. بێلایەنی واتە دابینكردنی زۆرترین زانیاری بەپێی توانا. بۆ نموونە، ئەگەر تۆ فاكتەكانی مانگرتنێك بڵاو بكەیەوە، دەبێ قسە لەسەر هۆكارەكانی بكەی، یان وردەكاریی مانگرتنەكە یان ئەو شتانەی دەبنە هۆی مانگرتنەكە. با خوێنەر، خەڵك بڕیار بدەن ئەگەر پاساو هەبێ بۆ مانگرتنەكە.

بەڵام، بێلایەنی مانای ئەوە نییە تۆ لەبارەی یەكێك دەنووسی حسێبی ئەوە بكەی چی دەبێ ئەگەر ئەو لەبارەی تۆوە بنووسێ. ئەم جۆرە نووسینە ناهاوسەنگە، سۆزیارە و ورد نییە! باشتر ئەوەیە دوای ئامۆژگاری سید دیمەر بكەوین، نووسیارێكی گەورەی رۆژنامەیەكی ئوستورالیا بوو لە سەرەتای سەدەی بیستەم، كە نووسی، "شتێك نییە بەناوی رۆژنامەوانی بابەتی. ئەگەر هەستیار نەبێ و هەست بەباتەكە نەكەی، بۆچوونت نەبێ، هەست بەئازار و خۆشی و سۆزیی ئەو شتە نەكەی دەینووسی، قەت نابیتە رۆژنامەوانێكی باش. تێ مەكۆشە بابەتی بی، تێكۆشە دادوەرانە بیت."

ئامانجی نووسینی هەواڵ برێتییە لە بڵاوكردنەوەی فاكت لەبارەی بارودۆخێك بەشێوەیەك كە ئاسان بێتە تێگەیشتن. نووسینی هەواڵ چ بە ٢٥ وشە چ بە٢٥٠ یان ٣٠٠ وشە دەبێ تێ بگەیشترێ. لە دارشتنی هەواڵدا، دەبێ هەردەم رەچاوی شەش توخم بكەی:

* كێ (بكەرانی چیرۆكەكە)
* چی (كاری ناو چیرۆكەكە)
* لە كوێ (بوونی جەستەیی)
* كەی (كاتەكەی)

* چۆن (پشتڕاستکردنەوەیە بۆ چی)
* بۆچی (لێدوانی دەسەڵاتداری)

بنچینەکانی نووسینی هەواڵ

١- سادە بنووسە. دەرکێ وشەی سادە و جنینیان بەڕاستی کاریگەرییەکی بەهێزی هەبێ.

٢- شتەیلی یەکەم یەکەمە. نووسینی هەواڵ بەگورزێک دەس پێ دەکا و دواتر خۆی خۆی شەرح دەکا.

٣- هەردەم ئەوەی دەینووسی بخە پاڵ سەرچاوەیەکی فەرمی.

٤- پێشەکییەکی باش هەموو شتێکە.

پێکهاتەی بنچینەییی هەواڵ

دوێنێ پیاوێکی شاری کاپیتال ١٣ ساڵ حوکم درا لەبەر کوشتنی گێڵفرێندە کۆنەکەی.

(ڕستەی خوارەوە پێش هەموو شتێ دێتە نووسین. ئەم ڕستەیە وەڵامی کێ، چی، کەی و بۆچی دەداتەوە.)

لە کاتی دەرکردنی حوکمەکە لە دادگەی باڵای شاری کاپیتال، دادوەر ئارسەر بۆید گوتی حوکمی ریمۆند جۆن دیکسۆن پەیامێک بوو بۆ هەموو پیاوێک کە توندوتیژی نایەتە لێبووردن.

(ڕستەی دووەم کێ، چی، بۆچی پشتڕاست دەکاتەوە و چۆن و لە کوێ زیاد دەکا.)

دیکسۆن بەکوشتنی ماری مارتن هاتە تاوانبارکردن لە شاری کاپیتال لە جانیوەری پارساڵ.

(پەرەگرافی سێیەم سیاقی حوکمە دادەڕێژێت.)

"پەسەندی ئەوە دەکەم کە بەڕێز دیکسۆن کاریگەریی خراپی مادەی هۆشبەر و کحوولی لەسەر بوو لە کاتی تاوانەکە، بەڵام ناتوانم ئەمە بەپاساو پەسەند بکەم بۆ ڕەفتارە توندەکەی،" دادوەرەکە لە کاتی خوێندنەوەی حوکمەکە وای گوت. "ئەولەویاتی من دەبێ پاراستنی کۆمەڵگە بێ."

(کۆت بەستراوەتەوە بەدووپاتکردنەوەی قسەی پاشتر)

دادوەر بۆید گوتی گیراو هاریکاری پۆلیسی کردووە و تەرمی خاتوو مارتنی بەئەفسەرانی لێکۆڵەر پێشان داوە.

بۆ نموونە، ئەمەی سەرەوە بەشێکە لە ڕاپۆرتێکی دادگە پێشانی دەدا چۆن پرسیارەکانی سەرەوە بەپێی دووپاتکردنەوە، پشتڕاستکردنەوە و خستنەپاڵ وەڵام دراونەتەوە. ئەم توخمانە پێویستن بۆ داڕشتنی فاکتەیل و یەک شێوەیە لە شێوەکانی نووسین، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە هەموو پەیامنێرەکان وەک یەک بن. سەرنج بدە هەموو ڕستەکان بەزمانێکی سادە نووسراون، هەر ڕستە و ئایدیایەکی تێدایە. زمانی هەواڵەکە سنووردارە، چونکە کۆپیی دادگەیە، بەو حاڵەش،

زمانەکە راستەوخۆیە و فرمانەکان چالاکن. هەروەک لە زۆربەی رۆژنامەوانیدا، دووپاتکردنەوە هەیە، واتە پیاوەکە هاتووەتە گرتن، هەروەها هۆکارەکەشی تێدایە.

ئەو هەواڵەی سەرەوە، هەر دووپاتکردنەوەیەک بەهۆی سیاقێکەوە دێتە پشتڕاستکردنەوە. بۆ باسکردن یان جەختکردنە سەر ئەوەی پێشتر نووسراوە، کۆت زیاد کراوە. کۆتەکان، لێرەدا دیمانەی رادیۆ و هەواڵی تیڤی، رێگەیەکی بەهێزن بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکە، سەرچاوەی کۆتەکە چەندە فەرمی بێ، پەیامەکە هێندە بەهێزە. کۆتەکە مانای تازەیی دەدا بە رۆژنامەوانی، بەشی شایەتی بەچاو دیتە. ئەمە پێی دەڵێن "رەنگ". ئەم زاراوە لەو بیرۆکە هاتووە کە فاکتەکە رەش و سپییە و کراوە نییە بۆ لێکدانەوە. ئەوجار "رەنگ" قووڵی زیاد دەکا، هەر فاکتە و لە شوێنی خۆی باس دەکا.

زمانی راستەوخۆ زیندووە. کاتێ قسەی یەکێک وەک خۆی لە کۆتدا دەنووسی، خوێنەر هەر تەنێ ئەوە ناخوێنێتەوە چی گوتراوە بگرە ئەو رێگەیەی پێی گوتراوە. بەم شێوەیە خوێنەر بەڵگە لە قسەی قسەکەر وەردەگرێ. هەروەها، کۆت دێتە بەکارهێنان بۆ بەخشینی جۆرەوجۆریی بەپەیام. رادیۆ و تیڤی دەنگی جۆرەوجۆر بەکار دێنن، چونکە سەلمێنراوە خەڵک بێزار دەبێ ئەگەر بێو بۆ ماوەیەک تەنێ گوێ لە یەک دەنگ بگرێ. تەنانەت کاتێ راپۆرتێک نووسینەوەی پرسیار و وەڵام بێ، هێشتا نووسیاری بۆ دەکرێ بۆ دامەزراندنی بابەتەکە و پشتڕاستکردنەوەی بەهۆی رۆژنامەوان. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆتەکان نێزکیترین بن لە واقیع، بەڵام کەموکوڕییان دەبێ ئەگەر بێو رێک نەخرێن.

لە کاتێکدا کۆت دەتوانێ رەنگ بۆ راپۆرتە هەواڵ زیاد بکا، هێزی نووسین لەو زمانەدایە پەیامنێر چیرۆکەکەی پێ دەنووسێ.

پێشنیازی ئەوەی ئەو ناڕاستگۆ بووە هاتە رەتکردنەوە لەلایەن سیناتۆر.

سیناتۆر نکووڵی لە پاگەندەیلی گەندەڵبوونی کرد.

رستەی یەکەم بکەر نادیارە، چونکە بکەر، سیناتۆر، لە کۆتاییی رستەکەیە، نەک سەرەتا. بەکارهێنانی فەرمان و ناویش بێهێزە چونکە کارەکە، کلکلانەکە لە رستەکەدا بێهێز پێشان دەدا. رەچاوی هێزی رێژەییی "رەتکردنەوە" و "نکووڵیکردن" و ناڕاستگۆ" و گەندەڵ" بکە. رستەی دووەم دەقیقترە و پەیامەکە زیاتر دەگەیەنێ لەچاو ئەوەی یەکەم.

کاتێ دێی فاکتەیل پێکەوە دەنێی، کۆت و گێڕانەوەت هەیە، دەبێ بێی هەموو ئەمانە رێک بخەی بۆ گەیاندنی پەیامێکی تەواو. ناکرێ لەبەر خاتری کورتبڕی و گەیاندنی پەیامی تەواو بێی شت بنووسی و دواتر شەرحی نەکەی. لەو حاڵەتانەدا دەبێ شتێک بەجێ بێڵی. مەبەست هەردەم دابینکردنی شتەکانە بەڕاست و دروستی.

بۆ ئەوەی شتێک دەقیق بێ، دەبێ لە سیاقێکی روون پێشکێش بکرێ. ئەمە جیاوازە لە بیرۆکەی

رساتی، کە رەهایە. بۆ ئەوەی شتێک راست بێ، دەبێ وابێ لە هەموو رووێکی مانای سیاقەکەدا، لە رۆژنامەوانیدا ئەمە هەردەم نالوێ. بۆ نموونە، رۆژنامەوان لەوانەیە بنووسێ: بەپێی قسەی پۆلیس ئاگرەکە سەعات ١٠ی شەو دەستی پێ کرد. لەوانەیە رۆژی دواتر دەرکەوێ ئاگرەکە سەعات (شەش و سی دەقیقەی) شەو رووی داوە. ئەوەی رۆژنامەوانەکە نووسی چیی تر راست نییە، بەڵام هەر دەقیق بوو لەو رۆژە بەپێی قسەی دەسەڵاتدار، پۆلیس. لەبەر هەندێ رۆژنامەوان دەبێ قسەی دەسەڵاتدار بخاتە پاڵ ئەوەی دەینووسێ. ئەگەر رۆژنامەوانەکە نووسیبای "ئاگرەکە سەعات ١٠ی شەو دەستی پێ کرد"، بێ ئەوەی بیخاتە پاڵ هیچ کەسێک، رۆژی دواتر دەردەچێ بەس راست نییە.

تێگەیشتن لە خەڵک کار دەکاتە ئەو شتەی دەچێتە سەر رۆژنامە، یان بەڵاڤۆکی هەواڵ، هەروەها کار لەو رێگەی نووسینی هەواڵ و زمانەکەشی دەکا. بۆ نموونە، ئەم دوو پێشەکییەی خوارەوە بۆ یەک هەواڵ دابنێ. زمانی هەر یەکەیان رۆژنامەوانەکە دەخاتە لایەک و ئاشکرای دەکا سۆزیاری خەڵک کەوتووەتە کوێ.

١- گرووپێک لە ئۆتۆمۆبێلی زۆر خێرا تووشاری موزیک بوون ئەمرۆ کاتێ لە دادگە بوون بۆ بەرگریکردن لەو تۆمەتانەی سەریان بەهۆی دەمەتەقێ لەگەڵ پۆلیس لە رۆژی دووشەم.

٢- ئەندامانی یانەیەکی ئۆتۆمۆبێلی شاری کاپیتال ئەمرۆ بەدادوەریان گوت پۆلیس کاردانەوەی توند بووە کاتێ ئەوان توورە دەبن، چونکە پێیان دەگوترێ نابێ کۆبوونەوەی هەفتانەی خۆیان لە کەنار دەریا بکەن.

دەبێ ئاگەداری لایەنگیریی کەسانیت بیت لە نووسیندا و دڵنیای بکەوە ئەوەی دەینووسی پشتڕاستی بکەیەوە. بۆ نموونە، پەیامنێرێکی تر کەیسەکەی دادگە بەگۆشەیەکی جیا دادەپۆشێ.

ترسێکی زۆر هاتە کایەوە بەهۆی ئافرەتێکی شاری کاپیتال پێش ئەوەی بێتە کوشتن، دادوەرێکی دادگەی باڵا ئەمرۆ گوتی و کەچی بکوژەکەی بەکەمترین سزای کوشتن حوکم دا.

"کەچی" وشەیەکی سادەیە و وای پێشان دەدا نووسەر بەحوکمی گیراوەکە رازی نییە و رەتی دەکاتەوە. رەچاوی ئەم شتانەبکا کە کاتێ دەنووسی، ئاگەدار بە لە سادەترین وشە رات بەدیار دەکەوێ. خراپترین کاری رۆژنامەوانی ئەوەیە حوکمی خراپ بدەیت و پەیامەکە بشێوێنی.

## دارشتنی هەواڵ لە کاردا

رەچاوی سیناریۆی سەرەتای ئەم بەشە بکە. بەهۆی چەند سەرچاوەیەکەوە هەواڵەکەت پێکەوەناوە، تۆ پرۆسەیەک بەکار دێنی بۆ جێبەجێکردنی بەهاگەلی هەواڵ بۆ خوێنەرێکی دیاریکراو. ئەرکەکە ئاستەمە، چونکە دەبێ بەدوای شتی نادەقیق، شتی نائاسایی، لیدی شاردراو، جیاوازیی کات و فاکتەیلی تردا بگەڕێیت کە کار دەکەنە سەر رێگەی هەڵسەنگاندنی ئەو زانیارییانەی هەتە. لە پرۆسەی نووسینی هەواڵدا، دەبێ ئاگات لە دەنگی بکەر و دیار و نادیار بێ، بەکارهێنانی فەرمان،

لۆجیکی هەواڵ، پێکهاتەی رستە و رۆڵی زمان و تۆنی پەیامی میدیا بێ. هەروەها دەبێ ئەو لێکدانەوانە لە بەرچاو بگری کە بەستراونەتەوە بە بەهای هەواڵ یان حەزەکانی خوێنەرت. پێش نووسیاریکردنی هەواڵەکە، دەبێ بەپرۆسەیەکدا بچی بۆ هەڵسەنگاندنی زانیاری. ٧٠٠ وشە زیاترت هەیە لێیان هەڵبژێری بۆ نووسینی هەواڵێکی ٣٠٠ وشەیی، کەواتە دەبێ زۆر وشە قووت بکەی.

ترازانی شەمەندەفەر/هیندستان/ پۆل جۆنس

بەیەلانی کەمەوە٥٠٠ کەس لە تێکشکانی شەمەندەفەرێکی هیندی هاتنە کوشتن

شۆلاپور: بەلایەنی کەمەوە مردنی ٥٠٠ کەس دووپات کراوەتەوە لە خراپترین رووداوی شەمەندەفەر لە هیندستان لە دوو دەیەی بوریدا.

گۆتیاری خاچی سوور ڤاندام رام گوتی بەلایەنی کەمەوە ٨٠ی تر بریندار بوون، هەندێکیان بەسەختی، کاتێ شەمەندەفەرەکە لە شۆلاپور، ٦٠کم رۆئاوای بۆمبێی، لە هێڵ ترازا.

ئەو گوتی نێزیکەی ٢٠٠ کەس لە فارگۆنەکانی پێشەوە دەسبەجێ هەپڕوون بەهەپڕوون بوون، نێزیکەی ١٥٠شیان دواتر لە نەخۆشخانە بەهۆی سەختیی برینیان مردن.

شەمەندەفەرەکە، باوەڕ دەکرێ نێزیکەی بە٧٠٠ نەفەرەوە وەرگەڕاوە، کە گەشتەوەری بیانیشی تێدا بووە، خزمەتگوزاریی ئاسایی ناو وڵاتەکە بووە.

تیمی فریاکەوتن بەشەویش کار دەکەن بۆ دۆزینەوەی هەر یەکێک ئاسێ بووبێ لەناو ئاسن و پەردووی شەمەندەفەرەکە.

پۆلیس گوتی هێڵەکە سەلامەت بوو و هیچ هۆیەلێکی میکانیکی لە پشت تێکشکانەکە نییە. "یەکێک کارەکەی خۆی بەباشی نەکردووە،" ئەو گوتی. "دیارە کە شەمەندەفەرەکە بێتام پڕ بووە."

بەرپرسانی خاچی سوور گوتیان برینداران گەیەنرانە نەخۆشخانەکانی بۆمبێی و ناوچەیلی دەوروبەر.

زیادەی ترازانی شەمەندەفەر/ ئالن

بیانی مردوون لە کارەساتی هیندستان

بۆمبێی: بەلایەنی کەمەوە ٢٠ بیانی مەزندە دەکرێ لەناو ئەو کوژراوانەدا بن لە خراپترین رووداوی شەمەندەفەر لە ٢٠ساڵی بوریدا.

گۆتیاری باڵویزی ئەمەریکا سەلن لیرۆی گوتی گرووپێکی نۆ بزنسمانی ئەمەریکایی لە رێکخراوی مایکرۆسۆفت باوەڕ دەکرێ بەو شەمەندەفەرە لە رێگەدا بووبن بۆ کۆنفرانسێک لە نیودەلهی.

ئەو گوتی راپۆرتی نادووپاتکراو دەڵێن پێنج ئوستراليش لەناو شەمەندەفەرەکەدا بوونە.

لە ٥٠٠ کەس زیاتر کوژران کاتێ شەمەندەفەرێک لە شۆلاپور، رۆئاوای بۆمبێی، ترازا لە هێڵ.

یەکەم پرسیار بێتە وەلامدانەوە ئەوەیە "خاڵە سەرەکییەکانی ئەم هەواڵە چین؟" بۆ بڕیاردان لەسەر بەهاگەلی هەواڵ تا فاکتەکانت هەڵبژێری، دەبێ رەچاوی فاکتەکان بکەی لە رووی کات، دوور و نێزیکی، دیاربوون، ئاکام و حەزی مرۆیی. بەهاگەلی هەواڵ بۆ ئەم هەواڵە کاریگەریی راستەوخۆی تێگەیشتن لە خوێنەرانی لەسەرە. بەسەرێک، سیناریۆکە تراجیدیایەکی مرۆییە، بۆیە شایەنی هەواڵە. لە هەمان کاتدا، بەهای ئاکام کزە، چونکە شوێنی رووداوەکە زۆر دوورە لە خوێنەری تۆ، بۆیە مردنی یەکێک لە گەڕەکی خوێنەرانی تۆ گرینگترە بۆ ئەوان لەچاو مردنی چەندانی تر لە شوێنێکی دوور.

کەواتە، دوور و نێزیکی رۆڵێکی گرینگی هەیە. کەواتە لەسەر هەرسێ هەواڵ دوور و نێزیکی شتەکان دەگۆڕێ، بەلام حاڵەتی شازیش هەیە. لە هەواڵی بزنسمانە ئەمەریکاییەکان، ئەمە بۆ خوێنەری ئەمەریکایی گرینگە هەرچەندە دووریشە، گرینگتر دەبێ هەواڵەکە ئەگەر بڵێ سەلامەتن و هیچیان لێ نەهاتووە. بەلام چی دەبێ ئەگەر یەکێک لەو بزنسمانانە سەرۆکی مایکرۆسۆفت بیل گەیتس بێ؟ لەم سیناریۆیەدا، دیاریی کەسایەتیی ئەو دەبێتە یەکەمین بەهای هەواڵ کە دەبێ گرینگی پێ بدرێ بۆ خوێنەری ئەمەریکایی.

زیاتر/ تێکشکانی شەمەندەفەر لە هیندستان ٢/ئالن

ئەمەریکایی، ئوسترالی لە تراجیدیای هیندستان هاتنە کوشتن

دووپات بووەوە هەشت بیانی مردن لە تێکشکانەکەی دوێنێی شەمەندەفەر لە باشووری هیندستان.

قوربانییان لەلایەن خاچی سوور هاتنە ناساندن: جۆن براون، ٤٥-سیدنی، ئوستراليا، پیتەر سمیس، ٢٤، رۆبەرت جۆن، ٢٨ ویلینگتن نیوزلاند و مایکل بیرنس، ٢٦ ئۆکلاند، نیوزلاند.

ئەندامانی تیمی مارشی روالانی ئەمەریکا، هەپی تراڤلەز، کە بەگەشت لە هیندستان بوون لە ناو مردووانن.

بەرپرسانی باڵوێزی ئەمەریکا گوتیان ناوی قوربانیان نایەنە بلاوکردنەوە تا کەسوکاریان لە تراجیدیاکە ئاگەدار نەکرێنەوە.

گرووپێکی بازرگانانی ئەمەریکا، پێشتر وا دەزانرا لەناو شەمەندەفەرەکە بووبن، بەسەلامەتی و باش دیترانەوە.

زیاتر/تێکشکانی هیندستان/جۆنسن

تازیە لە شارۆکەیەکی ئەمەریکا لەبەر تراجیدیای هیندستان

هەپی ڤالی: شارۆکەی قەشەنگی هەپی ڤالی، ئیینديانا، ئەمرۆ تاساوە لەبەر مردنی ئەندامانی

باندە ناودەوڵەتییە بەناوبانگەکەیان.

بەلایەنی کەمەوە چوار ئەندامی هەپی ڤالی هاتنە کوشتن دوێنێ لە تێکشکانی شەمەندەفەر لە باشووری هیندستان.

هەپی تراڤلەز یەکەم بوون لە دنیا دوای سەرکەوتنیان بەسەر باندەکانی تر لە بۆنەی کردنەوەی یارییەکانی ئۆڵمپیک.

ئەمانە لە مردووان بوون: کایلا و بۆ براون، هەردوو تەمەن ١٢، بروک فۆرێست، ١٢، ماری مارگرێت ماکۆی، ١٤، کریتۆفەر زیمەر، ١٣، کیڤن ماکۆی، ١٣، چەک مانس، ١٢.

سەرۆکی باندەکە تۆم سمیس گوتی هەپی تراڤلەز لە هەموو شوێنێک نموونەی گەنجان بوون.

هاوکات، ئەندامانی جەرگسووتاوی ماڵبات پرسیار دەکەن چۆن منداڵەکانیان سواری شەمەندەفەرێکی ئێجگار قەرەباڵغ بوونە.

زیاتر/ تێکشکانی هیندستان/ ئۆڵمپیک/ سمیس

ئەستێرەگەلی سەبەتەی ئۆڵمپیک بزرن لە تێکشکانی هیندستان

ئۆسلۆ: ١٥ی جانیوەری حەفت ئەندامی تیمی پێشەنگی سەبەتەی نەرویج بزرن، ترسی مردنیان لێ دەکرێ لە تێکشکانی هەفتەی بوریی شەمەندەفەر لە هیندستان.

یەکەم جار وا دەزانرا پیاوەکان بەباڵفرگە لەناو هیندستان سەفەر بکەن، بەڵام دەستەی بەڕێوەبەری دوێنێ دووپاتی کردەوە کە هەموو هەوڵی پێوەندیکردن بەئەندامان فەشەلی هێناوە.

بەڕێوەبەری تیمی ترۆمس ئینار ستیفنسن گوتی لەدەستدانی تەنانەت یەک یاریزان کاریگەرییەکی شکێنەری لەسەر تیمی ئۆڵمپی نەرویج دەبێ.

"بێ هیوا نابین هەتا تەواو دڵنیا نەبین لە کوێن،" ئەو گوتی.

زیاتر/ تێکشکانی هیندستان/ باوک/ رۆبیرتس

گەشتی تراجیدیای ئاهەنگی لەدایکبوونی باوکێک

سیدنی: باوکی سێیان لە سیدنی بەناوی جۆن براون، ٤٥، ویستی لە هیندستان بچێتە ماڵەوە بۆ ئاهەنگی لەدایکبوونی کوڕەکەی، تێچووەکەی ئەوەندە زۆر بوو ژیانی تێچوو.

بەڕێز براون بەگەشتی بازرگانی لە هیندستان بوو کاتێ دوا بڕیاری دا شەمەندەفەرە چارەرەشەکە بگرێ لە شۆلاپور کە دوێنێ تێکشکا و ٥٠٠ کەسی کوشت.

"جۆن بەئومێد بوو باڵفرگەیەکی زووتری گرتبا و بۆ ماکسی کوڕی بکاتە سەرپرایز بۆ پێنجەم لەدایکبوونی،" هاوڕێی ماڵباتەکە رۆس براین گوتی.

بەڕێز براون دەربازی بوو و ئێستە لای ژنەکەی جودی، کوڕەکەی ماکس، ٥، و سۆفی شەش مانگانە.

هەوڵنامەی کیبر

ئەم دوو هەواڵەی سەرەوە گۆشەی مرۆیی پێشان دەدەن لە چیرۆکێکی گەورە. ئەگەر بێو بەهای دوور و نێزیکی بیانگرێتەوە، ئەو گۆشانە زۆر بەهێز دەبن. بەرژەوەندیی مرۆیی دەکرێ بێتە گشتاندن لە ڕێگەی تێکەڵکردنی ئاکام و دیاربوونەوە. بۆ نموونە، ئەگەر کۆمەڵگەیەک دانیشتوانی هیندی زۆر بێ، ڕەنگە ئاکامی ڕاستەوخۆی هەبێ هەرچەندە خوێنەر جوگرافیەن دوورە. بەڕەچاوکردنی ئەو پرسیارانە، دەگەیتە بەهای هەواڵ کە ڕێت پێشان دەدەن بگەیتە ئەنجامی ئەوەی چی بنووسی و چی نەنووسی.

## هەڵبژاردنی هەواڵ

ئێستە دەبێ ئەوەندە زانیارییەی هەتە هەڵی سەنگێنی. هەندێ ڕاپۆرت کولتووریەن تایبەتە، نیشان لە کۆمەڵگەیەکی دیموگرافی تایبەت دەگرێ. دەبێ بڕیار بدەی کەی ڕەگەز، نەتەوە یان ئیتنی پێوەندیی بەهەواڵەکەت هەیە. ڕەچاوی بەهای پێوەستبوون بکە لە هەموو زانیارییەکان و بزانە چی بەکەڵکی خوێنەرت نایەت و چیش بەکەڵکی دێ. ئێستە دەبێ ڕاستی و دروستیی زانیاری ڕەچاو بکەی و لێیان هەڵبژێری. چۆن دەقیقی زانیارییەک هەڵدەسەنگێنی ئەگەر نەتوانی سەربەخۆیانە چێکی بکەی؟ سەرنجی هیچ فاکتێکت داوە هەڵە یان نەگونجاو بێ؟

ئەو دوو هەواڵەی سەرەوە فاکتیان تێدایە لەبارەی ڕووداوی شەمەندەفەرەکە، بەشوێن و ژمارەی مردووانیشەوە. بۆ نموونە، یەکێکیان شوێنی ڕووداوەکە دیاری دەکا: شۆلاپور، ٦٠کم لە ڕۆئاوای بۆمبێی. رووکەشانە بیر بکەیتەوە، هیچ ڕۆژنامەوانێک گومانی لە شوێنە جوگرافییەکە نییە، بەڵام تەماشایەکی ئەتڵەس دووپاتی دەکاتەوە کە بۆمبێی دەکەوێتە کەناری ڕۆئاوای هیندستان، بۆیە هەر شوێنێکی ڕۆئاوای شارەکە کەنار ئاوە. ئەم جۆرە هەڵەیە ڕۆژنامەوان لە یەکتری وەردەگرن و بەردەوام دووبارەی دەکەنەوە. لە ژمارەی مردووان وردبەرەوە. دوو هەواڵ دووبارەی دەکەنەوە کە زیاتر لە ٥٠٠ کەس کوژراون. ئاخۆ لە هەواڵەکانی تر هەمان ژمارە هەیە؟ چۆن بڕیار دەدەی کام ژمارە ڕاستترە؟ هەواڵێکیان دووپاتی دەکاتەوە چوار ئوسترالی مردوون. ئاخۆ ئەمە لە هەواڵەکەی تر هەمان شتە؟ ئاخۆ ژمارەی دەقیق گرفتە؟ بۆچی؟

وێڕای نەگونجان و هەڵەی ژماردن، دەبێ بزانی ئاخۆ ئەو زانیارییانەی تۆ هەڵیان دەبژێری دێنە پشتڕاستکردنەوە. ئەو فاکتانەی لەو هەواڵانەی سەرەوەدا هاتوو، پشتڕاست دەکرێنەوە؟ ئاخۆ جێی باوەڕن و دەیانخەیتە ڕاپۆرتەکەی خۆت؟ دەبێ ڕەچاوی ئەوەش بکە بەدووبارەکردنەوەی ئەو هەڵانە زیان بەکێ دەگەیەنی.

پاشان پێویستە توخمەکانی نووسینی هەواڵ بەیەکەم بکەی: کێ، چی، لە کوێ، کەی و چۆن. دیتنەوەکانت هەڵسەنگێنە، بڕیار بدە کام زانیاری بنووسی و کامەش نەنووسی، کامەش جێی باوەڕ نییە. کام زانیاری زۆر گرینگە و ناکرێ لە ڕاپۆرتەکەدا نەبێ؟ چۆن ئەم دوودڵییە چارەسەر دەکەی؟

پاشان، ئەو توخمانەی کە دەبێ لە راپۆرتەکەدا بن هەڵسەنگێنە. بەهای پێوەستبوونی هەواڵ کامەیە بۆ ئەو زانیارییەی هەڵت بژاردووە؟ هەر شتێک یەکەم جار دەینووسی ئاشکرای دەکا تا چەند حەز و ئارەزووی خوێنەرت رەچاو کردووە. بۆ نموونە، ئاخۆ گەشەیەکی لۆکاڵ دیاربوون دەگرێتەوە؟ ئەگەر وابێ، بۆچی مردنی یەک ئوسترالی بۆ خوێنەری ئوسترالی گرینگترە لە مردنی ۳۰۰ هیندی؟ بۆچی رزگاربوونی دەوڵەمەندێکی دنیا گرینگترە لە مردنی سێ کەس لە گەڕەکی خوێنەرەکەت؟ ئاخۆ ناوی ئەندامانی باندەکە پێوەستە بەهەر خوێنەرێک لە دەرەوەی ئەمەریکا؟ ئاخۆ پێوەستن بەهەموو خوێنەرێک لەناو ئەمەریکا؟ ئەی بزربوونی یاریزانەکانی نەرویج؟ ئەگەر مردبن، ئەم هەواڵە گرینگە بۆ دەرەوەی نەرویج؟

## ڕەنگدانەوەی ڕەخنەیی

بەو ئیختیارانەدا برۆوە کە هەڵت بژاردوون و بزانە چ رەخنەیەکت هەیە لەسەریان. رەچاوی ئەو گۆشەیە بکە هەڵت بژاردووە. بۆچی باشترین گۆشەیە بۆ خوێنەر؟ بیر لە گۆشەی تر بکەرەوە، توانای رەتکردنەوەی ئەوەت هەبێ و بزانە گۆشەی باشتر هەیە؟ لەگەڵ خۆت دووپاتی بکەوە و خۆت دڵنیا بکە کە فاکتەکان راستن و سەرچاوە هەیە قسەی لەسەر دەکەن. ئەگەر هەر شتێک هەیە لە راپۆرتەکە کە نەخراوەتە پاڵ سەرچاوەیەک، لە خۆت بپرسە بۆچی لانەبراوە. بزانە راپۆرتەکەت زیان بەکەس دەگەیەنی، ئاخۆ ئەو زیانە پاساوی هەیە بۆ بەرژەوەندیی گشتی.

هەر کە دەست بەنووسینی راپۆرتەکە دەکەی، دەبێ وشەی خۆشیت بەکار بێنی نەک هەر نووسیارکردنی ئەوانەی لە بەردەستن. لە نووسینی راپۆرتی کۆتاییدا، دەبێ پوولی خۆتی پێوەبێ و تۆ لە خەڵک بگەیەنی چ باسە. ئاخۆ راپۆرتەکەت جەخت دەکاتە سەر توخمەیلی درامی یان سۆزیاری؟ جەخت دەکاتە سەر مەودای رووداوەکە؟ رەچاوی ئەو فەرمانانە بکە بەکارت هێناون؟ بکەر دیارن یان نادیار؟ راپۆرتەکەت هەست و سۆزی خوێنەر دەبزوێنێ؟

## ئەنجام

هەواڵ وەک فۆرمێکی قسەکردن یان نووسراوی گەیاندن هەردەم دێتە دارشتن، بەرێگەیەک کە رۆژنامەوان هەرگیز هەموو زانیارییەک ئاشکرا ناکات لەبارەی پرسێک هەیەتی. بگرە زانیاری بە پرۆسەیەکی پرۆفێشناڵی هەڵسەنگاندندا تێپەڕ دەبێ کە نەک هەر دەستی پەیامنێر و سەرچاوەکانی تێدایە، بگرە کۆمەڵێک رۆژنامەوانی تر کە خەریکن تا هەواڵەکە دێتە بڵاوکردنەوە. ئەو پرۆسەیەی هەواڵی پێ دێتە دارشتن رەنگدانەوەی حوکمەیلی پرۆفێشناڵییە لەبارەی بەهاگەلی هەواڵ، دەقیقی زانیاری و شێواز و زمانی نووسینی زانیارییەکان.

## خشتەی داڕشتنی هەواڵ لە کاردا

شەمەندەفەرێک لە هیندستان لە هێڵ لای داوە و لە ئاکامدا سەتان خەڵکی کوشتووە، هەندێ گەشتەوەری بیانیش بەرکەوتوون. هەر کە هەواڵەکە بڵاو دەکرێتەوە، ئاژانسەیلی هەواڵ و پەیامنێرانی ئۆنلاین لە هەموو کونجێکی دنیا راپۆرت لەسەر رووداوەکە بڵاو دەکەنەوە. لە هەموو ئەو زانیارییانە، تۆ دەبێ هەواڵێکی ٣٠٠ وشەیی بۆ بەڵاڤۆکی دابێ ئامادە بکەی. دەبێ لیدەکەت چی بێ؟

خاڵە سەرەکییەکانی هەواڵەکە چین؟

چۆن کات، دوور و نێزیکی، دیاربوون، ئاکام و بەرژەوەندیی مرۆیی کار لە رێگەی نووسیاریکردنی راپۆرتەکە دەکەن؟

پێش دەسپێک چ بەهایەکی هەواڵ لێرە بەکار دێ؟

بەهاکانی تری هەواڵ چین بەپێی گرینگییان بۆ ئەم هەواڵە؟

تا چەند بەهاکانی هەواڵ پێوەندییان بە هەواڵەکە هەیە؟

ئاخۆ توخمەکانی هەواڵ (کێ، چی، لە کوێ، کەی و چۆن) هەردەم گرینگن لە لید؟ بۆچی؟

ئاخۆ توخمەیلی نووسینی هەواڵ کولتوورییەن تایبەتن؟

بەهای جیاواز کار لە نووسینی لیدی هەواڵ دەکا؟

کەی رەگەز، ئیتنی، نەتەوە یان ئاین پێوەستن بەلیدی هەواڵ؟

کێ یان چ لایەنێکی هەواڵەکە شایەنترینە بێتە باسکردن؟ بۆچی؟

سیفەتە سەرەکییەکانی هەواڵەکە چین؟

هەڵبژاردنی لید چیمان پێ دەڵێ لەبارەی پرۆفایلی خوێنەر/بینەر؟

چۆن هەر چیرۆکێک هەڵدەسەنگێنی؟

گۆشەی هەر نووسینێک چییە؟

گۆشەکە بەچی پەرەی پێ دەدەی؟

کام بەهای هەواڵ پشتی ئەم هەواڵە دەگرێ؟

چی لەم نووسینە فێر بوویت؟

هیچ زانیارییەکی پێویست لادراوە لە هەواڵەکە؟

ئاخۆ ئەم نووسینە وێنەیەکی تەواوی ڕووداوەکان پێشان دەدا؟ بۆچی؟

↓

تا چەند سەرچاوەکانت جێی متمانەن؟

هیچ هەڵەیەکت لە فاکتەکان بەدی کردووە؟

هیچ نەگونجاوییەک هەیە لە کورتەی ڕاپۆرتەکە؟

هیچ لێدوانێک هەیە لە ڕاپۆرتەکە کاری تێدا بێ؟

شتێک هەیە نەتوانی بێ پشتڕاستی بکەیەوە؟

هیچ لێدوانێک لەگەڵ یەکێکی تر بەریەک دەکەون و هاودژن؟

چۆن بڕیار دەدەی چی بەکار دێنی؟

هەواڵنامەی کتێب

↓

چۆن دیتنەوەکانت هەڵدەسەنگێنی؟

پرسی سەرەکی چییە لە لێکۆڵینەوەکەت؟

دەبێ چیرۆکەکە چی تێدا بێ؟

هیچ زانیارییەک هەیە پێویست بەلابردن بکا؟ بۆچی؟

گۆشەی لۆکاڵ هەردەم گرینگی پێ دەدرێ؟ بۆچی؟

کام بەهای هەواڵ لەگەڵ لێدوانەکان یەک دەگرێتەوە؟

کاریگەریی خوێنەر چەند گرینگە لەسەر بڕیارەکانت؟

کام بەهای هەواڵ پێوەستە بەناسنامەی ئەوانەی کوژراون؟

ژمارەکان چەندە گرینگن لەو هەواڵە؟ بۆچی؟

↓

چۆن چیرۆکەکە دەنووسی؟

چیت لە خەیاڵە لەبارەی ئارەزوو و ویستی خوێنەر؟

دڵنیای لە فاکتەکانت؟

هیچ قسەیەک هەیە دووپات نەکرابێتەوە؟

پێویستت بەزانیاری زیاتر هەیە؟

هیچ یەکێ لە زانیارییەکان زیان بەکەس دەگەیەنێ؟ بۆچی؟

↓

نووسینەکەت دەقیق و هاوسەنگە؟

گۆشەکەت چییە؟

قسەکانت پشتڕاست کردوونەتەوە و دراونەتە پاڵ سەرچاوە؟

کام لەمانە گرینگترین بۆ چیرۆکەکەت: کات، دوور و نێزیکی، بەرژەوەندیی مرۆیی یان ئەنجام؟ بۆچی؟

هیچ پرسیارێک هەیە وەڵام نەدرابێتەوە؟ بۆچی؟

چ شێوازێکت بەکار هێناوە؟ بۆچی؟

هەولێرمەی کتێب

# حیکایەتی شۆڕشەکان

## شۆڕشی ئینگلیزی دایکی شۆڕشەکان

حەسەن حافیز

١ لە ٤

هەواڵنامەی کتێب

### گەلی ئینگلیز دەستوور دەنووسنەوە و پاشایەتی سنووردار دەکەن و دیموکراسی دادەمەزرێنن

لەو کاتانەی مۆڵکایەتیی زۆردارانەی رەها، یان مۆڵکایەتیی زۆردارانەی رەوشنگەر باڵی بەسەر ئەوروپادا کێشابوو، بنچینە سەرەتاییەکانی دیموکراسی لە ئینگلتەرا جێگیر و سەقامگیر دەبێت، بۆیەش سەیر نییە ئەگەر لەو وڵاتە یەکەم شۆڕش بۆ رووخاندنی سیستەمی پاشایەتی لە مێژووی



.................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: وەرگێڕانی شێرزاد هەینی

نویَ تێدا روو بدات، ئەگەرچی سەرەتا شۆڕشەکە سەرناکەوێت و ستوونەکانی دەسەڵاتی پاشایەتی لەو وڵاتە هەر دەمێنێت و نارووخێت، بەڵام جۆشی شۆڕشگێڕی لە ساڵانی ١٦٤٢ هەتا ١٦٨٨هەر گەرم و بەجۆش بووە، بەوەش بناغە و بنچینە سەرەکییەکانی دیموکراسی لە دنیا دادەکوترێت و هەموو دنیا پەند و زانین لەو سەرهەڵدانە دەبینێت. شۆڕشی ئینگلیزی دەبێتە بنچینەیەک بۆ ئەوەی میللەتەکە داوونەریتە کۆنەکان بگۆڕێت و پاشایەتی دەسەڵاتی نەمێنێت و پەرلەمانی هەڵبژێردراو ببێتە دەزگایەکی شەرعی ئەکتیڤی بڕیاردەر، پاشاش ناچار دەبێت گویَ لە فەرمانەکانی میللەت بگرێت، نەک وەک جاران کە بەپێچەوانە بوو، بەڵام دەسەڵات دەرهێنان لەبن دەستی پاشا ئاسان نەبووە و چەندین ساڵ و سەدەی ویستووە، بۆیەش وڵاتەکە بە ئەزموونی زۆری دەستووری تێپەڕیوە، کەواتە شۆڕشەکە بوو، کە داوونەریت و سیمای دیموکراسی و پاشایەتی دەستووریی ساز و دامەزراندووە. ئینگلتەرا زوو هەستی کردبوو شوێن و پێگەی ئەوان لە رووی جوگرافیاییەوە تایبەتمەندیی هەیە، بەوەش دیارە کەوا بەشێکی دانەبڕاوی ئەوروپایە، بەڵام هەڵکەوتەی دوورگەکە و بوونی دەریای مانش یان کەناڵی ئینگلیزی لە نێوان خۆیان و کیشوەرە پیرەکە بوارساز بووە لەو جەستە دابڕاوەی خۆیانەوە زووتر لە وڵاتانی تر چەمکی نەتەوە و تایبەتمەندی نەتەوەی ئینگلیزی گەڵاڵە و بەرجەستەی بکەن.

بۆیە شتێکی نامۆ و سەیر نییە، کەوا مێژووی ئینگلتەرا بە چەندان رووداوی یەک لە دوای یەکدا تیَ بپەڕێت و بەوەش میللەتەکە ناسنامەی تایبەتیی خۆی هەبێت و لەوەیان لە زۆر گۆشەنیگاوە رێزپەڕ بووە. دیارە کەوا ئەو رووداوانەش ماوەیەکی زۆری ویستوە و توانراوە کولتووری خۆیان گەڵاڵە بکەن و بەوەش ببەسترێنەوە و بە نەرمی و لەسەرخۆش بگۆڕێن، بەڵام گۆڕانێکی زیندووی کارا. میللەتی ئینگلیزی بەوەیان لە میللەتی فرەنسی جیاوازە، کەوا ئەوان لە پڕۆژە و بەرنامەکانیاندا پەلە ناکەن، چەندان سەدەی ویستووە تا توانراوە حوکمێکی نموونەیی نوێی ساز و ئامادە بکەن و خوێنی کەم بڕێژن، ئەوەش بەپێچەوانەی شۆڕشەکەی فەرەنسایە، کە چەندان ساڵی خوێناوییان لەو کاروانەدا بەڕیَ کردووە، دیارە کەوا هەموو میللەتێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ئەوەش تەنیا لە کاتی سەرهەڵدانەکانیان دەردەکەوێت.

شۆڕش لووتکەی دارشتنە لە دامەزراندنی نەتەوەی ئینگلیزی و بناخەیەکەی، کە کەسایەتی سیاسیی ئینگلیزیی سیاسی ناوازە بەرز دەکاتەوە، بەڵام بوار و گەیشتن بەو شۆڕشە نەمرە ئاسان نەبووە، کار و تێکۆشانی چەند سەدەی ویستووە، تا دەسەڵاتی پاشا سنووردار کراوە و ئینگلتەرا لە دەسەڵات و پاوەری پاپاکان و هێرش و چاوتێبڕینی دەرەکی دەربازی بووە و ئەو قۆناخەی تیَ پەڕاندووە. سەرهەڵدانی شۆڕشەکە بە سەرۆکایەتی ئولیڤر کرۆمویل هەنگاوێکی شایستە بووە بۆ دانانی بنچینەکانی دەسەڵات و ئازادییەکان، ئەوەش بوارێک بووە تا رووناکبیرە ئەوروپاییەکان سیَ سەدە شانازی پێوە بکەن و پێڕەوی بەرنامەکانی بکەن، پرسیارەکەشمان ئەوەیە ئەو شۆڕش و سەرهەڵدانە چۆن رووی دا؟

## ماگنا کارتا

سیستەمی پاشایەتی ئینگلیزیش وەک هەموو پاشایەتییەکانی تری ئەوروپایی لەسەر بنچینەی دەسەڵاتی رەهای تاکرەوی پیرۆز بەڕێوە دەچوو، لەوەتی پاشایەتی دەسەڵاتی هەبووە، بەو بەرنامەیە کاری کردووە و پیرۆزیش کراوە، بەڵام لەو کاتانەی شەڕەکانی خاچپەرستەکان روو دەدات، لەبەر ئەو رەوشە نوێیە کەمێک سیستەمەکە هەژاوە و گۆڕینی تێدا بوو، بە دروستی و لە سەردەمی فەرمانڕەواییی پاشایە بەناوبانگەکەیان، کە لە ناوچە عەرەبییەکان زۆرتر دەناسرا، ریتشاردی دڵشێر (١١٨٩- ١١٩٩) ئەوەی چەند ساڵێک لە وڵات دەردەچێت و دەکەوێتە شەڕی دژوار لەگەڵ سوڵتان سەلاحەدینی ئەیووبی، کە زۆربەی شەڕەکانیشی دەدۆڕاند، لەو ماوەیەی ئەو لە دەرەوەی وڵات بووە، ئاژاوەیەکی بێ سنوور لە وڵاتەکە بەرپابووە تا ئەو کاتانەی ئەو گەڕاوەتەوە. کە ریتشاردی دڵشێر دەمرێت براکەی جۆن پاشا (١١٩٩- ١٢١٦) دێتە سەر تەختی پاشایەتی ئینگلتەرا، ئەویش دژایەتیی هەموو لایەک دەکات، دەسەڵاتی پاشایەتییەکەی بەناڕەوا پێڕەو دەکات، بەوەش پاپاکان و دەرەبەگ و جووتیارەکانیش لە خۆی تووڕە و نیگەران دەکات، لەو کاتانەش پاشا لە جیاتیی رەوشی وڵات ئارام بکاتەوە، وڵاتەکەی دووچاری شەڕێکی دژوار لەگەڵ فیلیپ ئۆگسسی پاشای فرەنسا دەکات، لەوێ لە مەیدانی شەڕەکە هەموو سەرکردە و سەربازەکان پاشاکەیان جێ دەهێڵن و ئەویش لە شەڕەکەدا دەشکێت، بۆیەش لە مەیدانی شەڕی بۆڤین بەیەکجاری سوپاکەی هەرەس دەهێنێت و ئەویش رادەکات و دەگەڕێتەوە لەندەن و دووبارە دەست دەکاتەوە بە وەرگرتنی باجی زۆر و زۆردارییەکانییەوە، تا بتوانێت سوپایەکی مەزن و چەکداری بەهێز دامەزرێنێتەوە، بەڵام رای گشتی و هەموو لایەنەکان دژایەتی توندی دەکەن. هەموو دەرەبەگەکان بۆ سەرکەوتن بە



سـەر بڕیار و کـردەوەکـانی پاشـا هـەڵدەسـتنەوە و هێـزی خـۆیان کـۆ دەکـەنەوە و پاشـاکـەش لە گۆشـەیەکی تەسکی دەسـەڵاتدا دەپەسـتن و بەناچاری پەیمانێکی مەزن، کە بە ناوی (ماگنا کارتا) دەناسـرێت لە سـاڵی ١٢١٥ پێ ئیـمزا دەکەن، بەوەش هـەمـوو ئازادییـەکـان سـاز دەبێت و بەردی بناغەی ئەو سەربەستییەی لە وڵاتدا هەیە دەچەسپێت.

ئەگەرچی پەیمانەکە بە چەندان کۆت و بەندیش بەسـترابووەوە، بەڵام بۆ سـەدەکانی ناوەڕاست و کـەمکردنەوەی دەسـەڵاتی پاشـا بۆ دەسـەڵاتی ژمـارەیەک لە هاووڵاتیـیـانی مـیللەتـەکـە و چینە دەرەبەگەکە پێشهاتێکی نوێ بوو، گرینگیی ئەو پەیمانەش لەوە خۆی دەدۆزێتەوە، کەوا لەو کاتانە چەندان مافی زەوتکراوی میللەت دەگەڕێندرێتەوە بۆ میللەت و ئەوەش لەناو هەموو میللەتانی دنیا نوێ و نەکردە بوو. هەر ئەو ئازادییە بووە، کە لە سەدەی بیستویەکیش پێڕەو کراوە. ئەو پەیمانەش کۆنترین پـەیمانی نووسـراوە لـە نێوان دەسـەڵاتدار و میللەت، بنچینەکانی لە سازکردنی دادگەیی یاسایی و نەگـرتنی تاکی ئینگلیـز بەبێ دادگـەییکردن بووە، سیسـتەمی سوێندخۆریش بۆ یەکەم جار دەخرێتە ناو بازنەی دادگەکان و لەو کاتانەش ئـەو سیسـتەمـە زۆر پێـشکەوتـوو بووە، هـەروەها دەسـەڵاتیش دەداتە ئەو پەرلەمانەی کە دامەزرابوو، بەوەش میللەت لە داهاتوو رووبەری دەسەڵاتیان فراوان دەبێت، بەکورتی پەیمانە مـەزنەکـە، پاشـایـەتی ئینگلیـزی رەهای دەسـتووری دەگـۆڕێت بە پاشـایەتی دەسـتووریی سنووردار، ئەوەش بـوار سـاز دەکـات یاسـایـە ئینگلیـزییـەکـە بەرقـەرار بێت و گـەشـەش بکات، ئەوەش بە دەسکەوتێکی مێژوویی لە سەدەی سێزدەم ئەژمارد دەکرێت.



پەیمانەکـە پێـشـهـاتێکی رێزپەڕیش بوو لە مـێـژووی ئینگلتـەرا و بەراورد بە سـیسـتـەمـە ئەورووپاییـیەکانی تر و مافـەکانی میللەتی بەدروستی و بەڕاستی بە چاو بینیوە، کە ئینگلیزەکان هەر شـەست بـەندەکـەیان پێڕەو کـردووە بوویتـە سـتـوونێکی بەهێـزی دامـەزراندن و هـەڵکەوتەی کـەسایـەتی تاکی ئینگلیـز، کە بیرۆکـەی ئەنجـوومـەنی باڵاش دادەمـەزرێت، لە سـەدەی چواردەم چوارچێوەی ئەو سیسـتـەمـە باشـتر و زۆرتر دەچەسـپـێت، بەپێی بەندەکانی ئەو پەیمانە (مـاگنا کارتا) دوو ئەنجوومـەن بە ناوی ئەنجوومەنی لۆردەکان، کە نوێنەری پیاوە مـاقووڵەکان و نوێنەری پیاوانی ئاینی دەبێت و ئەنجوومەنی دووەمیش بە ناوی ئەنجوومـەنی عـەموم بووە کە نوێنەرایەتیی شار و هەرێمەکانی دەکرد.

## ترازاندنی کڵێسا

هەنگاوی دووەمی شۆڕشەکە دارشتنەوەی کولتووره سیاسییەکە بوو بۆ ئینگلتەرا، ئەوەش پاش ململانێیەکی دوور و درێژی پاشا هنریی هەشتەم (١٥٠٩ – ١٥٤٧) لەگەڵ پاپای رۆمانی سازکار بوو، ئەوەش پێشهاتێکی بەجەرگ بوو، بۆ سازدانی ئینگلتەرا و دوورکەوتنەوەی لە کیشوەرە پیرەکە و دانانی کەسایەتیی نەتەوەیی تایبەت بۆ خۆیان. دیارە کەوا ئارەزووە تایبەتییەکانی هنری هەشتەمی پاشا رۆڵی هەبوو لە دابڕینی وڵاتەکە لە کڵێسای کاسۆلیک، هەروەها هەڵکردنی باهۆزی نەتەوەیی بەتوندی و بەجۆش لەو وڵاتە و لە وڵاتانی تری ئەوروپاییش فاکتەرێکی دیاری ئەو ململانێیە بوو.

هنری هەشتەم کە ناکۆکییەکانی لەگەڵ کڵێسا قووڵ دەکاتەوە بۆ ئەوەی بوو، شاژن کاترین ئارگونی کیژە تاقانەکەی فریناند و ئیزابیلای پاشای ئەسپانیا تەڵاق بدات، کە تەنیا (ماری)ی کیژی لەو ژنەدا مابوو، دیارە کەوا هنری هەشتەمیش کوڕێکی بۆ دوارۆژی تەختەکەیان دەویست، بۆیەش لەگەڵ یەکێک لە کیژەکانی ناو کۆشک و بەردەستەکانی شاژن بە ناوی ئان پۆلین دەست تێکەڵ دەکات و دڵی دەداتە ئەو کیژە نازدارە خزمەتکارە، بەڵام هۆکاری سەرەکیی تەڵاقدانی ئەو ژنە لەبەرئەوە بوو کەوا برازاکەی ئەو، ئیمپراتۆر شارلی پێنجەم پاشای ئەسپانیا و ئیمپراتۆری دەوڵەتی رۆمانی مەزن، بە مەترسییەکی مەزنی لەسەر ئینگلتەرا دەزانی، بۆیەش مانەوەی کاترینی لە لەندەن بە باش نەدەزانی و دەبووایە لەو جیا ببێتەوە.

ئەو داوا لە پاپا دەکات تەڵاقدانی هاوسەرەکەی حەڵاڵ بکات و لە کاترین جیاببێتەوە، دیارە کەوا پاپای ئەو سەردەمە، ئەو جۆرە بڕیارانەی دەدا و لایان ئاسایی بووە، بەڵام بڕیاردان بە جیابوونەوەی کاترین لە هنری هەشتەم بێگومان نیازی سیاسی تێدا بووە، لەبەرئەوەی پاپا کەوتبووە بن دەسەڵاتی ئیمپراتۆر شارلی پێنجەم، تا ئەویش تووڕە نەکات، کە راستەوخۆ دەستی بەسەر ئازادییەکانی ئەودا دەشکا ئەوەی نەکردووە، کەوا پوورەکەی تەڵاق بدرێت، بۆیەش پاپا بە هیچ کلۆجێک رەزامەندی نادات هنری هەشتەم کاترین تەڵاق بدات و ژنێکی تر مارە بکاتەوە. بۆیە ئەویش هەڵمەتێکی سازکراوی بە بەرنامە دەکاتە سەر کڵێسای کاسۆلیک و پیاوانی ئاینی و هەموو شایستە و دەسکەوتەکانیان لێ وەردەگرێتەوە، ئینجا چ سامان و موڵک بێت یان کۆکردنەوەی سەدەقە و نەزرەکان بێت، کاریش بۆ ئەوە دەکات کڵێسای ئینگلتەرا لە کڵێسای دایک جیا بکاتەوە، تا چیی تر ئەوان دەستیان بەسەر ئەو وڵاتەدا نەشکێت و لەو رۆژەوە کڵێسا دەکەوێتە بن دەست و فەرمانی دەوڵەت، لەو رۆژەوە ئەسقەف بە دەسەڵاتی پاشاوە دادەمەزرێت، ئیتر بەو شێوەیە کڵێسای ئەنجلیکایی دادەمەزرێت و پەیدا دەبێت.

تەندالی قەشە، ئەوەی باندۆری بزاڤەکەی مارتن لۆسەری ئەڵمانی و ریفۆرمەکانی ئەوی لەسەر بوو، بەرنامەی تایبەتی بۆ کارەکانی ساز دەکات و بەو دەسەڵاتەوە کار دەکات، لە ساڵی ١٥٢٦

بڕیاریش دەدرێت کەوا کتێبی موقەدەس وەرگێڕدرێتە سەر زمانی ئینگلیزی، بەوەش بەیەکجاری کڵێسای ئەنجلیکایی لە پاپایەتی کاسۆلیک جیا دەبێتەوە. هنری هەشتەمیش کاترین تەڵاق دەدات و لە رۆژی ٥١ ی ینایری ساڵی ١٥٣٣ لەگەڵ ئان پۆلین پرۆسەی هاوسەرگیری دەکات، کرانمری سەرۆکی ئەسقەفەکانی کانتربری ئەو پرۆسەیە بە حەڵاڵ و دروست ناو دەبات و پیرۆزبایی بە هنری هەشتەمیش دەڵێت، بەڵام پاشا گومانی لەو ژنە دەبێت و حەز دەکات لە کۆڵی ببێتەوە، بۆیە بە تومەتی خیانەت لە رۆژی ١٩ی مایوی ساڵی ١٥٣٦ لەداری دەدات، ئیتر هنری پاشا ژن لە دوای ژن دەهێنێت، تا دەگاتە چوار ژن، بۆ جیابوونەوەیان بیانووی تازەی بۆ دەدۆزێتەوە.



هنری پاشا بەر لەوەی کۆچی دوایی بکات هەموو پرەنسیپەکانی دابڕینی کڵێسا لە پاپا و شێوازێکی نەتەوەیی لۆکالی دەداتە کڵێساکەیان، بەڵام پاش هاتنی ئیلیزابێتی کیژی (١٥٥٨-١٦٠٣) دوا شێوازی گۆڕانەکان دادەڕێژێت، ئەگەرچی ئەو دووبارە بەندەکانی پەیمانەکەی (ماگنا کارتا) دەبەزێنێت و دەبێتە پاشایەکی بەدەسەڵاتی رەها و هەموو دەسەڵاتەکان دەگرێتەوە دەست، دیارە ئەوەش بەند دەبێت بەو رەوشەی کە وڵاتەکەی پێدا تێ دەپەڕێت و مەترسیی دەرەکی لەسەر زۆر دەبێت و ژمارەیەک لە دەرەبەگەکان دەیانەوێ هەرێمەکانی خۆیان دابڕن و دەسەڵاتی پاشا کەم بکەنەوە، بۆیە میللەتی ئینگلیزی لە بەرامبەر پاراستنی ئاسایش و سەربەخۆیی وڵاتەکەیان ماوەیەک دەستبەرداری سەربەخۆیی و ئازادییە تایبەتییەکانیان دەبن و حوکمی رەهای پاشاکەیان بەشێوەیەکی کاتی قبووڵ دەکەنەوە.

## نقوومکردنی پاپۆڕی ئەرمادا

لە سەردەمی هنری هەشتەم ترسیی داگیرکردن و دەسەڵاتی بێگانە لەسەر وڵاتەکەیان هەر هەبووە، بەتایبەتی پاپۆڕە ئەسپانییەکە (ئەرمادا) کە لەو سەردەمەدا گەورەترین ئەستوولی دەریایی بوو. پاش ئەوەی کڵێساکەی ئینگلیزی لە کڵێسا کاسۆلیکەکە دادەبڕێت دژایەتی و نەیاری ئەو دوو

میللەتە و ترسی ئەسپانییەکان لەسەر ئینگلیزەکان زۆرتر دەبێت، لەبەرئەوەی ئەسپانیا خۆی وەک سەردار و گەورەی کڵێسای کاسۆلیک لە سەرانسەری دنیا راگەیاندبوو. بۆیەش ئەسپانییەکان بەرنامەیان هەبوو دووبارە کۆمەڵگەی ئینگلیزی بگێڕنەوە ناو باوەشە گەورەکەی ئیمان و کڵێساکەیان، ئەوەش زۆرتر دەردەکەوێت و گەرمتر دەبێت کە بازرگانە ئینگلیزەکان لە جیاتی ئەسپانیا بازارەکان کۆنترۆڵ دەکەن و ئەسپانیا لەو بازارەدا پەراوێز دەخرێت، ئەو مەترسییەش مەزنتر دەبێت و ئەسپانییەکان زۆر تەنگاو دەبەن، کە لەگەڵ برتوگاڵییەکان لە ساڵی ١٥٨٠ یەک دەگرن و بەیەکەوە دژایەتی و نەیاری ئەسپانییەکان دەکەن، بۆیە ئەسپانیا بیر لە داگیرکردنی ئینگلتەرا دەکاتەوە و مەترسییەکە دەبێتە واقیع.

پاشای ئەو ساڵانەی ئەسپانیا فیلیپی دووەم بڕیار دەدات گەورەترین و بەهێزترین ئەستووڵی دەریایی بە ناوی ئەرمادا، کە مانای مەزنە، ساز بکەن، ئەو ئەستووڵەش بۆ رووخاندن و گێڕانەوەی ئینگلتەرای پرۆتستاتی هێرشەکەیان دەکەن تا دەوڵەتەکە بگێڕنەوە باوەشی ئەسپانیا.

لە بەردەم کەنارەکانی ئینگلتەرا و لە نێزیک بەنداوی بلیموث و لە رۆژی ٢١ی یولیۆی ساڵی ١٥٨٨ پەرجووەکە (موعجیزە) دەقەومێت، کە تێدا ئەستووڵی ئینگلیزی کە پێک هاتبوو لە چەند کەشتییەکی بازرگانی و چەتەکان بەسەر گەورەترین و مەزنترین ئەستووڵی دنیا زاڵ دەبێت و سەر دەکەوێت، سەرکەوتنەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تاکتیکەی بەلەمە گچکەکان توانییان مناورە بکەن و بەخێرایی لە ئاوە تەنکەکە رێ بکەن، لە بەرامبەر ئەوەشدا پاپۆرە ئەسپانییەکان گەورە بوون و تاوەرەکانیان بەئاسانی نەدەجوڵانەوە و بەئاسانی دەکەوتنە ناو تۆڕ زەبری ئینگلیزی، پاشماوەکانی ئەستووڵەکەش بە باهۆزەکەی دەریا شپرزە دەبوون.

بەو سەرکەوتنە و بە شکاندنی ترسە مەزنەکە، ئینگلتەرا پێگەی نەتەوەیی زۆرتر و توندتر دادەمەزرێت و سەربەخۆییە ئاینییەکەی باشتر جێگیر دەبێت، بە شکاندنی ئەرمادا دەریاوانی ئینگلیزی دەریای بەرووردا دەکرێتەوە و بەئاسانی بەرەو قووڵایی دەریا دەڕوات و جیهانێکی تر دەدۆزێتەوە، لە چەند ساڵی داهاتوو و بە ماوەیەکی کورت چەند کۆلۆنییەک دیار دەکات و لێرە و لەوێ مستعمرەیان دەبێت. پاش ئەو سەرکەوتنە سروشتی میللەتی ئینگلیز دەگۆڕێت و ترسیان لە داگیرکردن و پەلاماردان نامێنێت، چیی تریش مەزهەبە ئاینییە نوێیەکەیان هەڕەشەی لەسەر نابێت، ئیتر بەهرەکانی ئەو میللەتە دەکرێتەوە و شەپۆلێکی گەشبینی و کرانەوە هەموو توێژەکانی میللەتەکە دەگرێتەوە، سامانی وڵاتەکەیان بۆ بەرژەوەندیی وڵاتەکە دەگەڕێت و گەنجینەکانی وڵاتەکە بە بازرگانیی کۆلۆنییەکانیان گەشە دەکات و دەوڵەمەندی لەناو میللەتەکە زۆر دەبێت، ئەو میللەتەی کە جاران تەنیا جووتیار و ماسیگر بوون، دەبنە پیشەوەر و سەرمایەدار.

لە سەر ئاستی کولتووری و هزریش زمانەکەیان لە زمانەکانی تری لاتینی و فرەنسی باشتر گەشە دەکات، لەو کاتانەی و لەو سەردەمەدا شێکسپیر ئەدیبی نەمر و فەیلەسووف فرانسیس بیکون بنچینەی پتەوی رۆشنبیری عەقڵانە لەگەڵ رۆژگارا دەچەسپێنن. لەو کەشەدا پاشاکانیش

هەموو مافەکانی خۆیان و بەبێ کەماسی دەستەبەر دەکەن و بڕگە و بەندەکانی پەیمانی ماگنا کارتایان لە بیر دەچێت، لەولاشەوە مەزاجی گشتیی میللەتەکەش بەرەو ئازادییەکان و دەستەبەرکردنی هەموو مافەکانیان گەشە دەکات. ململانێی میللەتەکە و دەسەڵاتی پاشاکان بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی پەیمانی ماگنا کارتا پەیدا دەبێت و شەڕەکە لە نێوان ئەو دوو بەرەیە گەرم دەبێت، ئەوەش جۆشەکەی لە سەردەمی شارلی یەکەم دەگاتە ئەوپەڕی دژواری.

کۆمەڵگەی ئینگلیزیش وەک کۆمەڵگە ئەوروپاییەکانی تر لە سەدەکانی ناوەڕاست لەسەر بنچینەکانی دەرەبەگی چەسپابوو، مەلیک وەک گەورە دەرەبەگێک دەوری بە چەندان گەورە سەرمایەدار و مەلاکەکان دەوری گیرابوو، لەولاشەوە کڵێسا بە هەموو تواناکانییەوە پشتیوانی ئەو سیستەمەی کردووە و بەشداری سەرمایەی ئەو چینەی کردووە، لە بەرامبەردا کڵێسا ڕۆڵی زۆری هەبووە لە ئیقناعکردنی چینە چەوساوەکە، ئەوانەی برسیەتی و هەژاری هەراسانی کردبوون، کە باج بدەن و لەو ڕەوشەدا بەرگە بگرن و تەنگاو نەبن و ڕازی بن. لەگەڵ ئەو گۆڕانەدا توانرا جەخت لەسەر بنەوا چەسپێندراوەکان بکەن، بەو بازرگانییەی کە لەگەڵ وڵاتە کۆلۆنییەکان هاتبووە ئاراوە، چینێکی نوێ پەیدا دەبێت ئەوانەش ناویان نرابوو جنتری، کە سامانێکی مام ناوەندییان هەبوو، ئەوان وەک ئەو دەرەبەگانە نەبوون کە بە میرات سامانیان بۆ ماوەتەوە، ئەوانە بە دەستی خۆیان سامان پەیدا دەکەن، کەواتە ئەو چینە ناوەندەی نێوان نەجیبزادە و دەرەبەگە موڵکدارەکان لەگەڵ خاوەن زەوییە کشتوکاڵی و وەرزێرەکان کەوتنە کارکردن و خۆیان وەک چینێکی کاریگەر و دەسەڵاتداری دەوڵەمەند دۆزییەوە.



ئەو چینە گەیشتبووە پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی ئابووریی بەرچاو، بەڵام هێشتا لە مافە سیاسییەکان لەبەر ڕۆشنایی یاسا و سیستەمە سیاسییەکانی بەرتەسکی ناو سیستەمی دەرەبەگایەتی دەیانناڵاند. ئەوانە و بەناچاری کورسییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران بە پارە دەکڕن و بۆچوونە سیاسی و دژ بە مەلیک و نەجیبزادەکان دەردەبڕن و بەئاشکرا رامانی ئازادانەی خۆیان دەوت. لەگەڵ زۆربوونی پارە و گەشەی بازاڕی شارەکانی ئینگلتەرا چینە برژەوا واتە چینە ناوەندەکە، کەسانی خاوەن کارگەی گچکە و پارێزەر و دوکتۆر و ئەندازیار و پیشەوەرەکان، ئەوانەی هیچ کاتێک سیستەمی سیاسیی ئەو رۆژانە، دانی بە بوون و دەسەڵات و پێگەی ئەوان نەنابوو، ئەوانە گەشە دەکەن، دیارە کەوا ئەو چینە بەباشی هەستیان بە بوونی خۆیان دەکرد و وەک ئەوانی تر داوای یەکسانی و نوێنەرایەتیی سیاسییان دەکرد و هیواخوازبوون بێنە ناو مەیدانە سیاسییەکە، بەمەرجێک ئامادەییان وەک هێزە ئابوورییەکەیان دیار و روون بێت، کە بەردەوام بەرەو پێشەوە و گەشەداری دەردەکەوت. بۆیە هەردوو چینەکە، چینە نوێیەکە جنتری، لەگەڵ برژەواکە بەیەکەوە و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دەستیان لەناو دەستی یەکتر ناوە تا بوونی خۆیان لەناو سیستەمە سیاسییەکە بچەسپێنن، ئەوەش دیارە کەوا دەبووایە کۆشش بکەن، ئەو مافانە لەناو کەڵپە و دەستی پاشا و دەرەبەگەکان بەراکێشان دەربهێنن.

بۆیەش لە ناوەندی یەکەمی سەدەی حەڤدەم ململانێ لە نێوان چینەکانی ئینگلیزی ئاوێتە بە جۆرەها مەزهەبی ئاینی و ئاستی ئابووری جیاوازەوە پەیدا دەبێت، بەشە باکورەکەی ئینگلتەرا دیارە کەوا کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی بە زۆرینەی کاسۆلیک بوون، بەڵام باشوورەکەی کە بازاڕی پیشەسازی بوو مەزهەبی زۆرینەیان پرۆتستانت بوو. لەو کاتانەش پیاوانی چینە نوێیەکە داوای زۆرترین زەمانەتی گومرگییان دەکرد، دەیانویست پێگەکانی بازاڕ و ئابووریی ئازاد زۆرتر و توندتر بچەسپێت، کە تێدا داهاتەکان هاوشانی وزە و دەستی کار و نرخی کاڵاکان بێت، بەڵام گەورە سەرمایەدارە دەرەبەگەکان لەسەر بنەوا زۆردارییە دەرەبەگییە باوەکەیان سووربوون، کە تێ دەگەن مەترسییەکان کە لەو چینەوە ئاراستەیان دەکرێت نێزیکە و پێگە کۆمەڵایەتییەکان دەلەرزێت و خۆیان لە لووتکەکە نامێنێن، ئیتر بە چاوی سووکەوە سەیری پارێزەرەکانیان دەکرد، بەتایبەتی ئەوانەی لە کار و پرۆژە نوێیەکانیان دەستڕەنگینییان پێوە دیاربوو، ئەوانە و بازرگانەکان کە دەستیان بە سەر شارەکاندا داگرتبوو، بەتایبەتی لەندەن کە سەرژمێرییەکەی سێسەت هەزار کەس دەبوو، ئەوەش لەچاو کۆی سەرژمێری ئینگلتەرا کە سێ ملیۆن کەس بوو زۆر بوو، ئەو شارەی بووبووە مەڵبەندی ژیانە نوێیەکەی ئابووری. ئیتر دژایەتی و رکابەرایەتی پیاوانی دەرەبەگ و بازرگانی شار و گوندەکان و کاسۆلیک و پرۆتستانت بەڕوونی و بەئاشکرا هەستی پێ دەکرا، هەموو وڵات کەوتبووە ژێر پاڵەپەستۆی ململانێی ئاینی و چینایەتی و کۆمەڵایەتی و بەرەو شۆڕش و قلیشانەوە دەچوو.

# جوزێپێ ڤێردی
# و ئۆپێرای نابوکۆ "نەبوخوزنوسەر"



پۆرترێیەکی جوزێپێ ڤێردی
لە دەستکردی جیۆڤانی بۆڵدینی ساڵی ١٨٨٦

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

جـوزێپێ ڤـێـردی (Giuseppe Verd) "ڕۆنکۆڵی ١٨١٣ – مـیـلانـۆ ١٩٠١ ی. ز "، چەندان کـاری ئۆپێـرالیـی داناوە (لە شـێوەی عـایدە و ئۆتێللۆ)، هـەروەها قـوداسـێکی ناشـتنەوە (Requiem)ی ساڵی ١٨٧٤ ی. ز —ی داناوە. هەسـتێکی سروشـتـیی هەبووە کە ئامـادەی کردووە بۆ نووسـینی کاری شانۆیی، لەسـەر ڕێوشـوێنی هـاووڵاتـییـانی وەک بللینی و جـواکینۆ ڕۆسـینیی هـەڵگرتووە لە چەسپاندنی نـەریتە ئۆپرالییـە ئیتاڵییەکان لە بەرەنگاریی شـەپۆلی نوێ کە ڕیچارد ڤاگنەر کاری لێیان کردووە.

ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لە کارە ئۆپێرالییەکانی:

* ڕیگۆلیتتۆ (١٨٥١ ی. ز).
* نوێژە ئێوارانەکانی سقللییە (١٨٥٥ ی. ز).
* ئاهەنگە دەمامکدارەکە (١٨٥٩ ی. ز).
* دۆن کارلۆس (١٨٦٧ ی. ز).
* عـــایدە (١٨٧١ ی. ز)، کـــە بە پارە بۆ ئاهەنگی کـــردنەوەی کـــەنداوی ســـوێس بۆ (خـــدێوی ئیسـماعیل)ی نووسیوە بۆ ئەوەی بە چیرۆکەکەی پشتگیریی ئیسـماعیل بکا لە هێرشی بۆ سەر حەبەشەدا.
* ئۆتێللۆ (١٨٨٧ ی. ز).

### لەبارەی ژیانییەوە:

ڤێردی هێشتا منداڵ بووە، لەگەڵ بنەماڵەی لە (بیکانزا)وە چوونەتە (بوسیتۆ)، کە هەلی فێربوونی مۆسیقای لێ باشتر بووە، بەهۆی سـەردانی کتێبخـانەی قوتابخـانەی یەسووعییـەوە، هەر لەوێش ڤێردی یەکەمین وانەکانی ئاوازدانانی لە بوسیتۆ خوێندووە، کە تەمەنی گەیشتووەتە بیست ساڵی، بۆ ئەوەی لە خـوێندندا بەردەوام بێ چووە مـیـلانۆ، کـە وانەی تایبـەتیی لەبارەی ئاوازە ترپە سـەربەخـۆکـانەوە کە جـووڵە (نـەغـمـە)کـانیـان پێـوەسـتن (counterpoints)، لەسـەر ئامـادەبوون لە ئاهەنگە ئۆپێرالی و مۆسیقییەکاندا بەردەوام بووە، بەتایبەتی مۆسیقای ئەڵمانی.

هونەر بۆ (دەسـتـەی جیـهـانیی جوان)ی میـلانۆیە کە ڤیـردییـان قـایل کرد، وەک دانەری ئاوازە مۆسـیقییە شـانۆییەکان کـار بکا. دوای گەڕانەوەی ڤێردی بۆ شـاری یەکەمی کە بوسیـتۆیە، لە ڕێی ئەنتـۆنیـۆ باریزیی یەک لە بازرگـانە ناوەخـۆییـە مـۆسـیـقـا دۆسـتـەکـانەوە، کـە مـاوەیەکی درێژ پشتگیریی خەونەمۆسیقییەکانی ڤێردیی لە میلانۆ کردبوو، بووە ڕاگری مۆسیقای شار، ڤێردی یەکەم کاری مۆسیقیی ساڵی ١٨٣٠ لە ماڵی باریزی پێشکێش کرد. دواتر ڤێردی بووە مامۆستای مۆسیقیی تایبـەتی مارگریتای کچی باریزی. دواتر لە ساڵی ١٨٣٦دا ڤێردی مارگریتای خواست و دوو منداڵیان بوو، هەردووکیان بە شیرەخۆرەیی مردن، هەروەها مارگریتـاش ساڵی ١٨٤٠، ژیانی

بەجێ هێشت، دوای ئەوە بە دوو ساڵ (نابوکۆ)ی سێیەمی کارەکانی دانا، کە ئۆپێرایەکە لە چوار بەش و بە نیشانەیەکی دیاری ژیانی دادەنرێ، کە بەمە ناوبانگی وەک دانەرێکی مۆسیقیی ناسراو دەستی پێ کرد.[١]

*

## ئۆپیرای نابوکۆ

### بابەتی ئۆپیراکە

ململانێی هەمیشەیی لەسەر شاری قودس (ئۆرشەلیم) لە هەزاران ساڵی ناو قووڵایی مێژووەوە تا ئەم سەردەمەی ئێستامان درێژەی هەیە، ئەمەش گرینگیی ئەو شارە دەسەلێنێ بۆ ئاینی ئاسمانییەکان و دەست پێوە گرتنی گەلانی ناوچەکە و خۆ لە پێناویدا بەختکردنیان ڕوون دەکاتەوە. چیرۆکی ئۆپیراکە لەسەر دوو تەوەری بنچینەیی دامەزراوە:

یەکەمیان: دەست بە ئاینەوە گرتن و خۆ لە پێناویدا بەختکردنە، کە چیرۆکەکە لە چیرۆکەکانی (تەورات = کتێبی دانیالی پێغەمبەر)ەوە وەرگیراوە، کە بەشێک لە مێژووی جوولەکە ڕەنگ دەداتەوە لە ماوەی فەرمانڕەواییی شا نابوکۆ (نەبوخوزنوسسەر)ی دووەمدا (٦٠٥ _ ٥٦٢ ی پێش زاین)ی شای بابل (عێراقی ئەمڕۆ) کە (پەرستگەی سولەیمان)ی وێران کردووە و جووەکانی بە دیل گرتووە و بۆ ماوەی چەند ساڵێک ڕایگواستوونەتە بابل و هەوڵی ناچارکردنیانی داوە خواوەندانی بابل بپەرستن، بەڵام هەر وەک ئاینە ئاسمانییەکانی تری دواتر (کرستیان و ئیسلام) لە سەردەمانی تر بەسەریاندا هاتووە، عیبرانییەکان گوێڕایەڵیی فەرمانەکانیان ڕەت کردەوە و مەرگیان هەڵبژارد نەک ناپاکی لەگەڵ ئاینەکەیاندا بکەن و لە ماوەی فەرمانڕەواییی کۆڕشی فارسدا ئازاد کران.

تەوەری دووەم: ئیرەییی ئافرەتانەیە کە گەلێک جار ڕق بڵاو دەکاتەوە و ڕەشەبای تۆڵە لە دەوروبەریدا هەڵدەکا لە پێناوی گەیشتن بە دەسەڵات.

ئەنیسێ بورجوا و فرانسیس کۆرنو بە دووان چیرۆکەکەیان بە شیعر هۆندووەتەوە و مۆسیقاکەشی هی ڤێردییە کە یەکەم سەرکەوتنی بۆ لە قەڵەم دەدرێ لە سەرەتای ژیانی هونەرییدا کە لە تەمەنی بیست و هەشت ساڵیدا بووە و ئیتاڵییەکان لەبەر ئەم کارە بە قارەمانێکی نەتەوەیییان دانا و بووە سەرچاوەی سرووشی ناسیۆنالیستی ئیتاڵی. هەستە نیشتمانییەکان لەلای ئیتاڵییەکان ورووژاوە و پارچە مۆسیقای " Va Pensiero Sull_ali Dorati"یان کە بانگهێشت بۆ دەست بە نیشتمانەوە گرتن دەکا، بە سروودی نیشتمانییان دانا و سەرەڕای هەبوونی سروودێکی کە، هانی دان نارەزایی بەرامبەر داگیرکردنی باکوری ئیتاڵیا لەلایەن نەمساوە دەربڕن. کاتێکیش مۆسیقاری مەزن ساڵی ١٩٠٤ کۆچی دوایی کرد، ٣٠٠٠٠ ئیتاڵی بۆ ناشتنی دەرچوون و ئەو مۆسیقایەیان دەگوتەوە.

## بەشی یەکەم (قودس)

عیبرانییەکان لەناو پەرستگەی سولەیماندا لە ترسان نوێژ دەکەن و داوای پارێزگاریی خوا لە شا نابوکۆی شای بابل و بابلییەکان دەکەن، کە نیازی هێرش بردنە سەر قەدسیان هەیە. زەکەرییای گەورەی زێوانان دێتە ژوورەوە و فینینای کچی شای لە دەستیەوە گرتووە و داوا لە هەمووان دەکا کە بڕوا بە ویستی خوا بکەن و فینینا بە بارمتەیەکی بە بەها دابنێ بۆ دابینکردنی ئاشتی لە نێوانیاندا بۆ بەرپەرچدانەوەی دوژمنان و بەرگری لە شار و پەرستگەکە. فینینا لەژێر چاودێریی ئیسماعیل دادەنێ و بێ ئەوەی بزانێ یەکتریان بە دزییەوە خۆش دەوێ. ئیسماعیل بیری دەکەوێتەوە کە چۆن فینینیا لە بەندیخانەوە ئازادی کردووە لە کاتی کارکردنیدا وەک باڵوێزێ لە بابل و درک بەوە دەکا کە سەرەی ئەوەی هاتووە بۆ ئازادکردنی ئەم (کچەکە)، بەڵام لە کاتی هەڵهاتنیاندا تیپە سەربازێکی بابلی ڕێیان لێ دەگرن کە توانیویانە بە پۆشینی شێوە جلی عیبرانییەوە بچنە ناو پەرستگەوە، کە ئەباجیلیشیان لەگەڵدا بووە و هەموو وا دەزانن کچە گەورەی نابوکۆیە کە لە حەز لە ئیسماعیل کردندا هاوبەشە و دوو دڵدارەکە ڕووبەڕووی قسەی پڕ لە تووڕەیی و گاڵتە پێکردن دەبن و ئینجا ڕوو دەکاتە ئیسماعیل و بۆ هەستی خۆی بۆ دەربڕێ و پێشنیازی ڕزگارکردنی عیبرانییانی بۆ دەکا بە مەرجێک ئەویش وەک ئەم خۆشی بوێ، بەڵام ئەم ڕەتی دەکاتەوە و پێبەندیی خۆی بە خۆشەویستەکەی دەردەبڕێ. دوای سەرنەکەوتنیان لە بەرگریی لەشکری بابل کە بێ سڵکردنەوە هەر بە دوایانەوە بووە، عیبرانییەکان بۆ خۆپاراستن پەنا دەبەنە ناو پەرستگەوە.



نابوکۆ دەگاتە پەرستگە و دەیەوێ بچێتە ژوورەوە، زەکەرییا دێتە پێشەوە و لەبەر دەرگەدا لە بەردەمیدا دەوەستێ و هەڕەشەی کوشتنی فینینای کچی لێ دەکا ئەگەر وێرای بە پێیەکانی پەرستگەکەی بلەوتێنێ. شا لە ترسی ژیانی کچەکەی سڵ دەکاتەوە و لە ئەسپەکەی پیادە دەبێ و بەڵام تیزیان پێ دەکا و قسەی پڕ لە کفر و سووکایەتی بە خوای عیبرانییەکان تێدایە.

لێرەدا زەکەریا خۆی بۆ ناگیرێ و ناتوانێ تووڕەیی بشارێتەوە، وەک ئاینە ئاسمانییەکانی تر

دەڵێن دوای بیستنی وشەگەلی کفر کە نابوکۆ گۆی دەکۆدن، خەنجەرەکەی دەکێشێ لە سینگی فینینای ڕابکا، بەڵام ئیسماعیل لە کاتی گونجاودا دێتە پێش و ڕزگاری دەکات و خەنجەرەکە دوور توڕهەڵدەدا. لە بینینی ئەم دیمەنەدا خۆشویستیی ئەباجیلی نائومێد بۆ ئیسماعیل دەبێتە ئیرەیییەکی بەهێز و ڕقێکی وێرانکەرەوە و داوای لەناوبردن و لەسەر ڕووی زەوییەوە ڕیشەکێشکردنی گەلی عیبری دەکا و شا فەرمانی دوای تاڵانکردنی سووتاندنی پەرستگە دەردەکا. هەر لەو کاتەشدا نەفرەت لە زەکەریا و جوولەکە و ئیسماعیل دەکرێ کە بەرامبەر گەلەکەی بە ناپاکی دادەنێن، لەبەرئەوەی فینیای خۆشەویستی ڕزگار دەکا.

## بەشی دووەم (بەدکار و کافر)

دیمەنی یەکەم: لە بەشێکی کۆشکی شاهانەدا ئەباجیل دەستنووسێک دەدۆزێتەوە ئەوە دەسەلمێنێ لە بنچینەدا دیلێک یا کەنیزەکێک بووە، کە پێچەوانەی ئەوە بووە کە دەیگوت کچی شای بابل بووە، بەڵام چاوی لە حوکمکردنی وڵاتەکە نابڕێ بگرە ڕقی بەرامبەر نابوکۆی شا پتر دەکا هێشتا لە جەرگەی شەڕی عیبرانییەکاندایە و فینینای کچی دوای خۆی ناوەتە سەر تەختی پاشایەتی و ئەباجیلی لە مەیدانی شەڕ دوور خستووەتەوە. ئەباجیل بووە پارچەیەک تووڕەیی و ڕقی بەرلێنەگیراوی بێ سنوور و دەستبەرداری هەستە مرۆیانەکەی تر بوو و لە جەنگەی شۆڕش و ئیرەییدا هەموو لێخۆشبوونەوە و خۆشەویستییەکی پێشتری لە بیر کرد. گەورەی زێوانان لە بارێکی هەڵچوونەوەدا دێتە ژوورێ و بە ئەباجیل ڕادەگەیەنێ کە فینینا دوای باوکی لەسەر تەخت دادەنیشێ. لەگەڵ زەکەریا یەک دەگرنەوە و عبیرییەکان ئازاد دەکەن ویارمەتیی دەستوپێوەنەکانی دەدا بۆ بڵاوکردنەوەی پڕوپاگاندە لەبارەی کەوتنی شا نابوکۆ لە شەڕدا و ئەباجیل دەبێ یەکسەر بچێتە سەر تەخت بۆ خۆ لە زیان دوور خستنەوە. بێگومان ئەباجیل هەل دەقۆزێتەوە و پێشنیازەکە بۆ بەدیهێنانی خەونەکەی پەسند دەکا.

دیمەنی دووەم: زەکەریا بەرەو پێشەوە دەچێ و لاویشی لەگەڵدا (لاوی کەسێکە لە عەشیرەتی لاویی عیبرانی) تەختەکانی تابووتی پیرۆزی هەڵگرتووە و لە ژووری فینینا نێزیک دەبنەوە و هەوڵی هاتنە سەر ئلینی جووی وەک ئاین لەگەڵدا دەدا، لە خوا دەپاڕێتەوە بیهێنێتە سەر ڕێی ئاینەکەی و لەم کارەیدا سەری بخا. لاوییەکان کۆ دەبنەوە و هەر کە ئیسماعیل دەردەکەوێ جوێنی پێ دەدەن، لەبەرئەوەی وا دەزانن غەدری لێ کردوون و ناپاکیی لەگەڵدا کردوون.. دەچێتە ناو هۆڵە سەرەکییەکەی کۆشکی فینینا. زەکەریا و ئانای خوشکی کە لە زمانی براکەیەوە ڕادەگەیەنێ کە فینینا بووەتە جوو. لێرەدا بە عەبدوڵڵای خزمەتکاری دڵسۆزیی نابوکۆ سەرسام دەبن کە هەواڵی مردنی شای هێناوە وەک بڵاو بووەتەوە و ئەبجیلیش چووەتە سەر تەخت و هەوڵی ئەفسەر لەسەر فینینا کردنەوە دەدا بۆ خۆی. ترس شوێنەکە هەڵدەگرێ و شا نابوکۆ خۆی و سەربازەکانی دەردەکەون و دەستی لەسەر ئەفسەردا دەگرێ و دەیگەڕێنێتەوە و بێز لە بەرامبەر (بەعل)ی



خواوەندی بابلیان و خواوەندی عیبرانییەکان دەربڕی. دواتریش فەرمان بە هەمووان دەدا وەک تاکە خوایەک بۆ هەردوو گەلەکە بپەرستن و بە مردن هەڕەشە لە زەکەریا و عیبرانییەکان دەکا ئەگەر گوێڕایەڵی نەبن، بەڵام هەر کە وشەگەلی (منم شا و جگە لە من کەس نییە و من خواوەنم) گۆ دەکا، برووسکێک لێی دەدا و ئەفسەرەکەی لەسەر بەر دەبێتەوە و وەک شێت بە هەموو لایەکدا دەردەپەڕێ بە دوای سەولەجانی فەرمانڕەواییدا دەگەڕێ تا لە بەردەستی ئەباجیلدا دەیدۆزێتەوە.

## بەشی سێیەم: پێشبینی (پێغەمبەریەتی)

دیمەنی یەکەم: باخچە هەڵواسراوەکانی بابل (باخچە هەڵواسراوەکانی بابل یەکێک بووە لە حەوت سەمەرەکانی دنیا، کە نەبووخودنوسسەر بۆ ئەمیهیای شاژن بنیات ناوە کە تاسەی باخچەکانی میدیای نیشتمانی کردووە. نێزیکەی ٦٠٠ی پێش زاین بنیات نراوە). بابلییان و گەورەپیاوان کۆبوونەتەوە تا گوێڕایەڵییان بۆ ئەباجیل دەربڕن، دوای ئەوەی لە ئەنجامی شێت بوونی شا دەستی بەسەر تەختدا گرت و گەورەی زێوانان داوای لێ دەکا فەرمانێک بە لەداردان فینینا و عیبرانییەکان دەربکا، بەڵام وا دەنوێنێ کە ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە لە پڕ نابوکۆ بەجلێکی شڕ و ونجڕەوە دەردەکەوێ هاوسەنگی و ئاوەزی لە دەست داوە. هەموو دەڕۆن و ئەباجیل بڵاوکراوەی حوکم دەداتە شا بۆ واژوکردن، نابوکۆ سەرەتا دوودڵ دەبێ، ئەباجیل گاڵتەی پێ دەکا و لەو بارەدۆخەی تێی کەوتووە لە ترسنۆکی و دوودڵی و ناچاری دەکا مۆری لەسەر بڕیارەکە دابنێ.. شا دوای کار لە کار ترازان تێ دەگا کە بەم واژۆیەی فەرمانی لەداردانی بەسەر فینینای کچیدا دەرکردووە، کە ئەباجیل فەرمانەکەی دابووە دەست پاسەوانان بۆ جێبەجێکردنی. نابوکۆ هەوڵی دۆزینەوەی ئەو بەڵگەنامەیە دەدا کە ڕەسەنی نزمی بەڵام بێسوود بوو، کە ئەباجیل بە پێش چاوی پاشای لابراودا دڕاندبووی و سەرکەتنەکانی دەگاتە ترۆپکی کە پاسەوانان بانگ دەکا شا بگرن کە لێی دەپاڕێتەوە لە فینینای کچی خۆش بێتەوە بەرامبەر شایستەیی تەختی بابلدا. بەڵام ئەباجیل گوێ بە پاڕانەوەکانی نادا و لە جێبەجێکردنی تۆڵەکانی بەردەوام دەبێ.

دیمەنی دووەم: لەسەر ڕۆخەکانی فوراتدا عیبرانییەکان بە دەستی بابلییان دیل کراون و بە بەند و کۆتەوە دەستیان بە کار کردووە، تاسەی نیشتمان دایان دەگرێ و بارودۆخیان دەلاوێننەوە. زەکەریا هەوڵی دڵدانەوەیان دەدا و ئازایەتی دەخاتە ناو دڵی گەلەکەیەوە. پێشبینییەکەی بە کۆتاییهاتنی دیلێتییان و وێرانبوونی بابلیان پێ ڕادەگەیەنێ.

## بەشی چوارەم: (تێکشکانی بتەکان)

دیمەنی یەکەم: لە بەشێکی کۆشکی شاهانەدا نابوکۆ بە ترسەوە لە مۆتەکەیەکەوە ڕادەچڵەکێ، گوێی لە دەنگەیلی لە دوورەوە هاتوو دەبیێ (دەبیستێ) ناتوانێ لێکیان بکاتەوە، بیری ئاڵۆزە و نازانێ لە کوێیە و چی لە دەوروبەریدا ڕوو دەدا. سەربازەکان بانگ دەکا و فەرمانیان پێ دەکا ئەسپەکەی بۆ بهێنن، بەڵام کچەکەی دەبینێ بە زنجیر بەند کراوە و لە ڕێی بەرەو لەداردان و ڕاستییەکە تێ دەگا کە وەک دیل لە کۆشکەکەیدایە. نوێژ بۆ خوای عیبرانییان دەکا و داوای لێبووردن و بەڵێنی بنیاتنانەوەی پەرستگەکە دەکا. دڵنەوایی لە باوەڕە تازەکەیدا دەبینێتەوە و ئاوەزی لە ئاڵۆزی چاک دەبێتەوە کە تووشی بووبوو. کە هەوڵی کردنەوەی دەرگەیەکی داخراو دەدا، عەبدوڵڵای خزمەتکاری دێتە ژوورێ و هەندێک لە دڵسۆزانیشی لەگەڵدایە و پەلە لە بردنی دەکەن بۆ ڕزگارکردنی فینینا و سزادانی خائینان.

دیمەنی دووەم: لە بەردەمی باخچە هەڵواسراوەکاندا فینینا و عیبرانییە تاوانبارکراوەکان دەهێنرێنە مەیدانی جێبەجێکردنی حوکمی لەداردان، لە کۆڕەوێکی تەرم گوازتنەوەی بەرەو چارەنووسی بێ گۆڕان. نابوکۆ و سەربازەکان بۆ ڕزگارکردنەوەیان لەداردان و فەرمان دەدا پەیکەرەکانی (بەعل)ی خواوەند بشکێنرێن، بەڵام هەر کە دەست بە کار دەکەن پەیکەرەکە لە خۆیەوە بەردەبێتەوە و پارچە پارچە دەبێ. شا عیبرانییەکان ئازاد دەکا تا بگەڕێنەوە وڵاتیان و ئامادەبووان و خۆیشی بانگ دەکا بۆ کڕنووش بۆ خودا بردن. ئەباجیل دێ و دوو سەربازیشی لەگەڵدایە و ژەهری خواردووە و لە سەرەمەرگدایە، لە بەردەمی ئیسماعیلدا داوای لێبووردن و لێخۆشبوونەوە لە فینینا دەکات و داوا لە نابوکۆ دەکا و لێی دەپاڕێتەوە دوو دڵدارەکە پیرۆز بکا.. ئەباجیل بە دەم لە خوا پاڕانەوەوە کە لێی خۆش بێ .. دەمرێ...[٢]

تێبینی: وتارەکە لێرەوە وەرگیراوە:

http://www.tudou.com/programs/view/Mo8F_cc_dP4/

http://www.tudou.com/programs/view/r_28S1KCQaM/

بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (٢)

سەرچاوە:

(1) http://ar.wikipedia.org/wiki/

(2) http://tousman.alafdal.net/t120-topic

# کولتووری موڵکداری

ئەریک فرۆم

ژیان دوو ڕێڕەوی هەیە: مرۆڤ دەجووڵێت و کار دەکات، بەرهەمهێنەر و دروستکەرە، بە کورتی مرۆڤ کەسێکی بکەرە. لێ مرۆڤ هیچ کاتێک لە بۆشاییەوە هەڵسوکەوت ناکات، بەبێ جەستەی و بەبێ جیهانی روحی خۆی هەڵسوکەوت ناکات، بگرە لەسەری پێویستە لەگەڵ شتەکان هەڵسوکەوت بکات. هەموو هەڵسوکەوتەکانی ئاماژە بەو شتانە دەدەن کە خۆی دروستیان دەکات یان دەیانگوێزێتەوە، جا ئەم شتانە زیندووبن یان نا.

یەکەمین شت کە پێویستە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات، جەستەی خۆیەتی، پاشان هەڵسوکەوت لەگەڵ شتەکانی تردا دەکات، وەکو: هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ تەختە، بۆ ئەوەی ئاگری پێ بکاتەوە، یان خانووی پێ دروست بکات. یان لەگەڵ سەوزەوات و ئاژەڵ و گەنم و جۆ بۆ ئەوەی نانی دەست بکەوێت، یان لەگەڵ لۆکە و پەژم بۆ ئەوەی پۆشاکی پێ دروست بکات. لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانییشدا، عالەمی شتەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر دەبن. لە لیستی شتەکانیش چەک و تەقەمەنی و ماڵ و خانووبەرە و کتێب و ئامێرە زۆرەکان، پاپۆڕ و ئۆتۆمۆبێل و فڕۆکەی بۆ زیاد بوو، وە لەسەر مرۆڤیش پێویستە لەگەڵ ئەم شتانە و ئەوانەی پێشووتریش هەڵسوکەوت بکات.

بەڵام ئاخۆ مرۆڤ چۆن لەگەڵ شتەکاندا هەڵسوکەوت دەکات؟ ئەو بەرهەمیان دەهێنێت و دەیانگۆڕێت ، بۆ ئەوەی بیانکات بە شمەکی بەکارهێنان. هەموو کاتێک شتەکان خۆی لە خۆیاندا بەهیچ کارێک هەڵناسن، تا ئەو کاتەی کە مرۆڤ وایان لێ دەکات کە خۆیان ببنە شمەکی بەرهەمهێنەر.

جێگەی گوتنە شتەکان و کارەکان بەپێ شارستانییەکان سیمای جیاوازیان هەیە. لەکاتێکدا مرۆڤ لە سەردەمی ئەمرۆماندا کۆمەڵێک شتی زۆر و هەمەجۆر دەوریان داوە، بەڵام مرۆڤ لە

---

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

چاخی سەرەتایی و ڕاوکردندا، تەنیا لەگەڵ چەند شتێکی کەمدا هەڵسوکەوتیی دەکرد. چەند ئامێرێکی کەم، ژمارەیەکی کەم و دیاریکراوی چەک و تۆڕی ماسیگرتن و شمەکێکی کەمی ڕاوکردن، جلوبەرگێکی کەم دیارە ئەگەر هەبووایە، خشڵ و زێڕێکی زۆر کەم، بەڵام بەبێ شوێنێکی تایبەتی نیشتەجێبوون. جێگەی گوتنە دەبووایە مرۆڤی سەرەتایی یەکسەر و بە خێرایی خواردنەکەی بخواردایە، لەبەرئەوەی خراپ دەبوو*. لە بەرامبەر ژمارەی ئەو شتانەی کە مرۆڤ هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکات (یان بە ئاسانی ئەوانەی کە لە دەوروپشتیدان)، دەتوانین کێشی کارەکانی بپێوین. بە دڵنیاییەوە مرۆڤ هەست دەکات، دەبینێت و گوێ دەگرێت، دیارە ئەمەش بەشێوەیەکی توند پێوەستە بە سیستەمی ژیانی مرۆڤەوە. مرۆڤ ئەو ئاژەڵە دەبینێت کە دەتوانێت بیکوژێت بۆ ئەوەی خۆراکی دەسست بکەوێت، ئەو گوێی لەو دەنگانە دەبێت کە لە ترسێک یان هەڕەشەیەک ئاگەداری دەکەنەوە. دیارە گوێگرتن و بینین هەردووکیان ئامانجێکی بایۆلۆجی دابین دەکەن، کە ئەویش مانەوەیە. لێ مرۆڤ تەنیا بەئامانجی مانەوە و گوێگرتن بەکار ناهێنێت، بگرە سیمایەکی زیاتری هەیە، هەرچەندە لە رووی بایۆلۆژیەوە ئەمە هیچ ئامانجێکی بایۆلۆجی دیاریکراوی نییە، تەنیا ئامانجی گشتی نەبێت کە ئەویش برێتییە لە بەرزکردنەوەی وزەی ژیان و تەندروستی و چالاکبوون. لە کاتێکدا کە مرۆڤ بەبێ ئامانج گوێدەگرێت، ئێمە دەڵێین ئەو کەسە گوێ دەگرێت. مرۆڤ گوێ بۆ دەنگی باڵندەکان و نم نمەی باران و یان دەنگێکی خۆشی مرۆڤک دەگرێت، یان گوێ بۆ دەنگی تەپڵێکی خۆش دەگرێت، یا گوێ بۆ گۆرانی، یا بۆ پارچەیەک لە مۆسیقای (باخ**) دەگرێت. ئا لەم حاڵەتانەدا گوێگرتن سەرو ئەرکە بایۆلۆجیەکەی دەگرێتەوە، ئا لەم کاتەدا گوێگرتن دەبێتە، دروستکەر و ئازاد، وات نابێتە تەنیا کاردانەوەیەکی بایۆلۆجی گرینگ.

بەهەمان شێوەش ئەم حالەتە هەستی بینینیش دەگرێتەوە، کاتێک سەیری ئەو کارە هونەریە جوانانەی سەردەمی کۆن و بەربەرین دەکەین، یان وێنەی جوڵانەوەی مرۆڤ و ئاژەڵەکان دەبینی کە پێش ٣٠ هەزار ساڵ لەمەوپێش لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان کردوویانە. لە یەک کاتدا سەیر دەکەین، ئیشراقێکی زۆر بەسەر دەموچاویان دەبینین و لە هەمان کاتیشدا ترسێکی زۆریش لەو وێرانکاریانە دەبینین کە بەدەستی مرۆڤ ئەنجام دراون. ئێمە توانیمان پاڵنەرە ناوەخۆییەکانمان کە لە کارێکی بایۆلۆجییەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆ عالەمێکی ئازاد بگۆڕین، لە بوونێکی (ئاژەڵییەوە) بۆ (مرۆڤ). دیارە ئەمەش هەمووو هەستەکانی ترمان دەگرێتەوە، وەکو: دەستلێدان و بۆنکردن و جێژوەرگرتن. ئەگەر من پێویستیم بەوە بێت کە نان بخۆم، چونکە جەستەم پێویستی بە خواردنە، ئەوە سیفەتی تەقلیدی ئەم کارە برسیبوونە. وەلێ کاتێک مرۆڤ بیەوێت بخوات لەبەرئەوەی خواردنێکی خۆش هەیە، ئەمە بەبێ گوومان ئاماژەیە بۆ هەستی جێژوەرگرتن.

ئەو خواردنەی کە بەجۆرێکی تایبەت دروست دەکرێت (یان دەتوانین بڵێین هونەری چێشتلێنان) وەکو موزیک و هونەر یەکێکە لە بەرهەمەکانی پێشکەوتنی شارستانی، لە هەمان کاتیشدا بۆنکردن هەر بەهەمان شێوە پێوەندی بە پێشکەوتنی شارستانییەوە. (بەپێی بۆچوونی زانایان، هەستی بۆنکردن یەکێکە لە هەستە سەرەتاییەکان کە ئاژەڵەکان بۆ تێکەڵبوون لەگەڵ ژینگەکەیدا

بەکاری دەهێنێت). هەستی بۆنکردن لای ئاژەڵەکان، وەکو هەستی بینین لای مرۆڤ وایە.
کاتێک هەست بەخۆشی دەکەین کە بۆنێکی خۆش بۆن بکەین، بۆ نموونە وەکو بۆنکردنی عەترێکی خۆش، هەستی بۆنکردن یەکێکە لە داهێنانەکانی مرۆڤی کۆن، بۆنکردنیش دەچێتە قاڵبی شتە تەرفیهییەکانەوە و ناچێتە قاڵبی پێداویستیە بایۆلۆجییەکانەوە. ئەمەش هەستی دەستلێدانی شتیش دەگرێتەوە. لێرەدا دەمەوێت ئەم خاڵە بۆ خوێنەر ڕوونتر بکەمەوە، بۆ نموونە خەڵکانێک هەن دەست لە کەسێک دەدەن هەروەک بڵێیت دەست لە پارچە قووماشێکەوە بدەن هیچ هەستیان ناجووڵێت، بەڵام خەڵکانێکی تر هەن، کاتێک دەست لە لاشەی کەسێکی تر دەدەن، هەست بەگەرمی و سۆزێکی زۆر دەکەن.
جیاوازییەک لە نێوان پێداویستی بایۆلۆجی و پێداویستیی غەریزی دا هەیە (هەرچەندە هەریەکەیان ئەوی تریان تەواو دەکات). یەکەم، پێداویستی بایۆلۆجی بریتییە لە ڕاهێنانی هەستەکان، کە لە خۆشی بەتاڵە، بەڵام پێداویستیی غەریزی کە بە ڕوونی لە کرداری سێکسیدا دەبینین، هەموو هەستەکان تێیدا بەشدا ردەبن، پێ دەچێت گۆڕینی سێکس لە پێداویستییەکی بایۆلۆجییەوە، کە زیاتر سیمایەکی بەستراو ناتایبەتییە، بەڵام کاتێک بۆ پێداویستییەکی غەریزی دەگۆڕێت، کە زیاتر سیمایەکی تەرفیهی و بەتوانا و خۆشی گەیەن ئازادە.
پێ دەچێت ئەو جیاوازییە کە لێرەدا من جەختی لەسەر دەکەمەوە، بریتیی بێت لە جیاوازی نێوان دوو کردارد: کردارێکی نێگەتیڤ و ئاسان، لەگەڵ کردارێکی داهێنەر و بەرهەمهێنەر و چالاک. هەوڵ دەدەم لە بەشەکانی تردا بە درێژی ئەم جیاوازییە شرۆڤە بکەم.
هەر لەسەر ئەم خاڵە دەمەوێت ئەوە بڵێم، کۆمەڵێک هۆکاری گرینگ هەن کە ئەو پێشبینییە پشتڕاست دەکەنەوە کە دەڵێت، مرۆڤی سەرەتایی زیاتر کاری کردووە و چالاکتر بووە تا مرۆڤی کۆمەڵگەی پیشەشازی ئەمڕۆمان. لێرەدا دەمەوێت زیاتر ئەم خاڵەتان بۆ ڕوونتر بکەمەوە.
سەرەتا مرۆڤی سەرەتایی خۆی بەتەنیا هەموو ئەو کارانەی کردووە کە پێویست بووە بەئەنجامی بگەیەنێت، لەبەرئەوەی ئەو کاتە مرۆڤ هیچ خاوەنی کۆیلە نەبووە بۆ ئەوەی لەجیاتی ئەو کارەکانی بۆ بکات، لە هەمان کاتیشدا ژنانیش لە چینی ژێردەستەکان نەبوون (واتە وەکو پیاو ئازاد بوون)، هەروەها خاوەنی هیچ ئامێر و مەکینەیەک یان ئاژەڵێک نەبووە بۆ ئەوەی لە جیاتی خۆی کارەکانی بۆ بە ئەنجام بگەیەنێت. مرۆڤ ڕاپەڕاندنی چالاکییە فیزۆلۆجییەکانی، تەنیا و تەنیا پشتی بەخۆی بەستووە و پشتی بە کەسی تر نەبەستووە. زۆر کەس دەڵێن کە مرۆڤی کۆن لە چاو مرۆڤی ئەم سەردەمەمان دواکەوتوو بووە. پێ دەچێت ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش زیاتر بەهۆی کاریگەریی ئەوە بێت، کە خەڵکانێک پێیان وایە خوێندنی بەردەوام، پێوەندی بە چالاکیی فکری و هونەریی بەردەوامەوە هەبێت. لێ ئەم بۆچوونە بەهیچ شێوەیەک ڕاست نییە، لەبەرئەوەی ئەم شێوە کولتوورەی ئێمە ناهێڵێت بەرەو تێفکرینێکی پێشکەوتوو خانەکانی چالاکیی مێشکمان پێش بخەین.
مرۆڤی ئاسایی لەم سەردەمەدا کەمترین ئاستی بیرکردنەوە بەکار دەهێنێت، ئەو تەنیا ئەو

ڕاپۆرت و ئامارانە دەبینێت کە لە قووتابخانە، یان میدیاکان دەستی دەکەوێت، مرۆڤ بەشێوەیەکی ڕاستی، هیچ زانیارییەکی لە ڕێگەی سەرنج و تێڕامانەوە دەست ناکەوێت، ئەمرۆ مرۆڤ بۆ ئەوەی زانیاری دەست بکەوێت، هیچ پێویستی بە تێڕامان و زیرەکیی تایبەتی خۆی ناکات. تەنیا چەند ئامێرێک نەبێت کە پێویستی بە هەندێک زیرەکی هەیە بۆ نموونە تەلەفوون یان ئۆتۆمۆبێل، کە پێویستی بەهەندێک زانیاری و خوێندنی سەرەتایی هەیە، وەلێ پاش ماوەیەکی تر کە مرۆڤ فێری لێخوڕین دەبێت، ئەوا تەنیا پێویستی بە چالاکی و زیرەکییەکی کەم دەبێت. هەروەها مرۆڤ لە سەردەمی ئەمرۆمان (بە توێژی ڕۆشنبیرانیشەوە)، هیچ بیر لە کێشە فەلسەفی و ئاینی و تەنانەت سیاسییەکانیش ناکاتەوە. ئەو عادەتی بەوەوە گرتووە، کە گوێ بۆ هەندێک دەستەواژەی دووبارەکراو بگرێت، کە هەندێک قسەکەری سیاسی و ئاینی دەیکەن، یان کتێبێک لەبارەی سیاسەت یان ئاین دەخوێنێتەوە (کە کەسێکی تر لەبارەی ئاین و سیاسەتەوە نووسیویەتی). واتە مرۆڤ لە ڕێگەی تێڕامانێکی زۆر و چالاکی و زیرەکی ناگاتە ئەنجامێک، ئەو تەنیا ئەو ڕێگەیە هەڵدەبژێرێت کە لەگەڵ چینە کۆمەڵایەتییەکەیدا دەگونجێت.

بەدڵنیاییەوە گەر مرۆڤێکی سەرەتایی بخەینە ناو دەزگایەکی ڕۆشنبیریی ئەمرۆمان، ئەوا ڕۆشنبیریەکی زۆر کەم و دیاریکراوی هەیە، لەبەرئەوەی ئەو پێشتر وا ڕاهاتووە کە تەنیا پشت بە سەرەنجەکانی خۆی ببەستێت بۆ ئەوەی شتی نوێ فێربێت. ئەو چاودێریی کەشوهەوا، هەڵسوکەوتی ئاژەڵ و مرۆڤەکانی تر دەکات، ئەو هەموو ژیانی بەستراوە بەو داهێنان و چالاکییانەی خۆیەوە، کە ئەمەش تەنیا لە ڕێگەی کار و کردارەکانی خۆیەوە دەستی دەکەوێت، نەک لە ڕێگەی (فێربوونی ٢٠ وانەی ئاسانەوە!).

ژیانی مرۆڤی سەرەتایی بریتییە لە پرۆسێسێکی فێربوونی بەردەوام. دەبلیو، إس، لوگین، وێنەیەکی زۆر نایابی لەبارەی چالاکیی عەقڵی مرۆڤی سەرەتاییەوە کێشاوە کە خەریکی ڕاوکردنە. بەداخەوە لێکۆڵینەوەی مەنهەجی زۆر کەممان هەیە، کە ئەوە بسەلمێنێت کە مرۆڤی سەرەتایی شارەزایی و زانیاریی زۆری لەبارەی جیهانی سروشتی هەبووە. مرۆڤی سەرەتایی تەنیا لە ڕێگەی بینینەوە، شارەزایی لەبارەی ئاژەڵەکانەوە دەست کەوتوو، بۆ نموونە شیردەرەکان یان خشۆکەکان، ماسی، باڵندە، حەشەرات و تەنانەت شارەزایی لەبارەی ڕووەکەکانیش، هەر لەڕێگەی بینینی تایبەتی خۆیەوە بە دەست کەوتووە. لە هەمان کاتیشدا هەر لە ڕێگەی بینینی خۆیەوە شارەزایی لەبارەی بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی شەپۆلی دەریاکان، دیاردە ئاسمانی و سروشتییەکان، زانستی فەلەکناسی دەست کەوتووە. دیارە لە هەندێک تێڕامانی تر لەبارەی جیهانی سروشتی، کە توانی پێشیان بخات و جیاوازی لە نیوان دیاردەکان بکات.

لێرەدا پێم خۆشە تەنیا ئاماژە بە کولتووری سیستەم و نەریتی ڕاوکردن بکەم، کە کاریگەری لەسەر مرۆڤ هەبووە. مرۆڤی سەرەتایی (ڕاوچی) شارەزایی لەبارەی هەڵسوکەوتی ئاژەڵەکان و جەستەیان هەبووە. سەرەتا خۆی جێگیر کرد پاشان دەستی کرد بە جێگیرکردنی ئاژەڵ و ڕووەکەکان. بەم مانایە بێت (ڕاوکردن) قوتابخانەیەکی مەزن بوو بۆ مرۆڤ ، بۆ ئەوەی فێربێت

(هەروەک دەبلیو، إس، لۆگین دەڵێت).

مەسەلەیەکی تر کە زۆر باسی لێوە دەکەن و چالاکیی عەقڵی مرۆڤی ئەمڕۆیان پێ دەشێوێن، ئەویش هونەری خوێندنەوە و نووسینە. خەڵکانێک پێیان وایە کە بوونی ئەم هونەرە (خوێندنەوە و نووسین) نیشانەی پێشکەوتنی مرۆڤی ئەمڕۆمانە لەچاو مرۆڤی سەرەتایی.

زۆرجار سەیر دەکەیت حکوومەت هەوڵێکی زۆر دەدات بۆ ئەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری نەهێڵێت و پرۆگرامێکی زۆر بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری دادەنرێت، هەروەک بڵێیت نەخوێندەواری نەخۆشییەکی عەقڵی بێت، زۆرجار پێشکەوتنی گەلان بە ڕێژەی نەخوێندەواری دەپێورێت، دیارە جگە لە بوونی ژمارەی ئۆتۆمۆبێلیش، کە ئەمەش بە یەکێک لە نیشانەکانی پێشکەوتنی گەلان دادەنێن. ئەمانە لە بیریان دەچێت کە ئەو گەلانەی (نەتەوانەی) کە خوێندەواری تەنیا توێژێکی کەمی کۆمەڵگە دەیزانن، وەکو (پیاوانی ئاینی، زاناکان، قوتابییەکان)، یان لەوانە بێت بەهیچ شێوەیەک ئەو گەلە خوێندەواری تێدا نەبێت، بەڵام ئەم گەلانە خاوەنی (بیرەوەرییەکی تایبەتیین). ئەمڕۆ مرۆڤی نوێ زۆر بە زەحمەت لەوە تێ دەگات، کە دەقە زۆرەکانی فیدا و دەقە ئاینییەکانی بوزی، کتێبەکانی سەردەمی کۆن، هەموویان نەوە لە دوای نەوە سەرزارەکی وەرگیراوە. بۆ ماوەی سەتان ساڵ پێش ئەوە بنووسرێتەوە، بەشێوەیەکی تەقلیدی یەهودیەت بەشێوەیەکی زارەکی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بەئەمانەتەوە گوێزراوەتەوە. هەر لەم بارەیەوە دەمەوێت ئەوەش بڵێم، کە خودی خۆم لە ڕێگەی چاودێریکردنی خەڵکییەوە ئەم ڕاستییەم بۆ دەرکەوتووە، بۆ نموونە جووتیارە مەکسیکییەکان، کە تەنانەت خوێندەواریشیان هەبێت، بەڵام خۆیان بە خوێندنەوە و نووسینەوە خەریک ناکەن، بەڵام ئەمان خاوەنی (بیرەوەری، ذاکرە) یەکی بەهێزن و ئەم هەستەیان بەشێوەیەکی باش کار دەکات.

ئەم ڕاستییە هەموو کەسێک دەتوانێت لە ڕێگەی سەرنج و چاودێرییەوە بۆی دەربکەوێت. هیچ کاتێک مرۆڤ پێویستی بەوە نەماوە کە ئامارەکان لە دەماغیدا خەزن بکات، لەبەرئەوەی لە دەزگایەکی یەدەگی (ئیحتیاط) تایبەتیدا خەزن دەکات، وەکو: پارچە وەرەقەیەک، یان شریتی تەسجیل. ئەو وا هەست دەکات کە هیچ پێویست ناکات بیر بکاتەوە، لەبەرئەوەی ئەم شتانە بەشێوەیەکی باش دەتوانێت لە دەفتەری سەرنجەکانیدا بنووسێت. لەم حاڵەتەدا خانەی بیرکردنەوە تووشی کێشە دەبێت، لەبەرئەوەی هیچ ڕاهێنانێکی پێ ناکرێت، ئەمڕۆ دەتوانین هەست بەوە بکەین، کە زۆربەی خەڵکی خۆیان لە بیرکردنەوەیەکی زۆر دەپارێزن، تەنانەت ئەگەر دەرزیشیان لێ بدەیت، حەز بە بیرکردنەوەی زۆر ناکەن، ئەمەش دەتوانین بە جوانی بۆمان دەرکەوێت، بۆ نموونە سەیر دەکەیت فرۆشیارێک لە فرۆشگاکەیدا، هیچ خۆی هیلاک ناکات و ئامێرێکی هێناوە لە جیاتی خۆی هەموو کارەکانی بۆ دەکات (لێرەدا مەبەستی نووسەر ئەو ئامێرانەیە کە لە دووکانەکان بەکار دێت، وەکو حاسیبە، تەرازوو، ئامێری پاککردنەوە... هتد)

دەتوانین ئەم چالاکییە مەزنەی مرۆڤی سەرەتایی لە هونەردا ببینین. پێش ٣٠ هەزار ساڵ

هەوراز بەهار

ڕاوچییە سەرەتاییەکان یان ئەو کەسانەی کە بەدوای خۆراکدا دەگەڕان، وێنەی دەگمەنی ئاژەڵ و مرۆڤیان کێشاوە، کە هەندێکیان لە ئەشکەوتەکانی باشووری فرەنسا و باکوری ئیسپانیادا ماونەتەوە. ئەم تابلۆیانە زۆر جوان کێشراون، تەنانەت ئەو مرۆڤانەی کە چاویان بە تابلۆکانی مامۆستا مەزنەکانی وێنەکێشانی ئەم سەردەمەی ئێستاشمان کەوتبێت، هەست بە جوانییەکی زۆر لەو وێنە کۆنانە دەبینین. ئەو وێنانە چێژێکی بەهێز بە چاو دەگەیەنن. بەڵام گەر ئێمە ئەو کەسانەی کە ئەم وێنانەیان کێشاوە بە وێنەکێشی مەزن دابنێین و نازناوی (دافینینشی و ڕامبرانت***) لێ بنێین، ئەوا ناتوانین بەهەمان شێوە وەسفی ئەو کارە قووڕی و ئامێرانەی تر بکەین، کە مێژوویان بۆ سەردەمی پێش مێژوو دەگەڕێتەوە. زۆر لەبارەی ئەم وێنانەوە وتراوە، خەڵکانێک دەڵێن کە ئامانجی ئەم وێنانە سیحر بووە، یان بۆ یارمەتیدانی ڕاوکردن بووە، یان بەمەبەستی پاراستن لە روحی خراپ کێشراون، ئامانجی ئەم وێنانە هەرچییەک بووبێت، وەلێ هیچ پێویستی نەدەکرد بەم شێوە نایاب و جوانە بکێشرێت. لەلایەکی ترەوە ڕازاندنەوەی کارەقووڕییەکان و ئامێرە کۆنەکان، کە بەشێوەیەکە داهێنانی لێ دەبارێت. ئەم ڕازاندنەوە و هونەرە مەزنە، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێت، ئەو کەسانە پەرۆشییەکی زۆریان بۆ هونەری جوان و نایاب هەبووە.

هەتاوەکو ئێستا تەنیا باسی ئەو شارستانییانەم کرد کە زۆر سەرەتایین، لەبارەی ڕاوچییە سەرەتایی و خەڵکانێک کە تەنیا بە دوای خۆراکدا دەگەڕان، لێ ئاخۆ ئێمە چی لەبارەی ئەو شارستانیانەوە دەزانین، کە بە لایەنی کەمەوە، لەگەڵ دروستبوونی مرۆڤی تەواو عاقڵەوە هەمانە؟!، کە وا مەزندە دەکرێت لە نێوان ٤٠ بۆ ٥٠ هەزار ساڵ پێش ئێستا بووە ؟ ڕاستە ئەمان هەندێک شتیان بە دەستی خۆیان دروست کردووە، وەلێ ئەمانە خاوەنی چالاکییەکی زۆر بوون لە پراکتیزەکردنی توانا عەقڵییەکانی خۆیان، بەتایبەت لە بوارەکانی بیرکردنەوە و سەرنجدان و خەیاڵکردن و نەحت و وێنەکێشان دا. ئەگەر یەکێک بییەوێت وەسفی ئەو پێوەندییە بکات کە دەکەوێتە نێوان (سنووری کردار) و (سنووری قسە یان بوون) ئەوا زۆرە. بۆ نموونە ئەگەر ئێمە وا دابنێین کە لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا، (١) سنووری قسە بووە، بەڵام ١٠٠ بەرامبەر سنووری کردار بووە، بەڵام لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆماندا ڕێژەکە پێچەوانەوە، ١٠٠ سنووری قسەیە، بەرامبەر ١ سنووری کردار****).

مێژوو کۆمەڵێک وانەی گرینگمان پێشان دەدات، کە ئەم پێوانە توندڕەوە و دژبەیەکەمان بۆ دەردەخات. بۆ نموونە، هاووڵاتییانی یۆنانیی کۆن بەتایبەت لە قۆناخی گەشەسەندنی دیموکراسیی یۆناندا، مرۆڤ بەکۆمەڵێک شتی زۆرتر دەورە درابوو (لە سەردەمەکانی کۆندا تەنیا ڕاوکردن بوو)، لەگەڵ ئەوەشدا پەرۆشییەکی زۆریان بۆ کۆمەڵێک چالاکی هەمەجۆر و کاروباری دەوڵەتیش هەبوو. مرۆڤ لەم قۆناخەدا. مێشکی خۆی بە پلەیەکی زۆر پێش خست و عەقڵی خۆی تا سنوورێکی تایبەت و دەگمەن بەکار دەهێنا، مرۆڤ پەرۆشییەکی زۆری بۆ هەردوو بواری هونەری و فەلسەفی

هەبووە. ئێمە لەوە زیاتر چیمان دەوێت، کە ئەم گەلە خاوەنی شانۆگەریی مەزن بووە کە هەردوو نووسەری مەزن (سوفوکلیس و ئاسخیلۆس) نووسیویانە، ئەم شانۆگەرییانە سروشتێکی مەزنی هونەر بوون، کە لەو کاتەدا لە ئەسینادا پێشکێش دەکران. بەڵام ئاخۆ چی لەبارەی کەسێک دەڵێیت کە ئەمڕۆ لە نیۆرکی مۆدێرندا دەژی، ئاخۆ کاریگەری ئەو فیلم و شانۆگەرییانە چەندە لەسەری و تاچەندە هەستی دەهەژێنێت؟.

هەمان وێنەشمان لەبارەی ژیانی پیشەیی مرۆڤ لە سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستدا دەستدەکەوێت، راستە هەندێک جیاوازە، وەلێ ئەویش بەو شێوەیە کە پێشتر وەسفمان کرد.

مرۆڤ لەم سەردەمەدا کارەکەی خۆی زۆر بە گرینگی و پەرۆشەوە بە ئەنجام دەگەیاند. گەر مێزێکی دروست بکردایە، ئەوا ئەو مێزە لە ئەنجامی کار و چالاکی و ئەزموون و کارامەیی خۆیەوە بەرهەم دەهات. بۆ هەموو کارەکانی تەنیا پشتی بەخۆی دەبەست، لە پەنا ئەمەشدا بە کۆمەڵێک چالاکی تری گشتییەوە خەریک بووە، وەکو: گۆرانیوتن، سەماکردن، خزمەتکردنی کڵێساکەی.

جووتیارەکان لەبارەی مادیەوە وەزعیان زۆر خراپ بوو، ئەوان هیچ ئازاد نەبوون، وەلێ لە هەمان کاتیشدا کۆیلە نەبوون. بە دڵنیاییەوە کارکردن لە کێڵگەکان هیچ خۆشبەختی نەبووە (لێرەدا من باسی ئەو سەردەمە دەکەم کە بەشێوەیەکی خراپ باری ژیانی جووتیاران تێک چوو، واتە سەدەی ١٦). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشدار بووە لە ژیانی کولتووری گەلەکەی و خۆشیشی تێدا بینییەوە. جووتیارەکان و پیشەییەکان کاریان دەکرد و رەنجیان دەکێشا، ژیان بەهەرچۆنێک گوزەرابێت، بەڵام هەموو کارەکانیان لە ئەنجامی چالاکی و ئەزموون و لێوەشاوەیی خۆیان بەدەست دەهێنا. تەنانەت لە پیشەییەکانیش، کە لە رووی کۆمەڵایەتی و مالییەوە زۆر لە جووتیارەکان پێشکەوتووتر بوون، خاوەنی تەنیا ماڵەکەیی و ئامێرەکانی خۆی بوو، ئەو تەنیا ئەوەی دەست دەکەوت کە دەیتوانی بەپێی ئەو پێوانە تەقلیدییەی ئەوسا، لەناو چینە کۆمەڵایەتییەکی خۆیدا ژیان بەسەر بەرێت. لە هەمان کاتیشدا شتی زیاتری نەدەویست، یان شمەکی زۆرتری دەست بکەوێت، ئامانجی ئەمان کۆکردنەوەی سامان و دەوڵەمەندبوون نەبوو، بگرە تەنیا دەیانوویست ئەو شتانەی موڵکی خۆیین (بەتایبەت ئامێرەکانی) باش بەکاریان بهێنێت بۆ ئەوەی بە خۆشبەختیی خۆی بگات.

مرۆڤی مۆدێرن لە کۆمەڵگەی (سیبرانی، Cybernetic) بەقەد ژمارەی ئەستێرەکانی ئاسمان، دەوروپشتی بە شمەکی زۆر گیراوە. بەدڵنیاییەوە دەوترێت کە مرۆڤ ئەم شمەکە زۆرانەی دروست کردووە، بەڵام ئاخۆ لە ڕاستیدا مرۆڤ ئەم شتانەی بەدەستی خۆی دروست کردووە؟

کرێکارێک لە کارگەیەکی مەزندا هیچ بەرهەمی نییە. بەدڵنیاییەوە ئەو بەشداری لە دروستکردنی ئۆتۆمۆبێل یان سەلاجە یان مەعجونی ددان دەکات. بەڵام لەسەر ئەو بنەواییەی کە کارە پیشەسازییەکە بۆی دارشتووە، ئەو هەڵدەستێت بە هەندێک چالاکی ڕۆتینی، هەندێک بورغی، یان مەکینە دەجووڵێنێت. خاوەن کارگەکە تەنیا ئەو کرێکارە دەبینێت کە لە هێڵی کۆتایی

بەرهەمەکەدا ڕاوەستاوە، بەڵام خەڵکی تر تەنیا بەرهەمەکە دەبینن کە لە شەقام و بازاڕەکاندا دانراوە. ئەوان (کرێکارەکان) خاوەنی ئۆتۆمۆبێلێکی هەرزانبایین، ئەوان تەنیا ئەو ئۆتۆمۆبێلە گرانانە دەبینن کە خەڵکانی دەوڵەمەند هەیانە.

بەڵام ئێمە ناتوانین بڵێین کە تەنیا ئەم کرێکارە ئۆتۆمۆبێلەکەی دروست کردووە، لەبەرئەوەی ئامێرەکان ئەم ئۆتۆمۆبێلەیان دروست کردووە (وە ئامێری تریش ئەم ئامێرانەی دروست کردووە). لێرەدا کرێکار سیفەتی ئامێرازێکی زیندووی هەیە، واتە ناتوانین بڵێین مرۆڤێکی کامڵە، ڕاستە ئەو بەشداری لە بەرهەمهێنانی شتێک دەکات، بەڵام ڕۆڵی لە بەرهەمهێنانی شمەکەکەدا، تەنیا ئەو ڕۆڵانەیە کە ئامێرەکان ناتوانن خۆیان بیکەن (یان ئەو کارانەی کە نرخیان زۆر کەمە).

پێ دەچێت ئەندازیارێک یان نەخشەکێشێک یان میکانییەک بڵێت، من ئەم ئۆتۆمۆبێلەم دروست کردووە، بەڵام ئەمە هیچ ڕاست نییە. ئەوان بەشدار بوون لە دروستکردنی ئۆتۆمۆبێلەکەدا، بەڵام ئەوان دروستیان نەکردووە. لەکۆتاییشدا بەڕێوبەر یان کارگێڕی کارگەکە ئیدعای ئەوە دەکەن کە ئەوان ئەم ئۆتۆمۆبێلەیان دروست کردووە، لەبەرئەوەی ئەمان ئیدارەی پرۆسەی بەرهەمهێنانەکەیان کردووە، بەڵام ئەم بۆچوونە زۆر لە بۆچوونی ئەندازیارەکە هەڵەترە.

ئێمە نازانین ئاخۆ لە ڕووی فیزیکییەوە، بوونی ئەندازیارەکە پێویستە بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمۆبێلەکە. زۆرجار ئەندازیارەکان ڕۆڵی خۆیان بە سەرەکی دادەنێن، بەڵام ئەم بۆچوونە ڕاست نییە. هەروەک چۆن سەرکردەیەکی عەسکەری ئیدعای ئەوە دەکات کە خۆی سەنگەرێک یان قەڵایەکی گرتبێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم سەرکەوتنە، سەربازەکان بە ئەنجامیان گەیاندووە، واتە ئەوا سەنگەر یان قەڵاکەیان گرتووە و سەرکردە عەسکەریەکەی هیچی نەکردووە. ئەوان هێرش دەکەن، ئەوان بریندار و دەکوژرێن، بەڵام ئەو تەنیا هاتووە نەخشەی کێشاوەو سەرپەرشتیی هەڵمەتە سەربازییەکەی کردووە. زۆرجاریش لە سەرکەوتنێکی عەسکەریدا، لە ئەنجامی هەڵەی سەرکردە عەسکەرییەکەی لایەنە دوژمنەکەدا دەبێت، هەربۆیە سەرکەوتنی سەربازی لە ئەنجامی هەڵەی دوژمنەوە بەدەست دەهێنرێت.

لەبارەی ڕۆڵی بەرهەمهێنانی کارە ئیداری و تەوجیهییەکان، زۆر درێژەی پێ نادەم دەمەوێت بەم شێوەیە کۆتایی بەم باسە بهێنم:

لەبارەی بەڕێوبەرەوە، کاتێک کە ئۆتۆمۆبێلەکە هێڵی بەرهەمهێنانەکەی کۆتایی پێ دێت، لە سیمایەکی فیزیکییەوە بۆ شمەکێکی بەکارهێنان دەگۆڕێت، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە ئۆتۆمۆبێلەکە هیچ گرینگییەکی بۆ ئەو نامێنێت ئەویش بەهۆی نرخە بەکارهێنانە ڕاستەقینەکەیەوە، هەروەها بەهۆی نرخە بەکارهێنانە وەهمییەکەشیەوە، کە لە ڕێگەی ڕیکلامەکانەوە، کە مێشکی موشتەرییەکان تێک دەدات، زۆرجار ئەم ریکلامانەش هیچ پێوەندییان بە مادەی سەرەکی ئۆتۆمۆبێلەکانیشەوە نییە، ئەمەش سەرەتا مێشکی ژنەکان تێک دەدات هەتا دەگاتە ئەو ئۆتۆمۆبێلانەی کە سیمایەکی پیاوانەیان هەیە. ئۆتۆمۆبێل کە برێتییە لە شمەکێک، بە واتایەکی تر، بەڕێوبەرەکە فەرمانی دەرکردووە، کە ببێتە ئۆتۆمۆبێلێکی راستەقینە و باش، کە

خاوەنی چەندان سیفاتی قازانج بەخش بێت، کە وای لێ بکات جازبیەتی فرۆشتنی هەبێت.

مرۆڤی مۆدێرن لەچاو مرۆڤی کۆن دا، دەتوانێت کاریگەریی زۆرتر بەسەر عالەمی مادییەوە دابنێت. بەڵام ئەم کاریگەرییانەش ئەگەر سەیری ئەو چالاکییە فیزیکی و زهنیانە بکەین، کە مرۆڤ دەیکات بەشێوەیەکی یەکسان نییە. بۆ نموونە لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێل پێویستییەکی زۆری بە چالاکی و زیرەکی و هێزی جەستەیی و داهێنانێکی زۆر نییە، بەڵام فرۆکەوانی پێویستی بە زیرەکییەکی زۆر هەیە، خستنە خوارەوە بۆمبێکی هایدرۆجینی پێویستی بەهیچ زیرەکییەک نییە. بەدڵنیاییەوە هەتاوەکو ئەمڕۆش کۆمەڵێک کار هەن، کە پێویستییان بە چالاکی و هێزی جەستەیی و زیرەکی زۆر هەیە، بۆ نموونە وەکو: کارە پیشەیییەکان، دوکتۆرەکان، زاناکان، هونەرمەندەکان، ئەو کرێکارانەی کە پێویستیان بە زیرەکیی زۆر هەیە، دەرمانخانەکان (فارماسیەکان)، فرۆکەوانەکان، جووتیارەکان... هتد. بەڵام زۆربەی خەڵکی ژیانی خۆیان بەسەر دەبەن، بەبێ ئەوەی هیچ چالاکی و زیرەکی و داهێنان و خەیاڵیان بەکار بهێنن. ئەمڕۆ کاریگەرییە فیزیکییەکان (واتە بەرهەمهێنان) لەگەڵ چالاکیی مرۆڤدا یەکسان نییە، وە ئەم جیاوازییەی نێوان چالاکی (یان زیرەکی)، لەگەڵ بەرهەمهێنان، یەکێکە لە نەخۆشییەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرن، لەبەرئەوەی ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەوڵ و چالاکی کەمبێتەوە، ئەویش لەبەرئەوەی کە هیچ پێویست نییە.

لێرەوە دەگەینە یەکەمین بەرئەنجامی ئەم قسەو باسانە: بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونە بڵاوەی کە دەڵێت، (گوایە مرۆڤی مۆدێرن بەسەر سروشتدا زاڵە)، مرۆڤی مۆدێرن بەشێوەیەکی سەرەکی و تەواوەتی، لە بەرامبەر عالەمی خۆی لاوازە، ئەو تەنیا کاتێک بە بەهێزی دەردەکەوێت، ئەو کاتەی کە دەیەوێت بەشێوەیەکی تایبەتی و کەم بەسەر سروشتدا زاڵ بێت. بەڵام ئەم دەسەڵاتداریەشی بەو شێوەیە نییە، چونکە ئەمە بەرئەنجامی هێزی سروشتی مرۆڤ نییە، بگرە ئەمە لە ئەنجامی کاری (مەکینە گەورەکان) بووە، کە وا لە مرۆڤ دەکەن بەسەر سروشتدا زاڵ بێت، بەبێ ئەوەی خۆی هیچ چالاکی و هەوڵێک بدات، یان بڵێین هیچ بوونێکی خۆی بسەلمێنێت.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە مرۆڤ بەشێوەیەکی توند وا بەستەی (ئامێر و مەکینەکان) بووە، ئەو بەهۆی ئەمانەوە بەهێزە، بەڵام کاتێک ئەم ئامێرانەی نەبێت و بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە هێزی خۆی ببەستێت، دەبینیت وەکو منداڵێک وایە کە خاوەنی هیچ جۆرە هێز و توانایەک نییە. کاتێک مرۆڤ لە سەردەمەکانی پێشوودا لەو باوەڕەدا بووە کە خواکەی هێزی پێ دەدات، کە ئەمەش تەنیا برێتی بوو لە وەهمێک، تەنیا کاتێک کە خواکەی دەپەرست هەندێک هێزی دەست دەکەوت، وە ئەمەش بەسەر بیری خوا پەرستیدا دەسەپێت. بۆ جەختکردنەوەی زیاتر لەسەر ئەم خاڵە، هەردوو خواوەندی (بعل و عشتار) زۆر جیاواز بوون لەو شێوەیەی کە مرۆڤ بیری لێ دەکردنەوە، ئەم خوایانە هەروەک یەکێک لە رەخنەگران وەسفیان دەکات، تەنیا برێتی بوون لە پارچەیەک تەختە یان بەرد، بەڵام هێزەکەی ئەو هێزە بوو کە مرۆڤەکان پێیان بەخشی بوو. بەڵام ئامێرەکان تەنیا پارچەیەکی مەعدەنی ناچالاک نین، بگرە ئەمان عالەمێک لە شمەکی هەمەجۆر

دروست دەکەن. بەدڵنیاییەوە مرۆڤیش پشتیان پێ دەبەستێت. بەلام بە دڵنیایەوە، هەر بەهەمان شێوەی خواکانی جاران، کە مرۆڤ خۆی نەخشەی بۆ دارشتوون و دروستی کردوون، ئەمڕۆ ئامێرەکانیش بوونەتە خواکانی جاران، ئەم ئامێرانەش لە ئەنجامی خەیاڵ و عەقڵی مرۆڤەوە دروستبوون ، کە لەگەڵ تێکەڵ بوونی زانست و خەیاڵ، ئەم ئامێرانە دروست بوون و دەتوانن شتی زۆر دروست بکەن، کە لەسەر ئەرزی واقیع، شتێکی زۆر نایابن، بەڵام ئەم ئامێرانە هەر خۆشیان بوونەتە گەورەی ئەم شمەکانە.

بەپێی ئەفسانەی یۆنانی، برومیسوس ئاگری بە مرۆڤ بەخشی بۆ ئەوەی لەژێر دەستی سروشت رزگاری بکات، لەم سەردەمەدا مرۆڤ خۆی خستە ژێر دەستی ئاگر، کە پێشتر رزگارکەری بوو. ئەمڕۆش مرۆڤی مۆدێرن، هەمان قیناعی بەستووە. چونکە ئەمڕۆ مرۆڤ بێهێز و لاوازە، چونکە بۆ هەموو شتێک پشت بەو ئامێرانە دەبەستێت کە خۆی دروستی کردوون، هەر بۆیە لەمڕۆ بەدواوە ئەو کەسانەی کە سەرکردایەتی ئەو کۆمەڵگەیانە دەکەن کە ئامێر بەرهەم دەهێنێت، بەشێوەیەکی باش پشت بە ئامێر دەبەستن، دەکەونە بارێکی دژوار و ترسەوە گەر ئەم ئامێرانەیان لە دەست دەربچێت، وای لێ دێت کە ئەم کەسانە هەموو: پایە و نازناوی" کۆمەڵایەتی خۆی بدۆڕێنێت، یان وەکو زیندەوەرێکی لێ دێت کە ڕووبەڕوو یئەم پرسیارە بێتەوە:

(من کێم ؟!)

بەکورتی، مرۆڤی مۆدێرن خاوەنی زۆر شتە زۆر شتیش بەکار دەهێنێت، بەڵام لاوازیشە. هەموو جوومگەکانی هەست و بیرکردنەوەی خامۆشە، هەروەک چۆن کاتێک ماسوولکەیەک کە بەکاری نەهێنیت دەمرێت. ئەو لەهەموو گۆڕانکارییەکی چارەنووسساز دەترسێت، لەبەرئەوەی هەر تێکچوونێک لە شیرازەی کۆمەڵگە، مانای هۆسە و هەرا و دارمان و مەرگ دەگرێتەوە لای ئەو، لێرەدا مەرگ مانا فیزیکییەکەی ناگرێتەوە لای ئەو، بگرە مەرگی ناسنامەکەی دەگەیەنێت.

سەرچاوە:

ئەم وتارە لەم کتێبە وەرگرتووە:

ایریش فروم. فن الوجود. ترجمة ايناس نبيل سليمان. الطبعة الاولي. دار الحوار للنشر والتوزيع. الاذقية. سوريا. ٢٠١١

پەراوێز:

* مەبەستی نووسەر ئەوەیە، کە ئەو کات وەکو ئێستا ئامێر و شمەکی هەڵگرتنی خۆراک نەبووە، هەر بۆیە دەبووایە یەکسەر ئەو خواردنەی کە دەستی مرۆڤ دەکەوت، یەکسەر بیخوات نەبا خراپ بێت.

** باخ یەکێک لە مۆسیقارە ناودارەکانی جیهان، کە خاوەنی چەندان بەرهەمی مەزنی مۆسیقییە.

*** هەردووکیان بە دوو وێنەکێشی مەزنی جیهان دەژمێرێن.

**** ئەم ژمارانە رەمزین، نووسەر تەنیا دەیەوێت ئەو سنوورەی پێ بپێوێت کە دەکەوێتە نێوان سنووری قسە و کردار.



هەولێرنامەی کتێب

# کۆمەڵگەی مەدەنی

# خەباتی مەدەنی

جین شارپ و رابێرت هێلوی

١ – ٣

---

### پێشەکی وەرگێڕ

جیاوازیی بیروڕا و دژایەتیی نێوان خەڵک و دامەزراوە مەدەنییەکان لەگەڵ حکوومەتدا، ئەمڕۆکە لە زۆربەی وڵاتەکان، تەنانەت وڵاتە گەشە سەندووەکانیشدا هەیە.

خەڵک بۆ دەستڕاگەیشتن بە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤایەتی وەک دامەزراندنی حکوومەتی یاسا، بەرامبەری سیاسی، ئازادی رادەربڕین، پەرەپێدان بە رێکخراوە مەدەنییەکان، دەرفەتی کار و ئابووری بەرانبەر، بنبڕکردنی دیاردەی هەڵاواردنی رەگەزی، ئاینی و نەتەوایەتی و خۆش بژێوی کە هەرکام لەمانە داخوازیی سەرەکی و بنەڕەتی هەرمرۆڤێکن تێ دەکۆشن؛ بێگومان ئەم داخوازییانە لەگەڵ دەسەڵاتی حکوومەتە پاوانخواز و سەرەڕۆکاندا لە دژایەتی دایە هەر بۆیە دژایەتی و جیاوازیی لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتدا شتێکی حاشاهەڵنەگرە.

ئەمڕۆ لە وڵاتە دیموکرات و مەدەنییەکاندا هاوئاهەنگ و لەگەڵ گەشەی سیاسی و ئازادییە مەدەنییەکان، شێوەی نارەزایەتی دەربڕینیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لەم وڵاتانەدا نافەرمانی شارۆمەندی و خەباتی شارۆمەندی بەشێوەیەکی رێکوپێک و رێکخراوەیی بەڕێوە دەچێ، لە

............................................................

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: تالیب قەیسەری

حاڵێکدا لە وڵاتە گەشەنەسەندوو (جیهان سێیەمی)ەکاندا کە سیستەمێکی سەرەڕۆ و دیکتاتۆر بەسەر خەڵکی ئەو وڵاتانەدا حکوومەت دەکا خەڵک بە ناچار بە شێوەی رادیکاڵ بەرنگاری حکوومەت دەبنەوە کە رەنگە لە ئاکامدا شەڕ و پێکدادانی لێ بکەوێتەوە.

هەروەک دەزانین خەبات هاوڕێ و هاوتەمەنی ژیانی مرۆڤایەتییە؛ خەبات و تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی شیاو و باشتر بە درێژاییی مێژوو وەک ئامانجی سەرەکی زۆربەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەوڵی بۆ دراوە، بەڵام شێوازەکانی ئەم خەباتگەلە جیاواز بوونە.

مێژوو نیشانی داوە کە باشترین مێتۆد بۆ بەڕێوەبەریی وڵات دیموکراسییە، هەربۆیە بۆ رزگاربوون لە چنگ سەرەڕۆیی و پاوانخوازی و گەیشتن بە دیموکراسی و کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر رێگەیەکی دژوارمان لە پێشە.

بێگومان بۆ درێژەدان بە خەبات لەم پێناوەدا جەماوەر و کۆمەڵگە پێویستی بە رێبەر و رێنیشاندەرێکی لێهاتوو هەیە کە لە خەتاکانی دوژمن بە قازانجی خەبات کەڵک وەرگرێت و شارەزای هەموو شێوازەکانی خەبات بەتایبەت خەباتی ناتوندوتیژی بێت.

خەبات بۆ ئازادی رەنگە تێچووی زۆری هەبێ ئەویش ماڵوێرانی، برسییەتی، ئاوارەیی، بشێوی و... هتد، بەڵام ئاکامی ئەرێنیش بە دوای خۆیدا دێنێ کە نوێگەری، چالاک بوون، دیمۆکراسی، ئازادی و بە گشتی گۆڕانی کۆمەڵایەتییە.

ئێمەی کوردیش بە درێژایی مێژوو لەلایەن داگیرکەرانەوە هەردەم چەوساوینەتەوە و ماڵ و حاڵ و ئاسایش و نیشتمانمان داگیر کراوە و بێ پسانەوە بۆ بەدەستهێنانی ماف، ئازادی، کەرامەتی ئینسانی و مافی چارەی خۆنووسین هەوڵمان داوە و لەم رێگەیەشدا لە هەموو شێوازەکانی خەباتیش کەڵکمان وەرگرتووە.

بەسەرنجدان بە مێژوو بۆمان دەردەکەوێ کە شۆڕشی کوردان بۆ ئازادی و گەیشتن بە ژیانێکی باشتر بەردەوام لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بەتوندی کەوتۆتەبەر دڕندانەترین شێوە و بێبەزەییانە سەرکوت کراوە و هەرجارەش دەستی ئاشتی و نیازپاکی رێبەرانی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد بە بیانوویەک، بەپیلانێکی دەسەڵاتدارانی دڵرەش و قین لەدڵی کورد بە کوشتن و تیرۆرکردن وڵام دراوەتەوە، بۆیە ناچار بووینە بۆ بەرگری لە خۆمان رێگەی خەباتی چەکداری هەڵبژێرین. سەرەڕای ئەمانەش کورد هەر ئاشتیخواز بووە و هەر باوەڕمان بەخەباتی مەدەنی و ئاشتیخوازەنەیە.

بە سەرنجدان بەمەکە هەنووکەش گەلی کورد لە حاڵی خەباتێکی رزگاریخوازانەی نەتەوایەتیدایە، پێویستە تێڕوانین و خوێندنەوەیەکی نوێ و سەردەمییانەمان لە خەبات هەبێ؛ هەر بۆیە بە پێویستم زانی کتێبی کۆمەڵگەی مەدەنی و خەباتی مەدەنی بەرێزان جین شارپ و رابێرت هێلوی لە زمانی فارسییەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕم بەو هیوایە ئەم کتێبە بتوانێ لەبەرەو پێشبردنی خەباتی مەدەنی و شارستانیی نەتەوەکەماندا کاریگەری هەبێ.

هیوادارم هاوڕێیانی خوێنەریش لە رەخنە و پێشنیارەکانیان لەسەر وەرگێڕانی ئەم کتێبە بێبەشمان نەکەن چونکە بێگومان یارمەتیدەرمان دەبێت بۆ بەرهەمەکانی داهاتوومان.

لە کۆتاییدا ئەم وەرگێڕانە پێشکەش دەکەم بەگیانی پاک و هەرگیزنەمری شەهیدان مامۆستای دیموکراسی و ڕابەری ئاشتی دوکتور قاسملووی هەردەم لە یاد و دوکتور سادق شەرەفکەندی کە ئەویش بەهەق وەک مامۆستاکەی دیموکرات و ئاشتیخواز بوو و سەرەنجامیش لە پێناو ئاشتی و ئازادی و دیمۆکراسیدا و لەسەرمیزی وتووێژ بۆ ئاشتی بوون بە قوربانی پیلانی کاربەدەستانی پەروەردەکراوی مەکتەبی ئیمام زەمان و قوتابیانی ڕێبازی ویلایەتی فەقیە و شەهید کران.

١٣٨٩/١٢/١٨

٢٠١١/٠٣/٠٩

## دیموکراسی چییە؟

حکوومەتی خەڵک سالار یان حکوومەتی دیموکراتیک بەحکوومەتێک دەوترێ کە تەواوی شارۆمەندان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ (لە ڕێگەی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خۆیانەوە) لە دەسەڵاتدا شەریکن و چاودێری دەکەن بەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا و لە ڕاستیدا ئەوە خەڵکن کە بە سەر یاسا دارێژ و دەسەڵاتدا حکوومەت دەکەن. خەڵکسالاری یان دیمۆکراسی کۆمەڵێک لە ڕێسا و مێتۆدەکانە کە پشتیوانی لەئازادی و سەربەستیی مرۆڤ دەکا؛ دیمۆکراسی یان خەڵکسالاری، جێگیربوونی ئازادییە کە لەسەر بناغەی حکوومەتی زۆرینە و پارێزگاری لە مافی تاکەکان و کەمینەکان دامەزراوە و وێڕای ڕێزلێنان بۆ خواستی زۆرینە، داکۆکیکاریی سەرسەختی مافی سەرەکیی تاکەکان و هەروەها گرووپە کەمینەکانە.

لەناو حکوومەتی خەڵکسالاردا، خەڵک دەزانن کە یەکێک لەکردەوە سەرەکییەکانیان داکۆکیکردن لە مافە سەرەتاییەکانی وەک ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی ئاین، مافی بەهرەمەندیی بەرانبەر لە پشتیوانیی یاساو دەرفەتی ڕێکخستن و بەشداریکردنی تەواو لە بابەتە سیاسی، ئابووری و فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگەدایە.

حکوومەتە خەڵکسالارەکان بەشێوەی ڕێک و پێک هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانە بەڕێوە دەبەن کە هەموو شارۆمەندان مافی بەشدارییان تێدا هەیە. خەڵکسالاری حکوومەتەکان یاسامەند دەکا و ئەمە هەڵگری ئەوەیە کە هەموو شارۆمەندان لە پشتیوانیی بەرانبەریی یاسا بەهرەمەند بن و سیستەمێکی یاسایی داکۆکی لە مافەکانیان بکات. لە سیستەمێکی خەڵکسالاردا، شارۆمەندان لە بەرامبەر ئەو مافانەیکە هەیانە دەبێ هەست بە بەرپرسیارێتیش بکەن، کە یەکێک لە گرینگترین بەرپرسیارێتییەکان بەشداری لە سیستەمی سیاسی کۆمەڵگەدایە تا لە ماف و ئازادییەکانیان داکۆکی بکەن.

### حکوومەتی دیمۆکراتیک لە چ هەلومەرجێکدا پێک دێت؟

دیمۆکراسی بەر لەوەی شێوازێک لە حکوومەت بێت شێوازێکە لە ژیان. بەم مانا کە دیموکراسی رەگوڕیشەی لە بیروباوەڕی تاکەکانی کۆمەڵگەدایە و لە کۆمەڵگەیەکدا پێک دێت کە خەڵک لە گۆشەنیگای کۆمەڵایەتییەوە خاوەنی فەرهەنگی "فامی هەبوونی ئەوی تر "و لە گۆشەنیگای سیاسییەوە ئامادەی قبووڵکردنی را و بیروباوەڕی فرەجۆرن.

پێکهاتەی ئەخلاقی ئەم کۆمەڵگەیە لەسەر بنەوای دەستەبەرکردنی ئازادییە تاکەکەسییەکان و بەرتەسککردنەوەیان لە سنووری دەستێوەردان لەگەڵ ئازادیی کەسانی تردایە. تاکەکانی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیانە بەختەوەری و پێشڤەچوونی خۆیان لە گرەوی پێشکەوتن و باشترکردنی دۆخی کۆمەڵگە دەزانن. تێپەڕبوون لە حکوومەتی سەرەڕۆ یان نیوەسەرەڕۆ و پێکهێنانی حکوومەتێکی خەڵکی لە ڕێگەی ئامانجخوازیی گرووپێکەوە پێک دێت و ڕێبەرانی خەبات، تەنیا لەیەکانگیری و شکڵ پێدانی رەوتی خەباتدا رۆڵ دەگێڕن. ئەم شێوازە لەو کۆمەڵگایانەدا کە سەرەرۆیی لە هەموو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانیدا دزەی کردووە بەشێوەیەکی ترە. لە وەها کۆمەڵگەیەکدا لە نێوان دامەزراوە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ دیموکراسیدا سازگاری و تەباییبوونی نییە، چونکە ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە لەسەر بناغەی قازانجی تاکەکەسی بنیات نراون و ئەگەر لە بارودۆخێکدا پێکهاتەی کۆمەڵی بەخۆوە بگرێ، ئەو پێکهاتە شتێک زیاتر لە هاودەنگی خزمی و خێڵاتی نییە کە بێگومان ناتوانێ قازانجی یەک بەیەکی تاکەکانی ئەو گرووپە دەستەبەر بکات؛ لەو کۆمەڵگادا کە قازانجی تاک جیا لە قازانجی کۆمەڵگەیە و بارودۆخی پێشکەوتنی تاکەکان، لە دامەزراندنی پێوەندیی کەسێنی لەگەڵ دەسەڵاتداراندا، مسۆگەر دەبێ و نە لەسەر بنەوای بوونی رێکخراوگەلی خەڵکی کە بەرپرسیاری دابینکردنی قازانجی زۆرینە و پارێزەری مافی کەمینە بن؛ ئەوە کۆمەڵگەیەکە کە لە گۆشەنیگای سیاسییەوە، ئازادیی بیروباوەڕ، تەنیا لە چواچێوەی وەرگرتنی ڕا و بۆچوونی هاوجۆر و هاوشێوە شکڵ دەگرێ و یاسا ئەخلاقی و ئازادییە تاکەکەسییەکان لە باوەڕە زەینی و نەریتییەکاندا بناغەیان داکوتاوە و هاوڕەنگی خەڵک بوون، بەهێزترین ئامێری پێوەندییە.

### حکوومەتی دیموکراسی و ئازادی بەرهەمی کام رەوتن؟

لەو کۆمەڵگایانەدا کە بەمانای راستەقینەی وشە دەستیان بە ئازادی راگەیشتووە، دیموکراسی دەسکەوتی خەباتی شارۆمەندی بووە. خەباتی شارۆمەندی لەسەربنەوای شێوازەکانی ناتوندوتیژی لەپێناو گۆڕینی پێکهاتە بنەڕەتییەکانی حکوومەتی سەرەڕۆیی و جێکۆڕکێی لەگەڵ بنەواگەلێکدایە کە هەڵگری دابەشکردنی دەسەڵاتیی سیاسی لە ئاستی کۆمەڵگەدایە. خەڵک و ڕێبەرانی بزووتنەوە، بەڕوونی دەزانن کە لە نێوان بارودۆخی ئێستا (حکوومەتی سەرەڕۆیی) و بارودۆخی کۆتایی (سەقامگیری حکوومەتی دیموکراتیک) چ جیاوازیگەلێک هەیە. ئامانجەکانی

خەبات و تێکۆشان چییە و بۆ گەیشتن بەوان دەبێ چ ریگەیەک ببڕدرێ. شێوەی خەباتی مەدەنی بۆ خەڵک روونە. پێوەری خەباتی شارۆمەندی بەدیهاتنی ئەو ئامانجانەیە کە خەڵک لەسەری رێککەوتوون نە گۆڕینی کەسایەتییەکان، هێماکان و سەمبوڵەکانی حکوومەتی سەرەڕۆ. لە بەرامبەر کۆمەڵگەیەکی وادا کە رێگەی دامەزراندنی دیمۆکراسی ئاگایانە دەپێوێ، لە کۆمەڵگە دیکتاتۆرلێدراوەکاندا بنەوای خەبات، رێبەری کاریزماتیکە کە بە وروژاندن و پێکهێنانی ئەنگیزە ، تاکەکان بەرێگەی ئارمانجگەلێکدا رێنوێنی دەکا کە بەهیچ جۆرێک دیمەنی کردەکی ئەوەیان بەزەیندا نەدەهات. وەها خەباتێک بەهیچ جۆرێک ئامانجی دوایی بۆخۆی دیاری نەکردووە، چونکە بەروونی جیاوازیی نێوان سەردەمی ئێستا و فۆرمی نوێی حکوومەتێک کە دەبێ دامەزرێ، نازانێ و چاکسازیی یان ئاڵوگۆڕ تەنیا لە ئاستی گۆڕینی رواڵەت، هێماکان و نوێڵەکانی دەسەڵات دا روو دەدات. لە بنەواکانی تری ئەم خەباتە هەڵسوکەوتی کەسێنی و لابردنی ناوەکان و کەسایەتییەکانە، نە چاکسازی و جێگۆڕکێی شێوەکان.

## رێگەچارەی چەسپاندنی دیموکراسی چییە؟

حکوومەتی دێموکراتیک، حکوومەتی بەکۆمەڵایەتیکردنی دەسەڵاتی سیاسییە، بەم مانا کە لە کۆمەڵگەی دێموکراتیک دا بەپێچەوانەی حکوومەتە سەرەڕۆ و سەرەتاییەکان کە دەسەڵات تەنیا لە پاوانی تاک و گرووپی گرێدراو بەواندا بوو، دەسەڵات لە نێوان بنیاتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا دابەش دەکرێت و لێپرسراوان بێ پسانەوە لەژێر چاودێری خەڵک دان. ئەم دابەشکردنی دەسەڵاتە پێویستی بەخواست، وشیاریی و هەست بەبەرپرسایەتیکردنی خەڵکەکەیە. لە بەرامبەردا، لە کۆمەڵگە سەرەڕۆکاندا کە پێوەندی مراد و مرید (ئیرادە و ئیرادەکەر) لە نێوان دەسەڵاتداران و خەڵکدا دامەزراوە و خەڵک پێش لەوەی کە لە ئاستی ئەرک و مافەکانی خۆیان ئاگەداربن، لە پێکهاتەی کەسایەتیی رێبەرانی خۆیاندا تواونەتەوە، ئیتر روحی پرسیارگەری و چاودێریی بوونی نابێ. حکوومەتی سەرەڕۆ، حکوومەتی چڕبوونەوەی دەسەڵات و دژایەتی لەگەڵ هەرچەشنە بڵاوبوونەوەیەکی لە کۆمەڵگەدایە. دەسەڵات بنەوای کەسێتی دەسەڵاتدارانی سەرەڕۆیە، کە بە بێ ئەو شوناس و پێکهاتەی ژیانی سیاسیی ئەوان لە مەترسیدایە. شارۆمەندانی کۆمەڵگەیەکی وا خاوەن ماف و لێ پرسراوییەکی دیار لە پێناو چارەنووسی خۆیان و چارەنووسی کۆمەڵایەتیی دیتران یان تەنانەت دەسەڵاتیشدا نین، چونکە لە بنەڕەتدا خاوەن هیچ جۆرە دەسەڵات و توانایەک نین. لەم کۆمەڵگایانەدا دەسەڵات تەنیا کاتێک دەستاودەست دەکرێ کە لە راستای خزمەت بەدەسەڵاتی رەهادا بێ ، نە رێخۆشکەرییەک (بەستێنێک) بۆ بەشداریی لەودا. پریکێلس یەکێک لە سیاسەتوانان و شارۆمەندانی "ئاتێن"ی ٢٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا، گرینگیی لێپرسراویی سیاسی بەم شێوە دەناسێنێ: (لێرە هەموو خەڵکەکە نەتەنیا هۆگری کاروبارەکانی خۆیان، بگرە هۆگری کاروبارەکانی حکوومەتیشن، ئێمە ناڵێین کەسێک کە هۆگری سیاسەت نییە سەرقاڵی کاری خۆیە،

بگرە دەڵێین ئەو هەرگیز لێرە کارێکی نییە. ئێمە"ئاتێن"یەکان خۆمان لەسەر پرسە سیاسییەکانمان بڕیار دەدەین.)

## ئەرکەکانی حکومەتی دیموکراتیک

حکومەتی خەڵکسالار، حکومەتێکە کە بناغەکانی دەسەڵاتداریتیی خۆی لەسەر بنەوای هێزی خەڵک پێک دێنێ. بەشێوەیەک کە شارومەندان بۆیان هەیە نوێنەرانی خۆیان لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکەوە هەڵبژێرن کە ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

ئازاد، ڕێکوپێک، عادڵانە، بێ دەستێوەردان و تۆقاندن کە تێکرای خەڵک بۆ بەشداریکردن لەودا لە مافی دەنگدانی یەکسان و بەرانبەر بەهرەمەند بن.

١- حزبی سیاسیی جۆراوجۆر لەو هەڵبژاردنەدا بەشداری دەکەن.

٢- سیستەمی هەڵبژاردن لەلایەن ڕێکخراوە سەربەخۆکانەوە چاودێری دەکرێ و دەنگەکانی خەڵک دەپارێزرێت.

٣- هەروەها حکومەتی خەڵکسالار لە بەرامبەر خەڵکدا، ئەرکی پشتیوانی و ڕاپەڕاندنی ئەم خاڵانەی خوارەوەیە:

پشتیوانی لە ئازادییە تاکەکەسییەکان

دەسەڵاتداریی یاسا لەسەر بنەوای سیستەمی دادوەریی شیاو و بێلایەن و سەربەخۆ

پشتیوانی لە ئازادیی تێکۆشانی ڕێکخراوەکان و حیزبە سیاسییەکان

هەوڵنامەی کیبر

## کۆمەڵگەی مەدەنی

ریشەی بنەڕەتی شکڵ گرتنی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر ئەم بنەوایەیە کە دەسەڵاتداران و خاوەنانی هێز جێ خەتان و ئیمکانی بەهەڵەداچوون لە کارێکدا کە لەلایەن خەڵکەوە پێیان سپێردراوە هەیە. کەوابوو کردەوەی دەسەڵاتداران پێویستە بەشێوەی بەردەوام لەلایەن خەڵکەوە تاوتوێ و پێداچوونەوەی لەسەر بکرێ. بەواتایەکی تر پێویستە خەڵک بەشێوەی یاسامەند، ئاگایانە و بێ نانەوەی ئاژاوە و بێ سەرەوبەرەیی هێزی دەسەڵات کۆنترۆڵ بکەن و پێویستە خۆیانیش پێگەی سەربەخۆی ناحکوومیی یاساییان هەبێت تا بەپشت بەستن بەئەوان لەبەڕێوەبەری کاروباری حکوومەتدا بەشداربن.

کۆمەڵگەی مەدەنی بەشێوەی بەکۆمەڵ بەشداری شارۆمەندان لە گۆڕەپانی گشتیدا مەیسەر دەکا تا بە دەربڕینی هۆگری و بۆچوونەکانی خۆیان وێڕای لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە گشتییەکان، دەسەڵات ناچار بە وەڵامدانەوە بکەن. بەواتایەکی تر کۆمەڵگای مەدەنی پێک هاتوو لە ڕێکخراوگەل ناحکومییە کە ئەم تایبەتمەندییانەیان لەخۆ گرتووە:

١- جیا له دەوڵەتن.

٢- توندوتیژیخواز نین.

٣- خۆڕسک و خۆبەخشانەن.

٤- سیاسەتەکانی حکوومەت تاوتوێ و هەڵدەسەنگێنن.

٥- لەخۆگری پێکهاتەیەکی ئازادیخوازن.

ئەم ڕێکخراوه ناحکوومییانه بریتین له گرووپەکان، ئەنجوومەنەکان، کلووپەکان، پیشەوەران، سەندیکاکان، فێدراسیۆنەکان، یەکەتییەکان و. . . کە وێڕای ئەوەی کە لە هێزی خەڵک پێک هاتوون لە ڕاستیدا بەمەبەستی دروستکردنی نێونجیکەرێک لە نێوان حکوومەت و خەڵکدا پێک دێن کە ئەم کارە دەبێتە هۆی بەشداریی خەڵک لە دەسەلاتی سیاسیی حکوومەتدا. بێگومان حکوومەتیش دەبێ بوار بۆ بەشداری ئەوان برەخسێنێت و پشتیوانییان لێ بکات.

کۆمەڵگەی مەدەنی بەستێنێکە بۆ دەربڕینی بیروباوەڕە جیاجیاکان کە نەیارانیشی وەک دوژمن چاو لێ ناکات و بۆ بیستنی راوبۆچوونی ئەوانیش ئامادەیە، بەواتایەکی تر کۆمەڵگەی مەدەنی کۆمەڵگەیەکی پلۆڕالیزمە(زۆرینە خوازی).

بناغەی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر بنەواکانی خوارەوە قایمە:

١- مرۆڤ (کەسێتی ڕاستەقینەی شارۆمەندان)

٢- بنەمابوونی عەقڵ و هزر

٣- ڕەسەنایەتیی پیشە و بایەخدان پێی

٤- پێبەندی بەیاسا(قانوونمەداری)

٥- ڕێزدانان بۆ بیروباوەڕی جیاواز.

کۆمەڵگەی مەدەنی فۆڕمی "باو"ی پلەی دەسەلات دەگۆڕێ و پێوەندیی یەکلایەنەی دەوڵەت لەگەڵ خەڵکدا بۆ پێوەندییەکی دوولایەنە دەگۆڕێ تا دەسەلات لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگەدا بەشێوەی یەکسان دابەش بکرێت.

پێکهاتەی نوێ

↓

| | | |
|---|---|---|
| دەوڵەت<br>(لە هەڵسەنگاندنی بەردەوامیی خەڵک و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان) | | |
| ڕێکخراوە جەماوەرییەکان | حزبەکان | چاپەمەنییەکان |
| خەڵک | | |



هەواڵنامەی کتێب




## تایبەتمەندیی تاکەکەسی شارۆمەندی کۆمەڵگەی مەدەنی

لە خشتەی خوارەوەدا تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکانی شارۆمەندی کۆمەڵگەی مەدەنی لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە نەریتی و سەرەڕۆکاندا هەڵسەنگێندراوە.

| تایبەتمەندیی تاکەکەسی شارۆمەندی مەدەنی | تایبەتمەندیی تاکەکەسی شارۆمەندی کۆمەڵگەی نەریتی |
|---|---|
| متمانە بەخۆ | ئاتاج بەرزگاریدەر و قارەمان |
| بوێری لە ڕەخنە گرتن و دەربڕینی بیروباوەڕ | خۆسانسۆری |
| ئاوەزمەندی و پشت بەستن بەزانست | خورافەپەرستی و باوەڕ بەنەریتە چەوتەکان |
| باوەڕ بەمەکە مرۆڤ، خۆی چارەنووسی خۆی بنیات دەنێ | باوەڕ بەقەزاوقەدەر و سەردانەواندن بۆی |

## ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی شارۆمەندی مەدەنی

ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی شارۆمەندی مەدەنی لە بەرامبەر خەڵکانی تری کۆمەڵگەدا دەتوانین بەم شێوەی خوارەوە شیکەینەوە:

* سەرنجدان بە ئەوانی تر و فامکردنیان بەجێی خۆپەسندی و خۆنوێنی
* لە بەرچاوگرتنی مافی تاکەکانی تر بەجێی بەرژەوەندیخوازی خۆ
* وەرگرتنی بیروباوەڕی دژبەر بەجێی قبووڵ نەکردن

* هەڵکردن و قەبووڵکردنی دیتران بەجێی گرژیخوازی
* ڕێزلێنان لە مرۆڤایەتی و ئاوەزمەندیی دیتران بەجێی ڕوانینی ئامێری و نامرۆیی لە خەڵکانی تر
* هەست بە بەرپرسایەتیکردن لە بەرامبەر خۆی و کۆمەڵگادا بەجێگەی لەخۆ دوور خستنەوە
* ڕوانینی واقیع بینانە لە دیتران بەجێگەی قارەمان پەروەری یان سووکایەتیکردن پێیان
* باوەر بەیەکسانی مرۆڤەکان لە جیاتی باوەر بەمرۆڤسالاری

## ئەرکە سیاسییەکانی شارۆمەندی مەدەنی

حکوومەتی خەڵکسالار، بەپێچەوانەی ڕێژیمە سەرەڕۆکان، بۆخزمەت بەخەڵک پێک هاتووە، بەڵام خەڵکیش دەبێ بەیاسا و بەرنامە خەڵک سالارییەکانی چەسپاو لە کۆمەڵگەدا پێبەندبن.

حکوومەتە خەڵکسالارەکان ئازادییەکی زۆر، بۆوێنە ئازادیی دژایەتی و ڕەخنەگرتن لە حکوومەتیان بۆ شارۆمەندان لە بەرچاو گرتووە و لە بەرامبەریشدا شارۆمەندانی حکوومەتی خەڵکسالار دەبێ لە فەرهەنگی بەشداریکردن، دان بەخۆداگرتن و سەبر و حەوسەلە بەهرەمەندبن.

شارۆمەندان لەمە ئاگەدارن کە لە حکوومەتی خەڵکسالاردا نەتەنیا مافیان هەیە، بگرە بەرپرسیارێتییەکیشیان هەیە. ئەوان دەزانن کە پارێزگاری و چاودێری لە حکوومەتی خەڵکسالار لە ئەستۆیاندایە و بۆ بەردەوامی حکوومەتی خەڵکسالار و ڕێزلێنانی مافەکانیان دەبێ بەرپرسایەتی کۆمەڵگە لە ئەستۆی خۆیان بگرن.

بۆ سەرکەوتنی خەڵکسالاری، پێویستە کە شارۆمەندان ئەکتیڤ بن نەپاسیڤ، چونکە سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی حکوومەت لە ئەستۆی ئەواندایە، نە کەسێکی تر. لە بەرامبەردا، دەسەڵاتدارانی حکوومیش دەزانن کە هەڵسوکەوت لەگەڵ هەموو شارۆمەنداندا دەبێ بەرامبەر بێت و کردەوەی نایاسایی لە حکوومەتی خەڵکسالاردا جێگەیەکی نییە.

لە سیستەمێکی خەڵکسالاردا، خەڵکی نارازی لەڕێبەرانی کۆمەڵگە سەربەستانە و بەهێمنی دەتوانن بارودۆخی گۆڕان پێک بێنن یان لە کاتی هەڵبژاردندا بە کەسانێک جگە لە ڕێبەرانی دەسەڵاتدار دەنگ بدەن.

بۆ بەردەوامیی حکوومەتێکی خەڵکسالار، دەنگدانی وەختاوەختی خەڵک بەس نییە، بگرە سەرنجدان، بەرپرسیارێتی و بەڵێنی شارۆمەندان ڕۆڵێکی گرینگی هەیە.

لە حکوومەتی خەڵک سالاردا، خەڵک دەچنە ڕیزی حزبە سیاسییەکانەوە و بۆ سەرکەوتنی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خۆیانیش تێ دەکۆشن و تەنانەت ئازادن تا وەکو پاڵێوراویش لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری بکەن یان ماوەیەک وەکو بەرپرسانی هەڵبژێردراوی خەڵک خزمەت بکەن. ئەوان ئەم ڕاستییە باش دەزانن کە لەوانەیە دەسەڵات بەردەوام لەدەست حزبەکەیاندا نەبێت.

هەولێرنامەی کیبد

له كۆمەڵگەی خەڵكسالاردا، خەڵك بۆ داڕشتنی بناغەی بابەتە خۆماڵی و نیشتمانییەكان لە چاپەمەنییە سەربەخۆكان كەڵك وەردەگرن و دەبنە ئەندامی ڕێكخراوە خۆبەخشانە هەڵسووڕەكان كە هۆگرییان پێوە هەیە كە لەوانەیە ئەم ڕێكخراوانە سەبارەت بەئاین، كەلەپووری نەتەوەیی، توێژینەوەی عیلمی، وەرزش، هونەر، وێژە، باشتربوونی بارودۆخی شوێنی ژیان، ئاڵوگۆڕی ناونەتەوەیی خوێندكاران یان بابەتێكی زۆری تر ئەكتیڤ بن. هەموو ئەم ڕێكخراو و گرووپانە بێ ئەوەی كە مەودایان لەگەڵ حكوومەتدا گرینگی هەبێ لە بایەخداربوون و باشتربوونی خەڵكسالاری كۆمەڵگەدا بەشدارن.

له كۆمەڵگە نەریتییەكاندا، خەڵك وەكو دەسەڵاتدارێكی ستەمكار و چەوسێنەر چاو لە حكوومەت دەكەن و بەنیازی خۆنزیككردنەوە لە دەسەڵاتداران و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەگەڵ ئەوان لە چوارچێوەی گرووپێكی یاساییدا نین، لە حاڵێكدا شارۆمەندی مەدەنی بۆ دروستكردنی پێوەندییەكی دوولایەنە لەگەڵ حكوومەتدا تێ دەكۆشن و لەولاشەوە حكوومەتیش بەپشتیوانیكردن لە گرووپە جەماوەرییەكان كە جیا لە دەوڵەتن بەستێن بۆ بەشداریی خەڵك دەرەخسێنێت.

شارۆمەندانی كۆمەڵگەی مەدەنی رەخنە لە دەسەڵات دەگرن و حكوومەتیش بەپێداویستی و خواستەكانی ئەوان سەرنج دەدا، كەوابوو خواستەكانی خەڵكیش لە رەوگەیەكی دیاریكراودا دەگوازرێتەوە بۆ حكوومەت.

حكوومەتیش بەشێوەیەكی شیاو بەرپرس و وەڵامدەرە. لە حاڵێكدا لە كۆمەڵگە دیكتاتۆرییەكاندا بەهۆی نەبوونی ڕێكخراوی خەڵكی و وەڵام نەدانەوەی دەسەڵاتداران، خواستەكانی خەڵك تەنیا لە ڕێگەی شۆڕش و ئاژاوەوە ئاشكرا دەبن و بزووتنەوە سەردەگرێ.

هەواڵنامەی کێشەر

### خستنەڕووی بەدیلێكی كرداری بۆ شەڕو شێوازی توندوتیژانە

توندوتیژی لە كاری سیاسی و كۆمەڵایەتیدا لە شێوازی شەڕ، تیرۆر، سەرەڕۆیی، ناهەقی، تۆقاندن، كوشت وبڕو... هتد ئەمڕۆكە وەكو یەكێك لە گرفتە ترسێنەرەكانی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە.

بەداخەوە تا ئێستا هەموو ڕێگەچارە پێشنیاركراوەكان بۆ پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی توندوتیژی(١) و ڕواڵەتەكانی لەگەڵ شكستدا ڕووبەڕووبووەتەوە.

یەكێك لە هۆكارەكانی شكست و ناكارامەیی ئەم ڕێگەچارانە ئەوەیە كە زۆربەی ئەوان بێ سەرنجدان بەم مەسەلە، خستنەڕووی پێشنیارێك بۆ لابردنی توندوتیژیئەگەر نەڵێین محاڵە

---

(١) توندوتیژی بەمانای توندوتیژی فیزیكی لە بەرامبەر مرۆڤەكانی تردا لە بەرچاو گیراوە كە بەشێوازی تۆقاندن، لێدان و وەبەرجنێودان، شەڕ و خوێنڕێژییە و دەبێتە هۆی بریندار بوون و مردن. هەروەها هەڕەشەكردنێك بۆ بەكاربردنی توندوتیژی فیزیكی یان هەر كردەوەیەك كە بەتوندتیژی و هەرەشە بەو گرێدراو بێت، بەمانا توندوتیژییەن.

بێگومان زۆر ئەستەمە.

ئەم نووسراوە تەقەلایەکە بۆ ناسینی رەهەندە جۆراوجۆرەکانی توندوتیژی وەکو دیاردەیەکی گشتگیر لە نێوان کۆمەڵگە و پرسە سیاسییەکان و خستنەرووی رێگاچارەیەک بۆ پێشگیری لەو رووداوە. لەم بوارەدا بەهەڵسەنگاندن و شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەم بابەتەوە خەریک دەبین کە لە چ بارودۆخێکدا دەتوانین کێشەکان بەشێوەیەکی کاریگەر بێ کەڵکوەرگرتن لە زەبر و زۆر و ڕووبەڕووبوونەوەی نزامی چارەسەر بکەین و رووتێکردن لە شێوازی توندوتیژانە بەشێوەیەکی بەرچاو کەم بکەینەوە.

لەم بەستێنەدا پێویستیمان بە لێکدانەوەی بارودۆخێک هەیە کە لەو بارودۆخەدا، ناباوەڕی بە توندوتیژی و خۆبواردن لە بەکارهێنانی وەکو کەرەستەیەکی چارەسەری کێشەکان، بواری جێبەجێکردنی بۆ دەڕەخسێ. هەروەها دەبێ لەسەر ئەم مەسەلەیە توێژینەوە بکەین کە بۆچی هەنووکەش توندوتیژی لە رەهەندی بەربڵاودا بەکار دەبردرێ و تەنانەت بۆچی لە هێندێ بارودۆخدا بۆ گەیشتن بە ئامانجی باشیش (وەکو ئامانجی خراپ) توندوتیژی بەکار دەبردرێ و چۆن دەکرێ بەدەستکاری ریشەیی گرژیخوازی، بەپەنابردنەبەر شێوازەکانی ناتوندوتیژیخوازانە بەئامانج گەیشت.

ئەم نووسراوە دوورەدیمەنێکی ساکار و دوور لە ئاڵۆزی پیشان دەدا و ئومێد دەکرێ بتوانێ بۆ چارەسەری گرفتی توندوتیژی و بەکارهێنانی لە ئاستی ناونەتەوەیی و پرسە سیاسییەکاندا، رێکارێکی باش پێشان بدا.

دەبێ بڵێین جۆراوجۆری بیروڕا لە پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا حەتمی و لە زۆر بابەتیشدا شیاوە. هێندێ ناتەبایی بە ئاسانی و بەشێوازگەلی سەرەتایی وەکو وتووێژ، گفتوگۆ و رێککەوتنە دوو قۆڵییەکان بەپاراستنی بەرژەوەندیی هەردوو لا چارەسەر دەکرێ.

ئەم رێکارانە لەو بابەتانەدا کارسازن کە ناکۆکییەکانی دوولایەن ریشەیی نەبن. ئەگەرچی چارەسەری ناکۆکییەکان بەشێوەی گفتوگۆ و وتووێژ زیاتر لەوەی کە لەژێر کاریگەریی لێک تێگەیشتنی دوولایەنی وتووێژکەردا بۆ لە بەرچاوگرتنی دادپەروەری بێت، لەژێر کاریگەریی توانای رێژەیی ئەوان دایە.

لە زۆربەی دوژمنایەتییەکان یان پێکدادانە ناتەباکاندا بەم شێوە هەست پێ دەکرێ کە ئامانجەکانی هەردوو لا لە مەترسیدایە. ئەم جۆرە ناتەباییانە، ناتەباییگەلێکی تەنگزاوین کە زۆرجار بەباوەڕی تاکەکان، هیچ رێگەیەک بۆ چارەسەرییان لە حاڵێکدا بەرژەوەندی هەردوو لا بپارێزێ بوونی نییە.

لە دوژمنایەتییە تەنگژاوییەکاندا، بەلایەنی کەمەوە یەکێک لە دوولایەنی دژبەر بۆ چارەسەریی کێشەکە بەکەڵک وەرگرتن لە توندوتیژی دژی لایەنی بەرانبەر وەکو شێوازێکی کارامە و پێویست باوەڕمەندە و بەم مێتۆدە بەچاوی رێگەچارەیەک بۆ دەستڕاگەیشتن بەئازادیی، دادپەروەری،

بیروباوەڕە ئاینییەکان، شارستانێتی یان بەرگری لە خۆی دەڕوانێ. یان لەوانەیە لەو شێوازە وەکو ئامـێـرێک بۆ سـەپاندنی ناهـەقی، نادادپەروەری، سـەرەڕۆیی یان تـەنانەت بۆ دەسـتـدرێژی بە بنەواگەلی بڕوایی، رەوشتی و ئاینی یان پێگەی مرۆیی لایەنی بەرانبەر یان تەنانەت هەڕەشە بۆ مانەوەی مرۆڤەکان کەڵک وەرگرێ.

لە ناتەباییـە تەنگژاوییـەکاندا یەکێک لە لایەنەکان بە کـوڵدان و ژێردەسـتـیی یان تـەنانەت بەرگریی وەکو کۆستێک دەروانێ کە مەترسی گیانی بۆ هەموو کۆمەڵگە و یەکبەیەکی تاکەکان هەیە و لەسەر ئەم باوەڕەیە کە پێکدادان بەتەواوی هێزەوە وەکو تەنیا رێگەچارە، پێویستە.

## بۆچی بۆ چارەسەری ناکۆکییەکان دەستەوداوێنی توندوتیژی دەبین؟

شەڕ و شێوازە جۆراوجۆرەکانی توندوتیژی بۆ پانتاییەکی بەربڵاو لە ئامانجەکان بەکار هێنراوە. بەڵام لەگەنگەشە تەنگژاوییەکاندا، توندوتیژی لە سنووری سیاسی و ناونەتەوەییەکاندا وەکوو ئامرازێک بۆ حورمەت لێنان و گەیشتن بە ئامانجێک کەڵکی لێ وەردەگیرێ کە بەرز و لەسەرتر وێنا دەکرێ. لەم رووەوە توندوتیژی لە روانگەی باوەڕدارانیەوە، هەڵبژاردنێکی گرینگ لە بەرامبەر بەربژارێکی تر دا وێنا دەکرێ کە هەر هەمان گوێڕایەڵی بێکردەوەیە. بەبڕوای ئەوان گوێڕایەڵی دەبێتە هۆی زەرەر و زیان پێگەیشتنێکی زۆر.

لە زۆربەی سیستەمە سیاسییەکاندا، شەڕ و توندوتیژی وەکو "فەرمانێکی بێ ئەملا و ئەولا"بەحیساب دێت. لەم رووەوە شێوازە جیاجیاکانی توندوتیژی وەکو رێگەچارەی کۆتایی، کاریگەرترین شێوەی شیاوی جێبەجێکردن، ئامرازێک بۆ بەکارهێنانی زەخت، بەدەستهێنانی پوان و بەئاگاهێنان، لە بەرامبەر رێکاری ناتوندوتیژی و مامناوەند دەناسرێت کە وەکو خاڵێکی ناکردەوەییانە و لەپێشدا شکست خواردوو لە بەرچاو دەگیرێ. لەم قۆناغەدایە کە توندوتیژی وەکو شێوازێک بۆ بەدەست هێنان و گەیشتن بە هەموو باشییەکان و هیواکان لێک دەدرێتەوە. کاتێک ئەم بیروباوەڕە هاتە دی ئیتر هیچ رێگەچارەیەک بۆ پاککردنەوەی توندوتیژی و شەڕ لە بیروباوەڕی خەڵکدا نامێنێ و لە راستیدا لەم قۆناغەدا شەڕ خۆی دەبێتە ئامانجێک.

لە هەڵلای دووبەرەکییە تەنگژەیی و ریشەییەکاندا، خێروچاکەبینی و مشوورلێ خواردن (تەنانەت وتوویژ و گفتگۆکردن) بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەیەک بۆ دەربازبوون لە تەنگژە وەکوو کارێکی بێ کەڵک و بێ بایەخ لێک دەدرێتەوە و لەم قۆناغەدا دوولایەنی دژبەیەک بەدەگمەن حازر دەبن کە لە ئامانجەکانی خۆیان بێ بەکارهێنانی توندوتیژی بکشێنەوە و تیۆری"بورد–بورد"واتا (مەنتش – مەنتش) وەکو خاڵێکی ناپەسند لێک دەدرێتەوە.

مێژووی مرۆڤایەتی شایەتی ئەم بابەتەیە کە لە رەوتی گەنگەشەکان و ناکۆکییەکاندا، نارەزایەتی دژبەرانی توندوتیژی نەیتوانیوە توندوتیژی لەناو ببات و خەڵکیش هیچ کاتێک شەڕ و مێتۆدە جۆراوجۆرەکانی شەڕیان نەناوەتە لاوە، چونکە لەم باوەڕەدان (یان ئەم باوەڕە دەخەنە

مێشکیانەوە) کە بیروباوەڕی جیاواز مەترسییەکە بۆ بایەخە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکانی ئەوان؛ کاتێک بۆچوونێکی وا بخرێتە مێشکی خەڵکەوە، ئیتر چاوەڕوانی ڕووداو و دژکردەوەی دوور لە توندوتیژی ڕاست بینانە نییە.

نزیک بە چل ساڵ پێش ئێستا (Jerome D. Frank) یرۆم فرانک دکتۆری دەروون پزیشکی، بە دنیای ڕاگەیاند ئاشتی و ڕێککەوتن لە باوەڕی مرۆڤەکاندا وەکو بایەخ و تایبەتمەندییە باشە ئەخلاقییەکان ناناسرێ.

خەڵک، گرووپە جەماوەرییەکان و دەسەڵاتداران لەو ناکۆکییانە کە پرەنسیپەکان و باوەڕەکانی کۆمەڵگەی ئەوان لە ڕواڵەتدا دەخاتە مەترسییەوە بەم هۆیە لە توندوتیژیی خۆنابوێرن، کە خۆدوورگرتن لە توندوتیژی بە مانای کەموکوڕی و دۆڕاندن دەزانن.

لە دوژمنایەتییە تەنگژاوییەکاندا بۆ خۆبواردن لە شەڕ یان شێوازەکانی تری توندوتیژی، وەکو دواین ڕێگەچارە بۆ بەرگری لە بیروباوەڕی، کۆمەڵگە، ئامانجەکان یان تەنانەت مانەوە، دەبێ بەدیلێکی لەبار و گرفت ڕەتێن و چارەسەرکەر بۆ توندوتیژی بخرێتە ڕوو. ئەم جێگرەوە دەبێ بۆ لەناوبردنی تەنگژە و ناکۆکییەکانی هێز، کاریگەریی پێویستی ببێ و لە ڕێگەی دەستڕاگەیشتن بە ئامانج، لە بەراورد لەگەڵ شێوە توندوتیژییەکاندا، شانسی یەکسان یان تەنانەت لەسەرتری هەبێ. بەناچار ئەم جێگرەوە دەبێ لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بارودۆخە تەنگژاوییەکاندا - کە بە شێوازی نەریتی تەنیا ڕێگەچارەیان بەکارهێنانی توندوتیژی بەئەژمار هاتووە - کرداری و شیاوی جێبەجێبوون و جێگرەوەیەکی شیاو بۆ توندوتیژی و پێکدادانی فیزیکی بێت؛ بارودۆخێکی تەنگژاوی وەک ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک لەگەڵ حکوومەتە سەرەڕۆکان، دەست بەسەرداگرتن (ئیستعمار) و دەستێوەردانی دەرەکی، ڕەشەکوژی، بۆمبدانانەوە و کوشتاری مرۆڤەکان.

خاڵی سەرەکی کە نیشانەی لێهاتوویی و کردەکی بوونی ئەم جێگرەوانەیە، ئەمەیە کە حکوومەتە سەرەڕۆکان لە چڵەپۆپەی دەسەڵاتی خۆیاندا، بەستراونەتەوە بە سەرچاوەکانی هێزی کۆمەڵگەوە، کە ئەم سەرچاوانەش بەیارمەتی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و پشتیوانیی خەڵکەوە بەستراونەتەوە کە ئەگەر ئەم هاوکارییانە بەردەوام نەبێت، بۆ دەسەڵاتداران تەنگژە و ئاریشە پێش دێت. وردەکارییەکانی ئەم باسە لە قۆناغەکانی داهاتوودا شرۆڤە دەکرێت.

## ڕێگەیەکی تر بەجێی شەڕ و ململانێ

تێئۆدۆر روزاک دەڵێ خەڵک بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان تەنیا بۆ چەند ڕۆژێک ڕوو دەکەنە شێوازی ناتوندوتیژی و لەبەرئەوەی کە ئاکامێکی لێ ناکەوێتەوە، هانا دەبەنەبەر شێوازی توندوتیژی کە لە درێژەی سەدەکاندا ئاکامێکی نەبووە.

ئەگەر بمانەوێت بۆ توندوتیژی و شەڕ جێگرەوەیەک لە بەرچاو بگرین ئەم جێگرەوە،

ئەندێشەیەکە لەسەر ریئالیزم دامەزراوە. زۆرجار ئەم خاڵە لە بیر دەکرێت کە شەڕ و توندوتیژی وەکو رێگەچارەیەکی گشتی و گشتگیر بۆ چارەسەری تەنگژەکان لە جیهاندا نەبووە.

لە سەدەکانی رابردوودا، لە فەرهەنگە جۆراوجۆرەکاندا هێندێ جار بۆ چارەسەری تەنگژەکان لە جێی بەکارهێنانی توندوتیژی جێگرەوەگەلێکی تریش بەکار براوە. ئەم جێگرەوانە لەسەر بنەوای ئەم بیرە نەبووە کە ئەگەر کەسێک زللەی لە گۆنای راست دا گۆنای چەپیش بێنە پێشەوە؛ بەڵکو لەسەر بنەوای بەرەنگاری و راوەستاوی بەهێزانە لە بەرامبەر دەسەڵاتدارانی سەرەڕۆدا بووە.

بەدرێژاییی مێژوو لە زۆرێک لە دوژمنایەتیکردنەکاندا، هێندێ لەلایەنە تووشبووەکان لە جیاتی توندوتیژی، بەپەنابردنەبەر رێگەچارەی دەروونیی، کۆمەڵایەتی، ئابووری یان سیاسی یان تێکەڵاوێک لە رێگەچارەکان چوونەتە شەڕی لایەنی هەمبەریانەوە و سەرکەوتووش بوونە. ئەم رێگەچارانە لە هێندێ بابەتدا کە کێشەکان پاژەکی و چووکە بوونە یان لە بەرەنگاری لە هەمبەر دوژمنانی بێ مەترسیدا، بەکار نەهاتوون. ئەم ستراتیجییە توندوتیژی نەخوازانە وەکو جێگرەوەیەک بۆ رێگەچارەگەل توندوتیژیخواز لەو دوژمنایەتیکردنانەدا کە ئامانجی دوو لایەن لە مەترسیدا بووە یان لە بەرامبەر دوژمنانێکدا کە ئامادەی چەوساندنەوە و هەر توندوتیژییەک بوونە (وەکو لێدان و کوتان و گرتنی کاتی و زیندانیکردن و... هتد) بەکار هاتوون.

سەرەڕای سەرکوتگەرییەکان، لە هێندێ بابەتدا گرووپە بەرگریکارەکان کە بەشێوەی ناتوندوتیژی بەرەنگاری دوژمن بوونەتەوە، سەرکەوتوو بوونە.

ئەم شێوە خەباتە، خەباتی ناتوندوتیژییە کە لە دوژمنایەتیکردنە تەنگژاوییەکاندا جێگرەوەیەکی باش بۆ شەڕ و شێوازەکانی تری توندوتیژی لە بەرچاو دەگیرێ.

## نموونە گەلێک لە خەباتی ناتوندوتیژی

خەباتی ناتوندوتیژی لە پانتاییی مێژوودا، لە فەرهەنگ و بارودۆخە جۆراوجۆرە سیاسییەکان، لە وڵاتە رۆژئاوا و رۆژهەڵاتییەکان، لە وڵاتە پێشکەوتووە پیشەسازییەکان و دواکەوتووەکاندا رووی داوە. لە بەرامبەر ئیمپراتۆرییەکان، دیکتاتۆرەکان، کۆلۆنیالیزمی (ئیستعمار) دەرەکی یان تەنانەت حکوومەتە دێموکراتە قانوونییەکاندا، خەباتی ناتوندوتیژی بە نوێنەرایەتی لە هەزاران کەس، بەهەزار هۆ تەنانەت هۆکارگەلێکیش کە زۆرێک لە خەڵک لەگەڵیدا دژایەتییان بووە رووی داوە. ئەم مێتۆدە لە ئاقاری پێشگیری یان پەرەپێدان و چاکسازیی بەکار هاتووە و لە هێندێ بابەتیشدا پەنای بردووەتە بەرخەباتی توندوتیژانە (هەڵبەت بەشێوەی زۆر سنووردار). درێژەی ئەو نیقاشانە کە لەواندا ئەم خەباتانە شکڵیان گرتووە زۆر جۆراوجۆر بوونە و هەڵگری دووبەرەکییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و رەگەزی، ئاینی، نەتەوەیی، رەگەزپەرەستانە یان سیاسی بە شێوەی پاژەکی یان ریشەیی و بنەڕەتی بووە.

ئەگەرچی ئەم شێوە لەخەبات لەمێژە بوونی هەیە، بەڵام زۆرێک لە مێژوونووسان و مێژووناسان ئەم تێکۆشان و خەباتانەیان نەنووسیوەتەوە و بێگومان بەشێکی زۆر لەم خەباتانە لەلاپەلای لاپەڕەکانی مێژوودا ون بوونە یان ئەگەر لە هێندێ بابەتدا مابێتەوە، لە بیر کراوە. بەشێکی کەم لەم نموونانە دەگەڕێتەوە بۆ کێشەی نێوان حکوومەتەکان، دەسەڵاتدارانی وڵاتەکان و کاربەدەستانی حکوومەت و زۆربەیان دەگەڕێنەوە بۆ ئەو بەشە لە خەڵک کە لە بەرامبەر دەسەڵاتداراندا دەستەوداوێنی ئەم شێوازانە بوونە، وەکو زۆرێک لە خەبات و مانگرتنە کرێکارییەکان کە بۆ بەدەستهێنانی مافە کۆمەڵایەتی ئابوورییەکان شکڵیان گرتووە. ئەم شێوە خەباتانە لە هێندێ بابەت وەکو دووبەرەکییە قەومی، ڕەگەزی، ئاینەکان یان تەنانەت مانگرتنە خوێندکارییەکانیش کەڵکی لێ وەرگیراوە. لە نموونەگەلی تر، دەتوانین بە پرۆتێستۆ (نارەزایەتی) و دژایەتیی خەڵک بە پەنابردنە بەر شێوازی ناتوندوتیژی لە بەرامبەر دەسەڵاتداران و هێندێ جاریش هێزە نیزامییەکاندا ئاماژە بکەین. لە درێژەدا هێندێ لەم نموونانە باس کراوە.

لە سەدەی هەژدەمەوە تا ئێستا شێوازی خەباتی ناتوندوتیژی لە زۆرێک لە دووبەرەکییەکان و تەنگژەکاندا بەکار هاتووە؛ ڕاپەڕینی وڵاتە کۆلۆنیالیزم (داگیرکراو)ەکان، دوژمنایەتییە ناونەتەوەییە سیاسی و ئابوورییەکان، خەباتی ئاینی و خەباتی دژ بە کۆیلەداری.

ئەم میتۆدانە بۆ پاراستنی مافی ژنان، کرێکاران، مافی دەنگدانی پیاوان و ژنان یان بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی گەلان، بەرژەوەندیی ئابووری، پێشگیری لە ڕەشەکوژی، ڕووخانی حکوومەتە سەرەڕۆکان یان چەوسێنەرەکان، بەدەستهێنانی مافی شارۆمەندی، پێشگیری لە ڕەگەزپەرستی، خەبات دژ بە کوودەتاکان و ... هتد بووە.

یەکێک لەشێوازە باوەکانی ئەم شێوە خەباتانە، مانگرتنەکان و گەمارۆ ئابوورییەکانی فیدراسیۆنەکان و گرووپەکانە کە لە زۆربەی وڵاتەکاندا بەڕێوە دەچێ.

یەکێک لە نموونە کردەکییەکانی ئەم شێوازگەلە لەسەرەتای سەدەی بیستەم لە شۆڕشی ڕووسییە لە ساڵی ١٩٠٥ی زاینیدا ڕووی داوە.

چین لە ساڵەکانی ١٩٠٨و ١٩١٥و ١٩١٩ی زاینیدا گەمارۆی ئابووری خستە سەر تەواوی بەرهەمەکانی وڵاتی ژاپۆن (یابان). ئاڵمانییەکان لە ساڵی١٩٢٠ی زاینیدا شێوازی ناتوندوتیژییان دژ بە پیلانگێڕانی (ک. ا. پ. پ) بەکار هێنا کە مەبەستیان لابردنی حکوومەت بوو و، لە ساڵی"١٩٢٣ی زاینی" شدا هەر ئەم شێوازەشیان دژ بەداگیرکەرانی فرەنسایی و بلجیکی بەکار هێنا. لە دەیەی١٩٢٠تا١٩٤٥ ی ز. لە زۆربەی وڵاتە ئەورووپاییەکانی وەکو نەرویج و دانیمارک و هۆڵەندا خەڵک شێوازی خەباتی ناتوندوتیژییان دژ بەداگیرکاری نازییەکان و یاساگەلێک بەکار هێنا کە ئەوان دایان نابوو. وێنەی ئەم شێوازگەلە بۆ پێشگیری لە کوژرانی جوولەکەکان لە کوشتارگەکانی هیتلەر و دیاردەی هۆلۆکاست لە زۆربەی ناوچەکانی ئەورووپا وەکو بۆڵغارستان و دانیمارک و بەرلین بەکار هاتووە. دیکتاتۆرە نیزامییەکانی ئەلسالوادۆر و گواتمالا لە بەهاری

١٩٤٤ی ز. دا بەم شێوازە لەسەر حکوومەت لابران. خەباتی کۆمەڵایەتی دژ بە ئاپارتاید (هەڵاواردنی نەژادی) لە دەیەکانی١٩٥٠ و ١٩٦٠ی ز. لە باشووری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بوونە هۆی گۆڕینی زۆرێک لە یاساکان و دانانی سیاسەتی نوێ.

لە ئاوریلی١٩٦١ی ز. دا نارەزایەتیی چەکدارانی فرەنسایی جێگیر لە ئەلجەزاییر بە شێوازی خۆپارێزی لە هاوکاریی لەگەڵ ئەرتەشدا کە بە خۆپیشاندانی خەڵکی فرەنسا و لایەنگری حکوومەتی جەنەڕاڵ دووگوڵ پشتیوانی دەکرا، پێشی بە بەڕێوەچوونی کوودەتا لە ئەلجەزایر گرت. ئەم هەوڵدانە لە راستیدا هەنگاوێک بوو بۆ پێشگیری لە کوودەتای هاوشێوە لە پاریسدا.

دوابەدوای پەیمانی ئیستعماری وەرشۆ لە ساڵەکانی ١٩٦٨و ١٩٦٩ی ز. ، خەڵکی چەکوسلۆڤاکی بەشێوەی خۆڕسک بەماوەی ٨ مانگ بەپشتبەستن بەشێوازی ناتوندوتیژی وەکو خۆپاراستن لە هاوکاری و مانگرتن، کۆنترۆڵی وڵاتیان لە دەست دەسەڵات بەدەستانی حکوومەتیی یەکەتیی سۆڤییەت دەرهێنا. لە ١٩٥٣تا١٩٩٠ی ز. لە وڵاتە کومۆنیستییەکانی ئەورووپای رۆهەڵاتدا بەتایبەت ئەڵمانیای رۆهەڵات، لە هێستان، مەجارستان و کۆمارەکانی باڵتیک بەشێوەی بەربڵاو و بێ پسانەوە نارەزایەتیی نەیاران بۆ بەدەستهێنانی ئازادیی زیاتر پەرەی گرت.

خەڵکی لە هێستان لە ساڵی١٩٨٠ی ز. داخوازییەکانی خۆیان بۆ ئازادیی فێدراسیۆنە پیشەییەکان بەبەرنامەڕێژەییەکی رێک و پێک و مانگرتنێکی بەربڵاو راگەیاند. لە کۆتاییدا ئەم خەباتە بەڕووخانی حکوومەتی کومۆنیستی تەواو بوو. خەباتی جەماوەری و ناتوندوتیژی لە وڵاتانی چەکوسلۆڤاکیا لە ساڵی ١٩٨٩ی ز، ئاڵمانیای رۆهەڵات، لیتوانی و ئێستۆنی لە ١٩٩١ی ز)شدا کۆتایی بە دەسەڵاتی سەرەڕۆیی کومۆنیست هێنا.

لە ساڵێ ١٩٩١ی ز. هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی"گاردی ئاسنی "لە مسکۆ، بەنارەزایەتی و خۆپاراستنی خەڵک لە هاوکاریکردنیان رووبەڕووی رووخان بووەوە.

نارەزایەتیی و خەباتی ناتوندوتیژیی خەڵک دژ بەسیاسەتی هەڵاواردنی رەگەزی و باڵادەستیی سپیپێستەکان لە ئەفریقای باشوور لە ماوەی ساڵەکانی١٩٥٠تا١٩٩٠ی ز، بوو بەهۆی هەڵوەشانەوەی یاسای هەڵاواردنی رەگەزی. حکوومەتی دیکتاتۆری مارکووس لە فلیپین لە ساڵی ١٩٨٦ هەر بەم شێوە رووخا.

لە مانگی جولای و ئوتی ١٩٨٨ دیموکراسیخوازانی بێرمە بە رێپێوان و نارەزایەتیی بەربڵاوی خۆیان سێ کەس لە کاربەدەستانی حکوومەتیان ناچار بە دەست لە کار کێشانەوە کرد؛ ئەگەرچی لە کۆتاییدا خەباتەکە بەکوودەتا و کوشتاری نیزامی کۆتایی پێ هات.

لە ساڵی١٩٨٩ی ز. خوێندکارانی چینی و هێندێ لە خەڵک لە زیاتر لە٣٠٠شاردا (بۆ نموونە تیان ئان مێن لەپکەن) رێبەرایەتیی نارەزایەتییە سومبولیکەکانی دژ بە گەندەڵی و چەوساندنەوەکانی حکوومەتیان وەئەستۆ گرت، هەرچەند ئەم نارەزایەتییانە بێجگە لە کوشتاری نیزامی ئاکامێکی لێ نەکەوتەوە.

له كۆزۆڤۆ خەڵكی به ڕەچەڵەک ئاڵبانی له ماوەی ساڵەكانی١٩٩٠تا ١٩٩٩ی ز. به بەرنامەڕێژییەكی ڕێک و پێک و بەگەمارۆ و خۆپاراستن له هاوكاری، نارەزایەتیی خۆیان بەنیسبەت ئەو یاسا چەوسێنەرانەی كه لەلایەن سربەكانەوه دانرابوو دەربڕی. كاتێک حكوومەتی نافەرمی كۆزۆڤۆ نەیتوانی ستراتیجییەكی ناتوندوتیژی بۆ بەدەستهێنانی ڕەوایی خۆی بەرهەم بێنێ، ئەرتەشی ڕزگاریدەری كۆزۆڤۆ ناچار ڕووی كرده شێوازگەلی توندوتیژانه. ئەم كاره بەكوشت و كوشتار و سەركوتكاری سربەكان بەناوی"پاكتاوكردنی قەومی" درێژەی كێشا كه سەرەنجام بوو بەهۆی دەست تێوەردانی نیزامی ناتۆ.

له مانگی نوامبری ١٩٩٦ی زاینیدا سربەكان نارِەزایەتی و خۆپیشاندانه بەردەوامەكانی خۆیان بەشێوازی بەربلاو دژ بەحكوومەتی سەرەڕۆی سەركۆمار میلۆسۆویچ له بێلگراد و شاره جۆراوجۆرەكاندا ڕێكخست كه له كۆتاییدا بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێكی ڕێک و پێک و دوور له ساختەكاری، له ناوەڕاستی مانگی ژانوییەی١٩٩٧ی زاینی بەدواوه بوو.

لەو كاتەدا دیموكراسیخوازانی سربی بەهۆی نەبوونی ستراتیجی و بەرنامەیەكی ڕێک و پێک بۆ خەبات، نەیانتوانی نارِەزایەتییەكانی خۆیان بەربلاوتر و بۆ لابردنی دیكتاتۆریی و سەرەڕۆیی میلۆسۆویچ سەركەوتوو نەبوون. بەڵام بزووتنەوەی بەرخۆ دان و دیموكراسیخوازان، له سەرەتای مانگی ئۆكتۆبری٢٠٠٠ی زاینیدا. به بەرنامەیەكی دارِێژراو ڕێک و پێک دەستیان دایه بەربەرەكانێ لەگەڵ میلۆسۆویچ، كه له كۆتاییدا توانییان حكوومەته سەرەڕۆكەی ژێروژوور كەن.

له سەرەتای ساڵی ٢٠٠١دا "ئێسترادا"سەركۆماری فلیپین كه به گەندەڵیی ماڵی تاوانبار كرابوو، به خەبات و تێكۆشانی خەڵكی ئەو وڵاته ناسراو به"هێزی خەڵكی" لەسەر كار لابرا.

لەم قۆناغەدا بۆ ناسینی چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی ئەم خەباتانه و شێوازی به ئاكام گەیاندنیان، پێویسته تایبەتمەندی ئەم شێوازه له خەبات تاوتوێ كەین كه ناوەڕۆكێكی ناتوندوتیژییان هەیه.

## نیشانەكان و شێوازەكانی خەباتی ناتوندوتیژی

خەباتی ناتوندوتیژی دەتوانین بەم شێوه پێناسه بكەین: خەبات و بەرەنگاربوونەوەی خەڵک به شێوازی بێ توندوتیژانه كه تێكەڵه لەگەڵ زەخت خستنه سەر دەسەڵاتدا. ئامانج لەم خەباتگانه جێبەجێكردنی هێندێ چاكسازی و یاسا یان پێشگیری له جێبەجێكردنی هێندێكی تر.

ئەم زەخت و پاڵەپەستۆیانه له بەرامبەر دەسەڵاتێكدایه كه خاوەن ئۆرگانیزاسیۆن، هێز و سەرچاوەی جۆراوجۆره كه لەوانەیه به سەركوتكردن، دژكردەوه نیشان بدا.

شێوازی خەباتی ناتوندوتیژی شێوازێكی گشتییه بۆ ڕێنوێنیكردنی نارِەزایەتی، بەرەنگاری و دەست تێوەردان له كاروباری سیاسییه بەدوور له توندوتیژیی فیزیكی.

ئەم شێوازه لەسەر بنەوای سێ ڕێباز (ڕێچكه)ی گشتی دادەڕێژرێ

أ. خۆبواردن: کە بەشداربووان لەو چالاکییانەی کە زۆرجار ئەنجامی دەدەنیان چاوەڕوان دەکرێ ئەنجامی بدەن یان لەلایەن یاسا یان "عادەت"ی کۆمەڵگەوە دەستنیشان کراوە و دەبێ ئەنجام بدرێخۆدەبوێرن.

ب. ئەنجامی چالاکییە ئامانجدارەکان: لەم شێوازەدا بەشداربووان چالاکییەک ئەنجام دەدەن کە زۆرجار ئەنجامیان نەدەدا یان چاوەڕوان ناکرێ ئەنجامی بدەن یان لە روانگەی یاساوڕێسا و عادەتی کۆمەڵگەوە ئەنجامیان یاساغ کراوە.

ج. تێکەڵاو: پێکهاتوو لە هەردوو رێگەچارەکان.

ئەم شێوازە خۆی برێتییە لە شێوازگەلێکی تایبەت کە بە سێ دەستەی سەرەکی گرووپبەندی بوونە: ١. نارەزایەتی نانەوەی ناتوندوتیژی، ٢. خۆبواردن لە هاوکاریکردن، ٣. دەست تێوەردانی ناتوندوتیژی. لە راستیدا شێوەی خەبات لەسەر بنەوای یەکێک لە سێ "رێباز"ی باسکراوی (أ،ب،ج) و رەچاوکردنی یەکێک لە سێ شێوازی (١و٢و٣) گەڵاڵە و دەستنیشان دەکرێ.

ئەم سێ شێوازە وەکوو تەوژمی پاڵەپەستۆی ناتوندوتیژی و لە ئەساسدا جێگرەوەیەکن بۆ توندوتیژی. نموونەگەلێک لە مێتۆدە جۆراوجۆرەکانی هەر گرووپێک دەتوانرێ بەم شێوە شرۆڤە بکرێت.

یەکخەباتە هێمادارەکان و نارەزایەتییە سەمبولیکەکان وەکو رێپێوانەکان، بڵاوکردنەوەی راگەیەنراو و شەونامەکان، لەبەرکردنی جلوبەرگی یەکرەنگ و لە شێوەی یەکبۆ نیشاندانی یەکگرتوویی جەماوەری بۆ دەستڕاگەیشتن بە ئامانج.

دووخۆپاراستنی خەڵک لە درێژەی هاوکاری لەگەڵ دەسەڵات یان بنیاتنانی هاوکاری بەشێوەیەکی تر کە لە قالبی مێتۆدگەلی کۆمەڵایەتی، ئابووری یان سیاسیدا بێ. بۆ نموونە خەباتکارانی جەماوەری بۆ دووری کردن لە هاوکاری لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکاندا، دەستیان داوەتە بایکۆتی هەڵبژاردنەکان و بەشداری نەکردن لە جڤاتەکان، کۆبوونەوەکان و رێکخراوگەلێک کە بە جۆرێک بەدژبەرانی خەڵک و بەستراوەکان بە حکوومەتەوە بەستراونەتەوە؛ یان لە شێوازە ئابوورییەکاندا لە کڕین و فرۆشتنی هێندێ لە ئەشیاکان یان گواستنەوە و دابەشکردنی هێندێ لە شتومەکەکان و خزمەتگوزارییەکان خۆیان پاراستووە. هێندێ لە پیاوانی دەوڵەت بۆ بەرنگاری لەگەڵ وڵاتانی دژبەردا گەمارۆی ئابوورییان سەپاندووەتە سەریاندا؛ ئەمانە جۆرێک لە بایکۆت، دووری لە هاوکاری و خەبات بە پشتبەستن بە شێوازی ئابوورین.

خەباتی کرێکاران و گرووپە کرێکارییەکان شێوازی جۆراوجۆری بووە، لەوانە مانگرتنە سەمبۆلیکە ماوە کورتەکان، مانگرتن لە شوێنە پیشەسازییەکان، مانگرتنە سەرانسەرییەکان یان وەستانی چەرخی پیشەسازی و ئابووری یەک شار یان هەموو وڵات.

خەباتی سیاسی لە شێوەی بایکۆتی هەڵبژاردنی دەستکرد، قبووڵ نەکردنی رەوایی دەسەڵات، نافەرمانی نهێنی، خۆبواردن لە هاوکاری لەگەڵ فەرمانبەران و دەست و پێوەندەکانی دەوڵەت و

نافەرمانیی شارۆمەندی لە یاسای بێ بناغە و "نزم"ی ڕێژیمەوە دەردەکەوێ.

سێ دەست تێوەردانی چالاکانە و ڕاگرتنی چەرخەکانی کردەوەی پێکهاتەی دەسەڵات بە پشتبەستن بە شێوازگەل دەروونناسانە، کۆمەڵایەتی و سیاسی و کردەیی. هێندێ لەم شێوازی خەباتە بێ توندوتیژانەیە بریتییە لە کۆبوونەوە لە شوێنی کار و ناوەندی کارگێڕیی، کۆبوونەوە لە شەقامەکان، مانگرتن لە خواردن، بنیاتنانی سەنتەری ئابووریی نوێ، داگیرکردنی ناتوندوتیژی، هەوڵ بۆ ڕزگارکردنی زیندانییەکان یان بنیاتنانی حکوومەتی جەماوەری بەهاوتەریبی دەوڵەتی هەنووکەیی کە بەستراوە بە حکوومەتی سەرەڕۆیە.

شێوازەکانی خەباتی ناتوندوتیژی لەسەر بنەوای جۆری کردەوەی جێبەجێکراو و ستراتیژیی ڕەچاوکراو پێناسە و پۆلێنبەندی دەکرێ، نە لەسەربنەمای بیروباوەڕ و ئەنگێزەی کەسانێکە ئەنجامی دەدەن.

خاڵی زۆر گرینگ ئەمەیە کە ئەم شێوازگەلە لەلایەن خەڵکی وڵاتە جیاجیاکانەوە بە شێوازی بیرکردنەوە و عادەتی جۆراوجۆرەوە بەڕێوە چووە، ئەم بابەتە پیشان دەدا کە خۆبواردن لە توندوتیجی پێویستی بە باوەڕمەندبوون بە باوەرگەلی تایبەت لەسەر بنەوای باشکردنی ئاکار و ڕەوشت یان بنەوا ئاینییەکان نییە. خۆبواردن لە توندوتیژی لەسەر بنەوای بیروباوەڕی ئاینی گوتارێکی جیاواز لە خۆبواردن لە توندوتیژی لە خەباتی جەماوەریدایە. لە زۆربەی بابەتەکاندا، بەشداربووانی ئەم خەباتانە و ڕێبەرانی ئەوان بەم هۆیە لە توندوتیژی خۆیان بواردووە کە بەراستی بە ناکاریگەربوون و تێکدەربوونی باوەڕیان بووە، ئەگەرچی خۆبواردن لە توندوتیژی لە ڕوانگەی ئاینی و ئەخلاقییەوە لەسەر بنەوای بیروباوەڕ و کردەوەگەلێکە کە بە شێوازی جۆراوجۆر، کردەوەی توندوتیژانە ڕەت دەکەنەوە. لە هێندێ لە باوەڕە بروایی (عەقیدەتی)یەکاندا، نەتەنیا توندوتیژی فیزیکی یاساغ کراوە بگرە دوژمنایەتی هزری و گوتاریش ئیزنی پێنەدراوە. هەروەها ئەم ئایدۆلۆجیاگەلە خەڵک بە هەڵسوکەوتی ناتوندوتیژی لەگەڵ دژبەراندا هان دەدەن یان تەنانەت وێناکردنی دوژمنایەتیی نانەوە و بوونی دژبەرانیش ڕەت دەکەنەوە. لەوانەیە باوەڕمەندان بەم باوەڕگەلە لەگەڵ خەبات و بەربەرەکانێی ناتوندوتیژیی خەڵکدا لەم سۆنگەوە هاوکاری دەکەن کە بە لایەنی باوەڕیی خۆیان بگەن. (مەبەست ئەوەیە کە بۆ ئەوان سرشت (نەفس)ی خەباتەکە گرینگتر لە ئامانجەکەیەتی).

## بەهەڵە تێگەیشتنەکان

لەسەر خەباتە ناتوندوتیژییەکان پانتاییەکی بەربڵاو لە بەهەڵە تێگەیشتنەکان و چەمکی ناڕاست هەیە کە رووهێنان بەم شێوە خەباتانە و تێگەیشتنێکی ڕاست و دروستی لێیان ڕووبەڕووی تەنگژە کردووەتەوە. هێندێ لەم بە هەڵە تێگەیشتنانە بە شێوەی خوارەوەیە:

* زۆرجار تێگەیشتن وایە کە شێوازە توندوتیژانەکان زۆر زوو بە ئاکام دەگا و کاتێکی کەم بۆ

گەیشتن بە مەبەست پێویستە و لە بەرامبەردا شێوازی ناتوندوتیژی کاتێکی زۆریان دەوێ. ئەم جۆرە بیرکردنەوانە هەڵەیە چونکە لە هێندێ بارودۆخدا، دەستکەوتێک کە لە خەباتی ناتوندوتیژی بەدەست دێت، بە شێوازی توندوتیژانە بە دەست نایەت.

* زۆر کەس لەسەر ئەم باوەڕەن کە توندوتیژی نەنواندن نیشانەی لاوازییە و لە کردەوەشدا ئاکامی نابێ. لە حاڵێکدا ئەم مێتۆدە دەتوانێ زۆر بە هێز و سەرکەوتوو بێت و تەنانەت ڕێژیمی سەرەڕۆ و سەرکوتکەر فەلەج و لە ئاکامدا لەبەریەک هەڵوەشێنێتەوە.
* مێتۆدی خەباتی ناتوندوتیژی پێویستی بە ڕێبەرێکی کاریزماتیک خاوەن کەسایەتییەکی ڕاکێشەر و رواڵەتی نییە.
* شێوازی خەباتی ناتوندوتیژی مێتۆدێکی ڕووبەڕووبوونەوەی فەرهەنگییە.
* شێوازی خەباتی ناتوندوتیژی پێویستی بە بیر و بڕوا و باوەڕی ئاینی نییە (بەتەواوی بە هیچ باوەڕێکی ئاینی دیاریکراو) ئەگەرچی هێندێ جار بە مەبەستی ئایینی ئەنجام دراوە.
* مێتۆدی خەباتی ناتوندوتیژی وەکو بنەوا ئاینییەکان و چوارچێوە ئەخلاقییەکان، ئاشتیخواز نییە بگرە لەباری پێکهاتەییەوە لەگەڵ ئەواندا جیاوازی هەیە. لەو کۆمەڵگایانەدا کە سۆزی ئاینی و ئایدۆلۆجی و فکری بەسەر خەڵکدا زاڵە، خەڵک دەبێ بە ڕوونی بزانن کە لە نێوان خۆبواردن لە توندوتیژی لەسەر بنەوای پێداویستییەکانی خەباتی جەماوەری لە پێناو دیموکراسی لەگەڵ ئامۆژگارییە دینییەکان کە خەڵک بە خۆبواردن لە توندوتیژی هان دەدەن چ جیاوازییەک هەیە.

ئەگەرچی لە زۆر بابەتدا بەو شێوە قبووڵ کراوە کە مێتۆدە ناتوندوتیژییەکان تەنیا لە بەرامبەر ئەو حکوومەتانەدا کە باوەڕمەند بە یاسا و لایەنگری بنەوا مەدەنییەکانن سەرکەوتوون، بەڵام مێژووی ئەم خەباتگەلە پێشانی داوە کە ئەم شێوازانە تەنانەت لە بەرامبەر ڕێژیمە سەرەڕۆ و بێ بەزەییەکانی وەکو نازییەکان و حکوومەتە سەرەڕۆکانی کومۆنیزمیشدا سەرکەوتوو بووە.

زۆربەی کەسایەتییەکان و گرووپەکان باس لەوە دەکەن کە شێوازی ناتوندوتیژی تەنیا کاتێک سەرکەوتوو دەبێ کە بتوانێ دڵی دەسەڵاتدارانی سەرەڕۆ بەدەست بێنێ و بەدروستکردنی خۆشەویستی، بە سەرکەوتوویی بگات. لە حاڵێکدا ئەم شێوازە لە کردەوەدا دەتوانێ زۆر نائیرادی و بەهێز دەربکەوێ و تەنانەت بەهێزترین دیکتاتۆرەکانیش بڕوخێنێ.

## پێشەکییە پێویستییەکانی سەرکەوتن

خۆپاراستن لە بەکارهێنانی توندوتیژی و پەنابردنە بەر شێوازی ناتوندوتیژی لە سەتاسەت گەرەنتییەک بۆ گەیشتن بە ئامانج نییە، هەروا کە شێوازی توندوتیژانەش سەرکەوتن گەرەنتی ناکات.

هەرواکە بۆ مێتۆدی توندوتیژانە پێش نیازگەلێک پێویستە، بۆ بەکارهێنان و بەدەست هێنانی ئاکام لە شێوازە بێ توندوتیژانەکانیش پێش نیاز پێویستە. تەنیا دووریی لە توندوتیژی و بەرواڵەت پشتبەستن بە شێوازی ناتوندوتیژی و رازیبوون پێی تەنیا لە ئاستی قسە و دروشم دا نابێتە هۆی سەرکەوتن و بەئامانج گەیشتن.

هێندێ لە شێوازە ناتوندوتیژییەکان لە کردەوەدا، بە ئاکام نەگەیشتوون و هێندێکیش بە سەرکەوتنێکی سنووردار گەیشتوون. هێندێ لە سەرکەوتنە بەدەست هاتووەکان کاتی و رواڵەتی ماونەتەوە، لەبەرئەوەی خەڵک لەم هەلە بۆ پتەوکردن و بەفەرمی ناسینی ئاکامەکە هەوڵیان نەداوە یان لە بەرامبەر ئەو هەڕەشە و مەترسییانەیدا کە دوای سەرکەوتن رووبەroویان بووەتەوە بەباشی بەرگرییان نەکردووە و لەو ماف و ئازادییانەی کە بەهەوڵ و ماندووبوونی خۆیان بەدەستیان هێناوە پارێزگارییان نەکردووە.

لە هێندێ لە فاکتەکانی ئەم خەباتانەدا، ئامانجە سەرەتاییەکان بە پشتبەستن بە بەرنامەی شۆڕشگێڕانەی رێک وپێک بەدی هاتوون، بەڵام بۆ گەیشتن بە تێکڕای داخوازییەکان، پێویست بە شێوازەکانی نوێی خەبات بووە .

لە هێندێ بابەتدا ئەم سەرکەوتنانەی کە بە شێوازی ناتوندوتیژی بەدەست هاتوون، هیچ کاتێک بە شێوازی توندوتیژانە بەرهەم نەدەهاتن. بۆ تێگەیشتنی باشتری ئەم مەسەلە ناسینی ناوەڕۆکی ئەم خەباتانە پێویستە.

ئەو شێوازانەی کە خەباتی بی توندوتیژی بە هۆی ئەوانەوە بە ئاکام دەگات، بە هەلومەرج و بارودۆخەکانەوە بەستراوەتەوە و لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تر جیاوازی هەیە. باسکردنی ئەم خاڵە زۆر گرینگە کە هێندێ لە خەباتە ناتوندوتیژییەکان و نە بە ناچار هەموویان، پێویستیان بە دوو پرۆسە و مێتۆدی خەباتگێڕی زۆرتایبەتی و هەستیار هەیە. ئەم دوو شێوە بەم جۆرەیە:

١– هەبوونی توانای بەرەنگاریی و پووچەڵکردنەوە یان پێچەوانەکردنەوەی سەرکوبگەرییەکان.

٢– توانای لە بەینبردن و هێدی هێدی لەناوبردنی سەرچاوەکانی هێزی دوژمن.

لە درێژەدا پێداچوونەوەیەکی" کورت"مان لەسەر ئەم دوو بابەتە دەبێ.

## سەرکوتکەری و سیاسەتی خەباتی جیو- جیتسۆ

بەشێوەی سروشتی، دیکتاتۆرەکان لە هەر کردەوە و ئایدیایێ کە دژ بەوان یان مەترسییەک بۆ دەسەڵاتی ئەوان بێت، دەترسێن و سەبارەت بەوان لە خۆیان دژکردەوە پیشان دەدەن. دەسەڵاتدارانی سەرکوتکەر، دەست دەکەن بە ترساندن و ئازاردانی ئەو کەسانەوە کە سەربزێوییان کردووە و لە مانگرتنەکاندا بەشدار بوونە یان بە هەر شێوەیەک لە هاوکاریکردن خۆدەبوێرن. ئەم حکوومەتانە زۆرجار لە سپاردن و دانی هێندێ ماف بە دژبەران و راکێشانی

سرنجی ئەوان لە پێناو کردەوەی باشتر و درێژەدان بە دەسەڵاتی خۆیان، خۆدەبوێرن و بە ملنەدان بە چاکسازی و ڕیفۆرم، بە شێوەی یەکلایەنە و تاک ڕەهەندی لە بەکارهێنانی توندوتیژی بە سەر دژبەرانی خۆیاندا کەڵک وەردەگرن.

کێشە و گرفتی دەسەڵاتداران لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو خەباتگێڕانەی کە بە شێوازی ناتوندوتیژی شەڕ دەکەن لەبزۆزی (پویایی) و سروشتی ئەم جۆرە خەباتانە دایە؛ هەر بۆیە لە هێندێ بارودۆخدا، نە لە هەموو بابەتێکدا، لەوانەیە دەسەڵاتدارانی سەرەڕۆ و سەرکوتکەر پرۆسەیەکی تایبەتی پێک بێنن کە "سیاسەتی جیو – جیتسۆ"ی پێ دەڵێن.[١]

لە ئەساسدا ئەم سیاسەتە شۆڕشگێڕییە بۆ پێکدادانی نزامی، لەلایەن ژاپۆن (یابان)ییەکانەوە گەڵاڵە کراوە. کارکردنی ئەم شێوازە لەسەر ئەم بنەوایەیە کە هێز و توانای دوژمن دژ بە خۆی بە کار دەبەن و بە کەڵکوەرگرتن لە هێزی دوژمن، ئەو پاڵەپەستۆیانە بە شێوەیەک دەخەنەوە سەر دوژمن. ئەگەرچی ئەم شێوازە، لە ئەساسدا بۆ خەباتی نزامی گەڵاڵە کراوە، بەڵام لە بواری سیاسیشدا بەکار دێت. حکوومەتە سەرکوتکەرەکان لەم مێتۆدە بۆ سەرکوتی دژبەرانی خۆیان کەڵک وەردەگرن.

هێزە جەماوەرییە کانیش دەتوانن هەروەکو کاروبارە سیاسی و نیزامییەکان، مانای ئەساسیی ئەم مێتۆدە لە چوارچێوەی خەباتی ناتوندوتیژیدا بەکار بێنن. چونکە خەباتی سیاسی بە روانگەیەکی ناتوندوتیژی دەتوانێ لە بەرامبەر سەرکوتکەرانی توندوتیژ و تەیار بە چەکوچۆڵدا بارودۆخێکی تایبەت و لێک دوور و ناتەبا پێک بێنێ و وەکو شێوازی "جیو – جیتسۆ" راتەکانێکی سیاسییان لێ بدات و لە کۆتاییدا هاوسەنگیی دوژمنان لەباریی سیاسییەوە بشێوێنێ. ئەم شێوازە، سەرکوتکەری و توندوتیژیی دەسەڵات دەگەڕێنێتەوە بۆ خۆیان و لەم ڕێگەوە هێزیان لاواز دەکات.

## جیو –جیتسۆی سیاسی

پرۆسەیەکی تایبەت کە لەوانەیە لە ماوەی خەباتی بێ توندوتیژانەدا بۆ گۆڕینی پێوەندیی دەسەڵات بەکار بهێنرێت. لە جیو– جیتسۆی سیاسیدا، خەڵک لە سەرکوتگەرییەکانی دەسەڵات لە خەباتی ناتوندوتیژیی جەماوەریدا، وەکو کاردانەوەیەکی نیگەتیڤ کەڵکی لێ وەردەگرن تا ئەم

١– جیۆ – جیتسۆ یان جۆدۆ – ئەساسی وەرزشی جۆدۆ تێکدانی هاوسەنگی هاوکێش یان هاوماڵ بەکەڵک وەرگرتن لە کێشی ئەوە، ئەگەرچی کێشی زۆر بۆ هاوکێش پوانێک دێتە ئەژماردن بەڵام هەر بەکەڵک وەرگرتن لەم فاکتەرە، کێشی حەریف دژ بە خۆی بەکار دەبرێ. لە جۆدۆی سیاسیشدا دەتوانین سەرکوتکەری حکوومەت دژ بە خۆی بەکار بێنین، بەم شێوە کە توندوتیژی و سەرکوتکارییەکانی رژێم لەسەر دژبەرانی بەشێوەی بەربڵاو بە ئاگاداری خەڵک و ڕێکخراوە نێو نەتەوەییەکان بگەیەنین و بەورووژاندنی رق و قینی ئەوان لە دوژمن، ئابڕوو و ڕەوایی ئەو بە قەیراندا بکێشین.

سەرکوتکەرییە بەفۆرمی سیاسیی خۆی بگەڕێننەوە بۆ دەسەڵات و لەم ڕێگەوە بە خەڵک لە بەرامبەر سەرکوتگەریی توندوتیژانەی دەسەڵاتدا بە شێوەی خەباتی ناتوندوتیژیی خۆیان درێژە بدەن و تەسەلای خۆیان لەدەست نەدەن و ڕوو لە شێوازی توندوتیژانە نەکەن و درێژە بە خەبات بدەن. لە وەها دۆخێکدا سیاسەتی سەرکوتگەریی دەسەڵات، پێگەی دەسەڵات لە دژوارترین دۆخی ڕەخساودا دادەنێ.

ئەم سیاسەتە دەتوانێ شێوازی عەقیدە و ڕوانگەی نیرووی سێیەم، گرووپە ڕاوێژکارەکان و تەنانەت پشتیوانەکانی حکوومەتیش (دووبەرەکیی ناو دەسەڵات) بگۆڕێت. ئەم گۆڕینی ڕوانگە لەوانەیە ببێتە هۆی رووخانی سەرچاوەکانی هێزی دەسەڵات و زۆرتربوونی توانایی هێزی خەڵکی لە شێوازی جۆراوجۆردا بۆ مەحکوومکردنی دەسەڵات، درز خستنە ناو دەسەڵات و پێوەستبوونی خەڵک بە سەفی خەباتکاران و لە کۆتاییدا ئەم ئاڵوگۆڕانە لە هێندێ بابەتدا دەتوانێ ئاڵوگۆڕێکی گەورە لە پێوەندییەکانی دەسەڵات و بە قازانجی خەڵک دروست بکا.

خەباتکاران لە درێژەی خەباتدا بە خۆبواردن لە توندوتیژی و درێژەدان بەم شێوازە، توانای خۆیان زۆرتر دەکەنەوە.

ئەم شێوازە دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕق و قین لە دەسەڵاتداران لە سێ گرووپدا. ١- لەناو خودی دەسەڵاتدا ٢- کەسانێک لەناو کۆمەڵگە کە ئەم نارەزایەتییانە کارتێکەری لەسەریان بووە و ئامانجی خەبات بۆیان گرینگە. ٣- کەس و گرووپگەلێک کە بە شێوەی ناراستەوخۆ تێوەگلانە (وەکوو وڵاتانی تر و ڕێکخراوە ناونەتەوەیییەکان). بێزارییەکی لەم جۆرە دەبێتە هۆی پەیدابوونی کەلێن لەناو دەسەڵاتدا. هەروەها دەبێتە هۆی زیادبوونی هێزە تێکۆشەرەکان و بەهێزبوونی ئەنگێزەی ئەوان و سەرەڕای ئەمانە هێزی سێیەمیش بە قازانجی هێزی خەباتگێڕ و دژ بە دەسەڵاتداران دێنێتە گۆڕەپانەوە.

جیو- جیتسۆی سیاسی لەتێکڕا تێکهەڵچوونە ناتوندوتیژییەکاندا کارایی نییە. لە کاتی نەبوونی جیو-جیتسۆی سیاسیدا، ئاڵوگۆڕ لە پێوەندییەکانی دەسەڵاتدا زۆرجار دەگەڕێتەوە بۆ ڕادەی هاوکاریکردنەکان.

## تێکدانی هێز (دەسەڵات)ی دوژمن

سیاسەتی جیو - جیتسۆ لە هەموو بارودۆخەکان یان لە هێندێ لە شێوازە ناتوندوتیژییەکاندا کاریگەر نییە.

ڕێگەیەکی تر کە دەتوانێ یارمەتیی بزووتنەوەکان بدات تێکدانی سەرچاوەکانی هێزێکە کە دەسەڵاتداران و سەرەڕۆکان پێیانەوە بەستراونەتەوە. ئەم شێوازە لە بناغەڕا لە خەباتێکدا کارامەیی هەیە کە هەوڵی ئەوان لە بواری بەکارهێنانی زەخت و ناچارکردنی حکوومەت بۆ

ئەنجامدانی کارێک یان پێشگرتن لەوان لە ئەنجامدانی هێندێ چالاکیی تر، یان لە بابەتێکدا کە ئامانج لە خەبات وردکردن و تێک شکاندنی ڕێژیمە.

ئەم ستراتیجییە ساکارە،دیکتاتۆرەکان بۆ مانەوەی خۆیان پێویستیان بە هاوکاریی کەسانێکە کە لەسەریان حکوومەت بکەن، بەبێ ئەم هاوکارییە ناتوانن سەرچاوەی دەسەڵاتی سیاسیی خۆیان بپارێزن. سەرچاوەکانی ئەم دەسەڵاتە سیاسییە ئەمانەی خوارەوەیە: (لە بەشی دووەم و سێیەمدا سەرچاوەکان و کۆڵەکە (بنچینە)کانی دەسەڵات بەتێروتەسەلی شرۆڤە کراوە.)

* ڕەوایی و یاساییبوونی حکوومەت

* خەڵک، گرووپەکان و ئەو ڕێکخراوانەی کە لە یاسای دانراو و دەسەڵات پێڕەوی و هاوکارییان لەگەڵ دەکەن.

* زانست،پسپۆڕی و پێداویستییە زانستییەکان کە دەسەڵات پێویستی پێیانە و لەلایەن خەڵکەوە دابین دەکرێ.

* هۆکارە ناسەقامگیرەکان بریتی لە هۆکارە دەروونی و ئایدیالییەکان کە خەڵک ناچار بە پشتگیری لە دەسەڵات و پێڕەوی لە یاسا دەکەن.

* سەرچاوەی ماڵی و کاڵاکان، کۆنترۆڵ و دەست پێراگەیشتن بە سامان و سەرمایەکان، سەرچاوە سروشتییەکان، سیستەمە ئابوورییەکان، ڕێگاگەل پێوەندی و گواستنەوەی زانیارییەکان.

تەمبێکردن و ئەو سزادانانەی کە بە سەر خەڵکدا دەسەپێندرێت، یان بەو کەرستە لە خەڵک هەڕەشە دەکەن یان لەژێر پاڵەپەستۆی دادەنێن تا بە هاوکاری و بەرفەرمانی لە ڕێژیم و پشتیوانی لە سیاسەتەکان لە راستای درێژەی دەسەڵاتدا رازی بن.

ئەو هۆکارانەی لە سەرەوە باس کران مانەوەی دەسەڵات مەیسەر دەکەن و ڕەوایی حکوومەت بەوانەوە بەستراوەتەوە، بەڵام ئەم هۆکارانە خۆیان پێویستیان بە وەرگیران لەلایەن دەسەڵاتداران[١]، هاوکاری خەڵک، ڕێکخراوەکان و بنیاتە جۆراوجۆرەکان و هاوکاریی ئەوانەوە هەیە.

کەوابوو هێزی سیاسیی دەسەڵاتداران بۆ مانەوە و درێژەی ژیانی خۆیان پێویستیان بە دووبارەکردنەوە و بەهێزکردنی ئەم سەرچاوانە هەیە و ئەم سەرچاوانەش پێویستیان بە پشتیوانیی خەڵک، لایەنگری و هاوکاریی ئەوان هەیە، کە ئەگەر ئەم هاوکارییانە درێژە نەکێشێ

١- وادیارە مەبەست لە "وەرگرتن لەلایەن دەسەڵاتداران"ەوە بەم مانایە کە خودی حکوومەت پێ بەند بەکەمترین ڕادەبن. لە سیستەمە حکوومەتیانەدا کە لەسەر بنەمای زەخت و کوشتار بنیات نراون، سەرچاوکانی هێزی ناوبراو، ئیتر مانایێکیان نامێنێ، بۆ نموونە لە سیستەمی حکوومەتی تاڵیباندا کە دابین کردنی لانی کەمی بارودۆخەکانی ژیان و خۆشگوزەرانی خەڵک مانایێکی نییە، جگە لە تەمبێکردن و سزادان و هۆکارە نادیارەکان، پاشماوەی سەرچاوەکانی دەسەڵات دەرناکەون. و

هێزی سیاسیی دەسەڵاتداران لەناو دەچێت. کەوابوو هێزی سیاسی بە هەموو شکۆ و سامێکی رواڵەتی کە هەیەتی لەرزۆک و لەناوچووە، چونکە بە خەڵکێکەوە بەستراوەتەوە کە دەسەڵاتداران لەسەریان حکوومەت دەکەن. هاوکاریی خەڵک و پێڕەویکردنیان لە یاسا گەرەنتیکراو نییە (چونکە لە حکوومەتە سەرەڕۆکاندا ئەنگێزە (هۆ) بۆ پشتیوانی لە یاسا لاواز دەبێتەوە) و لەم رووەوە کە سەرچاوەی هێزی دەسەڵات خەڵکن کەوابوو ئەم هێزە سنوورداره، برین هەڵگر و لاواز دەبێت. خەباتی ناتوندوتیژی دەتوانێ بەپشتبەستن بە مانگرتن و بایکۆت هەر کام لە سەرچاوەکانی دەسەڵات بێت و خەڵکیش وەکو بنەوا و ئەساسی ئەم سەرچاوانە دەتوانن لاواز و سنوورداریان بکەنەوە.

خۆبواردن لە هاوکاری و بەتەنگەوەنەبوونی گرووپە نارازییەکان دەبێتە هۆی لەبەریەک هەڵتەکان و ناکارامەبوونی سەرچاوەکانی دەسەڵات. بۆ نموونە قبووڵنەکردنی لێهاتوویی یاسادانەران لەلایەن گرووپە نارازییەکانەوە، ئێحتوباری یاسایی دەسەڵات رووبەرووی کێشە و ململانێ دەکاتەوە و لە کۆتاییدا لەسەر گوێڕایەڵی گرووپە نارازییەکان، هێزەکانی ناو دەسەڵات و تێکڕای خەڵک کاریگەری دادەنێ و دەتوانێ کێشە و گرفتێکی زۆر بۆ حکوومەت پێک بێنێ.

مانگرتنی گشتی دەتوانێ چەرخەکانی ئابووری ولات لە کار بخات. خۆبواردن لە هاوکاریی ئیداری و رێکخراوەیی دەتوانێ لەباری "بورۆکراسی" یەوە چالاکییەکانی حکوومەت ئیفلیج بکات و لە کۆتاییدا نافەرمانی و شۆڕشی (سەرکێشی)[1] پۆلیس و هێزە نیزامییەکان، تەوانی دەسەڵات بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بزووتنەوە جەماوەرییەکان و درێژەدان بە دەسەڵات تووشی تەنگژە دەکات.

لە نەبوونی ئەم سەرچاوانەدا، هێزی دەسەڵات بەرەو لاوازی دەچێت و لە کۆتاییدا لەناو دەچێت. حکوومەتەکان لە بۆشایی رەواییی سیاسیدا لەناو دەچن.

بە وتەی دەبلیوو دووچ[2] بەپێچەوانەی باوەڕی هەموو خەڵک، سەرەڕۆترین دەسەڵاتەکانیش بە هەموو هەیبەتی رواڵەتی خۆیانەوە، لە کردەوەدا بە پشتیوانی و هاوکاریی خەڵک و کۆمەڵگەیەک بەستراونەتەوە کە بە سەریاندا دەسەڵات دەکەن.

## چوار رێگە بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن

ئەو بزووتنەوە ئاشتیخوازانە خەڵکییانە کە توانیویانە سەرکەوتووبن لەسەر چوار شێوازی بنەڕەتی دامەزراون (ئەم بابەتە لە بەشی چوارەمدا بە تێروتەسەلی باس کراوە.) ئەم چوار شێوە جیاوازە بەشێوەیەکی بەربلاو بە ١- تایبەتمەندییەکانی ئەو بارودۆخە تەنگژاوییە کە لەودا ناکۆکییەکان پێش هاتوون، ٢- بابەتەکانی جێی ناکۆکی، ٣- تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتیی خەڵک،

١- بۆ ئاگاداری خوێنەران لەم کتێبەدا ئەو وشانە (نافەرمانی، شۆڕش، نارەوایەتی و...) بەمانای ناتوندوتیژی لەبەرچاو گیراون.

٢- W. duetsch

٤- تایبەتمەندی و چییەتیی حکوومەت، ٥- شێوازی ستراتیجیی خەبات، ٦- مێکانیسمی گۆڕان و چاکسازی، ٧- شێوازی بەکاربراو بۆ خەبات، ٨- توانایی، ڕێکوپێکی هەڵگری و خۆڕاگریی گرووپە خەباتگێڕەکانی خەڵکەوە بەستراوەتەوە.

ئەو پاڵەپەستۆ و زەختانەی کە لەلایەن خەڵکەوە سەپاون بە چوار شێوازە - دەروونی، کۆمەڵایەتیی، ئابووری، سیاسی، کە هەرکامیان لەپانتاییەکی بەربڵاو لە توندی و سستیدا بەکار دەبرێن. سەرەڕای ئەمە، لەوانەیە بزووتنەوە ناتوندوتیژییە جەماوەرییەکان لەسەر سەقامگیری و بەردەوامیی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی کاریگەر بن و کردەوەیان بگۆڕن یان پێش لە دەسەڵات بگرن لە بڕیاردانی دروست بۆ بەکارهێنانی سیاسەتێکی تایبەت.

لە تەنگژەکاندا خۆبواردن لە هاوکاری و هەروەها خەباتی خەڵک لەوانەیە لەبارابوون و توانایی دەسەڵاتداران بۆ درێژەدان بە حکوومەت کردن سست بکات و ببێتە هۆی لەناوچوونی.

لە بارودۆخی جۆراوجۆردا جیاوازیگەلێکی بنەڕەتی لە شێوازەکانی کردەوەی بزووتنەوە ناتوندوتیژییە جەماوەرییەکاندا هەیە. بۆ نموونە، چییەتی بزووتنەوە کرێکارییە خۆجێییەکان بۆ زیادکردنی هەقدەست، جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ بزووتنەوەی کەمایەتییەکان بۆ بەدەستهێنانی مافی تایبەتی یان بزووتنەوەگەلێکدا هەیە کە بۆ ڕووخانی حکوومەتە سەرەڕۆکان هەوڵ دەدەن.

لە شیمانەی سەرکەوتنی ئەم خەباتانەدا، ئەو سەرپشک (ئیمتیاز) و چاکسازیگەلە کە هاتوونەتە دی ئاکامی یەکێک لەم چوار مێکانیسمەیە.

بەم جۆرە ناڕەزایەتی دەربڕین بە یارمەتیی شێوازی ئاکاری بەدەگمەن دەبێتە هۆی گۆڕینی هەڵوێستی دەسەڵاتداران بەشێوەی دڵخوازانە، چونکە ئەوان ئەم کارە بەمانای پاشەکشە لە هەڵوێستەکانی خۆیان و جۆرێک ڕیفۆرم سەیر دەکەن، لە حاڵێکدا ئەنجامدانی ناڕەزایەتی بە شێوەی گەمارۆی چالاکیی ئابووری یان خۆبواردن لە هاوکاریی سیاسی، لە زۆربەی بابەتەکاندا دەسەڵات ناچار بە قبووڵی هێندێ بابەت و دانی پوان بە ناڕازییەکان دەکات و لە ڕاستیدا بەهۆی زەخت و پاڵەپەستۆی خەڵکەوە، ناچار بە ڕێککەوتن بوونە.

هێندێ لە ناڕەزایەتییەکانی خەڵک و خۆبواردن لە هاوکاریکردنی ئەوان زۆر بەهێز، بەرنامەداڕێژراو و ئامانجدار بووە و هێزی دەسەڵات بە خەباتی جەماوەری تا ئەو ڕادە دابەزیوە کە تەنیا لە ڕواڵەتدا، پلەی سیاسیی خۆی پاراستووە و هیچ جۆرە هێزی دزەکردن و کارتێکەری نەبووە و لە ئەنجامدا ناچار بە بەجێهێشتنی دەسەڵات و لە بەرامبەر بزووتنەوە ناتوندوتیژییەکانی جەماوەردا بە چۆکدا هاتوون. لە ڕاستیدا خەڵک بە بەکارهێنانی زەخت و پاڵەپەستۆ، دەسەڵاتیان ناچار بە ڕاپەڕاندن و قبووڵی هێندێ شەرت و مەرج کردووە.

لە هێندێ بابەتی دانسقەدا دوابەدوای کاریگەر نەبوونی شێوازەکانی چاکسازی، ڕێککەوتن و ڕاوەستاندنی ناتوندوتیژی، ناڕەزایەتیی جەماوەری و ملنەدانی ئەوان بە دەسەڵات لە پانتاییەکی بەربڵاوتردا ئۆرگانیزە کراوە و سەرچاوەکانی هێزی دەسەڵات و یەکدەستی و یەکگرتوویی ئەوان

رووبەرووی ناکۆکی و جیایی بووەتەوە و لە وەها دۆخێکدا ڕژێمەکان سەرەڕای لێکترازانی پێکهاتەیی، بە ئاسانی لێک هەڵوەشاونەتەوە و لەبەین چوونە، کە بەم شێوازە دەڵێین هەرەسهێنان.

## کەڵک وەرگرتن لەشێوازی سەیرکراو

لە هەر حاڵدا ئەم شێوازە لە خەباتی ناتوندوتیژی رۆڵێکی زۆر گرینگ لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی گیروگرفتی توندوتیژی نواندن لە سیاسەت و کۆمەڵگەدا دەگێڕێ یان لە شیمانەی ئاوڕدانە لە پێکهاتەیدا دەتوانێ بیبێ. ئەم رۆڵە تا ڕادەیەکی زۆر بەم بابەتە گرێدراوە کە شێوازەکانی خەبات لە بارودۆخی تەگژاویدا تا چ رادەیەک لە کەمکردنەوەی سەرنج و رووتێکردن لە توندوتیژی لە کۆمەڵگەدا کارتێکەرییان هەیە. بە وتەیەکی تر ئەم شێوازە کاتێک سوودگەیەنە کە لەسەر بیری توندوتیژیخوازیی گشت کۆمەڵگە کاریگەری هەبێ.

ئاخۆ دەکرێ بنەوای ئەم جۆرە خەباتانە بە شێوازێک بنیات بنرێن کە بە شێوەی بەهرەدەر جێگرەوەیەکی کاریگەر و چارەسەرکەر بۆ توندوتیژیی بن؟ لە هێندێ بابەتدا تاکەکان بەم پرسیارە وڵامی پۆزەتیڤ دەدەنەوە، لە هەندی بابەتی تردا وەڵامی ئەم پرسیارە"رەنگە"، "دوور لە چاوەڕوانییە"، یان"نەخێر"ە. وڵامدانەوە بەم پرسیارە تا رادەیەکی زۆر بە تێگەیشتن و هەڵێنجانی تاکەکان بەم شێوە لە خەبات بەستراوەتەوە و هەروەها بەمە کە ئەم شێوازە وەکو جێگرەوەیەکی متمانە پێکراوی توندوتیژی، لە بارودۆخی تەنگژاویدا تا چ رادەیەک دەتوانێ شوێن دانەر بێت.

دەکرێ بە پلەیەک لە تێگەیشتن و وشیاری گەیشت کە ئەم مێتۆدە لە خەبات بەشێوەیەکی پراگماتیک و کارامە لە بەراورد لەگەڵ شێوازەکانی خۆڕسکدا[1] بگۆڕین کە لە کۆنەوە بۆ خەباتی ناتوندوتیژی کەڵکی لێ وەردەگیرا. ئەم کارە بە زیادکردنی وشیاری و زانستی ئێمە لە پێش نیازەکانی ئەم مێتۆدە سەردەگرێ. هەرچی پانتاییی زانستی ئێمە لەم بەستێنەدا بەربڵاوتر و تێگەیشتنێکی باشترمان لێی هەبێت و بەرنامەڕێژی بۆ بەرنگاربوونەوە لەگەڵ تەنگژەکان و گەنگەشەکان کامڵتر و بەربڵاوتر بێت، بێگومان کارامەیی ئەم مێتۆدەش زیاتر دەبێت.

بۆ گەیشتن بە رێگاچارەیەکی گونجاو و بەربڵاو لەجێی بەکارهێنانی توندوتیژی و هەروەها بۆ هەڵسەنگاندنی گەشەی سیاسی مێتۆدە ناتوندوتیژییەکانی داهاتوو، ناچارین کە بە لێهاتوویی و پۆتانسیێلی ئەم مێتۆدە لە کاتی ئێستا و داهاتوودا سەرنجی زیاتر بدەین. خاڵی زۆر گرینگ ئەمە کە خەڵک و پیاوانی حکوومەت لە گەرمەی تەنگژەکانا لەسەر ئەم بڕوایەن کە پەنابردنەبەر توندوتیژی و بەکارهێنانی شێوازی نیزامی، دڵخواز و کارامەیە. ئێستا پرسیار ئەمەیە کە تا چ رادەیەک ئێمە دەتوانین تێگەیشتنێکی باشمان لەم شێوازە (خەباتی ناتوندوتیژی) هەبێت و تا چ

---

١- مەبەست لە خۆڕسک ئەمەیە کە ئەگەر لە کۆنەوە شێوازی خەباتی ناتوندوتیژی بووبێت لەسەر بنەما چوارچێوەیەکی کۆنووسکراو و تیۆریک نەبووە. لەم کتێبەدا هەوڵ دەدەین تا بۆ ئەم شێوە خەباتانە شێوازێکی کردەکی ببینینەوە.

ئاستێک دەبێ پێداچوونەوە و چاکسازی تێدا بکەین؟ هەروەها ئەم مێتۆدە تا چ ڕادەیەک دەتوانێ جێگرەوەیەکی کارامە بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی بێت؟

گەشەی سیاسیی شێوازەکانی خەباتی ناتوندوتیژی و خستنەرووی جێگرەوەگەلێکی باش و دوور لە توندوتیژی، لە جێی بەکارهێنانی توندوتیژی، بۆ چوارچێوەیەکی بەربڵاو لە تەنگژەکان بەتایبەتی ئەم بابەتانەی خوارەوە پێویستن:

* لەسەرکار لابردنی دیکتاتۆرەکان.

* پووچەڵکردنەوەی کوودەتاکان و پێشگیری لە هاتنە ئارای دیکتاتۆرە نوێیەکان.

* بەرگری لە بەرامبەر دەستدرێژی و داگیرکاریی دەرەکیدا.

* پارێزگاری لە فەرهەنگ و شێوازی ژیانی خەڵکی ناوچەیی (وەکو کەمایەتییە ئاینی و ڕەگەزییەکان).

* پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی نابەرانبەریی کۆمەڵایەتی و ئابووری.

* پاراستن و بڵاوکردنەوەی تێکۆشانە دیموکراتیکەکان و بەرگری لە مافی مرۆڤ.

* یەکدەستکردنەوە و کردنەیەکی شێوازەکانی تری ناتوندوتیژی لەگەڵ پێکهاتەکانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیکدا.

## کەمکردنەوەی حەز لە شەڕ و شێوازەکانی تری توندوتیژی

لەپێناو دەستەبەرکردنی ئەم جۆرە ئامانجانە و ئامانجی لە چەشنی تەنگژەگەلی تایبەت کە لە دێرەکانی پێشتردا باس کران و لەبەرئەوەی شێوازە ناتوندوتیژییەکان بە شێوازی کاریگەر و کارامە کار بکەن، پێویستی بە پلانێکی ستراتیجیک هەیە. بە ڕاپەڕاندنی قۆناغ بە قۆناغی بەرنامەی ستراتیجیک، دەرەتانی جێگیرکردنی یەک بە یەک ئەم شێوازە پاڵاوتەکراو و کارامانە لەسەر بنەوای شێوازە ناتوندوتیژییەکان لە جێگەی کەڵکوەرگرتن لە توندوتیژی هەیە. بۆ دەستڕاگەیشتن بەم مەسەلە گرینگە و بۆ گەشەپێدان و پەرەپێدانی تواناییەکانی شێوازە بێ توندوتیژانەکان بۆ بەڕێوەبەرێتی دووبەرەکییە تەنگژاوییەکان، بە ئەندازەیەکی زۆر پێویست بەلێکۆڵینەوە، شیکردنەوە، توێژینەوەی ستراتیجیک، گەشەی سیاسی، بەرنامەڕێژی و هەنگاونانی نەترسانە هەیە؛ کە تەواوی ئەم بابەتانە لە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم کتێبەدا تاوتوێ دەکرێت.

لەم ڕەوتەدا پێویستمان بە ڕێنوێنی و کەڵکوەرگرتن لە ئاگایی و زانستی مێژووناسان، دەروونناسانی کۆمەڵایەتیی، کۆمەڵناسان، تیۆری داڕێژەرانی سیاسی و بەرنامەداڕێژەرانی ستراتیجیک هەیە. ئەمە بەس نییە کە تەنیا خۆ بە خوێندنەوەی مێتۆدگەل ناتوندوتیژییەوە خەریک کەین، بگرە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی بابەتەکانی تری وەکو ئەندازەی بێ توانایی و لاوازیی دیکتاتۆرەکان و حکوومەتە ستەمکارەکانیش پێویستە. خاڵێکی تر کە زۆر گرینگە فێربوونی

چۆنیەتی بڵاوکردنەوە و گەشەی توانایی رامانی ستراتیجیک و بەرنامەڕێژی ستراتیجیک بۆ خەباتی ناتوندوتیژی داهاتووە. بۆ پراکتیزەکردنی ئەم تەقەللایانە و وەدیهاتنی ئەم بابەتانە پێویستمان بەمەیە کە چاوێک بە هۆکارەکانی ئەوپەڕ و دژبەری حەزە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و مۆدێرن، هێزە نەتەوەیی و هێزە ناونەتەوەییەکاندا بخشێنین. ناوەندگەرایی دەسەڵات، میلیتاریزم، زاڵیی مێتۆدە نەریتخوازانەکانی چارەسەری کێشەکان و هێندێ هۆکاری تر بوونەتە رێگرێکی گەورە لە بەرامبەر بەڵگە پەسندکراوەکان و توانایی ئەنجامدان و شوێن دانەریی شێوازە ناتوندوتیژییەکاندا. بەستێن گەلێک هەیە کە روون دەکاتەوە کە سۆزی کۆتایی کۆمەڵگە بۆ توندوتیژی یان خۆبواردن لێی و پەنابردنە بەر شێوازی بێ توندوتیژانە بەرەنجامێکی زۆری لەسەر پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگە هەیە .

به راشکاوی ئەم خاڵە روون بووەتەوە کە بزووتنەوە توندوتیژیخوازانەکان زۆرتر دەبنە هۆی هاتنەسەرکاری رێژیمە ناوەندگەرا و سەرکوتگەرەکان. لە حاڵێکدا زۆرجار خەباتی شارۆمەندی و ناتوندوتیژی دەبنە هۆی هاتنەسەرکاری دەسەڵاتێکی خەڵکی بە ئازادیی کردەوەی زیاترەوە. دەکرێ هێزی نیزامی بۆ سەرکوت و زەخت خستنەسەر خەڵک بەکار بێت، لە حاڵێکدا خەباتی ناتوندوتیژی کەرستەیەکە بۆ خەڵک تا بەو شێوە بۆ دەستڕاگەیشتن بە سەربەستی و بەرگری لە ئازادی کەڵکی لێوەرگرن و پێش بە هاتنە سەرکاری حکوومەتێکی سەرکوتکەر بگرن. ئاگایی دروست و وردبینانە لە توانایی پێوەندیکردن و وەک یەک کردن و پێکەوەژیانی هێز و مێتۆدەکانی بەکارهێنانی زەختی ناتوندوتیژی، دەتوانێ روونکەرەوەی شێوازگەلی کردەکی و "کارتێکەر"ێک بێ کە بەرلەمە بە دروستی تاوتوێ و شی نەکراوەتەوە. ئەم مەیلە ئەو تواناییەی هەیە بە فۆڕمێکی باش و لە رێگەی کەمکردنەوەی توندوتیژی، ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە سیاسەتە مۆدێرنەکان و پێوەندییە ناونەتەوەییەکاندا پێک بێنێ.

ئەمە کە ئێمە تا چ رادەیەک دەتوانین بۆ جێگۆڕکێی شێوازی ناتوندوتیژی لەگەڵ شێوازی توندوتیژانەدا سەرکەوین و شایەتحاڵی کەمبوونەوەی پشتبەستن بە شێوازی نیزامی و شێوازەکانی تری گرێدراو بەوەوە بین، پێوەندی بە چۆنیەتی و رادەی شوێن دانەری جێگرەوەیەک هەیە کە ئێمە لە جێگەی شێوازی توندوتیژانە هەڵی دەبژێرین.

پرسیاری حاشاهەڵنەگر ئەمەیە کە ئاخۆ ئێستا ئێمە بۆ رێفۆرمی ئەم شێوازە و بەکارهێنانی لە تەنگژەکان و خەباتەکاندا هەوڵ دەدەین و زمانی توندوتیژی و تۆقاندن بە بەکارهێنانی شێوازی ناتوندوتیژی و سوودوەرگرتن لە خاڵە بەهێز و کاریگەرەکان جێگیر دەکەین؟ ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین بۆ تەواوی ئەم پرسیارانە چوارچێوەیەک بخەینە ڕوو و بۆ ئەوەی رێبازێکی کارا بنووسین.

# تیۆدۆر ئادۆرنۆ و
# وردەکارییەکانی نێو فەلسەفە

سەلاح حەسەن پاڵەوان

ئەم نووسینە هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی هەندێ وردەکارییەکانی کاری فەلسەفی فەیلەسووفی ئەڵمانی تیۆدۆر ئادۆرنۆ کە یەکێکە لە قوتابییانی قوتابخانەی فرانکفۆرت و بە کۆڵەکەیەکی پتەوی بواری بنیاتگەری دادەنرێ، یەکەمین کەس بووە کاری لەسەر پێوەندی نێوان مۆسیقا و فەلسەفە کردووە پێش ئەو زۆر بە کەمی لەم بارەوەیە قسە کراوە، ئەمە سەرباری ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە کارەکانی تەرخانن بۆ قسەکردن لەسەر کاریگەریی فرە کولتووری بەسەر تاکەوە، هەروەها هۆکارەکانی پەیدابوونی مۆدە و شێوەکانی نووسینی ئا لەم شێوەیە.

## پیشەسازیی کولتوور

تیۆدۆر ئادۆرنۆ لە تەواوی داهێنانەکانیدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە ژیان بە هەموو کەموکووڕی و ناکۆکییەکانییەوە برێک لە پیشەسازی تێدایە کە ژیانی مرۆڤ دروست دەکات، لەبارەی دیالەکتیکی مەنفییەوە دەڵێ لە سەردەمی ئەفلاتوونەوە دیالەکتیک بۆ ئیسپاتکردنی شتێک و نەفیکردنی شتێکی تر پێویست بووە، ئەمەش هەمان ئەو شتەیە کە لای هیگڵ بە نەفیکردن لە نەفیدا دەخوێنرێتەوە. هەر لەبەر ئەمەش ئادۆرنۆ دەنووسێ: (بارودۆخی راستیی شتەکان ... رزگاربوونە لە دیالەکتیک). ئەگەر ئێمە بمانەوێ لە بەرامبەر ئەو دوو زاراوەی ئادۆرنۆ راوەستین و پیشەسازی کولتوور و هونەری راستەقینە بەراورد بکەین، ئەوا لە یەکەم ئاستا زۆر بە کەمی هاوتەباییەک لە نێوان ئەم دووانەدا دەبینین، ئەم دووانە تا سەری ئێسقان دژایەتی یەکتری دەکەن، لەلایەکی تریشەوە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ئەم دووانە بە هیچ شێوەیەک لە یەکتری ناچن، بەڵام لە تیۆری ئادۆرنۆ پێوەندی نێوان ئەم دووانە لە رێگەی دیالەکتیکی نەگەتیڤەوە لێک دەدرێتەوە، لەلایەکی تریشەوە پیشەسازی کولتوور لە هەندێ رووەوە چەند روویەکی




دڵخۆشکەرانە لەبارەی هونەری حەقیقییەوە بە دەستەوە دەدات، ئەوەش نیشانەیەکە بۆ پێوەندییە مێژوویەکەی نێوان ئەم دووانە . ئەگەر هاتوو ئێمە لە بەراوردکردنی هەردوو شێوە بەرهەمەکە لای ئەوانە گەڕاین کە مەبەستیانە و بەرەوپیری دەڕۆن بەدووی هەردوو بەرهەمەکەدا وێڵن، ئەوا جیاوازی نێوان هونەری سەربەخۆ و هونەری ناسەربەخۆمان بۆ دەردەکەوێت، ئەو شتەی دەبێتە هۆی سەرنجڕاکێشان و بەرەوپیرچوونی پیشەسازی کولتوور، پێ دەچێت بڕێکی زۆری لەو یەکبوونەدا خۆی حەشار دابێت کە پێی دەوترێ ئازادی (کاتی ئازاد و پشوودان). سەرەڕای ئەو جیاوازییە قووڵەی لە نێوان ئایدیۆلۆجی مشتەری و ئیستاتیکیای سەربەخۆدا هەیە، هەردووکیان بەپێی شێوازیی خۆیان لە بیرکردنەوەی ئازاد لە هونەردا دژ بە خۆجووتکردن و کۆت و زیجیرن.

ئەم لایەنە نەگەتیفەی دوولایەنەی دیالەکتیک وا دەکەن لە ڕێگەی تیۆرەکەی ئادۆرنۆ لە بواری خەیاڵ لە هونەردا خۆیان بنوێنن. یەکێک لە سیفەتە دیارەکانی ئەو هونەرەی مافی بوونی هەیە، ئەوەیە کە ئارەزووی جیهانێکی باشتر دەکەن، جوانییەکەی خۆشییەکە و دەرکەوتنێکە لە خەیاڵەوە. هەروەها بیری کاری هونەری وەکو دروستبوونی مرۆڤ ، دەکرێ لەم ڕووناکییەوە ببینرێ، مرۆڤ مافی هەیە هونەر لەگەڵ خەونی ڕۆژانە بەراورد بکا، ئەو خەونەی تێیدا جیهانێکی جوانتر دەبینێ، ئەم بۆچوونەش بۆ ئەو حیکاتانە راستن کە پڕن لە فەنتازیا و خەیاڵ و ئەوانیش تێیدا ڕۆڵێکی مەزن دەگێڕن، هەروەها ئەدەبیاتی ڕۆژانەش پڕە لە شتی خەیاڵی. مەبەست لەو ئەدەبیات و نووسینانەن کە ڕۆژانە لەناو وتارەکاندا دێنە بەردەستی مرۆڤ بە مەبەستی سەرقاڵکردنی خەڵکی، هەر بۆ نموونە باسکردن لە خۆشبەختی و جیهانی بێ گرفت و دەوڵەمەندی.

ئەمەش بەرەو ئەو ئامانجەمان دەبات کە ئێمە چاوەڕوانی دەکەین، ئادۆرنۆ مەبەستی نییە جەخت لەسەر لایەنە خەیاڵییەکانی پیشەسازیی کولتوور بکات یان بەکەمی دانێ. نارەزاییی ئادۆرنۆ بەڕاستی بەرامبەر بە بیری پیشەسازی کولتوور لەو خاڵەدایە کە ئەم پیشەسازییە بە شێوەیەک خۆی دەستنیشان دەکات کە ببێتە هۆی تەقاندنەوەی حەزەکانی مرۆڤ بەرەو خۆشبەختی، بەجۆرێک ئەو حەزانە دەورووژێنێ کە هەر جۆرە رەخنەگرتنێ بێ سوود بکات.

بەدەرکەوتنی لایەنە خەیاڵییەکان لە پیشەسازی کولتووردا بۆ کەسێکی وەکو ئادۆرنۆ نابێتە

هۆی نرخاندن بەشێوەیەکی مەزن، بگرە دەبێتە هۆی ئەوەی دووبارە ئەو بۆچوونانە ڕێک بخاتەوە کە تایبەتن بە خەیاڵ لەناو هونەردا . کەواتە مەسەلەی کاریگەریی پیشەسازی کولتوور بۆ سەر چێژی خەڵکی ئاسایی بە شتێکی ئاسایی لە قەڵەم دەدا و پێشی ئاساییە ئەگەر هاتوو خەڵکی لەژێر کاریگەریی ئەو خەیاڵەدا کار بکەن.

لە پاش ئەو هەموو بۆچوونانەی ئادۆرنۆ لەمەڕ مەسەلەی پیشەسازیی کولتوور بەوە دەگەین کە پیشەسازیی کولتوور سەرتاپا ناڕاستییە و جێگەی ڕاستەقینەی تێدا نییە، ئەو شتە بەنرخەی ئادۆرنۆ لە پیشەسازی کولتووردا هەستی پێ دەکات، ئەوا بەردەوام بە هەمان هەناسە دەیڵێتەوە، بەم جۆرە پیشەسازیی کولتوور هەیە، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە کولتوورە ڕەنگدانەوەکەی لەو کۆمەڵگایانەدا دەدۆزێتەوە کە خۆی تێیدا دروست بووە و خۆشیان ئارەزووی ئەم جۆرە پیشەسازییە دەکەن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە خوودی ئەو کۆمەڵگایانە خۆیان بەپیری ئەم جۆرە کولتوورانەوە دەچن. کاتێک ئادۆرنۆ جیاوازی دوولایەنە لەمەڕ پیشەسازی کولتوور و هونەری حەقیقی دەخاتە ڕوو لەم خاڵەدا هەست بە تاوان دەکات، کە پێشتر خۆی بەدوو زاراوەی ئەڵمانی ناوی لێ ناون: (spiebbürgerkich) و (oberlehrerhaft).

ئەگەر ئێمە لێرەدا بمانەوێ بەشێک لە هونەری پاین لە ڕستەیەکی بەرینتردا بەکار بێنین، ئەوا شێوەی جیاواز دەردەکەوێ. ئادۆرنۆ ئەم دەرکەوتنە لە پرسیارێکی گەورەتردا شی دەکاتەوە کە دەتوانین پێی بڵێین هونەر ئاوڕدانەوەیە لە ڕاستییەکان و پشتگیریکردنی ئەو پایەگانە نییە کە هونەری حەقیقی لەسەر وەستاوە. لە بۆچوونەکانی ئادۆرنۆ لەبارەی پێوەندی هونەری ساختە و پیشەسازی کولتوورا ئەو بۆچوونە هەیە کە ئەم دووانە هەندێ جار لە یەکتری دەچن، کەچی خۆ لە ڕاستیشدا پێشتر ئەمانە دژ بە یەکتری بوون.

بۆ نموونە ئەو بۆچوونەی ئادۆرنۆ لە بارەی هونەری ساختەوە (یاخۆ هونەری خراپ و هەرزانبەها) بەرەو ئەو بۆچوونەمان دەبات، کە دوودڵ بین، ئاخۆ تۆ بڵێی مەبەست لە هونەری خراپ هونەری ساختە ئەو هونەرانە بێت کە هیچ مانایەکی ڕوحی لەگەڵ خۆیاندا نادەن بەدەستەوە، تەنیا دووبارەکردنەوە و خراپکردنی حەز و ئارەزووەکان بێت، یان مەبەست لە هونەری شێواندن و تێکدان بێت. ئادۆرنۆ زۆر بە ئاگادارییەوە حوکمی بەسەر ئەو شێوە هونەرانەدا دەدا و نەشیدەوێرا لە پشتی ئەو دەرگایانەوە بوەستێ کە چراکانی حەقیقەتی ئەم هونەرانەی تێیدا هەڵکراون و ڕایان دەگەیەنێت. ئەمەش وا پێ دەچێت نارەزاییەک بێت دژ بەو ڕاگەیاندنەی کە هونەر لەبارەی خراپە و چاکەوە ڕای دەگەیەنێ، بەڵام ئەو هونەرە خراپێکی باشە یان باشێکی خراپە. ئادۆرنۆ کاتێک باس لە هونەری خراپ و باش دەکات، لە هەمان کات باس لە دوو شێوە هونەریش دەکات، هونەری باڵا و هونەری پایین ، لەژێر هەریەک لەم دوو هونەرە پیشەسازیی کولتوور و و هونەری حەقیقی دانراوە، پشەسازیی کولتوور لەژێر خانەی هونەری پایین و هونەری حەقیقی لە ژێر خانەی هونەری باڵادا دانراوە. ئەو پێی وایە یەکەمیان هونەری باڵا

کە لە خوارەوەیە هەندێ سیفەتی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەو سیفەتە وا لەو هونەرە دەکات لەوی تر جیاواز بێت، پیشەسازیی کولتوور کە بە هونەری پایین دایەنرێ سیفەتەکەی ئەوەیە تەقینەوەیەکی ئابوورییانەی هەیە و بەپێی پلانیش بەڕێوە دەڕوات و دیموکراتیەتێکی درۆزنانە و سەرتاپاگیرییەکی ساختەی هەیە و عەقڵیش بەشێوەی ئامێر لەوێدا کار دەکات، بەڵام هەرچی هونەری حەقیقی هەیە دژ بە دەسەڵاتە شووشەییەکانە و خاوەن ئازادییە و زیاتر لایەنی مرۆڤی هەیە و شێوەی عەقڵ و بیرکردنەوەشی رەخنەگرانەیە.

لایەنی باڵا و لایەنی پاینی هونەری هۆیەک بووە لەو هۆکارانەی وای لە ئادۆرنۆ کردووە بە چاوێکی گومانەوە تەماشای هەموو ئەو داهێنانە بکات کە لە بواری هونەر و داهێنانی هونەریدا بەرپا دەکرێت باس لەو هونەرانەش بکات کە رۆژ لە دوای رۆژ و بە پێی گۆڕانکارییە گرینگەکان لە گۆڕەپانی ژباندا جێگای خۆیان دەکەنەوە. ئادۆرنۆ لە لێکدانەوەیەک لە بارەی پیشەسازی کولتوورەوە زۆر شیلگیرانە جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە پیشەسازی لەناو خودی داهێناندا دەبێتە هۆی وێرانکردن و ئێسکگرانکردنی ئیستاتیکیای هونەر. ئادۆرنۆ لەناو پیشەسازیی کولتوورەوە دەچێتە ناو پیشەسازیەکانی ترەوە و دەیبەستێتەوە بە شێوەکانی تری بەرهەمهێنان و بازار و کاڵا و کڕین و فرۆشتن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە بەراوردکارییەکانی لە هەردوو بازاڕدا دەسوڕێنەوە، ئەو بازاڕەی کاڵا هونەرییەکان دەشێوێنێ و هونەر گەرم دەکات و باشیەک بە باشەکان دەبەخشێ و خراپەکانیش خراپ دەکات، هەر لە پاڵ ئەمەش ژمارەیەکی زۆر لەو سەرچاوانەی لە بەردەستدان قسە لەسەر ئەوە دەکەن کە ئادۆرنۆ کاتێک باس لە لایەنەکانی بەرهەم دەکات (جا هەر چ بەرهەمێک بێت، بەرهەمی هونەری یان بەرهەمی کارگە و کاڵاکان) دەڵێت هەر بەرهەمێک خاوەن لایەنگیرییەکە، جا چ ئەو لایەنانە نەرێنی بن یاخۆ ئەرێنی، هەروەها دەشنووسێ، بەرهەمە یەک مەوداییەکان جیاوازکارن و لە رووی چالاکییەوە زۆرپراکتیزترن و خاوەن ئایدیۆلۆجیان و خەیاڵ و واقیع تێکەڵ دەکەن، هەروەها لە رووی کۆمەڵایەتییەوە خۆیان دەگونجێنن، حەز بە پێوەندی و وتووێژ دەکەن، هەر لە بەرامبەر ئەمەش دژن و سەربەخۆن و چالاک نین و لە رووی کۆمەڵایەتییەوە ناگونجێن و نامۆن، هەروەها رەسەنن و حەزیان لە پێوەندی و وتووێژ نییە.

هەر ئەمەش نا بگرە لە یەکێک لە گەورەترین لێکدانەوەکانی ئادۆرنۆ لە کتێبی پیشەسازیی کولتوور چاومان بە زۆربەی ئەو پارچە نووسینانە دەکەوێت کە لەبارەی پیشەسازیی کولتوور و کولتووری بە کۆمەڵ نووسیوونی، ئەو کتێبە بەو بەسەرهاتە دەست پێ دەکات، کە هونەری مۆسیقا مەودایەکە دەتوانێ لەناو هەموو هەستێکا ئامادە بێت. هەروەها باس لە کارەکتەری وەهمی لەناو مۆسیقادا دەکات و باسی کەمبوونەوەی گوێگر لەم بوارەوە دەکات. لە ساڵانی ١٩٣٨ ئەم کتێبە بە قسەکردن لەسەر مۆسیقا و کاریگەرییەکانی لەسەر هۆشی مرۆڤ دەستی پێ کرد، هەروەها بەو پێویستییانە دەستی پێ کرد، کە پێویستە هەبن بۆ لێکدانەوەکانی مرۆڤ لەبارەی شێوەکانی

بیرکردنەوە و لێکدانەوە و دووبارەکردنەوەی هۆکارەکانی بە جەماوەربوونی هونەر و هۆکانی دوورکەوتنەوەی جەماوەر لە هونەر. هەروەها لەم کتێبەدا بە تایبەت لە کۆتاییەکانیدا چەند کورتە بەشێک لەسەر ئەو بابەتانە دەبینین کە تایبەتن بە دەوڵەت و تەلەڤزیۆن و هونەر و فیلم و ساتەکانی دەستبەتاڵی.

## ئادۆرنۆ و کۆمەڵناسی

ئەو سەردەمەی ئادۆرنۆی تێدا بوو، سەردەمێک بوو لە رووی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان گەلێک گۆڕانی بە پەلە روویان دەدا، هەر لە پەیدابوونی سیستەمە سۆسیالیستەکان و پەیدابوونی نازیزم و ستالینیزم تا سەرهەڵدانی شەڕی جیهانیی دووەم، دیارە لەم کاتە ناسکەدا گەلێک گۆڕانکاریی خێرا لەسەر ئاستە جیاجیاکانی کۆمەڵایەتی روو لە سەرهەڵدان بوون، پەیدابوونی تیۆرە نوێیەکانی کاری سۆسیۆلۆجی بۆ ئادۆرنۆ وای کردبوو، لە مامەڵەکردن لەگەڵ تیۆرە هەمەجۆرەکانی بیری سۆسیۆلۆجیدا سەرسام بێت، سەرەڕای ئەوەی دامەزراندنی قوتابخانەی فرانکفۆرتیش بۆ ئەو شێوەیەکی تر بوو لە دۆشدامان، هیگڵ و مارکس بەو هەموو تیۆر و داهێنانەیان لە بواری کۆمەڵگە و پێوەندییەکانی نێوان کۆمەڵگە و کاریگەرییەکانی دروستبوونی چین و توێژەکان بۆ خۆیان لەو سەردەمەی ئادۆرنۆدا کاریگەرییەکی مەزنیان لەسەر بیری کۆمەڵناسیدا هەبوو، هەروەها چەندان داهێنەر و لێکۆڵەرەوەی مارکسیستیش لەو سەردەمەدا پەیدا بوون، بۆ خۆیان کاریگەرییان بە سەر ئادۆرنۆوە هەبوو، کەسێکی وەک جۆرج لۆکاش بە تیۆرە فیکری و ئایدیۆلۆجی و فەلسەفییەکانی توانی ببێتە سەرچاوەی بیرکردنەوە و لێکدانەوەی زۆر لەو نووسەر و داهێنەرانەی ئەو سەردەمەی ئادۆرنۆ و ئادۆرنۆ خۆشی.

لۆکاش پاش خوێندنەوەی مارکسیزم زۆر لە بڕوا و بۆچوونەکانی ئەوی لە بواری بیری کۆمەڵناسی و لێکدانەوەی رەخنەییدا لێکداوەتەوە و لەژێر ناونیشانی شێوەیەک لە لێکدانەوەی مێژوویانە ئەو کونوکەلەبەرانەی تەی کردووە کە تێدا وردەکارییەکان دەرخراون، (هەروەها زۆر لە ناوەڕۆکەکانی مارکسیزم و زۆر لە ئەندێشەکانی ئەوی لە دوایدا لەژێر ناونیشانی (تیۆری رەخنەیی) دا شی کردووەتەوە)[1]. بەم شێوەیە لۆکاش کاتێک رێبازی خۆی هەڵبژارد لە ژێر کاریگەریی گۆڕانکارییە مێژووییەکان و لەژێر کاریگەریی هیگڵ و مارکسدا تیۆرە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی گەشە پێ دا، (لەناو دەزگای بیری لۆکاشدا بیری یونیڤێرسێڵ (واتە گشتێتی) گرینگییەکی تایبەتی هەبوو – ئەو گشتێتییەی کە کۆمەڵناسی و ژیان گشتێکی گونجاو پێک دێنن – ئەو چەمکەی کە نیشانە و قوربانی بنەچەی پۆست مۆدێرنیزم پێک دێنن)[2]. لای لۆکاش مەسەلە سیاسییەکان ئەوەندە جێگەی گرینگ نین و ئەوەندەش پابەند نییە بە هەندێ زاراوە و چەمکی دەمارگیریی ئایدۆلۆجییەوە، بگرە لای لۆکاش تیۆر و مێژوو تێکەڵی یەکتری دەبن ، تیۆر بەرئەنجام و هێزی جوڵێنەری مێژووە ــ ئەو بیرەی لە بنیاتگەری و پۆست مۆدێرنیزمدا ونبووە)[3]. مێژوو

لای لۆکاش وەکو ئامێرێکە هەڵدەستێ بە گواستنەوەی تیۆرەکان و، بەرەو ئەو جێگەیە کە مەبەستێتی و ئەو جێگەیەی هەوڵی جێبەجێکردنیان دەدات ڕێنوێنییان دەکات و کەم تا زۆریش لەناو بازنەی بیری ئایدیۆلۆجیدا هەردووکیان کار دەکەن، لۆکاش بەهۆی کاریگەری و کارکردنی لەژێر کاریگەریی بیری سۆسیالیستیدا هەندێ جار مەسەلەکانی ململانێی چینایەتییەکان دەبنە هۆی ونبوون لەناو مەودایەکی تایبەتدا .

سێ زاراوە و چەمکی زۆر گرینگ هەن لۆکاش بۆ لێکدانەوە سۆسیۆلۆجیەکانی بەکاریان دەهێنێت و ناشتوانێ دەستبەرداری ئەو سێ زاراوە بێت کە ئەویش هەرسێ چەمکی (گشتێتی Totality، بتخوازی کالا، بەشتبوون reification ە. مەبەستی لۆکاش لە گشتێتی ئەوەیە دەبێت ئێمە کۆمەڵگە وەکو گشتێکی هەمەلایەنە بناسین نەک تاک تاکی دیاردە و شتەکان، هیچ کاتێک شتێک بە تەنیا مانایەک ناگەیەنێت و بە تەنیاش نابێتە ئەو شتەی کە دەمانەوێ، سەرەڕای ئەوەش هیچ کاتێک ناتوانی تیۆرێ یاخۆ ڕێبازێکی تایبەت بە لێکدانەوە کۆمەڵناسییەکان بکرێنە سەنگی مەحەک بۆ هەموو لێکدانەوەکان، بۆیە شێوەی پێوەستخواستی هەموو شتەکان لەناو یەک بازنەی داخراوی تیۆرە جۆراوجۆرەکاندا مانایەکی بەرفراوان و راستتری دەبێت، وەک لە بەکارهێنانی یەک تیۆر و یەک لێکدانەوە. (بۆیە دەبێ کۆمەڵناسی بە شێوەی ناسینێکی گشتی بە ئەنجام بگات، نەک بە ناسینی بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگە. من ناتوانم دەرک بە ماهیەتی خێزان بکەم، تەنیا لەو حاڵەتەی کە لە پێوەندییەکانی بگەم کە لە نێوان ئابووری و دەوڵەت و سیستەمی فێرکردن و ئەو شتانەی کە لەوانە دەچن هەیە؛ من ناتوانم بە لێکدانەوەی جوودای خێزان، بتوانم ئابووری و دەوڵەت و ئەم پێوەندییانە ئاشکرا بکەم _ دەبێ ئەو شتانە لە گشتێتیدا لێک بدەمەوە. لۆکاش لە جێگەیەک دەڵێت، چەمکی گشتێتی گرینگترین چەمکی سیستەمی مارکسیزمە)(٤). لۆکاش بە سوودوەرگرتن لە چەمکی مارکسیزمی گشتێتی شیکردنەوەیەک لەسەر سیسەتەمی سەرمایەداری پێشکێش دەکات، لەبارەی هەموو مەودا و شێوە و پێوەندییەکانییەوە، بەو سیفەتەشی کۆمەڵگەی سەرمایەداری گشتێتییەکی هەمە لایەنیە بۆیە بواری ئەوە هەیە لەو روانگەیەوە لە کۆمەڵگە بگەین، جۆرج لۆکاش زۆرجار بۆ پێشکێشکردنی مەودا تیۆرییەکانی پشتی بە سەرچاوە بنەڕەتییەکانی مارکسیزم بەستووە، وەک سوود وەرگرتن لە کتێبی سەرمایەی کارڵ مارکس و گەڕانەوە بۆ میتافیزیقی هیگڵ و پشتبەستن بە لێکدانەوە سۆسیۆپۆلیتیکەکانی ئەو سەردەمە، بۆ نموونە لە باسکردنی زاراوەی دووەم گرینگی بە مەسەلەی شیکردنەوەکانی کۆمەڵگە دەدات و باس لە فیتیشیزمی کالا دەکات، ئاخۆ مەبەست لەم زاراوەیە چییە، وەکو وتمان ئەم زاراوەیە لە بناغەوە لە بەشی یەکەمی کتێبی سەرمایەی کارڵ مارکس وەرگیراوە کە ساڵی ١٩٦٧ نووسیوویەتی، مەبەست لەم زاراوە ئەوەیە کە کالا ناچوونیەکەکان دەکرێ لەگەڵ یەکتریدا بگۆڕدرێنەوە، لێرەوە لەم بۆچوونەوە بەهاکانی نرخ و توانا و هێزمان بۆ دەردەکەوێت، دەشتوانین بەهای هەر کالایەک دیاری بکەین و پێویستییەکانیشی دیاری بکەین، بەڵام ئەوەی وای لە لۆکاش کردووە ئەم زاراوە

بەکار بێنێت ئەوەیە کە ئەم دوو زاراوەیە و ئەو زاراوانەی کەش هۆکارن بۆ دەستنیشانکردنی حەز و سیفەتەکانی مرۆڤ، بەپێی بۆچوونی لۆکاش لە دیاریکردنی سیفەتەوە دەکرێ دەستنیشانی پێوەندی و ئارەزووەکان بکرێت، هەر لێرەوە دەگەینە زاراوەی بەشتبوون، ئەم زاراوەیەش لۆکاش پێوەستی دەکات، بە زاراوەکانی پێشووەوە واتە گۆڕینی هەست و پێوەندییەکان لە کۆمەڵگە سەرمایەدارەکان بۆ شێوەیەک کاڵا و شمەک، واتە گۆڕینەوەی مرۆڤ دەبێتە شێوەیەک لە پێوەندی بازاڕ.

زۆربەی ئەو بۆچوونانەی لۆکاش لەبارەی مەسەلەی کۆمەڵناسیدا شێوەیەکە لە دژایەتیکردنی کۆمەڵگەی مۆدێرنیزمی پیشەسازی، لۆکاش دژ بە سیستەمی بازاڕی سەرمایەداری نییە، بگرە دژبە شێوە مۆدێرنیزمەکەیەتی، ئەم دژایەتییە لەلای زۆربەی نووسەر و لێکۆڵەرە و فەیلەسووفان بە شێوەی جۆراوجۆر دەرکەوتووە، هەروەها دانەرانی بنیاتەکانی کۆمەڵناسیش بە شێوەی هەمەجۆر دەڕواننە مەسەلەی کۆمەڵناسی هەر بۆ نموونە (لای مارکس بە شێوەی لەخۆبێگانەبوون و لای دورکهایم بە شێوەی بێ شێوازی و لای فیبەر سەرخوردەگی. لە بەرهەمەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت ئەم دیمەنە سارد و بێ ڕوحە بۆ یەک کابوس گۆڕا: دنیای کۆمەڵایەتی بۆ زەبەلاحێکی ئەلکترۆنی گۆڕا، بە خواردنی بەشەکانی لەشی خۆی سکی خۆی تێر دەکات. .... دەزگای لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتیی فرانکفۆرت بەناونیشانی سەنتەرێک بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە سۆسیالیستییەکان ساڵی ١٩٢٣ بنیات نرا، واتە لە هەمان ئەو ساڵەی کە کتێبی مێژوو هۆشیاریی چینایەتیی لۆکاش بۆ یەکەمین جار بڵاو بووەوە.)[٥] بەم شێوەیە ئادۆرنۆش وەکو یەکێک لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی فرانکفۆرت لەگەڵ هۆرکهایمەر و مارکوز لە سیما دیارەکانی ئەم قوتابخانەیە بوون و لەژێر کاریگەرییە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە پەراگەندە بوون و هەریەکەیان بەلایەکدا کەوتن، ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە ئادۆرنۆ لەگەڵ کۆمەڵێ لە هاوڕێیانی ناو قوتابخانەی فراتکفۆرت لە نووسین و لێکدانەوە ئابووری و سیاسییەکانی بەردەوام بوو.

شێوازە عەقڵییەکان instrumental reason ناوەڕۆکێکە لە زنجیرەیەک کتێبدا لێک دراوەتەوە، گرینگترین ئەو کتێبانە دیالەکتیکی ڕۆشنبیری ١٩٧٢ ، بەرهەمی ئادۆرنۆ و هۆرکهایمەرە پێکەوە بوو، هەروەها کتێبێکی تری هۆرکهایمەر بە ناونیشانی (ئاوابوونی عەقڵ ١٩٧٤)ە ، لەگەڵ کتێبەکەی هربرت مارکیوزە بە ناونیشانی مرۆڤی یەک مەودایی ١٩٦٤، ئەم نووسینانە و ئەم هەوڵدانانە وەڵامدانەوەیەک بوون بۆ هەموو ئەوانەی کە چاویان بڕیبووە هەوڵەکانی ئەم زاتانە لە بواری لێکدانەوە سۆسیۆلۆجییەکانیان و ئەو هەوڵانەی دەیاندا بۆ پێگەیاندنی بیر و هەستە نووستووەکانی سەردەمی خۆیان. ئادۆرنۆ لەگەڵ دۆرکهایمەر زۆر بە قووڵی هەوڵیان دا ئەو شتانە شی بکەنەوە کە بە مەسەلەی ململانێکانی مرۆڤ لەگەڵ گۆڕانکارە مێژوویی و ئابووری و سیاسییەکان وابەستە بوون، لە نووسینێکیدا دەڵێت، دەبێ مێژووی جیهان دروست بکرێتەوە و ئینکار بکرێ... بێگومان ئادۆرنۆ ئەوەندە ڕووداوە دڵتەزێنەکان سەرقاڵ و تووڕەی کردبوون، داوای

چاوخشاندنێکی قووڵی لە مرۆڤ دەکرد چاوخشاندنێک بۆ ئەوەی دووبارە چاو بەو مەسەلانەدا بخشێنێتەوە کە باس و لێکۆڵینەوەی لەسەر کردوون، نەک ئەمەش بگرە ئەوەندە لە رووداوەکان تووڕە بوو دەیگوت، مێژووی مرۆڤایەتی رۆیشتن لە دڕندایەتییەوە بۆ مرۆڤایەتی نییە، بگرە رۆیشتنە لە تیر و کەوانەوە بەرەو بۆمبی مەگاتۆنی.

ئادرنۆر و هۆرکهایمەر باسی هەمەجۆرەیان لەمەڕ تیۆر و مەسەلە تیۆرییەکان کردووە، هەروەها باسی هۆکارەکانی گۆڕان و شێواندنی کولتووریشیان کردووە و سەڕەرای ئەوەش کەم تا زۆر لەو بابەتانە کۆڵیونەتەوە کە تایبەت بوون بە کاریگەریی و پاڵەپەستۆ دەرەکییەکان بۆ سەر مرۆڤ لەلایەک و بۆ سەر کولتوور لەلایەکی ترەوە، کاریگەریی زۆر و پاڵەپەستۆ یەکێکە لەو هۆکارانەی وا لە کولتوورێک دەکات بێ ئەوەی خۆی بە خۆی بزانێت ببێتە کولتووری توندوتیژی، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو کاتەی ئادۆرنۆ لە ئەمەریکا دەبێت، بەهۆی پێویستییەکانی ژیان، زۆر بابەتی جەماوەری و کۆمەڵایەتی بڵاو دەکاتەوە، هەندێک لەو بابەتانە دەچنە قالبی بابەتی کۆمەڵناسیی سەرپێی بە تایبەت کارکردنی لە پڕۆژەی رادیۆ و بڵاوکردنەوەی بەرنامەی رادیۆیی کە تێیدا مۆسیقای ناجەماوەری بڵاو دەکردەوە، هەروەها ئەو ساتەشی لە ئەمەریکا بوو زۆر کاتی خۆی بۆ پڕۆژەی بیری دژ بە جولەکە تەرخان کردبوو، یەکێک لە هەرە پڕۆژە گەورەکانی کە پاشان لەناو کتێبێکدا بە ناونیشانی (کەسایەتی دەسەڵاتخواز) بڵاو کردەوە، کۆمەڵێ چاوپێکەوتنی پڕۆژەئامێزی تێدایە لەمەڕ بڵاوبوونەوەی بیری دژ بە جوو، هەروەها رای جەماوەر لەبارەی ئەو بیرە و ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی دروستبوونی ئەم بیرە، بۆ نموونە لەم کتێبەدا بەشێکی بۆ ئەوە تەرخان کردووە کە بپرسێت، ئاخۆ دژە ـ سیمیتیزم (لێرە مەبەست لە بیری جووە و دژایەتیکردنی جوولەکەیە) بۆچی؟ وەک سەرەتایەک دەچێتە ناو باسەکەیەوە، هەروەها لە رووی سایکۆلۆژی و سیاسەتەوە ئەم بیرە لێک دەدانەوە، بیری دژ بە جوو لەو کاتەدا لە رێگەی بیرە هەمەجۆرە فەلسەفی و ئاینی و سیاسییەکانی ئەو سەردەمەدا پەرەی پێ درابوو، لەلای چامپرلاین و رۆزنبێرخ وهیتلەر، ئەوان بڕوایان وابوو کە پەیدابوونی جوولەکە کلیلی هەموو شتێکە. هەروەها لەو کتێبەدا ئادۆرنۆ باس لە دوو شێوە جوولەکە دەکات، لە هەندێ جێگە ناوی لێ دەنێت جوولەکەی سپی و هەندێکیش جولەکەی رەش، لێرەش مەبەستی لە جولەکەی باش و خراپە، لەو چاوپێکەوتنانەدا زیاتر بەناو باسی جولەکەدا شۆڕ دەبێتەوە و باس لەو چاوپێکەوتنانە دەکات کە پێوەستن بە باسەکەیەوە، باس لە ژان و خراپیەکانی دژ بە جوولەکایەتی دەکات و ئەو هۆکارانەشی لە ئەنجامی ئەم دژایەتیکردنە دێنە کایەوە هەر لە وێرانکاری و کوشتن و ماڵوێرانی تا بە ئایدیۆلۆجیکردنی شەڕی دژ بە جولەکە و بە شەرعیکردنی کوشتنی جوولەکە و پاشان دێتە سەر باسی شەرعیبوونی بەمرۆڤبوونی ئەوان و ژیانی ئاسایی وەکو هەر هاووڵاتییەک و مرۆڤێک.

بەگشتی ئەم کتێبە لەگەڵ ئەو هەموو چاوپێکەوتنانەی کردوونی هەرچەند بۆ خۆی پڕە لە پڕوپاگەندەکردن بۆ جولەکە و مەسەلەی زوڵم دژ بە جولەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ پرسیاری

گرینگ دەورووژێنێ، هەر لە پرسیارە ئاساییەکانی ڕۆژانەی هاووڵاتی و بیر و بۆچوونی بیرکردنەوەی لەمەڕ بە هاووڵاتیبوون و پێکەوە ژیان، تا دەگاتە مەسەلە گرینگەکانی سیاسەت و ئایدیۆلۆجیا و بیر و کردەوە.

سەرەڕای ئەو بابەتانەی سەرەوەش لە کتێبی (دەسەڵاتی تاکەکەس) چەندان بابەتی تر دەبینین لەبارەی مەسەلەی ئاین و ئایدیۆلۆجیا و سیاسەت و ئابووری و شێوەکانی ناتەواویی دەروونی و کۆمەڵایەتی و تاوانبارێتی و دژەدیموکراتی و سایکۆلۆجییەتی.

هەرچەندە ئادۆرنۆ وەکو یەکێک لە ئەندامانی قوتابخانەی فرانکفۆرت، لەگەڵ بۆچوونی کانت هاوتەبا نەبوو، سەرباری ئەوەش بڕواشی بە بیری پۆزەتیفیزم نەبوو، ئەو پۆزەتیفیزمەی کە کانت داهێنەری بوو، کانت کاتێک بیری پۆزەتیفیزمی دانا بڕوای وابوو کۆمەڵناسی بە ئێمە دەڵێت لە واقیعدا کۆمەڵگە چۆنە، قوتابخانەی فرانکفۆرت بڕوایان بەم دیدە نەبوو، لەبەرئەوەی ئەوان پێیان وابوو ئەم بیرە دەبێتە هۆی روانینی هەڵچووانە بەرامبەر بە جیهان. لەم دیدگایەوە جیهان وەک دەسکەوتێکی مرۆڤانە نابینرێ، بگرە وەک واقعێکی دەرەکی دەبینرێ.



بەم جۆرە ئادۆرنۆ هەوڵی دا ئەو دیدگایانە بخاتە روو کە تێهەڵکێشێکن لە بارەی کۆمەڵناسی و سایکۆلۆجی و فەلسەفی بۆ لێکدانەوەی پێوەندی نێوان مرۆڤ، واتە لێکدانەوەی مرۆڤ هەروا سەرپێیانە لای ئادۆرنۆ بەڕێوە نەچووە، بگرە بەردەوام هەوڵی داوە بگاتە سەر رەگی لێکدانەوەکان و زۆر وردبینانە لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ورد بێتەوە، بۆیە دەبینین بەشی زۆری کارەکانی ئادۆرنۆ بە دەوری کولتووردا دەسوڕێتەوە ، بەشێکی زۆری کاری چالاکی ئادۆرنۆ بریتی بووە لە گرینگیدان بە مۆسیقا و کولتووری گشتی، هەرچەندە پێڕەوانی قوتابخانەی (فرانکفۆرت) بڕوایان بەوە نەبوو کە کۆمەڵگە بەهۆی ناکۆکییە ئابووری و بنیاتییەکان لە یەکتری هەڵوەشاوەتەوە و، یەکپارچەیی سەرکەوتوانەی تاک دەبێتە مەسەلەیەکی سەرەکی..)(٦).

بڕوابوونی ئادۆرنۆ بە هێزی مرۆڤ، توانایەکی مەزنی تاکایەتیی گەورەی بە کارەکانی ئادۆرنۆ بەخشیبوو ـ بڕوابوون بە هێزی تاک تەنانەت بووبووە شێوەیەک لە سیفەتی دیاری ئادۆرنۆ، لەسەر

ئاستی کۆمەڵایەتیش ئادۆرنۆ بەشێک بوو لەو فەرهەنگە کۆمەڵایەتییەی کە نەیدەتوانی بێ دەستنیشانکردنی هێزی تاک، لە هێزی کۆمەڵگە بکۆڵێتەوە. (ئادۆرنۆ لە ساڵانی ١٩٥٠ و ١٩٦٠ دەنووسێ – دەتوانین ئەم ڕێنوێنیکردنە بخەینە روو، هەر سیستەمێ ئەگەر هاتوو توانا بنەڕەتییەکانی مرۆڤی نەفی کرد ئەوا نائاسایشی دەخولقێنێ)(٧).

ئەمەو لەبارەی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان لە زۆر لە نووسینەکانی چاومان بە شێوەی لێکدانەوەی فیکری و پێوەندییەکان دەکەوێت، هەر هەمان مەسەلەش لای ئادۆرنۆ لە کتێبی (کەوتنە خوارەوەی ئەستێرەکان ١٩٧٥) دەبینین کە چۆن باس لە کولتووری گشتمان بۆ دەکات و رەخنەش لە کولتووری گشت دەگرێت.

لەراستیدا ئادۆرنۆ لە رووی کارکردنی لەناو قوتابخانەی فرانکفۆرت، دیسان وەکو زۆربەی ئەوانی تر کەوتە بەر هێرشی رەخنەگرانەوە، ئەویش لەلایەن دووبەرەی رەخنەگرانەوە یەکەم لەلایەن مارکسیست و دووەم لەلایەن لایەنگرانی پۆزەیفیزمەکانەوە، هەروەها زۆربەی کارەکانی ئادۆرنۆ لەناو قوتابخانەی فرانکفۆرت لە شێوەی تیۆریدا پەرەی دەسەند و ئەو بوارەی نەدەدا ئەم رەخنانە لە شێوەی پراکتیزەکردندا گەشە بکەن، ئەمەش وای کردبوو تیۆرخواز بێ زیاتر لەوەی پراکتیزخواز، کارەکانی بواری رەخنەی کۆمەڵناسی ئادۆرنۆ دەبێتە هۆی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی رەخنە هەڵگر، بۆ نموونە ئەو کارانەی لەناو بنیاتی بیری ئادۆرنۆوە پێوەندییان بە مەسەلەی رەخنەگرتنی کۆمەڵایەتی و دووبارە بنیاتنانەوەی کۆمەڵایەتی هەبوو، زۆر کەم بوون ،سەرەڕای ئەوەی زۆربەی ئەو سەرچاوانەشی لە بەردەستن لەمەڕ کارەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت، زۆر شێلگیرانە لەناو جوغزی تیۆرێکی پەتیدا دەسوڕێنەوە، ئەمەش بۆ خۆی هۆیەک بۆ نەهاتنەدی بنیاتێکی پتەو لە شیکردنەوە کۆمەڵایەتییەکان دروست دەکات.

کەواتە دەتوانین بڵێین قوتابخانەی فرانکفۆرت لە بواری مەسەلەی کۆمەڵناسیدا خاوەنی شوناسنامەیەکی ئاشکرا و روون نەبوو، ئەگەر کارەکانی هۆرکهایمەر و تیۆدۆر ئادۆرنۆ و هاوەڵانی بەشێک لە پرۆسەی کۆمەڵناسی پێک بێنن، بەڵام لە رووی دەستنیشانکردنی هێڵێکی ئاشکرای ئایدیۆلۆجی تا ئێستا ئاشکرا نین، ئەگەر هەندێک لە بەشداربووانی ئەو قوتابخانەیە خاوەنی ڕێچکەیەکی ئاشکرا بووبێتن لە بیروباوەڕی مارکسیزمی، ئەوە هەندێکی تریان هەڵگری بڕێک تیۆرەکانی فرۆیدیزمی مارکسیزمی بوون، هەر ئەمەش وای کرد کە نەتوانرێ دەستنیشانی بیری ئەوان بکرێت، بە تایبەت لەو سەردەمەش کە هێڵی باڵادەست مارکسیزم بوو.

ئادۆرنۆ لە بواری لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکانیشی بڕێک سیمای هونەری و مۆسیقی پێوە دیاربوو، بێجگە لەوەی بیری داهێنان لای ئەو زیاتر بیری تێهەڵکێشکردنی هەموو ڕێچکەکان بوو پێکەوە.

## فەلسەفە و ئادۆرنۆ

قسەکردن لەسەر ئادۆرنۆ بۆ قسەکردنمان دەبات بەرەو هەموو رێچکە چالاکەکانی بواری داهێنان، هەر لە مۆسیقا و کۆمەڵناسی و میدیا و بیر و سیاسەت تا دەگاتە فەلسەفە، هەروەها بڕێکی زۆر لەو سەرچاوانەی کە ئادۆرنۆ لە بواری فەلسەفەدا خۆی لێ دواوە، دەتوانین بڵێین دەروازەیەک بووە بۆ هەوڵدان بۆ پێکهێنانی رێبازێکی فەلسەفی تایبەت بەخۆی، بەڵام هەر زوو لە سەرنەکەوتنی ئەم پرۆژەیە بە ئاگا بووە، ئەو هەوڵی دەدا ببێتە خاوەنی رێبازێک ئادۆرنۆ خاوەن رێبازێک یان بیرێکی فەلسەفی و داهێنەری بیرێکی فەلسەفی نەبوو، بەڵام هەوڵ و کارکردنەکانی لە بواری داهێنانی فەلسەفیدا جێگەی وەستان و لێوردبوونەوە بوو هەر لە دیالەکتیکی نەگەتیفەوە تا دەگاتە رەوشتی بچووک و دیالەکتیکی رۆشنگەری و ئیستاتیکیای تیۆری و هەموو ئەو کارانەی کە لە خانەی فەلسەفیدا جێگەی خۆیان دەکەنەوە.

دیالەکتیکی نەگەتیف یەکێک لەو کتێبە گرینگانەی ئادۆرنۆیە کە زۆر لە نووسەرانی سەردەمی خۆی بە ناوەڕۆکی ئەو کتێبە سەرسام بوون و سەرەڕای ئەوەش، زۆر لە نووسەرانی سەردەمی خۆی وەکو دۆرکهایمەر و مارکوزە و ئەوانی تریش پێیان وا بووە ئەم کتێبەی ئادۆرنۆ تەواوکەری فەلسەفەیە، لە هەرسێ بەشی ئەم کتێبە (بەشی یەکەم: پێوەندی لەگەڵ ئانتۆلۆجیا و بەشی دووەم: دیالەکتیکی نەگەتیف و بەشی سێیەم: نموونەکان) هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە چەمکە گرینگەکانی فەلسەفە، هەوڵە بۆ بنیاتنانی پەیژەکانی سەرکەوتن بەرەو ئەودیوی مەسەلە شاراوەکانی فەلسەفە.

لە پاڵ ئەم هەوڵە نووسینانەدا پێوەندیەکی تریش هەبوو کە زیاتر هەستە فەلسەفییەکانی لە یەکتری نێزیک دەکردەوە، زیاتر گرینکی بەو پەیڤانە دەدا کە ئادۆرنۆی بە هاوەڵە فەلسەفییەکانی خۆی دەبەستەوە، پتەوی و لێک نێزیکی ئادۆرنۆ لەگەڵ واڵتەر بنیامین، نێزیکبوونێکی روحی فەلسەفی بوو.

پێوەندی نێوان ئادۆرنۆ واڵتەر بنیامین پێوەندییەکی قووڵی فەلسەفی بوو، پێوەندییەک بوو پایەکانی لەسەر کاریگەرییەکانینان بەندبوو ئەو کاریگەرییەی کە ئادۆرنۆ نەیتوانی تا کۆتاییی ژیانیشی دەست بەرداری بێت، ئەو پێوەندییەی ریشەیەکی کولتووری قووڵی هەبوو، واڵتەر بنیامین سەرەڕای گەورەیی تەمەنی لە چاو ئادۆرنۆ، بەڵام ئەو جیاوازییەی کە لە زرنگی و دانایی ئادۆرنۆدا هەبوو لەگەڵ ئەودا هاوتەمەنێکی بیرتیژبوون، ئەو ساڵی ١٨٩١ لەدایک بووبوو، کەچی لەدایکبوونی ئادۆرنۆ ساڵی ١٩٠٣ بوو، بەڵام ئەم جیاوازییە رێگر نەبوو لە بەردەم ئەوەی ئەم دووانە لە تەمەندا بەیەک بگەن و ببنە هاوسەنگەر و هاوبیری یەکتری، کارەکانی ئەم فەیلەسووفە بە پێی بۆچوونی ئادۆرنۆ وردبینانەیە بە رادەیەک لە شێوەی میکرۆسکۆبە و هەموو ئەو شتانە دەبینێ کە کەسانی تر بە چاو نایبینن، بنیامین کەسێک بوو دوور لە دەمارگیری و خاوەن هۆش و بیرکردنەوە بوو، هەر بۆیەش ئادۆرنۆ لەژێر کاریگەریی ئەودا وردبینانە دەچووە ناو قووڵاییی مەسەلەکانی ژیان و پێوەندی نێوان مرۆڤەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەو کاتە کە بنیامینی ناسی،

دەیزانی ئەم زاتە لە قووڵاییی ئەو بابەتانە دەدات کە یەکێکن لە پێویستییەکانی ئەو سەردەمە، بنیامین خاوەنی (لێکۆڵینەوە لەبارەی رۆمانسیزمی ئەڵمانی و نووسینەکانی لەبارەی شاعیرە مەزنەکانی ئەو سەردەمەی ئەڵمانیا لە بابەتی گۆتە و شاعیری فرەنسی بۆدلێر، هەموو کارە ئەدەبی و وەرگێڕانە جوانەکانی بۆدلێر و کارەکانی پرۆست،) توانی پاڵێک بە رەوتی فەلسەفە ئامێزی ئەو سەردەمەوە بنێ، کاریگەرییەکانی ئەم لەژێر زمان و شیعر و هونەر و فەلسەفە وای کرد ئادۆرنۆش ببێتە کەسێکی پەلهاوێژی فرە مەودا، لە یەک مەودادا نەدەگیرسایەوە، بگرە بەردەوام پەلی بۆ لایەنە هەمەجۆرەکان دەهاویشت، بنیامین کاتێک باس لە ژیانی خۆشی دەکات خۆی بەمارسیال پرۆست بەراورد دەکات و کاتێکیش لە بۆدلێر و مەرگ و خەم دەدوێ بە سەردەمی پڕ شەڕ و ئاژاوەی ئەو سەردەمەی بەراورد دەکات.

پێوەندی ئادۆرنۆش لەو سەرچاوەیە هەڵدەقوڵێ کە پێی دەوترێ گەڕان بەدووی حەقیقەتدا بنیامین تا ئەو کاتەی خۆکوژی کرد، بەردەوام بەدووی ئەو حەقیقەتەدا دەگەڕا و هەر وێڵ بوو، هەر تەواویش ئەمە وای لە ئادۆرنۆ کرد دیسان لە سەرچاوەی گەڕانەکانی بنیامینەوە ئەویش بەدووی حەقیقەتا بگەڕێ و، پاش مەرگی بنیامینیش کۆمەڵێ لە وتارەکانی بڵاو بکاتەوە. پێوەندی نێوان ئەم دووانە پێوەندییەکی نائاسایی بوو، پڕ بوو لە ناکۆکی و نێزیکبوونەوە، پڕ بوو لە کارلێکردن و کاریگەری، پڕبوو لە ململانێی دەوروبەر و هەڵهاتن لە دۆزەخەکانی سەردەم، ئەم دوو هزرڤانە توانییان زیاد لە پێویست خۆیان لەناو یەک دەرگەی بیرکردنەوەدا ببیننەوە. ئادۆرنۆ لە رێگەی بنیامینیشەوە توانی شارەزایی لەگەڵ ناودارانی بواری شانۆ و سینەما و کۆمەڵناس و فەیلەسووفانی ئەو سەردەمەدا پەیدا بکات. لەو سەردەمەدا گرووپی هەمەجۆرە هەبوون، هەر هەموویان لە مەودای بیری داهێنانی ماتەریالیزمیدا دەخولانەوە، هەروەک پێشتر ئاماژەم کرد سەردەمی گەشەکردنی بیری فەلەسەفی ئادۆرنۆ سەردەمێک بوو کە باڵادەستی بیری مارکسیزمی باڵی بەسەر هەموو شێوە ئایدیۆلۆجییەکانی تردا کێشابوو، هەر بۆیەش زۆربەی داهێنەران و بیرکەرەوانی ئەو سەردەمەی ئەڵمانیا ، لە مەداری بیری مارکسیزمیدا دەخولانەوە، بەڵام ئەوەی ئادۆرنۆی لەوان جیا کردەوە، لە بواری فەلسەفەدا زیاتر بەلای بیری کانتیدا دەیشکانەوە (ئەو سەردەمە زیاتر حەزێکی زیاتری بە بیری کانتی پێشان دەدا و تا ئەو سنوورەی کە دەکرێ هەوڵی دەدا دایەلۆگێ دامەزرێنێ لە نێوان جیهانبینیی مارکسیزم و فەلەسەفەی کانت دا. رەنگە ئەمەش یەکێک بووبێ لەو هۆکارانەی ئادۆرنۆی زیاتر لە کەسانی تر لە بنیامین نێزیک کردبێتەوە.)(٨) ئەمەش هۆیەک بوو بۆ ئەوەی ئادۆرنۆش چاک ئەو داوایەی بنیامین جێبەجێ بکات، کاتێک ئەو لە نووسینە فەلسفییەکانی جەختی لەسەر ئەوە دەکرد و داوای لە فەلسەفەی داهاتوو دەکرد گرینگی بە کانت و بیری کانتی بدەن، هەر ئەمەش وای لە ئادۆرنۆ کرد گرینگییەکی تایبەت بە بیری کانتی بدات، لەو کتێبەی کە تایبەت بوو بە خودی کانت و فرۆید، لەوێدا چاومان بە گەلێک ئاماژەی پڕ تین و تەوژم دەکەوێت لەمەڕ چۆنیەتیی کاریگەریی بیری کانتی بەسەر ئادۆرنۆوە.

هەروەها قوڵبوونەوەی ئەو بە ناو تیۆری مەعریفی کانتی زیاتر کارەکانی دەوڵەمەند کردبوو، سەرەڕای مەسەلە کانتییەکان ساڵی ۱۹۳۳ کتێبی (کیرکیگارد. بنیاتی ئیستاتیک) ئەو کتێبە هەوڵێک بوو بۆ خوێندنەوەی بیری کیرکیگاردی لەسەر مەسەلە گرینگەکانی جوانکاری و بوون و هونەر و کامڵبوون، ئەم کارەی ئادۆرنۆ یەکەمین هەوڵی لێکدانەوەی فەلسەفی ئەو بوو کە تێیدا توانی لایەنە نهێنییەکانی بیری کیریکیگار بخوێنێتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە زۆر وردبینانە و بە هێمنییەکی زۆرەوە دەچووە ناو دنیای لێکدانەوە فیکری و فەلسەفییەکانی ئەم داهێنەرەوە. ئەو بە حوکمی ئەوەی لەژێر کاریگەریی بیری مارکسیزمدا شیکردنەوەکانی خۆی دژ بە ئەگزیستانسیالیستی (بوونگەری) ئەنجام دەدا، بۆیەش کاتێک لەمەڕ بیری کیرکیگارد قسە دەکات، بیرەکانی لە زۆر رووەوە رەت دەکاتەوە و بە ناواقیعی لە قەڵەمی دەدات، (بەڵام بە هۆی مەیلی مارکسیستی خۆی لەم سەردەمەدا، بیری کیرکیگاردی بە خاڵی بوون دەبینی لە مەودا مێژوویی و دیالەکتیکەکانی. بە پێی وتەی ئادۆرنۆ رەتکردنەوەی تیۆری ئەگزرستانسیالیستی (بوونگەرایی) کیرکیگارد جۆرێکە لە واقیعبینی بێ واقیعیەت. بەهەمان بەڵگە (بۆ بەخشینی مەودایەکی رەخنەیی بە بابەتە گرینگەکانی ئەندێشەی کیرکیگاردی، دەبێ ئەو بابەتانە لە پێوەندی لەگەڵ رەخنەی کۆمەڵایەتیدا لە بەرچاو بگیرێ)(۹).

قوتابخانەی فرانکفۆرت بەو هەموو توانا و پێویستییانەی کە هەیبوو ـ سەرچاوەیەکی گرینگی بۆ ئادۆرنۆ پێک هێنا تا لەو سەرچاوەیەوە پێویستییە فەلسەفییەکانی خۆی داهێنێ، بۆیە جێگەی سەرسوڕمان نییە ئەگەر هونەر و فەلسەفەی ئادۆرنۆ پێکهاتەیەک پێک بێنێ کە زیاتر شیکەرەوانە بووە، نەک داهێنەرانە زیاتر هەوڵی دووبارە پێکهێنانەوەی ژیانی هەمیشەیی بوو.

یەکێک لە نیشانە هەرە فەلسەفییەکانی ئادۆرنۆ بڕوابوونە بە دیالەکتیک و قسەکردنەکانێتی لەبارەی دیالەکتیکی نەگەتیفەوە هەروەها ئەو بۆچوونانەی لەمەڕ مەسەلەی بوون و داهێنان هەیەتی، هەر خودی دیالەکتیکی نەگەتیف بۆ ئەوە نووسراوە تا رەخنە لە فەلسەفە بگرێت ـ بۆ ئەوە نووسراوە تا پرسیارە بێ وەڵامەکانی رەخنەی فەلسەفی بورووژێنێ، تا پێش ئەوەی ئادۆرنۆ دیالەکتیکی نەگەتیف بنووسێتەوە، هەموو مەسەلەکانی بە یەکسانی لێک دەدایەوە، واتە بڕوای بەوە هەبوو کە یەکسانیبوونی فەلسەفە واتە یەکسانیبوونی ئەو هەموو پێوەندییانەیە کە لە چوارچێوەی بیری فەلسەفەیی و لێکدانەوەی فەلسەفی ئەودا جێگیرن، هەر ئەمە بۆ خۆی بەس بوو تا چاوێک بەو هەموو پێوەندییانەدا بخشێنێنت کە تا ئەو کاتە خستبوویە ڕوو، ئادۆرنۆ لەناو دیالەکتیکی نەگەتیفدا سەرەونگون ئەبێت و ئەگاتە شێوەیەک لە رەخنەگرتن لە شارستانیەت، بە زۆری ئەم کتێبە لە کۆمەڵێ رەخنەی قووڵ پێک هاتووە، دژ بە بوونگەری و ئاشکراکردنی ناتەواوییەکانی بوونگەری. پێش ئەوەی بچینە ناو لێکدانەوەکانی ئادۆرنۆ لە ڕوانینی بۆ مەسەلەی دیالەکتیکی نەگەتیف و پۆزەتیف، پێویستە بزانین، ئەم مەسەلەیە چی ئەگەیەنێت.

دیالەکتیکی نەگەتیف لەو سەرچاوەیە سەری گرتووە، کە دەبێت دیالەکتیک هەوڵێک بێت بۆ

دووباره لێکدانەوەی هەست و بوون و سەبجێکت و ئۆبجێکت، هەروەها لەم کتێبەدا ئادۆرنۆ هەوڵی داوە پێوەندییەکانی نێوان ئەرێنێی و نەرێنی دیالەکتیک جۆرێک لە جیاکاری نیشان دا، بۆیە ڕێگەی لەوە گرتووە تێگەیشتنی خراپ دروست بێت لەبارەی ئەوەی کە دیالەکتیکی نەرێنی وەکو دیالەکتێکی ئەرێنی وەرگیرێت، بەشەکانی ئەم کتێبە هەوڵێکی فەلسەفین بۆ ڕوونکردنەوەی مەسەلە ڕەگدارەکانی مرۆڤ وەکو بوون و ڕوح و دیالەکتیکی ئازادی و مێژووی سروشتی و ڕوحی جیهان، باس لە ڕەوشت و عەقڵی پراکتیزمخواز دەکات، لەم کتێبەدا تووشی ئەو مەسەلانە دەبین کە باس لە ژیان و بوون و لێکدانەوەی ناوکۆیەکانی مرۆڤ دەکەن، کتێبی دیالەکتیکی نەگەتیف هەوڵێکە بۆ جیاکردنەوەی هەردوو تێرمی سەبجێکت و ئۆپجێکت، ئادۆرنۆ هەوڵی داوە لە جوغزی بیری کانتیدا بیر و بۆچوونەکانی لەمەڕ دیالەکتیک لێدکداتەوە، بە بڕوای ئادۆرنۆ ئەوەی پێویستە ئەوەیە کە بیرکەرەوە و هەموو ئەوانەی لە بواری بیردا کار دەکەن دەبێ مانایەکی تایبەتییان بۆ بیرکردنەوە هەبێت، سەرەڕای ئەوەش دەبێ بڕوایان بەوە هەبێت کە شکاندنی تێرمە باوەکان و دووبارە بنیاتنانەوەی مانا، ئەرکێکە لە ئەرکەکانی فەیلەسووف، هەروەها بە شکاندنی ئەو تێرمانەی کە بنیاتی بیری فەلسەفی پێک دێنن دەکرێ دووبارە مەودایەک بۆ بیرکردنەوە و داهێنان فەراهەم بکرێت، کە ئەمەش بۆ خۆی ئەو پرسیارە دەورووژێنێ، ئاخۆ شکاندنی تێرم پرۆسەیەکی مێژووی خۆبەخۆیە، یان کارێکی دەستکردەوە و فەیلەسووف و بیرکەرەوەکان خۆیان پێی هەڵدەستن، بۆ ئەمەش زۆربەی زۆری ئەو بوارانەی کە ئادۆرنۆ لەم کتێبەدا ئاماژەی بۆ کردووە، هەوڵێکە بۆ شتنەوەی جەستەی فەلسەفی و گریان لە ئاستی ئەو جەستانەی خەمی زەمەنیان لێ ڕشتووە.

بە بڕوای ئادۆرنۆ ئەو ئەرک و کارانەی لەسەر شانی فەیلەسووفە کە ئەنجامیان بدات ئەوەیە دەبێت هەستێ بە تێکشکاندنی مانای چەمکەکان واتە ئەو مانایانەی کە جێگیرن، هەڵی بوەشێنێتەوە و دووبارە بەپێی بنیاتی تایبەت دایان ڕێژێنەوە، ئەمەش بۆ خۆی ئەرکێکە لە ئەرکەکانی فەلسەفە، بەڵام ئاخۆ تێکشکاندنی مانایەکی فەلسەفی لە تێکشکاندنی مانای نووسینێکی ئەدەبی یان هونەری دەچێت، ئەمەش دیسان بۆ خۆی پرسیارێکە، فەلسەفەی نوێ و فەلسەفەی دێرینیش لە پرۆسەی تێکشکاندندا لە تەنگژەیەکی مەزندا بووە.

ئادۆرنۆی سەرکێش لە زۆربەی ئەو هەوڵانەی کە داویەتی بۆ تێگەیشتن لە مەسەلەی بوونگەرایی بەردەوام بۆ لای مرۆڤ گەڕاوەتەوە و ئەو پرسیارەی لە خۆ کردووە کە مرۆڤ چییە و بۆچی هەیە، ئەو پرسیاری لەبارەی بوونی مرۆڤەوە بەو مانایە ناخاتە ڕوو کە مەبەستی مرۆڤ بێت وەکو ئەوەی کە مرۆڤ چییە؟ بەپێچەوانەوە پرسیاری گەورەی ئەو لەبارەی ئەوەوە بووە ئایا لە بارەی بوونی مرۆڤەوە چ ڕێگەیەک بگرێتە بەر، ئاخۆ ڕێگەی کانت یان نیتچە یان گەڕانەوە بۆ تێوری دیاردەناسی، لە هەموو ئەو ڕێگایانەی کە ئەیگرتە بەر بەردەوام لە خۆی ئەپرسی ئەوەی من پێویستمە گەڕانەوە بۆ مەسەلە بنەڕەتییەکانی بوون نییە، بگرە گەڕانەوەیە بۆ خستنەڕووی ئەو پرسیارانەی کە باس لە ئازادی لە کۆتی فەلسەفەی بوونگەرایی دەکەن.

(بە بڕوای ئادۆرنۆ، هۆسرل لەناو بەندی فەلسەفەی ئایدیالیستیدا مابووەوە، هەرچەند هوسرل مەسەلەی نوێی خستە بەردەست لە بارەی سەبجێکت و ئۆبجێکتەوە بەڵام دەرکی خۆی لە بارەی سەبجێکتەوە هەمان ئەو سەبجێکتە فراوانەی کانت بوو. بەوەی کە فەلسەفەی هۆسرل کۆششێکە بۆ وێرانکردنی ئایدیالیزم، بەڵام ئەمەش هەوڵێکە لە دەروونی ئایدیالیزمەوە شێوە دەگرێ و لە بەندی سەبجێکتی بەریندا دەمێنێتەوە.)(١٠). ئادۆرنۆ باوەڕی وابوو ئەوانەی بڕوایان بە تیۆری دیاردەناسییە، کەسانێکن دەیانەوێ هەرچی لەسەر زەوینەی واقیعدا روو دەدات بۆ دیاردەیەکی پەتی بگۆڕن واتە بیگۆڕن بۆ کۆمەڵێ تایبەتمەندیی پێوەست بە شوێن و جێگە، هەروەها زۆر لەو بڕوایانەش وای لە ئادۆرنۆ کرد کە بە گومانەوە بڕوانێتە هەموو ئەو دیاردانەی روو دەدەن.

وەکو ئەندامێکی نێو قوتابخانەی فرانکفۆرت، ئادۆرنۆ لە پێوەندییە فەلسەفییەکانی خۆیدا هەوڵی دەدا ئەو پێوەندییانە دەستنیشان بکات کە بەشداری لە هۆکارە مەزن و دیارەکانی پێوەندی مرۆڤ دەکەن، هەرچەندە هەندێ لەو دیاردە و بۆچوونانەی کە قوتابخانەی فرانکفۆرت دەیخستنە روو بریتی بوون لە کۆمەڵێ کاری گەمژانە، سەرەڕای ئەوەش کارەکانی ئەم قوتابخانەیە توانی وا بکات کە ژمارەیەکی زۆر لەوانەی لەگەڵیا بەشدار بوون ببنە هۆی هێنانە کایەوەی دیاردەی مەزن و هۆکاری مەزن هەروەها ببێتە هۆی دروستکردنی پێوەندییەکی قووڵی سایکۆلۆجیانە.

یەکێک لەو کەسانەی لای ئادۆرنۆ جێگەی گرینگیپێدان و مەزنێتیی تایبەتی هەبوو نیتچە بوو، هەردووکیان بەو رادەیەی کە لە زۆر خاڵدا یەکیان دەگرتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە چەند خاڵێکدا دژ بە یەکتری بوون، ئەمەش بۆ خۆی رێگر نەبوو لە بەردەم ئەوەی کە ئەم دووانە بەسەر یەکترییەوە کاریگەرییان هەبێت، کاریگەریی نیتشە بەسەر کارەکانی ئادۆرنۆ بێ ڕادە بوو، یەکێک لەو خاڵانەی هەردووکیانی پێکەوە کۆ دەکردەوە بڕوابوون بوو بە یەقین، هەروەها ئەو مەوداگرتنە بوو کە ئەم دووانە دەیانگرت لە نێوان مەسەلە ئەسڵییەکانی فەلسەفە و مەسەلەی مەعریفە. (ئادۆرنۆ بڕوای بە بوونی راستەقینەی ئەبجێکتیف بوو، لە حاڵێکدا نیتشە حەقیقەتی بە دەسکەوتی زمانزانی ئێمە دەزانێ)(١١). تەواوی ئەو رێچکانەی ئەم دووانەی کۆ دەکردەوە، بە تەواوی لەو سەرچاوانە دەچوو کە فەلسەفەیان لێ پێک دێت، پێکهاتە فیکرییەکانی ئادۆرنۆ سەرەڕای بڕوابوونی بە تێکشکانی بوونی مرۆڤ بە هۆی پێوەندییە هەڵەکانی نێوان هاوچەرخێتی و بوون، شێوەیەک بوو لە بەگژاچوونەوەی ئەو هەڵهاتنانەی مرۆڤیان ناچار دەکرد لە بەردەم لێکدانەوەکانی خۆیدا بوەستێت.

## رەوشت و دژە رەوشت

کۆمەڵێ سیفەتی تایبەت هەبوو کە ئادۆرنۆی لەوانی تر جیا دەکردەوە، لە کۆمەڵێ هەڵوێستی تایبەتدا توانی ئەو سنوورانە ببەزێنێ کە هاونووسەرانی سەردەمی خۆی نەیانتوانی بیبەزێنن، هۆکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئادۆرنۆ زیاد لە مەسەلەی بوون دەکۆڵایەوە و زیادیش گرینگی بە

سەردەمی خۆی دەدا، هەروەها لەو مەسەلانە دەدوا کە پێوەست بوون بە پرسەکانی کۆمەڵ و خەم و ئازارەکانی مرۆڤی ئەو سەردەمە بۆ نموونە لە بابەتەکانی کۆچ و دژە جوولەکە و هەروەها رەگەزپەرستێتی و مەسەلەکانی ئازادی بیر و بیرکردنەوە و هەڕەشەی نازیزم و تەوژمی توندوتیژی و مۆسیقای چینایەتی و جیاوازییەکانی حەز و ئارەزوو. هەر ئەمەش وای لێ کرد لەژێر دەسەڵاتی نازییەکانیشدا بەردەوام ئەو پرسیارانە بورووژێنێ کە تایبەت بوون بە ئازادیی مرۆڤ و بیرکردنەوە و نووسین، هەر ئەو کاتەی نازییەکان لە ئەڵمانیادا دەسەڵاتیان گرتە دەست ئادۆرنۆ لەگەڵ هاوەڵەکانیا لەناو قوتابخانەی فرانکفۆرتیش پێکەوە بەو رێرەوە کاریان دەکرد تا بتوانن ئەو رێچکانە بشکێنن کە باوبوون و هێڵە ئاڵۆزەکان بەیەکتری بگەیەنن کە تایبەتە بوون بە بیرکردنەوە و لێکدانەوە مرۆییەکان. ئەمەش وای لە ئادۆرنۆ کرد بەردەوام لەژێر تەوژم و کاریگەرییە دەروونییە سیاسییەکانی ئەو سەردەمەدا کار بکات و دوا جاریش زانی درزێک بۆ بای ئازادی نەماوە خێرا باروبنەی خۆی گواستەوە و چیی تر نەیتوانێ لەناو ئەو بازنەیەدا بژی کە خۆی بۆی ئامادە کردبوو، واتە بە ناچاری رووی کردە دنیایەکی تر کە زێدەتر دەیتوانی دەربڕی ئازادییەکانی بیر و فیکری بێت، واتە بەدووی شێوەیەک لە فەزای بیرکردنەوەی بێ غەلوغەش گەڕا، هەر بۆیەش مەنفای هەڵبژارد، کۆچی ئادۆرنۆ بۆ ئەمەریکا خۆی لە خۆیدا هەڵهاتن بوو لە چەوسانەوە و گەڕان بوو بە دووی زماندا، ئەو کۆچکردنە کاتییە لەگەڵ خۆیدا ئەو رەگەی بەجێهێشت کە نەیتوانی لێی دەرباز بێت ئەویش خۆشەویستی بوو بۆ فرانکفۆرت و بەرلین، بۆیە زوو زوو لە سەردەمی نازییەکانیشدا بە دزییەوە سەری لە وڵات دەدایەوە، تا ئەو کاتەشی نازییەکان دژ بە مرۆڤایەتی رەفتاریان دەکرد ئەو بەردەوام بەدووی ئەو ماتەریالانەدا دەگەڕا کە ئازارەکانی مرۆڤیان دەخستە ڕوو، هەروەها ئەو پرسیارانەشی ئەورووژان کە تایبەت بوون بە چۆنیەتیی گەڕان بە دووی سەرفرازیدا.

لەو چاوپێکەوتنانەی لەبارەی مەسەلەی بیری راسیزم و دژ بە جوولەکە نووسیونی خۆی لە خۆیدا رەنگدانەوەیەکە بۆ دژایەتیکردنی هەر هەموو ئەو بیرانەی کە لایەنگری توندوتیژی و رەفزکردنەوەی ئەوی ترن. ئەمەش بۆ خۆی هەوڵێکە بۆ دووبارە نووسینەوەی ئەو مانیفیستانەی دەبنە هۆی هەڵوەشاندنەوەی سەرچاوەکانی کۆتەکانی بیرکردنەوە و روانین بەرەو داهاتوو، ئادۆرنۆ وەکو نووسەر و فەیلەسووف و سۆسیۆلۆجێک ئاگەداری هەموو ئەو بزووتنەوانە بوو کە دەبوونە هۆی لێڵکردنی روخسار و لێکدانەوەکانی ژیان، یان دەبوونە هۆی شێواندنی بیر و پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤ، لەو چاوپێکەوتنانەی لەمەڕ بیری نازیزم ئەنجامی دەدا خۆی بە دڵنیاییەوە دەیزانی دوژمنانی مرۆڤایەتی لەو بیرە تێ دەگەن کە ئەو دەیخاتە ڕوو.

ئەو کارانەی ئادۆرنۆ بە مەبەستی لێکدانەوەی مرۆڤ ئەنجامی دەدا بە مەبەستی دووبارە لێکدانەوەی پێوەندی بوو، نەک تەنیا بۆ نارەزایی دەربڕین و ئیدانەکردنی ئەو شێوە روانینانە، بگرە بە مەبەستی دووبارە دامرکانەوەی ئەو سەرچاوانە بوو کە بۆ ئامانجی ئابلوقەدانی بیر و

هۆش و دروست دەکران، واتە بە مەبەستی ئەوە بوو تا لەوە تێ بگەین بیری دامەزراندن و ڕوانین بڕێک بیری پاکیزەن لەگەڵ چوارچێوەکاندا یەک دەگرن و لەگەڵ چوارچێوەکانیشدا هەڵدەوەشێنەوە، بۆیە ئاساییە ئەگەر بڕوانییە ئەو شێوە لێکدانەوانە وەکو بەشێک لە لێکدانەوەی زانستی.

سۆسیۆلۆجیا ئەو بەشەی ئادۆرنۆ لە بوارەکەیدا زۆر بە گەرمی کاری دەکرد مەبەست لە دووبارە داڕشتنەوەی ئەو پرسیارانە بوو کە بەردەوام دەهاتنە پێشێ، ئەو پرسیارانەی بەردەوام و لە هەموو سەردەمێکا پرسیاری ئێستا و داهاتوو بوون، پرسیاری ئەو سەرەتایانە بوون کە لەگەڵ خۆیاندا پرسیارە گرینگەکانیان دەورووژان، ئادۆرنۆ لەناو لێکۆڵینەوە سۆسیۆلۆجیەکانیدا خۆی لە قەرەی ژانە هەستیارەکانی ئەو سەردەمەی خۆی دەدا، ڕەوشتی ئەو سەردەمەی دەورووژان، واتە لەو ساتانەی ڕەوشتی مرۆڤایەتی دەدوا کە کەوتبوونە بەر هەڕەشەی مێردەزمەکانی ئەو سەردەمە، ڕەوشت بە هۆی شەڕ و بیرە دڕندەکانەوە لەکەدار بووبوو و جەستەی خاوێنی لەتوپەت کردبوو، هەرچی ئەو پرسیارە فەلسەفییانەش تایبەت بوون بە ڕەوشتی فەلسەفی لە چوارچێوەی پرسیارە سیاسییەکاندا دووبارە دەبوونەوە.

کەواتە قسەکردن لەسەر ڕەوشتی فەلسەفی لای ئادۆرنۆ بۆ زۆر بابەتی هەستیارمان دەباتەوە ، هەر لە بابەتە سروشتییەکانەوە تا دەگاتە ئەو بابەتانەی کە باس لە گریانەکانی مرۆڤ دەکەن. واتە ئەو مامەڵەکردنێکی ڕەوشتئامێزانە دەیڕوانیە پێوەندییەکانی مرۆڤ و هەروەها بە ڕاشکاویش لەو دەرگایانەی دەدا کە تایبەت بوون بە هەڵسوکەوت و داوونەریت و پێوەندیی خێزانی و بڕوابوون بە هەناسەگەرمی و وروژاندنی مەسەلە هەستیارەکانی وەک پاکیزەیی و دەستپاکی و پیرۆزی و دەسەڵات، ئەمانەش خۆی لە خۆیان کۆمەڵێ چەمکی گرینگی مەسەلەی ئیتیکن و ئەو لە هەردوو لایەنەکەوە خۆی لە قەرەی ئەم باسانە داوە لەلایەک لە ڕووە کۆمەڵایەتیەکەییەوە، دووەم لەلایەنە فەلسەفییەکەیەوە.

ئادۆرنۆ لە باسکردنی پێوەندی خۆی بەم زاراوەیەوە تەنیا لە بواری تیۆریدا نایخاتە ڕوو بگرە بە کرداریش شێوەیەک لە ناڕەزایی و دەربڕینی ڕەوشتئامێزانەمان دەخاتە بەردەست و بەردەوامیش ئەو پرسیارانە لە خۆی دەکات، کە پرسیاری تایبەتن بە لێپرسینەوەی ویژدان و لێپرسینەوە لەبارەی ئەو برینانەی سات لە دوای سات لەگەڵ جەستەدا دووبارە دەبنەوە، واتە ئەو درزانە دەکاتەوە کە لە نێوانیانەوە پرسیارە خەمئامێزەکانی وەک ڕەفزکردنی ئەوی تر و بەکەمزانینی بەشێک و ئازاردانی بەشێکی تر دزە دەکەنە ژوورێ.

کەواتە ئادۆرنۆ وەکو کەسێک لە ڕەوشت و بیر و لێکدانەوەی ڕەوشت دوور نەبووە، تیۆریزەکردنی لەم بوارەشدا تا ڕادەیەک کەم نەبووە، ئەو هەوڵانەشی داویەتی بۆ لێکدانەوە سۆسیۆلۆجیەکان کەم تا زۆر هەوڵی جیدی بوون و سەرچاوەکانی بیری مرۆڤیان دەوڵەمەند کردووە چ وەکو مەسەلەی سایکۆلۆجی یان وەکو مەسەلەی پێوەندیی کۆمەڵایەتی کە لەم دوو

حاڵەتەشدا ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤ، مەودایەکی فراوان لە پێوەندی داگیر دەکات ئادۆرنۆ ئەم پێوەندییە ناودەنێت پێویستی ڕەوشتی، واتە لە سەرچاوەی سروشتی ڕەوشتی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە ، بۆیە جێگەی خۆیەتی ڕوانینەکانمان لەمەڕ پێوندییەکان نابێت تەنیا یەک مەودای هەبێت، بگرە دەبێت لە هەموو مەودایەکەوە تەماشای بکەین واتە نابێت، تەنیا دیاردە مرۆییەکان لە یەک هاوکێشەی تەسکدا بخوێنرێتەوە، بگرە دەبێ پەل بهاوێژێت بۆ هەموو مەودا و سنوورێکی زانستی.

ژیانی ئادۆرنۆ:

١٩٠٣ لە ١١ سیپتەمبەردا تێۆدۆر لودڤیگ ڤیسنگروند–ئادۆرنۆ لە فرانکفۆرت هاتە دنیاوە، هەر لە سەرەتای سەردەمی سەرەتاییەوە گرینگی بە مۆسیقا داوە، ئاشنایی لەگەڵ بیناسازی و فەیلەسووف سیگفرید کراکۆر پەیدا کردووە.

١٩٢١–١٩٢٤ لە فرانکفۆرت دەست بە خوێندنی فەلسەفە و سایکۆلۆجی و زانستی مۆسیقا دەکات ئاشنایی لەگەڵ ماکس هۆرکهایمەر و فریدریش پۆڵۆک و واڵتەر بنیامین پەیدا دەکات.

١٩٢٥ لە ڤیەنا لای ئەلبان بێرخ وانەی فێربوونی دانەری مۆسیقا ئەخوێنێ و لای ئیدوارد ستویرمەن وانەی فێربوونی پیانۆ.

١٩٢٧ یەکەم هەوڵی نیشتەجێبوون دەدات.

١٩٢٨–١٩٣١سەرنووسەری یەکەمین کۆواری مۆسیقی لە ڤیەنا بە ناوی دێن ئەنبروخ، چەند جارێک سەر لە بەرلین دەدات، ئاشنایی لەگەڵ ئەو ئافرەتە پەیدا دەکات کە پاشان دەبێتە خێزانی و ئاشنایی لەگەڵ ڤاڵتەر ینیامین و ئیرنست بلۆخ و برتۆڵد بریشت پەیدا دەکات.

١٩٣١ نووسینێک لەبارەی کیریکیگاردەوە دەنووسێ، لە فرانکفۆرت چاوی بە پاوڵ تیلیچ ئەکەوێ.

١٩٣١–١٩٣٣ دەبێتە مامۆستای تایبەت لە بواری فەلسەفە لە زانکۆی فرانکفۆرت. هەروەها لە بواری سۆسیۆلۆجیدا لەگەڵ دۆرکهایمەر کار دەکات.

١٩٣٤–١٩٤٠ دەچێتە نیویۆرک، هەروەها لەوێ دەبێتە فەرمانبەری هەمیشەیی لە بەشی پەیمانگای -soz ialforschung. دەبێتە سەرۆکی بەشی مۆسیقا لەو ڕادیۆیەی کە لەلایەن پاوڵ لازەرسفێڵد بەڕێوە دەبرا.

١٩٤٩–١٩٥٢ دەگەڕێتەوە بۆ فرانکفۆرت، لەوێ لە زانکۆی فرانکفۆرت هەر لە ساڵی ١٩٥٠ وەکو مامۆستا و لە ساڵی ١٩٥٣ وەکو پرۆفیسۆر و ساڵی ١٩٥٧ بواری فەلسەفە و سۆسیۆلۆجی کار دەکات. لە ڕووی پراکتیکەوە زۆربەی کاتەکان لە پەیمانگەی تایبەت بە سۆسیۆلۆجی کە هۆرکهایمەر سەرۆکی بوو کاری دەکرد، لە نێوان ساڵی ١٩٥١–١٩٥٣ دەبێتە عەمیدی زانکۆ و بەشداری لە ووتووێژی دارمستاد دەکات لە بارەی مۆسیقای نوێیەوە.

١٩٥٢–١٩٥٣ بۆ دواین جار لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێتە سەرۆکی بەشی توێژینەوە لە هاکەر ڤاوندشن لە بیفەرلی هیلس لە کەلیفۆرنیا.

١٩٥٣ دەبێتە بەڕێوەبەری بەرپرسیار بەرامبەر بە پەیمانگەی سۆسیۆلۆجی.

١٩٥٤ مەدالیای ئارنۆڵد سخۆنبێرگی پێ دەدرێت.

١٩٥٩ دەبێتە یەکەمین بەڕێوەبەری پەیمانگەی سۆسیۆلۆجی. هەروەها لەم ساڵەشدا مەدالیای رەخنەی ئەدەبی ئەڵمانی لە بەرلین پێ دەدرێ.

١٩٦٠ بەشداری لە یادی بیرەوەری سەت رۆژەی مەرگی گوستاف ماهلەر دەکات.

١٩٦١ موحازەرەیەک پێشکێش دەکات لەبارەی پۆپەر و ئەدۆرتۆ بە ناونیشانی (لۆجیک لەبارەی مەعریفەی سۆسیۆلۆجی) ئەویش لە کاتی کۆبوونەوەیەکی ناوەخۆیی رێکخراوی ئەڵمانی بۆ سۆسیۆلۆجی لە نویبینگن. هەر لە دارمستاد موحازەرەیەک لەبارەی مۆسیقا پێشکێش دەکات.

١٩٦٣ دەبێتە بەڕێوەبەری رێکخراوی ئەڵمانی بۆ سۆسیۆلۆجی. بە بۆنەی تەمەنی شەست ساڵییەوە دیارییەکی بە نرخی لەلایەن شاری فرانکفۆرتەوە پێ دەدرێ.

١٩٦٨–١٩٦٩ زیادبوونی ناکۆکییەکان لەگەڵ قوتابییە رادیکالیزمەکان. پۆلیس هەڵدەستێ بە داخستنی دانشگای سۆسیۆلۆجی و پەیمانگەی سۆسیۆلۆجی. لە ساڵی ١٩٦٩ داکشگاکەی ئەدۆرتۆ بۆ بواری سۆسیۆلۆجی دەتەقێنرێتەوە.

١٩٦٩ لە٦ ئاب ئادۆرنۆ لەکاتی سەفەرێکیدا لەڤاڵس لەسویسرا بە هۆی گرفتی دڵەوە کۆچی دوایی دەکات.

١٩٧٧ لەلایەن شاری فرانکفۆرتەوە خەلاتێکیان بە ناوی تیۆدۆر–ڤ – ئادۆرتۆوە دانا .

هەزارنامەی کتێب

سەرچاوە:

1- KOPSTUKKEN FILOSOFIE, ADORNO, ROLF WIGGERSHAUS ,VERTTALT UIT DUITS DOOR FRANK BESTBREURTJE, ROTTERDA: LEMNISCAAT 2002

٢. خاطرات ظلمت، بابک احمدی: تهران نشر مرکز، ١٣٧٦

٣. مدرنها، رامین جهاتبگلو، تهران، نشر مرکز، ١٣٧٦

٤. وضعیت پست مدرن، ژان–فرانسوا لیوتار، پیشگفتار: فردریک جیمسون، ترجمه حسینعلی نوذری، تهران: طام نو، ١٣٨٠

١– یان کرایب – نظریة اجتماعي مدرن از پارسو تا هابرماس _ ترجمهَ عباس مخبر _ ٣٧٨١ لاپەڕە ٢٥٩.

٢– سەرچاوەی پێشوو لا ٢٥٩.

٣– سەرچاوەی پێشوو لا ٢٦٠.

٤– سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٢٦١.

٥– سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٢٦٦.

٦– سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٢٧٦.

٧– سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٢٧٩.

٨ -مدرن ها – رامین جهانبگلو– تهران– نشر مرکز– مقالەها و خطابە ها ١٣٧٦ لاپەڕە ١١٤

٩– سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١١٥ و ١١٦.

١٠– خاطرات ظلمت، بابک أحمدی ، لا ٢١٤.

١١– سەرچاوەی پێشوو لا ٢٢٧.



# گیانلەبەرەکانی ئەو نیگارکێشە دەمانخۆن یان، دەمانلێسنەوە!

هەزارنامەی کتێب

ئاغالە

لەوە ناچێ شێوەکاری ورژێنەر «ڕێبوار خالید» لە گیانلەبەرەکان بترسێ و لە بەردەمیان ڕا بکات. بگرە لێم ڕوونە وەک ڤیگەری ناو تابلۆکانی وازییان لەگەڵدا دەکات و زووتر لە ئێمە مانان دەبێتە هاوڕێی گیانداران، لە خشۆک و چوارپێ و باڵدارەکان بەکێویی و ماڵییەوە.

نیگارکێشی وا سادە و ڕاستگۆیانە نیگاری ئەو ڤیگەرانەی کێشاوە کە زۆر لە جوڵە وبیر و خەیاڵی خۆی نێزیکە کە هەست پێ ناکەیت بەر لەو نیگاری وا کێشرابێت، بەڵام ئەو شێوازی نیگارکێشانە لە کۆنەوە و کاری پێکراوە لە شێوەی نیوە بوونە مرۆڤ و نیوەکەی تر گیانلەبەرێکی تر لە باڵدار و چوارپێ. لەکارە کۆنەکانی بابل و سۆمەر و فەراعینەکانەوە تا کارەکانی گۆیا و بیکاسۆ و شاگاڵ و زۆری تر لە کلاسیک و تازە.

ئەو کارانە بەر لە جورئەتکردن و خۆنواندن بەو ڤیگەرانەبێ. بینینی دنیای خۆیەتی بۆ پێوەندی مرۆڤ بەئاژەڵەوە مرۆڤ بەڕۆژگاری بەرهەڵستی سیاسی و سێکسی و کۆمەڵگەیەوەیە. لەوە ناچێ نیگارکێشی سەرەتا و کۆتایی کارەکانی خۆی بەئاسانی بێتە بەرچاوەوە زۆر، وارێک دەکەوێ نیگارکێشی بتوانێ نیوەی کۆتایی کارەکەی لەسەرەتاوە یا لە ناوەندی کارکردنی ببینێ. کاک ڕێبواریش چاو و بینینی هەروایە، لێرە مەبەستمە شتێ بڵێم کە لەوەناچێ ئەو نیگارکێشە و هێڵکاری دابەزێنێتە سەر قووماشەکەی بەردەستی. بۆیە کەش و ڤیگەری ناو دارشتنەکەی نارێکی و نۆرەبری و قورەپەستەیەک دەبینی کە خۆشی و جوڵەی ژیانیان سادە و خۆش کردووە لەگەڵ ناشیرینی و هێڵکاری ڤیگەرەکان. من سەرکەوتنی کارێکی داهێنەرانە لە بابەتێکی سادەی بچووکەوە دەبینم وەک کاک ڕێبوار خالید پاڵەوانە لاسار و بەرهەڵستکارەکانی کوردی خزاندووەتەوە کارەکانییەوە. ئەو شێوەزەی کاک ڕێبوار زۆر گرینگە و پێویستە بۆ بزاوی هونەری پاڵکەوتوو بێ خەم و خەمباری هونەریی شێوەکاری کورد. ئێمەی شێوەکارانی کورد وا پشتمان تێکراوە لێرە و لەوێ گاڵتە بەکار و ڤیگەر و چالاکیمان دەکرێ.

ئێمە عارەبانەکە ڕادەکێشین «کەچی حەساوەی سەر عارەبانەکە نەغمە دەخوێنێ» با، بابەتی خۆم بیرنەچێتەوە کە کاک «ڕێبوار»ە. ئەو هەموو کات نیگار ناکێشێ، وەک خۆی وتەنی «ساڵ هەیە دەستی ناگا بە فڵچە» ساڵیش هەیە ڕەشەبا هەڵدەکا و چەند ڕۆژێ نیگار دەکێشێ. ئەو هەستی شۆڕشگێڕی ئەو ئەندێشەی سەربەخۆی وا پەرێشانی کردووە.. نازانێ چۆن دڵ و خەیاڵ و گوزارشت ڕێک بخات و ئاڵای کوردستان چۆن تێکبشکێنێ و لەسەر گۆڕی کێ ڕای بخات.

ئەو هەر ئاڵا و مرۆڤی نەشێواندووە «توێکاری» ئاژەڵەکانی شێواندوون و داهێنان و نەوەیەکی تازەی لێ دروست کردوون کە پێشتر نەمان بیستوون.



کە... کە   ڕاوەدەکا = .، ٢٠١١        ٥٠× ٧٠ سم – ئەکرەلیك



نەرم و نیان – ٢٠١٠ ٥٠× ٧٠ سم – ئەکرەلیک









ئەوە بوو ئاڵاكەمان؟ – ٢٠١٠ ٥٠× ٧٠ سم – ئەكرەليك





ئەنفال – ٢٠١٠

٥٠× ٧٠ سم


هەواڵنامەی کتێب

دیسانەوە ڕاو کردن – ٢٠١٠

٥٠× ٧٠ سم – ئەکرەلیك



دیسانەوە ڕاو کردن – ٢٠١٠      ٥٠× ٧٠ سم – ئەکرەلیك



ئەنفال – ٢٠١٠

٥٠× ٧٠ سم



بۆچی کردمان – ٢٠١٠  ٥٠× ٧٠ سم – ئەکرەلیك



له ئاراراتەوه – ٢٠١٠ ٥٠× ٧٠ سم – ئەكرەليك



لەولاتەوە – ٢٠١٠ ٥٠× ٧٠ سم – ئەکرەلیک



ئەوەبو ئاڵاکەمان – ٢٠١٠ ٥٠× ٧٠ سم – ئەکرەلیك



لەهەموو لایەکەوە هەر کوتانە – ۲۰۱۰ ۵۰× ۷۰ سم – ئەکرەلیك

# داستانی پیانۆژەنی زەریا

ئەلێساندرۆ باریککۆ

Alessandro Baricco
Novecento, Un monologo (Milano 1994)

هەواڵنامەی کتێب

من ئەم دەقەم بۆ ئەکتەرێک نووسی؛ ئیۆجێنیۆ ئەللێگری و بۆ ڕاهێنەرێک؛ گابرییێلێ ڤەچیز، کە نمایشتێکیان لێ ساز کرد، یەکەم جار لە فێستیڤاڵەکەی (ئاست)ی تەموزی ئەمساڵدا پێشکێش کرا. نازانم ئەگەر ئەمە بەس بێت تا بڵێم شانۆنامەم نووسیوە، بەڵام خۆم گومانم لێی هەیە. ئێستایش کە بەرگی کتێبی لێ گیراوە، پێم وایە دەقێکە لە نێوان شانۆنامەیەکی ڕاستەقینە و چیرۆکێکدا کە بە دەنگی بەرز بخوێندرێتەوە. باوەڕ ناکەم ناوێک هەبێت لە دەقی وا بنرێت. ئیتر هەر چی و چۆنێک بێت بایەخێکی زۆری پێ نادەم و پێم ئەوەندە جوانە کە هەر دەبوو بیگێڕمەوە. حەزیش دەکەم وای دابنێم کە کەسێک پەیدا دەبێت بیخوێنێتەوە.

ئەلێساندرۆ باریککۆ
سێپتەمبەری ١٩٩٤

"بۆ باربارە"

هەموو جارێک کەسێک لەپڕ سەری هەڵدەبڕی و... دەیبینی. ئەمە شتێک نییە تێگەیشتنی ئاسان بێت. ئاخر ئێمە لەوێ، لەو کەشتییەدا، لە هەزارمان تێ دەپەڕاند؛ دەوڵەمەندی لەسەر سەفەر و کۆچبەر و خەڵکی سەیر و ئێمە. سەرەڕای ئەمە، هەموو جارێک کەسێک دەبوو، تاکەکەسێک، کە

........................................................................

وەرگێڕانی لە سویدییەوە: حەسەن نوور

پێش هەموو کەسێک... دەیبینی... جا لەسەر خوان بوایە یان لە حەساری کەشتییەکەدا پیاسەی بکردایە یان پانتۆڵەکەی هەڵبکێشایە... تاوێک سەری هەڵدەبڕی، لە زەریای دەڕوانی و... دەیبینی. جا لە جێی خۆیدا وشک دەما، دڵی وەک دەهۆڵ لێی دەدا و بەردەوام، هەموو جارێکی نفرین، بە خوا، بەردەوام، لای لێمان دەکردەوە، لە کەشتییەکە، لە هەموومان، دەکردەوە و هاواری دەکرد (لەسەرخۆ و خاو): ئەمەریکا. دوایی لەرەی لێ دەبڕا و، وەک بۆ وێنەگرتن بێت و، بە ڕەنگ و ڕووی کەسێکەوە خۆی ئەمەریکای پەیدا کردبێت، ڕادەوەستا. جا ئێواران، دوای کار، یەکشەممانیش، زاواکەی، بیناساز و سەرڕاست یارمەتی دابێت... لە پێشدا بیری بۆ شتێکی وەک تەختە چووبێت... دوایی بەری ئارەزووی کەمێک بەرەڵا کردبێت و ئەمەریکای پەیدا کردبێت. بەڵێ، ئەو کەسەی کە پێش هەموو کەسێک ئەمەریکا دەبینێت.

جا کەسێکی وا لە هەموو کەشتییەکدا هەیە و با کەس وا نەزانێت ئەمە شتێکی وەک ئەو شتانەیە کە ڕێکەوت پێش دێن و هیچی بەسەر هەتەری چاوەوە نییە، چارەنووسە و هیچی تر. کەسی وا لە ڕۆژی سەرەتاوە ئەو چرکەساتەیان لە ناوچاواندا نووسراوە. بە منداڵییش لەناو چاویاندا دیار بووە و ئەگەر کەسێک سەرنجی وردیانی بدایە لەوساوە دەتبینی؛ ئەمەریکا. لەوساوە ئەمەریکا ساز بووە کە خۆی دیار بخات، کە سەر بە دەمار و خوێن و نازانم چیی تریدا بکات تا بە مێشکی دەگات و لەوێوە بۆ سەر زمانی تا ئیتر بە هاوارێک تەواو دەبێت (هاوار دەکات) ئەمەریکا. ئەمەریکا لەوێ بووە، لە چاوەکانیدا، لە چاوی منداڵەکەدا بووە، بە هەر هەموویەوە، ئەمەریکا.

لەوێ و چاوەڕێ بووە.

ئەمە شتێکە داننی بوودمان تی دی لیمۆ بیستەم فێرمی کرد؛ ئەو پیانۆژەنە هەرە گەورەیەی کە زەریا جارێکی تر بە خۆیەوەی نابینێت. داننی پێمی گوت، تۆ لە چاوی خەڵکدا ئەو شتە دەبینیت کە ڕۆژێک دەیبینن، نەک ئەو شتەی کە بینیویانە. بەڵێ وای پێم گوت: ئەوەی کە دەیبینن.

من خۆم زۆریم بینیوە، زۆری ئەمەریکا... شەش ساڵی سەر ئەم کەشتییە و پێنج تا شەش سەفەری هەموو ساڵێک؛ لە ئەوروپاوە بۆ ئەمەریکا. هەموو جارێکیش لە گەڕی نێو زەریادا. جا کە پێت بە وشکانیدا دەنا، تەنانەت ئاوی خۆیشت ڕێک بە پێشاودا پێ نەدەڕژا. ئەو لەنگەری دەگرت، کەشتییەکە دەڵێم، بەڵام تۆ، تۆ ڕاژانت پەرەی دەبرد. چونکە هەموو کەسێک دەتوانێت لە کەشتییەکەوە بۆ وشکانی بچێت، بەڵام لە زەریاوە... من کە خۆم لە کەشتییەکەدا بینی حەڤدە ساڵان بووم. لە سەرانسەری ئەم دنیایەیشدا بە تەنگ یەک شتەوە بووم؛ کە ترومپێت بژەنم. کە دەنگیش درا کەشتیی ڤیرجینیا خەڵکی دەوێت، لە بەندەرەکە ڕیزمان گرت؛ من و ترومپێتەکەم. لە کانوونی دووەمی ,١٩٢٧ کابرای سەر بە کارەکە گوتی ژەنیارمان هەیە. من گوتم دەزانم و بە مۆسیقاوە تێ هەڵچووم. جا لە جێی خۆیدا وشک بوو، بێ ئەوەی موویەکی بجووڵێت چاوەڕێ ما تا لێ بوومەوە، بەڵام بێ ئەوەی هیچێک بڵێت. دوایی گوتی:

"ئەمە چی بوو؟"

"نازانم"

چاوەکانی ڕوون بوونەوە.

"کە نەزانیت چییە، سا دڵنیا بە جازە."

دواییش شتێکی سەیری بە لێودا هێنا، لەوەیە خەنینێک بووبێت. ددانێکی زێڕی لێرەیدا هەبوو، کە وا ناوەندی زاری گرتبوو دەتگوت لە جامخانە بۆ فرۆشتنی داناوە.

"تەواویان شێتی ئەم مۆسیقایە دەبن، لە سەرێ."

سەرێ بە مانای کەشتییەکە بوو، خەنینە سەیرەکەیشی واتا وەریان گرتم.

ئێمە لە ڕۆژێکدا سێ تا چوار جارێک مۆسیقامان دەژەنی. لە پێشدا بۆ دەوڵەمەندەکانی نهۆمی یەکەم و دوایی بۆ ئەوانەی نهۆمی دووەم. جاریش هەبوو دەچووینە لای کۆچبەرە بەستەزمانەکان و شتێکمان بۆ ئەوانیش دەژەنی، بەڵام بێ پۆشاکی فەرمی، هەر وەک بچیت و لێی ڕابوەستیت. جاروبار ئەوانیش مۆسیقایان لەگەڵمان دەژەنی. ئێمە دەمانژەنی، چونکە زەریا بێپایانە و ترسی زۆرت بۆ دەهێنێت. مۆسیقامان دەژەنی تا خەڵکەکە هەست نەکەن کات تێ دەپەڕێت و بیریان بچێت لە کوێن و تەنانەت کێن. دەمانژەنی تا بکەونە سەما، چونکە تۆ کە دەکەویتە سەمات ئیتر مردن پەیت پێ نابات و خوایش گوێت بۆ هەڵدەخات. ئێمە ڕاگتایمان دەژەنی کە مۆسیقایەکە خوایش دەخاتە سەماوە ئەگەر کەس چاوی لێی نەبێت.

ئەو مۆسیقایەی کە خودایشی دەهێنایە سەما بە مەرجێک ڕەشپێست بووایە.

(ئەکتەرەکە تەختی شانۆ بەجێ دەهێڵێت. مۆسیقایەکی سەر بە باشووری ئەمەریکا دەست پێ دەکات، زۆر شاد، بەڵام گەوجانە. ئەکتەرەکە بە جلوبەرگی جازژەنی ناو کەشتییەوە دیار دەکەوێتەوە و هەر وەک ئەوەی تیپی مۆسیقا لەسەر شانۆدا بێت، هەڵسوکەوت دەکات)

خوشکان و برایان، ماین دامن ئوند هێررێن، سینیۆرێ ئێ سینیوری... مێسدامێس ئێت مێسیوریس، بە خێر هاتوون بۆ ئەم کەشتییە، بۆ ئەم شارە ئاومالکەی کە وردترین شتیشی وەک تایتانک دەچێت. ئارام بن. دابنیشە؛ ئەو برا بەڕێزەی ئەو لایە جووڵەی هات، چاوم لێی بوو. بە خێر هاتوون بۆ زەریا. جا پێش ئەوەی لە بیرم بچێت دەمەوێت بزانم بۆ لێرەن؟ گرەوتان کردبوو، قەرزدارەکانتان چنگەوشانتان بوون. سی ساڵیک بۆ دۆزینەوەی زێڕ درەنگتان پێ چووە. دەتانویست چاوێک بە کەشتییەکەدا بگێرن، بەڵام هەستتان نەکرد کەوتووەتە ڕێ. چووبوونە دەرێ جگەرە بکرن. ئا ئێستا هاوسەرتان لای پۆلیسە و دەڵێت؛ بە خوا پیاوی چاک بوو، بێ خەوش، سی ساڵی تەواو قرەمان نەبوو... درێژەی پێ نادەم و دەڵێم؛ دەک ماڵتان برمێت چی دەکەن لێرە،

سێسەد میلی دوور لە هەموو دنیای نەفرەتی و دوو خولەکیش بۆ ڕشانەوەیەکی تر؟ بمبوورە خاتوو، بە گاڵتەم بوو. باوەڕ بکە ئەم کەشتییە وەک تۆپی بلیارد لەسەرخۆ بە مێزی بلیاردی زەریادا دەکشێت. تەق، شەش ڕۆژ و دوو سەعات و چلوحەوت خولەکی تر و قولْپ، دەکەوینە قووڵکەی نیویۆۆرک!

(تیپی مۆسیقا لە پێشخانی شانۆدا)

پێویست نابینم بۆتانی ڕوون بکەمەوە کە ئەم کەشتییە چۆنی سەیر بکەن سەیرتان لێی دێت و لە هەموو ڕوویەکەوە تاکانەیە. سمیثی فەرماندە کاری دەگێڕێت کە کەسێکە لە تەنگەجێ دەترسێت و زۆر دانایە (دیارە یاداشتتان کردووە کە لە گەمیەیەکی فریاکەوتندا دەژییێت). پەلێک لە خزمەتی ئێوەدایە کە بە کار لە جۆری خۆیدا تاکانەیە و لە پیشەگەرانێک پێک دێت لە پیشەگەری ئاسایی سەرووترن: پاول شەیزنسکی، کەشتیڕانە، کۆنەکەشیشێکی پۆڵۆنییە، زیاد لە پێویست هەستەوەرە، زیندەوزەناسە و داخەکەم کوێرە... بیل یانگ، ڕادیۆتەلگرافەوانە، شاترەنجزانێکی گەورەیە، چەپەوانەیە و زمانی بڵە... بژیشکی سەرنشینیش دوکتۆر کلاوزێر مانشپیز ڤێگندۆرفێنتاکە کە ئەگەر لەبەر پێویستییەکی کتوپڕ هاوارتان بۆی برد کەڵکتان ناگرێت... بەڵام لە سەروو هەموویانەوە

سەرۆکی چێشتچییەکان دێت،

مسیۆ پاردیێ،

کە یەکسەر لە پاریسەوە هات و دەستبەجێ پێچی بۆ کردەوە، دوای ئەوەی هەر خۆی ئەو هەلومەرجە سەیرەی ئاشکرا کرد کە ئەم کەشتییە چێشتخانەی نییە. ئەمەیش بۆ نموونە مسیۆ کامۆمبێی ژووری ١٢ بیری تیژی بۆ برد و دوایی تۆماری کرد و ئەمڕۆ گلەییەکی زۆری لەوە بوو کە دەستشۆرکەکەی پڕ لە مایۆنێزە. شتێکی سەیر بوو! چونکە ئێمە لە باری ئاساییدا گۆشتی لێ دادەنێین هەر لەبەر نەبوونی چێشتخانەکە، کە شتێکە نەبوونی چێشتچییەکی ڕاستینە لەم کەشتییەدا ئاشکرا دەکات و چێشتچییەکەیش دیارە هەر ئەو مسیۆ پاردیێیە بوو کە یەکسەر بۆ پاریس گەڕایەوە کە خۆی لەوێوە بەو باوەڕە پتەوەوە هاتبوو چێشتخانەیەک لەم کەشتییەدا بدۆزێتەوە و شتی وا، ئەگەر لە ڕاستی لا نەدەین، لەم کەشتییەدا نەبووە و نییە. ئەمەیش ئاکامی فەرامۆشییە هەر بۆ گاڵتەکەی بێناسازی کەشتییەکە، ئەندازیاری کارامە کامیللێرییە کە نەخۆرێکی زۆر ناسراوە و تکا دەکەم چەپڵەیەکی گیانانەی بۆ بکوتتتتتن...

(تیپی مۆسیقا لە پێشخانی شانۆکەدا)

باوەڕ بکەن ئێوە کەشتیی واتان قەت نایەتەوە ڕێ. ئەگەر سالانێکی زۆر بگەڕێن لەوەیە فەرماندەیەکی تەنگەترس، کەشتیڕانێکی کوێر، تەلگرافەوانێکی زمانبڵ و بژیشکێک بدۆزنەوە کە

هەواڵنامەی کتێب

ناوی لە گوتن نەیێت و هەموویشیان لە کەشتییەکی بێ چێشتخانەدا بن. دەڵێم لەوەیە. بەڵام شتێک کە جارێکی تر ئەزموونی ناکەنەوە، جا دەتوانن سوێندی لێ بخۆن، ئەوەیە کە بە پاشەڵی سەر کورسییەکی دە سانتیمەتر پان و ئاوێکی سەدان مەتر قووڵی ناو زەریا و پەرجووی بەرچاوتان و شاکاری بەرگوێتان و تەپەی پێتان و دەنگی تیپی تاک و بێهاوتا و بێکۆتایی جازی ئەتڵەسیی ناو دڵتانەوە دانیشتبن!

(تیپی مۆسیقا لە پێشخانی شانۆدا. ئەکتەرەکە یەک بە یەکیان بە ئامێرەوە دەناسێنێت. لەگەڵ هەر ناوێکیشدا یەک بە یەک پارچە مۆسیقایێکی کورت دەژەنن)

به کلارینێت، سام "سلیپی" واشنتۆن!

به بانجو ئۆسکار دێلاگێررا!

به ترومپێت، تیم توونی!

به ترومبوم، جیم جیم، "برێث"، گاڵلوپ!

به گیتار، سامیۆل هۆککینز!

له کۆتاییشدا، به پیانۆ... داننی بوودمان

تی دی لیمۆ بیستەم.

بیستەمی هەرە گەورە.

(دەنگی مۆسیقا کتوپڕ دەبڕێتەوە. ئەکتەرەکە ئیتر وەک پێناس نادوێت و کە دەدوێت جلی مۆسیقاژەن دادەکەنێت)

داننی بە ڕاستی گەورەترین پیانۆژەن بوو. ئێمە مۆسیقامان دەژەنی، بەڵام لەگەڵ ئەودا شتێکی تر بوو. ئەو شتێکی دەژەنی کە... پێش ئەوەی بیژەنێت، نەبوو، باشە؟! لە هیچ کوێیەکدا نەبوو. کە لێیشی دەبووەوە نەدەما... بۆ تاهەتایە نەدەما... ئەم داننی بوودمان تی دی لیمۆ بیستەمە. دوایین جاریش کە چاوم پێی کەوت لەسەر بۆمبێک دانیشتبوو، بۆمبێکی ڕاستەقینە؛ لەسەر دینامیتێکی سازی زۆر گەورە. ئەمەیش بۆ خۆی چیرۆکێکی درێژە. داننی پێمی گوت: "تۆ تا چیرۆکێکی چاکت هەبێت و کەسێکیش کە گوێت لێ بگرێت، وا مەزانە کاتی نەمانت نێزیکە." جا ئەو چیرۆکێکی هەبوو... چیرۆکێکی چاک. خۆی چیرۆکە چاکەکەی خۆی بوو. شێتانە بوو، ئەگەر سەرنجی وردی بدەین، بەڵام چاک... ئەو ڕۆژەیش کە لەسەر ئەو دینامیتە دانیشتبوو، چیرۆکەکەی پێم بەخشی، چونکە من هاوەڵی ڕاستەقینەی بووم... منیش لەم ژیانەدا کارێتییەکی کەمم نەکردووە. سەروژێریشم بکەن هیچ شتێکم لێ داناکەوێت. ترومپێتەکەیشم فرۆشت. هەموو شتێکم، بەڵام...



هەوڵنامەی کتێب

چیرۆکەکە، نا... هێشتا ماوە، هێشتا لێرەمدایە، ئەوەندە ڕوونە لە باسکردن نایێت و وەک مۆسیقا وایە؛ ئەو مۆسیقایەی کە لە ناوجەرگەی زەریادا بە پیانۆ ئەفسووناوییەکەی دانی بوودمان تی دی لیمۆ بیستەم دەژەنرا.

(ئەکتەرەکە دەچێتە پشتخانی شانۆکە. تیپی مۆسیقا دەست پێ دەکاتەوە. دوابەشەکەی. کە دواین دەنگی پارچە مۆسیقاکە کز دەبێت، ئەکتەرەکە دیار دەکەوێتەوە)

ئەو کەسەی ئەمی دۆزییەوە کەشتیوانێک بوو بە ناوی دانی بوودمانەوە. دانی بوودمان بەیانییەک دۆزییەوە کە هەموو کەسێکی ناو کەشتییەکە لە بۆستن دابەزیبوون. ئەم لە کارتۆنێکدا بوو. بە تەمەن هەر دەرۆژێک بوو. نەدەگریا. لەو کارتۆنە گەورەیەدا دەنگی نەدەهات و چاوی لێک نەنابوو. لە سەماگەکەی نهۆمی یەکەمدا، لەسەر پیانۆکە بەجێ هێڵرابوو. پێ نەدەچوو کۆرپەی کەسێکی سەر بە نهۆمی یەکەم بێت. کاری وا هەر لە کۆچبەرەکان دەوەشایەوە، کە لە کونجێکی تاریک و جێیەکی سەراوانی کەشتییەکەدا منداڵ بنێنەوە و هەر لەو جێیەیشدا فرێی بدەن. لە بەدکارییان نەبوو، لە نەدارییان بوو؛ نەدارییەکی ڕووت و پەتی. ئەمەیشیان تا ڕادەیەک وەک جلەکانیان بوو... کۆچبەرەکان بە شڕەو سپیاڵەوە سواری کەشتییەکە دەبوون. هەموویان بە جلی شڕی بەریانەوە کە لەوە بەلاوە هیچی تریان پێ نەدەبوو. بەڵام دوایی، لەبەرئەوەی ئەمەریکا هەر ئەمەریکا بوو، کە لە کەشتییەکە دادەبەزان، هەموویانمان پۆشتە دەبینی، تەنانەت پیاوەکانیان بە کراوات و منداڵەکانیان بە کراسی سپیواشەوە. بە کورتییەکەی کۆچبەرەکان کاری خۆیان چاک دەزانی؛ لەو بیستەم ڕۆژەی سەفەردا هەر خەریکی دروومان و بڕین دەبوون. دواییەکەی یەک پەردە چییە، یەک ڕوودۆشەک، هیچێکت بە کەشتییەکەوە نەدەبینی: ئیتر ئەوان جلی جوانی خۆیان، بە خۆ و خێزانەوە، بۆ ئەمەریکا دروو بوو. کەسیش لە ڕووی نەدەهات قسەیەکیان بە ڕوودا بدات...

جاری وایش هەبوو تەنانەت، سووک و سانا، منداڵێکیان دەنایەوە؛ منداڵێک کە بۆ کۆچبەرێک سگێکی ترە تێری بکات و سەرئێشەیەکی زۆرە لە دەستگەی کۆچدا پێشی دێت. جا هەر چۆنێک بووە منداڵێکیان لە کەشتییەکەدا بەجێ دەهێشت؛ منداڵێکیان بە هەر جۆرێک بووە لە جیاتیی ڕوودۆشەک و پەردەکان بە جێ دەهێشت. ئەمیش هەر دەبێت کارێکی وایان لەگەڵدا کردبێت. دەبێت باشیان بیر لێ کردبێتەوە: ئەگەر لەسەر پیانۆکەدا؛ پیانۆی سەماگەکەی نهۆمی یەکەمدا دایبنێین، لەوەیە گەشتیارێک بیبات و بۆ سەرتابەری ژیانی بەختەوەر بێت. دیارە نەخشەیەکی چاکیان بۆ داڕشتبوو کە نیوەی هێنا؛ دانی دەوڵەمەندی لێ دەرنەچوو، بەڵام پیانۆژەن! چاکترین پیانۆژەن، سوێندم بە خوا چاکترینی چاکیان.

ئیتر چۆنێک بووە، بوودمانی گەورە، لەوێ، لەو جێیەدا دۆزییەوە و لە شتێک گەڕا بۆی دیار بخات ئەم منداڵە دەبوو کێ بێت. بەڵام هەر نووسراوێکی دۆزییەوە کە بە مەرەکەبی شین لەسەر

کارتۆنەکە چاپ کرابوو: تی دی لیمۆ. جۆرێک وێنەیشی لێ کێشرابوو، وێنەی لیمۆ. ئەویش شین بوو. بوودمانی گەورە ڕەشپێستێکی فیلادێلفیایی بوو؛ کابرایەکی ئەوەندە زل کە دیتبووتایە باوەڕت بە چاوی خۆت نەدەکرد. جا منداڵەکەی گرتە باوەش و گوتی: "سڵاو لیمۆ!"، شتێکیش لە ناخیدا ترپەی هات، شتێکی وەک ئەو سۆزەی کە پیاو کاتێک دەبێتە باوک هەستی پێ دەکات. داننی بوودمان تا لە دنیادا ما ئەوەندەی تۆزکاڵێک لەو قسەیە لای نەدا کە مانای تەواوی تی دی، پانکس داننی بوو. سوپاس داننی. شتێکی نابەجێ بوو، بەڵام باوەڕی تەواوی پێی هەبوو. منداڵەکەیان لەوێ بۆی دانابوو. بوودمانی گەورە باوەڕی وا بوو کە تی دی واتە سوپاس داننی. ڕۆژێک ڕۆژنامەیەکیان پێشانی دا کە جاڕێکی بازرگانیی لێدا هەبوو، وێنەی کەسێکی ڕواڵ گەمژە و سمێڵ باریکی وەک دەزوو، وەک سمێڵی دڵبازێکی لاتینی، بە جاڕەکەوە بوو. وێنەی لیمۆیەکی زلیش کێشرابوو. لە نێزیک لیمۆکەیشەوە نووسرابوو: تانۆ داماتۆ شای لیمۆ، تانۆ داماتۆ شالیمۆ. نازانم ئیتر تانۆ داماتۆ چ بەڵگەیەک یان بەهایەک یاخۆ چی بوو... بوودمانی گەورە ئەگەرچی هیچێکی وای نەکەوتە ڕوو، بەڵام لێیانی پرسی: "ئەم حیزە کێیە؟" ڕۆژنامەکەیشی گل دایەوە، چونکە لە لایەکی جاڕەکەوە ئەنجامی غارغارێنی ئەسپ نووسرابوو. نەک لەبەرئەوەی گرەوی لەسەر ئەسپ دەکرد، نا، ناوی ئەسپەکانی بە دڵ بوو و هیچی تر. دڵبەندێکی تەواوی ناوەکان بوو، هەموو جارێکیش دەیگوت: "گوێ لەمەیان بگرە، دوێنێ لە کلێڤلاند غاری داوە. سەیری ئەمەی تریان بکە کە ناو نراوە تۆ لە کێشە دەگەڕێیت، تێ گەیشتی؟ ئاخر شتی وا بووە، ئەی ئەمەی تریان؟ تەماشا، یەکەمێکی چاکتر، جا وەرە بەدەم پێکەنینەوە مەمرە؟" بە کورتییەکەی بوودمانی گەورە حەزی لە ناوەکان بوو، ئەسپەکان هیچ، هۆگری ناوەکانیان بوو، کامیشیان برندە بووایە، ئەوەندەی نووکەدەرزییەک بایەخی نەدەدایێ. بەڵام ناوەکان، با، حەزی لێیان بوو.

هەرچیی منداڵەکەیشە، ناوی خۆی وەک بەرناو لێی نا: داننی بوودمان. ئەمەیش تاکەکردەوەی بوو کە باییبوونی پێ بنوێنێت و تا لە دنیادا بوو دووبارەی نەکردەوە. دوایی، چۆن لە نووسراوەکەی سەر کارتۆنەکەدا هاتبوو، ئاوا تی دی لیمۆی پێوە نا، چونکە گوتی پیت لە ناوەندی ناودا هەبن جوان دێتە بەر گوێ. بێرتی بام کە مەکینەوانێک بوو بە دەست پارێزەرێک بە ناوی جۆن پی ئی کەی وۆندەرەوە بەندایەتیی کێشابوو، لێی سەلماند "هەموو پارێزەرێک هەیەتی". بوودمانی گەورە یەکلای کردەوە: "ببێتە پارێزەر خۆم دەیکوژم"، بەڵام دوایی جێی هەردوو پیتەکەی لە ناوەکەدا کردەوە. بەم جۆرە داننی بوودمان تی دی لیمۆی لێ کەوتەوە. ناوێکی جوان بوو. ئەوان، بوودمانی گەورە و ئەوانی تر، لە ژووری مەکینەکاندا کە کوژابوونەوە و خۆیشیان لە بەندەری بۆستندا لەنگەریان گرتبوو، ماوەیەک سەرنجی ناوەکەیان دا و چەند جارێک، بەڵام بە دەنگێکی نەوی، بۆ یەکتریان سەندەوە. دوایییەکەی بوودمانی گەورە گوتی "ناوێکی جوانە، بەڵام شتێکی کەمە. کۆتایییەکی جوانی لێ کەمە". ڕاستی دەکرد، کۆتایییەکی جوانی لێ کەم بوو. سام ستال کە خزمەتکار بوو، گوتی: "سێشەمەی لێ زیاد دەکەین. سێشەمە بوو کە دۆزیتەوە، سا بە

سێشەمەی ناو دەنێین." داننی بوودمان تاوێک بیری کردەوە و دوایی گەشایەوە: "چاکی بۆ چوویت سام، من لە یەکەم ساڵی ئەم سەدە نوێیە نەفرەتییەدا دۆزیمەوە. مەگەر وا نییە؟ من ناوی دەنێم بیستەم". "بیستەم؟"، "بیستەم"، "مەگەر بیستەم ژمارە نییە!" "ژمارە بوو، بەڵام لەمەولا ناوە." داننی بوودمان تی دی لیمۆ بیستەم. ئای کە ناوێکی تاکانەیە. ناوی وا لە دنیادا نییە! ناوێکی گەورە، ئای خوایە ناوێکی چەند گەورەیە! ئەم منداڵە بە ناوێکی واوە هەڵدەکەوێت. هەموویان بەسەر کارتۆنەکەدا داهاتنەوە. داننی بوودمان تی دی لیمۆ بیستەم سەیریانی کرد و بزەیەکی نواند. هەموویشیان سەیری تەواویان بەسەردا هات: کەسیان چاوەڕێ نەبوو منداڵێکی ئەوەندە ورد ئەو هەموو گووەی پێ بکرێت.

بوودمانی گەورە هەشت ساڵ و دوو مانگ و پانزە ڕۆژی تری بە کەشتیوانییەوە ڕاکێشا. دوایی، لە ڕەشەبایەکی ناوجەرگەی زەریادا، چەرخێکی سلینگ کە لە گیرە ترازا بەر ناوشانی کەوت. ئەم کە لە ناخەوە ورد بووبوو، سێ ڕۆژ دوا گیانی دا و لە بارێکدا نەمابوو سەرلەنوێ لێک بگیرێتەوە. داننییش کە لەو دەمەدا هێشتا منداڵێکی ورد بوو، بە دیاریەوە دانیشت و نەجوولا. کەڵەکەیەک ڕۆژنامەی کۆنی هەبوو، لەو سێ ڕۆژەدا بە هەوڵێکی بان توانستەوە بۆ بوودمانی گەورەی خوێندنەوە کە لە ناوجێدا کەوتبوو، کە لە ناوجێیشدا گیانی دا. داننی یەک بە یەکی ئەو ئەنجامانەی غارغارێنی ئەسپی بۆ خوێندەوە کە بەرچاوی دەکەوتن. پیتەکانی، هەر وەک بوودمان فێری کردبوو، لێک دەدا و بە پەنجەی سەر کاغەزی ڕۆژنامەوە و بە چاوی وا کە ترووکەیەکیش وچانیان نەدەدا، دەیخوێندنەوە. لەسەرخۆ دەیخوێندنەوە، بەڵام دەیخوێندنەوە! ئیتر بوودمانی گەورە لە شەشەمین غارغارێنی شیکاگۆدا گیانی دەرچوو کە لێیدا ئاوی ڕەوان بە دوو بەژن دابوویە پێش شۆربا و بە پێنجیش پێشی شینەکرێم کەوتبوو. داننی بوودمان کە ناوەکانی دەکەوتنە بەرگوێ، نەیدەتوانی خۆی ڕابگرێت و پێ نەکەنێت، بەدەم پێکەنینیشەوە بوو کە گیانی دەرچوو. دوایی ڕووەدۆشەکێکیان لێی پێچا و بە زەریایان دایەوە. لەسەر ڕووەدۆشەکەکە، بە مەرەکەبی سوور، فەرماندەکە نووسیی: سوپاس داننی.

بەم جۆرە داننی لە ناکاودا بۆ جاری دووەم بێ باوک مایەوە. داننی هەشت ساڵان بوو، پەنجا جارێک سەفەری ئەورووپا و ئەمەریکای کردبوو. زەریا ماڵی بوو، بەڵام هێشتا پێی بە وشکانیدا نەنابوو. با، لە بەندەرەکانەوە دیبووی، بەڵام پێ لێ بنێت، نا، نەینابوو. داننی دەترسا بە بیانووی بەڵگەنامە و گوزەرنامە و شتی واوە بیگرن، بۆیە لە کەشتییەکەدا بۆ هەمیشە مایەوە. دواییش لەسەر دانگ و ڕاهاتانە ملیان لە ڕێی زەریا نایەوە. جا ئەگەر وردی لێ بڕوانین داننی بە لای دنیاوە کەسێک نەبوو لە دنیادا بێت. ئاخر شارێک نەبوو، کۆمەڵەیەک، بیمارخانەیەک، بەندیخانەیەک، تیپێکی بەیسبۆڵ نەبوو ناوی لە شوێنێکدا تۆمار کردبێت. داننی نیشتمانی نەبوو، ڕۆژی لەدایکبوونی نەبوو، ماڵ و بنەماڵەیشی نەبوو. داننی هەشت ساڵان بوو، بەڵام بە فەرمی هێشتا لەدایک نەبووبوو.

کەسی وا هەبوون پێیان دەگوت: "ئەم بەزمە بەم جۆرە زۆر درێژە ناکێشێت. بیریشت نەچێت کە دژی یاسایە." بەڵام ئەو هەموو جارێک یەک وەڵامی ئامادەی پێ دەبوو، وەڵامێک کە مەبەستی باش دەپێکا. داننی دەیگوت: "هەموو یاسای دنیام بە قوڕ گرت." دوای ئەم سەربەندە کەس ڕێی قسەی تری نەدەما.

جا کە گەیشتنیشە ساوثهامپتن، لە کۆتاییی ئەو سەفەرەدا کە داننی بوودمان لێی دا مرد، فەرماندەکە بڕیاری دا کاتی ئەوەیە دوایی بەم نمایشتە بهێنن. پۆلیسی بەندەرەکەی بانگ کرد و بە جێگرەکەی خۆی گوت بڕوات داننی بهێنێت. نەخێر، شوێنی لە هیچ کوێیەکدا نەبرد. دوو ڕۆژی تەواو کەشتییەکەیان سەر و بن کرد و هیچ؛ داننی بێسەروشوێن بوو. کەس ئەم بەسەرهاتەی پێ قووت نەدرا، چونکە گشت کارگەرانی سەرنشینی ڤیرجینیا دڵیان بەم منداڵە خۆش بوو. کەسیشیان نەدەوێرا بڵێت کارێکی گران نییە خۆی لەسەر کەشتییەکەوە هەڵبداتە خوارەوە و لەوەولا زەریا چی بوێت بیکات... سا بە دڵی مەرگبارەوە بوو دوای بیست و دوو ڕۆژ، کە نە داننی گەڕابووەوە و نە هەواڵیان زانیبوو، بەرەو ڕیۆ دێ جانێرۆ کەوتنە ڕێ. لەگەڵ کەوتنەڕێی کەشتییەکەیشدا هەودای ڕەنگاوڕەنگ هەڵدرا و ئاگربازی وەک هەموو جارێک، ساز کرا. بەڵام ئەم جاریان جیاواز بوو. هەموویان، بۆ تاهەتایە، لەسەر ڕێی لەدەستدانی داننیدا بوون. شتێکیش خەریک بوو بزەی هەموویانی دەکرۆشت و کزەی لە جەرگ دەهێنا.

سەفەری دووەمین شەو، کە ئیتر ڕووناکاییی کەنارە ئیرلاندییەکەیش دیار نەبوو، بارری، کەشتیرانەکە دەڵێم، وەک شێت خۆی بە ژووری فەرماندەکەدا کرد و لە خەوی هەستاند و پێی گوت دەبێت هەر بێت و بڕوانێت. فەرماندەکە جنێوێکی مزری تێ گرت، بەڵام دوایشی کەوت.

سەماگەکەی نهۆمی یەکەم

چرا خامۆش.

خەڵک بە بیجامەوە لەناو دەرگەکەیدا وەستاون. گەشتیاریش ژووری خۆیان بە جێ هێشتووە.

هەر بەم جۆرەیش زەریاوانان و سێ کەسی ڕەش وەک ڕەژوو کە لە ژووری مەکینەکانەوە سەر کەوتبوون و ترومانی تەلگرافەوانیشیان لەشان بوو.

هەموویان لەوێ و لە بێدەنگیدا دەیانڕوانی.

داننی لەسەر کورسیی پیانۆکە، کە پێی داڵەنگابوو و کە بەری زەوی نەدەکەوتن، دانیشتبوو.

ئیتر

چۆن دەزانم خوا هەیە و تاک و تەنیایە

ئاوایش

داننی دانیشتبوو پیانۆی دەژەنی.

(دەنگی پیانۆ دێت، ساکار، خاو و خۆش)

نازانم کام مۆسیقای نەفرەتیی دەژەنی، بەڵام پارچەیەکی کورت و خۆش بوو. نا، فێڵ نەبوو، داننی خۆی بوو کە دەیژەنی. دەستی، مەگەر هەر خوا خۆی بزانێت چۆن، بەسەر کلیلەکانی پیانۆکەوە بوون و دەنگێکی لێ دەهێنا کە گوێی بدەیتێ. لەناو خەڵکەکەیشدا خانمێک هەبوو ڕۆبی خەوی لەبەر بوو، پەمەیی و چەند دەرزیلەیەک بە سەریەوە بوو... خانمێکی خۆشگوزەران، ژنە ئەمەریکاییەکی مێرد بیمەفرۆش دەڵێم... ئیتر هەر کێیەک بووە، فرمێسکی درشت بە کرێمی شەوانەی ڕوومەتیدا دەچۆڕا، دەیڕوانی، دەگریا و کەس نەیدەتوانی ژیری بکاتەوە. جا کە فەرماندەی کەشتییەکەی لە شان خۆیدا بینی سەرسوڕمانەکەی سووری هەڵگەڕاندووە؛ ئاخر بە مانای تەواوی وشەکە سوور هەڵگەڕابوو. کە فەرماندەکەی لە شان خۆیدا بینی، فرمێسکی هەڵقوڕاند. خانمە دەوڵەمەندەکە دەڵێم، فرمێسکی هەڵقوڕاند و بە پەنجەی نیشانی پیانۆکەوە پرسی:

"ناوی چییە؟"

"بیستەم."

"گۆرانییەکە ناڵێم، کوڕەکە."

"بیستەم."

"وەک گۆرانییەکە؟"

ئاخر قسەکردنی وایە کە فەرماندەیەکی کەشتی ناتوانێت لە چوار تا پێنج بێژە زیاتر لەسەری بڕاوت، بە تایبەتی ئەوسا و هەر لەو دەمەدا بۆی دەرکەوتبێت منداڵێک کە وای دەزانی مردووە، نەک هەر زیندووە بەڵکە لەو ماوە ڕابردووەدا خۆی فێری ژەنینی پیانۆیش کردووە. ئیتر خانمە دەوڵەمەندەکەی بە فرمێسک و هەموو شتێکییەوە بە جێ هێشت و هەنگاوی گورجی نا و بە پانتۆڵی بیجامە و چاکەتی سینگبەرەڵای فەرمییەوە، سەماگەکەی بڕی. هەر کە گەیشتە بەر پیانۆکە لە پێشدا خۆی ڕاگرت. لەو تاوەدا دەیویست شتێکی زۆر بڵێت، بۆ نموونە "بە لەعنەت بیت کەی فێری ئەم هەمووە بوویت؟"، یان و هەروەها "خوام بە گژتدا کرد، لە کوێ خۆت شاردبووەوە؟" بەڵام ئەمیش وەک گەلێک پیاو کە لە جلوبەرگی فەرمیدا ژیان بەسەر دەبەن، لە جلوبەرگی فەرمیدا بیری کردەوە و هەر ئەوەندەی بۆ مایەوە کە بڵێت:

"بیستەم، ئەمەی تۆ دەیکەیت دژی گشت ڕێوشوێنێکە."

دانیش کە منداڵێکی کەمدوو بوو بە توانێکی زۆری فێربوونەوە، دەستی هەڵگرت و بە چاوی سۆزەوە سەرنجی فەرماندەکەی دا و گوتی:

"هەموو ڕێوشوێنێکم بە قوڕ گرت."

هەواڵنامەی کتێب

(دەنگی تۆفان دێت)

زەریا ڕاساوە/ زەریا لای داوە/ ئاوی زەریا بە گژ ئاسماندا دەچێت/ هەڵدەتەقێت/ ڕادەماڵێت/ هەور و ئەستێرە بە هەواوە دەڕنێت/ هەڵدەشاخێت/ تا کەی هەر هاڕەی دێت/ کەس نازانێت/ ڕۆژێک دەکێشێت و/ دوایی دێت/ دایە گیان، دایە/ تۆ ئەمەت پێ نەگوتم، دایە/ لایە لایە/ زەریا ڕاتدەژێنێت/ تا هەناوت نەبڕێت، ناسرەوێت/ هەڵدەشاخێت/ بەو ناوەدا/ هەر کەف و ئێش و ژان هەڵدەچڕێت/ زەریا شێتێکی تەواوە/ تا چاوت هەتەر دەکات/ هەر تاریکییە و/ شوورە و پەرژینی تار و/ گەڕ و گێژاوە/ هەموویشیان بێدەنگن/ چاوەڕێن/ بەڵکە دوایی بێت/ بەڵکە نقووم بن/ من نامەوێت نقووم بم، دایە/ من ئەو ئاوەم دەوێت کە سرەوت دەگرێت/ کە وێنەی خۆی/ لەسەرخۆ/ دەنوێنێت/ ئەم/ شوورە/ ناجۆرانە/ شوورەی ئاو/ وەختە بەسەر یەکدا بڕووخێن/ ئەم دەنگەیش

من ئەو ئاوەم دەوێت بێتەوە، کە دەتزانی

زەریام دەوێت بێتەوە

بێدەنگی

ڕووناکی و

ماسیی باڵدار

کە لەو سەرە

دەفڕن.

هەواڵنامەی کتێب

یەکەم سەفەر و یەکەم تۆفان، بۆ بەدبەختیم. من هێشتا باش تێ نەگەیشتبووم چۆن شتەکان بەڕێوە دەچن، تووشی یەکێک لەو تۆفانە ترسناکانە بووم کە ڤیرجینیا لە سەرتاسەری مێژوویدا بەسەری هاتووە. لە نیوەی شەودا شەیتان هاتە کلێشی و هەرچی مێز هەبوو زەریا بەو نێوەیدا خولاندەوە. پێ نەدەچوو دابمرکێتەوە. کەسێکیش لە کەشتییەکدا ترومپێتژەن بێت و تۆفانی بە گژدا بێت، شتێکی وای پێ ناکرێت، مەگەر لەو دەمەدا ترومپێت نەژەنێت بۆ ئەوەی شتەکە لە خۆی ئاڵۆزتر نەکات و لە کونەکەی خۆیدا خۆی ڕابگرێت. بەڵام من لە کونەکەدا خۆم پێ ڕانەگیرا. ڕاستە، دەتوانێت بیر بۆ شتی تر ببات، بەڵام سوێندتان لەسەرم نییە، کەسم دەوێت زوو یان درەنگ ئەم قسەیە لە مێشکیدا چەکەرە نەکات: کابرا لە دواین ڕۆژەکانی ژیانیدا وەک مشک کۆتایی هات. من نەمدەویست وەک مشک کۆتاییم بێت، بۆیە لە ژوورەکەم هاتمە دەرەوە و بەو ناوەدا خولامەوە. نەمدەزانی ڕوو لە کوێ بنێم. چوار ڕۆژ بوو لە کەشتییەکەدا بووم و ڕێی پێشاوم بەدی بکردایە، وام دەزانی سەری کەڵم پەڕاندووە. کەشتیی وا شاری بچووکی بەدەم ئاوەوەن. بە ڕاستی. درێژەی پێ نادەم و شتی وا خۆی بە خۆیەوە دیارە. بەڵام کە بە گشت لایەکدا بەری هەموو شتێک کەوتم و بە هەڵکەوت دالانەکانم هاتنە ڕێ، دیارە هەر وایش بوو، ئیتر خۆم لێ ون بوو و

ئومێدم بڕا و دنیام لێ بە تووندا چوو. هەر لەو دەمەیشدا بوو کەسێکم لێ پەیدا بوو: دەستێک جلی سەراپا ڕێکوپێکی پۆشیبوو، ڕەش. لەسەرخۆ پیاسەی دەکرد، بەڵام نەک بە ڕواڵی کەسێکەوە خۆی لێ ون بووبێت. پێ نەدەچوو شەپۆلەکانی تێ بینیبێت و دەتگوت لەسەر دەریای شاری نیسدا پیاسە دەکات و کەسەکە، بەڵێ، داننی بوو.

داننی ئەوسا بیستەم و حەوت ساڵان بوو، بەڵام بە تەمەنتر دەچوو. من هێشتا نێوانێکی وام لەگەڵیدا نەبوو. لەو چوار ڕۆژەدا مۆسیقامان پێکەوە ژەنیبوو، لەگەڵ گرۆکە و هیچێکی تر. نەشمدەزانی ژوورەکەی لە کوێی کەشتییەکەدایە. با، ئەوانی تر باسێکی داننییان بۆم کردبوو. شتێکی سەیریان پێم گوتبوو: گوتیان داننی تاقە جارێکیش لێرەوە پێی بۆ وشکانی هەڵنەهێناوە. لە کەشتییەکەدا زاوە و لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ هەر لێرەدا ماوە. بیستەم و حەوت ساڵی تەواو بێ ئەوەی جارێک پێ بە پاچنەی چوونەخوارەوەدا بنێت. کە ئەمەیان ئاوا بۆ گێڕامەوە، هەموویم بە درۆیەکی شاخدار دانا... گوتیشیان مۆسیقایەک دەژەنێت کە نییە. منیش شتێک کە دەمزانی هەر ئەوە بوو کە هەموو جارێک پێش ئەوەی لەوێ دەست بە ژەنین بکەین؛ سەماگەکە دەڵێم، فریتز هێرمان، ئەو کابرا کەژەی کە فڕی بەسەر مۆسیقاوە نەبوو، بەڵام قۆز بوو بۆیە تیپەکەی بە ڕێوە دەبرد، دەچووە لای و بە دەنگێکی نەوی دەیگوت: "پیاوی چاک بە بیستەم، هەر مۆسیقای ئاسایی، باشە؟"

داننییش سەری دەلەقاند و مۆسیقای ئاسایی بە نیگایەکەوە دەژەنی کە لە بەرچاوی خۆی لای نەدەدا. بۆ جارێکیش تیلەچاوێکی لە سەرپەنجەکانی خۆی نەدەگرت. دەتگوت لە دنیایەکی تەواوی تردایە. من ئێستا دەزانم کە ئەو بە ڕاستی لە دنیایەکی تردا دەبوو، بەڵام ئەوسا نەمدەزانی، مەگەر ئەوەی کە کابرایەکی سەیرە و بڕایەوە.

ئەو شەوە، لە گەرمەی تۆفانەکەدا، داننی بە ڕووی کاکەیەکی گەشتیارەوە لەو ناوەدا دۆزیمیەوە؛ منی ونبووی ناو یەکێکی ئەو هەموو دالانانە، منێک کە ڕەنگی مردووم لێ نیشتبوو. داننی سەیرێکمی کرد و بزەیەکی نواند و گوتی: "وەرە".

ئێستا ئەگەر کەسێک لە کەشتییەکدا ترومپێتژەن بێت و لە جەرگەی تۆفانێکدا کەسێکی لێ هەڵبکەوێت کە پێی دەڵێت "وەرە"، یەک شتی پێ دەکرێت: بڕوات. من دوای کەوتم و ئەو، ئا، ئەو دەیتوانی پێ بنێت. من... جیا بووم؛ پێم وەک ئەو پێ هەڵنەدەگیرا. بەڵام هەر چۆنێک بووە خۆمان گەیاندە سەماگەکە. کاتێکیش بەملا و بەولادا لەترمان دەدا، مەبەستم خۆمە، ئەو دەتگوت سکەی ئاسنی لەژێر پێیە، گەیشتینە پیانۆکە. ئەوێ کەسی لێ بە دەرەوە نەبوو و چمکێک ڕووناکایی جێجێ نەبێت تاریکەواش بوو. داننی پایەکانی پیانۆکەی بۆم دیاری کرد و گوتی: "پاگرەکانیان بکەوە."

کەشتییەکە لارەی دەکرد و شتێکی سەیر بوو، ئاسان نەبوو خۆت بەسەر پێوە پێ ڕابگریت و

ئازادکردنی پێچکەکانیش کارێکی بێ سەروبەر بوو.

"ئەگەر متمانەت پێم هەیە سا بیانکەرەوە."

بیرم کردەوە "ئەم کابرایە هەر دەبێت شێت بێت" و پاگیرەکانم کردەوە.

جا پێمی گوت: "وەرە و لێی دانیشە".

نەمدەزانی بە تەما بوو بگاتە کوێ، بە ڕاستی نەمدەزانی. ڕاوەستابووم و پیانۆکەم گرتبوو کە وەک سابوونێکی زۆر گەورەی ڕەش بەو ناوەدا دەهات و دەچوو... من دۆخەکەم بەلاوە زۆر نالەبار بوو، سوێند دەخۆم. من تۆفانەکە تا ناقڕەم هاتبوو، ئەو شێتەیش یەخەمی گرتبوو. ئەو شێتەی سەر کورسییەکەی خۆی؛ کورسیی سابوونێکی جوان و هەردوو دەستی بەسەر کلیلەکانی پیانۆکەوە سرەوتبوون.

کاکەی شێت بە ڕووی گەشەوە گوتی: "ئەگەر ئێستا سەر نەکەویت، قەت سەر ناکەویت." (ئەکتەرەکە دەچێتە سەر ئامێرێکی سەیری وەک شتێکی نێوان جۆلانە و میلی تەنافبازان) "باشە، چی دەبێت با ببێت، باشە؟ جا من چیم هەیە کە بترسم لە دەستی بدەم. وا سەر دەکەوم. باشە، سەر دەکەومە سەر کورسییە قۆڕەکەت، وا سەر کەوتم، جا ئێستا؟"

"جا ئیتر ترسی پێ ناوێت."

داننی دەستی بە ژەرنین کرد.

(دەنگی مۆسیقایەک دێت کە هەر بە پیانۆ دەژەنرێت. جۆرێک ڤالس. ڤالسی نەرم و خۆش. ئامێرەکە ڕادەژێت و ئەکتەرەکە بە تەختەی شانۆدا دەخولێنێتەوە. تا ئەکتەرەکە زیاتر بە تاندا دەچێت، جووڵەکە بەرین و بەرینتر دەبێت تا ئامێرەکە بەری پاشخانی شانۆ دەکەوێت)

ئێستا کەستان ناچار نییە باوەڕ بهێنێت. خۆیشم، خۆ ڕۆژێک ڕاستی هەر دەر دەکەوێت، باوەڕم نەدەکرد ئەگەر کەسێک بۆمی بگێڕایەتەوە. بەڵام پیانۆکە بە تەختەبەندە لووسەکەی سەماگەکەدا خزا و ئێمەیش بە دوایەوە؛ بە داننیی پیانۆژەنەوە کە بۆ تاوێکیش چاوی لە کلیلەکان لا نەدا و دیار بوو لە شوێن و دنیایەکی تردایە. پیانۆکەیش شوێنی شەپۆلەکان کەوت، ئەمسەری کرد و ئێمەی بۆ ئەوسەر برد، بە دەوری خۆیدا پێچی کردەوە و ڕووەو پەنجەرەکە چوو. کە ئەوەندەی تاڵەموویەکیشی ما بەری بکەوێت، خۆی ڕاگرت و بە نەرمی دوای دایەوە. مەبەستمە بڵێم دەتگوت زەریا ڕای دەژەنێت و ئێمەیش لەگەڵیدا دەبات و دەهێنێت. من هیچێک لەو هەمووە تێ نەگەیشتم. داننی پیانۆی خۆی دەژەنی و بۆ یەک ترووکە دەستی لێ هەڵنەگرت. دیاریش بوو کە نەک هەر دەیژەنی بەڵکە دەشیڕانی، پیانۆکەی دەڕانی. تێ گەیشتن؟ پیانۆکەی بە کلیلەکان، بە تۆنەکان، بە نازانم چییەکان، بۆ هەر کوێیەک پێی خۆش بوو، دەڕانی. ئەمە ئەگەرچی بە کارێکی

نابەجێ دەچێت، بەڵام دەیزانی. کە بە ناو مێزەکاندا پێچمان دەکردەوە و تۆزێک بەری شەمدان و کورسییەکان دەکەوتین، لێم ئاشکرا بوو لەو دەمەدا چیمان دەکرد. ئەوەی بە ڕاستی دەمانکرد سەما بوو، سەما لەگەڵ زەریادا، ئێمە و ئەو، سەماکەری هەم شێت و هەم سەیر بووین و لەسەر تەختەبەندە زێڕکفتەکەی شەودا و لەناو ڤالسێکی تاریکدا باوەشمان بە یەکتردا کردبوو. وەی کە خۆش بوو!

(ئەکتەرەکە لەسەر ئامێرە سەیرەکەی خۆی و تەختی شانۆدا، بە ڕوویەکی خۆشەوە سووڕی بەرین دەخوات. کە زەریایش دەکەوێتە لارە، کەشتییەکە سەما دەکات و مۆسیقایەکی پیانۆ کە بە جۆرێک ڤالس دادەنرێت و کاریگەریی جۆراوجۆری دەنگ گەرمتری دەکات، ستۆپ دەگرێت، چەرخ دەکاتەوە و سەما گەرمەکە، بە یەک وشە، "دەڕانێت". دوایی، دوای هەزار و یەک جریتبازی، ئەکتەرەکە خواری دەبات و بە بازێک خۆی لە پاشخانی شانۆکەدا دەگرێتەوە. مۆسیقاکە هەوڵ دەدات "ستۆپ" بگرێت، بەڵام ئیتر درەنگە و ئەکتەرەکە هەر ئەوەندەی بۆ دەمێنێتەوە کە هاوار بکات:

"خوایە هاوارە!"

لە لایەکی پشتەوەی شانۆکەوە دەچێتە دەرەوە. لەوێ سەرەنگرێی شتێک دەبێت. خرمەیەکی زۆر دێت، وەک ئەوەی خۆی بە پەنجەرەیەک، بە مێزێکی مەیخانەیەک یان ساڵۆنێک یان هەر شتێکی تردا کێشابێت. غەڵبەغەڵبێکی زۆر، وچانێکی کورت و بێدەنگی دادێت. دوایی ئەکتەرەکە هەر لەو پشتخانەوە کە لێیەوە چووبووە دەرەوە، خاوە خاو دێتەوە)

داننی گوتی دەبێت چاکتری بکات، فێڵەکە دەڵێم. من گوتم هەمووی بە توندکردنی پاگرەکانییەوە بەند بوو. فەرماندەکەیش، کە تۆفانەکە نیشتەوە، گوتی: (بە تووڕەیی و نەڕەنەڕەوە) "هەی جووتە شەیتانی سەربەگۆبەند، شەرت بێت لە ژووری مەکینەکانتان بنێم و هەر لەوێتان بهێڵمەوە، یان بەم دەستانەی خۆم گیانی هەردووکتان دەکێشم. شەرتە تا دواقوروشی هەموو شتێکتان پێ تێ نەهێنمەوە دەستتان لێ هەڵنەگرم زانیومە تا مردنتانم ڕەتاندووەتەوە. چۆنیش دەزانم ئەم کەشتییە ڤیرجینیای ناوە، ئاوایش دەزانم زەریا تا ئێستا جووتێک کەری وەک ئێوەی بە خۆیەوە نەدیوە!"

لەو خوارە، لە ژووری مەکینەکاندا، ئەو شەوە داننی و من بووین بە هاوەڵ؛ هاوەڵی ناو زەریا و سەر وشکانی. ئێمە بە ژماردنی ئەو هەموو زیانەی کە نابوومانەوە و کە دەبوو بە دۆلار چەندی بکردایە، کاتی درێژمان لەو خوارەدا بردە سەر. ژمارەیش تا زیاتر دەبوو، دەنگی پێکەنینمان دوورتر دەچوو. ئێستایش کە بیری لێ دەکەمەوە، باش دەزانم ئەمە بوو ئەوەی کە دەڵێن مرۆڤ دەبێت بەختەوەر بێت، یان شتێکی وەک بەختەوەری.

هەر ئەو شەوەیش بوو لێم پرسی کە ئاخۆ چیرۆکەکە ڕاستە؛ چیرۆکی خۆی و کەشتییەکە. ئاخۆ لێیدا لەدایک بووە و شتی بەولاوەتر... ئەگەر ئەو قسەیەیش ڕاستە کە نەچووەتە سەر وشکانی.

دانی گوتی: "بەڵێ"

"هەر ڕاستی ڕاست؟"

دانی زۆر بە ڕاستی بوو، گوتی:

"ڕاستی ڕاست."

منیش نازانم، بەڵام لەو دەمەدا هەر وەک لە ناخەوە بێت، زۆر نەخـایەنێت و خـۆم نەمـەوێت، ناشزانم بۆ، لەرزم لێ هات، لەرزی ترس.

ترس.

جارێک لە دانیم پرسی کە مۆسیقا دەژەنێت بیر لە چی دەکاتەوە و هەموو جارێک بە نیگای ڕوو لە بەرچاویەوە سەیری چی دەدات. بە دەربڕینێکی تر، کە دەستەکانی بەسەر کلیلەکانەوە دێن و دەچن، سەری بە کوێدا دەکرد. دانی گوتی: "ئەمڕۆ لە وڵاتێکی سەیردا خۆم گرتەوە، ژنی ئەوێ پرچێکی بۆنخۆشیان هەبوو، دەوروبەرم ڕۆشن و پڵنگێکی زۆری لێ بوو."

دانی بە دنیادا دەگەڕا.

هەر جارەی لە جێیەکی نوێدا خۆی دەگرتەوە؛ لە ناوجەرگەی لەندەندا، لە شەمەندەفەرێکی نێوان شاراندا، لەسەر کێوێکی ئەوەندە بەرزدا کە بەفر تا پشتێنت دەهات، لە گەورەترین کلێسەی دنیادا کە کۆڵەکەکانی دەژمارد و سەرنجی ڕووی کۆتەڵەکەی مەسیحی دەدا. دانی بە دنیادا دەگەڕا. بەڵام ئاسان نەبوو بزانیت چی لە کلێسە، چی لە بەفر دەزانێت، یان چوزانێت پڵنگ چۆنە... مەبەستمە بڵێم دانیی تەنیا جارێکیش نەچووبووە سەر وشکانی، تەنیا جارێک. ئەمەیش درۆ نەبوو، شتێکی تەواو ڕاست بوو. دانی پێی بە وشکانیدا نەنابوو. سەرەڕای ئەمە وات دەزانی ئەو هەمووەی، ئەو هەموو شتانەی دیوە. کەسێکیش بوو ئەگەر پێت بگوتایە: "جارێکیان لە پاریس بووم"، دەیپرسی ئاخۆ فلانە و فیسارە باخت دیوە، ژەمێکت لە فلانە جێ کردووە. هەموو شتێکی دەزانی. دەشیگوت "زۆرم حەز لێیە لەوێ بەدەم هاتوچۆی سەر پۆنت نوفەوە چاوەڕێی ئاوابوونی خۆر بم، کە پاپۆڕەکانیش ڕەت دەبن، ڕابوەستم و لە سەرەوە سەیریان بکەم و دەستیان لێ هەڵبهێنم."

"دانی، تۆ قەت پاریست دیوە؟"

"نا."

"ئەی چۆن..."

"مەبەستمە بڵێم... بەڵێ."

هەوالنامەی کتێب

"بەڵێی چی؟"

"پاریس."

خۆ دەشیا داننی بە شێت بزانیت، بەڵام ئاسان نەبوو. کەسێک کە بەو هەموو وردییەوە باست بۆ بکات کام بۆن ئێواران هەر کە باران دەبڕێتەوە لە جادەی بیرثامــدا دەپەنگێتەوە، ناتوانیت هەر لەبەر ئەوەی پێی بە جادەی بیرثامـدا نەناوە بە شـێتی بزانیت. لە چاوی کـەسـێکدا، لە گـفـتی کـەسـێکدا ئەو بـایەی بە ڕاسـتی، لەسـەر دانگی خـۆی، بەڵام بـە ڕاسـتی هەڵمـژیبـوو. دوور نیـیـە هیـچێکی دنیـای نەدیبێت، بەڵام دنیـا لەو بیـست و حـەوت سـاڵە و لەو کـەشـتیـیـەدا بە لایدا تێ پەڕیبوو. لەو کەشـتییە و لەو بیست و حەوت ساڵەیشدا بە چاو شـوێنی دنیا کـەوتبوو و گیـانی دزیبوو.

لەم بوارەدا داننی بلیـمـەتێک بـوو حـاشـا هەڵناگـرێت. داننی دەیتـوانی گـوێ بگرێت، دەیتـوانی بخـوێنێتـەوە، نەک کـتـێب، چونکە هەمـوو کـەسـێک دەیتـوانێت. داننی مرۆڤـی دەخوێندەوە. ئەو ئاسـەوەرانەی دەخـوێنـدەوە کە بە مـرۆڤـەوە بوون؛ جێگە و دەنگ و بۆن و زێد و سـەربردەکانیـان... هـەمووی وەک نووسراو لە مرۆڤدا، بە پەرۆشێکی ناکۆتاوە دەخوێندەوە و ڕێک دەخست و خانەبەند و ڕیز دەکرد... هەموو ڕۆژێک لەتێکی بچووک، شاری گەورە، کونجی مەیخانە، ڕووباری بەکێش، چڵکاوی پەنگخـواردوو، فرۆکە و شێری لەو نەخشـە بێکۆتاییـیە، بێکۆتایی، نەخشـەی دنیا، هـەموو دنیـا، لەم سـەریەوە تا ئەو سـەری زیاد دەکـرد کە لە مێشـکیدا دەیکێشـا. ئەمـەیش نەخشـەیەکی بێـوێنە بوو کـە داننی وەک خـوا بەسـەریەوە دەگـەڕا کاتێک و دوای ئەوەی پەنجـەی بە کلیلەکـاندا دەهێنا و کەنارەکانیانی لە ڕاگتایمێکدا ساو دەدا.

(دەنگی ڕاگتایمێکی خەمگین دێت)

سـاڵانێکی زۆری کێشا، بەڵام دواییەکەی، ڕۆژێکیان، زاتم نایە بەر خۆم و لێم پرسی؛ ئەرێ داننی، تۆ بۆ ناچیـتـە سـەر وشکانی، لە ڕێـی خـوا، بۆ جارێکیش بووە، تـەنیـا جارێک، بۆ ناچیت چاوێکی پێدا بهـێنیت و ئەم دنیایە، ئەم دنیایە بە چاوی خـۆت ببـینیت، بە چاوی خـۆت. بۆ ئەم بەندیخـانە گـەڕۆکەت کردووەتە ماڵ و حاڵی خۆت. تۆ دەبوو ئێستا لە پۆنت نوفەکـەی خۆتدا بیت و سـەرنجی پاپۆڕەکان و هـەمـوو شـتێکی تر بدەیت و چیت پێ خۆشـە بیکەیت. ئاخر تۆ، تۆ وەک خـواوەند پیانۆ دەژەنیت. بە خـودا بۆت شـێت دەبن. جا ئەگـەر پارەت بوێت وەک خـۆڵ پێکەوەی دەنێیت، جوانترین خانوو دڵت بگرێت بۆ خـۆتی دەستنیشان دەکەیت و حەزت لێ بێت وەک کەشتی سازی دەکەیت. جا کەی گرینگە داننی! دەتوانیت لە هەر کوێیەکی ئەم دنیایەدا بووە بیکەیت؛ لەناو پڵنگان، ئەگەر پێت خـۆش بێت، یان لە جـادەی بیـرثام... لە ڕێـی خـوا داننی! تـۆ نابێت ئەم ژیانەت وەک گـەوج هەر بە ئەمسـەر و ئەوسـەر کردنەوە ببەیتە سەر... تۆ کوا گەوجیت داننی، تۆ گەورەیت. دنیایش دەڵێیت، ئا ئەمــەتا، وا بە بەرتـەوەیەوە و هەر ئەم پاچنە هیـچـەی بەرەو خـوارەوەیە. جـا ئەمــە چییــە، چەند

پایەیەکی قۆڕە و هیچی تر. لە ڕێی خوا داننی، هەر ئەمەیە و بڕایەوە. کۆتایی پاچنەکەیش هەموو شتێکە. بۆ واز ناهێنێت و ناچێتە سەر وشکانی. بۆ جارێکیش بووە، تەنیا جارێک.

داننی... تۆ بۆ ناچیتە سەر وشکانی؟"

"بۆ؟"

"بۆ؟"

هاوین بوو، هاوینی ١٩٣١ کە جیلی ڕۆل مۆرتن سەری بە ڤیرجینیادا کرد. سەر تا پێی سپی بوو، تەنانەت شەبقەکەیشی. ئەڵماسێکی گەورەی لە پەنجە بوو کە ئەوەندەی تەلارێک دەبوو.

ئەم کابرایە کەسێک بوو کە ئەگەر کۆنسێرتی دەگێڕا لە بانگەوازەکەیدا دەینووسی: ئەم شەو، جیلی ڕۆل مۆرتن، داهێنەری جاز. ئەمەیشی لە هیچە نەدەنووسی، بەڵکە خۆی پێ وا بوو: داهێنەری جاز. هەموو جارێک بە سەری کەمێک گەرم و دوو دەستی وەک پەپوولە، سووک وەک گەندەموو، پیانۆی دەژەنی. لە بەزمخانەکانی نیوئۆرلیانزدا دەستی پێ کردبوو. هەر لەوێیش فێر بووبوو ئەوەندەی دڵنەوایی بەری کلیلەکان بکەوێت و پەنجە بە کلیلەکانیدا بهێنێت. ئەوانەی لە نهۆمەکانی سەرەوەدا باخەڵییان دەکرد دەنگی زۆریان نەدەویست، بەڵکە مۆسیقایەک کە لە پشت پەردەکانەوە بۆ ژێر سیسەمەکان دابکشێت و شەویان لێ نەشێوێنێت. جیلی ڕۆل مۆرتن جۆرێک مۆسیقای وای داهێنابوو کە لێیدا کەسی هاوشان نەبوو.

سا لە شوێنێکدا کەسێک، ڕۆژێک، باسی داننیی بۆ کردبوو. کەسەکەیش هەر دەبێت شتێکی پێ گوتبێت وەک: داننی گەورەترینە، گەورەترین پیانۆژەنی دنیایە. ئەمە پێ ناچێت شتێکی بەجێ بووبێت، بەڵام شتێکە لەوەیە ڕووی دابێت. داننی ئەگەرچی تاکەتۆنێکی لە دەرەوەی ڤیرجینیادا نەژەنیبوو، بەڵام کەسێک بوو کە لەو سەردەمەدا، بەش بە خۆی، ناوی بە دەرەوە بوو. داننی داستانۆکەیەک بوو. بۆ کەس هەبوو کەشتییەکە بە جێ بهێڵێت و باسی مۆسیقایەکی سەیر و پیانۆژەنێک نەکات کە چونکە ئەو هەموو مۆسیقایەی دەژەنی، وا نەزانێت چوار دەستی هەن. ئیتر باس و بەسەرهاتی وا سەیری لێ کەوتبووەوە، کە لە ناویاندا شتی ڕاست هەبوو، هەر وەک باسی سیناتۆرە ئەمەریکاییەکە؛ ویلسن، کە گەشتەکەی لە نهۆمی سێیەمدا تەواو کرد، چونکە داننی لەوێ دەیژەنی کاتێک مۆسیقای ئاسایی نەدەژەنی، بەڵکە ئەو مۆسیقایانەی خۆی کە هەموو شتێک بوون نەک ئاسایی. داننی پیانۆیەکی هەبوو، لە خوارەوە، کە دوای نیوەڕۆ یان درەنگی شەو دەچووە ئەوێ و لە پێشدا گوێی دەگرت و دەیویست خەڵک ئەو گۆرانییانەی بۆ بڵێن کە دەیانزانی. جاروبار کەسێک گیتارێک یان هارمۆنیکایەک، چوزانم، شتێکی بە دەستەوە دەگرت و دەستی بە ژەنین دەکرد؛ ژەنینی مۆسیقایەک کە خوا دەزانێت سەر بە کوێ بوو. داننیش گوێی دەگرت و دوایی، بەدەم گۆرانی و مۆسیقایانەوە سەرپەنجەی بە کلیلەکاندا دەهێنا و نەرمونەوی بەزمێکی تەواو ساز دەبوو. دەنگێکیش لە پیانۆکەوە دەهات؛ دەنگێکی ستوونی و ڕەش، کە دەنگی دنیایەکی

تر بوو. لەو دەنگەدا مۆسیقای هەموو دنیا، هەم بە جارێک و هەم پێکەوە هەبوو. مۆسیقایەک کە سەری مرۆڤی سورِ دەهێنا و سەری ئەویش سورِ مابوو، سیناتۆرە ئەمەریکاییەکە، ویلسن دەڵێم، کاتێک گوێی لەو هەمووە بووبوو. ئەمە بێجگە لە سەربردە تایبەتەکەی نهۆمی سێیەم؛ ئەوی یەکجار پۆشتەی ناوجەرگەی ئەو هەموو بۆگەنییە، چونکە سەربردەکەی لێ دەر بچێت بە ڕاستی بۆگەن بوو. جا کە گەیشتنە جێ ناچار بوون باوەشی پێدا بکەن و بە زۆر لە کەشتییەکە دایبگرن، کە ئەگەر بە دڵی خۆی بکردایە هەر لەوێ دەمایەوە و تەواوی ئەو ساڵە قۆڕانەی تەمەنی کە مایبوونەوە بۆ گوێگرتن لە داننی تەرخانیانی دەکرد. بە ڕاستمە. ئەمە شتێک بوو ڕۆژنامەکان ڕایان گەیاند و شتێکی بە ڕاستی ڕاست بوو. هەر وایش بوو.

بە کورتییەکەی کەسێک چووبووە لای جیلی ڕۆل مۆرتن و پێی گوتبوو: لەو کەشتییەدا کەسێک هەیە بە پیانۆ چیی بوێت دەیکات، دڵی خۆش بێت جاز دەژەنێت، دڵی تەنگ بێت شتێک دەژەنێت بە دە جۆری جازی پێکەوە دەچێت. جیلی ڕۆل مۆرتن کە کەسێکی درِ بوو، ئاخر ئەمە شتێک بوو هەموو کەسێک دەیزانی، لە وەڵامدا گوتبووی: "کوا کەسێک بەو جۆرەی تۆ دەڵێیت سازندە بێت و، دەماری ئەو ئەوەندە پیاوەتییەی نەبێت لە کەشتییەکی بەقورِگیراو دابەزێت و پێ بە وشکانیدا بنێت!" جیلی ڕۆل مۆرتنی جازداهێن بەدەم پێکەنینەوە وەک شێت خز دەیبانەوە. جا دەشیا هەموو شتێک لەوێ تەواو بووایە ئەگەر کەسێک لەو دەمەدا نەیگوتایە: "پێ بکەنە! حەقی خۆتە، بەڵام ئەگەر بیستەم بێتە سەر وشکانی، تۆ دەبێت بکشێیتەوە و لە بەزمخانەکان مۆسیقا بژەنیت. ئەمەیش کە دەیڵێم ڕاستییەکی ئەمرۆییە، هەر لە بەزمخانەکان." جیلی ڕۆل پێکەنینەکەی بە ڕووەوە وشک دەبێت، دەمانچەیەکی مشتوو جێجێ مرواری هەڵدەکێشێت و ڕوو لە سەری ئەو کەسە ڕای دەگرێت کە دەنگی هەڵهێنابوو. تەقەی لێ ناکات، بەڵام دەڵێت: "ئەو کەشتییە نەفرەتییە لە کوێیە؟"

جیلی ڕۆل مۆرتن بە نیازی شەڕەمۆسیقای یەک بە یەک بوو. شەڕەمۆسیقایش شتێکی باوی ئەو سەردەمە بوو، کە بە شاکار بەرەنگاری یەکتر دەبوونەوە و لە دواییدا یەکێکیان بۆڕی ئەوی تریانی دەدا و برندە دەبوو. ئەمە شتێکی تایبەت بە ژەنیاران بوو. بێ خوێنڕشتن، بەڵام بە کینێکی زۆرەوە؛ کینی ڕاستینەی پڕ بە دڵ و ئاواز و مەیەوە. جاری وایش هەبوو شەوێکی تەواوی دەکێشا. سا جیلی ڕۆل مۆرتن ئەم بەزمەی بەدەمەوە بوو بۆ ئەوەی ئاسەواری داستانی پیانۆژەنی زەریا و هەموو درۆکان کوێر بکاتەوە. بەڵێ، بۆ ئەوەی بە جارێک کوێریان بکاتەوە. بەڵام کۆسپێکی لە ڕێدا بوو. داننی، خۆ ڕاستی ڕۆژێک هەر دەکەوێتە ڕوو، تەنیا جارێکیش مۆسیقای لە بەندەرەکاندا نەژەنیبوو، نەیدەویست، چونکە بەندەریش وەک وشکانی بوو. داننی حەزی لە وشکانی نەبوو و لە جێیەکدا مۆسیقای دەژەنی کە دڵی لێی دەکرایەوە. جێیەکیش داننی دڵی لێی دەکرایەوە ناوجەرگەی زەریا بوو، کە لێیدا وشکانی هەر ڕووناکییەکی دوور بوو، یادێک بوو، یان ئاواتێک. داننی کەسێکی وا بوو. جیلی ڕۆل مۆرتن کە پێی بە کەشتییەکدا نەنابوو بە میسیسیپیدا ئەمسەر

و ئەوسەر نەکات، هەزار و یەک جنێوی دا و دوایی لە کیسەی خۆی بلیتی ئەمسەر و ئەوسەری ئەوروپای بڕی و سواری ڤیرجینیا بوو. جا دوای ئەوەی یەک دوو جنێوی گرتە ئەو هەموو ڕۆژنامەگەرەی کە لە تابگە چواردەی بەندەری بۆستندا کۆ بووبوونەوە بۆ ئەوەی بیخەنە ڕێ، گوتی: "کەرانەترین کار لە ژیانمدا کردبێتم ئەمەیە." دواییش دەرگەی ژووری خۆی بەسەر خۆیدا داخست و چاوەڕێ ما وشکانی ببێتە ڕووناکییەکی دوور، ببێتە یادێک و، ئاواتێک.

داننی نەک هەر بایەخێکی باشی بەم شتە نەدا، بەڵکە تێیشی نەگەیشت: شەڕەمۆسیقا؟ بۆچی؟ بەڵام حەزی دەکرد بزانێت ئەم جازداهێنە بەڵایە چۆن پیانۆ دەژەنێت. ئەمەیشی بە گاڵتە نەگوت، بەڵکە باوەڕی تەواوی پێی هەبوو: جیلی ڕۆل مۆرتنی بە ڕاستی پێ داهێنەری جاز بوو. پێیشم وایە داننی دەیویست شتێک، شتێکی نوێ فێر ببێت. ئاخر ئەم هەر وا بوو، تا ڕادەیەک بە بوودمانی گەورە دەچوو: هیچ هەستێکی بۆ ململانێ و غارغارێن نەدەجوولا و ئەوەندەی هیچێک بە تەنگەوە نەدەبوو کێ دەیباتەوە. لەمە بەلاوە هەموو شتێک سەیری بە سەردا دەهێنا، هەموو شتێکی تر.

سەعات نۆ و سی و حەوت خولەکی دووەم ڕۆژی بەدەم ڕێی زەریاوە بوو، جا ڤیرجینیا تەکانی بیست گرێی ڕووەو ئەوروپای دەدا، کە جیلی ڕۆل مۆرتن لە سەماگەکەی نهۆمی یەکەمدا، ڕێکپۆش و سەرتاپێ ڕەش، دەرکەوت. خەڵکەکەی ئەو ناوە چاک دەیانزانی دەبوو چی بکەن: سەماکەران دەستیان لە یەکتر بەر دا، ئێمەی تیپی مۆسیقا ئامێرمان بە لاوە نا، مەیەوانەکە ویسکییەکی بۆ تێ کرد و خەڵکەکەیش دەنگیان بڕا. جیلی ڕۆل مۆرتن پیاڵەکەی بە دەستەوە گرت و بەرەو پیانۆکە چوو، چاوی بڕییە چاوی داننی و هیچی نەگوت، بەڵام شتێک لەو هەلەدا کە هەستی پێ دەکرا: "هەستە جێم بۆ چۆڵ بکە!" بوو. داننی هەڵستا و گوتی:

"ئێوەن ئەو کەسەی جازی داهێناوە، وا نییە؟"

"وایە، تۆیش ئەو کەسەی کە زەریات لەژێر قون نەبێت پیانۆت پێ ناژەنرێت، وا نییە؟"

داننی گوتی: "وایە."

بەم ئاوایە خۆیان بە یەکتر ناساند. جیلی ڕۆل مۆرتن جگەرەیەکی بۆ خۆی داگیرساند، لەسەر لێوی پیانۆکە داینا، دانیشت و بە دەنگی هێنا. ڕاگتایم. بەڵام شتێک بوو کەس نەیبیستبوو. خۆ پیانۆی نەدەژەنی، نا، دەخزا. دەتگوت ژێرکراسێکی هەورێشمە و لە بەر ژنێک دادەکەوێت، ژنێک کە بەدەم سەماکردنەوە کراسەکەی لە بەر دادەخزێت. بەزمخانەکانی ئەمەریکایش، هەموو، لەو مۆسیقایەدا بوون، بەڵام لێرەدا مەبەستمان بەزمخانە هەرەباشەکانە کە دۆڵابەوانەکانیشیان ژنی جوانن. جیلی ڕۆل مۆرتن بە چنینی وردەدەنگی نادیار، بەرز و بەرزتر، وەک تافگەیەکی بچووکی مرواریی بەسەر زەوینێکی مەڕمەڕدا هەڵبڕژێت، دوایی بە مۆسیقاکە هێنا. لەو هەمووەیشدا جگەرەکە ئەوەندەی تۆزکاڵێک لە جێی خۆی لای نەدابوو، بەڵکە بە لێوی پیانۆکەوە مابوو. نیوەی بە

با چووبوو، بەڵام هەموو سووتووەکەی پێوە مابوو؛ سووتوویەک کە دەشێت بڵێم نەیویستبوو بەر ببێتەوە نەکا دەنگ بداتەوە. جیلی ڕۆل جگەرەکەی بە ناوپەنجەوە گرت و دەستی، دیارە پێتانم گوت، وەک پەپوولە بوون. سا جگەرەکەی بە دەستەوە گرت و سووتووەکەی هەر پێوە بوو کە بە تەما نەبوو بەر ببێتەوە. پێ نەدەچوو فێڵ بێت، نازانم، بەڵام دڵنیام کە بەر نەبووەوە. هەڵستا، داهێنەری جاز هەڵستا، بۆ داننی چوو و جگەرەکەی بە بەر لووتییەوە نا، جگەرەکە و هەموو سووتووە ڕێکوپێکەکەی. دوایی گوتی:

"نۆرەی تۆیە، زەریاوان."

داننی خەندەی هاتە ڕوو. ئەم بەزمەی پێ خۆش بوو؛ خۆشییەکی بێ گەمە. جا بەرانبەر پیانۆکە دانیشت و گەوجانەترین کارێک کە پێی دەکرا کردی. داننی "بابە، بابە، وەرەوە"ی ژەنی کە گۆرانییەکی زۆر گەوجانە بوو، گۆرانییەکی منداڵان کە گەلێک ساڵی لەوەوبەر کۆچبەرێک بۆی گوتبوو، لەوسایشەوە وەک خدە و خوو لێی ڕاهاتبوو. گۆرانییەکەی زۆر بە دڵ بوو. نازانم چیی لێ بە دی هێنابوو، بەڵام دڵی پێوەی بوو و بە شتێکی زۆر خۆشی دەزانی. گۆرانییەکە شتێک نەبوو بە شاکار دابنرێت، بەڵکە منیش پێم دەژەنرا. جا داننی ئەوەی ژەنی و کەمێک یاریی بە بنگەدەنگەکانی کرد و شتێکی دووبارە کردەوە و یەک دوو چرکەی خۆی لێ نا. بەڵام شتێکی یەکجار گەوجانە بوو کە هەر بەو جۆرەیش تەواو بوو. جیلی ڕۆل ڕەنگی کەسێکی نیشتبووە ڕوو جەژنانەکەیان لێی دزیبێت و بە دوو چاوی وەک گورگەوە نیگایەکی کوژەرانەی لە داننی گرت و سەرلەنوێ بە دیار پیانۆکە نیشت و بەری بلووزێکی بەر دا کە دڵی بەردیشی نەرم دەکرد؛ بلووزێک کە دەتگوت پەمووی هەموو قولەکانی دنیای تێدایە و خەریکە کۆیان دەکاتەوە. شتێکیش بوو گیانی بە مرۆڤ دادەنا. کەس نەبوو بە چاوی تەڕ و چەپڵەوە بۆی هەڵنەستێتە سەر پێ و خۆیشی ئەوەندەی هیچێک، هەر هیچ دانەهاتەوە، چونکە پێوەی دیار بوو قسە و باسەکە لە ناقرەی گیر ماوە.

جا نۆرەی داننی هاتەوە، بەڵام زۆر خراپ دەستی پێ کرد. چونکە بە دوو دڵۆپە فرمێسکی زۆر درشتی ناو چاوەکانییەوە بە دیار پیانۆکەوە نیشت. بلووزەکە کاری لێ کردبوو. هەستی جووڵاندبوو. ئەمەیش تێگەیشتنی ئاسان بوو. بەڵام ئەوەی کە کەس بیری بۆی ناچێت داننی خۆی بوو، کە بەو هەموو مۆسیقایەی سەر و دەستەکانییەوە چی بژەنێت باشە؟ هەر ئەو بلووزەی کە لەو دەمەدا گوێی لێ بووبوو؛ ئەو بلووزەی کە ڕۆژی دوایی پێمی گوت: "زۆر خۆش بوو"، بۆ ئەوەی خۆی بدزێتەوە. ئاخر کەمێک بیری لێ بکەنەوە. داننی ئەوەندەی هیچێک نەیدەزانی شەڕەمۆسیقا چییە. هیچی لێ نەدەزانی. ئیتر هەر چۆنێک بوو هەر ئەو ئاوازەی ژەنی کە لە مێشکیدا ڕیزێک دەنگی زۆر خاوی بەرەودوا و ڕیزگرتووی لێ پێک هاتبوو. کە دەیژەنی بە کلیلەکاندا داهاتبوو و لە یەک بە یەکی دەنگەکان، تەنانەت لە شتە سەیر و دژەکانیش چێژی دەبرد. بە ڕاستی چێژی لێ دەبرد و لەو بترازێت کەس بە شتێکی ئەوتۆی نەگرت. کاتێکیش لێ بووەوە فیکەی تاکوتەرا بەو ناوەدا

بەڕەڵا بوو.

لەو دەمەدا بوو کە جیلی ڕۆل مۆرتن ئیتر پشووی بڕا و لە جیاتیی ئەوەی بەرەو پیانۆکە بچێت، نیشتە سەری و چەند وشەیەکی لەبەر خۆیەوە ئەوەندە ئاشکرا هەڵڕشت کە هەموو کەسێکی ئەو ناوە زۆر باش تێی گەیشت:

"لاچۆ، ملی خۆت بشکێنە، خوێڕی!"

دوایی پیانۆی ژەنی. بەڵام وشەی ژەنین بۆ ئەو شتەی کە دەیکرد کەمە. ئاخر دەتگوت تۆپبازە، تەنافبازە. هەرچیی بە هەشتاوهەشت کلیلی پیانۆ دەکرێت، خێرا و بەجۆش، بێ ئەوەی کلیلێکیان تێ بپەڕێنێت، بێ ئەوەی موویەکی ببزوێت، کردی. ئەو شتەیش کە دەیژەنی مۆسیقا نەبوو، سیحرێک بوو، تەلیسمێک بوو، پەرجوو، چۆنی دەڵێم وا بوو، پەرجوویەک بوو. خەڵکەکە هۆشیان بەر دا؛ دەیانقریواند و چەپڵەیان لێ دەدا. ئاخر کەسیان شتی وای نەدیبوو. هەرایەک بوو بە جێژنی سەری ساڵ دەچوو. لەناو ئەو هەرا و قریوەیەیشدا داننی، کە ڕەنجاوترین ڕەنگی دنیای نیشتبووە ڕوو، تاساوترینیش، بەرانبەرم وەستا، سەیرێکمی کرد و گوتی:

"ئەم کابرایە کەرێکی تەواوە..."

من وەڵامیم نەدایەوە. ئاخر وەڵامی چیم بدایەتەوە. داننی بەسەرمدا داهاتەوە و گوتی:

"جگەرەیەکم بدەرێ، تکایە..."

منیش هۆشم وا لێ بڕابوو، جگەرەیەکم پێی دا. مەبەستمە بڵێم داننی جگەرەکێش نەبوو. شتی وای نەدەکێشا. جا جگەرەکەی لێم وەرگرت و پشتی لێم کرد و ڕۆیشت و بەر بە پیانۆکەوە دانیشت. کاتێکی باشیان پێ چوو، خەڵکەکەی سەماگەکە، تا ئاشکرا بوو داننی وا دانیشتووە و دەیەوێت شتێک بژەنێت. کەسی وایان لە ناودا بوو کە یەک دوو قسەی تاڵی تێ گرت و ڕێژنەی پێکەنین و فیکەی تاکوتەرایش. ئاخر خەڵک وا دەکەن و لە ئاست کەسی بۆڕخواردوودا بەدکارن. بەڵام لەسەریان وەستا تا جۆرە بێدەنگییەک ئەو ناوەی گرتەوە. دوایی جیلی ڕۆلی دایە بەر نیگا کە لای مێزی مەیخانەکە وەستابوو تا پیاڵەیەک شەمپانیای سەرکەوتنی بۆ نۆش بکات. داننی بە دەنگێکی نەوی پێی گوت:

"خۆت بە خۆتت کرد، پیانۆژەنی تڕ."

دواتر جێی جگەرەکەی لەسەر لێواری پیانۆکەدا کردەوە،

خامۆش و

دەستی پێ کرد.

(مۆسیقایەک دەبیسترێت کە بە لێزانینێکی شێتانەوە دەژەنرێت و چاک وایە چوار دەستی لێ بە کار ببردرێت، نیوخولەک زیاتر نەکێشێت و بە ئەکۆردێکی زۆر توند

تەواو ببێت. ئەکتەرەکەیش چاوەڕێ دەبێت تا مۆسیقاکە دوایی دێت. دواییەکەی دێتەوە سەر ڕەوتی خۆی)

ئا وا بوو.

خەڵکەکە هەرچییەکیان پێ دەکرا کردیان، هەناسە نەبێت کە نەیانکێشا. بێ ئەوەی یەک هەناسە بکێشن. هەموشیان بە واقی وڕ و دەمی بەشەوە، وەک گێل لەناو بێدەنگیدا، هەر وەک برووسکە لێیانی دابێت، مانەوە. دوای کۆتاییە کارییەکەی دەنگەکانیش کە داننیت پێ وا بوو سەت دەستی هەیە و پیانۆکە کە دەتگوت ها ئێستا ها تاوێکی تر دەتەقێت، هەر وا مانەوە. لەناو ئەو بێدەنگییە بێهۆشەوە داننی هەستا و دەستی بۆ جگەرەکەم برد، بەسەر کلیلەکانەوە خۆی دانەواندە پێش و لە ژێیەکانی پیانۆکەی نێزیک کردەوە.

پریشکێکی نەرم.

جگەرەکەی دوور خستەوە و... داگیرسابوو.

بە خوا.

جگەرکە خۆش خۆش داگیرسابوو.

داننی جگەرەکەی وەک مۆمێکی بچووک بە دەستەوە گرت. ئاخر جگەرەکێش نەبوو، نەشیدەزانی چۆن بە ناو پەنجەوە دەگیرێت. دوایی چەند هەنگاوێکی نا و گەیشتە بەردەم جیلی ڕۆل مۆرتن و بۆی درێژ کرد:

"تۆ بیکێشە، من نازانم چۆن دەکێشرێت."

لەو تاوەدا بوو کە خەڵکەکە لەو سیحر و تەلیسمە هۆشیان بە بەردا هاتەوە و قریشکەی هاوار و چەپلە و هەرا بەرپا بوو. نازانم، کەس شتێکی وای لە هەموو ژیانیدا نەدیبوو. هەموویان دەیانقریواند و دەیانویست دەستێکیان بەر دەستی بکەوێت. هەرایەکی گشتی بوو کە کەس هیچی لێ تێ نەدەگەیشت. بەڵام من چاوم لێی بوو. لەناو ئەو هەموودا جیلی ڕۆل مۆرتن بە شڵەژانێکی زۆرەوە جگەرە نەفرەتییەکەی وا دەکێشا کە ڕەنگێک بدۆزێتەوە لە ڕووی بوەشێتەوە، بەڵام نەیدۆزییەوە. نەشیدەزانی ڕوو بۆ کوێ وەر بگێرێت. هەر لەو دەمەیشدا بوو دەستە پەپوولەکەی لەرز گرتی. دەستی بە ڕاستی دەلەرزی. چاوم لێی بوو، تا دەمرم بیرم ناچێت. دەستی ئەوەندە دەلەرزی، لەپڕ سووتووی جگەرەکە لێ بووەوە و داکەوت، تا گەیشتە سەر تاکی ڕاستی پێڵاوە، ڕەشە، بریقەدارەکانی. ئا ئەو سووتووەوە، وەک پفێکی سپی، داخزا و هەڵنیشت. جیلی ڕۆل سەیرێکی کرد، باش بیرم دێتەوە، سەیری پێڵاوەکە، سەیری ڕەنگەکەی و سووتووەکەی کرد و بۆی ساغ بووەوە. ئەو شتەی بۆ ساغ بووەوە کە دەبوو بۆی ساغ ببێتەوە. جا پاژنەی وەرچەرخاند و لەسەرخۆ، هەنگاو بە هەنگاو، بۆ ئەوەی سووتووەکە نەشڵەژێت، سەماگەکەی بڕی و بە پێڵاوە

ڕەشە بریقەدارەکانیەوە ون بوو، کە تاکێکیان پفێکی سپیی لەسەر هەڵنیشتبوو. جیلی ڕۆڵ مۆرتن پفەکەی لەگەڵ خۆی برد و هەر لەوێیشدا نووسرابوو یەکێکیان برندەیە و برندەکەیش ئەو نییە.

جیلی ڕۆل مۆرتن پاشماوەی گەشتەکەی لە ژوورەکەی خۆیدا بەسەر برد و لێی نەهاتە دەرەوە. کە کەشتییەکە گەیشتە ساوهامپتن ڤیرجینیای بە جێ هێشت و ڕۆژی دوایی بۆ ئەمەریکا گەڕایەوە، بەڵام بە کەشتییەکی تر. نەشیویست هیچ لە هیچی شتەکە و داننی و هیچێکی تری بە گوێدا بێت. تەنیا شتێک کە دەیویست هەر ئەوە بوو کە بگەڕێتەوە و هەر وایش تەواو بوو.

داننییش لە نهۆمی سێیەمی کەشتییەکەوە کە خۆی بە پاسارەکەیدا دابوو، جیلی ڕۆل مۆرتنی بینی بە دەستە جلە سپی و جوان و هەموو جانتاکانیەوە، کە ئەوانیش جوان بوون و لە چەرمی ڕوون دروابوون، کەشتیی ڤیرجینیای بە جێ هێشت. لە بیریشمە تەنیا شتێکی گوت:

"جازیشم بە قوڕ گرت."

لیڤەرپوول نیویۆرک لیڤەرپوول ڕیۆ دێ جانێرۆ بۆستن کۆرک لشبۆنە سانتیاگۆی چیلی ڕیۆ دێ جانێرۆ دوڕگەکانی ئەنتیل نیویۆرک لیڤەرپوول بۆستن لیڤەرپوول هامبۆرگ نیویۆرک هامبۆرگ نیویۆرک جێنەوا فلۆریدا نیویۆرک جێنەوا لشبۆنە ڕیۆ دێ جانێرۆ لیڤەرپوول ڕیۆ دێ جانێرۆ لیڤەرپوول نیویۆرک کۆرک چیربۆرگ ڤانکووڤەر چیربۆرگ کۆرک بۆستن لیڤەرپوول ڕیۆ دێ جانێرۆ نیویۆرک لیڤەرپوول سانتیاگۆی چیلی نیویۆرک لیڤەرپوول، زەریا، ڕێک لە ناوجەرگەیدا و لەو ساتەدا، لە ڕێکی ئەو ساتەدا، تابلۆکە بەر بووەوە.

من هەموو کاتێک ئەم شتەی تابلۆ کاسمی کردووە. ساڵانی ساڵ بە مێخێکەوەن و دوایی و بێ ئەوەی شتێک ڕوو بدات، بەڵام مەبەستم هیچێکە، زرم، بەردەبنەوە. تابلۆکان لە جێی خۆیاندا بە مێخێکەوەن و بێ ئەوەی کەسێک دەستیان بۆ ببات، ڕێک و ڕاست، زرم، وەک بەرد بەردەبنەوە. لەناو بێدەنگییەکی تەواودا و بە هەموو شتێکی بێجووڵەی ئەو ناوەوە، تەنانەت بێ لەرەی مێشێک. تابلۆکانیش، زرم. هیچ هۆیەکی نییە. بەڵام بۆ لەو ساتەدا؟ کەس نازانێت. زرم. ئاخر مێخێک چیی بەسەر دێت کە چاری ناچار بڕیار بدات ئیتر لە وزەی نەماوە؟ گیانی هەیە؟ قوڕ بەسەر گیانی وا! بڕیاری خۆی دەدات؟ دەبێت مێخەکە زۆری لەگەڵ تابلۆکەدا گوتبێت و دواییش بۆیان یەکلا نەبووبێتەوە. لەوەیە هەموو ئێوارەیەک، لە ساڵانێکی زووەوە باسیان کردبێت و دوایی کاتێک، سەعاتێک، خولەکێک، ترووکەیەکیان دیاری کردبێت و لەو ترووکەیەدا دەنگەکە دێت، زرم. یان لەوەیە هەر لە سەرەتاوە زانیبیان، هەردوو لایان، هەموو شتێکیان یەکلا کردبێتەوە: گوێ بگرە من حەوت ساڵی تر دەست هەڵدەگرم. منیش لاریم لێی نییە. باشە، سەعات شەشی ئێوارە. با شەش چارەک کەم بێت، بۆ تۆیش باشە! دەی، شەو باش. دوای حەوت ساڵ، لە سیانزەی ئایار و سەعات شەشی چارەک کەمدا: زرم. ئەمە شتێکی بەجێ نییە. ئەمە شتێکی ناو زۆر شتی ترە کە چاک وایە بیری لێ نەکەیتەوە، ئەگینا شێت دەبیت: کە تابلۆیەک بەر دەبێتەوە، کە بەری بەیانییەک لە خەو

هەڵدەستیت و ئیتر حەزی لێ ناکەیت، کە ڕۆژنامە هەڵدەدەیتەوە و دەبینیت شەڕ بەرپا بووە، کە چاوت بە شەمەندەفەرێک دەکەوێت و لەبەر خۆتەوە بیر دەکەیتەوە دەبێت ئێرە بە جێ بهێڵم، کە لە ئاوێنەدا سەیری خۆت دەکەیت و بۆت دەردەکەوێت بە ساڵدا چوویت، کە داننی لە ناوجەرگەی زەریادا سەری لەسەر دەورییەکەی بەردەمی هەڵدەبڕێت و پێت دەڵێت: "لە نیویۆرک، سێ ڕۆژی تر، ئەم کەشتییە بە جێ دەهێڵم و دەچمە سەر وشکانی."

وەخت بوو لە جێی خۆمدا گیانم دەربچێت.

زرم.

ئاخر تۆ هیچ پرسیارێکت لە تابلۆ پێ ناکرێت، بەڵام داننی، بەڵێ. ماوەیەک وازم لێی هێنا و دوایی کەوتمە گیانی. دەبوو بزانم بۆ. خۆ دەبوو هۆیەکی هەبێت. کەس سی و دوو ساڵی تەواو لە کەشتییەکدا نابێت بۆ ئەوەی ڕۆژێک، لەپڕ، بە جێی بهێڵێت. وەک ئەوەی بێوەیترین شتی ئەم دنیایە بێت. بێ ئەوەی بە نزیکترین هاوەڵی خۆی بڵێت بۆ. بێ ئەوەی هیچێکی پێ بڵێت.

داننی پێی گوتم: "دەبێت شتێکی ئەوێ ببینم."

"شتی چی؟" نەیویست هیچی لێ بڵێت. منیش تێگەیشتم بۆچی، چونکە دوایی کە پێمی گوت، گوتی:

"زەریا."

"زەریا؟"

"زەریا."

ئاخر بیرێکی لێ بکەنەوە. هەموو شتێکت بە ڕاست دەزانی، بەڵام نەک زەریا. من نەمویست بە ڕاستی بزانم. بە گاڵتەیەکی زۆر بێتام دەچوو. نەمویست بە ڕاستی بزانم، چونکە بێتامترین شتی ئەم سەدەیە بوو.

"داننی! مەگەر سی و دوو ساڵی ڕێک نییە دەیبینی، زەریا."

"لێرەوە. دەمەوێت لەوێوەی ببینم. ئاخر هەمان شت نییە."

ئای خوایە. دەتگوت لەگەڵ منداڵێکی گاوپدا قسە دەکەم.

گوتم: "باشە چاوەڕێ بکە تا لەنگەر دەگرین، خۆت بە دەرەوەی کەشتییەکەدا شۆڕ بکەوە، چاکی لێ ورد بەرەوە، جا بۆت دەردەکەوێت کە هەمان شتە."

"گوتم هەمان شت نییە."

"کێ پێی گوتوویت هەمان شت نییە؟"

باستەرناوێک بوو، لین باستەر، کە ئەمەی پێ گوتبوو. جووتیارێک، یەکێکی ئەوانەی کە بە

هەواڵنامەی کتێب

ئارەقەی ناوچاوان چل ساڵی تەواو وەک هێستر بژێوی خۆیان دابین دەکەن و تەنیا شتێک دەبینن پارچە زەوییەکەی خۆیانە و یەک دوو جارێک شارە گەورەکەی تاقێک دوور لەو ڕۆژەدا کە بازاڕی لێ دادەنرێت. هەر لەبەر ئەوەی وشکەساڵی هەموو شتێکی لێ سەندبوو؛ ژنەکەی ڕەدووی کەشیشێکی نازانم چی کەوتبوو و کوڕەکانی گرانەتا گیانی پێ دانابوون، هەردووکیان. مەبەستمە بڵێم ئەو کەسەی کە بە بەختی باشەوە لەدایک بووبوو. سا ڕۆژێک باروبنەی لێک نابوو و سەروبەری ئینگلستانی بە پێ تا لەندەن کوتابوو. جا لەبەر ئەوەی شارەزایەکی وای ڕێوبان نەبوو، لە جێی لەندەن بە گوندێکی چەپەک گەیشتبوو. کەسێکیش ئەگەر لەوێوە ملی درێژەی ڕێی بگرتایە دوو دەوری دەکردەوە و لە پشت گردێکدا لای دەدا و لە پایانی ڕێدا کتوپڕ زەریای دەبینی. باستەر لەوەوبەر زەریای نەدیبوو، بۆیە وەک برووسکە لێی دابێت لە جێی خۆیدا وشک بووبوو. زەریا فریای کەوتبوو، ئەگەر قسەکانی بە ڕاست بگرین کە بە داننی گوتبوو: "بە نەڕەیەکی زۆر زل دەچوو کە تەواو نەدەبوو. شتێکیش کە بەدەم ئەو نەڕەیەوە دەیگوت ئەمە بوو: 'هەی دنیانەدیتە خوێڕییەکان، ژیان شتێکە بێکۆتایی، تێگەیشتن یان نا؟ بێکۆتاییʼ " باستەریش، لین باستەر، جارێک چییە بەم جۆرە بیری نەبردبوو. تەنیا جارێک بیری بەلای شتێکی وادا نەچووبوو. ئەمە وەک شۆڕش، لە مێشکیدا، هەڵگیرسابوو.

لەوەیە داننی، تەنانەت خۆیشی... بیری بەلای شتی وادا نەچووبێت؛ کە ژیان شتێکی بێکۆتایی بێت. لەوانەیە گومانی خۆی هەبووبێت، بەڵام کەس بەو جۆرە ئەمەی بەسەردا نەنەڕاندبوو. ئیتر هەزار جاری بۆ گێڕابووەوە، چیرۆکەکەی زەریا و هەموو شتێک، ئەو باستەرە بۆی گێڕابووەوە. دواییەکەی داننی بڕیاری دابوو خۆیشی تاقی بکاتەوە. کاتێکیش ئەمەی بۆ ڕوون دەکردمەوە، ڕەنگی کەسێکی نیشتبووە ڕوو، کە باسی شێوەی کارکردنی ماتۆڕی دووزامنە دەکات: داننی باسێکی زانستییانەی دامەزراند.

"دەزانم ئەگەر ساڵانێکی زۆر لێرە، لەم کەشتییە بمێنمەوە زەریا هیچم پێ ناڵێت. بەسیەتی. دەچمە سەر وشکانی. تەمەنێکی باش لەسەر زەوی و بە زەوی دەژیم و دەبمە کەسێکی ئاسایی. ڕۆژێکیش مل لە بەر ڕێ دەنێم و دەگەمە کەنارێک، لە شوێنێک. جا کە چاو هەڵدەبڕم زەریا دەبینم: زەریا لەوێیە و گوێم لێ دەبێت کە دەنەڕێنێت."

زانستییانە. ئەم قسانەی بەلامەوە گەوجییە زانستییانەکەی ئەم سەدەیە بوو. دەمتوانی ئەمەی پێ بڵێم، بەڵام نەمکرد، چونکە لە شانم سووک نەهات. ئەوەی ڕاستی بێت من داننیم زۆر خۆش دەویست. حەزیشم دەکرد ڕۆژێک لە ڕۆژان لەوێوە بچێتە سەر زەوی، بۆ خەڵکی سەر زەوی مۆسیقا بژەنێت، ژنێکی ڕووگەش بهێنێت، منداڵ بنێتەوە و هەموو شتێکی ئەم ژیانە بکات کە لەوەیە بێکۆتایی نەبێت، بەڵام خۆش بەو مەرجەی بەختت بیگرێت و تاقەتیت هەبێت. بە کورتییەکەی من ئەو شتەی زەریام بەلاوە زۆر نابەجێ بوو، بەڵام ئەگەر بیتوانیایە ڕیشەی داننی لەو جێیە هەڵبکەنێت، لاریم لێی نەدەبوو. بۆیە دواییەکەی بیرم کردەوە کە لەم هەلە چاکتر

هەڵناکەوێت و پێم گوت بیرەکەی وەک ڕۆژ ڕوونە، دڵم بە ڕاستی خۆشە، پاڵتۆ کوڵکنەکەی خۆمی دەدەمێ و خۆیشی بەو پاڵتۆ کۆڵکنەوە کە بە پاچنەکەدا دەچێتە خوارەوە، کاریگەرییەکی زۆر دەنێتەوە. داننی تەنانەت سۆزیشی گرتبوو.

"ئاخر سەرم لێ دەدەیت، وا نییە، لەسەر زەوی..."

ئای خوایە! گرییەک لێرە، وەک بەرد ناقرەی گرتبووم. داننی ئەگەر بەو جۆرە درێژەی پێ بدایە گیانم دەردەچوو. من کە ڕکم لە ماڵاوایی دەبێتەوە تا توانیم پێکەنیم، پێکەنینێکی بێتام و گوتم بێ گومان سەری لێ دەدەم، پێکەوە سەگەکەی بە ناو مێرگ و چیمەندا بەڕەڵا دەکەین، ژنەکەی قەڵمان بۆ لێ دەنێت و نازانم چەند شتی بێتامی ترم کرد. داننی پێ کەنی و منیش لەگەڵیدا پێ کەنیم. بەڵام هەردووکمان لە ناخەوە دەمانزانی کە ڕاستی شتێکی تر بوو. ڕاستییش ئەوە بوو کە هەموو شتێک ڕووی لە کۆتایی نابوو. هیچمان پێ نەدەکرا، کۆتایی دەبوو بێتە ڕێ و کاتی ئەوە بوو کە بێتە ڕێ: داننی بوودمان تی دی لیمۆ بیستەم ڤیرجینیا بە جێ دەهێڵێت و لە ڕۆژێکی مانگی شوباتدا و لە بەندەرکەی نیویۆرکدا بۆ سەر زەوی دادەبەزێت. داننی دوای ئەوەی سی و دوو ساڵی لەناو زەریادا بەسەر بردووە، دەچێتە سەر زەوی تا سەیرێکی زەریا بکات.

(مۆسیقای بەیتێکی کۆن دێتە گوێ. ئەکتەرەکە لە تاریکیدا ون دەبێت. دوایی لە بەرگی داننی و سەرووی پاچنەی کەشتییەکی هەڵمدا سەرلەنوێ دیار دەکەوێت. پاڵتۆی کۆڵکن و شەبقە و باوڵێک، لەو جێیە، بەر بە باوە، دەمێکی پێ دەچێت و بێ جووڵە سەرنج لە بەرچاوی خۆی دەگرێت. سەیری نیویۆرک دەدات. دوایی بە یەکەم پلە، دووەم پلە و سێیەم پلەدا دەچێتە خوارەوە. هەر لەو دەمەدا مۆسیقاکە کپ دەبێت و داننی دەوەستێت. ئەکتەرەکە سەری کۆت دەکات و ڕووەو جەماوەر وەردەچەرخێت)

لەسەر سێیەم پلەدا بوو کە داننی ڕاوەستا، کتوپڕ.

نێیل ئوکۆننەر گوتی: "چی بوو، نەکا پێی بە گوودا نابێت؟" نێیل ئوکۆننەر ئیرلاندییەک بوو کە ئەگەرچی مێشکی هیچی نەدەکێشا، مگێزی باشی شتێک نەبوو لێی زەوت بکرێت.

گوتم: "دەبێت شتێکی لە بیر چووبێت."

"چی؟"

"چوزانم چی..."

"نەکا بیری چووبێت بۆ دەچیتە سەر وشکانی."

"قسەی قۆڕ مەکە."

ئەو هەموو ماوەیە داننی لە جێی خۆیدا، بە پێیەکی سەر دووەم پلە و ئەوی تری سەر

سێیەمیانەوە، وشک بوو. لەوێ زۆری پێ چوو و نیگای بێلادانی لە بەرچاوی خۆی گرتبوو و وات دەزانی چاو لە شتێک دەگێڕێت. دواییەکەی شتێکی سەیری کرد؛ شەبقەکەی سەری داگرت، دەستی بە دەرەوەی شیشی پلەکاندا ڕاگرت و لە شەبقەکە بەری دا کە وەک باڵندەیەکی ماندوو یان نانێکی شین دەچوو باڵی لێ ڕوابێت. شەبقەکە چەند پێچێکی بەدەم باوە خوارد و کەوتە زەریا و زەریا بردی و دیار کەوت باڵندە بوو نەک نان. ئێمەیش کە چاومان سەرلەنوێ بە پاچنەکەدا هەڵهێنا، داننیمان لە پاڵتۆ کوڵکنەکەیدا بینی پشتی لە هەموو دنیا هەڵمالیوە و زەردەیەکی سەرنجکێشی کەوتووەتە ڕوو. دوایی بە هەردوو پلەکەدا سەرکەوت؛ دوو هەنگاو و، لەناو کەشتییەکەدا ئاسەواری ون بوو.

نێیل ئوکۆننەر گوتی: "بینیت؟ پیانۆژەنە نوێیەکەمان گەیشت."

منیش کە نازانم خەمم لێ نیشتبوو یان خەریک بوو لە خۆشیاندا شێت دەبووم، گوتم: "دەڵێن گەورەترین پیانۆژەنی دنیایە."

ئەوەی داننی لەو سێیەم پلە نەفرەتییەوە دیبووی، شتێک نەبوو بیەوێت پێمی بڵێت. لەو ڕۆژەدا و دوای ئەو دوو سەفەرەیش کە دوایی کردیانمان، سەیری بەسەردا هاتبوو. ئەو لە جاران کەمتر دەدوا و بە شتێکی تایبەتی خۆیەوە خجڵ بوو. ئێمە پرسیارمان لێی نەکرد و خۆیشی شتێکی ئەوتۆی بەسەر خۆیدا نەهێنا. بەڵام دیار بوو وەک جاران نەماوە. ئیتر بە هەر حاڵێک بووە، حەوسەڵەمان نەبوو لێی بپرسینەوە و خۆیشی بەو جۆرە چەند مانگێکی تێ پەڕاند. دوایی ڕۆژێک هاتە ژوورەکەم و بە شێنەیی، بەڵام بە یەک بین، بێ ئەوەی بەری خۆی بگرێت، گوتی: "بۆ پاڵتۆکە سوپاسێکی زۆرت دەکەم، گەلێکم لێ دەوەشایەوە. بە داخەوە وا نەبووایە کاریگەرییەکی زۆرم دەنایەوە. بەڵام هەموو شتێکی ئێستام زۆر چاکترە. هەر چییەکیش بوو ئیتر بەسەر چووە، وا مەزانە خەمم لێ بار بووە، لەمەولایش لێم بار نابێت."

من دڵنیا نەبووم کە داننی ڕۆژێک خەمبار بووبێت. ئەو کەسێک نەبوو بیرت بۆ ئەوە ببات ئاخۆ کەسێکی بێخەمە یان نا. داننی داننی بوو و پێویست نەبوو بیر بکەیتەوە کە ئاخۆ هیچی بەسەر خۆشی یان ناخۆشییەوە هەیە. دەتگوت دوورەپەرێزێکە هیچ شتێک تخوونی ناکەوێت: خۆی و مۆسیقاکەی خۆی و جیا لەمە هیچێکی پێ گرینگ نەبوو.

"وا مەزانە خەمم لێ بار بووە، لەمەولایش لێم بار نابێت." ئەم قسەیەی تاساندمی. داننی ڕەنگی کەسێکی لێ نیشتبوو کە ئەمەی بە گاڵتە نەبوو؛ کەسێک کە باش دەیزانی ڕووی لە کوێ ناوە و دەشیزانی هەر دەگاتە جێ. دەتگوت بەر بە پیانۆکەیەوە دانیشتووە و دەستی بە ژەنینی کردووە، دەستەکانی کە نیا بوون و کلیلەکان کە هەر وەک چاوەڕێی دەستی بن و ژێیەکانیش لە هەرهەوە بۆ دەستەکانی و لە پێناو دەستەکانیدا لەو ناوە بووبن. وات دەزانی بەدەم پیانۆژەنینەوە مۆسیقا دادەهێنێت و نۆتەی مۆسیقاکانی، لە شوێنێکدا، لە مێشکیدا، بۆ هەمیشە نووسراون.

ئێستا دەزانم کە داننی لەو ڕۆژەدا بڕیاری دا بەرانبەر کلیلە ڕەش و سپییەکانی ژیانی دابنیشێت و مۆسیقایەکی ناجۆر و مەزن، ئاڵۆز، بەڵام جوان، گەورەترینی مۆسیقاکان بژەنێت و ساڵانی داهاتووی خۆی پێ بهێنێتە سەما و جارێکی تر جێی خەم نەکاتەوە.

من لە ٢١ی ئابی ١٩٣٣ ڤیرجینیام بە جێ هێشت و بۆ سەر زەوی دابەزیم. شەش ساڵی لەوەوپێش سەرنشینی بووبووم. بەڵام وام دەزانی ژیانێکی تەواوم لێیدا بەسەر بردووە. من ڤیرجینیام بۆ ڕۆژێک و هەفتەیەک بە جێ نەهێشت، بۆ هەمیشە بە جێم هێشت... بە بەڵگەنامەی هاتنە سەر زەوی و مووچەیەکی پاشەکەوتکراو و هەموو شتێکەوە. هەموو شتێکی خۆم ڕێک خستبوو، کاری خۆم لە زەریا تەواو کردبوو.

نەک حەزم لێی نەبوو، لەو ژیانە. ئاخر شێوازێکی سەیری ئەوە بوو کە هەموو شتێکت پێ سەروبەر ببێت. ئەگەرچی دەبوو، بەڵام چەندێک بردم و هێنام، نەمتوانی باوەڕ بکەم کە بەو جۆرە تا سەر درێژەی پێ بدەم. تۆ ئەگەر زەریاوان بیت شتێکی ترە. زەریا جێتە و هەر لە زەریا دەمێنیتەوە، تا خۆشت لێ دەگوزەرێت. بەڵام کەسێک ترومپێت بژەنێت... ئاخر تۆ ترومپێتژەن بیت، خۆت بە کەسێکی نامۆی ناو زەریا دەزانیت و هەر بە نامۆی ناو زەریایش دەمێنیتەوە. جا کارێکی چاک دەکەیت زوو یان درەنگ خۆت لە خانەی خۆتدا بگریتەوە. من لە بەرخۆمەوە گوتم، چەند زووتر بێت چاکترە. بە داننییشم گوت: "چەند زووتر بێت چاکترە" و داننی تێم گەیشت. دیار بوو حەزی نەدەکرد بمبینێت بە پاچنەکەدا، بێ گەڕانەوە بچمە خوارەوە. بەڵام پێمی بڵێت، نا، شتێک بوو تا لە دنیادا بوو نەیکرد. چاکیشی کرد. دوایین شەو کە لێی وەستابووین و مۆسیقامان بۆ گەوجە ئاساییەکانی نهۆمی یەکەم دەژەنی، نۆرەم هات شتێک بە تەنیا بژەنم و دەستم پێ کرد. کە چەند وردەدەنگێکم ژەنی، دەنگی پیانۆکەم بیست کە نەرم و نەوی دوام کەوتبوو. داننی لەگەڵمدا دەیژەنی و بەو جۆرە بەردەوام بووین. من تا پێم کرا چاکترین مۆسیقام ژەنی. باشە، من لویس ئارمسترۆنگ نەبووم، بەڵام بە ڕاستی چاکم ژەنی. داننی بە دوامەوە تا پێی کرا بۆ هەموو شوێنێک دوام کەوت. جا هێشتیان ماوەیەکی باش بەردەوام بین، ترومپێتەکەی من و پیانۆکەی ئەو، بۆ دوایین جار بەردەوام بین و ئەو شتانە بۆ یەکتر بدرکێنین کە بە وشە نەدەدرکان. خەڵکەکەی دەورمان خجڵی سەماکردنی خۆیان بوون و هەستیان بە هیچێکی ئەو هەمووە نەکردبوو. ئاخر هەستیان بە چی بکردایە کە هیچیان لێی نەدەزانی. سەمای خۆیان دەکرد و هەموو شتێکیان پێ وەک خۆی بوو. لەوانەیە یەکێکیان بە یەکێکی تریانی گوتبێت: "سەیرێکی ئەو ترومپێتژەنە بکە، چەند خۆشە، یان مەستە یان شێت. تۆ سەیری خۆی و ترومپێتەکەی بکە، کە دەیژەنێت دەگرییێت."

دواییش چۆن شتان بەسەر چوون، کە چوومە سەر وشکانی، ئەویان چیرۆکێکی ترە. لەوە بوو شتێکم پێ بکرایە، ئەگەر شەڕیش نەفرەتییەکە خۆی لە هەموو شتێکم نەئاڵاندایە. شەڕیش شتێک بوو هەموو شتێکی لێم ئاڵۆزتر کرد و سەرمی وا شێواند کە ئیتر مێشکم هیچی نەدەکێشا. مرۆڤ دەبێت مێشکێکی گەورەی هەبێت تا بتوانێت کاروباری خۆی سەروبەر بکات؛ دەبێت تایبەتمەندیی

خۆی هەبێت کە من هیچی وام نەبوو. من ترومپێتم دەژەنی، بەڵام کە شەڕیش دەورت بگرێت، کە بە دیار سەرتەوە ڕابوەستێت، کە دەستت لێ هەڵنەگرێت، ترومپێتی چی و حاڵی چی.

جا هەر چۆنێک بوو، بۆ چەند ساڵێک، ئیتر هەواڵی ڤیرجینیا یانداننیم نەدەزانی. فەرامۆشم نەکردبوون، نا. بیرم بەردەوام لایان بوو. جاروبار لە خۆم دەپرسی: "ئەگەر داننی لێرە بووایە چیی دەکرد، لێرە بووایە چیی دەگوت، دیارە دەیگوت 'شەڕیشم بە قوڕ گرت' "، بەڵام کە من دەمگوت وەک ئەوەی ئەو نەدەبوو. من ئەوەندە خراپم لێ دەگوزەرا کە جارەبار چاوم لێک دەنا و خۆم لەسەر کەشتییەکە، لە نهۆمی سێیەمیدا دەگرتەوە و گوێم لە کۆچبەرەکان دەگرت کە ئۆپێرایان دەگوت و داننی کە هەر خوا دەیزانی چی دەژەنی و دەستەکانی و ڕواڵی و زەریای دەوروبەریشی. من خەیاڵم لێ بە کار دەهێنا، بیرەوەرییش. ئاخر تۆ هەر ئەمەت بۆ دەمینێتەوە کە جاروبار بیکەیت، نەکا خۆت لە دەست بدەیت. جیا لەمە چی دەمێنێتەوە؛ جیا لەم وردەفێڵەی پیاوی هەژار، کە هەموو کات فریام دەکەوت.

بە کورتییەکەی ئەمیشیانم چیرۆکێک بوو کە کۆتایی هاتبوو. دیاریش بوو بە ڕاستی کۆتایی هاتبێت تا نامەیەکم پێ گەیشت کە نێیل ئوکۆننەر؛ ئەو ئیرلاندییەی گاڵتە نەبێت هیچی نەدەکرد، بۆمی ناردبوو. بەڵام ئەمجاریانی بە گاڵتە نەبوو. ئوکۆننەر بۆمی نووسیبوو کەشتییەکە، کە وەک بیمارستانێکی کۆچەر لە شەڕدا بە کار براوە، وردوخاش گەڕاوەتەوە. جا کە کەڵکی لێ براوە، بڕیارە نقووم بکرێت. ئەو کارگەرە کەمەیشی کە تا ئێستا ماوە، ڕێی دراوە لە پلیمۆث دابەزێت. دایناماتیان لێ ناوە و درەنگ یان زوو دەیبەنە ناو زەریا و تەواوی دەکەن: بوم، هیچی تر. دوایی تێبینییەکی نووسیبوو کە بەم جۆرە بوو: "سەت دۆلارت هەیە؟ سوێند بێ پێتی بدەمەوە." لە خواری ئەمەیشەوە تێبینییەکی تر کە ئەمە بوو: "داننی کەشتییەکەی جێ نەهێڵاوە." هەر ئەمە "داننی کەشتییەکەی جێ نەهێڵاوە."

چەند ڕۆژێک نامەکەم ئەمدیو و ئەودیو کرد و دوایی سواری شەمەندەفەرێک بووم بۆ پلیمۆث دەچوو. لە بەندەرەکەی دابەزیم. سۆراخی ڤیرجینیام کرد. دۆزیمەوە. پارەیەکم بە پاسەوانەکانی دا. چوومە سەرەوە. هەموو کونجێکی گەڕام. چوومە ژووری مەکینەکانی. لەسەر سندووقێک دانیشتم کە پێ دەچوو دایناماتی تێدا بێت. شەبقەکەی سەرم لەسەر زەمینەکەی دانا و بێ دەنگ لێی دانیشم، بێ ئەوەی بزانم چی بڵێم/

... بە نیگام وشکەوە بۆ ئەوەی سەیری بکەم، بە نیگای وشک بۆ ئەوەی سەیری خۆم بکەم/

دایناماتە تەنانەت ژێریشم، دایناماتە دەوروبەرم/

داننی بوودمان تی دی لیمۆ بیستەم/

دەبوو لێت ڕوون بوایە کە داننی دەیزانی دێیت، وەک هەموو جارێک کە ئەو تۆنانەی دەزانی کە دەتویست بیانژەنیت و.../

ڕوخسارێکی بەساڵداچوو، بەڵام بە شێوەیەکی جوان، بێ ماندوویەتی/

ڕووناکاییش، لە کەشتییەکەدا نەبوو، ئەو چمکە نەبێت کە خزابووە ژوور، شەو دەپرسێت، چۆن بوو/

دەستی سپی، پاڵتۆی چاک هەڵپێکراو، پێڵاوی بریقەدار/

نەچووبووە سەر وشکانی، نا/

لەو نیوەتاریکاییەدا، وەک شازادە دیار بوو/

نەچووبووە سەر وشکانی. دەبوو لەگەڵ هەموو شتێکی تردا، لە ناوجەرگەی زەریادا، بتەقێت/

کۆتاییەکی گەورە، بەو هەموو کەسەوە کە لەسەر بەستەکە و لەسەر ڕۆخەکەوە، سەیری ئاگربازییە گەورەکە دەکەن. خواحافیز. پەردە دادێت. دووکەڵ و گڕی ئاگر. لە کۆتاییشدا، شەپۆلێکی گەورە/

داننی بوودمان تی دی لیمۆ/

بیستەم/

لەو کەشتییەدا کە تاریکی قووتی داوە، دوایین یادگاریی ئەوم دەنگێکە و هیچی تر، نەوی دەدوێت/

/

/

/

/

/

(ئەکتەرەکە مۆرکی داننی لە خۆی دەنێت)

/

/

/

/

ئەو شارە، هەموو... کۆتاییەکەی دیار نەبوو../

کۆتاییەکە، شاری چاک بە، دەکرێت کۆتاییەکەت ببینم؟/

لەسەر ئەو پاچنە قۆڕەوە... هەموو شتێکی زۆر جوان بوو... منیش بەو پاڵتۆیەوە پیاوێکی گەورە



هەوراشامەی کتێب

بووم؛ کاریگەر بووم و لە هیچ‌یێک دوودڵ نەبوو. چوونم بۆ سەر وشکانی مسۆگەر بوو. هیچ کۆسپێکم لە ڕێدا نەبوو/

بە شەپقە شینەکەمەوە/

یەکەم پلە، دووەم پلە و سێیەم پلە/

یەکەم پلە، دووەم پلە و سێیەم پلە/

لەسەر یەکەم یەکەم پلە، دووەم/

ئەوەی کە ڕێمی گرت ئەو شتە نەبوو کە دیم/

ئەوە شتە بوو کە نەمدی

تێ گەیشتی، برا؟ ئەوەی کە نەمدی...

چاوم لێی گێڕا، بەڵام نەبوو. لەو هەموو شارە بێسنوورەدا هەموو شتێک هەبوو، بێجگە/

هەموو شتێک/

کۆتایی نەبێت. ئەو شتەی کە نەمدی ئەوە بوو کە لە کوێدا هەموو شتێک کۆتایی دەهات. کۆتاییی دنیا/

تۆ بزانە، پیانۆیەک. کلیلەکانی دەست پێ دەکەن. کلیلەکانی کۆتاییان دێت. دەشزانیت هەشتا و هەشت دانەن. خۆ کەس ناتوانێت بڵێت وا نییە کلیلەکان بێکۆتایی نین، نا، تۆ بێکۆتاییت. لەناو کلیلەکانیشدا مۆسیقایەک هەیە تۆ دەتوانیت شتێکی بێکۆتاییان لێ ساز بکەیت. ئەوان هەشتا و هەشت دانەن. تۆ بێکۆتاییت. من حەزم لەم شتەیە و لەگەڵی هەڵدەکەم. بەڵام ئەگەر تۆ/

بەڵام ئەگەر من بەو پاچنەیەدا سەر بکەوم و بە بەرمەوە/

بەڵام ئەگەر بە پاچنەکەدا سەر بکەوم و بە بەرمەوە کلیلبەندێک، بە میلیۆنان، بە میلیۆنان و میلیاردان کلیلەوە درێژ ببێتەوە/

بە میلیۆنان و میلیاردان کلیلەوە کە کۆتاییان نایێت، ئەمەیش شتێکە گومان هەڵناگرێت، کە کۆتاییان نایێت و کلیلبەندێکی بێکۆتاییە/

جا ئەگەر ئەو کلیلبەندە بێکۆتایی بێت/

مۆسیقایەکی تێدا نابێت پێت بژەنرێت، تۆ جێی کەسێکی ترت داگیر کردووە و ئەو پیانۆیەیە کە حودا دەیژەنێت/

ئای خوایە، ئاخۆ بینیتن، جادەکان؟/

هەر جادەی هەزاران هەزار دەبوو. ئەرێ ئێوە چی دەکەن تا بتوانن یەکێکیان هەڵبژێرن/

تا بتوانن ژنێک هەڵببژێرن/

خانوویەک، پارچە زەوییەکی خۆتان، دیمەنێک کە بیدەنە بەرچاو، شێوازێک کە پێی بمرن/

ئەو هەموو دنیایە/

ئەو دنیایەی بان سەرت کە نازانیت لە کوێ کۆتایی دێت/

یان چەندێکی لە ئارادایە/

ئەرێ ئێوە قەت ناترسن کە بە بیرلێکردنەوەی، بیرکردنەوە لەو هەمووە، ببن بە هەزار پارچەوە. هەر بە بیرلێکردنەوەی؟ بە گوزەراندنی.../

من لەم کەشتییەدا لەدایک بوومە و بە ئێرەدا دنیا ڕادەبووری، بەڵام هەر جارەی بە دووهەزار کەسەوە. ئێرە ئارەزوویشی لێدا هەبوو، بەڵام لەوەی تێ نەدەپەڕاند کە لە نێوان پێش و پاشی کەشتییەکدا جێی دەبێتەوە. ئاخر تۆ بە کلیلبەندێکی بێکۆتایی، بەختەوەریی خۆت دەژەنیت.

من بەم جۆرە خۆم فێر کرد. بۆ من دنیای سەر زەوی کەشتییەکی زۆر گەورەیە، سەفەرێکی زۆر درێژە، ژنێکی زۆر جوانە، گوڵاوێکی زۆر بۆنتیژە و مۆسیقایەکە پێم ناژەنرێت. سا بمبوورە، من ناچمە سەر وشکانی، لێم گەڕێ با بگەڕێمەوە.

بمبوورە!

/

/

/

/

/

هەوڵ بدە تێم بگەیت، کاکی برا. تێم بگە، ئەگەر دەتوانیت/

بەو هەموو دنیایەی ناو چاوەکانمەوە/

ترسناک، بەڵام جوان/

زۆر جوان/

ئەو ترسەیش کە لەگەڵ خۆمدا بردمەوە/

کەشتییەکە، سەرلەنوێ و بۆ تاهەتایە/

کەشتییە بچکۆلەکە/

بەو دنیایەی ناو چاوەکانمەوە، هەموو شەوێک، سەرلەنوێ/

هەزارنامەی کتێب

دێوەزمە/

تۆ مەترسیی مردنت دێتە ڕێ، ئەگەر ڕێیان نەگریت و چۆنیان بویت لێت بێنە پێش/

حەزی چوونە سەر وشکانی/

ترسی ئەنجامدانی/

تۆ بەم جۆرە، شێت دەبیت/

شێت/

جا دەبێت شتێک بکەیت، بۆیە کردم/

لە پێشدا هێنامە بەرچاوی خۆم/

دوایی کردم/

هەموو ڕۆژێک بۆ چەند ساڵێک/

دوانزە ساڵی تەواو/

میلیاردەها ترووکەسات/

ئاماژەیەکی نادیار و زۆر خاو/

منێک کە نەمدەتوانی لەم کەشتییە دابەزم و بچمە سەر وشکانی، لە ژیانی خۆم دابەزیم، پایە بە پایە، بۆ ئەوەی فریای خۆم بکەوم. هەر پایەیەک ئارەزوویەک بوو، هەر هەنگاوێکیشم ئارەزوویەکم بوو کە بە خێرم سپارد.

برا من شێت نیم، نا. کەسێک ڕێیەک بدۆزێتەوە کە لێیەوە فریای خۆی بکەوێت شێت نییە. کەسی وا وەک ئاژەڵی فێڵبازی برسییە. شێتێتی هیچێکی بەسەر ئەمەوە نییە، بگرە داناییە و هیچی تر. ئەندازەگەرییە. تەواواندنێکی بێ کەموکورتییە. ئارەزوویش خەریک بوو گیانمی دەکێشا. ئەگەرچی دەمتوانی بەری نەگرم، بەڵام پێم نەکرا.

جا سیحرم لێی کرد.

یەک بە یەکی ئارەزووەکانی خۆم لە دوای خۆم بە جێ هێشت. ئەندازەگەری. کارێکی تەواوکراوی بێ کەموکورتی. کە تەواوی شەوێک مۆسیقام بۆ ژنێک ژەنی، یەک ژن، پێستناسک، دەستی بێ خشڵ و بازنگ، باریک، ژنێک کە سەری لەگەڵ دەنگی مۆسیقاکەمدا با دەدا، بێ خەنین، بێ ئەوەی، بۆ یەک ترووکە، چاوم لێ کلا بکات، تەواوی شەوێک، سیحرم لە هەموو ژنانی دنیا کرد. جا کە هەڵستا، هەر ئەو نەبوو لە ژیانمەوە هەنگاوی بۆ دەرەوە نا، هەموو ژنانی دنیا بوو. کە چاوم بە کوڕێکی بچکۆلەوە بوو گیانی دا، شەو و ڕۆژ بە دیار سەریەوە، بێ ئەوەی هیچێکی ئەو نمایشتە خۆشە دڵگیر و دڵتەزێنەم لە دەست بچێت، دەمویست ئەو دوایین کەسەی

ئەم دنیایە بم ئەو چاوی پێیەوە بێت، سیحرم لەو باوکە کرد کە نایبمێ. جا کە چاوی لە چاوم بوو و دواجارەکی لێکی نا، هەر ئەو نەبوو بۆ دوایین جار چاوی لێک نا، بەڵکە ئەو هەموو منداڵانە بوو کە نەمبوون. کە گوێم لە کابرایەک بوو، خەڵکی باکوور، گۆرانی دەگوت و تۆ گوێت لێی و دەتبینی، دۆڵت دەبینی، کێوی دەوروبەری، چەم کە لە داوێنیدا نەرم نەرم دەکشا، بەفری زستان و گورگی نیوەشەو، سیحرم لەو پارچە زەوییە کرد کە لە شوێنێکی ئەم سەرزەمینەدا زەویی من بوو. جا کە گۆرانییەکەی تەواو کرد و دەنگی نەما، زەوییەکەم، ئیتر لە هەر کوێیەکدا بووە، بۆ تاهەتایە، نەما. کە بۆ تۆ و لەگەڵ تۆ ئەو شەوەی مۆسیقام ژەنی، سیحرم لەو هاودەمانە کرد کە لە خودام دەویست هەمبن. لە ڕەنگی ڕووت، لەنێو چاوت، هەموویانم، هەموو هاودەمە خۆشەویستەکانی خۆم دیت. جا کە ملت لەبەر ڕێی خۆت نا، ئەوانیش لەگەڵ تۆ ملیان لە ڕێ نا. کە چاوم بە کۆسارە سەهۆڵی زەریای ئەتڵەس کەوت لەبەر گەرما هەرەسیان دەهێنا، سەرسامیم بە خێر سپارد. کە دەستەی جوامێرانم بینی، ئەگەرچی جەنگ شڕ و وڕی کردبوون پێ دەکەنین، پەرجووم بە خێر سپارد. کە ئەم کەشتییەم بینی وا بۆمبڕێژ دەکرێت، ڕک و کینم بە خێر سپارد. ئەو ڕۆژەی توانیم تێکڕای مۆسیقا لە یەک تۆنی ترووکەساتێکدا بژەنم، مۆسیقام، مۆسیقای خۆم، بە خێر سپارد. کە تۆیشم بینی پێت نایە ئێرە، خۆشیم بە خێر سپارد کاتێک سیحرم لێی کرد. برا! ئەمەی دەیڵێم شێتی نییە، نا، ئەندازەگەرییە، شێوەپێدانە. من شووم و بەدبەختیم لە خۆم داماڵیوە. هەموو ئارەزوویەکم لە ژیانی خۆم ڕاماڵیوە. تۆیش ئەگەر توانیت ئەو ڕێیە ببڕیت کە من بڕیومە، ئەمی ئارەزووەکانم دوای ئەوانی تریان دەبینیت، سیحراو، بێ جووڵە، بۆ تاهەتایە لێی کەوتوون و وەک کێلەڕێ ڕێڕەوی ئەم سەفەرە سەیرە نیشان دەکەن کە بۆ کەسی جیا لە تۆ باسم نەکردووە/

/

/

(داننی ڕووەو پشتخانی شانۆکە دەچێت)

/

/

/

(دەوەستێت و وەردەچەرخێت)

من دیمەنەکەم لە ئێستاوە لێ دیارە. جا کە دەگەمە سەرەوە ئەو کەسەکەی ناوم لە لیستەکەی بەردەستیدا نادۆزێتەوە، دەڵێت: "گوتت ناوت چی بوو؟"

"بیستەم"

"بیشینسکی، بوتەربارتۆلۆ، بوڤالیس، بوززا..."

"ئەوی ڕاست بێت، من لە کەشتیدا هاتبوومە دنیا."

"چی؟"

لە کەشتیدا هاتبوومە دنیا و هەر لەو کەشتییەیشدا دنیام جێ هێڵا. جا نازام ئەگەر لە لیستەکەدا هاتووە یان نا"

"تێکشکانی کەشتی؟"

"نا، تەقینەوەی. شەشسەد و نیو کیلۆ دینامیت. بوم"

"ئۆی! دەی ئێستا باشتریت؟"

"بەڵێ، زۆر باشم. مەبەستمە بڵێم، دەستم نەبێت... دەستێکم نەماوە... بەڵام بیمە کراوم..."

"دەستێکت نییە؟"

"بەڵێ، لە تەقینەوەکە..."

"من پێ بزانم یەک دووی وامان هەن... کامیانت نییە؟"

"چەپەکەیان"

"نەڵێیت؟!"

"بۆ، چی بووە؟"

"ترسمە هەردوو دەستەکە ڕاست بن..."

"دوو دەستی ڕاست؟"

"بەڵێ. جا ئەگەر وا بێت، زەحمەتە کە..."

" کە... چی؟"

"دەڵێم، کە دەستێکی ڕاستت پێ بدەم..."

"دەستێکی ڕاست لە جێی دەستێکی چەپ؟"

"بەڵێ."

"ها... نا، ئەمیشم بە قوڕ گرت... ڕاستێک لە هیچ باشترە..."

"منیش هەر وای دەبینم. چاوەڕێ بە وا دەچم و بۆتی دەهێنم."

"ئەگینا، چەند ڕۆژێکی تر دێمەوە، ئەگەر پێ بزانیت چەپێکت بۆ دێت..."

"گوێ بگرە، یەکێکی سپی و یەکێکی ڕەشم هەن..."

"نا، با هەر یەک ڕەنگ بێت... هیچێکم دژی ڕەشپێستەکان نییە، ئەوە نەبێت کە..."

هەوالنامەی کتێب

سەیری ئەم بەدبەختییە! تاهەتایە، لە بەهەشتدا، بە دوو دەستی ڕاستەوە. (بە منگەمنگەوە) جا با خاچێکی جوانی سەر سنگی بۆ بکێشێن! (دەست بە خاچکێشانی سەر سینگ دەکات، بەڵام دەوەستێت. سەیرێکی دەستەکانی خۆی دەکات) تاهەتایش نازانیت کامیان بە کار ببەیت. (بۆ کورتێک دەسڵەمێتەوە و دوایی خاچێکی خێرا بە هەردوو دەستی دەکێشێت) تەواوی تاهەتایەک، میلیۆنان ساڵ، بە گەوج بچیت (خاچێکی تری دوودەستان لەسەر سینگی دەکێشێت) دۆزەخێکی تەواو، لە بەهەشتدا. پێکەنینی پێ ناوێت برا. (وەردەچەرخێت. ڕووەو پشتخانی شانۆکە دەچێت و پێش ئەوەی بچێتە دەرەوە، لەسەر پاچنەکە دەوەستێت. لا لە جەماوەر دەکاتەوە: چاوەکانی دەبریقێنەوە)

سەرەڕای ئەمەیش... بیرێکی لێ بکەوە کە چ مۆسیقایەک... بەو دوو دەستانە، دوو دەستی ڕاست... خۆزگە پیانۆیەکی لێ دەبوو...

(دەچێتە سەر باری بێگەمەیی)

برا، ئەوەی بە ژێرتەوەیە دینامیتە. هەستە و بڕۆ بە لای کاری خۆتەوە. ئیتر کۆتاییەکەیەتی. ئەم جارەیان بێ گەمە کۆتاییەکەیەتی.

(دەچێتە دەرەوە)

## کۆتایی

داستانی پیانۆژەنی زەریا سەربردەی پیانۆژەنێکی بەهرەدارە لە سەرەتای سەدەی ڕابردوودا لە دایک دەبێت و بە ناوی سەدەکەوە ناو دەنرێت؛ بیستەم. بیستەمی نەوزاد بەدەم کۆچی ناو زەریاوە لە کەشتییەکدا ـ ڤیرجینیای ناوە ـ بە جێ دەهێڵرێت کە بە زەریای ئەتڵەسدا کۆچبەر بۆ دنیای نوێی ئەوسا ـ بۆ ئەمەریکا ـ دەبات و لەوێوە ڕێبار بۆ ئەوروپا دەهێنیت. بیستەم ژەنیارێکی لێ هەڵدەکەوێت کە ئاوازی پیانۆکەی ئاو بە چاوی سەرنشینانی کەشتییەکەدا دەهێنێت و خۆیشی ئەگەرچی بۆ جارێکیش پێ بە وشکانیدا نانێت، بە خەیاڵ هەموو دنیا دەگەڕێت. ترومپێتژەنێکی هاودەمی ـ تیم توونی ـ کە شوێنی ژیانی کارەساتبار و هەم خۆشتەوی بیستەم دەکەوێت، سەربردەکەی دەگێڕێتەوە.
ئەلێساندرۆ باریککۆ کە ساڵی ١٩٥٨ لە تورین لە دایک بووە و ڕۆماننووس و مۆسیقاناسێکی ئیتاڵییە و یەکێکی نووسەرە هاوچاخە گەورەکانی ئەوروپایە، بە داستانی پیانۆژەنی زەریا چیرۆکێکی داهێناوە لە چیرۆکبێژەکەی زیاتر شت دەدرکێنێت و خۆیشی لەم داستانەدا زمانی شانۆ و چیرۆکی لێک ناوە.

# فەلسەفە و فکری ژاپۆنی

ئەردەڵان عەبدوڵڵا

لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین گەشتێک بەناو فەلسەفەو فکری ژاپۆنیدا بکەین. دیارە ژاپۆن تەنیا لە بواری پیشەسازی و تەکنەلۆجیدا پێشکەوتنی بەخۆوە نەبینیوە، بگرە لە ڕووی فەلسەفی و فکریشەوە هەنگاوی گرینگی ناوە. ژاپۆنیش وەکو هەموو کۆمەڵگەیەکی تری سەر زەوی، کۆمەڵێک بیر و فەلسەفە کاری تێ کردووە و کۆمەڵگەکەی هەژاندووە. ژاپۆن هەتاوەکو سەدەی نۆزدەش، بیرە ئاینییەکانی (بودی، کۆنفۆشی و پاشانیش شەنتوی) بەسەریدا زاڵ بووە. بەمانایەکی تر سەرەتا ئاین سەرچاوە و هزر و بیرکردنەوەی کۆمەڵگەی ژاپۆنی بووە. هەتا سەردەمانێکی زۆریش ژاپۆنییەکان لەو باوەڕەدا بوون کە خۆیان باشترین و چاکترین مرۆڤی سەر ڕووی زەوین و، وایان دەزانی کە ژاپۆن خاوەنی باشترین و بەهێزترین بیر و هزری جیهانە. ڕاستە ژاپۆن هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە کاریگەریی کولتووری چینی بەسەرەوە بووە و ئاگەدار و شارەزاییی باشیان لە کولتووری چینی بوون. لێ جگە لە کولتووری چینی ئاگەداری و زانیارییان لە هزر و فەلسەفەی تری دنیا نەبوو. ئەم بارەش تا ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو، هەتا سەردەمی کرانەوە و دەستپێکی قۆناخی میجی.

### ئاخۆ شتێکمان هەیە بەناوی فەلسەفەی ژاپۆنییەوە

ئەم پرسیارە گرینگی و بایەخی زۆری هەیە، لەبەرئەوەی هەتاوەکو ئێستاش خوێنەری کورد هیچ ئاگادارییەکی وای لەبارەی ئەم وڵاتەوە نەبووە. ئێمە بە گشتی ناوی چەند فەیلەسووفێکی ئەوروپاییمان لەبەرە (ئەرستۆ، سوکرات، ئەفلاتون، مارکس). لێ هیچ ئاگەداری ئەم وڵاتە نین.

دیاره هەر ئەم پرسیارەش لەناو توێژی رۆشنبیر و نووسەرانی ژاپۆنیشدا هەبوو. بۆ وەڵامی ئەم پرسیاره دوو ئاراستەی جیاواز هەبووه.

نووسەر و ریفۆرمیستی گەورەی ژاپۆنی (ناکای تومین) کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ڕەوتی ریفۆرمی لە ژاپۆن، ئەو لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێت:

«لە ژاپۆندا شتێک نەبووە ناوی فەلسەفە بێت».[1]

" هاسیموتو مینیو" ش کە زیاتر بیرەکانی لە سەرچاوەکانی رۆئاوادا ئاو دەخۆنەوە، ئەم ڕادیکاڵانەتر قسە دەکات و دەڵێت:

«کاتێک کە باس لە دەستەواژەی " فەلسەفە" دەکرێت و وشەی " ژاپۆنی" لە پاڵدا دادەنرێت، هەست بە گوزارشتێکی نامۆ و دژوار دەکەیت، لەبەرئەوەی بەبێ گومان " فەلسەفە "، زانستێکی نوێیە، لە پاش قۆناخی میجی لە رۆئاواوە بۆ ژاپۆن هاتووە، پێش هەموو شتێک فەلسەفە زانستە، جەوهەرەکەی سیمایەکی عمومی پێوە دیارە، فەلسەفە مەعریفەیەکی زانستی و مەنتقییە»[2].

هاسیموتو مینیو، پێی وایە کە فکری رۆهەڵاتی بە گشتی و ژاپۆنی بەشێوەیەکی تایبەتی لە ڕووی (مەعریفی و مەنتقییە) زۆر هەژاربووە. فکری رۆهەڵاتی لە ڕووی شێواز و مەنهەجییەوە زۆر لاواز بووە، هەر بۆیە ناتوانین بڵێین کە رۆهەڵات خاوەنی فەلسەفەیەکی مەعریفی ڕێکخراوە. هاسیموتو پێشی سەیرە کە خەڵکانێک، ئەو بیرمەندە ژاپۆنیانەی کە توانیان لە بواری بیری کونفۆشی و بودیدا داهێنان بکەن، ئەم خەڵکانە یان ئەم هەوڵانە لە قالبی فەلسەفە دابنێن. هەر خۆی دەڵێت:

«بودیزم و کۆنفۆشی خاوەنی بیرێکی مەنتقی و عەقڵانی "ڕاسیۆناڵ" نەبوون، هەروەها لە ڕووی بۆچوونیان بۆ گەردوون و مرۆڤ و فکر، خاوەنی مەنهەجیەت و ڕێکخراوەیی ورد نەبوون»[3].

دیاره ئەم جۆره قسانە لەناو کۆمەڵگەی کوردیشدا دەکرێت و هەندێک نووسەری کوردیش هەمان هەڵەی ئەم برادەره دووباره دەکەنەوە. لێرەدا بۆ من ئەوە گرینگە، کە ئێمە تەنیا ئاگەداری ئەزموونی گەلانی تریش بین، بزانین کە ئەوانیش بە چ قۆناخێکدا تێپەڕیون، ئێمە ئەو هەڵانەی ئەوان نەکەینەوە. ئەم قسانەی هاسیموتو مینیوو ڕاست نییە، لەبەرئەوەی تەنیا رۆئاوا بە دوای شرۆڤەکردن و پرسیار لەبارەی بوون و گەردوون و مرۆڤدا وێڵ نەبووە، بگرە رۆهەڵات زۆر لە پێش رۆئاواوە بە دوای ئەم پرسیار و باسانەدا وێڵ بووە.

دیاره لە ژاپۆنیش چەند نووسەرێکی تێگەیشتووش دژی ئەم قسانەی هاسیموتو بوون و وەڵامیان داوەتەوە. مێژوونووس و فەیلەسووف و بیرمەندی ناسراوی ژاپۆنی" ئۆمیهارا تاکیسی" کە لە بواری فکری (بوژی و کۆنفۆشیدا) پسپۆڕ و شارەزایە. دەڵێت:

(ئەم بۆچوونە هەڵەیە، کاریگەریی خراپ و ترسی بۆ قۆناخەکانی گەشەسەندنی فکری ژاپۆنی

هەیە. بەڵام پێویستە زۆر بە ئاسانی باوەڕ بەم قسانە نەکەین و هەروا بە ئاسانی ملیان بۆ شل نەکەین[٤].

پاشتر ئۆمیهارا دەڵێت:

"خەڵکی تەنیا بە عەقڵ ناژین، ئەگەر فەلسەفە زیاتر بە دوای نهێنییەکانی گەردوون و مرۆڤدا وێڵە، دیارە لە پەنا لێکۆڵینەوە لەبارەی عەقڵەوە، بەهەمان شێوەش پێویستە لێکۆڵینەوە لەبارەی هەست و سۆزی مرۆڤیشەوە بکەین، کەواتە ئەگەر مەسەلەی هەست و سۆزی مرۆڤیش گرینگ بێت، کە چەندان ساڵە فکری رۆهەڵاتی بەدوایدا وێڵە، کەواتە ئەویش هەمان گرینگی و بایەخی خۆی هەیە و دەبێت بەیەک چاو لەگەڵ فکری رۆئاواییدا سەیر بکرێت و رێزی لێ بگیرێت"[٥].

لێرەدا هەوڵ دەدەم تیشکێک بخەمە سەر هەوڵەکانی نووسەر و بیرمەندە ژاپۆنییەکان.

## مێژووی فکری ژاپۆن

بێگومان فکر و فەلسەفەی ژاپۆنی لە سەردەمی دەرەبەگایەتیدا، زیاتر بە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتییەوە پێوەست بووە، کە زیاتر تێڕوانینێکی ئاینی و مەزهەبە ئاینییەکانی بەسەریدا زاڵ بووە، بەتایبەت (بودی و شەنتوی). بە واتایەکی تر زیاتر خۆی لە قالبێکی فکرێکی لاهوتیدا دەبینێتەوە.

دیارە ڕاستە ئاینی بودی لە چینەوە بۆ ژاپۆن هاتووە، بەڵام کۆمەڵێک بیرمەندی ژاپۆنی لەم بوارەدا هەوڵیان داوە، کە ئەم ئاینە پێش بخەن و لە هەمان کاتیشدا سیمایەکی تایبەتی ژاپۆنی بۆ زیاد بکەن. لە سەدەی ١٢ و ١٣ دا، فکری فەلسەفیی ژاپۆنی پێشکەوتنێک و گەشەیەکی باشی بە خۆوە بینی، دیارە لەم کاتەدا بیری بوژی زۆر زاڵ بووە. بەڵام هەر لەم کاتەدا کۆمەڵێک تەوژمی ئاینی و مەزهەبی نوێ لە ئاینی بودی پەیدا بوون، وەکو (زن، جودو، نیتریین)، کە هەموو ئەم تەوژمانەش، قالبێکی سۆفیگەری و حسییان پێوە دیار بووە. جێگەی گوتنە ئەمڕۆ ئەوروپایی و ئەمەریکاییەکان، لێکۆڵینەوەی زۆر لەبارەی ئەم تەوژمە ئاینییانەوە دەکەن. دیارە گرینگی ئەم تەوژمانەش لەوەدا بوو، کە ڕێگەی بۆ ژاپۆنییەکان خۆش کردووە، لەبارەی بیری فەلسەفییەوە، تێگەیشتنی قووڵ و تێگەیشتنی باشتر لە بارەی ئاینی بودییەوە بکەن. ئەمە سەرەتاییەک بوو، بۆ ئەوەی دەرگەی بیرکردنەوە و تێرامان و سەرنجدان، لای بیرمەندە ژاپۆنییەکان دروست بکات.

لەم قۆناخەدا کۆمەڵێک بیرمەند و زانای گەورەی ژاپۆنی دەرکەوتن وەکو (هارما کیرتی، ناجاریونا، دوگین، سیبزان، نیترین). ک هلە بواری تێگەیشتن و دانانی ڕێگەی نوێیان بۆ بودیزم دۆزییەوە.

لە سەدەی ١٥دا ئاینی بودی بەتەواوەتی بە سەر هۆشیاریی ئاینی و عەقڵی خەڵکی و کۆمەڵگەی ژاپۆنیدا زاڵ بوو. ئەم بارە هەتا سەدەی ١٧ بەردەوام بوو. بەڵام پاشتر ئاینی کۆنفۆشی بە خێرایی خۆی کرد بەناو ژاپۆندا، بەرەی لەژێر پێی ئاینی بودی ڕاکێشا.

جێگەی گوتنە ئاینی کۆنفۆشی لە چینەوە هات بۆ ژاپۆن، ئەم ئاینەش زیاتر سیمایەکی دەرەبەگایەتی هەیە. کۆنفۆشیش وەکو هیندۆسی لەو باوەڕەدان، کە چارەنووسی مرۆڤایەتی وا داڕێژراوە، کە جیاوازی چینایەتی هەبێت، ئەم جیاوازییە کۆمەڵایەتییەش نابێت بگۆڕێت. کۆمەڵگە بەسەر نەجیبزادە، ڕەش و ڕووتی خەڵکیدا دابەش بووە. پێویستیشە خەڵکی ئەم جیاوازییە کۆمەڵایەتییە قبووڵ بکەن.

لە سەدەی ١٢ دا (تشو – سی) مەزهەبی (کۆنفۆشی نوێ)ی لە ژاپۆن دامەزراند. لە هەمان کاتیشدا مەزهەبی (کو کو گاکوها) و (وان یان مین – ئویو میگاکوها) پەیدا بوون. دیارە ئەم مەزهەبانەش هەموویان لەسەر بنەوایەکی میتافیزیکی تایبەتی دامەزراون.

لە سەدەی شازدە و هەژدەدا، تەوژمی فەلسەفەی ڕەخنەگرانە لە ژاپۆن گەشەی سەند، ئەم تەوژمەش کۆمەڵێک بیرمەندی ژاپۆنی پێشیان خست. لەوانە: (موروکوسو، یاماگاتا سونان، میورا باین). ئەمانە هەوڵیان دا لە دژی بیری ئوسوڵی کۆنجۆشی بوەستنەوە، بەڵام ئەمانەش خۆیان هەر لەناو بیری بودی و کۆنفۆشیدا دەبینییەوە. بەڵام دواتر کۆمەڵێک بیرمەندی ژاپۆنی پەیدا بوون، کە بەتەواوەتی دژی بیری ئاینی و میتافیزیکی بوون، لەوانە: (ئیتو دزینسای، ئاندوسویکی[٦] ئەمانە و کۆمەڵێک بیرمەندی تر توانیان دژی بیری ئاینی و میتافیزیکی بوەستنەوە و بیری ماتریالیستی و نائیینی پێشبخەن. دیارە لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا، شەڕێکی فکریی گەورە لە نێوان مەزهەب و تەوژمە ئاینییەکانی بودی و کۆنفۆشی هەبووە. لە هەمان کاتیشدا شەڕێکی فکری لە نێوان بیری ئاینی و میتافیزیکی و بیری ماتریالیستی و عەقڵانی سەری هەڵدا. هەموو ئەم بۆچوونە جیاوازانەش توانی گورزێکی باش بە فکر و فەلسەفەی ژاپۆنی بدات، کە پاشتر بوو بە پاشخانێکی باش، بۆ پێشکەوتنی فکری فەلسەفی ژاپۆنی.

## قۆناخی میجی و کرانەوەی دەرگە داخراوەکان

هەروەک پێشتریش باسم کرد کە ئەم قۆناخە کە دەکەوێتە نێوان ساڵانی (١٨٦٨ تا ١٩١٢) بە ساڵە زێڕین و قۆناخە گرینگەکانی مێژووی ژاپۆنی دادەنرێت. لەم قۆناخەدا تیشکی خۆرەتاوی گۆڕان هەموو بوارەکانی ژیانی ژاپۆنی گرتەوە. لەم قۆناخەدا دەرگە داخراوە گەورەکانی ژاپۆن کرانەوە و گەلی ژاپۆنیش چاوی بە ئەزموون و فەلسەفەی گەلانی تری دنیا کەوت. ئا لەم قۆناخەدا بیر و فەلسەفەی ڕۆژئاوا، بەشێوەیەکی زۆر باڵی بەسەر هەموو دوورگەی ژاپۆندا کێشابوو. لەو کاتەدا لەناو توێژی ڕۆشنبیران و پیاوانی دەوڵەت و سەربازییەکاندا، نیقاشێکی گەورە دەستی پێ کردووە، کە هەموو ئەم نیقاشانەش باسیان لە داهاتوو دەکرد و دەیانویست گوێیان لە ئاست مێژوو و ڕابردوودا دابخەن، هەموو چاویان ئاراستەی داهاتوو کردبوو.

دیارە لەو کاتەدا بیرێک بەسەر زۆربەی ئەم چین و توێژانە زاڵ بووبوو کە دەیوت:

«هەموو شتێکی ڕۆژهەڵاتی مانای " کۆن، دەرەبەگایەتی، دواکەوتوویی" دەگەیاند. لە بەرامبەردا هەموو شتێکی ڕۆژئاوایی، مانای " نوێبوونەوە، بۆرجوازی، پێشکەوتنی " دەگەیاند.»

دیاره ئا لەو کاتەدا ڕۆئاوا بووبووە سەرچاوەی هەموو جۆرە پێشکەوتنێکی تەکنەلۆجی و فەلسەفی و فکری. هەر بۆیە لەو کاتەدا زۆربەی ژاپۆنییەکان لەو باوەڕەدابوون کە ئەگەر بیانەوێت پێش بکەون و لە دواکەوتوویی و هەژاری و لاوازی ڕزگاریان بێت، ئەوا دەبێت هەمان مۆدێلی ڕۆئاوا لە ژاپۆندا پراکتیزە بکەن. بە واتایەکی تر دەیانویست فۆتۆکپییەکی مۆدێلی ڕۆئاوایی لە ژاپۆندا بکەن.

ئەوان لەو باوەڕەدا بوون پێویستە هەموو مێژوو و کولتووری ژاپۆنی فڕێ بدەن و سەرلەنوێ کولتوورێکی مۆدێرن و تازەی ڕۆئاوایی دابمەزرێنن. قۆناخی میجی لە ژاپۆن، واتە سەرهەڵدان و دروستبوونی چینی بۆرجوازی ژاپۆنی و لاوازبوون و نەمانی ڕۆڵی چینی دەرەبەگایەتی لە ژاپۆن. ئەوەی ڕوون و ئاشکراشە، کە چینی بۆرجوازی خاوەنی کولتووری و سەرخانێکی ئابوورییە، کە زۆر جیاواز و دژە لەگەڵ کولتوور و سەرخانی چینی دەرەبەگایەتی. ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگریش هەیە، کە دروستبوون و سەرهەڵدانی چینی بۆرجوازی، مەڵبەند و سەرچاوەکەی لە ئەوروپاوە بووە. لەبەرئەوە زۆر ئاساییە، ئەگەر چینە بۆرجوازییەکانی تری جیهانیش هەمان کولتوور یان لاسایی ئەم چینەی ئەوروپا بکەنەوە. لەگەڵ دروستبوونی چینی بۆرجوازی ئەوروپایی، ئەم کیشوەرە بوو بە مەڵبەند و سەرچاوەی فکر و کولتووری دنیا. بیرمەندە ئەوروپاییەکان، بوونە مامۆستای جیهان و ئەوروپا بوو بە قووتابخانەیەک بۆ فێربوونی گەلانی تر. هەروەک کارل مارکسیش دەڵێت:

«لەگەڵ زاڵبوونی چینی بۆرجوازی بەسەر چینی دەرەبەگایەتی و دروستبوونی سیستەمی سەرمایەدا، لادێ وابەستەی شار دەبێت، بەناچاریش ڕۆهەڵاتیش وابەستەی ڕۆئاوا دەبێت.»

## تایبەتمەندییەکانی بۆرجوازیی ژاپۆنی

لێرەدا پێم خۆشە باسی خاڵێکی ئێجگار تایبەت و گرینگ لەبارەی قۆناخ و چینێکی گرینگی ژاپۆنی بکەم. ئەگەر سەیری مێژووی ژاپۆن بکەین، دەبینین لە سەدەکانی ١٦ تا ١٩ تاکە وڵاتی ئاسیا بوو، کە نەکەوتە بەر هەڵمەتی چەتەگەری و تاڵانی ئەوروپاییەوە. ئا لەم کاتانەدا هەموو ئاسیا و ئەفریقا و ئەمەریکا. کەوتنە بەر هەڵمەتێکی دڕندانە و نامرۆڤانەی ئەوروپاییەکانەوە. لێ ژاپۆن توانی بە سەلامەتی لە دەستی ئەم چەتەگەرییە ڕزگاری بێت. دیارە لەبارەی ئەم ڕزگاربوونەی ژاپۆنیش، کۆمەڵێک هۆکار هەن کە لێرەدا کاتی ئەوەمان نییە و لە باسەکەمان دوورمان دەخاتەوە، ئەم باسە هەڵی دەگرین بۆ کات و ساتێکی تر.

هەردوو وڵاتە مەزنەکەی ئاسیا (هیندستان و چین) کەوتنە بەر هەڵمەتی چەتەگەری ئەوروپاییەکان و هەموو سامان و داهاتی ئەم وڵاتانە، لەلایەن ئەوروپاییەکانەوە دزرا و تاڵان کرا. ئەفریقا پاش ئەوەی هەموو سامان و داهاتی سەر زەوی و بن زەوی تاڵانکرا، ئینجا خەڵکەکەشی کرا بە کۆیلە یان لە خاکەکەی خۆی یان بە کەشتی وەکو ئاژەڵ دیل کران و ڕەوانەی ئەمەریکا

کران. بەڵام ژاپۆن لەم چەتەگەرییە دوور بوو. لەبەرئەوە توانییان زۆر بە ئاسانی ریفۆرمی خۆیان بکەن و وڵاتەکەیان پێش بخەن. ئەگەر سەیری مێژووی رۆهەڵات بکەیت، دەبینیت لە میسر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە دەست کرا بە ریفۆرم و پلاندانان بۆ مۆدێرنەکردن. محەمەد عەلی پاشای میسر، لە رووی ئابووری و تەکنەلۆجی و سەربازییەوە، هەنگاوێکی زۆر گەورەی نا، بۆ ئەوەی میسر بەرەو پێشەوە بەرێت. میسرییەکان بە نێزیکەی ٥٠ ساڵ پێش ژاپۆنییەکان دەستیان کرد بە سیاسەتی مۆدێرنەکردنی وڵات، کەچی ژاپۆنییەکان هەرچەندە پاش ئەوان بە ٥٠ ساڵ ئەم کارەیان کرد، کەچی زۆر هەنگاو پێش میسرییەکان کەوتن. هۆکاری سەرەکی ئەمەش ئەوە بوو، کە ژاپۆن لەلایەن ئەوروپاوە داگیر نەکراو بەر هەڵمەتی تاڵانی و راورووت نەکەوت، بەڵام میسر نەیتوانی خۆی لە هەڵمەتی چەتەگەریی تورکی و ئەوروپایی بپارێزێت. میسر هەتا ناوەڕاستی سەدەی بیست، هەر لەژێر چەپۆکی داگیرکەری ئینگلیزی بوو. لە هەمان کاتیشدا لە رووی عەقڵیەت و کولتووریشەوە، جیاوازییەکی زۆر لە نێوان گەلی میسری و ژاپۆنی هەیە.

هەر ئەم دوورەدەستەی ژاپۆنیش وای کرد، کە ژاپۆن پێش وڵاتانی تری ئاسیا و ئەفریکا بکەوێت. ئەم خاڵە زۆر گرینگە ئێمە ئاگەداری بین، چونکە ئەگەر ژاپۆنیش وەکو چین و هیندستان داگیر بکرایە، ئەوا بە دڵنیاییەوە نەیاندەتوانی ئەو پێشکەوتنە گەورەیە بە خۆیانەوە ببینن و چینێکی بۆرجوازی پیشەشازی دروست بکات. ئەو ریفۆرم و سیاسەتی مۆدێرنەی کە لەم قۆناخەدا کرا، بوو بە بەردێکی بناخەی گەورە بۆ داهاتووی ژاپۆن، توانرا لە رووی تەکنەلۆجی و سەربازی و ئابوورییەوە، گەورەترین بەردی بناخە دابنێن، کە تەنانەت هەردوو بۆمبی ئەتۆمی و شەڕی جیهانیش نەیتوانی ئەم بناخە پتەوەی ژاپۆن برووخێنێت. راستە لە شەڕی دووەمی جیهانیدا ژاپۆن خاپوور بوو، بەڵام ژاپۆن بناخەیەکی باشی تەکنەلۆجی و پیشەشازی هەبوو، هەر بۆیە زۆر بەئاسانی توانییان لە مەینەتییەکانی شەڕی دووەمی جیهانی رزگاریان بێت. ریفۆرمەکانی میجی هەلی دروستبوون و گەشەسەندنی چینی بۆرجوازی ژاپۆنی بوو. لەم قۆناخەدا دەتوانین بە قۆناخی دروستبوونی بۆرجوازی نیشتمانی ژاپۆنی دابنێین. ئەم قۆناخەش هەموو گەلانی جیهان پێیدا تێپەڕیون، شۆڕشی فەرەنسی بە سەرەتای دروستبوونی بۆرجوازی نیشتمانی فەرەنسی و ئەوروپایی دادەنرێت، غاندی و نەهرۆ دروستکەری بۆرجوازی نیشتمانیی هیندی بوون، ناسریش لە میسر هەوڵێکی گەورەی دا بۆ دروستکردنی ئەم چینە، لێ سەرکەوتوو نەبوو.

## پرۆسەی بە ئەوروپاییکردنی ژاپۆن

دیارە هەروەک پێشتریش باسم کرد، مەسەلەی لاساییکردنەوەی ئەوروپا و بە ئەوروپاییکردنی ژاپۆن، جێگەی قسەوباسی هەموو ژاپۆنییەکان بووە. پرۆسەی بە ئەوروپاییکردنی ژاپۆن بە سێ قۆناخی گرینگدا تێپەڕیوە.

## قۆناخی یەکەم

ئەم قۆناخە لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەوە دەست پێ دەکات تا سالانی دەیەمی سەدەی بیستەم. لەم قۆناخەدا ژاپۆنییەکان ئاشنایەتییان لەگەڵ فکر و فەلسەفەی ئەوروپیدا پەیدا کرد. لەم قۆناخەدا هەوڵی لاسییکردنەوە بە چڕی دەستی پێ کرد، دەست کرا بە وەرگێڕانی بەرهەم و کتێبەکانی زۆربەی فەیلەسووفە ئەوروپاییەکان لە وانە: (هێربێرت سپنسەر، مۆنتیسکۆ، هۆلباخ...) کۆمەڵێکی تر.

لەم قۆناخەدا ژاپۆنییەکان زیاتر کەوتبوونە بەر فکری ئەڵمانییەوە. ئەوان زیاتر دەیانویست بۆرجوازی ژاپۆنی لاساییی بۆرجوازیی ئەڵمانی (بروسی) بکاتەوە. ئەوان پێیان وابوو کە بۆرجوازی بروسی زیاتر لەگەڵ ئەوان دەگونجێت تا فکری (ئەزموونگەراییی) بۆرجوازی ئینگلیزی و فکری ڕۆشنگەریی بۆرجوازی فرەنسی.

دەتوانین بڵێین لەم قۆناخەدا ژاپۆنییەکان تەنیا خەریکی خوێندنەوە و تێڕامانی فکری ئەوروپایی بوون یان بە واتایەکی تر لە قۆناخی منداڵی بوون. ئەم قۆناخەش بوو بە بنامایەکی باش بۆ گەورەبوون و گەشەسەندنی قۆناخێکی تر.

## قۆناخی دووەم

ئەم قۆناخە لە سالانی بیست تا چلەکانی سەدەی بیستەم دەگرێتەوە. لەم قۆناغەدا بە شێوەیەکی چڕتر فکرە ەئوروپاییەکان بلاو بوونەوە بەتایبەت (کانتی، کانتی نوێ، هیگلی و هیگلی نوێ، بونیاگەری،) لەهەمانکاتیشدا فکری مارکسیش لەناو ژاپۆندا بلاو بووەوە. دەتوانین بڵێین شۆڕشی رووسی کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لە بلاوبوونەوەی فکری کۆمۆنیستی لە ژاپۆن.

لەم قۆناخەدا کۆمەڵێک قوتابخانە و ڕێچکەی فکری فەلسەفیی ژاپۆنی پەیدا بوون. کە زیاتر خۆیان لەژێر کاریگەریی فکری ئەوروپاییدا دەبینییەوە. بەلام دەیانویست جۆرە تێروانینێکی ژاپۆنی تایبەتی بۆ ئەم فکرە دابنێن. بە واتایەکی تر دەیانویست پۆشاکێکی نیشتمانیی ژاپۆنی بدەنە ئەم فکرانە. هەرچەندە بەشێکی زۆری ئەم قوتابخانانە، زیاتر هەوڵی شرۆڤەکردن و تێگەیشتن بوو، بۆ فکرە ئەوروپاییەکان و هەوڵدان بۆ پراکتیزەکردنی ئەو فکرە لە ژاپۆندا.

هەر لەم قۆناخەدا فکری پراکماتیزمی و بنیاتگەری گەشەیەکی زۆریان بە خۆوە بینی بەتایبەت بیری بنیاتگەری. لە هەمان کاتیشدا قوتابخانەی (کیۆتۆی فەلسەفی ) پەیدا بوو. کە زیاتر دەیانویست قالبێکی ژاپۆنی بە فکری بنیاتگەری بدەن. ناودارترین بیرمەند و نووسەرانی ئەم قوتابخانەیە (نیسیدا کیتارو، تانابی هادزیمی[٧] بوون.

لە هەمان کاتیشدا ئەم قۆناخە بە قۆناخی گەشەسەندنی بیری فاشیزمی و ئیمپریالیستی ژاپۆنی دادەنرێت. لەم قۆناخەدا سیستەمی فاشیزمی ژاپۆنی بە لاساییکردنەوەی ڕێژیمی

فاشیستی ئەڵمانی دروست بوو. جێگەی گوتنە ڕێژیمی فاشیستی ئەڵمانی یارمەتییەکی زۆری ڕێژیمی فاشیستی ژاپۆنی دا و پێکیشەوە هاوپەیمانێتییەکیان دروست کردبوو[8] دیارە ڕێژیمی فاشیستی ژاپۆنی زیاتر هەوڵی پێشخستنی بیری بودیزم و کۆنفۆشی دەدا. زیاتر دەیوسیت سیمایەکی پیرۆز و ئاینی بە خۆی بدات.

## قۆناخی سێیەم

ئەم قۆناخە کۆتاییی سالانی چل دەست پێ دەکات تا کۆتاییی شەستەکانی سەدەی بیستەم. لەم قۆناخەدا ژاپۆن شەڕێکی گەورەی دۆڕاند و بەشێوەیەکی تەواوەتی کەوتە ژێر چەپۆکی داگیرکەری ئەمەریکاییەوە. ئەگەر سالانی پێشوو تەنیا لە دەرەوە سەیری فکری ئەوروپایی و ئەمەریکاییان دەکرد، ئەوا لەم قۆناخەدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کەوتنە ژێر دەستی داگیرکەری ئەمەریکاییەوە. لەم قۆناخەدا هەردوو بیری (بنیاتگەری و پراکماتیزم) گەشەیەکی گەورەیان بە خۆوە بینی. لە هەمان کاتیشدا قوتابخانەی (کیۆتۆ)، لێکترازانێکی گەورەی تێ کەوت.

هەوڵ دەدەم بە کورتی باسی کاریگەریی هەر سێ بیری (بنیاتگەری، پراکماتیزمی، کۆمۆنیستی) لە ژاپۆن بکەم. کاریگەری و ڕۆڵی ئەم فکرانە بەسەر کۆمەڵگەی ژاپۆنیدا دەربخەم.

## بیری بنیاتگەری

دیارە بیری بنیاتگەری مێژوویەکی کۆنی هەیە. کە هەندێک پێیان وایە ڕەگوڕیشەی ئەم فەلسەفەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانی کۆن، بەڵگەشیان بۆ ئەم قسەیە، وتە بەنرخەکەی سقراتە کە دەڵێت:

«خۆت خۆت بناسە»[9]

بەڵام بەشێوەیەکی بنەڕەتی سەرەتای ئەم فەلسەفەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدە و بەتایبەت بۆ فەیلەسووفی ناوداری دەنیمارکی (سورین کیرکینگارد) کە بە باوکی ئەم فەلسەفەیە دادەنرێت. پاشان لە سەدەی بیستەمدا بەتایبەت لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانییەوە، لە ئەڵمانیا ئەم فەلسەفەیە پێش کەوت. هەردوو بیرمەندی ئەڵمانی (کارل یاسبرز و مارتین هایدگەر) ڕۆڵی سەرەکییان گێڕان، لە دانان و شرۆڤەکردنی ئەم بیرەدا[10] وەلێ ئەوەی کە هەتاوەکو ئەمڕۆش بە باوکی ئەم بیرە دادەنرێت، فەیلەسووفی ناوداری فەرەنسی (جان پۆل سارتەر. لە ساڵی ١٩٠٥ لەدایک بووە و ساڵی ١٩٨٠ لە پاریس کۆچی دوایی کردووە.) بیری بنیاتگەری سارتەر، کە زیاتر سیمایەکی بێ ئاینی (ملحدی) پێوە دیارە. سارتەر کە زیاتر کاریگەری هەردوو بیرمەندی ئەڵمانی هۆسرڵ و هایدگەر پێوە دیاربوو. لە هەمان کاتیشدا زۆر لەژێر کاریگەریی بیری فرۆید بوو، بەتایبەت لە ڕووی شرۆڤەکردنی سایکۆلۆجیەتی مرۆڤ. فەلسەفەی سارتەر لەسەر بنەوای تاک و بوونی خۆیدا دامەزراوە. سارتەر پێی وابوو کە ئازادیی مرۆڤ ئەوەیە کە خۆی بە دەستی خۆی

دروستی دەکات. یان ئەوەی کە مرۆڤ خۆی حەزی پێیە و بۆ خۆی هەڵی دەبژێرێت. لە هەمان کاتیشدا سارتەر کاریگەریی بیری مارکسیشی پێوە دیاربوو، زۆرجاریش ئاماژەی بە نووسینەکانی مارکس دەکرد. ناودارترین بەرهەمەکانی (الوجودية و العدم، الوجودية نزعة الانسانية). لەلایەکی تریشەوە سارتەر هەتا کۆتاییی ژیانی دژی بیری نازیەت و فاشیزم بوو. لە هەمان کاتیشدا دژی شەڕ بوو، یەکێکیش بوو لەو نووسەرە فرەنسییانەی کە دژی داگیرکردنی جەزائیربوو، بەشداری لە چەندان خۆپێشاندان دژی جەنگی جەزائیر و ڤێتنام کردووە. سارتەر لە شەست و حەفتاکاندا، یەکێک بوو لە ناوە دیارەکانی فەلسەفە و فکری جیهانی و هەوادارێکی ئێجگار زۆری لە تەواوی جیهاندا هەبوو. جێگەی ئاماژەیە، سارتەر یەکەمین نووسەری فرەنسی بووە، کە پشتگیریی گەلی کوردی کردووە. دیارە بیری بنیاتگەری " وجودی" زۆر درەنگ گەیشتە کوردستان و لە هەشتاکان و نەوەتەکاندا، لەناو توێژی رۆنشبیرانی کورد بڵاو بووەوە.

## بیری بنیاتگەری ژاپۆنی

دەتوانیم بڵێم کە بیری بنیاتگەری، لە ساڵانی سییەکان و هەتا پاش کۆتاییی شەڕیش، بەهێزترین بیری فەلسەفی بوو لە ژاپۆن. ئەم بیرە لەناو توێژی رۆشنبیر (ئەنتەلیجیستا)ی ژاپۆنیدا، رەواجێکی زۆری هەبوو. دیارە ئەم بیرە لە ژاپۆن، هەلومەرجێکی ئێجگار باشی بۆ خولقابوو، کە توانی پێشی بیری مارکسی و پراگماتیکی بگرێتەوە.

بیری بنیاتگەری لە ژاپۆن لەژێر ئالآی (رەخنە گرتن لە سەردەم) پەرەی بە خۆی دا. دیارە ئەمەش هەمان ئالآی بنیاتگەری ئەوروپایی بوو. واتە رەخنەگرتن و ناڕازیبوونی تاک، لە دژی ئەو هەلومەرجە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەی کە مرۆڤ تێیدا دەژی. ئەم بیرە وەکو ڕەوتێکی فکری دەچێتە قاڵبی بیرێکی ئۆپۆزسیۆنیەوە. کە زۆرجار نێزیکایەتییەکی زۆری لەگەڵ بیری ئانارشیستی هەیە. جێگەی گوتنە بیری بنیاتگەری لە جیهاندا بەتایبەت پاش شەڕی دووەمی جیهانی گەشەیەکی خێرای بە خۆیەوە بینی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆی بنەڕەتی:

١- بوونی شەڕێکی ماڵوێرانی گەورە و خاپووربوون و سووتاندنی نیوەی دنیا و مردنی ملیۆنەها کەس. بڵاوبوونەوەی برسێتی و نەخۆشی و بێکاری. کە ئەم بارەش خەڵکی تووشی بێ ئومێدی و نامۆبوون کردبوو. جێگەی گوتنە (بێ ئومێدی و نامۆبوون) دوو دینەمۆی گەورەی بیری بنیاتگەرین، ئەم بیرە تەنیا لە مێشکی ئەو خەڵکانە جێگەی خۆی باش دەگرێتەوە، کە تووشی نامۆبوون و بێ ئومێدی بووبێتن. لەم حالەتەدا مرۆڤ بەرەو عدم، (هیچێتی) دەبەن.

٢- لە پاش جەنگی دووەمی جیهانییەوە شەڕێکی سارد لە نێوان مەعەسکەری سۆسیالیستی بە سەرۆکایەتی رووسیا، مەعسکەری سەرمایەداری بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا بەرپا بوو. ئەمەریکا و وڵاتانی رۆئاوا بە گشتی، دژی بیری کۆمۆنیستی دەوەستانەوە. لەبەرئەوە لە ئەوروپا و رۆئاوا و جیهاندا، کەوتنە پشتگیریکردنی بیری بنیاتگەری و یارمەتی و هاوکاریەکی

زۆریان کردن. ئەم هاریکاریکردن و کارئاسانییەی بلۆکی ڕۆئاوایی، ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە تەشەنەکردنی ئەم ڕەوتە فکرییە.

لە ژاپۆنیش ئەم دوو پاڵپشتە بوونی هەبوو، بەتایبەت ژاپۆن لە چاو وڵاتانی تری دنیا، زیاتر وێران و خاپوور بوو. بە ملیۆنەها کەس ماڵوێران و ئاوارە بوون. ملیۆنەها کەس کوژران و برینداربوون. لە هەمووشی کوشندەتر، هەردوو ئەتۆمی هیرۆشیما و ناکازاکی بوو. کە لە ڕووی سایکۆلۆجییەوە، دەروونی هەموو ژاپۆنییەکانی هەژاندبوو. ئێمە هەتاوەکو ئەمڕۆش زانیارییەکی وامان لەبارەی چەتەگەریی ئەمەریکاییەکان لە ژاپۆن نییە. ئەم دوڕاندن و ماڵوێرانەی دوای شەڕ، داگیرکردنی ژاپۆن لەلایەن ئەمەریکاوە، هەلومەرجێکی باشی بۆ بیری بنیاتگەری لە ژاپۆن خوڵقاند.

لە ژاپۆن دوو ڕەوت و قوتابخانەی فکری بوونە پێشەنگی ئەم بیرە.

یەکەمیان:

قوتابخانەی (کیۆتۆ) بوو، کە لەلایەن نیسیدا کیتارو دامەزرابوو. ئەم قوتابخانەیە خاوەنی لایەنگرێکی زۆربوو و کۆمەڵێک خوێندکاری زۆری هەبوون. لەوانە : (نیسبتانی کیدزی، موتای ریساکو، یاناگیدا کیندزورو، کیوما ایفاو[١١] ئەمانە هەوڵیان دەدا کتێب و بەرهەمەکانی مامۆستاکەیان " نیسیدا" بەناو خەڵکیدا بڵاو بکەنەوە.

دووەمیان:

نووسەر و بیرمەندی ژاپۆنی (تانابی هادزیمی) ڕابەری دەکرد. هادزیمی لە زۆربەی نووسینەکانیدا جەختی لەسەر (بەرپرسیارێتی لە شەڕ) دەکردەوە. ئەو پێی وابوو، کە تەنیا چینی عەسکەریی ژاپۆنی لە شەڕ بەرپرس نییە، بگرە ئەوەی بەرپرسیاریەتی گەورەی دەکەوێتە سەرشان، بیرمەند و نووسەرانی ژاپۆنن، لەبەرئەوەی زۆر لاواز و ترسنۆک بوون. لە هەمان کاتیشدا ئەو کەسانە تاوانبارن، کە هەموو هیوایان ئەوە بوو گەورەیی بۆ ژاپۆن بگەڕێننەوە. لە هەمان کاتیشدا تانابی پێی وابوو، کە تەنیا لە ڕێگەی (ئیمپراتۆرەوە) ژاپۆن دەتوانێت یەکەتیی نیشتمانی دروست بکات و بگەڕێتەوە بۆ ژیانی سروشتی جارانی. لەبەرئەوەی بیری پارتی جیاواز ناتوانێت ژاپۆن لەم بارە ئاڵۆزە دەربکات. لە هەمان کاتیشدا تانابی باوەڕی بە بیری سۆسیال دیموکراتی هەبوو، بانگەشەیەکی زۆریشی بۆ ئەم بیرە کرد[١٢].

لە پاش شەڕی دووەمی جیهانی، جارێکی تر قوتابخانەی کیۆتۆ پەرتەوازەیی و جیاوازییەکی زۆری بەخۆوە بینی. ئەم قوتابخانەیە بوو بە دوو ڕەوتی دژ بەیەکەوە.

یەکەمیان: خۆیان بە هەڵگری بیری بنیاتگەری ئاینی دادەنا، کە (نیسیتانی کیدزی، کویاما ایفاو، نودا ماتاو) ڕابەرییان دەکرد. ئەمانە دەیانویست سیمایەکی ژاپۆنی بدەن بە بیری بنیاتگەری.

دووەم: ئەمان لەلایەن یاناگیدا کیندزورو، موتای ریساکو، ڕابەری دەکران، کە ئەمان زیاتر هەڵگری بیری بنیاتگەری بێ باوەڕ بوون.

## کارل یاسبرز و مارتین هایدگەر و هەوادارانی

هەر لە پاش شەڕی دووەمی جیهانییەوە، بەرهەمەکانی فەیلەسووفی ئەڵمانی مارتین هایدگەر کارل یاسبرز لە ژاپۆن بڵاو بووەوە. بەتایبەت بیری بنیاتگەری یاسبرز، زۆر رەواجی هەبوو. کتێبەکەی (عەقڵ و بوون) هەر زوو وەرگێڕا و بڵاو کرایەوە. ساڵی ١٩٥١ بە رابەری هەردوو بیرمەندی ژاپۆنی (ڕوتای ڕیساکو، کانیکو تاکیدزو)، کۆمەڵەی یاسبرز دروستبوو. لە هەمان کاتیشدا کۆواری مانگانەیان بە ناوی (بوون) دەردەکرد. ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە پێوەندییەکی باشیان لەگەڵ ئەم فەیلەسووفە هەبوو. لە کۆتاییی پەنچاکان و سەرەتای شەستەکان. بەرهەمەکانی هایدگەر کرانە ژاپۆنی. هەرچەندە زمانی نووسینی هایدگەر زۆر قورس و ئاڵۆز و ناخۆشە. لە هەمان کاتیشدا هایدگەر یەکێک بوو لە هەوادارانی رێژیمی نازی، ئەم دوو خاڵەش وای کرد کە هێندە خەڵکی پەرۆشی نووسینەکانی نەبێت.

## سورین کیرکیجارد و هەوادارانی

فەیلەسووفی دەنیمارکی سورین کیرکینجارد، کە ئەمیش یەکێکە لە بیرمەندە گەورەکانی بیری بنیاتگەری، لە ژاپۆن هەوادارێکی زۆری هەبوو. ساڵی ١٩٥٠ کۆمەڵەی کیرکینجارد دروستبوو. ئەم کۆمەڵەیەش هەوڵی بڵاوکردنەوەی بیرەکانی کیرکینجاری دەدا.

ساڵی ١٩٥٧ هەردوو کۆمەڵەکە (یاسبرز و کیرکینجارد) یەکیان گرت و کۆمەڵەیەکی نوێیان بەناوی (کۆمەڵەی بنیاتگەری) دامەزران و کۆوارێکی مانگانەیان بە ناوی (بنیاتگەری) دەرکرد. بەڵام زۆری نەبرد دیسانەوە لێکترازان ڕووی دا و جیابوونەوە. ئەم جارەیان بیرمەندی ژاپۆنی ئوتانی ناگای رابەری ئەم لێکترازانەی کرد و ساڵی ١٩٦٤ کۆوارێکی مانگانەی بە ناوی (لێکۆڵینەوەی کیرکینجارد)ی دەرکرد[١٣].

دەتوانم بڵێم هەتاوەکو کۆتاییی حەفتاکانیش، بیری بنیاتگەری لە ژاپۆن لەناو توێژی رۆشنبیرانیدا، رەواجێکی زۆری هەبوو. دیارە جگە لەم ناوانەی باسمان کرد، کۆمەڵێک نووسەر و ئەکادیمی تری ژاپۆنی خۆیان لەم ڕەوتەدا دەبینییەوە. لەوانە:

(کانیکو تاکیدزو، سوزوکی تورو، ئومیموتو کاتسومی... هتد).

## فەلسەفەی پراگماتیکی

فەلسەفەی پراگماتیکی (Pragmatism) وشەیەکی داتاشراوە لە وشەیەکی یۆنانی کۆن (Pragma) کە مانای (کار) دەگەیەنێ. ئەم فەلسەفەیە پێی وایە، کە عەقڵ کاتێک دەگاتە ئامانجی خۆی، کە

کاری لەگەڵدا بێت. هەموو فکرێکیش کاتێک ڕاستی و دروستی دەردەکەوێت، کە بەشێوەیەکی ئەزموونی و عەمەلی بسەلمێنرێت، سەرکەوتنی فکرێکیش یان مەسەلەیەک تەنیا لە کاتی پراکتیزەکردنیدا دەردەکەوێت. هەق و ڕاستیی کێشەکانیشی، ڕێژەیین و بەپێی زانست و کارکردن دەگۆڕێت. بیرمەندی ناسراوی ئەمەریکایی جۆن دیوی، بە مامۆستای ئەم فەلسەفەیە دادەنرێت[١٤].

## پراگماتیزمی ژاپۆنی

لە کۆتاییی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، ژاپۆنییەکان بە فکری پراگماتیکی شارەزابوون. لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم ئەم فکرە لەناو بیرمەندان و نووسەرانی ژاپۆنیدا، رەواجێکی زۆری پەیدا کرد. کۆمەڵێک نووسەر و بیرمەندی ژاپۆنی خۆیان بەم فەلسەفەیەوە خەریککرد، لەوانە: (نیسیدا کیتارو، کوفاکی، گینیوکو، تاناکا ئودو، تاناکا کیتیروکو... هتد).

بەڵام بە هۆی ئەو گۆڕنکارییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی کە بەسەر کۆمەڵگەی ژاپۆنیدا هات، بەتایبەت پاش شەڕی یەکەمی جیهان، ئەم فەلسەفەیە ڕەواج و ڕەونەقی خۆی دۆڕاند و وای لێ هات هیچ ڕۆڵێکی لەناو ژیانی ڕۆشنبیریی ژاپۆنی نەگێڕا.

بەڵام لە پاش شەڕی دووەمی جیهانی، جارێکی تر ئەم فەلسەفەیە گیانی کرایەوە بەر و هێز و تینێکی گەورەی بە خۆوە بینی. جارێکی تر توانی لەناو ڕۆشنبیران و نووسەرانی ژاپۆنیدا، جێگەی خۆی لە جاران بەهێزتر و پتەوتر بکات، بەشێوەیەک توانی ململانێ لەگەڵ بیری چەپ و بنیاتگەریدا بکات.

## بۆچی بیری پراگماتیزمی لە ژاپۆندا پەرەی سەند؟

لە پاش شەڕی دووەمی جیهانییەوە، کۆمەڵێک هۆکار بوونە هۆی پێشخستنی ئەم فەلسەفەیە. لێرەدا بە کورتی هەندێکیان باس دەکەین:

١- داگیرکردنی ژاپۆن لەلایەن ئەمەریکاوە. دیارە سەرچاوەی ئەم فەلسەفەیە ئەمەریکایە. لەم کاتەشدا ئەمەریکا دەیویست کولتووری خۆی بەسەر ئەو وڵاتانە بسەپێنێت کە لە پاش شەڕی دووەمی جیهانی داگیر کردبوون، وەکو " ئوروپا و ژاپۆن".
لەبەرئەوە ئەمەریکا بوو بە تاکە هێزی دەسەڵاتدار لە ژاپۆن، بەهەموو شێوەیەک کەوتە یارمەتیدان و پشتگیریکردنی ئەم فەلسەفەیە.

٢- بەهێزبوونی چینی بۆرجوازیی ژاپۆنی و گرێدانی ئەم چینە، بە چینی بۆرجوازی ئەمەریکاییەوە.

٣- بەکارهێنانی تیۆری ئاماری و ئەزموونگەری لە تەواوی داوودەزگا ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا.

٤- بەکارهێنانی تیۆری لێکۆڵینەوەی مەیدانی لە بواری کێشە کۆمەڵایەتیی و پەروەردەییەکاندا.

٥- بەهێزبوونی تەکنەلۆجیای ئەلکترۆنی و حسابات، هەروەک ئاشکراشە کە ئەم فەلسەفەیە بۆ سەلماندنی هەر بۆچوونێک پشت بە ئامار و ژمارەی حسابی دەکاتەوە.

٦- ناردنی خوێندکار و خەڵکی پیشەیی بۆ زانکۆ و دامەزراوەکانی ئەمەریکا. کە ئەمانەش پاشتر بوونە سەفیری ئەم فکرە لە ژاپۆن

٧- بڵاوکردنەوە و وەرگێڕانی زۆربەی نووسین و بەرهەمەکانی ئەو فەیەلسووفە ئەمەریکایانەی کە بە مامۆستای ئەم فکرە دادەنران.

٨- گۆڕینی مەنهەجی خوێندنی قوتابخانەکانی ژاپۆن، بەکارهێنانی سیستەمی خوێندنی ئەمەریکایی.

ئەمە و چەندان خاڵی تر کە بوونە هۆی پێشخستنی ئەم فەلسەفەیە لە ژاپۆن.

## هەوادارانی بیری پراگماتیزم لە ژاپۆن

لە پاش شەڕی دووەمی جیهانی و کۆتاییی چلەکان و سەرەتای پەنجاکاندا، کۆمەڵێک گرووپ بوونە کەوا سووری بەرلەشکری ئەم فەلسەفەیە، لەوانە:

«کۆمەڵەی زانستی فەلسەفە، کۆمەڵەی لێکۆڵینەوەی فکری کۆمەڵایەتیی مۆدێرن، ئەنستیتوی زانستی سایکۆلۆجی کۆمەڵایەتی»١٥

ئەم کۆمەڵانە لەناو توێژی نووسەر و خوێندکار و ڕۆشنبیرانی ژاپۆنیدا، دەستیان کرد بە هەڵمەتێکی گەورە، بۆ بڵاوکردنەوەی فەلسەفەی پراگماتیزم. ئەمەش لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک کتێب و گۆوار بوو، کە هەوڵیان دەدا زیاتر بۆچوونە بیرمەندە ئەمەریکاییەکان وەربگێڕن و هەوڵی شرۆڤەکردنی ئەم بیرە بدەن. دیارە لەو کاتەدا میدیای ژاپۆنی، کە لەژێر دەستی ئەمەریکاییەکاندا بوو، ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕا بۆ ئەوەی ئەم فەلسەفەیە رەواج پەیدا بکات.

هەر لە پاش شەڕی دووەمی جیهانی، کۆمەڵێک بیرمەندی ژاپۆنی کە خۆیان بە هەڵگری ئەم بیرە دادەنا، دەیانویست خۆیان لە ئەمەریکای دایکی ئەم فەلسەفەیە ڕزگار بکەن و فەلسەفەکە روحێکی ژاپۆنی پێ بدەن. لەو کاتەدا کۆمەڵێک نووسەری ژاپۆنی لەوانە:

«کونو ئوسامو، تسورومی سونسوکی، مارویاما ماسو، روکورو هیداکا، ئویاما سیومبی، سیمیدزو ئیکوتارو) ئەمانە بە هەموویانەوە کۆمەڵەیەکیان بە ناوی (ئەنستیتووی فکری کۆمەڵایەتی ) دروست کرد. گۆوارێکی مانگانەشیان بە ناوی (زانستی فکر) بڵاو کردەوە، کە زیاتر وەکو زمانحاڵی ئەم کۆمەڵەیە بوو. دیارە ئەم کۆمەڵەیە لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی (ئیوانامی سوتین) و گۆواری (جیهان)وە، پشتگیری و یارمەتییان دەدرا»١٦

جێگەی گوتنە پراگماتیزمەکانی ژاپۆن، لە پاش شەڕی دووەمی جیهانییەوە زۆر چالاک بوون.

بەتایبەت لە بواری چالاکوانی ئاشتی و دژە شەڕ. ئەم گرووپە پێشەنگی بزاڤی ئاشتیخوازانی ژاپۆنی بوون. لە پاش ئەوەی کە بزاڤی چەپ جارێکی تر هێز و تینی بە خۆیاندا هێنایەوە و، بزاڤی ئەنتی ئەمەریکایی لە ژاپۆن بەهێزبوو، ئەم گرووپەش چوونە ناو ئەو بزاڤانەوە و ئەمانیش دژی داگیرکەری ئەمەریکایی بوون.

خاڵێکی تر کە ئەم بزاڤە جەختی لەسەر کردەوە، دژایەتیکردنی نووسەر و بیرمەندەکانی پێشوو بوو. کۆواری (سیسو/ نوکاگاکو، کە مانای زانستی فکر دەگەیەنێت)، بەیانێکی بڵاو کردەوە و تێیدا دەڵێت:

«هەتاوەکو ئێستاش لە ژاپۆن هەست بەوە دەکەین، کە " فکری سۆسیۆلۆجی، کۆمەڵایەتی" لەژێر چەپۆکی کۆمەڵێک ئەکادیمیی ناسراوی ژاپۆنیدایە، ئەم نوخبە نووسەرە، نەیانتوانیوە پێوەندی لە نێوان " فکر و ژیانی واقعیدا " بکەن»[١٧]

بەم شێوەیە ئەم گرووپە ئاڵای دژایەتیکردنی نووسەر و بیرمەندە کۆنەکانی هەڵگرت. دیارە ئەم ڕەوتە دەیانویست بەرە لەژێر پێی بیرمەند و نووسەرە کۆنەکان دەربکات، بۆ ئەوەی خۆیان ببنە زمانحاڵ و تاکە سەرچاوەی ڕۆشنبیری ژاپۆنی. تسورومی سونسوکی، کە یەکێک بوو لە نووسەرە دیارەکانی ئەم بزاڤە، لە یەکێک لە وتارەکانیدا دەڵێت:

«کاری گرینگی ئێمە ئەوەیە کە دژایەتی ڕەوتی فکری فەلسەفیی کۆن بکەین، لەبەرئەوەی ئەم ڕەوتە خاوەنی چەمک و فکرێکی وشک و خەیاڵییە، کە دوورە لە ژیانی واقیعی کۆمەڵگەی ژاپۆنی»[١٨]

فەلسەفەی پراگماتیزمی هەتاوەکو ئەمڕۆش لەناو توێژی ڕۆشنبیرانی ژاپۆنیدا ڕەواجی زۆرە. بەڵام ئەمڕۆ بیرمەندە ژاپۆنییەکان توانیویانە بەشێوەیەکی ڕیشەیی خۆیان لە قوتابخانەی ئەمەریکایی جیابکەنەوە و ڕێچکەی تایبەتی بە خۆیان هەیە.

## بیری چەپ و کۆمۆنیستی لە ژاپۆن

هەروەک پێشتریش ئاماژەم پێ دا، کە ڕیفۆرمەکانی میجی، بوونە هۆی کرانەوەی دەرگە داخراوەکانی ژاپۆن و شەپۆلێکی گەورەی فکر و فەلسەفەی جیهانی، خۆیان خستە ناو ماڵی ژاپۆنەوە. بەپێچەوانەی ئەوروپاوە ، بیری چەپ زۆر درەنگ گەیشتە ژاپۆن. دەتوانین بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنی ئەم بیرە، بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بگێڕینەوە، بەتایبەت پاش سەرهەڵدانی شۆڕشی کۆمۆنیستی لە رووسیا .

## هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی بیری چەپ لە ژاپۆن

وەکو هەموو فکرێک، کۆمەڵێک هاندەر و هۆکاری گرینگ بوونە هۆی بڵاوبوونەوە و پێشخستنی بیری چەپ لە ژاپۆن، لێرەدا هەوڵ دەدەم کەمێکیان باس بکەم.

١– شۆڕشی رووسی. دیارە لە تەواوی جیهاندا سەرهەڵدانی شۆڕشی رووسی، گۆڕوتینێکی گەورەی بە بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی دنیا دا. هەر لەگەڵ دەستپێکی ئەم شۆڕشەوە، رێکخراوی کۆمۆنیستەکانی دنیا لە مۆسکۆ دامەزرا، کە بە (ئەنتەرناسیۆنالی دووەم) ناو دەبرێت. کاری ئەم رێکخراوە بڵاوکردنەوەی بیری چەپ لە دنیادا و پشتگیریکردن و هاریکاریکردنی هەموو بزاڤە چەپ و کۆمۆنیستەکانی دنیا بوو. بەتایبەت ئەوانەی سەر بە رووسیا بوون. دیارە ئا لەو کاتەدا مۆسکۆ بوو بە (مەکە)ی هەموو چەپ و کۆمۆنیستێکی دنیا و بەشێوەیەکی واقیعی رووسیا بوو بە دایکی هەموو کۆمۆنیستەکانی دنیا. گەرمایی ئەم شۆڕشە گەیشتە دوورگەی ژاپۆن و ساڵی ١٩٢٢ یەکەمین مۆمی پارتی کۆمۆنیستی ژاپۆنی داگیرسا.

٢– بەهێزبوونی چینی بۆرجوازیی ژاپۆنی لە سەدەی بیستەمدا، وای کرد کە چینێکی زەحمەتکێش و هەژاری کرێکاری لە ژاپۆن دروست بکات. هەمووشمان باش دەزانین، کە کرێکار و زەحمەتکێشان، داینەمۆی گشتی هەموو پارتە چەپ و کۆمۆنیستەکانن.

٣– بەهێزبوونی کاری رێکخراوەیی و پیشەیی.

٤– بوونی چینێکی کەمینەی دەوڵەمەند، کە خاوەنی هەموو شتێکە و ئەم چینەش خۆشی و کامەرانیی خۆی، لەسەر چەوساندنەوە و ئازاردانی زۆرینەیەکی هەژار و کرێکار دەست دەکەوت. بوونی ئەم نایەکسانییە کۆمەڵایەتییە، وای کرد کە زۆرینە هەژار و زەحمەتکێشەکە خۆیان لە رێکخراوە چەپەکاندا رێک بخەن.

٥– بڵاوبوونەوە و وەرگێڕانی کتێب و کۆواری چەپ، بەتایبەت پاش شۆڕشی رووسی.

٦– بوونی شەڕێکی ماڵوێران، کە هەموو ژاپۆنی خاپوور و سووتاند. ئازار و مەینەتەکانی شەڕی دووەمی جیهانی، کاری لەسەر دەروونی هەموو ژاپۆنییەک کردبوو. ئەمەش هەلومەرجێکی باشی رەخساند بۆ بڵاوبوونەوەی بیری ئاشتیخواز و دژایەتیکردنی شەڕ و میلیتاریزم. جێگەی گوتنیشە هەموو کاتێک چەپەکان لە تەواوی دنیادا، پێشەنگی ئەم بزاڤە بوون (دیارە جگە لە رووسیا، چونکە هەر لە سەرەتاوە بۆلشەفییەکان هەڵگری بیری میلیتاریزمی بەناو شۆڕشگێڕی!)

ئەمە کۆمەڵێک هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی، بوونە هۆی بڵاوبوونەوە و پێشکەوتنی بیری چەپ و کۆمۆنیستی لە ژاپۆن.

## پارتی کۆمۆنیستی ژاپۆن

بۆ یەکەم جار لە ژاپۆن لە ١٥ی یولیۆی ١٩٢٢ پارتی کۆمۆنیستی ژاپۆنی (نیهۆن کیۆسانتۆ) دامەزرا[١٩].

ئەم پارتە هەر لە سەرەتاوە کەوتە بەر هەڵمەتی پۆلیس و ئەمنی ئیمپراتۆری، ئەندام و لایەنگرانیشی دەگیران و ڕاو دەنران. هەتا کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی ١٩٤٥، ئەم پارتە،

لەناو ژاپۆندا یاساخ بوو. بەڵام پاش کۆتایی شەڕ جارێکی تر بەشێوەیەکی فەرمی کاری دەکرد. ساڵی ١٩٥٢ش بەشێوەیکی سیستەماتیکی لەلایەن پۆلیسی ژاپۆنییەوە، چاودێری دەکران و تەلیسکۆپی پۆلیس، هەموو کاتێک بەسەر کار و چالاکییەکانی ئەم پارتەوە بوو.

## بنەوا فکرییەکانی پارتی کۆمۆنیستی ژاپۆنی

پارتی کۆمۆنیستی ژاپۆن لەسەر بنەوایەکی مارکسی و لینینی دامەزرابوو. ئەمان پێیان وابوو کە پێویستە سیستەمی سەرمایەداری برووخێت و سیستەمێکی سۆشیالیستی دابمەزرێت. لە هەمان کاتیشدا بەهەموو شێوەیەک دژی میلیتاریزم و شەڕی بوون. جێگەی گوتنە پارتی کۆمۆنیستی ژاپۆنی، تاکە پارتی ژاپۆنی بوو کە دژی شەڕ و ئیمپریالیزمی ژاپۆنی وەستایەوە. لەلایەکی تریشەوە ئەم پارتە، دژی هێزە داگیرکەرە ئەمەریکاییەکان بوو. داوای سیاسەتێکی نیشتمانیی ژاپۆنی دەکات، کە لەژێر کاریگەری و وابەستەیی ئەمەریکا نەبێت. لە هەمان کاتیشدا داوای دەرکردنی بنکە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە ژاپۆن دەکات.

خاڵێکی گرینگی تری ئەم پارتە ئەوەیە، کە لە کاتی شەڕی نێوان چین و رووسیا لە ساڵی ١٩٦٠دا، کە هەموو چەپ و کۆمۆنیستی جیهانی دابەش کرد، ئەم پارتە لایەنگری خەتی ماوتسیتۆنگیان کرد و خۆیان لە باوەشی مۆسکۆ دەرکرد. بگرە لە پاش ئەم ساڵانەوە، پارتی کۆمۆنیستی ژاپۆنی، خاوەنی سیاسەت و ئیرادەیەکی سەربەخۆ بوو. ئەم سیاسەتەش بۆ داهاتوویان زۆر باش بوو، لەبەرئەوەی لە پاش نەمان و رووخانی سۆڤیەت، هەموو پارتە کۆمۆنیستەکانی دنیا تووشی دارِمان بوون، وەلێ ئەم پارتە توانی بە کەشتیی خۆی لە زەریای دارِمان و شۆکدا رزگار بکات و بەئاسانی بپەڕێتەوە و بۆ کەناری ئارام.

ئەمڕۆ پارتی کۆمۆنیستی ژاپۆنی، یەکێکە لە پارتە کۆمۆنیستە بەهێزەکانی دنیا، ٤٠٠ هەزار ئەندامی لە تەواوی ژاپۆندا هەیەو. بەشداری هەموو هەڵبژاردنەکان دەکات و ڕێژەی باشیش بە دەست دەهێنێت. بۆ نموونە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٧ ڕێژەی ٧،٨٪ ی هێنا.

ئەمڕۆ پارتی کۆمۆنیستی ژاپۆنی، زیاتر دژی بیری میلیتاریزمی ژاپۆنییە و لە هەمان کاتیشدا یەکێکە لە بەشدارە ئەکتیڤەکانی بزاڤی ئەنتی ئەمەریکایی و داوا دەکات کە بنکە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە ژاپۆن دابخرێت. جێگەی گوتنە ئەمریکا ١٣٠ بنکەی سەربازی لە ژاپۆن هەیە[٢٠]

دیارە ئەم پارتە لە پێشەنگی بزاڤی ئاشتیخوازی و ژینگەپارێزی و ئەنتی ئەتۆمی، گلۆبالیزمە. لە هەموو خۆپێشاندانەکاندا کە دژی (گلۆبالیزم و شەڕ و ئەمریکا) دەکرێت، ئەم پارتە بەشدارە.

## چەپی نوێی ژاپۆنی

لە ژاپۆن تەنیا پارتی کۆمۆنیستی ژاپۆنی چالاک نەبوو، بگرە کۆمەڵێک گرووپی تری چەپ پەیدا بوون کە بە (چەپی نوێ) ناو دەبرێن. مێژووی ئەم بزاڤە دەگەڕێتەوە بۆ پاش شەڕی دووەمی

جیهانی و ساڵانی پەنچاکان. لەم ساڵانەدا تەوژمێکی نوێ لە بیری چەپ لەناو ژاپۆندا بڵاوبووەوە، بەتایبەت بیری ترۆتسکی. لە کۆتاییی ساڵانی پەنچاکاندا (یەکەتیی ترۆتسکییەکانی ژاپۆن) دامەزرا. یەکێک لە دامەزرێنەرانی و بیرمەندانی ئەم ڕەوتە (کورودا کانیتی) بوو. کە ڕۆڵێکی سەرەکی لە شۆرش و خۆپیشاندانەکانی ساڵانی شەستەکاندا بینی.

دیارە جگە لە ترۆتسکییەکان، کۆمەڵێک بزاڤی تر پەیدا بوون کە بە (چەپی ڕادیکاڵ، یان چەپی شۆڕشگێڕ، ئانارشیستی،) دەناسران. دیارە لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا، بۆچوون و نووسینەکانی هێربێرت مارکوز، لەناو ژاپۆنییەکاندا بڵاوبووەوە و، بەتایبەت لەناو توێژی خوێندکار و لاوەکاندا.

لە کاتی خۆپێیشاندانە توندەکانی کۆتاییی ساڵانی شەستەکان، کە بە شۆڕشی ( ١٩٦٨ی خوێندکاران) دەناسرێت. لەم ساڵانەشدا خۆپێیشاندان و بیری (شۆڕشی کولتووری ماوتسیتوونگ، ڕەواجێکی باشی لەناو خوێندکاراندا هەبوو. کۆمەڵێک گرووپ و لایەن و نووسەری چەپ لەم کاتانەدا دەرکەوتن. دیارترینیان " زاوا کاتسومی" بوو[٢١]. کە زیاتر لەژێر کاریگەریی بیری بنیاتگەری سارتەردا بوو. ئەم نووسەرە کۆمەڵێک نووسین و کتێبی لەبارەی خۆپێیشاندان و بزاڤی خوێندکاران نووسی. بەگشتی لە ساڵانی شەستەکاندا، کۆمەڵێک بزاڤی چەپ لە ژاپۆن پەیدا بوون، کە زیاتر خۆیان لە (بزاڤی ئاشتیخوازی و دژە شەڕ، بزاڤی ژینگەپارێزی)دا دەبینییەوە.

ئەمڕۆ بزووتنەوەی چەپ لە ژاپۆن، هێز و توانایەکی باشی هەیە، بەشداری لە هەموو بزاڤەکانی: (ژینگەپارێزی، دژایەتیکردنی گلۆبالیزم و کەپیتالیزم، دژایەتیی شەڕ و ئاشتیخوازی، دژایەتیکردنی ئەمەریکا).

چەپ لە ژاپۆن مێژوویەکی کۆنی هەیە و ئەمڕۆش لە گۆڕەپانی سیاسیی ژاپۆنیدا، ڕۆڵکی بەرچاویان هەیە.

## دوا وشە

لە پاش ئەوەی گەشتێکی کورتمان بەناو مێژووی فکر و فەلسەفەی ژاپۆنیدا کرد، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، کە هەموو کاتێک ژاپۆنییەکان هەوڵیان داوە بە بیری نوێ ئاشنابن و زانیارییان هەبێت. بەڵام ئەوەی کە جێگەی سەرنج و خۆشحاڵیمە، هەموو کاتێک ژاپۆنییەکان هەوڵیان داوە، خۆیان خاوەنی قوتابخانەی خۆیان بن، بە واتایەکی تر نەبوونەتە دەروێشی کەسانی تر. بگرە هەموو کاتێک ژاپۆنی بوون، کرۆکی بیرکردنەوەیان بوو. ئێمە دەبینین چ لە فەلسەفەی (بنیاتگەری، یان پراگماتیزمی، یان کۆمۆنیستی) هەموو کاتێک ئەمان خۆیان لە سەرچاوە سەرەکییەکە جیا کردووەتەوە و دوای کەس نەکەوتوون. کە بەداخەوە ئەم حالەتە لەناو کوردستاندا نابینین.

ئەمڕۆ ژاپۆنییەکان لە هەموو ڕەوتە فکری و فەلسەفییەکاندا، کۆمەڵێک بیرمەند و فەیلەسووفی خۆیان هەیە، تەنانەت هەندێکیان ئاستێکی جیهانییان وەرگرتووە، بۆ نموونە (فۆکۆ یاما). ڕاستە

له ئەمەریکا دەژی، بەڵام  بە رەگەز ژاپۆنییە. ئەمڕۆ فۆکۆ یاما، ناسراوترین فەیلەسووفی ئەمەریکا و جیهانە.

له کۆتاییی ئەم باسەماندا، هیوادارم توانیبێتمان تیشکێک بخەینە سەر باری فکری و فەلسەفیی ژاپۆنی، هەرچەندە دڵنیام بۆ باسێکی ئاوا گرینگ، پێویستمان بە لاپەڕەی زۆرتر و کاتی زیاتر دەبێت.

سەرچاوە:


١- يوري كوزلوفسكي. الفلسفة اليابانية المعاصرة. ترجمة : خلف محمد الجراد. المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع. الطبعة الاولي. بيروت. لبنان. ١٩٩٥. ص. ٧٥

٢- هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٧٦.

٣- هەمان سەرچاوە. لاپەڕە.٧٧.

٤- هەمان سەرچاوە. لاپەڕە ٨٧.

٥- هەمان سەرچاوە. لاپەڕە ٧٩.

٦- هەمان سەرچاوە. لاپەڕە ٨٣.

٧- هەمان سەرچاوە. لاپەڕە. ٨٥.

٨- چین زلهێزی نوێی جیهان. ئەردەلان عەبدوڵڵا. چاپی یەکەم. دەزگای ئاراس. هەولێر. ٢٠١٠.

٩- اطلس الفلسفة. ترجمة المكتبة الشرقية. ١٩٩٩ بيروت. لبنان.

١٠- د. هادي فضل الله. مدخل الي الفلسفة. دار المواسم. بيروت. لبنان. ٢٠٠٢.

١١- يوري كوزلوفسكي. الفلسفة اليابانية المعاصرة. ترجمة : خلف محمد الجراد. المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع. الطبعة الاولي. بيروت. لبنان. ١٩٩٥. ص ٩١.

١٢- هەمان سەرچاوە٩٦٩٤,

١٣- هەمان سەرچاوە. لاپەڕە ٩٦

14- Deutsch.www.Wikipedia.orgePragmatismus.

١٥- يوري كوزلوفسكي. الفلسفة اليابانية المعاصرة. ترجمة : خلف محمد الجراد. المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع. الطبعة الاولي. بيروت. لبنان. ١٩٩٥. ص ١٢٥.

١٦- هەمان سەرچاوە. لاپەڕە. ١٢٧

١٧- هەمان سەرچاوە.لاپەڕە ١٢٨

١٨- هەمان سەرچاوە.

19- Deutschwww.Wikipedia.orge. .Kommunistische Partei Japans

٢٠- هەمان سەرچاوە.

٢١- يوري كوزلوفسكي. الفلسفة اليابانية المعاصرة. ترجمة : خلف محمد الجراد. المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع. الطبعة الاولي. بيروت. لبنان. ١٩٩٥ ص ١١٥


هەوارگەی کتێب

# لەبارەی هونەری بوونەوە

ئەریک فرۆم

بۆئەوەی تێکەڵی ئەو گفتوگۆیە بین کە لەبارەی ئەو هەنگاوانە چین کە پێویستن بۆ ئەوەی لە هونەری ژیان، (فن الحیاه) تێ بگەین، پێویستە پێشتر ئەم پرسیارە بکەین:

(ئامانج لە ژیان چییە؟ ژیان چ مانایەکی هەیە بۆ مرۆڤ؟).

هەموو هەنگاوەکانیشمان پێوەستن بە وەڵامی ئەم پرسیارانەوە. بەڵام ئاخۆ لە راستیدا خستنەڕووی ئەم پرسیارە هیچ مانایەکی هەیە؟ ئاخۆ هیچ ئارەزوویەکی شاراوە لە پەنا ژیاندا هەیە؟ ئاخۆ ئەگەر هۆیەک نەبووایە بۆ ژیانمان، ئێمە دەمانتوانی ژیان پەسەند بکەین؟

لە ڕاستیدا هەموو گیانلەبەرە زیندووەکان، چ ئاژەڵ بن یان مرۆڤ، حەز بە ژیان دەکەن، ئەم حەزەش لە ناخیاندا نامرێت، تەنیا لە هەندێک هەلومەرجی دەگمەن و نائاساییدا نەبێت، بۆ نموونە کاتێک کەسێک تووشی ئازارێکی زۆر دەبێت، کە ناتوانێت بەرگەی بگرێت، یان کاتێک مرۆڤ تووشی کۆمەڵێک هەستی وشک و توند دەبێت وەکو (ڕق، فەخرکردن، وابەستەبوون بۆ کەسێک یان شتێک، یان خۆشەویستی). ئەم هەستانە وا لە مرۆڤ دەکەن، کە هیچ حەزی بۆ ژیان نەمێنێت و بەجۆرێک کە ئەم هەستانە لە حەزی ژیان بەهێزتر دەبن. پێ دەچێت سروشت ئەم حەزەی لەناو گیانلەبەرەکاندا دروستکردبێت. هەرچەند بکەین بۆ ئەوەی بەدوای ئەو هۆکارانە بگەڕێین کە ئەم حەزەیان دروست کردووە، هەموو ئەو هەوڵانەمان بۆ ئەوەیە، ئەو پاڵنەرە بایلۆجی و غەریزییەی کە سروشت بە گیانلەبەرانی داوە، شێوە عەقڵانییەکی پێ بدەین.

بەدڵنیاییەوە ئێمە پێویستمان بەوە هەیە، خۆمان ڕادەستی کۆمەڵێک تیۆری بکەین، کە لەبارەی

........................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

بوونەوە هەن. میستەر ئایکهارت ئەم مەسەلەیەی بەشێوازێکی زۆر شیعریانە و ئاسان تەرح کردووە:

ئەگەر لە پیاوێکی چاک بپرسیت: بۆچی خوات خۆش دەوێت؟ وەڵام دەداتەوە. : نازانم... لەبەرئەوە خودایە.

- بۆچی ڕاستیت خۆش دەوێت؟

- چونکە ڕاستییە

- بۆچی عەدالەتت خۆش دەوێت؟

- چونکە عەدالەتە

- بۆچی چاکەت خۆش دەوێت؟

- چونکە چاکەیە

- ئەی باشە بۆچی دەژی

- سوێند بەشەرەفم دەخۆم نازانم... من حەز دەکەم بژیم

ئەو دوو ڕاستییەی کە هیچ پێویستیان بە شرۆڤەکردن (تەفسیرکردن) نییە. ئەمانەن:

- ئێمە حەز بە ژیان دەکەین، وە حەزیش دەکەین بە زیندووی بژین.

وەلێ لێرەدا پرسیارێک پێویستی بە وەڵامە، ئەوەیش ئەوەیە:

" ئێمە چۆن دەمانەوێت بژین؟ چ ئامانجێکمان لە ژیان هەیە؟ ژیان چ مانایەکی هەیە لای ئێمە؟.

خەڵکی بە کۆمەڵێک شێوەی جیاواز وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەنەوە، هەندێکیشیان بە جۆرێک لە جۆرەکان لە یەکترییەوە نێزیکن، بۆ نموونە خەڵکانێک وەڵام دەدەنەوە دەڵێن، لەبەرئەوەی حەزمان لە خۆشەویستییە، هەندێکیش بە ڕاشکاوانە دەڵێن، لەبەرئەوەی حەزیان لە دەسەڵاتە، هەندێکیش دەڵێن، لەبەرئەوەی ژیان جۆرە ئارامییەکیان پێ دەدا، یان خەڵکانێک حەزیان بە شۆرەت دەرکردنە، یان خەڵکانێکی زۆر لەسەر ئەوە هاوڕان و دەڵێن (خۆشبەختی)، زۆربەی فەیلەسووف و زاناکانیش هەمان ڕایان هەیە و پێیان وایە کە ئامانجی مرۆڤ لە ژیاندا، گەڕانە بە دوای خۆشبەختیدا. لێ ئەگەر هەمان بۆچوونەجیاوازەکانی تریش بەشێوەیەکی گشتی، خۆشبەختی بگرنەوە، لەم کاتەدا خۆشبەختی دەبێتە شتێکی موجەرەد و ماناکەی خۆی دەدۆڕێنێت. بەڵام ئەوەی گرینگە ئێمە لێرەدا لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەبارەی مانای (خۆشبەختی) بکەین، بەو شێوەیەی کە کەسێکی ئاسایی یان فەیلەسووفێک دەیبینێت.

لەگەڵ ئەوەی کە کۆمەڵێک تێگەیشتنی جیاواز بۆ (خۆشبەختی) هەیە، بەڵام تێگەیشتنێک یان پێناسەیەکی هەیە، کە زۆربەی بیرمەندەکان لەسەری هاوڕان ئەویش ئەوەیە:

(ئێمە کاتێک خۆشبەختین، کە حەزەکانمان دابین دەکرێت) یان بە واتایەکی تر (کاتێک خۆشبەخت دەبین، کە ئەو شتانەی دەمانەوێت دەستمان بکەوێت).

بۆ ئەوەی جیاوازی نێوان ئەم چەمکە جیاوازانەمان بۆ دەربکەوێت، پێویستە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە. ئەو پێداویستییان چین کە کاتێک دابین دەکرێن، دەبنە هۆی خۆشبەختی ئێمە؟. وەڵامی ئەم پرسیارەش دەمانگەیەنێتە بەردەرگەی مەسەلەی (ئامانج و مانای ژیان) و کێشەی سروشتی پێداویستییەکانی مرۆڤ.

لێرەدا ئێمە ڕووبەڕووی دوو هەڵوێستی جیاواز دەبینەوە. یەکەمیان: کە بەشێوەیەکی گشتی زۆرجار لە ئەمڕۆماندا تووشی دەبین ئەوەیە، خەڵکانێک پێیان وایە (پێداویستی) بەشێوەیەکی گشتی شتێکی (زاتی، تایبەتی، کەسی)ییە. پێداویستی ئەو شتەیە، کە زۆر بەتوندی دەمەوێت، بە پلەیەک کە من دەتوانم ئەم شتە ناوی (پێداویستی) لێ بنێم، بەشێوەیەک کاتێک لەم شتە تێر دەبم، جۆرە جێژێکم لا دروست دەکات. ئالەم کاتەدا ئەم هەڵوێستە ڕووبەڕووی پرسیارێک دەبێتەوە. ئاخۆ سەرچاوەی پێداویستی کامەیە؟ بەشێوەیەک کە تەرحکردنی ئەم پرسیارە تەنیا مەسەلەی بوونی بنەڕەتی و دەروونی پێداویستییەکە دەرناخات، وەکو لەو شێوەیەی کە پێوەستە بە (برسێتی و تینووتی)، بەڵکە ئەم پرسیارە لەبارەی بنەڕەتی ئەم پێداویستییە دەکۆڵێتەوە و لە هەمان کاتیشدا کاریگەریی ئەم پێداویستییە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و شارستانیی مرۆڤ چییە دەردەخات. بۆ نموونە وەکو پێداویستی بۆ نان و خواردنەوەیەکی ڕاقی یان پێداویستی بۆ هونەر و تیۆرییە فکرییەکان. یان پێداویستییەکی ناگرینگی کۆمەڵایەتییە، وەکو جگەرە و ئۆتۆمۆبێل و یان یەکێک لە ئامێرە زۆرەکان کە هیچ سنووریان نییە. یان لە کۆتاییدا پێ دەچێت پێداویستییەکی نەخۆشیانە بێت، وەکو هەندێک نەریتی سادی و مازۆشی.

لە هەمان کاتیشدا هەڵویستی یەکەم ناتوانێت وەڵامی ئەم پرسیارەمان بداتەوە: ئاخۆ لە کاتی بوونی ئەم پێداویستییانەدا، مرۆڤ چەندە لە خۆی ڕازی دەبێت؟ ئاخۆ ئەم پێداویستییە دەتوانێت ژیانی دەوڵەمەند بکات و لە پێشکەوتنیدا یارمەتی بدات،یان لە پێشکەوتن ڕایدەگرێت و لاوازی دەکات و ناهێڵێت پێشبکەوێت، بەڵکە بەرەو نەمان و فەوتاندنی دەبات. لە کاتێکدا کە مرۆڤ هەست بە خۆشی بکات کاتێک گوێ بۆ موزیکی "باخ" بگرێت، یان هەست بە خۆشی بکات کاتێک سادیەتی خۆی بەسەر خەڵکی تردا ئەنجام بدات، کە خاوەنی هیچ ئیرادەیەک نین و ئازاریان بدات، هەموو ئەمانە پێوەندییان بە زەوقی تایبەتی ئەو کەسەوە هەیە، لە کاتێکدا ئەمە ئەو شتەیە کە ئەو کەسە دەیەوێت، کە واتە (خۆشی) لە ئەنجامی دابینکردن و تێربوونی ئەو پێداویستییەدا دروست دەبێت. تەنیا حاڵەتی تایبەت کەهەبێت ئەوەیە، کە ئەو پێداویستییە دەبێتە هۆی ئازاردانێکی زۆر بۆ خەڵکی تر، یان دەبێتە هۆی زیانگەیاندی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو کەسە خۆی.

بۆ نموونە پێداویستی (یان حەزی وێرانکردن و خاپوورکردن)یان مادە هۆشبەرەکان، ناتوانین

سیمایەکی یاساییان بۆ دابنێین.

بەڵام بۆچوونی دووەم یان دژە بۆچوونی یەکەم کە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ یەکەم هەیە، ئەم پرسیارە تەرح دەکات: ئاخۆ پێداویستی دەبێتە هۆی پێشکەوتن و خۆشبەختی بۆ مرۆڤ یان دەبێتە هۆی دواکەوتن و ئازار پێگەیاندنی؟ ئەم بۆچوونە پێی وایە ، ئەم جۆرە پێداویستییانە پێوەستە بە سروشتی مرۆڤ و دەبێتە هۆی پێشکەوتن و پێگەیشتنی، سروشتی مرۆڤەکان لە رووی پێوانەیی و بابەتییەوە لە یەکتری جیاوازە، بەجۆرێک تەنیا دەستکەوتنی حەزەکانی مرۆڤ، دەبێتە هۆی خۆشیی ئەو کەسە.

لە یەکەم ساتدا دەڵێم: (من کاتێک خۆشبەختم، کە بەهەموو ئەو شتانە بگەم کە دەمەوێت)

بەڵام لە دووەم ساتدا دەڵێم: (من تەنیا کاتێک خۆشبەختم، کە دەگەم بەو شتانەی کە حەزم لێیانە، لە هەمان کاتیشدا من دەمەوێت زۆرترین پلەی ئەو شتانەم دەستبکەوێت کە حەزم لێیانە)

لێرەدا هیچ پێویست بەوە ناکات کە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە، کە تێڕوانینی زانستی دژی ئەم بۆچوونەی دووەمە. لەبەرئەوەی ئەم بۆچوونە خۆی وەکو پرەنسیپێک، یان بڕیارێک لەسەر نەریتێک یان ڕووداوێک دەدات، بەشێوەیەک کە بابەتی بوونیان لەناودەبات.

لێرەدا پێویستە ئەم پرسیارە بکەین: ئاخۆ پرەنسیپ بۆ خۆی شتێکی بابەتییە؟ ئاخۆ دەتوانین لێرەدا لەبارەی (سروشتی مرۆڤ)ە وە قسەبکەین؟ ئاخۆ تێگەیشتن لە سروشتی بابەتییان (الموضوعیە) مرۆڤ، نامانگەیەنێتە ئەو دەرئەنجامەی، کە ئامانجی مرۆڤ هەمان ئامانجی گیانلەبەرە زیندووەکانی ترە؟ لێرەدا مەبەستم لە ئەرکی گشتی و هۆشیاری بوونی (الوجود) لە ئیمکانەکانی مرۆڤە. ئاخۆ ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت، کە مرۆڤ هیچ پرەنسیپێکی دیاریکراو پێڕەو ناکات بۆ ئەوەی بەئامانجەکانی بگات، لەبەرئەوەی هەندێک لەو پرەنسیبانە دەبنە ڕێگر لە ئامانجەکانی؟.

لە ڕاستیدا لای هەموو باخەوانێک ئاشکرایە، کە مەبەست لە چاندنی نەمامی گوڵێک بۆ ئەوەیە کە لەو گوڵەوە بەرهەمێکی نوێ بێتە دەرەوە. لە هەمان کاتدا ئەم باخەوانە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئەگەر دەبێتەوە: بۆ نموونە پێویستە نەمامەکە بەشێوەیەکی باش نەش و نما بکەن، بۆ ئەوەی و گوڵەکان بەشێوەیەکی جوان بدرەوشێنەوە. باخەوان دەزانێت بۆ ئەوەی بە ئامانجەکەی خۆی بگات، پێویستە چەند ڕێگە و میتۆدێک پێڕەو بکات، کە لە ئەنجامی ئەزموونی پێشوودا دەستی کەوتوون.

بۆ نموونە بۆ ئەوەی نەمامێک بچێنێت و گەشە بکات و بەرهەمی باشی هەبێت، پێویستە خاکێکی پاک و بەپیتی هەبێت و گەرما و تیشکی ڕۆژی باشی پێ بگات، لێرەدا دەبێت باخەوان ئەم پێداویستییانە دابین بکات، بۆ ئەوەی بەرهەمێکی باشی دەستبکەوێت. بەڵام ئەگەر باخەوانەکە ئەمانەش دابین نەکات، نەمامەکان خۆشیان هەوڵ دەدەن کە ئەم پێداویستییانە بۆ خۆیان دابین

بکەن. پێ دەچێت نەتوانێت پێداویستی زەوینێکی باش و ئاو بۆ خۆیان دابین بکەن، بەڵام لەبارەی تیشکی گەرما و دەستکەوتنی وزەی گەرماوە، خۆیان هەوڵی دەستکەوتنییان دەدەن. بەڵام لێرەدا دیسانەوە ڕووبەڕوی ئەم پرسیارە دەبینەوە، باشە لە کاتێکدا کە ئەم هەستە لای نەمامێک هەبێت، ئەی بۆچی ئەمە لای مرۆڤەکان ڕوو نادات؟.

ئەگەر ئێمە زانیاری تەواویشمان لەبارەی تیۆرێکەوە نەبێت، کە ئەو هۆکارانەمان بۆ دەربخات کە دەبنە هۆی پێشکەوتنێکی گونجاو بۆ مرۆڤ و ئەرکە وەزیفییەکانی دیاری بکات، ئەوا ئەزموون دەتوانێت بە شێوەیەکی تەواوەتی ئەو زانیارییەمان پێ بڵێت، هەروەک چۆن باخەوانەکە لە ڕێگەی ئەزموونەوە ئەو ڕاستییانەی بۆ دەرکەوتووە. لێرەوە دەگەینە ئەو بەرئەنجامەی، کە بۆچی هەموو مامۆستاکانی مرۆڤایەتی بەدوای ئەو پرەنسیپە بنەڕەتییانە ژیان دەگەڕان، کە ناوەڕۆکی ئەم پرەنسیبانەش بریتییە لە: زاڵبوون بەسەر چاوچنۆکی و ڕق و کینە، هەوڵدان بۆ گەیشتن بە خۆشەویستی و سۆز، هەوڵدان بۆ دروستکردنی هەلوومەرجێک کە بەشێوەیەکی شایستە بوونی خۆمان پێشان بدەین. گەیشتن بەو بەرئەنجامانە لە ڕێگەی ئەزموونەوە، هەرچەندە ناشتوانێت تەفسیری هۆکاری ئەو تیۆریشمان پێ بدات، بەڵام ئەمە بە کارێکی باش دادەنرێت، بەبێ گومان ئەمە شێوازێکی (نازانستییە)، هەرچەندە ئامانجی زاناکان بریتییە: لە دەرخستنی ئەو یاسایانەی لە ئەزموونەکاندا پێویستیمان پێی هەیە.

لێرەدا ئەو کەسانەی کە سوورن لەسەر ئەو هەموو بڕیارە پێشوەختانەی لەسەر (نەریتە سەپێنراوەکان)، بەپێی بۆچوونی ئەوان، ئەمانە ئاماژەن بۆ خۆشبەختیی مرۆڤایەتی، لە کاتێکدا ئەمانە هیچ بنەوایەکی تیۆرییان نییە کە بوونی ئەمە بسەلمێنێت، ئەمان بەهیچ شێوەیەک باسی کێشە فیزیۆلۆجییەکان بەحەماسەتەوە باس ناکەن.

بۆ نموونە کاتێک کەسێک حەزێکی ئێجگار زۆری بۆ خواردنی شیرەمەنی هەیە، بەدڵنیاییەوە تووشی نەخۆشی قەڵەوی دەبێت و تەندروستی خۆشی دەخاتە مەترسییەوە، بەڵام ئەمان بەم شێوەیە باسی حاڵەتەکە ناکەن، بگرە دەڵێن: " گەر خواردن دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو کەسە بەدواسنووری خۆشبەختی خۆی بگات، کەواتە باشترە لەسەر خواردن بەردەوام بێت، هیچ پێویست ناکات کە قەناعەت بە خۆی بهێنێت یان گوێ بۆ خەڵکی تر بگرێت، بۆ ئەوەی واز لە خواردن بهێنێت. هەرچەندە ئەوان خۆیان باش دەزانن کە چڵێسیی زۆر لە حەزێکی ئاسایی جیاوازترە، ڕوونتر بڵێین کە ئەم حاڵەتە دەبێتە هۆی ئازار گەیاندن بە کەینوونەبوونی ئەو کەسە. هەموو ئەمانەش ناتوانین بە بە (تاکگەرایی، نەریتێکی تایبەت) دایبنێین، لەبەرئەوەی هەموومان دەزانین کە (چڵێسی و تەندروستی) چەندە جیاوازن.

هەرچەندە لە ئەمرۆماندا خەڵکانێکی زۆر، ئاگەداری و زانیاریی تەواویان لەم نەخۆشییانە و ئەو هەستە ناعەقڵانییانە هەیە، بۆ نموونە حەزی زۆریان بۆ گەیشتن بە شۆرەت دەرکردن و دەسەڵات و

مولّک و تۆلّەسەندنەوە و خۆسەپاندن، هەرچەندە مرۆڤ دەسەلاّتی ئەوەی هەیە، کە بەشێوەیەکی پراکتیکی ئەم شتانە لە ڕیزبەندنی شتە خراپەکان دابنێت، کە بەشێوەیەکی تیۆری و ئەزموونی ئەم ڕاستیانەی دەرخستووە.

پێویستە مرۆڤ تەنیا بیر لە (زاڵبوون بەسەر نەخۆشی) دا بکەنەوە، بۆ نموونە نەخۆشی (قورحەی هەزمی) کە لە ئەنجامی ژیانی نا تەندروستەوە دروست دەبێت، یان دڵەڕاوکێ کە لە ئەنجامی تەماعی زۆرەوە دروست دەبێت، یان پشت بەستن بە سەرکەوتن و ژێرکەوتنی کەسایەتیەکی ناوەندنی " مرکزی". لەڕاستیدا پەیوەندیەکی توند لە نێوان شێوازێکی هەڵەی ژیان و نەخۆشییە جەستەییەکاندا هەیە. لە سەردەمەکانی پێشوودا کۆمەڵێک دوکتۆری دەمار، وەکو: سی، فون مۆناکو، وار بی، لیفینگستون وهاینز فۆن فۆیرستەر، ئەمان پێیان وابوو کە: مرۆڤ خاوەنی هۆشیارییەکی بایلۆجییە کە لەناو سیستەمی مێشکدایە، کە سەرچاوەی پرەنسیپەکانی هاوکاری و قەناعەت و گەڕان بە دوای ڕاستی و ئازادین. ئەم بۆچوونانەش لەسەر بنەوای تیۆری (پێشکەوتن، تطور*) دامەزراون. لە ڕاستیدا من خۆم هەوڵی ئەوەم دەدا، کە ئەوە بسەلمێنم، کە پرەنسیبە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، گوزارشت لە پێشکەوتنی تەواوەتی بەشەکانی جەستەی مرۆڤ دەکەن، لە حاڵەتێکدا بەشێکی زۆری حەزە تایبەتییە ساکارەکان، بە شێوەیەکی بابەتییانە زەرەرمەندن.

پێ دەچێت ئامانجی ژیان، وەکو لە لاپەرەکانی تردا بە چەندان شێوە و سنوور باسی دەکەین و بەباشی بۆمان دەردەکەوێت و، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین پێناسەی ئەم سنوورانە بکەین و بڵێین، کە برێتییە لە پێشکەوتنی خود بەو شێوەیەی کە نێزیکە لە (سروشتی مرۆڤایەتی)، سیبۆنزاوە. یان بە واتایەکی تر، پێشکەوتنێک بە شێوەیەک کە بگونجێت لەگەڵ هەلومەرجەکانی بوونی سروشتی مرۆڤ، بەجۆرێک کە بە شێوەیەکی تەواوەتی مرۆڤ بتوانێت بەرگەی بگرێت، وازبهێنین تا مەنتیق و یان ئەزموونەکان ئەو چەمک و تیۆرییانەمان بۆ دەربخەن کە دەمانگەیەننە خۆشبەختی، لە هەمان کاتیشدا ئاگاداری سروشتی مرۆڤ بین، کە مەنتیق دەتوانێت تێمان گەیەنێت. هەروەک (تۆماس ئۆکویناس) دەڵێت:

زۆرترین و باشترین گوزارشت لە ماناو مەبەستی ژیان کە لە ڕۆهەلاّتی دوور و ئەوروپا بۆی کراوە برێتییە: (ئازادبوونی مەزن) واتە رزگاربوون لەژێر دەسەلاّتی چاوچنۆکی بەهەموو شێوەکانییەوە، هەروەها ڕزگاربوون لە هەموو کۆت و بەندێکی وەهمەکان (شتی ناڕاست و دوور لە ڕاستییەوە). وەئەم شێوەیەی ئازادبوونە، بە ڕێژەیەکی زۆر لە ئاینەکانی " فیدیکی هیندی و بوجیی چینی و ژاپۆنیدا" بوونی هەیە. لە ئاینەکانی مەسیحی و یەهودیدا بە شێوەیەکی ئەفسانەیی کە خۆی لە شێوەی خوا دەبینێتەوە، کە مەلیکی مەزنی دنیایە، هەروەها ئەم شێوە بۆچوونە لە ڕۆهەلاّتی دوور و ڕۆئاوادا خۆی لە بزاڤی سۆڤیگەریی مەسیحی و ئیسلامیدا دەبینێتەوە، هەروەها لای سیپۆنزا و مارکسیش. لەم جۆرە ڕێگەیانەدا، پێویستە باوەڕێکی ناوەخۆیی لە مرۆڤدا دروست

بێت، کە خۆی لە کۆت و بەندی چاوچنۆکی و ئەوهام ڕزگار بکات، کە ئەمەش بەشێوەیەکی توند وا بەستەی پێشکەوتنی عەقڵە. لێرەدا مەبەست لە عەقڵ ئەوەیە، بەکارهێنانی بیر و هۆش بۆ ئەوەی لە دنیا بەو شێوەیە تێ بگەین کە هەیە، لێرەدا ئەمە دژی (زیرەکی هەڵخەڵەتینراوە)، کە مانای بەکارهێنانی بیر و هۆشە بۆ ئەوەی پێداویستییەکی مرۆڤ تێر بکرێت. ئەم پێوەندییەی لە نێوان ڕزگاربوون لە چاوچنۆکی و ئەوەلیەتەکانی عەقڵدا زۆر گرینگە، لەبەرئەوەی عەقڵمان تەنیا تا ئەو ڕادەیە کار دەکات کە چاوچنۆکی زەفەری پێ نەبات. ئەو کەسەی کە دەبێتە کۆیلەی سۆزە ناعەقڵانییەکانی ناتوانێت کەسێکی بابەتی بێت، لە کاتێکدا ئەم کەسە بەم سۆزانەی خۆی دڵشادە، ئەو هەوڵ دەدات پێداویستییەکانی سیمایەکی عەقڵانییان بداتێ، بەتایبەتی کاتێک لەو باوەڕەدایە کە ڕاستی دەڵێت.

چەمکی ئازادبوون (بەهەردوو ماناکەیەوە) وەکو مانایەک بۆ ژیان، لە کۆمەڵگەی پیشەشازی زۆر لاواز بووە، یان دەتوانین بڵێین کە هەر نەماوە. پێشتر چەمکی (ئازادبوون) تەنیا مانای ئازابوون لە دەسەڵاتی هێزە دەرەکییەکانی دەگەیاند. وەکو ئازادبوونی چینی ناوەڕاست لەژێر دەستی چینی دەرەبەگایەتی، یان ئازادبوونی چینی کرێکاران لە چینی سەرمایەداری، یان ئازادبوونی گەلانی ئاسیاوی و ئەفریقیایی لەژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی ڕۆئاوایی، هەر بۆیە تاکە شێوەی ئازادبوون کە زۆر جەختی لەسەر دەکرایەوە، ئازادبوون لە دەستی هێزە دەرەکییەکان بوو، کە ئەمەش بەمانایەکی تر تەنیا (ئازادبوونی سیاسی) دەگەیاند.

بەدڵنیاییەوە ئازادبوون لەژێر ستەمی هێزە دەرەکییەکان کارێکی پێویست و گرینگە، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە ستەمکارییە کەسایەتی مرۆڤ تووشی بێ دەسەڵاتی دەکات، دیارە جگە لە توێژێکی کەم لە کەسانی تایبەتمەند نەبێت. بەڵام تەنیا جەختکردنەوە لەسەر ئازادبوون لە هێزە دەرەکییەکان زەرەرێکی گەورەی هەیە، لە پێش هەموو شتێکدا، ئازادیخوازەکان خۆیان وەکو حاکمی نوێ پێشان دا و تەنیا باسی ئایدۆلۆجیای ئازادی دەکەن، لە هەنگاوی دووەمیشدا، ئازادیی سیاسیی راستەقینە لەژێر سایەی شێوەی ئازادییە نوێکەدا، دەشارێتەوە و نادیار دەبێت، وە ئەم حاڵەتەش لە دیموکراسی ڕۆئاواییدا دەبینین، کە ئازادی سیاسیی راستەقینە بە کۆمەڵێک قیناعی نادیار دەشارنەوە. (جێگەی گوتنە لە وڵاتانی یەکەتیی سۆڤێتدا، خۆسەپاندنەکە بەشێوەیەکی عەلەنی دیاربوو). لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە، کە مرۆڤ لە بیر دەکات کە مرۆڤ بەبێ بوونی زنجیر لە دەستیش، دەکرێت بکرێتە کۆیلە، ئەمەش دژی ئەو بۆچوونە دینییە دووبارەیەیە کە دەڵێت (دەکرێت مرۆڤ هەرچەندە بە زنجیریش بەسترابێتەوە، بەڵام لە ناخدا ئازاد بێت)، پێ دەچێت ئەم بۆچوونە تەنیا لە حالەتێکی تایبەتدا راست بێت. پێ دەچێت ئەم بیر و بۆچوونە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا هێندە گرینگ نەبێت، وەلێ ئەوەی کە ئەمڕۆ زۆر گرینگە ئەوەیە کە ئەمڕۆ مرۆڤ کۆیلەیە بەبێ ئەوەی زنجیری لە دەستدا بێت، زۆر بەئاسانی کۆت و بەندە دەرەکییەکان توانیان خۆیان بخەنە ناو ناخی مرۆڤەوە. ئەمڕۆ مرۆڤ ئەو حەز و بیرانەی کە لە کۆمەڵگەوە

هێرشی بۆ دەهێنن، زیاتر دەیبەستێتەوە تا زنجیر. ئەم حاڵەتەش بۆیە وا دروست بوو، لەبەرئەوەی مرۆڤ هۆشیاری بە کۆت و بەندە دەرەکییەکان زیاترە، بەڵام هیچ هۆشیاری بە کۆت و بەندە ناوەخۆییەکان نییە، کە خۆی وا هەست دەکات کە کەسێکی ئازادە. مرۆڤ دەتوانێت خۆی لە کۆت و بەندە دەرەکییەکان ڕزگار بکات، بەڵام ئاخۆ چۆن دەتوانێت خۆی ڕزگار بکات، لە کاتێکدا کە ئەو لە ناخی خۆیدا هەست بەم کۆت و بەندانە ناکات؟.

پێش ئەوی هەر هەنگاوێک بنێین بۆ ئەوەی لەم گرفتە کارەسات ئامێزە ڕزگارمان بێت کە تەواوی جیهانی پیشەشازی گرتووەتەوە، کە لەوانە بێت هەموو مرۆڤایەتیش بگرێتەوە، پێویستە سەرەتا لە ڕاستی کۆت و بەندە دەرەکی و ناوەخۆییەکان هۆشیاربین، پێویستە هەوڵ بدەین مرۆڤ بە مانا تەقلیدی و ئینسانییەکەی ئازاد بێت، هەروەها پێویستە ئازادیی کۆمەڵایەتی و سیاسی هاوچەرخیشی بۆ زیاد بکەین. هەتاوەکو ئەمڕۆش کەنیسە تەنیا باس لە ئازادبوونی ناوەخۆیی دەکات (واتە ئازادبوونی تاکی مرۆڤ لە چاوچنۆکی و خراپە)، ئەگەرچی پارتە سیاسییەکانیش، لە لیبڕالەکانەوە تا کۆمۆنیستەکان، تەنیا باس لە ئازادیی دەرەکی دەکەن.

بەڵام مێژوو بۆی دەری خستووە، کە هیچ کام لەم ئایدۆلۆجیایانە بەتەنیا و بە بێ ئەویتریان، مرۆڤ ملکەچ و ناتەواو دەکەن**. ئامانجی سەرەکی ئەوەیە، کە مرۆڤ بەشێوەکی تەواوەتی ئازاد بێت. ئەم ئامانجەش دەتوانین ناوی لێ بنێین (مرۆڤی شۆڕشگێڕ یان توندڕەو).

لە کۆمەڵگەی پیشەشازیدا توانرا ئازادی بشێوێنرێت، ئەمەش لە ڕێگەی چەمکی عەقڵانی بوونەوە کرا، لەبەرئەوەی لەگەڵ سەرەتای سەردەمی ڕێنیسانسەوە، بابەتی سەرەکی برێتی بوو لە عەقڵ بوو کە دەتوانێت لە سروشت تێ بگات، وە یەکێ لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم بۆچوونەش گەیشتن بە زانستی نوێ بوو. بەڵام مرۆڤ هیچ نەبوویە بابەتی شرۆڤەکردن و لێکۆڵینەوە، تەنیا لە کاتی ئێستاماندا، کە بە شێوەیەکی توندڕەوانە خۆی لە زانستی دەروونناسی و کۆمەڵناسیدا دەبینێتەوە. بەشێوەیەک کە باری مرۆڤ زۆر بەرەو خراپی ڕۆیشت و کرایە ئامرازێک بۆ دەستکەوتنی ئامانجە ئابوورییەکان. سێ سەدە بەسەر سیپۆنزادا تێپەڕی، تەنیا فرۆیدا نەبێت کە (جەهەری مرۆڤی) کردە بابەتی سەرەکی زانست و لێکۆڵینەوەکانی، هەرچەندە فرۆیدیش خۆی لە چوارچێوەیەکی مادی و بۆرجوازی تەسکدا ئەم کارەی بە ئەنجام گەیاند.

پرسیاری گرینگ و بڕیاردەری ئەمڕۆ ئەوەیە، هەروەک من بەشێوەیەکی تایبەتی دەیبینم:

ئاخۆ دەتوانین جارێکی تر چەمکی تەقلیدی بۆ ئازادیی ناوەخۆیی و دەرەکی، لەگەڵ چەمکی عەقڵانی پێکەوە گرێ بدەین، بە واتایەکی تر مەبەستمان ئەوەیە: ئاخۆ دەتوانین پراکتیزەکردن لەسەر سروشت (مەبەستم زانستە)، لەگەڵ پراکتیزەکردن لەسەر مرۆڤ (واتە هۆشیاری تاک) پێکەوە گرێ بدەین؟.

پێش ئەوەی دەست بکەم بە باسکردنی کۆمەڵێک پێشنیازی خۆم لەبارەی هونەری ژیانەوە،

دەمەوێت ئەوە بڵێم کە هیچ نیەتێکی خراپ لە پشت چەمکەکانمەوە نییە، ئەگەر خوێنەر پێی وابێت کە من لەم بەشەدا تەنیا وەسفێکی کورتی (هونەری ژیانم) کردبێت، ئەوا باشترە واز لە خوێندنەوە بهێنێت. تەنیا ئەوەی کە من کردوومە، بریتییە لە کۆمەڵێک پێشنیاز کە دەتوانێت وەکو ڕێگا پیشاندەرێک بێت و خوێنەریش دەتوانێت بۆ خۆی بەدوای وەڵامەکاندا بگەڕێت. ئەوەی کە گرینگە لێرەدا بە خوێنەری ڕابگەیەنم، ئەمەی کە من دەینووسم، تەنیا گوزارشت لەو شێوازانە دەکات، کە خۆم لە ژیانی تایبەتیی خۆمدا لێی فێربووم و پراکتیزەم کردووە.

لێرەدا پێم خۆشە کۆتایی بەم قسە و باسانەم بهێنم بە خوێنەر بڵێم:

بچن بەرهەم و نووسینەکانی مامۆستاکانی ژیان بخوێننەوە، فێری ئەوە بن کە بتوانن مەبەستەکانیان بەتەواوەتی تێ بگەن، هەوڵ بدەن لای خۆتان دەربارەی ئەوەی کە چیتان دەوێت لە ژیاندا بیکەن، جۆرە قەناعەتێک بۆ خۆتان دروست بکەن، هەوڵ بدەن خۆتان لەو بیرە چرووکە ڕزگار بکەن کە دەڵێت: (پێویستیمان بە مامۆستا یان پێشەنگ یان ڕێگەپێشاندەر نییە، بگرە بۆ خۆمان دەتوانین لە ژیانی خۆماندا ئەو شتانە ئاشکرا بکەین، کە بۆ ماوەی هەزاران ساڵە عەقڵە مەزنەکانی مرۆڤایەتی هەوڵی ئاشکراکردنیان داوە، هەموو ئەمانە لەسەر پاشماوەی نەوەکانی پێش خۆیان توانیوویانە ئەو شتە نوێیانە دروست بکەن).

یەکێک لە مامۆستا مەزنەکانی هونەری ژیان (میستر ئایکهارت) دەڵێت:

چۆن مرۆڤ دەتوانێت بژی، بەبێ ئەوەی هیچ وانەیەک لەبارەی هونەری ژیان و مەرگەوە فێر نەبێ

لەسەر مرۆڤ پێویستە کە شارەزایی و ئاگایی لەو کۆت و بەندانە بێت کە دێنە سەر ڕێگەی، ئەگەر کەسێک ئاگەدار و هۆشیار نەبێت لەو شتانەی کە دەبێت خۆی لێ بپارێزێت، ئەوا هەموو هەوڵ و کارەکانی بە فیرۆ دەچێت.

پەراوێزەکان:

* مەبەست لە تیۆری داروینە.

** لێرەدا نووسەر مەبەستی لەوەیە، کە پێویستە لە ڕووی دەرەکی و ناوەخۆییەوە ئازاد بێت.

سەرچاوە:

ئەم وتارە لەم کتێبە وەرگرتووە

ایریش فروم. فن الوجود. ترجمة ایناس نبیل سلیمان. الطبعة الاولي. دار الحوار للنشر والتوزیع. الاذقیة. سوریا. ٢٠١١

# ئەوانەی بەڕێککەوت دۆزرانەوە و
# ژیانی مرۆڤیان گۆڕی

ئامادەکردنی: شێرزاد هەینی

زۆرن ئەو زانا و داهێنەرانەی ژیانیان لە توێژینەوە و کارکردن لە لێکۆڵینەوە و تاقیگەکان بەسەر بردووە، بەڵام بەرئەنجام هیچی وایان بۆ بەشەرییەت جێ نەهێشتووە، بەڵام زۆریش ئەوانەی لە کارەکانیدا بەڕێککەوت و بەخت یاریان دەبێت و داهێنانی مەزن دەدۆزنەوە، ژیانی خەڵکیان گۆڕیوە و بابەت و کاڵاکانیان بوونەتە بەشێکی زیندووی ژیان و بە هیچ شێوەیەک ناکرێ مرۆڤایەتی دەستبەرداریان بێت.

دیارە زۆر لەوانە زۆرتر بەخت هاوکاری سەرکەوتنیان بووە، نەک باشی و خێری شتەکە. لەوانە (کۆلا) بە هەردوو جۆرەکەی بیبسی و کۆکاکەی نموونەیەکی زیندووە، کە لە ئەنجامی ئیشکردن لەسەر چەند داو و دەرمانی ترەوە بۆ زاناکان دەدۆزرێتەوە، پاشان دەبێتە خواردنەوەیەکی خۆشی هەموو لایەک، ئەوەش شوێنی خواردنەوە کحولییەکان دەگرێتەوە کە لە ئەوروپا زۆر باو بووە.

کە زاناکان کار لەسەر توێکڵی جۆرێکی تایبەت لە سیسرکە دەکەن، کە لە دارستانەکانی هیند و تایلاند دەژیان، بەرئەنجام بۆ دروستکردنی کەتیرەیەکی تایبەت، مادەی پلاستیک دەدۆزنەوە، هەروەها تایەی ئۆتۆمۆبێلیش بەڕێککەوت دروستکراوە، یان بڵێن لە ئەنجامی هەڵەیەکدا پەیدا بووە. ئیتر نموونەی وا زۆرن، کە بەڕێککەوت یان لە ئەنجامی هەڵەیەک پەیدا بوون، هەموو ئەوانە لە ژیانی ملیۆنەها خەڵکی ئەو سەرزەوینە سوودی زۆریان هەبووە و خزمەتی زۆریان بە سەرجەم مرۆڤایەتی گەیاندووە، لەوانە:

## ڤیاگرا

کۆمەڵە دوکتۆر و دەمارنسازێکی ئەمەریکایی لە کۆمپانیای بفایزر خەریکی سازکردنی دەرمانێک بوون بۆ چارەسەری دەرمانێک بۆ نەخۆشییەکانی دڵ، ئیتر لە ساڵی ١٩٩١ هەست دەکەن ئەو

دەرمانەی ئەوان سازیان کردووە کاریگەرییەکەی لە نەخۆشییەکانی دڵ تێپەڕاندووە، ئەوانەی ئەو دەرمانەیان پێ تاقی دەکرایەوە، هەستی پیاوەتییان زۆرتر دەبوو، کە ڕەزامەندی دەوڵەت وەردەگرن دەرمانەکە لە ساڵی ١٩٩٨ دەبێتە چارەسەرکردنی سستیی سێکسی لەلای پیاوان و ناویان نابوو ڤیاگرا، کە ساڵانە زۆرتر لە پێنج ملیار دۆلار دەسکەوتی لەسەر ئاستی هەموو دنیا هەیە.

## قژهەڵوەرین

قژهەڵوەرین بووەتە دێوەزمەی ژن و پیاوان، زۆرن ئەوانەی لەبەر هەڵوەرینی قژیان دەناڵێنن و خەم دەخۆن، دەیان ساڵە زانستکارەکان کار لەوە دەکەن، دەرمانێک بۆ ئەو دەردە نارەحەتە بدۆزنەوە، و کێشەی خەڵکەکە چارەسەر بکەن. لە یەکێک لە تاقیگەکاندا لەو ساڵانەی دوایی ئیشیان لەسەر دروستکردنی دەرمانێک دەکرد، بۆ کەمکردنەوەی پاڵەپەستۆی خوێن بە ناوی لۆنیتین، کە لە مادەی مینوکسیدیل دروست دەکرێت، پاش تاقیکردنەوە، بۆیان دەردەکەوێت کەوا دەرمانەکە هیچ پێوەندی بە پاڵەپەستۆی خوێن نەبووە، ئەوەیان بۆ بەهێزکردن و چڕبوونی قژ باشە، بۆیەش یەکسەر کۆمپانیاکە دەرمانەکەیان وەک کەفێک بە ناوی ڕۆگین بۆ کەمکردنەوە و چارەسەری کەچەڵی بەرهەم دەهێنن، لەوانەی بەکاریان هێناوە دەرکەوتووە لە ٥٨٪ خەڵکەکە سوودیان لێ بینیوە، کە ڕۆژانە دوو جار قژیان پێی چەور کردووە و بەرئەنجامەکەشی بە چوار مانگ باش بووە. دیارە کەوا دەرمانەکەش تەنیا بۆ پیاوان نەبوو، بگرە ژنانیش بۆ رووتانەوە و سووکبوونی قژیان بەکاریان هێناوە و سوودی هەبووە، بۆیەش دەڵێن دەرمانە نوێیەکە ساڵانە داهاتی دەگاتە نێزیکەی شەست ملیۆن دۆلار، ئەگەرچی تەنیا سێ ساڵە بەرهەم هاتووە.

هەواڵنامەی کتێب

## گەنمەشامیی وردکراو

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەمەوە لە ئەمەریکا و ئەورووپا شێلگێرانە داوا دەکرا خواردنی گۆشت کەم بکرێتەوە و زۆرتر خەڵکەکە روو لە خواردنی میوە و سەوزە بکات، دوکتۆرێکی ئەمەریکایی بە ناوی جۆن هارڤی کیلۆگ یەکێک بوو لەوانەی زۆر پشتیوانی ئەو بیرۆکەی دەکرد، ئەویش لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی ویلایەتی میشیگان کاری دەکرد، ڕۆژانە گەنمی کوڵاوی دەدایە نەخۆشەکان، دیارە ئەوانیش تامی گەنمەکەیان پێ خۆش نەبوو، زۆر حەزیان لە خواردنی نەدەکرد، بۆیە بیری لەوە دەکردەوە ژەمە خواردنەکە، دەستکاری بکات تا نەخۆشەکان ئارەزووی خواردنی بکەن.

ڕۆژێکیان بڕێک لە گەنمە کوڵاوەکە لەناو قاپێک دەمێنێتەوە و کەمێکی خراپ دەبێت، بۆیەش تا خواردنەکە لە فڕێدان دەرباز بکات و چارەسەرییەکی بۆ بکات، بەڕێککەوت گەنمەکە دەشێلێت و دەیکاتە هەویر، ئیتر هەویرەکە ورد ورد دەبێت و شێوەی پەنجە وەردەگرێت، بەڵام برایە گچکەکەی بە ناوی ویل، ئەوەی یارمەتیی دوکتۆرەکەی دەدا ئەو گەنمە وردەکراوە وشکە تام دەکات، کە هەست دەکات تامی خۆشە سەرسام دەبێت، بۆیەش واز لەو بیرۆکەیە ناهێنن و کار و ئەزموونی

تری لەسەر دەکەن، لە کۆتاییدا گەنمەکە دەگۆڕن بە گەنمەشامی، دەرکەوت هەویرە وشک کراوەکە تامی خۆشتر دەبێت، بەرهەمەکەیان زۆرتر دەبێت و بەیەکەوە کارگەیەک بۆ ئەو بەرهەمە بە ناوی کیلوگ ک دادەنێن.

کە براکەی بڕیار دەدات کەمێک شەکر لەو پێکهاتەیە بکات، براکەی تووڕە دەبێت و بەشی خۆی لە کارگە و بەرهەمهێنانەکە جیا دەکاتەوە، ئەوەش لەبەرئەوە نەبوو کەوا شەکر بۆ ددان زیانی هەیە، بەڵکو ئەو مەزندەی وا بوو کەوا خواردنی شیرین چەشەی سێکسی زۆرتر دەکات، ئەویش سێکسی بە کارێکی شەیتانی دەزانی. ئیتر وردە گەنمەشامییەکە دەبێتە ژەمی بەتامی ملیونەها خەڵک لە سەرانسەری دنیادا.

## شەکری دەستکرد

ئەوەی شەکری دەستکردی دۆزیوەتەوە، ئەگەر تۆزقاڵێک پێڕەوی سەرەتاییەکانی پاکوخاوێنی پێڕەوکراوی ئەو رۆژەی زانیبووایە هەرگیز شەکری دەستکردی نەدەدۆزییەوە، کە ئێستە لەناو منداڵان داواکراوە و خۆشیان دەوێت. لە ساڵی ١٨٧٩ پیاوێک بە ناوی گوستنتین فیهلبیرگ کاری لە پاڵاوتنی قەترانی خەڵووز لە تاقیگەیەکی زانکۆی هوبکنزی ئەمەریکایی کردووە، کە لە کارەکەی تەواو دەبێت، یەکسەر دەگرێتەوە ماڵەوە تا لەگەڵ هاوسەرەکەی نانی ئێوارە بخوات، کە پەنجەی دەمژێت لە ناکاو هەست دەکات پەنجەکەی وەک ئەوەی لەناو شەکردا بێت شیرین بوو، پیاوەکە ئەوەی بەبیردا دێتەوە کە لە تاقیگەکە دەرچووە دەستەکانی نەشووشتبوو. بۆیە یەکسەر دەگەڕێتەوە تاقیگەکە و ئەوە بە سەرۆک بەشەکەی ئیرا رامیسین رادەگەیەنێت، ئیتر بەیەکەوە وتارێک دەنووسن و لە رۆژنامەکەی زانکۆکەیان بڵاوی دەکەنەوە، کەوا مادەیەکی نوێیان دۆزیوەتەوە و تامی لە شەکری نۆرماڵ شیرینترە، تامەکەشی دە ئەوەندەی شەکر شیرینە. کە فیهلبیرگ مادە دۆزراوەکە بە ناوی خۆی تۆمار دەکات، رامبسین شکایەتی لێ دەکات، کەوا ئەوان بەیەکەوە لەو مادە نوێیە کاریان کردووە، ئەگەرچی کێشەکە لە نێوانیاندا هەر دەمینێت، بەڵام فیهلبیرگ ملیونەها دۆلار بەو مادە نوێیەی دەستدەکەوێت. کە لە رۆژانی شەڕە جیهانییەکە شەکر کەم دەبێت، شەکرە دەستکردەکە، کە ٣٠٠ هەتا ٥٠٠ جار شیرینتر بووە، قازانجێکی زۆر تۆمار دەکات.

لە ساڵی ١٩٦٥ هەر بەرێککەوت کەسێکی تر جۆرێکی تری شەکری دەستکرد دەدۆزێتەوە، بە ناوی ئیکوال و ئیسپاراتین رەوانەی بازاڕەکانی دەکات. پیاوەکەش ناوی شلاتر بووە و تاقیکردنەوەی لە سازکردنی دەرمانێک بۆ قورحەی گەدە دەکرد، کە ئەو مادەیە دەدۆزێتەوە، ئەو دەست دەداتە پارچە کاغەزێک و لە ناکاو پەنجەی خۆی دەمژێت، هەست دەکات تامەکە شیرینە ئەگەرچی ئەو دوو سێ جاریش دەستی دەشووات، بەڵام تامە شیرینەکە هەر ناڕوات، بەڵام سەرەتا بواری نادەن مادەکە بەرهەم بهێنێت، تا لە ساڵی ١٩٨١ شەکرەکە دروست دەکات، کە زۆر لە شەکرەکانی تر شیرینتر بووە.

## فڕنی میکرۆ

ناکرێ ماڵێک بدۆزیتەوە ئامێری گەرمکردنەوەی میکرۆی تێدا نەبێت، هەموو کەسێک زەحمەتیی دەبینی لە گەرمکردنەوەی چێشت، تا بەڕێککەوتی فڕنی میکرۆ دەدۆزرێتەوە. پاش کۆتاییهاتنی شەڕی جیهانی دووەم ئەندازیارێک لە کۆمپانیای رایسیونی ئەمەریکایی تاقیکردنەوەی لەسەر ئامێرێک بە ناوی ماگنیترون دەکرد، کە جۆرێک لە تیشکی بۆ راداری سەربازی پەخش دەکرد، پیاوەکە ناوی بیرسی سبینسر بوو، لەو کارەدا هەست دەکات بەڕێککەوت شوکولاتی ناو گیرفانی چاکێتی دەتاوێتەوە. سەرەتا هەست بەوە ناکات کەوا شوکولاتەکەی بەو تاقیکردنەوەیە تاواوەتەوە، بەڵام بەرئەنجام ئەوەی بۆ روون دەبێتەوە کەوا توانەوەکە پێوەندەیی بە تاقیکردنەوەکەی کردوویەتی هەبووە، بەڵام کە دانی گەنمەشامی لەبن کاریگەریی تیشکە سیحراوییەکە دادەنێت، هەست دەکات پاش چەند ساتێک، تۆیەکە ناوەکەی دەکرێتەوە. پاش توانەوەی گەنمەشامییەکە ئەندازیارەکە هێلکەیەک دادەنێت و دەبینێت بە چەند چرکەیەک هێلکە سپیکراوەکە دەتەقێت، دیارە ئەوەش بە کاریگەریی تەزووە کارەباییەکەوە بووە.

لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٤٧ کۆمپانیایەک داهێنانەکە لەو دەکڕێتەوە، یەکەم فڕنی میکرۆ دروست دەکات و لە یەکێک لە رێستورانتەکانی شاری بۆستن وەک ئەزموونێک بۆ میوانەکان دای دەنێت. دیارە کەوا فڕنەکە گەورە بوو، بەرزاییەکەی مەترێک و هەشتا سانتیمەتر بووە و قورساییەکەشی دەگەیشتە ٣٤٠ کگم، نرخەکەشی بە پێنج هەزار دۆلار بووە و سێ کیلۆوات کارەبای ویستووە، ئاویشی بۆ ساردکردنەوە ویستووە، لە ساڵی ١٩٥٤ یەکەم فڕنی بازرگانی بە نرخی دوو هەزار هەتا سێ هەزار دۆلار و بە سەرفکردنی کارەبای ١,٦ کیلووات دروست دەکات. لە ساڵی ١٩٦٧ یەکەم فڕنی میکرۆی ماڵان بە نرخی گونجاو و بە قەبارە شیاو دروست دەکرێت، ئەوەش بەخێرایی لەناو ماڵەکان بڵاو دەبێتەوە، کە پێش حەفتاکان تەنیا لە سەد ماڵ تەنیا یەک ماڵ فڕنیان هەبووە، بەڵام لەو دواییانەدا رێژەکە دەگاتە زۆرتر لە ٩٥٪. لە ساڵی ١٩٧٠ تەنیا چل هەزار فڕن لە ئەمەریکا فرۆشراوە، بەڵام بە پێنج ساڵ ژمارەکە دەگاتە یەک ملیۆن فڕنی میکرۆ.

## کەمکردنەوەی چڕیی خوێن

خەڵکەکە ناویان لێناوە کەمکردنەوەی چڕیی خوێن، بەڵام لە راستییدا ئەو دەرمانە چڕی یان چەوری خوێن سووک ناکاتەوە، بگرە کار لە ئیشی جەرگ دەکات، کە رێژەی پرۆتینێک کەم دەکاتەوە تا خوێن چڕ نەبێت و نەمەیت، ئەوەش تووش بوون بە دەردە کوشندەکانی دڵ کەم دەکاتەوە و دڵ ناوەستێنێ.

دۆزینەوەی ئەو دەرمانە سیحراوییە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٣، ئەوەش چیرۆکێکی بەدواوەیە، رۆژێکیان جووتیارێکی کێڵگەیەکی ولایەتی ویسکونسونی ئەمریکایی دەگاتە لای پرۆفیسۆرێکی

کۆلێجی کشتوکاڵی ولایەتەکە تا یارمەتی بدات، لەبەرئەوەی ماوەیەکە نەخۆشییەکی نەناسراو چەند گایەکی ئەویان کوشتووە، ئەو هیچ زانیارییەکی لەسەر ئەو نەخۆشییە نییە و نازانێت چۆن چارەسەرییان بکات. سەرەتا پرۆفسیۆرەکە بۆ دۆزینەوەی نەخۆشییەکە کا و ئالیکەکە دەپشکنێت کە گایەکان دەیخۆن، هەروەها ئەو مادە شیرینەشی پشکنیبوو کە درابووە گایەکان، ئەوەش هەشت ساڵ دەخایێنێت کە دوکتۆرەکە و یاریدەرەکانی کاری لەسەر دەکەن، هەتا ساڵی ١٩٤١ دەگەنە سەر راستیی هۆکاری مردنی گایەکان، پاش ئەوەی مادەیەکی زۆر ئەکتیڤی راگرتنی مەینی خوێن دوور دەکەنەوە، ئەوەی چڕیی خوێن کەم دەکاتەوە. پاشان دەرمانێک ساز دەکەن مشک و جرجی ناو کێڵگەکە لەناو ببات، دەرمانەکەش ناو دەنێن وارڤارین.

پاش ساڵانی پەنجاکانی سەدەی رابردوو، زاناکان لەوە تێ دەگەن، کەوا ئەو ژەهرەی جرج و مشکەکان لەناو دەبات، کاریگەریی زۆری لەسەر کەمکردنەوەی جەڵتەی دڵ هەیە و کار دەکات تا دەمارەکان نەگیرێن و دەتوانێت ئاسانکاری بکات بۆ خوێن رۆیشتن، ئیتر لەو رۆژەوە ئەو دەرمانەی جرج و مشکی دەکوشت، دەبێتە باشترین دەرمان بۆ رزگارکردنی بەشەرییەت لە نەخۆشییەکانی خوێن مەیین و گیرانی دەمارەکانی دڵ و خوێنبەرەکان، بەتایبەتی لە ئەمەریکا.

### سەندویتش

لە ناوەندی سەدەی هەژدەمەوە خەڵکەکە نەیزانیوە خواردنی خێرا ساز بکەن و رۆژانەی خۆیان پێ بەرێ بکەن، هەموو بۆچوونەکان لەسەر دۆزینەوەی ئەو خواردنە کۆکە، لەسەرئەوەی کەوا شانازییەکە دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتمەداری بەریتانی جۆن مونتاگو ئیرل سندویتش، نازناوی ئیرل نازناوێکە لەلایەن پاشاوە دەدرێتەوە هەر کەسێک کە پاشا بخوازێت و نازناوەکە بۆ نەوەکانی پاش خۆی دەمینێتەوە. لەسەر ناونانەکە قسەی زۆر هەیە، دەڵێن پیاوەکە جۆن سندویتش چەند پۆستی باڵای هەبووە، ئەو دوو جار تووشی کارەسات هاتووە، یەکەمیان کە هاوسەرەکەی دوروسی ڤان نەخۆش دەکەوێت و دەمرێت، دووەمیش کە ژنە دۆستەکەی، ئەوەی لە ئۆپرا گۆرانی دەوت، ئەویش دەکوژرێت و دەڵێن لەو دۆستەی پێنج منداڵی هەبووە، دەڵێن پێنج نەبووە، بگرە هەشت منداڵی هەبووە، بە لەدەستدانی ژنەکەی و دۆستەکەی پیاوەکە خوو بە قومار و خواردنەوە دەگرێت، تاقەتی کار و گەڕانی نامێنێت، بەردەوام لەسەر مێزەکان دەمینێتەوە، لە شوێنی خۆی هەتا بۆ خواردنیش هەڵناستێت، بۆیەش پیاوە بەردەستەکانی خواردنی بۆ دەهێنن، پارچە گۆشتی لەناو نان بۆ دادەنێن، بەو پارووەش دەڵێن پارووەکەی سندویتش، ئیتر ناوەکە بڵاو دەبێتەوە و بەو پارووە سەفەرییان دەڵێن سندویتش. بەڵام بۆچوونی دووەم دەڵێت، کەوا کابرا قوماری نەکردووە و لەسەر مێزەکان لەبەر خواردنەوە و قومار نەماوەتەوە، بگرە کاری زۆر هەبووە، لە بواری سیاسی و لە پۆستە دیارەکانیدا کاری هەبووە، نەیتوانیوە هەڵبستێت و خواردن بخوات، بەردەستەکانی پارووییان بۆ کردووە، بەو پارووە بەگۆشتە خێرایانە وتراوە سندویتش.

## پنسلین

هیچ خوێندکارێکی ناوەندیی لە هەموو دنیا نییە نەزانێت کەوا دەرمانی پنسلین بەڕێکەوت لەلایەن زانایەکی بەکتریا لەناو بۆگەنی و قەوزەی مادەیەکی بەجێماو دۆزراوەتەوە، پنسلین کە لە مادەیەکی بۆگەنی بە ناوی پنسلیوم دۆزراوەتەوە، کە ئەو مادە سروشتییە قەوزەیەکی تایبەتییە و لە بەکتریا بەرهەم دەهێندرێت.

بەپێی تۆمارەکان وا دیارە کەوا خوێندکارێکی کۆلیجی پزیشکی بە ناوی ئێرنیست دوشیزن، یەکەم کەس بووە هەستی بە بوونی پنسلین کردووە، ئەوەش لە ساڵی ١٨٩٦ بووە، کە لە ساڵی ١٩٢٨ لەلایەن پسپۆڕێکی تاقیگەی نەخۆشخانەی سانت ماری لە لەندەن کاری لەسەر کراوە، کەوا پاشماوە و بۆگەنی سەر قاپێکی چێشت کە ڕەنگی لە نێوان سەوز و شین بووە هەوێنی دۆزینەوەی پنسلین بووە.

ئەو زانایە کار لەسەر بیرۆکەکە دەکات، هەندێ لەو پاشماوە کۆنانە لەناو قاپێک بۆ چەند ڕۆژێک جێ دەهێڵێت، بەوەش مادەیەک دروست بووە کە کارا بووە بۆ لەناوبردنی چەندان بەکتریای نەخۆشییەکان. لە ساڵی ١٩٢٩ زاناکە دەگاتە ئەو بەرئەنجامەی ئەگەر ئەو مادە نوێیە بە زۆری بەرهەم بهێندرێت چارەسەری نەخۆشیی زۆر دەکات. پاش دەیان ساڵ دوکتۆرێک بە ناوی هیوارد فلوری لە زانکۆی ئۆکسفۆرد لەگەڵ سێ لە هاوڕێیەکان کار لەسەر کاریگەرییەکانی پنسلین دەکات و دەتوانێت وا بکات چەند جۆرە بەکتریا لەناو ببات.

لە ڕۆژانی شەڕی دووەمی جیهان بەریتانییەکان بەوە ڕانەدەگەیشتن زۆرترین پنسلین بۆ چارەسەری بریندارەکانیان بەرهەم بهێنن، بۆیە پەنا دەبەنە بەر ئەمریکاییەکان، بەیەکەوە لە زانکۆی بیوریا چەندان جۆری نوێ قەوزە بەرهەم دەهێنن، کە تەشەنەیان خێراتر بووە. بەرئەنجام زاناکان بۆیان ڕوون دەبێتەوە، کەوا بۆگەنی لەناو کالەکێ زەردا هەیە زۆرتر قەوزە و ترشایەتی بەرهەم دەهێنێت، ئەوەش بوار ساز دەکات، زۆرترین مادەی پنسلین بۆ بریندارەکان بەرهەم بهێنن، کە زۆریان لەبەر بۆگەنیبوونی برینەکانیان دەمردن. لە ساڵی ١٩٤٥ زانایە ئەمریکاییەکە فلمینگ و هەردوو زانایە بەریتانییەکە فلوری و تشین لە ئاکامی داهێنانەکەیان لە بواری گەشەپێدانی دەرمانی پنسلین و چارەسەرکردنی زۆرترین نەخۆشی خەڵاتی نۆبڵ وەردەگرن.

## یارییە ئاگرینەکان و بارود

چەندان سەرچاوە هەیە لەسەر دۆزینەوەی یاری و تیرە ئاگرینەکان، بەڵام ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت، یەکەم کەس ڕاهێبێکی چینی بووە، کە ئاگرپڕژێنی کردووە لە هەموویان مەعقولترە، ئەویش نێزیک دوو هەزار ساڵ دەبێت، ئەو پیاوە بەڕێککەوت خەڵووز و گۆگرد و نتراتی پۆستایوم کە لەناو چێشت و نان‌دینی چینی بەزۆری هەبووە و بەکار هاتووە، ئەوانە هەموو بەیەکەوە لەناو لوولەیەکی

قامیش دەكات و پاڵەپەستۆیان لێ دەكەن، مادەكانیش بەزەبرەوە دەتەقینەوە و پرووشكەكانی بڵاو دەبنەوە. بەڵام ئەوەی جێگەی رامانە، كەوا بارود و تەقینەوە ئاگرینەكان بەشێوەیەكی گشتی بۆ دەركردنی جنۆكە و تارماییيە ترسناكەكان تەقێنراون، لەبەرئەوەی ئەوان لە دەنگی بەرز و بەهێز ترساون، بۆیەش تەقینەوە ئاگرینەكان لە یادەكانی لەدایكبوون و مردن و رۆژی لەدایكبوونەكان دەكرێت، بەوەش تامارییەكان و نیازە بەدكارەكان ساڵانە بەو ئاگرە دوورخراوەتەوە. بارود سەرەتا لە چالاكییە سەربازییەكان وەک پۆدرەیەكی رەش كە بۆ یارییە ئاگرینەكان بەكار هاتووە ساز كراوە، ئەوەش لە سەدەی هەژدەمەوە هەبووە، ئینجا ئەڵمانەكان بەكاریان هێناوە، دەڵێن شاژن ئیلیزابێتی یەكەم زۆر حەزی لەو تەقینەوانە كردووە، بۆیەش كارمەندی بۆ تەقینەوەكانی دامەزراندووە، كەسانی دیار و شارەزای بۆ ئەو بۆنانە داناوە.

## كەتیرە شێتەكە

جیولۆجی و شوێنەوارناسەكان ئەوە دەسەلمێنن كەوا لە سەدەكانی بەر لە مێژوو لەگەڵ مردووەكانیان كەلوپەلە سیرامیكییەكانیان ناشتووە، ئەو كەرەستانەیان بە مادەیەكی بگر و سەمغدار بەیەكەوە وەنووساندووە، كە لە رووەكەكان دەریانهێناوە. یونانییە كۆنەكانیش كە بەڕ و مافوورە سەرەتاییەكان دروست كردووە بە سەمغ و كەتیرە بەیەكتریان وەنووساندووە و ئەوەشیان لە جۆرێكی تایبەتی رووەک بەرهەم هێناوە. لە ساڵی ١٧٥٠ یەكەم دۆزینەوەی كەتیرە دۆزراوەتەوە و تۆمار كراوە كە لە ئێسكی جۆرێكی تایبەتی لە ماسی بەرهەم هاتووە، دوایی جۆرێک لە لاستیكی سروشتییان بەكار هێناوە بۆ دروستكردنی كەتیرە.

بەڵام كەتیرەی سەیر و شێتەكە یان سەمغە سوپەرەكە بەرێككەوت و لە ساڵی ١٩٢٤ بووە، لەو كاتانەی دوكتۆر هاری كوڤار لە ستۆدیۆیەكەی كە كامێرەی وێنەگرتنی گچكەی دروست دەكرد، لەوێ داوایان لێ كردووە، ئیش لەسەر مادەیەكی پلاستیكی شەفاف بكات بۆ دروستكردنی دووربینێكی چەسپاو لەسەر لوولەی تفەنگەكان، تا لە شەڕی دووەمی جیهانی بەكاری بهێنن، لەو ئیشەدا لە ناكاو مادەیەک دەردەچێت بە ناوی سیانوكرالایت، كە دەست و پەنجەكانی توند دەگرت. كە ئەو زانایانە و لەگەڵ هاوڕێیەكی خۆی خەریكی دروستكردنی مادەیەكی تر بوون، لە هەمان مادەی یەكەم تاقیكردنەوەیان لەسەر مادەیەكی تر دەكرد، كە بەرگەی گەرمایی بگرێت تا لە مەكینەی فڕۆكە جەنگییەكان، وەک مادەیەكی چەسپینی توند بەكاری بهێنن، كە هەندێ شت فڕێ دەدەنە ناو سەبەتەكەی زبڵ، ئەو دەبینێت مادەكە بە بنی سەبەتەكە وەدەنوسێت و بەری نادات، بۆیە لە ساڵی ١٩٥٨ یەكەمین چەسپی خێرای توندیان بە ناوی سەمغە شێتەكە دروست كردووە، بەو ناوەش ناسراوە.

سەرچاوە: بە زەنجیرە لە مانگی ئەپریلی ٢٠١١ لە رۆژنامەی ئەلقەبەسی كوێتی ئامادە و بڵاو كراوەتەوە.

# هەفتەیەک لە باڵەفڕگەی هیترۆ

ئالان دی پۆتۆن

هەموو کەسێک بە رووناکی و ئەندازە و رەنگەکانی فرۆکەخانەکە سەرسام دەبێت، بە لێشاو خەڵک روو لەو فرۆخانەیە دەکات، سەفەری هەموو گۆشەیەکی دنیای تێدا دەکرێت، جووڵەی ناو ئەو باڵەفڕگەیە وەک جووڵەی شانە هەنگوینە، نووسەری ئەو بابەتە لەسەر داوای کۆمەڵگەی پیشەسازی کە خاوەنی باڵەفڕگەکانی ساوس ئامبتونی ئینگلیزی و ئابردینی ئوسکتلەندی و ناپۆلی ئیتاڵی و باڵەفڕگەی هیترۆیە، من یەک هەفتە لە باڵەخانەی ژمارە ٥ ی باڵەفڕگەی هیترۆی نێونەتەوەیی کە یەکێکە لە باڵەفڕگە گەورەکانی لەندەن ماومەتەوە.

***

ئێوارەکەی رۆژی یەکشەمە من گەیشتمە باڵەفڕگەی هیترۆ، ئەوە یەکەم جارە من بچمە ناو باڵەفڕگەیەک و تێدا مەبەستی سەفەرکردنم نەبێت، نەک سەفەرم نەدەکرد، دەبووایە یەک هەفتەش لەوێ بمینێمەوە و کەلوپەلیشم پێ نەبوو، تەنیا جانتایەکی دەستی گچکەم پێ بوو، لە هوتێلی سوڤیتیلی ناو باڵەفڕگەکە ژوورێکم حیجز کرد. هوتێلەکە تەنیا چەند مەترێک لە باڵەفڕگەکە دووره و موڵکی باڵەفڕگەکەش نییە، هوتێلەکە بە چەند کۆڵانێکی سەر بە شووشە و رووبەندی رووناکی تەسک بە باڵەفڕگەکە بەستراوەتەوە، لە هەردوو لای کۆڵانەکان باڵەخانەی بەرزی زەبەلاح دەبینرێت، دیزاینی باڵەخانەکانی ئەوەی خواستووە رەنگیان بۆر بێت.

............................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی

## ٦٠٥ ژووری هوتێلەکە

هوتێلەکە برێتی بوو لە ٦٠٥ ژوور، زۆربەی ژوورەکانی هوتێلەکە بەتاڵبوون، دیارە کەوا کاری ئەو کۆمپانیایە تەنیا کاری هوتێلکاری نییە، زۆرتر ئەوانە کاری بەڕێوەبردنی کۆڕ و سمینار و کۆنگرەی گەورە دەکەن، سالۆنەکانی رۆژانە بەو دیدارانە گەرمە، کە چل و پێنج هۆڵی ناو هوتێلەکە تایبەتن بۆ سازکردنی ئەو کۆڕانە، کە تێدا نوێترین ئامێری تایبەت بە میدیای تێدایە، هەموو هۆڵەکان ناوی شارە گەورەکانی جیهانیان لێیە. لە ئێوارەی ئەو یەکشەمەی مانگی ئۆگستی کۆمپانیای (ئێف یوروب) کۆنگرەیەکی تایبەتی لە هۆلی دوبەی هەبوو، لەناو هۆڵی تۆکیۆش کۆمەڵەی پیشەسازی بەریتانی بۆ دروستکردنی ئەسانسور (لیفتاکس)یش کۆنگرەیەکیان هەبوو، بەڵام کۆنگرەی هەرە گەورەی ناو هۆڵەکانی ئەو هوتیلە لەناو هۆلی پەیژەکانی ئەسینا بوو، کە تێدا ئەندامەکانی ئەو کۆنگرەیە دیالۆگییان لەسەر قەوارەی سەر و پێوەرە بگرەکان دەکرد، کە رێکخراوی دەولی پێوانەکان (ئیزو) بۆ بنبڕکردنی دیاردەی ناوهاوسەنگی راسپاردە و مەرجی جێبەجێکردنیان بۆ جۆرەها ئامێرە پیشەسازییەکان کردبوو، بۆ نموونە ئەگەر حکوومەتی لیبی بەڵێنەکانی خۆی بەرووی رێکخراوی دەوڵی پێوانەکان جێبەجێ کردبووایە، ئەوە ئێمە بە ئاسانی دەمانتوانی سەفەری هەموو وڵاتانی ئەفریقیا بکەین و بە رێگەی شاری ئەغادیری مەغریبییەوە سەردانی جونەی میسری بکەین، بەوەش پێویستمان بە پێوانەی هاوسەنگی و گونجاوی دەروازە کارەباییەکان ئەو وڵاتە نەدەبوو.

هەواڵنامەی کتێب

## یەکەم شەوی مانەوەم لە هوتێلەکە

لە بەشی رۆئاوای باڵەخانەی هوتێلەکە لە نهۆمەکانی سەرەوە ژوورێکیان دامێ، وام دەزانی ژوورەکەم هەڵکەوتەکەی زۆر ستراتیجی بوو، لەوێیەوە رووی باڵەفڕگەکەم لێوە دیاربوو، هەر لەو رووانگەوە رووناکیی سوور و سپی سەرەوەی بەشی باکوری شۆستەکەم دەبینی، جوان سنوورەکەم دەبینی. ئەگەرچی جامی پەنجەرەکانی ژوورەکەم دوو چین و سێ چینیش بوون، من لەوێیەوە هەموو فڕۆکەکانم لێوە دیار بوو، کە لەسەر شۆستەکە دەمبینی چۆن دەنیشنەوە، چۆن یەکێکیان دەستی ژنە هاوڕێیەکەی گرتووە، لێم دیار بوو، یەکێکیان کە لەسەر قاڵدرمەکە دادەبەزی کۆوارێکی زی ئیکۆنومیستی لە دەستدا بوو.

ژوورەکەم، لە دیزاین و دیکۆر و ئیکسسوارەکەی وەک کابینەیەکی پلەی یەکەم دەچوو، نەمدەزانی کابینەکان لاساییی ئەو ژوورەیان کردووەتەوە، یان ژوورەکە لەسەر شێوازی ئەو ساز کراوە، بەڵام زۆر دڵنیابووم کەوا ژوورەکەم زۆر جوان بوو، کەسە بەرپرسەکەم لەو کارەدا بە منی راگەیاندبوو، کەوا من لەو ماوەیەی کارەکەم پێ راسپێردراوە، لە چوارچێوە و رووبەری باڵەفڕگەکە دوور نەکەومەوە، بۆ خواردنیش چەند پسولەی کۆبۆنی نانخواردنیان لە رێستورانتەکانی

باڵەفڕگەکە و ڕێستورانتەکانی هوتێلەکە دامێ، بەتایبەتی ژەمی ئێوارانم دەکەوتە ناو هوتێلەکە، لیستی ناوی خواردنەکانی ڕێستورانتەکان دوور و درێژ بوون، جۆرەها گۆشتی برژاو و شۆربای نایابیان هەبوو، لە هەمووش خۆشتر ئەوە بوو، هەموو داواکارییەکانم زۆر بەپەلە جێبەجێ دەبوون.

## ڕووبەڕوو لەگەڵ پیاوێکدا

بیست دەقە بوو داوایەکم لە کارمەندەکانی بەردەستی ناو هوتێلەکە کردبوو، گوێم لە تەقەیەکی ناسکی دەرگەی ژوورەکەم بوو. دوو پیاو لەناو ژوورەکە ڕووبەڕوو دەبوونەوە، یەکێکیان بە ڕۆبەی گەرماوەکەوە، کە لەلایەن هوتێلەکەوە بۆ میوانەکان دانراوە، لەگەڵ پیاوێک کە لەگەڵ چوار کەسی هاوڕێی خۆی کە تازە لە شاری راکفیری ئەستونی گەیشتبووە ئینگلترا، ئەوان لە شوێنێکی نێزیکی باڵەفڕگەکە دابەزیبوون، پیاوە میوانەکە کۆستەمێکی یەکپۆشی سپی و رەشی لەبەردابوو.

ئێوارەکەی لەگەڵ ژنە میدیاکاری پێشووی کەناڵی نیوز ئاسیا (کلۆی شوو) نانمان خوارد، ئەو ماوەیەکە لە کەناڵی (سی ئێن بی سی)ی سەنگافوری ئیش دەکات، ئەو باسی ئاراستە و نرخی پشکەکانی بازاڕی ناوچەکان و پێشبینییەکانی کۆمپانیای سامسۆنگی بۆ کردم، لەسەر ئەو پێشهاتانە قسەمان کرد. ئەو بە تەسریحەکەی قژی و جوانییەکەی وەک ژنە راهیبەیەکی کرملی بوو. بەیەکەوە قسەی زۆرمان لەسەر رۆژەڤە ئابوورییەکانی هەموو دەڤەرەکانی ئەو گەردوونە کرد، لەگەڵ دیالۆگە گەرمەکەمان سەیری ژێرنووسی شاشەی تەلەڤزیۆنەکەمان دەکرد، دیار بوو کەوا نرخی پشکەکانی ئەو کۆمپانیایەی ئەو کاری بۆ دەکرد دادەبەزی.

## فڕۆکەکان پارچە ئەڵماسی هەورەکانە

ئێوارەکە بەرەو درەنگی دەچوو، کە نانمان خوارد کەشەکە گەرم داهات، رۆژەکانی مانگی ئۆگستی لەو وەرزەدا گەرمە، دەمویست لەناو کێڵگەکانی پاشماوەی باڵەفڕگەکە پیاسەیەک بکەم، پێش شێست ساڵ ئەو ناوچەیە هەموو باخ و رەز بوو، بەڵام تێیان گەیاندم دەرچوون لە باڵەخانەی باڵەفڕگەکە ئاسان نییە، بۆیە لەناو ساڵۆنەکانی هوتێلەکە پیاسەیەکم کرد. لەو هاتوچوونەدا هەستم بە بێزاربوون دەکرد، وام دەزانی لەناو کۆڵانە تەنگەبەرەکانی پاپۆڕێکی ناو دەریایەکی هاروهاجدام، تا ئارام و نەرم بڕۆیت و نەکەویتە خوارەوە، ناچاریت دەست بە لادیوارەکانەوە بگریت و بڕۆیت، بەوەش پارسەنگی لارییەکەم راست بگرم.

لە کاتی پیاسەکانم، لەناو کۆڵانە تەسکەکانی هوتێلەکە جۆرەها عارەبانەی پاڵدانی دەستیم ڕووبەڕوو دەبوونەوە، عارەبانەکان جۆرەها رەنگیان هەبوو، بەڵام بۆنی بار و خوانەکان زۆر جیاواز بوون، یەکێکیان بۆنی توستی بە کیشووب، یەکێکی تریان هێلکەی بە رون و بە سرکە بوو، وەک ئوملێتەکەی کە من بەیانییان لە ماڵەوە دەیخۆم وابوو، عارەبانەکان بەرەو ژوورەکان بەو بۆن و

ڕەنگە جیاوازانە پاڵدەدران.

ێنزیکەی سەعات یازدەی شەو سەرم لەسەر بالیفەکەم دانا و نووستم، پێش سەعات سێی بەیانی بەئاگە هاتم، ئەو بەشەی مێشکم کە سەرقاڵی لێکدانەوە و وەرگرتنی ورشە و جوولەی لقی دارەکان بوو ماندوو و کارا بوو، مێشکم لەگەڵ دەنگی سیفۆنی ئاو بەتاڵکردن و دەرگە لێدان و کردنەوە و داخستنی ژوورەکان کاس بووبوو.

لە سەعات حەوت و نیوی بەیانی فڕۆکە ئێرباسەکەی هێڵی ئاسمانیی بەریتانی نیشتەوە، دەمزانی فڕۆکەکە لە هۆنگ کۆنگەوە هاتبوو، بەوەش شەوە زۆر بەگێچەڵەکەی ڕەواندمەوە و ئیسراحەتم کرد. بەیەکجاری لەناو جێگە و سەرسینەکەم هەڵسامەوە، چوومە توالێتەکە و خۆم شووشت، پارچە کێکێکی بە میوەم خوارد، خۆم گۆڕی و بەرنامەکەم وابوو بچمە ناو تاوەری چاودێرییەکەی ناو باڵەفڕگەکە، لەناو سینگی ئاسمانە بەرینەکە جۆرەها فڕۆکە دەفڕین، دەهات و دەچوون، هەندێکیان بەرز و ژمارەیەکیشیان نەوی دەبوونەوە، لە دوورەوە وەک پارچە ئەڵماس لەناو هەورەکە دیار بوون، هەندێکیان بەرز دەبوونەوە و دەفڕێن، دیارە بەرنامەکانیان وا بوو ژمارەیەکیان دەنیشتنەوە، ڕاوەستانیان نەبوو، فڕینەکان بەردەوام و زۆر بوون.

## دەوروبەری باڵەفڕگەکە

تایە فڕۆکەکان، ئەوانەی کە لەسەر خاکی سان فرانسیسکۆ یان لەسەر شۆستەی باڵەفڕگەی مومبای بەرزبوونەتەوە دوودڵن، حەز نەکەن دیسان بە ئەرزی باڵەفڕگە ئینگلیزییەکە بکەونەوە، شۆستەکە لەگەڵ دووکەڵی بەردەوامی فڕۆکە زۆر تیژ و بارە گرانەکانیان ڕەش بووبوون. کە فڕۆکەیەک دەنیشێتەوە، دەنگ و زیکەزیکەی توند دەبێت، نیشتنەوە و دابەزینی فڕۆکەکان، وەک کوتانی ناولەپی پۆستەچییەکانی بەردەرگای ماڵانەکان بوو، ئەوانەی لەگەڵ لێدانی زۆر بۆ بەئاگاهێنان ژنانی نووستووی سەر سیسەمەکان توند دەبوون و بەرگەیان دەگرت، نوزەیان دەهات.

خەڵکی نێزیک باڵەفڕگەکە، نووستووی خەوە قووڵەکانی ناو ماڵی گەڕەکە هاوسێیەکانی باڵەفڕگەکە، بەو زیکەزیکە ئارامیان لەبەر هەڵدەستێت و خەونیان دەپچڕێت، بەڵام سەرنشینی فڕۆکەی بوینگ ٧٤٧ زووتر و بەر لە نیشتنەوەیان بەئاگان، چاویان کراوەتەوە و چاوەڕوانی دابەزین، ماندووی سەفەری درێژ و دانیشتنی سەر کورسییەکان، شەوێکی درێژیان بەسەربردبوو، ئەوان لەسەر خاکی کەنداوەوە هەڵساون، ماوەیەکی درێژە چاوەڕوانن بگەنە لەندەن.

کە فڕۆکەکان دەگەنە باڵەفڕگەکە و کاتی نیشتنەوەیان نێزیک دەبێتەوە، لەو هوتێلەش نانی بەیانی بۆ میوانەکانیان ساز و پێشکێش دەکەن، کە بریتی بوو لە چەند ناسکەنانی گەنمەشامی و ئوملێتی بە بیبەری سوور و کوارگ و قوودییەکی گچکەی ماستی زوبادی و چەند دانەیەک میوە،

ئەوەیە نانی بەیانیی هوتێلەکە.

بۆینگەکە دەچێتە پاڵ دەستەخوشکەکانی کە زووتر لەوێ نیشتبوون، ئەوانەی لە جوهانسبۆرگ، ئەو فڕۆکەیەی لە دەلهی و لە سیدنییەوە هاتبوون، لەو ڕێگە دوورانەوە هاتبوون، کە لە تەنیشت یەکتری ریز دەبن، کە دەچنە پاڵ یەکتری دیمەنەکەیان جوانە، زۆریش سەرەنجڕاکێشە، چۆن جوان و باڵکێش نابن، نرخی هەر فڕۆکەیەک لەوانە دەگاتە دووسەد و پەنجا ملیۆن دۆلار، پارەکەیان زۆرە و لەبەر تەکنیکە بەرزەکە و لەبەر مەزنی فڕۆکەکانە نرخیان زۆرە، بۆیەش ئەو فڕۆکانە بوونەتە سومبلی دەوڵەمەندیی و شکۆدارییش.

کە فڕۆکەکان دەنیشتن، کارمەندەکان دەست بە کارە تایبەتییەکانی خۆیان دەکەن، دوو تیمی کارکەر لەو کارە ڕووبەڕوو دەبنەوە، ئەوانەی لە فڕۆکەکە تازە گەیشتوون لەگەڵ کارمەندەکانی ناو باڵەفڕگەکە، بە گەرمی سڵاو لە یەکتری دەکەن، دەستەیەکی نوێ کە تازە لە ماڵەوە هاتوون سازن بۆ بەڕێکەوتن بۆ گەشتێکی درێژی یازدە هەزار کیلۆمەتری و بەرەو خاڵە دوورەکانی دنیا، کرێکارەکان زوو بارەکان دادەگرن، جۆرەها جانتا بە هەموو رەنگ و قەبارە ریز دەبن، وەک ئەوەی شتێکی سەرئاوکەوتوو جانتاکان دەگەنە دەست خاوەنەکانیان. کرێکارەکانی پاککردنەوە دەستوبرد ناو فڕۆکەکە پاک دەکەنەوە، جۆرەها پاشماوە لە کۆوار و پەلکە چوکلێت و وردە کاڵا و بنیشتە لاستیکی گوێ داخستن و هەندێ شتی گرانبەهای دەوڵەمەندە سەرنشینەکان کە جێی دەهێڵێن کۆ دەکەنەوە، کە سوتەمەنی خۆی وەردەگرێت دووبارە بەرەو گەشتێکی تر دەفڕێتەوە. کەسانی وا هەیە مەسرەفی یەک سەفەری لە شوێنە نایابەکان بەشی کڕینی یەک ئۆتۆمۆبێل دەکات، دیارە ئەوەش بە هەموو کەس ناکرێت، تەنیا ژمارەیەک لە کەسانی سەرمایەدار و دەوڵەمەند دەتوانن ئەو گەشتانە بکەن.

## چیرۆکی سەرنشینەکان

هەر کەسێک لەناو سالۆنی بەرێکردنی هەر باڵەفڕگەیەک بێت، جۆرەها چیرۆک و بەسەرهاتی خەڵکەکە دەبیستێت، لەگەڵ بەدواچوونی ڕووداوەکان خۆت لە بیر دەچێتەوە، لەبەرئەوەی هەر کەسە و بەسەرهاتێکی تایبەتیی خۆی هەیە و گێڕانەوەیان سەرەنجڕاکێشە.

لەوێ بنمیچی ستێشنە گەورەکانی شەمەندەفەرەکانم بەبیر دەهاتەوە، ئەوانەی لە سەدەی چواردەمینەوە بەرز کرابوونەوە، هونەرمەندی فرەنسی کلۆد مونیەش بە تابلۆیەک شانازییەکانی ئەو وێستگە گەورەیەی بە تابلۆیەک بە نەمری هێشتووەتەوە. بەوەش مرۆ بە وردی و بە رامانەوە بیر لە جۆرەکانی گەورەیی مرۆڤایەتی دەکاتەوە.

بنمیچی سالۆنی دەرچوونەکە هەژدە هەزار تۆنە، لەناو ستوونە ئاسنە گەورەکان کە بنمیچەکەیان ڕاگرتووە دیارە، دیارە پشتیوانە مەزنەکەی ستوونەکانە کە ئەو بارە گرانەیان

هەڵگرتووە، کە رووبەرەکەی چوارسەد مەتر دەبێت، بەڵام شێوەی راگرتنی ستوونەکانیش دیمەنەکەی جوان و رازاوەیە، کە لە دوورەوە وەک پارچە قوماشێکی ناسک دیارە. کە دەمبینی گەشتیارەکان بلیتی سەفەرەکانیان لەناو ئامێرەکان راکێشا، هەستم بەوە دەکرد وا مرۆڤ بەرەو بەرۆبۆتبوون دەچێت، بەڵام ئەوانەش گەشەسەندنی هەموو بوارەکانی خزمەتگوزارییەکانی ناو باڵەفڕگەکانی دەگەیاند. بەڵام ئەوەم باش دەبینی، کەوا هەموو گەشتیارەکان نەیاندەتوانی وەڵامی دروستی ئامێرەکان بدەنەوە تا بلیتەکانیان بۆ ساز بکات، بۆ ئەوانەی نەیاندەزانی ئامێرەکە رایەل بکەن، ئامێرەکە نووسینی نادروست و وشەی (هەڵە) نیشان دەدا.

سیحری باڵەفڕگەکەش لەو شاشە گەورانەوە دیارە، کەوا بەشێوەیەکی گونجاو لە چەند شوێنێک بەجوانی هەڵواسراوە، کە تێدا ژوانەکانی هەڵسان و نیشتنەوە هەواری سەفەرەکانی تێدایە، سەیرکردنی ئەو شاشەیە و دیتنی ناوی زۆری شارەکان ئارەزووی سەفەرت لا دروست دەکات، یەکسەر روو لە بلیتفرۆشەکان بکەیت و بلیتی گەشتێک بکڕیت. سەفەرکردن و ئارەزووی فڕینەکانە بەرەو وڵاتێک دەبات، کە سەفەر دەکەین لەوێ بە دەنگی بانگدانی مەلاکان کە لە هەموو ماڵەکان دەنگ دەداتەوە، یان فڕۆکەیەک دەتباتە وڵاتێک یەک وشە لە زمانەکەیان حاڵی نابیت، گەیشتن و سەفەرکردن چەشەت لا گەلاڵە دەکات، بەرەو شارەکانی تەڕابلوس، سانت پیترسبۆرگ، میامی، مەسقەت بە رێگەی ئەبو زەبییدا بچیت، یان بچیتە جەزائیر، دوورگەی گراند کایمان، یان فرۆکەیەک دەتباتە وڵاتێک دەستت تێدا بەرنابێت و شێتانە ناتوانیت دەستبەرداری بیت.

لە هەندێ لە بەشەکانی ئەو باڵەفڕگەیەش هێشتا بەڕێکردن و بلیتبڕینەکە لەسەر شێوازە کۆنەکە ماوە، خەڵکەکە بەڕیز لە بەردەم کارمەندەکەی باڵەفڕگەکە وەستاون، یەکێک لەوانە دیان نیڤیلە کە ماوەی پازدە ساڵە ئەو کارە دەکات، لە پاش تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ لە بەرژەوەندیی هێڵەکانی ئاسمانی بەریتانی کار دەکات، لەبەر لێهاتوویی و ئەزموونە باشەکەی بەرپرسی دووسەد کارمەندە و هەمووش بەیەکەوە کارئاسانی بۆ سواربوون و گەیاندنی جانتای خەڵکەکە دەکەن.

## بریتش ئێرویز

دایان گلەیی لە هەڵسوکەوتی توندکاری کارمەندەکانی هێڵەکانی بەریتانی هەبوو، هەستی دەکرد رەفتاریان ساردە و لەگەڵ خەڵکەکە نەرم و ئاسان کار ناکەن، یەکێک لەوانە بە توندی وەڵامی پرسیاری یەکێکی دایەوە، کەوا کورسی بەر پەنجەرەیان نییە بۆ دانیشتن، دەکرێ شوێنەکەی خۆت بەکار بهێنیت و تاقەتی گۆڕینمان نییە، دیارە کەوا کارمەندەکە ئارەزووی رووخۆشیی نەبووە، رەنگە کارمەندەکە ئەنفلەونزا هەراسانی کردووە، یان شەوی رابردوو لە تیاترۆخانەیەک دەستکەوتی نەبووە و دڵی خۆش نەبووە و شەوەکەی وەنەوشەیی نەبووە. ئەگەر جاران رەنگی پێستی کارمەند لەو کۆمپانیایە و لەو وڵاتەدا پێوەر بووبێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی مووچە و

پلەی کارەکە، بەڵام ئیمڕۆ لەگەڵ گۆڕانی سەردەم و پێشهاتەکان، مەسەلەکان بە ئاراستەیەکی تر گۆڕاوە، بەتایبەتی بوار و کەرتی ئابووری وەک فرۆکەوانی، کە پێویستیان بە کارمەندی وا هەیە لە ئیش و ئیدارەی خۆیان رازی بن، نەک کەسانی تووڕە و هەراسان و ماندوو، ئەوەش پێوەندی بە مەزاجی کاتی نییە، دەبێ ئەوانە بەردەوام رووخۆش و کامەران و چاپوک بن.

ئارامی و هۆگریی دەروونیی کارمەندەکان مەرجێکی بازرگانی مەزنە، بۆیەش لێرە دەزگایەک و هونەرێک بۆ سازکردنی ئیدارەی کەسایەتی خەڵکەکە هەیە، ئەوانە بەردەوام ئەزموون و سازییان لەسەر ئارامکردنەوەی کەسایەتییەکان دەکەن، بۆیەش هێڵەکانی ئاسمانی بەریتانی بەردەوام خول و بەرنامەسازیی هاندانیان بۆ کارمەندەکانی دەکات، بە بەرنامە و پێشهاتە نوێیەکان کارمەندەکانیان بۆ چالاکبوون رادەهێنن، هەموویان بەرەو وەرزشی جومبازیان دەبن، کارتی بەشداریی یانەکانیان بەخۆڕایی بۆ دەکەن، هانیان دەدەن زۆر سەردانی کافتریاکان بکەن، پارەیان بۆ دەدەن تا بچنە ناو خەڵکەکە و لەوێ کەسانی نەرم و بە سەبر ببینن، بەوەش دەرس وەردەگرن لە مامەڵەکردنی نەرم و هێمن لەگەڵ گەشتیارەکانیان.

## تەلەفزیۆنێک لە لەندەنەوە بۆ گانا

لە بەردەم دەروازەی دەرچوون لە باڵەفڕگەکەیەدا چەندان ئۆتۆمۆبێل دەوەستن، ئەوانە چاوەڕوانی میوانەکانیان دەکرد، لەوانە ئۆتۆمۆبێلی گچکەی تێدا بوو، دەکرێ لەگەڵ شوفێرەکانیان مامەڵەش بکەیت و بە پارەیەکی کەمتر بتگەیەنن، هەر لەو دەروازەیەدا ئۆتۆمۆبێلی لیموزینی مودەرەعەش دەوەستا، کە چاوەڕوانی میوانە تایبەتییەکانیان دەکەن کە زۆریان روویان ترشە و بەپەلەن و لە کۆڵانە تایبەتییەکانەوە دێنە ناو باڵەفڕگەکە و لەوێشەوە دەردەچن. هەندێک لەو گەشتیارانە چەند رۆژێکە سەفەریان کردووە، دوو سێ رۆژە بۆ کاری بەپەلە و زۆر تایبەت بەرەو میلانۆ و میونشینی ئەڵمانیا رۆیشتوون، یان کەسانی وا هەبوو پاش سێ ساڵ دابڕان لە گوندە دوورەکانی باکور کشمیر سەفەریان دەکردەوە، کە شەش جانتای بۆری گەورەیان تژی دیاری کردبوو، کە پاش دوورکەوتنەوە تاڵە زۆرەکەیان دیارییان بۆ کەسوکاریان کڕیبوو. ئەوەی من هەستم دەکرد خەڵکە دەوڵەمەندەکەی ناو باڵەفڕگەکە باریان سووکتربوو، لەبەرئەوەی دیارە کەوا ئەوانە بە پارە زۆرەکانیان دەتوانن لە هەموو شارێک و لە هەموو هەوارێک هەموو شتەکان بکڕن، ئەوەش بەپێچەوانەی ئەو بنەماڵە ئەفریقاییە کە لە غانان و ناتوانن لە پایتەختی غانا، لە ئاکرادا سەردانی دەزگایەکی ئامێری کارەبایی بکەن بۆ کڕینی تەلەفزیۆنێکی نوێیی باش، بۆیەش لە لەندەنەوە تەلەفزیۆنێکی بی ئێسی ٥٠ دەبنە گەڕەکی کیسمان لە ئاکرا.

## باڵەفڕگەکە بوارێکە بۆ هیوا و درۆ و هەتا بۆ ژیانیش

لە هەموو گۆشەکانی باڵەفڕگەکە، خەڵکەکە گوێیان لە هاوارکردنی نەفەرێک بوو، ئەو یەک بە دەنگی خۆی هاواری دەکرد، چی بکەم، چارە چییە، بە توندی مستێکی لەسەر مێزی کارمەندەکە دەدا و دەپاڕایەوە، ئەوانیش پێیان دەوت، کارەکەت وایە، خۆت دواکەوتی، تاوانی خۆتە، کاتت بەسەرچوو، خەمێک لە کێشەکەت بخۆ، چارەیەک بۆ خۆت بدۆزەرەوە، ئەویش هاواری دەکرد کەی رەوایە فڕۆکەکەی تۆکیۆ وەستاوە و منیش لێرە بوەستم! ئیشەکەشم لەوێ بەسەردەچێت! ئەو بە داماویی لە دیار جانتاکانی وەستابوو، فڕۆکەکەش هێشتا بیست دەقەی مابوو بفڕێت، دیارە کەوا ناکرێ ئەو تازە بەو فڕۆکەیە سەفەر بکات، دەبووایە ئەو چل و پێنج دەقە پێش فڕینەکە لەوێ بووایە، تا بلیتەکەی بۆ بکەنە بۆردنکارت و جانتاکانی بۆ بەڕێ بکەن و خۆشی سوار بێت، بەڵام بەداخەوە فڕۆکەکە فڕی و ئەویش جانتاکانی بەنائومێدییەوە رادەکێشا.

## تووڕەیی لە هیواوە

هەڵوێستی ئەو نەفەرەی فڕۆکەکەی رۆیشت و بەجێما، بۆچوونێکی فەیلەسووف رۆمانی سینالکی بەبیر هێنامەوە، کە هزرەکەی برێتی بوو لەوەی، کەوا تووڕەیی هۆکارێکی هیوایە. ئێمە تووڕە دەبین تا بۆ هیوا و ئومێد ئامادە و ساز بین، تا بەرگەی دووڵی و نیگەرانی بکەین، ئەو پیاوە کە تووڕە بووبوو و هاواری دەکرد، وەک ئەوەی کەسێکە کلیلە پێویستەکانی خۆی ون کردبێت، یان فڕۆکەیەک جێی هێشتبێت و بواریان نەدابێت بگاتە فڕۆکەکە، ئەو کەسێکی سادە بوو، دیارە کەوا سەرشێت بوو، ئەو وای دەزانی سەردەمێکە کەس کلیلەکانی ون ناکات، کەسی تر لە فڕۆکە و لە سەفەرەکەی دوا ناکەوێت، یان هەموو سەفەرەکان بە بەرنامە بێت و لە کاتی خۆیاندا فڕۆکەکان دەفڕن، بۆیەش من زۆر لە ریکلامی فڕۆکەکان تووڕە دەبوم، تا زۆرترین فرۆشیاری بلیتەکانیان بدۆزنەوە، جۆرەها پروپاگەندە بۆ هێڵەکانیان دەکەن، بۆیەش ئاساییە کە زۆر گوێمان لەو هاتوهاوارانەش دەبوو، لەو گلەییانەش دەبێت، لەبەرئەوەی بواری فڕۆکەوانی کە زۆرترین چالاکی و سەفەریان هەیە، زۆریش لەو بوارەدا تووشی هەڵە و مەترسییش دەبین.

## ژان و چاوەڕوانییەکانی بەخشیش

چەند هەنگاوێک دوور لەو پیاوەی بەنیاز بوو سەفەری تۆکیۆ بکات، دوو عاشق دەستلەملان یەکتریان بەڕێ دەکرد، دیاربوو کیژەکە تەمەنی تەنیا بیست و سێ ساڵێک دەبوو، بەڵام کوڕەکە لەو بە تەمەنتر بوو، لەو دیمەنەیدا تێ گەیشتم کەوا کیژەکەیە سەفەر دەکات، پێش ئەوەی بڕوات رۆمانەکەی دەستی بە ناوی گەشتێکی موستەحیلی رۆکی موراکای لەناو جانتاکەی دەستی دانا. هەردووکیان چاویلکەی هەتاویان لە چاودا بوو، هەردووکیان زۆر بە گەرمی یەکتریان دەگوشی،

ماڵئاواییکردنەکەیان ئاسایی نەبوو، بە سۆزەوە دەستی یەکتریان دەگوشی، کیژەکە لە کوڕەکە پەریشانتر بوو، بۆیەش کوڕەکە زۆر بە توندی لە ئامێزی دەگرت و دەستی بە سەر قژە رەشە بە گلۆوازەکەی دادەهێنا، کە کەزییەکانی بە قردێڵەیەکی پەمبە بەستابوو. هەردوو عاشقەکە کە ماچی یەکتریان دەکرد، بە جوانییەوە سەیری چاوی یەکتریان دەکرد، لەو دیدارەدا دەیانویست هەموو بیرەوەرییەکان بۆ یەکتری بگێڕنەوە، لەو دیدارەدا هەردووکیان دەستیان بە گریان کرد. ئەوەی بەتەنیشتیان رەت دەبوو، سۆزی بۆ سووتانی هەردووکیان دەجوڵا، سەیری دیمەنەکەی دەکرد، چاوی هەردووکیانی دەخوێندەوە، کیژەکە ماوەماوە و لە ماچکردنەکە تەواو دەبوو، سەیرێکی چواردەورەی خۆی دەکرد، دووبارە سەری دەبردەوە ناو باوەشی کوڕەکە و سەری بە قەمیسە تەڕبوو بە فرمێسکی چاوەکانی دەکردەوە، دەست لەیەکتربەردانەکە ئەستەم و کوشندە بوو.

## دووبارە لە باوەشی دەکاتەوە

هەردوو عاشقەکە گەیشتنە شوێنی تایبەت بە گەشتیارەکان، دووبارە لەوێش دەستیان لە ملی یەکتری کردەوە، پێش ئەوەی بیانەوێ بچنە ناو ساڵۆنەکەی گەیشتن، بەیەکەوە چوونە ناو بوتیکی مارکس ئاند سینسر، لەوێ قوودێکی مەنگای وشکیان کڕی، قوودییەکەیان کردەوە، پارچە پارچە لە دەمی یەکتریان دەنا، لە ناکاو و پێش ئەوەی بگەنە بەر تراڤیلاکس کیژە جوانەکە سەیرێکی سەعاتەکەی دەستی کرد و هەناسەیەکی هەڵکێشا و بەرەو دەروازەی سەرکەوتن بەڕێ کەوت.

کارەکەم لەگەڵ وێنەگرەکەم بەش کردبوو، هەر چەند لە دەروازەکە نێزیک دەبوونەوە فرمێسکی گەرمیان زۆرتر دەڕشت، زۆربەی گەشتیارەکانی هەستیان بە سۆزی دابڕانی ئەو دوو عاشقە کردبوو، ریتشاردی وێنەگرەکەشم شوێنی کوڕەکەی هەڵگرتبوو، کوڕەکە بە تاکسییەکی لە باڵەفڕگەی هیترۆ دەردەچێت، بەڵام لە داخی ڕۆیشتن و سەفەرکردنی کیژەکە بەڕوویێکی ناخۆش و پەستەوە دوور دەکەوتەوە.

## سەفەر بەرەو لانکی شارستانیەتی ئەورووپایی

ئەوانەی لەناو ئەورووپا بەکاری تایبەتییەوە سەفەر دەکەن، فڕۆکە باشترین و خێراترین هۆکارە بۆ گەیشتن، هەندێک لەوانە زووتر و پێش چەند هەفتەیەک رۆژی سەفەرەکانیان و کاتی دەرچوونەکان وەک ریکلام بۆ ئاگەدارکردنەوەی هاوڕێیەکانیان ئاگەدار دەکەنەوە، بەتایبەتی کە دەچنە رۆمای لانکی شارستانیەتی ئەورووپی، ئەگەرچی ئەوان زۆرتر دەچنە ناوچەکانی نێزیک رۆما و کارەکانیان دەخەنە ئەو شوێنانەی لە باڵەفڕگەی فیومیشینو نێزیکە. گەشتیارەکان هیچ پێوەندییان بە مێژوو و هونەری رۆمانی نەبوو، ئەوەی لە ئیتاڵیا سەرەنجی ئەو خەڵکەی رادەکێشا لافیتە گەورەکانی پروپاگەندەکان کە رووبەری زۆری شەقامەکانیان دەکرد کە دەکەوێتە نێوان باڵەفڕگە و شارەکە و

هەمووشیان زۆرتر پێڵاوە ئیتاڵییەکان دەناسن، ئیتاڵییەکان زمانە ئینگلیزییەکەیان باش نییە، باشترین بەرنامەش بۆ ناسینی ئەو وڵاتەش بۆ بێگانە ئیشکردنە لەو وڵاتە.

## ڕێبوارەکان لە کاتی پشوودانا

ئاسان نییە خەڵک بزانێت گەشتیارەکان چۆن پشووەکانیان دەگوزەرێنن، ئەو ڕۆژانە لە کێ و چۆن دەبەنە سەر، ئەوانە قەمیس و کاسکێتی جۆری کاجویلی نەرمیان لەسەرە، کە بۆ سەفەرکردن خۆشە، لەوێ دیڤیدم ناسی، ئەو پیاوە تەمەن سی و هەشت ساڵە، وەک پێناوێکی بازرگانی کاری دەکرد، هاوسەرەکەی ناوی لویز بوو، ژنەکەی ژنی ماڵەوە بوو، لە ماڵەوە خەریکی پەروەردەکردنی منداڵەکانی بوو، زووتر چەند ساڵێکە ئەو وەک بەرهەمهێنەرێک لە تەلەفزیۆنی ئێس کاری کردووە، بەیەکەوە لەگەڵ دوو منداڵەکەیان لە بارن دەژین، بن تەمەنی سێ ساڵە و میلیش تەمەنی پێنج ساڵە، ئەوان لەناو ریزی بۆردنکارت وەستابوون کە قسەم لەگەڵ کردن، ئەوان دەچوونە گریس (یونان)، دیڤید بۆ گەشتەکەیان لەوێ ڤیلایەکی لە گەڕەکێکی دووری کەنداوی کاتاڤیچی لە دووری پەنجا کیلۆمەتر لە ئەسینای پایتەختی یۆنان بەکرێ گرتبوو.

ئەو لە مانگی یەنیایرەوە بلیتی سەفەر و گەشتەکەی بڕیبوو، زۆریش لە شێوەی بەڕێکردنی گەشتەکەی بیری کردووەتەوە، ڕۆژانە سۆراخی کەشوهەواکەی کردووە، ڕۆژانە سەیری گۆڕانەکانی ئاووهەوای ناوچەکەی دەکرد، یان جارجاریش چاوێکی لە وێنەی گەرماوەکەی ڤیلاکە کردووە، بیری لەوەش دەکردیتەوە چۆن لەگەڵ منداڵەکانی لەناو باخەکە یارییان لەگەڵدا بکات، ڤیلاکەیان بە باخی بە دارخورمای گەورە دەوری دراوە، ئەو لەبەر خۆیەوە دەیوت لەو باخەش بەیەکەوە ئەو ماسییە دەخۆین کە لویز سازی دەکات چەند خۆشە. لە کاتی وەستانی لە ریزەکەدا بیری لەوە دەکردەوە فڕۆکە ئێرباسە ٣٢٠ کەیان، چەند کەس هەڵدەگرێت و ناوەوەی دەبێ چەند گەورە بێت. ئەو زۆریش بیری لە دووری گەشتەکەیان دەکردەوە، چۆن ئەو چوار سەعاتە خۆیان رابگرن، هەموویان لەو ماوەیە چۆن بەرگە دەگرن و بە چی دەخافڵێن، لەبەرئەوەی (بن)ی کوڕەکەیان زۆر ناڕەحەتی کردبوو، کوڕێکی بزێوە و نازانێت دابنیشێت. ئەو کوڕە لە ماڵەوەش دایکی زۆر هەراسان کردبوو، بۆیەش ژنەکە لە مانەوەی لە ماڵەوە و بەخێوکردنی منداڵەکان زۆر ماندوو بووبوو، بەردەوام بە مانەوەی لە ماڵەوە سەرکۆنەی مێردەکەی کردبوو، لەسەر ئەوەش زۆر دەمیان لەناو دەمی یەکتردەنا و دەبووە دەمەقاڵییان و زۆریش شەڕیان دەبوو، لەو کاتانەی جانتاکانیان دەپێچایەوە ژنەکە هەر دەنگی دەهات، بۆیە دیڤید خۆی تووڕە کردبوو، بە ژنەکەی وتووە، بەسە دەنگە دەنگ دیارە کەوا تۆ چاکەکانت لە بەرچاو نییە، ژنەکە بەردەوام گلەیی هەبوو، لەبەرئەوەی ئەو زۆر لە دەرەوەیە و کەمتر لە ماڵەوە بە دیار منداڵەکان دەمینێتەوە و کەمێک باری پەروەردەکردنی منداڵەکانی سووک ناکات. دیڤید پیاوێکە زۆر بیر دەکاتەوە، کەسێکی نیگەرانە و لەو کاتانەی لەناو ریزەکە وەستابوو بیری لەوە دەکردەوە ئەگەر فڕۆکەکەیان لە ڕێگە پەکی کەوت و

هەموو نەفەرەکان بەناچاری دابەزین، لەوێ بیر لە چ دەکاتەوە، ئەو دڵی زۆر باشە، لەو لێقەوماوەدا دەستیان لە ملی دەکات، پێیان دەڵێت هەمووتانم زۆر خۆش دەوێت، وەک گلێنەی چاوەکانم ئێوە دەپارێزم.

## هزرەکان وەک ئاژەڵەکان شەرمنن

ئەو کەسەی منی بردبووە ئەو شوێنە، هەموو داواکارییەکانی منی جێبەجێ کردبوو، لەناو ساڵۆنەکە مێز و کورسییەکی بۆ من دانابوو، شوێنەکە بۆ بەرنامەکەی من ساز بوو، ئەگەرچی گۆشەکەم ئارام نەبوو، بەڵام من پێم باش بوو، رەنگە ئەگەر یەکێکی تر لە شوێنەکەی من بووایە گۆشەیەکی ئارامی دەویست، جۆرەها کەرەستە و ئامێری نوێیان دەویست بەو هیوایە بتوانن بیر و کارنامەکانیان ببێتە دەقی گونجاو و جوان و هەموو مەبەستەکان بپێکێت. بیر و بۆچوونە باشەکان وەک ئاژەڵە شەرمنەکانە، کە لە بواری دەربازبوون دەگەڕێن. بۆ نموونە ماوەماوە دەنگی مارگرێت، یان جوڵێت دوو سێ دەقە جارێک دەبیسترا، کەوا بەڕێز بیکر گەیشت، ئەوەش نموونەیەکی شیاوی باسە، یان دەگوترا بەڕێز بەشیر خۆی ساز بکات و زوو بگاتە دەروازەکەی دەرچوون، تا بگاتە گەشتەکەی بەرەو نیرۆبی. زۆر لە گەشتیارەکان، ئەوانەی پرسیاریان هەبوو، تەنگاو بووبوون کە منیان لەو گۆشەیەدا دەبینی، وایان دەزانی من کارمەندێکی باڵەفڕگەکەم، زۆریان روویان لە من دەکرد و پرسیاریان دەکرد، یەکێکیان لە من نێزیک دەبووەوە و دەیپرسی، تکایە نووسینگەی گومرگ لە کێندەرێیە؟ یەکێکی تر دەهات و دەیگوت ئامێرە ئەلکترۆنییەکەی بلیتبڕین لە کێندەرێیە؟ زۆریان کە پرسیاریان هەبوو، بواریان نەبوو سەیری ناسنامەکەی سەر سینگم بکەن، ئەگەر چاوێکیان لە ناسنامەیەکەم بکردایە، دەیانزانی من کارمەندی پێشوازی یان کارێکی ناو باڵەفڕگەکە نیم.

## مۆڵەتی تەمەن

یەکێک لە گەشتیارەکان بە دەنگێکی خەمگینەوە کە لەگەڵ هاوسەرەکەی بەرەو دوورگەی بالی ئەندونیسی دەفڕین، بۆ بەرێکردنی مۆڵەتەکەی تەمەنی، ئەو بە منی وت، من ئەو سەردانە دەکەم، ئەو سەفەرەمان گەشتی تەمەنمانە، ژنەکەم کانسەری مێشکی هەیە، زۆری نەماوە بمرێت، بۆیەش ئەو سەفەرەمان سەفەری تەمەنمانە! ژنە نەخۆشەکە لەسەر کورسییەک دانیشتبوو کە تایبەت بۆ رەوشە خراپەکەی ئەو دروست کرابوو. پیاوەکە وتی، ژنەکەم تەنیا چەند مانگێکی لە ژیاندا ماوە، ژنەکەش بە ئامێرێکی نوێی پزیشکی هەناسەی وەردەگرت. ژنەکە تەمەنی چل و نۆ ساڵ بوو، هەتا مانگی ئەپریلیش تەندروستیی باش بوو، رۆژێکیان تەندروستیی باش نابێت و هەست دەکات سەری ژان دەکات، کە سەردانی دوکتۆرەکەی دەکات، لەوێ دەزانێت نەخۆشی کانسەری مێشکی کوشندە و بکوژی هەیە.

یەکێک لەو گەشتیارانەی لەو ڕۆژانەی بەیەکەوە کەوتینە ناو قسان، ئەو نهێنییەکی گەورەی خۆی بۆ درکاندم، ئەو وتی: من هاتوومەتە لەندەن سەر لە ژن و منداڵەکانم بدەم، بەبێ ئەوەی ژنەکەی ترم لە لوس ئەنجلس بزانێت، من لێرە ژنم هەیە، ئەوەی ئێرەش نازانێت من لەوێ ژن و منداڵم هەیە، کەواتە پیاوەکە دوو خەسوو و پێنج منداڵی هەیە، ئینجا ڕووی زۆر جوان و خۆشیش بوو، وەک باوک و بەرپرسی دوو خێزان، هیچ کێشە و پاڵەپەستۆیەکی بەڕووییەوە دیار نەبوو.

ڕۆژێکیان دوو ژنی ئەنگۆلیم بینی، هەردووکیان باسی ڕۆژانە تاڵەکەی وڵاتەکەیان بۆ کردم، ئانا دالمیدا دەچووە هیوسن لەوێ بەشی بازرگانیی دەخوێند، سیدونیو سیلڤاش دەچووە ئەسکتلندا ئەویش لەوێ خەریکی دوکتۆرا بوو لە ئەندازەی میکانیک، یەک سەعات قسەمان کرد، زۆرمان لە ڕۆژەڤی وڵاتەکەیان شرۆڤە کرد. ئەگەرچی هەردووکیان هیچ شوێنەوارێکیان لەو باڵەفڕگەیە بۆ من جێ نەهێشتبوو، بەڵام لە ڕۆژانی داهاتوو هەستم دەکرد غەریبییان دەکەم.

## ناوێک لە کتێبەکە

باڵەفڕگەکە تەنیا بواری فڕین و گەیاندنی گەشتیاران نییە، بگرە سەنتەر و بارەگای چەندان کۆمپانیایە، کە ئیشوکاری تێدا دەکەن و دەدۆزنەوە، جا چ لە ناوەوە بێت یان لە دەرەوە، ویستم لە ناوەوەی باڵەفڕگەکە چەند ئۆفیسێک بدۆزمەوە، ئەوانەی چالاکیی هەمەجۆری تێدا ئەنجام دەدەن، بۆ نموونە کام کۆمپانیا خواردن بۆ ئەو خەڵکە زۆرەی ناو فڕۆکەکان ساز دەکات، ژنانی شارەزا لە بواری چێشتسازی لە بەنگلادیشەوە هەتا وڵاتانی بەلتیک لەناو ژووری ساردی تایبەتی بێ پەنجەرە بۆ کۆمپانیایەکی سویسری گیت گورمییە کار دەکەن، کە لە دووریی دوو کیلۆمەتر لە باڵەفڕگەکەوە دامەزراوە، ئەو ژنانە ژەمی بەیانی و نیوەڕۆ و ئێواران بۆ نێزیکەی هەشتا هەزار کەس بۆ پازدە سەعات ئامادە دەکەن. ژەمی خواردنەکان لە هێڵێکی فڕین بۆ کۆمپانیایەکی تر جیاوازە، بۆ نموونە هێڵی کۆری شۆربەی گۆشتی گا دەدەنە گەشتیارەکان، هێڵی گەشتی ژاپۆنی ماسی سلیمۆنی تیریاکی پێشکێش دەکەن، هێڵی ئاسمانی فرەنسیش پارچە گۆشتی مریشک بە بوریەی گێزەر دەدەنە گەشتیارەکانیان، ئەو هەموو خواردنەش بە عارەبانەی تایبەت دەگاتە ناو فڕۆکەکان، کە نێزیکەی هەزار خوان هەڵدەگرێت، بۆ نموونە هێڵەکانی ئاسمانی ئیماراتی کە بەرەو دوبەی دەفڕن، شۆربەی نۆک پێشکێشی سەرنشینەکانیان دەکەن.

## لەگەڵ نۆرکوکی پیلۆت

لەناو ئۆفیسەکەیان کارمەندانی فڕۆکەکانی هێڵی ئاسمانیی بەریتانیش لەناو باڵەفڕگەکەدا سەنتەری چالاکییەکانیان لە باڵەخانەی ژمارە ٥ هەیە، لەوێ فڕۆکەوانەکان دوازانیاری لەسەر کەشوهەوا وەردەگرن، بۆ نموونە دەزانن کەشوهەوا لەسەر ئاسمانی مەنگۆلیا چۆنە، چەندیان

سوتەمەنی بۆ گەشتەکەیان پێویستە کە بڕیارە لە ریو دی جانیرۆ بیکڕن.

کە چوومە ناو سەنتەری چالاکییەکان، لەوێ توانیم قسە لەگەڵ مایک نۆرکوکی پیلۆتی فڕۆکەیەک بکەم، کە ماوەی پازدە ساڵ لەو بوارەدا کاری کردووە، لەو دیمەنەدا هەستم دەکرد ئەو پیاوە وەک منداڵێکی گچکەیە لە بەردەم باوکی وەستاوە و زۆریش دڵنیا نییە لەوەی باوکی خۆشی دەوێت، کە من لەو دیمەنەدا فڕۆکەوانەکانم دەدیت، لەو تەمەنەی خۆمەوە زۆر شتیان لێ فێر بووم، زۆر بابەتم لەسەر کەسایەتی لا گەڵاڵە بوو، بۆم دەرکەوت کەوا ئەوانە زۆر بەها و شکۆمەندییان هەیە، بەوەش من زۆر سەرسام بووم کەوا ئەوانە چەند بڕوایان بە خۆیانەوە هەیە و چەند ئازان و سوورن لەسەر کارکردن و لۆجیک. نۆرکوک هاتبوو پسولەی گەشتەکەی وەربگرێت، بە نیاز بوو بەرەو وڵاتی هیند بفڕێت، دیارە کەوا زووتر لە کەشوهەوای ئاسمانی باکوری ڕۆهەڵاتی ئێران دڵنیابووە، ئەو کەسێکی زۆر چاپوک بوو لە کارەکەی، دیارە کەوا جۆری کارەکەی ئەوە دەخوازێت کەوا کەسێکی بە دیسپلین و وریا بێت. دیارە ئەو پیاوە بەردەوام لەسەر ئەو شێوازە نائیت، رۆژانە پێویستی بەوە هەبووە کەوا گوێ لە راسپاردەکانی هاوسەرەکەی رابگرێت، ماوەماوە بەیەکەوە ئاخاوتن بکەن، کۆشش دەکات منداڵەکانی لەسەر خوێندن و فێربوون گەرم بکات و لە وانەکانیدا مەشقیان پێ بکات، دیارە کەوا لە دەرەوەی بواری فڕیندا ئەو جۆرە ژیانێکی تری زۆر جیاوازی هەیە. من لەو پیلۆتە فێربووم کەوا هەندێ کار و پیشە رێ نیشاندەرن بۆ هەموو کەسێک، لە چەندان حاڵەتی لاوازییدا کە رۆژانە رووبەڕووی خەڵک دەبێتەوە دەربازی ببێت.

## ئاریشەکانی هێڵەکانی ئاسمانیی بەریتانی

بەرپرسی کۆمپانیاکە، ئەو لەوەتی دەزگاکە دامەزراوە لەوێ کاری کردووە، پێی راگەیاندم کەوا دەتوانێت ئینتەرڤیووێکی کورت بۆ میدیا لەگەڵ یەکێک لە پیاوە بە جەرگەکانی باڵەفڕگەکە بکات، ئەویش بەڕێوەبەری گشتی هێڵەکانی ئاسمانیی بەریتانی ویلی والشە. پێشنیازەکەم پێ باش بوو، بەڵام من زۆر دڵنیا نەبووم کەوا والشی بەڕێوەبەرە گشتییەکە ئەوە قبووڵ بکات، لەبەرئەوەی لەو کاتانە کۆمپانیاکەیان رۆژانە یەک ملیار و شەشسەد ملیۆن پاوەندی ئوسترلینی زیانی بەردەکەوێت، کە لە ماوەی سێ مانگی دوایی زیانەکەیان گەیشتبووە ١٤٨ ملیار پاوەند، بۆیەش پیلۆتەکان و کارمەندانی تاقمەکان داوایان کردبوو لەو رەوشەدا مان بگرن و گلەییان لە ئیدارەکەیان هەبوو، بەپێی راپرسی و ئامارەکانی کارمەندانی ئەو کۆمپانیایە، لەلای ئەوان لە هەموو کۆمپانیاکانی تر کاری دزی دەکرێن.

ئاریشەکانی هێڵەکانی ئاسمانیی بەریتانی زۆرە و کۆتایی نییە، بۆیەش کۆشش دەکەن لەگەڵ هەردوو کۆمپانیای ئیبیریا و کۆنتاس یەک بگرنەوە، بەڵام دانوستانەکانیان هەرەسی هێنابوو، بۆیەش لەو رەوشەدا میدیاکان ماوەی سێ رۆژە و لەسەریەک بەردەوام هێرش دەکەنە سەر

ئیدارەکەی ئەو هێڵە لەسەر کەمکردنەوەی پێشکێشکردنی شوکۆلاتە پاش نانخواردنی بزنسمانەکان.

## تەکنەلۆجیا لە باڵەفڕگەی هیترۆ لەگەڵ بەریتانیا هاوشانە

زۆر لە ڕۆژنامەنووسەکان کۆشش دەکەن، نهێنییەکانی ناو کەسایەتییە دیار و ناسراوەکان بدۆزنەوە، دەیانەوێ ڕاستییەکان لەسەر زاری خۆیانەوە بقۆزنەوە، بە دیالۆگ ڕۆژنامەنووسان دەگەنە ناو دۆزینەوەی ڕاستییەکان. بەو شێوازە و بە دیالۆگ دەکرێ خوێنەرەکانمان بکەینە هاوشانی کەسایەتییە دیارەکان، ئەوانەی لە کۆشکە گەورە و لاچەپەکان دەژین و کەم کەس دەستی دەگاتە ئەو هەوارانە، هەر بەو دیالۆگەیە کە ڕۆژنامەنووسان دەگەنە دەروازەی ئەو شوێنانە و لەوێ پاسەوانەکان چەکەکانیان بۆ نەوی دەکەن، هەر بەوەش سەردانی ژنە سکرتێرەکان دەکەین. لەو کاتانە من چاوەڕوانی میوانێکم، بەرپرسەکەش کوپێک نەعناعی دەخواردەوە، ژنە ئەکتەرێکی ئەستێرەی دیاریش لێم نێزیک بوو، ئەو ڕۆمانێکی شارلز دیکنزی دەخوێندەوە.

## ناوداری و میدیاکارەکان

کەمجار ڕووی داوە پێوەندی نێوان کەسایەتییەکی دیار و ژوورنالیستێک ببێتە پێوەندییەکی گەرمی دۆستانە، بە کورتی و بە سادەیی ئەو جۆرە کەسانە پێویستیان بە هاوڕێ و دۆستی نوێ نییە، ئەوانە خەڵکیان زۆرە تا بچنە ناو لاپەڕە شاراوە نهێنییەکان، بۆیەش خەڵکی نوێی ناوێت. دیالۆگی نێوان کەسایەتییە ناودارەکان لەگەڵ ژوورنالیستانەکان تەنیا جۆریکە لە مەشقکردن و بەس، بەڵام کەمترین زانیاری ئەو کەسانە، کە ڕووبەڕوویان لەسەر قەنەفەکە دادەنیشیت، ڕەنگە ئەو کەسەش بۆ کەسە ناودارەکە ببێتە کەسێکی ترسناک، بەڵێ مەترسیدار ئەگەر کەسی دووەم بەرامبەر ژوورنالیستەکە ورد و ژیرانە لەو دیمەنەدا هەڵسوکەوت نەکات. هەموو دەمێک چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد دیمەنەکەمان نەبێت، لەبەرئەوەی بەڕێوەبەری گشتی هێڵەکانی ئاسمانی بەریتانی خۆی بۆ سەفەر ساز دەکرد، ئەو بۆ بەڕێکردنی پشوودانەکەی دەچووە فلۆریدا، لەوێ کیژەکەشی فێری مەشقە سەرەتاییەکانی گەمەی تێنس دەکرد.

ئەو بواری نەدەدام زۆرترین زانیاری لە بەڕێز والش وەربگرم، حەزی نەدەکرد باسی مووچە و ڕەوشی خانەنشینی کارمەندەکان و زۆربوونی گازی کاربۆن یان سازی شوێنی پلە یەکەمەکانی دانیشتنی ناو فڕۆکەکان و پلەی بزنسمانەکان بکەم، یان پێی خۆش نەبوو، قسە لەسەر بابەتی شۆکۆلاتەکەش بکەم. ئەگەر پێشهاتەکانی کۆمپانیاکەیان وا نەبووایە، ئەو دیمەنەش پێویستی نەبوو، بەڵام گوزارشت لەو بۆچوونە کەمێک لاساریی و ناشیرینی دەنوواند.

## من و سەرۆکە بەڕێوەبەرە گشتییەکە

کە سەرۆک نوێنەری سەندیکاکەی بینی، بەیەکەوە لە هۆڵی کۆنگرەکان چل دەقە بەیەکەوە دانیشتن، بڕیاریش بوو پاش دیمەنەکەی من، ئەو لەگەڵ نوێنەرانی کۆمپانیای ئێرباس دابنیشێت، دیمەنەکەمان وا بوو، وەک ئەوەی من دانوستانەکەی نێوان رۆزفلت و تشرشلی مانگی مایۆی ساڵی ١٩٤٣م بڕیبێت. من بەوە بەختیار بووم کەوا گەیشتمە ئەو بەرئەنجامەی بەڕێز والش سەرۆکی یەکێک لە گەورەترین هێڵی ئاسمانییە لە جیهان، بۆیەش نەدەکرا من وەک کەسێکی بزنسمان سەیری نەکەم، دەبووایە رەفتارەکەم لەو روانگەیەوە بێت. ئەگەرچی زۆر لە قسەکانم لەگەڵ بەڕێز والش کۆک نەبووین، بەڵام هەردووکمان مەبەستمان بوو بە جیهان رابگەیەنین کەوا دەزگاکەیان تاقەتی جوولەکردنی ماوە و دەرخستنە داراییەکان مەبەستی سەرەکیمان نەبوو. هەڵسەنگاندنی کۆمپانیایەکی فڕۆکەوانی بە گوێرەی ئەو زیانەی لێیان کەوتووە جێگەی ئینساف نییە، لەبەرئەوەی بازاڕەکانی دنیا ناتوانێت ئەو سات و کاتە جوانانە کە دنیا بە شکۆداری کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی سازی کردووە لە بیر بکرێت. ئەو لۆجیکە لەلای بەڕێز والش ناشاردرێتەوە کە ئەو پێشتر وەک فڕۆکەوانێک لە هێڵەکانی ئاسمانیی بەریتانی کاری کردووە. ئەو لەسەر پێشکەوتنی ئامێرەکان قسەی بۆ دەکردم، دەیوت لەگەڵ ئەو داهاتە نوێیانە بواری فڕۆکەوانی زۆر گەشەی کردووە، بەوەش بوارەکە فراوان بووە، کە فڕۆکەکان بەئاسانی لەناو هەورا بوارەکانیان دەدۆزنەوە و گەشتیارەکان بەئاسانی دەگەیەنن، لەگەڵ گەرمیی دیالۆگەکەمان بڕیارمان دا من و بەڕێز سەرۆکە بەڕێوەبەرەکە ببینە دوو هاوڕێ.

## نموونەی نوێ

والش حەزی دەکرد من بە ناوی ویلی بانگی بکەم، بەیەکەوە چووینە نهۆمی خوارەوەی باڵەخانەکە، لەوێ نموونەی فڕۆکەی ئێرباسە نوێیەکە ئای ٣٨٠ ببینم، کە تێدا دوازدە فڕۆکەی نوێیان کڕیوە تا ساڵی ٢٠١٢ بگەنە سەر ژمارەی فڕۆکەکانی هێڵەکانی ئاسمانیی بەریتانی، کە گەیشتینە بەردەم فڕۆکە نموونەکە، ویلی وتی: تا باشتر یەکەکانی ببینیت دەتوانیت بچینە ژوورەوە، بەوەشیان و لەو دانوستانەدا زۆرتر لەگەڵ پیاوەکە دیمانەکەمان پێ خۆشتر دەبوو، لەوێ بیرۆکەی نووسینی کتێبێک لەسەر باڵەفڕگەی هیترۆم لا زۆرتر گەلاڵە بوو. من بە ویلییم وت: ئەگەر پارەکەم مایەوە ئەوە نووسینەکەم دەکەمە کتێبێک و چاپی دەکەم، پاشان حەز دەکەم وەک نووسەرێک دامەزرێم تا بتوانم ماوەیەکی زۆر لەناو فڕۆکەدا بمینێمەوە، لەوێیەوە سەیری دیمەنی بیابانەکانی ئوسترالیا بکەم. کە قسەکەم تەواو کرد، کابرا بزەیەکی هاتێ، بەنەرمی وەڵامی دامەوە و وتی، بۆ نا؟ بەڕێوەبەرەکە لەگەڵ داوای لێبووردنەوە کە کاتی منی زۆر گرت و منی ماندوو کردووە، داوای لە بەردەستەکانی خۆی کرد، من بگەیەننەوە دەروازەی سەرکردایەتییە گشتییەکەیان.

## باڵەفڕگەکە لە پاش سەعات هەشتی ئێوارە

ئێوارەکان لەناو باڵەفڕگەکەدا کاتی خواستراوی من بوون، لە سەعات هەشتی ئێوارە زۆربەی فڕۆکە ئەوروپاییەکان، بەتایبەتیی ئەوانەی پۆستیان دەگەیاند گەیشتبوون، یان بەرەو شوێنەکانیان فڕیبوون، لەو کاتانە سەبر سەبر باڵەفڕگەکە چۆڵ دەبوو، کافیارهاوسەکەش دوا هێڵکەی ماسییەکانیان دەفرۆشت و کرێکارەکانی پاککردنەوەش بە فلّچەکانیان ئەرزەکەیان خاوێن دەکردەوە. پاش چل دەقەیەک بەو هاوینە خۆر ئاوا دەبوو، چراکان بە کزی دەبینران، ساڵۆنەکەی چاوەڕوانی کەشێکی هەستیاریانەی ناسکی دەکرد. لەو سەعاتەدا زۆربەی گەشتیارەکانی ناو باڵەفڕگەکە بلیتی فڕۆکەکانیان بڕیبوو کە بەرەو ڕۆهەڵات دەفڕین، لەندەنییەکانیش بەرەو سەنگافوورە و سیئوول و هۆنگ کۆنگ و شانگهای و تۆکیۆ و یان بانکۆک دەفڕێن. لەسەر لادیوارێکی پان، نەخشەیەکی گەورەی جیهان هەڵواسرابوو، تێدا دیارە کەوا ئێستا فڕۆکەکانی هێڵەکانی ئاسمانیی بەریتانی لەسەر ئاسمانی کام وڵاتن. لەو کاتانە ١٨٠ فڕۆکە لە سەر وڵاتانی دنیا دەفڕین، کە تێدا پەنجا هەزار گەشتیاریان لەناودا بوو، لەوانە دوازدە فڕۆکەیان لەسەر ئۆقیانووسی ئەتلەسی و پێنجیان لە ڕۆئاوای دوورگەی برمودا و یەکێکیش لەسەر غینیای نوێ بوو. چاودێرەکانی ئەو هێڵە ئاگەداری هەموو فڕۆکەکانیان بوون کە لە ئاسمان دابوون، وەک چۆن دایک و باوکەکان چاویان لە منداڵەکانیانە، چاودێرەکان هەتا فڕۆکەکان دەنیشتنەوە هۆشیان لەکن فڕۆکەکانیانە.

## لە گەراجەکەی چاککردنەوە

هەموو ئێواران ژمارەیەک لە فڕۆکەکان بەرەو گەراجی چاککردنەوە و پشکنین رادەکێشن، لەبەرئەوەی ئەو فڕۆکانە هەتا نۆسەد سەعات دەتوانن بفڕن، ئینجا دەبێ پشکنینی سەلامەتییان بۆ بکرێت، وەک چۆن فڕۆکەی جۆری ٧٤٧ دۆسیەکی تەندروستی هەیە و لەسەری نووسراوە (جی بی ئێن جی ئاتش). بۆ نموونە ئەو فڕۆکەیە لە ساڵی ١٩٩٠ کەوتووتە کار و فڕیوە، لەو ساڵەوە چەندان رووداوی بەسەردا هاتووە، لەوانە سێ جار لەسەر ئۆقیانووس سووتەمەنی لێ رژاوە، لە سان فرانسیسکۆ جارێک تایەیەکی تەقیوە و کە گەیشتووتە باڵەفڕگەی کیپ تاون لە باشووری ئەفریقیا تێدا لاباڵێکی شکاوە، بۆیە ئەو فڕۆکەیە ئێستا لە گەراجە بۆ چاککردنەوە راگیراوە، هەر تەنیا ئەو فڕۆکەیەش نییە لەوێ بۆ چاککردنەوە وەستا بێت. تا ئەو فڕۆکەیەش بە تەواوی چاک دەکرێتەوە سی کارمەندی لێزان هەتا بەیانی کاری لەسەر دەکەن، ئینجا چاکی دەکەنەوە. لە چواردەورەی فڕۆکەکە دەسووڕامەوە، شێوە و ئەندازەکەی سەرسامی کردبووم.

## باڵەفڕگەیەکی ئارام

بەپێی بڕیارێکی حکوومەت فڕین و دابەزین لەو باڵەفڕگەیە پاش سەعات یازدە و چارەگێک دەوەستێت و جووڵەی تێدا نامینێت. لە پاش ئەو کاتە باڵەفڕگەکە هێمن دەبێت، گۆڕەپانە بەرینەکەی کە سەدەیەک پێش ئێستا لەوەڕگەی مەڕ و رەزی سێو بوو، لەو کاتانە کرێکارێک بە ناوی تیری لەو گۆڕەپانە بەرینەی فڕین پشکنینی وردی دەکرد، ئەو لە وردە کانزایەک، پارچە ئاسنێک دەگەڕا، نەوەک لە فڕۆکەیەک کەوتبێتە خوارەوە، یان لە کاتی نیشتنەوەی یەکێکیان پارچە شتێکی وای پەیدا کردبێت. بە ئۆتۆمۆبێلێکی جۆری جێب چووینە ناو گۆڕەپانەکە، ئەرزەکە بە مادەی کاوتش و بۆیاغ کرابوو، ئەو مادەیەی تایەی فڕۆکەکانی لێ دروست دەکرێت... کە لەناو گۆڕەپانەکە پیاسەمان دەکرد مشکێکمان دیت، دیارە کەوا مشکەکە ترساو بوو، ساتێک بە دیار ئێمە وەستا، رەنگە لە لایتی ئۆتۆمۆبێلەکەمان ترسابێت. بوون و مانەوەی مشکێک لەبەر تریفەی مانگەشەوەکە، پاش ئەوەی مرۆڤایەتی لە فڕین وەستا، ئەوەش بە هەموو دڵنیاییەوە مانای ئەوەیە کەوا هێشتا خاک تاقەتی ئەوەی ماوە شێتییەکانی ئێمە هەڵمژێت و بواری بوونەوەرەکانی داوە ئەوانیش ژیانی خۆیان بکەن. کە گەڕامەوە ناو باڵەفڕگەکە هەستم بە حاڵەتی بێداری دەکرد، خەوم نەدەهات، بۆیەش چوومە ئەو مەیخانەیەی کارمەندانی باڵەفڕگەکە رووی تێ دەکەن، یان ئەو گەشتیارانەی کاتی زۆریان ماوە تا کاتی گەشتەکانیان بێت، لەگەڵ ئەوان بێداریی شەوەکەم بەسەربرد.

## دیمانەیەک لەگەڵ ژنە پۆلۆنییەک

لەوێ ژنە پۆلۆنییەکی گەنجم بە مەشروب خواردنەوە داوەت کرد، ئەو وتی من لەسەر شاعیر و رۆماننووسی پۆلۆنی زیگمونت کراسینسکی لە زانکۆی وارشۆ خەریکی دوکتۆرام، بەتایبەتی رۆمانە بەناوبانگەکەی ئاگاج هات ١٨٣٣ و بابەتە دراماییەکانی ناو نووسینەکانی ئەو. ئەو وتی: ئەو لە سەدەی بیستەم لە چاو شاعیر و رۆماننووس ئادم میکیفیکس زوڵمی زۆری لێ کراوە، ئەو بۆیەش ئەو بابەتەی هەڵبژاردووە، تا پۆلۆنییەکان لەو ئەدەبە ئاگەدار بکاتەوە، کەوا لە سەردەمی شیوعییەکان پەردەی بەسەردا درابوو، ماوەیەکی زۆر ئەو نووسەرە بەهیچ شێوەیەک باسی نەدەکرا. کە پرسیم لە لەندەن چیت دەکرد، ئەو وتی: من بەرەو دوبەی دەچم، لەوێ هاوڕێیەکم هەیە سەردانی ئەو دەکەم، بەڵام فڕۆکەکەم دواکەوت، رەنگە فڕۆکەکە بەیانی زوو بگات. هاوڕێی ژنە پۆلۆنییەکە ئەندازیارێکی لبنانییە و ماوەی ساڵ و نیوێکە بۆ چارەسەرکردنی کارنسەری قووڕگ سەردانی نەخۆشخانەکانی لەندەن دەکات، مانگانە دێتە ئێرە، لە هەموو سەفەرەکانی کوڕە لبنانییەکە لە هوتێلی سۆفیتیل شەوێک داوەتی دەکات و لە نهۆمە بەرزەکانی ئەو هوتێلە بەیەکەوە دەمینێنەوە. لە سەعاتی سێ بەیانی گەڕامەوە هوتێلەکەم، لەو سەعاتە یەکەم فڕۆکە لە باڵەفڕگەی

هیترۆ دادەبەزێت، بەوەش کەشێکی رووسی لەو ناوە بەرپا دەبێت.

## هیترۆ ناسنامەی بەریتانییە

جاران گەیشتن و سەفەرکردن کاتێکی زۆری دەویست، دیارە کەوا رەوشە نوێیەکەی تەکنەلۆجیا و گەشەکردنی زۆری ئامێرەکانی گەیاندن، سەفەری ئاسان کردووە، دەتوانیت بۆ نموونە رۆژی سێشەمە لە ئابوجا و ئێوارەکەی هەمان رۆژ لە باڵەفڕگەیەکی تر بنیشیتەوە و دووبارە بچیتە شارێکی تر.

من زۆر بە پاک و خاوێنیی باڵەفڕگەکە سەرسام بووم، رۆژانە تیمەکانی پاککردنەوە باڵەفڕگەکەیان پاک دەکردەوە. کتێب وەرگرتن بە سیستەمێکی جوان لە کتێبخانەکەی باڵەفڕگەکە پێڕەو دەکرا، کۆڵانەکانی هاتوچۆی باڵەفڕگەکەش بۆ گەشتیارەکان ئارام و ئاسان بوو. هەر منداڵێک کە روو لە شوێنی تایبەتی یاریکردن، دەستە قەڵەمێکی رەنگ و قوودیێک حەلوای پلاستیکی لە شێوەی جۆرەها ئاژەڵ بۆ یادگاری وەردەگرێت، بەریتانیا بۆ هەندێ ئەو منداڵانەی لە ئەریتریا یان لە وڵاتی سۆماڵ روو لەو وڵاتە دەکەن، بە وڵاتێکی زۆر دەوڵەمەندی دەزانن، کە هەموو پێویستییەکان بۆ منداڵان دابین دەکەن. ساڵۆنەکەی پێشوازی زۆر گەورە و جوانە، بۆیەش گەشتیارەکان دەتوانن بەبێ کێشە و بە عارەبانەکانیانەوە چاوەڕوانی جانتاکانیان بکەن و هەموو ئامێرەکانی ئەو خزمەتگوزارییە ساز و نوێیە. کۆمپانیای ڤاندرلاند ئاندوستریزی هۆڵەندی ئەو کارە جێبەجێ دەکات، ئەوان لە کاری دابەشکردنەوەی پۆستەوە ناویان بە باشی و بە کارامەیی رۆیشتبوو، بۆیەش ئیمڕۆ بووە بە کۆمپانیایەکی پێشەنگ لە بواری ئیدارەی گەیاندنی کەلوپەلی گەشتیارەکان بەئەمانەت و بەخێرایی. لەو باڵەفڕگەیەدا هەموو سەعاتێک نێزیکەی دوازدە هەزار جانتا بە ١٤٠ ئامێری سکانری چاودێری و پشکنینی بۆ دەکەن، پاش دڵنیابوون لە نەبوونی هیچ مادەیەکی ترسناکی تەقینەوە بەرێ دەکەن، هەموو جانتاکان بە رۆبۆتی تایبەتی ساز دەبن تا بەرەو فڕۆکەکانیان بار بکرێنەوە.

## فرمێسک و شادی و بەڕێکردن و ژوان لێرە ئاوێتە دەبێت

هەندێ لە گەشتیارەکان لە هاتن و وەرگرتنەوەی جانتاکانیان تووڕە و ماندوو دەبن، لەبەرئەوەی لەو گەشتە ئاسمانییەدا ماندوون، جانتاکان بە جۆرەها رەنگ و قەبارە بەردەم گەشتیارەکان دەسووڕێنەوە، هەمووش بەیەکەوە هێرش دەبەنە سەر جانتاکان، کەسیان بواری یەک بستی ئەوی تر نادات، هەموو بەپەلەن. جانتاکان کەسایەتیی خاوەنەکەی دەگەیەنێت، رەنگە جانتایەک پڕ مایوی ژنانەی رەنگ کەسکی کاڵ بێت، یان لەناو یەکێک لە جانتاکان کتێبی نیگەرانی لە شارستانیەتی فرویدی تێدا بێت، یان جانتایەک رۆبێکی دزراوی گەرماوی هوتێلێکی شیکاغۆ و

چەند دانە حەبی ئارامبوونەوەی لەناو دابێت، شوێنەکە گونجاوە، رەنگە لێرە بیر لەوە بکەیتەوە جانتای ئەو خەڵکە چی تێدایە!؟ هەموویان گوزارشت لە نەفسیەت و کەسایەتیی خەڵکەکە دەکات.

## هەستکردن بە تەنیایی

کە جانتاکان وەردەگیرێنەوە، خەڵکەکە چاپوکانە دەچنە دەرەوە، بەڵام کە کەس لە پێشوازییاندا نابینن، هەست بەنائومێدی و تەنیایی دەکەن، خۆش نییە کەس چاوەڕوانت نەکات. رەنگە کەسێکی دیاریکراو هەبێت مەبەستی بوویێت چاوەڕوانت بکات، یان تۆی خۆش دەوێت، بەڵام لەبەر سەرقاڵبوون بە کارێک، یان ئەوان لەبەر مەسەلەیەکی تایبەتی بۆیان نەکرابێت بێتە پێشوازی ناسیارەکانیان، ئەوەیان ئاساییە، مەسەلەکە پێوەندی بە کەسی دووەمەوە هەیە، بەڵام حەزکردن بە پێشوازییەکی گەرم لەلایەن هەموو کەسێکەوە هەستێکی منداڵانەیە کە لەو تەمەنەوە مرۆڤ حەزی لێ دەکات، بۆیەش دیارە کەوا ژیان بێ سۆز و هەستی منداڵی هیچ نییە، ژیان بێ ئەو نازە سوودی نییە.

هەموو گەشتیارەکان کە دەگەنە ساڵۆنی پێشوازییەکە روویان خۆشە، ئارەزوویانە دەمیان بە خەندە بێت، کە گەشتیارێک تەنیا دەمێنێتەوە ناکرێ پێناسەی رەوش و حاڵەتی ئەو کاتانە بکەیت، ئاسان نییە، کەسە تەنیاکان دوودڵ و نیگەران و تەنگەنەفسن، لەبەرئەوەی خەڵکەکە هەموویان لەگەڵ هاوڕێیەک، دۆستێک، ناسیارێک یان کارمەندێکی کۆمپانیایەک کۆ دەبنەوە. دوو مەتر لە من دوور کوڕێک بە بەدلەیەکی سپۆرت وەستابوو، رووی جوان و گەشاوە بوو، لەو چاوەڕوانییەدا، بەخۆشحاڵییەوە ئەو کیژەی چاوەڕوانی دەکرد گەیشت، لێوی ماچ کرد و دەستی گرت و بەخۆشییەوە بەیەکەوە رۆیشتن.

گافان کوڕێکی گەنج بوو، ماڵەوەیان لافیتەیەکی گەورەیان بۆ پێشوازی بەرز کردبووە، هەموو بەسۆزەوە چاوەڕوانیان دەکرد، ئەو دوو ساڵ بوو سەفەری کردبوو، ئەو ماوەیە ئەو لە نێوان فیجی و ئوسترالیای بەسەربردبوو، لەگەڵ دڵشادی هەموویان من خۆزگەم بەو کوڕە دەخواست، لە دڵی خۆمەوە دەموت، خۆزگەم بەو کوڕە سەفەرێکی خۆشی کردووە و بەگەرمیش پێشوازی کرایەوە.

## ساتەکانی بەیەکگەیشتنەوە

کە رێژەی جیابوونەوە لەو کۆمەڵگە نوێیەماندا زۆر بووە، رێژەی هەڵوەشاندنەوەی خێزان و دوورکەوتنەوەی دایک و باوک لە منداڵەکانیانیش زۆر بووە، بۆیەش کە دەبینیت منداڵێک لە ئامێزی دایک و باوکی بەگەرمی پێشوازی لێ دەکرێت، حاڵەتێکە ناکرێ بەرگە بگریت، کە دەبینیت باوکێک لەکاتی وەرگرتنەوەی منداڵەکە دەبێتەوە منداڵ و بەجۆشەوە دەگرێت، وەک منداڵێک بۆ گەمە شکاوەکەی، یان یارییە ونبووەکەی دەگرێت، حەقیەتی ئەو چەند ساڵە ئەو منداڵەی لێ دوورە، ونی

کردووه، ئیتر سۆزەکە لەو پێشوازییە گەرمانەدا دەبینرێت. ئێمە لەو رۆژانەی کارکردن و ژیان، کە تژییە لە خەباتکردن کۆشش دەکەین خۆمان بە کەسانی بەهێز و خۆراگر نیشان بدەین، بەڵام لەو ساتانە راستییەکانمان دەردەکەوێتەوە و دەبینەوە کەسانی هەستیاری ناسک و زۆر لاواز. بۆیەش ئێمە دەبێ کار بکەین، هاوکاری ئەو کەسانە بکەین کە پێویستی زۆریان بە هاوکاری و بە پشتیوانی هەیە، تا دڵیان خۆش بکەین، تا نازیان بکێشین.

دوو کەس لە شنگهای هاتبوون، تا لە ئامۆژگەی تایبەتی بە دوو مانگ فێری زمانی ئینگلیزی بن، هەستی ئەو دوو کەسم زۆر بەسۆزەوە دەبینی. محەمەد چاوەڕوانی کیژێکی بە ناوی کریس دەکرد کە لە سان فرانسیسکۆوە دەهات، ئەو لە لاهور لەدایک بووە و لە ساوس هال دەژیت، کیژەکەش لە بورتلاند لە ولایەتی ئاوریگۆنی ئەمەریکی لەدایک بووە و ئێستاش لە سیلیکۆن ڤالی دەژیت، کەس ناتوانێت پێوەندی ئەو دوو کەسە بزانێت، لەبەرئەوەی یەکەمیان کەسێکی شوفێر بوو، دووەمیشیان نەفەری ئەو بوو، بۆ گەیاندنی چاوەڕوانی دەکرد.

بەیەکگەیشتنەوە و ژوانی چاوەڕوانی لەناو باڵەفڕگەکان زۆرە، زۆرن ئەوانەی بە مانگ بە ساڵان لەیەک دوورن و چاوەڕوانی ژوانێکی شادومان دەکەن، کەسێکم بینی وتی، من دوازدە سەعاتە چاوەڕوانم، کە فڕۆکەکە دەیویست بنیشێت کابرا لەو نیشتنەوەیەدا دەترسا، فڕۆکەکەش لە باکوری ئیرلەنداوە بە بەرزی نۆ هەزار مەتر هاتبوو. دوو عاشق، بەگەرمی بەیەکەوە نوسان، سەعاتی دەستم گرتەوە، هەشت دەقە یەکتریان مژی، ماچەکەیان درێژ بوو، دەبووایە لێوی یەکتر بەربدەن و بەرەو ئۆتۆمۆبێلەکەیان بڕۆن و لە دەروازەی باڵەفڕگەکە دەربچن، ئیتر چارەنووسە و وایە، هەر دەبێ دەست لەیەک بەربدەن، بەو دیمەنە من چاک تەسلیم بووبووم ئاگەم لە خۆم نەمابوو.

## بەرئەنجامێکی لە ناکاو

سەفەرکردن بە ئاسمان چەندان خەسڵەتی هەیە، وەک ئاسانی، ئەمان و ئیسراحەت، وا گەشتەکەی منیش تەواو بوو، لە هوتێلەکە داوای سەندویچێکم کرد، ئەو ئەزموونە بۆ نووسەرێک ئاسایی نییە، بۆیە نازانم بۆ بگەڕێمەوە ماڵەوە، دیسان بگەڕێمەوە ژیانە ئاساییەکەی خۆم ئاسان نییە، خەڵکەکەش پاش گەشتێکی دوور و ماندووبوون دەگەڕێنەوە سەر کارەکانیان.

ئەو بابەتە بە زەنجیرە لە رۆژنامەی ئەلقەبەسی کوێتی لە رۆژانی کۆتایی مانگی ئەپریلی ٢٠١١ بڵاو کراوەتەوە. وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: سەلیمە لەبال

# دوکتۆر ئەحمەد ئەلتەیب
# نموونەیەکی ئیسلامیی میسری پێشکەوتنخوازە

ئامادەکردنی شێرزاد هەینی

شێخەکەی ئەزهەر لە میسر بە زمانی ئەو سەردەمە کەسێکی مودێرنە، ئەو پیاوێکی ئەکادیمییە و زمانی فرەنسی و ئینگلیزی قسە دەکات، بڕوای تەواوی بە ڕۆڵی زانست لە ژیان و لەناو کۆمەڵگەدا هەیە وەک پەیام و بەرنامە، لە زانکۆی سۆربوونی فرەنسی دەرسی خوێندووە و دەرسیش دەڵێتەوە، بۆ دەرسوتنەوە گەیشتووەتە سویسرا و ئینجا لە زانکۆکانی قەتەر و ئیمارات و سعوودیە و پاکستان وانەبێژ بووە، ئەو بەوە ناسراوە کە پیاوێکی بە جورئەتە، ئازایە، بەشداری کردووە لە وەرگێڕانی چەندان کتێبی فرەنسی بۆ عەرەبی، کەسێکی ڕووناکبیر و میانرەو و لێبووردەیە.



دوکتۆر ئەحمەد ئەلتەیب

ئەو بە بەڵگەنامەکانی ئەزهەر دوارۆژی میسری وێنا کردووە، مەبەستیەتی وڵاتەکە ببێتە دەوڵەتی دەستووری بە سیستەمێکی دیموکراسی، کە تێیدا ئازادییە سیاسییەکان پێڕەو بکرێت، مافەکانی مرۆڤ و ژنانیش بگرێتەوە، سەربەخۆییەکان بپارێزێت و شێخیش تێدا لەلایەن دەستەی زانایانی ئاینییەوە بە هەڵبژاردن بێت، کەواتە دوکتۆر ئەحمەد ئەلتەیب نموونەیەکی ئیسلامیی میسری پێشکەوتنخوازی داناوە، کە تێدا دامەزراوەکان، کارەکتەرە نیشتمانی و سەربەخۆییەکەی هەبێت کە لە بەشێکی زۆری لەوانە بێ بەش بووە، ئەوەش وەک شۆڕشێک بوو لەسەر گەنجینە کۆنە چەقبەستووە ساردەکەی جاران، وەک شۆرشێکی ریفۆرمخواز بوو، بەپێی لێدوانەکەی دوکتۆر ئەحمەد ئەلتەیب ئیسلام لەناو تەشریعاتەکانی دەوڵەتی ئاینی نەناسراوە.

ئەو شێخێکی کراوەیە و بیر لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەدەنیی هاوچەرخ دەکاتەوە، کە تێدا کەهنوتەکان رۆڵیان تێدا نەبێت، کۆشش دەکات پڕۆژەیەکی سەربەخۆ بۆ دەزگای ئەزهەر و دەستەی گەورە پیاوانی ئاینی دامەزرێنێت، هەموو پرۆگرامەکانی ئەزهەر بگۆڕێت و رۆڵی هزرییە ئەسڵییەکەی بگەڕێتەوە. بەرنامەیەک بێت فرەلایەن و بڕوای بە دیالۆگ و دەستەبەرکردنی عەقلانییەت و لێبووردەیی بکات و لە وشکی و چەقبەستوویی و توندڕەویی دووری بکاتەوە.

ئەو لە تەمەنی دەساڵییەوە و لە ساڵی ١٩٥٦ لە قوتابخانەکانی ئەزهەر دەستی بە خوێندن کردووە، ئەو وتویەتی من لەسەر یەک مەزهەب نیم، من موسڵمانێکی، مالکی بم، یان شافعی یان حەنبەلی بم گرینگ نییە و نابێ هیچ لەو مەزهەبانە خۆیان لەسەر مەزهەبەکانی تری ئاینی ئیسلام فەرز بکەن، لەبەرئەوەی بەوەیان فتنە و دووبەرەکی بڵاو دەبێتەوە، لەبەرئەوەی ئەزهەر بۆ هەموو موسلمانێک وەک یەکە و جیاوازیی نێوان مەزهەبەکان ناکات.

شێخی ئەزهەر ئەوە بە حەرام دەزانێت ئەگەر پێڕەوێکی ئیسلام لەسەر کەسانی غەیری موسلمان فەرز بکەیت، ئەوە بە جۆریک لە جۆرەکانی توندڕۆیی پێناسە دەکات، بە بۆچوونی ئەو ئاینی ئیسلام رێگەی بەوە نەداوە بڕوا و ئیمانی خۆی بە سەر خەڵکانی تر بسەپێنێت، لەبەرئەوەی ئەوەیان جۆرێکە لە تەبشیرکردن، کە پارە تەرخان دەکەن لە وڵاتانی دەرەوە کتێبی پێ چاپ بکەن، یان ئەوانەی پارە دەدەنە گەنجان تا بڕوا و ئاینیان پێ دەگۆڕن، ئەو کارانە بە نادروست دەزانێت. لەبەرئەوەی ئەزهەر دەزگایەکی زانستییە و دوورە لە بزاڤە سیاسییەکان، بۆیەش ناکرێ پڕوپاگەندە و لایەنگیری بۆ هیچ لایەنێک بکات. ئەلتەیب کەسێکە بایەخ بە زانست و فێربوون دەدات، لە هزری ئەودا، ئیسلام ئاینی هزر و رۆشنبیری و شارستانییە، جا ئەوەی لەو بازنەیە دەربچێت دژایەتیی ئاین و دیالۆگ دەکات، ئەو بەردەوام جیاوازی دەکات لە نێوان دەوڵەتی ئیسلامی و دەوڵەتی ئاینی.

شێخ ئەلتەیب لەگەڵ جوولەکەش لێبووردەیی هەیە، ئەو تێزی دوکتۆراکەشی لەسەر فەیلەسووفێکی عەرەبی جوولەکە بووە بەناوی ئەبوئەلبەرەکات بەغدادی، زۆریش بەسۆزەوە کاری

لەسەر کردووە و هاوسۆزیشی لەگەڵ ئەو دەربڕیبوو، کە لە فرەنساش بووە لەوێ لەگەڵ زانا جوولەکەکان دیمانەی زۆر بووە و سوودی لە زانستە قووڵەکانی ئەوان بینیوە.

دیارە هەموو کەسێک ئەو بوارەی بۆ نارەخسێت بگاتە ئەزهر بۆ خوێندن، ئەو لە تەمەنی دە ساڵییەوە و لە ساڵی ١٩٦٥ەوە خوێندنە سەرەتاییەکانی ئاینی و لە خوێندنی نامیلکەکانی ئیسلامییەکانەوە هەتا لەبەرکردنی قورئان هەر لەوێ بووە، باوکیشی یەکێک بووە لە زاناکانی ئەزهەر و باپیری سەرۆکی ئامۆژگەی ئەزهەری شاری قەنا بووە. لە بەشی ئەدەبی دواناوەندی دەخوێنێت و ئینجا دەچێتە کولێجی ئوسولی ئاین و لە ساڵی ١٩٦٩ خوێندنی ئەوێ تەواو دەکات و لیسانس وەردەگرێت و لە ساڵی ١٩٧١ ماجستێر لە بواری عەقیدە و فەلسەفە و دوکتۆرای لە ساڵی ١٩٧٧ وەرگرتووە، وەک ئوستاز و پاشان وەک راگری کولێجی دراساتی ئیسلامی لە پارێزگای قەنا و دوایی لە ئەسوان لە ساڵی ١٩٩٩ دەبێتە راگری کولێجەکەیان.



بۆچوونی رووناکبیریی هەبووە و وەک شێخێکی تەریقەتی سۆفیگەریش بووە، هەروەها کەسێکی سۆفییە و بڕوای بەو رێبازەیە، ئەگەرچی پێش ئەو شێخەکانی ئەزهەر بڕوایان بەو تەریقەتانە نەبووە. لەبەرئەوەی ئەو هەردوو زمانی فەرەنسی و ئینگلیزیی بە باشی زانیوە بۆیەش چەندان سەرچاوەی لە فەرەنسییەوە کردووە بە عەرەبی، وەک وانەبێژیش لە زانکۆکانی ئەوێندەرێ کاری کردووە.

لەو کاتانە کراوە بە سەرۆکی زانکۆی ئەزهەر چەندان رێکەوتننامە و کرانەوە لەسەر جیهانی ئیسلامی کراوە، چەندان کولێج و ئامۆژگەی سەرووی خوێندنی ئامادەیی کردووەتەوە، یەکێک لەو تەنگژانەی کە ئەو چارەسەری کردووە، کێشەی بوونی میلیشیایەکانی خوێندکارەکانی ئەخوان ئەلموسلین بووە لە زانکۆکە، ئەو زۆر بەتوندییەوە دژایەتیی ئەوانی کردووە، لەو رووبەڕووبونەوەیەدا ١٨٠ لەو خوێندکارانە لە شارە زانکۆییەکەی زانکۆی ئەزهەر دەگیرێن. لەو کاتانە وتبووی: ناکرێ زانکۆکەمان ببێتە مەیدانی ئەخوانەکان، یان زانکۆکەمان ببێتە زانکۆی حەسەن ئەلبەنا. بەوەش دەزگا فەرمییە حکومییەکانی دڵشاد کردووە و رەوتی ئەخوانەکان و یاوەر و دۆستەکانی ئەوانی نیگەران و تووڕە کردووە.

ئەو فەتوا دەدات، کەوا موسڵمان بۆیان هەیە کهول بفرۆشن، ئینجا ئیشکردن لەو بوارە چ لەناو

ولاتانی موسڵمان بێت یان لە دەرەوەی جیهانی موسڵمان، دەکرێ کەسی موسڵمان ئیش لە بازاڕیکردنی مەشرووب بکات. ئەوەش موسڵمانەکانی نیگەران و تووڕە کردبوو، چەندان زانای ئیسلامی ڕاگەیاندنیان دژ بەو فەتوایەی ئەو ڕاگەیاندبوو، شێخەکەی ئەزهەر ڕووپۆش بە عادەتێکی کۆنی عەرەبی ناو بردبوو، بەڵام حیجابی بە فەریزەیەک زانیوە، لە ساڵی ٢٠١٠ بڕیارێکی زۆر بە جورئەت دەدات کە داوا دەکات مێینەکانی ناو زانکۆی ئەزهەر نیقابەکانیان لەناو ژوورەکانی تاقیکردنەوە و لە حەرەمی زانکۆدا لەبەر دابگرن، لەبەرئەوەی چاودێرەکانیان ژنن و پێویست بەو نیقابە ناکات. یەکێک لە فەتوا هەرە دیار و باڵکێشەکانی ئەوە بوو کەوا ژنان دەتوانن پێشنوێژ بۆ پیاوانیش بکەن و مردووی موسلمان دەکرێ مۆمیاش بکرێت. ئەو بەر لەوەی ببێتە موفتیی میسر بەدلەی ئاسایی لەبەر کردووە، کە دەگاتە ناو خانەی ئیفتا لەوێ بەدلەکە لەبەر دەکاتەوە و پۆشاکی ئەزهەری لەبەرکردووە، ئەویش وەک دوکتۆر فەرید نەسری کردبوو.

ئەو لە زانکۆی سۆربون خوێندوویەتی و دەرسی وتووتەوە، لە زانکۆی ئیسلامی جیهانی لە پاکستان مامۆستا بووە، لە ساڵانی ١٩٩٩ و ٢٠٠٠دا وەک ڕاگری کولێجی ئوسولی ئاین کاری کردووە و لە زانکۆی ئیمان محەمەد بن سەعوود لە ڕەیاز و لە زانکۆی قەتەر و لە زانکۆی ئیمارات مامۆستایەتیی کردووە،

شێخێکی ناوداری تەریقەیەکی بەربڵاوی ناو میسر بووە، بە دامەزراندن لە ئەنجوومەنی باڵای تەریقەتەکانی سۆفیگەری دانراوە، شێخی تەریقەتی ئەحمەدی خلقییە کە لەلایەن باوکیەوە لە ئەسوان دامەزراوە، ئەو زۆریش دوور بووە لەو قسانەی لەلایەن سەلەفییەکانەوە دەگوترا، کەوا سۆفیگەرایەتی بودعەیییەکە. ئەوانەی کاریان لەگەڵ شێخ ئەحمەد ئەلتەیب کردووە ڕێزی زۆری دەگرن، هەموو دەڵێن پیاوێکی ڕێزدارە و پێشوازی گەرمی میوانەکانی دەکات، وەک پاپای فاتیکان لەسەر بڕیارەکانیدا یەک قسە و توندە، لە کاتی پێویستدا لە بۆچوونەکانی پەشیمان نابێتەوە. ئەو سوور بوو لەسەری ئەوەی ئەگەر پاپا داوای لێبووردن لەو لێدوانەی نەکات کە سووکایەتی بە ئاینی ئیسلام کردووە، نە دۆستایەتی دەکات و نە لە دیالۆگی نێوان ئاینەکانیش بەشداری دەکات. ئەلتەیب لە ماڵەکەی خۆی لە ناوچەی ئەلسەعید وەک کەسێکی ئاسایی ژیاوە و گەلابییەی لەبەر کردووە، بە دەستی خۆی نانی لە بەردەم میوانەکانی داناوە. ئەو هەڵسوکەوتی لەگەڵ پیاوانی ئاینی کریستیان و لە سەرووی هەموومانەوە پاپا شنودە پاپای ئەسکەندەریە و باتریریکی کەرازەی مرقسەیە خۆش و گەرم و چاکخواز بووە.

پۆستی شێخی ئەزهەر لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکان وەک سەرۆکایەتی زانایانی ئاینی و بۆ سەرپەرشتی کاروبارە ئیدارییەکان دامەزراوە و تا ئێستە ٤٨ کەس شێخایەتی ئەزهەریان کردووە، لەوانە یەکەمیان شێخ محەمەد عەبدوڵڵا ئەلخرشی مالکی بووە کە لە ساڵی ١٩٦٠ کۆچی دوایی کردووە، دوا شێخی ئەزهەریش دوکتۆر ئەحمەد ئەلتەیبە، لە ساڵانی شەستەکانەوە لەلایەن سەرۆکایەتیی کۆمار و بە فەرمانی کۆماری شێخەکان دانراوە، ئەو شێخەی دادەمەزرێت هەتا لە

هەوراز ئەمین

ژیاندا مابێت لەو پۆستە دەمێنێتەوە، واتە هەتا مردنە، بەڵام سیستەمی باوی ئەو زانکۆیە هەتا کۆتاییی سەدەی یازدەی کۆچی بە هەڵبژاردن بووە، لە سەرەتاوە لەناو زاناکانی ئەزهەر هەڵبژاردنیان دەکرد.

پێکهاتەی ئەزهەریش بریتییە لە مزگەوتی ئەزهەر و زانکۆی ئەزهەر و ئامۆژگەکان و دەزگاکانی توێژینەوەی ئەزهەر، ئەوانەش لەلایەن شێخی ئەزهەرەوە سەرپەرشتی دەکرێن، مزگەوتەکە لەلایەن دەوڵەتی فاتیمییەکان لە ساڵی ٩٧٠ی زاینەوە دروست کراوە، زانکۆکە لە ڕووی پراکتیکەوە پاش زانکۆی قەرەوین وەک زانکۆیەکی ئیسلامی زانستی دێت، کە تێدا بیست هەزار خوێندکاری موسڵمان لە ١٠٤ وڵاتدا دەرسی تێدا دەخوێنن.

پرۆفایلی دوکتۆر ئەلتەیب:

* ئەحمەد محەمەد ئەحمەد ئەلتەیب

* لە گوندی قورنەی ئوقسری میسری لە ساڵی ١٩٤٦ لەدایک بووە.

* لە بواری عەقیدە و فەلسەفە لە زانکۆی ئەزهەر لە ساڵی ١٩٦٩ لیسانسی وەرگرتووە، هەر لەوێ ماجستێری وەرگرتووە و دوکتۆرای لە سۆربوون وەرگرتووە.

* ئەو وەک ڕاگری بەشی عەقیدە و فەلسەفە لە زانکۆی ئەزهەر لە ڕۆژی ٢ی مانگی یونیۆی ساڵی ١٩٦٩ کاری کردووە، وەک ئوستازی یاریدەر لە زانکۆی ئەزهەر و ئوستاز لە هەمان زانکۆ کاری کردووە و هەتا ئێستەش لەو زانکۆیە مامۆستایە.

* لە نێوان ساڵانی ١٩٩٠ هەتا ١٩٩٩ لە پارێزگای قەنا و ئەسوان وەک ڕاگری دراساتی ئیسلامی و عەرەبی بووە و لە زانکۆی ئیسلامیی پاکستانیش کاری کردووە.

* لە ڕۆژی ١٠ ی مارسی ٢٠٠٢ و هەتا ٢٧ ی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠٣ بووە بە موفتیی کۆماری میسری عەرەبی و ئینجا بە سەرۆکی زانکۆی ئەزهەر دانراوە، مەرسوومەکەشی لە مانگی مارسی ٢٠١٠ وەک شێخی ئەزهەری بۆ دەردەچێت.

* دوکتۆر ئەلتەب ئەو پۆستانەی بینیوە، وەک سەرۆکی لیژنەی ئاینی لە یەکەتیی ئێستگە و تەلەڤزیۆنەکان، ئەندام لە سکرتاریەتی یەکەتیی ئێستگە و تەلەڤزیۆنەکان، ئەندام لە ئەکادیمیای توێژینەوە ئیسلامییەکان، ئەندام لە ئەنجوومەنی باڵای کاروبارە ئیسلامییەکان، ئەندام لە کۆمەڵەی فەلسەفەی میسری.

* چەندان کتێب و توێژینەوەی نووسیوە و وەرگێڕاوە.

# عەرەبستانی سعوودی
# لە بەهاری عەرەبی دەترسێت

میشێل توومان

فەرمانڕەوایانی عەرەسبتانی سعوودی، لە بەرامبەر بەهاری عەرەبیدا هەست بە ترسێکی گەورە دەکەن و ئەم بەهارە وەکو هەڕەشەیەک بۆ خۆیان دەبینن. هەر لەبەرئەوە هەڵمەتێکی گەورەیان دژ بەم شۆڕشە دەست پێ کردووە.

لە گەرمترین شارەکانی جیهاندا، بریندار، کوژراو خەڵکی ماندوو دەبینین. زەین عابدین بن



عەلی یەکەم کەس بوو، کە وڵاتی بەجێ هێشت و لە سەرەتای ساڵی نوێوە خۆی لە یەکێک لە کۆشکەکانی شاری جیدەی سعوودی لەسەر دەریای سوور دەبینێتەوە. پێش چەند هەفتەیەک عەلی عەبدوڵڵا سالیحی فەرمانڕەوای یەمەن، بە دوای پەناهەندەیی لە عەرەبستانی سعوودی دەگەڕا، پاش ئەوەی فیشەکێک لە نێزیکی دڵی نیشتەوە. تەنیا حوسنی موبارەک فریای خۆی نەکەوت و هیچی دەست نەکەوت. لەشکری میسری نایەوێت فیرعەونە لەسەر تەخت لابراوەکە لە وڵات دەری بکات، بەڵام هەڕەشەی دادگاییکردنی لێ دەکات. لەوانە بێت ریاز و جیدە نەبنە ئۆردوگایەکی

---

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

پەناهەندە، بەڵام هەتاوەکو ئێستا باشترین شوێن بۆ هەموو ئەو دیکتاتۆرانەی کە لەسەر تەختی دەسەڵات لابراون. لە ئێستادا عەرەبستانی سعوودی، بەهێزترین قەڵای ڕۆهەڵاتی ناوینە. بەڵام ئەم میرنیشنە لە هەموو لایەکەوە پاڵەپەستۆی گۆڕانی لەسەرە. بەهاری عەرەبی وڵات لە دوای وڵاتی عەرەبی دەگرێتەوە، تەنانەت بەحرەینی دراوسێشی گرتووەتەوە، ئەو وڵاتەی کە دەکەوێتە کەنارەکانی ڕۆهەڵاتی سعوودییەوە. ماوەی چەندان ساڵە، تیرۆریستەکان سعوودیەیان کردووەتە نیشانەی خۆیان و چەندان پەلاماری تیرۆریستیانەیان لەم وڵاتەدا بە ئەنجام گەیاندووە. لەوبەری کەناری کەنداوی فارسیشەوە، ئێران گەورەترین بەرنامەی ئەتۆمی دادەڕێژێت. بە واتایەکی تر، لە هەموو لایەکەوە نائارامی و پشێوی دەوری داون، وای کردووە کە باری ئەم میرنشینە بشڵەقێنێت، کە بۆ ماوەی هەشتان ساڵە حاکمی ئەم وڵاتەن. ئەمان وا هەست دەکەن، کە باری ئارامی و ئاسایشی ناوچەکە تێک چووە و ئەمانیش ئەو ڕۆڵە بەهێزەی جارانیان دەدۆڕێنن.

کاتێک لە مەیدانی تەحریر لە میسر، پاش ڕووخانی موبارەک، دەنگی خۆشی و شادی هەموو وڵاتی گرتەوە، دەنگی قەبرستان و سەمفۆنیای مەرگ و ناخۆشی بەسەر ریازدا زاڵ بوو. بەڵام یەکسەر سعوودییەکان خۆیان بۆ هێرشێکی دژ ئامادە کرد. یەکسەر دەستیان کرد بە ناردنی لەشکر بۆ بەحرەین، بۆ ئەوەی خۆپیشاندانەکانی ئەو وڵاتە سەرکووت بکەن. هەروەها ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری کەنداو (کە بە GCC ناسراوە کەوتە خۆی، کە ئەمەش بریتییە لە ئۆرگانێکی سیاسی لە نێوان دەوڵەتەکانی کەنداودا، ئامانجی سەرەکیی ئەم ڕێکخراوەش بوو بە ڕووبەڕووبوونەوەی شۆڕشە عەرەبییەکان. هەروەها داهاتی وڵاتەکانیان بەسەر ناوەوە و دەرەوە دابەش کردووە، بۆ ئەوەی قەڵاکانی خۆیان بەهێز بکەن و ڕێگە لە ڕیڤاڵە ناشرینەکەیان " ئێران" بگرن.

کاتێک ئاسۆی ڕێژیمەکەی حوسی موبارەک بەرەو لێژی ڕۆیشت، یەکسەر بنەماڵەی ئال سعوودی فەرمانڕەوا، بە قووڵی دەستیان کرد بە گیرفانیاندا، پارەیەکی زۆریان بەخشییەوە، بۆ ئەوەی دژایەتیی شۆڕشی پێ بکەن و نەهێڵن لە وڵاتەکەیاندا شۆڕش ڕوو بدات. پاش ئەوەی نرخی یەک بەرمیل نەوت گەیشتە سەروو ١٠٠ دۆلار، پارەیەکی زۆر کۆبوویەوە و توانرا بەسەر خەڵکیدا دابەش بکرێت. ئەو (پاکەتە دیارییەی)، کە عەرەبستانی سعوودی بۆ خەڵکی ئامادە کردووە، هێندەی ئەو بڕە پارەیەیە، کە یەکەتیی ئەوروپا بۆ وڵاتی یۆنانی ئامادە کردووە، کە دەگاتە نێزیکەی ١٣٠ ملیار دۆلار. ئەم بڕە پارەیە بەسەر کۆمەڵێک پرۆگرامدا دابەش کرا.

خانوو دروستکردن بۆ ئەو خێزانانەی کە منداڵیان زۆرە و هەژارن، بەرزکردنەوەی مووچەی هەموو کارمەندانی حکومی، هەروەها پارەیەکی باشیشی بەخشییە، پیاوانی ئاینی و دەزگا ئاینیەکانی خۆیان. لە هەمان کاتیشدا، یاسایەکی نوێیان بۆ میدیاکان دانا.

هەرچەندە مەلیک عەبدوڵڵا بەبێ ئەم بەرنامانەش، لەناو خەڵکی سعودیدا جەماوەری هەیە. کاتێک لە سەرەتای مارس دا، کۆمەڵێک گرووپ داوای مانگرتن و خۆپیشاندانیان کرد، هەرچەندە مانگرتن و خۆپێشاندان یاساخە، بەڵام خەڵکێکی زۆر کەم بەدەنگ ئەم بانگەوازەوە چوون.

## وەزیری دەرەوە پێشتر شۆڕشی ئێرانی بینیووە

عەرەبستانی سعوودی وڵاتێک نییە کە لەلایەن دیکتاتۆرێکی خوێنمژەوە حوکم بکرێت، بگرە ڕێژیمێکی مەلیکی ڕەهایە "مطلق". هەرچەندە ڕێگە دەدەن هەڵبژاردنی شارەوانی بکرێت و هەروەها سیستەمێکی باشی کۆمەڵایەتی " سۆسیال" هەیە، لە هەمان کاتیشدا دەزگای ئاسایشیش وەکو پاڵپشتی سەرەکی بۆ ئەم ڕێژیمە دادەنرێت. کێشەکە لە خوێنمژی و دڕندەیی ڕێژیمەکە نییە، بگرە لە سیستەمی حوکمە. ریفۆرم پێویستی بە گیانێکی زیندوو هەیە، لە کاتی ئێستادا بەشێوەیەکی هێواش و ئاسایی لە " ریاز" دا بەڕێوە دەچێت. دەسەڵاتی فەرمانڕەوای سعوودی، هیچ گوێ بە تەکنیکی نوێی ئینتەرنێت و " شۆڕشگێرانی فەیسبووک " نادەن. وەزیری دەرەوەی سعوودییە " سعوود ئەل فەیسەڵ" کە تەمەنی حەفتا ساڵ دەبێت، زۆر باش ساڵی ١٩٧٩ی لە بیرە، ئەو لەو کاتەدا وەزیری دەرەوەی سعودییە بوو، کاتێک شۆڕشی ئێرانی ڕووی دا، ئەمڕۆش هەستی شۆڕشگێڕی و ڕاپەڕین عەرەبەکانی گرتووەتەوە.

کاتێک شۆڕشی ڤێبراوەر لە میسر ڕووی دا، ڕەشبینییەک باڵی بەسەر ریازدا کێشا. نەک تەنیا لەبەرئەوەی کە باشترین هاوڕێیان" حوسنی موبارەک" لەسەر تەخت لابرا، بگرە زیاتر لەبەر هەڵوێستی ئەمریکا، کە باشترین دۆست و هاوپەیمانی عەرەبستانی سعوودی و میسرە.

سەرۆک ئۆباما هەر لە سەرەتای شۆڕشەکەوە، پشتگیریی شۆڕشەکەی کرد و خۆی لە بەرەی گەلی میسردا بینییەوە و دژی موبارەک بوو. ئا لەو کاتەدا مەلیک عەبدوڵلا لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی نیویۆرک دا بوو، کە تازە نەشتەرگەرییان بۆ پشتی کردبوو، سەرۆک ئۆباما تەلەفوونی بۆ مەلیک عەبدوڵلا کرد و، کە پێ دەچێت پەیوەندییەکی باش نەبووبێت و دوو بیروڕای جیاوازیان هەبووبێت.

### بەهاری عەرەبی دوو بۆچوونی دژ بەیەکی هێنایە ئاراوە

یەکەمیان: کێ ریفۆرم نەکات، ئەوا چارەنووسی وەکو موبارەک دەبێت و دەڕووخێت.

کە ئەمەش بۆچوونی ئەمەریکاییەکانە

دووەمیان: کێ بە خێرایی ریفۆرم بکات، ئەوا چارەنووسی وەکو موبارەک دەبێت و دەڕووخێت.

کە ئەمەش بۆچوونی سعوودییەکانە.

ئەم پارادۆکسە وای کردووە، کە عەرەبستانی سعوودی و ڕۆئاوا دژ بەیەک بوەستنەوە.

ئەمەش لە شۆڕشی بەحرەیندا دەبینینەوە. کاتێک لە ناوەڕاستی ڤێبراوەردا، چەند ڕۆژێک پاش ڕووخانی ڕێژیمی موبارەک، لە بەحرەین شیعەکان و سوننە لیبراڵەکان دژی ڕێژیمی سوننی مەلیکی ڕاپەڕین، عەرەبستانی سعوودی هیچ چاوەڕێی ڕا و بۆچوونی ئەمەریکایان نەکرد، هەروەها هیچ حسێبیشیان بۆ هەڵویستی ئەمریکا نەکرد.

سعوودییەکان لە هەڵوێستی ئەمەریکاییەکان بە گوومان بوون. ئەوان لە بەرامبەر شیعەکان حەساسیەتێکی زۆریان هەیە و یەکسەر بەئاگاهاتنەوە، لەبەرئەوەی ئەمان بۆ خۆشیان کەمینەیەکی گەورەی شیعەیان هەیە، کە دەکەونە کەنارەکانی رۆهەڵاتی وڵاتەوە، کە ڕێژەی ١٥٪ ی دانیشتوانی وڵات پێک دەهێنن. ریاز یەکسەر تارانی تاوانبارکرد، کە لە پشت ئەم ڕاپەڕینەوەیە، هەرچەندە لە ڕاستیدا شیعەکانی بەحرەین لە شیعەکانی عێراقەوە نێزیکن و بەوانەوە بەستراونەتەوە. کاتێک لە مانگی مارس دا، مەلیکی بەحرەین داوای یارمەتی لە " براکانی!" کرد، یەکسەر دەوڵەتەکانی کەنداو هێزی سەربازییان بۆ ئەم وڵاتە نارد. لەشکری سعوودی بە هەموو هێزێکییەوە پشتی مەلیکی بەحرەینی گرت و خەڵکی ڕاپەڕییوی سەرکووت کردەوە.

باراک ئۆباما لە وتەکەیدا کە لە مانگی مایدا، لەبارەی رۆهەڵاتی ناوین دای، ڕەخنەی لە مەلیکی بەحرەین گرت، بەڵام هیچ ڕەخنەی لە عەرەبستانی سعوودی نەگرت، ئاخر ئەوان گرینگن بۆیان.

ڕێکخراوی دەوڵەتانی کەنداو کە بە GCC ناسراوە، کە زیاتر وەکو فۆتۆکۆپی ڕێکخراوی یەکەتیی ئەوروپایە، کە زیاتر گرینگیی ئابووری هەیە. لە بەحرەین دا GCC بوو بە گەورەترین چەکوژ بۆ دژایەتی شۆڕش. لە هیچ شوێنێکی دنیادا هاوپەیمانییەکی لەم شێوە نییە، کە ئامانجی ئەوەیە بەرگری لە فەرمانڕەواکان بکات. لە تازەترین کاریشیاندا، هەردوو وڵاتی مەغریب و ئوردنیان دەعوەتی کەنداو کردووەو ئەمانیش بوون بە ئەندامی ئەم ڕێکخراوە. لە ریبات و عەمان، خەڵکی دەزانن کە ئەمە زیاتر وەکو ماستاو دەم چەورکردن وایە، بەڵام هیچ قسەش ناکەن. ئاخر هەموو حەزیان بە ژیانی خۆشیی وڵاتانی کەنداوە GCC، هەرچەندە ئەو ژیانە خۆشی و لۆکسوسەی ریاز، لە بەحرەین و عومان دا نییە. ئەمان لە عەرەبستانی سعوودی هەژارترن.

ئەمانە " ئوردن و مەغریب" هەموویان بە ملیۆنان دۆلاریان لە عەرەبستانی سعوودییەوە بۆ دەچێت، بۆ ئەوەی ڕێگە لە شۆڕشی هەژاران بگرن و دەمی هەژاران دابخەن. هەروەها عەرەبستانی سعوودی دەیەوێت دەسەڵاتی خۆی بەسەر شۆڕشە عەرەبییەکاندا بسەپێنێت. بۆ ئەوەی ڕێگە لە ئێران بگرێت و نەهێڵێت دەست بەسەر میسردا بگرێت، هەر بۆیە ریاز بڕیاری دا بڕی ٤ ملیار دۆلار یارمەتیی حکوومەتی کاتیی میسر بدات. جێگەی گوتنە ئەم بڕە پارەیەش دووقاتی ئەو بڕە پارەیەیە، کە ساڵانە ئەمەریکا وەکو یارمەتیی سەربازی دەیداتە ئەم وڵاتە.

سعوودییەکان زۆر لە هەستی شۆڕشگێڕی دەترسن، ئەمەش بە ڕوونی لە هەڵوێستیان لەبارەی سووریا دەردەکەوێت. هەرچەندە دەبووایە عەرەبستانی سعوودی زۆر دڵیان بەوە خۆش بووایە، کە ڕێژیمەکەی بەشار ئەسەد، کە بەهێزترین هاوپەیمانی تارانە، بکەوێتە کێشەوە و بڕووخێت. بەڵام ئەمان زیاتر لەوە دەترسن، کە لە پاش نەمانی ئەم ڕێژیمە ئاژاوە و هەرای گەورە دروست بێت.

سعوودییەکان ساڵانێکی زۆرە توانیوویانە لەگەڵ ئیمراتۆریەتی ئەسەد بژین و بە یارییە نەگریسەکانیان ڕاهاتوون، تەنانەت پێش دوو ساڵ مەلیک عەبدوڵڵا سەردانی دیمەشقی کرد. بە بۆچوونی ئەوان، دیکتاتۆرێکی وەکو ئەسەد، زۆر لە ئاژاوە و نائارامیی بەردەوام باشترە.

لە هەمووی خراپتر و ترسناکتر بۆ سعوودییەکان، یەمەنی دراوسێیانە، کە دەکەوێتە باشووری وڵاتەوە. زۆرجار یەمەن وەکو " بۆمبی نیمچە دوورگەی عەرەب" ناودەبەن. راستە سەرۆک ساڵیح خەریکی وازهێنان و کۆکردنەوەی خۆیەتی، بەڵام هەتاوەکو ئێستاش دیار نییە کە کێ جێگەی دەگرێتەوە. لە هەموو لایەکی وڵاتەوە، خێڵەکان دەسەڵاتیان هەیە و هێرش بۆ سەر سەنعای پایتەخت دەکەن و خەریکە دەسەڵاتی ناوەندی نامێنێت، جێگەی گوتنە لە زۆر شوێندا ئەم ئاماژەیە دەبینیت. لە باشووری وڵاتدا بەتایبەت لە عەدەن، بزاڤێکی بەهێزی جوداخوازی دەستی پێ کردووە*. لە ناوەوەی وڵاتیشدا بەتایبەت لە ناوچە شاخاوییەکاندا، رێکخراوی قاعیدە رۆژ لە دوای رۆژ بەهێزتر دەبێت و، توانیوویەتی تۆڕێکی پێوەندیی بەهێز پێک بهێنێت. ئەمان پارە دەدەنە خێڵەکان، لە کاتێکدا حکوومەت هیچ پارەی نییە بیانداتێ. لە هەمووشی ترسناکتر، عەرەبستانی سعودی دەترسێت، کە ئێران پشتگیری خێڵە شیعەکان بکات و دژی حکوومەتی ناوەندی لە سەنعا و هانیان بدات و حکوومەت برووخێنن**.

ئەمرۆ هەموو فکری ستراتیجی سعوودییەکان بەرەو ئەو ئاراستە دەڕوات، کە پێویستە زۆر بە وردی ئاگەداری باری سیاسیی دەوڵەتانی دراوسێیان بن. لە ڕیزی یەکەم دا (بەحرەین و میسر و یەمەن). لەم ناوچانەدا بەلای سعوودییەکان هیچ گرینگ (نییە کێ لە دژی کێ خۆپێشاندان و ڕاپەڕین دەکات یان کێ دەڕووخێت و کێ دێتە جێگەی، بگرە ئەوەی کە بەلای ئەوانەوە زۆر گرینگە، ئەم وڵاتانە نەچنە ژێر کاریگەریی ئێرانەوە). ئەوەی کە ئەوان زۆری لێ دەترسن ئەوەیە، کە ڕێژیمی شیعەی تاران، سوود لە بەهاری عەرەبی وەرنەگرێت و لە دژی ئەمان بەکاری نەهێنێت.. تورکی ئال فەیسەڵ، کە برای وەزیری دەرەوەی سعوودییە "سعوود ئال فەیسەڵ"، پێشتر سەرۆکی دەزگای هەواڵگری سعودیە بووە (مخابرات)، وا چاوەڕوان دەکرێت کە جێگەی براکەی بگرێتەوە و ببێتە وەزیری دەرەوەی سعوودییە. لە کۆتاییی مانگی یونی، رۆئاواییەکانی ئاگەدار کردەوە، کە نابێت ترسی ئێران لە بیر بکەن. لە یەکێک لە بنکە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە بەریتانیا، تورکی وتی: دەستێخستنی دەرەکی، ترسێکی گەورەیە بۆ عەرەبەکان. ئاخۆ ئێران نەبوو کە لە ساڵی ١٩٧٩ وە هەتاوەکوو ئێستا، هەوڵ دەدات کەهەرچی کێشەکانی ناوچەکەیە، بۆ بەرژەوەندیی نیشتمانی خۆی بەکاری بهێنێت؟ ئاخۆ هەر ئێران نەبوو کە لە لبنان حزبوڵای دروست کرد و یارمەتی دەدات؟ ئاخۆ ئێران بزاڤی حەماسی فەڵەستینی نەکردووەتە هاوپەیمانی خۆی؟ ئاخۆ ئێران لە ساڵی ٢٠٠٣ وە بەشێوەیەکی سیستەماتیکی دەستی بەسەر عێراقدا نەگرتووە؟ ئەمڕۆش ئێران دەیەوێت، کە لە قاهیرە و لیبیادا، جێگە پێی خۆی قایم بکات، لە بەحرەین یارمەتیی شیعەکان دەدات و دژی دەسەڵات هانیان دەدات."

کاتێک کە کەشتییە جەنگییەکانی ئێران بەناو کەناڵی سوێسدا تێپەڕین، سعوودییەکان زۆر لە ئیسرائیلییەکان خراپتر تێک چوون و شڵەژان. (ئەم کەشتیانە بۆ کوێ دەچن؟!) ئەمە پرسیاری گرینگی ئەوان بوو. هەر بۆیە ئەمڕۆ سعوودییەکان کەوتوونەتە خۆیان، شیکی بانکی بەناوچەکەدا دابەش دەکەن، پاداشتی دۆستەکانیان دەدەن و سزای ئەو کەسانەش دەدن کە دۆستی تارانن. هەر

بۆیە حکوومەتە نوێکەی عێراق، کە بە دۆستی نێزیکی ئێران دەژمێرێت، کەوتە بەر سزای سعوودییەوە. سعوودییە داوای ٢٠ ملیار دۆلار لە عێراق دەکات، کە لە ئەنجامی شەڕی کوێت زەرەری کردووە. هەر بۆیە ئەمڕۆ عەرەبستانی سعوودی، " فڕۆکە، مووشەک، چەکی قوورس لە ئەمەریکا و تانکی مۆدێرن" لە ئەڵمانیا دەکڕێت. بەڵام گەورەترین خەم و کێشە کە ماوەتەوە، ئەویش بۆمبی ئەتۆمییە. توورکی ئال فەیسەڵ لە بەریتانیاوە گوتی: (عەرەبستانی سعوودی زۆر هەوڵی داوە، کە ڕێگە لە ئێران بگرێت هەتاوەکو نەتوانێت چەکی ئەتۆمی دەست بکەوێت).

هەر بۆیە عەرەبستانی سعوودی هەوڵ دەدات کە بەرهەمی نەوت زۆر بکات، بۆ ئەوەی نرخی نەوت دابەزێت، بەم شێوەیەش ئێران زەرەر دەکات و پارەی نابێت هەتا بەرنامە ئەتۆمییەکان پەرە پێ بدات و بەردەوام بێت. سعوودییەکان بە هیچ شێوەیەک قبوولّ ناکەن کە دراوسێکەیان ببێتە خاوەنی بۆمبی ئەتۆمی. ڕاپەڕینی عەرەبی وای کرد، کە بنەماڵەی ئال سعوودی فەرمانڕەوا، ڕووی خۆیان لە ڕۆئاوا وەربگێڕن. ئەوان دەڵێن: (بەهار دێت و دەچێت، بەڵام ئێران هەر دەمێنێت)

سەرچاوە: ڕۆژنامەی تسایتی ئەڵمانی

پەراوێزەکان

* جێگەی گوتنە هەتا کۆتایی ساڵانی هەشتاکانیش، یەمەن دوو بەش بوو (یەمەنی باکور، کە زیاتر ڕژێمێکی خێڵەکی و کۆنەپەرست بوو. لەگەڵ یەمەنی باشوور، کە زیاتر ڕژێمێکی سۆسیالیستی و دۆستی سۆڤیەت بوو). ساڵی ١٩٩٤ یش جارێکی تر شەڕی جوداخوازی دەستی پێ کرد. بەڵام ئەو کات ڕژێمی ساڵیح بە یارمەتی ئەمەریکا و ڕژێمی سەدام لە عێراق، توانی سەرکووتی یەمەنە باشوورییەکان بکات.

** لێرەدا مەبەستی نووسەر " ڕاپەڕینی حووسییەکانە". کە ساڵی پار دژی یەمەن ڕاپەڕینیان کرد. ئەو کات عەرەبستانی سعوودی هێزێکی گەورەی ناردە سەریان و بێ بەزەییانە کەوتە سەرکوت کردنیان. جێگەی گوتنە هەموو دنیا لە بەرامبەر تاوانەکان و دەستدرێژییەکانی عەرەبستانی سعودی بێدەنگییان هەڵبژارد.

چەند دێرێک لەسەر نووسەر

میشێل توومان: لە زانکۆکانی بەرلین و لینینگراد " پترسبۆرگ" و نیۆرک، پۆلیتیک و سلاڤیسکی خوێندووە. لە ساڵی ٢٠٠٧ وە لە ئەستەنبوڵ دەژی و، وتار و لێکۆڵینەوە لەبارەی " تورکیا و جیهانی عەرەبی و ئاسیای ناوین بۆ ڕۆژنامەی " ZEIT تسایت" ی ئەڵمانی دەنووسێت.

لە ساڵی ١٩٩٢ وە لە ڕۆژنامەی ZEIT کار دەکات. لە ساڵی ١٩٩٦ تا ٢٠٠١ لە مۆسکۆوە وتاری لەبارەی وڵاتانی یەکەتی سۆڤیەتی جاران دەنووسی. پاشان دەگەڕێتەوە بۆ هامبۆرگ و دەبێتە بەرپرسی بەشی سیاسەتی دەرەکیی ڕۆژنامەی ZEIT. هەتا ساڵی ٢٠٠٩ ئەندامی ئەنستیتوی Advisory Council am Kennan Institute in Washington. لەم ساڵانەدا، چەندان وتاری لەبارەی تورکیا و دراوسێکانی بۆ ئەم ناوەندە نووسیوە.

# تەناهیی باڵەفڕگە



پرسی باڵەفڕگە و تەناهیی باڵەفڕگە و گەشتەوەرانی، ئێستە لە ٢ ئاستەوە سەیری دەکرێ، یەکەمیان لە ئاستی ناودەوڵەتی و ئەوی تریان لە ئاست وڵات و ناوچەی باڵەفڕگەکە خۆیدا.

یاسا و ڕێنوێنییەکان بۆ پاراستنی تەناهیی باڵەفڕگە لە ئاستی ناودەوڵەتی و ستاندەردەکانی ئەو لایەنە، لەلایەن ڕێکخراوی هاوکاریی ناودەوڵەتی بۆ چاودێری (ICAO) دێنە دەرکردن کە

................................................................

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: هاوار بازیان

سەرجەم لایەنەکانی پاراستنی تەناهی بەپێی پێوەری دنیایی رەچاو دەکا.

لە زۆربەی ئەو پێوەرانەدا، کۆمەڵێک رێوشوێنی توندی تەناهی پێڕەو دەکرێ کە پێوەندییان بەپاراستنی گەشت و هاتوچۆی ئاسمانی لە هێرشەکانی تیرۆریستییەوە هەیە. هەندێک وڵات زیاتر گرینگی بە نەهێشتنی تیرۆر دەدەن و بەڕژدی ئەو یاسا و رێچکانە جێبەجێ دەکەن، هەر لە خاڵی دەسپێکی گەشتەوە تا گەیشتن بە شوێنی مەبەست.

ئەگەر تەنیا یەک وڵات و نەتەوە بەرپرس با لەوەی تەناهیی ناودەوڵەتی بپارێزێ یان هەموو گومانەکانی تیرۆریستی لەسەر ئەو بووان، ئەوە پاراستنی تەناهی کارێکی ئاسان دەبوو و پێشکەوتنی بەرچاوی تێدا دەبینرا. بەڵام لە دنیایەکی ئاڵۆزدا کە چەندان جۆرە نەتەوە و پێکهاتەی جۆرەوجۆری تێدایە، تەناهی و پاراستنی تەناهی دەبێتە پرسێکی ئاڵۆز و زۆرجار بەهەڵە تێگەیشتن روو دەدات و روونکردنەوەی گومان و سەلماندنی ئەستەم دەبێ.

بۆ نموونە، گەشتەوەرێکی ئوسترالی کە دەگاتە ئیرلەندا، پێویستە سەرجەم ئەو رێنوێنی و یاسا تەناهییانەی لەسەر جێبەجێ بکرێ کە لەلایەن رێکخراوی هاوکاریی ناودەوڵەتی بۆ چاودێری (ICAO) دانراون، بەڵام هاوکات بەرپرسانی ئیرلەندایی لای خۆیانەوە کۆمەڵێک یاسا و رێنوێنیی تر پێڕەو دەکەن کە رەنگە تا رادەیەک لەگەڵ (ICAO) جیاواز بێ.

ئەرکی ستافی تەناهیی باڵەفڕگەکان لە پاراستنی گەشت و گەشتەوەران، هەردەم کێشە و مەبەستی سەرەکیی ئەو کارمەندانە لە هەموو دنیادا بووە، چونکە هاوشان لەگەڵ پێشکەوتنی باری تەناهیپارێزی لە باڵەفڕگەکان، تیرۆریستانیش لە چۆنیەتیی بەئەنجام گەیاندنی کاری تێکدەرانە و بەکارهێنانی بۆمب و تەقەمەنی دەستیان بەزانستی نوێ دەگا و هۆشیارتر کاروبارەکانیان دەکەن، بەشێوەیەک کە بەردەوام خۆیان نوێ دەکەنەوە تا لەگەڵ پێشکەوتنەکانی بواری تەناهیپارێزیدا هاوتەریب بن، بەڵام زۆرجار ستافی پاراستنی تەناهیی باڵەفڕگەکان روانینیان بۆ تیرۆر و تیرۆریست ناگۆڕێ و هەروەک شێوازێکی سەرەتایی سەیری تیرۆر دەکەن و پێیان وایە ئەویش لە گۆڕیندا نییە.

تەقینەوە تیرۆریستییەکەی ساڵی ١٩٨٨ لە باڵەفڕی ژمارە (پان ئەم ١٠٣ Pan Am) لە ئەمەریکا کە کوژرانی ٢٧٠ کەسی لێ کەوتەوە، باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی لەو کاتدا ستافی تەناهیی گەشتە ئاسمانییەکان بەو کارەیان نەزانیوە و پێویستییان بە ئامێری پێشکەوتووتر بووە تا تەناهی بپارێزن، هەروەها بەڕوونی ئەوە دەردەکەوێ کە ئەنجامدەرانی ئەو هێرشە لە بواری تەکنەلۆجیاوە باڵادەستتر لە سیستەمی ستاندەردی تەناهیپارێزیی باڵەفڕگەکان بوونە.

لەگەڵ ئەوەیدا کە هیچ گومانێک نییە لەوەی گەشتی ئاسمانی باشترین و پارێزراوترین جۆری هاتوچۆیە، گەشتەوەران زۆر زیاتر نیگەرانن لەوەی گەشتەکە بەگشتی هێرشی تێکدەرانەی بکرێتە سەر و دڵنیان لەوەی ئەنجامدەری هێرشەکە مەبەستی ئەوان نییە، بگرە تەنیا هێرشێکە بۆ سەر گەشتێک لە باڵەفڕگەیەکی تایبەت یان وڵاتێکی دیار و پلان بۆ داڕێژراو، ئەگینا تیرۆریستان هیچ

کات هەڕەشە و مەترسیی سەرەکین نین بۆ سەر گەشتەوەران.

سەرچاوەکانی تەناهی لە ئاستی ناودەوڵەتی ئاماژە دەکەن، مەترسیی تیرۆر و هەڕەشەی تیرۆریستی ئێستە ٢ گۆڕانکاریی گرینگی بەسەردا هاتووە و ئاراستەی ترسناکی وەرگرتووە.

یەکەم: ئێستە وەک جاران نییە کە هەڕەشەی تیرۆر تەنیا لە دەرەوەی وڵات بێ و هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوە بێ ڕێگەی هاتنە ناو وڵاتی پێ نەدەی، بگرە لە ناوەخۆی وڵاتدا کەسانێک پێوەست بە گرووپ و کۆمەڵەکانی تیرۆریستی دەبن و زۆرجار هەر لەناو ئەو وڵاتەدا بنکە دەکەنەوە کە وڵاتەکەی خۆی لە شەڕی نەهێشتنی تیرۆردا بەسەر دەبات و زیاتر گرینگی بە نەهاتنی تیرۆر لە دەرەوەیَ وڵات دەدات، نەک ناوەخۆی.

بۆ نموونە لە ئەمەریکا، هاووڵاتییانی ئەو وڵاتە تێکەڵی گرووپ و پێکهاتەکانی تیرۆریستی بوونە و ڕووداوەکانی هێرشی ١١ی سێپتێمبەری و ڕووداوی تیرۆریستیی شاری ئۆکلاهاما باشترین نموونەی ئەو گۆڕانکارییەن کە کۆمەڵگەی ئەمەریکا بەخۆیەوە بینیوە.

دووەم: ئەو گۆرانگارییە گرینگەیە کە بووەتە مایەی دروستبوونی ڕێکخراو و گرووپی ناسراوی تیرۆریستی کە بەشێوەیەکی فەرمی کار دەکەن و ئەندامانی ناترسن لەوەیَ بۆ ئەنجامدانی چالاکییەک تەنانەت واز لە گیانی خۆیان بێنن و کردەیَ خۆکوژی ئەنجامی دەدەن و چاویان لە ناوداربوونە.

لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا، مەترسیی تیرۆر و تیرۆریزم پێداپێدا لە بەرزبوونەوەدایە و کەسێکی بەرگومان دەتوانێ کردەیەلی گەورەی تیرۆریستی ئەنجام بدا بێ ئەوەیَ سەرەتا گومانی گەورەی لێ بکرێ، لەبەرئەوەی لە ڕاستیدا لە بەرنگاریی تیرۆردا کێشەی سەرەکیی نەبوونی زانیاریی هەواڵگری و بەراوردکردنی لەگەڵ ڕووداوی تریدا نییە. بۆ نموونە، ئێمە لە ڕووداوێکی گەشتی ئاسمانیی زۆر زیاتر دەترسین تا ڕووداوێکی هاتوچۆی ئۆتۆمۆبێل، لەبەرئەوەی لە یەک ڕووداوی ئاسمانیدا بەهەر هۆیەک و لەوانە هێرشی تیرۆریستی زۆر دەگمەنە هیچ کام لە سەرنشینان دەرباز بن، بۆیە زۆر جێگەی ترسە و ئەو شانسە نییە کە لە تەقینەوەی باڵەفڕێک لە ئاسمانەوە کەس لە سواران گیانیان پارێزراو بێ، بەڵام لەسەر زەوی زۆربەمان چاوەڕێین لە سەرنشینانی ٢ ئۆتۆمۆبێل کە تووشی ڕووداو دەبن، بەشێکی هەرەزۆریان گیان لە دەست نەدەن.

ئەو ترسە هۆکارێکە لەوەی تیرۆریستان زیاتر ڕوو لە کردەی تیرۆریستی لە باڵەفڕ و گەشتەکانی ئاسمانیدا بکەن و حەزیان بەو جۆرە چالاکییەیە کە زیاترین قوربانیی لێ دەکەوێتەوە و ئاگەدارن لەوەش کە باڵەفڕی هەر وڵاتێک وەک هێمای نەتەوەیی و نیشتمانیی ئەو وڵاتە دێتە ناسین و هێرشکردنە سەری وەک دەستکەوتێکی گەورە بۆ لایەنی هێرشبەر دێتە دانان.

واتە، تیرۆریستان کە هێرشێک دەکەنە سەر باڵەفڕ لە گەشتێکی ئاسمانیی ئوستراڵیا، لە ڕاستیدا هێرشیان کردووەتە سەر ئوستراليا بەگشتی. ئەوان زۆر کەم ڕێز لە بەهاکانی وڵاتان دەگرن و بایەخ بە هیچ کام لە پێوەرەکانی مرۆیی و کۆمەڵایەتیی ئێمە نادەن. ئەوان منداڵێکی بێ



تاوان دەکەنە ئامانج، یان دایک و باوکی منداڵەکە لەناو دەبەن کە ناتوانین شرۆڤەی ئەو کارە و هۆی ئەنجامدانیان بکەین.

زۆربەیَ ئەو هێرش و کارە تێکدەرانە کاتێک ئەنجام دراون، کە باری پاراستنی ئاسایشی گەشتەکان بکەوێتە ژێر چاو و کۆنترۆڵی هێزی تەناهی و ئاسایش کە دواتر بەهۆی هاتنەکایەی ستافی تەناهی، بەشێکی زۆر لە گەشتەکان پارێزراو بوون و باری ئاسایشی باڵەفڕگەی هاتە پاراستن.

هەموو ڕێکار و شێوازێک دەگیرێتە بەر تا تەناهیی باڵەفڕگە بێتە پاراستن و تا ڕادەیەکی زۆریش ڕێگری کراوە لەوەی کردە و هێرشی تیرۆریستی بێتە کردن، بەڵام ناتوانین بەتەواوی بڵێین کە هیچ مەترسییەک نەماوە، لەبەرئەوەی هەڕەشە و جۆری مەترسییەکانی تیرۆریستان بەردەوام گۆڕانکاری بەسەردا دێ و ئێمەش وەک لایەنی تەناهیپارێزی پێویستە جۆری بەرگری و بەرەنگاریمان بگۆڕین.

لە زۆر بوارەوە، هێڵێکی ئاسمانی نوێنەرایەتیی وڵاتەکەی دەکا و زمانی ڕەسەنی وڵاتی خاوەن هێڵەکەیە، بۆیە پێویستە هێڵی ئاسمانی و پاراستنی تەناهیی باڵەفڕگە بۆ بواری تەناهی ڕەچاوی ڕێزگرتن لە حکومەتی وڵاتان بکا و لە پاراستن و نەهێشتنی تیرۆری سەر هاتوچۆی ئاسمانیدا، وڵاتان بەڕێز و بەگرینگەوە هاوکاریی یەکتری بکەن.

خاڵێکی بنەڕەتی لە تەناهیی باڵەفڕگەدا ئەوەیە، هێڵی ئاسمانی وەک کاروباری کۆمپانیایەک وەربگرین هەروەک چۆن گرینگترین هۆکار لە سەرکەوتنی کۆمپانیایەک، پاراستنی لایەنی تەناهی

و نەهێشتنی مەترسییەکانی سەر کۆمپانیایە، هەروەها دەبێ ئەو راستییەش بزانین کە پێشبینی ناکرێ نرخی پاراستنی تەناهیی باڵەفڕگە چەندە و بۆ باڵەفڕگەیەکی پارێزراو دیار نییە دەبێ چەندە بودجە بێتە تەرخانکردن. دەتوانین بڵێین کە ئەگەریش ناتوانین نرخێک بۆ نەهێشتنی تیرۆر دیاری بکەین، ئەوە دەتوانین و دەزانین کە نرخی ژیانی مرۆڤێک چەندە بەنرخە.

گەشتەوەرانی ئوسترالی کاتێک بەرەو ئیرلەندا بڕۆن، پێویست ناکات لە نێوان ڕێوشوێنی توندی تەناهی و گەشتێکی ڕێک و پێک و ڕێکخراودا تەنیا مافی هەڵبژاردنی یەک دانەیان هەبێ، بگرە ئەگەر هاوکارییەکی ڕژد و پتەو لە نێوان بەرپرسانی تەناهیی حکوومەت، هێڵەکانی گواستنەوەی ئاسمانی، باڵەفڕگەکانی ناودەوڵەتی و خۆماڵی، ئاژانسەکانی باڵەفڕوانی و ڕێبوارانیدا هەبێ، ئەوە هاوکات گەشتێکی پڕ لە تەناهی و ڕێک و پێک بۆ گەشتەوەران دێتە دابینکردن، ئەگەر ڕەچاوی ئەو ١١ خاڵ و ڕێنوێنییەی خوارەوە بکرێ:

١- پێداچوونە و بایەخدان بەلایەنە لاوازەکانی باڵەفڕگە

تەناهی، پارێزراوی و ڕێک و پێکی باڵەفڕگە شتێکی زۆر ئاسایی و ئاسان دەبێ ئەگەر هەموو لایەنەکانی پێوەندار هاوکاریی یەکتری بکەن. بۆ نموونە ناوەندەکانی ناودەوڵەتی تایبەت بەتەناهیی باڵەفڕگە خۆیان بەرپرس بزانن لەوەی تەناهیی باڵەفڕگەیەکی تری دنیا پارێزراو بێ. بۆ ئەو مەبەستە پێویستە پێوەندیی ڕاستەوخۆ و دەستبەجێ لە نێوان هەمووانیدا هەبێ و تەکنەلۆجیای سەردەم بخرێتە خزمەت پاراستنی تەناهیی گەشت و هاتوچۆی ئاسمانی.

٢- کارمەندان، شارەزاییی تەناهی و ئاگەداری لە پۆستەکان

ئێستە، کارمەندانی باڵەفڕگە، بەوانەوە کە بەبێ ڕەچاوکردنی باری تەناهیی بۆیان هەیە هەموو بەشەکانی باڵەفڕگە بەسەر بکەنەوە، پێویستە لێیان ورد بینەوە، بەتایبەت کە شیمانە هەیە تەقینەوە و هەڕەشەیٔ تەناهی هەر لەو ڕێگەوە بگاتە شوێنە هەستیارەکانی باڵەفڕگە. دەبێ دڵنیا بین لەوەی کارمەندانی باڵەفڕگە ناتوانن بەبێ ڕەچاوکردنی باری تەناهی و دڵنیابوون لەوەی مەترسییان نییە، سەردانی هەموو بەشەکانی باڵەفڕگە بکەن. بۆ ئەو مەبەستەش لە هەموو شوێنێکی باڵەفڕگەدا پێویستە ئامێری وریاکەرەوە هەبێ تا ئەگەر کارمەندێکی ئاسایی لە ڕێنوێنیی تەناهی لای دا، ئاگەداریی هەموو لایەک بکرێتەوە، بەتایبەت کە زۆربەی هەرەزۆری کارمەندانی ئاساییی باڵەفڕگە بۆ هەر سەعات کاریان کەمتر لە ١٥ دۆلاری ئەمەریکایی وەردەگرن و شیمانەی ئەوەیٔ هەیە بەهۆی کەمیی مووچەیانەوە بەرامبەر وەرگرتنی بڕە پارەیەک ڕوو لە کاری تێکدەرانە بکەن و هان بدرێن.

٣- بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا و تەکنیکی سەردەم

ئێمە پێویستمانە چەندان ئامێر و کەلوپەلی تایبەت بەکار بێنین تا کۆنترۆڵی بار و جانتاکان بکا

و مادەی تەقەمەنی بدۆزێتەوە، هەروەها بۆ دڵنیابوون لە نەبوونی تەقەمەنی لای گەشتەوەران دڵنیا بێ. لەبەرئەوەی هیچ ئامێرێک نییە کە راستەوخۆ و بێ پشکنین پێمان بڵێ کە ئاخۆ ئەو گەشتەوەرە لەگەڵ خۆی و بارەکەیدا مادەی تەقەمەنی هەیە یان نا. بۆیە پێویستە بەردوام ئاگەداری خاڵە لاوازەکانی سیستەمی کۆنترۆڵی تەناهیی باڵەفڕگە بین تا لەسەر پێشکەوتنی نوێ دیسان بنیات بنرێتەوە.

٤- سوودوەرگرتن لە سەگ

بەکارهێنانی سەگی راهێنراو بۆ دۆزینەوەی تەقەمەنی رێکارێکی تری کاریگەرە کە بەشی تەناهیی باڵەفڕگە دەتوانێ وەک هۆیەکی باش لە نەهێشتنی مەترسی و بەرزکردنەوە ئاستی تەناهیی گەشت و هاتوچۆ بەکاری ببات.

٥- بەکارهێنانی سیستەمی دۆزینەوەی مووشەک

زۆرجار هێرش و کردەی تیرۆریستی لە دەرەوەی باڵەفڕ و باڵەفڕگەوە دەکرێتە سەر کەرتی گواستنەوە ئاسمانی و یەکێک لەوانە هەڵدانی مووشەکە. هەروەها زۆرجار گەشتەوەر خۆی هەوڵی گواستنەوە و هێنان و بردنی پێداویستیی تایبەت بە سیستەمی مووشەکی لە رێگەی باڵەفڕگەوە دەدات کە دەکرێ بە دانانی سیستەمێکی پێشکەوتووتر، رێگە لەو کارە بگیرێ و لایەنی تری پێوەندار لە وڵاتانی تر هاوکار بن.

٦- تەکنەلۆجیای تۆماری پرۆفایلی گشتیی گەشتەوەران

سوودوەرگرتن لە سیستەمی تۆماری ناو و وردەکاریی باری کەسێتیی سەرجەم گەشتەوەران و بوونی ئەو زانیارییە لەلای ستافی تەناهیی باڵەفڕگە، دەتوانێ هۆیەکی تری کاریگەر بێ لەوەی ستافی تەناهی بزانێ کە ئاخۆ گەشتەوەرەکە تا چەند جێگەی گومان و مەترسییە و پێشتر چی کردووە. بۆ ئەو مەبەستە دەکرێ سوود لە سیستەمی (داتابەیس) و بەشی تۆماری وردەکاریی گەشتەوەری لە کۆمپیوتەر وەربگیرێ.

٧- چاودێری و دڵنیابوون لە کۆمپانیاکان

ئەو کۆمپانیا و لایەنانەی ئەرکی بەڕێوەبردنی بەشە جۆرەوجۆرەکانی کاری باڵەفڕگەیەک وەردەگرن، یان ستافی کار بۆ بەشەکان دابین دەکەن، پێویستە سەرەتا خۆیان جێگەی متمانە بن و گومانی تەناهییان لەسەر نەبێ، تەنانەت هەموویان یەکڕەنگ و هاوشێوە لە جلوبەرگ بن تا کەسی تر لە دەرەوە خۆی وەک کارمەندێکی باڵەفڕگە نەناسێنێ. بۆ ئەو مەبەستە پێشنیاز دەکرێ جلوبەرگی هاوبەش بۆ هەموو کارمەندان بکرێ و کۆنترۆڵی تەناهیی سەرجەم کۆمپانیاکان بکرێ کە کار و پرۆژە لە باڵەفڕگە و ناو باڵەفڕ وەردەگرن.

٨- پشکنینی بەردەوامی تەناهی

گرووپ یان تیمێک تایبەت بکرێ بەوەی بەردەوام خەریکی پشکنینی تەناهیی باڵەفڕ و باڵەفڕگەکان بێ و بۆ ئەو مەبەستە دەکرێ زیاتر سوود لە سەگی ڕاهێنراو وەربگیرێ.

٩- پێشکێشکردنی خزمەتگوزاری بۆ باری تەناهی

باڵەفڕگە و کۆمپانیاکانی گەشتوگوزار کۆمەڵێک خزمەتگوزاری پێشکێشی گەشتەوەرانیان دەکەن، بەڵام دەکرێ ئەو لایەنەش وەک هۆکارێک لە خزمەت تەناهیی باڵەفڕگە و گەشتەوەران بێتە دانان. دەکرێ بەر لە هەرجۆرە پێدانی پسووڵە و بلیتی دەرچوون و خزمەتگوزارییەک بە گەشتەوە، گرێبەستێکی پێ ئیمزا بکەی کە بەرامبەر هەموو جۆرە ئاسانکاری و خزمەتگوزارییەک کە پێی دەکرێ، ئەویش بەرپرس بێ لەوەی وەک کەسێکی تەناهی پارێز هاوکاریی ستافی تەناهیی باڵەفڕگە بکا تا گەشتێکی تەندروست بێتە ئەنجامدان.

١٠- جانتای گەشتەوەران

پێویستە ستافی تەناهی دڵنیا بێ لەوەی پاش هەر گەشتێک کە بەکۆتا دێ، هیچ جانتایەک لە بەشی هەڵگرتنی جانتاکاندا نەماوە و هەرکەس جانتای خۆی وەرگرتووەتەوە، چونکە بەوشێوەیە دیارە کام جانتا هی کێیە و ئەگەریش کێشەیەک هەبێ، ئەوە دیارە خاوەن جانتا کێیە.

١١- ڕاهێنانی ستاف

ستافی تەناهیی باڵەفڕگە پێویستییەکی تەواویان بەڕاهێنان لەسەر ناسین و چۆنیەتیی دۆزینەوەی تەقەمەنی هەیە و ڕاهێنانیان پێ بکرێ لەوەی بزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ تەقەمەنییەکدا بکەن کە لە گەشتەوەرێک دێتە گرتن یان لەناو باڵەفڕگەدا دێتە دۆزینەوە.[١]

پاراستنی تەناهیی باڵەفڕگەکانی تا نهاش جێگەی مشتومڕە و لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی توندوتیژییەکان، باڵەفڕگەکانیش پەنایان بۆ توندوتۆڵکردنی لایەنی تەناهیی خۆیان کردووە و بۆ ئەو مەبەستە چەندان ڕێگەچارە و شێوازی جۆرەوجۆرە گیراوەتە بەر تا باڵەفڕگەیەکی پارێزراو و دوور لە مەترسیی تەناهی پێشکێشی گەشتەوەران بکرێ، بەڵام سەرجەم ئەو ڕێنوێنییە تەناهییانە پێویستییان بەگرتنەبەری ڕێوشوێنێکی تایبەت لەلایەن باڵەفڕگەکانی خۆیانەوە هەیە.

ستافی تەناهیی باڵەفڕگە یەکەم لایەنی بەرپرسی پاراستنی تەناهییە کە لەو ڕێگەوە ئاستی پارێزراوی تەناهی بەرز دەکرێتەوە و زۆر کەم کەس هەیە بزانێ کە لە هەموو باڵەفڕگەکان ستافێکی لەو شێوەیە هەیە و ئاگەدارە لەوەی ئەمڕۆ کام گەشت لە کوێ بۆ کوێ ئەنجام دەدرێ و سەرجەم وردەکارییەکانی چین. ئەو ستافە بەردەوام ئاگەداری جووڵە و گۆڕانکارییەکانی ڕۆژانەی

ناو باڵەفڕگەکەن، سەرپەرشتیی کاری کارمەندانی تر دەکەن و باڵادەستن لەوەیٚ ئاراستەیٚ کاری باڵەفڕگە دیاری بکەن و هەمووی ئەو کارانە بۆ پاراستنی تەندروستیی گەشتەوەرانە، ئەو ستافە بەرپرسە لەوەیٚ باڵەفڕگەیەکی پاک و تەندروست لە ڕووی تەناهی پێشکێشی هەمووان بکا و بۆیان هەیە گومان لە هەموو شتێک و کەسێک بکەن بۆ ئەوەی پاساوێکیان هەبێ.

ئەمڕۆ باڵەفڕگەکان ئامێر و کەلوپەلی پێشکەوتووتریان لە بەردەستدایە تا بەهۆیەوە ئاستی پارێزگاریی تەناهی بەرز بکەنەوە، ئەو ئامێرانە هەموو جۆرە کانزایەک ئاشکرا دەکات کە گومانی ئەوەی لێ بکرێ مەترسیی کاری تێکدەرانەی هەیە. ئەو کەلوپەل و ئامێرانە زۆر گرانن و پێویستە بەردەوام لەگەڵ پێشکەوتنەکانی تری تەکنەلۆجیادا نوێ بکرێنەوە، جگە لەوەیٚ چەندان ئامێری تریان پێویستە.

ستافی تەناهی بە ڕژدی لە هەوڵی پاراستنی تەندروستیی هەمەلایەنەی گەشتەوەراندان، بەشێوەیەک کە ماندووبوونێکی زۆر لەو بارەیەوە کراوە، تەنانەت لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا لە دانانی کامێرای چاودێری و تەکنەلۆجیاکانی تری پێوەست بەکۆنترۆڵی تەناهی لە بەشی پاراستنی تەناهیی باڵەفڕگەکاندا وەبەرهێنانی زۆر کراوە. بەپێی ئەنجامی چەند تاقیکاری و لێتوێژینەوەیەک لە ماوەی دواییدا دەردەکەوێ، کاری چاودێری و کۆنترۆڵی تەناهی لە باڵەفڕگەکان زۆر ئاسان نییە لەوەی بتوانی کۆنترۆڵی بکەی و ڕێگە نەدرێ کاری تێکدەرانە یان بۆ نموونە چەک و پێداویستیی سەربازی لە ڕێگەی باڵەفڕگەوە ئاودیو بکرێ.

بوونی چەک و هەرجۆرە کەلوپەلێکی تری سەربازی، پێویستە لە دەرەوەیٚ باڵەفرگەوە کۆنترۆڵ بکرێ و نەگاتە ناو باڵەفڕگە، لەبەرئەوەی لە هێرشەکانی ١١ی سێپتێمبەری سەر ئەمەریکادا سوود لەو چەک و پێداویستییە سەربازییانە وەرگیرابوو کە گەیشتبوونە ناو باڵەفڕ و دواتر کارەکەی پێ کرا. لەبەرئەوەی پشکنین و گەڕان بەدوای چەکی سەربازی و پێداویستییەکانی تری پێوەستی سەربازی لەناو باڵەخانەی باڵەفڕگەدا ئەستەمە و دیار نییە چی بۆ چی بەکار دێ، واتە ئەوە ئەرکی ستافی تەناهیی باڵەفڕگە نییە و پێویستە بەر لە گەیشتنی بۆ باڵەفڕگە لە دەرەوە بەدواداچوونی بۆ بکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا پشکنینی خەڵک و گەڕان بەدوای ئەوەی کە چییان پێیە باشترین ڕێگە نییە کە ئەمڕۆ لە زۆربەیٚ باڵەفڕگەکانی جیهان بووەتە نەریتێک بەردەوام دووبارە دەبێتەوە. هەڵسوکەوتی ستافی تەناهیی ناو باڵەفڕگەکان کاریگەریی زۆری هەبووە لەوەی پەرە بە توندوتیژییەکانی بدات، بەتایبەت بەشێک لەو کەلوپەل و کەرەستانەی ئەمڕۆکە لە بەشی پاراستنی تەناهیی ئەو باڵەفڕگەیلەدا بەکار دێ، هەرچەندە ئەو ستافە سەرکەوتوو بوونە لەوەیٚ ئەرکی پاراستنی تەناهیی باڵەفڕگە لە ئەستۆ بگرن کە تەنیا لە دەست و دەسەڵاتی ئەواندایە و شوێنێکی پارێزراویان دروست کردووە.

## پاراستنی باڵەفڕگە

تا ئێستەش پرسی تەناهیی ناو باڵەفڕگە جێگە باس و مشتومڕی لایەنەکانی پێوەنداره. له چەند ساڵی رابردوودا ئەو بەشە لە باڵەفڕگەکانی بەهۆی بەرزبوونەوەی مەترسییە تەناهییەکان، رێوشوێنی توندیان گرتووەتەوە بەر و لەو بارەیەوە لەناو باڵەفڕگەدا بەمەبەستی پاراستنی تەناهی چەندان کار هاتوونەتە کردن کە بەبێ هاوکاریکردنی دەرەکی، ناکرێ کەشێکی پڕ لە تەناهی بۆ باڵەفڕگە بێتە دەستەبەرکردن، واتە پێویستە ئاستی ستافی تەناهی بەرز بکرێتەوە، هەر ئەو ستافەی کە تەناهییەکی باشی بۆ باڵەفڕگەکانی ئەمڕۆ دابین کردووە. پێویستە ئەو ستافە رۆژانە بەردەوام خۆی نوێ بکاتەوە لەگەڵ سەرجەم ئەو گۆڕانکارییانەی لە کەرتی گەشتی ئاسمانیدا دێتە ئەنجامدان. ژمارەیەکی کەم لە خەڵکی ئاسایی و هاووڵاتییان دەزانن لەوەی کاری بەشی تەناهیی باڵەفڕگە چۆنە و کارمەندانیان چۆن کارەکان بەڕێوە دەبەن کە بەهۆیەوە باڵەفڕگەیەکی خاوەن تەناهی و ئارام دێتە کایەوە. ئەو ستافە کە زیاتر پێ دەچێ هیچ ئەرک و کاریان نەبێ، بەرپرسی یەکەمن لەوەی تەناهیی گەشتەوەر و رێبواران بپارێزن و کاروباری باڵەفڕگە بەباشی بەڕێوە ببەن بێ ئەوەی هیچ جۆرە کێشەیەکی دیار و نادیاری تەناهی روو بدات. بەڵام لە روانگەی زۆربەی خەڵکەوە، کارمەندانی بەشی تەناهیی باڵەفڕگە تەنیا کەسانێکن کە هەندێک ئامێریان لە دەستە و لە هەموو کەس بەگومانن!

ئەو ئامێرانەی تەناهیی باڵەفڕگە سوودی لێ وەردەگرێ، تەنیا بۆ دۆزینەی جۆری مەترسیداری ئەو کان و مادانەیە کە بۆ کاری تێکدەرانە بەکار دێن و لەوبارەیەوە هێزی تەناهی لەگەڵ هەبوونی هەرجۆرە دۆخێکی گومانبار دێنە ئاگەدارکردنەوە.

نرخی ئەو ئامێر و کەلوپەلانە زۆر گرانە و پێویستە بەردەوام لە نوێکردنەوەدابن، جگە لەوەی هەموویان پێویستییان بە کۆمەڵێک ئامێری پێوەست هەیە کە ئەوانیش هەر بەهایان بەرزە. لە ساڵانی دواییدا باڵەفڕگەکان لە بەشی کڕین و جێگیرکردنی کامێرای چاودێری و بەرهەمەیلی تری تەکنەلۆجیای بوارەکەدا وەبەرهێنانێکی زۆریان کردووە و بودجەیەکی زۆر بۆ ئەو مەبەستە هاتووەتە تەرخانکردن، تەنیا بۆ ئەوەی لایەنی تەناهیی باڵەفڕگە پارێزراو بێ.

لە ماوەی دواییدا، چەندان رێگە و شێواز پێڕەو کرا تەنیا بۆ تاقیکردنەوە و زانینی ئاستی تەناهیپارێزیی باڵەفڕگەکان و ئاشکراکردنی ئەو لایەنەی کە ئاخۆ باڵەفڕگەیەک تا چەند مەترسیی تەناهیی لەسەرە. هەروەها ئاخۆ گەشتەوەرێک لە باڵەفڕگەکەدا چەند هەست بە تەناهی دەکا و ئەگەر دۆخێکی نەخوازراوی تەناهی روو بدا، هەڵوێستی ستافی تەناهی چی دەبێ و لەو رێگەوە جگە لە دەستنیشانکردنی توانای تەناهی، ئاستی بەرەنگاریی کارمەندانی تەناهیش دێتە زانین.

دۆزینەوە و رێگەنەدان بە هاتن و دەرچوونی چەک و تەقەمەنی، بە دیارترین ئەرک و کاری هێزی تەناهیی ناو باڵەفڕگەکان دێتە دانان، هەر ئەو کەلوپەلەی نەکرا رێگەی لێ بگیرێ و لە هێرشەکانی

١١ سێپتێمبەری ساڵی ٢٠٠١ی سەر ئەمەریکا گەیشتە ناو باڵەفڕگە و دواتر گیان لەدەستدانی چەندان خێزان و هاووڵاتیی تەنیا لەناو باڵەفڕەکاندا لێ کەوتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پرۆسەی گەڕانی گەشتەوە و ڕێبوار بۆ دۆزینەوەێ کەلوپەلێکی لەو شێوەیە، وەک باشترین ڕێگەی تەناهی پارێزی نایەتە ناسین هەرچەندە ئەمڕۆکە لە زۆربەی باڵەفڕەگەکانی دنیادا کارێکی باوە.

کار و ئەرکی هێزەکانی تەناهی لە باڵەفڕگەکان (بەگشتی) دژی توندوتیژییە و بەکارهێنانی هەریەک لە ئامێرەکانی وەک پشکنین (سکان)ی بارگە و بنەی گەشتەوەران هۆکارێکی کاریگەر بووە لەوەی ئاستی تەناهیی باڵەفڕگە بەرز بکاتەوە.[٢]

لە ساڵانی ١٩٧٠ تا ١٩٧٩وە، تیرۆر و تیرۆریزم وەک کێشەیەک بۆ هێڵەکانی ئاسمانی و گەشتەوەرانی ئەو کەرتە دێتە دانان، کاتێک دانان و چاندنی بۆمب و سوودوەرگرتن لە هێڵی ئاسمانی بۆ گواستنەوێ تەقەمەنی بوو بە شێوازێکی چالاکیی بەشێک لە ڕێکخراوەکانی چەکدار لە شوێنە جیاجیاکانی دنیا.

دۆخی پاراستنی تەناهیی باڵەفڕ بەردەوام لە ڕژدتربووندا بووە و بەردەوام بەرەو کۆنترۆڵی توندتری تەناهی هەنگاو دەنێ، لەبەرئەوەی زۆربەی لایەنەکان پێیان وایە ئەگەر باری تەناهیی باڵەفڕەگەکانی ئەمەریکا لە ئاستی پێویستدا بووایە، ئەوە هێرشەکانی ١١ی سێپتێمبەری ئەو وڵاتە روویان نەدەدا، واتە ڕێوشوێنی تەناهیی ئەو شوێنانە پتەو نەبووە.

لەو ڕۆژەدا، ژمارەیەک چەکدار بە سیپەیەکی سادەوە توانیان سواری باڵەفڕ بن و باڵەفڕەکە تەواو مینرێژ بکەن، بەڕاستی چۆن دەکرێ ڕێگە لەو ڕووداوە بگیرێ و پێویستە کام شێوازی تەناهیپارێزی بێتە رەچاوکردن تا دیسان پێشهاتی لەم شێوەیە نەیەتە ڕوودان؟ دوای ئەو پێشهاتە چ گۆڕانکارییەک بەسەر بەشی تەناهیی باڵەفڕگەکاندا هات؟ بەپێی ئامارێکی tnldd بەشی تەناهیی ناوەخۆی ئەمەریکا، ساڵانە زیاتر لە ٧٣٠ ملیۆن کەس لەو وڵاتە گەشتی مەدەنی دەکەن و زیاتر لە ٧٠٠ ملیۆن جانتا و کەلوپەلیان لە لایەنی هێزەیلی تەناهیی باڵەفڕگەکانەوە دێتە پشکنین تا نەکا ئامێر و مادەێ تەقەمەنی و شتی تری مەترسیداریان تێدا بێ.

لێرەدا، باس لەوە دەکرێ، چۆن دەتوانین تەکنەلۆجیا بخرێتە خزمەت پاراستنی تەناهیی گەشتی ئاسمانی و ئامێر و ئامێرۆکی پێشکەوتوو دۆخێکی پڕ لە تەناهی بۆ گەشتەیلی ئاسمانی دابین بکەن.[٣]

سەرچاوەکان:

1- http://www.customessaymeister.com/customessays/Aviation/1414.html

٢- لێتوێژینەوەیەکی ناودەوڵەتیی تایبەت بەتەناهیی باڵەفڕگە، بڵاوکراوە لە ماڵپەڕێکی ئەکادیمی دنیایی.
http://academic-papers.blogspot.com/2009/01/airport-security.html

3. http://science.howstuffworks.com/transport/flight/modern/airport-security. html

## پێڕست


تەنگژەی دیموکراسیی کوردی و سەرهەڵدانی فاشیزم. ئەکرەم میهرداد ........ 3
ماڵی زمانە وێرانەکەمان – بەرەو یەکگرتنەوەی زمانی کوردی ........ 37
بناوانی لێبووردەیی لە هزری عەرەبی. د. عەبدولحوسێن شەعبان. لە عەرەبییەوە: عەبدولڕەزاق عەلی ... 85
"عێراق و کورد" ڕووبەڕووبوونەوەی ترسی پاشەکشە – بەشی دووەم . لە ئینگلیزییەوە: رابەر یونس ...... 99
شاخەوانەکانی فورات. ئێلسوێرت هەنتگتن. لە ئینگلزییەوە: مامکاک (تاهیر تەیب ئەحمەد) ........ 146
مەترسییەکانی گەڕانەوەی ڕێژیمی ستەمکار. دکتۆر مونزیر فەزڵ. لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل ... 160
دادپەروەریی دۆزی کورد و ستەمی ئەقڵییەتی شۆڤێنی. لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل ........ 164
شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی.... لە فرانسییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا ........ 190
"کورد و کوردستان" لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی.... لە ئینگلیزییەوە: د. شێرکۆ فەتحوڵڵا ........ 205
"کورد و وڵاتەکەی" مێژووی گەلی کورد لە سەردەمە هەرە کۆنەکانەوە.... لەعەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە ... 258
مێژووی ساڵانی پاتشایان و پێغەمبەرانی سەر زەوی. لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە ........ 273
تێگەیشتن لە رۆژنامەوانی– بەشی دووەم. لینت شێریدان بێرنس  لە ئینگلیزییەوە: گۆران سەباح ........ 297
حیکایەتی شۆڕشەکان. لە عەرەبییەوە: وەرگێڕانی شێرزاد هەینی ........ 341
جوزێپێ ڤێردی و ئۆپیرای نابوکۆ "نەبوخوزنوسەر". لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە ........ 350
کولتووری موڵکداری ئەریک فرۆم. لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا ........ 357
کۆمەڵگەی مەدەنی.. خەباتی مەدەنی– بەشی یەکەم. لە فارسییەوە: تالیب قەیسەری ........ 367
تیۆدۆر ئادۆرنۆ و وردەکارییەکانی نێو فەلسەفە. سەلاح حەسەن پاڵەوان ........ 396
گیانلەبەرەکانی ئەو نیگارکێشە دەمانخۆن یان، دەمانلێسنەوە!. ئاغالە ........ 415
داستانی پیانۆژەنی زەریا. ئەلێساندرۆ باریککۆ. وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: حەسەن نوور ........ 433
فەلسەفە و فکری ژاپۆنی. ئەردەڵان عەبدوڵڵا ........ 469
لەبارەی هونەری بوونەوە. ئەریک فرۆم. لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا ........ 487
ئەوانەی بەڕێککەوت دۆزرانەوە و ژیانی مرۆڤیان گۆڕی. ئا: شێرزاد هەینی ........ 496
هەفتەیەک لە باڵەفڕگەی هیترۆ. ئالان دی پۆتۆن. لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی ........ 503
دوکتۆر ئەحمەد ئەلتەیب نموونەیەکی ئیسلامیی میسری پێشکەوتنخوازە. ئا: شێرزاد هەینی ........ 523
عەرەبستانی سعوودی لە بەهاری عەرەبی دەترسێت. لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا ........ 528
تەناهیی باڵەفڕگە. لە ئینگلیزییەوە: هاوار بازیان ........ 534